یادەوەری

گوڵەستێرەکان کوژانەوە

کەریم کاکە

یادەوەری

گوڵەستێرەکان کوژانەوە

کتێبی یەکەم

کەریم کاکە

لەبڵاوكراوەكانی سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكریی‌و ئەدەبی نما
زنجیرەی(١٣١)

سەرپەرشتیكردنی پرۆژەی چاپی كتێب
ئیسماعیل كوردە، ڕێبین ڕەسوڵ

ناوی كتێب: گوڵەستێرەكان كوژانەوە
بابەت: یادەوەری
نوسینی: كەریم كاكە
بەرگ: ئاكار جەلیل كاكەوەیس
دیزاین: نما
چاپی یەكەم: هەولێر/ كوردستان ٢٠١٢
تیراژ: ٥٠٠
نرخ: ٧٥٠٠ دینار
چاپخانە: شەهاب

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان ژمارەی سپاردنی"٢٤٨٥"ی ٢٠١٢ی پێدراوە.

ناونیشانەکان	لاپەڕە

١- سپێدەی تەڕوار....................................
٢- جادەیەك دنیای کەرتدەکرد................................
٣- لە برنۆ جوانیم دیتەوە..................................
٤- پێکەنینیێ هەنگوین، پێکەنینیێ ژەهر........................
٥- گارە بەلاّ بەلاّ..................................
٦- ئاسمان رژایە پێرسەوە..................................
٧- ژوورێك لە هەوارە بەفرینیەکەی کافێ.......................
٨- گرتە گرتە لە بنی گارەوە تا سەری هەورێ.....................
٩- کانیەك لە تەلانی دۆزەخەوە..............................
١٠-کەپرە شیعری ئابی هەورێ.................................
١١-بەرد و بەرد لە هەورێوە تا قەندیل...........................
١٢-قەندیل سێبەر.. سێبەر..................................
١٣-قەندیل گێژەلووکە.. گێژەلووکە..............................
١٤-قەندیل وەرز.. وەرز.....................................
١٥-پایزی شێنێ...
١٦-چادرێك لە سەر سینگم هەڵدراوە............................
١٧-سورخی و دڵۆپە شیعریەکانی دۆڵی دۆڕان........................
١٨-ئەفسانەی کانی ژنان.....................................
١٩-گۆزەییێ شەراب گۆبەند دەنێتەوە.............................
٢٠-بارەگایەك بە سەر پەلکەزێڕینەوە............................
٢١-لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو.................................
٢٢-دوو شەو لە مێوانداریی ئیمام..............................
٢٣- پۆلێ گوڵە ستێرە هەڵنایە................................
٢٤- لە هەر نیشتنەوەیەك جێ باڵێك لە یادەوەری....................

چەند رستەیەك

سالآنی پێشمەرگایەتیم کەمن، نیوەی دووەمی هەشتاکان تا راپەڕین، بەلآم یادەوەریەکانی ئەو سالآنە، یان حەزی گێڕانەوەی ئەو سالآنە زۆرن و درێژدەبنەوە و رەنگە بنیان نەیە، لە گێڕانەوەی سەرهاتی پێشمەرگایەتی نە مەبەستم گێڕانەوەی راستیەکان، نە راست نیشاندانەوەی بە هەلّە گێڕاوەکانە، نە پێداهەلّگۆتن نە شکانەوەی کەسێك،لایەنێك، لەو گێڕانەوەیە هیچ مەبەستێکی دیار، دیار نیە، ئەوەی دیارە حەزی نووسینە، پێشمەرگایەتیم دەگێڕمەوە، خۆم دەگێڕمەوە..

لە دیدی منەوە گێڕانەوەی سەرهات پتر بە لای رۆمان، چیرۆکدا دەشکێتەوە، بۆیە هەندێك لەو کەسانەی دەکەونە ناو گێڕانەوە، لەوانەیە رۆلّەکەیان کتومت بەو شێوەیە نەبوو‌بێت کە بۆیان دیارکراوە، بەلآم هەر لە چێوەی سەرهات دەمێنێتەوە واتە رووداوەکان، کەسەکان بە تەنیشتمەوە روویانداوە و زادەی خەیالّ نین، ئەوە هەیە هەندێ وێنە لە خەیالّ خالّی نین ودەستی هونەرکاریان گەیشتۆتێ..

لە گێڕانەوەی یادەوەری پیڕەوی زنجیرەی کاتم نەکردووە، پتر بە پێی ناونیشانەکەیە واتە لە چێوەی هەر ناونیشانێك هەولّمداوە ئەو سەرهاتانە بگێڕمەوە کە بە سەرە داوێك دەگەنەوە ناونیشانەکە، هەر بۆیە زۆر سەرهاتی دەرەوەی پێشمەرگایەتیش بە تایبەتی سەرهاتی مندالّی تێکەلّ بە سەرهاتی پێشمەرگایەتی دەبنەوە..

لە یادەوەریەکانم پتر ئەو شتانە دەخوێنیتەوە کە بە هەلّە بە (شتە وردەکان) ناودێرکراون، کەمتر چاوت بە شتی ((درشت)) دەکەوێت..

سپێدەی تەڕوار

نە نیگای تیژی کچە رەشتاڵەکە، نە فرمێسك و هەنسکی برا منداڵەکە، نە ئامۆژگاریی ئاسمانیانەی پیری سوارچاکان، هیچیان پەژیوانیان نەخستە ئەو هەرێیەی نازانم نە بە خۆمم دابوو نە بە نیشتمان، رەنگە هەرێ بە خۆدان بووبێت، ئەرێ ئەو کچەی سێ ساڵ پتر و دواتریش، دنیا هەر ئەوی تێدا بوو، جگە لەو من کچیدیم چ نەدەدی، ئەو کچەی چیم بۆ نەکرد! خەوبینین هەر بەوەوە، خەوزڕان بە هۆی ئەوەوە، تەماشا لە خۆ حەرامکردن، چیم نەکرد، خۆم و دنیام لە دەوری گێڕاو پێی نەزانی، ئەو کچەی ساڵانێك هەموو چوار شەمووان نامەیەکی درێژ، درێژ وەك قژە خاوەکەی کە بە دنیادا، بە بینایيمدا بەریدابۆوە، سەیری هەر لام دەکرد هەر قژی وی بوو، ئا هەموو چوارشەمووانێك نامەم بۆی دەنووسی و ئێستاش نامەیەکی لەو نامانە نەدی، ئەو کچەی چوارشەمە بوو کە لە یانەی کۆلیژ لە بەرانبەرم دانیشت، ئاگام لە خۆم بڕا، دڵم وەك چۆن پێ لە قەراخ دەخزێ، ئەوها خزی، رۆیشت، رۆیشتم، کەوتمە چاوەکانی و نوقمبووم، بزربووم، تەمەنێك بزربووم و نەبینرامەوە، لە چاوەکانی بزربووم، ئای چاوەکانی! ئەو کچەی هێندەی کۆلانێکی درێژی میللیی ژنانە قسەم بۆی کرد، قسەی دڵ و بە دڵ نەك زار، کەچی هیچی نەبیست، ئەو کچەی سێ ساڵ پتر دار و دیواری کۆلیژ و سێتاقانم کردە گوێ و بۆیم هەڵخست، تەنها یەك رستەم لێی بیست: ((نەیخۆیت تاڵە))، ئەرێ ئەگەر کچە چاو ئەلیزابیەکە لە جێی رستە تاڵەکە رستەیەکی چوکلێتی گوتبا، من بە چیا دەکەوتم! دەزانن رستەی چوکلێتی چ تام دەدا؟ هەر دەڵێی لە ماچی لێوی وی چنراوە، من لە خەونێك، خۆزگە ئەو خەونەم لە هەموو خەوێك دەدیتەوە، ماچی لێوی ئەو کچەم کردووە، ئەو ماچە خەونیە تامی

ئـەو چـوکلێتەی دەدا کـە جارێـك لێـیم دزی، لـە جانتاکـەیم دزی، نـازانم بـۆ کێـی هەڵگرتبوو!

هەرچی بێت، من هەرێی خۆم بردە سەر و کەوتمە رێ، ئەوەتا جێبێکـی گچـکەی شڕ لە هەولێرەوە بە ئاراستەی قەرەچووخ یـەك تەقوهۆڕیـەتی، هـەر کـێ تیچـاوێکی لێیبیێ دەڵێ ئێستا نا دوای مژێکیتری جگەرە رەنگە هـەر پارچـەیەکی بکەوێتـە لای کەستەکێکی ئەو ئاقارە دووکەڵاویە، بـەهارە، دەڵێـی وەرزی زەردبـوون گەیشـتووە، هەندێك جێگەی زەوی زەرد دیارە، خۆ هێشتا جۆزەردان نەهاتووە، شەش حەفت رۆژە بە رۆژمێری چیا نەك دەشت مانگێك لە بەهار رۆیشتووە، ئاسمـانی ئـەو دەشـتە، لـە هەولێرەوە تا سەری قەرەچووخ، تا چاو بڕەکات، تۆ بڵێ تا دۆزەخ، هەر گێژەلووکەی دووکەڵە، نەمزانیبوو کوورەکان هێندە زیادیان کردووە، ئەو دەمەی من جاروبـار رێـم بەو رێیە دەکەوت، کوورەکان دەژمێردران، وەها لـە بـن یـەکتر نـەبوون، هـەر یەکـەو دووکەڵی خۆی بە تەنێ دەنارده ئاسمان و تێکەڵنەدەبوون، ئا، مـن دەمێکـە رێـم بـەو رێیە مەخمووریە زورگەزراویە قەرەچووخیە نەکەوتووە.

دوا جـارم جـوان لـە بـیرە، هێشـتا نەگەیشـتبوومە قۆنـاخی ئامـادەیی، وا بـزانم گەیشتبوومێ، هێشتا لە بازگەکانی ئەو رێیە بە تەنیشت سـەدامەوە وێنـەی ئەحمـەد حەسـەن بـەکریش ترسـی دەخسـتە دڵتـەوە، سـپێدەیەك هێشـتا قەرەچـووخ تیسـکە گزنگێکی بەرنەکەوتبوو، بە بن سـێبەری هەڵنـەدراوی ئـەو دوو سـەرۆکە پیکـابێکی گچـکەی پـڕ لـە کرێکـار دوای پشـکنین و وەرگـرتنی ناسـنامە لـە بازگـەی یەکـەم دەرچووین، من بچووکترین کرێکاری ناو پیکابەکە بووم، ئەوەتا لە بن قەرەچووخ مـن چەمەنتۆکێشم و وەستا دەڵێی بە چـەمەنتۆی گرتـووە((چـەمەنتۆ، دەی چـەمەنتۆ)) چەمەنتۆی لێ نەبڕاوە، کەچی هەر چەمەنتۆ چەمەنتۆیەتی، لێی پەستبوومە، ئـەوها بڕوا بێ چەمەنتۆکێش دەمێنێتەوە، چێشتانێکی درەنگە، ماندووم زۆر ماندووم، خوا خوامە وەستا چەمەنتۆیەکیدی بە دەمدا بێت، مەرج بێت هەتا دەستم تێدایە هەردوو

پەقرەجی دەستم وەها تێهەڵدەم نەبیندرێنەوە، وەستا دەڵێی دەزانیٚ چیم لـە دڵدایـە، وشەی چەمەنتۆی لەبیر خۆی بردۆتەوە..

لە پڕ بووە مشتومڕ، ئەو کرێکارەی خەفتەی دەگرتەوە، پیاوێکی کورتەبنەی سمێڵ گەورە بوو، خاکەناسەکەی تێهەڵدا و روو لە وەستا راوەستا:

+ لۆ بە مەت نەگۆ لە سەر خاکی کوردان خانی لۆ عارەبان قیتدەکەینەوە؟

- تۆ کرێکاری، خانوو بۆ هەرکیٚ دروستبکەی چ گرفتێکی تێدایە، ئیشـی خـۆت بکە و تەواو..

+ قسەی قۆڕ هەر کەسێك ئیشی وا بکات ناپاکە، جاشە

- ئاگات لە زارت بێت، نایکەیت ئەوە ریٚ..

+ من رۆیشتم، ناپاکی ناکەم..

چووە لای بەرمیلەکە و دەست و چاوی شووشت و رۆیشت..

+ راوەستە منیش دێم، ناپاکی لەگەڵ کورد ناکەم

ئەوە دەنگی گەنجێکی باریکەلەی قۆزە، دواتر زانیم قوتابی کۆلێژ بوو لە زانکـۆی بەغدا، منیش کە لە داخی چەمەنتۆ لە سەر رۆیشتن بووم بە دەنگێکی گەورە:

راوەستن منیش ناپاکی ناکەم..

وەستا حەپەسابوو، دیار بوو یەکەم جاری بوو تووشی کرێکاری ئەوها بێت..

هەرسێکمان رووەو جادەی سەرەکی خێرا خێـرا هـەنگاومان دەنـا و دڵمـان خـۆش بوو، هەستمدەکرد شەڕێکی گەورەم بردۆتەوە، پیاوە خەفتەچیەکە دەیگوت:

((دەزانن ئەو رێزە خانووە هەمووی لـۆ عـارەبی پێخـواس دروسـتدەکەن، حـەیف حەیف.. ئەها هەردیتت رەوە حوشتر بە قەرەچووخ وەربوون، لۆ پێوەرنەبوونە! حـەیف حەیف، دەزانن کەم میللەت هەیە هێندەی کورد ناپاکی تێدا بێت، حەیف حەیف..))

قەلابەیەك بە خێرا خۆی رایگرت و خێرا خۆمان هەڵدایە ناوی، ئەوان چوونە پێشەوە و من بە تەنێ لە پشتەوە سوار بووم، بەو رێیەدا هاتمەوە کە ئێستا پێیدا دەڕۆم و رەنگە گەڕانەوەم نەبێت..

لەوانەیە زرمەیەکی گەورە منی هێنابێتەوە ناو جێبەکە، دەنا وەها سواری قەلابەکە نەبووبووم دابەزم، بە شوفێرەکەم گوت:

ئەرێ لە کەنگێوە ئەو هەموو کوورەیە درووستبوونە، خۆ دنیا بۆتە دووکەڵی کوورە؟

شوفێر نیوە ئاوڕێکی دایەوە و بە پێکەنینەوە:

لۆ! وا دەزانی ئەو دنیا دووکەڵە هەمووی هی کوورەیە!

بە سەرسامیەوە گوتم:

ئەدی هی چیە؟

شوفێر گوتی:

نابینی گیاوگۆل، پووشوپەلاش، تەڕ و وشك پێکەوە دەسووتێ، چما گوێت لەو هەموو رمب و هۆڕە نیە!

برادەرەکەم کە لە پێشەوە دانیشتبوو، ئەویش سووکە ئاوڕێکی لە من دایەوە و رووی کردە شوفێرەکە:

ئەرێ ماڵت خراب نەبێت لەبەر تەقوهۆڕی جێبەکەی تۆ ئەگەر ئاسمانیش داڕمێ کەس گوێی لە هیچ دەبێت..

تێگەیشتم چ باسە لە بەر خۆمەوە گوتم: دەشتی هەولێر بەو تەڕیە وا ئاگر بگرێت، ئەگەر تەواو وشکبێتەوە داخوا چ دۆزەخێك دەنێتەوە..

لە رێگە مەیلەو سەرەکیەکە لای داو بە لای چەپدا رێچکەیەکی گرت کە چ بە رێی ترومبێلان نەدەچوو، عەسرانێکی درەنگە، ئا زۆر درەنگە، درەنگتر داهات، رۆژ لە سەر ئاوابوونە، گەیشتینە گۆڕستانێک، گۆڕستانێکی کۆن زۆر کۆن، لە دیدی

منەوە زۆر کۆن دیار بوو، گوێم لە دەنگێك بوو، تۆ بڵێی گوێم زرینگابێتەوە، کە باسی کۆنیی گۆڕستانەکەی دەکرد، منیش وەك بڵێی وەڵامی دەنگەکەم دابێتەوە: ((ئەگەر ئەو گوندەی وا دەیگەینێ تەمەنی ئەو گۆڕستانەی هەبێ، ئەوا بە بیری دێت کەنگێ هەولێر هاتۆتە دنیایێ..)) برادەرەکەم مشتومڕی من و دەنگەکەی پساند:

+ چیە دەڵێی لە بەر خۆتەوە قسان دەکەیت!

- نا، چ نیە..

شوفێرەکە گوتی:

گەیشتین، ئەوە سۆربەشە، بڕۆنەماڵی مام...

سەد جەیف ناوی ئەو مامەم لە یاد نەماوە، دوای ئەو هەموو ساڵە مام لە بیردەمێنن! من لێرە بە پیاوی سۆربەشی ناوی دێنم، هەرچەندە سێ سۆربەش هەیە، بەلام دیارە من مەبەستم کامیانە ئەوەی کە گۆڕستانەکەی قسە دەکات و سەربردەی خۆی دەگێڕێتەوە، کۆنیی خۆی دەگێڕێتەوە..گوند نیوە چۆلە، نیوە چۆلی چی! کوڕە وەللا وا بزانم هەر چۆل چۆلە، جگە لە پیاوی سۆربەشی کیرمیزی تێدا نابینیەوە، مێیینەش هەر هیچ، نا،نا چۆلەوانیش نیە، ئاوەدانیی تێدایە.. پیاوی سۆربەشی زۆر بە گەرمی مێوانداریی کردین، وا بزانم شلە ساوارمان خوارد، ئەگەر پیازی لەگەڵ بوبێت دڵنیام زۆر بە تام بووە، پیاوی سۆربەشی زوو زانی ئێمە دەمانەوێ بەگەڵ چ لایەنێك بکەوین، گوتی:

دێن هەر بزانە گەیشتن، ئەگەر ملازم هەژاریش نێت، ئەبوو ئەحرار سەرێك بێرەدا دەکات..

پیاوە سۆربەشیەکە دەیگوت: کوڕم من هەر هێندەم لەنگۆ دەوێت کە ناپاکی نەکەن، ئەگەر ماندووبوون و پێشمەرگایەتیتان پێنەکرا، پیاوانە خۆتان رادەستبکەنەوە، سەری کەس لە قوڕ مەنێن، زمان لە کەس مەدەن، نەڵێن فلان

ئێوارە گەیشتینە سۆربەش و لە مـاڵی مـام... نانمـان خـوارد و ئـەو بـەرێی کـردین، مەبەستم هەر خۆم نیە خۆ تێدەگەن چ دەڵێم..

ئێمەش پێکەوە دەمانگوت:

نا، نا ئێمە لەو کەسانە نین شتی وا بکەن..

پیاوی سۆربەشی هەناسەی قووڵی هەڵکێشا:

دەزانم ئێوە کوڕی باشن و لەو کەسانە نین خراپـەتان لێبوەشـێتەوە، بـەڵام هـەر لـە خۆوە دەترسم..

منیش دەترسم، ترسی من لە نەهاتنی پێشـمەرگەیە، ئەگـەر ئەوشـەو دەسـتەیەك پیشمەرگە لەوانـەی ئێمـە بـە دوایانـدا عـەودالێن سـەر بـە سۆربەشـدا نەکـەن، ئێمـە دەمێنینەوە و دوور نیە سبەی جێژ و جاش پێوەرکەن و بمانپێچنەوەو دوو تفەنگمان بە ملەوە بکەن و رادەستی (ئەمن)مان بکەن و بڵێن دوو پێشمەرگەمان گرت و نـانێکی باشمان پێوە بخۆن، باشە لە ئەمن باوەڕیان پێدەکەن! ئەدی تەماشای سەر شانمان ناکەن بزانن جێی تاقمی فیشەك دیارە یان نا!

وا بزانم دەمی ماڵنووستنانە، لە سەر ئاو و ئاگرین، دەی خودایـە درەنگـە، پـۆلێ پێشمەرگە بە سۆربەشێ وەرکە، ئـەبوو ئـەحرارە، مـلازم هـەژارە، نـازانم کـێ تـیلاك خوارە، هەر کێ دێ بـا بـێ.. پیـاوی سۆربەشـی کەپێیـەکی لـە دەرێیـە پێیـەکی لـە ژووری، لە ئێمە بە پەلەترە، هەواڵی هاتنیانی هێنا، چەند پێشـمەرگەیەك بـە مـاڵی پیاوی سۆربەشی وەربوون، ئێمـەی بـە ئـەبوو ئـەحرار ناسـاند، بـە کوردیـەکی گێـڕ و عەرەبیەکی وێڕ چاکوچۆنیمان کرد، ئەوشەوە چاوی من ئەبوو ئەحراری بە خڕکەلەیی و رەشتاڵەیی و زیتی وێنە گرت و ئێستاش لە چاوی من هەر بە شـەوە سۆربەشـیەکە خۆی نیشاندەدا...

تاریکەشـەوێکە دەڵێـی زەوی لـە تەمـەنی خـۆی مـانگی بـە خۆیـەوە نـەدیوە، ئەستێرەیەکی بۆ هەڵنەهاتووە، تاریکستانێکە نـەبووە و نابێتـەوە، ماڵئاواییمـان لـە

پیاوی سۆربەشی کرد، سواری ترۆمبێلێك بووین، لەوانەیە جێب بێت، تا دنیا رووناك نەبێتەوە نازانم چیە، چ دیار نیە، نازانم چەند کەسین، جێم تەسکە، زۆر تەسك رانم نەشکێ باشە، دەمەوێ هەستمەوە و بە پێوە راوەستم، ناوێرم، هەستدەکەم هەندێکیان بە پێوە راوەستاون، ئیدی وا بە گەڵ کۆمۆنیستان کەوتم، لە تاریکترین شەودا بە گەڵ کۆمۆنیستان کەوتم، گوێم بە ئامۆژگاریی پیری سوارچاکان نەدا و چوومە رێزی پێشمەرگەی کۆمۆنیستانەوە، پیری سوارچاکان! باشم لە بیرە کە ئامۆژگاریت دەکردین:

کورم من نالێم شیوعی ئەوهان و ئەوهان، بەڵام دەڵێم مەبنێ، کورەکانم مەبنە شیوعی..

من ئەو دەم چ نەمدەزانی شیوعی چ شتن و پیری سوارچاکان چ دەڵێ، بەڵام لە پێش هەموویان دەمگوت:

نابینێ، نابینێ شوعی سەگبابن..

پیری سوارچاکان دەستی بە سەرمدا دەهێنا:

نا، سەگباب نین، بەڵام من خۆشم ناوێن..

دواتر لە رێی بابمەوە تێگەیشتم پیری سوارچاکان بۆچی هێندە لە کۆمۆنیستەکان داخ لە دڵە، بابم دەیگێڕایەوە:

((زوو زۆر زوو ماوەیەك هەرچی خەڵکە شیوعی بوون، مامت و خاڵەکانت و هەموو هەموو، لەو ناوە تەنها من و پیری سوارچاکان دابوومانە لا ملی، پیری سوارچاکان دەیگوت: بە خودای سەید مارفی باداوە، مەلا عەزیزی شاخەپیسکە ببنە شیوعی من نابمێ، ئەوجا لێمگەڕێن، منەتیشتان نازانم.. دەزانی بۆچیش ئەوها بە رقدا چووبوو؟ دەیانویست بە زۆر بیکەنێ، دەنا رقی لە شیوعیەکان نەدەبۆوە، خاڵت و ئەوانە دەیانویست بە زۆر بیکەنێ بۆیە ببووە شاخ، پیری سوارچاکان لە شوعیەکان

پتر رقی لە ئاغاو زۆرداران دەبۆوە، دەزانی وەختانێك من وپیری سوارچاكان و نەنكت شەوان هەتا سبەینێ لە ترسی شوعیە خزمەكانمان ئێشككگریمان لە یەكتر دەگرت..))

باشە بەو تاریك و نووتەكە، شوفێر بێ لایت چۆن رێ دەبینێ! چەند خێراش داژوا چەند خێرا،((خودایە لەو ئاقاری تاریكستانە دەستمان بگرەو بمانپەڕێنەوە بەری رووناكی)) تۆ بلێی پاڕاناوەیەكی وام بە دڵدا نەهاتبێت، دوور نیە، گەیشتینە كوێ؟ ئێرە كوێیە؟ بەو تاریكیە نیشانەیەك دیارە بۆ پێكەوتنەوەی جێگەیەك؟! هێندە دەزانم بە ئاراستەی رۆژهەڵاتدا بە ئاراستەی رێی هەولێر- قوشتەپە تاریكی دەبڕین، گوێم لە پێشمەرگەیەكە دەڵێ:

دەزانن دەبێت لە كوێ رۆژمان لێ هەڵبێت؟

بە ((پشتی بێستانە)) وەڵامیان دایەوە، بەڵام بە وەڵامەكە رازی نەبوو:

نەخێر، زۆر ئەولاتر، نزیك بەستی شەرغە، دەنا كۆپتەر..

((بەستی شەرغە)) جامە ئاوێكی ساردە و لەو تاریكستانە تینووە بە سەر دەممەوە كرد، هێشتا لە مەتارە ئاوم نەخواردبۆوە دەنا مەتارەم لە جێی جام دادەنا، ئای لەو دەمە تینووبووم، مەگەر دەشتی هەولێر لە وشكە ساڵێدا ئەو تینوێتیەی من دیتم دیتبێتی، رەنگە خواردنەكەی ماڵی پیاوی سۆربەشی لەو خواردنانە بووبێت كە ئاو زۆر دەكێشن..

بەستی شەرغە، ئەو بەستەی لە سەر شانی خۆی، شانی دیوی هەولێرێ، تەڕواری هەڵگرتووە، ئەو تەڕوارەی تەنها پیری سوارچاكان دەزانێ چ هەوارێكی تەڕە، هەر من دەزانم چ یادێكی فێنكە، بەستی شەرغە چەند وێنەیەكی منداڵیمی لە لێواری كەپكە شاخی خۆی، لە سەر زیخ و وردە چەوی ناو چەمی خۆی، لە رووی گۆماوی هاوینیانەی خۆی نەخشاندووە و تا ئێستاش لە دیدەمدا پاراستوومن، هەر بە ناوهێنانی لە گۆماوەكەیم خواردەوە..

دنیا تا دێ تاریکتر دادێ، ئاسمان دەڵێی باخی رنراوە، ئەستێرەیەکی پێوە نەماوە، با لە هەر لایەکەوە هەڵدەکا بۆنی دووکەڵ دێـنێ، کەچـی مەشـخەڵێك، بڵێسـەیەك، کڵپەیەك لە هیچ لایەك چـاو هـەڵناهێنێ، دەنگـیش هـی باسـکردن نیـە، نـاوە نـاوە دەسرپێژێك، گرمەیەك دێتە گوێ، دوورە..گـوێم لێیـە: ((لـە جـادە نزیـك بووینـەوە، ئاگادار بن)) من دەبێت ئاگاداری چی بم! ئـەها، دەڵێـی شـۆڕبووینەوە کەنـدێك، وام هەستکرد شۆڕبووینەوە، بیرم هەر لای چاوی شـوفێرەکەیە، تـۆ بڵێـی چـاوی گـورگی هـەبێ، بـەو تاریکیـە چـۆن رێ دەبـینێ، شـتێك هەیـە مـن تێیناگـەم، خـۆ تووشـی شەوکوێری نەبوومە! جارێك بە منداڵی تووش بووم، ئەو ساڵەی لە هـەولێر بـەفرێکی ئەستوور کەوت، من تووش بووم و شەو کە عەرد و عاسمان یەك پارچە بەفر بوو، لـە چاوی من بەردەمم لە بەرانپیلە رەشـەکەی دایکـم رەشـتر خـۆی دەنوانـد، دەمویسـت بپرسـم((ئـەرێ دنیـا لـە چـاوی ئێوەشـەوە تاریکسـتانە؟)) شـەرمکرد و گێڕامـەوە، برادەرەکەمم نەدیتەوە دەنا لێیم دەپرسی، لە ناو جێبەکە نەمزانی برادەرەکم کەوتۆتە کوێوە، کەوتمە خەمی شەوکوێریی خۆمەوە، باشە ئەگەر تووش بووبم چ بکـەم! سـاڵی بەفرەکە بە دوو سێ دنکە حەبی ورد چاکبوومەوە، ئەدی ئێستا کە سـاڵی دووکەڵـە، بە چی چاکببمەوە؟ ئەوشەوە دووکەڵ هەناسەمی گرتبوو، بۆیە ساڵەکەشم ناونا سـاڵی دووکەڵ، نا بڕوا ناکەم من شەوکوێر بم، شەوەکە خۆی تاریکە و دڵنیام هـەمووان وەك منن، جگە لە شوفێرەکە، ئەویش بزانە دووربینێکـی نائاسـایی لایـە، چاویلکەیەکی تایبەتی لە چاوە، چاوی گورگی لە چاوە، چوزانم..نا، هیچ بە دووری مەبینە تـووش بووبم ، من لە داوی تووش بوومـە، تـووش نەبوومـە، بـا تـووش بوومـە، نـا تـووش نەبوومە، ئاڵۆزکام و خۆمم پێنەدەکرایەوە، تەقە و گیزە گیز کردمیانەوە و تێکەوتین، کەوتینە بۆسەوە، دەنگێك:((بۆسەیە بۆسە)) دەنگێکیدی: ((نـا، مەترسـن، دوورە، بۆسە نیە))، بۆسەیە بۆسە نیە، ئیدی تەقەیە لە هەموو لایەکەوە تەقەیە، گیزە گیزی گوللەیە، هەڵدانی ئاگر و کەوتنەوەی ئاگرە، نازانم جێبەکە چی بـە سـەرهات، نـابینم

پێشمەرگەکان چۆنچۆنی پەرتبوون، سوپاس بۆ ئاگرەکانی ئاسمان کە بایی ئۆندە بینایی بۆم گێڕاوە کە ئەو دوو پێشمەرگەیەی پێشم ببینم و لە دوویان نەبمەوە، روو لە کام لا دەکەن خۆیان بە کوێدا دەکەن، بۆ من کێشەیەك نیە، کێشە ئەوەیە بزریان بکەم و تەنیا بمێنمەوە، لە ئاقاری تاریکستاندا تەنیا بمێنمەوە، ترسام زۆریش ترسام، سەختە زۆر سەختە بکەویە بۆسەوەو چەکیشت نەبێ، لە چەکیش نەزانیت، شەوکوێریش بیت، قەوما خراپ لیّم قەوما لە رێی کۆیە بە دەستی جاشەکانی کەریم خان تێدا نەچووم ، لە رێی قوشتەپە ئاوەو ئاو دەچم، بە دەستی خۆم چیم لە خۆم کرد! چ دەبوو ئەگەر نیگای کچە رەشتاڵەکە تیژتر با، خۆزگە تیژتر با وەها لە دڵم دەچەقی بۆ هەتایە لە جێگەی خۆم نەدەبزووتم، خولیای پێشمەرگایەتیی لە سەرم دەردەکرد، پێشمەرگایەتیەك شەوی یەکەمی وەها تاریك و پڕ تەقوتۆق و هەڵات هەڵات بێ، زەحمەتە زۆر زەحمەتە..لە ئاقاری تاریکستاندا تەقوتۆق و هەڵات هەڵات درێژدەبێتەوە، درێژ بە شەودا درێژدەبێتەوە..

ئای کچە رەشتاڵەکە لە ئاست تۆ چەند بەرد بووم، دنیا بۆ من بەرد بوو، منیش تەنهاو تەنها بۆ تۆ بوومە بەرد، بەردبوونێك هیچ بە دووری مەبینە مەرگی بە دواوە بێت، هەر دیتت لەو هەڵاتهەڵاتە گوللەیەکی گەرمم گرتەوە و بە رێوە ساردبوومەوە، ئەو رۆژە هەر حەفتەیەك دەبێ لە حەوشەی پشتەوەی کۆلیژ، لە نزیك پەنجەرەی یانەکە چاوە گەشەکانی لە سەرم راگرتبوو، ئۆی هێندەی نەمابوو بە باڵ باڵ بگرم و لە پێشی بنیشمەوە، تەواو کەوتبوومە سێرەی چاوەکانیەوە، لەوەتەی خۆم ناسیوە شەو و رۆژم لە هاتنی ساتێکی وا کردۆتەوە، ساتێك کچێك وا تینوانە تێم بڕوانێ، ئەوە ئەو ساتە هات، بەڵام درەنگ داهات، کچە رەشتاڵەکە دەبوو زووتر هاتبای دەبوو کەمێك پەلەت کردبا، حەیف درەنگە زۆر درەنگە، من ئیدی لە سەر رۆیشتنم، رۆیشتنێك رەنگە هاتنەوەی نەبێت، ئەو کچە رەشتاڵە خوێن گەرم و شیرینە، پێشتریش چەند جارێك دەمدیت تیچاوم دەداتێ، بەڵام من بە تەماشاکردنی ئاسایی

وەرمدەگرت، خۆم بە هەڵە دەبرد، وا بزانم نزیکببوومەوە لەوەی کە من هی ئەوە نیم بچمە دڵی کچێکی جوانەوە، جگە لەوەش ئەو کچەی کە بە درێژایی شەو و رۆژەکانی سێ ساڵ و سێ مانگ منی دێوانە کردبوو، منی مەست و حەیران کردبوو، بە ژمار سی و سێ شیعری درێژ وەك پرچی خۆی درێژم بۆی نووسیبوو، ئەو کچە وەها بوونی تەنی بوو جگە لەو چ کچیدیم نەدەدی، ئەویش ئێستاش پێوە وابزانم چی لەو شێتبوونەی من نەزانی...ئای کچە رەشتاڵەکە چۆن لە دەست خۆم دای، وا خەریکە لەو شەوە جەنگییە خۆشم لە دەست بدەم، خۆزگە نیگاکانت تیژتر دەبوون، خۆزگە هەر بە چاو نا بە لێوە هەنجیریەکانت رستەیەکی عەشقیت دەهاویشت، ئۆی، لێوی کچە رەشتاڵەکە چەند لە هەنجیری مەیلەو رەش دەچوو کە لە لاوە کوزت کردبێت، ئای بۆ شیرینی هەنجیری رەش، کچە لێوە هەنجیریەکە، تۆ درەنگ هاتی یان من زوو رۆیشتم!

((وەرن سوار بن))

خودا دەیزانێ، من وا تێگەیشتم کەوتووینەتە دەستی جاش و سەربازان و سواری زیلمان دەکەن، سواربووینەوە، وەك بیستم تەواوێك لە جادەی مەرگ دوور کەوتووینەتەوە، من دەمێك بوو ناوم لەو جادەیە نابوو جادەی مەرگ، ئەگەر نازانن ئەو دەو جادەیە مەرگی چەند پێشمەرگەی دیوە، بڕۆن لە لە (قەرەچناخا) و (مورتکە) و گۆڕستانی (گردەرەشە) بپرسن، دواتر مەرگی شالاویشی دیت، ئەو کوڕە گوتبووی پێشمەرگایەتی دوایی نایە، بۆیە وا باشە ژن بێنم و هیچ نەبێ پێشمەرگەیەك بۆ دوا رۆژ بخەمەوە و وەجاخ کوێر نەبم، لە پێشمەرگایەتی ژنی مارەکرد، ئێوارەیەك لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگە بە نیازی بووك بردن هاتن هاتن، نزیك جادە بوونەوە، حەیف هەزار حەیف! بە سەر بۆسەدا کەوتن، ئەو بۆسەیە وەك بڵێی تایبەت بۆ زاوا دانرابێتەوە، تەنها زاوا شەهید بوو..

برۆ بە تاریکیدا بێ لایت برۆ، تەقوتۆقیش هەیە، بایەکی سارد سارد دەڵێی لە بەفری سەفینەوە هەڵیکردووە.. ئای شوفێری چاو گورگانی خۆزگە کەرتکە چاوێکی وەك تۆم دەبوو، لە ئاقاری تاریکستاندا تارمایی ناو لەپە عەردێکم دەدیت، ئەوەی لە تەنیشتم دانیشتبوو، هەواڵێکی شیرینی بە خۆرایی دامێ:

بەس بزانم ئەو شوفێرە چۆن سەرەدەری لەو تاریکیە دەردەکا و رێگە دەبینێتەوە؟

کورێکیدی هەواڵەکەی شیرینتر کرد:

منیش تێناگەم

هەواڵ لەوە شیرینتر! دڵنیابووم کە تووشی شەوکوێری نەبووم، ئەگەر ئەو دوانەش تووش بوونە قیرسی لە منیش..

دەڵێی دنیا رووناکیەکی کەوتێ، تارمایی زوورگ بە دیارکەوتن، ئا ئەوە زوورگەکانن، ئەو زوورگانەی دەتگەیەننە بەستی شەرغە، ئۆخەیش خەریکە لە دەشتایی دەردەچین، من نامەوێ پێشمەرگایەتی لە دەشتایی بکەم، جێگەیەکی نیە بۆ خۆ شاردنەوە، لە بیرمە لەبەر خۆمەوە گوتم:

ئەگەر لە ناو شاخ و داخ نەبێت من پێشمەرگایەتی ناکەم..

دنیا باش رووناکبۆتەوە ترۆمبێلەکان جوان لێك جودا دەکرێنەوە، ترۆمبێلەکەمان جێبەقوتەی ئەمریکییە، وەڵڵا نازانم لە خۆوە وا دەڵێم رەنگە ئەمریکی بێ، رێك دەڵێی ئەو جێبەیە کە بە منداڵی دیتم و ئەویش وەك ئێستا پڕی ناوی پێشمەرگە بوو، ئەگەر دۆڵە کەسکپۆشەکەی بەرانبەرمان لە چاومدا سپێدەی نەدابا، جێبەکەی سەردەمی منداڵی هەرگیز ئەوها لە بیناییم قیتنەدەبۆوە، ئەو دۆڵەم دیوە، بە هەڵە نەچوومە، ئەوە (دۆڵە گاڕانە)، دۆڵی تاقە رەشماڵەکەیە، دۆڵی مەلا رەوەندەکەیە، ،ئەو مەلایەی کە لە کوێستانێ دەهاتەوە لەو دۆڵە رەشماڵی هەڵدەدا، بابم دەیگوت:

لە ناو هەموو رەوەندانی دنیا یەك مەلا هەیە، ئەویش وا لە دۆڵە گاڕانێ رەشماڵی هەڵداوە.

دەڵێن پیری سوارچاکان جارێك بە مەلای دۆڵەگاڕانی گوتبوو:

وەرە ببە مەلای تەڕواریٚ دوو هێندەت دەدەمێ کە لەو هەموو گۆزە گۆزە و گەرمیان و کوێستان کردنێ بە دەستتدەکەوێت.

مەلای کوێستانی و گەرمیانی گۆتبوویە پیری سوارچاکان:

مامقادر، بە خودای ئەگەر تەڕوارم بە هەموو بیرو کانیاوەکانیەوە بە باخچەی تەماتە و تووتنتەوە، بەو هەموو زەوی و زار و سەر بزن و بەرزە و رەشە ولاٚختەوە دە قەبەرم کەیت دەست لە گەرمیان و کوێستانی خۆم هەڵناگرم، دەزانی چ خۆشیەکت دەداتێ، خۆشیەك ئەگەر بزانم لە بەهەشتێ خۆشی ئەوها هەیە، نوێژ و رۆژیەکانم دوو قات دەکەمەوە..

(پیری سوارچاکان هەر لە منداڵیەوە مامقادر بووە لە تەسکەرەش هەر مامقادرە)

چەتۆ سەرناس کە خۆی لەو دانیشتنە کەپریە ئامادە بووە، بۆی گێڕامەوە:

((پیری سوارچاکان کە گوێی لەو قسەیەی مەلا بوو، هەستایەوە، پەلاماری دەستی مەلای رەوەندی دا- لە بیرت بێ پیری سوارچاکان لە تەمەنی خۆی دەستی کەس کەسی ماچ نەکردووە، نە شێخ نە ئاغا، نە هیچ، تەنها سەید مارفی باداوەی هەولێریٚ نەبێ- ویستی دەستی ماچ بکات، مەلا نەیهێشت، پیری سوارچاکان گۆتیە مەلا:

لەورۆ بە دواوە لە کنە من تۆ مەلای تەواوی.

هەوە بە هەڵە نەچوومە، ئەو دۆڵەی بەرانبەرمان دۆڵە گاڕانە، بەڵام ئێستا بێ گاڕانە، سەردەمانێك لە گاڕان و مێگەلٚ رەشدەچۆوە، ئەها لەو بەرزاییە سەرکەویت، ئەوەی لای چەپی ئەشکەوتەکە پێ دەنێیتە ئاقاری تەڕواری پیری سوارچاکان، کەمێك بڕۆی گۆڕستانی تەڕوار بە دیار دەکەوێت، تەڕواریش لەو گوندانەیە گۆڕستانیان لە سەر سەریان راگرتووە، پێش ئەوەی خۆیان بە دیار بخەن گۆڕستانەکەیان نیشانی رێبواران دەدەن، کەمێکیتر بڕۆ دەگەیتە نێرگزەجاڕەکە، ساکەگۆڕێکی گەورە یەك

پارچە نێرگزە، لە وەرزی نێرگز ئەگەر کۆپتەر لێبگەڕێ ، کچ و کوڕ، گەورەو گچکە لە هەموو لایەکەوە روو لە نێرگزەجاڕی تەڕوار دەکەن..

هەوە دۆڵە گاڕانە، بەو سپێدەیە ئەو شنە بایە بۆنی تەڕوار دێنێ، بۆنی باخچەکەی پیری سوارچاکان دێنێ، بۆنی گۆڕستانەکەی دێنێ، بۆنی نێرگز دێنێ، هی ئەو گولیکە نیسانانە دێنێ کە لە سەر گۆڕەکەی عوسمانی برام جوانیەکی جوانتریان بە بەهاری تەڕوار داوە، ئەو برایەی وا بزانم گورگ زراوی رژاند و مرد، ئەرێ گۆڕی ئەو برایەم بۆ کەوتە تەڕوار؟ ئا پیری سوارچاکان گوتبووی:

نەوەکانی تەڕوار بە زیندوویی بۆ کوێ دەچن با بچن، بەڵام لە کاتی مردن هەر دەگەڕێنەوە تەڕوار..

تەڕ گەڕانەوە! دوای پیری سوارچاکان یەك مردووش نەگەڕایەوە تەڕوار، بۆ پیری سوارچاکان گەڕایەوە!

هەوە دۆڵ هەر ئەو دۆڵەیە کە بۆ یەکەم جار رێچکەیەکی ترۆمبێلی لە خۆی کردەوە، جێبێکی وەك ئەو جێبەی ئێمە گەیشتە تەڕوار، ئەوەتا ئێستا باریکە رێی ترۆمبێل دیارە، ئەوانەی دیتبوویان دەیانگێڕایەوە، مامیشم دەیگێڕایەوە:

((چەند کەسێك بە قازمە و خاکەناس رێیان خۆشدەکرد، هەندێك لە هەندێك جێگە بەردیان دەخستە جۆگەوە و جێیان بۆ تایە خۆشدەکرد، هەندێك بە کەژی و گوریس جێبیان رادەکێشا، لە دۆڵە گاڕانیان بە سەر خست، تا جێبیان نەگەیاندە سەر جۆخینانی تەڕوار وازیان نەهێنا، ئەوە یەکەم ترۆمبێل بوو کە تایە بنێتە تەڕوار و ئاقاری تەڕوارەوە، ترۆمبێلەکەش هی خدر چەمرگە بوو ئەو پیاوەی وەختانێکی زۆر سەر لق بوو))

من وەك خەون دێتە بیرم لە سەر جۆخینان لە دەوری جێبەکەی خدر دەخولامەوە، لەگەڵ کوڕەکەی خدر کە کەمێك لە من باخۆشتر بوو سەرمان لە دووی یەك دەنا، گەمەمان دەکرد، منداڵە وردکەی گوند دەوری جێبیان دابوو، جێبیان پێ ئەو

دەعبایە بوو کە خۆی بە کەس نیشاننادا، کەچی خۆی بەوان نیشانداوە، هەر منداڵانی گچکە نا زۆر لە هەراشانیش جاری یەکەمیان بوو تڕومبێل ببینن، تووشی سەرسوڕمان هاتبوون، منیش سەرم لەوە سوڕمابوو کە تەڕوار و تڕومبێلیان نەگوتووە، پێمابوو تڕومبێل تایبەتە بە هەولێر، من ئێستا دڵێم باش نەبوو ئەو رۆژە بە سەردان چووبووینە تەڕوار دەنا، یادەوەریم بێ جێب و بێ گەمەی دەوری جێب دەمایەوە..

لە بەرانبەری دۆڵە گاڕان دانیشتووین، رۆژ هەر بەژنێك لە زەویی تەڕوار بەرزبۆتەوە، بە مەزەندی خۆم رێك لە سەر تەڕواری، لە ناو باخچەکەی پیری سوارچاکان هەڵات، ئا رۆژ لە باخەکەی پیری سوارچاکان لە ناو گوڵاوی تەماتە هەڵات، لە کەلێنی بڕکە تووتنەکانی پیری سوارچاکانەوە هەڵات و دنیای رووناك کردەوە، خودایە بە دۆڵە گاڕاندا سەرکەوین و سەرێك لە باخچەکەی پیری سوارچاکان بدەم، ئەو باخچەیەی ئا ئەوەتا رۆژی لێ هەڵاتووە..

لە ناو پێشمەرگان کوڕێك لە هەمووان پتر قسە دەکات، درۆی هەند جوان دەهۆنێتەوە وا دەکات پیاو حەزی بچێتە درۆ، روو لە ئەبوو ئەحرار:

((ئەو رۆژە خۆ بە چاوی خۆت دیتت، ئەو دەمەی لە کولانکەی ماڵەکەوە تەماشات دەکرد، من چۆن دەبابەیەك لە دواوە بۆم هات و یەك لە پشتەوە، خۆ ئەگەر دوو کلاشینکۆفم پێ نەدەبوو، لە تڕی سەی دەچووم، دیتت خۆ، کوو دەبابەکان سەریان لێ شێوا و پشتاو پشت هەڵاتن، لۆیە قەت بە یەك کلاشینکۆفەوە مەچنە شەڕێ..))

ئەبوو ئەحراریش دەیگۆت:

بەشی من لە تۆ نەبی

دیاربوو مەستی بوو بڵێ: بەشم تێدا نەبێ.. ئەو کوڕە گەنجە حەیف ناوەکەیم لە یاد نیە، بەڵام رەنگە ناوێکی پڕبە پێستی بۆ ببینمەوە، دوور نیە ناسیار بێت و

بیناسمەوە، سپێدەی تەڕی ئاقاری تەڕوار چی لە یادەوەریم نەکردبێ، من ئەو کوڕە، ئەو کوڕە سمێڵ دەسکە گیاییە کە هەر لە گیای دەشتی هەولێر دەچێ، مەیلەو زەردە، دەناسمەوە، من ئەو گەنجەم بە پیری دیتووە، ئا بە پیری بە منداڵی نا، نا نا، پیری وا نا، تازە چووبووە تەمەنەوە، ئەو پیاوە بە تەمەنەی دەڵێم ڕێك ئەو کوڕە گەنجەیە، سمێڵی هەر ئەو سمێڵەیە درۆکانیشی هەر ئەو درۆیانەن، ئا دیتمەوە لە تەڕوار دیتمەوە، ئەو ڕۆژەی جێبەکەیان گەیاندە تەڕوار، ئەو پیاوە حەفتەیەك دەبوو گەیشتبوو، مام نووری ناوبوو، لە ڕەحیماوەی کەرکووکەوە پێشمەرگایەتی گەیاندبوویە تەڕوار، مام نووری ڕێك ئەو نووریەی ئێستایە من ناو لەو کوڕە گەنجە دەنێم کاك نووری ، مام نووری و کاك نووری هەر یەکن، مام نووری پێشمەرگەی عەزیز عارەب بوو، ئەو پیاوەی رقی دنیای لەو عەرەبانە دەبۆوە کە دەڤەری قەراجیان داگیرکردبوو، کەچی نازانم چۆن ئەو عارەبەی پێوە نووسابوو، مام نووری دەیگێڕایەوە:

((زستانێك نازانم چ ساڵێك بوو، لە سەر پردەکەی پردێ، لە پڕ دوو کۆپتەر گەیشتنە سەرمان، ئێمە شەش پێشمەرگە بووین، ئەو کاك عەزیزەشمان لەگەڵ بوو، ئەوکات هێشتا نەببووە سەرپەل، چ بکەین باشە، گوتم : براینە، دەست هەڵێنن.. بە قسەیان کردم، بووە قرموهۆڕ، بینیم بەو چاوانەی خۆم بینیم، کۆپتەرەکان یەك لە دوای یەك چڕە دووکەڵیان لێ بەرزبۆوە، سەراو سەر بەرەو زەوی هاتن، باش بوو زوو خۆمان لادا، دەنا باڵی کۆپتەر لە سینگمان دەچەقی، بەو گوێیانەی خۆم گوێم لێبوو، شوفێرێکیان دەیگوت: کوڕە مام نووری من کردم تۆ مەیکە.. ئیدی کۆپتەرەکان باڵیان تێکئالا و کەوتنە سەر پردەکە و بە شێوەیەك لە ئاسنەکانی سەر پردەکە گیر بوون، لێنەدەبوونەوە، هەتا حەفتەیەك ڕێی هەولێر- کەرکوك گیرا، پردەییەکان ئەوبەر و ئەمبەری زێیان نەکرد..))

عەزیز عارەبیش بە پێکەنینێکی شیرینەوە دەیگوت:

((بە خودای ئەگەر بە خۆم لەگەڵت نەبام باوەڕمدەکرد!))

لە مەبەستی تێنەدەگەیشتم، مام نووری تەنها لە رووی پیری سوارچاکان رووی نەبوو روو لە درۆبکات، دەنا کەس نەبوو بە درۆ جوانەکانی وی لە سەر پشت نەکەوتبێت، یان ترس پێ لە سەر پێ راوینەنابێت، ئەدی درۆیەکی وی چەتۆ سەرناسی بە شاخان نەخست و نەیگەیاندە هێلانەی بازان! ئەو چەتۆیەی لە هەموو تەمەنی خۆی تێنەکەوتووە، هەر بە تێڕامانێك لە ناو هەزار راستی درۆی زۆر وردیشی دەناسیەوە، کەچی درۆیەکی گەورەی مام نووری هێندەی نەمابوو بۆ هەتایە نازناوی سەرناسی لێوەرگرێتەوە و بازی لەجێ دانێ، ئەو نازناوەی بە راوێژی ریشسپیانی هەموو گوندەکانی هەردوو بەری بەستی شەرغە پێیبەخشرابوو، سەربردەی بە شاخ کەوتنی چەتۆ سەرناس ئەوهایە: لە دەو بەستێ رێك لە ئاستی باسکە بەرازێ، مام نووری لەگەڵ پێشمەرگەیەکیدی دەگاتە چەتۆ سەر ناس، هاوار دەکات:

کوڕە، هەی بەدبەخت، ئەوە کەڕی گوێت لەو تەقوتۆقو دنیا خراپبوونە نیە، ئەوەتا جاش و سەرباز لە پشت ئەو بستووەن، گەیشتنە سەر بەست، زوو خۆت قوتارکە، واز لە بزنەکانت بێنە..

چەتۆ سەرناس دوایی بۆ منی دەگێڕایەوە:

((هەستمراگرت، هەستم لە گوێی خۆم راگرت، سەرەتا هیچم نەبیست، دوای جوانتر هەستراگرتن و دوای تیژ تێپەڕینی ئەو دوو پێشمەرگەیەی هەواڵەکەیان دامێ، گوێم پڕ بوو لە تەقەو هات و هاوار، یەك پێ رووەو (باسکە بەراز) هەڵاتم و هەڵگەڕام، لەوێش خۆم بۆ نەگیرا، باسکە و باسك بە باز بازمدەدا و خۆم گەیاندە ئەشکەوتە گەورەکەی (گەڵی سۆر)، لە ئەشکەوت جێم نەبۆوە بەلای تەلانە سەختەکەدا بە چنگەرنێ سەرکەوتم، کاتێکم زانی وا لە بن دوو هێلانەکەی سەری سەرەوەم، مەبەستم هێلانە بازە، ئەو جێیەی هەتا ئێستا جگە لە باز پێی کەس کەسی پێنەکەوتووە، پیری سوارچاکان نالێم..))

بە چەتۆ سەرناسم گوت:

باشە نەتدەزانی مام نووری ئەوهایە....

چەتۆ سەرناس گوتی:

نا، جاری یەکەم بوو بێتە بەستی شەرغە، هێشتا کەس ناویشی نەبیستبوو، بەڵام بۆ ئەوە نالێی پێشمەرگەکەی لەگەڵی بوو، چۆن باوەڕی پێکرد! دەڵێن گوتبووی: من هیچم نەدیت، هیچم نەبیست، بەڵام مام نووری بە شێوەیەك باسی هاتنی جاش و سەربازی کرد، هەر بە راستی باوەڕم پێیکرد..

گوێم لێیە، کاك نووری کە لە سەردەمی چەتۆ سەرناس ناوی مام نووری بوو، دەڵێ:

کوڕە هەستن بە رێکەوین، ئەها بە دووربین تەماشاکەن، بە ئاراستەی (بانە قەرات) بڕوانن، هەر بنە دارە وا هێواش هێواش لەو چەمەی بەردەممان هێواشتر بەرەو ئێرە دێن، ئەها ناوە ناوە رادەوەستن، دەزانن ئەو دارانە پێناچێت جاش بن، هەبێ نەبێ مغاویرن، ئەوانەی بۆق و سەگ و پشیلەش دەخۆن، کوڕە با هەڵێین بە خودای ئەو دارە مغاویرانە ئێمەش دەخۆن..

هیچ درۆتان لە سەرم نیە، هێندەی نەمابوو، بە دەردی چەتۆی سەرناس بچم..

چەمەکەی بەردەممان لقێکی لە بەرزایی دۆڵەگاڕانەوە دێ، لە ئاقاری تەڕوارەوە، چ چەمێکی ناسکە، روونە، چەمێکە لە تەڕایی تەڕواردا دێ و بە کەسکایی بەهاردا رێدەکات و و نازانم ئەو هەموو جوانیەی خۆی بۆ کوێ دەبات، خودایە، چەم ئەو هەموو وردە چەوە رەنگاورەنگەی لە کوێ بوو، وردە چەوی چەم چەند لە ددانی فریشتە دەچوو، من ددانی فریشتانم نەدیوە، بەڵام بە قسەی گوڵی کۆساران ئەو وردە چەوانە ددانی فریشتەن و بزانە بۆ چ مەبەستێك رژاونەتە ئەو چەمەوە، گوڵی کۆساران دەیگوت:

((ددانی فریشته وەك ددانی مە وەك ددانی ئاژەڵان سپی نین، ددانی فریشتان ئاڵووالان، ددانی فریشتان هەر قلەی لە رەنگێکن، نازانم لە بارەی ددانی فریشتانەوە چ بڵێم! کەسێك بیەوێ ددانی فریشتان بناسێتەوە دەبێت زۆر لە وردە چەوی ناو چەمی بەهاران وردبێتەوە، لەوێ هەندێك لە ددانی فریشتان دەبینێتەوە..))

ئای گوڵی کۆساران، دەزانم گۆڕەکەت لە گۆڕستانی بانەقەراتە، پێدەچێت ڕێمان بە بارەگاکەی ئەوێ بکەوێت، بەڵام گۆڕەکەت بە چی بناسمەوە، ئەگەر دەیبینمەوە، دێمە لای کێلەکەت و رەنگە کەمێك دەمیش بجوولێنم ئەوجا دەڵێم: گوڵی کۆساران، سووروسپیترین ژنی هەموو بەستی شەرغە هی هەموو دیوی هەولێر و وراتی کۆیێ، هی نیوەی دنیایێ، دیتمەوە، ددانی فریشتانم دیتەوە، لەو چەمەی لە بەرزاییەکانی تەڕوارەوە بە بن شینایی ئاسمان بە ناو کەسکایی زەویدا بەو سپێدە لەو ساتە رەنگ پیرۆزەییەدا، دیاریی خوداوەندی بارانە، دیتمەوە، ددانی ئەو فریشتانەم دیتەوە، ئەو ددانانەی رەنگە تۆش بۆ یەکەم جار هەر لەو چەمەی بەر دەمی من بینیبێتن، ئەرێ گوڵی کۆساران تۆ بۆچی گۆڕەکەت نەکەوتە تەنیشت پیری سوارچاکانەوە؟ خۆ وەك چۆن تەڕوار باوەشی لە بەستی شەرغە و پیری سوارچاکان باوەشی لە تەڕوار دابوو، تۆ توندتریش پیری سوارچاکانت لە باوەش گرتبوو، گوڵی کۆساران لە دوا ساڵەکانی تەمەنی رووی قسەی لە ئێمەی منداڵ بوو:

((لە هەموو بەستی شەرغە یەك مێر هەبوو گوێ بە دوعای سەید و شێخان نەدا- سەید مارفی لێدەرچێ- و ژنی سەیدی سەیدان مارەبکاتەوە، ئەوە پیاوەش پیری سوارچاکان بوو، مارەکردنەوەی ژنی شێخ و سەیدان پیاو نەبوو بوێرێ خۆی لێدا، کێ دەیوێرا، دەیانگوت، هەرکەسێ نزیکبکەوێتەوە لەکۆنە ژنی شێخ و سەیدان، بۆ هەتایە بێ بەری دەبێت لە خێر و خۆشیی ژیان، لە هەردوو دنیا دەبێت، بەڵام پیری سوارچاکان گوێ نەدایە قسەی خەڵکی، قسە و قسەلۆکان، ئەگەر ئەو نەدەبوو، من ئەوها دەمامەوە))

تۆ، گوڵی کۆسارانی جوان، گۆڕەکەت دەبوو لە گۆڕستانی سەید مارف بێت..

هووشەیەك کە هەر دەتگوت هەواڵی ئاسمان تێکچوونی بە زەویدا بلاۆکردەوە، لە چەمی پڕ لە ددانی فریشتەی کردم و گوڵی کۆساران و پیری سوارچاکانی بە دوورایی خۆیان دوورخستەوە، هووشەیەك، لوورەیەکی تر، چما دەنگی تۆپ ئەوهایە! ئەوە چ جۆرە تۆپێکە؟ لێرە دەبێ بڵێم بۆ زیندوو هێشتنەوەی سپێدەی تەڕواری جار وبار وەك مەلی تۆراو لە پۆل لەو پۆلە پێشمەرگەیە دادەبڕێم و تێکەڵ پۆلێکیتر دەبم، بەلاّم هەر لە ئاقاری تەڕوار و هەر لە سپێدە دەمێنمەوە.. زۆری نەبرد گڕەی فڕۆکەش هات، ئۆی تۆپەکان رووە و تەڕوارن، فڕۆکەکانیش لە ئاسمانی ئاقاری تەڕوار دەسووڕێنەوە، دیارە وەرزی سووتانی تەڕوارە، کێ دەزانێ جاری چەندەمە تەڕوار دەسووتێ؟ پیری سوارچاکان بە چاوی خۆی حەفتی دیتبوو، بە پەنجەی خۆی حەفتی ژماردبوو، لە دوای کۆچی تەڕواری و کۆچی دوایی پیری سوارچاکان، تەڕوار هەر لە سووتان بووە، حەفت جار پیری سوارچاکان بە دەستەکانی خۆی تەڕواری کوژاندۆتەوە، لەو حەفت جار سووتانە جارێکیان گوڵی کۆساران گوتەنی دەستی خودای تێدابووە، زستانێك برووسکێکی ناردووە، تەڕواری کردۆتە خۆڵەمێش، پیری سوارچاکان گوتبووی:

((ئاگری خودا و عەرەب هەردووکیان لە ئاسمانەوە بە سەر تەڕواردا دەڕژێن، بەلاّم ئاگری عەرەب لە هی خودا گەرمترە))

هەموو جارێکیش یەکەم کەس بووە ئاوەدانی بە تەڕوار بداتەوە، بیر و کانیاوەکانی دەرداتەوە، جۆگەلە بۆ باخچەکانی راکێشێ و دیواری رووخاوی دیوەخانەکەی خۆی قیتبکاتەوە، لبادی درێژ درێژی لێ رابخاتەوە، دوای هەموو سووتانێك پیری سوارچاکان یەکەم تەڕواری بوو کە لە سەر تاتە نوێژەکەی (کانی پیاوان) نوێژی گەڕانەوەی دابەستووە، گوڵی کۆسارانیش هەر یەکەم ژن بووە کوندەکەی لە کانی ژنان پڕ کردووە و یەکەم کەسیش بووە کە رایەخی مێوانداریی راخستووە، ئای گوڵی

کۆساران، ئای پیری سوارچاکان، تەڕوار ڕەنگە ئێستا ئاگر بگرێت، کێ دەیکوژێنێتەوە؟ پیری سوارچاکان، دووکەڵ دووکەڵ..

لە ئاقاری تەڕوارەوە دووکەڵێکی باریك زۆر باریك بە ئاسماندا چوو، ئەها سەری لە خۆر سوو، خۆر تا ئێستا هەر لە سەر باخچەکەی پیری سوارچاکان ڕاوەستاوە، دنیا هەر سپێدەیە، لە چاوی من سپێدەیە و بە سپێدەیی دەمێنێتەوە، دەبێ کام تەپرەك ئاگری گرتبێت، تەماشاکەن، سپێدەی تەڕوار جوانترین دووکەڵی لە خۆی نەخشاند، لە تەمەنم دووکەڵی هێندە جوان و ناسکم نەدیوە، جوانیی دووکەڵ هەر لە چاوی من نا لە چاوی پێشمەرگەکانیدیشی دا، پێشمەرگەیەکی ڕەشتاڵەی شیرنی ریشنی کەلەگەت (ئەبوو ڕەشا)یان دەگۆتێ ، بە عەرەبی گوتی:

ئەو دووکەڵە جوانە دەبێت لە سووتانی چیەوە وا بە جوانی بۆ ئاسمان هەڵبکشێ؟

پێشمەرگەیەك سیمای جوان خۆنیشان ناداتەوە، عەلی سکی ناو بوو، ئا، ئا، سکی، هەر بە عەرەبی وای وەڵام دایەوە:

دڵنیام شتێکی جوان زۆر جوان ئاگری گرتووە..

کاك نووری کە ماوەیەك بوو دابوویە بێدەنگی، یان من چووبوومە خەیاڵەوە و ئاگام لێیبڕابوو، گوتی:

نازانن چیە دەسووتێ؟ ئەوە جلك وپۆستاڵ و بێریەی هەزار سەربازەکەیە..

ئەبوو ئەحرار گۆتی:

هەزار سەربازی چی؟

کاك نووری زۆر بە هێمنی:

لە بیرت چوو؟ ئەو هەزار سەربازەی ئەو ڕۆژەی لە سەربازگەکەی دێگەڵە دیلمان کردن، ئەوە نەبوو بە فەرمانی ئێوە رووتوقوتمان کردنەوە و بە رووتی ناردماننەوە بۆ سەربازگە..

ئەبوو ئەحرار دووربینەکەی لە چاوی نزیککردەوە و سەری بادا و لەو هێمنتر گوتی:

وایە ، ئەها، بۆنی پۆستاڵی سوورکراوە دێ..

پێشمەرگەیەك، هەرچەندە هێندە رەشیش نەبوو بە هەلە نەچووبم هەڵمەتە رەشی ناو بوو، پێدەچوو پۆستاڵی لێبووبێتە مریشك:

وەی مریشکی سوورکراوە چەند خۆشە.

هەر چەندە زگم قۆڕەی دەهات، بەلاّم جوانیی دووکەڵ نەیهێشت خەیاڵم بە لای مریشکی سوورکراوەدا بچێ، خەیاڵ بردمیەوە لای ئەو چەند تاڵە قژە رەشەی کچە رەشتاڵەکە کە بە روویدا بەریدابوونەوە و گەیشتبوونە نزیك درزی مەمکە قیتەکانی، ئۆی چەند قیتبوون مەمکەکانی، وای کچە لە دەستچووەکە، بەردانەوەی قژت چەند جوان لێدەهات، ئای، دووکەڵی ئەو سپێدەیە چەند لە قژی کچە رەشتاڵەکە دەکات، ئەرێ ئەو دووکەڵە تەڕواریە بۆچی هێندە ناسك و جوان بوو! چ پێناچێ دووکەڵ بووبێ، رەنگە چەند پەلە هەورێکی باریك بە سەر شانی یەکتردا هاتبنە خوارێ و بە پەیژەیەکی سپێدەیی ئاسمان و تەڕواریان بە یەك گەیاندبێ، کاتێکیش تیچاوێکم دەدایە ئەبوو رەشا و جگەرەکەی، دووکەڵی ئاسمانی تەڕوارم لێ دەبووە دووکەڵی جگەرە، هەر دەتگوت تەڕوار گەڕەکێك ئەبوو رەشای تووتنی لە خۆی داگیرساندووە و لە خەمی دابڕانی پیری سوارچاکان مژ لە دارجگەرەی تەنیایی دەدا، ئەرێ سیمای ئەبوو رەشا بۆچی هێندە لە تووتنی رەشهەڵگەڕاو دەچوو! بەو سپێدەیە تەڕوار و ئەبوو رەشا لە پێشبڕكێن پێشبڕكێی دووکەڵ، ئەبوو رەشا چ جگەرەکێشێکی کوورەیی بوو، مەگەر پیری سوارچاکان دەنا کەسم نەدیت هێندەی وی دەم و لووت بە دووکەڵ، پیری سوارچاکان شەو و رۆژ سەد جگەرەی رێکی دەکێشا، گوڵی کۆساران دەیگوت:

پێشتر پتری دەکێشا

لە بەر خۆمەوە دەمگوت:

خودایە، ئەو دووکەڵە هەوریە قڕیە لە سووتانی هیچ شتێکی جوانەوە نەهاتبێ..

هەر ئەو دەمە رستەیەکی بۆ ئەو دەم ترسناکی پیری سوارچاکانم بیرکەوتەوە:

تەڕوار شتێکی نیە جوان نەبێ..

پێشمەرگە دانیشتنیان لێ خۆش هاتیە، ئەو چەند بنە دارە لەو دەم چەمە دەڵێی خوداوەندی درەخت و کەسکایی تایبەت بۆ پێشمەرگەی رواندوون، تا لە چاوی فڕۆکە و کۆپتەر، لە بەڵای ئاسمان بە دوور بن، جێبەکەش لە ترسی گێچەڵی ئاسمانێ خۆی لە بن لك و پەلکی داران شاردۆتەوە، چەند خۆشە دنیا تەقوتۆق و راوەدوونانی تێدا نەمێنێ، لەگەڵ دۆستان لەگەڵ یاران، هەموو بەهاران، بە بن هەور و باران، لە سبەینێ تا ئێوارێ، لێرە بمێنیەوە و سەرت پێشکێشی سێبەری ئەو درەختانە بکەیت و پێیەکانیشت بە یەکجاری ببەخشیتە ئاوی چەم و بە دەم بیرە هەڵدانەوە جارو بار ددانی فریشتان بخەیتە نیگاتەوە، ئەها لەو بەرزاییە کەپرێك چێبکەیت وخەیاڵ بەربدەیتە ئاسمانێ، لە بیرمە لەو خەیاڵە چەند دێرێکی فۆلکلۆریم بۆ هات:

من کەپری خەیاڵ چێدەکەم

دارێك هەنار، دارێك مێو بێ

یەك پرتەقاڵ یەکێ سێو بێ

لە خەیاڵ کەپرێ چێدەکەم

....

گڕەیەك نەیهێشت لە خەیاڵ کەپرەکە بۆ کچە رەشتاڵەکە چێبکەم ، من هەر دوو فڕۆکەم دیت، بەڵام گوتیان شەش بوو، بووە گرموهۆڕ، بەڵام دوور، دوور کوێ؟ تەڕوار و ئاقاری، فڕۆکەکان گەڕاندمیانەوە سەردەمانی کونە فڕۆکەکان، ئەو کونانەی لە خەون پەرتتر خۆ نیشاندەدەنەوە، ساڵێك وا رێککەوت لە وەرزی بۆردماندا سەردانی ماڵی پیری سوارچاکان بکەم، منداڵ بووم منداڵتر لەو برایەم کە دوێنێ بە گریان بەجێمهێشت و نەیزانی بۆ کوێ رۆیشتم، تەڕوار دوو هێندەی ژمارەی خانووە

تەپرەکیەکانی کونە فڕۆکەی هەبوو، پیری سوارچاکان لە کەندی بەر ماڵان کونێکی لێدابوو، جێی هەموو تەڕواری لێدەبۆوە، وەختە بڵێم هێندەی دیوەخانەکەی دەبوو، ئەو دیوەخانەی گوڵی کۆساران دەیگوت:

لۆ چەند جغارەخۆرێکیش بێ مێوان نەبووە

دەزانم لەمێژە دیوەخانی پیری سوارچاکان خشتێکی بە پێوە نەماوە، بەڵام تۆ بڵێی کونە فرۆکەکەی وەك خۆی مابێ، دوور نیە، دوای پیری سوارچاکان ئاساییە تەڕوار بێ دیوەخان هەڵبکات، بەڵام بێ کونە فرۆکە زەحمەتە ژیان بکات.. لە ئاسمانی تەڕوار گرموهۆڕە، پیری سوارچاکان، گرموهۆڕە، من لەو سپێدەیە قەرداری بەهارم، ئەگەر دنیا هاوین با، تەڕوار وەك دۆزەخ ئاگری دەگرت، هەموو ئەو جوانیەی تەڕوار دەژاکا کە پیری سوارچاکان لە دیدی منداڵیمی نەخشاندبوو، ئێستاش ئەوەتا بە چاوی پیری سوارچاکان تەماشای ئەو ئاقارە بەهەشتیە دەکەم، ئا، بە قسەی پیری سوارچاکان بێت تەڕوار پاوانێکە سەر بە ئاقاری بەهەشت، چەتۆی سەرناس دەیگوت:

((لە سەر ئەو قسەیە پیری سوارچاکان لەگەڵ مەلایەك پیس تێکگیران، مەلا رووی لە پیری سوارچاکان کرد:

تەڕوار کە لە بن هەر بەردێکی گوێکی گەورە، تەپکە ریخێ هەیە چۆن دەلێی بەشێکە لە بەهەشت؟

پیری سوارچاکان گۆتیە مەلا:

مەلا، هەرکەسێك بخوات، لە هەر جێگەیەك بێت، دەڕی، باش دەڕی، وەك تۆ دەڕی..))

لەو سپێدە تەڕواریە سێوە لە رادیۆی پێشمەرگەیەکەوەهەلیکردە سەحەرە و سپێدەی لە سەحەر گرت، ئەو سەحەرەی ئەوێ چ سەحەرێك بوو! من هەر لە گچکەییەوە هۆگری دەنگی سێوەم، بەڵام هیچ کاتێك وەك ئەو سپێدەیە سەحەرەکەی ئەفسووناوی نەبووە، دەتگوت سێوە زیندوو بۆتەوە، گەنج بووەتەوە، سەحەرەکەی

خۆی نوێ کردۆتەوە، سەحەری ئەو سپێدەیە پیری سوارچاکانی زیندووتر کردەوە و کەوتینە قسە، بۆ منداڵیمی گەڕاندمەوە، بە بیرمهاتەوە، پیری سوارچاکان هۆگری دەنگی حەسەن زیرەك و سێوە بوو، نازانم حەسەن زیرەك بۆچی رێی کەوتبووە تەڕوار، ئاخر کێ رێی بەوێ دەکەوێ! لەوێ لە دیوەخانی پیری سوارچاکان گۆرانی چڕیبوو، دەڵێن پیری سوارچاکان گوتبووی:

حەسەن کوڕم، تۆ هەر گوناهێکت کردبێ، خودا ناتباتە دۆزەخ، لە منی وەرگرە تۆ بەهەشتی، لە بەهەشتێ پێویستیان بەو دەنگەی تۆ دەبێ.

پیری سوارچاکان خۆی گوتەنی زۆر جار هەر بۆ دیتنی سێوە بۆ بیستنی دەنگی چووەتە کۆیە، چەتۆ سەرناس گوتەنی:

پیری سوارچاکان بلیتی چوونە بەهشتی دابووە سێوەش.

لە بیرمە هەر کاتی لە رادیۆکەوە دەنگی سێوە دەهات، پیری سوارچاکان گۆچانەکەی توند لە دیوار دەدا، ئەو لە دیوار دانە واتای بێدەنگبوونی دەدا، تا سێوە تەواو نەبا کەس بۆی نەبوو ورتەی لێوە بێ، جارێك گوتی:

((خودایە وا خەریکە چاوم لێدەستێنیەوە، بەڵام تکادەکەم لە گوێم گەڕێ و لێممەستێنەوە، با لە سێوە بێ بەش نەبم))

خودا بە قسەی پیری سوارچاکانی کرد، تا ئەو رۆژەی مرد، گوێی لە گوێی من سووکتر بوو. سەحەرەکەی سێوە لەو سپێدەیەی ئاقاری تەڕوار، چ تەڕواری بوو، چ پیری سوارچاکانی بوو، چ یادەوەریی ئەفسانەیی و ئەفسوونی بوو.

لە هەستاندا ئەبوو رەشا کە هەر دوو خولەك دەبوو جگەرەی کوژاندبۆوە، دیاربوو ئاگری نەمابوو، جگەرەیەکی دامێ و:

رەفیقل جەدید ئنتینی جداحە.

من لەو رستەیەی ئەبوو رەشاوە زانیم (جداحە)ی ئەوان چەرخی خۆمانە..ئەرێ بەو سپێدەیە چی وای کرد لە ناو ئەو چەند پێشمەرگەیە ئەبوو رەشا کەوتە دڵمەوە!

جگەرەکەی؟ یان گۆرانیەکەی ماجیدە رۆمی؟ ئێوە نەتانبیست، کەس نەیبیست، کاتێ لەو دەم چەمە ئەبوو رەشا لەبەر خۆوە، بە ئەسپایی، نەرمتر لە رێکردنی چەمەکە گۆرانیەکی ماجیدە رۆمیی گوتەوە، من ئەودەم و ئێستاش بە دەنگی ماجیدە رۆمی دەتوامەوە و دەتوێمەوە، خۆزگە ئەو پیاوە رەنگ تووتنیە جگەرەکەی نەدەدامێ، خۆزگە گۆرانیەکەی رۆمیی نەدەگوتەوە، خۆزگە ئەبوو رەشا نەدەکەوتە دڵمەوە، ئەگەر وا نەبا دواتر هێندە بۆی نەدەگریام..

قوتە جێب بە بنەدارەوە رێدەکات، ببینن، بنەدار رێدەکات! لە ترسی کۆپتەر جێب درەختی لێڕوا، چەند چلە درەختێ بە دەستی چەند پێشمەرگەیەکەوە.. لە بن لێوانەوە گوتم:

ئەو درەختە جێبیە چەند جوان غاردەدا..

نەمزانی کاك نووری بیستی:

لەگەڵ هاتنی کۆپتەر جێب لە درەخت جوانتر لە جێی خۆی دەچەقێ..

لەوبەری چەمەکە ژنێك بە دەستێك لچکی بەرانپیلە تەژی لە چیلکەوچوالەکەی گرتبوو، بە دەستەکەیدی چلە دارێکی هێندەی بەژنی خۆی، سوارێکم دیت، ئەویش وەك جێبەکە ببووە درەخت، بەو سپێدەیە هەرچیم دەدیت لقە درەختێکی پرچ پڕی بە دەستەوە بوو، بەو سپێدەیە ترومبێل، ماین، پێشمەرگە، پیاو، ژن، منداڵ هەموو هەر هەموو تێکەڵی کەسکایی درەخت ببوون، لە ترسی فڕۆکە و کۆپتەر کێ هەیە نەبێتە درەخت..

وەختی خۆی من و گوڵی کۆسارانیش بووینە درەخت، لە کاتی بوونە درەخت هەردووکمان یەك رەنگمان گرت، گوڵی کۆسارانی سووروسپی و منی رەش و برش هەردووکمان کەسك هەڵگەڕاین، کەسکێکی خۆڵاوی، دێتە بیرم وەك ئێستا، وەك سپێدە درەختیەکەی تەڕوار دێتە بیرم، هاوین بوو، ئا دەبێت هاوین بووبێت، مێوانی ماڵی گوڵی کۆساران و پیری سوارچاکان بووم، سپێدەیەك وەك ئەو سپێدەیە گوڵی

کۆساران خولیای سەردانی کچە ڕەشتاڵەکەی لە سەر گەڕا، ئەو کچەی چەندم حەزدەکرد پلکم با، باش بوو گوڵی کۆساران جگە لە من کەسی دەستنەکەوت، ئەو ڕستەیەی گوڵی کۆساران چەند شیرین بوو، حەزدەکەم ئێستاش بیلێتەوە:

کەریمە کوڕم دە تو وەرە لەگەڵ...

چۆن لەگەڵت نایەم، دەزانی ئەو ژنە ڕەشتاڵەیەی کە لە بەلاش نەببووە پلکم چەندم خۆشدەویست، چەند جارێ هاتبووە ماڵمان، دایکم دەیگوت:

+ئەو ژنە زڕ خوشکی بابتە بەڵام نە لە دایك نە لە باوك..

- کەواتە نابێتە پلکم

+ زەحمەتە

لە ڕێیێ، ڕێی بانەقەراتێ، لە کلکایی باسکە بەرازێ، لە دەو چەمێ، دیتم دەستی لە گیرفانی کەوێ ڕەشەکەی راکرد و قەڵەمبڕە دەسك کەسکەکەی دەرهێنا و دوو لقە داربیی بڕی و گوتی:

+ ئەگەر لە رووتەن کۆپتەر گەیشتنە سەرمان، خۆمان دەکەینە درەخت

- کو دەبینە درەخت؟

+ کە کۆپتەر هات فێرت دەکەم، خودایە کۆپتەر دوای بڕێ و ئاسمان یەك کۆپتەر و فڕۆکەی پێوە نەمێنێ..))

سەرەتا حەزمدەکرد هەرچی زووە ببمە درەخت!

قوتە جێب بە ڕێیەکدا ڕێدەکات، ڕێی کەر و بارە، چەپ و ڕاست هەمووی داروبارە، ڕێیەکە ڕێی بەهارە، گیا لە چۆکانە، چۆکی چی! لە سەر سینگ و ناو شانە، خەریکە بە جێبەوە لە گیا بزربین، پێدەچێت ئەو ڕێیە ڕێیەك بێت لە ڕێگاکانی بەهەشت، بۆنی بەهەشت دێ، بۆنی تەڕوار دێ، هەوە ئەو پێدەشتە ڕێ بەهەشتە، ئەها گەیشتینە زاری دۆڵێ، دۆڵاودۆڵ سەرکەوتین، ناوی ئەو دۆڵە، ئەو ڕێوبانەم لە

یاد نەماوە، بەڵام دەزانم ڕێیەکە بە تەنیشت ڕێی دۆڵەگاڕانەوە، دەیناسمەوە، پیری سوارچاکان وەهای نەناساندووە، نەیناسمەوە، لە بیرمە پیری سوارچاکان باسی هەموو ئەو ڕێگایانەی دەکرد لە تەڕواریان دەکردەوە، پیری سوارچاکان بەو ڕێگایانەی دەگوت، ڕێی بەهەشت، ئەرێ پیری سوارچاکان دوای ئەو هەموو ساڵە منت بۆچی هێندە سەراسیمە و هۆگری تەڕوار کردووە، من چیم لە تەڕوار داوە، خۆ من تۆ نیم، تەڕوار بە من چی، چی بە من بەخشیوە، خۆ هێندە نایناسم، چەند جارێك بە مێوانداری هاتوومە و بڕایەوە، پیری سوارچاکان دەڵێی جادووی تەڕوارت لە من کردووە! لە تەڕوار چ بەهەشتێکت شاردۆتەوە! بەهەشتێك جادووی ڕاکێشانی نەوەکانتی لە خۆی کردووە، لە منی کردووە، ئەو ڕێیە ڕێی بەهەشتە، ئەگەر ئەو بەرزاییە ڕێی جێبی هەبێ، هەر سەرکەوین دەگەینێ، هەڵە نەبم بەهەشتی پیری سوارچاکان و نەوەکانی بەدیاردەکەوێت، ئەها، خوار ئەو گردۆلکەیەی دەڵێی لە ناو تەم دانیشتووە، سەر جۆخینانی بەهەشتە، ئۆی لەو ڕێوبانە گوڵزاریە، هەرچی گوڵی گوڵستانان هی کەژ و شاخان هەیە ئەوەتا بەو سپێدە بەهاریە لەو دەشت و دەرە، لە دەو ڕێ، هەردوو بەری ڕێ، دەڵێی لە پێشوازیدان، ناپرژێمە سەر تەماشاکردن، یادەوەری ناهێڵێ بپرژێمە سەر ڕوانینی گوڵانی ڕێی بەهەشت، لەبیرمە پیری سوارچاکان دەیگۆ:

((ئەگەر دەتانەوێ بە چاوی خۆتان ڕێی بەهەشت ببینن، بڕۆن، لە بەهاردا بڕۆن، بە هەر ڕێیەکدا دەڕۆن بڕۆن، سەر لە تەڕوار بدەن))

بادووربینەکەی ئەبوو ڕەشا وەربگرم و تەماشایەکی بکەم، نا پێویست ناکات، ئێستا نزیك دەبینەوە و دەگەینێ، بەرگەی بەهەشتی پیری سوارچاکان ناگرم، چاوم دادەخەم، جێب پێچێکی کردەوە، ڕەنگە پێچەکەی پشت سەر جۆخینان بێت، ئا، بە چاوداخراوی لە بەهەشت دەسووڕێمەوە، دەبا لە بن چاوانەوە کەمێك لێی بڕوانم خۆ نامرم...

ئێرە کوێی تەڕوارە! تەڕواری چی! داخوا لە کەنگێوە پشتمان لە بەهەشتەکەی پیری سوارچاکانە، حەیف لاماندا و نەگەیشتینێ، حەیف، پێش سلاوکردن ماڵئاواییم لێیکرد، ئاوڕدەدەمەوە، ئاوڕدانەوەیەك مەگەر پیری سوارچاکان وەهای ئاوڕدابێتەوە، ئای، فرمێسکم دێ، خەمی دابڕان فرمێسکی هێنا، چ یارێکە تەڕوار! من ئاسایی نیم، دەڵێی پیری سوارچاکان لە مندا زیندووبۆتەوە و بە تەڕواردا هەڵدەڵێ، پیری سوارچاکان لە تەمەنی ڕەنگە سەد ساڵیدا بووبێت، ئەو دەمەی تەڕواریان فرۆشت، بە داڕشتنی تازەوە ئەوهای بە تەڕواردا هەڵدەگوت:

((بە ئارەقە و فرمێسك هیشکەوارم کردە تەڕوار، پێشە من کەنگێ تەڕوار هەبوو، کێ ئەو ئاقارە لاچەپەی دنیای دیتبوو! جگە لە بەراز کەس ڕێی بێرە نەکەوتبوو، هەمووە ئەو بیر و کانی و چەم و دۆڵ و شاخ و گردۆلکە من ناوم ناون، جگە لە (باسکە بەراز) کە هی بەرازەکانە هەرچی شتی تەڕوار هەیە لە عەرد و بن عەرد و ئاسمان لە منەوە ناویان وەرگرتووە، یەکەم گۆڕ کە تەڕوار لە ئامێزی خۆی گرتبێت بە دەستی خۆم لێمداوە، بەر لە من تەڕوار گۆڕستانی نەبوو، لەو پیاوەی پێغەمبەر گەڕێ کە لە دوورەوە ئەها لە (کاولان)ەوە بە سەر تەڕواردا دەڕوانێ، ئەوەی خودا لێی گۆڕی و گۆڕەکەشی بە گۆڕان ناچێ، لە بنی دنیاوە هات و سەری خۆی لە بەردەکانی (کەڵەکچی) داو ئەوەتا دوو گۆڕی هەیە، گۆڕێکی خڕ بۆ سەری و لاشەکەشی لە گۆڕێکی درێژکۆلە، هەندێك دەڵێن (بن زەین عابدینە)ە، پێش من تەڕوار تەڕوار نەبوو، تەڕوار هەر نەبوو، سەر بە هیچ جێیەك نەبوو، کەس خاوەنی نەبوو، شێخەکان کێ بوون! تاپۆی ڕەش لە کوێ هات؟ خودای خواپێداوان، بەس سێ ڕۆژ جاحێڵم بکەوە، سێ ڕۆژ و بەس، ئای لە پیری چۆن دەتکاتە گاڵتەجاڕی شێخ و ڕەوەندان! جاحێڵم بکەوە سێ ڕۆژ و بەس، بۆ ئەو کەسانەم جاحێل بکەوە کە بە بەر چاوی خۆمەوە سەودا بە تەڕواری منەوە دەکەن))

جوان دێتەوە بیرم، خوشکە گەورەکەم بە دەنگێك پیری سوارچاکان گـوێی لێنـەبێ، گۆتیە بابم و وەڵامەکەی بابیشم لە بیرە:

((+ ئەرێ ئەگەر خودا پیری سوارچاکان جاحێڵ بکاتەوە چ دەقەومێنێ؟

- جا چ ناقـەومێنێ، دنیـا بـە سـەر یەکدا کاولـدەکات، ئێـوە ئـەو پیاوەتـان بـە جاحێڵی ولە ساتی تووڕەبوون و شەڕدا نەدیوە، هەر مـن دەزانم چ میرغەزەبێکـە، بـە تاقی تەنێ دەچێتە شەڕی حکومەتێکەوە، دادەڕسێتە هـەموو دنیـا، مـن زۆر شـەڕی ئەو پیاوەم دیتووە، وێنەی شـەڕێکیان وەك گەمـە خۆشـەکانی منـداڵی هەمیشـە لـە چاومدایە و ناسڕێتەوە، من لە سیلەی خانوێکەوە ئەو پیری سوارچاکانی ئێوەم دیتووە بە سەر ئەسپەکەیەوە شەڕی دەکرد، دەستێکی بە جڵەوە دەستێکی بە تفەنگـەوە، لـە سەر ئەسپەوە بە یەك دەست تەقەکردن هەر بە قسە خۆشە، لە دەست کێ دێ.)).

بە منداڵی وەك ئێسستا نەبووم جار جارە لە شتان هەڵمدەدایێ، گۆتمە بابم:

بەڵام لە سینەما پیاوێکم دیت لە سەر ئەسپەوە بە دوو تفەنگ شەڕی دەکرد.

بابم گۆتی:

پیـاوی سـینەما جوایـەزە، پـیری سوارچـاکان بچـێتە نـاو سـینەما، بـە حـەفت تفەنگیش شەڕدەکات..

هەرچی خـدر خەرمانـە کـە بـە دوو سـێ پشـت دەگەیشـتەوە پـیری سوارچـاکان و خەرمانێك مێژووی ئەو بنەماڵەیەی لە بیرابیە بە نایلۆن گیراوەکەی خۆی هەڵدابۆوە، دواتردەیگوت:

((پیری سوارچاکان زۆر کەڵەگەتە، بۆوەی دەسـتتان بگاتـە شـانی، دەبێـت بچـنە سەر منارەی چۆلی، ئـەو پیـاوە شـەڕی تـورکی کـردووە، هـی عـەرەب و عەجـەمی کردووە، سەنگەری لە رووس و ئینگلیز گرتووە، هێشتا کۆمەنیست لە هیچ جێیـەکی دنیایێ ناویان نەبووە، ئەو لە شێخ و ئاغایان راپەریوە هەر بە کەڵەگەتی ماوەتـەوە و بۆ کۆمەنیستەکانیش دانەچەمیوە.. لە گرانیی گـەورە تـورك وەك کوللـە بـە گونـدان

وەردەبن، تەڕو وشك دەماشنەوە، دەگەنە ئاقاری پیری سوارچاکان، لێیان دێتە دەست چل تورك لە خوێن دەگەوزێنێ، هەموویان بە بەستی شەرغەدا دادەداو دەڵێ: وڵاتی کوردان جێی تورکان ناکاتەوە، نە زیندوو نە مردوو))

+ هاوڕێیان، کۆپتەر کۆپتەر

ئەبوو ئەحرار وشەی (هاوڕێیان)ی بە شێوەیەك گۆکرد، کەس ناتوانێ ئەوهای گۆبکات، ئەوە هیچ کە دەنگی (ڕ)ەکەی لە هەموو(ر)ان سووکتر گۆ، دەنگەکانیدیش ئاسایی نەبوون..

+ چ نیە، ئاگای لە ئێمە نیە. -کاك نووری وای گۆ-

+ نا، ئەو دوو کۆپتەرە سەگانیە بۆنی جێبەکەیان کردووە. —نازانم کێ بوو وای وەڵام دایەوە-

+ وایە، بۆنی پێشمەرگە تیژە، دەگاتە ئاسمانێ.. ئەوە قسەی قەرەچووخیەکەیە، نازانم کێ قەرەچووخیان دەگۆتێ، ئەو کوڕە لە قەراجەوە هاتبوو، لەوێوە راویاننابوو، ئەو راونراوە قسەیەکی هەبوو، ناوە ناوە دەیگوتەوە:

- وابزانم کەس شەڕەفی نەماوە

- بەچی دەزانی؟

- شەڕەف واتە زێد، زێد کە داگیرکرا، شەڕەف..

- ئەگەر وابێ وایە..

- لەو رۆژەوەی گوندەکەمیان سووتاند و دەریانکردین، من هێندەی پووشێك شەرەفم نەماوە..

ئەو کوڕە قەراجیە قەرەچووخیە وەك پیری سوارچاکان قساندەکات، چەند لە پیری سوارچاکان دەچێت، کۆپتەر لێناگەڕێ پیری سوارچاکان لە منەوە بێتە قسە، بێتە گریان و تەمەنێك فرمێسك بە سەر تەڕوارەکەیدا هەڵوەرێنێ، کۆپتەر لێناگەڕێ،

دیارە لە ئاسمانەوە بۆنی پێشمەرگەی کردووە، چەند نەوی دەسووڕێنەوە، نەوی، کوڕە قەراجیەکە لە بەر خۆیەوە بە مەیلەو گاڵتەوە رستەیەکی پیری سوارچاکانی گوتەوە:

((هەریٚ هات، عەرەب هات))

دیاربوو ئەو رستەیە سەر رستەی ئەو کوڕە بوو، زۆری گوتبۆوەو دەیگوتەوە، جارێکیدی بە دەنگێکی بلّندتر گوتیەوە، ئەبوو رەشا بە گاڵتەی عەرەبیەوە گوتی:

لەوەو دوا دەبیٚ بلّێین:

هەلّیٚ هات، کورد هات

کوڕە قەراجیەکە گوتی:

هەر ئەوە مابوو!

ئەبوو رەشا مژێکی قوڵتری لە جگەرەکەی دا و لە دەم و لووتیەوە هێندەی تۆپێک دووکەڵی هێنایەوە:

ئیٚ کاکە، ژمارەی جاش لە سەرباز زیاترە.

کاك نووری هەلّیدایی:

بەوەی باشە کوردەکە هەر لە عەردەوە بۆ مان دێت، دەستی بە ئاسمان رانەگەیشتووە..

پیری سوارچاکان لە دوا رۆژەکانی ژیانی لە بەر خۆیەوە و بە هێواشی دەیگوت و دەیگوتەوە:

((هەریٚ هات، عەرەب هات، هەریٚ هەریٚ تورك هات، نا، نا لێیاندەن، مەپارێزن..))

هەموو دەیانگوت:

تەواو شێت بوو، پیری سوارچاکان شێت بووە

بەلاّم خدر خەرمان بەرپەرچی هەموانی دەدایەوە دەیگوت:

ئێوە مێژووی ئەو پیاوە نازانن، ئەگەر بتانزانیایە کوفری واتان نەدەکرد، ئەو پیاوە هەمووو تەمەنی راوراوانێ بووە لەگەڵ عەرەب و تورك و فارس، ئەو پیاوە بەو چەند وشەیە مێژووی خۆی دەگێڕێتەوە، مێژوویێکی پڕ لە کوشتار..

ئێرە جێیەکە، ئەو باسکە بەرازەی وەك تەم لێوە دیارە کە تاقە جێی تەڕوار بوو، پیری سوارچاکان ناودێری نەکردبێ، ئەویش چیای (مشکۆ) ئەو چیایەی یەك ڕێی سەرکەوتنی هەیە، چیایەکە شانی بە هیچ چیایەك نەداوە و تاقی تەنیا و خڕوخڕ بە ئاسماندا چووە، کە دەگەیتە سەری دەشتێکە لە ئاسمان، بابم دەیگوت:

بڕۆ لە سەری مشکۆ یەك عەربە گەنم تۆ دە، هێشتا جێی بێستانێکی باش دەمێنێتەوە..

ئا، ئێرە، ئەو ئەشکەوتە گچکەیەی کە هەر لە دوورایی گوللەی دەمانچەیە، وا بزانم ئەو جێیەیە کە مام ڕەشید لێیەوە ژنبەتاڵی لێکرد، ئەو مام ڕەشیدەی بە پیریش نیو دارتێل بەژنی هەبوو، بە جاحێلی ژنێك هەڵدەگرێ، دێن دێن، لەو ئەشکەوتە پشوویەك دەدەن، لە هەستاندا گیزەی گوللەیەك دێ، ڕەنگە لەو دەمە خۆیان خستبێتە پەنای ئەها ئەو کەپکە شاخەی لە ناو گیاوگۆلەوە دەڵێی سەری ئەسپە و بۆنی ئاسمان دەکات، گوێیان لە دەنگە دەنگە، دەنگ پێ بە پێ نزیکتر دەبێتەوە، مام ڕەشید زوو دەنگەکان دەناسێتەوە، کەس و کاری ژنەن و بە دوایانەوەن، قەوما لە کەس نەقەومێ، مام ڕەشید لە ژنەکە پتر دەترسێ، سەرتان نەیەشێنم، مام ڕەشید دەڵێتە ژنە:

((تۆ لە جێی دایکمی، لە جێی خوشکمی، من و تۆ هیچمان لە بەین نیە، دەستم بە دەستت نەکەوتووە، کچی چاك بە وازم لێبێنە و من دەڕۆم))

ژنە چەندی لێیدەپارێتەوە، بەڵاشە، چەندی ناپیاوی دەکات، بەڵاشترە، مام ڕەشید بەو باسکەدا وەك نێریە کێوی شۆڕدەبێتەوە، مام ڕەشید بە پیری لە کن پیری سوارچاکان گوتبووی:

((له بەدبەختی من کەسوکاری ژنە ژنەیان نەکوشت، ئەگەر بیانکوشتبا کەس بەو چیرۆکەی منی نەدەزانی، ئەو ژنە سووك و چرووکە چۆن منی کردە پەندی دنیایێ....))

مام رەشید تۆبەی لە ژن کردبوو، ژنی نەهێنا، بە دەردی گوڵی کۆساران گۆتەنی:

((مرد و دنیای نەدیت و نیوەی ئیمانیشی لە قیس چوو!))جگە لەوەش ئازایەتی مام رەشید کەوتە زاری ورد و درشت، لە بیرمە ئەگەر منداڵێك خۆی گیف بکردایەتەوە، گەورەکان بە پێکەنینەوە دەیانگوت:

((وەی بابە چەندە رەشیدە هەر دەڵێی مام رەشیدە))

دواتر منداڵان بە گەورەکانیان دەگوتەوە..

جێی جێب لە بن دوو بنەدار کە بڵندیان هەر دوو بەژن دەبێ و قژیان وەها تێکەڵی یەکتر کردووە بە باو رێژنەبارانی پایزیش لێکدی نابنەوە، لە ترسی کۆپتەر خۆی شاردۆتەوە.. ئۆی دەڵێی تازە دەبینم، ئەو دەشت و دەرە، ئاقاری تەڕوار، یەك پارچە گوڵاڵە سوورەیە، حاجیلەیە، خەزێمەیە، کوڕە زۆنگاویەکە گۆتەنی:

چەند خۆشە بەرخێك بی و خۆت لەو سرووشتە جوانە بگەوزێنی

ئەو کوڕە زۆنگاویە رووی تێمکرد:

+ چی واکرد بێیتە رێزی کۆمەنیستان

- بە دیاریکراوی نازانم، رەنگە..

+ رەنگە تۆش وەك من...

- تۆ چۆن

+ کە زۆنگاویان وشککرد، دنیا لە پێش چاوم تاریك داهات، تاریك تاریك، ئیدی وا بە دوای ترووسکاییەکدا دەگەڕێم..

پیری سوارچاکان هات و خۆی هاویشتە ناو قسانەوە، کوڕە زۆنگاویەکە بێدەنگی لێکرد، ئەوەتا پیری سوارچاکان لە ناو دووکەڵی جگەرە سیمای خۆی بزردەکرد و بە دەنگی بەرز بە تەڕواری یاریدا هەڵدەگوت:

((ئای تەڕواری من، بەهاری هیچ جێیێ لە بەهاری تۆ ناچێ، بۆنی گوڵێکی بەهاری تۆ، گوڵی هەموو دنیا دێنێ، نێرگزەجاڕی تۆ جوانیی دنیا دێنێ، زستانی کویێ وەك زستانی تۆیە، کلۆ بەفرێکی تۆ سپێتیی هەرچی بەفر هەیە، تێیدایە، هاوین ئای هاوینی تەڕوار، گوڵە گەنمێکی ڕەژگوڵی سەر جۆخینی تۆ لە سەرجەم جۆخینی دنیا جوانترە، ئەدی پایزی تۆ! خودایە لە پایزدا بمکوژە، با کفنەکەشم لە گەڵای پایزانەی ئەو داربیانە بێ کە بەو دەستانەی خۆم لە کەندی بەر ماڵان چاندوومن))

کوڕە قەراجیەکە یەخەی ئەبوو ڕەشای بەرنەدەدا، بە عەرەبیەك کە من بە ئاسانی تێیگەیشتم، لە بەرگی فشقیات گوتی:

هاوڕێ ئەبوو ڕەشا تۆش ئازاد نیت، چونکە من دەچەوسێنیتەوە..

ئەبوو ڕەشا دەستی بە ردێنیدا هێنا، تەماشای ئاسمانی کرد و بە کوردیەك هەر ئەوەتا تێیگەیشتم:

هاوڕێ، من تۆش نەچەوسێنمەوە هەر ئازاد نیم

کوڕە قەراجیەکە:

نا، ئەگەر دەست لە چەوساندنەوەی من هەڵبگریت، ئازادت دەکەم..

ئەبوو ڕەشا:

تۆ لێکدانەوەی جوانت بۆ مارکسیەت هەیە!

کوڕە قەراجیەکە:

دە بزانم تۆ چۆن گوتەکە لێکدەدەیتەوە؟

پیری سوارچاکان نەیهێشت گوێ بۆ لێکدانەوەی ئەبوو ڕەشا هەڵخەم، هات و پیلی گرتم و بردمی و گەیاندمیەوە مندالی، ئێرە (بەلاشاوە)یە، عەسرانێکی درەنگانی

هاوینیه، ئەوەتا پیری سوارچاکان لە کۆڵانێ، لە سێبەری داربیەکـە، دوو بـالیفی لـە بن شان و یەکیش لە بنەوەی چۆکی و بەردی پیرۆزیش لە تەنیشتیەوە، لەگەڵ عوسمان کۆمەنیست نیوە تێکگیرانێك تێکگیراون، پێش ئەوەی تێکگیرانەکە نیشانبدەمەوە با بەردی پیرۆز بناسێنم، بەردێکی خڕی بازنەییە، تیرەکەی هێندەی تـیرەی بنـە سـۆبەی عەلادین شتێك کەمتر دەبێ، ئەستووری بەردی پیرۆزیش بە قەد قوتـووی جگـەرە لـە باری درێژی کەمێك ئەستوورتر، واتە بەردی پیرۆز گوڵی کۆساران گوتەنی:

لە مادەکەی من دەچێ.

رەنگی بەردی پیرۆز زۆر لە ناولـەپی پـیری سوارچـاکان دەچـێ، چـەتۆی سـەرناس دەیگوت:

هێندەی دەست بەو بەردەدا هێناوە بە لەشی ژنەکانی دانەهێناوە، نابینن، بەرد و ناولەپ رەنگی یەکتریان گرتووە.

وا بوو، پیری سوارچاکان ناوە ناوە و بە نەرمی دەستی بە بەردی پیرۆزدا دەهێنـا، هەمیشە لە تەنیشتیەوە بوو، چ لە ژووریٚ چ لـە حەوشـە چ لـە کـۆڵانێ، بـە زۆریـش دۆلکەی ئاو و پەرداخێکی لە سـەر بـوو، یـان چـەرخ و قوتـووی جگـەرە و کیسـەی توتن، پیری سوارچاکان دەیگوت:

((ئاو و بەردی پیرۆزم پێکەوە دیتەوە، کاتێ خەریکی هەڵکەندنی یەکەم بیر بووم لە کەندی بەرماڵان، لە قوڵایی نیو بەژن پتر تووشم بە تووشی بـەردی پـیرۆزەوە بـوو، ئاو لە بن ئەو بەردەوە هات، ئاوێك بیری دنیا وشك بکات بیری بەردی پیرۆز هـەر بـە ئاوە، ئیدی من هۆگری ئـەو بـەردە بـووم و پاراسـتم و هێشـتمەوە، ئـای، ئێسـتا لـە تەرِوار هەر ئەو بەردەم بۆ ماوەتەوە، پـیرۆزە ئـەو بـەردە زۆر پـیرۆزە، لـە تـاتی نوێـژ پیرۆزترە، دەبێت بپارێزرێ))

بەردی پیرۆز وەختبوو تێکگیرانەکەم لە بیرباتەوە:

پیری سوارچاکان:

هەر میللەتێك داگیرکەر بێت، بەهەشتی نیە

عوسمان کۆمۆنیست:

حکومەتەکان داگیرکەرن نەك میللەتان..

پیری سوارچاکان:

ئەگەر میللەت نەبێت، حکومەت سەی کێندەرێیە؟

عوسمان کۆمۆنیست:

((دەزانی شتەکە چۆنە...

پیری سوارچاکان:

نە، نازانم، خۆ ئەو رۆژە خۆت قسەیەکی وەك ئەوەی منت کرد

عوسمان کۆمۆنیست:

من! کام قسە؟

پیری سوارچاکان:

گەلێك گەلێکیدی بچەوسێنێتەوە ئازاد نیە

عوسمان کۆمۆنیست:

ئەو قسەیە جیاوازە لە قسەکەی تۆ

پیری سوارچاکان:

بە موو لێکدی جوایەز نین...

من تێنەگەیشتم قسەی پیری سوارچاکان و کۆمۆنیستەکە جیاوازن یان نا، بەلاّم تێگەیشتم پیری سوارچاکان چەند لە عەرەب و تورك داخ لە دڵە، هەر لە سێبەری داربیەکە لە بیرمە پیری سوارچاکان ئەوها لە تورك و عەرەبان دەدوا:

((لە هەر کۆلاّنێکی بەهەشتیٚ ماڵە تورکێك ماڵە عەرەبێکت دیتەوە، ئەوە بزانە هەڵەیەك لە ئاسماندا هەیە..))

ئەحمەد عەرەبێك هەبوو، زۆر برادەری بابم بوو، هەند لەمێژ بوو کەوتبووە هەولێرێ وەك دەیانگوت لە رێیێ عەرەبێتی لێکەوتووە و هیچی بۆ نەماوەتەوە و وەك کوردی لێهاتووە، ئەو پیاوە مەیلەو کوردە، بە کوردیەکی رەوان لە بەرگی گاڵتە دەیگۆتە پیری سوارچاکان:

دەنا باش بزانە، کۆڵانەکانی بەهەشت ئەو بەر و ئەم بەر ماڵە عەرەب و تورك و فارسن، ماڵە کورد ئەگەر کوو دەنا نابینیەوە.

پیری سوارچاکان بە پێکەنینەوە:

ئەگەر وابێ، من پەشیمانم لەو هەموو نوێژ و رۆژیە، حەجەکەشم هەر بەو فڕۆکە دەنێرمەوە کە منی گەیاندە کابە..

پیری سوارچاکان سەری چووبا نوێژی نەدەچوو، لە شەڕی تورك و عەرەبانیش هەر بە رۆژی دەبوو، نەك هەر لە ماڵات و دانەوێڵەوە پارە و پوول ، وەك بابم دەیگوت لە عەردی بەیاریش لە پاوانیش زەکاتی دەدا، ژنی یەکەمی لە سەر کانی ژنان گۆتبووی:

پیری سوارچاکان لە کاتی سەرجێیش بە دەنگی بڵند (ئەشهەد و ئەن لا ئیلاهە ئیلە لا..)ی هەڵدەدا..

پیاوی سوارچاکان وەکو پیاوچاکان ئایینداربوو، بەڵام کە دەهاتە سەر تورك عەرەب، نە خوداو نە کەسی نەدەناسی، بە تایبەتیش تورك.

چێشتانێکی بەهاریە، سەرێکی هەر لە سپێدەدایە، سپێدە درێژدەبێتەوە، سپێدەی تەڕواری وا باڵ بە سەر شەو و رۆژدا دەگرێ، رەنگە هەمیشەیی بێ و نەبڕێتەوە، شۆڕبووینەوە، بۆ بەستی شەرغە شۆڕبووینەوە، ئێرە هەر ئاقاری تەڕوارە، ئەگەر لە بەستێوە بە لای چەپدا پێچبکەینەوە، واتە سەربکەوینەوە و پێچەوانەی رووبار رێبکەین لە تەڕوار نزیکدەبینەوە، بەو سپێدەیە تەڕوار چی لە من کرد، پیری سوارچاکان چۆن تەڕواری لە یادەوەریم وروژاندووە، باشە پیری سوارچاکان، بۆچی پێشتر پێشئەوەی بە چیا بکەوم لە رێی خەونێکەوە، قسەیەکەوە تەڕوارت لێم

نەوروژاند، تا سەردانی بکەم و بابی تێربوون، چاو تێربوون، دڵ تێربوون لێی بهێنمەوە، بۆچی ئێستا لەو رۆیشتنە کە رەنگە هاتنەوەی بە دوادا نەبێ، تەڕوارت بە دوا خستم، هەستدەکەم تەڕوار منداڵێکە و بە دوامەوەیە، دەگری بە کوڵ دەگری، بۆ من دەگری و گوێم لێیە دەڵێ: بگەڕێوە، بەجێممەهێڵە... هاتەوە بیرم پێش چەند ساڵێك ویستم سەردانی تەڕوار بکەم، بەڵام چەتۆی سەرناس ئامۆژگاریی کردم، لە ئاقارەکەشی نزیك نەکەومەوە، چەتۆ سەرناس گوتی:

مەچۆ، خەڵکەکەی ئەوێ بزانن نەوەی کێی، تووڕەدەبن و دەڵێن ئەوە بۆ گێچەڵکردن هاتووە...

دەنگی فڕۆکەیە، دیسانەوە خۆمان و جێبەکەمان شاردەوە، نازانم وابوو یان چاوی من وای دیت، ئەوەتا کوڕە قەرەچووخیەکە بۆ قەراج دەگری، کوڕە زۆنگاویەکە بۆ زۆنگاوەکانی ئاقاری بەسرە دەگری، پیری سوارچاکانیش لە منەوە بۆ تەڕوار دەگری، باشە بۆچی پیری سوارچاك تەڕواری نەکڕیەوە! ئەگەر کڕیبای نە هەینێ ئەو هەموو تاڵاوەی دەچێشت و بە زگی دەدا، نە ئێستا لە چاوی منەوە فرمێسکی هەڵدەوەراند، ئا، پیری سوارچاکان لە چاوی منەوە وەك ئەو پەلە هەورە خەریکە دادەکات، ئەوەتا پەلە هەورێك نەوی بوو زۆر نەوی، دوو سێ پەلە هەوریتریش دابەزین و وا دەستی یەکتریان گرت، هێندەی من لە رێسای بارین بزانم ئێستا دادەکات، ئەوەش لە بابمەوە فێربوومە، ئەو تەماشای هەوری کردبا، دەیزانی چەند بارانی پێیە و بە سەر کوێشدا دەیبارێنێ، من دەڵێم ئەو پەلە هەورانە کەمێك بارانیان پێیەو کەمێك ئاقاری تەڕوار دەڕشێنن، هەر وەك چۆن دایکم نانی دەڕشاند،دایە، هەمووی شەوێکە بەجێمهێشتووی غەریبی دەست و نان رشاندنەکەت دەکەم، ئا، نەمگوت، ئەوەتا، ئەگەر دەنگم خۆشدەبوو، چۆن تێمهەڵدەکرد:

بەوێ درەنگانی بەهارێ

باران نم نم وا دەبارێ

پیری سوارچاکان ببینه

دەیدا لە ئاقاری تەڕواریێ

لێیکردەوە،چ نەبوو، هەر بایی نان تەڕکردنیێ باری، چ نەبوو، من هیـوام خواسـت هێند بباریێ هێند بباریێ ریێ لە هاتنی فڕۆکە بگریێ، نەیگرت، دەنگی فڕۆکـە هـات، دەڵێی نایەڵیێ وەڵام وەرگرمەوە، ئەوەی پیری سوارچاکان بۆچـی.... دێتـە بـیرم بـەڵام نایەتەوە بیرم کیێ بوو کە بە پیری سوارچاکانی گوت:

باشە بۆچی خۆت تەڕوارت هەڵنەگرتەوە؟ خـۆ هـەتا تـۆ هـەبای بـە کەسـیدیان نەدەفرۆشــت.

پیری سوارچاکان کەمێك داما، بە دەم کۆخەوە گوتی:

پرسیاری سەیر دەکەیت، کەس ماڵی خۆی کڕیوەتەوە!

چەتۆی سەرناس بە خۆی نەوەستا و هەڵیدا لە قسان:

ئەگەر تەڕوار ماڵی خۆت بوو، ئەدی بۆچی لە کاتی جۆخینان فەردەی داخسـۆری جۆ و جەواڵە گەنمی رەژگوڵت بۆیان دەنارد، کەمت بۆ (خ.خان) نارد!

پیری سوارچاکان بە تووڕەییەوە:

تۆ، تەڕەسازناس، لە هەمووان باشتر دەزانی من بۆچـی بـۆم دەنـاردن، ئـاخر ئـەو دەمەی من تەڕوارم ئاوەدانکردەوە، کردمە گوند، کردمە بەهەشت، ئەوان زۆر پیاوانە هاتنە پێش و گوتیان، ئێرە بە سەر ئاقاری تاپۆکراوی ئێمەوەیـە، ئەگـەر لـە دەسـتت دەبێتەوە، ساڵانە شتێکمان بدیێ، ئەگەر نا هیچ، منیش پیاوەتیی ئەوانم لە بـەر چـاو گرت....

بەڵام دواتر بابم دەیگوت:

پیری سوارچاکان هیچی بە دەستەوە نەمابوو، ئەو دەمەی فرۆشتنی تـەڕوار هاتـە گۆڕیێ، کەوتبووە سەر ساجی عەلی، دەنـا تـەڕواری هەڵدەگرتـەوە و نەیدەهێشـت بـۆ کەس بێت..

جاریٚ دیار نیه به لای چەپدا دەسووڕێینەوە یان لای چەپ، خودایە ڕێی لای ڕاست هەڵگیرابیٚ، له سەر زەوی هەڵگیرا بیٚ، ئەگەر لای ڕاست بگرین وەك پیری سوارچاکان له تەڕوار دووردەکەومەوە، دوورکەوتنەوەیەك لەو دوورکەوتنەوەیە نزیکە که له کچه چاو ئەلیزابییەکە دوورکەوتمەوە، ئای لە دوا دیتن، لە کەمێك دوورەوە وەهام تەماشاکرد، هەستمکرد لەرز گرتی و ڕووی وەرسووڕاند، ئاخر هەرگیز بەو شێوەیە، بەو تیژیه تێمنەڕوانیبوو..

ئەی! خۆ قوتە جێب لای ڕاستی گرت، ئای چەند دڵتەنگبووم، له پیری سوارچاکان دڵتەنگتر، کەوتمە بارێکی وا، یان پەشیمانیەکی وا نەمزانی لە چیەوەیە، هەستمدەکرد لە دنیا دووردەکەومەوە، لە بیرمە خۆزگەم خواست گریانی برابچووکەکەم به کوڵتر با، هێند به کوڵ جوولەیان له پێی ڕۆیشتنم بڕیبا و خولیای به چیا کەوتنی له سەرم نەهێشتبا، گرمەیەکی گەورە هات، هەر درەخت بوو لەرز گرتی و پۆل پۆل چۆلەکەی له خۆی دەکردەوەو هەڵێدەدانە هەوا، مەل لە ترسا لە ئاسمانیٚ خۆیان به یەکتر دادەدا، ئەریٚ ئەو هەموو باڵندەیە لە کوێوە هاتن، وا دیارە درەخت له گەڵا پتر مەل دەگریٚ، ئەریٚ ئەو بەستە ئەو هەموو مەله ڕەنگاورەنگەی له کویٚ بوو، پیری سوارچاکان دەیگوت:

((ئەگەر دەتانەویٚ ژمارەی باڵندەکانی عەرد و ئاسمانی تەڕوار بزانن، بڕۆن گەڵای درەختە بیٚ بەر و بەرداری تەڕوار بژمێرن، ئەگەر ویستان بزانن تەڕوار چەند جۆر باڵندەی هەیە، بڕۆن لە بەهاریٚ بڕۆنە تەڕوار و جۆری گوڵ و داروباری تەڕوار بژمێرن))

ئۆخەیش لای چەپمان گرت، بەست و بەست هەڵکشاین، ئەها ئێستا لە ئاقاری تەڕوارین، ئەها بەو دۆڵەدا هەڵبکشێیت، زۆر نابات پیٚ دەخەیتە باخچەکەی پیری سوارچاکانەوە، وەی چ فێنکاییەك لە یادەوەریەوە هەڵێکرد، چ موچڕکەیەك ڕژایە لەشمەوە، دەزانن له چی دەچوو! ئەوەی به سەری هاتبێت دەزانیٚ، تۆی کوڕ کچێکت

خۆشویستبیٚ، تۆی کچ کورێکت خۆشویستبێت، تیر ماچ و دەسگەمەتان کردبێت، شتێك دێتە پێشیٚ و بۆ یەکتر نابن، ساڵە ریٚ لێکتر دووردەکەونەوە، رۆژێك رێکەوت لە جێگەیەك لە بەرانبەر یەکتر راتاندەگریٚ، من و تەڕوار ئەوها بووین، ئەو لێکچواندنەش هەر هی پیری سوارچاکانە، بەڵام لە زاری سەرناسەوە:

ئەو دەمانەی بۆ شەڕ یان بۆ گەڕان بۆ ماوەیەك تەڕوارم بەجێدەهێشت، لە ساتی گەڕانەوە، لە ساتی گەیشتنەوە بە ئاقاری تەڕوار سەد سووندت دەخوارد بووکە رازاوەتەوەو وا بە دەستی خۆم رووتیدەکەمەوەو لە باوەشمی دەگرم

پیری سوارچاکان دەیگوت:

بڕوام پێبکەن کە دەبیستم تەڕوار فرۆشراوە وەك ئەوە وایە بەو چاوانەی خۆم ببینم جەندرمەیەکی تورك دایکمی بەرزەفت کردووە و بە رووتی لە سەری راکشاوە.

ئێرە هەر ئەو دۆڵەیە کە پیری سوارچاکان ناوی نابوو دەروازە گەورەکەی بەهەشت، ئەو دەروازەیە کە راستەوخۆ دەتباتە ناو بەراوەکەی پیری سوارچاکان، دەتگەیەنێتەوە ئەو کانیەی هەموو بەراوی ئاو دەدا، ئەو دۆڵەیە ئاوی هەردوو کەند، کەندی بەرماڵان و پشت ماڵان تێیدەکەنەوە، ئەوەتا ئێمە وا لەو جێیەین کە ئاوی بەهەشت وا لە بەستی شەرغە دەکاتەوە، دە با گۆلمێك لە ئاوی بەهەشت بخۆمەوە، خواردمەوە، بزانم ئەو تامە دەدا کە پیری سوارچاکان دەیگوت:

((ئەو کانیەی بەراوەکەی منی ئاودەدا، ئاوێکە ئاوی وا روون، ئاوی وا شیرین لە هیچ کانیەکی دنیا نیە، ئاوی وا نیە، بەستی شەرغە لێرەوە لەو جێیەی ئاوی تەڕوار تێیدەکاتەوە، تامی دەگۆڕیٚ، بەست تامی ئاوی بەهەشت دەگریٚ، ئەو ئاوەی لە حەجیٚ خواردمەوە لە چاو ئاوی کانیی بەهەشت هەر هیچ نەبوو))

پیری سوارچاکان ناوی لە کانیەکەی نابوو کانیی بەهەشت، گۆلمێکم لە ئاوی چەمەکە خواردەوە، هەستم کرد چەند دلۆپێك لە کانیەکەی بەهەشتی تێدایە، هەر

پیری سوارچاکان نا، چەتۆی سەرناسیش پێیوابوو، بە تامترین ئاو، سووکترین ئاو کە تامی کردبێت ئاوی تەڕوارە..

دەنگی زەنگوڵە دێ، لە مێگەڵ نزیکبووینەتەوە، دەنگی زەنگوڵە نزیك دێ، دەنگێکی خۆشە، هەبێ نەبێ ئەو بزنەی زەنگوڵەی لە ملە جوان لەنجە دەکات، جوان زەنگوڵ لێدەدات، زەنگوڵ لێدەر بە دیارکەوت، بزنێك بوو،وا بزانم نێری نەبوو، هەند حوان و شۆخ، ئەبوو رەشا گوتی:

تەماشا تەماشا دەڵێی کچە بەغداییە ساز دەژەنێ

بە راستی جوانی دەژەند، پیری سوارچاکان لەوەش قسەی هەبوو، دەیگوت:

بۆوەی دەنگی زەنگوڵە لە بەر دڵان بێ و گوێی کەس ئازار نەدا، دەبێ بزانی بە ملی کام نێریەوەی دەکەی، نێریەك لە هەڵاتن هیچ پیاوێك نەیگاتێ، لە لەنجەولاریش هیچ شۆڕە ژنێك نەیگاتێ.

لێرە ئێمەماڵئاوایی لە قوتە جێب دەکەین، بە جێمانهێشت بە سێ پێشمەرگەوە بەجێمانهێشت، بەست و بەست هەڵکشاین، دەزانن دنیا لە چاوی من هەر سپێدەیە، سپێدەی تەڕواری، تەڕواری پیری سوارچاکان، ئێرە نزیکە لەو جێیەی سەرهاتێکی هەیە بە ناوی سەرهاتی بڕنۆ، بەڵام من تیژ دەڕۆم بە سەر بڕنۆ و گەشتە چیاییەکان وپێشمەرگایەتی و شۆڕش و ئەو شتانە بازدەدەم، بە سەر ساڵانێکدا بازدەدەم و دەگەڕێمەوە ئەو جێیەی دوێنێ ئێوارە بێ ماڵئاوایی بە جێمهێشت و بە دوایاندا دەگەڕێم، کە دوای ئەو چەند ساڵە هاتمەوە و بە ماڵ شادبوومەوە، دەبێت بڵێم، من کە لە بەهار بە چیا کەوتم، هاتنەوەشم کەوتە سەرەتای بەهار، یەکەم کەسێك کە بەدڵ بە دوایدا گەڕام:

کچە رەشتاڵەکە بوو، ئەو کچەی دڵیم شکاند، سۆراخمکرد، دیتمەوە، عەسرانێك لە کۆڵانێك دیتمەوە، منداڵێکی لە باوەش بوو، منداڵێك بە دەستیەوە، حەیف، چۆن لە دەستمچوو..

دواتر بە دوای کچە چاو ئەلیزاییەکە ئەوەی دنیایـەك رسـتەم بـۆی نووسـیوە، زوو دیتمەوە، هەر کچ بوو لە ماڵە بابان بوو، لە ئاسـتم لـە جـاران سـاردتربوو، ناچـاری کردم زوو رووم لێیوەرگێڕم.

براگچکەکەم ئاخ برا گچکەکەم! گەورە ببوو، وێنەی هەند جوانی دەکێشا، هەموو چاوێکی رادەکێشا، زۆری نەبرد گەیشتە هونەرەجوانەکان، حەیف شـەوی چوارشـەمە لە سەر پێنجشەمەیەك من لە ماڵ نەبووم، یەکەم تەقەی بـرا بـە سـەری وی کـەوت، کەوت و هەڵنەستایەوە، گۆڕەکەی وا بە تەنیشت گۆڕی پیری سوارچاکانەوە، من هەر هێندەم پێکرا لەو دەمەوە تا ئێستاش هیچ چوار شەمـووانێك سەفەر نەکەم، لە بیرمە خدر خەرمان گوتی:

((براکوژی بە میرات بۆ ئێمە ماوەتەوە، دەزانن رێك پێش (١٠٨) ساڵ لەمەوبەر باپیرتان برایەکی خۆی کوشتووە))

من ئەوەم نەزانیبوو، وەڵلا شتێکم بیستبوو، بەڵام هـەر بـە گاڵتـەم وەرگرتبـوو، لە بەر خۆمەوە گوتم، باپیرە چما ئەوەشت کردووە!

چوومەوە گۆڕستانی سەید مارف، سەر گۆڕی پیری سوارچاکان، خوێندەمەوە، بـە دوای ناوەکەیەوە وشەی تەڕوار هەر ئەوەتا دەخوێندرایەوە..

درەنگ زۆر درەنگ، هەر بەو بەسـتەی دەمێـدی لێیـەوە هـەڵفریم و ئـەو هـەموو ساڵەم بڕی، ڕێمبڕی و نیازم دیتنەوەی گۆڕی گـوڵی کۆسـاران بـوو، نەمدیتـەوە، ئـۆی ئێستاش هەر دەڵێی سپێدە تەڕواریەکەی ئەودەمانێیە! لـە گەڕانـەوە، هـەر لێـرە کـە ئاقاری تەڕوارە تووشی شوانێك بووم، هەر لە تەمەنی من دەبوو پرسیم:

+ خەڵکی کوێی؟

- تەڕوار

+ لە چ تیرەیەکی

-....

+ لەمێژە لە تەڕوارن؟
- تاهوو، باپیرە گەورەشم خەڵکی ئێرەیە
+ بەڵام من بە بیرمدێ کەنگێ هاتوونەتە تەڕوار و بە چەندیشتان کڕیوە
- بە چەند؟
+ بە ١٠٠٠دینار
- نەخێر وانەبوو ٣٠٠٠دینارمان پێداوە کە ئەودەم گەڕەکێکی لە شار پێدەهات

نیازی سەردانی گۆڕستانەکەی تەڕوارم لە سەر گەڕا و دەمویست گۆڕی برای زراو ڕژاوم ببینمەوە، ئەوە نەبوو برایەکم گورگ زراوی ڕژاند و ئەویدیش گوللەی برا مێشکی پژاند، ئامۆژگاریەکەی چەتۆ سەرناسم بیرکەوتەوە پەشیمانبوومەوە، ئاوڕێکم لە تەڕوار دایەوە و قسەیەکی پیری سوار چاکانم بیرکەوتەوە کە لە سەر مردن بوو، چەتۆ سەرناس گوتەنی تازە ((شۆرش بە سەر کوردا ریابوو)) پیری سوارچاکان کە زۆر پێیتێکچوو مەگەر بۆ تەڕوار وا تێکچووبێ گوتی:

تەواوکەرکووکیش وەك تەڕوار لە دەستچوو.

ئەرێ پیری سوارچاکان لە خەفەتی کامەیان مرد! دوای ساڵانێکی زۆر بە قوونەوە نوێژکردن پیری سوارچاکان چۆوە لای خودا، دەیانگوت: لە سەرەمەرگ گوتوویەتی:

من ئیدی بە بەژن و باڵای ڕێکەوە دەچمە دیداری سەید مارف و لەگەڵ وی دەچینە لای خودا، لە ئەسپەکەشم دەبوورم.

پێش مردنی بە چەند ڕۆژێ بە دەم کۆخەکۆخەوە دەیگوت:

گۆڕەکەم بێ تەڕوار مەکەن، لە سەر کێلی لای سەرم بە خەتێکی گەورە بنووسن تەڕوار، تکاتان لێدەکەم ناوی من لە بیرکەن، پارچە ئایەت لەبیربکەن، بەڵام تەڕوار لەبیرنەکەن، بینووسن

بابم دواتر دەیگوت:

پیری سوارچاکان بۆیە نەیویست گۆڕەکەی لە تەڕوار بێ نـەبادا نـەوەکانی تووشـی کێشە بن.

هەر بابم دەیگوت:

پیری سوارچاکان لە ئەسپەکەی بووری، بەڵام من لێی نابوورم.

ئاخر هەر ئەو ئەسپەی پیری سوارچاکانی لە شاخان هەڵدێرابوو، پشتی لە حـەفت جێ شکاندبوو، هەتا مردیش پشتی راستنەکردەوە، هەر بە قوونەوەش نوێژی دەکـرد، هەر ئەو ئەسپە بابیشمی هەڵدێراند بەڵام هەڵدێرانێکی سـووك، هـەر دەسـتی شـکا و ئێسـتاش پێـوە دەسـت نـەبۆوە دەسـتێکی تەندرووسـت، لـە بـارەی هەڵـدێرانی پـیری سوارچاکان و پشت شکانیەوە چەند قسەیەك لە سەر زاران بوون بـەڵام هـەموویان لـە گوڵی کۆسارانیان دەکردەوە کە:

خـودای سـەیدان ئەسـپی هـارکرد و پـیری سوارچـاکانی هەڵـدێران، دەنـا پـیری سوارچاکان و کەوتنیان گوتووە! چما فشەیە مارەکردنەوەی ژنی سەیدان!

بەڵام پیری سوارچاکان فشەی بەو قسانە دەهات و دەیگوت:

من گوناهم زۆر کردووە، بـەڵام بـە هـۆی مارەکردنـەوەی گـوڵی کۆسـاران خـودا دەمباتە بەهەشت.

چی ما نەمگوتبێت! بەردی پیرۆز! نازانم چی بە سەرهات بەردی پیرۆز، ئا، بیستم تەڕوار پنتێکی لە نەخشەی هەولێر گرتووە، دیتم بەڵام بە شـێوەیەك چـۆڕێك تـەڕایی پێوە نەمابوو،ئەگەر پیری سوارچاکانیش بیبینێ نایناسێتەوە، تەڕوار ببووە (تەلوار!)، سەرناسم دیتەوە و تەلوارم نیشاندا، پەکووێکی کردو گوتی:

((هەولێر نەناسان کوو هـەولێریان ئـەتککرد، تـەڕوار دەکەنـە تـەلوار، بنەسـراوە دەکەنـە بنەسـڵاوە، کـوڕە (پێـروو)ی ئاسمـانی هـەولێریان کـردە پێلـوو، هـەر دیتـت هەولێریش بووە هەولێل))

ئا، شتێك مابوو بیلێیم، گوڵی كۆساران، گوڵە جوانەكەی هەردوو بەری بەستی شەرغە، هی هەولێرێ، ئەو ژنەی نازانم كێ بوو ناوی نابوو گوڵی كۆساران، زڕ نەنكی منە، پیری سوارچاكایش، ئەو پیاوەی شەڕی زۆر جێیانی كردبوو، بابی بابم و باپیری هەقی منە.

جادەیەك دنیای كەرتدەكرد

لە تاریكیدا خۆمان كۆكردەوە، من جگە لە خۆم چیم هەیە تاكو كۆیكەمەوە! شەوی بەستی شەرغە تاریكستانێكە، باپیریشم كە تەمەنێك شەوی لێرە كردۆتەوە نەكەوتۆتە شەوی وا تاریكەوە، ئەو شەوە ئێمە كەوتبووینە بەستی تاریكییەوە، ئەو پێشمەرگەیەی دوێنێ ناوی مام عجیل بوو، رەنگە ئەوڕۆ ناوێكیدی هەبێ، گوتی:

((سەدام ئەستێرەشی لە سەر ئەو ئاقارە كوژاندۆتەوە))

روانیمە ئاسمان، بە هەموو لایەكی ئاسماندا ورد روانیم، روانینێك ئەستێرەناسانیش وەهایان لە ئاسمان نەڕوانیوە، لە دڵەوە هیواخوازبووم، ئەستێرەیەك، لەتە ئەستێرەیەك، لە ئاقاری تەڕوار و بەستی شەرغە هەڵبێ، ئەستێرەیەك بۆ ئەوە نا كە تروسكاییەك بخاتە دنیاوە، ئەستێرەیەك مام عجیل لە قسەی خۆی پەشیمانبكاتەوە، ئەستێرەیەك باپیرم بە درۆنەخاتەوە، لە بیرمە باپیرم دەیگوت:

((ئاسمانی تەڕوار قەت بێ ئەستێرە نەبووە،نابێ، لە شەوانی تاریکە شەوێ، لە چلەی زستانێش لە کاتی بەفر و بارانێ، هەور لە لایێ ڕۆژهەڵاتێ کولانکەیەك لە خۆی دەکاتەوە وکەرتە ئەستێرەیەك نیشانی ئەو ئاقارە دەدات))

ببوورە باپیرە، ئاسمان کەرتە ئەستێرەیەکی نیشانی ئەو ئاقارە نەدا، بەڵام هێشتا ئاودیوی دیوی ناهومێدی نەبوومە و چاوێکم هەر لە ئاسمانە، لە بەر خۆمەوە سێوە دەڵێمەوە:

گەلی برادەرینە،

وە من ئەستێرەکم لێ هەراتیە لە لای ڕۆژهەراتێ

قەت لە درێ من ئاوانابی..

وا دیارە سەدام دەستی بە سەر دوگمەکانی ئاسمانیشدا گرتووە و ئەستێرەکانی کوژاندۆتەوە، شەرغە تاریکە، بۆنی بەهار لە ترس و تاریکیدا بۆنێکە بە ئاستەم دەناسرێتەوە، لە تاریکاییدا کۆمەڵێك تارمایی بە بەری وڵاتی کوێدا هەڵدەگەڕێن، تارماییەك دەمێ لە شێوەی گەلەگورگ و دەمێك لە شێوەی ڕەوە مامز لە تاریکایی ئەو هەورازەی جارێ نازانم دەمانباتەوە کوێ، لە هەڵبەز و دابەزدایە، کەسێ نەبوو وێنەی ئەو شەوە بگرێ، تا دیاربا لە گورگی هەڵاتوو دەچین یان مامزی ڕاونراو! دوای ساڵانێکی زۆر ئێوارە درەنگانێ لە نیوە مەستبوونێکدا ئەو شەوە بێ ئەستێرەیە و گورگ و مامزم هێنایە سەر مێزی پڕ لە پێك، مەستێك گوتی:

ئێوە ئەودەمەی بە هەورازەکەدا هەڵدەگەڕان، گەلە گورگ بوون..

مەستێکیدی گوتی:

نەخێر، ئێوە ڕەوە مامز بوون

لەو مەستتر هەڵیدایێ:

من دەڵێم ئەو شەوە گورگ و مامز بە تەنیشت یەکەوە..

لە هەمووان مەستتر:

گورگ و مامز پێکەوە؟!

ئێرە وام بیست بایزاغای ناوە، لە بەهار هەڵێداوە، نەدەبوو بایزەکە بێ ئاغا با؟ لێم روون نیە بەڵام دەبێ پرسیارێکی وام کردبێ، چونکێ پێشمەرگەیەك نەمزانی ناوی چی بوو، دواتریش نەمدیتەوە،وەڵامی دایەوە:

نا، دەبوو پێوەی بێ

بە من با ئێرە بایزەسە با نە بایزاغا، بۆ هێندە لە ئاغایان داخ لە دڵ بووم! رەنگە دژە ئاغایی بۆماوەیی بێ لە باپیرمەوە بۆم مابێتەوە، هەموو ئەو شیعرانەی جگەرخوێن و قانعم لەبەر بوو کە لە تیلاکی ئاغایان دەدا.. بایزاغا لە ئاقاری تەڕوارەوە زۆر دوورە، چ زوو گەیشتینێ! بارەگا چەند غەرە بەردێکی سەر بە نازانم چی گیراوە، دیارە باران دەگێڕێتەوە، بارەگا لە دوو لاوە پەنایە و رەنگە تۆپ نەیگرێتەوە، خۆزگە دوو لاکەیتریش پەنا دەبوو، یان دنیا هەر دوو لای هەبا، ئەدی چ لە ئاسمان بکەین! مام عجیل دەیگۆت:

خودایە، ئەو ئاسمانە وێرانبکەی و نە گیاندار نە بێ گیانی تێدا نەژی...

پێشمەرگەیەك:

خەمت نەبێ، ئاسمان وێرانیش بێ، بێ کۆپتەر نابێ.

لە هەر پێنج لای دنیاوە گرموهۆڕە، ئاسمان وێران نەبێ! بەڵام وێرانبوونی ئاسمان کار لە نانخواردن ناکات، هێشتا بەهاریشی نەژاکاندووە، پێشمەرگە دوو دوو لێرەو لەوێ لە کەسکایی بەهارلە سەر چیچکان دانیشتوون، شتێك دەخۆن نازانم چیە، خواردم و نەمزانی چیە، خواردنێك نازانم لە کوێ خڕیانکردبۆوە، خواردنێك نە بە کەوچك نە بە دەست خڕنەدەبۆوە و نەدەگەیشتە زار، خواردنێك ئەگەر برسێتی نەدەبوو کەر بۆنی کردبا هێڵنجی دەهاتێ، ئەرێ کەر کاتێ بۆنی تەرسی خۆی دەکات، بۆچی هێڵنج نادات؟! ئەها کەرە سپی لە نزیك کورتانەکەی تەرسێکی کرد، هەڵمی لێهەڵدەستێ و بە گەرمی بۆنێکی پێوەدەکات و رووی کردە ئاسمان، پێدەچوو

بۆنەکەی گەیشتبێتە لووتان، ئەوەتانێ ئـەو کـوڕەی بـە مـولازم هـەژار بانگیـانکرد، لووتی دەگرێ و دووردەکەوێتەوە، قسەیەکم پێیە بۆ ئەو مولازمە، بەڵام ناچمە لای، تا ورد لە کەرە سپی و خاوەنەکەی وردنەبمەوە، ئـەرێ ئـەو پیـاوە بۆچـی نـاوی سـۆفی کەریم بوو! ئەو ناوەی نەبا چ پێنەدەچوو لە یادەوەریی مندا جێیـەك جێبهێڵـێ، کـەر سپی سپی، کەری وا سپیم نەدیتبوو، وەختە بڵێم سپێتی کەر لە سپێتی ردێنی سـۆفی کەریم سپیترە، ئەو کەرە هەبێ نەبێ هەر ئەو کەرەیە کە باپیرم هێند باسی کردبـوو، لە چاوم ڕەنگی گرتبوو، سۆفی کەریمیش هەر ئەو سۆفی کەریمەیـە کـە بـاپیرم مـنی بـە ناوی ویەوە کردووە، هەوە پیاوێکی ڕەشتاڵەی کەڵەگەتی باریکەلـەی چـەنەگە درێـژی لووت بەرانیی گوپنی چاو کەمێك قووڵی ریش پڕی لە بەفر سپیتر، هـەوە ئـەو پیـاوە ئەو پیاوەیە کە باپیرم دەمێکە سیمای بە من ناساندووە، هەوە سـوێنددەخۆم هـەوە، هەمان کەر و کەریمە، ئەو پیاوە ئەو سۆفیەیە هەر زوو دەستبەرداری ئاوەدانی بووە، پشتی لە کیلە سپی کردووە، بە خۆو کەری سپیەوە بە کەند و لەندان کەوتووە، دەڵێن جارێك لە خەونێکدا کەرەکەی خۆی لە پشتێ کردووە، لە دوای ئەو خەونەوە بڕاییبڕ سواری پشتی کەرەکەی نەبووە، تەنها دێمکە ئاوێك و توورەگەیەك و جۆرکێکی لێـی بارکردووە، ئەها ئەوەتا دێمکەکە بە کورتانەکەوەیە، باپیرم دەیگوت:

((سۆفی کەریمی بابم کەرەکەی لە خۆی خۆشترویسـتووە، هـەرگیز برسـی و تینـووی نـەکردووە، لـە هـەر جێیـەکیش لای دابێـت و پشـووێکی دابێـت، دەسـتی بـە ئاوگەیاندبێت، دەستنوێژی هەڵگرتبێت، تـا کورتـانی لـە پشـتی کـەر نەکردبێتـەوە، پێڵاوی لە پێی خۆی دانەکەندووە..))

باپیرم و چەند پیرێکیدیش دەیانگوت:

سۆفی کەریم هەر لەو ڕۆژەوەی خـۆی ناسـیوە تـا ڕۆژی مردنـی کـە مردنێکـی زۆر کتوپڕ بووە، تەنها دوو نوێژی چووە، لە بری ئەو دوو نوێژە چووەش هەزار نوێـژی پـتر کردۆتەوە بەڵام پێیوابووە نوێژی چوو بە چ نوێژان پڕ نابێتەوە

له بیرمه باپیرم جارێك به منی گوت:

بابت زۆر له بابم دەچێ، یاخوا تۆ پتر لەو بچی

بابم سۆفی نیه، بەڵام پڕه له سۆفیگەرێتی، هەوە، ئەو سۆفی کەریمەی وا له نزیك کورتانی کەرەکەی دانیشتووە، باپیری بابمە، بەڵام دوای حەفتا هەشتا ساڵێك چی بێرەی گەیاندووە! دۆناودۆنە! وەختە باوەڕ به دۆناودۆن بێنم! باپیرم بابی خۆی زۆر خۆشویستووە، نەنکم گۆتەنی ناوەکەی له دڵی خۆی پاراستووە و نەیویستووە له دەستبچێ، به فیڕۆبچێ، هەڵیگرتووە، دڵی نەهاتووە یەکێ له نەوەکانی به ناویەوە بکات نەوەك به تۆزی پێی نەگات و ئەو ناوە ئاسمانیە که هەر له بابی دێت، به هەوەنتە بڕوات، دەڵێن حەفت شەو پێشەوەی من له دایکم بەربمەوە، سۆفی کەریم هاتۆتە خەونی باپیرم و پێیگوتووە:

کوڕم چیدی ناوەکەم له ناو بالیفەکەت هەڵمەگرە و بیدە ئەوە نەوەیەی وا له ڕێیە..

باپیرم یەکسەر دەڵێتە دایکم:

ئەو کوڕەی ناو زگت ناوی کەریمە..

دایکم هۆپێك له خۆی دەزانێ و دەڵێ:

مامە، تۆ چوزانی کوڕە! ئەگەر کوڕ نەبوو

باپیرم دەڵێ:

سۆفی کەریمی بابم به زیندوێتی درۆی نەکردووە به مردوویی دەیکات!!

باپیرە، بۆ وات کرد! کەس نەما منت به ناوی بابتەوە ناودێرکرد، خۆ من تا ئێستا دوو نوێژم نەکردووە..

با واز له کەرە سپی و سۆفی کەریم بهێنم و بچمە لای مولازم هەژارکە کوڕێکی باریکەلەی وردیلەی قۆزە، جەمەدانیەکەی به شێوەیەك بەستاوە، کەم کەس دەزانن جەمەدانی وا جوان ببەستن

+ هاوڕێ کووی؟

- سوپاس، باشی، دەڵێی تازە لە شارەوە هاتوویت

+ بەڵێ، نامەیەکم بۆ هێنابوویت بەڵام لە ڕێ فەوتا..

نامەکەم لە دڵشادێکەوە هێنابوو، دواتر حەیرانێکی بە خۆیەوە لکاند و حەیرانی گوت و بووە دڵشاد حەیران، ئەو نامەیە هەر ئەو نامەیە بوو کە لە ترسی جاشەکانی کەریم خان لە بەرزاییەکانی نزیك دیگەڵە خستمە بن بەردێك، بیست ساڵێك دواتر ڕێم بەو جێیە کەوتەوە، منداڵانە بە دوای نامەکەدا گەڕام، ئێوە دەزانن گەڕانی منداڵانە چ چێژێکت دەداتێ! گەڕام زۆر گەڕام بە دوای نامە چوکلێتیەکەدا گەڕام، نامەکە زۆر لە چوکلێت دەچوو، چوکلێتانە پێچرابوو، حەڤدە ساڵێك دواتر ڕێم کەوتەوە ئەو ڕێیە تراکتۆریەش کە لە جادەکە دەبێتەوە، ئەو جادەیەی دنیای کەرتدەکرد، ئەو جادەیەی ڕەنگە ئەو شەو خۆ لێدەین، ئەو شەوەی لە نیوەڕۆی بایزاغاوە چاوەڕێی هاتنی دەکەین..

ماڵاوا بارەگای دیوی هەڵەتی بایزاغا، ماڵاوا کەرە سپی و سۆفی کەریمی نازانم کێ و لە کوێوە هاتووی بۆ کوێ چوو، ماڵاوا ئاقاری بەستی شەرغە، ئاقاری پڕ هەڵەت و هەڵدێر و باسکی پووزی وباسکی و گەردنی و خەناوکەیی و بازنی وخڕخاڵی و تێر لە زوورگی خەنەیی، تەماشاکەن لەو کەسکاییە بەهارییە، زوورگەکانی چەند خەنەیین، چەند لە قژی نەنکم دەچن، ڕێی پێشمەرگە چۆن چۆنییە! دەڵێی گێرە دەکەین، تا ڕۆیشتین، ڕۆیشتین! ئێستا وەك بڵێی بە ڕێی خۆمان یان بە ڕێیەك نزیك لە ڕێی خۆمان دەگەڕێینەوە! لەو بەرزاییەوە لە نزیك کێلێك کە لە ناو گیادا لاربۆتەوەو سەری بەقەدی بنەدارێکی کورتەبنە کردووە، وەك کێل ڕاوەستاوم، دەڕوانمە ئاقاری گوڵگوڵی و خەنەییی بەستی شەرغە و تەڕوار، دەڵێی دڵم دەڵێ نایانبینمەوە، ئێرە گۆڕستانێکە بە کێلەکانیەوە دیارە کۆنە زۆر کۆن، دەستەیەك پێشمەرگە لە ترسی کۆپتەر خۆیان دەخیلی کێڵی گۆڕەکان و ئەو بنەدارانە کردووە کە کەپرن بە سەر

گۆڕەکانەوە، بیستم تا تاریك دادێ لێرە دەمێنینەوە، لەو دەستەیە پێشمەرگەیەك بە سیمای کتومت خۆیەوە تا ئێستا لە بیناییم ماوەتەوە، کوڕێکی ڕەشتاڵەی ڕەقەڵەی کورتیلەی دەموچاو کەمێك خواروخێچی خوێن شیرین، زۆر شیرین، من زۆر بە شیرینی دیتم، ئەو کوڕە دێدەوانی دەڵێنێ، هەندێك سەرهاتیان لێیدەگێڕایەوە، هێندەی لە شۆخی و بۆ خۆشی دەکردەوە نیو هێندە بە لای ڕاستیەوە نەدەچوو، دواتر پێکەوتم هەر ڕستەیەك لە بارەی دێدەوانەوە گوترابێت نە لێکردنەوە نە پێوەنانی پێوە نەبووە، سەر ئەو گۆڕستانە هەر جێی گێڕانەوەی یەك سەرهاتی دێدەوانی لێدەبێتەوە:

دەرۆزەکەرێکی جل شڕی شەپڕەلێدراوی دەو خوار لە پێش دەرگای دادگای هەولێر دەستەسڕێکی ڕاخستووە، کەم کەس هەیە بە پێشیدا ڕابرێ و دەست نەخاتە گیرفانی، دەستەسڕەکە دەبینن! ئەو هەموو خوردەیە، مووچەی حەفت پێشمەرگەی لێبدە هێشتا دەمینێتەوە، لە بیرمانبێ ئەو دەمانێ دێدەوان لە پێشمەرگایەتی مانگی پێنج دیناری وەردەگرت، ئێ دەرۆزەکەر بە دەردی مام عجیل گۆتەنی لەقە لە دەستەسڕی پارە و بەخت دەدا، دەبینێ جادەی پێش دادگا مەیلەو چۆلە، ترومبێلێك دێ و ڕادەگرێ، دەرۆزەکەر دەیناسێتەوە، پێشتر چەند جارێکی دیوە، هەوە، بە هەڵە نەچووە، ئەمنەکەیە، دەرۆزەکەری شەپڕەلێدراوە پڵنگ ئاسا پەلاماری دەدا و دەمانچە لە بن گوێی ڕادەگرێ، چەکی دەکات هەڵێدەداتە خوارێ و پێ لێدەنێ، لەو هەموو بازگەیە چۆن دەردەچێ!! ئەوەش سەرەتای سەرهاتێکیترە..

لە لای قەرەچووخێ هەورێکی تیری هێنا، پێدەچێ بارانی پێبێ، بەهاری ئەوساڵ وەك چ سالآن نیە، بەهارەکەی گەلەك بە بارانە، هەر پەلە هەورێك رووبارێك باران دەڕژێنێ، هات دنیای تاریك کرد، لەو دەمە پێشمەرگەیەك تێیهەڵکردە گۆرانی:

هەورێکی هێنا بارانی پێیە

خودا نەبارێ یارم لە ڕێیە

خودا، دانەکاتە بارانیٚ، دەنا دایکم گوتەنی دەبینە جلە کەر، گەیشت، هەوری قەرەچووخ گەیشتە بەستی شەرغە، بنی روونکرد، نازانم کیٚ بوو دوعای گیر بوو، هەورەکە ریٚی باواجی گرتەبەر، لیٚرە جویٚنی جوتیارەکەی دەشتی هەولیٚرم بیرکەوتەوە کە بە هەوری دابوو، ئەها سیٚ چوار پەلە هەوری دوور لیٚکدی پەیدابوونەوە، پەلەم لیٚمەکەن تا نەزانم رووەو کویٚ دەچن و چ دەکەن! جوونی جوتیاری ناگیٚرمەوە، چ زوو قژیان تیکدی ئالاٚ! ئەوە چ دەستیٚکی جادووییە ئەو پەلە هەورانەی بە یەکتر گەیاند و بەری ئاسمانی گرت! ئەها دەپرووشیٚنیٚ، ئۆی چ بەهارییەکە ئەو دەشت و دەرە، باران نم نم بە سەر کەسکاییدا دادەکات، دنیا دەلیٚی کەپریٚکە لە جوانی و لە بینایی هەلدراوە.. ئەو دەمەی لە سەر بەستی شەرغە دانیشتبووین، مام عجیل ئەوها جوونەکەی گیٚرِایەوە:

((جوتیارەکەی دەشتی هەولیٚر دەیدیت، هەر هەورە لە قەرەچووخەوە دادەبەزیٚ، نەوی نەوی خەریکە زگ لە سەر زەویە تەریفەبووەکەی وی دەخشیٚنیٚ، بیٚئەوەی برووسکەیەك بدات، گرمەیەك بکات، تنۆکە ئاویٚکی لە دەستبیٚتەوە، زوو بەرزدەبیٚتەوە هەر لە بەستی شەرغە دەپەریٚتەوە دەبرووسکیٚنیٚ و دەگرمیٚنیٚ دادەکات، لەو دەمە جوتیاری توورە لە ئاسمان روو لە هەوری سەرهەلگرتوو دەکات و دەلیٚ: ((هەوری بەدنمەك، برِۆ لەویٚ ببارێنە، هەی کیری وراتی کۆییٚت بە قوونی))

ئیٚستا ئەگەر مام عجیل لیٚرەبا جوونەکەی بە تامتر دەگیٚرِایەوە، خۆزگە لەگەلمان دەبوو، حەزدەکەم سەد مام عجیلمان لەگەلٚ بیٚت، دەترسیٚم، ئەو ریٚیە دەمترسیٚنیٚ، هەست بە تەنیایی و چۆلەوانی دەکەم، ژمارەمان کەمە لە چاوی منەوە کەمە، دیٚدەوان وەك بلیٚی لە چاوم دلمی خویٚندبیٚتەوە، نازانم رووی لە کیٚ بوو، گوتی:

چەندی کەم بین پەرِینەوە ئاسانترە.

لە دلی خۆم گوتم: رەنگە وا بیٚ، بەلاٚم دلی من وا نالیٚ...

ئـەو گونـدە کـاوڵبووەی کەوتۆتـە بـەری ئێمـەوە، (سماقشـیرین) ی نـاوە، سمـاق و شیرین! لەو بەریشەوە گوندێك هەیە، بچیە سەر ئەو تەپۆلکەیە رەنگە جـوان لێتـەوە دیار بێ، (گۆمەتاڵ)ی دەڵێنێ، ئەو تاڵ و شیرینە هێندە لێکدی دوور نـبن، لـە نێـوان ئەو دوو گوندە جادەیەك هەیە، دنیا دەکات بـە دوو کەرتـەوە، ئـەورۆ لـە ئەندێشـەی مندا دنیا دوو کەرتە، کەرتێك لەم بەر، بەری سماق و کەرتێك لەو بـەر، بـەری گـۆم، ئەها ئەو جادەیە، بە دووربین جوان دیارە، دنیای کەرت کردووە -لە بیرم بێ لە بـەری سماقەکەش گۆمەتاڵێکیدی هەیە بەلاّم لەو گەشتە تامەزرۆییـە هـیچ رسـتەیەك رێـی بەوێ ناکەوێت- دەڵێی دەنگـی کۆپتـەر دێ، وابـزانم کۆپتـەرە، پێشـمەرگە پەرتـەیان لێکرد و هەریەکە خۆی دایە پەنا درەختێك، بـەردێك، دەنگـی تـۆپیش دێ، لـەکوێوە دێ! نازانم، ترسام، وابزانم ترسانەکەشم پتر لە بێ چەکییەوە بوو، بـەلاّم خـۆ چەکیشـم هەبێ نازانم بەکاریبێنم! ئای زوو شەو داهاتبا و لە جادەمان دابا لـەو چیایە ئـاودیو باین، ئای ئـەو دیـوی چیا دەبـێ بتگـەمێ! مـن زۆر لـەو جادەیـە دەترسـم، جـادەی هەولێر- کۆیە جادەی سەرهاتە ترسناکەکانە، جادەی بۆسە و تەڵەیە، تازە جاشان لەو جادەیە مەشقی کوشتن دەکەن، جاشی کێ لەو جادەیە گوللەی بە پێشمەرگە و شوان و جوتیار و شێتەوە نەناوە! هەر لە جاشەکانی کەریمخانەوە بگرە تا دەگاتەوە حاشەکانی قاسماغا! ئەو هەموو وێنە تراژیدیە چیە بەو سەر لە ئێوارەیە بـە درێـژایی ئـەو جـادە درێژە پڕ لە هەوراز و نشێوە پێچاوپێچە، بە بەر چاوەمەوە جارێ سەرەو سەرێ حارێ بەرەو خوارێ بە دوای یەکدا دەڵێی ترومبێلی دوای دارەبازەن سەریان لـە دوای یـەکتر ناوە، تازەترین وێنە بەر لە چەند رۆژێ لەو خوارە، لێرەوە دیار نیە، گیرا، جاشـەکانی کەریمخان ئەو وێنەیان گرت، وێنەکەم لە سەرهاتی ((برنۆ)) نیشانداوەتەوە، ئێستا بـا تەماشای کۆنترین وێنە بکەین:

منداڵ بووم، لەگەڵ بابم لەو نزیکانە خۆمان دابووە پەنا بەردێك، هەڵم نـەکردبێ، ئەها ئەوە بەردەکەیە، وەك خـۆی مـاوە، لـە شـوێنی خـۆی هەڵنەکـەنراوە، ئێسـتاش

دەڕوانیێتە جادە، هەوە بەرد هەمان بەردە و نەگۆڕاوە، بەرد چ نەگۆڕە! بابم بە نیازی ئاژەل کڕین هاتبووە ئەو ناوە، دیتمان لەو خوارە نزیك جادە بەدیوی ئێمە، دیوی سماق، سماقی تالّ نەوەك شیرین، من ئێستاش بە دەممدا نایە بەو گوندە بلّێم سماقشیرین، هەر دەلّێم سماقتالّ، دەزانن چ تالّیەکی رژاندۆتە یادەوەریی منەوە! کۆمەلّێك جاش دەوری دوو پیاویان دابوو، نەمانزانی چین، تفەنگیان لە سەر سینگ راگرتبوون، ئێستاش دەنگی تەقەی ئەو دەو جادەیە تەقەی جاشەکانم لە گوێ ماوە، بەلاّم بەربوونەوەی دوو پیاوەکەم بە چاوی خۆم نەدیت، چونکێ لەو دەمە بابم دەستی خستە سەرچاوم و رووی وەرگێڕام، لە بیرمە پرسیم:

+ بابە، کوشتیان؟!

- نا، ترساندنیان..

بابم دەستمی گرت و هەلّەت هەلّەت بە ئاراستەی بەستی شەرغە هەلاّتین، دێتە بیرم لە بابم بەغارتر بووم، لە پێشە وی هەلّدەهاتم، ئێستاش دەنگی بابم لە گوێیە کە لە ساتەکانی هەلاّتنێ چەند جارێ لە بەر خۆیەوە دەیگوتەوە:

((بەدبەختینە، هەر لە جادەکە ئاودیو بان، بە دیوی گۆمەتالّدا واتان بە سەرنەدەهات..))

خۆزی بابە وەك چۆن چاومت گرت، گوێیەکانیشمت دادەخست، بەو مندالّیە گوێم لە تەقەی جاشان نەدبوو، چ تۆقێنەر بوو تەقەی تفەنگی جاشان، رەنگە هەر بە هۆی ئەو یادەوەریە تالّەی مندالّیەوە بێ، ئێستاش هێندەی لە تەقەی جاش دەترسم، نیو هێندە لە هی سەرباز ناترسێم، من لەو دەمەوە لە قسەکەی بابم و دواتریش لە وێنەکانیترەوە پێموایە ئەو جادەیە دنیا کەرت دەکات، قسەکەی نەنکیشم بیرناچێتەوە کە ئێستا لە هەموو کاتێ پتر لە گوێم دەزرینگێتەوە:

((که باپیرتیان راوده‌نا تا هەواڵ دەهات گەیشتۆتە ئاقاری گۆمەتاڵ دەستم لە سەر دڵم بوو، لەوە بەدوا دڵم ئاوی دەخواردەوە، دەمزانی ئیدی هەرچی جەندرمەی دنیایە لە دووی بن، نایگەنێ))

کەرتی ترس و مەرگ کە کەرتی سماقەتاڵەکەی، کەرتی ئارامی و ژیانیش کە کەرتی گۆمەکەیە ئەو گۆمەی بە هەڵە تاڵی پێوەیە..

رۆژ لە سەر ئاوابوونە، چەندە پەلە هەورێ لە ئاسمانی هەولێرێ زەردەپەڕێکی نازداریان بە دنیا بەخشیوە، بەڵام حەیف ترسی پەڕینەوە و وێنە تراژیدیەکان رێنادەن رێی خەیاڵ بچێتەوە باوەشی جوانیی سرووشت و چێژی زەردەپەڕ و کەسکایی بەهار بەو هەموو رەنگ وگوڵەوە بڕژێتە دیدەوە، لەو ئێوارەیە ئێوارەی پەڕینەوە، لەو جادەیەی دنیای کەرت دەکرد،حەڤدە هەژدە وێنەی تراژیدی بە رەنگاورەنگی و بە دەنگ و رەنگەوە بە بەر چاومەوە دەهاتن و دەچوون، من لێرە لە نێوان تازەترین و کۆنترین وێنە تەنها یەك وێنە نیشاندەدەمەوە کە ئەویش زۆر کۆنە و هی ساڵی بە چیاکەوتنەوەیە، ئەو ساڵەی لە شەوێکدا کەم پیاوی هەولێر لە ماڵەوە مانەوە، هەموو رێی چیایان گرتەبەر، ئەو شەوە من ئەگەر کەمێك گەورەتر بام، بەگەڵ پیاوان دەکەوتم، ئێ، هەواڵ بە کۆڵانەکانی بەلاشاوە بڵاوە بۆوە، گەیشتە ماڵ ماڵ، دەستەیەك پێشمەرگە کەوتوونەتە کەمینەوە وکەسیان دەرنەچوونە، لە کوێ؟ لەو جادەیەی من ناوم ناوە جادەیەك دنیای کەرت دەکرد، بەلام لێرە نا، لە نزیك سماق و گۆمەکە نا، لەولا، لە خوارێ، لە ئاقاری (باخچە) ئەو باخچەیەی بەهارەکەی لە هەموو جێیان پتر گوڵ دەگرێت، ژنەکەی سەعید دەیگوت:

((ئەگەر تا حەفتساڵیش باران نەبارێ، ئاقاری باخچە چۆڕە ئاوێك نەبینێ، بێ گوڵ نابێ، خوێنی مێردەکەی من کەسکایی دەبەخشێتە حەفت بەهاری بێ باران، هەرچی گوڵ هەیە لە خوێنی مێردەکەمەوە دەڕوێ))

من بەوە زانیم سەعیدیش لەگەڵ دەستەی بە سەر بۆسەدا کـەوتووە، براکـەی کـە ماڵیان بە ماڵی ئێمەوە بوو، گوێم لە گریانی بوو، من لـە سـەر بـان خـەریکی کـۆتر هەڵدان بووم، ئەو لە حەوشە رەنگە لە بن بێراییەکە دانیشتبووبێ، دەگریـا، بـە کـوڵ دەگریا، لە برا رۆی دابوو، ئەوەشم لە بیرە ژنەکەی دەیگوت:

((لۆ خاتری خوا، دەنگت نزمبکەوە، خەڵك گوێیان لێیە، تووشی بەڵایەك دەبی))

بە قسەی ژنەکەی تووشی سەرسامی نـەبووم، چـونکێ پێشـتر بیسـتبووم، نابێـت کەس بۆ کوژرانی پێشمەرگە بگرییێ ، هەرکەسێ بگریـێ، حکومـەت دەیگـرێ، دوای چەند رۆژێ رێدرا کە کەسوکاری پێشمەرگەکان بچن تەرمەکان بێننەوە، دواتر بیسـتم تەرمەکان وەها شێوێنرابوون،کەم کەس توانیبووی کەسی خـۆی بناسـێتەوە، براکـانی سەعید هیچیان براکەیان نەناسیبۆوە، ژنەکەی سەعید گوتبووی:

من ببەن، دەیناسمەوە..

ناسیبوویەوە، دایکی ئازاد بە جەمەدانیەکەی سەعیدی ناسیبوویەوە، گوتبووی:

چـەند رۆژێ بـەر لـەوەی سـەعید بچـێتەوە چـیا، دەسـتم بـە گورینگرێـژکردنی جەمەدانیەکەی کردبوو، دەستم بشکێ، جێ بستێکی مابوو بیچنم ، لە سەری کرد و رۆیشت، دەمویست لە دەرفەتێك بگەمە لای و تەواوی بکەم، بینابیم برژێتە بن پێم، تەرمەکەیم بە جەمەدانیەکەی ناسیەوە.

ئەدی ئەگەر ئەوشەو منیش بە دەردەکەی سەعید چووم، بـە چـی دەناسـرێمەوە؟ کێ دەمناسـێتەوە؟ خـۆ ئێسـتا وەك ئـەودەم نیـە، تـەرمی پێشـمەرگە بـە کەسـوکار نادرێتەوە!! حەڤدە ساڵ دوای مەرگی سەعید، رێك لەو رۆژەی هەولێر رابوو، ئـازادی کوڕی سەعید، هەڵمـەتی بـردە سـەر بارەگایـەکی ئـەو حکومەتـەی تـەرمی بابیـان شێواند و جەمەدانیەکەی نەبا نەدەناسرایەوە، لـەوێ لـە تۆڵـەی بـابی دەسـتی خـۆی وەشاند، بریندار بوو، من سەردانیم کرد، ماڵیان هەر لە جێی جاران بوو.. دوای سـی و حەفت ساڵ لە مەرگی سەعید رێم کەوتە ئەو جێگەیەی سەعید لێی کەوتە بۆسەوە

و تیا چوو، خوشکی گەورەم (عەیشۆك)کە دەستە خوشکی ژنی سەعیدە، لەگەڵم بوو، زۆر بە وردی سەرهاتی جەمەدانیەکەی بۆم گێڕایەوە و دوا رستە لەو گێڕانەوەیە رایچلەکاندم، راچلەکینێك تا درەنگ بەری نەدام، دوا رستە:

((دایکی ئازاد تا ئێستاش جەمەدانیە خوێناویەکەی پاراستووە!))

ئەو جەمەدانیە تەمەن سی و حەفت ساڵە چیرۆکێکە گێڕانەوە و چنینەوەی لە توانای من نیە.

تاریکی بە نیشتن نیشتە سەر جادە، ئێستا دەمی پەڕینەوەیە لە کەرتێکی دنیاوە بۆ کەرتەکەیدی، چاو بە ئاسماندا دەگێڕم، بە دوای ئەستێرەکەی باپیرمدا دەگەڕێم، هەڵنەهاتووە، پێشمەرگەیەکی خڕکەڵە، هێشتا تاریکی خرکەڵەیی و باریکەڵەیی پێشمەرگەکانی نەشاردبۆوە، فەرمانی دا:

کەس جگەرە پێنەکات.

چ فەرمانێکی جەرگبڕ بوو! بە هەڵە نەچووبم، لەوێ لەگەڵ دەرچوونی ئەو فەرمانە کەمێك لە پێشمەرگایەتی ساردبوومەوە، هێشتا چەکم وەرنەگرتووە سارد دەبمەوە!! ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە چەندی مێشکم دەگوشم و فەرمانە قورسەکانی پێشمەرگایەتی بیرخۆم دێنمەوە، فەرمان لەو فەرمانە قورستر نابینمەوە، رەنگە ئەوە یەکەم فەرمانی راستەخۆ بێ لە ژیانی پێشمەرگایەتیم بۆیە بیرناچێتەوە، کالنابێتەوە، رەنگە پتریش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، لە کاتی فەرمانەکە من دەستم لە پاکەتی جگەرەکەم بوو، دەمویست جگەرەیەك داگیرسێنم، ئاخر وێنەکانی دەو ئەو جادەیە ئەو وێنانەی بە دوای یەکدا وەك چۆن ئێستا ئێمە بەدوای یەکدا خەریکە هەنگاوی پەڕینەوە دەهاوێژین، ئەوها بە بەر چاومدا دێن و دەڕۆن، وێنەکان زۆریان ماندوو کردبووم، ویستم لە دووکەڵی جگەرەیەك پشوو بدەم، پێشمەرگە خرکەلەکە نەیهێشت..

یەك لە دوای یەك، ریزە میرانە، من وابزانم لەو زنجیرە نەپساوەیە کە دەنگی پێ بە یەکەوەی بەستووین، نەك تاڵی بینایی، زۆر لە دواوە نیم، لەو ڕێیە چاو رۆڵی نیە، لەو ڕێیە نابینایەك و چاوساخێك هاوڕێ بن، چاو ساخەکە نابیناکە پێش خۆی دەدات، هێشتا سەر لە ئێوارەیە ئەو تاریکیە لە کوێوە هات! ئای باپیرە، ئەستێرەکەت هەڵنەهات، چاو لە تاریکایی دا رووەو رۆژهەڵات زۆر گەڕا، بەڵام حەیف! وا دیارە قسەکەی مام عجیل راست گەڕا، پێدەچێت لە جادە زۆر نزیکبووبینەوە، دوورنیە بەراییمان گەیشتبێتە رۆخ جادە... لەو پەڕینەوەیە زۆر دەترسم، من لەو دوو سێ شەوەی دەگەڵ پێشمەرگان کەوتووم، ئەوە دووەم جادە و دووەم پەڕینەوەی پڕ ترسە، شەوی یەکەم لە جادەی مەیلەو باشوور کە لە (سپێدەی تەڕوار) ناوی جادەی مەرگم لێنا، بەڵام مەرگی راستەقینە رەنگە جادە رۆژهەڵاتیەکە بێ، ئەو جادەیەی دنیا کەرتدەکات، ئەو جادە کڕوکپەی ئەگەر چ نەقەومێ دوای چەند خولەکێ لە تاریکاییدا دەبێتە شوێنپێ و نایبینینەوە.. ئەها! دەڵێی قەوما، چەند دەسرێژێ دڕی بە بێدەنگی و تاریکی دا، لەو ساتە هەستمکرد ئەو پێشمەرگەیەی لە پێشە من دەڕۆیشت، لە رۆیشتن کەوت و کەوت، من سەرەتا وامزانی پێیکەوت و کەوت، گەیشتمە سەری، گوتی:

دانیشە، با گوللەیەکت پێنەکەوێ.

دانیشتم و تێگەیشتم هەموو دانیشتنە، نەمزانی دەسڕێژەکان لە کی لاوە هاتن، ئەگەر پێشمەرگەیەك نەیگوتبا:

لە جێی پەڕینەوە دەگرن.

نەمدەزانی گوللە گڕدارەکان لە کوێ دەکوژێنەوەو بێ گڕەکان لە کوێ دەکەونەوە، دەسڕێژ، دەسرێژ، چەند دەسڕێژێکیدی، گەڕاینەوە، وا بزانم بە پەرتی گەڕاینەوە، ماوەیەکی باش بێ جگەرە دانیشتین، تەقە نەما، چەند حەزم لە جگەرەیە، خەویشم دێ، نازانم نە لە خەفەتی جگەرەیە نە لە ترس خەوم دێ،

پێدەچێت ترسەکە بێ، تاقیمکردۆتەوە لەو ساتانەی ترس دەورم دەدا، خەو هوورژم دێنێ، خەوەنووتکە دەبەمەوە، دەبێ خەوتبم، خۆ ئەوەی دیتم، زیندە خەون نەبوو! لە سەر هەڵدێرێکی هەزار بەهەزارم، باز نایگاتێ، پێم بڕوا، دەبمە هەزار پارچە، هەر پارچەیەکم لە پنچکێك لە بەردێك گیردەبێ، ئەها! پێم خزی، سوپاس بابە! گەیشتێ و گرتمیەوە، هێشتا دەستم لە دەستی بابم بوو، دەنگێك:

هەستن، دەپەڕینەوە..

وا خەریکە دەپەڕینەوە، شەو کەمێك رووناك بۆتەوە، دیارە مانگ هەڵاتووە، ئۆخەیش! بەری سماقمان بڕی و پێمان نایە بەری گۆمەکە، گەیشتینە کەرتکەیدی دنیاوە، شەو رووناکە، رووناك، چاوی تیژ گورگ و سەگ لێکدی جودا دەکاتەوە، بەڵام گورگ و رێوی رەنگە زەحمەت بێ، زانیم زەحمەتە، پێشمەرگە:

- ئەها ئەوە گورگە
- مام گورگ لە جێیەکی خراپ تووشت بووم، دەزانی ناوێرم تەقە بکەم و...
- ئەوە کوا گورگە! رێویە
- رێویە؟

منیش دیتم، بەڵام نەمناسیەوە، دوو سێ جاریش گورگم لە دووورەوە دیتبوو، رێویش هەر هیچ، کاتی خۆی چەند مانگێك لە ماڵێ رێویەکی مل بە زنجیرمان هەبوو، رێویە مل بە زنجیرەکە با هەر لە ماڵێ بێ، بەڵام ئەگەر قسەیەك لە رێویەکەی (ئەبالە پیرە) نەکەم، ئاقاری گۆمەتاڵ جێناهێڵم، بەری ساڵانێکی زۆر لەو گۆمەتاڵە، ئەبالە پیرە لەگەڵ رێویەکی وەك ئەو رێویە، وای دانێین رێویە! تێکدەگیرێن، دەبێتە شەڕیان، شەڕێك وەك دەڵێن کەس شەڕی وای نەدیوە، نە شەڕی مرۆڤ نە شەڕی دڕندە و ئاژەل و پەلەوەران، برا گەورەکەم وای گێڕایەوە:

((لە گۆمەتاڵێ شەوێك رێوی دەچێتە ماڵی ئەبالە پیرە، حیزە حیزە رووەو ژووری مریشکان دەخزێ، مام ئەبال دەیبینێ و خوترمەیەکیشی لە دەستە، بەڵام رێوی ئەو

نابینیٚ، هێشتا ڕێوی نیوەی لە دەرێیە، خوترمە کاری خۆی دەکات، بەڵام ڕێوی لەو ڕێویانە نیە بترسیٚ و هەڵیٚ، نا، دەستدەکاتەوە، پڕ دەداتە ئەباڵە پیرە، ددانەکانی لە ناو لە پی دەستی چەپی ختمدەکات، مام ئەبال دیارە وەك ڕێویەکە ئازایە، هاوار ناکات، بە بێدەنگی دەستی ڕاستی دەنێتە قوڕگی ڕێوی، پەنجە نینۆکیەکانی دەچەقێنێتە قورگی ڕێویەوە، ئیدی شەڕی ددان و پەنجە درێژەی هەیە، تا ددان پتر ڕۆبچیٚ و لە ناو لەپ مشتتر بیٚ، پەنجە تیژتر دەچەقێتە قوڕگەوە، دیارە شەڕ لە نێوان پێیەکانیش بەرپابووە، جلوبەرگی ئەبالە پیرە خەریکە شیتال شیتال دەبیٚ، تاریکە خوێن دیار نیە، بەڵام شەڕی ڕێوی و ئەبالە پیرە لە گەرمایی خوێنەوە گەرمتر و گەرمترە، شەڕ گەرمە، ئەبالە پیرە ماندووە، شڕە، ئێستا نا ئێستا دەستی چەپی لە دەستدەدا و دەستی ڕاستیشی هێواش هێواش شل دەبیٚ، وا بڕوات ڕێوی دەیباتەوە، هەر دیتت ئەبالە پیرە هەر جووجکە و مریشك نا، دەستیشی لە سەر دانا، نا ئەبالە پیرە تا ئێستا بۆ کەسی دانەهێناوە تا بۆ ڕێوی دابێنیٚ، هێشتا دیار نیە، شەڕەکە چۆن دەکەوێتەوە، ئیٚ، درێژەی نەدەمیٚ، ئەبالە پیرە هەستدەکات، ڕێوی لە پەل و پۆ کەوتووە، بەڵام ددانی لە کار نەکەوتووە، زۆر نابا، ڕێوی لە باوەشی عەبالە پیرە گیان دەسپێریٚ...))

بابم هەڵیدایێ:

((ئەوە جاری یەکەم و دوا جار بووە ئەباڵە پیرە خەنجەری لەبەر پشتوێن نەبێت، لە کاتی نووستنیٚ، لە چوونە سەر پێشاویٚ خەنجەری هەر لە ناو مشتی یان بەر پشتێنی بووە))

لە بارەی ئەباڵە پیرە و خەنجەرەکەی، بابم وای گێڕایەوە :

((ئەباڵە پیرە ئەو پیاوە! لە تەمەنی لە بەر کەسی دانەهێناوە، گێچەڵی بە کەس نەکردووە و لە گێچەڵیش هەڵنەهاتووە، دنیاش پڕی گێچەڵە، بۆیە مەگەر بابم

هێنـدەی وی بـە شـەڕ هـاتبێ، لـە ڕێوبانێـك پیاوێـك دیـارە نایناسـێت، شـەڕی پـێ دەفرۆشێت، ئەباڵە پیرەش خەنجەرەکەی هەڵدەکێشێت و لا ڕانێکی دەهێنێتە خـواری، ئیـدی ئەباڵـە پـیرە دەگـیرێ و لـە زینـدانی هـەولێری دەپەسـتن، لـە نـاو زینـدانێ بەدبەختێك، بەدبەختتر لە پیاوەی لا ڕانـی هاتـە خـوارێ و خـۆی چـووە خەسـتەخانە ئەبالی ناردە زیندانێ، گێچەڵ بە ئەباڵە پیرە دەکات، ئـەباڵیش لەوانـە نیـە خـۆی لـە گێچـەڵ لادا، خەنجـەر هەڵدەکێشـێ و لـە ورگـی کـابرای مشـت دەکـات و ناگاتـە خەستەخانە دەمرێ..بۆ ناپرسن، خەنجەر چۆن گەیشـتە ژووری زینـدان! ئـەباڵ دواتـر گێڕابوویەوە، لـەو سـاتەی دەسـتگیریان کـردم، بـە بـەر چـاوی دوو پۆلیسـەکەوە، بـە تەڕدەستی خەنجەرەکەمم بە دۆخینەکەمەوە بەست وخستمە ناو شەرواڵەکەمم و بە بن گونمەوە شۆڕبووەوە، ئەو پۆلیسە گێلانە هەستیان پێنەکرد..))

بابم چووە دووی:

((ئەباڵە پیرە هێندە لە زیندان نەمایەوە، بە خۆ و بە خەنجەرەوە ڕۆیشتەوە ئاوایی، کەس تێنەگەیشت، ئەباڵ چۆن بەربوو! بەڵام پۆلیسێك لە دەمی دەرچووبوو: ئەباڵ لـە دەرێ بێ باشترە، چونکێ تا ئێستا لە دەرێ کەسی نەکوشتووە، بەڵام هەر پێـی نایـە زیندان پیاوێکی کوشت، بۆیە بۆ حکومەت وا باشترە))

وا بە تەنیشت گۆمەتاڵی ئەبالە پیرەدا هەڵدەگەڕێین، لەو دەمە دەبێت ڕووداوێـك ڕوویدابێت، بەڵام چەندی سەر دێنم و دەبەم چ نایەتەوە بیرم، بۆچی لێکـدی دابـڕاین و بزربووین؟ نازانم، ئێمە شەش حەفتێك لە وانیدی دابڕاین، باش بوو لە کەرتەکەی ئەو بەر بزر نەبووین، ئێ، پێشمەرگەیەك دڵی داینەوە:

((مەترسـن، مـن ڕێگـە دەبینمـەوە، پێشـتر لێـرەوە پەڕیومەتـەوە، بـەڵام نەکـەن بانگبکەن، جاش هێندە لێمان دوور نین..))

من لە هەر جێیەك بزربم دەترسم، بە تـەنێ یـان بـە کۆمـەڵ بـزر بم، دەترسـم، لـە چۆلەوانی یان لە ئاوەدانی بزر بم دەترسم، بە منداڵی یان گـەورەیی بزربـووبم ترسـاوم،

له ناو قەیسەریی هەولێر یان له چیای پیرس بزر بم دەترسم، له (ئاسمان رژاوەته پیرسەوه) ترسم نووسیوەتەوه، ترسی بزربوون، ترسی تیاچوون و به دنیا نەکەوتنەوه، لێره کاتم نیه بۆ ترس گێڕانەوه، ترس لەوەی جارێکیدی بکەومەوه دەستی جاشان، ترس له بێ چەکی،کێ هەیه هێندەی پێشمەرگەی بێ چەك بترسێ!... وەك چۆن له بیرم نیه چی بوو بزری کردین و لێکدی دابڕاندین، له بیریشم نیه چی بوو به یەکتری شادکردینەوه، ئەدی ئەو تراکتۆره له کوێوه هات، لەو بەری جادەوه دووربه دووری لەگەڵمان بوو، یان لەم بەرەوه بۆمان هات! سوار بووین به هەورازه ڕێیەکدا هەڵدەگەڕێین، دەبابەش پێیدا سەرناکەوێ، تراکتۆر بێ چاو به تاریکیدا هەڵدەگەڕێ، وا بزانم خاره جەواد بوو دەیگوت:

((به راستی تراکتۆرێکی نێرەکەره ئەو هەموو باره پێشمەرگەی هەڵگرتووه))

ئێستا لەو دەسته پێشمەرگەیه هەر ئەوانەم له بیر ماوه، له وانەی تازه بەگەل پێشمەرگه کەوتوونه و هێشتا چەکیان وەرنەگرتووه: (دیار، هەنگاو، خاره جەواد، خاره جەمیل) له پێشمەرگەکانیش: (کانەبی گچکه، خەیام)، دیدەوان لەگەڵمان نەپەڕیەوه، خەیامەکه شوفێری تراکتۆرەکەیه زۆر شێتانه داژوا، ئێستا نا ئێستا له کەندێمان دەکات، ناوه ناوه هەندێك دادەبزن و سوار دەبنەوه، من هێند ماندووم، وەها دەستم لێیگیرکردووه و خۆم گرمۆله کردووه، وەریشگەڕێ لێینابمەوه، گرڕ گرڕ تەقتەقتەق، هەڵگەڕێ راستوراست، پێچاوپێچ، هەڵگەڕێ، هەر هەڵگەڕێ، نازانم چەند هەڵگەڕاین، ئێستا له شۆڕبوونەوەداین، خەیام به فەتارەتمان دەدا، له دوو جادەی مەرگ پەڕیمەوه و نەمردم، وەره له هیچوخۆڕا خەیام بتکوژێ، شارەزای ڕێیەکه بام، دادەبەزیم و به پێیان دەڕۆیشتم، وەها به سەر یەکتردا بەردەبووینەوه، مەڕو بزن وا بەسەر یەکتردا نەکەوتوون، دەنگێك ئێستاش له گوێمه، دەبێت دەنگی کانەبی گچکه بووبێ:

خەیام، گووی سەی، له کەندێمان نەکەی.

وا بڕوا لە کەندێمان دەکات و لە ترێ سەی دەچین، دیتم پێشمەرگەیەك جگـەرەی داگیرساند، هەر خۆی گوتی:

ئاگری جگەرە بخەنە ناو دەستتان و بیشارنەوە.

خەنی بووم، لە بن ساقۆوە، جگەرەم داگیرساند و لای ئـاگرم خسـتە نێـو هـەردوو لەپمەوە و مژی هێند قوولّم لێدەدا کەس لە سەردەمی بێ ئاوی مژی وای لـە مـاتۆڕی ئاو نەداوە، جگەرەیەکیدیم بە جگەرەکە پێکرد، ئاگام لە خەیام و تراکتۆر نەما...

ئێسـتا، نـازانم چ کاتـە، دوور نیـە بـەیانی دابـێ، گەیشـتینە گونـدێك گوتیـان (سوسێ)یە، یەکەم جارمە سووسێ ببینم، بەڵام ناویم زۆر بیستووە و پێی ئاشنام، لە دڵەوە بە دیداری سووسـێ خۆشـحاڵ بـووم، هـەر زوو نـاوم لـەو دیـدارە نـا (دیـداری مێوژی) ئەگەر لەو سەروبەندە سەردانی کونەفلووسەشم کردبـا، نـاویم دەنـا دیـداری بەفری، ناوی سووسـێ مـنی بـردەوە مەیـدانی کرێکـارانی بـن قـەراتی هـەولێرێ کـە هەموو هاوینان، سبەینان زوو، لەگەڵ دەنگی دەروێش برایمی مزگـەفتی حـاجی قـەرۆ لـە خـەو رادەبـووم و دەگەیشـتمە بـەردەم چایخانەی مەچـکۆ، لـەوێ ئـەو پیـاوی عارەبانەکەی لە ناو جادە راگرتبوو، ناوە ناوە بە دەنگێکی گڕ:

مێوژی سووسێ

بەفری کونەفلووسێ

ئەوەی بیخواتەوە

قەت چاوی نانووسێ..

مـن کە دوای ئەو هەموو ڕێ ڕۆیشتنەش هێشتا خـەو بەرینـەدەدام و چـاوم نیـوە نووساو بوو، دەچوومە لای و پەرداخێك ئاوی مێوژی پڕ بەفر و دوو سەموونی گەرمم بە پارەیەکی کەم دەخوارد، ئەو خۆشاوەی مێوژە چ تامێکی هەبووخودایـە! مـن لـەو دەمەوە حەزم بە دیداری سووسێ کردووە، ئەوە لەو بەیانیە بێ دەروێش برایمیـە، وا لە ژوورێکی لاچەپی رەنگە مزگەفت بێ، دەمەوێ سەرخەوێك بشکێنم، چەند تینووی

مێوژی سووسێ بە بەفری کونەفلووسەوەم پتر تینووی چۆڕێ خەوم، بەڵام خەوی چی، بیستم ئێستا سەرەتایە بۆ رۆیشتن، وا دیارە سەرەتای ژیانێکە، هەموو هەر هەموو، خەو، پشوو، خواردن لە پێناوی رۆیشتنە، رۆیشتن هەمیشە رۆیشتن ئیدی پێشمەرگایەتیە، پێش بەرێکەوتن تووشی دەستەیەك پێشمەرگە بووین، ناسیارێکی تێدا بوو، لە منداڵییەوە دەمناسی، زووناسیمەوە و زووتر ناسیمییەوە، بەڵام رووی خۆی وەرگێڕا، تێگەیشتم، منیش خۆم نەناس کرد، ئەوەدەمانێ وا بوو کەس نەیدەویست کەس بیناسێتەوە، بەو سپێدە بەهاریە بە جوانی و بۆن و بەرامەی سووسێ، هەرچی گوڵ وگیاوگۆڵێکت حەز لێیە وەرە لە سووسێ بیبینە و بۆنی بکە، باوی گوڵی سپی کردوو، دنیای داپۆشیوە، مەستم و دەستبەرداری نابم، حەیف وەرزی رەز نەبوو، وەرزی ترێ و مێوژ نەبوو، دەنا بێ پیاسەیەکی ناو رەزەکانی، سووسێم بەجێنەدەهێشت..

ئەرێ تراکتۆرەکە چی لێهات! وەك چۆن دوێ شەو لە نادیارەوە هات، بەو سپێدەیەش چۆوە نادیار، بە رێیەکدا دەڕۆین، هەر چۆن پێ دانێی گوڵاڵەیەك، پنچکە گیایەکی بەهەشتی پاندەبێتەوە، دڵت نایە پێیدا بڕۆی، لە بن ئاسمانێکین نازانم کێ بوو گوتی:

((توخوا بە دووکەڵی جگەرە پیسی مەکەن))

پێڵاوەکەم بنی زۆر پان بوو، لە هەمووان پتر گیا وگوڵم پانکردۆتەوە، کەمێك بە پێم گەورە بوو، بەڵام بە توندیی قەیتانەکەی بە پێمەوە توند بوو، چەند رۆژێ پێش بە چیاکەوتنم برادەرێکم (ئازاد هاشم) پێی بەخشیم و گوتی:

((ئەو پێڵاوە لە پێستی رێوی قایمترە، لە دار و بەردی بدەی حەفت ساڵان لە پێی بکە، هەر نوێیە))

بیستبووم بۆ پێشمەرگە پێڵاوی باش لە تفەنگی باش پێویسترە، من پێڵاوەکەم هەیە، تفەنگەکەشم هەبا، چیم دەویست! بڕۆ بڕۆ، زۆر رۆیشتین، لە سەر بستوویەك،

کە چەند گابەردێکی لە سەر شانی خۆی هەڵگرتبوو، لە پەنای گابەردان پشوویکمان دا، جگەرە، جگەرە بە جگەرە، چەند جگەرەیێ، پێش هەستان، قەیتانی پیلاوەکەم توندتر دەکەمەوە، ئای، ئەوە چیە، بنی هەڵزڕایە، ئەو پیلاوەی دەبوو حەفت ساڵی لە پێ بکەم، حەفت رۆژیشی نەکرد، دەمزانی پێی من لەو پێیانەیە پیلاو بەری ناگرێ، تا تۆ پیلاوێك دەدڕێنی من حەفتم دڕاندووە، بەلام بەو شێوەیەش نا، ئەو پێلاوە لە چەرم رێویە! هێندەی پێستی مریشکیش بەرگەی نەگرت، زۆر خەفەتم لە پێلاوی دڕاو خوارد، بیرم لە لای تفەنگی باش بوو، پیلاوی باشیشم لە سەر دانا، لەو دەمە دەستم بۆ گیرفانم برد، باشە وەك خۆیەتی، پارەی چەند پێلاوێکی باشم هەیە، قسەی برادەرێکم (جەمال رەمەزان) بیرکەوتەوە، رۆژی پێش بە چیاکەوتنم، دە دیناری بە زۆر خستە گیرفانمەوە و گوتی:

((زوو زوو پیلاوی باشی پێبکڕە))..

دە دیناری ئەودەمانێ هەند بوو،مووچەی دوو پێشمەرگە بوو، بە جوانیی بەهاردا رووەو سماقوڵی رێی پێچاوپێچمان گرتووە، هەرچی جوانی هەیە وەرە لە بەهاری ئەو دۆڵەدا بیچنەوە، لە پڕ دەنگی فڕۆکە هات، بووە زرموهۆڕ، فڕۆکە لە چەند لاوە بەهاریان بۆردوومانەکرد و سرووشتیان دەژاکاند، من وای تێگەیشتبووم لەم دیوەی چیا فڕۆکە ناوێرێ هێندە نزم بێتەوە، هەڵە بووم، درەنگە، پەلەمە، بگەمە جووتێ پێلاوی باش و تفەنگێکی باش، کەمێکیتر دەگەمە ئەو بڕنۆیەی جوانیم تێیدا دیتەوە..

له بڕنۆ جوانیم دیتەوە

ئەوڕۆ نیە سەردەمی بڕنۆ بەسەرچووە، وەلێ لە چیاو چۆلان تاقولۆق بڕنۆ بە شان دەبینرێن، من کەسێکم لە وانەی تاکو ئێستا لە سەردەمی بڕنۆ دەژین، تا دڵ حەز بکات حەزم لە بڕنۆیە، ئەوەتا لە کاتی خەوێ وەك ژن لەگەڵ خۆمی دەخەوێنم، چەند جوانە، چ بەژنێکی زراڤی هەیە، بڕواناکەم لە ژیانم حەزی پیاوکوشتن چووبێتە دڵمەوە، جا با پیاوەکە سەدام یان ئامۆزاکەشی بووبێت، قەت مەیلی راوی هیچ ئاژەل و باڵندەیەکیشم نەبووە، کەچی هەر حەزم لە بڕنۆیە، رەنگە ئەو حەزە بۆ منداڵیم بگەڕێتەوە، ئەو کاتەی لە گەڕەك بە کۆرس گۆرانیی (بڕنۆ)مان دەگوتەوە:

بڕنۆی رەقەم حەڤدەیە

نیشانەی پێشمەرگەیە...

دووریش نیە پەیوەندی بە بڕنۆکەی بابمەوە هەبێت، ئەو بڕنۆیەی قەت نەمدیتبوو، بەلاّم هەمیشە لە ناو چاوم هەڵواسرابوو، ئاخر بابم شەوان، هەموو شەوان لە سەر خواستی ئێمە چیرۆکی بڕنۆکەی بە دڵ وداو بۆمان دەگێڕایەوە، ئەو بڕنۆیەی لە ترسی جاشان لە (بەستی شەرغە) خستبوویە بن عەرد و دواییش بە جێیەکە نەکەوتبۆوە، هەموو ئەو بەر و ئەوبەری بەستی هەڵدڕیبوو بڕنۆی نەدیتەوە و نەدیتەوە، بابم دەیگۆت:

دێتە بیرم، لە بن گولەکێکی گەورە عەردم بۆی هەڵکەند..

بابم لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی بڕنۆ هەناسەی قوولّی هەڵدەکێشا، وای لێهات من لەو قوولّتر هەناسەم هەڵدەکێشا، لە گێڕانەوەی چیرۆکی بڕنۆ جارێك لە بابم پرسی:

+ بۆچی، جاشەکانت نەکوشت؟

- چەندیان بکوژم، یەك، دوو، دە..؟ نیوەی دنیا جاش بوو.. جگە لەوەش من بڕنۆم بۆ ئەوە لە شان نەبوو تا پیاوی پێ بکوژم، تەنها بۆ گورگ و دەعبا و بەس..

پـــێش چـــەند رۆژێ، کـــە لـــە دەو بەســـتی شـــەرغە دانیشـــتبووم، بڕنۆکـــەی بـــابم بیرکەوتەوە،خولیای گەڕان بە دوویدا کەوتە سەرم، گەڕام، لە بـن گولـەکان لـە دووی بڕنـۆ دەگەڕام، دێتە بیرم پێشمەرگەیەك ئەبوو شتێکیان دەگۆتیێ بـە تێکەڵەیـەك لـە عـەرەبی و کوردی پرسی:

+ ئەوە لە دووی چ دەگەڕێی؟

- بابم بڕنۆیەکی لێرە شاردبۆوە، بزانم نایبینمەوە..

+ کەی ؟

- بیست ساڵێك دەبێت.

سەیرکردنێکی سەیر سـەیریکردم، وەك ئـەوەی بڵـێ بـە خۆمـان گەلـەك تـەواوین هـەر ئەتۆمان دەویست، راستی منیش پێکەنینم بە خۆم هات..

هەر بە منداڵی پێش ئەوەی بابم لە ترسی جاشان بڕنۆکەی بشارێتەوە، چەند جارێك بـە سەردان هاتوومەتە ئەو بەستەوە، ئەو گۆماوە دەناسمەوە، پێش حەفدە ساڵێك مەلەم تێیدا کردووە، بەو دوو تاشە بەردە دەیناسمەوە، بەهار کۆتایی بێت، جوانتر بە دیار دەکەون، من لە هاوینان لە هەولێرەوە دەهاتمە ئێـرە، ئەوەتـە ئـەو ئەشـکەوتە گچـکەیەش وەك خـۆی ماوەتەوە، چ گۆڕانێك بە سەر ئـەو دەورو بـەرەدا نـەهاتووە، هـەر وا دەزانم دوێـنێ بـوو، کۆمەڵە پیاوێك لە بن ئەو ئەشکەوتە دانیشتبوون، بە بڕنۆ نیشانەیان دانـابۆوە.. ئەوەشـم دێتەوە بیر، یەکیان گوتی:

تەق و تۆق بەسە، ئێستا کۆپتەر دەردەکەوێت..

هاتنی فرۆکە و کۆپتەریشم لە یاد ماوە، چەند جار خـۆم لـە بـن ئـەو بەردانـە حەشـار داوە، باپیرم دەیگوت:

هەر گوێت لە دەنگی فرۆکە بوو، خۆت لە بن بەردان بە عەردی دادە، بەرد دەتپارێزێ، مەگەر خوا، دەنا هەر کەسێك خۆی دەخیلی بەرد بکات، ساچمەی پێناکەوێت..

ئێستاش هەر حەفدە ساڵ لەمەوبەرە، چی گۆڕاوە! بەست هەر بەستی جارانە، ئەوە گۆماوی مەلەوانی، ئەوە ئەشکەوتی حەسانەوە، ئەوە بنە دارەکان، ئەوە باڵندەکان، ئەوەش ئەو باریکە ڕێیەی دەڕوا دەڕوا هەتا ناو گوند گیر نابێت،(تەڕوار) ئەو گوندە هەمیشە تەڕەی باپیرم لە سەرەمەرگدا بۆی دەگریا، ئەها لە بن ئەو لووتە شاخە، وا دەزانم دوێنێ بوو، هێلانەیەکی سووسکەم دیتەوە، پڕ پڕ لە هێلکە، ئێستاش سپێتیی هێلکەکان لە چاومدا دەدرەوشێنەوە.. ئێستاش هەر ئەو دەمە، ئەوەتە لە ترسی فڕۆکە و کۆپتەر خۆم لە پەنای ئەو بەردانە شاردۆتەوە کە حەفدە ساڵ پێش ئێستاش خۆم لە بنیان دەشاردەوە.. ئەو دەمیش تفەنگم نەبوو، ئێستاش.. جیاوازیەکە تەنها لە تەمەنە ئەودەمانێ منداڵ بووم، ئێستا گەورە، ئەودەمانێ لەگەڵ ئەو هەموو پرسیارەی لە بارەی هاتنی فڕۆکە و خۆشاردنەوەوە دەمکرد، کەس وەڵامێکی وای نەدامەوە، بەڵام ئێستا کەمێك لە گەمەی خۆمان و فڕۆکە تێدەگەم..

وا لەو دەو بەستە بەو نێرینەی بەهارێیە لە بن بنەدارێك دانیشتووم، بە قەڵەمبڕ خەریکی هەڵکۆڵینی دارم، دەمەوێ چەند وشەیەك لەو دارە بەجێبهێڵم، ئەو دارەی هەستدەکەم پێش حەفدە ساڵێکیش لەمەوبەر هەر وەك ئێستا بووە و نەگۆڕاوە، دەنووسم:

((دوای حەفدە ساڵ تۆم دیتەوە))

+ ئەوە چ لەو دارە دەکەیت؟

- شتێکم لە سەری نووسی.

+ تاهوو وا هوو! ئەو بنەدارە زۆر بژی ناگاتە حەفتەیەك، ڕەنگە هەر ئێستا تۆپێك بێ و لە ڕەگەوە هەڵیکێشێ، دنیا ئاگری گرتووە، زەحمەتە درەختێك بە پێوە بمێنێ، ئەگەر دەشنووسی بنووسە ماڵئاوا..

ئەو پیاوە مام عجیلی ناوە، پیاوێکی بە تەمەنداچووی ڕەقەلەیە، خاڵێکی گەورە بە لا چاویەوەیە نیوەی چاوی داپۆشیوە، کلاشینکۆفێکی بە شانەوەیە دەڵێی تازە لە کارگەی ڕووسیەوە هاتووە، بریسکەی دێ، هەر زەینەتە تەماشای بکەیت، بە ڕاستی ئەگەر

کلاشینکۆف توانای پیاوکوشتنی نەبا، شتێکی جوان بوو، زۆر جوان مەگەر برنۆ هێندەی وی جوان با..

ئێرە سماقولّی ناوە، دەلّێن لەو دۆلّە سیّ گوند هەیە بەو ناوە، نا، چوار، ئەوەی ئێمەی حەواندۆتەوە نازانم کامیانە، هێندە دەزانم کچێکی جوان جوان، کانیەکی روون روون، دوکانێکی خاوێن خاوێنی هەیە..لە شارەوە تا گەیشتمە ئێرە حەفت شەوی ویست، سیّ شەو لەمەو بەر لە بەستی شەرغە بووم، شەش شەو لەمەوبەر لە دەشتی هەولێر، حەفت شەو لەمەوبەر لە ناوەندی هەولێریّ لە مالّی خۆمان لە پرخەی خەویّ بووم، حەفت رۆژە دنیا بەرەواژ بۆتەوە، بە رۆژ نووستن بە شەو رۆیشتن، بەرەواژیەکە لەوە دایە من بە رووناکی خەوم لیّ ناکەوێت، بۆ خەوتن دەبێت دنیا تاریك تاریك بێت، هەتا ئەو شەوانەی مانگ بە دەرەوەیە و لە چواردەیە و مانگەشەوێکی رووناکە، دەبێت چاوەرێی ئاوابوونی مانگ بکەم، دوای ئاوابوونی مانگ یالاّ خەوم لێدەکەوێت، بۆیە درۆ نیە بلّێم حەفت شەو دەبێت بایی شەوێك نەنووستووم..

ئەو پیاوە خڕکەلّەیە کە جێگاکەی بە تەنیشت منەوەیە کانەبی گچکەی ناوە، هێندە گچکەش نیە، گچکەییەکەی هی ئەوە نیە بە ناوەکەیەوە بلکیّ، درەنگ تێگەیشتم کە بۆ جیاکردنەوە لە کانەبیەکانیدی پێیدەلّێن کانەبی گچکە، کانەبیی وا هەیە بە قەت سیّ ئەو کانەبیە دەبێت، ئەو کانەبیە پیاوێکە هێند شیرن، هێند شیرن، ئەگەر ئەو کانەبیە گەورەیە نەبایە، دەبوایە ناوی کانەبی قەند بێت ..دەمی عەسرە چا بوو، کەس نەبوو چای بە دەستەوە نەبێت، چایەی کەسیش لە پیالّەدا نەبوو، هەبوو لە بنە مەتارە دەیخواردەوە، هەبوو لە شووشەی گەورەی ئاوەتەماتە، هەبوو لە قۆغەی دەورانی کۆنی مندالّی... کانەبی پیلی گرتم و گوتی:

وەرە، گووی سەی..

پێشتر ئەو پیاوەم نەدەناسی، هەمووی چەند رۆژێکە ناویم بیستووە، گالّتەم لەگەلّی نیە، لەگەلّ ئەوەش لەو (گووی سەی) ە تووڕە نەبووم، ئاخر کەس نیە رۆژانە چەندان جار

له لایەن ئەو پیاوەوە گووی سەی وەرنەگرێت، کەسیش لێی تووڕە نەدەبوو، بە پێچەوانەوە هەمووان حەزیان لەو (گوی سەی) ەی کانەبی گچکە دەکرد، ئاخر هەند جوانی دەگۆت، پیاو لێی دەبووە هەنگوین.. بردمیە ژوورە گچکەڵەکە کە هەر جێگەی دوو سێ کانەبی گچکەی لێدەبۆوە، دەستی گەیاندە بڕنۆیەك کە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو:

+ ئەو بڕنۆیە بۆ تۆ، بەڵام ئاگادار بە جاروبار چرووك دەکات.

- زۆر سوپاس

خەریکبوو بڵێم: من قەت تەقەم نەکردووە.. پەشیمان بوومەوە، نەمگوت..

ئێستا بڕنۆم هەیە، ئیدی لە دیلی دەرچووم و ترسم نەما، لە وڵاتێك کە کوشتارگەیەکی گەورەیە و لوولەی تفەنگەکان روو لە هەموونن، لە وڵاتێك بۆ ئەوەی قسەیەکت هەبێت، هیچ چار نیە دەبێت ببمە هاوڕێی تفەنگ.. لەوەتەی فامم کردووە هەستم بە دیلیش کردووە، شار بۆ من جگە لە بەندیخانەیەکی گەورە چیدی نەبووە، هەمیشە خەونم بە دەرچوون لەو بەندیخانیە دیوە.. ئەو رۆژەی شارم بەجێهێشت لە دەفتەری یادگاریی خۆم بە رۆژی هەڵاتن لە بەندیخانەی تۆمار دەکەم، تا ئەو بڕنۆیەشم وەرنەگرت وام هەستدەکرد لە دوومن و ئێستا نا ئێستا دەمگرنەوە و راپێچی زیندانم دەکەنەوە، ئێستا ئەو ترسەم نەما، لە دڵی خۆم دەمگوت، ئەگەر بابم ببینمەوە دەڵێم:

بابە، ئەو بڕنۆیەی لە ترسی جاشان شاردبووتەوە، دیتمەوە..

بە دەست خۆم نەبوو، وام هەستدەکرد بڕنەوەکەی بابم دۆزیوەتەوە.

بارەگاکەی سماقولی کۆمەڵێك کتیب و بڵاوکراوەشی تێدا بوون، کانەبی گچکە ئەو پیاوەی بڕنۆی دامێ، منی بە بەرپرسی کتێبخانە دانا، منیش جوان رێکمخستن لە کۆلیژ فێرببووم کتێبخانە چۆن رێکدەخرێت، هەولم دا بەو شێوەیە رێکی بخەم، رێك وەك کتێبخانەکەی خۆم کە دڵم لەو دوورەوە بۆی لێدەدا، بە تەواوی لە رێکخستنی کتێبخانە نەببوومەوە، ماڵئاواییم لە سماقولی کرد، برۆ، برۆ بە رێیەکدا بۆ نازەنین شۆڕبووینەوە دەتگوت پێبلقەی شەیتانە، هەمیشە حەزمکردووە لە وەرزی هەناردا سەردانی نازەنین

بکەم، بەڵام ڕێك نەکەوتووە، سەردانی ئەو جارەش نەکەوتە وەرزی هەنارەوە، شەوێ لەوێ مانیەوە، بڕنۆم لەگەڵ خۆم خەواند، سوورە کە لەگەڵمان بوو گۆتی:

تەماشا، تەماشا، دەڵێی لەگەڵ ژن ڕاکشاوە..

منیش گۆتم:

دەمەوێت، ئەو بڕنۆیە، ببێتە ژن بۆ ئەوەی تووشی خوێنڕشتن نەبێت..

سوورە بێ وەستان، وەك ئەوەی پێشتر ئامادەی کردبێت، گۆتی:

بڕنۆ، نەك ژن بیکەیتە فریشتەش خوێنی خۆی هەر دەڕێژێت..

لێتان ناشارمەوە لەو قسەیەی سوورە زۆر ترسام، ئەگەر لە سماقولی ئەو قسەیەی بکردایە، دوور نەبوو، بڕنۆکە بدەمەوە کانەبی.. هەر لەو هەڵگەڕان و داگەڕانە، دێتەبیرم ڕێمان بە بن کونەفلووسەش کەوت، بەڵام بەفرەکەیم نەدیتەوە، ئەو بەفرەی لە مەیدانی کرێکاران بە مێوژی سووسێوە بە تامترین و ساردترین شەرەبەتی دەدایێ، ماڵئاواییمان لە بەهاری دۆڵی هیران و نازەنین کرد، بەهارێك لە چاوی منەوە دواتریش بە بەهاری مایەوە، پیرێکی گوندی فریز کە هەموو تەمەنی بەرەنگاری بوو، قسەکانیشی شیعرێتیان لێدەچۆڕا، دەیگوت:

((بیابان بە بیابانایەتی خۆی نەیتوانی زەردایەتی بخاتە کەسکایی ئەو بەهارەوە..))

بالیسان، بالیسان ئەو گوندە گچکەیەی شارێك یادەوەریی ڕژاندۆتە سەرمەوە، تازە گەیشتووینەتە ئەو گوندە پڕ لە یادەوەرییە، ماندووم، لەبەر خەو ئاگام لە برسێتی نەماوە، نازانم نە شەوە نە ڕۆژ، ئەوەی لە بیرمە بڕنۆکەم لە بیر بوو، لەگەڵ خۆمم درێژ کرد، نووستم، کە هەستام برادەرێك گوتی:

((حەفدە دەمژمێری ڕێکە خەوتووی..))

پیاوێکی قژ بەفری، تەمەنەکەشی هی ئەوە نەبوو وا بەفر سەری بگرێت، بە پێکەنینێکی زۆر شیرینەوە:

+ کاکی بابەی، ئەوە بۆ شەڕ هاتووی، یان بۆ خەو؟!

- وەڵلا بۆ خەو.

ئەو پیاوە ناوی لەشکری بوو، بە مامۆستا لەشکری بانگیان دەکرد، بە کوردیەکی هێند پەتی پاراو قسەی دەکرد، زۆر کەس لە زۆر وشە پێویستیان بە وەرگێڕ هەبوو، پیاوێك بوو حەزی لە کتێب بوو، کە زانی منیش دۆستی کتێبم و قوتابیی زانکۆم پتر لێم نزیك بۆوە، لەو دوو سێ رۆژەی یەکتر ناسیندا هەستم دەکرد دەمێکە ئەو پیاوە برادەرمە..

لە بێراییە گەورەکەی بارەگا لە کۆڕی گەرمی مامۆستا لەشکری دادەنیشتین، ئەو پیاوە هەر جارەی زاراوەیەکی ورد دەکردەوە، وەهای روونەدەکردەوە کەس نەبوو تێینەگات، زۆر جاریش بۆ پێکەنین و خۆشی وشەیەکی دەدیتەوە و دەکەوتە گەمە لەگەڵی، بە نموونە وشەی (خڕ)ی دەهێنا و دەیپرسی:

چ شتێك خڕە؟

لە دنیادا چەند خڕ هەیە؟

ئەو پرسیارانەی بۆ ئەوە نەدەکرد تا وەڵامی چنگ بکەوێت، بەردەوام دەبوو:

دنیایەك خڕ هەیە، خڕکەڵە هەیە، خڕێ هەیە، خڕۆکە هەیە.. خڕۆکە لە خوێنی خڕکەڵە و خڕێدا هەیە، دەزانن خڕکەڵە نێرینەیە و خڕێ مێیینەیە.. دەزانن جیاوازی نێوان (خڕیکردەوە) لەگەڵ (خڕیکرد) چیە؟ ئەها چەندی پێخۆشە ئەگەر بە چرپە بە خڕێ بڵێی: خڕێ، باشت خڕکردووە!...

وشەی ئەو جارە (چش) بوو کە مامۆستا دەیگوت:

رێك بەرانبەر وشەی (سفر)ی عەرەبیە

ئەوەی لەو دانیشتنە و لە بارەی ئەو وشەیەوە لە بیرمە، دەیگوت :

چش ئەگەر لەگەڵ خۆی تێکەولێکەی پێبکەی، چشخانەیەك دەردەچێت، لە هیچ چێشتخانەیەك چشی وا دەسناکەوێت، بۆ نموونە: چش لە چش کەم بکە، دەکاتە چش.. چش کۆی چش بکە دەکاتە چش.. چش دابەشی چش بکە دەکاتە چش.. چش جارانی چش

بکە هەر دەکاتە چش..ئەوە لەو لا، ئەدی ئەگەر چش لەگەڵ خۆی نا لەگەڵ خەڵکیدی بیخەیتە تێکەولێکەوە، ئەوا گەورەیی چش بە دیاردەکەوێت، ئەها بەرێ خۆ بدێ، یەك برنۆت هەیە، وەك ئەو برنۆیەی لەبەر چاوتانە، ئەگەر یەك چش لەو لایەی ئەو یەك برنۆیەی دانێی دەبێتە دە برنۆ، ئەگەر سێ چش لە تەنیشت ئەو یەکەی دانێی دەکاتە هەزار، ئەها چش لەگەڵ خۆی چەند چشە و لەگەڵ خەڵکیدیش چەند شتە..

لەو کاتەی مامۆستا لەشکری گەمەی چشی پێدەکردین، دەنگی فڕۆکە هات، یەکێك هاواری کرد:

کوڕە، پەرتەی لێبکەن، وا بزانم دوو فڕۆکەکەی دوێنێن بەلاّم هەر یەکەی دوو ((چش))یان لە تەنیشتیە..

پەرتەمان لێکرد، هەر یەکە و بەرەو بن بەردێك، دیوارێك، پەنایەك، من لە پاڵ بەردێك خۆم دیتەوە لە سێبەری درەختێك راکشابوو، بووە زرم و هۆڕ، لە ئاسمانەوە بۆ عەرد، لە عەردەوە بۆ ئاسمان، پیرە برنۆم سوارکرد، لە دڵی خۆم گۆتم، با هەر بۆ تاقیکردنەوە گوللەیەك باوێم، بزانم تەقە کووە! فڕۆکەکان هێندە بڵند نەبوون، نەدەترسان، بە کەیفی خۆیان بالیسانیان دادەبێژا، تەزرەکوتیان دەکرد.. نیشانەم لە فڕۆکەیەك گرت، پەنجەم پێوەنا..

+ دەستخۆش، جوانت، هاویشتێ

-بە راست!

ئەوە مامۆستا لە شکری بوو، دەستخۆشی لێمکرد، تا گوێم لەو دەستخۆشیەی نەبوو، نەمزانیبوو لێم نزیکە، کەمێك لە سەرەوەی من خۆی دابووە بن دیوارێك، لەو کاتەی گوللەکەم بە فڕۆکەکەوە نا، دیتم بەرزبوونەوەیەك بەرز بۆوە، ئەگەر لەو کاتە ئەستێرەیەك لەو راستە بایە خۆی لێی دەدا، بە دەستخۆشیەکەی مامۆستا و بە قوچاندنی فڕۆکە کەیفم هات، هەستمکرد شتێکی گەورەم کردووە، رەنگە ئەو جۆرە هەستە پەیوەندی بەوەشەوە

هەبووبێت کە ئەوە یەکەم تەقەی تەمەن بووبێت، چونکە دواتر لە زۆر کەسم بیست کە یەکەم تەقە خۆشیەکی زۆر دەبەخشێ، هەتا گوێم لە عیسا عەسکەر بوو، دەیگۆت:

جیاوازیەکی زۆر لە نێوان یەکەم تەقە و شەوی زاوایەتی نیە..

ئەوەشم لە بیرە بە عیسایان گۆت:

ئەوە تەقەی پیاو، ئەدی یەکەم تەقەی ژن وەك هی شەوی بووکێنیە؟!

عیسا بە پێکەنینەوە دەیگۆت:

ئا، بە مەرجێك لە سەرەوە بێت.

فڕۆکە وازیان لە بالیسان نەدەهێنا، ترسم لە فڕۆکە و تەقە شکا، لە هەوڵی ئەوە بووم، فڕۆکە بخەمە ناو سێرەی برنۆوە، فڕۆکە ئاسمانی دووکەلاویی بالیسانیان چۆلنەدەکرد، مامۆستا کە کلاشینکۆفێکی رووسی بە دەستەوە بوو، گوتی:

+ بە خودای ئەمن بزانم، ئەورۆ فڕۆکەیەك عەجەلی بەو برنۆیەی تۆ هاتووە، دەنا ئەوە بووە چارەگێك، تۆپباران بەس نیە، نا، عەجەلیان هاتووە..

- ئەگەر خاوەن برنۆ عەجەلی نەهاتبێت!

+ نە بابە، بە خودای خاوەن فڕۆکەش دەچێتە بن گڵ تۆ هەر بە پێوە دەمێنیت..

یەکێك لە نزیك مامۆستا، خۆی دابووە پەنا:

- مامۆستا، وا مەڵێ، فڕۆکەکان رووسین..

+ رووسین رووسی نین بە گونتەوە..

لەو کاتە مامۆستاش بە کلاشینکۆفە رووسیەکەی دەسرێژێکی بۆ فڕۆکە رووسیەکان هاویشت و گوتی:

مەبەستم سەدام حوسێن بوو، ئەو پیاوەی هەموو دنیای کەر کردووە بە روسیاشەوە..

ئەو کەرکردنی دنیایە، زۆر بە لامەوە گرنگ بوو، لە دڵی خۆم گۆتم، چەند خۆشە مرۆڤ ئەو توانایەی هەبێت کە هەموو دنیا کەر بکات.. لەو کاتە فڕۆکەیەکیدی وەك ئەوەی عەجەلی هاتبێت، هاتە ناو سێرەوە، هاویشتمێ، مامۆستا هاواری کرد:

+ زۆری نەمابوو، بە بن باڵیدا رۆیشت، مەرجی پیاوان سێ جارە، دڵنیام ئەتو کەتنەکت لە چاودایە و بە برنۆ سیخۆ دێخی..

- جاری سێیەم چرووك دەکات..

فرۆکەکان دەتگوت گوێیان لەو قسەیەی مامۆستا لەشکری بوو، دەتگوت لە برنەوەکەی من ترسان! لە چاو ترووکانێك نە دەنگیان ما نە رەنگ، لە دووی خۆیان لەو درەنگانی بەهارە دۆڵێك چرە دووکەڵیان بەجێهێشت.. ئیدی ئەو چەند رۆژەی لەوێ مامەوە فرۆکەم نەدیتەوە.. مامۆستا لە سەر نانخواردنێ دەیگۆ:

بێ ترس نانی خۆتان بخۆن، ئەمن بزانم هەتا ئەو برنۆیە لێرە بێت، فرۆکە پێ نانێتە ئاسمانی بالیسانەوە..

ئەو رۆژەی ماڵئاواییم لە بالیسان کرد، مامۆستا بە دەم پێکەنینە جوانەکەیەوە رووی قسەی لە من بوو:

مەڕۆ بابم مەڕۆ، ئەگەر دەشڕۆی برنەوەکە مەبە، بە خودای فرۆکەکان بزانن برنۆ لێرە نەمایە، بە خواردن دەمانخۆن..

گاڵتەکانی مامۆستا خۆشبوون....

سەردەستەمان پیاوێکە مام رەسوولی دەڵێنێ، کەمێك چۆتە تەمەنەوە، پیاوێکە خەمی هەموو دنیای لەبەرە، بەردی سەر رێیان لادەدا، دەڵێت:

ئەو کەسەی لە دووی ئێمە دێت با ساتمەی لێنەکات..

لە شوێنی داروبار ئەو لقە دارانە دەشکێنێتەوە کە دەڵێی بە ئەنقەست رێیان گرتووە، دەڵێت:

دەترسم ئەو کەسەی لە دووی منەوە دێت، بکەوێتە خەیاڵەوە و لقە داری لە چاو راچێت..

بگاتە هەر کانیەك تا جوان جوان دەری نەداو خاوێنی نەکاتەوە دڵی داناکەوێت، دەڵێت:

بۆ ئەوەی هەمیشە چیا بە ئاوەدانی بمێنێتەوە، دەبێت کانیەکان خاوێن بن..

دەگاتە هەر بەراوێك تەماشا دەکات، بزانێت تینووە یان نا، تا ئاو بەرنەداتە بەراوی تینوو، لە سەریشی دەی ناڕوات، دەڵێت:

ئەو بەراوە بە تەنێ هی خاوەنەکەی نیە، بەشی ئێمەشی پێوەیە..

پیاوێکە کۆتر و کێشکەی نەخۆش هەڵدەگرێتەوە و جێیان بۆ دەدۆزێتەوە، تووشی سەگێك بووین، لاکە لاکی بوو، مام رەسووڵ چنگێ ورتکە نانی لە کۆڵپشتەکەی دەرهێنا و لە پێش سەگە برسیەکەی روو کرد.. من قەت پیاوی وام نەدیوە، ئەو چیاو چۆڵەی بە گیانلەبەر و بێ گیانەوە بە ماڵی خۆی دەزانی، خۆی بە بەرپرس دەزانی لە ئاستیان، دەبوو خزمەتیان بکات...

ئەو مام رەسووڵە لە رۆیشتنێ کەس نایگاتێ، لە هەورازان هەتا تۆدەگەیتە نیوەی هەورازێ، ئەو گەیشتۆتە سەری سەرێ و هاتۆتەوە خوارێ و جارێکیدی وا لە پێش تۆوە سەردەکەوێتەوە، ئەو پیاوە هەمیشە چاوێکی لە ئاسمانە و چاوێکی لە عەرد، چاوەکەی ئاسمانیی تایبەتە بۆ فڕۆکە و رووداوەکانی ئاسمانێ، چاوی سەر عەردیشی بۆ هەموو ئەو کێشە و رووداوانەی لە سەر عەرد روودەدەن..

رۆژ تازە هەڵاتبوو کە گەیشتینە سەر بەنی هەریرێ، پشوو، پشوو، پشووێکی باشمان دا، مام رەسووڵ لە سەر بەردێك دانیشتووە، بە دووربینەکەی تەماشای دنیایێ دەکات، منیش لە لاوە لە سیمای ئەو پیاوە ئەفسانەییە راماوم، ئەگەر کەسێك بیەوێت سەرهاتەکانی ئەو پیاوە بنووسێتەوە، دەبێت خاوەن خەیاڵێك بێت لە ئاسمان بێ سنوورتر، چونکە ئەو پیاوە هێندەی من تێیگەیشتم پتر بە دیوی خەیاڵدا دەکەوێتەوە.. چوومەتە ناو ریشە ماش و برنجیەکەی مام رەسووڵ، لە ناو مووی رەش و سپی بزر بووم، رەنگە خەویشم لێکەوتبێت، وشەی برنۆ بە ئاگای هێنامەوە، مام رەسووڵ گۆتی:

وە بزانم ئەو برنۆیەی لە کنە تووە وەختی هۆی لە کنە من بوو..

لێی وەرگرتم و هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکرد و لێی ورد دەبۆوە:

ئا بە سەهوو نەچوومە، ئەوە بڕنەوەکەی منە، ئاگات لێبێت زۆر نازدارە، بەس ئەمن دەزانم ئەو بڕنۆیە چەند گوللەی هاویشتیە..

دەمەو ئێوارە گەیشتینە نزیك گوندێکی دەو زێ، ئێمە مەنزڵمان بادینانە، دەبوو لە زێ بپەڕینەوە، لەوێ تووشی دوو پێشمەرگە بووین، یەکیانم ناسیەوە، ڕەنگو رووی هەر وەك خۆی بوو، چ نەگۆڕابوو، تەنها لە موو نەبێت، ئەودەمانێ سمێڵێکی ڕەش ڕەش لە قەتران ڕەشتر، ئێستا سپی سپی داو داوی ڕەشی تێدا ماوە، برادەری بابم بوو، من منداڵ بووم دەهاتە ماڵمان، هەر جارێك بهاتایە چوکلێتی دەدایێ، ڕەنگە بە هۆی چوکلێتەوە بووبێت خۆشم دەویست، یان بە هۆی ئەو ڕستەیەی باوکمەوە کە لە ئایەت ڕاستتر وەراست گەڕا:

+ وەخت نیە، کورد ببێتە شتێك و لە کۆڵی شەڕ و شۆڕ و وێرانی ببینەوە؟

- هێندەی نەماوە، من دەڵێم ساڵێك، تۆ بڵێ چەند مانگێك

+ بە خودای من بزانم ئەو منداڵەش دەچێتە چیا، کورد هەر دەست لە گونان دەمێنێتەوە/ ئەو منداڵەی بابم ئاماژەی پێدا من بووم/

دوو سێ جار ویستم خۆم ئاشکرا بکەم، نەمکرد، ڕاستی ناوەکەیم لە بیرکردبوو، دەنا خۆم ئاشکرا دەکرد، ئێستا و ئێستاش ناوەکەیم بیرنەکەوتەوە..

ئیدی مام ڕەسووڵ گۆتی:

ئیشی من لەگەڵەنگۆ تەواو، ئێستا لەو گوندەوە جاشێکی باش دێ، هەرچی گۆت بە قسەی بکەن، مەترسن لە خۆمانە..

هێشتا ڕووناك بوو، مام ڕەسووڵ هەر چوارمانی دایە دەستی جاشانی دەڤەری سورچیاتی و خۆی و ئەو پێشمەرگەی لەگەڵی بوو گەڕانەوە، پێشمەرگەکەی گەڵی (دڵە)یان دەگۆتێ، وا بزانم کوڕی تۆفیق هەریری بوو، تەماشای مام ڕەسووڵم دەکرد، هەر بە فڕین دەفڕی، دیارە پێشتر خاتری ئێمەی گرتبوو.. گۆتمە سوورە:

+باشە چ ڕێیدی نیە بۆ بادینان، بەس ڕێی جاشان هەیە؟!

- هەیە، بەلاّم ڕێی جاشان لە هەموو ڕێیەکانیدی کورتترە.

+ ئەدی نالێین دوور برۆ سەلامەت وەرەوە

- ترست نەبێت ئێمە رێی نزیك دەگرین و بە سەلامەتیش دەگەینە جێ..

لە دڵی خۆم دەمگۆت، تووشی چ بووین، بە چ حاڵ لە دەستی جاشەکانی کەریم خان قوتاربووین، ئێستا وا بە پێی خۆمان دەچینە ناو جاشەکانی سورچیاتی، هێندەی نەمابوو، بڵێم: وەڵڵا من لەگەڵ ئێوە نایەم و لەگەڵ مام رەسووڵ دەگەڕێمەوە..

بە تاریکی شۆڕبووینەوە بەرەو گوندی جاشان، وەك دەشیانگۆت نزیك گوندەکە رەش دەچێتەوە لە سەربازان ، نیمچە سەربازگەیەك بوو، بەراستی من زۆر دەترسام، بە دەست خۆم نەبوو لە جاش دەترسام، بەڵام کاتێك تەماشای بەژنی پیرە بڕنۆم دەکرد، ترسەکەم بڕەك دەڕەویەوە، وەك ئەوەی بڕنۆ فریادرەس بێت، وەك ئەوەی هەر بڕنۆ راکێشم هەرچی جاش و سەربازی دەوریان داوم دەستی خۆ بەدەستەوەدان بەرز دەکەنەوە، ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەش بە دەستی خۆم نەبوو... ماڵە جاشەکە خزمەتێکی چاکیان کردین، کوڕێکی قسە خۆش بوو، ژنەکەی زۆر مێواندۆست، هەرچی هەیانبوو لە پێشیان دانایین، لە ژوورەکە بڕنۆیەکی دار شووشەیی بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، گەلەك جوان بوو، دەتگوت ژنی ناو جاخانەیە، لە هی من گەلەك جوانتر، بەڵام هی خۆم هێند لام شیرین بوو، خاوەنەکەی داوای گۆڕینەوەشی بکردایە نەمدەکرد، پیاوەکە هەر چوارمانی نارده سەر بانێ، گۆتی:

((نەوەك مێوان بێن، با نەتانبینن، سەر بان باشترە، بەڵام ئاگادار بن ملە قوتێ نەکەن..))

سەر بانێکی گەورە، ستارەیەکی بڵند، خانووەکە لە خانووی جارانی گوندی نەدەچوو، شاریانە دروستکرابوو.. ئێستا دوو چەکدار (سوورە و من) و دوو بێ چەك (دیار و هەنگاو) لە سەر بانی ماڵە جاشێکی باش راکشاوین، چاوەڕوانی رۆژبوونەوەین تا لە زێی بادینان بپەڕینەوە، ئێمە هەر سێکمان جگە لە سوورە لە مێژ نیە ناومان گۆڕاوە، لە بەستی شەرغە لە سەر دەستی خارەخولە ناوی خۆمان گۆڕی، شوان بووە دیار، فواد بووە

هەنگاو، من لە خۆشەویستیم بۆ (کافکا)ی نووسەر و لە خۆشەویستیم بۆ باوکیشم، ویستم یەکەم پیتی ناوی باوکم و یەکەم پیتی ناوی خۆم لێکبدەم(ك.ك) و ناو لە خۆم بنێم(کافکاف) بەڵام خارە خوڵە بەو ناوە رازی نەبوو، گۆتی:

تاهوو! کافکاف چیە؟ بەستی شەرغە و ئەو ناوە ئینگلیزیەیان گۆتیە!

کوڕێك کاوە چاوشینیان دەگۆتی، دەتگوت قەڵەمە چ گۆشتی پێوە نەبوو، ئەویش لەو رێورەسمەی ناوگۆڕینە بەشداربوو،هەڵیدایێ:

لێیگەڕێ، حەزی خۆیتی، چ ناوێك هەڵدەبژێرێ، با هەڵبژێرێ..

خارە خولە بە پێکەنینێکی جوانەوە:

تەح! لەو حەزە تەڕەماشییە..

وەڵا منیش قسەی خارەخولەم نەشکاند- خارە خولە ئەفسانەیە، لێرە ناگێڕدرێتەوە- هەر لە جێوە ناوە کۆنە فڕێدراوەکەی دیارم بۆ خۆم هەڵگرتەوە و شتۆکەکی زیادەشم لێ گرێدا و ناو بووە (شوانە)، هەر ئەو گۆڕینی ناوەش بەو شێوەیە حەمە عەباسی زۆر ماندوو کرد، دەشت و چیاو دۆڵی پڕ کردبوو لە بانگەوازی کافکاف، کەس کەسی بەو ناوە نەناسیبوو، پێشتر بە حەمەم گوتبوو، ئەگەر هاتیە چیا، بە کافکاف بمبینەوە..

لە ترسا خەوم لێنەدەکەوت، زراوم لە جاش چووبوو، ئاخر هەرچی خراپە هەیە لە جاشەوە سەری کردووە، رەنگە ترسەکەم پتریش لەو رووداوەوە هاتبێت کە لە کاتی بە چیاکەوتن روویدا، لەگەڵ ئەو هەنگاوەی کە ئێستا لە تەنیشتم پرخە پرخیەتی، کەوتینە دەستی جاشانەوە، لە نزیکی دێگەڵە دۆڵێك هەیە، لە سەر قسەی هەنگاو ئەویش لە سەر قسەی کەسێکیدی هەر کەسێك بگاتە ئەو دۆڵە وای دانێ گەیشتۆتە ئاقاری پێشمەرگە..

ئێمە گەیشتینە ئەوێ، هەر هێندەمان زانی لە بەرزاییەکەوە دوو چەکدار دەنگیان داین، تێگەیشتین کە جاشن، چونکە بەو نوێژی نیوەڕۆیە هی ئەوە نیە پێشمەرگە وا بێ منەت بسوورێتەوە، هەتا گەیشتنە لامان من هەر هێندەم بۆ کرا، ئەو نامەیەی کە لە رێکخراوی شارەوە هێنابووم، بۆ ئەوەی باوەڕمان پێبکەن کە پیاو خراپ نین، خستمە بن

بەردێکەوە.. لە بەینی خۆشمان قسەیەکمان ڕێکخست کە بیلێینەوە، قسەکە فواد ڕێکی خست و گوتی: ((من دەزانم ئەو جاشانە زۆر ڕقیان لە یەکێتی دەبێتەوە...)) ئیدی راپێچیان کردین، یەکیان چووبووە تەمەنەوە بڕنۆی لە شانی بوو، وام هەستکرد بڕنۆکەی بابمە لە بن گولەکان دەریهێنایە، ڕەقەڵە بوو، دەتگوت نانی جاشایەتی لێناکەوێت، دەیگۆت:

ئەها، داخوا چ کەتنێکتان کردووە و دەڕۆنە ناو جەلالیا، ئەو تەقانەی ئەو ماوەیە شەوان لە ناو هەولێرێ دەکرێ، ئەنگۆنە، باشە لە هەقتان دێین، ئێستا دەتاندەمە دەستی ئەمن..

سێ چوار جاشیدیش گەیشتن، هەر زراومان چوو، کاتێ تەماشای ناسنامەکەی منی کرد، پیشانی ئەویدی دا، بە خۆی دیار بوو خوێندەاری نەبوو:

ئەوە قوتابیی زانکۆشی! ئەو خۆ پیشاندانانە هەمووی لە بن سەری ئێوەیە، لە چاوت دیارە تۆ پیاوکوژەکی پیسی..

منیش بەستەزمانانە گۆتم:

بە خودای لە تەمەنی خۆم تەقەیەکم نەکردووە..

خەریکبوو پەلامارم بدا:

ئەتو تەقەت نەکردووە! وەلاّ ئەگەر دەستت دەگاتە ئەو کلاشنکۆفەی من، هەموومان کەڵەپاچە دەکەیت!.. باشە باش ئەنگۆ ئەگەر ناچن بۆ ناو پێشمەرگەی خائین، بۆ ناو جەلالیا، ئەدی کێوە دەچن؟

ئێمەش بێ ئەوەی یەك وشەش پاش و پێش بکەین قسەی خۆمان دەگوتەوە:

ئامۆ زایەکمان، کەوتیتە دەستی جەلالیەکان، دەچین بزانین، بۆ گرتوویانە، بە چی بەری دەدەن..

فشەیان بەو قسەیە دەهات، بەلاّم ئێمە بەردەوام و بێ زمان تەتەڵە کردن دەمانگوتەوە..

ئێمەیان نزیکی جادە کردەوە، سووربوون لە سەر ئەوەی رادەستی ئەمنمان بکەن، ئیدی کەوتینــە پاڕانــەوە، هەرچــی وشــە هەیــە کــە پاڕانــەوە دەگەیــەنێت، دەمانخــستە رســتەی پاڕانەوەیی، ئەو جاشانە دڵیان نەرم نەدەبوو، نەدبوو، قەت نەکەوتبوومە بــاری پاڕانــەوە، هەمیشە رقم لە پاڕانەوە بووە، لە فیلمەکان کاتێ پیــاوێکم دەدیــت دەپاڕایــەوە، لــە دڵــی خۆم هەزار قسەم پێی دەگوت، دەمگوت، پیاو بکوژرێ بەلاّم نەپاڕێتەوە، کەچی ئەوەتا وا خۆم لە جاشان دەپاڕێمەوە.. لە بیرمە لە هونەری پاڕانەوە فواد لە من هونەرمەندتر بــوو، پاڕانەوەکانی کاریگەرتر بوون.. دیتم هەندێك لە ئێمەوە دوور کەوتنەوە و سەریان لــە بــن گوێی یەکتر نا، لــە دڵــی خــۆم گــۆتم بــە خــودای لــە تــرێ ســەی چــووین.. ئــەوی مەیلــەو یەختیارەکە گۆتی:

باشە لە راهی خودای بەرتان دەدەین، بەلاّم دەبێت، نەگەڕێنەوە بچنە ناو پێشمەرگان..

ئێمە گۆتمان:

ناوەڵلاّ دەچینەوە ماڵێ..

ئەوان سووربوون لە سەر ئەوەی کە ئێمــە دەبێــت رێــی پێشــمەرگایەتی بگرینــە بــەر و ئێمەش ســووربووین لــە وەی بــە رێــی ماڵــەوەدا بگەرێینــەوە، هــەتا ئــاخیری یــەکیان بــە تووڕەییەوە گۆتی:

دوو رێتان لە پێشە، یان رێی پێشمەرگان، یان رێی دایەرەی ئەمن..

من بە هێواشی بە فوادم گۆت:

+ کوڕە دەبا سەرکەوین، بەڵکو بە راستیان بێت و وازمان لێبێنن!

- کوڕە، وس بە ئەوە نەڵێی، بە خودای وا بکەین دەمانکوژن..

ئەوان زۆر یان گۆت و ئێمە زۆر تر، ئەنجام قسەی ئێمە سەر قسەی ئەوان کەوت، وەکو پیاوان لە سەر جادە ماشێنێکیشیان بۆمــان راگــرت و بــەرەو هــەولێر هاتینــەوە، وا بــزانم جاشی ماڵی کەریم خان بوون، راستی ئــەوان دڵنیــا بــوون لــەوەی ئێمــە بــە نیــازی بوونــە

پێشمەرگە ئەو دۆڵەمان گرتبووە بەر، بەڵام لە پیاوەتی خۆیان بەریاندایین، ئیدی دوای دوو ڕۆژ بە ڕێیەکیدی بە چیا کەوتینەوە...

وەك لە بیرم بێت ئەو شەوە لە سەر بانی ئەوماڵە جاشەی دەو زێ لە ترسا خەو نەچووە چاوم، دەمگوت ئێستا نا ئێستا دەورمان دەدەن، هەندێك دڵم بە برنۆ خۆش بوو، دوعام دەکرد چرووك نەکات، ئاخر دامنابوو لەوکاتەی دەقەومێ خۆم رادەستیان نەکەم و تەقە بکەم، هەتا نەشقەومێ دیار نیە هەڵوێستەکە چۆن دەبێت، کێ نالێ وەك ((پاڕانەوەکە)) ناکەوێتەوە.. ڕۆژ بۆوە، هیچ نەقەوما، نان و ماستێکی زۆر بەتامان خوارد، قەت چای وا خۆشم نەخواردبۆوە، رووی ژنەکە سوور بێت بە زۆری چای دەرخوارد دەداین..

با بڕۆین.. هەر دوو خەریتەم بەست و بڕنۆم کردە شانی، بە خۆم نالێم، هەموو دەیانگۆت جوانت لێدێ، جاشەکەش وای گۆ، سواری ماشێنێك بووین، زراوم لەو جۆرە ماشێنانە چووبوو، (لاندگرۆزەر) من ئەوە جاری دووەمە پێ بخەمە ناو ئەو جۆر ماشێنەوە، جاری پێشی یەك دوو ساڵێك بەر لە ئێستا لەگەڵ ئەو کوڕەی ئێستا لەگەڵمە و ناوم بە ناوی ئەو کردۆتەوە، لە هەولێرێ، لە پێش یانەی مامۆستایان، لەو بەری، لە بن دارە گەورەکە لە سەر شۆستە بە نیازی پشوودانێکی کورت دانیشتبووین، ئەو دارە گەورەی دەڵێم لە هەموو جێیەکی هەولێرەوە دیار بوو، هیچ بەرزیەك لە شار هێندەی وی بەرز نەبوو، زۆر لە منارەی چۆلی بەرزتر خۆی نیشانددا، هێندەمان زانی ماشێنێکی وەك ئەو ماشێنەی وا جاشێك دەیهاژوا و ئێمەش وردتر بڵم من دەستم لە سەر دڵمە، لە بەر دەمان ئیستۆپێکی هێند توندی کرد نەك هەر من و دیار درەختی گەورەش هێندەی لە خۆ هەڵدا، دوو چەکدار جلك زەیتوونی غاریان داینێ و بێ چەند و چون هەڵیانداینە ناو ماشێنەوە، ئەو دوو پیاوە هێندە بە هێز و بە خۆوە بوون، دەتگوت دوو مریشکیان تێهەڵدا.. بڕۆ بڕۆ، خۆمان لە ژوورێکی پۆلیس دیتەوە، دەیانویست هۆی دانیشتنی ئێمە

بەو دەمەو نیوەڕۆیە لە بن ئەو دارە بزانن، ئەو دارەی زۆر جار پەڕە کاخەزی قاچاخی پێوە هەڵدەواسرا... ئێمەش بۆچی و چۆن بوو وامان گیڕایەوە:

لە بازاڕەوە دەگەڕاینەوە، ماندوو بووین، پشوومان دا..

باوەڕیان نەدەکرد، هەڕەشەیان کرد، ترسی گەورەیان نیشان داین... بەڵام ترس وای لێنەکردین درۆ بکەین، چیمان گوتبوو هەر ئەوەمان دەگۆتەوە، دوای هێشتنەوەیەکی باش، بەرەڵڵایان کردین، گوتیان:

((جارێکیدی لە بن ئەو دارە و شوێنی ئەوهاتان نەبینینەوە..))

هەتا ماوەیەکی زۆر نەك هەر دارەکە شەقامەکەش منی نەدیتەوە..

گەیشتینە بازگەی دەو زێ، نازانم دڵم لە چەندی لێیدەدا، کە چەکداری بازگەکە لە لای شوفێرەوە سەری بە ژوورێدا کرد، برنەوەکەم خستە پەناوە، بۆ؟! لە جێی خۆم وشك بووم، گوتم، تەواو.. تاهوو، وەھ، برادەری شوفێرە جاشە خانەخوێکەمان بوو، جگەرەیان پێشکەشی یەك دەکرد.. لە سەر ئاوێ دابەزین، سواری بەلەم بووین، ماڵئاواییەکی زۆر گەرممان لە جاشەکە کرد.. لەو بەر جاشێکیدی، ناوەڵڵا دوو چاوەڕوانیان دەکردین، سواری قەمەرەیەك بووین، بڕۆ بڕۆ، بە ڕێی خۆڵدا تۆزێ بکە، گەیشتینە گوندێك لە بن چیا، لە ماڵێکی لاپەڕگە دابەزین، دیار بوو نەیاندەویست کەس بمانبینن، نیوەڕۆیە ئەو ماڵەش جاش بوون، خواردنێکی باشیان داینێ، زۆر خزمەتیان کردین، ئێرە هەر دەڤەری سورچیاتیە واتە لە دەستی جاشێکی سورچی بۆ دەستی جاشێکی سورچی، تا ئێوارێ لەوێ ماینەوە، سەرم نایە بن گوێی سوورە:

+ بە من ناڵێی کەنگی لە ئاقاری جاشان دەردەچین؟

- هێشتا مایە، دوعا بکە هەر دەرنەچین، لەو لا ئەو خواردنە خۆشە هەیە! کوڕە ترست نەبێت، ئەوانەی ئێمە دەستاودەست دەکەن هەر بە ناو جاشن، دەنا لە خۆمانن...

ترسم نەمابوو، خەویشم دەهات، راکشام ، لەگەڵ برنۆ نووستم، وەختی رۆژئاوابوون بە ئاگایان هێنام نانمان خوارد و بەڕێکەوتین، جاشەکەش لەگەڵمان هات، لە بەرزاییەکە

سەرکەوتین و شۆڕ بووینەوە، بڕۆ بڕۆ، تووشی چەند ماڵێك بووین، ئـەوانیش جـاش بـوون، سوورە سەبرۆکە بە منی گۆت:

ئاقاری جاشان لە پشت ئەو ماڵانەوە کۆتایی دێت..

شەوەکەی لەوێ ماینەوە، هێشتا رۆژ لە هیچ جێیەکی چیا هەڵنـەهاتبوو، بـە چیای کۆرس هەڵگەڕاین، ئۆخەیش خـۆ لـە مەملەکـەتی جاشـان دەرچووین، گەیشـتینە چیای پێرسیش، لە پشووێکدا نیشانەیەکم دانایەوە، بەردێکی رەش، زۆر گەورە نەبوو، تـەواوێك دووریش، هاویشتمێ، ئاگرم لـە بـەرد بـەردا، زۆر کـەیفم پێهـات، چـوومە سـەری، بـەرد قرنجانێکی جوان قرنجا بوو، ئەوە سێیەم تەقەی من بوو، لە دووەکەیدی پتر چـێژم لـەوەیان وەرگرت، رەنگـە ئـەوە دوا تەقـە بووبێـت کـە چـێژی بـە مـن بەخشـی بێـت، راسـتی لـە چیاوچۆلان ژیان لەگەڵ برنۆ خۆشە، ئێستاش بۆم بلوێ ساڵی چەند هەفتەیەك برنۆ لە شان دەکەم و دەچمەوە چیا، دیارە جگە لە مار تەقـە لـە هـیچ گیانلەبـەرێك ناکـەم، بـۆ خـۆم نیشانان دادەنێمەوە و فیشەکان دەهاوێم، حەزدەکەم نیشانەکەش جگەرە بێت..

تا لە پێرسەوە دەگەیتە گارە چەند گوند داتدەکات، چـەند کـانی ئـاوت دەدات، چـەند جۆگەلەی بەهاری رێت پێدەگرێت، لە ترسی فڕۆکە و کۆپتـەر خۆت دەخەیتە پـەنای چـەند بەردەوە، هێندە سەرهاتەم لە سەرییە، بەڵام کـەم، زۆر کـەم برنـۆ لـەو سـەرهاتانە خـۆی دیاردەخات، بۆیە هەتا گارە راناوەستم، لەوێش دەچمە ئەو بارەگایـەی لـە نزیـك کانیـەك هەڵیدا بوو، خەڵکی گوندی کافێ و یەکماڵـە بـەو کانییـەیان دەگـۆت (کـانی توبـە)، ئـەو دەمەی بۆ یەکەم جار ئاوی کانی توبەمان خواردەوە، وەرزی کەپران بـوو، مـن کـەپرێکی گچکەم لە جێگەیەکی وەها چـێکرد بـە سـەر هـەموو کـەپرەکانی دیـدا دەیڕوانـی، هـەر دەنگی فڕۆکـەش دەهـات یەکسـەر برنـۆم سـوار دەکـرد، بـەڵام وا نەکەوتـەوە بیهاوێژمـە فڕۆکە..

رۆژێك عیسا عەسکەر، کە عیساییەکی خەڵکی عەنکاوە بـوو، پێدەچـوو لـە هـەموو عێراقیان عێراقیتر بێت، ناوی لە خۆی نابوو خەیری عێراقی، بەڵام کـەم کـەس بـەو نـاوە

بانگیان دەکرد، هاتە بن کەپرێ، ئەو عیسایە بەرپرسی سەربازیی ئەو بارەگایە بوو، برنۆکەی لێوەرگرتم و گفتی دا کە کلاشینکۆفێکی باشم بداتێ، گفتەکەی خۆی بەجێهێنا، بەلاّم من دلّم هەر لە کن برنۆ بوو، لە پاش برنۆ چاوم بە هیچ چەکێك هەلّنەدەهات... چەندی دەمکرد حەزم نەدەچووە کلاشینکۆفێ، زۆرم خەم بۆ برنۆ خوارد، رەنگە بابیشم کە بە برنۆکەی نەکەوتەوە هەر هێندەی من خەفەتی خواردبێت، لەوێ برِیارم دا هەر کاتێك بابم دیتەوە، سەر هاتی برنۆکەی خۆمی بۆ بگێرمەوە.

رۆژێك ئەو عیسایە هەر سێکمانی بردە دووری بارەگا تا هەندێك مەشقی چەکمان پێبکات، لە بیرمە بەر لەوەی بۆ بارەگا بگەرێینەوە نیشانەمان دانایەوە، من لە هەموان جوانتر هاویشتمە نیشانێ، خەیری عێراقی گۆتی:

+ وا دیارە تۆ زۆرت تەقە کردووە و زۆرت نیشانە داناوەتەوە..

- لە تەمەنی خۆم سێ فیشەکم هاویشتووە، ئەویش بەو برنۆیەی تۆ لێت وەرگرتمەوە، دوویانم هاویشتە فرِۆکە، سێیەمیان بۆ بەردێکی رەش

+ ئەو دەست و نیشانەیە هی دوو سێ فیشەك نیە..

- جاشەکەش باوەرِی نەدەکرد تەقەم نەکردووە..

+ جاشەکە کێیە؟

_ لەوەی تەنیشتت بپرسە..

ئێستا هەر لێرە دەبێ هەنگوین و ژەهرەکە تامبکەم، بەلاّم بەر لەوە هەوالێکی لە ژەهر تالّترم پێیە، نازانم سالّی چەند ولە کوێی سالّ و لە کوێی ئەو جێگەیەی کە کانەبیی گچکە بە گووی سەی بانگی کردم و برنەوێکی دامێ، خەریکی خاوێنکردنەوەی کلاشینکۆفەکەم بووم، هەوالێکی تیژ هات تیژتر لە گوللەی برنۆ بە بن گوێمدا گڤەی کرد، کلاشینکۆفەکەم بە پیسی کردەوە شانم و یەك پێ بە دووی هەوالّەکە کەوتم:

دەستی غەدر و خیانەت گەیشتە گیانی کانەبی گچکە

پێشمەرگەیەك نازانم کێ شینەی دەڵێنێ، دەستی لەگەڵ حکومەت تێکەڵ کردووە، دەڵێتە حکومەت:

چت لۆ بینم بە دیاری؟

حکومەت دەڵێتە شینە:

ئەوجارە سەری کانەبی گچکەم دەوێ؟

شینە لە وەڵامدا دەڵێ:

لەوە ئاسانتر نیە، چونکە زۆر برادەرمە، تفەنگی لە سەر سەری رابگرم هەر وا دەزانی گاڵتەی لەگەڵ دەکەم و دەڵێ: گووی سەی، لایدە، ئەوە گووی گەمان نیە.

چۆنیەتی کوشتنەکەش چیرۆکێکە دەڵێن شینە بۆ کەسی نەگێڕاوەتەوە.

بە بیستنی مەرگی کانەبی گچکە دڵم تەپ تەپ بۆ برنۆ لێیدەدا و گوتە ترسناکەکەی سوورەم بیرکەوتەوە ئەوەی لە بارەی برنۆوە کردی..

پێکەنینێ ژەهر

پێکەنینێ هەنگوین

دێرەش لەوەتەی هەیە خۆی لە بن گەردنی گارە شاردۆتەوە، تا دەیبینیەوە دەبێت پرسیارلە چەندان نیشانەی عەردی و ئاسمانی بکەیت، تا دەیگەیتێ سەدان هەوراز و نشێو بەرز و نزمت دەکەنەوە، هەزاران بنە دار و تیشە بەرد دێنە ریت، دەیان جۆگەلە و چەم ریت پێدەگرن، خۆ ئەگەر لە زستانێ رێت بە رێی دێرەش بکەوێت، بەفر کارێکت پێدەکات، خۆزگە بە برایمی مەلا زێندینان بخوازیت، زستانی دێرەش

زستانێکه له زستانی هەموو جێیان سپیتر، لە هی هەموو جێیان ساردتر، ئەو رووسیا و سیبیریایەی یەکەمیان لە سپێتی و ساردی دووەمیان لە ساردی و ساردی لە کتێبان خوێندوومانەتەوە، سپیاتیی و ساردیی خۆیان دوو قاتیدیش سپی و ساردتر بکەنەوە، ناگەنە سپیاتی و ساردیی دێرەشی گارە، شەوانی زستانی دێرەش قەت تاریکایی بە خۆیەوە نەدیتووە، هەمیشە رووناك رووناك وەك چراخان رووناك،.. جگە لە زستانەکەی بەهاری دێرەشیشم دیتووە، بەلاّم کاری رێککەوت وا نەکەوتەوە پایز و هاوینەکەی ببینم، بەهاری دێرەش بەهارێکە هیچ کوێستانیٚ لە هیچ وەرزیٚ لە وەرزە کەسکەکانی خۆی ئەو کەسکاییەی نەپۆشیوە کە دێرەش لە بەهاراندا دەیپۆشیٚ، هیچ کوێستانیٚ ئەو تەڕییەی بە گیانی کۆچەرییان نەپژاندووە کە بەهاری دێرەش چۆڕ چۆڕ رژاندوویەتیە گیانی منەوە و تا ئێستاش دوای رەتبوون بەو هەموو وشك و برینگیەی ژیان هێشتا بەهاری دێرەش لە گیانی من هەر تەڕە و چکی نەکردووە..

ئومێد، تاقانە براکەی حەفت خوشکان لە بیرمە لە بارەی دێرەشەوە دنیایەك قسەی لە زاری بوو، جارێك هێشتا من دێرەشم نەدیتبوو، ناویشیم نەبیستبوو، بە وشەی کوردی بەلاّم بە گرامەری نازانم چ زمانێك، عەرەبیش نەبوو، گوتی:

((گوند، جوانترین لە دنیا، دێرەش، بەهار دێرەش جوان لە زستان، زستان جوانتر لە بەهار، هەموو جوان،هاوین، بایز، سپی لە کەسك جوان، کەسك سپیتر..))

ئومێد بە عەشق عەشقی وەرزەکانی دێرەش بوو، لە هەر کات و جێگەیەك جوانیی جێیان بهاتایەتە ناو قسانەوە، ئومێد یەکسەر چوار وەرزەی دێرەشی دەکردە بووکی قسان و جوانیی دێرەش نموودی جوانیی هەموو جێیانی دەبرد، لە بیرمە (ئەبوو)یەکی کورد ناوەکەی وا لە سەر زارمە، قسەی هێنابووە سەر بەهاری گوندێکی رووسی، دیاربوو خراپ کەوتبووە ژێر کاریگەریی جوانیی گوندەکە و دەیویست هەرچی وشەی جوانی هەیە بۆ نیشاندانی گوند لە شێوەی شنەبای بەهاری

ئەویَ بە گوێماندا بپژێنیَ، کەچی چەندی دەیکرد ئەو شنەبای وشەیە لە زارییەوە هەڵێنەدەکرد، ئومێد لەوە یارمەتی دا. گوتی:

((گول(بڵێ) وەك دێرەش..))

زوو تێگەیشتم کە ئەو ئەبووەی جوانیی گوندەکەی روسیا لێیدابوو بە هۆی کچە رووسیەکەوە بوو، بەلاّم لە جوانیی دێرەشەکەی ئومێد چەندی گەڕام چ کچم نەدیتەوە، دووریش نیە کچە لە پێکەنینەکەی ئومێد خۆی شاردبووبێتەوە و نەهاتبێتە نیگای منەوە، جارێك لێیم پرسی:

هەبیَ نەبیَ لەو دێرەشە کچێکی چاو بەهاری و روومەت بەفری هەیە، وا نیە؟

پێکەنینێك پێکەنی، دێرەش و کچ و پرسیاری لە بیرمبردەوە، ئای ئومێد چ پێکەنینێکی ناسك و شیرینی هەبوو، لە ساتی ناشتنی ئازیزانیش لەو پێکەنینە زویر نەدەبوویت، حاجی جەمالێك هەبوو ساڵی چەند رۆژێك زۆر بە جوانی لە جوانی دەدوا، رۆژێك لەو رۆژە جوانانەی ساڵ رایەڵی جوانیی گەیاندەوە پێکەنینەکەی ئومێد و گوتی:

((خودا هەندیَ جار ئیشی زۆر لەجیَ دەکا، باش نەبوو ئەو ئومێدەی بەو پێکەنینەوە بە کچی نەهێنایە ناومان، دەنا هەمووومان لەو دۆڵە شێت و سەرگەردان دەسووڕاینەوە.))

ئەو دۆڵەی حاجی جەمالی چەند رۆژێك جوانناس لێیەوە عەشقی خۆی بۆ پێکەنینەکەی ئومێد دەربڕی، کانیەکی جوان وەك پێکەنینەکەی ئومێد جوانی هەبوو، ئاوێکی لەبەر دەڕۆیشت دەتگوت پێکەنینەکەی ئومێدە ، کانی بە (کانی توبە) ناسرابوو، کەوتبووە نێوان گوندی کافیَ و یەکماڵە، لە یەکماڵەوەش دەبوایە چەند دەمژمێرێك بڕۆی یالا دەگەیشتیە دێرەشی ئومێد.. من درەنگانی بەهارێك ئومێد و کانی توبەم بە یەکەوە ناسی، لە تەنیشت یەکەوەم ناسین، بەلاّم ئەوە دێرەشی سپیە بە درێژایی ئەو هەموو وەرزە سپی و زەرد و سەوز و رەشە ئومێدی بە سەوزی

و ئـاوداری لـە یادەوەریمـدا هێشـتۆتەوە، ئومێدیشـە دێرەشـی بـە کراسـی سـپیی بووکێنیەوە لە ناو بینایيمدا داینیشاندووە و تەمـەنێك لـە دووکـەڵ بـزری ناکـات... دوای ئەو هەمـوو ساڵە ئەوەتە ئومێد بەو پێکەنینەی کە لە هی کـەس نەدەچـوو، لـە ناو دنیایەك پێکەنین دەناسـرایەوە، دێ و دەسـتم دەگـرێ و دەمباتـەوە کـانی توبـەی یەکتر ناسین و لەوێوە بۆ دێرەشی سپی و پەڕینـەوە بـە جـادەی مـەرگ و گەیشـتن بـە (زارگەلی)ی پشوو، بڕۆ بڕۆ تا دەگەیتە ئەو چیایانەی کە جەندرمـەی تـورك دەهاتنـە ناو دووربینەوە.

هەر وا دەزانم دوێنێیە دارەڕای کەپرم دەکرد، لـە کـەپرە تەواونەکراوەکـەی (ئـەبوو دڵشاد)یشەوە محەمەد جەزا تێیهـەڵکردبووە گـۆرانی، وا دەزانم ئێسـتایە گۆرانییەکـە شیعری هێمن بوو ئەوەی دەڵێ:

((لێرەش لە نێو ئەو لێڕ و شاخ و بەردە
لێرەش لەگەڵ ئەو هەموو داخ و دەردە
....
لێرەش لە نێو زەبر و زەنگی زاڵمدا
لە نێو ساچمە و دووکەڵی ناپاڵمدا
....
لێرەش لە نێو شەپۆلی خوێن و کەفدا
لێرەش لە نێو مەتەریزی شەرەفدا
خۆشەویستم، لە بیرمناچی تاوێ
دەمفرێنێ باڵی خەیاڵم تا وێ))

ئەبوو دڵشاد شەو و ڕۆژ ئـەو گۆرانییـەی لێـدەدا، زیندانییـەك نـاوی ئەحمـەد بـوو دەیگۆت بە ئەبوو دڵشادی دەگۆت:

((پارەی تۆ هەر بۆ پاترییە..))

چەند جارێك بە چاوی خۆم چاوی پڕ لە فرمێسکی ئەبوو دڵشادم دیوە، بە دیار ئەو گۆرانیــەوە ورد ورد فرمێســکی هەڵدەوەرانــد، گۆرانیەکــە چــەندان جــار منیشــی گریاندووە، جا کێی نەگریاندووە! بەردی دەخستە باری سۆزەوە، ئێ، لەو ساتانەی کـە من سەرگەرمی دارەڕا بووم و کەوتبوومە ناو گۆرانیەکەشەوە، حەمە جـەزا گـۆرانیی دەگوت، ئەبوو دڵشادیش رەنگە لەو ساتە فرمێسکی باراندبێت، پێکەنینێ لە کـاری کردم و لە گۆرانییەکەشی هێنامە دەرێ، کەس نیە گوێی لە چەندان پێکەنینی ناسك و خۆش نەبووبێت، منیش وەك تـۆ و ئـەو خەڵکـە، بـەڵام ئـەو پێکەنینـە جیایـە لـە هەموو ئەو پێکەنینانەی بیستبووم و دواتـریش بیسـتمن و ئێسـتاش دەیانبیسـتم... زوو بووە برادەرم.

ئومێد دەموچـاوی هەمیشـە لـە بـاری پێکەنینـدا بـوو، هەمیشـە ئامـادەبوو بـۆ پێکەنین، چەندی تەماشـام دەکـرد لـە سـیمایدا منـداڵێکم دەدیتـەوە، ئـەو کـوڕە لـە سیمایدا منداڵیی وەك خۆی هێشتبۆوە و گەورەی نەکردبوو، سمێڵەکەشی لەدەسـتکرد دەچـوو، خوێنــەر بــوو، زۆری دەخوێنــدەوە، زۆر حــەزی لــە گــەڕان بــوو، ئەگــەر بڵــێم گەڕۆکترین پێشمەرگە بوو مەڵێن درۆیە، بە بەرپرسی بارەگای گۆتبوو:

هەر دەرچوونێك هەبوو، من یەکەم کەسم..

دەیانگۆت گۆتبووی:

حەفتەیەك لە سەر یەك لە بارەگایەك بمێنمەوە گوللەیەك دەنێم بە خۆمەوە.

هەر چەندە خەڵکی بارەگای کانی توبە بوو، بەڵام کەم بـەوێ دەکەوتـەوە، کـەمان دەدیت، هەر جارێکیش بهاتایەتەوە چـەند کتێبێکـی دەهێنـا، لـە بارەگاکانیدیکـەوە دەیهێنا، چەندان جار کتێبی بۆ من هێناوە، ئەو کتێبگێڕە لە نێوان بارەگاکان کتێبی دەگێڕا، ئەگەر کتێبێکی دیاریکراو تەنها لە یەك بارەگا هەبایە، ئەو کتێبە لـە رێـی ئــەو ئومێــدەوە دەگەیشــتە هــەموو بارەگاکانیــدی، هــیچ خوێنــەرێك لێــی بــێ بــەش نەدەبوو، کۆڵەپشتەکەی ئومێد هەمیشە پڕ لە کتێب بوو، ئـەو کۆڵەپشـتەی هـەموو

گارە و دەڤەری گارە، هەموو مەتین و دەڤەری مەتین، هەموو خواکورك و ... هەموو چیاو چۆلی بادینانی دەكرد و لە پڕ دەگەیشتەوە كانی توبە و لە پێش هەمووان لە پێش من دەكرایەوە و بە دڵی خۆم كتێبم هەڵدەبژارد، جارێك رستەیەكی گوت، ئێستاشی لەگەڵ بێت ئازارم دەدات:

((وا بزانم تۆ منت هەر بۆ كتێب دەوێت!))

ناهەقی نەبوو ئەو قسەیە بكات، ئاخر هەر دەگەیشتەوە بارەگا، هێشتا ماندوێتی نەحەسابۆوە، من پرسیاری كتێبم لێیدەكرد... زۆر قسەی ئومێد تا ئێستاش بە ئاوازەی خۆیەوە لە گوێمن و ناوە ناوە بە هۆی تەلی یادێكەوە دەزرینگێنەوە، پێش نیوەڕۆ بوو یەكێك لە زیندانیەكان وا بزانم حەمە ئەبوو شواربیان دەگوتیێ، لە كاتی ئێشكگریی ئومێد لە نزیك تەندوورەكە خەریكی دارشكاندن بوو، دەنگی تەورەكەی شاخە و شاخ دەڕۆیشت، دووكەڵی تەندوور گەیشتبووە ئاسمانێ و ئەبوو دڵشادیش هاواری لێ هەستابوو:

((زوو ئەو دووكڵە تەواوكەن، نەوەك فڕۆكە...))

لەو كاتە دووكەڵاوی و تەوراوییە ئومێد بە كوردیە دووكەڵاوییەكەی گۆتی:

- دەزانی شەرم دەكەم ئێشكگری لەو پیاوە بگرم!

+ بۆچی؟

- تۆ نایناسی، ئەوە ئازاترین پێشمەرگە بوو، ئێستاش مەبەستی بێت، زیندان دەشكێنێ و دە چەك بەدەستی وەك من و تۆ قۆڵبەست دەكا..

+ لە سەر چی گیراوە؟

- وا بزانم هیچی لە سەر ساخ نەبۆتەوە، نازانم بۆ بەرەڵڵای ناكەن!

بەر لەو قسەیەی ئومێدیش ئەو پیاوە زیندانییە سەرنجی منی راكێشابوو، بە تایبەتی رۆیشتن و سەرهەڵبڕینەكەی، ئەو كاتانەی دەرگای زیندانیان لێدەكردەوە و دەهاتە دەرێ و رێیدەكرد، دەتگوت سەركردەی سەركردانە و كەس باوەڕی نەدەكرد

ئەو پیاوە زینـدانی بێـت، بـەردەوامیش بـە بەرزاییـدا دەیڕوانـی، چاوی لـە لووتکـە بەرزەکان نەدەکردەوە، جارێك نەمدیت سەر نـەوی بکـات و تەماشـای عـەرد بکـات، هـەتا لـە کـاتی دارشـکاندنیش هـەر چـاوی لـە ئاسمـانێ بـوو، پیـاوێکی ئاسمـانی هەڵکەوتبوو، رێك لە هەڵۆی شاخان دەچوو، دەتگوت بۆ خاترانەش ئاشنایەتی لەگەڵ زەوی نیە، دەستێکی هەر بە سمێڵییەوە بوو، لێینەدەبۆوە، سمێڵیش چ سمێـڵ! بـە قـەد سێ سمێڵی مەکسیم گۆرگی دەبوو، زۆر جار لە کاتی دارشکاندنیش دەستی لە سمێڵـی نەدەکردەوە، بـە یـەك دەسـت تـەوری رادەوەشـاند، ئـەو پیـاوە کەڵەگەتـە زۆر بـەهێز دیاربوو، بە دەستێك چواری وەکو منی تێهەڵدەدا... من رۆژ بـەرۆژ خەفـەتم بـۆ ئـەو پیاوە زیندانیە دەخوارد، خەفەتم بۆ ئەو ئەسپە سەرکێشە! دەخوارد، هـەر بـە راسـتی هەندێ جار لە دیدی منەوە حەمـە زینـدانی لـە شـێوەی ئەسـپێکی سـەرکێش خـۆی نمایشدەکرد، ئەسپێکی کێوی، ئەسپێکی یـاخی، ئەسـپێکی بـە فـرت و فێـڵ گـیراو، پیاوێك بوو گران، زۆر گران، زۆر جیا بوو لە بەندیەکانیـدی، ئـەودەمانێ لـەوێ چـوار پێنج بەندی هەبوون، ئەحمەد عەوێنە، ئەبوو جەمیل، زەردە.. ئەو ئەسپە یاخییە ئەو هەڵۆ شاخییە، بڕیاریدابوو دەسـتەمۆ نـەبێت، دەسـتەمۆ نـەبوو، زینـدان دەسـتەمۆی نەکرد، لە کەس نەدەترسـا، منەتیشـی بـە کـەس نـەبوو، تـا سـێ جاریش سـەلامت لێینەکردایـە سـەلامێکی لێنـەدەکردی.. وای لێهـات مـن شـەرمم لێیـدەکرد، لـە ساتەکانی ئێشکگریم ئەگەر ئەو لە دەرێ با، نەمدەهێشت بە تفەنگـەوە بمبـینێ، وام نـەدەکرد هەسـتبکات چـاودێریی ئـەو دەکـەم.. لـە بیرمـە ئـەو رۆژەی ئازادیـانکرد تووڕەیی لێدەباری، هێندەم گوێ لێبوو:

ئیدی تەواو، با وا بێت.. ئەگەر خیانەتم کردبا، وا نەدەبوو، قەیناکە..

لە بیرمە مەلا جەلال کە خەنافسی نزیك سمێڵە گەورەکانی کەوتبوونـەوە، بـرادەری کۆنی حەمەش بوو، گۆتیە حەمە:

حەمە، ئەها حزب دڵی چەند فراوانە، مەمنوونی بە، وا ئازادی کردی..

وەڵاّمی حەمە چ بێت باشە! هیچی نەگۆت، بەڵاّم پێکـەنینێکی هێنـد تـاڵی بـۆی کرد، هیچ جیاوازی نەبوو لەگەڵ جڕت..

بـێ مـاڵاّوایی بارەگـای بەجێهێشـت، لـە چـاو ترووکانێـك گەیشـتە سـەر ئـەو بەرزاییەی کە لێیەوە بارەگا بزر دەبوو، بە دیاردەکـەوت، زەردەشـی لەگـەڵ بـوو، بـە فڕین فڕیبوون، حەمە دەتگوت هەڵۆیە و زەردەی چۆلەکەشی بە دواوە، حەمـە ئـەبوو شوارب ڕۆیشت بارەگای زیندانیی جێهێشت.. وا بزانم کەس هێندەی من و ئومێد بـە ئازادبوونی ئەو پیاوە هەڵۆییە ئەو پیاوە ئەسپییە دڵخۆش نـەبوون، ئەوەشـم لـە بـیرە هێشتا هەڵۆ و چۆلەکەکە هەر لە ئاقاری کـانی توبـە و کـافێ بـوون، دوو سـێ فڕۆکـە گەیشتن، وا بزانم ئەو فرۆکانە پیلاتۆزیان دەگۆتنێ و مەشقکاریان لە سەر بۆردومان و کوشتار دەکرد، مەلا جەلال بە پێکەنینەوە گۆتی:

((خۆ بشارنەوە، حەمە فرۆکەی بە سەرمان وەرکرد..))

مـەلا جـەلال وەك پیشـەی هەمیشـەیی خـۆی، خـۆی گەیانـدە بـن تیشـە بـەردە گەورەکە، تیشە بەردێك لە قەدپاڵە سەختەکە لە باوەشی سێ دار بەڕووی سەر قژنەوە ملەقوتێی لەگەڵ ئاسمان دەکرد، ئـەو تیشـە بـەردە بـە هـەر سـێ دار بەڕووەکەشـەوە مولکی مەلا جەلال بوون، زۆر جار دەیگوت:

((لە دنیایێ پیاو هێندەشی هەبێت باشە..))

مەلا جەلال لەگەڵ دەنگی فرۆکە دەگەیشتە تیشە بەردەکە و ئالیاری رادیۆ گچکە درێژکۆلەکەی بەرزدەکردەوە و دەیخستە سەر شـەپۆلی (f m)، گـوێی بـۆ قسـە و باسی ناو فڕۆکە هەڵدەخست، هەندێك جار منیش لێی نزیـك دەکەوتـمەوە و پێکـەوەو گوێمـان دەدایـێ، باسوخواسـەکانیش کـە بـە عـەرەبی بـوون لـە چـەند رسـتەیەك دەخولانەوە:

((لێیده.. چ نـابینم.. قەیناکـە بیهاوێـژە.. چـۆڵەوانیە... وا بـزانم ئاژەڵـە، لێـدە دەست مەپارێزە..))

حەمە و زەردە ئازادبوون، ئەحمەد عەوێنە و ئەبوو جەمیل و... مانەوە، قوڕگیـان پڕ گریانە، گوێم لێبوو ئەحمەد عەوێنە دەیگوت:

حەمە گەلەك ئاوەدان بوو، ئێرەی چۆلکرد.

مەلا جەلال هەڵێدایێ:

پەلەت نەبێت، حزب وەك خوا بە بەزەییە، رۆژێك دێت تۆش ئـازاد بکـات و وەك زەردە و حەمە بە بەر چاومانەوە لەو چیایە ئاو دیو بیت..

ئەحمەد عەوێنە مۆڕەیەکی لێکرد:

قسەی وا مەکە من تا مردن حزب جێناهێلم..

ئومێـدیش گـوێی لـەو مشـتومڕەی نێـوان ئـەو دوو کۆنـە بـرادەرە بـوو، ئـەو دوو برادەرەی ئێستا یەکیان زیندانیە و ئەویدیش ئێشکگری لێدەکات، ئومێد بە هێواشی گۆتیە من:

+ چ پێناچێت، ئەحمەد عەوێنە تاوانبار بێت..

- لە سەر چی گرتوویانە؟

+ بە تەواوی نازانم، بەڵام رەنگە پەیوەندی بە کێشەکەی مەمۆوە هەبێت..

- باشە..

+ واز لەوە بێنە.. چ کتێبکـت لایـە بـۆم بێنـەوە سـبەی دەڕۆم، بـە دێرەشـدا دەڕۆم، رەنگە بچمە..

- کازانتزاکی، هەر رۆمانێکی کازانتزاکی بێت..

+ تۆ نە بە گوللە نـە بـە کیمیـاوی نـامری، بـەڵام رۆژێـك ئـەو کازانتزاکیـە دەتکوژێ..

- ئەدی خۆت بە دەستی مارکیز ناکوژرێی!

ئومێد زۆر عەشقە مارکیز بوو، لە دە قسان دوو قسەی دەبردەوە سەر رۆمانەکانی مارکیز، بە تایبەتیش رۆمانی (خۆشەویستی لە سەردەمی کولێرا)، من ئەو رۆمانەم نەخوێندبۆوە، ئومێد دەیگوت:

هەر خوێنەرێك (خۆشەویستی لە سەردەمی کولێرا) نەخوێنێتەوە خوێنەر نیە.

منیش بە گاڵتەوە دەمگۆت:

من خەریکە رۆمانێکی جوانتر لە (خۆشەویستی لە سەردەمی کولێرا) بنووسم بە ناوی (پێشمەرگایەتی لە سەردەمی خۆشەویستی).

ئومێد گۆتی:

ناونیشانێکی جوانە..

بۆ ئەو گاڵتەیە دەبێت بڵێم، من ئەو کات رۆمانێك یان چیرۆکێکی درێژم بە دەستەوە بوو بەو ناونیشانە، ئەو کارەش هەر لە ژێر کارگەریی قسەیەکی ئومێد بوو، بەڵاّم تەوام نەکرد و بزریشم کرد

ئومێد رۆیشت ، ئومێدی تاقە برای حەفت خوشکان رۆیشت، خۆزگە قەت نەرۆیشتبا، ئەو کاتەی ئومێد رۆیشت، ئاوێنەی یادەوەریم وەرزەکانی تێکەڵاّوی یەکتر نەکردبێت، ساڵ لە کۆتایی هاوین یان سەرەتای پایز ساڵاّیەتی خۆی دەکرد..

تا بە چاوی خۆم بەهار و زستانی دێرەش ئەو دێرەشەی لە دیدی ئومێدەوە جوانترین گوندی دنیایێ بوو، نەبینم و هەندێ دیمەنی ئەو دوو وەرزە نیشان نەدەمەوە، هەواڵی ئومێدم لێمەپرسن..

سەرەتای زستانە پێدەچێت زستانی ئەمساڵ تووشترین زستانی ساڵاّن بێت، دەستەیەکی هەشت نۆ دە کەسین، ئاقاری کانی توبەمان بەجێهێشت، ئێستا پێمان خستە ئاقاری گوندی یەکماڵە، یەکماڵە چەند ماڵێکە، ئەوجارە رووبار رێی نەدا گوێ لە سەربوردەی یەکماڵە بگرم و پێبکەوم ئەو (یەك)ەی ئەو چەند ماڵە لە چیەوە

هاتووە، پیاوێکی گوندی دەیویست یەکماڵەم لە نووکەوە بۆ بگێڕێتەوە، رووبار نەیهێشت، هەورەکان بە ئاماژە رایانگەیاند ئەگەر درەنگتان بەسەر دابێت، رووبار تووڕە دەبێت و بواری فیلیش نادات، جاری پێشی کەساڵ لە نێرینەی بەهارێدا سالاّیەتی خۆی دەکرد رێم بێرە بە یەکماڵەی پڕ سەرهات، یەکماڵەی سەرە رێی دێرەشی ئومێد، کەوت، بەلاّم گوێم بۆ سەرهاتەکانی یەکماڵە رانەگرت، ئەوکات لە گوندەکانی دەڤەری گارە تەنێ دێرەش لە کنە من گوند بوو، لە کنە من ئەو هەقایەتە بوو خۆشتر لە هەقایەتەکانی(مام رەزا) ئەو هەقایەتانەی لە دوای پێنجەمین نوێژەوە دەست بە گێڕانەوەی دەکرا و جاری وا هەبوو دەروێش برایم بە بانگی سپێدە هەموو هەولێری وە ئاگا دێنا کەچی مام رەزا هێشتا نەگەیشتبووە (کلاّشم دڕا هیچم پێنەبڕا)، مام رەزا پیرێکی تەمەن سەد و ئەوەندە ساڵە بوو، لە ریشیدا مووە رەشەکان لە سپییەکان زیاتر بوون، خۆیشی نەیدەزانی چەند ژنی هێناوە، دوا ژنی دەیگوت:

((هێندەی من بزانم حەفتی هێناوە))..

ئەو مام رەزایە دنیا زۆر گەڕا بوو، شار نەبوو چیا نەبوو لە کوردسان نەیدیتبێت، دەیانگۆت یەکەم هەولێری بووە کە پێشمەرگایەتی بۆ شێخ مەحموود کردووە، بە پیری بەرەو پیری کۆماری مەهاباد چووبوو، نەگەیشتبووە سەردەشت هەواڵی رووخانی کۆماری پێگەیشتبوو، دەڵێن گۆتبووی:

((ئیدی بەشداری لە هیچ شۆرشێك ناکەم من سەرە خۆرەم..))

لە بیرمە باشم لە بیرە، هەر ئەو بیرهاتنەوەیەش سەلماندیەوە کە بیری منداڵی زۆر تیژە، مام رەزای سەرەخۆرەی شۆرش جارێك باسی چیای گارەی دەکرد، زۆر سەرسام بوو بە جوانیی گوندێك، ئەو دەم و دواتریش نەمزانی گوندەکە ناوی چی بوو، بەلاّم ئێستا کەوتمە گومانەوە و دەڵێم دوور نیە گوندە جوانەکەی مام رەزاش هەمان گوندەکەی ئومێد بێت، دێرەش ئەو دێرەشەی وا لە پێشمانە و ئەگەر ئەو سەرماو

سـوڵەی زسـتانی گـارە نەمانبەسـتێت و سـەگەنازمان نـەگاتێ، دوای چـەند دەمژمێرێکیدی دەیگەیەنێ..

ئێستا لە بەردەم بەردە کونکراوەکەین، بەردێکی گەورە زۆر گەورە لـە دەو ڕێ بـە تەلانێکەوەو بەشێکی بەدەرەوە بەشەکانیدیکەی لە بن عەردی، دەڵێی لە ترسان خۆی بە گل داپۆشیوە، ئەو بەردە هەڵکۆڵراوە، کونێکی گچکە بـە حـاڵ و بـە هـەزار خـۆ خوارکردنەوە و نووشتانەوە زەلامی پێوە دەچێت، بەڵام کە لە کونەکە دەچیە ژوورەوە فراوان دەبێت، ئەگەر فرۆکە لە ئاسمـان بێـت جێگـەی هـەمووەمانی لێدەبێتـەوە، مـن جاری پێشی ئەو دەمەی دنیا کەسك کەسك دەچۆوە بـە ترسـەوە سـەرم بـەو کونـەدا گرت، تاوێك بوومە مێوانی، ئومێد باسی ئەو کونەشی بۆ من کردبوو، دەیگوت:

((جوانترین کونە فرۆکەی کە من دیتبێتم کونەکەی ڕێگەی دێرەشە))

لەو کونەوە گەیشتمەوە زۆر کونە فرۆکەیدی، زۆر سەرهاتی کونە فرۆکە هاتنـەوە ناو سەرم، منداڵ بووم، هێشتا وێنەی ئەو دارایەم نـەدیتبوو کـە دوو داری دیبـوو، نازانم بۆ تازیمانـە بـوو بـۆ شـایی بـوو، ڕەنگـە هـەر سـەردانێکی ئاسـاییش بووبێـت، چووبووینەوە (تەڕوار)ی بـاپیرم ئـەو گونـدەی وەك دەگێڕنـەوە حـەفت جارچـۆل بـووە، سووتاوە، کاوڵ بووە هیچ جارێکیشیان بـاپیرم بەجێینەهێشـتووە، هـەموو جـارێکیش یەکەم کەس بووە ئاوەدانی کردۆتەوە، لە کـن بـاپیرم تـەڕوار جـوانترین گونـد بـوو لـە دنیاییێ کاتێ وەسفی وەرزەکانی ئەوێی دەکرد دەتگـوت قسـە لـە ڕازانـەوەی بـووکێ دەکات، کەسم نەدیتبوو وەکو بـاپیرم سەرسـام بێـت بـە جـوانیی جێگەیـەك، مەگـەر ئومێد.. ئێ، لەو سەردانەوەیەی گوند لە بیرمە بووە هاتو هاوار و هـەلات هـەلات و تێکهەڵقـژانێك، بڕواناکـەم کـەس کەسـی ناسـیبێتەوە، مـن دایکمـم نەدەناسـیەوە، ئێستاش دەنگی باپیرمم لە گوێیە:

((کونە تەیارە کونە تەیارە، بگەنە کونە تەیارە..))

گوند کەوتبوو دەو کەندێك، ناو کەندێ چەند کونێکی لێبوو، هێندەم زانی مـن وا لە ناو کونێك لەو کونانەم و سەرم لە بن پیلی دایکمە، ئیدی بووە گرم هۆڕ و تـەپ و تۆز، لە کونەکەی تەنیشتمانەوە، هاوار بەرزبۆوە هاوارێك رەنگە ئێستاش لە ئاسمانێ دەنگبداتەوە.. چیە! چ بووە؟! ئەودەم هیچی تێنەگەیشتم، رەنگە ترس نەیهێشتبێت تێبگەم، دواتر لە گێڕانەوەی ئەم و ئەو کە هەزار جاریش پـتر سـەرهاتی هاتوهـاواری کونەکەیان بۆ یەکتر و خەلکیدی دەگێڕایـەوە ئـەوها لـە یادەوەریمدا تۆمـارکرا: دوای ئەوەی هەموویان دەچنە ناو کونەکە مارێکی رەش رەشتر لە کراسەکەی پلکە خەجیج دەفیشکێنێت، فیشکاندنێك رەنگە دەنگی فرۆکەش ترسـی وا نەخاتـە دلـەوە، ئیـدی کوننشینان لە ترسی دەنگی ناو کونێ ترسی دەنگی ئاسمانێ لـە بیردەکـەن، چـەند بـە پڕتاو خۆیان بە کونێدا کرد بە پڕتاوتر لە کونێ هاتنە دەرێ، هەموو بو سەر یـەکتردا بەربوونەوە و دەیانگۆت مندالێك لاقی وردببوو، ئێستا تاقە کەس لـە کـونێ و لـە کنە ماری رەش مابێتەوە پلکە خەجیجـە، ئـەوەش لـە ئازایـەتی نـەبوو، کـەم کـەس هەبوو هێندەی وی لە مـار بترسـێ، بـەلام کەسـیش نـەبوو وەك وی زراوی لـە فڕۆکـە چووبێت، کوڕەکەی بانگی کردبوو:

دایە، وەرە دەرێ، با پێوەت نەدا.

پلکە خەجیج گۆتبووی:

کوڕم لێمگەڕێ، مار بمخوا خۆشترە لەوەی تەیارە بمسووتێنێ.

ئومێـدیش سـەرهاتێکی وەك ئـەوەی پلکـە خـەجیجی هەیـە، ئومێـد وای بـۆم گێڕایەوە: ((لە چیای شیرین بە دیوی بارزان لە پڕدا چەند کۆپتەرێکمان لێ پەیدا بوو، خۆم هاویشتە بن کەڤرێکی بە پووش و پەلاش داپۆشراو، وەی وەی! هەر لە بن گوێم مار فیشکاندی، بەلام دانم بە خۆمدا گرت و بەردم بەجێنەهێشت و لە دلی خۆم گۆتم: پێکهاتن و بـەرە لەگـەل مـار دەکـرێ بکـرێ، بـەلام لەگـەل بـەعس و فڕۆکـەکانی ئەستەمە..

هێشتا نەگەیشتبووینە ئەو پێچەی کە لە ڕۆیشتنێ کونە فرۆکەکـە بزردەبـوو، لـە هاتنەوەش دەهاتەوە ناو چاوت، سرووشت ئاگاداری کردینەوە کە هەورە بەفرییەکە لە سەر داکردنە، ئاگادارکردنەوەکەش بە هۆی کزە بایەکی بـەفری بـوو.. ئێسـتا لـە بـن پرووشەی بەفرێ تاوێ بە ئاراستەی بـا تـاوێ دژە بـا ئـەو هـەوراز و نشـێو و پـێچ و رووبارانە دەبڕین کە دوای چـەند دەمژمێرێکـدی رەنگـە بمانگەیەنێنـە دێـرەش، ئـەو دێرەشەی تا ئێستا لە خەیاڵی من کەسکپۆشە، بەهاری چـووی بـە کەسـکایەتیەکەدا چـووم و هـەر بـە کەسـکایەتیەکەیدا هاتمـەوە، بـەفر بـەفر، بـەفر، دنیـای سـپی کـرد بـەفر، پێشمەرگەی سپیپۆش کرد بەفر، دەبێت دێرەشی لە چی هەڵکێشـابێت بـەفر! لـە نـاو پێشمەرگان ئەو کوڕەی قاسم مەهابادی ناوە لە چاوی مـن لـە هـەمووان بـەفراویترە، وەك بڵێی پیاوێکە لە نسێ و پتر بەفر دەگـرێ، ردێـنی کـە لـەکاتی نـانخواردنێ ڕێـك دەگاتە سەر ناوکی، ئێستا لە درەختێکی سەرقژنی ژنانی پتر بەفری گرتووە..

ئێستا بە دۆڵێکدا کە هێمنترین رووباری لە خـۆ گرتـووە، ڕێدەکـەین، رەنگـە بـە پێچترین دۆڵی دنیا بێت، نـاژمێردرێ چـەند جـار لـە رووبارەکـە دوور دەکەوینـەوە و دێینەوە سەری، لە بیریشم نیە چەند جار لە رووباری لە هەنـدێ جـێ نـاو بـەفر و لـە هەندێ جێش بن بەفر پەڕینەوە و ئەو بەر و ئەو بەرمان کـرد، ئـەو بازبازێنـە هەنـدێ کەڕەت بە سەر کۆلکە داری گەورە کە جێدەستی گارەنشینانی پێوە دیار بوو، هەندێ کەڕەتیش بە سەر ئەو کەڤرانەی لە ناو ئاو خەوتبوون و شان و ملیان بە دەرەوە بـوو، بـەهاری چـووی زۆر لـەو بـەردە خەوتووانـە لـە بـن ئـاو هەناسـەیان دەدا، هەنـدێك دەیـانگوت دانـانی ئـەو بەردەبازانـە لـەو جێگانـە بـە هـەرەوەزی بـووە، هـەرەوەزی سرووشت و گارەنشـینان، هەنـدێ کـەڕەتیش بـە بـازدان چـە پ و راسـتی رووبارمـان دەکرد، لەو شوێنانە کەناری چەپ و کەناری راست وەك بڵێی بەزەییان بە مرۆڤـدا بـە پێشمەرگەدا هاتبێتەوە، لێکدی نزیك دەکەوتنەوە..

بەفر، بەفر، سپی سپی، تا دێ ڕێگەوبان سپیتر دەبێ، پێشمەرگە سپیتر، لە چاوی ئێستاوە چەند جوانە ئەو ساتانەی دنیا لە بەفر دەگیرێ، تا دێ کەنارلێکدی نزیک دەبنەوە، کەناری سپی، کەناری بەفری، بەلاَم ئەو لێکنزیبوونەوەی کەنار پەڕینەوە لە رووبار زەحمەتتر دەکات، چ لەوە جوانترە کاتێ دوو کەنار بە یارمەتی بەفر خەریکە وەك عاشقە و ماشووقە تێکەڵی یەکدی بن! چی لەوەش ترسناکترە رێی تۆ بچێتەوە سەر ئەو تێکەڵبوونە! لەو ساتانەیە جوانییە ترسناکەکان خۆ نمایش دەکەن.. خوا نەکەردە ئەگەر دێرەشی ئومێد کەمێك دوورتر با، ئەوا دوور نەبوو جوانیی بەفر بۆ جوانترکردنی خۆی و بۆ بە یەکتر گەیاندنی دوو کەنار تێکەڵی خۆیمان بکات و تا بەهارێ نەبینرێینەوە، تا مردنیش قەرداری قاسمی رۆژهەلاَتیشم، دوو دنکە قەسپەکەی ئەو نەبا، من تیا چووبووم، خەریکبوو دنیای سپی بە رەشی خۆی نیشان بدا و لە رەشیم هەڵکێشێ، لەوێ گرنگیی قەسپم بۆ دەرکەوت، زانیم تامی راستینەی قەسپ چۆنە! لە حیکمتی قەسپ گەیشتم..

چ سپێتیەك دەگاتە ئەو سپێتیەی کە لە دێرەشی سپیەوە دەڕژێتەوە چاوەوە! ئەوەتە دێرەشی سپی، دێرەشی کپ، هەموو رەنگەکان لە سپێتی سپی بوونەتەوە، هەرچی جوولە هەیە لە کپیی دێرەش کپبوونەتەوە، تەنێ خرمە خرمی بەفرە لە بن پێی پێشمەرگە، تەنێ ئەو دووکەڵەیە لە لوولەی سەربانەکانی دێرەشە بە کەلێنی کلووە بەفردا بە ئاسماندا دەچێت، تەنێ ئەو بەفرمالاَنەیە کە لەولاوە لە دەستی چەند پیاوێکی سپیپۆش لە سپێتیدا لە جولانەوەیەکی سپی دایە...

دوو دوو دابەشبووین بە سەر ماڵە سپیەکانی دێرەش، من و جیهاد بەگەڵ یەك کەوتین، کوڕێکی رەقەلە بوو پێدەچوو نەخۆشیەکی هەبێت دەبنێسا و رۆژ بە رۆژ لە کورتی دەدا، جیهاد دنیایەك شیعری عەرەبی لەبەر بوو، سەعدی یوسفی خەتم کردبوو، لە رێ ئەو کاتانەی بەیەکەوە دەڕۆیشتین هێندەی شیعر بۆم خوێندەوە دەتگوت رکابەری هەور دەکات، کەوتبوومە بن بەفر و شیعرەوە... خانەخوێ ژن و

پیاوێکی پیر و دوو کچی عازەب، ژوورێکی سۆبەیی دوو پێشمەرگەی سەرمابردەلەی برسیی لە باوەش گرت، خەریکە خۆ بهاوینە ناو سۆبەوە، سۆبە سووربۆتەوە، نێلە نێلیەتی، لە دەریا تەڕترین، ببینن، چ هەڵمێکمان لێ بەرزدەبێتەوە، ژنەکان چوونە ژوورەکەیدی، نیوە رووتبوونەوەیەك خۆمان رووتکردەوە، جلکەکانمان وشکبوونەوە، یان مەیلەو وشك، هات شلە ساوار بە پیازەوە هات، وەرگەڕاینە سەر ساوار، لەو ساتانە دەبێت خواردنێك هەبێت هێندەی ساوار خۆش و بە تام! ئەدی چایە! جگەرەش لەوێ...

ژوورێکی گەرم لە شەوی سپیی دێرەش، تا ئەو کات جوانترین چاو کە لە چاومدا درەوشابێتەوە چاوی ئەو کچە دێرەشیە بوو کە هەموو جێگەیەکی لە خوشکەکەی دەچوو جگە لە چاوی، لە روومەتیش لەو بەفریتر بوو، چاوی لە چ چاوان نەدەچوو، جوانیی هەموو چاوە جوانەکان لە چاوی ئەو کچە خانەخوێیە دەدرەوشانەوە، من تا گەرمنەبوومەوە تا تێر ساوارم نەخوارد، تا شەش حەوت چام بە سەر ساواردا نەکرد، تا ژوورەکەم بە دووکەڵی جگەرە قانگ نەدا، ئەو چاوە سحراویانەم نەهاتە چاوەوە..لەو شەوە لەو ماڵە دنیایەك باسوخواس هاتە گۆڕێ، بە باسی ئومێدیشەوە، بەڵام بڕواناکەم قسەیەکی ئەوتۆم کردبێت، چاوەکان نەیانهێشت چ بڵێم..ئەو چاوانە چ بوون خودایە! کەسك کەسك لە بەهاری دێرەش کەسکتر، ئەو بەهارەی دیتم و رەنگە چیدی نەیبینمەوە، ئەو بەهارەی ئومێد کوردی و عەرەبیی تێکەڵاو دەکرد هێشتا نەیدەتوانی لچکێك لە کەسکایەتیی نیشانبدات، بەهاری چووی رەنگە ئەو کچەم دیتبێت، رەنگە لە دوورەوە دیتبێتم، نا بڕوا ناکەم چاوم بە چاوی کەوتبێت، ئەو چاوانە هی ئەوە نین تا تەمەنیش تەواو دەبێت لە چاوتدا بکوژێنەوە، چ چرایەکی کەسکە ئەو چاوانە! بەهاری دێرەش لە چاو ئەو چاوانە دەڵێی پایز لێیداوە.. جیهاد جار جارە بە ئاگای دەهێنامەوە، دەستمی دەگرت و لە ناوە چاوەکان دەریدەهێنام، ئا من کەوتبوومە ناو چاوی کچە دێرەشییەکەوە، ئاگام لە خۆم نەمابوو، چاوەکان لە

چاوی جیهادیشیان دابوو، بەلاّم ئەو لە من خۆراگرتر بوو، وەك من نـەبوو هۆشـی لـە دەستنەدابوو، جیهاد بە عـەرەبی گۆتی:

ئاگاداربە، دەنا سەراو سەر دەکەویە ناوی و دەقەومیّ..

بە عـەرەبیەکی دووکەلاّوی وا بزانم گۆتم:

چ بکەم خۆم لە دەستی خۆم نەماوم.

جیهـاد لـە سـەری نەڕۆیشـت، پیاوەکـە زۆر حـەزی دەکـرد لەگـەلّ جیهـاد بـدویّ، کەسیشـیان زمـانی ئەویـدیان نـەدەزانی، بـە ناچـاری دەبـوو کـاری وەرگێـڕان بکـەم، وەرگێڕانێکی چەوت و گێڕ، پیاوە دەیپرسی:

+ عـەرەبیش دەبنە پێشمەرگە! من لەوە تێناگەم.

نازانم پرسیارەکەم چۆن چۆنی بۆ جیهاد کردە عـەرەبی، بەلاّم وەلاّمـەکـەی جیهـادم بۆ خانەخویّ ئەوها کردە کوردی:

- سەدام کارێکی وەهای نەکردووە،وا بە ئاسانی لە شتەکان تێبگەین..

+ باشە ئەوە هی مە دیارە، سەربەخۆییمان دەویّ، حوکمیزاتیمان دەویّ، بـەس بـە من بلّیّ ئەنگۆ چیتان دەویّ.

- هی مەش دیارە دەمانەویّ سەدام برووخیّ

+ ئیّ، ئیّ، ئێمەش دەمانەویّ برووخیّ، قسەی من لەوەیە ئێـوە بۆچـی دەتانـەویّ برووخیّ؟

- چونکە زۆردارە

+ تێگەیشتم..

قسە و باس زۆر کرا، زۆر بابەت هاتنە ناو قسانەوە بە کیمیاییشـەوە، ئـەوەی لـە بیرمە خانەخویّ دەیگوت:

هیچ شتێك کوردی قڕنەکرد بەلاّم ئەو بەلاّیە رەنگە قڕی بکات..

من گوتم:

نا نا ئەوەش قڕی ناکات، هێندە جێی مەترسی نیە..

خانەخویێ گوتی:

تو چ دبێژی برا، نەترسان ل کیمیا کەرایەتییە، خودێ کەرژی ل کیمیا دەترسی..

لە دڵی خۆم گوتم:

بە خودای دیارە من لە کەریش کەرترم.

تیچاوێکم هەر لەسەر چاوە بەهارییەکان بوو، ئەو بەهارەی لە زستانی دێرەشێ لە سەر بەفرێ لە چاوی من کەسك کەسك دەچۆوە، چاوەکان منیان داگیرکردبوو، راستە لەو دانیشتنە ئێوارەییە کاری وەرگێڕان بە من سپاردرابوو، بەڵام هێندە ئاگام لە وان نەبوو، رەنگە زۆر واتام بۆیان لنگاوقووچ کردبێتەوە، ئاخر سەرەڕای بزربوونم لە ناوە چاوە بەهارییەکان، نە عەرەبییەکەم باش بوو نە لە کوردییەکەی خانەخوێش باش تێدەگەیشتم...

چاوەکان ئای چاوەکان! ئێستا هەموو لە شیرنەی خەوێن، دێرەش خەوتووە، تەنها من و سەگەکان بەئاگاین، ئەوان رەنگە بۆنی گورگیان کردبێت بۆیە خەو ناچێتە چاویان، منیش چاوێ خەوی لە چاوم تاراندووە، چاوێك وا لە ژوورەکەی تەنیشتم رەنگە خەوتبێت، ئەو چاوانەی هەر کەسێك بیانبینێ جگە لە جیهاد خەوی لێ تار دەبێت، باشە بۆچی تا ئێستا کەس باسی ئەو کچەی نەکردووە، چۆن ناوی گونداوگوند نەڕۆیشتووە، سەیرە ئومێد چۆن باسی ئەو کچەی بۆ من نەکردووە، نا، هەبێت نەبێت ئومێد بە هۆی ئەو کچەوە دێرەشی خۆشویستووە، ئومێد عاشقی ئەو چاوە بەهارییانە و ئەو روومەتە بەفرییانە بووە، ئەو کچە جوانترین چوار وەرزەی ساڵە...

ئەو بەفرە چی بوو، چی بە من کرد، ئەگەر نەباریبا، ئێمە لە دێرەش نەدەمایینەوە و لە جادە پەریبووینەوە، بەفر نەبا تووشی ئەو چاوانە نەدەبووم، خودایە لە داوی ئەو چاوانەم دەربازکە، ئەو چاوانەی دیوارێکمان بەینە، تاریکیمان بەینە کەچی لە گلۆپە گەشەکانی ئامێدی گەشتر لە چاوم دەدرەوشێنەوە، ئەو ئامێدیەی لەو پێچە

بسوورێیتەوە بە چراخانی دێتە چاوتەوە، ئەو چاوانە چیم بەسەر دێنن، چ کەتنێکیان لە چاودایە ئەو چاوانە! ئەو چاوە کەسکانە، ئەو شەوە لە چاوی من هەموو شتێك بە بەفریشەوە کەسك دەنوێنێ، چ شەوێکی کەسکە ئەو شەوە، چ شەوێکی ترسناکە ، چ شەوێکی ئارامبەخشە ئەو شەوە، ئەگەر بەفر نەبا ئەو شەوە کەسکەم نەدەدیت...رەنگە زۆری نەمابێت بەیان بدات، کاتژمێرەکەشم لە ناو بەفرێ ئاوی دزی و وەستا، نازانم جاری چەندەمینە بێمە دەرێ و تەماشای بەفر بکەم، خانەخوێشم هەراسان کردووە هێندەی دەنگ لە دەرگاوە بێنم، بەوەی باشە ئەو وا تێگەیشتووە کە تووشی سکچوون هاتووم، نازانێ کێشەی من دڵچوونە نەك سکچوون، دێرەش دوو دنیایە، شەوی دێرەش دوو شەوە، دنیای دەرەوە، شەوی دەرەوە سپی سپی، سارد سارد، دنیای ژووری شەوی ژووری کەسك کەسك، گەرم گەرم..ئەو شەوە هەر دەپاڕامەوە نازانم لە کێ دەپاڕامەوە کە خودا لەو کچە بگۆڕێ و بە تی چاوی وەڵامی تی چاوێکی من بداتەوە، دەمویست بە هەر شێوەیەك بێت لەو کچە نزیك بکەومەوە، ئەگەر نەکەوتبمە باری زێدەڕۆییەوە، وا بزانم دوعای ئەوەم دەکرد ئەو شەوە باوکی کچە لە هۆش بچێ و هەتا سبەی بە ئاگانەیەتەوە دایك و خوشکەکەشی لەوە خراپتریان بەسەر بێت بۆ ئەوەی خۆم بگەیەنمە ژوورەکەی،دی ئەو ژوورەی مەستترین چاو، شەڕاویترین چاو، بەهاریترین چاوی لە خەو گرتووە.. نا، پێناچێ لەگەڵ ئەو کچە هیچ بە هیچ بکەم، ئاخر لە ئێوارەکەیەوە تا ماڵنووستنان من چاوم لە چاوی هەڵنەگرت، چ ئاماژەیەکی عەشق نەما بە ئاماژە بایی و بارانیەکانەوە بۆی نەکەم، کەچی لە کنە وی نە با بوو نە باران، ئەو کچەی هەستمدەکرد هەرچی گەرمایی دنیایە لە لەشیدایە، چەند سارد و سڕ بوو لە ئاستی من...

چاوە کەسکەکان خەوتوون، دێرەش خەوتووە، بەفریش خەوت، هەور خەوت، دنیا خەو بردیەوە هەر من و سەگێگ بێدارین و خەو نامانباتەوە، سەگێك پاسەوانی لە

من دەکات، هەر جارێك دەچمە دەرێ حەپەیەك دەکات، من ئەو حەپەیە وا لێك دەدەمەوە کە دەڵێ، سەگەکە بە من دەڵێ:

((مەترسە، تەنیا نیت، من لەگەڵتم..))

باشە من بۆچی هێندە دەرێ و ژووری دەکەم؟ دواتر ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد، ئێستاش وەڵامێکی لەجێم دەستنەکەوت، تۆ بڵێی دەستپێکی عەشق بووبێت!.. لە بیرمە دوعای عاشقانەم دەخوێند و دەمگوت:

تا حەفتەیەکیدی هەر بەفر بێت و لێنەکاتەوە، هەرچی رێگە لە دێرەش دەبێتەوە، هەرچی رێگە لە دێرەش دەکاتەوە بە بەژن بەفری تێکات و رێبەندانێ دنیا بگرێتەوە، بەلکو من لەو ماڵە بمێنمەوە و بە تەواوی لە ناو چاوە کەسکەکان بتوێمەوە..

دەمگوت:

ئێ ئەوە خوایە، دڵی ئەو چاو بەهارییە نەرم بێت و جێیەك لەو بەهاری ژیانە با هێندەی جێپەنجەیەکیش بێت تام بکەم..

ئەو کچە ئومێدییە، ئومێدی لە بیربردمەوە، من دەمگوت بەس بگەمە دێرەش تا سەرێك لە ئومێد نەدەم، سەر بەهیچ کوێیەکدا ناکەم، بیر لە هیچ شتێك ناکەمەوە، جاری چووی لە دەستچوو سەردانی بکەم، ئەگەر چەند خولیایەك، چەند دیمەنێکی ئەو شەوەم نەگێڕمەوە هەست بە هەڵاتن دەکەم، هەڵاتن لە خۆم، هەڵاتن لەو گێڕانەوەیەی کە دەبێت بیگێڕمەوە،...

بە خۆم نەدەوەستام، چووم چووم، چوومە بەر دەرگا، ئێ ئەوە خوایە لە درزی دەرگاوە ببینم، چاو بەهاری لە خەوێدا ببینم، ژوور تاریك بوو، نا کەسك بوو، هیچم نەدیت، دەزانن من چ باوەڕم بەو بێ ئەمەکی و خیانەتە نەبوو کە زۆر قسەی لێوە دەکرا، ئەوەی کە ئەگەر لە ماڵێك مێوان بوویت خزمەتیان کردی ((نابێت، بە خراپ تەماشای کچەکانیان بکەیت!)) خراپ لەو رستەیە لای من رێك واتای عەشق دەدا، بۆیە زۆر ئاساییە، زۆر بە خراپ تەماشای کچان بکەیت، من دەمویست لە درزی

دەرگاوە بە خراپ تەماشای ئەو کچە چاو کەسکە بکەم، ئەو کچەی سەر لە ئێوارە تا ڕۆیشتە ژوورەکەیدی، چاوم لە سەری هەڵنەدەگرت، ئەویش هیچ وەلاّمێکی نەبوو، نە بە خراپ نە بە باش، هەر دەتگوت منی نەدیتووە...

بەفر دەمێکە لێیکردۆتەوە، سپیترین شەو شەوی دێرەشە، کەسکترین شەو شەوی ئەو ژوورەیە کە چاوکەسك لێی خەوتووە، دنیا هەمووی نووستووە، تەنها من و سەگێك بە ئاگاین، من دەڵێی ئەوشەو ئێشکگریی لە دێرەش دەکەم، دەڵێی سەگەکەش ئێشکگری لە من دەکات.. گوێم لە دەنگی دەرگا بوو، لەو کاتە من لە سەر جێگاکەی خۆم جگەرەم دەکێشا، یەکسەر هاتمە لای دەرگا، دوعام کرد چاو کەسك بێت، هەو بوو، شەوی دێرەش رووناکە، کەسکایی دەناسرێتەوە، کچ دەناسرێتەوە، دیار بوو ئیشی سەرئاوی هەبوو، هەر دوو ژوور خەوتبوون، تەنها من و ئەو نەبێت، چوومە دەرێ، لە پێش دەرگای ئەوان، لە بەر بێرابییەکە راوەستام، هاتەوە، نەمکردە نامەردی باوەشم کردەوە، باوەشێك وام هەستکرد جێگەی کۆمەڵێك کچی تێدا دەبۆوە، ئەها ئێستا ئەو کچە بەهاریە لەو شەوە بەفریە، دێتە باوەشم، لەو باوەشگرتنە وەرزەکان تێکەڵدەبن و ئەوەی ناشێت ببێت، دەبێت.... کچە هات هات، ئێستا هەر بستێکی ماوە بگاتە ناو باوەشم، چ روویدا خودایە! خۆی نەوی کرد، بە بن باڵمدا ئاودیوی دەرگا بوو، زۆر بە هێواشیش دەرگاکەی داخست، من هەر لەوێ باوەشم کردۆتەوە، رەنگە ئەو خەویشی لێکەوتبێتەوە، ناتوانم ئەو ساتانەی خۆم بگێڕمەوە، ئیدی نازانم چیم بەسەرداهات، دواتر لەبەر خۆمەوە دەمگوت، ئەو کچە چ کچێکە خودایە، خۆ هەر جونێکیشی نەدا! لەوێ ژان ژاك رۆسۆم بیرکەوتەوە، لە یادەوەریەکانی خوێندبوومەوە، هەر کچێکی ویستبا دەستی دەگەیشتێ، خۆزگە وەك رۆسۆ قۆز دەبووم، ئیدی هاتمەوە ژوورێ ، لە بیرمە گوتم:

سەگەکە بخەوە، منیش دەخەوم..

سەگ زانی درۆدەکەم، من چەند خەوتم ئەویش هێندە... لە هەمووی سەیرتر بەیانی کە هەستاین، کچە لە ئێوارەکەی ئاساییتر بوو، چەندی تەماشام کرد هیچ، هەر هیچ رووینەدابوو، لەبەر خۆمەوە گوتم:

ئەگەر ئەو کچە شێت نەبێت، من لە تەمەنی خۆم لە ژن تێناگەم و تەواو...

هێشتا لە نانی سبەینێ نەبووبووینەوە، باران دایکرد، ئەوجا وەرە لە توانەوەی بەفر وردبەوە، هەستم دەکرد منیش وەك بەفرەکە دەتوێمەوە، زۆری نەبرد دنیا بووە لیتاو، دوای تاوێك باران لێیکردەوە، هەور نەما، ئاسمانێك بە دیارکەوت، روون روون وەك رووی کچە چاو کەسکەکە روون، من ئەو روونبوونەوەیەی ئاسمانم بە دڵ نەبوو، ئەو گۆڕانە کتوپڕەی بە سەر سرووشتی دێرەشدا هات بە دڵم نەبوو، دەمویست پتر لە دێرەش بمێنمەوە، مانەوە لە پێناوی سەردانی ئومێد نا، مانەوە بۆ مەبەستی گەیشتن بە کچە بەهارییەکە، ئەو کچەی دڵنیاش بووم کە نایگەمێ، بەلاّم چ دەکەیت لەگەڵ دڵ، وای دەخواست..

لە دێرەشەوە بە دیوی شۆڕبوونەوەدا شۆڕبووینەوە، ئاسمان روون روون ، ئەوەی نیە هەورە، قەت لە زستانێ ئاسمانی وا روونم نەدیوە، زەویش یەك قوڕولیتەیە، کەر بە کەرایەتیی خۆی، خۆی لێی نادا، بەلاّم پێشمەرگە رێی داگرتووە و دەڕوا، شلپۆهۆڕە، پێڵاو دەڵێی تایەی تراکتۆرە قوڕ دەهاوێ، قاسم وەك چۆن دوێنێ لە هەموومان بەفراویتر بوو، ئەوڕۆش لە هەمووومان قوڕاویترە، ریشی دوێنێ بەفری گرتبوو ئەمڕۆ قوڕ، حەیف! وێنەگرێك نەبوو، وێنەی پێشمەرگەی قوڕاوی بگرێت، لەو رێوبانە ئێمە قوڕاویترین پێشمەرگە بووین.. بڕۆ، بڕۆ، هەر بڕۆ، گەیشتینە رووبارەکە، رووبار چ رووبار! هاشە هاشە، نا، نازانم دەنگی ئەو رووبارە چۆن بوو، لە دەنگی رووبار نەدەچوو، راستی ناونانی دەنگی رووبار کارێکی نەکردەیە، هەر جارەی، یان لە هەر گوێراگرتنێکدا دەنگێك دەدا جیا لەوەی پێشوو، ئێ، لە دەنگ گەڕێ، بیرێك لە پەڕینەوە بکەوە، بەهاری چووی بە سانایی پەڕیمەوە، بەلاّم ئێستا زستانە، دنیایەك

بەفر باریوە و دەریایەك بارانیشی بەسەردا کردووە و هەموو ئەوانەش رژاونەتە ئەو رووبارەوە، دیتمانەوە ئەو پردە دارینەمان دیتەوە کە جگە لە پێشمەرگە کەس نیە متمانەی پێبکات، پرد چ پرد، هەر پێشمەرگەیە ناوی پردی لێناوە دەنا بەس پرد نیە، لە جێگەیکی رووبار کە هەردوو کەنار لە بەر خاتری پێشمەرگە کەمێك لێکدی نزیککەوتوونەتەوە، دارێکی ئەستووری درێژ هەردوو کەناری بەیەك گەیاندووە، لە بن دارەکەش لە دوو جێگە دوو گابەردی گەورە لە سەر شانی خۆیان داریان راگرتووە،..

ئەوەتا لە دەو رووبار بە دیار پردی ترسەوە راوەستاوین، حەزمکرد ئەو پردە ناو بنێم پردی ترس یان پردی پێشمەرگە، یان پردی سیرات، بە راستی پردێکی ترسناکە، دارەکە هەر ئەوەتە بە دەرەوەیە، دەزانی چ ئاوێك هەستاوە! چەندی بیری لێدەکەمەوە، ئەوە نیم بتوانم لێیبدەم، ئەوە یەکەم جارمە تووشی پرد و پەڕینەوە و رووباری ئەوها بم، باشە دەبێت ئەوانیدیش وەك من بترسێن! تەماشای سیمایانم دەکرد، چ ترسم نەخوێندەوە، رەنگە ماندوێتیش ترسی شاردبێتەوە،... هەر هێندەم زانی کندرێکی درێژیان دەر هێنا، سەرێکیان توند لە سینگ و پشتی پێشمەرگەیەك بە ست، ناوی ئەو پێشمەرگەیەم لەبیر نەماوە، سەرەکەیدیش لای ئەوانیدی، ئێ، پێشمەرگە بە گاگۆڵە لێیدا لە پردی دا، هێواش هێواش بە سەر دارەکەدا دەڕۆیی، لە دەواوەش کندرەکەیان لە دووی دەدا، ئۆخەیش گەیشتە ئەو بەر، کندرەکەی لە خۆی کردەوە، نۆرەی یەکیدی هات، ئەویش پەڕیەوە، من وا بزانم چوارەم کەس بووم لە پردی ترسم دا، ئای ترسام خودایە، هەستمدەکرد وا لە سەر پردی (سیرات) دەپەڕمەوە، ئێستاش نازانم چۆن نەکەوتم، چۆن پەڕیمەوە، ئەوەی دوای من هات، هێشتا نەگەیشتبووە نیوەی رووبار، کەوتە ئاوەوە، بەڵام هێندەی بڵێی یەك و دوو رایانکێشایە دەرەوە و هێندەی نەبرد هاتەوە سەرە خۆ و ئەو جارە بە ئاسانی پەڕیەوە، ئەو کاتەی ئەو کوڕە پێی رۆیی و کەوتە رووبارەوە، دوا پێشمەرگە خۆی خۆی بەستایەوە، سەرەکەیدی لای ئێمە بوو،، دوای پەڕینەوە بە بیرم هاتەوە کە

ئومێد باسی کندر و پرد و زستان و پەڕینەوەی ئێرەی بۆم کردووە، پشوویەکی باشمان دا، نان و خورمایەکی خۆشمان خوارد، بە ڕێکەوە..

تا لە رووبار زۆر دوور نەکەوتووینەتەوە، هەندێ قسەی سەر رووبار یان هەندێ دالغە و بیرکردنەوەی رووباری هەن حەزم لە گێڕانەوەیانە، لە کاتی پەڕینەوە بە سەر پردی سیرات، یەکێك لە پێشمەرگەکان رازی نەبوو ببەسترێتەوە و بێ کندر و هەر بە فشە پەڕیەوە، ئەو کوڕە لە چاوی منەوە چەند قارەمان بوو، ئەگەر ناویم لەیاد با، لەم گێڕانەوەیە قارەمانم بە ناوەکەیەوە دەلکاند، ئەو قارەمان بوو، بێ خۆبەستنەوە لە پردی سیرات پەڕیەوە، منیش ئەگەر هەبا بە سێ کندر خۆم دەبەستەوە، ئەنگۆ نازانن چ رووبار و پردێکی ترسناك بوو! رەنگە ترسان بەو رادەیەش جێی قسە بێت، چونکێ دواتر کاتێ جار و بار ئەو پرد و پەڕینەوەیە دەهاتە ناو قسانەوە، بەلای هەندێکەوە پەڕینەوەیەکی ئاسایی و ئاسان بوو، بەلاّم هەبوو دەیگۆت:

((بە راستی ترسناکترین پەڕینەوە لە ژیان پەڕینەوە ئەو رۆژە بوو..))

ئەوە لەوێ، کەمێك خوارتر لە پردی سیرات، بە دوورایی هەر نیو کاتژمێرێك، لە بیرمان بێت دوورایییەکان هەموو دوورایییەکان بە پێوانەی پێ نەك هی ئەسپسواری و ماشێن و پاپۆڕ و ئەو شتانە، پردێکی باش هەبوو، هەر مرۆڤ نا کەری بارهەڵگریش دەیوێرا خۆی لێدا، خۆ ئەگەر ئەو نیوکاتژمێرە بکەیتە یەك کاتژمێر، دەگەیتە پردێك زیلیشی بەسەردا دەڕوا، جادەی قیرتاوە، بەلاّم چ دەکەیت لەگەڵ مۆڵگەی جاش و سەربازان! چ دەکەیت لەگەڵ پێشمەرگایەتی! نازانم کێ دایهێنا! لە بیرمە لەوێ، لە بەراوردکردنی نێوان ئەو پردانە تووشی نائومێدی و خۆخواردنەوەیەکی سەیر هاتم، رەشبینی لە خۆی هەڵکێشام، رەشبینییەك ئەلبێرکامۆش لە تەمەنی خۆی تووشی رەشبینیی لەو تەرزە نەهاتووە، فشەم هات، بە خۆم و بە پێشمەرگایەتی و بە دنیا، هەستم کرد ئەو رێگایەی من گرتوومە رێك رێگای کەرایەتییە، لەبیرمە قسەیەکی سارتەر یان هی برادەرێکی سارتەرم بیرکەوتەوە، وا بزانم ئەوهایە یان نزیکە لەوە:

((هەموو ڕێگاکان بە هەوادا دەڕۆن))

هەر ئەو قسەیەش کە بە لای هەندێ کەسەوە ڕەشبینترین دەربڕینە، بۆ من پێچەوانە کەوتەوە و ورەی بەبەردامەوە، ڕێگەم گرتەوە..

بڕۆ، بڕۆ، بە بن تیشکی کزی ڕۆژ و بە ناو قوڕ و لیتەدا بڕۆ، تەواوێك لەرووبار دوورکەوتینەوە، جادەمان لێ بەدیار کەوت، وا بەرەو جادە هەیپەی لێدەکەین، ئەگەر ئامێدی نەبا، نەمدەزانی ئێرە کوێی دنیایە، لە پێشمان بە لای چەپ لەو بەرزاییەی کە کەس نازانێت چەند بەرزە، ئامێدی کەوتۆتە ئەوێ، لای ڕاستمان نازانم کێندەرێیە، پێشمان دوای پەڕینەوە لە جادە هەورازەیەك دێتە ڕێ، هەورازەیەکی سەخت، بەهاری چووی سەخت بوو، بڕینی ئەو هەورازەیە گەیشتن بە زارگەلیە، گوندێکی جوان جوان، گوندێکی کەسك کەسك، بەهاری چووی کەسك بوو، بەڵام نەدەگەیشتە کەسکایی دێرەش، من شەوێك لەزارگەلی ماومەتەوە.. دەمەو عەسرە، گردۆلکەکەی سەر جادە دیارکەوت، گردۆلکەی جاشان، پڕیەتی لە جاش، بەهاری چووی ڕێك لێرەوە بە دووربین تەماشای ئەو جاشانەم کرد، بە دەوری ڕەبیەکە پەرتببوون و پێدەچوو تەماشای دنیا بکەن، پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێکیدی بهاوێژم،دەبێت قسەیەکیش لە دووربین بکەم، بڕوا ناکەم لە دنیایێ هیچ منداڵێك هیچ پێشمەرگەیەك هیچ جاش و سەربازێك، هیچ قاچاخچیەك، هیچ گەڕۆکێك هێندەی من حەز لە دووربین بکات، هەر لەو ڕۆژەوەی بە شاخ کەوتم لە هەوڵی بەدەستخستنی دووربینێك بووم، دەمگوت ئەوڕۆ نا سبەی دەبمە خاوەن دووربینێك، هەزار ئەوڕۆ ڕۆیشت و هەزار سبەی هات من نەبوومە خاوەن دووربین و نەبوومێ و نەبوومێ، نەبێتە درۆ ڕۆژێك دووربینێکم پەیدا کرد، بەڵام نەگەیشتە ئێوارێ، هێشتا تەماشای هیچ جێگەیەکی دنیام پێنەکردبوو برادەرێك بردی و ئێستاش نەیهێناوە..

بەرە بەرە لە جاشان نزیك دەبینەوە، ترسمان نیە، ڕێکەوتنێك لە نێوان ئێمەو ئەو جاشانە هەیە، ئەو ڕێککەوتنە کێ واژۆی کردووە ئاگادار نیم، من هەر هێندە دەزانم

ئـەو جاشـانە تەقـەمان لێناکـەن، ئێمـەش هـەروەها، نـە ئـەوان هـەقیان لـە ئێمەیـە نەئێمەش، بە تەنیشتیاندا دەڕۆین و سەری خۆمان شۆڕدەکەینەوە، ئەوانیش خۆیان بە شتێکەوە خەریك دەکەن، تەماشامان ناکەن، ئا نە ئێمە ئەوان دەبینین نە ئەوان ئێمـە دەبینن، ڕێککەوتنەکە ئەوهایە، چۆنی دەڵـێم ئەوهایـە، بـەهاری چـووی ئـەوهابوو، ئێستاش دەبێت ئەوهابێت، چونکە وەکو دەڵێن ڕێککەوتنەکە درێژەی هەیە، بۆیە بێ ترس بەرەو جادە و گردۆلکەی جاشان دەڕۆین، هەر دەستەی ئێمە نا هەر دەستەیەکی پێشمەرگە ڕێی بەو ڕێیە بکەوێت، هەمان ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەو جاشانە هەیـە، لـە یادم بێت دەستەکەی ئومێدیش هەیانبوو..

+دەزانن دەستەکەی ئەبوو تالیب لێرە لێیان قەوما.

- دەزانم، منیش لەگەڵ بووم..

من لەگەڵ نەبووم، بەڵام ئێرەش دەناسمەوە، ئەو دوو پێشمەرگەیە لە بەینی خۆیـان قسەیان دەکرد، یەکیان ئەوەی لەگەڵ قەومانەکە بوو، پێشتر بۆمی گێڕاوەتەوە.. ئێرە باش دەناسمەوە، بەو سێ درەختەی وا ئەو کـەڤرەیان لـە باوەشـی خۆیـان شـاردۆتەوە، دەناسمەوە، باشە بەفر ڕەشبۆتەوە، دەنا تاقە بەرد و سێ درەختم نەدەناسیەوە، بەهاری چووی کە دنیا هێند کەسك بوو هێند کەسـك دەتگـوت چـاوی کچـە دێرەشـییەکەیە، جوان تەماشای ئێرەم کرد، دوای تەمەنێکیش بەس بـەفر بـزری نـەکات دەیناسمـەوە، ئەنگۆ نازنن بەفر چۆن شت بزر دەکات! بەهاری چووی ڕێك لێرە وا بزانم هـەر دەمـەو عەسریش بوو، ئا دەمەو عەسـر بـوو، ئـاخر ڕێککـەوتنی نێـوان جـاش و پێشـمەرگە ئەوهایە دەبێت دەمەوعەسران بگەینە ئێرە، پێشـمەرگەیەك وەك ئـەو پێشـمەرگەیەی پێش کەمێك گوتی، ئەویش گوتی:

((قەومانەکە لێرە بوو ئەوەی ئەبوو تالیب..))

ئای ئەبوو تالیب، چت لە من کرد! ئای پیاوی پێکەنین تاڵ، چت لە من کرد!
دواتر زۆر دواتر، دوای ئەوەی بن بەڕە هاتە سەر بەڕە، لە بیرمە لە بەر خۆمەوە وەك ئەوەی وڕێنە بکەم، نا، نابێت وڕێنە بووبێت، وڕێنە لە بیردەچێتەوە، ئەوهام دەگوت:

ئەبوو تالیب، تەبەت یەدا ئەبوو تالیب، تۆ بزانە ئەگەر کۆمەنیستەکانیش بەرانبەر تۆ هیچیان لە دڵ نەمێنێ، لە دڵی خۆیان ئەو نهێنیانە بە نهێنی بهێڵنەوە، کە دزەیان دەکرد و دەگەیشتنە ئەو رۆژنامانەی ئەو کات لە بەغدا نهێنیەکانیان ئاشکرا دەکرد، ئەبوو تالیب، ئەگەر بەعسیەکانیش بەرانبەر رابردووی تۆ، ئەو رابردووەی دەکەوێتە پێش ئەوکاتەی هێشتا سەدام قاوەیەکی بۆ بانگنەکردبووی، خۆ لە گێڵی دەن، یان هەر لەبیری بکەن، ئەبوو تالیب ئەگەر هەر حەفت خوشکەکەش هیچیان لە دڵ نەمێنێ، ئەگەر دێرەشیش لێت ببووری، من لێت نابوورم، ئەگەر ئومێدیش لە پێکەنینە تاڵەکەی تۆ ببووری، ئەبوو تالیب من لەو پێکەنینەت نابوورم کە تاڵترین پێکەنین بوو، بە تام تامی پێکەنینەکەی تۆم کرد، چ تاڵ بوو خودایە، ئەبوو لەهەب قەت پێکەنینی ئەوها تاڵی نەبووە، ئەو پێکەنینە ناوەختەیەت لە کوێ هێنا ئەبوو تالیب، بۆچی بەو شێوە منت لە خۆت رەنجاند! من چی لە بارەی تۆوە نازانم، ئەوەی لەولا و لەملا دەگوترێ، با بگوترێن، من نازانم تا کوێ راستن، نازانم چەند پێوەنانیان پێوەیە.. من لە پێکەنینەکەت تووڕەم و تەواو، لە پێکەنینەکەت خۆش نابم و تەواو، ئەو پێکەنینەی تاڵەی لە ساتی تاڵترین هەواڵ، بە رووی مندا رژاندت، ئەبوو تاڵ، تۆ ئیدی ئەبوو تاڵی..

گەیشتینە سەر جادە ، نێوانمان نزیکەی بیست سی مەترێك دەبوو، من لە دواوە دووەم کەس بووم، ئەبوو گێچەڵ لە دوای من بوو، ئاوڕدەدەمەوە، دەبینم ئەو کوڕە لە شوێنی خۆی چەقیوە و بە لەرزین دەلەرزێ، یەکەم جارمە پیاوێك ببینم بەو شێوەیە بلەرزێ، گوتم هەبێت نەبێت تووشی نەخۆشییەکی سەیر بووە، ئاخر من ئەوکات تێگەیشتنم وا بوو ئەگەر پیاو بۆ سێدارەدانیش ببەیت چۆکی ئەوها نالەرزێ، بە

تایبەتیش پێشمەرگە، ئاخر ترسنۆکترین پێشمەرگەش دنیایەك ئازایەتیی تێدایە، یان هێندە ئازایەتییەی تێدا کە بێئەوەی هیچ لە گۆڕێ بێت، هیچ نەبێت نەلەرزی، ئەوەی پێش خۆم ئاگادار کردەوەو گەڕامەوە لای، دەستیم گرت:

+ ها چ بووە، بۆچی وا دەکەیت؟

- هیچ، لێمگەڕێ، نا بەجێممەهێلە، پێم عەرد ناگرێت،

+ تۆ لە خۆتەوە خۆت دەترسێنیت، ئەوەتە جاشەکان وا دەمانبینن و تەقەش ناکەن، ئیدی لە چی دەترسیت! دەڵێی یەکەم جارتە بێرەدا بێیت!

- دەترسم، ئا یەکەم جارمە، من وەك ئێوە نیم، هەر بمگرن پارچە پارچەم دەکەن، من بەرگەی ئەشکەنجە ناگرم، ئەو جاشانە کورد ناگرن، بشیان گرن بەرەڵلایان دەکەن، بەس عەرەب دەکوژن..

+ قسەی قۆڕ، ئەو رۆژە جاشەکان من و تۆیان گرت، منیان ئازادکرد و تۆشیان لە سێدارە دا!! جیهادیش شایەدە..

لەو کاتە جیهادیش گەیشتە لامان، ئیدی بە هەردووکمان بن پیلمان گرت، پێی عەردی نەدەگرت، بە راکێش راکێش لە جادە دوورمان خستەوە، چەندی دوورتر دەکەوتەوە، پێی باشتر عەردی دەگرت، باشم لە بیرە جیهاد دەیگۆتێ:

حەیف فەهد و سەلام عادل کۆمەنیستی وەك تۆیان خستۆتەوە، کوڕە ئەتو بە مە ناڵێی لە چ دەترسێی!

ئەبووگێچەڵ دەیگۆت:

ئەنگۆ نازانن بگیرێم چم لێدەکەن، کاکە بەرگەی ئەشکەنجە ناگرم، دان بە هەموو شتێکدا دێنم، هەرچی نهێنیی حزب هەیە بە گۆڕێی وەردەکەم..

ئەمنیش نەمکردە نامەردی بە شڕە عەرەبییەك کە وا بزانم بەس خۆم تێیگەیشتم گۆتم:

عەمری ئەو حزبە نەمێنێ کە نهێنیی خۆی لە دەستی تۆ دەنێ..

ئێمە لەو قسانە بووین سەردەستاڕیش گەیشتە لامـان، بـە کوردییـە سـنەییەکەی خۆی کۆڵێ گاڵتەی بە ئەبووگێچەڵ کرد، سەردەستاڕ هەر لەوێ ناوی لە ئەبوو گێچەڵ نا ئەبوو ترسنۆك، زۆردواتریش ئەبوو گێچەڵ هەر بە ئەبوو ترسنۆك ناوی ڕۆیشتبوو، ئاگادار بن ئەبوو گێچەڵ ناوی خۆی نیە، بە خۆی ئەبوو شتێکیدی بوو، بەڵام من لای خۆمەوە دەمێك بوو ناویم نابوو ئەبوو گێچەڵ، هەندێ لە برادەرانیش بەو نـاوەی مـن پێیم بەخشیبوو بانگیان دەکرد، یەك لەو برادەرانـە ئومێـد، بـەوەی بـاش بـوو ئـەبوو ترسنۆك لە قسەکانی سەردەستاڕ تێنەدەگەیشت، دەنا ئەگـەر ئـەوکاتیش نـەبا دواتـر شتێك دەقەوما، ئا، ئەبوو ترسنۆك لێی خۆش نەدەبوو، دوای دەرچـوونمان لـە ئاقـاری جاشـان ئـەبوو ترسـنۆك بـە مـنی گـرت، تـا گەیشـتینە زارگـەلی و سـەر سـنوور و گەڕانەوەمان بۆ دێرەش وا بزانم بە ژمار یازدە سووکە شەڕمان کرد، لەگەڵ....هەر لە خـۆوە گێچـەڵی پێمـدەکرد، لەگـەڵ جیهـادیش ئـەوها بـوو، شـەڕێکی لەگـەڵ سەردەسـتاڕیش کـرد، مـن درەنگـتر تێگەیشـتم بـۆ وا دەکـات، ئـەویش جیهـاد تێیگەیاندم، ئەو کـوڕە پێشـتر پـێش ئـەوەی لـەو ڕێیـەدا ببینـە هـاوڕێ، زۆر باسـی ترسنۆکیی خەڵکی بۆم دەکرد، جیهاد گۆتی:

((لێیمەگرە، ناهەقی نیە، ئاخر هەموو ئەو ترسنۆکییەی لە خـەلکیی دەدیتـەوە و بـە خەڵکییـەوەی دەلکانـد، ئـەوە بـە چـاوی خۆمـان لـە خۆیمـان دیتـەوە، بۆیـە وا دەکات..))

من باوەڕم بەو لێکدانەوەیەی جیهاد هێنا، نازانم ڕاست بـووم یـان نـا، قسـەیەکی ئومێدیشم لە بارەی ئەو کوڕەوە بیرکەوتەوە، ئومێد جارێك گوتی:

((لەگەڵ شەیتان بەرێدا بڕۆی بەس ڕێـت بـە ڕێـی(ئـەبوو گێچـەڵ) نەکـەوێت، بـە دەست خۆت نیە، یان دەبێت خۆت حیزبکەیتەوە، یـانیش بـە بـەر قۆنداخـە تفـەنگی بدەیت و هەموو لەشی ورد ورد بکەیت...))

بۆ ئەوەی چیدی ئەو ئەبووە، نەیەتە ناو گێڕانەوە، یان کەمتر بێت باشترە، شەڕە گەورەکەی لەگەڵ بکەم، واتە دەبێت خۆم بگەیەنمەوە کات و شوێنێکیدی، دەبێت لەو کەسانەش دابڕێم کە لەگەڵمن، ئێ با دیمەنێك لە شەڕەکە نیشانبدەمەوە، هەموومان لە ژوورێکی گەورە دانیشتبووین، هەر لە گوندەکانی دەور و بەری گارە ئەو ژوورەی دەیڵێم ئەگەر بە هەلەدا نەچووبم مزگەوت بوو، ئەبوو ترسنۆك لە خۆوە، بێ ئەوەی قسە قسە رابکێشێت، گۆتی:

((کورد هەمووی خائین و جاشن، تەماشاکە چەند هەزار جاش هەنە!))

هەندێك قسەیدیشی کرد، بە لای منەوە بریندارکەر بوون، کەس قسەی نەکرد، نە عەرەبەکان نە کوردەکان، ، ئاخر با ئەوە بدرکێنم هەموو ئەو(ئەبوو..)یان دەناسی، کەس خۆی لینەدەدا، هەندێك قسەیدیشی کرد، من بە خۆم نەوەستام، بە تێکەڵەیەك لە کوردی و عەرەبی گۆتم:

ناوەللا عەرەب هەمووی جاشن، جاشی ئیسرائیل، تۆش بەعسی، پێویستە لێرە وەك سەگ پەتکت لە مل کەن..

هەستایەوە سەرپێ و گوتی:

((تۆ جاشی هەر بزانە سێ چوار کۆمەنیستی وەك منت کوشت و خۆت رادەستی حکومەت کردەوە، من بەعسی نیم، من کوڕی فەهدم، کوڕی حازم و سارم و سەلام عادلم..

منیش لەگەڵ هەستانەوەی وی هەستامەوە و گۆتم:

ئەگەر فەهد و سەلام عادل کوڕی ترسنۆك و خوێڕیی وەك تۆیان هەبێت، بە یەك پوول نایانکڕم..

هاواری لێبەرزبۆوە:

ئەها، نەمگوت ئەو کورە فڕی بەسەر حزبەوە نیە، فڕی بەسەر مارکسیەتەوە نیە، خۆ بە گوێی خۆتان گوێتان لێبوو جوێن بە شەهید فەهد و ئەوان دەدا..

من دواتر لە بەر خۆمەوە دەمگوت:

باش نەبوو لەو ژوورە هەر دوو کەر هەبوون، خۆ ئەگەر ئەوانیدیش وەك من و ئەبووگێچەڵ کەر بان، شەڕی کورد و عەرەب بەرپادەبوو.

بە چ حاڵ لێکیانکردینەوە، دواتریش پێکهاتینەوەو موو بە بەینمانەوە نەدەچوو..

نازانم لە کوێی ئەو دۆڵەین کە دەمانباتەوە زار گەلی، هێشتا رۆژ ئاوا نەبووە، لە مەترسی دەرچووین، لە جادە زۆر دوورکەوتووینەتەوە، ئاسمان تا ئێستا هەر روونە، کێوەکان سپی سپی، بەلاّم رێگەو بان ، رێی ئێمە بەفری پێوە نەماوە، دەزانن چ بارانێك لێیدا! ماندوو، ماندوو، برسی، برسی، کەس هێزی قسەکردنی نەماوە، ئەبووگێچەڵ کە بڕیار بوو چیدی نەیەتە ناو گێڕانەوە، هیچ گێچەڵێکی پێ نەماوە... من خەو دەمباتەوە، رەنگە ئەوانیدیش وەك من بن، زرمەی تۆپێك بە ئاگای هێنایینەوە، لە خوارەوە کەمێك دوور لە ئێمە بە عەرد کەوت، هێشتا تۆپ بە عەرد نەکەوتبوو، سادق کە رێك لە پێش منەوە دەڕۆیشت، دەواودەو بە عەرد کەوت، زراوم چوو، خەریکبوو هاوار بکەم،، دیتم یەك دووێکیدیش خۆیان بە عەردی دادا ، تۆپێکیدیش، دیسانەوە سادق خۆی بەعەرد دادا، تۆپی دووەم لە هی یەکەم دوورتر کەوتەوە، بەلاّم جیاوازیەك لە نێوان خۆبەعەرد دانی یەکەم و دووەمی سادق نەبوو، هەر تۆپ دەهات سادقیش هەر خۆی بەعەردی دادەدا،. بە منی دەگۆت:

کوڕە خۆت بە عەرد دادە، ئەوەی تۆ ئازایەتی نیە، کە تۆپ دێت دەبێت خۆت بە عەرد دادەیت، ساچمە، ساچمە..

منیش دەمگوت:

چ نیە، تۆپەکان دوورن، دوور بە عەرد دەکەون..

سادق دەیگۆت:

تۆپەکان دوورن، بەلاّم ساچمەکان نزیکن، ساچمەکان نزیك بە عەرد دەکەون.

من دەمگوت:

کوا هەتا ئێستا ساچمەیەك لە تەنیشتت کەوتووە، بە بن گوێتدا هاتووە!

ئەو دەیگوت:

((لەگەڵ تۆ هیچ ناگۆترێ، کوڕە مردن یەك جارە، ساچمە جارێك دەتسمێ و دەتتۆپێنێ.))

ئەو هەر گۆتی و منیش هەر گۆتم، لە بارەی تۆپ و ساچمەوە نەگەیشتینە یەك.. دوای دوورکەوتنەوەو نەمانی تۆپ، سادق لێم نزیککەوتەوە:

با قسەیەکت پێبڵێم، بۆ تۆمە، یەك شت هەیە دەبێت بیزانیت، بەوە نیە لە کەیەوە پێشمەرگەیت، تۆ نابێت فشەت بە تۆپ بێت، ئەگەر لە خۆت بێزاریت، ئەوە شتێکیدیکەیە، ئەگەر نا، دەبێت خۆت بپارێزیت، با پێت بڵێم..

نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات:

کاکە من لە خۆم بێزار نیم، بەڵام تۆپەکان زۆر دوور لە ئێمە دەکەوتنەوە..

قۆڵی گرتم:

راوەستە با قسەی خۆم تەواو بکەم، تۆپ کە دەتەقێتەوە دەبێتە ساچمە، ئەو ساچمانە زۆر دەڕۆن، من چەند برادەرم وا تێچوون، بەو کەرایەتییەی تۆ تیا چوون، کوڕە ئەتو وای دانێ، هەر بە راستی وا دانێ، بۆ نموونە ئەتو وا لە شاری سنەی، تۆپێك لە بەغداوە دێت، سووڕ دەزانی ئەو تۆپە لە هەولێر بەعەرد دەکەوێت، ئەتو دەبێت چ بکەیت، ها چ دەکەیت؟

وەڵامیم دایەوە:

چ دەکەم! دوعا دەکەم، بە ماڵی ئێمە نەکەوێت، بە ماڵی کەس نەکەوێت، رێك بە ناو ئەمن بکەوێت.

تەماشایەکی کردم:

ئێ، دوعایەکی باشە، بەڵام ئەو دوعایە نابێت بە راوەستانەوە بکەیت، پێش هەر شتێك خۆت بە عەردی دادەیت ئەوجا کەیفی خۆتە چ دوعایەك دەکەیت، چونکە

ئەگەر خۆت بەعەرد دانەدەیت، دوور نیە فریای دوعاکردن نەکەویت، ساچمەیەك لەو تۆپە بتتۆپێنێ..

گۆتم:

ئەو تۆپەی لە بەغداوە هەڵدەدرێ و لە هەولێرێ بە عەرد دەکەوێت، ساچمەکەی دەگاتە سنە و من دەتۆپێنێ؟

زۆر بە دڵنیاییەوە بە پێکەنینێکی جوانەوە گۆتی:

ئا، بە دووری مەبینە، ساچمە دەڕوات زۆر دوورتریش دەڕوات، کوڕە ئەتو تێناگەیت نا، واز لەو کێشە بێنە..

دواتر زۆر دواتر، تێگەیشتم سادق لە هەموومان ژیرتر و ژیاندۆستتر بوو..

پێشماڵنووستنان گەیشتینە ئەو گوندەی دەکەوتە بەرزایی دۆڵی زارگەلیەوە، ناویم لە یاد نیە، بەلاّم پێمخۆشە گوندەکەش هەر ناوی زارگەلی بێت، جێگەیەکە بەهارەکەی لە زستانەکەی جوانتر، زستانەکەشی لە بەهارەکەی جوانتر، رەنگە وەرزەکانیدیش لە بەهار و زستانەکەی جوانتربن، زۆر جوانە زۆر، بەلاّم ناگاتە دێرەش، من و سەردەستاڕ، ئەو سەردەستاڕە لە خۆشەویستیەوە ئەو ناوەم لێناوە، بە راستیش ناوەکەیم لە یادە نەماوە، بەر ماڵێك کەوتین، دەوڵەمەند دیاربوون، ماڵێکی تا بڵێی خاوێن، لە هیچ گوندێك ماڵی وا خاوێنم نەدیوە، جل و بەرگی منداڵەکانیان لە منداڵی شاری نوێتر و پاکتر بوون، سەرەتا وام زانی ئەو منداڵانە مێوانن و لە شارەوە هاتوون، بەو نیوە شەوە شیویان لێنا، شیوێکی چاکیش، مریشکیان سەربڕی، خواردنێکیان داینێ، هەتا درەنگیش لە هەر شوێنێك خواردنێکی خۆشم بخواردایە، دەمگوت خواردنێکی زارگەلییانەم خوارد، بە بادینی قسەی لەگەڵ ماڵەکە دەکرد، بەلاّم چ بادینییەك! یەك دوو وشە و رستەیم لە بیر ماوە، بە ئاگری دەگوت(ئاڤر) ئاخر بە زاراوەی خۆیان ئاگر ئاورە، واش تێگەیشتبوو، دەنگی (و) بگۆڕە بۆ دەنگی (ڤ) ئۆتۆماتیکیانە وشکە دەبێتە بادینی، گوێ لەو رستە بادینیەی بگرن (چیایەك

له سنه هەس ناڤا ئەڤ ئاڤیەرە) پیاوی ماڵەکە لە ڕێی ئەو بادینیەوە زۆر بووە برادەری، دواتر گۆتی:

کاکە تو ب زمانێ خۆ باخڤە ئەزژی ب زمانێ خۆ داخفم، هۆسا باشترە،..))

من هەڵم دایێ:

((گەلەك باشترە، ئەو کات لە یەکتر تێگدەگەن..

کابرا گۆتی:

خودێ تو راست دبێژی

سەردەستاڕ گۆتی:

دیارە من خڤار دەبێژم! ما برا، ڤا دیارە بادینی من نە خاسە، ها!

کابرا بە پێکەنینەوەگۆتی:

ئەز خولام، خودێ ئەز ب تنێ تو ناسدکەم، چ جارا من خاسە نەدیتیە.

ئیدی بووە پێکەنین، منداڵەکان خەنی بوون، منداڵەکانی خەنی کرد لە پێکەنین، منداڵناسێکی سەیر بوو، دەیزانی چۆن شەرمیان دەشکێنێ، لە ماوەیەکی کورت زۆر کورت شەرمنترین منداڵی دەخستە هەلەکەسەما، هەرچی یاری منداڵانە هەبوو لە دنیا دەیزانین، منداڵەکانی پڕکرد لە یاری.. لە سەر خەوتن بووین کابرا پرسیارێکی کرد، خۆزگە نەیکردایە:

((ئەرێ پێشمەرگەیەکی عەرەبتان هەبوو، ناوەکەی کوردی بوو، ناوێکی خۆش بوو، وا لە سەر زارمە، زۆر پێدەکەنی پێکەنینێکی خۆش، وەختانێك زۆر ڕێی دەکەوتە ئێرە، دەمێکە نایبینم، لە کوێیە؟))

من قسەم نەکرد، سەردەستاڕ وەڵامی دایەوە، بەڵام کابرا چەندی دەیویست باوەڕ بە وەڵامەکەی سەردەستاڕ بهێنێ، باوەڕی نەدەهات، ڕەنگە ئێستاش باوەڕی نەهاتبێت، لە بیرمە ئەو شەوە لەوێ خەونم بە ئومێدەوە دیت، لەو خەوە یەك باوەش کتێبی بۆم هێنابوو، بەڵام نەمدەتوانی لێیوەربگرم، ڕووبارێکمان بەین بوو، دەستمان

نەدەگەیشتە یەك.. بەیانیەکەی پەنیرێکیان داینێ، تا ئەودەم پەنیری وا خۆشم نەخواردبوو، ئەو پەنیر و ئەستووکی گەرم و چایەی لەو ماڵە خواردمان، لەبیر ناچێتەوە، ڕۆشتین، لە بری ئەو هەموو خزمەتەی ئەو ماڵە بە ئێمەیان کرد، ئێمە چیمان بۆیان بەجێهێشت! کۆڵێ ئەسپێ، لە دێرەشیش هەر ئەسپێ، هەر ئێمە نا پێشمەرگە جگە لە ئەسپێ چی بۆ خانەخوێ بەجێدێڵێ! بەلاّم سەردەستارِ لە رێ دەیگۆت:

((نا من شتی بە نرخم بۆیان بەجێهێشت، هەندێ یاریم فێری منداڵەکانیان کرد، قەت لەبیری ناکەن، دوای بیست ساڵێدی، یادم دەکەنەوە..))

ئەو قسەی سەردەستارِ چووە دڵمەوە، کە دەچیتە ماڵێك هیچ لەوە گرنگتر نیە کە دڵی منداڵەکانی ئەو ماڵە خۆش بکەیت، سەردەستارِ دڵیانی خۆشکرد.

ئاسمان روونە، چیاکان سپی سپی، رێگا قورِ و لیتە، شەختە تاوایتەوە، نیوەڕۆیە، گەیشتینە چیایەك، گۆتیان ناوی وی (بزنیك)ە یان ناوێکی نزیك لە بزنیك، لە چاوی من هەر بە چیای زەرکەوەیە، هەورازەیەکی سەختە، رکە، پێ دەڕوا، خلیسکی وا دەبەین، مامز بیبا، خۆی پێناگیرێتەوە، پێشمەرگەیەك گۆتی:

ئەوە بزنیك نیە بزنترێنەیە..

ئەویدی گۆتی:

بزن بترێنێ، دەبێت ئێمە چ لێبکات!

یەکیدی گۆتی:

با کەس لە دوای من نەڕوا، ئۆباڵی خۆی لە ملی خۆی.

جیهاد گۆتیە من:

وا بزانم ئەورۆ هەر پێماندەکرێ تڕی یەکدی بژمێرین.

منیش بە هێواشی گۆتمە جیهاد:

دەها جارێ ئەوە بگرەوە..

دەبێت لێرە تێهەڵکێشێك بکەم، تێهەڵکیشێکی یادەوەریانـە، نـەك ڕەوانبێژیانـە، هەر لەو شوێنە بەڵام لە کاتێکیدی، لەگەڵ دەستەیەکیدی، واتە ئێستا لە سەردەستارٍ و جیهاد و ئەبوو گێچەڵ و قاسم و ئەوانە دادەبڕێم، دواتـر دێمـەوە لایـان، ئـێ، ئێـرە هەمووی کەندولەندو دار و بەردە، گابەردی وا بە پێوە وەستاوە کۆپتەر دەتوانی خۆی لە پەنای بشارێتەوە، کەنـدڕی وا راکشـاوە عەشـیرەتێك لـە خـۆی جێدەکاتـەوە، ئـەو دیمەنەی خەریکە نیشانیبدەمەوە حەزم بە نیشاندانەوەی نەدەکرد، من لـە گێڕانـەوەی تەقوتۆق لاڵەپتم، لە گێڕانەوەی تـەقوتۆق دەترسـێم، جگـە لـەوەش خـەڵکانێکی زۆر هەن، زمانیان بە گێڕانەوەی تەقوتۆقەوە گرتووە، ئەوان لەگێڕانـەوەی ئـەو شـتانەمان بێبەش ناکەن کە من خۆمیان لیدەپارێزم، بەڵام پێشمەرگایەتی خۆی زادەی تەقوتۆقە و بێ ئەوە لە واتاکەی خۆی کاڵدەبێتـەوە، بۆیـە لـە ناچـارییەوە لێـرە و لـەوێ چـەند رستەیەك لە تەقوتۆق دەگێڕمەوە..

ئەبوو ئەیار هەر لە نیگارکێشان نا لە شەڕی کۆپەتەریش دەستڕەنگین بوو، ئەگـەر چـەمکی دەسـتڕەنگینی لـە شـەڕەکاندا جێگـەی ببێتـەوە یـان شـەڕ جێگـەیـەکی بـۆ یکاتەوە، ئەبوو ئەیار دواتر لە جێگەیەکیتر بە مەرگی خۆی دوا تابلۆی خۆی بۆ ژیان نەخشاند.. ملازم شێرزاد وا بزانم تاکە شێرزاد بوو من دیتبێـتم کـە ناوەکـەی لەگـەڵ خۆی بێتەوە، هەر بە راستی دەتگوت زادەی شێرە، لە هیچ مەترسیەك نەدەگەڕایەوە، نەدەپرینگایەوە، مـن ئـەو شـێرزادەم لـە تەنگانـە دیـوە، لـە سـاتی گوللـەبرانێ ئـەو سروودی خۆی هەر دەگوتەوە، سروودێکی لە سەر زاری بوو مـن ئـەو دەم و دواتـریش هەر ئەو نیوە دێرەیم لەبـەر بـووە ((لـە شـاگردانی فەهـدی قارەمـانین، قارەمـان))، شێرزاد لە ناو تەقە و لەگەڵ خوێنـدنی ئـەو سـروودە و سـروودیدی ، ئـاخر شـێرزادی سروودی (ئەی رەقیب)یشی دەخوێند، دەکەوتە باری حاڵگرتنەوە، ئـا وەك دەروێشـان حاڵیدەگرت، من لەو کوڕەوە گەیشتمە ئەو باوەڕەی مرۆڤ بۆ ئـەوەی ئازابێـت دەبێـت حاڵگرتن بزانێت، چەندی کردم بە تەواوی فێری حاڵگرتن نەبووم، بۆیە رۆژێ لە رۆژان

لە ئاقاری شەڕەکاندا ئەو ئازایەتیەم لە خۆمدا نەدیتەوە کە دەمویست، شێرزاد دەتگوت نانێکی لەگەڵ گیڤارا خواردووە، دەتگوت شان بەشانی گیڤارا شەڕی کردووە، ئەو گیڤارایەی من لە کتێبان خوێندبوومەوە، ئەو شێرزادەی لە کنە خۆم بوو، هەستم دەکرد لێکنزیکیەکی زۆر نزیك لە تێوان ئەو دووەدا هەیە، ئەگەر رۆژێك کەسێك لێمبپرسێ:

ئەریّ لە ناو پێشمەرگان ئەوانەی لە دوور و نزیکەوە دەتناسین، کێ شایەنی ئەوەیە پێی بگوترێ گیڤارای کوردی؟

نازانم دادەمێنم یان نا، بەلاّم وەلاّمەکەم ئەوها دەبێت:

زۆر هەن، بەلاّم ئێستا هەر ملازم شێرزادم لە یادە.

بەر لەوەی کۆپتەرەکان بگەن، دەبێت هەواڵێی ناخۆش رابگەیەنم، دواتر زۆر دواتر، سیامەند ئای سیامەند، کۆپتەر زەفەری پێنەبردی، کیمیا زەفەری پێ نەبردی، مارێك لە نیوە شەودا رێی پێگرتی و پێتی گرت و پەرداخێك ژەهری رژاندە خوێنتەوە..دواتر زۆر زۆر دواتر، ملازم شێرزاد لە شەڕی کەرکووك، شەڕی هەلاّتن، سروودی چڕی و حالّی هاتێ و بەرسینگی لەشکری گرت و کۆتایی بە چیرۆکی ئەو جەنگاوەرە هات کە من لای خۆمەوە ناوم لێینابوو گیڤارای کورد، بەر لەوەی تەقە دەستپێبکات حەزم لێیە وێنەی یەکەم دیداری خۆم لەگەڵ شێرزاد نیشانبدەمەوە، لە دەڤەری گارە بووین، کۆمەڵە پێشمەرگەیەك هاتن، گوتیان ئەوانە لە دەرەوە دێنەوە، لە سوریا، لە یەمەن، لە سۆفیەت..لە ناویان کوڕێکی باریکەلەی درێژ زۆر درێژ ، گەنج هەر لە تەمەنی ئەوکاتی من بوو، زۆر بە گەرمی تۆقەی لەگەلّم کرد و ماچی کردم، من سەرەتا وام زانی دەمناسێت، سەرنجم دا هەر لەگەڵ من نا لەگەڵ هەموان ئەوها گەرمە، قسە قسەی راکێشا، ئەو کوڕەی لە چاکوچۆنی زۆر گەرم بوو زوو زانیم ناوی ملازم شێرزادە، قسەی هێنایە سەر شیعر و شاعیران، تێگەیشتم کە شیعر دۆستە، بە پرسیارێکی من عەدوللاّ پەشێو هاتە ناو قسانەوە، شێرزاد گۆتی:

کەس هێندەی مـن عەشـقی شـیعرەکانی پەشـێو نیـە،(شـەو نیـە خـەونتان پێـوە نەبینم) بەردەوام لە ناو کۆڵـە پشـتم بـوو، لـە نـاو جانتـام بـوو، بـەڵام لـە مێـژە لام نەماوە...

بە خۆم نەوەستام، رێم لە قسەی گرت:

چی وای کرد لێی بتۆرێی؟

بە پێکەنینەوە:

من لێی بتۆرێم، نا بە تەواوی خەتم کردووە، من لەم بارەیەوە لە هەموو مەلایەك مەلاترم، چەند مەلا سەرلەبەری قورئـانی لەبـەرە؟ دە، مـن هەرچـی شـیعری پەشـێو هەیە لـە بەرمـە، پێویسـتم پێنیـە نامیلکـە شـیعرەکانی لـە کـنم بـن، بـەڵام هەڵـە تێممەگەن مەبەستم بەراورد لە نێوان قورئان و شیعر نیە..

گۆتم:

باشە ئەو شیعری (لە دەستم دێ...)

نەیهێشت رستەکەم تەواو بکەم:

لە حەمە جەزام جوانتر لەبەرە، گوێ بگرە:

لە دەستم دێ کاتژمێری کامەرانیت بوەستێنم

ئەلقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم نامەی بەختت بسووتێنم....

ئەو رۆژە ملازم شێرزاد دوو نامیلکە شیعری پەشێوی بۆم خوێندەوە، دەیگوت:

دوای رووخانی رژێم، ئەگەر لە دەستم بێت و بە قسەم بکەن پەیکـەرێکی پەشـێو لە هەولێرێ و لە بەردەم باخی شار دادەنێم.

قەت نەمبیستبوو، نەمدیتبوو، ملازم هەبێت لە دنیا هێندە عەشقە شاعیر بێـت، ملازم شێرزاد کاتێ رێی کەوتبووە سۆفیەت بۆ دیداری پەشێو چەندان شاری کردبـوو، نەیگرتبوو، دەیگوت:

کوڕە دنیام لە دووی کرد، نەبوو، گۆتیان سەفەری لیبیای کردووە..

نازانم کێ بوو گۆتی:

- چ ئیشت پێی بوو وا لە دووی دەگەڕایت؟

+ هیچ، هەر حەزم دەکرد بیبینم و وێنەیەکی لەگەڵ بگرم.

ملازم شێرزاد دەیگۆت لە سۆفەیت بە دوای دوو کەسدا زۆر گەڕام بە دڵ حەزم دەکرد بیانبینم، یەکیان پەشێو ئەویدی کلاشینکۆف بە داخەوە هیچیانم نەدیت..

نازانم کێ بوو بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

لە دووی کلاشینکۆف دەگەڕای!

ئا، ئەو کلاشینکۆفە نا کە لە شانی من و تۆیە، ئەو کلاشینکۆفەی ئەو کلاشینکۆفانەی درووستکردووە..

پێشمەرگەیەك وا بزانم ئەبوو حوسێنی ناو بوو لە بەرخۆیەوە وا بزانم بەس من گوێم لێبوو گوتی:

کەر دایکت بگێت کلاشینکۆف، لەگەڵ شتی درووستت کردووە..

ملازم شێرزاد رێنادا کۆپتەرەکان بگەن، رێنادا سەرهاتی کۆپتەر بگێڕمەوە، رەنگە واش نەبێت، دوور نیە ترسی کۆپتەر، ترسی گێڕانەوەی بەزمی کۆپتەر، زراوچوون لە تەقو تۆق، سەرهاتی شێرزاد درێژ و درێژ بکاتەوە، لە کۆپتەرم دووربخاتەوە، دڵنیام یان نزیکم لە دڵنیایی ئەوە ترس لە کۆپتەرە هەڵمدەگرێ، دەمبات دەمبات، لەو جێگایانە بە عەردم دادەدا کە شوێنپێی شێرزادیان پێوەیە، جا شوێنپێی شێرزاد بە کوێوە نیە، بستە زەویەك هەیە چ لە گەرمیان چ لە کوێستان نا ئاشنا بە ملازم شێرزاد... من هەندێك کەسم دیتبوو لە سەر لێواری مەرگ بێ ترس سروودیان دەچڕی، یەکێك لەوانە شێرزاد بوو، سروودچڕینیش لەو ساتانە لە دەستی کەم کەس دێت، لە زۆر جێگەی مەرگاوی گوێم لە سروودی شێرزاد بووە، لە ساتەکانی راپەڕینێ لەو مۆڵگانەی هێشتا کەسیان لێ نزیك نەکەوتبۆوە، هێشتا هێزی پاتاڵ لە دوورەوەش نەیدەوێرا سەیری بکات، شێرزاد لەوێ بوو، لەوێ سروودی

دەگۆت، شێرزاد هێشتا پێشمەرگە لە خەوێ بوون ئەو گەیشتە سەری هەیبەت سولتان و هەیبەتی قاسماغای وردوخاشکرد، هەمووتان لەبیرتانە ئەو ساتانەی هەرچی کورد بوو هەڵدەهات، بە چەکدار و بێچەکەوە، بە سەرکردەو بنکردەوە، بە ورد و درشتەوە، ئەدی کێ لە بیریەتی تەنها چەند کەسێك لە کەرکووکێ بەرسینگی سوپایان گرت! من پێتان بڵێم یەکێك لەو کەسانە ملازم شێرزاد بوو، لەوێ سروودی دەگوت، ئەو شێرزادە خەڵکی شاری ئایشەگوڵ بوو، ئەگەر کەسێك ویستی بزانێت شاری ئایشەگوڵ کەوتۆتە کوێ، با رۆمانی (خەوی پساوەی قەندیل) بخوێنێتەوە، لەوێ ئایشەگوڵێك هەیە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو ئایشەگوڵە هەیە، شێرزاد خەڵکی ئایشەگوڵ بوو، ئەجەڵ هەڵیگرت و بردیە بابەگوڕگوڕ، شێرزاد لێناگەڕێ کۆپتەرەکان بگەن، لێناگەڕێ گەشتە زستانی و بەهاریەکەم تەواو بکەم ئەو گەشتەی لە کانی توبەوە دەستپێدەکات، دەڕوا دەڕوا تا دەگاتە جەندرمەکانی ترك و لەوێشەوە دێتەوە کانی توبە، وا بڕوا ئومێدیش لە بیردەکەم، ئەو ئومێدەی لەو گێڕانەوەیەدا سەرەداوی بزبووی سەرهاتە، دەبێت بیبینینەوە، باشترە ماڵئاوایی لەو جێگایانە بکەم کە سیمای شێرزادیان بە کەتیرەی یادەوە پێوە نووساوە و دوای ئەو هەموو ساڵانە لێنابێتەوە..

((کوڕە خۆ بشارنەوە))

ئەو هاوارە ئێستاش لە کاتی دیتنی کۆپتەر دێتە گوێم، ئەوە دەنگی سەردەستە بوو، کوڕێکی بەسراویی رەنگ کەمێك خورمایی ئەو جۆرە خورمایەی رەنگی خۆی بە لای رەشیدا دەباتەوە نەك رەنگەکانی دی، نازانم بۆچی ناویم لە یاد نەماوە، بە سیما لە ناو چاومە دوای تەمەنێکیدیش بیبینمەوە دەیناسمەوە، مێشکیش ئامێرێکی سەیرە هەر لە خۆوە هەندێ ناو لە خۆی دەردەهاوێژێ و دەڵێی قەت ئەو ناوە میوانی نەبووە، هەندێ ناویش هەیە هەتا رۆژی پووکانەوە دەیهێڵێتەوە و فرێینادا و نادا، ئەو کوڕە رەنگ خورماییە ئەورۆ نیە ناویم لە بیرچۆتەوە، لە زۆر کەسیشم پرسی:

ئـەریٚ کوڕیٚـك هـەبوو ڕەنـگ خورمـایی، بـەژنیش هـەر دار خورمـایی، دەنـگ ڕووباری، ڕۆیین شەپۆلی، ناوەکەیتان نایەتەوە یاد؟

زۆر نیشانەی ئەو کوڕەم هەڵدا کەسێك ناوەکەی هەڵنەدا....من بەر لـەوەی چـاو لە پەنایەك، کەندڕێك، بەردێك بگێڕم چاوم لە ئاسمان گێڕا هیچم نـەدیت، چـاوم لـە دەوروبەر گێڕا وەك فڕفڕۆکـە بـە دەوری خۆمـدا سـووڕامەوە هیچـم نـەدیت... کـوڕە ڕەنگ ڕووبارییەکە کە لە پێشەوە دەڕۆیشت و جێگەی وی لە هی ئێمە بەرزتر بوو بە هاوارێکی نزمتر هاواریکرد:

((کۆپتەر کۆپتەر ئەوەتە لە دواوە..))

کە ئاوڕ دەدەمەوە، دەڵێم خۆزگە ئاوڕم نەدابایەتەوە، لە دواوە زۆر لە ئێمە نەویتر، لە بیرتان بێت ئێمە بە هەورازەیەکدا هەڵدەگەڕێین، ئەگەر لە چنگی کۆپتەر دەربچین و بگەینە سەری سەریٚ، هیچ گومانم نیە سەرمان لە ئاسمـانیٚ دەسـووین، چـیای ئـەوها بڵندم لە دنیاییٚ نەدیتیە..دەبینم ئەوە دوو کۆپتەر لە دواوە نەرم نەرم بـیٚ دەنـگ بـیٚ دەنگ، دۆڵاودۆڵ بە دوای ئێمەوە هەڵدەگەڕێن، پێدەچـوو هـەورازی ڕك هـەورازی بـیٚ کۆتایی ئەوانیشی ماندوو کردبێت، نزیك نزیك هێندەی نەماوە بمانگـەنیٚ، سـەیر بـوو لەو کشوماتییەی دنیا دەنگیان نەدەهات، نازانم نە ئەو کات بوو نە دواتر قسـەیەکی ئومێدم هاتەوە بیر، ڕەنگە دواتر بووبێت چونکە بڕوا ناکەم ئەو کات لە ترسـاندا بـیرم لە بارێکی وا بووبێت شتی بە بیربێتەوە، ئومێد دەیگۆت:

((کۆپتەر و ئەبوو گێچەڵ لە یەك شت زۆر بە یەك دەچن هەردووکیان کاتێك بـەرە و ڕووت دێن، دەنگیان نیە بەڵام کە لێت ڕەتبوون دەیکەنە دەنگە دەنگ..))

خۆمان شاردەوە لە بن بەرد و ناو کەندڕ و بن تەڕاشان خۆمان شاردەوە، مـن خـۆم هاویشتە نێوان دوو تیشـە بـەرد، پێدەچـوو پێشـتر بـەردێك بووبێـت و بووبێتـە دوو، ڕەنگە خواوەندی دڵنەرمی بەرد زانیبێتی ڕۆژێك لە ڕۆژان پێشمەرگەیەك کۆپتەر ڕاوی دەنیٚ و جیٚ نیە خۆی لێبشارێتەوە، بۆیە ئەو بەردەی کەرت کردووە، یـان دوو بـەردی

بە تەنیشت یەکەوە داناوە و کـەلێنێکی هێشـتۆتەوە کـەلێنێك مـن بـە کـەمێك خـۆ باریککردنەوە پێوەی دەچم.

لەو رۆژەوەی بە چیاوچۆلان کەوتووم، هەمیشە دوعام کردووە لە کۆپتەرم بـە دوور بگریت، لە بیرمە زۆر جار لە مالآن یان لـە رێوبـان کـاتێ پیـاوێکم دیتـووە لـە سـەر بەرمالّ بە گالّتەوە دەمگوت دوور نیە جۆرێك لە راستیشی تێدا بووبێت:

توخوا کە نوێژەکەت تەواو بوو، بە زمانی منەوە روو لە خوا بکە و بلـێ: خودایـە لە شەڕی کۆپتەرمان بە دوور بگرە .

جارێکیان پیاوێك گوتی:

مادام ئەوە دەزانی، بۆچی خۆت نایەیتە سەر بـەرمالّ و لێیبپاڕێتـەوە و داوای لـێ بکەیت.

هیچم نەبوو بۆ گوتن، وا بزانم گوتم:

لە تۆ باشتر تێدەگات..

کۆپتەر ترسناکە، ئەوانەی شەڕی کۆپتەریان دیتووە، لەوان بپرسـە، ئـەوان دەزانـن چیە! شەڕی کۆپتەر هەر بە قسە بە خودای بە قسەش خۆش نیە، من لـە فـیلم زراوم لە کۆپتەر چووبوو، ئەوجا وەرە هـەر بـە راسـتی و راسـت و راسـت کۆپتـەر لـە سـەر سەرت بێت و داتبێژێ!.. زرمەی یەکەم زرمەیەکە مردن لەبیربچێتەوە ئەو زرمەیە لە بیرناچێتەوە، چیا هیچ چیایەك گوێی لە زرمەی وانەبووە، تا درەنـگ گـوێم لـە هـیچ زرمـەیەکیدی نەبوو، دواتر پێکەوتم کە وڕو کاس ببـووم، دەنـا زرمـەکان پسانەوەیان نەبووە، لە عەرد و ئاسمان ئاسن، ساچمە بەر یـەکتر دەکـەوتن، دەنگـی پیـاوە دەنـگ رووبارییە سیما خورماییەکەم ناسیەوە:

((تەقە نەکەن تەقە نەکەن..))

تەقەی چی، دەوێرم تەقە بکەم، وەها خـۆم نەخسـتۆتە کـەلێنی بەردانـەوە دەسـتم بجەوێتە تفەنگ و تەقە بکەم، دێتەوە بیرم وەرز وەرزی بارین بوو، بەلآم ئاسمان هەمـوو

ئاسمان یەك تیلمە هەوری پێوە نەبوو، دنیا کەسك کەسـك دواتـر دوای ئـەوەی چاوی کچە دیرەشییەکەم دیت جوانتر کەسکایی ئـەو جێگەیـە لـە چاوم کەسـکتر دەچۆوە، کۆپتەرەکان واز ناهێنن، دەڵێـی ئێمـەیان دیتـووە، ئـەو بۆردوومانـە چڕ و وردە هـی ئەوەیە کـە هەسـتیان بـە بـوونی ئێمـە کردبێـت، لـە بیرمـە، باشـم لـەبیرە، خۆزگـەم دەخواست لە پڕدا پەرجوویی هەورێکی تیر بەری ئاسمان بگرێت، عەرد و ئاسمان ببێتە ئاو، ئەوها نەبێت کۆپتەرەکان لە کوڵمان نابنەوە، بە دزیەوە تەماشای ئاسمانم دەکـرد بزانم خۆزگەکەم دوعایەکەم نەهاتۆتە دی، خۆزگەیەکیدی یان دوعایەکیدی ئەوەبوو کە چەند فرۆکەیەکی ئێرانی پەیدا بن و ئەو کۆپتەرانە راو بنـێن، دوعایەکیـدی ئـەو دوو کۆپتەرە لەو هـەموو سـووڕانەوەو بـەرز و نزمبوونـەوەدا خـۆ لێکبـدەن و لـەو سـەری دنیـاییێ بـە عـەرد بکـەون، وا بـزانم دوعایـەکی ئەوهاشـم کـرد: ناکـا دڵـی هـەردوو کۆپتەروانەکە لە رێی رێککەوتەوە لە لێـدان بوەسـتن، وا دیـار دوعاکـان بـڕ ناکـەن و ناگەنە جێی مەبەست..

نازانم بێدەنگی و وەك دەڵێن سەرشۆڕکردنەوە و خۆ حیزکردنـەوە چـەندی پێچـوو، تفەنگ شاردنەوە نەوەك بریسکەی بێت چەندی پێچوو، هێنـدە دەزانم پێشـمەرگەیەك تەقەی کرد، ئەوجا ئەوە نازانم ئەو تەقەیە لە ئازایەتی بـوو، لـە کەرایـەتی بـوو، لـە ترسان بوو یان لە ژیری، نازانم لە کامیانەوە بوو، لە بـیرم بێـت بیسـتبووم تەقـەکردن ئەو چوار جۆرەی هەیە، ئیدی تەقە لە عەردیشەوە دەستیپێکرد، لـە پێشمەرگەشـەوە دەستیپێکرد، هەتا ئێستا هەر لە ئاسمانەوە بوو لە کۆپتـەرەوە بـوو، هـەتا بـە چاوی خۆت شەڕی کۆپتەر نەبینی، نازانی چەند بە سامە، نازانی کۆپتـەر هێنـدە چوسـت و لەشسووکە، ماسی چۆن لە ئاودا مەلە دەکاو تیژ دێ دەچێ و کۆپتەریش لە ئاسمانێ لە هـەوادا رێـك وەك ماسـیە، لـە ماسـی تیـژتر مەلـە دەکـات تەنیشـتان دەگـۆڕێ، ستوونی بەرز و نزم دەبێتەوە، رێك ئەوەی ماسی دەیکات کۆپتـەریش دەیکاتـەوە بـە زیادیشەوە، من دەترسام کۆپتەر بە دەست بمانگرن و فریـای خۆکوشـتنیش نەکـەوین،

ئاخر هەبووە بە دڵ لە باری ئەوها وەك ئەوەی ئێمە حەزی کردووە خۆی بکوژێت پێڕانەگەیشتووە، بە خۆکوشتن رانەگەیشتووە، هەڵبژاردنی ساتی خۆ کوشتن بۆ پێشمەرگە وا ئاسان نیە، بڕیارێکی وا لەو ساتە دەدرێ کە دڵنیابیت سەد لە سەد دڵنیابیت کەرێگای دەربازبوون بەستراوە و نابێتەوە، ئەوەی لە پێشە رێگەی مەرگە، گەیشتن بەو دڵنیاییەش ئاسان نیە، رەنگە نەگەیشتن بەو دڵنیاییەش لە ژیاندۆستییەوە هاتبێت، ئیدی رەنگە هەتا لەگەڵ خۆت ئەو کێشمەکێشمە یەکلادەکەیتەوە، بە دەست و پێ بەستراوی خۆت لە ناو کۆپتەر ببینیتەوە، من لەوە دە ترسام، من بیرم بۆ خۆ کوشتن چوو، با ئەوەش بڵێم لەوێوە تێگەیشتم بڕیاری خۆکوشتن هێندە سەخت نیە کە پێشتر لە لای من زۆرسەخت بوو، بۆ گاڵتەش نەمدەتوانی بیری لێبکەمەوە، لەوێ تێگەیشتم خۆکوشتن ئازایەتیەکی ئەوتۆی ناوێ، مادام لە کەشێکی حاڵگرتوودایت، تەنها چەند (حەی حەی)ێکی شۆرشگێڕانەی دەوێت و تەواو، دیارە نزیکبوونەوە لە خۆکوشتن لە ترسی دیلیەوەیە، نەك سبەی رۆژێ بڵێن پێشمەرگەیەکی چەند بێ غیرەت بوو، کۆپتەر بە چەکەوە گرتی، من وا بووم نازانم ئەوانیدی، من گاڵتەم بەو قسانە دەهات، من لە دیلیەتی دەترسام و تەواو، حەمە رەشاشم بیردەکەوتەوە، ئەو پێشمەرگەیەی لە شەڕێك بە بریندارى کەوتە دەستی دوژمن، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو، دەیگوت دوو دەمژێر مابوو ملم بە پەتەوە بکرێت، سەدام حوسێن لێبووردنێکی دەرکردبوو، حەمەشی گرتەوە، من زۆر جاربە گاڵتە بە حەمەم دەگوت: سەدام حوسێن ئەو چاکەیەی لەگەڵ کردی کەچی دووبارە چەکیشت دژی هەڵگرتەوە! دەمگوت لە هەموو هەورێك باران نیە ئەوەی بۆ حەمە رەشاش هاتە پێشێ پەڕجوو بوو، پەڕجووش هەموو رۆژێك روونادات.

لە بیرم نیە چەندەمین کەس بووم کە یەکەم دەسرێژم هاویشتە ئاسمانێ، لە بیریشم نیە ئەو دەسرێژە دەکەوتە کام خانەوە خانەی کەرایەتی، ژیری، ئازایەتی، ترس، بەڵام ئەوە دەزانم دوای ئەوەی چەند دەسرێژێکم کرد هەستم کرد ئەو ترسەی

هەموو گیانمی داگرتبوو ڕەویبۆوە، ئەوجا نازانم ئازایەتی جێی گرتبۆوە یان کەرایەتی، لە بیرمان بێت قسەیەك هەیە دەڵێت ئەو داوەی ئازایەتی و کەرایەتی لێك جیا دەکاتەوە زۆر باریکە، لەویٚ بۆ یەکەم جار هەستمکرد کەمێك حاڵم گرتووە، پێشتر فشەم بە حاڵگرتن دەهات، بە لای منەوە زەحمەتترین شت لە شەڕیٚ جیٚ گۆڕینە بەرد گۆڕینە، تۆ کە دەزانیت کەوتوویتە ناو سێرەوە، جێت ئاشکرا بووە و گوللەکان ساچمەکان ڕێکاو ڕێك بۆ ناو چاوت دێن، هیچ چار نیە دەبێت چاو لە جێگەیەکیدی لە بن بەردێکیدی بگێڕی، بەلاٚم چۆن ئەو کارە دەکەیت؟ ئەوە پرسیارە سەربازیەکەیە، لە ساتەکانی جێگۆڕکیٚ جێگۆڕین هونەرێکە لە هەموو هونەرانی شەڕ هونەرتر، من دەبوو ئەو بەردەی هەتا ئێستا خۆم دەخیلی کردووە بە بەردایەتی خۆی کە گرنگترە لە پیاوەتی لە گوللە و ساچمان پاراستوومی ، دەبوو بە جێی بێڵم نیشانەکان دەیانگوت، تا زووە بڕۆ بن بەردێکیدی دەنا لە ترِیٚ سەی دەچیت، من کە هیچ ئاشنایەتیەکەم لەگەوڵ خودا نەبوو بەلاٚم هاوارم بۆی برد کە لە کۆپتەران بمپارێزێت، بمگەیەنێتە پەنایەك ئەوی ئاسنە نەیگرێتەوە، لەو لاوە بەردێك هەر بە بانگکردن بانگمی کرد، مەبەستمە بڵێم پەنایەکی چاك بوو، نزیکیش بوو پەلامیزەم هاویشتبا دەگەیشتیٚ، بەلاٚم گەلێك دووریش بوو، لەوتەقوتۆق و ئاسن بارینەدا لە چاوی منەوە گەلێك دوور بوو، هەستمدەکرد لە نێوان من ئەو بەردە دەریایەك هەیە دەریای ترس، لە نێوان من و ئەو بەردە بیابانێك هەیە بیابانی بزربوونی یەکجارەکی و نەدیتنەوە، گوێشم لێبوو نازانم شێخ شوان بوو یان کەسێکیدی دەیگوت:

((هەوڵدە جێت بگۆڕە، جێت خراپە..))

جێگۆڕین لە شەڕیٚ لە چەند شتێکەوەیە من لێرە ئێشم بە دوانیان هەیە، یەکمیان ترس دووەمیان لێزانین، ترس ئەوەیە تۆ لە ترسان لە شوێنی خۆت ئۆقرە ناگریت، ئەوجا جاری وا هەیە جێگەکەت قایمە بەلاٚم ترس لە شەڕ وات لێدەکات ئەویٚ بەجێبهێلیت، وا دەبینیت هەموو جێگاکانیدی لە جێگاکەی تۆ لە بەردەکەی تۆ

پەنادارتر وقایمتر و بیّ مەترسیترە، هەرچی لیّزانینەکەیە ئەوەیان دەکەویّتە خانەی هونەری شەڕەوە، تۆ کە جیّگاکەت گوللە بگریّتەوە دەبیّت چاو لە جیّگەیەکیدی لە بەردیّکیدی بگیّڕیت، ئەگەر وا نەکەیت ئەوە کەرایەتییە، من دەمویست بەردەکە بە بەردیّکیدی بگۆڕم، پیّش ئەوەی داوای جیّگۆڕینشم لیّبکەن من دەمویست بیگۆڕم، ئەوجا نازانم ئەوەی من لە ترسان بوو یان لیّزانین.. بەرد گۆڕین دژوارە، لە کنە من گەلەك دژوارە، لە میّژووووی شەڕەکاندا چ بە دووری نابینم نیوەی شەڕڤانان ئەوانەی کوژراون لە ساتی بەرد گۆڕین لە ساتی پەنا گۆڕین، بەردەکان بوویّتە کیّلّیان.. ملازم شیّرزاد جاریّك بۆی گیّڕامەوە، بەلاّم باشم لەبیر نیە بە زمانی خۆیەوە قسەی دەکرد یان سەرهاتەکە لە سەر زمانی جەنگاوەریّکیدیەوە بوو، شیّرزاد ئەوهای گیّڕایەوە:

((لە دەو چەمیّك لە بن بەردیّك سەنگەرم گرتبوو بەردەکە هەر چوار پیّنج هیّندەی سەری سەرۆك دەبوو/ شیّرزاد زۆر شتی بە سەری سەرۆك بەراورد دەکرد بەلاّم کەس تیّنەدەگەیشت ئەو سەرۆکە کیّیە سەرۆکی چ دەولّتیّکە هی چ حزبیّکە/ جیّگاکەم ئاشکرابوو، کەوتبوومە ناو سیّرەی چەند کلاشینکۆفیّکەوە، بە چڕی تەقەم لە سەر بوو، هاواریشم کرد تەقەم لەسەرە، بەلاش بوو دیارە برادەرانیش تەقەیان لە سەر بوو، نەمدەزانی چ بکەم، ئیّستا نا ئیّستا گوللەیەك بە پاشەلم دەکەویّت، لە سەرم نەدەترسام بەرد دەیپاراست، گەڕامەوە بۆ چیکۆسلۆفکیا بۆ یەمەن بۆ ئەو جیّیانەی خولی سەربازیم لیّکردبوو، دەمویست لە ناو دەفتەری وانەکانم، هی تیّبینیەکانم، قسەی ئەفسەرەکان شتیّکم بیربکەویّتەوە کە بە کەلکی ئیّستام بیّن، بەکەلکی ئەو بارە بیّن کە تیّیکەوتووم، بەلاش بوو هیچم بیرنەکەوتەوە، یان لەو بارەوەیە هیچیان پیّمان نەگۆتبوو، نازانم، لەبەر خۆمەوە دەمگوت کوڕە ئیّستا نا ئیّستا شەهید دەبم، با بیر لە چارەیەك بکەمەوە چارەیەك کە لە دەفتەران

نەنووسراوەتەوە، لە پڕدا بیرێکی برووسکەیی بە مێشکمدا هات و گـرتم و نەمهێشت خۆ راپسکێنێت:

+ ئەتو بای چت دەکرد؟

- گوم دەکرد چم دەکرد! یان گوللەیەکم لە سەری خۆم دەدا یان سەری خۆم حیـز دەکردە و دەمگوت تەقە مەکەن من خۆم بە دەستەوە دەدەم.

+ نەخێر، من هیچ لەم دووانەم نەکرد، هێواش هێـواش بەردەکـەم بـەرەو لای چـەمەکە غلـۆر دەکـردەوە خۆشـم لەگـەڵی وەك ئـەوەی پێـوەی بەسـترامەوە غلـۆر دەبوومـــەوە، بـــە ســـەری تـــۆ بـــە ســـەلامەتی گەیشـــتمە نـــاو چـــەمەکە))

شێرزاد دەیگۆت:

((کاکە شەڕکردن ئەزموونە، بیرکردنەوەیە، هەندێك شت هەیە بەس لە ناو شەڕێ فێری دەبیت، هەزار خولی سەربازی بکـەیت بەلاشـە، ئاگـادار بـە، ئـەو ملازمانـەی هاتوونەتەوە وا مەزانە شـەڕکەر و شـەڕزانن، هەنـدێکیان دڵنیـام تووشـی شـەڕێ بـن تەفەنگ فرێدەدەن و هەڵدێن..))

لەو ئان و ساتە ناخۆشـەدا ئـەو سـەرهاتەی شـێرزادم بیرکەوتـەوە، بـەڵام چ لـەو ئەزموونەی شێرزاد بکەم، ئەو بەردەی پەنای منی داوە نەك بە من و حەفتی وەك من غلۆر نابێتەوە بەو دوو کۆپتەرەش کە نازانم خودا لە کوێوە بۆ ئێمەی ناردن ناجوولێن و غلۆر نابنەوە، ئیدی تێگەیشتم نە خودا فریام دەکەوێت و نە ئەزموونەکـەی مـلازم شـێرزادیش، دیـارە دەبێـت هەنـدێك بـیرم کردبێتـەوە دوور نیـە خێریشـم لـە خـۆم نەگرتبێت، لەو سـاتانەی کۆپتـەرەکان بـەرزتر دەبوونـەوە دوورتـر دەکەوتنـەوە، هـەڵم قۆستەوەو خۆم گەیاندە بن ئەو بەردەی پەلامیزە دەگەیشـتێ بـەلام لـە مـن هێنـدەی دووری کیشوەرێك دوور بوو، نەبێتە دزی ئەو کیشوەرە هی ئومێـدە، ئومێـد جارێـك شەڕێکی بۆم گێڕایەوە من هەر ئەوەی دەگێڕمەوە کە پەیوەندی بە کیشـوەرەوە هەیـە ئومێد دەیگوت:

((پێش ئەوەی شەڕ دەستپێبکات بەردەکان هەموو بەسەر یەکەوەن، تفێکی توند بهاوێژی پرووشکی بە هەموویان دەکەوێت، بەلاّم کاتێ دەکەویتە ناو تەقەوەو ئەو بەردەی سەنگەری تۆیە دەکەوێتە ناو سێرەی دوژمنەوەو تەقەی لە سەر نابڕێ، بەردەکانیدی هەر یەکەیان دەکەونە کیشوەرێك یەك ئۆستralیا، یەك ئەمریکا...))

ئەبوو (خالید تەویل)ێك هەبوو نازانم نە لەبەر درێژیی خۆی کە زۆر درێژبوو ئەو (تەویل)ەیان دابووێ، نە بۆ جیاکردنەوە بوولە ئەبوو خالیدێکی کورت، ئەو تەویلە کە بەسرابیەکی زۆر ڕەسەن بوو، خۆی دەیگوت:

((یەکەم ماڵە عەرەب کە لە ئاقاری بەسرا هەڵیاندا، ماڵی باپیری من بوو، کەچی ئێستاش هەر کرێچین.))

ئەو عەرەبە بەسراییە ڕەسەنە کرێچییە، چاوم لێبوو باش حاڵی هاتبووێ، وا بزانم هەرچی پێشمەرگەی ئەوێ هەبوو حاڵیانگرتبوو، بەوە دیار بوو کۆپتەرەکان کە هەتا پێش یەکەم دەسرێژ کە نازانم کێ بوو هاویشتی بە فەرمانی کێ بوو، زگیان لە سەر عەردی بوو، ئێستا بڵندن زۆر بڵند، زۆری نەبرد دوعایەکەم ئەوەی یەکەم هاتە دی هەورێکی هێنا ئەمما هەور، لە پەڕجوو دەچوو ، هەر هێندەی دوو جارێك مەخزەنی فیشەك بگۆڕی، ئەو ئاسمانە گەورەیە ئەو ئاسمان ڕوونە ڕەش هەڵگەڕا، بووە هەروە تریشقە، باران دایکرد، کۆپتەرەکان بۆی دەرچوون، بەلاّم هەورە تریشقە نەهێشت ئۆخەی تەواو بکەم هەر وام دەزانی کۆپتەرە و بۆردومان دەکات..

سەردەستە گۆتی:

هەستدەکەم گەورەترین دەستکەوتمان بووە.

یەکێك بە پێکەنینەوە هەڵیدایێ:

ئا، ئا، دوو کۆپتەرمان خست..

سەردەستە ویستی شتێك بڵێ، یەکیدی قسەی پێبڕی:

به راستی وایە، مادام لە شەڕێکی وا ناوەختە بە بێ زیان دەرچووین، ئەوە گەورەترین سەرکەوتنە، سەرکەوتن ئەوە نیە ژمارەی کوژراوەکانی دوژمن چەند بەرانبەری شەهیدانی ئێمە بن.

من قسەی ئەو پێشمەرگەیەم بەدڵ بوو، بەلاَم یەکیدی گوتی:

من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم، ئەگەر دوژمن لێی نەکوژرێ و ئێمە لێمان شەهید نەبێت..

قسە زۆر کرا شتێکی وام لە بیرنەماوە، لە بەر باران دەرۆیشتین، خەریکبوو بشخنکێم لە تینوێتیدا، دەستم بۆ باران دەگرتەوە، بارانم دەخواردەوە، چ بە تامە باران! ماندووم هێندەی حەفت رۆژە رێ ماندووم، برسیم بایی تلیانەیێ نان برسیم، بۆ تینوێتیەکەش ئەوە دەوم بە هەورەوە ناوە، بەلاَم باشە جگەرەکە هەیە، هەستمدەکرد لە شەڕی یەك ساڵە هاتوومەتەوە، هەمووشی درەنگتر زانیم کە سێزدە خولەك بووە بەلاَم لەو سێزدە خولەکە سێزدە هەزار ساچمە و گوللە لە سینگی چیا راچووە، یەك لەو ساچمانەش کە هەر هێندەی دنکە فاسۆلیایەك دەبوو لە سەر رانی من نیشتبۆوە، بە نیشتنەوە نیشتبۆوە، نیشتنەوەیەکی نەرم، ئاخر نیوەی پتری بە دەرەوە بوو کەمێکی رۆچووبووە گۆشتەوە لەگەڵ دەستلێدان هاتە دەرێ و هەتا چەند رۆژ هەر لە گیرفانم بوو کەسیش نەیزانی، ئەو رووداوە وا بزانم لە راگەیاندن باس نەکرا، وا بزانم هەر کەسیش باوەڕی نەکرد، ئاخر ئەو جێگەیە هی ئەوە نەبوو لەو بارو دۆخەی ئەوکات کۆپتەر بیگاتێ یان خۆی پێوە ماندوو بکات، لە بیرمە دواتر خۆشمان لە رووداوێکی وا کەوتینە گومانەوە، هەر یەکە لای خۆمانەوە دەمانگوت دەبێت خەونمان نەدیتبێت، من گوتم:

((دەبێت بۆ ئەو خەونە بە کۆمەڵییە پرسیارێك لە فرۆید بکەین، ئەگەر ئەو شتێکمان پێبڵێ..))

با واز له کۆپتەر بهێنین، دوعا بکەین جارێکیدی تووشمان بە تووشیان نەبێتەوە، بەڵام کۆپتەر واز دەهێنێت! لەو گێڕانەوەیەدا سوێند دەخۆم کۆپتەر نەهێنمە ناو سەرهاتەوە، با ئەو ئاسمانە پیس نەبێت کە دەڵێی چاوی منداڵە روون روون..

ئێستا دەگەڕێمەوە لای برادەرەکانیدی قاسم و سەر دەستارِ و جیهاد و ئەبوو گێچەڵ و.... لە سەر چیایەکین بەشی زۆری دنیای لێوە دیارە، دەڵێن ئەگەر شەوان لێرەوە تەماشای دنیا بکەیت رووناکایی شاران هەموو شاران دەبینی، مەگەر شارێك خۆی لەباوەشی چیایەك حەشار دابێت، بۆ ئەوەی لە یەك کاتدا دنیایەك چیا بێنە چاوتەوە، وەرنە ئەو جێگەیەی ئێستا ئێمە بۆ پشوو لێی دانیشتووین و پیاوێکی بە تەمەنیش وا گەیشتە لامان، پێدەچێت زاری پڕ لە قسەی خۆش بێت، باسی ژیانی خۆی و برایەکی دەکرد، لە گێڕانەوەی سەرهاتان لە هەندێکیان لێم تێکدەچوو خۆی دەگێڕێتەوە یان براکەی، باسی پەڕینەوەی لە ئاوی ئاراس دەکرد نەمزانی خۆی بوو یان براکەی، ئەو پیاوە دەیگوت:

من دەزانم حکومەتان چەند غەدار و دژ بە کوردن، ئەوە قسە هەڵناگرێت، بەڵام بە خودای شۆرشی کوردیش غەدارە، ئەوەی کورد لەگەڵ کوردی دەکات، دوژمن لەگەڵ کوردی نەکردووە، ئەنگۆ هەکاریتان لە بیرە! ئەدی پشتئاشان! ئەدی../ پەنجا جێگەی لە دووی یەك گۆت، جێگەی کوشتوکوشتاری کورد بە دەستی کورد/ کورد ئای کورد هەر هێندە دەستی خۆی دیت کەس ناناسێت، ئەنگۆش کە پێشمەرگەن ناتانناسێت.

ئەو پیاوە هەر قسەی دەکرد، گوێینەدەگرت، دەیگۆت:

با سەرۆکێت کوردان ئەگەر هەیە باش بزانێت، ئەگەر بە یەك تەقەی من بێتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی،باش بزانێت ئەو تەقەیە ناکەم، ئەنگۆ بە خەلەت لە من تێمەگەن، من پیاوی حکومەت نیم، هیچ سەرۆکێکی کورد هێندەی من دوژمنی حکومەت نیە، ئەوان دێن دەست لە ناو دەستی حکومەت دەنێن، ما کەم جاریان

ئەوها کردیە! بەلاّم بە خودای حکومەت بلێتە من بەس تۆقەکم لەگەڵ بکە هەموو سۆرا و بادینانت لە سەر تاپۆ دەکەم، نایکەم..

جیهاد سەری لە بن گوێم نا:

ئەرێ تێمگەیەنە ئەو پیاوە چ دەڵێت؟

گۆتمە جیهاد:

لێگەڕێ، دوایی، بەس ئەوە بزانە من و تۆ ئەگەر یەکی یەك بوتل عەرەقیش بخۆینەوە قسەی وا جوان ناکەین.

لە کاتی هەستانێ ئەو پیاوەی کە وا بزانم لە ئاراسی دابوو گوتی:

ئەگەر خودا تەمەن بدات، رۆژێك دێت لە زۆر شت پەشیماندەبنەوە..

سادق نازانم نە بە گاڵتە بوو نە بەراستی:

کوڕە خالۆ ئەو رۆژە لە مێژە هاتووە، لە مێژە لە زۆر شت پەشیمانین، بەلاّم چ بکەین دەبێت رایکێشین..

کابرا بە پێکەنینەوە:

دە راکێشن، خودێ دگەل هەوە بت

ئەبوو گێچەڵ گۆتی:

من دەترسم ئەو پیاوە حکومەت ناردبێتی، با بیهێلینەوە..

نازانم کێ بوو گوتی:

وایە لە لایەن خودی سەدام حوسێنەوە هاتووە، سەدام پێیگوتووە، بڕۆ سەری (ئەبوو...) بۆ بێنە، ئەرێوەڵلاّ بۆ تۆی ناردووە، دە بڕۆ بیگرە، ئێمە هەقمان نیە..

بووە پێکەنین، ئەبوو گێچەڵ رەنگی قاوەیی هەڵگەڕا..

چیاکان هەر هەموو چیاکانی دنیا دیارن و هەمووشیان سپین، دەڵێی خوداوەندی چیا لە بیری چووە چیایەك بە رەنگێکیدی جگە لە سپی لە سەر زەوی هەڵبچنێ،

خۆزگە ئومێدمان لەگەڵ دەبوو، ئێستا یەك یەك ناوی هەموو چیاكانی هەڵدەدا، ئەو كوڕە لە چیای قەرەچووخەوە شارەزا بوو- قەرەچووخی لە دوورەوە دیتبوو- هەتا چیای قاف، هەموویانی دەناسیەوە ناوی هەمووانی لەبەر بوو..

ئێستا دەمەو عەسرە، هەورێكی هێنا پێدەچێت بەفری پێبێت، بەفرێكی ئەستووریش، گەیشتینە سەر ئەو دۆڵەی كە ئەگەر رێت پێینەكەوتبێ، هەموو دنیا بڵێن رێی چوونە خوارەوەی هەیە باوەڕ ناكەیت، من بەهاری چووی بێرەدا شۆڕبوومەوە، كەچی ئێستا باوەڕ ناكەم و دەڵێم ئەوەی جارێدی رەنگە خەون بووبێت، لە سەریَ تەماشای خواریَ بكە، دۆڵ لە مەنجەڵ دەچێت، مەنجەلێك هەرچی كوژراوی كورد و رۆژهەلات هەیە لە سەردەمی عومەر و خالیدەوە، لە سەردەمی شاعەباس و خەلیفەكانی بەغدا و سولتانەكای ئەستەنبول و حەمە رەزاو ئەتاتورك و سەدام، بیانخەیتە ئەو مەنجەڵەوە پڕنابێتەوە، هەر بەراستی ئەو دۆڵە لە مەنجەڵ دەچوو، مەنجەڵی سرووشت، من بۆ یەكەم جار ناوی ئەو مەنجەڵەم لە ئومێد بیست، بۆی باس كردبووم، زۆر جار دەیگوت:

((ئەو جارەش چوومە ناو مەنجەڵەكەوە ئەو مەنجەڵەی بە پێی وەرزەكان پلەی گەرمیی دەگۆڕیَ، زستانان سارد سارد، لە مەنجەڵە ماستی ناو فرێزەر ساردتر، هاوینان گەرم گەرم لە دۆدانە دۆی بەر قرچەی گەرمایێ گەرمتر، بەهارانیش فێنك فێنك لە (بازاڕی كچان) / وا تێبگەم مەبەستی لە بازاڕێكی بەغدا بوو/ پایزانیش هیچ پلەیەكی دیاریكراوی نیە دەڵێی چاوی یارە/ئەوەی لە شیعرێك وەرگرتبوو/))

ئومێد ئەوها وەسفی ئەو دۆڵە مەنجەڵیەی دەكرد كە ئێستا ئێمە بۆی شۆڕ دەبینەوە، بەو بەردە پێپلكەییانەدا شۆڕدەبینەوە كە داخوا چەند ساڵی ویستووە تا وا جوان و ئەندازەیی داندراون، من قەت نەچوومەتە ئاسمانیَ، لە لە ئاسمانیشەوە نەهاتوومەتەوە سەر زەوی، بەڵام ئەو نشێوە، ئەو چیایە، ئەو دۆڵە رێك عەرد و ئاسمانن، هەر كەسێك رێی بەو لێژبوونەوە كەوتبێت مافی خۆیەتی بڵێت من چوومە

ئاسمان و سەراوسەریش هاتمەوە خوارێ، چ لێژ بوو خودایە! ئەوجا لە هەمووی خۆشتر دەیانگۆت ئەوە هەر ڕێی پێشمەرگە نا ڕێی ولاٚخیشە ڕێی هێستریشە، من دیومە، هێسترم دیوە بە ڕێی وادا بە هەرواز و لێژی و تەلانی وەهادا ڕۆیوە، چەندان جار چاوم هەڵگلۆفتیە نەوەك خەون ببینم و ڕاست نەبێت، ئا، هێستر بە ڕێی وەها دەڕوا مەگەر بەس پێشمەرگە بوێرێ لێیبدا، بەلاٚم چەندی دەکەم ناتوانم باوەڕ بێنم ئەو ڕێیە هێستر بوێرێ لێیدا و شۆڕبێتەوە ناو ئەو مەنجەڵە، بەلاٚم دوایی بڕوام هێنا، بە چاوی خۆم نەمدیت، بەلاٚم گۆتم مادام پێشمەرگە بوێرێ، هێستریش دەوێرێ، خۆ هێستر هیچی لە پێشمەرگە کەمتر نیە..

دنیا خەریکە خۆی دەخاتە تاریکیەوە، بەفر پرووشەی دەکات، بەفر و شەو ترسیان بۆ پێشمەرگە هێنا، ئاخر ئەو ڕێیە هی ئەوە نیە بە شەو خۆتی لێبدەی، هی ئەوە نیە بە بەفر خۆتی لێدەی، خۆ ئەگەر شەو و بەفر پێکەوە بێن، ئەوە مامز بە مامزایەتی خۆی و ئەگەر ڕەوە گورگیشی لە دوا بێت زاخ ناکات خۆ لێدات، هەر یەکە لە جێگەی خۆیەوە هاواری دەکرد:

((پێ هەڵێنن درەنگە، شەو داهات، عەردی سپی کرد..))

کامەشیان کە لە هەمووان بە دەنگی بەرزتر ئەو هاوارەی دەکرد، لە هەمووان هێواشتر دەڕۆیشت، کەس نەبوو چەند جارێك خلیسك نەبات و نەکەوێت، ڕەنگە من لە هەمووان کەمتر کەوتبم، من لە ڕێی سەخت باکم نەبوو، وەك دەڵێن هەر کەسە و لە شتێك لێهاتووە، یەك لە دەستکردنەوە و شەڕکردن، یەك لە نەخەوتن، یەك لە هەلاٚتن، یەك لە خۆراگری بەرانبەر برسێتی یان تینوێتی، یەك.. یەك.. منیش لە ڕۆیشتنی شوێنی سەخت و بەرنەبوونەوە، لە بیرمە زۆر جار لە هەڵدێر و تەلانان بە دوای بزندا دەڕۆیشتم، پێم لە جێی پێی بزن دەنا، تەماشام دەکرد چۆن چۆنی دەڕوا، چۆن پێی خۆی گیردەکات، منیش لاسایی ئەوم دەکردەوە، لە ڕۆیشتنێ لاسایی بزنم دەکردەوە، جارێك پێشمەرگەیەك ناوی وێ گولاٚڵە بوو، نازانم تودە بوو سازمان بوو،

هی دیوی رۆژهەلآت بوو، کاتێ دیتمی بـە مەبەسـتی چـنینی نێرگزبـە هەڵدێرێکـدا هەڵگەڕام داگەڕام، هەڵدێرێك کەم کەس دەوێـرێ بگاتـە ئـەو جێگەیـەی کـە نێرگـزی لێبوو، ئا لەو کاتە گولاڵە گوتی:

((ببوورە، تووڕە مەبە ئەگەر بڵێم تۆ خزمایەتیەکی نزیکت لەگەڵ بزن هەیە))

بە چاوی ئێستا تەماشام مەکەن، پێشان کەی وەك ئێستا تەپە حولچـە بـووم! بـا ئەو گولاڵەیە لە بیر نەکەم، ساڵی چووی هەر لەو دۆڵەی ئێمە وا بەو تاریکیە بەفراویە بۆی شۆڕ دەبینەوە، ناوێکی وەك زێوەی هەیە، کەمێك لەولاتر بەر کیمیـاوی کـەوت، دواتر زۆر دواتر چەندان ساڵی بەسەردا رابورد بیستمەوە لـە سـادقم بیسـتەوە- خـودا بکەم وا نەبێت بە هەڵە هەواڵەکە هاتبێت- کـە گولاڵـە بـە هـۆی کیمیاکـەی عـەلی کیمیاییەوە لە ئەوروپا ئەوروپای داهێنەری کیمیا گیانی لـە دەسـت دا، ئـای گولاڵـە چەند میهرەبان بووی ،چەند عەشقە حوسێن و ژیان بووی، حوسێن هاوسـەری گولاڵـە بوو..

بەفر تەواو رێگەو بانی سپیکرد، شەویش بە تەواوی گەیشـت، ئەگـەر بـە هەلـەدا نەچووبم، بەفری ئەو شەوە هەر زیان نـا کەڵکبەخشـیش بـوو، ئەگـەر بـەفر نـەبا بـەو تاریکە شەوە لەو لێژبوونەوە بـێ رێییـەدا قـەت رێمـان نەدەدیتـەوە.. وا بـزانم چـەند گوللەیەکی گڕدارمان هاویشت، گوللەی خۆمانـە، گوللـەی مێـوانی، لـە بارەگاشـەوە هەر بەگڕدار گڕداری مێوانداری و بەخێرهاتن وەڵامیان داینەوە، ئیدی گەیشتینە بنی مەنجەڵێ، گەیشتینە بارەگا.. پێشمەرگەیەك هێندەی بڵێی یـەك و دوو یـەك سـەبەتە هێلکەی کردە رۆنەوە، بخۆ هێلکە و رۆن بخۆ، لە بیرمە یەکەم پرسیار کە لە بارەی ئەو شوێنە مەنجەڵێیەوە کردم، ئەوەی دەڵێم هی بەهاری رابردووە نەك ئێستا، پرسـیارەکە ئەوها بوو:

ئەرێ خۆر لێرە هەڵدێت؟ ئێرە تیشکی خۆری بەرکەوێت؟

پێشمەرگەیەك ناوێکی وەکو (ئەبوو نەبە)ی هەبوو وای وەڵام دامەوە:

هەتا شەش مانگ ئێرە هەر سێبەرە و یەك تیشكە خۆری ناگاتێ، ئەوە رێكەوتنی نێوان سێبەر و رۆژە، دوای ئەو شەش مانگەش رێكەوتنەكە ئۆتۆماتیكیانە نوێ دەبێتەوە..

كە قسەی ئەو ئەبووە قسە خۆشەم بیركەوتەوە، لە دڵی خۆم گوتم:

ئەوە بەهارەكە ئەوها بوو، ئەدی بەو زستانە دەبێت چۆن بێت!

بۆ خەوتن كەوتمە تەنیشت پێشمەرگەیەكەوە، دەتگوت لە مەیدانی ماتۆڕانم،یەك پرخوهۆڕی بوو، چەند جارێك بە دەستی خۆم دەمخستە سەر تەنیشت و كەلەك گۆڕكێم پێیدەكرد، كەلكی نەبوو، ئەگەر بە پێوەش نووستبا لە پرخەپرخی خۆی نەدەكەوت، لە هەمووی سەیرتر، من بە كەیفی خۆم هەڵگێڕو وەرگێڕم پێیدەكرد، ئەو پیاوە بە ئاگا نەدەهات، دیار بوو ئەبوو گێچەڵیش خەوی رۆیشتبوو، وا بزانم هەر ئەبوو گێچەڵ بوو ناوی لێنا ئەبوو ماتۆڕ، هەتا درەنگیش كە یادی ئەو پێشمەرگەیەمان دەكردەوە، بە ئەبوو ماتۆڕ ناومان دەبرد، بە جیهادم گوت:

كورد مەلا ماتۆڕی هەیە، با عەرەبیش ئەبوو ماتۆڕێكی هەبێت..

بۆ بەیانی چووینە بارەگایەكیدی هەر لەو دۆڵە، زوو گەیشتینێ، نزیك بوو، لەوێ دیار بوو هەندێ لە سەركردە و مەركردەشی لێبوو، باش بوو رۆژی گۆشت بوو، ئەودەم لە بارەگاكان خشتەی حەفتانەی نانخواردن هەبوو، ئەو خشتەیە لە هەموو بارەگاكان پەیڕەو دەكرا، بەس ئەوانە نەبێت كە لە بارودۆخێكی تایبەتی سەربازیدا بوون، لە حەفتەیك رۆژێك یان دوو گۆشت هەبوو، ئێمە بەخت یاوەرمان بوو بە نیوەڕۆ گۆشت گەیشتین، دەبێت ئەوەش بڵێم چ سەركردە و چ بنكردە و چ ئەوانەی وەك من كە بنكردەش نەبووم، چ زیندانیەكانیش یەك خواردنیان هەبوو، ئەو جەمە بۆ نموونە كە من برنجە سوورەم دەخوارد، پیاوێكی سەركردایەتی و پیاوێكی زیندانیش برنجە سۆرەیان دەخوارد، لە سەر چیچكانیش، لە رووی جلو بەرگیشەوە جیاوازیەك لە نێواندا نەبوو، مەبەستم ئەوە نیە بڵێم لە ناو شیوعیان جیاوازی و نایەكسانی نەبووە،

با هەبووە، بەڵام لەو رووانەی باسی دەکەم و ئەوەی لەبەر چاوان بوو ئەوهابوو، من ئەوهام دیت، لە بیرمان بێت لە ناو لایەنەکانیدی ئەوها نەبوو، خواردنی سەرکردە و پێشمەرگە یەك نەبووە، من بە چاوی خۆم لە جێیەك دیتم، چووبووینە بارەگای حزبێك نیوەڕۆ بوو، تەماشا دەکەم دوو کابان هەبوو، یەکیان شیوی بۆ بەرپرسەکان لێدەنا، کە خواردنێکی تایبەت بوو، برنج لەبن گۆشت دیار نەبوو، ئەویدی کە بۆ پێشمەرگەی لێدەنا، ساواری رووت، بە شلەیەکەوە تامی چڵکاوی دەدەدا، لەوەشیان خراپتر بۆ زیندانیەکان برد، وا بزانم لە ناویان پیاوێکی دیاریش هەبوو، بەڵام دواتر شیوعیەکان لە جیاوازی و نایەکسانی کەوتنە پێشبڕکێ لەگەڵ لایەنەکانیدی، ئەوەیان لێرە لەو سەرهاتە جێگەی نابێتەوە.

هەر لەو بارەگایە کیمیاوییە، پێشتر کیمیای بەسەر وەرکرابوو، گوڵاڵەیش لێرە بەرکەوتبوو، کۆمەڵێك زیندانیم دیت، ئۆف، زیندانی لە من نابڕن، بە من بێت هیچ زیندانییەك و لە هیچ جێگەیەك نەبینم، یەك لەو زیندانیانەم دیتەوە، ناوەکەیشم لەبیرە، بەڵام حەز ناکەم برینی کەسوکاری بکولێتەوە، بۆیە ناوی ناڵێم، کوڕێکی گەنج زۆر گەنج، بە سیما جوان زۆر جوان، ناسیمەوە کاتی خۆی لە بارەگایەکیدی بوو، چەندان جار پاسەوانیم لێیکردووە، چەندان جار لە سەر تەندوور پێکەوە ئەو نانی پێوە داوە و من برژاندوومە، ناسیمەوە، سلاوم لێیکرد، زۆر بە بێتاقەتی سلاوەکەی وەرگرتەوە، لەو کاتە پێشمەرگەیەکی منداڵکار کە ئێشکگری لێدەکرد، مۆڕەیەکی لێمکرد، منیش بە شێوەیەك تەماشامکرد، نیوە شەڕێك بوو، باش بوو قسەی نەکرد .

دوو سێ شەو لەو بارەگایە ماینەوە، دوا شەو درەنگی شەو زۆر لە پێشمەرگەکان نووستبوون، هەندێکیشیان خەریکی یاری کۆنکان بوون، من لە ژوورێك بووم نزیکەی یازدە پێشمەرگەی لە خۆی جێکردبۆوە، گوێم لە دەسرێژێك بوو، نزیك زۆر نزیك، بووە چپە چپ، دوایی بەردێکیان لە سەر داناو گوتیان چ نیە، من هیچی

تێنەگەیشتم، دواتر زۆر دواتر بیستمەوە کە ئـەو دەسـرێژە بـۆ سـەر و سینگی کـوڕە زیندانیەکە بووە، ئەو کوڕەی دەیانگوت تاوانی گەورەی کردووە، بەڵام مـن ئێسـتاش نەمزانی تاوانەکەی چیە

هەر لەو دۆڵە بەیانیەك شتی سەیرم دیت، دەبیـنم سـەد کـوڕە دوو سـەد تـۆ بڵـی زیاتریش، سەرباز بە دووی یەکدا لۆژە لۆژ لەو بەری رووبارەکەوە بە ئاراسـتەی ئـاودا ملی رێیان گرتووە پێشمەرگەش یەکێك لێرە یەك لەولا دوو لەولاتر بە تەنیشـتیانەوە دەڕۆن، ئەوجا وەرە خەفەتخان مەبە، لە ناو ئەو هەموو زیندانیانە، خۆزگـە سـەرم بـە بارەگایەکدا دەکرد زیندانی لێنەدەبوو، لەو بارودۆخی ئەوکات و لەو جێگایانە بارەگا هەبوو بێ زیندان و زیندانی! ئەو سەربازانە دوای دەمژمێرێك پـتر بـە هـەر یەکـە بـە خۆو بە دارێکەوە کە لە سەر شانیان بوو گەڕانەوە، ئەو جارە زنجیرەی سەربازان درێژتر ببووەوە بە هۆی دارەکانی سەر شانیانەوە، برادەرێك گوتی:

ئەو سەربازانە دیلی پارتین لە شەڕی کـانی ماسـی/ وا بـزانم کـانی ماسـی گـوت/ گیراون..

ئەبوو گێچەڵ کە ئەو سەربازانەی دیت شێت و هار بوو، هاواری دەکرد:

ئـەو سـەربازانە گونـاهن، چـۆن دەبێـت بـەم سـەرمایە داریـان پێبێـنن، پێویسـتە بەرەڵلایان بکەن، خۆ جاش نین، ئەگەر حاش بان قەینا.

پێشمەرگەیەکیدی کە ئەویش هەر عەرەب بوو بە گاڵتەوە گوتی:

قسـەی تۆیـە، جـاش بارووتـت پێـوە دەنـێ، بـەڵام سـەرباز بـە سـۆندەی ئـاوێ دەترشێنێت.

پێشمەرگەیەکیدی گوتی:

ئەبوو تەڕەماش زیاد قسە بکەیت ئەو هێلکەیەت لە ناو چاو دەدەم.

هێلکەیەکی نەکوڵاوی بە دەستەوە بوو، ئەبوو گێچـەڵە چـەندی هـەوڵ دەدەم کـەم بێتە ناو گێڕانەوە کەم سەری لە سەرهاتان قیتکاتەوە، سوودی نیە، دەڵێی مووی نـاو

لووتـه لێـت نابێتـەوە، ئـەبوو گێچـەڵ راسـتە عومرێـك بـوو كۆمەنیسـت بـوو بـەڵاّم عەرەبچیاتیەكی ترسناك لە گیانیدا وەك خوێن و تێكەڵ بە خوێن دەسـووڕایەوە، ئـەو گێچەڵە جارێك راست ورەوان گوتی:

لە عێراق مادام دەوڵەتێكی عەرەبیـە و كـورد كەمینەیـەكی كەمـە، راسـت نیـە كوردێك سكرتێری حزب بێت، عەزیز محەمەد هەقە واز لە سكرتێری بێنێت.

جیهاد ئەوها وەلاّمی دایەوە:

ئەتو بە هەڵە هاتوویتە ناو حزبی شیوعی، حزبی تۆ بەعسە..

پێشمەرگەیەكیدی گوتی:

وا بزانم ستالینیش رووس نەبوو.

ئەبوو گێچەڵ شێت و هار بوو، بەلاّم زانی كە هەڵەیەكی گەورەی كردووە و ئەگـەر لێی گەورە بكرێت رەنگە بانگی بكەن و بە جۆرێك سزا بدرێت، تووڕەیی خـواردەوە و هەر هێندەش نا، داوای لێبوردنیشی كرد و گوتی:

((من بە گاڵتەم بوو.))

دەبێت بڕۆین، بچینە بارەگایەكیـدی، بـۆ؟ ئەگـەر منـیش لـە رێـی هەڵـەوە ئـەو پرسیارەم كرد، تۆ هەڵە مەكە و چاوەڕێی وەلاّم مەبە، من بە چی بزانم بۆچی بارەگا و بارەگا دەكەین؟ بۆچی لە كانی توبەوە تا گەیشتوومەتە ئێرە كە خۆشم لێم تێكچـووە چەند رۆژە رێیە، دەزانم نیازی چیمان هەیـە! دوور نیـە پۆستەچـی بین، دوور نیـە بـە دوای كەسـێكدا هـاتبین و لەگـەڵ خۆمـانی ببەینـەوە، یـان كەسـێكمان هێنابێـت و بەجێیبهێڵین و خۆمان بگەڕێنەوە، ئەو كەسە كێیە! هێنـدە دەزانم مـن نـیم ، دەبێـت داوای لێبووردن بكەم كە ئەو (بۆ؟)یەم خستە رستەوە، هەڵەی زمان بوو، دەبێت بڵێم پێشمەرگەی سادە و ناحیزبی، كەم زۆر كەم لە ئامـانجی ئـەو گەڕانانـەی دەزانـی، بـە تایبەتیش یەكێك خۆی لە شتان هەڵنەقورتاندبێت، منـیش هێنـدە گـوێم بـەو شـتانە نەدەدا، برۆ و تەواو، گەڕان خۆشە، هەر بە راستی لە پێشمەرگایەتی حەزم لە گـەڕان

بوو، بەلاّم سەدیەکی ئومێد نا، باشترە واز بێنین لە مەبەستی گەڕان، مەبەسـنی مـن گەڕانەکەیـە نـەك مەبەسـتی گەڕانەکـە، ئێسـتا وەك بلّێـی وا بـە دەوری چـیایەکدا دەسووڕێینەوە، رێگە لە هەندێك جیّ بزنە ڕێیە، لەولاتر کـەرەریّ، ئیـدی ریّ رێگـەی پێشمەرگەیە، رۆژ هەلاّتووە، بەلاّم ئەوها بڕوا چ پێناچێت رۆژ ببینین، ئێرە بڕواناکـەم لەوەتەی هەیە تالّیّ رۆژی بەرکەوتبێت، ئاسمانی گچکە روونە، نـازانم هـی گـەورەش، ئاخر ئاسمانی ئێرە زۆر گچکەیە، گچکەتر لـە دۆڵـی مەنجـەڵ، چـەند پەلـە هـەورێکی سپی، سپی وەك بەرخی کوێستانیّ لێـرە و لـەوێی ئاسمـانیّ دەبینـرێن.. پـێش ئـەوەی بزانین تا کویّ بەدەوری ئـەو چـیایەدا دەسـووڕێینەوە و دەگەینـە کـویّ، حـەزم لێیـە بچمەوە ئەو گەرماوە گەرمەی لە دۆڵی مەنجەڵ کردم، قسەیەك لە نهێنیی ناو گەرماو بکەم کە بڕواناکەم هیچ پێشمەرگەیەك هەر لە منەوە بگرە هـەتا دەگاتـە ئـەوەی لـە سەرۆکانیش خۆی پیّ سەرۆکترە_ دووریش نیە سەرچیخ چووبم_ نهێنیـی گـەرماوی نـەبێت، بـەلاّم یاداشـتەکان ئـەو نهێنیانـە لـە خـۆ نـاگرن، لـە بیرمـان بێـت نهێنیـی هێستریش هەیە بەلاّم ئەمەیان با بۆ گێڕانەوەیەکیـدی بێـت، ئـیّ گـەرماوێکی گـەرم بو،و مەنجەلێك کە گچکەکراوەی بلّێم چەند جارەی دۆڵە مەنجەلّییەکە بـوو، بلـق بلـق دەکولاّ، لە دەرەوە ئاگری دەدرا، دووکەڵ دزەی نەدەکرد، گەرماو گـەرم زۆر گـەرم لـە هی گەرماوی ورمێش گەرمتر، _ئەوە دواتر دوای چەند ساڵێك رێـم کەوتـە ورمـیّ و چـوومە گـەرماو- لـە گەرمـەی خـۆ شووشـتنیّ بـووم، هـەر هێنـدەم زانـی کچـە دێرەشییەکە، کچـە چـاو بەهارییەکـە، ئـەو چاوەی ئێسـتاش لـەو چـاوە جوانانـەی دەیانبینم ، دەیبینمەوە، دیتم بـە رووت و قـوتی هاتـە نـاو گـەرماویّ، لەشـولارێکی هێند سپی هەبوو، بەفری دێرەشیش هی هیچ کوێستانێك هێندە سپی نـەبوون، کچـە راکشا و منیش ناوی خودام لێهێنا، من لەویّ گەیشتمە ئـەوەی زۆر جـار خـەیالّی وا هەیە ئەگەر کۆپیی راستیشی بکەیتەوە ئەگـەر کۆپیەکـە رەنگـاورەنگیش بێـت هـەر کۆپیەو شان لە شانی خەیالّەکە نادات، لەویّ گوتم خودای خەیالّ، ئەی ئەو خودایـەی

به (کن فیکن) یێك لەو سەری شاخانەوە کچە چاو کەسکەکەت بۆ مـن هێنایـە نـاو گـەرماو و لـە چـاو تروکـانێکیش گەڕاندتـەوە مـاڵی خۆیـان، دێـرەش، بـا ئـەو بـە یەکگەیشـتنەی مـن و کچـی چـاو بـەهار لـە عەشـقم کـەم نەکاتـەوە، بـەڵام دواتـر هەستمکرد خودا بە قسەی منی نەکرد..

نازانم چ وەختی ڕۆژە، ئێمە هەر بـە دەوری چیاکە دەسـووڕێینەوە، هەسـتمدەکرد تەواف دەکەین، تەوافی چیا، زۆری نەماوە سووڕانەکە تەواو بێت و بگەینەوە جێگـەی خۆمان، پرسیم:

ئەرێ من سەرم گێژ دەخوات یان ئێمە گێرە دەکەین؟

پێشمەرگەیەك وای وەڵام دامەوە:

خەمت نەبێت گێرەکە تەواو ناکەین، کەمێك دەمێنێت..

دوایی تێگەیشتم ئێمە لە ترسی جەندرمان ڕێگەیەکی نیو کاتژمێریمان بـە حـەفت کاتژمێر و نیو گۆڕیوەتەوە، ئەو جەندرمە ئەتاتورکیانە ڕەبیـەیان لـە جێگـەیك بـوو، دەبوو حەفت کاتژمێر ئێمـە مانـدوو بکـەن، لـە بیرمـە چـەندێ ڕقـم لـە ئـەتاتورك و دەوڵەتی تورك و جەندرمـەی تـورك دەبـۆوە ڕقەکـەم حـەفتجار بۆوە..بـە دووری نیـو کاتژمێرێك لەو جێگەیەی کە تـەوافکردنی چیا دەسـتپێکرد و کۆتـایی دێـت، واتـە نزیك لە ڕەبیەی جەندرمان کە لە دوورەوە بە دووربین جـوان دیـاربوون و جولانـەوەیان دیار بوو، لەوێ چەمەکە ناویم لە یـاد نـەماوە، بـواری پەڕینـەوەی دەدا، بـە ئاسـانی پەڕینەوە، بەڵام من بەردێك لە بن پێم ڕۆیی و کەوتمە ئاوەکەوە و بەو سـەرمایە خـۆم لە ئاو هەڵکێشا، لەوبەرەوە چیایەك هاتە پێشێ چەندی سەرم هەڵبڕی سەریم نەدیت، هەڵگەڕێ، هەورازێکە دەڵێی ڕێی ئاسمانە، نـازانم کـێ بـوو دەسـتی بـە خوێندنـەوەی شیعری هەورازی کووڕ کرد وا بزانم هی شێرکۆ بێکەسە، ئەوەی دەڵێت:

هەورازی کووڕ پشتی شاخێکی بە عومرە

بۆ پێشمەرگە دانەویوە..

من لێیم تێکدا، نەمهێشت تەواوی بکات:

هەورازی کووڕ پشتی شاخێکی نەفرەتیە

تڕی لە بزن و پێشمەرگە بڕیوە..

دەزانی چ هەورازەیەکی سەخت بوو، من لە هەورازان رقم لە هەوراز و وشەی هەواز دەبۆوە، دەمگوت ئەگەر یەکێك وەك من هەورازناس بێت، قەت بە هەورازان هەڵناڵێ، ناو لە دنیا ببڕێ ناوی هەوراز لە منداڵی خۆی نانێ، چۆن دەبێت شیعر بە هەورازەوە ناو بنرێ! جیهادیش دەستی بە خوێندنەوەی شیعر کرد، نازانم شیعری رەکابی بوو کێ بوو، ئەویش هەر لە هەورازان دەدوا، عەرەبیەکەم باش نەبوو دەنا شیعرەکەی ئەویشم بە دەردی شیعرە کوردیەکە دەبرد..

هەڵگەڕێ سەرەو ئاسمانێ هەڵگەڕێ، ئومێد جارێك باسی هەورازەیەکی بۆم کرد، بە دووری نازانم ئەو هەورازەیە بێت کە ئێمە وەك کۆمەڵێك پێشمەرگەی لە دنیا تەریو بزن ئاسا پێیدا هەڵدەگەڕێین، ناشزانم ئەو هەڵگەڕانە بۆچیە! ئومێد دەیگوت:

((چ چیایەکی بەرز و هەورازێکی رك بوو خودایە، هەر هەڵگەڕاین و نەگەیشتینێ، چین چین هەورمان دەبڕی، هەوری رەش هی سپی هەوری مەیلە و دووکەڵی، هەر نەگەیشتینێ، هەستمکرد زۆر لە ئاسمان نزیك بووینەتەوە، دەمگوت، ئێستا نا ئێستا پاسەوانەکانی خوداوەند دەنگمان دەدەن..

بە ئومێدم گوت:

ئەوەت لە چ رۆمانێکی کازانتزاکی وەرگرتووە؟

ئومێد بە پێکەنینەوە، بە پێکەنینی لە هەنگوین شیرنترەوە گوتی:

کوڕە دەبڕۆ نەك کازانتزاکی مارکیزیش وێنەی ئەوهای نیە..))

ئەبوو گێچەڵ لە هەموومان ماندووتر دیار بوو، نەخۆشیی گەدەشی هەبوو، گوێم لێبوو گوتی:

ریفاق بەسە سەرکەوتن، با تێکەڵی هەور نەبین، ببینە بەفر و بە سەر دنیادا دابکەین..

بە هەڵەدا نەچووبم سەردەستاڕ بوو گۆتی، بەڵام نەمزانی چۆن ئەوجارە بە ئاسانی لە عەرەبیەکەی ئەبوو گێچەڵ تێگەیشت، گوتی:

ئەوجا سەیر دەبێت، بۆ یەکەم جار لە مێژووی بەفر بەفری رەش بە سەر دنیادا دادەکات، هە هە هھااا

کەس نیە لە دنیایێ هێندەی سەردەستاڕ بە قسەی خۆی پێبکەنێت، سەردەستاڕ لەو قسەیە پتر مەبەستی من و ئەبوو گێچەڵ بوو، چونکە بە سیما لە هەمووان پتر رەشتاڵەتر یان رەشتربووین، گێچەڵ هەستیکرد سەردەستاڕ قسەی بەسەر قسەکەی ئەودا کردووە و بەو پێدەکەنێ، داوای لە من کرد بۆی وەربگێڕم، ئەوجا ئەوەی عەرەبی دەزانێت با گوێ لە وەرگێڕانەکەی من بگرێ و پێشنەکەنێ:

((یگول رفیق رأس دەستاڕ یگول مادام ئەنا و ئەنتە قەسدی ئەناو ئەنتە مو رأس دەستاڕ نحەول ئیلا سلج، یەسقوت فوگ عالەم سلج ئەسوەد ئیفتەهەمت یا سلج ئەسوەد ؟))

ئەبوو گێچەڵ هێند پێکەنی هێند پێکەنی، کەمێکیدی پێکەنیبا، پێکەنینم دەخستە شوێنی گێچەڵەوە، سەردەستاڕیش کە لە بەر پێکەنین دەوی نەدەگەیشتەوە یەك، هێندەی تێگەیشتم:

((دەزانی عەرەبیەکەت باشە، کەمێك خۆت ماندوو بکەیت دەگاتە بادینیەکەی من..))

ئەبوویکیدی حەیدەر نەبوو، بەڵام نزیك بوو لەو ناوە، نازانم حاتەم بوو حەبەش بوو، حەیات بوو، حەنان یان حیرمان بوو، دڵنیام یەکەم دەنگی ناوەکەی دەنگی (ح) بوو، ئەو کوڕە هەرکاتێك بە چیایەکی زۆر بەرزدا هەڵدەگەڕا دەیگوت:

((ئەوە تەبەقەی یەکەمان بڕی گەیشتینە دوو وا لە سێ نزیك دەبینەوە، ئەها ئێرەی تەبەقەی شەشەمی ئاسمانە، خەریکە پێ دەنێینەوە حەفتەمەوە، بارەگای خودا، ئەوجا ئەوەی عەرەبی نازانێت، عەربیی قوڕەیشی هی بەغدایی و میسری و موسلی و ئەوانە فلسێك ناهێنن، قوڕەیشی و بەس ئەوی قوڕەیشی نازانێ با بگەڕێتەوە، چونکە پرسیار و وەڵامەکان بە قوڕەیشین، ڕێ بە وەرگێریش نادەن، ئەوەی بێجگە لە قورەیشی بە هەر زاراوەیەکیدی یان بە هەر زمانێکیدی قسە بکات لەوێوە پیلی دەگرن تێیهەڵدەدەن..))

ئەو (ئەبوو .ح)یە یان ئەنتی قورەیشە خۆی عەرەب بوو، بەڵام نازانم بە هۆی چیەوە بوو، ڕقی دنیای لە شێوەزاری قوڕەیشیان بوو، زۆر جار دەیگوت:

((ئەگەر شتێکم لە دەست بێت، قورەیشی لە حوشترێك باردەکەم و حوشتریش لە بیابانێك دەبەستمەوە، لە هەموو لایەکیشەوە ڕێی بیابان دەگرم،نایەڵم ئەوەی گیانلەبەرە ڕێی بکەوێتە لای حوشتری بەستراوە، حوشتری بار قوڕەیشی..))

ئەو کوڕە هێندە لە دڵەوە و ڕێك باسی گەیشتن بە بارەگای خودای دەکرد، ئەگەر پێش چەند ساڵێك ڕێم بێرە بکەوتایە و گوێم لەو قسانەی ئەنتی قوڕەیش بایە، دڵنیام باوەڕم دەکرد کە زۆر لە خودا نزیکبووینەتەوە، ئاخر پێش چەند ساڵێك من خودا ناسێکی زۆرسادە بووم، بە شتی لەوە کۆمیدیتریش باوەڕم دەهێنا، ئەبوو گێچەڵ زۆر بەو قسەیەی عەدو قورەیش تێکدەچوو، هەستیدەکرد بەو قسەیە ئومەی عەرەبی بەلاماردرایە، لە بیرم بێت لە لایەن ئەبوو گێچەڵەوە(ئەبوو. ح) بووە عەدو قورەیش، ئەبووێکیدی بۆ تووڕەکردنی هەردووکیان ناوی لە (ئەبوو.ح) نابوو (ئەبوو قوڕەیش) بەوە هەردووکیان تووڕە دەبوون..

پێش ئەوەی بگەینە چینی حەفتەمی ئاسمان و خۆ فێری زمانی قوڕەیشیان بکەین، باش بوو لێژبووینەوە، لە ئاو تیژتر لێژبووینەوە، ئەوجا خۆ لێژبوونەوە و داگەڕان لە چیا بە لای منەوە زۆر زەحمەتترە لە هەڵگەڕان بە چیادا، دەمەو عەسرە لە

دوورەوە کۆمەڵێك چەکدار هاتنە ناو دووربینەوە، من دووربینم نەبوو بەڵام بە هی برادەرێك تەماشام کردن، گوتیان:

- ئەوانە پێشمەرگەی پەکەکەن..

- چۆن دەزانن؟

- بە کۆڵەپشتیان

- تێناگەم لەوە

- تێبگە، پێشمەرگەی پەکەکە هێندەی حەفت پێشمەرگەی خۆمان شت هەڵدەگرن، یانی کۆڵەپشتی ئەوان حەفت هێندەی کۆڵەپشتی ئێمەیە.

وا بزانم عەدو قورەیش بوو گوتی:

کوڕە ئەوانە باری یەك هێستر هەڵدەگرن و دەگەنە چینی حەفتەمی ئاسمانیش..

منیش نازانم چۆن بوو هاتمە قسە، تا ئەو کات دابوومە بێدەنگیەك تۆپی زەمانیش نەیدەتوانی بمهێنێتە قسە، گوتم:

خۆ ئەوانە عەرەبیی مێرگەسۆریش نازانن، هی قورەیش چۆن فێردەبن...

نەیهێشت رستەکە تەواو بکەم، بە پێکەنینەوە گوتی:

نا، لە ئاسمانێ ئەوانە رێزیان لێدەگیرێ، چونکە دژی تورك شەڕدەکەن، هەر کەسێك دژی دەوڵەتی تورك و ئەتاتورك شەڕ بکات، بێ لێپرسینەوە، بێ زمان زانین بەهەشتیە، چونکە، ئەوان وەختی خۆی زمانی قورەیشیان بە پیتەکانیەوە لە حوشترێك بارکردو رەوانەی ماڵی ئالسعودیان کردەوە..

وا بزانم سەردەستاڕ بوو هەڵیدایێ :

مادام وایە منیش دوو سێ گوللە بە قونی دەوڵەتی تورکەوە دەنێم..

لەو لێژاییە و بەو دەمەو ئێوارەیە بووە یەك پێکەنین، چیا دەنگی دەدایەوە..

لەزگە دنیا تاریك دادێت، دانیشتین نان و قەسپێکی خۆشمان خوارد، کات کاتی چایە نەبوو، بەڵام باش بوو نێوەڕۆ چامان خواردبۆوە، من دوو بنە مەتارەم

خواردبۆوە، ئا هەر یەکەو لە بنە مەتارەی خۆی چای لێدەنا و دەیخواردەوە، لەوەش مەپرسە لە تەڕوتووشی چۆن ئاگر دەکرێتەوە، پێشمەرگە کە خولیای ئاگرکردنەوەی کەوتە سەر، لە ناو بەفرێ چیلکە و چوالاٚن دەبینێتەوە، کە زەنگی چایە لێیدا و کۆڵەپشتیش بۆنی شەکرو چای لێبێت ئەوەی لە ئاسانانیش ئاسانترە ئاگرکردنەوەیە، بێ هیچ زێدەڕۆییەك بە دنکە شخاتەیەکی هەر ئەوەتە گۆگرد پێوەماو کۆڵکە دارێکی لە ئاوهەڵکێشراو گڕدەدا..

هەر لێرە لەو دەڤەرەی کە وەختی خۆی لە نێوان عەرەب و تورك بووە راکێش راکێش و هەر یەکەیان بۆ خۆی خاکی رادەکێشا، ئەنجام خاکەکە لێرەدا پچڕا، ئەوانیش بەو کەرتبوونە رازی بوون، کوردیش بۆ خۆی دەست لە گونان مایەوە، ئا لێرە دەبێت تێهەڵکێشێکیدی بکەم، دنیا سەر لە ئێوارەیە، گورگ و سەگ بە ئاستەم لێك جیا دەکرێنەوە، بەلاٚم پێشمەرگە و جاش بە زەحمەت، لە هێنانەوەی ئەو چوار شتەش بە دڵنیاییەوە مەبەستم واتای خوازەیی نیە، مەبەستم بەراورد نیە، لە نزیکەوە دوو سێ دەستڕێژ رووە و ئێمە، خۆمان هاویشتە پەنایان، لێرە دەبێت بڵێم ئەوانەی شارەزای چیا نین، ئەوانەی پێشمەرگایەتی، جاشایەتی، یان سەربازی، راوچێتی، قاچاخچییێتی، یان.. لە چیایان نەکردووە، با پرسیاریی ئەوە نەکەن بەو دەمودەستە پەنا لە کوێ پەیدا بوو، هەندێ چیا و جێگەی رووتەن نەبێت دەنا ناو چیا هەمووی پەنایە بۆ پێشمەرگە و جاش و ...

پێدەچوو کەوتبینە کەمینەوە، کارزان وای گۆت، ئەو کارزانە وا بزانم ملازم بوو، شێرزاد وای گوت، ئەبوو ئەیار وای گوت، جا کێی وای نەگوت، جگە لە من، من چ بزانم، لە ساتی رۆیشتنێ خەریکی کۆپلەیەك شیعر بووم، رێکنەدەکەوت و رێکنەکەوت.. با زوو لەو ئاقارەی گێڕانەوەیە دەربچین کە سەراپای تەقو تۆقە، هەر هێندە دەڵێم، لە دەستکردنەوە، لە شەڕێ بەس تەقەی یەکەم، دەسڕێژی یەکەم زەحمەتە، دوایی ئاو خواردنەوەیە، تەقەکردن دەسڕێژ زۆر ساناترە لە مەتارە بە سەر

دەم نانەوە، گوللەکانیش بۆ کویێ دەچن، کویێ نیشانەیە، ئـەوە شـتێکیدی، مـن بـەو تاریکیە ئەو هەموو گوللەیەم هاویشت نەمدەزانی بە چـی دەکـەون بـە کـێ دەکـەون! ئەوانیدیش هەر ئەوها، زۆر جـار گوللـە بـە تاریکییـەوە بنێـی باشـە، ئەگـەر وامـان نەکردبا، ئاوە و ئاو چووبووین، لە بیرم چوو چەمێکی بچووك بـە تەنیشـتمان خـوڕەی دەکرد، نازانم ئەو شەوە چەمی روون، چەمی سپی، دڵۆپە خوێنی رژایـێ یـان نـا، لـە بەرەی ئێمەوە خوێن نەڕژا و ئەوجارەش وەك زۆر جاریـدی دەرچـووین،..لە بـیرم چـوو بڵێم من یەك فیشەك بتەقێنم، سەری دووەی دەبێت دەم بە مەتارەوە بنێم، ئەوجا ئەو گوللەیە هیچ لە گۆڕێ نەبێت و هـەر لـە خـۆوە لـە ئاسمـانی بگـرم، بـەردێك بکەمـە نیشانە، بە دزییەوە بۆ بـن بـاڵی فڕۆکەیـەکی بگـرم، نـاوی کۆپتـەر نـاهێنم زۆر لێـی دەترسم، من وامە زوو تینووم دەبێت، جا چلەی هاوینێ بێت یان لە بەر رێژنە بارانی بەهارێ.. ئومێد زۆر جار دەیگوت:

پێویسـتە ماوەیـەك خـۆت لای حوشـتر ببەسـتیتەوە، تـا خەسـلەتی ئـاوداکردن و بەرگەگرتنی تیونێتی بگری..

حاجی جەمالیش جارێك گوێی لەو قسەیەی ئومێد بوو،بە پێکەنینێکی تفاوییەوە کە ئەگەر خۆت لانەدایە دەموچاوی سواخدەدایت، گوتی:

دە وەڵڵاهی ئەگەر لە کن حوشتر بتبەستنەوە، هەموو خەسلەتێکی ئەو وەردەگریت بەس ئەوەیان نا..

هەر لەو گەڕانە مەبەستم گەڕانە تێهەڵکێشیەکەیە، واتە ئـەو گەڕانـەی کـە لـەو برادەرانە جیابوومەتەوە کە پێکەوە لە دێرەش بووین و من جیهاد مێوانی ماڵی چـاو بەهاری بووین و نیازم سەردانی ئومێد بوو بەڵام کچە چاو بەهاری چی لە بیرهێشـتم! ئێستا رۆژە کەس نیە لە دنیایێ هێندەی ئێمە برسی، هێندەی ئێمە ماندوو، هێندەی ئێمـە لـە خـۆ بێـزار، رەنگـە ئەگـەر رەبیـەکی سـەربازان نزیـك بایـە خولیـای خـۆ بەدەستەوەدان لە سەری دابام، بەڵام مەرجیش نیە، چونکە زۆر جار لەو بارەی ئێستام

ئێستای ئەو دۆڵەی کە هەمووی نەگبەتی بوو، حاڵم خراپتربووە و رەبیەش نزیك بـووە بەلاّم خۆشم بە دەستەوە نەداوە، ئیدی نازانم چۆن دەبوو، دەڕۆیشتین لـۆژە لـۆژە دۆلاّو دۆڵ هەڵدەکشاین، لە هیکڕا دوو سێ تۆپ هەر لـە بـن دەسـت و پێمـان کەوتنـەوە و بووە ئاخر زەمان، بڕوا بکەن چیا بە چیایەتی خۆی هـەرەس بێنێـت، هێنـدە ترسـناك نیە و هێندە دە نگی نایە، بووە تەپوتۆزێك دەتگوت بیابان باریوە، ئەو جارەی دەیڵێم دنیا وشك بوو، من هەتا درەنگیش باوەڕەم نەدەکرد، بە زیندوێتی مابم، گوتم رەنگـە مردبم، چوزانم مردن چۆنە خۆ نەمدیوە، وام زانی وایـە، دواتـر گومـانم کـرد کـە بـە ساخی دەرچووبم، لە بیرمە دەستم لە خۆم دەگێڕا و پیشانی چاومم دەدا بـزانم خـوێن نابینم، کە نەمدەدیت، باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد، دەمگوت رەنگە چاوم تووشـی نەخۆشیەکی وا بووبێت رەنگی سوور نەخوێنێتەوە، دیسانەوە دەسـتم لـە لەشـی خـۆم دەگێڕاو پیشانی چاومم دەدایەوە، من هەتا درەنگیش بـاوەڕم نـەدەکرد ئەندامـەکانی لەشم هەموویان ساخ بن و لە جێی خۆیان مابنەوە، بەو دەستەم لە دووی ئەو دەستەم دەگەڕام بە دەسـتیدی لـە دووی دەسـتەکەیدیم، ئـەوجا بـە هـەردوو دەسـتم لـە دووی پێیـەکانم دەگـەڕام، رەنگـە ئـەو قسـانە بـە زێـدەڕۆیی یـان بـۆ جـوانکردنی رسـتان لێکبدەنەوە، بەلاّم چۆنی دەڵێم ئەوهابوو، دوای ئەوەی کەمێك دڵنیـا بـووم کـە خـۆم زیندووم و نەمردووم، ئەوجا ویستم سۆراخی برادەرەکانم بکەم، من تا نەزانم خۆم ماوم یان نا چۆن دەکرێ سۆراخی کەسیدی بکەم، ئەوەش بڵێم لە کـاتی تەنگانـە خـۆت لـە برادەرانت شیرینتری من ئەوها بووم نازانم خەلکیدی! لە بیرمـان بێـت تۆپـەکان هـەر دێن، بەلاّم ئەو کاریگەرییەی دووسـێ تـۆپی یەکـەم جاریـان نیـە، لەگـەڵیان راهـاتم، پێشـمەرگە ئاسـان لەگـەڵ تۆپـەکان رادێ، لەگـەڵ هـەموو شـتەکان رادێ، کیمیـای لێدەرچێ، هەر چەندە وابزانم شاعیرێك لە شیعرێك دەڵێ لەگەڵ ئـەویش رادێـین بـەلاّم من باوەڕم بەو راهاتنە نەبوو، چاوم لێیان گێڕا یەك دوانێکیان هاتنە ناو چاوم، ئیدی هەر یەکەی لە شوێنی خۆیەوە دەیگوت:

((من سەلامەتم ئەدی ئێوه..))

باش بوو هەمووومان ساخ دەرچووین، بە کەلێنی تۆپەکان دەرچووین.. ئەوجا لە رێ دوای دەرچوون، یەك دەیگوت:

+ ئەو تۆپانە تورکی بوون..

+ کوا، چۆنت زانی؟

+ ئێ لەو ئاراستەیەوە هاتن، ئەدی ئەوە تورکیا نیە!

+ کوڕە ئەوە ئەولایە کوا تورکیایە؟

+ ئەدی رووسیایە!

+ نا حافز ئەسەد هاویشتی!

+ ناوەڵا عێراقە

+ تەڕتان زانی، رێك ئێرانە.

+ نا، بابە، تورکی بوون، بە دەنگیان رادیاربوو

+ وا بوو، کە دەتەقینەوە بە تورکی پێدەکنین..

+ نا وێنەی ئەتاتورکیان پێوە بوو..

ئیدی گاڵتە و راستی بە شێوەیەك تێکەڵاوی یەکتر ببوون، کەس بۆی لێکجیانەدەکرانەوە، هێندە دەزانم من هەر بە راستی ئاراستەکانی دنیام لێتێکچوو، نەمدەزانی لە کوێین، نەمدەزانی بەغدا و تاران و ئەنقەرە و دیمەشق کەوتوونەتە کوێ ، نەمدەزانی ئێمە لە کوێی دنیاین، نەمدەزانی..

هەر ئێوە نا بە خۆشم هەستمکرد سەرهات زۆر درێژ بۆوە، درێژ وەك درێژیی ئەو رێگایانەی لە دۆڵێك دەبنەوە و دەگەنە دۆڵێکیدی لەویشەوە بۆ دۆڵ و ئیدی دۆڵاو دۆڵ، بە خۆشم هەستم بە گێژی کرد لەو هەموو گەڕان و سووڕان و تێهەڵکێشکردنی رووداوان، خەریکە لە گێڕانەوەدا هەڵیت و پلیت بکەم، باشترە بگەڕێمەوە لای دوا گەڕان لای قاسم رۆژهەلاتی و سادق وجیهاد و ئەبوو گێچەڵ و سەردەستاڕ و ئەوانە،

خەریکە لە دۆڵی کیمیا بە ڕێدەکەوین، خۆم حەزمکرد ئەو ناوەی لێبنێم، دەکرێ ناوی دۆڵی گوڵاڵەش بێت، یان دۆڵی مەنجەڵ یان دۆڵی زیندانی، یان دۆڵی بەرگری، یان دۆڵی کتێب ، هەر ناوێکی لێدەنێی لێیدێ، ڕەنگە دۆڵێك بە ناوی کتێب جێی پرسیار بێت، لەوێ ئەو چەند ڕۆژەی مامەوە دەمدیت هەرچی پێشمەرگەیە کتێب دەخوێنێتەوە، لە هیچ بارەگایەك دیاردەی وام نەدیتبوو، زۆربەی پێشمەرگەکانی ئەو بارەگایەش هی بارەگاکەی نزیك ئەویش عەرەب بوون، زۆریشیان دەرچووی کۆلێژ بوون، یان گەیشتبوونە قۆناخی کۆلیژ، خوێنەری زۆر باشیش بوون جگە لە کتێبی فیکری و سیاسی زۆر ڕۆمانیشیان دەخوێندەوە.. من لەوێ بەشێکی زۆر لە کتێبێکی بلیخانۆفم خوێندەوە لە بیرم نیە کام کتێبی بوو، کتێبخانەی گەورەیان هەبوو، لەگەڵ ئەو پێشمەرگەیەی بەرپرسی کتێبخانەکە بوو، کەمێك قسەمان کرد، زانیم ئومێد لەو کتێبخانەشەوە کتێبی بۆ من هێناوە، هەستمکرد کتێبخانەکە بۆنی ئومێدی لێدەهات، بەرپرسی کتێبخانەکە بە شێوەیەك باسی ئومێدی بۆم دەکرد گریان قوڕگمی گرت، بەجێمهێشت بەرگەی ئەو قسانەم نەگرت..

ئێستا بە هەورازەیەك هەڵدەگەڕێین، بەو ڕێیە نا کە پێیدا بۆ ناو مەنجەڵێ شۆڕبووینەوە، باش بوو ڕێمان گۆڕی من ترسی دنیام لێنیشتبوو کە چۆن بەو هەورازە پێبلکەییە سەردەکەوینەوە، باشە ڕێمان بەوێ نەکەوتەوە، هەرچەندە وەك باس دەکەن ئەو ڕێیەی ئێستا چەند قانی ئەویدیە بەڵام هەر باشە، بەڵام بۆ ڕێمان گۆڕی؟ لەبەر سەختی بوو؟ ئەوەم لە بیرنیە، هێندە نەبێت ڕۆژی پێشتر کەمێك بەفر کەوتبوو، با ئەوە دووبارە بکەمەوە، هێشتا وەرزی بەفر نەهاتبوو، بەڵام لە بەدبەختی ئێمە ئەوساڵە ئاسمان خشتەی خۆی گۆڕیبوو، وەخت و ناوەخت چەند پەلە هەورێکی مەیلەو سپیی لێکدەداو بایەکی ساردیش هەر جارەی لە لایەکەوە هەڵیدەکرد و دایدەکردە بەفر، ڕەنگە لەبەر بەفر لەو ڕێیەمان نەدابێت، دووریش نیە ئیشمان بەو بارەگایە

کەوتبێت کە دەکەوتە سەر ڕێی نویّ، ئەو بارەگایەش هێند بەرز بوو هێند بەرز، عەدو قورەیش گۆتەنی:

((کەوتۆتە چینی پێنجەمی ئاسمان))

هەر لە ریّ بووین بەفر دایکرد نەرم نەرم دایکرد، هەند جوان دەباری خەریك بوو چێژی لێوەربگرم، من پێش پێشمەرگایەتی و لە زۆر ساتەکانی پێشمەرگایەتیش دوای پێشمەرگایەتیش ئەو چێژەی لە بارینی بەفر وەریدەگرم جگە لە ژن لە هیچیدی وەریناگرم، بەلاّم لە بیرت بێت کاتیّ ماندوو مردوو لە ڕێی، بەفر دادەکات چارەنووست لە خۆیدا بزر دەکات، دوور نیە بتبەستیّ و تا وەرزی توانەوە لە بن بەفریّ بمێنیتەوە دوور نیە زریانێك هەڵبکات و بتبات بتبات لە ناو دۆزەخ داتنیشێنیّ، لەو ساتانە بەفر لە کویّ چێژی هەیە، لە کوێی بەفر جوانی دەبینیتەوە! عەسرانێکی درەنگ گەیشتینە ئەویّ ، نزیك بارەگا گوتیان ئا ئەوەتە، بەلاّم من چیم نەدیت، چ ببینم دنیا سپی سپی، هەموو شت سپی، ئەو دووکەڵەشم نەدیت کە لە لوولەی سەر بانەکانەوە تێکەڵی بەفر دەبوو، بارەگا چەند بەرز بوو، ئەوجا لەم تەنیشت و لەو تەنیشت دوو چیای هێند بەرز بە ئاسماندا چووبوون، بە قسەی عەدو قورەیش بێت دەبێت چینی حەفتەمیشیان بڕیبێت، ئەو بارەگایەش پڕە لە کتێب ، بەلاّم زۆربەی کتێبەکان فارسی بوون، زۆر لە پێشمەرگەکان هی تودە و سازمان و ئەوانە بوون، من لەویّ گوێم لەدەنگی ئەو ئەمیرە بوو کە خالقیەك بوو بۆ خۆی، لە سەرهاتێکیدی(ئەفسانەی کانی ژنان) سەردانی دەکەمەوە..

شەوماینەوە، ئەو شەوە بە هەلە بێت یان بەراست زۆر شت لە بارەی ئێرانەوە فێر بووم، ئەو بارەگایەش ئومێدیان دەناسی، زۆریان دەیانناسی، یەکەم شتیش پێکەنینەکەی بوو، ئای ئومێد بەو پێکەنینە هەنگڤینیە چۆن بارەگاکانت داگیرکردووە، دڵی هەمووانت پڕ لە میهر کردووە، بەلاّم چ دەکەیت، لەولاوەش پێکەنینی ئەبوو تالیبی تاڵیش هەیە.. ئەو شەوە شەوێکی بە واتای بەفری بەفراوی

بوو، سارد سارد شەیتان لە ترسی بەستن نەدەهاتە دەرێ، ئەو قسەیە هی پیاوێك بوو خەڵکی گوندی (بانێ) ئەو بانێیە لە نزیك ئاسمانە، ئەوجا لە ساتە ساردەکانی زستانێ ئەو قسەیەی دەکرد، ئەوهای دەگوت:

((ئەوڕۆ، ئەوشەو زۆر ساردە، هیچ شەڕ و دەمەقرِەیەك روونادا، چونکە شەیتان لە کونی ژوورەکەی خۆی خۆی گرمۆلە کردووە و نایەتە ناومان..))

ئەوشەوە من خۆم بە گۆرانیەکانی ئەمیر گەرمدەکردەوە، بە فارسی و کوردی گۆرانیی دەچڕی، ئەو شەوە من خۆم بە شیعری فارسی کە کەمێکی کەمیش تێیدەگەیشتم خۆم گەرمدەکردەوە خۆم بە شاملۆ گەرمدەکردەوە..

سپێدەی دابوو نەدابوو، هێشتا کەڵەشێری کوێستانان بانگی نەدابوو، هێشتا ئەو هەموو پیاوە رەبەنەی بارەگا لە ناو خەونێ خۆیان بە ژنانەوە دەنا، من لەو کاتانەی شەو خەونی ئەوهام زۆر دەدیت، لە زۆر پێشمەرگەشم بیستبوو کە زۆر کەڕەت لەو کاتانە خەونی ئەوها دەبینن.. ئێ، بەو سپێدە شەختەییە بە دیوی ئەودیودا دابەز دابەز دابەزین، خلیسکی وەهاشمان دەبرد ئەگەر خۆمان نەدەگرتەوە لە بنەبانی زەوی خۆمان دەدیتەوە، لە بیرت بێت ئێمە وا لە ئاسمانەوە بۆ زەوی شۆڕدەبینەوە، من وام هەستدەکرد لە ئاسمانێم، دەزانن چەند بڵند بوو، دەزانن هەتا لەودیوەوە بە سەر کەوتین بەو بەفر و سەرمایە چەند عارەقەمان کرد، چەند مەتارە ئاومان خواردەوە، هەر دابەزە و نەدەگەیشتینە زەوی، من هێندە ماندووبووم، لە هەندێك جێگە بە قونەخشکێ و خلیسکان لە سەر بەفر دەهاتمە خوارێ، لە گەیشتنمان بە سەر زەوی، لە دەروازەی زەوی گوندێك باوەشی گەرمی بۆ ئێمەی سەرمابردەڵەی ئاسمانێ کردەوە، گوندێك ناوەکەی لە ناو لە بیرچوونەوەدایە، ناوێکی زۆر ناسك و ژنانەی هەبوو، دوو دابەشی سەر ماڵان بووین، من و گێچەڵ کەوتینە ماڵێك ژنێکی جوان زۆر بە جوانی مێوانداریی کردین، ژنە تابڵێی جوان بوو پێدەچوو تەمەنی لە سەرەوەی چل بێت، بەڵام هەموو جوانیەکانی چواردەی لە سیمایدا وەك خۆی هێشتبۆوە، چاوێکی

پێـوە بـوو دەتگـوت چـاوی ئایشەشـانە، ژنێـك بـوو زۆر میهرەبـان، زۆر دایکانـە هەلسوکەوتی لەگەڵ دەکردین، خۆزگەم دەخواست ئەو ژنـە دایکـی مـن بوایـە، زۆری نەبرد خواردنی ئامادەکرد، پرسیاری خواردنەکەم لێمەکـەن، هێنـدە دەزانم زۆر خـۆش بوو، ئاخر ئەگەر نان و پیازی دەستی ئەو ژنە بخۆیت هەر خۆشە .. هەر لە سـەرەتاوە دەمدیت ئەبوو گێچەڵ هەوڵیدەدا بە چاو گێچەڵ بەو ژنە بکات، ئەو ژنەی لە کنە من دایکێکی جوان بوو، رەنگـە زۆر لـە پێشـمەرگان کـە دەچـوونە مـاڵان ئەگـەر بۆیـان گونجابێت هەوڵیان داوە لەگەڵ کچان، ژنان چاوچـاوانێ بکـەن، مـن یەکلایەنـە کـەمم لەگەڵ کچە چاو بەهارییەکە کرد! بەڵام لەوەی ئەبوو گێچـەڵ تووڕەبـووم، هەسـتمکرد گێچەڵ بە دایکم دەکات، نوقرچەیەکیشم لێدا، بـەڵام کـەڵکی نـەبوو، دیـاربوو بـاش لێدرابوو، بەڵام ژنە هەتا هەستاشین هەر دایکانە رەفتاری لەگەڵمان کـرد، پیـاوی لـە مـاڵ نـەبوو، دووسـێ منـداڵی سـەرکەوبنکە لـە دەورمـان دانیشـتبوون، وا بـزانم کۆڵەپشتەکەم کردەوە و یەکی یەك دوو دانە قەسپم دانێ، زۆر کەیفیان هـات، کـات بە کاتی گوندی هێشتا مابووی بۆ نیوەڕۆ، بەڵام بە کاتی گەدە نیوەڕۆیـەکی درەنگـی نیشاندەدا... ئەبوو گێچەڵ دەوی پرسیاری کـردەوە، پرسـیار لـە ژنـە، دەبـوو منـیش کاری وەرگێڕان بکەم، ئەوجا چ وەرگێڕانێك، یەکێك لە پرسیارەکانی گێچەڵ ئەوەبوو:

ئێوە گەرماوتان هەیە؟ خەڵکی گوند چۆن و لە کوێ خۆیان دەشۆن؟

من شەرمم لە پرسیارەکە کرد گۆڕیم، ئەوها بۆ ژنەکە کردە کوردی:

ئێوە چەند سەر بزنتان هەیە؟ بەو زستانە چۆن چۆنی بە خێویان دەکەن؟

نازانم وەڵامی ژنە چی بـوو، بـەڵام ئـەبوو گێچـەڵ هەسـتیکرد پرسـیارەکەی ئـەوم گۆڕیوە، گوتی:

تۆ چیت پێیگوت، ئەو بزنەت لە کوێ هێنا؟

منیش بێ خۆتێکدان گوتم:

بزن لە زمانی کوردی دوو واتای هەیە، یەکیان گەرماو ئەویدیش هەر بزن، ئەو بزنەی تۆ دەیناسیت و برادەرتە..

ئەبوو گێچەڵ لە نێوان باوەڕهێنان و نەهێنان بەو دوو واتایەی بزن تێدا مابوو، لە بیرنەکەم ئەو ئەبوو گێچەڵە کە حەفت ساڵ پتر بوو ببووە پێشمەرگە، بەڵام هەر حەفت وشەی کوردیی دەزانی وشەکانیش وا بزانم ئەمانە بوون(گۆشت، نان، کانی، ساوار، هێستر، پێشمەرگە، بزن)، وشەی بزن و ئەبووگێچەڵیش سەرهاتێکی ناسکە بەڵام جوانم لە بیرنیە بۆیە نایگێڕمەوە با هەر بە ناسکی بمێنێتەوە، ئەبوو گێچەڵ رستەیەکی کوردیشی دەزانی(تو کی زەلام) بڕوا ناکەم پێشمەرگەیەك هەبێت لەگەڵ ئەو رستەیە چیرۆکێك چ تاڵ چ شیرنی نەبێت، یادەوەریی هەر پێشمەرگەیەك بخوێنیتەوە ئەگەر ئەو رستەیەی بە چیرۆکەکەیەوە تێدا نەبوو، ئەوە دڵنیابە یادەوەرییەکی ناتەواوە، من ئێستاشی لەگەڵ بێت لەگەڵ ئەو رستەیە رانەهاتم، شەرمەدەکرد بیڵێم، بۆیە رەنگە بچمە خانەی نیوە پێشمەرگەوە، ئاخر نازانم کێ بوو دەیگوت:

((هەر پێشمەرگەیەك ئەگەر نەیتواتنی بە توندی دەنگی کەسێك بدات ئەوە ئەگەر چل سالیش بێت پێشمەرگە بێت هەر نیوە پێشمەرگەیە..))

لێرە تەنها (تو کی زەلام) ێکی ئەبوو گێچەڵ دەگێڕمەوە کە هەر لە نزیك ئەو گوندە ناو ژنانیە لە خۆوە فڕییدا، ئەوە لە گوندی دەهاتینە دەرێ، ئەبوو گێچەڵ لە پێشەوە دەڕۆیشت، لە ناو ئاوایی لە نزیك ئاوایی حەزی دەکرد لە پێشەوە بڕوا، لە پڕ بەو نوێژی نیوەڕۆیە گوێم لە هاواری ئەبوو گێچەڵ بوو:

+ تو کی زەلام

- ئەز ئەزم، بەلێ خویشکا من تو کی؟

هەمووما‌ن جەگە لە ئەبوو گێچەڵ خەریك بوو لە پێکەنین لە سەر پشت بکەوین، کەس قسەی بۆ نەکرا، کەس نەیتوانی داوای لێبوردن لەو ژنە بکات..

له ڕێ هەتا گەیشتینەوە زارگەڵی و دێرەش و کانی توبەش ئەو سەرهاتە بووە قسەی سەرە سەعاتان و بە بەهاراتەوە دەگێڕدرایەوە، ئەبوو گێچەڵ دەیگوت:

من چ بزانم دەبێت بڵێم تو کی ژنك؟

هەر لەوێ وشەیەکدیش فێر بوو، بە ئەبوو گێچەڵیان دەگوت:

مەسەلەکە ئەوەنیە تۆ زەلام یان ژنکت گوتیە، کەرایەتیەکەت لەوەیە ،بەو نوێژی نیوەڕۆیە، کەسێك وا لە پێشتە چ پێویست دەکات تۆ دەنگی بدەی؟

ئەبوو گێچەڵ دەیگوت:

پێشمەرگە دەبێت وەك من بێت ئەگەر بەردێکیشی دیت دەبێت دەنگی بدات و بڵێت (تو کی زەلام؟)

گەیشتینە دوو گوند/ زۆر لێکدی دوور نەبوون، هەردووك کەوتوونەتە سەر ڕێ ، ڕێی ئەوجارەی ئێمە، دەنگی مەلا بێ بڵندگۆ دەگەیشتە گوندە بێ مەلاکە، ئەو دوو گوندە یەکیان موسلماننشین، ئەویدی مەسیحینشین، لە نێوان خۆمان کەوتینە بەراوردێکی نێوان ئەو دوو گوندە، لە چی وەك یەکن و لە چی جودان، هەر یەکەی جیاوازیەك یان وێکچوونێکی لە نێوانیان دەدیتەوە، ئازادێکمان لەگەڵ بوو وا بزانم عەرەب بوو گوتی:

((تەنها یەك جیاوازی هەیە ئەویش مەلا))

ملازم کارزان کە مەسیحی بوو گوتی:

((با من پێتان بڵێم، هاوینی چووی لە هەردوو گونەدەکە مێوان بوومە، لە بۆنی مەشکە، لە دۆ وەك یەکن، جیاوازیەکەش لە بۆنی شەرابدایە ئەگەر باوەڕیش ناکەن با بچین بزانین لەوەیان بۆنی شەراب دێت یان نایەت..))

بەراوردەکەی کارزان دوماهی هینا بە بەراوردکاری لە نێوان گوندان، من لەوێ، لەو شوێنەی کارزان باسی بۆن و تامی دۆ و شەرابی کرد، قسەیەکی ئومێدم

بیرهاتەوە، ڕێك وەك ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە چۆن بەبیرم هاتەوە، باشم لە بیرە ئومێد باسی ئەو گوندەی بۆم کردووە، ئەو گوندەی ئۆمەتی عیسای تێدا دەژین، هەر لە ڕێی ئومێدیشەوە زانیم ئەو گوندە عیسابییە ماڵە موحەمەدیشی تێدایە، چ پێشمەرگەیەك هەتا ئەوانەی خەڵکی ناوچەکەش بوون، هێندەی ئومێد شارەزای ئەو دەڤەرە و هەموو بادینان نەبوون، بادینان بە چیا و دۆڵ و پێدەشت و ڕووبار و کانی و گوند و گوندنشینانەوە، ئومێدی گەڕۆك بەشێکی زۆری تەمەنی لەگەڕانی چیاچۆلانی بادینان بەسەربردووە، کێ هەیە وەك وی شارەزا، جارێك بە گوێی خۆم گوێم لێبوو، راوچییەکی گوندی کافێ کە چەندان ساڵ پێشمەرگایەتیشی کردبوو، وا بزانم جاشایەتیشی کردبوو، بە ئومێدی گوت:

بە خودای من نیو هێندەی تۆ شارەزای ئەو شوێنانە نیم کە شوێنی خۆشمن..

با قسەکەی ئومێد لەبیرنەکەم، دەیگوت:

((لەو گوندە دوومال هەن دیواریان بە دیوارەوە لە پشتەوە، ماڵێکیان ڕووی لە مەکە و مەدینەیە، ماڵێکیشیان ڕووی لە ئۆرشەلیمە، یەکیان پەیامبەرێکی هەیە و فێریشی کردبوو، ئەگەر کەسێك هەر کێ بێت، شەقازللەیەکی لە بن گوێت دا، وەهای لێدەوە وەهای لێدەوە بیتەزێنە، تەزاندنێك جارێکیدی زاخی ئەوە نەکات دەستت لێ بەرزبکاتەوە، وەهای چاو شکێن بکە هەتا مردن ڕووی نەیە سەر بەرزبکاتەوەو چاو لە چاوت ببڕێ، ماڵەکەیدی، پەیامبەرێکی هەیە و فێریشی کردبوو کە ئەگەر کەسێك هەر کێ بوو، لەبەر هەر هۆیەکیش بوو شەقازللەیەکی لە لای ڕاستت دا، تۆ نەك هەر دەست مەکەوە بەڵکو لای چەپشتی بۆ ڕاگرە بۆ ئەوەی تەریقبێتەوە، ببێتە ئاو و ڕۆبچێتە زەویەوە، بۆ ئەوەی جارێکیدی لە دەستی نێ دەست نە لە تۆ و نە لەکەسیدی بەرزبکاتەوە، ئەوجا با مەبەستی خۆم بڵێم، ئەو دوو ماڵە دوو پەیامبەر جیایە، بە شێوەیەك تێکەوڵاوی یەکتر ببوون، بڕوات بێت قەت شەکر و چایە ئەوها

تێکەڵاوی یەکتر نابن، لە نێوانیان ئەوەی نەبوو جیاوازی بوو، بە گوێ خۆم گوێم لە یەکیان بوو دەیگوت:

مرۆڤ گرنگ ئەوەیە لە قسەی خودا دەرنەچێت، ئەگەر لە زۆر شتان بە قسەی پەیامبەریش نەکەیت نە گرفتە..))

ئومێد دەیگوت مەبەستمە بڵێم:

ئەو تەباییەی لە نێوان ئەو دوو ماڵە پەیامبەر جیاوازە، ئایین جیاوازە، هەبوو، ئەگەر لە هەموو جێیەك چواریەکی ئەو تەباییە هەبوایە، هەبێت ، ئەوا مێژووی مرۆڤایەتی قەت شەڕی ئایینی بە خۆیەوە نەدەدیت..

لە بیرمەوە بۆ جوانتر نیشاندانی گێڕانەوەکەی ئومێد منیش گوتم:

وەك دەڵێن ئەو سەردەمەی جوولەکەش لێرە هەبوون هەمان تەبایی هەبووە..

منیش قسەی پیرێکی پێرس نشینیم بۆ ئومێد گێڕایەوە، پیرێك خۆی دەیگوت تەمەنی نزیکی سەد ساڵ بووەتەوە، ئەو پیاوە سەدساڵەییە وای گێڕایەوە، من بە دارشتنێکی جیاوە دەیگێڕمەوە:

((حەیف و مخابن ئەو هەموو ماڵە جوولەکە باشە رۆیشتن، بە خودای لە سەر سەرانە ئەوان زۆر لە ئێمە باشتر بوون، زیرەکتر بوون، ژیرتر بوون، جگە لە چاکە هیچیان لێنەدەوەشایەوە، لێرە لەو دۆڵە لە دۆڵەکانی ئەو دیو، لە سەر چیاکان، لە رۆخی رووبارەکان، موحەمەد و موساو عیساو پەیامبەرەکەی ئێزیدیانیش کە ناوی نازانم، پێکەوە نانیان دەخوارد، میوەیان دەخوارد ئاویان دەخواردەوە، پێکەوە دەچوونە سەر شایی، پێکەوە دەچوونە تازیە، مێوانداری یەکتریان دەکرد، پێکەوە لاوکیان دەگۆت، بە ژن و ژنخوازی تێکەڵببوونەوە، بەلاّم نازانم خودا ئەو دوژمنکارییەی لە کوێوە هێنا و لێکی کردین.)).

ئومێد حەزی لەو سەرهاتە هەبوو، ئەوەشم گۆت:

بەلاّم پیرێکیدی لە وەلاّمی ئەوپیرە دەزانی چی گۆت؟ گوتی:

من بەو دوعایە نالێم ئامین، لەوەتەی هەیە قەت تەبایی لە نێوان ئاینـان نـەبووە، وەڵاهی بابم بـۆمی دەگێڕایـەوە بـەردەوام لـە نـاو کـوردان کێشـە هـەبووە، لـە نێـوان ئاییینەکان، ئەتو شەری موسلمان و فەلانت نەبیستووە، تو نەتبیستووە وا بزانم پاشای ڕەواندزێ بوو یان هی جێیەکیدی چی لە ئێزیدیەکان کرد ..

ئومێد بە وردی گوێی بۆ گێڕانەوەکەی من شلکردبوو، کە تەواو بووم بە پێکەنینە شیرنەکەی خۆیەوە گۆتی:

بە قسەی من دەکەیت چیرۆك بنووسـە، ڕۆمـان بنووسـە، ئـەو قسـانە بنووسـەوە ئەوانـەی خـۆت بیسـتووتن، ئەوانـەی مـن بیسـتوومن، دڵنیابـە دەبنـە ڕۆمـان، خـۆ کازانتزاکیش هەر قسەی وای کردووە..

منیش ئەوهام وەلامم دایەوە:

دەتەوێت گاڵتە بە پەیامبەرەکەی من بکەیت، ئەگـەر هـی ئـەو ئـەوها بێـت هـی مارکیز لە هی ئەویش ئەوهاترن..

ئومێد:

کورە بە گاڵتەی وەرمەگرە، ڕۆمان چیە! هەر لە چەند ڕستەیەکی ئـەوها پێکـدێت بەڵام هەندێ تەکنیکی پێویستە کە ئێمە کاتی فێربوونی ئەو تەکنیکانەمان نیە..

دەزانن کەوتمە ژێر کاریگەریی ئەو قسەیەی ئومێـد، هـەر ئـەو ڕۆژە دەسـتم دایـە قەڵەم و دەستم بە نووسینی شتێك کرد(پیشمەرگایەتی لە سـەردەمی خۆشەویسـتی) بەڵام دوایی بووە فشە..

گەڕانەوە بە ڕێی ڕۆیشتنندا ماندووم دەکات، ئەو سەرهاتانەی لـەو گەڕانەوەیەشـدا دێنەوە ناو یادەوەری گێڕانەوەیان گێژم دەکەن، زۆرن هێند زۆرن دەڵێی تاوە تـەزرەن و دادەکەن و پێڕاناگەم هەڵیانبگرمەوە، با ئێستا لەوێ بن، ئەگەر لە یادەوەریمدا مانەوە و نەتوانـەوە، لـە گێڕانەوەیەکیـدی لـە تـەزرە سـپیتر نیشـانیان دەدەمەوە..لـەو گەڕانەوەیەدا هەر هێندە دەگێڕمەوە و تەواو، چەند دیمەنێك نیشاندەدەمەوە و تـەواو،

بـەر لـە گەیشـتنەوەمان بـە زارگـەلی بـە بەرزاییەکـەدا بەرزدەبووینـەوە، لـە لای راستمانەوە و لە دوورەوە چیای مەتین، مـەتینی سپی، سـپیاتیی خـۆی لـە چـاومان دەدا، هەر کەسێکیش چاوی سپیاتیی مەتینی لێبنیشیێ، جگە لە سـپی چ رەنگیـدی ناخوێنێتەوە، من وا بـووم، جگـە لـەوە مـەتین لـە دیـدی منـەوە جیایـە لـە هـەموو چیاکان، لە مەتین هێمنیـەك هەیـە کـە لـە هـیچ چیایەك نایبینیـەوە، رەنگـە ئـەو هێمنیەی من لە مەتینی دەبینمەوە، نهێنیەکی تێدا بێت، نهێنیەك نازانم چیە دەنـا بە گۆڕێم وەردەکرد.. کە گەیشتینە سـەری بـەرزایی پشـوومان دا، نـازانم پشـووەکە پشووی چەند جگەرەیی بوو، پیاوێك بە کۆڵێ دارەوە بەرەو لای ئێمە دەهات، درۆ نیە ئەگەر بڵێم بارەکەی باری هێسترێك دەبوو، تەماشاکەن لە بنی کوورِ بۆتەوە، خەریکە لووتی دەگاتە زەوی، گۆپاڵێکیشی لە دەست بوو، سلاوێکی شیرنی کـرد و کۆڵەکـەی دانا و دانیشت، من کەمێك درەنگ پێکەوتم کە کووڕبوونەوەکەی هی بارەکە نیە هی پیرییە، زۆر پیر بوو، کە قسە هاتە سەر تەمەن، گوتی:

((بە درووستی نازانم چەند ساڵم بەلاّم هێندە دەزانم چەند ساڵێك لە مەلا مسـتەفا گەورەترم، بە منداڵی دەمناسی، ئازا بوو، پیاوێکی ئازابوو..))

ئەو پیاوە زۆری حەز لـە قسـە بـوو، قسەکانیشـی خـۆش و شـیرن بـوون، هـەموو گوێمان لێراگرتبوو، ئەبوو گێچەڵ کە هیچیشی تێنەدەگەیشت بەلاّم وەهـا گـوێی بـۆ شلکردبوو، یەك نەیزانیبا رەنگە واتێگەیشتبا ئەوە خەریکە قسەکانی ئەزبەر دەکات، قسە هاتە سەر ژیان و مردن، پیرە گوتی:

نازانم نە ژیان هیچە نە مـردن! نەبێتـە قسـەکردن لـە قسـەی خـودا، بـەلاّم دەڵـێم خودای گەورە کە ژیانی دانا نەدەبوو مردن دانیێ، ئەدی وا نیە؟

هەموو بە یەك دەنگ:

قسەی تۆیە، بەلاّم چ دەکەیت ئەوە ئەوهایە!

پیرە دەیگوت:

ئەنگۆ گەنجن، جارێ نازانن مردن چ ترسناکە، منیش کە لە تەمەنی ئێوە بووم، فشەم بە مردن دەهات، بەلاّم ئێستا لێی دەترسم، زۆریشی لێ دەترسم، ئەو پیرانەی کە دەڵێن لە مردن ناترسێین درۆ دەکەن، وا نیە، کەر بە کەرایەتی خۆی لە مردن دەترسێت، باشە رێی تێدەچێت مرۆڤ لێی نەترسێت!

نازانم کێ بوو گوتی:

خاڵە مردن لە پێناوی نیشتمان و کێشەی رەوا خۆشە و لێشی ناترسێم..

پیرە بە خەفەتباریەوە گوتی:

تۆ راستدەکەیت، تۆ گەنجی، بە راستی حەیفم دێ ئێوە بەو تەمەنە جوانەوە وا عەشقە مردنن، بە هەر حاڵ من نامەوێ بمرم بە لای کەمی حەزدەکەم هەزار ساڵ بژیم، لە نوح پتر بژیم، دەزانن من کە ئەو بارەگەورەیە هەڵدەگرم دەمەوێت بە مردن بڵێم کە هێشتا گەنجم، بە توانام لێم نزیك مەکەوە.. کاکە ژیان خۆشیە، دەبێت بە خۆشی بژیت لە شایی و زەماوەند ژیان بکەیت، نەك لە کوشتوکوشتار، خودا بەغدا نغرۆ بکات..

سەردەستارڕ سەری لە بن گوێم نا:

کوڕە ئەوە زۆربا نەبێت زیندووبووبێتەوە!

ئەو پیاوە زۆر سەرنجی منی راکێشا، وا بزانم ناوی مەلا حەمەد بوو، قسەکانی هی پیرێکی نەخوێندەواری ئەو چیا و چۆلانە نەدەچوو، بەلاّم هەر خۆشم دەمگوت با زۆر پیاوی نەخوێندەوار قسەی هەند جوانیان پێیە هیچ بیرمەندێك رۆماننووسێك شاعیرێك قسەی وا جوانی نیە، لێیم پرسی:

خوێندەواریت هەیە؟

گوتی:

(ئا لە فەقێیاتی فێربووم..

پرسیم:

شیعری هیچ شاعیرێکت خوێندۆتەوە؟..

وای وەلاَم دامەوە:

ئا، هی ئەحمەدی نالبەند و زۆریدی، شیعری مەلای جەزیریش...

پیرە نازانم نە لە ئێمە تووڕە بوو نە لەخۆی، بارەکەی بە پشتی خۆیدا دا و ماڵئاوییەکی ساردی کرد، لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

ژیان هەنگوینە کەمێك ژەهریشی تێدایە، بەلاَم مردن ژەهرە ژەهر..

ئێمەش هەر یەکەمان سەر کۆنەی ئەوانیدیمان دەکرد و دەمانگوت:

سووچی تۆبوو تووڕە بوو، نەدەبوو ئەو قسەیەت بکردایە، ئەو پرسیارەت بکردایە..

هاتین هاتین، لە گوندەکەی زارگەلی نانمان خوارد و هاتین هاتین گەیشتینەوە سەر جادە و بە بەردەمی جاشان پەڕینەوە، باش بوو ئەوجارە ئەبوو گێچەڵ لەرزی نەگرت، ئێستا کە دنیا لە سەر تاریکیە لەو جێگەیەین کە دەستەکەی ئەبوو تاڵ لێیان قەوما، ئەو دەستەیەی ئومێد چاو ساخیان بوو، بە فەرمانی ئەبوو تاڵ سەد مەترێك لە پێشەوەی دەستە دەڕۆیشت، ئەوە جاری چەندەمینە رێم بێرە دەکەوێتەوە و هەردوو پێکەنینشم بیردەکەوێتەوە، دوو پێکەنینی دژ بە یەك وەك مردن و ژیان دژ بەیەك، ئەو پێکەنینانەی دەڵێی لە کاسێتی سەرم تۆمار کراون و نازانم کێن بۆم لێدەدەنەوە..

ئەها ئێستا گەیشتینە دێرەشی ئومێد رەنگە زۆری نەمابێت بەیان بدا، هی ئەوە نیە بە ماڵان وەربین، چووینە مزگەوتەکە، کە تەنها ژوورێکی کەمێك گەورە بوو، بە ئاگرێکی دووکەڵاوی خۆمان گەرم کردەوە، من دەبێت بە چیچکانەوە سەر خەوێکم شکاندبێت، بەوە دەزانم خەونم دیت، لەو خەوە لە ناو گۆڕستانێ پیاسەم دەکرد.. رۆژ بۆوە بۆ نانخواردن بە ماڵان وەربووین، وا بزانم من و سەردەستار چووینە ماڵێك ژنەکە هەتا چایەو ماستێکی داینێ هەر بۆڵە بۆڵی بوو، تێشنەدەگەیشتم چ دەڵێت، بەلاَم لە

چاوانی دیـار بـوو رقـی دنیـای لـه ئێمـه بێـت، ناهـەقی نـەبوو، دەزانـن دێـرەش چ پێشمەرگەیەکی بەسەرەوە بوو، هێشتا دوا کەسی دەستەیەك پێشمەرگە پێی هەر لـە ئاوایی بوو دەستەیەکیدی بە دیـار دەکـەوتن، نـازانم بۆچـی ئـەو ڕۆژە هێنـدە مـەیلی دیتنی کچە بەهاریەکەم نەبوو،بە تەنیشت ماڵیشیاندا ڕەتبووین، من ئـەو ڕۆژە هـەر لە خەیاڵی ئومێد بووم، دەبوو سەردانێکی بکەم، لەو پێشمەرگانەش کەسیان مـاڵی ئومێدیان پێنەدەزانی، بەڵام خەڵکی دێرەش، لە هەرکێت پرسیبا گـەورە یـا گچکە، ئومێد لە کوێیە؟ دەستی دەگرتی و دەیبردیە لای ئومێد، پیاوێك چاوسـاخیی کـردم، نزیك بوو هەر لە بن گوند، پیاوەکە لە ڕێ باسی جوانی و قسە خۆشیی ئومێـدی بـۆم دەکرد، هەوڵی دەدا ئومێدێکم پێ بناسێنێ کـە مـن هێنـدەی ناناسـم، پـێش ئـەوەی بگەینێ با قسەیەك لە ((داستان)) ەکەی ئەبوو تالیب بکەین، ئەو داسـتانەی بـە دەم گێڕانەوەی تاڵ تـاڵ لـە گـوژارك تـاڵتر پێدەکـەنی و بـە عـەرەبیـەك کـە زۆر باشیشـی تێنەدەگەیشتم، دەیگوت:

((بە ڕاستی بە ڕێکەوت دەرچووین، هەر دەستەیەکیدی با لە جێگەی ئێمە کەسی لێدەرنەدەچـوو.. لـە هـەمووی گـرنگتر بەجێنەهێشـتنی تـەرمی شـەهیدە، بـەجێمان نەهێشت، چۆن بەجێیدێڵین ئەگەر هەمووشمان شەهید باین هەر دەرماندەچواند..))

ئەبوو تالیب کاتێ ئەو داستانەی بۆمان دەگێڕایەوە، لە بن کەپرە گەورەکەی کانی توبە دەورمان دابوو، تازە لە داستان گەڕابوونەوە، ئەو داستانەی لەوێ لەو جێگەیەی دەکەوتە نزیك ڕەبیەی جاشەکانی سەر جادە، ئەو جاشانەی ڕێککـەوتنمان لەگـەڵیان هەبوو، بە پێکەنینی تاڵەوە ئەو داستانەی دەگێڕایەوە کە بە هەمووی یـەك فیشـەکی تێدا تەقێنرا و فیشەکەکەش ڕێك بە دڵی پێشمەرگە چاوساخەکە کەوت و دەستبەجێ گیانی دەرچـوو، هاوارێکیشـی لـە دوای خـۆی بەجێنەهێشـت ، ئـەبوو تالیـب وا لـە داستان تێگەیشتبوو کە ڕووداوێکە خۆی بە سـەلامەتی لێـی دەربچـێت جـا بـا ئـەو ڕووداوە غلۆربوونەوەی تاوێرێك بێت، لووشکە هاویشتنی هێسترێکی چەمووش بێت،

ئەو پیاوە پێکەنین تاڵە بە شێوەیەك ڕووداوەکەی دەگێڕایەوە دەتگوت سەدام حوسێنە و باسی سەرکەوتنەکانی خۆی دەکات، ئەبوو تاڵ کاتێ ئەو هەواڵە تاڵەی ڕاگەیاند تاڵ تاڵ پێدەکەنی، کەس نەبوو نەتاسێ، دەڵێی ئێستایە، لە پێش چاومە، ئەوەتە ئەبوو خالیدی تەویل فرمێشکی درشت دەبارێنێ و لە چۆکی خۆی دەدا، ئەو کوڕە لە هەمووومان پتر گریا، زۆر بڕادەری بوو، ئەو قسەیەی پێکەنین تاڵیشم لە گوێدا دەزرینگێتەوە کە بە ئەبوو تەویلی دەگوت:

((هاوڕێ عەیبە مەگری کەس هەیە بۆ شەهید بگریت، پێبکەنە چونکە ئەو بە سەربەرزی سەری نایەوە، بە ڕێزەوەش ناشتمان ئیدی گریانی بۆ چیە..))

ئەبوو تەویل بە گریانەوە دەیگوت:

((کە ڕۆیشت دەیزانی هاتنەوی نیە، بە منی گوت:

ڕەنگە یەکتر نەبینینەوە، دڵنیام دڵی شتێکی پێگوتبوو..))

دەمدیت دیاریش زۆر لە پێکەنینە تاڵەکە دەهری ببوو، لە لاوە بە شێوەیەك تەماشای ئەبوو تاڵی دەکرد، وەك ئەوەی هەستی بە خیانەتەکانی کردبێت، ئەو خیانەتانەی زۆر دواتر دەیانگوت ئاشکرا بوون، ئەو قسەیەی دیاریشم لە بیر ناچێتەوە کە هەر ئەو ڕۆژە لەو بارەگایە تازیەبارە گوتی:

هیچوپوچ ئەبوو تاڵیب تاڵترین هەواڵی بۆمان هێناوەتەوە و تاڵ تاڵیش پێدەکەنێ، دە ببینن کێ دەڕوا و کێش دەمێنێتەوە!

پێشمەرگەیەك کە لەگەڵ ڕووداوەکە بوو، دواتر گوتبووی:

کاتێ شەهیدی چاو ساخ لە پێشمانەوە بە دوورایییەکی باش دەڕۆیشت و دنیاش لە سەر تاریکبوون بوو، دەنگی فیشەکێك هات و ئەو بەربۆوە، لەو کاتە ئەبوو تالیب فەرمانی پێداین کە تەقە نەکەین دەنا تێدەچین، ئیدی تەواو هەر ئەو تەقەیە بوو..

دێرەش سپییە زۆر سپی، لە کفنیش سپیتر، ئەو کفنەی دەتگوت بۆ بالای پێشمەرگە نابێت، کەم پێشمەرگە هەبوو لە خستنە گۆڕێ کفنی پێ ببڕێ، هەموویان

به جلی خۆیانەوە نێژران، ئێستا وا لە سەر گۆڕێکم سپی ، هەستدەکەم پێدەکەنێ ، ئومێد پێدەکەنێ، گۆڕی سپی پێدەکەنێ، چەند دلۆپە فرمێسکێکم هەڵوەراندە سەر گۆڕە سپیەکەی ئومێدی تاقە برای حەفت خوشکان، ئومێدی خوێنەرە جوانەکەی مارکیز، ئومێدی چاو ساخی رێوبانان، چاو ساخی هەموو بادینان، ئومێدی کۆڵەپشت پڕ لە کتێب و دڵ سەرڕێژ لە پێکەنینی هەنگوینی، ئومێدی عاشقی دێرەش بە هەموو وەرزەکانیەوە، ئەو دێرەشەی بووە ئارامگەی هەمیشەیی ئومێد، لە سەر گۆڕەکەی ئومێد رەنگە قسەیەکی وام کردبێت:

لە بەلاش هێندە عەشقە دێرەش نەبووی، دەتزانی گۆڕەکەت دەکەوێتە ئێرە!

ئومێد چوو، یادەوەریی منی شانە شانە پڕ لەپێکەنینی هەنگوینی کرد، ئەبووتالیب چوو، پێکەنینێکی ژەهریی رژاندە یادەوەریی منەوە..

گارە

بەلاّ.. بەلاّ

بۆ سوێندی بەهارانیش ڕێوبانان یـەك چـل كەسـكاییان نیشـانی بینـایی ڕێبـواران نەدەدا، تا خوداوەندی وەرزی پووش حەزبكات، تـا بینـایی بڕەكـات، هـەر پـووش و پووش، ئاقاری گارە بە دیوی رۆژدا هـەمووی پـووش، هـەر پووشـە بـە هەناسـەی بـا دەشكێتەوەو بە پێیەكانی من كە جاروبار خەیاڵی قووڵ قووڵتر لـەو دۆڵـەی دەمێـدی منی هەڵدایەوە سەر زەوی، دەپەڕێ و دەكەونە دەست با و نەمدەزانی ئەو پووشانە با بـۆ كـوێی دەبـردن، هـەر لەوەشـەوە، لـە پـەڕینی پووشـەوە، زانـیم سـاڵ لـە مـانگی پووشپەڕدا ڕێدەكات، لە بیرمـە بـەراوردێكم لـە نێـوان خـۆم و پووشـی دەم بـا كـرد، چاوێكتان لێمبا، ئەودەمانێ چەند لە پووش دەچووم، پووشـی دەم با..ئێسـتا دەمـەو نیوەڕۆیەكی پووشپەڕیی ساڵێكی هەڵەتاوییە، من و هێسترێكی بۆز، ڕەنگـی هێسـتر چەند لە ڕەنگی پووشی دەكرد، جا ئەو ڕۆژە ڕەنگ هەبوو ڕەنگی پووشـی نـەگرتبێ! خۆ جلكەكانی من هەر دەتگوت لە پووشی بەر تەپوتۆز چنراون، هێسـتری پووشـاوی لە پێشەوە منی پووشاوی بە دوویەوە، هێستر ئەژدیهاشی بێتە پێشـێ ڕێ نـاگۆڕێ، بەلاّم من... ڕەنگە هێستر خەیاڵی نەبێت، دەنا ئەویش جاروبارێ بە لا ڕێدا دەچوو، باری هێستر قورسە، چەند قاتی باری منە، بەلاّم من بە بارەوەش ببمە سەرباری ، لە ڕۆینی هێسترانەی خۆی ناكەوێت، باری من كلاّشینكۆفێكی رووسیی یـەك لاق، بـە هی سەریەوە حەفت مەخزەن، مەتارەیەك لـە جـۆری گـەورە، كۆڵەپشـتێك كـە چـەند نووردووە نانێك ومستە قەسپێك و.. باری هێستریش ئـەوەی دیـارە كلاّشـینكۆفێك و تاخمێك، نادیارەكەش با جارێ هەرنادیاربێ.. من و هێستر هێشتا لە ئاقاری گوندی (یەكماڵە)ین، ئەو گوندەی ئەگەر دواتر عەلی كیمیـاویی لـە بڵنـدایی گـارەوە تـۆپ تۆپ، مست مست ژەهری بە سەردا نەڕژاندبا، ئێستا عەلی و فاتیمەكانی نـەوەیان خستبۆوە و دەبووە هەزار ماڵە و زەماوەند زەماوەنـد، دەبـووە گونـدی زەماوەنـدان،

دوور نەبوو زەماوەندی منیش بکەوێتە گوندی یەکماڵەی هەزار ماڵەوە.. من و هێستر لە هەورازەکەی پشت یەکماڵە سەرکەوتین و وا بەو دیودا دیوی بارەگا شۆڕ بووینەوە، ئەگەر یەکپێ بڕۆین و هیچ بەلایەکی عەردی و ئاسمانی نەیەتە رێ، بۆ نان و ئالیکی ئێوارە من و هێستر لەدوڕ بارەگاین، ئەرێ پرسیتان، ئەو چەك و تاخمەی باری هێسترە بۆزی قورسترکردووە خاوەنی هەبوو یان نا؟! ئا، هەتا هێستریشمان بارکرد خاوەنی هەبوو، کوڕێکی باریکەلەی کەم تەمەن، وا بزانم ناوی سەربازیی نەهاتبوو، ئەو تفەنگ و تاخمەشی جوان لێدەهات، لەو جێگەیەی کە رۆژە رێیەك لێرەوە دوورە، دەستبارمان گرت و بە یارمەتیی یەك دوانێك بارەکەمان بارکردو هەچەمان لە هێستر کرد،هەر هاوڕێی رێیە ترسناکەکانی ئاقاری گارە بووین، ئەو ئاقارەی لە هەر بستە زەویەکی لە هەر ناو لەپە ئاسمانێکی بەلایەك چاوشلکانێت لەگەڵ دەکات.. رەنگی هەڵبزڕکابوو، نزیك لە هەڵبزڕکانی شیر، قوڕگی خاوێندەکردەوە، دیار بوو رستەیەکی قورس عاسێ بووەو نایەتە دەرێ، ویستم یارمەتیبدەم، هەستمکرد رستە لە قوڕگی منیش عاسێ بووە، ئەو کوڕە دەبێت چی لە دڵ بێت! دەیەوێت چی بڵێت!

+ببوورە، تۆ بە تەنیا بڕۆوە بارەگا

- ئەدی..

+ من، دەچمەوە، ماندوو بووم..

- بە قەستیتە، تۆ ماندوو نابیت

+بە راستیمە زۆر ماندووم، بە ئەبوو عەلی بڵێ رۆیشتەوە، ماندوو بوو..

- ئەدی بۆچی لە بارەگا وات نەگوت..

+نازانم، چەکەکەم لێوەرگرە و من دەچمەوە

- چۆنە بە چەکەوە ناچیتەوە؟

+ خیانەت ناکەم

- کوا، لە کوێ خۆت رادەست دەکەیتەوە؟

+ لە خوارەوە لە نزیك جادە

- ئێستا لێبووردن هەیە؟

+ هەیە..

هەبوو، لێبووردنێك بۆ بە چیاکەوتووەکان بۆ ئەشقیاکانی چیا هەبوو، کوڕە ماندووەکە بە دەستی خۆی خۆی چەك کردو بە ماڵئاواییەکی شەرمنانە بەجێیهێشتم، ئەوەتە کوڕە ماندووەکە چەند ماندووانە، چەند نابەدڵانە شەقاوی خۆ رادەستکردنەوە دەهاوێ، هەر دەڵێی بۆ تیربارانکردنی دەبەن، پێیەکانی لە دووی ناڕۆن، ئەو پێیانەی پێشتر لەرۆیشتنێ پێ بە پێی با رێیان دەبڕی، کوڕە ماندووەکە رۆیشت، لێژبۆوە، بڕۆ لە بەلاّی دەوڵەت بە دوور بیت، ئەی کوڕی ماندوو، من ئیدی ناوت دەنێم کوری ماندوو، بە هیچ ناوێکیدی ناتخەمە ناو سەرهاتانەوە، پیاوێکی ئاقاری گارە گوتی:

+دەزانی بۆچی ئەنگۆی کۆمەنیستی خودانەناسم خۆشدەوێ؟

- چونکێ هەندێکمان لە بنەوە خودا دەناسین! ههە هە

+هاهاهاه..چونکێ کاتێك کەسێکتان خۆ رادەستی حکومەت دەکاتەوە، نەك هەر هاوڕێ و هاوسەنگەرەکەی خۆی ناکوژێت، چەکەکەشی بەجێدێلێ..

قسەی پیاوە گارەییەکە ترساندمی، ترس دەهات و ترس ترس لێمدەنیشت، ترسی سەردەمانی منداڵیش گەیشت و نیشت، قسەی پیاوە گارەییەکە گەڕاندمیەوە ئەو رۆژەی کە هەواڵی قادر شۆڕەبی گەیشت، هێشتا کانەبی گچکە نەببووە سەرهاتی ترس، دەنا ئەویش دەهات و لە بیناییمدا خۆی رادەخست، من ئێستا لە ترس ئالاّوم ترسی خیانەت، کوڕە ماندووەکە! کوڕی باش بە، پێ هەڵێنە، چەندی دوورتر بکەویتەوە ئاسوودەترم، چیدی ئاوڕ مەدەوە، با شەیتان نەیەتە بن کەلەگەت و پەژیوانی گەڕانەوەت بکاتەوە، دەزانم تۆ خیانەت بە خەیاڵتا نایەت، بەلاّم دڵی من وا ناڵێت، لە دوای قسەی پیاوە گارەییەکەوە، گومان گومان، دەستی چەپم گومانی لە

هی راستم هەیە، دەڵێ ئاگاداربە، تفەنگ لە سەر پێیە، گوللـەی خیانـەت لـە رێیـە، خۆ من پێش قسە گارەییەکەش هەرکوڕی پانتایی ترس و خیانەت بـووم، بـەلاّم بـەو قسەیە راچلەکیم، توند راچلەکیم، لە راچلەکیندا هەرچی رستەی خیانەتە لە بیستنمدا خۆیان لێکگرێدەدایەوە، تەمەن چ رستـەیەکی درێـژی ترسـئامێزە! پیـاوە گارەییـەکـە گەڕاندمیەوە لای حاجی کەریم ئەو پیاوەی یـاران و نـەیارانی بـە پیـاوە بەوەجەکـەی بەستی شەرغە ناویان دێنا، ئـەو پیـاوە خـەڵکی گونـدی حـاجی وسـووی دەو بەسـتی شەرغە بوو، برادەری بابم بوو، لە بیرمە شەوێك لە حەوشەیەکی هاوینیی سـەیداوەیی لەگەڵ بابم لە بـارەی خیانەتـەوە مشـتومڕیان بـوو، پیـاوی بـەوەجی بەسـتی شـەرغە گوتی:

لەهەر سێ پیاوی کورد پیاوێك خیانەتکارە

بابم گوتی:

ئەگەر سێیەکە بکەیتە سی ئەشهەدوت لۆ دەکەم

پیاوە بەوەجەکەی بەستی شەرغەگوتی:

تووڕەتر بم، سێیەکە دەکەمە دوو

بابم گوتی:

حاجی لێگەڕێ، لە سێی راگرە مەیکە دوو، دەنا تۆش خایەن دەردەچیت..

پیاوی بەوەجی بەستی شەرغە لە بەر خاتری بابم نەیکردە دوو..

دەیانگوت پیاوە بەوەجەکەی بەستی شەرغە بە هۆی کۆمەنیستبوونەوە و لە سـەر دەستی کەس و کار و پیاوانی ئاغا زۆر دەردی دیتووەو و ئازاری چەشـتووە، بۆیـە وا لە سێیەکی پیاوی کورد بە رقدا چووە، زۆر سەرچـیخ رۆیشـتووە، لـە بیرمـە بـابم بـە پێکەنینەوە دەیگوت:

هەتا پیاوە بەوەجەکەی بەسـتی شـەرغە لـە کۆمەنیسـتی وەرنەگـەڕێ، سـێیەکی پیاوی کورد بە خایەنی دەمێننەوە..

که سەرهاتی قادر شۆڕەبی لە سەرمدا سەرەتاتکێی لەگەڵ یادەوەریم دەکرد، سیمای چەندان قادری شۆرەبیم دەدیت، چۆڕ چۆڕ خوێنیان لێوە دەچۆڕا، خوێنی گوللەی خیانەت، لەو هەموو سیما خوێناویەوە خیانەت خیانەت کەڵەکەی دەکرد، دەمگوت پیاوە بەوەجەکەی بەستی شەرغە چ راستیەکی گوژارکیی رژاندۆتە بەستی یادەوەریمەوە، قادری شۆڕەبی یەکەم کوژراوی دەستی هاوسەنگەرەکەی خۆیەتی کە لە یادەوەریی مندا جلکە خاکیە خوێناوییەکەی بە رستی یادەوەریمدا هەڵواسراوە و دڵۆپ دڵۆپ خوێن.. قادر شۆڕەبی هەر لە تەمەنی کوڕە ماندووەکە دەبوو، ئەو کوڕەی پێش کەمێك رووەو جادە بە ئاراستەی ئامێدی بە پێی کیسەڵ شۆڕبۆوە، ئەو ساڵەی هاوسەنگەرەکەی شۆڕەبی خوێن بەرچاوی گرت و لە شیرنەی خەوێ شۆڕەبیی لە خوێن هەڵکێشا، من منداڵ بووم، پێشتر چەند جارێ شۆڕەبیم دیتبوو، بە قەد دنیایەکی منداڵی خۆشمویستبوو، ئەو ئێوارەیەی هەواڵی مەرگی قادری شۆڕەبی گەیشت، گەرەك خەمی دنیای لێنیشت، ئەو ئێوارەیە خەمگینترین منداڵی گەڕەك من بووم، خەمی دنیام لە قادری شۆڕەبی خوارد، قادری باب نەماوی تاقە برای دوو خوشکان.. لە ئاقاری گارەوە بەژنی زراڤی قادری شۆڕەبی لە دوورەوە لە یادەوەریم دەشنایەوە، تا دەهات نزیکتر دەکەوتەوە، گوێم لە دەنگی بوو، قسەی دەکرد، شۆڕەبی گەیشتە لام و دەناورایەوە چ ناورانەوەیەك خودایە، یوسف لێیەوە فێردەبوو، بە دەنگێك مەگەر کۆتری بریندار بکارێ لاسایی بکاتەوە، گوتی:

((متمانەی تەواو بە هێستر بکە، بەلاّم گومانت هەبێ لە هاورێکەت، هاوسەنگەر لە مار خراپتر پێوەت دەدات..))

هێشتا زاری وشەیتری تێدا مابوو، سەرمهەڵبڕی، شۆڕەبی نەمابوو، جارێکیدی من و هێستر تەنیاماینەوە، بە راست شۆڕەبی چۆن گەیشتە گارە! بە دەم رێوە خەوم لێکەوتبوو؟!

ئێستا من و هێستركەوتینە پێدەشتێكی پووشاوی كە كەندێكی وشكی ئاونەدیتەی لێرەو لەوێ بنەدارێكی تینوو بەری چەپ و راستی بە پێدەشتەكە بەخشیوە، ئاسمانیش وەك پێدەشتەكە پووشاویە، پێشان ئاسمان رەنگی شین بوو! ببینن چەكدارێك كزو مات بە دوای هێسترەوە، هاورێكەی بەجێیهێشتووە، بەلاّم دەبێت تا مردن لە چاكەی دەرنەچێت كە نەیكوشتووە، چەكدارێك دوای چەند دەمژمێرێك رەنگە بگاتەوە بارەگا، بارەگای پرسیار، پرسیار هەزار پرسیار.. ها هاورێكەت چی لێهات؟ چەكەكەی بۆ لای تۆیە؟ ئەو جا ئەبوو عەلی شایب بە عەرەبی پرسیاران دەكات، منیش بە تێكەڵەیەك لە كوردی و عەرەبی وەلاّمی دەدەمەوە، رەنگە بە هۆی كێشەی زمانەوە وەلاّمەكانم وا بكەونەوە تووشی كێشە بم، وەك باپیرم لە ختوخۆرِا بە هۆی زمانەوە تووش بم، باپیرم كە وەك خۆی دەیگوت یەكەم حاجیی فرِۆكەیە، ئەوەش لەوەوە هات، بەگەڵ یەكەم دەستەی حاجیان كەوتبوو كە لە بەغداوە بۆ یەكەم جار بە فرِۆكە چووبوونە دیداری كابە و پێغەمبەر، باپیرم دەیگێرِایەوە:

((لە حەجیّ لە نزیك ماڵی خۆشەویست، هەر لە پێش دەرگایان، عارەبێك وەرگەرِایە سەر عارەبێك، لێكیان دا، خراپ لێكیان دا، یەكیان كەوت، وەك گا كەوتە زەوی، ئەویدی لێیدا، بە عارەبی لێیدا، ماركوژی كرد، من ویستم ناوبژیان بكەم، بەلاّم نەمكرد، لە دڵی خۆم گوتم، ئێوە هێند حەرامزادە بن، رێز لە خۆشەویستی خوداو خزمی خۆتان نەگرن، بە تكای منی بێگانەی بنی دنیا واز لێكدی دێنن! سەرتان نەیەشێنم، ئەوەی دەستی خۆی وەشاند،هەلاّت، پۆلیس هات، منی بەدبەخت وەك شایەد لەویّ مابوومەوە، عارەبیەكەم بایی ئەوە بوو كە لە جیاتی بڵێم:

پیاوێك لێدا و حیزانە هەلاّت..

گوتبووم:

من لێم دا و هەڵنەهاتیشم تا نەڵێن حیزە

باش بوو عارەبی لە عەرد راکشاو نەمرد و بە ئاگا هاتەوە و فریام کەوت، دەنا خۆشەویستی خوداش لە زیندانێ دەرینەدەهێنام..))

باپیرم ئامۆژگاری دەکردین ودەیگوت:

کوڕینە ئەگەر عارەبی نازانن، لە کن شەڕی عارەبان رامەوەستن.. ئەگەر چوونە حەجیش بە فڕۆکە بچن، فڕین بە ئاسماندا هەر دەڵێی رێی بەهەشتێیە..

نەنکم دەیگۆت، بە باپیرمی دەگۆت:

حاجی ئەدی کوو کاس نەبوون لە گڕە گڕ و هووشە هووش؟

باپیرم دەیگوت:

فڕۆکەی حەجێ خۆ وەکو ئەوانە نیە کە هەموو رۆژێ لە سەرمان دەسووڕێنەوە و ئاگر و ئاسنمان بە سەردا دەبارێنن، فڕۆکەی حەجێ هەندەی دەلینگی تۆش خشە و دەنگی نایە..

نەنکم دەیگوت:

بە خودای نەك بۆ حەجێ، بۆ ناو بەهەشتێش من پێ ناخەمە ناو فڕۆکەوە، فڕۆکە هەر فڕۆکەیە..

ئۆی، فڕۆکە رەنگ و دەنگی گورگی هەیە، هەر ناوی بێنیت پەیدا دەبێت، ئەوە دەنگی کۆپتەرە، نزیکە، وەی وەی، چەند نەوین، قەوما لە کەس نەقەومێ، لەو دەمە سێ بنە داری ترس لێنیشتوو، بە بانگکردن بانگمیان کرد، جلەوی هێسترم راکێشا، هێسترم بەستەوە، بەستانەوەیەکی گورج، نازانم لە ئازایەتی بوو، یان لەوپەڕی ترس، چەك و تاخمەکەی کوڕە ماندووەکەشم هەڵگرت و خۆم گەیاندە بن دارێکیدی، دەبوو لە هێستر دوور بکەومەوە، هێستر جێگەی متمانە نیە، دەجوولێ و کۆپتەر دەیبینن، لە بن دارەکە دوو بەردی گەورە پووش و پەلاشیان بە خۆیان دادابوو، سەریان بەیەك کردبوو، خودا دەزانی لە کەنگێوە لێرە خەوتوون، ئەگەر ناپاڵمێك زرمەیان لێوە نەهێنێ، پێناچێ بەئاگا بێنەوە، کۆپتەرەکان دوانن، نەوین زۆر نەوی، زگیان لە زەوی

دەخشێ، لمووز بە درەختەوە دەنێن، بۆنی شتێکیان کردووە، بۆنی هێسترێك و پێشمەرگەیەکیان کردووە، ئێستا نا ئێستا دەیانبیننەوە.. بمبم..بم..بمبمب..، ئۆی ئەوە بە چی کەوت! ئاگر، ئاگر.. هێسترەکە پیاو بەو تووشم مەکە، مەجوولێ، دەنگت نێ، دەنا تیادەچین، لە ترێ تۆ و سەگ دەچین، ئارام بگرە، من لە تۆ پتر دەترسێم، بەلاّم دەبێت ئارام بگرم، ژیان خۆشە، ژیان لە هەر جێگەیەك بێت لە مردن خۆشترە، تا مەرگ تیچاوت نەداتێ، نازانی ژیان چەند نازدارە، چەند ئاودار و مەزەدارە، ئەوەتە مەرگ لە پێش چاوە، خودا دوو ئیزرائیلی سواری دووکۆپتەر کردووە، یەکیان بۆ من یەك بۆ تۆ، هێسترەکەم ئارام بە، کۆپتەر ئیزرائیلی خودایە بەو دەمەو عەسرە بۆ گیانکێشانی ئێمە هاتوون، نەکەی خۆتیان نیشانبدەیت.. بمب بمب.. ئەو کۆپتەرانە زۆر لە هی سەردەمی منداڵی ترسناکترن، ئەو دەمەی من و باوکم نازانم بۆ رێمان بەو زوورگانەی رۆژهەلاّتی هەولێر کەوتبوو، رەنگە بۆ مالاّت کڕین بووبێت، بۆ چێڵ کڕین بووبێت، خۆ ساقۆیەکەی بابم رێك لەو ساقۆیانە بوو کە خەڵك لە بەر هەر کەسێکیان دیتبا دەیانگوت: دەڵێی چێڵ کڕە.. دوو کۆپتەری وەك ئەو کۆپتەرانە گەیشتنە سەرمان، بابم رایکێشامە ناو کەندرێك، خۆم هاویشتبووە بن ساقۆ درێژەکەی بابم، بابم گوتی :

لە منت نەکەوێ، مەترسێ، ئەوە نیە لە کن بابی خۆتی لە چی دەترسی؟

گۆتمە بابم:

دەترسم، تەقە دەکەن، دەمانکوژن..

بابم بە دەنگێکی سەرریێژ لە دڵنیایی:

هیچ مەترسێ، لە باوەشی بابی خۆتی، کۆپتەری گوو خواردی چیە، ئەوان لە ئێمە دەترسێن، ئێستا هەڵدێن..

ترسم نەما، ساقۆیەکەی بابم سەنگەرێکی پتەو بوو، زۆر لە بەرد پتەوتر، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە تەقەی کۆپتەر نایبڕێ، زۆری نەبرد، کۆپتەرەکان هەڵاتن، دواتر دەمگوتە بابم:

تۆ کۆپتەرەکانت راونا؟ بە چی؟

بابم دەیگوت:

لە من زیاتر کێیە، کوا کەسیدی لەوێ بوو، هەر بە فوو راوم نان..

بابە، وەرە بمگەیێ، پێویستم بە ساقۆی دڵنیاییت هەیە، بابە من بە تەنێ لە ئاقاری گارە لەگەڵ دوو کۆپتەری هار لە سەگی هار هارتر لێم قەومایە، بمگەیێ...

ئۆی هێسترەکەیان دیوە، لە نزیکە وی بە عەرد کەوت، ((خودایە ئەگەر تۆ ئەو دوو کۆپتەرە ئیزرائیلیەت نەناردووە، فووێکیان لێبکە و بەرزیانبکەوە ئاسمان، هێند بەرز هێند بەرز، لە مەداری زەوی دەرچن و لە ئەستێرەیەکیدی بنیشنەوە، خودایە، ئەگەر ژیان و مەرگ لە دەست تۆیە، مەمکوژە، حەزم لە ژیانە، ئەو کۆپتەرانەم لێ دوور خەوە، گوناهم نیە، هەموو گوناهم ئەوەیە کە لە دەوڵەتێکی عەرەبی یاخیم، دەوڵەتێك بە چاوی خۆم دیتوومە چەندان جار دیتوومە کە بەو کۆپتەرانە، بە فڕۆکە بە دەردی نەنکم گۆتەنی بەو فڕۆکەی باپیرم سواری بوو هاتە ماڵی پێغەمبەرەکەی تۆ، بە چاوی خۆم دیتوومە قورئانە عەرەبیەکەی تۆیان سووتاندووە، من لە ریزی کۆمەنیستانم بەڵام لە بیرم نیە سووکایەتیم بە کتێبەکانی تۆ کردبێت، چەندان جار گلەییم لە ستالین کردووە لە سەر ئەوەی ریزی تەواوی لە گوتەکانی تۆ یان ئەوانەی بە ناوی تۆوە هاتوون، نەگرتووە))

لە بیرمە قسەم لەگەڵ خودا کرد، بەڵام گوێم لە دەنگی نەبوو، هیچی نەگوت، بۆیە چیدی لێی نەپاڕامەوە و بیرم لە خۆم کردەوە..

دەبوو لە هێسترەکە دووربکەومەوە، ئەگەر تۆ دەتزانی باری هێستر چیە، لەمێژبوو بە دووری سەد بنە داری لێکدی زۆر دووریش لە هێستر دووردەکەوتیەوە، ئەگەر دەتزانی باری هێستر چیە، هەر زوو بە سێ دەنگان و بە شێوەزاری گارەییان دەتگوت:

کورۆ، دینۆ، مال خەرابۆ، رابە، چاڤێ خۆ ڤەکە، تو نزانی، ئەها....

ئەگەر هێستر دەیزانی چی لێ بار کراوە، رۆژە رێیەك پتر لە خۆی دووردەکەوتەوە، کۆپتەرەکان بۆنیان کردووە، ناوە ناوە جێگەیەك لە پێدەشتەکەی دەڤەری گارە ئاگر دەدەن، بەس دوعابکەن هێستر نەتەقێتەوە، باری هێستر نەتەقێتەوە، باروت نەتەقێتەوە، بەهارێ رێك بێرەدا هاتین، دەستەیەك پێشمەرگە کورە ماندووەکەشمان لەگەڵ بوو، بێرەدا هاتین، باری هێستر ئاردو شەکر بوو، ئەوجارە لە بەدبەختی من لە تەنیایی من باری هێستر بە سەربار و بن بارەوە فیشەکە بە هەموو جۆرەکانەوە، دۆشکە، ئارپێجی، کلاشینکۆف، رەنگە فیشەکی دەمانچەشی تێدا بێت، نارنجۆك.. ناهەقمە لە تەقینەوەی هێستر بترسێم! ئەگەر هێستر بتەقێتەوە، پرووشکی دەگاتە من و ئەو دوو بەردەی سەریان بە یەکتر کردووە و منیان لە چاوی کۆپتەر شاردۆتەوە، دەبنە کێلم، کێلێك نە دەبینرێتەوە نە دەخوێندرێتەوە، من دەبێت ئەو بنە دارە بەجێبهێلم، نامەوێت ئەو بەردانە ببنە کێلم، هەرچەندە لە سەر قسەی باپیرم زۆرم متمانە بە بەرد هەبوو، باپیرم دەیگوت: (بەرد بەرد، تەنیا بەرد).. سەرهاتی بەردو بەرد بەردەکەی پاپیرم دەگێرێتەوە..

ئەو هێسترە تا ئێستا زۆر بە هۆشە، دەڵێی خوداوەندی ئاژەلان هۆشی بێدەنگیی لێکردووە، ئەوەتا لەگەڵ زرمەیەك پتر خۆی بەو دارەوە دەنووسێنێت کە لێی بەستراوەتەوە، گوێیەکانی فیچ کردۆتەوە، کلکی لە ناو گەڵی ناوە، دەنگی لێوە نایە، بە راستی هێستر جێگەی متمانەیە، قادری شۆرەبی راستی گۆ، لە خەونێ، یان لە زیندە خەوێ شۆرەبی راستی گۆ.. هێستر جێی متمانەیە، بەلاّم باری هێستر گەمە نیە، دەبێت لێی دوورکەومەوە، کاتی ئەوەم نیە هێستر لە بارەکەی دوورخەمەوە،

بەلاّم هەولّدەدەم خۆم لە هەردووکیان دووربخەمەوە..کۆپتەرەکان وازناهێنن، بمب بمب، دووکەلّ، دووکەلّ.. لە سەر زگ، لە سەر چۆك، خشکە خشك بە قوونە خشکێ، خۆم گەیاندە کەندرێك، داربەروویێك سێبەری لێکردبوو،تیشە بەردێك بە دانیشتن دانیشتبوو، لە کۆندرێ و لە پالّ تیشە بەردێ و لە سێبەری دار بەرووێکی تۆزاوی وەك پشیلە خۆم گرمۆلە کرد، ئێستا تەواوێك لە هێستر و بارە بارووت دوورم، ئەگەر بتەقێتەوەش مەترسیەکی وای لە سەرم نیە، تەماشاکەن پێشمەرگەیەکی تەنیا چۆن لە ترسی دوو کۆپتەری نازانم لە کوێوە هەلّدراو چۆن بە بەرزایی گارەی لێرەوە دیار، ترسی لێنیشتووە، پێشمەرگەیەك دوو تفەنگی بە دەستەوەیە و هەتا ئێستاش تەقەیەکی نەکردووە، رەنگە هەر نەشیکات، ئەرێ لە ترسەوەیە یان لە هۆشەوە تەقە ناکات؟! کەلکی تەقەی نیە، کۆپتەر گەمە نیە، تەقە کردن لە کۆپتەر گەمە نیە، بەلاّم گەمەی کۆپتەر وگەمەی تەقەکردن لە کۆپتەریش گەمەیەکە پێشمەرگە زۆر پێشمەرگە چوونەتە ناویەوە، منیش پێشتر چەند جارێك تووشی ئەو گەمەیە بوومە، قەتیش وەك ئەمجارە لە کۆپتەر نەترساوم، رەنگە ترسەکەم لە تەنیاییەوە هاتبێت، خۆزگە کورە ماندووەکە ماندوو نەدەبوو، ئەگەر ئەوم لەگەلّ با، ترسم کەمتر دەبوو، ئەگەر جێگەشم باشتر با و کەلکی تەقەی هەبا، ترس وەها وەك پووشی پووشپەرێ داینەدەگرتم، تەقە کردن ترس دەرەوێنێتەوە، ئەوە هەر قسەی من نیە، هەرکەسێ سووکە شەرێکی کردبێ ئەوە دەزانێ، ئەو جارەی لە دۆلّی ئاکۆیان، دوو کۆپتەری زۆر لەو دوو کۆپتەرە بە گرەگرتر، گوللە هاوێژتر، درتر، بەلاّم کەمێك بلّندتر، بەری ئاسمانیان لێگرتین و چەپ و راست دایاندەبێژاین، هێندەی ئەو جارە نەیانترساندم، ئەوان کۆپتەرەکان بە هەوەسی خۆیان دەیانکوتاین، ئێمەش بە دلّی خۆمان تێماندەگرتن، گەمەکەی دەڤەری مەتینیش هەر ئەوها، گەمەکەی ئەو دیوەی چیای سەفینیش،هی....

ئەو کۆپتەرانە کەتنێکیان لە چاوە، دەڵێی گفتیان بە خۆیان داوە، بێ دەسکەوت ئەو پێدەشتەی ئاقاری گارە بەجێنەهێڵن، وا بڕوا دەمبیننەوە، نەشمبیننەوە ساچمەیەك ساردم دەکاتەوە، گوێتان لە گڤەی ساچمە نیە! سەر دەکات، کورت دەکات، ئەوەتە داربەڕووەکە ساچمەیەکی بە توندی گرتەوە و بە نەرمی هەڵیدایەوە بەردەمی خۆی، تیشە بەردەکە ساچمەیەکی بە توندی گرتەوە و توندتر دوور هەڵیداو نەمدیت لە کوێ کەوتەوە، ئاگرێك لە نزیك هێسترە باروتیەکە کەوتەوە، باشە بای نایە، خەریکە دەکوژێتەوە..کۆپتەریش نەمکوژێت، ترس دەمکوژێت، خۆزی ئازایەتی یان کەرایەتی دەیگرتم و دەسرێژێکی مەردانەم دەهاویشتە کۆپتەران، دواى ئەوە چ دەبوو با ببێت، خۆ ترس دەڕەویەوە..

ئەرێ کۆپتەر ماندوو نابێ! پێناچێ، لە کەیەوە لە ئاسمانی من و هێستر دەسووڕێنەوە؟ کۆپتەر چەند لە ئاسمان دەمێنێتەوە؟ بایی چەند سووتەمەنی هەڵدەگرێت؟ تەقەمەنیی زۆرە؟ بۆ ئەو پرسیارانە گەڕامەوە لای مولازم ریاز، لە دانیشتنێکی شەوانەی زستانیی سپی سپی، بەفر بارەگای داپۆشیبوو، بارەگا لە قەدپاڵێك بوو، لە دوورەوە بە دووربین، ئەو دەمانەی بەفر چیای بەجێدەهێشت، شانەدەر جوان دیار بوو، شانەدەر ئەو جێگەیەی کۆن زۆر کۆن جێژوانی نەنکە گەورە و باپیرە گەورەمان بوو، لەوێ یەکتریان راموسی و جووتبوون و ئێمەیان نازانم نە بۆ شەڕوشۆڕخستەوە نە بۆ عەشقبازی.. مولازم ریاز دیار بوو خولی سەربازیی زۆری دیبوو، کتێبی زۆری سەربازیی خوێندبۆوە، شەوێك باسی فڕۆکە و کۆپتەری کرد، هەر یەکەی توانای چەند مانەوەی لە ئاسمانی هەیە، دوای چەند پێویستی بە سووتەمەنی هەیە؟... هەمووی بە وردی بە ژمارەو بە خولەك دەگوت، حەیف هی کۆپتەرم لە یاد نەماوە، ئێستا چەند پێویستمە بزانم دوای چەندیدی ئەو کۆپتەرانە بە ناچاری دەڕۆن و لە مۆڵگەی خۆیان دەنیشنەوە، بە راست دەبێت لە کوێ بنیشنەوە، تا جارێکیدی دێنەوە، دەبێت دەرفەتی هەڵاتنم چنگکەوێت! من جگە لە چاوەڕوانی، چاوەڕوانیی

دوا چرکەی ماوەی مانەوەی کۆپتەر لە ئاسمان چ چارەیەکیدیم نەبوو، چ ئومێدێکیدیم لە دڵ نەمابوو،خودایە ئەگەر لە توانات هەیە، ئەو دوو ئیزرائیلە ئەو دوو کۆپتەرە هەڵکێشەوە، لە بەرزایی گارەوە هەلیاندە ئەو دیوەوە، وا بزانم تکایەکی وام لە خودا کرد، نەمزانی چ خودایەك، خودایەکەی دایکم یان خودایەکیدی، بەلاٚم کوا خودا کاری ئەوها دەستوبرد دەکات! دایکم زۆر جار لە کاتی تووڕەبووندا دەیگوت:

((خودا، بە قوربانی بم، قەت لە وادەی خۆی بە هاناتەوە نایەت، دوایش پێویستت پێی نامێنێ..))

ئەرێ لەمێژە کۆپتەر بە ئاسمانەوەیە؟ لە مێژە لە سۆراخی من و هێستر سەراو سەر، تەنیشتاو تەنیشت، کلکاو کلك عەرد و ئاسمان دەکات، هێشتا خودا خودای نەنکم قەڵەمی دیتنەوەمانی لێنەداوە، نەنکم زۆر جار دەیگوت:

((تۆ کە لە دەستی چەتە و زۆرداران خۆت بشاریەوە، تا خودا قەڵەمی دیتنەوەی لێنەدا ناتبیننەوە، دنیا هەڵگێڕو وەرگێڕ بکەن ناتبیننەوە..))

خودای نەنکم قەڵەمی لێمەدە..گەمەی دوو کۆپتەر و هێسترێك و پێشمەرگەیەك چەند دەخایەنێت؟ هێند لە پڕ هاتن و هێند شلەژام لە بیرمچوو دەمژمێر بگرمەوە، ئەوجا با بشمگرتابایەتەوە کە نەزانم توانای مانەوەیان چەندە لە ئاسمان، بە چی دەچێ..

ترسی تەقینەوەی هێستری barووتی دووکەڵە و ناڕەوێتەوە، خودایە، خودای مام چەتۆ نەیتەقێنیتەوە،چەتۆ پیاوێك بوو باوەڕی بە خودا لە ئاستێك بوو دەیگوت:

((هیچ چەکێك بێ خواستی خودا تەقەی لێوە نایە، گوللەی لێوە دەرنایە..))

ئەو پیاوە بابی سەرە دەرزییەك لە تفەنگ نەدەترسا، دەیگوت:

((کێ ئامادەیە تەقەم لێبکات با تفەنگی سواربکات، سینگم دەدەمە بەرێ، پەنجەی پێدا بێنە، تا خودا پەنجە بە پەلاپیتکەیدا نەهێنێ، بە هیچ پەنجەیەك ناتەقێ..))

خودای مام چەتۆ، پەنجە مەگەیەنە بارە باررووتی هێستر، هێستر بتەقێتەوە، من دەبمە خۆڵەمێش، گوللەی هێستر، ساچمەی هێستر نامگرێتەوە، بەڵام بە تەقینەوەی هێستر هەرچی کۆپتەری بەغدا هەیە، ئاسمانم لێدەگرن و جاش و سەرباز دەڕژێنە زەوی، هێزی نادیاری دنیادیتە، هێشتا چ دنیام نەدیتیە، با هێستر نەتەقێتەوە..

دووکەڵ، دووکەڵ لە زۆر لاوە دووکەڵ، پێدەشتی پووشاوی بە هەڵکردنی بایەك رەنگە گڕی دۆزەخی بگرێت، دەبێت لە خوداوەندی با بپارێمەوە، دەرگای با نەکاتەوە، بیکاتەوە، هێسترە بارووت بە ئاسماندا دەچێت، من دەبمە قەلەرەشکەی برژاو، قەلەرەشکەیەك دوو کۆپتەر باليان بەستووە، خودای با هەڵنەکەیتە با، ئەگەر بە خۆشت نەوەستایت، هەلکە بای شەماڵی، با ئاگر کە دەڵێی گایە زمان دەردێنێ، رووەو ئەولا بێتەوە، دوورتر بکەوێتەوە، ئۆی ئەوە لەو لایەش ئاگر کەوتەوە، خوداوەندی با، هەڵنەکەیتە بای شەماڵیش، با دنیا بێ با بمێنێتەوە، با بایی هەناسەیەکیش با نەیە..

کۆپتەر دەڵێی سوێندیخواردووە بمانبینێتەوە، دەترسم بنیشنەوە، بن پنچك بن پنچك، بن بەرد بن بەرد بگەڕێن..کۆپتەریش نەنیشنەوە، باش هەڵنەکات، ئاگر دەمسووتێنێ، تا دێ ئاگر پتر دەکەوێتەوە، دووکەڵ گەیشت، هەردیتت هێستر لە پرمەی دا، خۆی راپسکاند، پەتکی پساند، تێیدەقاند، هێستر بەرگەی گڕە و تەقەی کۆپتەری گرت، بەڵام بەرگەی دووکەڵ ناگرێت، کێ بەرگەی دووکەڵ دەگرێت، کێ بەرگەی ئاگر دەگرێت، ئاگر وا دەگات، من سێ رێگەم لە پێشە، تەنها سێ رێگە دەبینم:

١- بە دەسرێژێك خۆم لە کۆپتەر ئاشکرا بکەم، ئاکامەکەیشی چی دەبێ با ببێ..

٢- بە ناو دووکەڵ و ئاگردا راکەم،کۆپتەریش دەمبینێ، خۆ چاویان نەبەستراوە...

٣- گوللەیەك بە دڵ یان بە سەری خۆمەوە بنێم و تەواو ئەو سەر و دڵەی زەویەك نەخشە و ئاسمانێك حەزیان تێدایە..

با کەمێکیدی خۆ بگرم، بڕیاری پەلە نەدەم، کام ڕێگەیان هەڵبژێرم، خۆزی کوڕە ماندووەکەم لەگەڵ با، لەو سێڕیانە یارمەتیمی دەدا، نا باش بوو ڕۆیشت، ئێستا ئەویش بە دەردی من دەچوو، ئەو زیرەك بوو، دڵی ئاگایی دابوویێ، خۆزگە منیش وەك وی ماندوو دەبووم، بەگەڵی دەکەوتم..

ها، دەڵێی، ڕاستە! چ ڕوویدا؟ دەنگ نەما! لە کۆنڕێ بێمە دەرێ؟ کۆپتەرەکان ماندوو بوون! ڕۆیشتن، دەبێ زوو نەگەڕێنەوە؟ وا باشە هەڵێم، تا پێم تێدایە هەڵێم، لە بیرمە یەکپێ هەلاتم، ڕەخت وتفەنگی کوڕە ماندووەکە و هێستری بارووتیم بەجێهێشت، ڕەنگە سەدە هێسترێك بە ناو دووکەڵ و ئاگردا هەلاتبم، خۆم گرتەوە، لە هەلاتن پەژیوان بوومەوە، گەڕامەوە لای هێستری هەمیشە هاوڕێی چاك، جێی متمانە، دیتمی ناسیمیەوە، بۆنی پێوە کردم، خەریکبوو لە پڕمەی گریان بدا، تۆ گریانی هێسترت دیوە؟ تفەنگ و تاخمەکەشم هەڵگرتەوە، هەچەم لە هێستر کرد، هێستر لە من بەپەلەتر بوو لە بەجێهێشتنی ئاقاری دووکەڵ و ئاگر، نەیدەگەیشتمێ، ئەگەر زمانی هەبا، دڵنیام دەیگوت:

((هاوڕێ، پێ هەڵێنە نەوەك کۆپتەرەکان بێنەوە..))

پێم هەڵێنا دوورکەوتینەوە، تەواوێك دوورکەوتینەوە، چاوێکیشم هەر لە ئاسمان بوو، ڕەنگە هێستریش تەماشای ئاسمانی کردبێت.. ئۆی چەندم تینووە، ترس مەتارەشی لەبیرم بردۆتەوە، نیو مەتارە ئاوی شیرتێنم خواردەوە، هێسترەکەش ڕەنگە تینووی بێت، دەی زۆر نەماوە، کانیەك لەو خوارە هەیە، جگەرە، جگەرە جگەرەیەکی مامبایزییم پێچایەوە، ئەو پیاوە جگەرەی ئەستوور و ڕێکی دەپێچایەوە، تووتنی دوو جگەرە پتری دەکردە جگەرەیەکەوە، هێند پتەویش هێند

پتەو، لێرە لۆ ئێرێهێی هەڵدەدا هەڵنەدەوەشایەوە، لە دوای لە ترس دەرچوون چەند بە تامە جگەرەی مامبایزی..

ئەوەش کانی، من و هێستر پێکەوە ئاوی ساردمان خواردەوە، پشووێکمان دا، هێستر پشووی نەدا، بە باری باروتیەوە پشووی چی بدا! هێستر تا کورتانی لێنەکەیتەوە و خۆ نەگەوزێنێ، پشوو نیە، نانێك و چەند قلە قەسپێکم خوارد، جگەرە جگەرە، چەند بە تامە دوای قەسپ و ئاوی کانی، دەبێت ئەوە بڵێم ئەو دەو کانیە، جێگەی خۆ شاردنەوەی زۆرە و مەترسی ئاگر کەوتنەوەشی کەمە، لە باتی دوو کۆپتەر دە کۆپتەریش بێنە ئاسمانێ، دەتوانیت خۆ بپارێزیت و لە بەلاّی کۆپتەران دوور بیت، گابەردی وا سەریان بەیەك کردووە، نەشیری عەلی دەیبڕێ و نە مووشەکی حوسێنیش دەیلەقێنێ، کونە شاخ و بەردی وا ئامادەن داتبکەن، دەڵێی هێزی نادیار تایبەت بۆ خۆ شاردنەوە لە کۆپتەر و فڕۆکەی هەڵکەنیون ..تا هێستر بە بارەوە نەگەوزیوە، با بەرێکەوین..

لە ڕێیێ شەیتان! ئەو شەیتانەش زۆر شەیتانەو شتی سەیر دێنێتە پێشێ، بۆ هێستر میزی نەکرد، هێستر میزی کرد، ئەو کەسەی میزکردنی هێستری ماچەی نەدیتووە و ورد لێیوردنەبۆتەوە، دەڵێ ئەوجا چیە هێستر میزی کرد، میزی هێستر چ تامێکی هەیە تا بێتە ناو سەرهاتەوە؟ بەلاّم ئەگەر ئەو پرسیارە دەگاتەوە مام سوارە، یەك شیڕت لێبەردەدا شیڕی حەفتاو حەفت هێستر لێك گرێبدەیتەوە، نە لە دەنگ نە لە درێژی ناگاتە شیڕەکەی سوارە، ئەوپیاوە لە تەمەنی بابم بوو ئێستاش پێوە ژنی نەهێنا، دەیانگوت گوتوویەتی:

(تا هێستری ماچە و ماین هەبێ، هەرامەکەم لە ژن خەسار ناکەم)

هەبوو ناویان لەو پیاوە نابوو هاوسەری هێستر، خۆیشی شانازی بەو نازناوە جوانەوە دەکرد، من لە میزکردنی هێسترەوە قسەکانی هاوسەری هێسترم

بیردەکەوتەوە، بە منداڵی لە کۆڕی وی دانیشتوومە، تا ئێستاش زۆر قسەی ویم لە گوێیە، دەیگوت:

((هەر پیاوێك لە میزکردنی هێستر وردبێتەوە ئەگەر پیاوەتیی هەڵنەستیٚ، پیاو نیە، دەزانی چ جولانەوەیەك دەکات، چ نازێك دەکات، پیری نەوەد ساڵە ببینیٚ شەروالی تەڕدەکات..))

من کە بە وردی لێیوردبوومەوە، بە چاوی خۆم دیتم ئەو دینبەرە چ وەرزشێکی سێکسیانە دەکات، هێندەی نەمابوو بچمە سەر ئایینی هاوسەری هێستر، لەو کاتە زەردە مارێکی سندانکوشتی هەر لە بەر دەمم تیژ لە ریٚ لە بەری چەپ پەڕیەوە بەری راستی ریٚ، ترسام، وەرزشی هەرامەی هێسترم لەبیرکرد، هێسترم راگرت و گۆتمە هێستر:

((ناچمە سەر دینی هاوسەری هێستر، بەلاٚم دەبێت هەڵمگری و لە مارم بپارێزی، لە شەڕی کۆپتەر رزگارم بوو، نامەویٚ لە شەڕی مار تیا بچم..))

هێستر دەتگوت لە زمان تێگەیشت، لە تەنیشت بەردێك وەستا، خۆم هەڵدایە سەر پشتی، پێشتریش زانیبووم ئەو رێگەیە بە مارە، هەرچی جۆری مار هەیە لەو دەڤەرە بینراون..دواتر لە خۆم پرسی: چۆن بوو هێسترەکە هەستی بە مارەکە نەکرد ونەڕەویەوەو ئاگاداری نەکردمەوە؟ هەبیٚ نەبیٚ ئاگاداری کردوومەتەوە بەلاٚم من بە هۆی سەرقاڵیم بە وەرزشی دامەنیەوە ئاگام لێی نەبووە.. هەرچەندە هێستر باری قورسە و ماندووە، بەلاٚم بۆ وەی بە مار نەچم، لە سەر پشتی هێستر دەمێنمەوە و بۆ خۆم بە دڵوداو جگەران دەپێچمەوە، تازە شەوم بە سەردا دێت، هێشتا هەر رۆژە بەلاٚم رێگە زۆری ماوە..

گەیشتینە هەورازەیەکی پڕ لە دارو دڕ، پووش و پەلاشی حەفتا پووشپەڕ و هاوین لەورێوبانە خڕبۆتەوە، دوعا بکەن لە کۆپتەر بە دوور بێت، ئێرە ئاگر بگرێت، ئەو هاوینە ئاگر بگرێت بە حەفتا زستان ناکوژێتەوە، ئێستا بە قونکە جغارەیەکی

نەکوژاوە دەتوانم لێرەوە ئاگرێك بخەمە دنیاوە، ئاگرێك پاش کەمێکیتر کە تاریکی دادێت لە بەغداوە شەوقەکەی ببینرێت، باش نەبوو لێرە لەگەڵ کۆپتەر لێم نەقەوما، خۆ دەبوومە ماری برژاو، ماری برژاوت دیوە؟ بۆ ماری برژاو دەبێت رێی دوور ببڕم و بە دامێنی مەتین شۆڕ ببمەوە و رۆژە رێیەك پتر بڕۆم هەتا دەیگەمێ، رۆژێك لە گوندی بناڤێ فڕۆکە خانوویێکی ئاگر دا، مارێك دیارە فریای هەڵاتن نەکەوتووە، فڕۆکە هێند بە دەستوبردە، ماریش سەری لێدەشێوێ، بەو چاوانەی خۆم مارم دیت، هێند برژابوو هێند برژا بوو، لە برژاندا سووتابوو، کەلکی خواردنی نەمابوو، ئەو مارە سەردەمانێك بە مارە برژاوەکەی بناڤێ لە ناو ماران دەناسرایەوە.. ماریش لە کۆپتەر و گورگ دەچێ، ناوی نەهێنرێ باشە، ئەوجا چ لە کۆپتەر ناچێ، هەرچی بەلای پێوەیە خزمایەتی لەگەڵ کۆپتەر هەیە..

هێستر ماندوو دیارە، ئەگەر زمانی هەبا، دەیگوت:

((هاوڕێ، بەزەییت بێ، پشتم شکا، وەرە خواریێ و وەك من بە پێی خۆت بڕۆ..))

بەلام لێم خۆش هاتبوو، جار جارە قلە قەسپێکم دەخستە دەممەوە، جغارەیەکم دادەگیرساند، لێوم بە مەتارەوە دەنا، لە شەڕی مار دوورم و بۆ بە قسەی هێستر بکەم، خێرا ناڕوا قەیناکە، با هێواش هێواش لە کیسەڵیش هێواشتر بڕوا، با نیوەی شەو بگەمەوە بارەگا، ئەگەر منیش رێم لێتێکچێ هێستر شارەزایە، سەد سێڕیان و حەفتڕیانیشی بێتە رێ، رێی بارەگا دەناسێتەوە.. بۆیە بە هێسترم گوت:

((هاوڕێ، ببوورە، لە سەر پشتت بم باشترە نەك لە دوات بڕۆم و لە دینی هاوسەری هێستر نزیك بکەومەوە..))

دەڵێی لە زمانم تێگەیشت و تووڕە بوو، ئەوە بۆ پێ لە زەوی دەکوتێ و ناڕوا، مانی لە رۆیشتن گرت، دەنگێك لە لوتیەوە هات، نانووسرێتەوە، ناگوترێتەوە، ناگێڕدرێتەوە.. سەری نەوی کرد، لووتی رەنگە گەیشتبێتە زەوی، پشتاو پشت دەگەڕێتەوە.. تێگەیشتم هێستر لە من تووڕە نەبووە، هەڵوێستەکەی پەیوەندی بە

قسەکەی منەوە نیە، کە سەر هەڵدەبڕم، بریا سەرمهەڵنەبڕیایە، چ ببینم باشە، ئەوەی من دیتم خودایە دوژمنیشم بەس لە تەلەفزیۆن ببینێت، ئەوەی دیتم یەك جار لە خەونیٚ دیتبووم، بەس لە خەونیٚ ئەژدیهای ئەوهام دیتبوو، ئەژدیهایەکی کتومت لەوەم دیتبوو، ئێستا نازانم کام ئەژدیها نیشانبدەمەوە ئەوەی ناو خەونەکە یان ئەوەی ئەوەتە لە پێشمانە، چەند لە یەك دەچن، رووداوی ناو خەون و ئێرە هەر دەڵێی یەك رووداون و دوو جار روویانداوە، ئەو مارە نابیٚ پێیبگوتریٚ مار، ئەژدیهایە ئەژدیها ئەوەتە ریٚی لیٚگرتووین، سات لە دوای سات درێژتر، ئەستوورتر، سەر پانتر دەبێت، زەق زەق تەماشادەکات، ئەوەتە خۆی رێکدەخات بۆ پەلاماردان، دڵنیام دەکەومە ناو زگی ئەژدیها، هێسترەکە، ئەریٚ لە ناو خەونەکە هێسترم لەگەڵ بوو؟! هێسترەکە دەیەویٚ هەڵێت دەڵێی ناوێریٚ وەرسووڕیٚ و تێتەقێنیٚ، رەنگە ترسی ئەوەی هەبیٚ لەگەڵ روو وەرگێران پەلاماربدریٚ، هێواش هێواش پشتاو پشت دەکشێتەوە، من تاساوم، قەت ئەوها نەتاساوم، ئەو ئەژدیهایە هەر گەورە دەبێت لە چاوی من گەورە و گەورەتر دەبێت، وا دێتە پێشیٚ، نازانم کیٚ بە بیری هێنامەوە کە من تفەنگم لە دەستە و تەقەش دەکات، لە جیاتی تفەنگێکیش دوو، باشە تفەنگ ساتێکی ئەوها کەلکی لێوەرنەگیرێت بۆ چیە، بە خۆم گوت، نەتوێرا تەقە لە کۆپتەر بکەیت، نەوێری تەقە لە ئەژدیها بکەیت، ئەدی سەگی سەگباب تفەنگت بۆچی هەڵگرتووە..

سێرەم لە ئەژدیها گرت و پەنجەم پێوەنا، نازانم چەند گوللە رۆیشت، سیٚ، چوار، شەش.. هێندەم زانی وا بە سەر پاشەلی هێستردا بەردەبمەوە، ئەوەشم لە بیرە چەنەگەی من و سمی هێستر، پێدەچوو سمی هێستر بێت، بەریەك کەوتن، بەریەك کەوتنێك گڕ لە چاوم هاتە دەریٚ، ئیدی.. کاتیٚ بە ئاگا هاتمەوە، رەنگە دوو جغارە خۆرێك لە بێئاگایی مابمەوە، رۆژ لە سەر ئاوا بوون بوو، تفەنگەکەم لە تەنیشتم راکشابوو، خوێنێکی زۆر لە چەنەگەم هاتبوو،گوللەش هەر هێندە خوێنە دێنیٚ، کراسەکەم لە خوێن هەڵکێشرابوو، پارچەیەکم لە پشتێنەکەم بڕی و پێچام، هێستر

ئای هێستر، تێمهەڵدەدەیت و چەنەگەم دەشکێنیت و بەجێشم ناهێڵیت، بارەکەشی هەر پێوە بوو، مانەوەی هێستر بە لامەوە سەیر بوو، دواتر بۆ زۆر کەسم گێڕاوەتەوە، کەمیان باوەڕیان کردووە، ئەژدیهاکە چی لێهات؟ دوو سێ دەسرێژم بەو ناوەوە نا، پێکەنینم بە کەرایەتی خۆم دەهات، ئاخر ئەگەر هێندەی کەریش مێشکم لە سەر با، لە سەر پشتی هێسترەوە تەقەم لە مار دەکرد! ئیدی بە رێکەوتین، گەیشتمە کانیەک بەو تاریکیە، نیوە خۆ شووشتنێك خۆم شووشت، جلکەکانم شووشت، هەندێك سۆتەکە جغارەم خستە سەر برینەکە و پەڕە کاخەزی جغارەم لە سەری داناو، پێچام، هەر چۆنم دەپێچا شێوەی قەڕاسەی وەردەگرت، هێستری سندانکوشتی برینی خستۆتە جێگەیەکی وا نابەستری.. بڕۆ، بڕۆ، رێیەکی پڕ بەلاٚ بوو، خودای رێوبانان بەسە بەلاٚ، لە یەك رۆژ ئەو هەموو بەلاٚیە..

شەو درەنگە، وا گەیشتم، لەو پێچە بسوورێمەوە، بارەگایە، دەزانن ئێستا خەمی من چیە؟ کوڕە ماندووەکە! نا، ئەو خەم نیە، پرسیارەکانی ئەبوو عەلی شایب و ئەوانیدی لە بارەی کوڕە ماندووەکەوە خەم نیە، خەمی من برینی چەنەگەمە، خۆزگە برینەکە برینی گوللە دەبوو، هی ساچمە دەبوو، هی چ دەبوو با ببا، بەس هی سمی هێستر نا، خۆ بزانن هێستر لووشکەی لێداوم، دیارە، لێکدانەوەی لووشکە دیارە، چ دەگەیەنێت، چەند شەرمە، چەند شەرم بوو، ئەو کات چەند شەرم بوو، پێشمەرگە بە لووشکەی هێستر بریندار بێ! خۆزگە ساچمە دەبوو نەك سم...

ئەوە چیە، گەیشتوومەتە ناو بارەگا، چ هەستوخوست نیە، تۆ بڵێی هێندە درەنگ بێ هەموو چووبنە خەوێ، ئەدی ئێشکگر بۆ دەنگی نەدام! ناسیمیەوە، بارەگا چۆل دیارە، تۆ بڵێی باریانکردبێ، ئای! ئای!

هاوڕێیان، هاوڕێیان، لە کوێن؟ هاوڕێیااااااان

ئاسمان رژایە پێرسەوە

نە نیازی گەڕانەوەم بۆی هەبوو نە نیازی گێڕانەوەی پێرس، چوار پیاو هەر یەکەی پەلێکیان گرتم و تێیان هەڵدامەوە ئەوێ، چوار پیاو بە زۆر دەمهێننە قسە و چیرۆکی پێرسم پێدەگێڕنەوە، هەولێر لە گەرمەی شەڕی میرات بوو، دەمێك بوو خوێنی حاجی لەقلەقەکە رژابوو، شار لە سەردەمی ئەسکەندەریش گرانیی وای بە خۆیەوە نەدیتبوو.. یەك لە دووی یەك تووشیان هاتم، وەك بۆسەیان بۆم دانابێتەوە وابوو..

پیاوی یەکەم/

لە کۆلانێکی ئەو سەری شێخەڵلاّ (پایزە)ی کتێبخانە هەیە، ئەو پایزەیە لە دوورەوە دیارە نامۆیە بە دابی شێخەڵلاّ، لەوێ پێ لە سەر پێ دانیشتووم، دوای نیوەڕۆیە، شەقام نە پڕە نە چۆل، لە بەردەمم قیت بۆوە، دەمانچەی لە نێکی بوو، بەلاّم بە رووتی نا:

+ کاك... چۆنی باشی..

- سوپاس، ببوورە ناتناسم و من ئەو ناوەشم نیە..

+ من ناناسییەوە! ئەدی لە پێرس پاسەوانی من نەبووی، ئەدی کەم جگەرەت دا پێم؟

- ببوورە برا، هەلەی، من نازانم پێرس چیە و قەتیش نەمدیتووە...

+ با وا بێت، بەلاّم ها جگەرەیەکم لێ وەربگرە..

وەرمگرت و رۆیشت، ئۆخەی رۆیشت، ترسام، نەموێرا دان بەوەدا بنێم کە بەڵێ ئەوەی تۆ دەیلێیی بە زیادەوەش هەوم، ترسام لەوەی تۆڵەی ئەوانەی ئازاریان دابوو لە منی بکاتەوە، ئاخر ئەو رۆژانەی شێخەڵلاّ رۆژی تۆڵەکردنەوە و قەرد وەرگتنەوە بوون..

پیاوی دووەم/

هەر لە شێخەڵڵاّ و لە بن دیـواری بـاخی شـار، ئـەوەتا بـەو بەژنـە درێـژەوە کـە تـەنها درەختەکانی باخەکـە لـەو درێـژترن، بـە دیـار نانـەوە راوەسـتاوە، بـە دەنگێکـی کـەمێك نووساوەوە:

نان، نان، وەرنە نانی گەرم..

چاوێکی لە سەرنانەکانە و چاوێکی تەرخانکردووە بۆ پۆلیسە سمێڵ دەسکە گیاییەکـە، ئەو پۆلیسەی لەوەتەی دەولەتی عێراق هەیە بە خـۆ و دارێکـی ئەسـتوورەوە لـەو جادەو بانە دەسوورێتەوە و ئیشی راونـانی عارەبانچـی و دەسـگێڕەکانە، هێشـتا قسـەم لەگـەڵی نەکردووە، پۆلیس گەیشت، بە پێیە زاڵمەکانی تێکەڵەیەکی لەو بازاڕە دروستکرد، کەس شتی خۆی ناناسێتەوە، تێکەڵەیەك لە نان، سابوون، تەماتـە، مـووس، پاکـەتی جگـەرە، ئاروو..... لەو ساتانە تەماشای ئەوم دەکرد، دیتم پێدەکەنی، بە خۆی و بە پـۆلیس و بـە دنیا پێدەکەنی، هەستم لێی راگرت بزانم چی دەڵێت، هێندەم بیست لە بەر خۆیەوە زۆر بە هێواشی چەند جوونێکی مزری بە خۆی دا...

پیاوی سێیەم/

لە چایخانەی مەچکۆ رووە و جادە دانیشتووم، هێشتا دەرگای ماشێنەکەی نەکردبۆوە، ناسیمەوە، هاتـە ژووریّ، رێـك بەرانبـەرم دانیشـت، رەنگـە مـنی نەناسـیبێتەوە، بـە دەم جگەرە کێشانەوە تەواوێك لێی رامام، ئەویش جاروبار تی چاوێکی دەدامیّ، بەلاّم بە تـی چاوی ناسینەوە نەدەچوو، پێنەدەچوو جگەرە بکێشیّ، چەند جاریّ ویستم بەخێرهاتنی لیّ بکەم، جگەرەکەی پێرسم بیردەکەوتەوە و خۆم تێینەگەیاند...

پیاوی چوارەم/

بۆ ئیشی برادەرێـك، هەرچـۆن بـوو گەیشـتینە ژوورەکـەی، بـە سـادەکراوی لـە ژووری وەزیری دارایی دەچوو، تووڕە دیار بوو، بەخێرهاتنێکی کردین، بـەس بـەخێرهاتن نـەبوو، خوا خێری برادەرەکـە بنووسـێت قونجڕکەیـەکی لێدام، قونجڕکـەی (هەسـتە بـڕۆین) بـوو،

هەستاین، لە دەرگا پاسەوانەکە کە ئەویش کۆنە برادەر بوو، لە سیمامان دڵشکاویمانی خوێندەوە، گوتی:

ئەورۆ تووڕەیە، کرێچیەکانی دەڵێی لە یەکتریان گرتۆتەوە یەك لە دووی یەك داوای لێدەکەن کرێی خانووەکانیان کەم بکاتەوە..

نەمزانیبوو مەلا ئەو هەموو خانووەی هەیە..

ئەو پیاوانە پێرسم پێ دەگێڕنەوە:

هێشتا لە ناو پایز دەڕۆیشتین، پێمان نەنابووە زستان، لەو پایزەدا لاماندایە بناری پێرس، بە دیوی شیرن، هەر ئەو جێیەی پێشتر لە بەهارێکدا بە قەد تەمەنی پەپوولەیەك لێی مابوومەوە، بە هیچ چیایەك نەکەومەوە، بە پێرس دەکەومەوە، رەنگە ئەو بیرروونیەشم بۆ دیتنەوەی پێرس لەو بزربوونەوە دیتبێتەوە کە پێرس ئەو هەموو وەختە لە دنیای شاردینەوە، شاردنەوەیەکی وەها من لای خۆمەوە دەستم لە دنیا شووشت و گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە جارێکیدی پێیناکەومەوە...

زێ هێندە لێمان دوور نەبوو، بڕنۆت هاویشتبا دەگەیشتێ، گوندێکی وێرانەمان ئاوەدان کردۆتەوە، پێدەچوو چەند پشتێ بە سەر وێرانەکەیدا تێپەڕیبێ.. پایزی پێرس وەك دەڵێن لە زستانی جێیان دەچێت، زۆر تووشە، پیاوێکی خەڵکی سەیدان دەیگۆت:

خودا پایزی بە پێرس رەوا نەدیتیە، پایزەکەشی بە زستان کردیە.

هەر ئەو پیاوە دەیگۆت:

پێرس هی ئەوە نیە بە زستانان خۆتی لێدەی..

پێنج شەش ژووری نەوی نەوی، ژوورێك لەو ژوورانە بە تۆبزی جێگەی چوار کەسی لێ دەبۆوە، لەو چوار کەسە یەکیان شێخ شوان، ئەو شێخە ئاشووری بوو خەڵکی عەنکاوە، بەڵام عەکسی هەموو گەنجانی عەنکاوە زمانی کوردییەکەی لە عەرەبییەکەی باشتر بوو، جگە لەوەش هێندەی تێکەڵاوی لەگەڵ موسلمانان هەبوو هێندە تێکەڵی مەسیحیان نەدەبوو، من هەر بەشێخی عەنکاوە بانگم دەکرد، ئەو شێخە کوڕێکی قژ گروازە، موو

زەرد وەك كارەبای زەرد، نێوچەوان پان، چاو گەورەی کەمێك زەق، کەپوو قەسپی، زۆر لەو یاوەرەی مەسیح دەچوو کە کازانتزاکی لە رۆمانێکیدا زۆر دەسرەنگینانە وێنەی کێشاوە، کێشانێك هیچ کامێرایەك وا ورد و روونی ناکێشێت... ئەویدی عەرەبێکی بەغدایی بە ناوی عادل، ئەو کوڕە بە سیما دەتگوت لە سەر حەسەن توڕابی کۆپی کراوە، لە ریش بەردانەوەش لەوی دەکرد.. سێیەمیان ئەبوو جاسم، حەمە سووریشیان دەگۆتێ، ئەو ئەبوو جاسمە بە دڵنیاییەوە دەیگوت:

((بە بیرم دێ دایك و باوکی بابم کە دەکەنە باپیرە و داپیرەی من ئەرمەن بوون...))

بەڵام بە خۆی بە شێوەیەك بە عەرەبکرابوو، لێی تێکچووبوو سەر بە چ نەتەوەیەکە، دەیگوت:

((من ناهەقم نیە نەزانم چیم، وا بابم نازانێ من چۆن بزانم..))

لەو کوڕەوە باشتر لە ترسناکیی بە عەرەبکردن تێگەیشتم، ئەو کوڕە بە بنەچە ئەرمەنییە، یەکی سۆر و سپی، دەم و چاو پان، موو زەرد، بەژن و بالا مامناوەندی، بەلای قەڵەویدا دەیشکاندەوە.. چوارەمیشیان من، وا بزانم لەبەر خاتری من بوو ئەبوو جاسم رۆژانە چەند وشەیەکی کوردی فێردەبوو، بە کوردی لەگەڵ من قسەی دەکرد، شێخی عەنکاوە بە گاڵتەوە پێی دەگوت:

((گەلەك خێرت لە بە عەرەبکراوی خۆت دیت، نۆرەی بە کوردکراویە!))

ئەبوو جاسم ناوێکیدیشی هەبوو، کەوی کوێستان! ئاخر پێکەنینێکی هەبوو دەتگوت کەوە دەقاسپێنێ، جاری وا بوو بە دوو سێ کەس دەیانگرت و قتیلانەیان دەکردەوە تا گوێیان لە پێکەنینەکەی بێت، خودایە پێکەنینێکی خۆشی هەبوو..

بارەگاکەی بناری پیرس خۆشیەکەی لەوەدا بوو، کتێبخانەیەکی پڕ کتێبی هەبوو، لەو پایزەی ئەوێ، رۆمانی (براکوژی)م خوێندەوە، لەوێ سەعدی یوسفم خوێندەوە، حوسێن مەردانم خوێندەوە، عەبدولرەحمان مونیفم خوێندەوە، ، ئەو کتێبخانەیە پازدە بیست رۆمانێکی تێدا بوو، بەرنامەیەکی خوێندنەوەم بۆ خۆم دانا، دوعام دەکرد ئەو زستانە

لێرە بمێنینەوە، عادلیش زۆری دەخوێندەوە، لە سەر کتێب هەڵنەدەستا.. جارێك بەو شڕەی عەرەبیەی خۆم کە قسەم پێدەکرد - ئێستاش هەر فێر نەبووم بە عەرەبی قسە بکەم- لەگەڵ عادل لە بارەی سارتەرەوە کەوتینە گفتوگۆوە، من زۆر سەرسام بووم بە سارتەر، هەر سێ بەرگی (دروب الحریە)م بە خەتم خەتم کردبوو، وا بزانم هەر لە رێی سارتەریشەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ مارکس پەیدا کرد، لەو گفتوگۆیە یان شەڕەقسەیە لە بیرمە رستەیەکم گۆت، وەهای گەیاند کە سارتەر پلەیەك لە سەرەوەی مارکسە، عادل یەکسەر پرسی:

باشە تۆ مارکسیت یان سارتەری؟

لە بیرمە وام وەلاّم دایەوە:

من هیچیان نیم..

گوتی:

بە راستی یان گاڵتە دەکەیت؟

گوتم:

ئەگەر باوەڕ دەکەیت نازانم بە گاڵتەمە یان بە راستی!

گوتی:

تێگەیشتم

لەوەوە من عادل زۆر بووینە برادەر، بەلاّم قەت سەری قسەمان نەدەبردەوە کن مارکس و سارتەر...

ئەو بارەگایە ئەوەشی خۆش بوو زیندانیی لێ نەبوو، چ لەوە ناخۆشتر نیە لە بارەگایەك بی، زیندانیی هەبێ، کە زیندانیت هەبوو واتە دوژمنی ناوەخۆت بۆ خۆت زیاد کرد، بە تایبەتی لە کاتی ئێشکگری..

خۆشیەکیدیکەی بارەگاکەی بناری پیرس گەرماوەکەی بوو، لە هیچ بارەگایەك گەرماوی وا رێکوپێك و خاوێن و گەرمم نەدیبوو، بە شێوەیەك بە کەرتە تاتەبەرد بەردرێژ

کرابوو، دەتگوت کاشیریژە، دیوارەکانی جگە لە دیواری لای مەنجەڵەکە بە نایلۆنی ئەستووری گوڵگوڵی نایلۆنریژ بوون، دیواری لای مەنجەڵیش بە تەنەکەی خاوێن ئاوێنەریژ، لەو تەنەکانەوە خۆت بە روونی دەدیت، تراشت لەبەر ئەو تەنەکە ئاوێنەییە دەکرد، نیوە بەرمیلێکی گەورە بلق بلق دەکوڵا، لە دەرەوە ئاگرت دەدا بە بێ ئەوەی هێندەی دووکەڵی دنکە شخاتەیەك دووکەڵ دزەی ژووری بکات، ئاوی ساردیش لە سۆندەیەکەوە شوڕەی دەکرد کە لە کانییەکی دوورەوە ر اکێشرابوو.. ئەو گەرماوە بە هۆی خۆشیەکەیەوە گرفتی زۆری دەنایەوە، ئەوەی دەچووە ژووریٚ نەدەهاتە دەریٚ، خۆ کە نۆرەی مەلا دەهات، ئەوا هەموو دەستیان لە خۆشووشتن دەشووشت، ئەو پیاوە کە دەیانگوت بەرپرسێکی گەورەشە زوو تەواو بایە، دانە رۆژێکی پێدەچوو، ئەو مەلایە هەر لە خۆشووشتن نا لە قسەکردنیش زۆر خاو بوو، ئەگەر رستەیەکی درێژی گۆتبا، هەتا دوا وشە لە زاری دەهاتە دەریٚ کەس وشەی یەکەمی رستەکەی لە بیر نەدەما، پیاوێك بوو نەرم و لەسەرەخۆ خۆی نیشاندەدا، بەلاّم کە دەیگوت نا، ئەو نایەی دەگەیاندە سەر، پیاوێك بوو پێدەچوو زۆری خوێندبێتەوە، سێ چوار رستەی لینینی زۆر دەگوتەوە، تا رادەیەك ئاگاداریی لە ئەدەب هەبوو، حەزی بە شیعر دەکرد، نازانم کێ بوو ناوی نابوو برجنێفی کورد، لە سیماشدا بە تایبەتی لە باری دانیشتن، بە چاوپۆشین لە چاوی میر، رێك لە میری رەواندزی دەکرد، بۆیە میریش ناوێکیدیکەی ئەو مەلایە بوو، مەلای ئیسرائیلیش لەویٚ بوەستیٚ..

لە بارەگا پێرسیەکە گوێم لە موژدەی خۆشیش دەبوو، کوڕێك رزگاری ناو بوو، وا بزانم بەرگری میللی بوو نەك پێشمەرگە، خەڵکی لای رۆست بوو، کەمێك لەو وێنەی مێرگەسۆریەکە دەچوو کە من جارێك لە جێگەیەك دتبووم، دواتر زانیم کە کوڕی خوشکی ئەوە، ئەسپێکی سپی هەبوو، لە برایەکی خۆی پتری خۆشدەویست، دەمدیت کلك وبژی دادەهێنا، جیقی چاوی دەسڕی، حەفتەی جارێك جلی ئەسپی دەشووشت، کەچی بە مانگیش جلکەکانی خۆی نەدەشووشت، جا بلێم چی بۆ ئەسپە سپی نەدەکرد، خۆشترین بۆنی لە ئەسپ دەدا، لەوەوە هەندێك ناویان نابوو ئەسپی بۆندار، خاوەن ئەسپی بۆندار

دیار بوو بەینی لەگەڵ خواردنەوە هەبوو، ڕۆژێك گفتی دامیٚ کە دوای هەفتەیەکیدی دوو بوتل عەرەقت دەگاتیٚ و پارەکەش لە گیرفای وی، ئەو کوڕە بەردەوام لەو گوندانەی ئەو دەوروبەرە دەسووڕایەوە، هەمووانی باش دەناسی، هەندێك لەوانیش هاتوچۆی شاریان دەکرد، لە گوندی (سەیدان) پیاوێکی راسپاردبوو کە عەرەق بێنیٚ،....من ئێستا چاوەڕێی گەیشتنی عارەقم، شێخی عەنکاوەشم لەوە ئاگادار کردۆتەوە، ئەو شێخە لە من تامەزرۆترە، خولەك و دەمژمێر دەژمێریٚ، خەریکە لە ئێستاوە مەزە چیٚ بکات، هەر دوعا دەکەم، خودایە هەتا عارەق دەگات، چ نەقەومیٚ، دوایی خوای دەکرد نغرۆ دەبوو..

لەو بارەگایە من شتی خۆشم لە پێشە، دارا چاوشین، ئەو کوڕەی هێندەی یەك دنیام خۆشدەویست، ئەو کوڕە جارێك لە بناری گارە ئاگام لە خۆم بڕابوو، دەیانگوت هەتا هاتمەوە هۆش، سەر سەری بەرنەدابووم و هۆن هۆن فرمێسکی وەراندبوو، دارا دوو چاوی دەریایی هەبوو، دڵێکی زەریایی هەبوو، زەریایەکی روون و هێمن.. کوڕێکی تا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت.... لەوێوە ئەگەر رووت لە زنجیرە چیای پێرس بکردایە، بە لای دەستی چەپدا چیایەکی خری بڵند دەهاتە ناو چاوتەوە، دارا گەیشتبووە سەر ئەو چیایە، چی دیتبیٚ باشە؟! دارا دەیگۆت:

((بە شەو لە سەر ترۆپکی ئەو چیایەوە یەك یەك گلۆپەکانی سەر قەلاٚتی هەولێر بژمێرە..))

هەر جارێك باسی سەر ئەو چیایەو گلۆپەکانی هەولێری بۆم دەکرد، خەریك بوو باڵ بگرم و لە سەر چیا بنیشمەوە، وەك منداڵ رکەم دەگرت کە لەگەڵم بێتە سەر چیا، ئای تاسەی هەولێرم دەکرد، لەویٚ تێگەیشتم هەولێرییەکان تا لە هەولێر دوور نەکەونەوە، نازانن دووری لە هەولێر چ ئازارێکی پڕ لە سوێیە، ئەویش گفتی دامیٚ کە لەم زوانە، ڕۆژێك دنیا زۆر تەڕ و تووش نەبێت، سەرێکی سەر چیا دەدەین و چاومان بە گلۆپەکانی هەولێر ڕووناك دەکەینەوە..))

ئەو بارەگا پایزییە پێرسییە، پیاوی جوانی تێدا بوو، پیاوێك لـە هـەمووان جـوانتر لـە چاوی من جوانیی دەنواند، (حاجی دەهام)ی ناو بـوو، پیـاوێکی کەتـەی درێـژ، رەقەڵـەی گوپ تێکقوپـاوی مـوو قاوەییـەکی کـاڵ، ئـەو پیـاوە ئیـداری بارەگـا بـوو، ئیـداریش لـە پێشـمەرگایەتی وەك هەنـدێك لـە بـەرگی گالتـە دەیـانگوت هاوشـانی وەزیـری دارایـی و ئابووریـە، ئـەو پیـاوە خـۆی و هێسـترە رەشـەکەی هەمیشـە لـە رێ بـوون و خواردنیـان دەکێشایەوە، ئەویش وەك خاوەن ئەسپی بۆندار خزمەتی هێسترەکەی دەکرد، بـەلاّم بـۆنی لیّ نەدەدا.. هیچ ئیداریەك نەبووە و نیە رۆژی بە لای کەمی سیّ جار تووڕە نەبێت، هـەر جەمە خواردنێك تووڕەبوونێکی ویستووە، ئەگەر نـا تووڕەبوونەکـەی بـۆ درەنگـانی شـەو هەڵگرتووە، ئەو دەمەی پێشمەرگە برسـی دەبێتـەوە و دەچـێتە سـەروگوێلاکی ئیـداری و داوای تەحین و دۆشاو، گوێز، شتێکی لێدەکات، بەلاّم کەس حاجی دەهامی بە تووڕە بوون نەدیتووە، راستر، کەس نەبووە لە حاجی دەهام تووڕە بێت، دەیانگوت:

((ئاخر حاجی دەهام وا دڵی نایە سواری پشتی ئەو هێسترە بەرازییە بێـت، چـۆن دڵـی دێت کەسێك تووڕە بکات!))

دەمدیت زۆر جار سەرودڵی حاجی دەهامیان دەگرت، بەلاّم بـە سـەر خـۆی نـەدەهێنا، قەت قسەیەکی وای نەدەکرد، جولانەوەیەکی وای نیشاننەدەدا کە ببێتە هۆی تووڕەبـوونی ئەویدی، با ئەویدیش ئەوی ئازار بدایە، ئەو پیاوە تا ئەو دیوی ئارامـی ئـارام، باوەریشـی بە تۆڵە نەبوو، دەتگوت خەڵکی سەر ئەو زەوییە نیە، ئەو زەوییەی لەوەتەی هەیە تۆڵـەی لیّ شیندەبێت.. ئـەو پیـاوە ئـەو کاتـەی زۆر بێـزار دەبـوو، دەچـووە پەنایـەك، پشـت لـە ئاوەدانی روو لە چۆلی، چەند قسەیەکی مزری بە خۆی دەگوت.. جارێك پێیانگۆت:

باشە تۆ ئەودەمانەی کە قسە بە خۆت دەڵێیت، بۆچی پشت لە خەڵکی دەکەیت؟

حاجی دەهام چ بڵێ باشە! :

نەوەك کەسێك وا لێکی بداتەوە، بە هەڵە تێبگات، کە لەگەڵ ئەومە..

هەبوو پێیدەگۆت:

ئێ، کاکە، ئەگەر کەسێك سێ چوار قسەی پێگۆتی، هەر هیچ نەبێت تۆ قسەیەکی پێبلێوە..

حاجی دەهام چ بلێ، باشە! :

چما قسەیەکی رەق بە کەسێك بلێم، حەفتەیەك خەوم لێدەکەوێت!

لە کازانتزاکییەوە تێگەیشتبووم کە عیسا پیاوێکی چەند نەرم و میهرەبان بووە، چەند لێبووردە بووە.. بەلاّم زۆر جار دەکەوتمە گومان لە کازانتزاکی و هەموو ئەو کەسانەی وێنەی وی، وێنەی مەسیحیان بۆ من کێشابوو، دەمگوت، زەحەتە زەوی پیاوی وای بە خۆوە دیتبێ، بەلاّم کە حاجی دەهامم ناسی، باوەڕم هێنا کە دەشێ عیساش وا بووبێ.. دەمێك بوو ناوی حاجی دەهام لە سەر زاران بوو، کەس نەبوو نەیناسێ، هەتا وای لێهات وشەی (حاجی دەهام) واتایەکی نوێی وەرگرت، چۆن؟ هەبوو لە خۆی توورە دەبوو، لە باتی ئەوەی چەند جوونێکی مزر بە خۆی بدا، دەهات کورتی دەکردەوە و جوونەکانی پڕ واتاتر دەکرد و دەیگوت: ((من حاجی دەهامم))..

بارەگا دەو زێییەکەی بادینان سبەینان لە پێکەنینی دوو ژنە پێشمەرگە بە ئاگا دەهات، دوو ژنی پڕ لە پێکەنین، بارەگایان پێکەنینپژێن دەکرد، نادیە و تانیا ئەو دوو ژنەی هێند شیرن بوون، هێندە زیرەك و قسەزان بوون، کەسێکی عاقڵ نەبوو تا ئەوپەڕی رێز رێزیان نەگرێ، یەکێ دەیگێڕایەوە:

((تانیا ئەو ساتانەی لە پشتئاشان لە سەر لێواری گرتنیش بوو، هەر پێدەکەنی، بە دیلیش گیرا هەر پێدەکەنی..))

کاردۆیەك هەبوو وا بزانم لە پەرگەترین گوندی دنیاوە هاتبوو، ئەوە جاری یەکەمی بوو لە نزیکەوە عەرەب ببینێ، کە گوێی لە پێکەنینی تانیا و نادیە دەبوو لە بن لێوانەوە دەیگوت:

ئای کوڕە خۆ وەکو ژنی لای خۆمان پێدەکەنن!

کاردۆ یەخەی تانیای گرتبوو کە فێرە عارەبی بکات، تانیاش دەیگوت:

ئاخر من کوردی نازانم چۆن دەتوانم تۆ فێرە عەرەبی بکەم؟

شێخی عەنکاوە رووی کردە کاردۆ:

ئەگەر لە سەگایەتیت نیە و دەتەوێت فێری عەرەبی بیت، من فێرت دەکەم.. کاردۆ مندالأنە پشتی لە شێخ دەکرد:

نا لە تۆ فێر نابم، تۆ عەرەبییەکەت تەواو نیە!

بارەگا رووە و زستانییەکەی پێرس، (ئەبوو وەحشێك) ی بیٚ زیانیشی لێبوو، پیاوێك بوو بڕیاری دابوو، پیر نەبێت، خۆی لە دووکەڵی جگەرە لادەدا، دەیگوت:

((هیچ جیاوازییەك لە نێوان کیمایی و جگەرە نیە، هەردووکیان دەتکوژن..))

ئەو پیاوە چەند ساڵێك جگەرەی کێشابوو، کە زانیبووی جگەرە تەمەن کورت دەکات، ئیدی فرێیدابوو، لە جگەرەکێش نزیك نەدەکەوتەوە، کە دەیدیت یەکیٚ جگەرەی بە دەستەوەیە، تفی رۆدەکردە عەردی، ئەو پیاوە زۆر سەرسام بوو بە حوسنی موبارەك و دەیگوت:

((ئەنگۆ تەماشای حوسنی موبارەك بکەن، چ تەمەنێکی هەیە، کەچی ئەوها گچکەش دیارە، منیش دەبێت وەك وی بم..))

ئەو پیاوە لە ناو بەفرێش با لە بن بیرێش با، میوە، تەرەیەکی پەیدا دەکرد، هێندە گرنگی بە خواردنی گۆشت نەدەدا، دەیانگۆت بەهاران بە گژو گیا دەژی، تۆرکە، کەنگر، پیفۆك، ترشۆکە.. ئەو شتانە دەخوات.. بەیانیانیش سووکە وەرزشێکی دەکرد.. ئەو پیاوە بەردەوام پێدەکەنی، رۆژیش نەبوو چەند کەسێك نەکاتە وەحش، هەر قسەیەکی بە دڵ نەبا، بە خاوەن قسەی دەگۆت:

دە لاکەوە، هەی وەحشی..

کەسم نەدیت لەو زارە پڕ وەحشیە توورە بێت، ناوەکەشی هەر لەوەوە هات، هێندە بە خەڵکی گۆت، وەحشی، هێندە وشەی وەحشی لە زاری هاتە دەریٚ، هەتا ناویان نا ئەبوو

وەحش، دەنا ناوی خۆی ئەبوو شتێکیدی بوو، من لای خۆمەوە ناوم نابوو پیاوی سەرڕاست، زۆر بە راشکاوی قسەی دەکرد، شەرمی لە کەس نەدەکرد، منەتی کەسی هەڵنەدەگرت.. سەرڕاستیش چەند رۆژێك بوو هێسترێکی پەیدا کردبوو، پێدەچوو سەفەرێکی دووری لە پێش بێت، کوڕە ئەرمەنییە بە عەرەبکراوەکە بە هێسترەکەی ئەبوو وەحشی دەگۆت، (ئوم وەحش) هەرچەندە ماچەش نەبوو.. سەرڕاستم بۆیە خۆشدەویست، قسەی زار و دڵی یەك بوو، بێ پێچ و پەنا قسەی خۆی دەکرد، ئەوجا قسەکە رەق با یا نەرم.. ئەو وێنەیەم هەر لە چاوە، دەنگەکانیشم لە گوێ ماوەتەوە، کوڕێك بەختیاری ناو بوو، رووی کردە ئەبوو وەحش و یەك گوپ دووکەڵی پێدا کرد و گوتی:

هاوڕێ، دووکەڵی جگەرەی من زیانبەخش نیە، سۆمەرە..

ئەبوو وەحش هەستایەوەو کۆخەیەکی بۆ کرد:

هەی وەحشیی کوڕی وەحشی، مێوەی بەهەشتێ دەوی تۆی پێبکەوێت، دەبێتە گوو، دووکەڵت پیس نیە؟!

بەختیار تێکچوو، (وەحشی)یەکی بە ئاسایی وەرگرت بەلاّم لە (کوڕی وەحشی)یەکە نیگەران بوو، بەختیار تاکە کەس بوو لەو بارەگایە جگەرەی سۆمەر جۆرە باشەکەی بکێشێ، ئێمە تووتنمان دەکێشا، یەك دووێکیدیش وا بزانم پاکەتی بەغدا جۆرە خراپەکەیان دەکێشا، ئا خاوەن ئەسپی بۆنداریش پاکەتی دەکێشا.. بەختیار باریکەیەك بوو کەمێك دەشەلی، هەمیشە ناڕەزایی پێوە دیار بوو، سیمای وای پێوە دیار بوو کە گرفتی گەورەی هەبێت، رەنگە واش نەبووبێت من وام خوێندبێتەوە، ئەو کوڕە رۆژی دوو یاکەت هەتا دوو نیوی دەکێشا، خۆزگەم دەخواست منیش پارەم هەبا و لەو جگەرەیەی ئەوم دەکێشا، لە بیرمە هەموو سەرە مانگان پاکەتێك دوانم لەو سۆمەرە دەکڕی تەواو، پێنج دیناری مانگانەکە هەر بەشی تووتنی دەکرد..

پیاوێکیدی ئەویش دیار بوو کادیر بوو، دەیانگۆت رووسیەکەی فوولە، شتۆکەك کوردیشی دەزانی، بەردەوام باسی رۆژنامەی (پراڤدا)ی رووسی دەکرد، شێوەکەی چۆنە،

لاپەڕەکانی چۆن دابەشکراون، چی بلاّودەکاتەوە، چەند کەس دەیخوێنێتەوە.. رەنگە هەر بە هۆی سەرسامبوونی بەو رۆژنامەیەوەش ناوی لە خۆی نابێت (ئەبوو پراڤدا)، بەلاّم کاردۆ نەیدەزانی ناوەکەی جوان گۆبکات، پێیدەگوت (ئەبووی پف دا)، ئەو پیاوە لە سیمادا بیابانیەکی رەسەنی دەنواند، زۆر بەهێز دیار بوو، پێشتریش دەمناسی، ئەو پیاوە ئیشەکەی وا بوو لێپرسینەوە لەگەڵ زیندانیان بکات، لە چەند زیندانیەکم بیستبوو کە توندە و رەفتاری توندە لەگەڵیان، لە بیرمە لە بارەگایەك (کانی توبە)یان دەگوتێ، چەند زیندانیەکی لێبوو، بە رێکەوت ئەو کاتەی ئەو ئەبوو پراڤدایە لێپرسینەوەی لەگەڵ یەکێك لە زیندانیەکان دەکرد، من ئێشکگر بووم، لەو ساتەی زیندانیەکە لە ژوورەکەی ئەبوو پراڤدا هاتە دەرێ و من دەمویست بیبەمەوە ژووری زیندان، زیندانیەکە ئاوڕێکی لێی دایەوە قسەیەکی کرد، تێنەگەیشتم چی گۆ، بەلاّم پێدەچوو قسەکەی وەلاّمی قسەیەکی ئەو بووبێت، ئەبوو پراڤدا بە عەرەبی فەرمانی بە من دا کە لێیدەم، بەلاّم من بە کوردی و بە تەماشاکردنێکی پڕ لە پرسیارەوە گوتم:

ئەوە ئیشی من نیە..

زیندانیەکە دیار بوو باش گوێی لە فەرمانەکەی ئەبوو پرافدا نەبوو گوتی:

ئەوە چی گۆت؟ گۆتی لێیدە؟

من گوتم:

نا، گوتی بیکە ژوورەکەی خۆیەوە..

ئەبوو پراڤدا، نازانم لە وەلاّمە کوردیەکەی من گەیشت یان نا، بەلاّم دڵنیام لە تەماشاکردنەکەم تێگەیشت.. لە دڵی خۆم گوتم بە خودای شتێك دەقەومێ.. ئێوارەکەی دیتم وا ئەبوو پراڤدا بەرەو کەپرەکەی من دێت، نەمگوت دەقەومێ! سەرەتا باسی لینین و سۆفیەت و پراڤدای کرد، لە دڵی خۆم گوتم دیارە بە پێشەکیی درێژ دێتە سەر بابەتی سەرەکی، ئەوجا هاتە سەر فەهد و شەڕی چەکداری، دیسانەوە گوتم پێشەکیەکەی وا درێژ

بێت، بابەتەکە هەتا سبەینێش تەواو نابێت، هاتە سەر باسی ئەدەب و شیعر، باسی گۆرانی شاعیری کرد، بە شێوەیەك کە زۆر سەرسام بوو پێی، دەیگوت:

من هەموو ئەو شیعرانەی گۆرانم خوێندۆتەوە کە کراون بە عەرەبی و رووسی، بە داخەوە کوردیەکەم هی ئەوە نیە گۆرانی پێبخوێنمەوە.

هەر قسەی کرد و نەهاتە سەر باسی زیندانییەکە، لە هەستاندا گوتی:

من گاڵتەیەکم لەگەڵ کردی، باش بوو تۆش هەر بە گاڵتە وەڵامی گاڵتەکەت دامەوە..

لەو رۆژەوە بە دەست خۆم نەبوو ئەو پیاوەم خۆشویست، ئەو پیاوەی لەوەتەی من دەیناسم، قەڵەم و کاخەزی بە دەستەوەیە و کەسیش نازانێت چ دەنووسێت و خەریکی چیە، دارا بە گاڵتەوە دەیگۆت:

دەزانی خەریکی چیە؟ ئەوە لە گژ ناوی زیندانیەکانە، کۆیاندەکاتەوە، کەمیاندەکات، ساڵ و رۆژی گرتنیان هی بەردانیان، هی رمیکردنیان، خەریکی ئەو شتانەیە...

دواترلە شاهێنم بیست کە:

ئەبوو پرافدا کچێك و کوڕێکی هەیە، لە خۆشەویستیی رۆژنامەی پراڤدا کچەکەی ناو ناوە پراڤدا، سەرسامبوونی بە گۆرانی شاعیریش کوڕەکەی بە ناوی ئەوەوە کردووە.

ئەو ئەبوو (پراڤدا و گۆران)ە شیعری (برای عەرەبی چاو رەشم)ی بە عەرەبی زۆر دەگوتەوە.. ئەو شاهێنەش یەکێك بوو لەو مولازمانەی کە لە وڵاتی یەمەن خوێندبوویان و خولی سەربازیان دیتبوو، پلەی مولازمیان بەدەست هێنابوو، بارەگا چەند مولازمێکی لێبوو، لەوانە مولازم ریاز کە مێردی تانیا بوو، مولازم کارزان ئەویش لە سەر ئایینی شێخەکەی عەنکاوە بوو خەڵکی شەقراوڵ..

بارەگا رووەو زستانیەکەی پێرس نزیکەی سی پێشمەرگەیەکی سەرمابردەڵەی حەواندبۆوە، پێشمەرگەی خوێندەوار و نەخوێندەوار، پێشمەرگەی هەمەڕەنگ لە نەتەوە و ئایین، پێشمەرگەی تێدا بوو هێشتا هیچ شارێکی گچکەشی نەدیتبوو، تەمەنی لە چەند

گوندێکی ئاقار بە سەر یەك بەسەر بردبوو، پێشمەرگەش هەبوو خوێندنی لە رووسیا تەواوکردبوو، هەبوو مولازم بوو لە چیك و یەمەن دەورەی سەربازی کردبوو...

بە پێی سالژمێری چیا چەند رۆژێك بوو چووبووینە باوەشی زستانەوە، بەلام بە سالژمێری پێرس کە لەگەڵ هیچ چیایەك تێکینەدەکردەوە زستانی شەش مانگیمان بە نیوەش کردبوو، پێش نیوەڕۆ بوو، بەوە دەزانم ئەو کاتە بوو، چونکە ئەو رۆژە من کابان بووم و برنجم دەخستە سەر ئاگرەوە، پیاوێکی ریش ماشوبرنجیی دەروێشیانە، پیاوێکی رەنگ روونی چاو گەش، پرچی درێژ بایە دەمگوت لە دەروێشەکانی شێخ کاکەیە، لایدایە بارەگا، هێشتا دانەنیشتبوو، من هەستمکرد کۆپیەکی ئەو پیاوەم دیوە و ئاشنامە، بەلام نەدەهاتەوە بیرم کێیە و لە کوێ، دوای چاکوچۆنیەکی گەرم:

((من بابی هاوڕێیەکم دوو سێ مانگە هاتووە، وا بزانم لێرە ناوی ئارامە..))

راستی بۆ چووم هەڵەم نەکرد، پێش مانگێك لە بارەگای کافێ ئەو ئارامەم دیت و زۆریش پێکەوە قسەمان کرد و وەك برادەرمان لێهات، ئارام تەمەنی حەڤدە هەژدە سالێك بوو، هەندێك جوولانەوەی دەکرد پێدەچوو دەورەی کاراتی کردبێت.. هەڵمدایێ:

من دەیناسم، لە بارەگایەکیترە، لێرەوە دوورە..

زۆری پێنەچوو، یەکێك منی تیکردەوە:

کوڕە، ئەوە دەڵێن، ئارامی کوڕی ئەو پیاوە، ئێستا گیراوە، وا بزانم ئەمنی هەولێر ناردوویانە کە ... بکوژێت، بەلام هێشتا بە تەواوی روون نەبۆتەوە..

نازانم چ ناوێکی گۆت..

ئیدی نانی نێوەڕیان دایە کابراو بە رێیانکرد و پێیانگوت:

کوڕەکەت ئێستا لە ناوچەی لۆلانە، ناتوانیت ببینی، باشترە بگەرێیتەوە ماڵ..

کابرا هێشتا نەگەیشتبووە دەو زێ، کوڕە زیندانیەکەی گەیشتە بارەگا، زۆر چاوم لە چاوی بڕی سەری بەرز نەکردەوە، دەمویست لە چاویدا تاوان یان بێ تاوانی بخوێنمەوە، هیچم بە هیچ نەکرد، لە بیرمە زۆرم خەفەت لەو گەنجە خوارد..

ئەوەی لێی دەترسام روویدا، چەند خۆش بوو بارەگای بێ زیندان و زیندانی، ئێستا زیندان هەیە و زیندانیەکەش ئاشنایەکی خۆم...

ئەرمەنیە بە عەرەبکراوەکە گۆتی:

((خوا بۆ ئەبوو پراڤدای دا!))

(دونی ئارام)م لە بن دەست بوو، چەند لاپەڕەیەکم لێخوێندبۆوە، شێخی عەنکاوە هەواڵی هێنا:

+ لەو رۆژانە، سبەی یا دوو سبەی بارەگا باردەکات..

- بۆ بالیسان؟

+ ئا بۆ ئەولا..

دەمزانی بارکردنێکمان لە پێشە، بەلاّم نەمدەزانی وا بە زوویی، بەو هەواڵە کەوتمە دلّەراوکێوە، لە زۆر سەرەوە خۆش بوو، بەلاّم سەری ناخۆشیشی هەبوو، ناخۆشە، من ئەو چیایەم دەچێت کە دارا چاو شین قسەی داوە بچین و گلۆپەکانی هەولێر ببینین، ناخۆشە، ئەو بەرنامەیەی بۆ خوێندنەوەم دانابوو، سەراو لێژ بوو، دونی ئارامیشم بۆ تەواو ناکرێ، خەریك بوو خۆم سەر کۆنە دەکرد لەوەی چەند جارێك پیانگوتم کە بچمە بەشی راگەیاندن ئیشبکەم و بە قسەم نەکردن، ئەگەر چووبام دەمتوانی لە تێری کتێب بخوێنمەوە، ئاسۆ کەریم ئەو کوڕەی لە رێگای کوردستان ئیشی دەکرد دەیگۆت:

((وەرە لەگەڵ ئێمە ئیش بکە، راگەیاندن بۆ تۆ باشترە، گۆزە گۆزی کەمترە، کات بۆ خوێندنەوەن زۆرە..))

بە قسەم نەکرد..هەر زوو لەو نیازی سەرکۆنەکردنەی خۆم پەشیمان بوومەوە و گوتم، نا، لە دەرەوەی راگەیاندن ئازادترم.. ناخۆشە بەوەی دوو بوتل عارەقی سەر مۆرم لە قیس دەچێت، ئەو عارەقەی خاوەن ئەسپی بۆندار دەیگۆت لەو رۆژانە دەگات.. جگە لەوانەش راستە بێ ماڵترین کەس رەنگە پێشمەرگە بێت، بەلاّم ئەویش کە چەند رۆژێك لە جێگەیەك مایەوە بێ ئەوەی بیەوێت، بێ ئەوەی بە دەست خۆی بێت بە جۆرێك خووی

پێوە دەگرێت، من وام، هەستدەکەم کە لێرە دەڕۆم وەك ئەوە وایە کە سەردەمی منداڵیە، ماڵمان لە کۆڵانێکە، لە نکاو باردەکەین، چەند بەو بارکردنەی سەردەمی منداڵی دڵتەنگ دەبووم، ئەو بارکردنەی ئێستاش ئەگەر تۆزێکیش بێت خاڵی نیە لە دڵتەنگیە منداڵیەکە...

هەر ئەو ڕۆژە بارەگا خەریکی خۆ تێکنان بوو، چەند تەشتە هەویرێك کرایە نان، هەر بابا بوو تفەنگی خاوێندەکردەوە، ئەوەی پێڵاوی دڕا بوو پینەی دەکرد، ئەوەی شەرواڵێك شڕە جلکێکی لە خۆی زیاد بوو، دەیدایە ئەویدی، ئیدی...

بۆ ڕۆژی دواتر و ئێوارەکەی چاوەڕێی هەواڵی ئاوهەوا بووین، مەلا چەندێ بڕوای بتەوی بە وتەکانی لینین هەبوو، لەوەش پتر بڕوای بە رادیۆی ئیسرائیل بوو لە بارەی پێشبینی ئاوهەواوە، هەر بۆیەش هەبوو ناوی لە مەلا نابوو، مەلای ئیسرائیلی، دەیگوت:

((ئیسرائیل هەرگیز هەلە ناکات، کە گوتی ڕۆژ بەدەرەوەیە، بە دەرەوەیە، کە گوتیشی بارانە، قسە هەڵناگرێ بارانە..))

لە دڵی خۆم دەمگوت: دە ئیسرائیل وا بزانم قەت پیاوەتیت لەگەڵ ئێمە نەکردووە، بەڵام ئەو جارە بیکە و بڵێ: لەمڕۆوە هەتا حەفت ڕۆژیدی کەس لە ماڵ نەچێتە دەر، چونکە باووبۆرانێکی وا بە ڕێوەیە، هەزار ساڵیش دەبێت عەرد و ئاسمان ئاخر زەمانی وایان بە خۆیانەوە نەدیتووە..

ئەو داوایەشم لە ئیسرائیل هەر بۆ ئەوە بوو کە ئەو ڕۆمانەی دەستم بە خوێندنەوەی کردبوو، تەواوی بکەم، سەرێك لە سەری چیا خرەکەش بدەم و ڕووناکایی هەولێر ببینم، دوو بوتلە عەرەقەکەش بگات

+ کا وس بن بزانین هەواڵی ئاوهەوا چیە؟

-ها چی گۆت؟

حاجی دەهام پرسیاری کرد، من نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە، شیخی عەنکاوە گۆتی:

((دەڵێت: ئامادەی رۆیشتن بن، تا دوو رۆژیدی رۆژ بەدەرەوەیە، پەلە هەور لێرە و لەوێ بە ئاسمانەوە دەبینرێ، بەڵام چ نیە، بارانیان پێنیە...))

یەکسەر جاڕی کۆبوونەوەدرا، ئەبوو پراڤدا دەورەکانی دابەش دەکرد، فلان و فلان عایدی هێسترەکان بن، خواردن دابەشکردن لە سەر ئەو دووەیە، ئەوە لە دووی چاوساخ دەڕوات، ئەو چاودێریی چۆنیەتی رۆشتنەکە دەکات...... تا هاتە سەر من، چی بۆ من دیار بکات باشە؟ منی راسپارد کە ئاگاداریی زیندانیەکە بم، نەبادا لە رێ هەڵێت.. دەمویست بڵێم ئەو ئیشە ناکەم و ئیشێکیدیم پێبسپێرن، شێخی عەنکاوە کە لە تەنیشتم دانیشتبوو، لە نیازم تێگەیشت، نقورچێکی خەواندمێ، ئیدی منیش هیچم نەگوت، دواییش لە بیرم چوو بە شێخ بڵێم بۆچی نەتهێشت...

هێشتا مەلای سبەینێ لە هیچ مەملەکەتێك بانگی نەدابوو، بە رێکەوتین، چاوساخ پیاوێکی ئەو دەور و بەرە بوو، هەڵگەڕێ بە پێرسدا، داگەڕێ بە پێرسدا.. کێ دەزانێ پێرس چەند هەڵگەڕان و داگەڕانی تێدایە! لە هەڵگەڕان و داگەڕان پێرس لە ژیان دەچێت.. بۆچی دنیا رووناك نابێتەوە؟ ئەوە هەر پرسیاری من نەبوو، رەنگە پرسیاری ئەوانیدیش بووبێت، بەڵام لەوە دەچوو پرسیارێکی شەرماوی بووبێت و کەس زاخی نەکردبێت بیکات، وەك دیارە کات لە بەرەبەیانیدا وەستاوە و چ نیازی نیە بە لای هەڵاتنی رۆژدا جوولەیەك بکات.. هەستدەکەم لە جیاتی رووەو روناکبوونەوە دنیا بەرە و تاریکی و تاریکتر پێی لێناوە، تا چەند ساتێك لەمەوپێش پیش خۆم روونتر دەدیت..

((پێدەچێت قسەکەی ئیسرائیل راست دەرچێت و پیری گوند بە سەهوو چووبێت، هەر ئەو تەمومژە بڕەوێتەوە رۆژێکی خۆش دیارە..))

پیاوە سەر راستەکە وای گۆ.

((ئیسرائیل لەو بارەیەوە لە تەمەنی خۆی درۆیەکی لە دەو دەر نەچووە..))

مەلای ئیسرائیلی ئەو پیاوەی لە سەر قسەی ئیسرائیل، ئێمەش لە سەر قسەی ئەو هاتینە سەفەرێ، وای گۆ.

تەمتومانی زۆر چیا و دۆڵ و دەشتانم دیتووە، تەمتومانی هیچ زستانێك هی هیچ جێگەیەك ناگاتە تەمتومانی پێرسێ، من جاری یەکەمە شتی وا ببینم، گوێم لێبوو ئەوانیدیش هەر ئەوهایان دەگۆت، تەم چڕ چڕ، تەڕ تەڕ، دەستی خۆت نەدەدیت، لە هیچ سەرهاتێك، لە هیچ رۆمانێك لە هیچ شیعرێك تەمومژی وام نەخوێندبۆوە، نەدیتبوو...

+ پێ هەڵێنن، دەبێت زوو لێرە رەتبین..

باشە ئەو تەمە چڕە هەر بینایی لە کار خستووە، بیستن هێشتا ئیشی خۆی دەکات...

ئێرە کوێی پێرسە؟ بۆچی دەبێت زوو لێرە.. تۆ بڵێی ئەوان بزانن ئێرە کوێیە؟ بە چی دەناسنەوە، خۆ چاو چاو نابینێ، ئەو کوڕە زیندانیەی وا لە پێشم دەڕوا نایبینم، جار و بار قسەی لەگەڵ دەکەم بۆ ئەوەی گوێم لە دەنگی بێت و دڵنیابم لەوەی هەڵنەهاتووە، بەلاّم تۆ بڵێی نیازی هەڵهاتنی لە دڵ بێت، ئاخر لەو کوێربوونەی دنیا کوێ پێدەزانێ، بە کوێ دەکەوێتەوە! بەلاّم هێندەی من لێی بزانم دیل نیە لە دنیایێ نیازی هەلاّتنی لە دڵدا نەبێت...

ئێستا خەریکە کەم کەمە تەم دەڕەوێتەوە، رووناکایی کەوتە دنیاوە، ئێستا بە روونی کوڕە زیندانیەکەم لێوە دیارە، ئەو ئارپێجیە بێ گوللەیەی وەك چۆن لە ناو بارەگا بە شانیدا دا هەر ئەوهایە، دەڵێی شانگۆڕکێی پێنەکردووە، هێسترەکان، هاوڕێکان، نەرم نەرم رێدەکەن، قەت هێندە هەستم بە ئاسوودەیی نەکردووە، وەك چۆن بینایی بۆ کوێرێك دەگەرێتەوە ئەو هەستەم هەبوو، ئاخر دەزانن لە کەیەوە کوێرین و بە کوێری هەوراز و نشێوی پێرس دەبڕین، بە کوێری چاودێریی زیندانیەکی ترسناك دەکەم، بە کوێری و بە دەم رێوە جگەرە دەپێچمەوە.. ئێستا کات لە یەکی نیوەڕۆ لای داوە، وا لە گۆڕاییەك کە دەروازەی هەورازەیەکی سەختە دانیشتووین و خەریکی نانخواردنین، عادل ئەو کوڕەی لە کوڕی حەسەن توڕابی دەچوو، خواردن دابەش دەکات، هەر یەکەی دوو نان و چەند پشکە گۆشتێك...

چاوساخ ئاسایی دیار نیە، پێدەچێت ڕێی هەڵە کردبێت، دەبێتە مقۆ مقۆ.. پیاوە سەر ڕاستەکە بە تووڕەییەوە بە چاوساخ دەڵێت:

کوڕە هەی وەحشی، لێرە ئاودیو بین، دینارتەیە، دەی دەی رادەستی جاشانمان بکە، باشە..

سەیر بوو ئەو پیاوە لە وەحشیەکە تووڕە نەبوو:

کوڕە برا، دینارتەی چی، دینارتە لێرەیە؟!

چاوساخ کە پیاوێکی زۆر بەتەمەن بوو، هەموو شەڕەکانی پێرسی لە بیر بوو، شەڕەکانی سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و پێشتریش، لەگەڵ ئەو پیریەشی کەس لەگەڵی دەرنەدەچوو..

+ دە وەڵلاهی ئەو دیوە دینارتەیە و، تۆ دەمانفەوتێنی..

- برا، لە سەرەخۆبە، من شەست ساڵ دەبێت چاو ساخیی پێشمەرگان دەکەم، سەد جار لە تەمومژم دایە، هەتا ئێستا ڕێگەم لێ بزرنەبووە، هیچ پێشمەرگەیەکیشم بە فەتارەت نەدایە، بەڵام ئەگەر ئەوجارە ڕێ بزر بکەم، دیارە پیر بوومە و کەڵکی چاوساخیم نەمایە، ئەتو بەس کەمەك لە سەر خۆبە، با چاوەکی بە دنیادا بگێڕم..

پیاوە سەر ڕاستەکە سووربوو لەوەی کە لە دینارتە نزیکین و هەر بزانە جاش و سەرباز دەوری داین.. چاوساخەکەش پێی وابوو، ئاقاری دینارتە لێرەوە گەلێك دوورە.. ئیدی هەندێك دەیانگۆت:

چاوساخ ڕاست دەکات، ئەو چ دەڵێ وا دەکەین..

هەندێکیدی دەیانگۆت:

چ ڕاست دەکات، ڕێی بزرکردووە با بە قسەی نەکەین..

من ڕەنگە هیدیش وەك من هەبووبن، لەو نێوەندە حەپەسابووم، نەمدەزانی لە کوێی دنیام چ بزانم لە کوێی دینارتەم، ئێستاش نازانم دینارتە لە کوێیە... ئیدی مشتومڕە.. پەلە هەورەکانی ئاسمانی پێرس دەڵێی گوێیان لە مشتومڕی ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیەیە،

کۆمەڵێك پێشمەرگەی خوا لێگۆڕاو، ئەوەتا پەلە هەورە لێك دوورەکان لێکدی نزیك دەبنەوە، دەڵێی هەواڵی مشتومڕی سەر زەوی لە یەکتر دەپرسن، هەموو پەلە هەورەکانی پێرس بە بایەکی پێش بارانی یەکیان گرت، بەڵام ئێمە هێشتا زۆر لێکدی دوورین و ڕێگەیەك کۆماننا کاتەوە.. باران دایکرد، بە خوڕ دایکرد، لەگەڵ داکردنی باران ئێمەش کەوتینە ڕێ، چۆن دژەکان گەیشتنە یەك تێنەگەیشتم، ئەوەشم نەزانی بە ڕێی کێدا ڕێمانکرد.. هەڵگەڕێ، بە بن لێزمەی باراندا سەرەو هەور هەڵگەڕێ، ئەو هەورازەیە بنی لە دەریایە، ئەو دۆڵەی وا بە جێیدێلین بە پانی و درێژی ئاوە، بایی دەریایەك ئاوی کۆ کردۆتەوە، ئەو هەورازەیە ڕەنگە سەری لە هەور بێت، هەر بڕۆ نابڕێتەوە... باران باران، گرم و هۆڕی ترسناکی هەور، هاشوهووشی پڕ لە سامی ئاو و با، سەرما، سەرما، ماندوو، ماندوو... کەوت، بیگرەوە، هەستەوە، ئاگاداربن، پێتان نەڕوا، هێسترەکان، هێسترەکان، هەچە هەچە.... هەرایەکە لە ساتەکانی هەستانی لافاوەکەی نوحیش هەرای وا نەبووە... پێدەچێت درەنگانی شەو بێت، ئێستا لە سەر چیایەکین هیچ شوێنێکی ئەو دنیایەی لێوە دیار نیە، هەور دەوری داوە، هەور لە باوەشی کردووە، هەور ئەوشەو خۆی دەڕژێنێتە پێرسەوە.. باران لە ڕقی ئیسرائیل ئەوشەو لێناکاتەوە، لەو سەر چیایە هەر یەکەی خۆی داوەتە بن گابەردێکی گەورەوە، خۆی لە بن درەخت شاردۆتەوە، باران لێناکاتەوە، یەکی تێکە نانێکمان خوارد.. ئاگر ئاگر! لە ناو ئاو، لەبەر باران ئاگرێکی گەورە کرایەوە، پێشمەرگە وێنەی ئاگرپەرست دەوری ئاگریان دا، تیشکی ئاگر لێیدەداین، دەتگوت مریشکی ئاوەرووتین.. ئەو جۆرە ئاگرکردنەوەیەش پەرجوویێکە بەس لە دەستی پێشمەرگە دێت، پیاوە سەر ڕاستەکە جارێك گۆتی:

پێشمەرگە بە ئاگرکردنەوەی ناو بەفر، یان بەر باران دەناسرێتەوە، هەر پێشمەرگەیەك توانای ئەوەی نەبوو، ئەوە پێشمەرگە نیە..

باران هەر دەبارێ، بەڵام هێواشی کردۆتەوە، نەرم نەرم دادەکات.. گرفتی من جگەرەیە، چایەش گرفتێکی گەورەیە، بەڵام کە گرفتی جگەرە سەرهەڵدەدات، چایە

بیردەچێتەوە، کیسەی تووتن ئاوی لێ دەچۆڕێ، لە پڕ کوڕە سۆمەرکێشەکەم بیرکەوتەوە، خەنی بووم، لە دڵی خۆم گوتم، جگەرەیەکی سۆمەر دەکێشم.. لە نزیک منەوە راوەستا بوو، لەو کاتەی لێی نزیککەوتمەوە، کۆڵەپشتەکەی دەکردەوە، دیتم نیو پارچە پاکەتەکەی کە نایلۆنی لێپێچابوو، کردیەوە و پاکەتێکی دەرهێنا، دامنابوو، بە دیتنی من بێ ئەوەی داوای لێبکەم جگەرەیەکم دەداتێ، جگەرەی خۆی داگیرساند و پێشکەشی منی نەکرد، لە دڵی خۆم گوتم، رەنگە هەر ئاگاشی لە من نەبێت کە لە تەنیشتی راوەستاوم، با خۆم داوای لێبکەم

+ بێ زەحمەت جگەرەیەکم بدێ، تووتنەکەم تەڕ بووە..

- بە خودای یەکەکیدیش داوایکرد نەمدایێ، بە خۆت دەزانی، ئەگەر جگەرەم لێ ببڕێ تووتنم بۆ ناکێشرێ...

نازانم چیدی گۆت، یەکسەر کشامەوە، شەو و رۆژێک بوو ئاسمان تەشتە ئاوی پێدا دەکردم، هێندەی ئەو پەقرەجە ئاوە تێکنەچووم کە هەستم کرد لەو وەڵامەوە پێمدا پژا، قەت هێندە لە خۆم تووڕە نەبوومە، باشە ئەو پیاوە لەسەر جگەرەیەک بۆ وای لە من کرد؟ چەندی سەرم دێنا و دەبرد سەرم لە نەدانی جگەرەیەک دەرنەدەچوو، جگەرەیەک بۆ ئەو هیچی تێنەدەچوو، ئاخر بە لای کەمی پێنج پاکەت لە ناو کۆڵەپشتەکەی بوو، بەڵام ئەو جگەرەیە بۆ من لەو ساتانەی داوام لێیکرد، هەموو شت بوو، هیچ دیاریەک چێژی ئەو جگەرەیەی نیە کە جگەرە لێبڕاوێك لە دەستێکی وەردەگرێت، جا ئەو دەستە ناسیار بێ یان نەناسراو، نەمدەزانی ئەو پیاوە بخەمە جغزی کام پێناسەوە، ئەگەر پێناسەیەك هەبێت بۆ مرۆڤ، لە بیرمە لەبەر خۆمەوە گوتم:

((قوڕی پێرس بە سەر ئەو کەسەی لەگەڵ تۆ لێی دەقەومێ..))

هێندەم داخ لەو وەڵامە خوارد، ماندوێتی، سەرما، بێ چایی، بێ جگەرەیی، رێ بزرکردن.. هیچ لەوانەم لە بیر نەمابوو، دەبوو قسەیەك بکەم، خەریك بوو بتەقم، دەبوو

بڕیارێك بـدەم، نـەدەكرا وا دەستەوەسـتان بمێنمـەوە، تـەواوێك بیرمكـردەوە، بـە دەنگێـك ڕەنگە ئەوەی تەنیشتم بیستبێتی وام گۆ:

((مەرج بێت بۆ هەتایە واز لە جگەرە بێنم..))

دوا وشەی ئەو بڕیارە قورسە، لای من قورسترین بڕیار بوو، هێشتا لە سەر زارم بـوو، دیتم خاوەن ئەسپی بۆندار پاكەتێكی بۆ ڕاگرتووم:

+ ها، هاوڕێ بەغدا بكێشە، لە سۆمەرەكەی ئەو زۆر خۆشترە

- سوپاس نامەوێ..

ئاگام لەوە نەبوو كە خاوەن ئەسپی بۆنداریش ئاگای لەو گرفتەی جگەرەیە هەبوو، زۆرم هەوڵدا پاكەتەكە وەرنەگرم، پێشمگوت كە ئیدی وازم لە جگەرە هێناوە، كەڵكی نەبوو بە تۆپزی خستیە باخەڵمەوە، باخەڵی پڕ ئاوی دیـار ئـاگر، پاكەتەكـەم بـە نەشـكاوی خسـتە كۆڵەپشتەكەمەوە..

چاوساخ وەك شێتان بە دەوری ئاگردا دەهات و دەچوو، پێنەدەچوو لە هەموو تەمـەنی خۆی سیما نیگەران خۆی نیشاندابێت، لە چۆكی خۆی دەدا و پەكو پەكوی بوو، جار جارە لە ئاگر دوور دەكەوتەوە سەیری ئـەو لا و ئـەولای دەكـرد، وەك بڵێـی لـەو تاریكیـە ڕێـی چوونەوە سەر ڕێ ببینێتەوە، دەمدیت دادەنیشت، هەستمدەكرد بۆن بە زەویـەوە دەكـات، ڕێـك وەك ئـەو هێسـترەی لـە تاریكیـدا لمـۆز بـە عـەردەوە دەنێـێ و ڕێ دەبینێتـەوە، بـە دەنگێكی زۆر خەفەتاوی:

((باوەڕتان هەبێت، ئەوە جاری یەكەممـە ڕێ هەڵـە بكـەم، بـەڵام مەترسـن بـا هەنـدێك بێمەوە سەرەخۆ، ڕێ دەبینمەوە و بە سەلامەتیش دەگەینە جێ..))

كەس قسەی نەكرد.. من تا ئەو دانپێدانانە ڕاشكاوانەی چاوسـاخم لـە دەوی خۆیـەوە نەبیسـت، هێنـدە مەترسیی بزربوونەكـەم لا گـەورە نـەبوو، بـە دەسـت خـۆم نـەبوو، وام بیردەكردەوە كە ئێمە كۆمـەڵێك منداڵین و لە دنیا ونبـووین و ڕەنگـە نەبینرێینـەوە، ئـەوە جاری دووەمم بوو وا بچمە قووڵایی بزربوونەوە و مەترسیەكان بە چڕی دەورم بدەن و چاوی

دیتنەوە نەمدینێت، جاری یەکەم هێشتا نەچووبوومە قوتابخانە، لە ناو قەیسەریی هەولێر نازانم تێکەڵبوون لەگەڵ چ یارییەکی منداڵانە، لچکی عەباکەی دایکمی لە دەستم دەرهێنابوو، دزی بووی، ئاگاشم لێنەبوو، قەیسەری هەر لە چاوی منداڵیی من نا لە هی زۆر لە منداڵانەوە، لەو ساتانەی دەستت لە لچکی عەبا بەر دەبێ، شاری بێ دەرگا و بزربوونە، بیابانی پێنەکەوتنەوەیە، پێرسی ناو تەم و باووبۆرانە، لە بیرمە لەو کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان غارمدەدا، هەر ژنێکی عەبا بەسەرم دەدیت، کە پڕ پڕ بوو لە عەبا بەسەر دەچوومە پێشی، تەماشای دەموچاویم دەکرد، دایکم نەبوو، سەرەتا هەنسکم دەدا، دوای گەڕانێکی زۆر گریانی بە دەنگ، دواتر، گریانی هۆڕ هۆڕ، هەر کەسێکیش بانگمی دەکرد، وەڵامیم نەدەدایەوە، لە کنی رانەدەوەستام، وام دەزانی گەر کەمێك لە گەڕان، لە غاردان بوەستم ناگەمەوە دایکم، ئاخر وام هەستدەکرد ئەوە دایکم لە پێشە من وەك من غاردەدا، لە من خێراتر غاردەدا، دنیای قەیسەریم لە دووی دایکم کرد، نەمدیتەوە، رەنگە سەد کەڕەت چووبمەوە سەر ئەو گۆڕە تاقانەیەی کە لە چەقی قەیسەری چوار وەرزەی ساڵ کەسکپۆشە، بەڵام گۆڕی کەسکپۆش بە من چی، نیشانەیەك نیە بۆ دنیا و بە دایك کەوتنەوە، دواتر مام حاجی میرزام بیرکەوتەوە کە دایکم چەند جارێی پێیگوتبووم:

+کوڕم ئەگەر لێم بزربووی، وەرەوە کن ئەو مام حاجیە من دەتبینمەوە..

- باشە باش، هەموو جارێ وە دەڵێی و بزریش نابم..

بەڵام حاجی میرزا لە کوێ ببینمەوە، لە چاوی من ئەوڕۆ نیوەی قەیسەری کەشیدەیان لە سەرە و هیچیشیان حاجی میرزا نین، ئەنجام لە پڕ قۆڵم کەوتە ناو دەستی حاجی میرزا:

((ئەوە لە کوێی تۆ؟ ئەو دایکە قوڕبەسەرەت کوشت....))

ئەو بزربوونەش وەك بزربوونی قەیسەری ترسناکە، دەبێت دوعا بکەم، لەو پێرسە حاجی میرزایەکی پێرسیمان بۆ پەیدا بێت..

باران لێناكاتەوە، ئاسمان دەڵێی كون بووە، لە ڕێی ئەو كونەی ئاسمانەوە دەریا دەڕژێتە پێرسەوە، پێدەچێت دەرەنگانی شەو بێت، دوورنیە هێندەی نەمابێت بۆ بەرەبەیان، بە دەوری ئاگردا زنجیرەمان بەستووە.. جگەرە جگەرە هەموو ئازای گیانم دەڵێ جگەرە، تۆ وەرە خەریكە شێت بم بۆ جگەرەیەك، پاكەتیش وا لە ناو كۆڵەپشتمە، كەچی جگەرەیەك داناگیرسێنم، ئای لەو لاملییە، وا بڕوا قسەی خۆم دەگەیەنمە جێ و ئیدی جگەرە خۆی بە لێوی منەوە نابینێ... دیتم كوڕە زیندانیەكە خەریكی جگەرە پێچانەوەیە، بە پیاوەتیەكەی خاوەن ئەسپی بۆندار پیاوەتیەكم كرد، جگەرەیەكم دایێ، لە كاتی هەڵپچڕینی پاكەت زۆری نەمابوو، جگەرەیەك بۆ خۆشم داگیرسێنم، دامنەگیرساند، پاكەتەكەم خستە كۆڵەپشتەوە و بە زیندانیەكەم گوت:

((هەركاتێك جگەرەت ویست، شەرم مەكە داوابكە...))

دنیا ڕووناكبۆتەوە، باران نم نم دەبارێ، بنیشی تاریكە، هی ئەوە نیە خۆشی بكات، لەو بەرزاییە بەرزەوە نازانم بەرەو كوێ شۆڕدەبینەوە، ڕەنگە كەس نەزانێ بنی ئەو شۆڕبوونەوەیە لە كوێیە، باران باران، سەرما، سەرما، هەر لێژایی و لێژبوونەوە.. پیاوە سەرڕاستەكە كە لە نزیك مەلای ئیسرائیلی دەڕۆیشت گوێم لێبوو پێیگوت:

+ مامۆستا، هەر بە قسەی خۆت كرد، بە قسەی ئەو ئیسرائیلە وەحشیەت كرد، گوێت لە پیرەكە ڕانەگرت، ئاخر ئیسرائیل چ لە ئاوهەوای پێرس دەزانێ؟ بزانە چیمان بە سەرهات! ئاخر كەس خێری لە ئیسرائیل دیتووە؟

- بابە، ئەبوو ... ، خۆت هێندە شێلوو مەكە، كەس نیە لە دنیایێ بە سەهوو نەچێت، وەكی منیش تێبگەم ئەوە جاری یەكەمە لە بارەی ئاوهەواوە ئیسرائیل سەرچیخ بڕوات..

جگەرەیەكیدیشم دایە دیلە كاراتیەكە، پێدەچێت پێرس زۆر شت بەرەواژ بكاتەوە، بەرەواژ نیشانبدات، یەك لەو شتانە ئەوەتە سەرم وەك فڕفڕۆكە بۆ جگەرەیەك بە ناو دووكەڵی جگەرەی دیلەكە دەسووڕێتەوە، كەچی ئامادەش نیم مژێك لە جگەرە بدەم...

نازانم چ وەختــە، نیوەڕۆیــە، عەســرە! ئەگــەر بــە گــوێرەی کاتــژمێری گــەدە بێــت، زۆر درەنگە رەنگە چوار ژەمیشمان رەت دابێت.. گەیشتووینەتە بنی دۆڵێ، سێ چوار خانووی قوڕی جەزیری دیار کەوتن، تۆ بڵێی گوند بێت و ئاوەدان بێت؟ ئاسمان کەمێك رووناکـە، یان زۆر تاریـك نیـە، بـە تـاریکی یـا بـە روونـاکی لـە بـارینی خـۆی ناکـەوێت، دوور لـە خانووەکان لە بن کۆمەڵە درەختێـك کـە لـە ئێمـە ئـاوەرووتترن، راوەسـتاوین، رەنگـە لـە چـاوەڕێی کەسـێك، هەواڵێکـدا بـن، یـەك دوانێـك بـەرەو ئـەوێ چـوون، ئێـرە دەڤـەری سوورچیایەتیە، سوورچیایەتی ئەوبـەری زێ..... هاتنـەوە، پیاوێکیشـیان لەگەڵـە، ئـەها دیسان فسکە فسکە، رەنگە خەریکی پلانرێژیی پەڕینەوە بن، بـەو زسـتانە پەڕینـەوە لـە زێی بادینان تا خودا دەڵێ بەسە سـەختە، بـە قسـەی پیرێکـی ئاراسـدیتە لـە پەڕینـەوەی ئاراسیش سەختترە، لە سـەر زێ جێگەیـەك هەیـە قەنـدیلی دەڵـێنێ، لـەوێ کەڵـەکوانێك هەیە، ئیشی پێشمەرگە پەڕینەوەیە، کەم پێشـمەرگە هەیـە سـۆران و بادینـانی کردبـێ و چارەنووسی خۆی نەدابێتە دەستی ئەو کەڵەکوانە، من جگە لەم جارە دوو کەرەتیدی ئیشم پێی کەوتووە، کەڵەکوان خاوەن کەڵەکێکە دەڵێی پەرجووە، بڕۆ سەر لێواری زێ، سواربە، چاو بنووقێنە، بیکەوە، لە لێوارەکەی ئەوبەری دابەزە، ئەو فسکەفسکە هەبێ نەبێ هـەر پەیوەندی بە کەڵەکوانەوە هەیە.. سەر و تیکە نانێکمان خوارد، چ نەبوو، هەر تامی زاری خۆش کرد...

عەسـرانێکی درەنگـە، ئاسمـان رژ رژ دەڕژێ، دەڵێـی دەیـەوێ رادیۆکـەی ئیسـرائیل روورەشی دنیا و قیامەت بکات، لێناکاتەوە و لێناکاتەوە، بە کوێدا لێژبووینەوە وا بەوێدا سەردەکەوینەوە، بەو باوبۆرانە گەڕانەوە بە رێی خۆتدا چ وێرانەییەکی گیانیە..

((کەڵـەکوان لێیـدراوە، کەڵـەك شـکاوە، رێگـە ئاشـکرابووە، بـە جـاش و سـەرباز تەنراوە..))

هەر پێشمەرگەیە و لە بەر خۆیەوە و بە شێوازی خۆی ئەوقسانە دەڵێتەوە...

((کێ ئەو کارەی کرد؟))

ئەو پرسیارە چەند جارێ بە دەنگی نزم و بەرز لە زاری من هاتە دەرێ، کەس نەبوو وەڵامێك بداتەوە..

سەرکەوە، سەرکەوە، هەر کاتێك زۆر حەزم دەچووە جگەرە، جگەرەیەکم دەدایە کوڕە دیلەکە و دەمگوت:

((دووکەڵەکەی بە فیڕۆمەدە، رووەو من هەڵیدە..))

ماندوێتیی حەفت رۆژە رێ ناگاتە ماندوێتیی حەفت دەمژمێری گەڕانەوە بە رێی خۆتدا، چ لەوە گیان پرووکێنتر نیە، بەو تەڕوتووشیە ئەو هەموو رێیە ببڕی، ئەوجا لۆژە لۆژ بە رێی خۆتدا بگەڕێیتەوە... سات ساتی تووڕەبوونە، هی جوندان و دنیا بە نەفرەتکردنە... ئێستا بە چیای (کۆرس)دا هەڵدەگەڕێین کە لەگەڵ پێرس شانیان دەگاتەوە یەك، پێشترلە بەهاری ساڵێکدا رێم بەو رێیە کەوتووە، لە بیرمە ئەو کات چێژم لە سەرکەوتنی ئەو چیایە وەرگرت، ئێستاش... ئاسمان هەر لە رژانە، خلیسك لە دوای خلیسك دەبەم، لە سەری هاتن خلیسکێ چیە نەمبرد، بەلاّم سەری گەڕانەوە پڕە لە خلیسك و بەربوونەوە، سەرێکیان دەستی کوڕە دیلەکە نەبا خوا دەیزانی لە کوێی دۆڵی دەریایی خۆم دەدیتەوە، کاتێ گرتمیەوە هەستم بە بەهێزیی ئەو کوڕە کرد، لێشی ترسام، لەوەی ئەگەر مەبەستی بێت دەتوانێت پەلامار بدات و دەستی باش بوەشێنێ..ئەو هەورازە هەورازی پێ رۆیشتن و هۆش رۆیشتنە، هێسترەکان، ئەسپەکە لە هەموومان هێمنترن، نە خلیسك دەبەن، نە تووڕە دەبن.. جارو بار ئاوڕێك لە حاجی دەهام دەدەمەوە، ئێستا لە دواوەی من دەڕوا، هێسترێکمان نێوانە، هەستمکرد ئەویش تووڕەیە، بەلاّم زۆر حەکیمانە تووڕەییەکەی دەشارێتەوە... خەریکە تاریك دادێت، هەورازی کوور کۆتایی نایە، باران کەم کەم دەبارێ، جگەرەیەکیدیم دایە کوڕە دیلەکە، ئۆقرەم نەما جگەرەیەکم بە لێوەوەیە، خەریکە دایگیرسێنم، پەشیمان بوومەوە، خستمەوە پاکەتەکە، ئای لەو بڕیارە قورسەی دام، چ شێت بووم، ئاخر من پیاوی بڕیاری وام!

درەنگانی شەوە، لە دۆڵێکین من قەت دۆڵی وا بە سامم نەدیتووە، هەر بۆ ئەوە باشە فیلمی ترسناکی لێ دەربێنی، یەك هاش و هووشە، گرم و هۆڕە، هەراو هۆریایە شەیتان برادەرەکانی خۆی ناناسێتەوە، باران باران..

- باشترە چیدی نەڕۆین، دەفەوتێین..

- دابنیشین هەر فەوتاوین..

- ڕۆیشتن باشترە..

پیری چاوساخ هاتە قسە:

+ بە دەستی چەپ لە سەرەوە دوو ئەشکەوت هەن، ئەگەر بگەینێ باشە

- ئەگەر زۆر لە سەرەوە نیە با هەڵگەڕێین

هەڵگەڕێ، لە تاریکی هەڵگەڕێ، بە بن ئاو و بە سەر ئاودا هەڵگەڕێ، ولاخەکانیان بەجێهێشت، گەیشتین، قسەی چاوساخ بوو، دوو ئەشکەوت کە بە تەنیشت یەکەوە بوون، باوەشی گەرمیان بۆمان کردەوە، باوەش گەرم نەبوو بەلاّم هێندەی بلّێی یەکو دوو گەرم بۆوە، ئاگر کرایەوە، تێنەگەیشتم ئەو هەموو کۆڵکە دارە لە کوێوە هات، خۆمان لەبەر ئاگر راخست، هەڵمێکی وامان لێ بەرز دەبۆوە، هیچ مەنجەڵە شیوێك هەڵمی وای لێ بەرز نەبۆتەوە، ئای بۆ مەنجەڵێك شیو! هەر شیوێك بێت، من و کوڕە دیلەکە لە تەنیشت یەك هەڵتووتکابووین، نەموێرا دەست بۆ پاکەتەکەم ببەم و جگەرەیەکی بدەمێ، دڵنیا بووم بە خۆم نەدەوەستام و دامدەگیرساند.. من دەبێت خەوتبم، چونکە دیتم دیلەکە رایکرد، بە بەرچاومەوە رایکرد و قسەشم نەکرد، کە راپەڕیم دەبینم ئەو بەستەزمانە لە سەر تەنیشت خەوی لێکەوتووە و لە دەموچاویشی دیار بوو خەون دەبینێ، نەمزانی ئەویش خەونی بە منەوە دیت یان نا، تەماشادەکەم هەندێك خەوتوون، هەیە پیاسە دەکات، هەیە مژی وا لە جگەرە دەدا دەڵێی سێ شەو و رۆژە لەبەر بارانە و دەرفەتی پێچانەوەی جگەرەیەکی نەبووە، هەندێك باسی دنیایان دەکرد، قسە گەرم بوو، لەو قسانە ئەوەی لە بیرمە، باسی کەڵەکەوان بوو دەیانگوت:

((ئا ئا پێشمەرگە بوو، کو ناوت نەبیستووە، ناودارە، ئەو سەگبابە خۆی رادەستی حکومەت کردۆتەوە، چووە هەموو لەشی کەڵەکەوانی هەنجن هەنجن کردووە، رێگاکەی ئاشکرا کردووە، ئەدی! لۆیە ئێستا ئەو جێگەیەی پەڕینەوە هەمووی جاش و سەربازە.. کوڕە دەڵێن چەند پێشمەرگەیەکیشی بە سەربڕین سەر بڕیوە و سەرەکانی دەستەو دیاری بۆ دایەرەی ئەمن بردووە...))

بەڵام دواتر هەواڵەکە بە شێوەیەکیدی گەڕا: ئەو پێشمەرگەیەی لە کەڵەکوانی داوە، هەر پێشمەرگەیە و خۆی رادەستنەکردۆتەوە و هیچ پەیوەندیەکیشی لەگەڵ ئەمن و مەمن نیە، هۆی لێدانەکەش گەڕایەوە بۆ کە کەڵەکەوان خۆی، ئەو پیاوە جیاوازی کردووە لە نێوان پێشمەرگان، بەوەی بۆ پەڕینەوەی هەندێ لایەن سەری پێوە نەبووە، بۆ هەندێکیش خۆی گنخاندووە، خۆی نەخۆش ئێخستووە و نەیویستووە بیانپەڕێنێتەوە..

جگەرەیەکم لە سەر سینگی کوڕە دیلەکە دانا، گوتم رەنگە من بخەوم ئەو کە هەستا، با بۆ خۆی بیکێشێ و بزانێت پاسەوانێکی چەند بە خەمی هەیە... هێندەم لە خۆم هەڵدا، پرووشکە ئاگرێك بە ئاگای هێنام، دیلەکەش هەستا بوو، جگەرەکەی بە لێوەوە بوو داینەگیرساندبوو، دەیویست لە ئاگرەکە نزیك بێتەوە، سەری بۆ ئاگرەکە شۆڕکردەوە، بێ ئەوەی دەست بە کاربێنێ ،جگەرەکەی داگیرساند، ئەو جوولانەوەیە لە چاوی من نائاسایی کەوتەوە، لە دڵی خۆم گوتم باشە بۆچی دەستەکانی.. تاهوو! چ ببینم باشە! هەردوو دەستی لە پشتەوە بە پشتێنەکەی خۆی توند شەتەکدراوە، دیارە ئەوەی وای لێکردبوو، دەبێت لە من عاقڵتر بووبێت، چونکە وەك دەڵێن زیندانی بە تایبەتیش یەکێك تۆمەتێکی وا گەورەی لە پاڵ بێت جێگەی متمانە نیە، ئیدی دەستەکانیم کردەوە، لە خەونەکەشم ترسام بۆیە بە زیندانیە لە خەو راکردووەکەم گوت:

+ئاگاداربە، بیر لە هەڵاتن نەکەیتەوە، تازە لە خەومدا تۆ هەڵاتی، منیش نەمکردە نامەردی سی گوللەم پێوەنای بیستونۆیانت پێکەوت..

- من و هەڵاتن!

بێگومان ترس وای لێمکرد، درۆ بە نیوەی خەونەکەمەوە بکەم، ئێ خۆ نالێم تۆ هەڵاتی و منیش زەق زەق تەماشای هەڵاتنەکەتم دەکرد..

بەرەبەیانە، ئاسمان سامالێکە دەڵێی سالێکە هەوری بە خۆیەوە نەدیتووە، دنیا روون روونە بە چاویلکەی شەیتانیش بگەڕێی گەردێك نابینیەوە، زەوی هێندە تێراوە بەشی سالێك ئاوی خواردۆتەوە، جۆگەلەکان نەرم نەرم لە رووباری گەورەی دۆڵ دەکەنەوە، جگە لە دەنگی رووبار دنیا چ دەنگێکی تێدا نیە.. بیستم وڵاخەکان هەر لە جێگەی خۆیانن، لەبەر خۆمەوە گوتم:

((زۆر جار چوارپێیەکان لە دوو پێیەکان میهرەبانترن..))

پێش نیوەڕۆیە، وا دەچینە گوندێکی چەند ماڵە، گوند تەڕ تەڕ، لە سەرشۆرکی دنیاوە بە دامێنی پێرسەوە دەڵێی منداڵێکی رووتە بە باوەشی دایکیەوە، من و کوڕە زیندانیەکە و یەکیدی لاماندایە ماڵێك دوو ژن زۆر رووخۆشانە بەخێرهاتنیان کردین، کەم جار وا ریك دەکەوێت، ئەو گوندیانەی کە پێشمەرگەیان زۆر بە سەر زگەوەیە وا لە دڵەوە خۆشهاتن لە پێشمەرگە بکەن، دوای چاکوچۆنی ژنە گەنجەکە کە هەر سی سالێك دەبوو رووی لە من کرد:

+ تو خەڵکی هەولێریت، نە ؟

- بە چیت زانی؟

+ بە (لۆ).. پێلاڤی هەولێرێ سەر سەرێ من، سەر چاڤێ من، خودێ هەتا مرنێ چ جارا مێراتیێ هەڤلێرییا ژ بیر ناکەم...

ئەو ژنانە لە بارزانیەکانی قوشتەپە بوون، دوای ئەنفالکردنی پیاوەکانیان بە ماوەیەك خۆیان گەیاندبووە ئەوێ.. کە زانی هەولێریم زیاد لە پێویست خزمەتی کردم، وەك ئەوەی من چاکەیم لەگەڵ کردبێت، دەیویست هەموو ئەو چاکەیەم بداتەوە کە هەولێریەکان لەگەڵ ئەویان کردبوو.. ئەو ژنە بارزانیە یەك تەشتە نان و مەنجەڵێك ماست و قۆریەکی گەورەی چای لە پێش دانایین.. بە قسە خۆشەکانی ئەو دوو ژنە بە خواردنە خۆشەکانی

ئەو دوو ژنە هەموو ماندوێتی و برسێتی و سەرماوسۆڵەی پێرسمان لە بیرچۆوە، بەس جگەرەیان لە بیرم نەبردەوە، جگەرەیەك بۆ کوڕە زیندانیەکە..

عەسرانێکی درەنگ وا دەگەینەوە بارەگا پێرسیەکە، پەلە هەورێك بە ئاسمانەوە نیە، لە رێ تووشی پیاوە سەیدانیەکە بووین، رووی کردە پیاوە سەرراستەکە:

+ نەمگوت، رۆژەکەی هی چوونە دەرێ نیە

- خودا چاوی ئیسرائیل کوێر بکات، ئەو گوتی بڕۆن...

خەو خەو سێ شەو و رۆژ خەو، تەنها لە کاتی ژەمەکان و بۆ ئیشکگریی بە ئاگا دەهاتم دەنا هەر خەو، خەوی بێ خەون، رەنگە ئەو هەموو خەوە مردووییە لە خەفەتی جگەرە بووبێت، گەرماویشیان گەرمکرد، من خەو بەری نەدام و خۆم نەشووشت.. نەمدەوێرا توخنی کتێب بکەومەوە، خوێندنەوە حەزی جگەرەی پتر دەکرد.. چاوەڕێی گەیشتنی عەرەق بووم، ئێستا نا دەمێکیدی دەگات.. خولیای سەری چیا هەر لە سەرمە، ئەو چیایەی دارا چاوشین دەیگۆت رووناکایی هەولێری لێوە دیارە...

دەمەو نیوەڕۆ بوو، باران نم نم دەباری، پیاوە سەرراستەکە بە هەڵەداوان گەیشتەوە بارەگا، لەگەڵ یەك دوانێکیدی چووبووە داران، زیندانیەکەشیان بردبوو، تووڕەیی لێدەباری، جونی دەدا، هاواری کرد:

+ هەر یەکەی بە لایەکدا، زوو، زوو، نابێت دەربچێت، دەی وەحشینە ئەو وەحشیە خۆی لێمان شاردەوە، هەلات..

- ترحێو، تازە چۆن دەگیرێتەوە!

هەتا دەو زێ چوون، ئەو ئاقارەیان بست بە بست پشکنی، زیندانیەکە نەبوو، بووە بەردی بن گۆمێ، خەونەکەم بیر کەوتەوە، ئەو خەونەی بە بەر چاومەوە زیندانیەکە هەڵات.. وا بزانم لەو بارەگایە بەس من بەو هەڵاتنە دڵخۆش بووم، ئۆخەی! زیندانیمان لە کۆڵ بۆوە...

هەر ئەو رۆژە بۆ شەوەکەی، میر یان ئەو پیاوەی لە میری رەواندز دەچوو، بە دوویـدا ناردم.. چوومە ژوورەکەیان ئەبوو پراڤداش لەگـەڵ وی بـوو، ژوورێکـی خـاوێن، روونـاك، بنمیچ و دیوارەکانی بە نایلۆنی گوڵگـوڵی جـوان نایلۆنرێـژ کرابـوون، عەردەکـە بەتانیرێـژ کرابوو، لامپایەکی گەش بە دیوارەوە، سۆبە دارینەکە داگیرسـابوو، مێزێکـی نـەوی پـڕی سەری کتێب و کاخەز و قەڵەم.. ئەبوو پراڤدا کتێبێکی دەمەوتخوونی لە پێش بـوو.. مـن نەمـدەزانی بۆچـی بانگمیـان کـردووە، گـوتم رەنگـە لـە بـارەی زیندانیەکـەوە بزانـە چ قسەیەکیان هەیە.. دوای پێشەکیەکی درێژ، کە تێنەگەیشتم باسی چی کرد، گوتی:

((تازە هەتا بەهاریّ، رەنگە لێرە بمێنینەوە، حەزدەکەم تۆش لەگەڵ ئەو یەك دووبرادەرە بچنە بارەگای کافیّ، پێش ئەوەی بەرەو سۆران شۆڕبینەوە وا دەکەم تۆ بگەیتەوە ئێرە...))

ئیدی بەیانیەکەی بیّ ئەوەی عەرەقی کوڕە ئەسپ بۆندارەکە بگات، بیّ ئەوەی سـەرێك لە سەری چیا بـدەم و گلۆپـەکانی قـەراتیّ ببینـم، بـیّ ئـەوەی دونـی ئـارام تـەواو بکـەم، مـاڵئاواییم لە باراگا زستانیەکەی پێرس کرد، پێش مالاّوایی دەبیّ وێنەیەك لـە ئاهـەنگی سەری ساڵ بـدەم، ئەوشـەو سـاڵ نوێدەبێتـەوە، نادیـە و تانیـا و چـەند پێشـمەرگەیەکیدی سووربوون لە سەر گێڕانـی سـووکە ئاهـەنگیّ، هەنـدێك خواردنیـان ئامـادەکرد، مۆمیـان داگیرساند، قسەکرا، مەلا گوتی:

هیواخوازین، ساڵی داهاتوو لە هەولێر و بەغدا ئاهەنگی سەری ساڵ بگێڕین.

گۆرانی گوترا، نادیە و تانیاش گۆرانیان گوت، ئەبوو پراڤدا و مولازم ریاز شتێکیان لە مۆسکۆ گێڕایەوە، شیعر خوێندرایەوە، عـادل شـیعری سـەعدی یوسـفی خوێنـدەوە، هـەر ئەویش سەربەرشتی ئاهەنگەکەی دەکرد،نـازانم کـیّ بـوو ئـەبوو گـاتعی خوێنـدەوە، مـن شیعرێکی خۆم و شیعرێکی رەفیق سابیرم خوێندەوە ئەوەی دەڵیّ:

((لە ناو زیلدا منداڵێك بۆ پێشمەرگایەتی لە دایکدەبیّ))

ئەوە یەکەم ئاهەنگی سەری ساڵ بوو لـە پێشـمەرگایەتیم ببینـم، ئـیّ، بـەفر و بـەفر رۆیشتم، ئەو رێیە دوورە بەفرییەش پڕە لە پرووشە چیرۆکان، هـەر لـەو رێیـەش جگـەرەم

هەڵگرتەوە، هێشتا زۆری مابوو بۆ ڕێبەندان، گەیشتمە ژوورە بەفرینیەکەی هەواری کافێی بن گارە.

ژوورێك

لە هەوارە بەفرینیەکەی کافێ

کافێ ئەو هەوارە بوو، بە تەماشاکردنی گارە نەبا، نەمدەناسیەوە، ئێستاش بۆ دیتنەوەی کافێ هەر گارە نیشانەیە، نیشانەیەك نە بەفر بزری دەکات، نە دووکەڵی شەڕ، نە پیریش... ئەودەمانێ لەوێ دوو کافێ هەبوو، کافێی گوند، کافێی بارەگا، گوند پڕ بوو لە ژن و منداڵ و پیاو، بارەگاش پڕپڕ لە پیاو چەند ژنێکیش... نێوان ئەو دوو کافێیە چەمێکی بچووك و بەرزاییەکی نزم، ئەگەر لە سەر ئەو بەرزاییەوە بە سەر کافێی ژن و منداڵدا تەماشای ئەو بەرت بکردایە، گارە دەهاتە ناو چاوت، گارەی زستانان جیا بوو لە هەموو ئەو چیایانەی لە نزیك و دوورەوە نیازی تەماشاکردنی گارەیان هەبوو.. پیرێکی خەڵکی ئەوێ زۆر جار دەیگۆت:

((چیا نیە لە دنیایێ هێندەی گارە بەفری لێبکەوێت)).

ئەو قسەیە تا چەند ناراست بوو، تا چەند ناراستە، هێندە بە لایدا مەچۆ، ئەوەی گرنگ بوو من باوەڕم بەو قسەیە هەبوو.. هەر کەسێك زستانێك بە زۆری زۆردارەکی لە دەڤەری گارە بهێڵدرێتەوە، یان لە ناچارییەوە لەوێ بمێنێتەوە، باوەڕ بەوە دێنێت کە

زۆرترین بەفری دنیا بەر گارە و دەڤەری گارە دەکەوێت، زستانێکی تەڕ و تووش بەسە بـۆ ئەوەی بایی تەمەنێك بەفر لە بینابیتدا دابکەیت..

زیندانیە بەتەمەنەکەش کـە نەمـدەزانی چ جـۆرە زیندانیەکـە، بـە دەنگێکـی نێرانـەی نووساوەوە دەیگوت:

((تێیکە، چاوەکەم باشی تێکە، چیاو دۆڵان تەخت کە..))

ئەو زستانەی من قسەی لێوە دەکەم، زستانی پێش ئەو هاوینە بوو کـە ئـاگری ئـەنفال لە هەموو لایەکەوە هەڵیکرد و کافێشی وەك هەموو جوانیەکانی گەرمیان و کوێستان بـە هەموو جوانیەکانییەوە سووتاند، زستانێکی زگپڕ بوو، رێك ئەو زستانە بوو، هەڵەبجەی لە زگدا هەڵگرتبوو.. لە هۆڵە بزنێك بووین، بـەوە دەزانم هـی بـزن بـوو نـەك هـی مانگـا و بەرزە چونکە زۆر نەوی بوو... (ئەبوو حوسێن) دەیگۆت:

ئەو کەسانەی ئەم ژوورەیان درووستکردووە، هەموویان کورتە بالاٌ بوونە، پێیان وابووە کەس لە خۆیان درێژتر نیە و درێژترین پیاو لە دنیایێ (ئەبوو خالید)ە.

وابوو لەو ژوورە بەس ئەبوو خالید سـەری بـە کاریتـە نەدەکـەوت، مـن کـە بـەژنێکی ئاسـاییم هەیـە، دەبـوو لـە راسـتی کاریتـە سـەرم نـەوی بکـەم، بـەلاٌم سـەرم بـە شـەقرە نەدەکەوت، هەرچی ئـەبوو حوسـێنە دەبـوو لـە سـەر چۆك بـڕوا.. ئـەو کـوڕە بەسـراییە بەغدانشینە لەمێژ نـەبوو هـاتبوو، بـەژنی درێـژ درێـژ زۆر درێـژ، رەنگـە درێـژترین پیـاو بوویێت لە بەسرە، ئەبوو خالید گۆتەنی:

((تەماشا تەماشا هەر دەڵێی دار خورمایە))

ئەو ژوورە دوور و درێژە نەوییـە پـڕ بـوو لـە پێشـمەرگەی بـالاٌ بـەرز و کورتـە بـالاٌ ، کورتترینیان ئەبوو خالیدی بەرگدروو، هەر لە ناو ژوورەکە بە نایلۆن و بەتانی ژوورێکی بۆ خۆی جیاکردبۆوە و شەو و رۆژ خەریکی دوورینی کورتەك و شەرواڵ بوو بـۆ پێشـمەرگە، ئەو بەرگدرووە کوردی بەغدایی بوو، بالاٌ بـەرزترینیان ئـەبوو حوسـێنی شـاعیر، بـەردەوام شیعری دەنووسی ..

ژوورەکە لە ناو ژوورەکانیدی بە ژووری ئەبوو خالید دەناسرایەوە، چونکە لە پێش دەرگاوە، لە دوورەوە، دەنگی مەکینەی دروومانی ئەبوو خالید دەهات...

بیهێنە بەر چاوی خۆت، جێگاکەی ئەبوو حوسێن بەرانبەر دەرگایە و پێی دەگاتە سەر ئەو دەرگایەی کە لە ژووره نایلۆنیەکەی ئەبوو خالید کراوەتەوە، منیش بە تەنیشت ئەبوو حوسێنەوە، نێوانمان تەپلەی سەرڕێژ لە قونکە جگەرە و شووشەی گەورەی پڕ لە چا، سۆبە دارینەکەش هێندە دوور نیە لە من، ئەو سۆبەی بە یەك زستان داروباری چیایەیەکی کردە خۆڵەمێش.. ئەو پارچە جێیەی کە ئەبوو خالید بە خێرا خۆی هێشتبوویەوە و بەگەڵ ژوورەکەی خۆی نەدابوو، جێگەی پیاوێك بوو زۆر لە یاسر عەرەفاتی دەکرد، ناوەکەشی هەر ئەبوو عەمارە، رەنگە هەر لەبەر ئەویش ئەو ناوەی لە خۆی نابێت، دەتگوت کۆپیی سەر یەکترن، ئەگەر دەست مۆساد بکەوتایە، یەکسەر ئیسرائیل دەسگیرکردنی یاسر عەرەفاتی رادەگەیاند، ئەو پیاوە هەمیشە یەك دوو قوتووی شیری نیدۆ لە کن سەری بوو، بن بالیفەکەشی کە نازانم لە کوێی پەیدا دەکرد، پسکویتی لێ نەدەبڕا..

ئەو ژووره بەو زستانە تووشە ئەو ژووره پڕ لە گێرمە و کێشەیە منی لە نێوان ئاگر و شاعیرێك حەواندەوە، ژوور جیابوو لە هەموو ژوورەکانیدی، لە ژوورەکەی ئێمە بانگی هەر نەتەوەیەك و ئاینێکت بکردایە، کەسێك وەڵامی هەر دەدایتەوە، کورد هەبوو، عەرەب هەبوو، ئاشووری، کلدان، تورکمان، ئەرمەن، سابیئی، موسلمان، مەسیحی، ئێزدی.. هەرچیت بویستایە هەبوو، لەم ژووره بان نەویە زستانیە بە هەموو زمانێك قسە دەکرا، جیا لە هەموو ژوورەکانیدی لەو ژوورەدا زمانی عەرەبی زمانی فەرمی بوو، ئەگەر قسە بێتە سەر ئاین نە ئیسلام و نە هیچ ئایینێکیدی ئایینی فەرمیی ژوورەکەمان نەبوو، بە شاراوەیی نازانم چۆن بوو، بەڵام لە روو ((بێ ئایینی)) ئاینی بەرچاوان بوو...

ئەبوو حوسێن بۆیە بەر دەرگای هەڵبژاردبوو، هەتا زۆر سەر لە کاریتە نەدا، لەگەڵ ئەوەش رۆژ نەبوو چەند جارێك زرمەی لێوە هەڵنەستێنێ، هەر جارێکیش سەری بە

کاریته دەکەوت، هەزار و یەك جونی بۆ عەرد و ئاسمان دەنارد، قاسم کە لەو لاوە لە ژوورەکەی ئەو لاوە گوێی لە جونەکانی ئەبوو حوسێن دەبوو دەیگوت:

((ئەوە شیعر دەخوێنێتەوە یان قورئان دەخوێنێ؟!))

ناهەقی نەبوو سەر لە کاریتە دان ئەوو، حوسێنیان فێرە جونی وا کردبوو، لە ناو عەرەبدا جونی وا نەبووە، لە ناو هەر رستەیەکی جونی وشەی (اللە) هەبوو، جونەکان هەمووی سەروادار بوون... قاسم بە هەمووی سێ رستەی عەرەبی فێر ببوو، ئەویش بە شێوەیەك گوێ دەکردن هیچ عەرەبێك بە عەرەبی ولآتی ئەمازیغیشەوە تێینەدەگەیشتن، ئەبوو حوسێن جگە لە گرفتی کاریتە گرفتی ئەبوو عەماریشی هەبوو، ئاخر رێی هاتوچۆی بە سەر سینگی ئەبوو حوسێندایە، ئەگەر لە چوونە دەرەوەش چ نەقەومابا ئەوا لە هاتنە ژوورەوەدا پێی ئەبوو عەمار بە جێیەکی ئەبوو حوسێن دەکەوت، زۆر جار هاواری لێ بەرزدەبۆوە، لەگەڵ هەر هاوارێکیش دوعایەکی لە ئەبوو خالید دەکردو دەیگوت:

((ئەگەر ئەو قوژبنەشت بە گەڵ ژوورەکەی خۆت بدایە، من بۆ تووشی ئەو پێیە تیژانەی ئەبوو عەمار دەبووم..))

جارێك گوێم لێبوو بە ئەبوو عەماری دەگوت:

((بەس پێ لە لووت و گونم مەنێ ئەوانیدی بۆ خۆت..))

قاسم ئەگەر دنیاش نغرۆ با، ئاگای لە هێسترەکان نەدەبڕا، زۆر لە خەمیان بوو، پەنجە پەنجە لەشی ئەو هێسترانەی دەپشکنی، نەبادا جێیەکیان بریندار بێت، خۆی برسی بکردایە نەیدەهێشت ئەو هێسترانە برسی بن.. نازانم کێ بوو بە قاسمی دەگۆت:

((تۆ دەبوو لە رێکخراوێکی ئاژەڵپارێزی ئیشت کردایە، نەك دژی کۆماری ئیسلامی چەکت هەڵگرتایە.))

زیندانیە بە تەمەندا چووەکە بە قاسمی هێستر پارێزی دەگوت:

((هاوڕێ، هێندەی لە خەمی هێسترەکانی نیو هێندە لە خەمی خۆت بایت، وات بەسەر نەدەهات، تۆ خۆت دیوە، چیت لێهاتووە، دەڵێی لە سەر شارە مێرووستانیان بەستوویتەوە!))

وا بوو، قاسم تا بڵێی لەڕ و لاواز بوو، کەم کەس هەبوو هێندەی وی ماندوو

شاعیرە بەسراییە یان بەغداییەکە بەردەوام شیعری دەنووسی، رکەی لەگەڵ بەفر دەکرد، بەفر هەر تێیدەکرد و نەیدەهێشت عەرد رەشبێتەوە، هەر تێیدەکرد و دنیای سپی و سپیتر دەکرد، ئەویش پەڕ لە دوای پەڕی رەشدەکردەوە و هیچ پەڕێکی بە سپێتی نەدەهێشتەوە، ئەو زستانە شەش حەوت دەفتەری گەورەی پڕ لە شیعر کرد، دیار بوو زۆر حەزی لە بەدر شاکر سەیاب دەکرد، شیعری وی هەمیشە لە سەر زاری بوو... بە دەم چا خواردنەوە و مژ لە جگەرە دانەوە رووی تێم دەکرد:

+ بۆ ئەوەی ببیە شاعیر دەبێت رۆژانە شیعر بنووسیت.

- من بیستوومە دەبێت رۆژانە شیعر بخوێنیتەوە.

+ بە هەڵەدا مەچۆ، شیعر پرۆسەیە، هەر بنووسە هەر بنووسە، لە ئەنجام شیعری جوان بەرهەم دێ، واتە دەبیە شاعیر، وەك چۆن هەر تەقە بکە هەر تەقە بکە دەبیە نیشانەشکێن، ئەوەش شتێکە لەو جۆرە

- ئەدی خوێندنەوە؟

+ خۆ ناڵێم مەخوێنەوە، بەڵام نووسین هەمیشە نووسین، ئەبوو خالید ئەگەر بەردەوام جلوبەرگی نەدوورىايە، ئێستا نەدەبووە ئەو بەرگدرووە.

- واتە شیعر پیشەیە

+ ئەتو گوێ بدە من، مەستمە بلێم شیعر بەهرە و مەهرە نیە، بەردەوام بنووسە، رۆژی دەفتەرێك پڕ بکەوە، دڵنیابە دەبیە شاعیر.

- ئێ چۆن دەنووسرێ؟ ئەدی خوێندنەوە؟

+ ئەها، چونکە تۆ بەردەوام نانووسی، چ پرسیارێك دەکەیت؟

من و ئەبوو حوسێن جار و بار دەکەوتینە مشت و مڕ و لە بارەی ئەدەب بە گشتی شیعر بە تایبەتی قسەماندەکرد و شەو و رۆژی بەفراویی کافێمان بەو قسانە لەیەك دەبەستایەوە و بەرێمان دەکردن، کەم دەچووینە مشتومڕی سیاسیانەوە، هەرکاتێك قسە دەگەیشتە سیاسەت ئەو سێ رستەی هەبوو:

((من نامەوێت ببمە کۆمەنیست، من کەسێکی دیموکراسیم، دەمەوێت بچمە سوریا))

ئیدی وەکو پیاوان دەیبڕیەوە، منیش پێم خۆش بوو باسی نەکات، لەو کاتانەی نیوە شەوان بۆ ئێشکگرییش بانگیان دەکرد چەند جارێك گوێم لێبووە لە بەر خۆیەوە دەیگۆت:

((نەفرەت لە بابت سەدام ئەگەر ئەو شەڕ و سەربازییە نەبایە، من چ ئیشم هەبوو لەو گەوادییەی ئێرە))

ئەو کوڕە زۆر رقی لە ئێشکگری دەبۆوە، بەو بایە گوللەیەکت لە ناو چاوی بدایە، بەس لە خەوت نەکردایە، دێتە بیرم جارێك لە ئێشکگری ئەو لە دوای من بوو، دەبوو بە ئاگای بێنم، کاتێ بانگم کرد، چەند جارێك لە سەر یەك ئەمەی گوتەوە و نەیدەبڕیەوە:

((دەی دەی گوللەیەك لە ناو چاوم بدە، بەس چیدی بانگم مەکە، دەی لێدە دەی))

پێیم گوت:

((بەس بیبڕیەوە، شەرتبێت بانگت ناکەم، لە جیاتی تۆش دەیگرم))

خۆ ئەبوو عەماریش لە ئێشکگری لەو باشتر نەبوو، هەر جارێك ئێشکگریەکەی درەنگانی شەو بایە، بۆ بەیانیەکەی شەرێکی کردبوو، راستیش کەم لە ئێشکگرییان دادەنا، داشیان نەنابا تووڕە دەبوو، ئەو دەمژمێرەی ئەو پیاوە دەبووە ئێشکگر، بارەگا پڕ دەبوو لە هات و هاوار، وات دەزانی ئەوە دوژمن بە سەر بارەگای داداوە، پیاوە زیندانیەکە دەیگۆت:

((نازانم بۆچی ئەو شێت و شووره لە ئێشکگری دادەنێن، هەموو سەرە خولەکێك سەر بەو کونەدا دەکا و یەك بەدەنگی خۆی هاوار دەکات: نەکەن بیر لەدەرگا شکاندن بکەنەوە، من بە ئاگام ها!))

ئەو کۆپیەی یاسر عەرەفات تا بڵێی شەڕانی بوو، ئەگەر شەڕکەر هەبا ئەوا شەو و ڕۆژ لە نێوان هەر دوو شەڕێك ئەبوو عەمار شەڕێکیدی رادەگەیاند، حەفتەی دوو شەڕی گەورەی ئەو پیاوە مسۆگەر بوو، یەکیان دەکەوتە ڕۆژی گەرماوکردنێ، ناوەکەیت دەخستە هەر کوێی لیستەکەوە، سەرەتا، ناوەراست، کۆتایی، هەر نارازی بوو، هەر لەو کاتەی لیستەکەی دەخوێندەوە، سووکە شەڕێکی لەگەڵ ئەو کەسە دەکرد کە لێیەوە نزیك بوو، کە دەچووە گەرماوەکە هاواری دەکرد:

((ئاوی گەرم نەماوە، ئاوی سارد نیە، گەرماوەکە ساردبۆتەوە، زۆر گەرمە...))

شەڕەکەیدی لەو ڕۆژەدا بوو کە پێیاندەگۆت ڕۆژی گۆشت، ئەو ئەبوو عەمارە شێت و هار دەبوو، ناهەقی نەبوو هەر کێ لە جێگەی وی با لەو خراپتری دەکرد، ئاخر گۆشتی لێ قەدەغە کرابوو، نەدەبوو بیخوا، ئیدی لە داخان بە دەوری مەنجەڵی گۆشتێ دەسووڕایەوە و جوونی دەدا، جوونی بە خۆی دەدا، بە ئاسمان و عەردی دەدا، وەکو سۆندەی ئاوێ بە چواردەوری خۆیدا جوونی دەڕشاند، ئیدی کەس نەبوو پڕووشکی جوونی پێنەکەوێت.. ڕاستی ئەگەر زۆر بێ تامی نەکردبا، کەس لە گێچەڵ و تووڕەبوونەکانی ئەبوو عەمار تووڕە نەدەبوو، هەموو دڵیان رادەگرت، هەرچی گۆتبا و کردبا، کەس لێی نەدەگرت، ئەوەش دوو هۆی هەبوو: نەخۆش بوو، ئەو پیاوە نەخۆشیی گەدەی هەبوو، دکتۆر پێیگۆتبوو، بەس پسکویت و شیر بخوا، جگە لەوەش چەند ساڵێك بوو ژنەکەی لە بەغدا سڕگومکرابوو، دەیانگۆت لە سێدارە دراوە..

پیاوە ژن لە سێدارەدراوەکە زوو تووڕە دەبوو، لە تووڕەبووندا بەعسی و کۆمەنیستی تێکەڵاو دەکرد.. کوڕێك وا بزانم هەڤالی ناوبوو، من بە قارداش بانگم دەکرد، تورکمانی کەرکووك بوو، لە جێی عەمارەکە دەماری دانابوو بانگی دەکرد ئەبوو دەمار، ئەبوو

عەمار بەو ناوگۆڕینە شێت و هار دەبوو، ناهەقی نەبوو ئەو خۆی بە باشترین ئاوەدانکار دادەنا کەچی ئەو قارداشە بە باوکی وێرانکار بانگی دەکرد، هەر هێندەش نا ئەو کوڕە بە ئەبوو عەماری دەگۆت:

((تۆ وێرانکاری کوڕی وێرانکار و بابی وێرانکاری..))

ئەبوو عەمار لەو کاتە ئەگەر بیوێرابا، مستێکی لە ناو دەوی دەدا، بەڵام نا، ئەو پیاوە دەستی نەدەوەشاند، شەڕەکانی هەر بە قسە بوون..

کوڕێك هەبوو وادەزانم (ریاز)ی ناو بوو، هەر جارێك قوتووی شیر یان هەر شتێکیدی لە دوکانەکەی کافێ دەکڕی، پێش ئەوەی خۆی لێی بخوات، یان تامی بکات، دەهات کەمێکی دەرخواردی ئەبوو عەمار دەدا، دەترسا لەوەی نەوەك حکومەت ژەهراویی کردبێت، دەیگوت:

ئەنگۆش وەك من بکەن، ئەبوو عەمار بکەنە بەلاگێڕ..

کیفاح لە قاقای پێکەنینی دەدا و دەیگۆت:

دیارە ئەبوو عەمار مشکی تاقیکردنەوەیە!

ئەو کیفاحە بە کەیفی خۆی قسەی بە ئەبوو عەمار دەگۆت، نازانم کو لێی تووڕە نەدبوو، هەموو پێیانوابوو نهێنیەك لەوەدا هەیە.. کیفاح من ناوم نابوو توفاح، چونکە بۆنێکی لە خۆی دەدا رێك بۆنی سێوی لێدەهات، نەمدەزانی لە کوێ ئەو بۆنەی بۆ دێت، کیفاح ئێزدی بوو، کوردیەکەی زۆر پەتی و پاراو بوو، ئەو کوڕە ئێزدییە لە ناو قسان کە پێویستی بە سوند خواردن هەبا، سوندێکی تایبەتی هەبوو، سوندێك جگە لە ئەبوو عەمار هەموومان لامان جوانترین سوند بوو:

بەو دەساڵ پێشمەرگایەتیەی کە ئەبوو عەماری بەرێز تەقە لە تفەنگیەوە نەهاتووە.

ئەبوو عەماری رەشتاڵە بەو سوندە سۆر هەڵدەگەڕا و لە بن لێوانەوە دەیگۆت:

ئاخر کێ باوەڕ بە شەیتان دەکات؟ تۆ خزمی شەیتانی..

جارێك پیاوە زیندانیەکە بە کیفاحی گۆت:

چیدی ئەو سوندە مەخۆ، باش نیە، چونکە من بە چاوی خۆم دیتمە ئەبوو عەمار تەقەی کردووە، جارێك نیشانەی لە سووسکەیەك گرت، بەلاّم زۆر سەری کرد، رێك بە بزنێك کەوت، ناچار بۆ شوانەکمان بژارد..

کاتێ ئەو قسەیەی زیندانیەکە گەیشتەوە ئەبوو عەمار دەیانگۆت گۆتبووی:

ئەو قسەی درۆیە، زیندانی بە شایەد ناچێت..

ئەبوو عەمار هەر چەندە کەس نەمابوو شەڕی لەگەڵ نەکات، بەلاّم کەسیش رقی لێی نەدەبۆوە، ئەگەر لێشی تووڕە بان، ئەو تووڕەبوونە هەر دانە رۆژێکی دەخایاند...

سپی سپی، کافێ سپی لە هەموو سپیان سپیتر، بە رۆژ سپی، بە شەو سپی.. بەفر بەفر، هەمیشە بەفر، کاری هەمووان بەفر ماڵین، سەر بان ماڵین، کردنەوەی رێگەی نێوان ژوورەکان، لە دەو رێگاکان کە دەتگوت کۆلاّنی قەیسەری هەولێرە، بەفر بەژن و نیوێك هەتا دوو بەژن هەڵدرابۆوە... پیاوێکی بە تەمەنی کافێ کە بە مەبەستی دەرزیلێدان زوو زوو دەهاتە بارەگا دەیگوت:

((لەمێژە زۆر لەمێژە بەفری وا لێرە نەباریوە، بەس ساڵێك ئەو ساڵەی حەرەس قەومی هاتنە سەر حوکم بەفرێکی ئەوها ئەستوور کەوت..))

زیندانیە بەتەمەنەکە لە سەر پێشاو دەهاتەوە، بە دەم لەرزەوە، لەرزینێك مەگەر من وا هەڵلەرزیبم، بە نەرمی دەیگۆت:

((ئاگاتان لە بانی هێسترەکان بێت، دەرووخێت، بەفری زۆر لەسەرە.))

ئەو زیندانیە زۆر بە خەم بوو، خەمی هەموو شتێکی لەبەر بوو، بانی هێستر و زیندانیەکان بە سەر یەکەوە بوو، لەوەیان نازانم خەمی رووخانی بانەکەی خۆیانی بوو یان هی هێسترەکان!

ئەبوو حوسێن سەرەتا زۆر حەزی لە بارینی بەفر بوو، مندالآنە دەچووە بەر بەفر و گەمەی لەگەڵ کلوو دەکرد، بە ناو لەپ دەیگرتنەوە، ئەو کورە بە زستان ولاّتی بەفری نەدیتبوو، لای وی شتی ئەوها لە خەون دەچوو، گوێم لێبوو دەیگوت:

((خۆزگە لە بەسراش ئەوها بەفر دەباری!))

ئەو شاعیرە بەسراییە بەفر کەم دیتیە، دەچووە دەرێ و دەهاتەوە ژوورێ، غاری دەدایە قەڵەم و کاغەز وشەی (سلج) بەفری دەخستە رستەیەکی شیعریەوە، تەماشامدەکرد لاپەڕەی وا هەبوو حەفدە وشەی (سلج)ی تێدا رەشدەچۆوە جار جارە پێم دەگۆت:

((ئاگاداربە رستەکانت لە بەفر نەخنکێن...))

ئەو ساتانەی ئەبوو حوسێن دەهاتەوە ژوورێ، ئەبوو خالید پێی دەگۆت:

+ ها ئەبووسلج چ دەبارێ؟

- فریشتە دەبارێ، شیعر، کچ، جوانی.. دەبارێ

ئیدی لە وەلاّمدا هەرچی جوان بوو رێزی دەکرد بە جوانیشەوە، کۆپلە شیعرێکی خۆیشی لێ گرێدەدا.. ئەبوو خالیدیش بە دێرە شیعرێکی جەواهێری دەمکوتی دەکرد، پێیدەگوت:

((پەنجا سالێدیش شیعر بنووسی، دێرێکی وەك جەواهێریت بۆ نانووسرێ))

زۆری نەبرد ئەبوو حوسێن چوونە دەرێی کەم کردەوە، لە هاتنە ژوورێش باس بارینی فریشتە و شیعر و ئەو شتانەی نەدەکرد لە شیعرەکانیشیدا وشەی (سلج) بەکارنەدەهێنا... ئەو شاعیرە هێندە لە ناو بەفر ئێشکگریی گرت، هێندە لە ناو بەفر داری شکاند... لە بەفر بێزار بوو، رۆژێك شیعرێکی بۆم خوێندەوە، شتێکی لەو بابەتەی تێدا بوو:

((هەر شتێ زۆر بێت و نەبڕێتەوە با ئەو شتە جوانییش بێت، دزێوە، بێجگە لە دار خورما))

ئەبوو حوسێن گەیشتە ئەوەی لە بەفر تووڕە بێت..کاتێ دەهاتە ژوورێ، لێیم دەپرسی:

+ ها ئەبووسلج چ دەباریٚ؟

- مــن ئەبوو ریخم، ریخیش دەباریٚ..

بــەفر هــەمووماني لــە دورِ ژووریٚ کردبــوو، هــەمووماني لــە دەوری ســۆبە دارینــە ئاگرینەکە خڕکردبۆوە، خەمی گـەورەمان کاتـەکانی ئێشـکگری بـوو، خـەمی گـەورەمان رۆژی کابـانی بـوو، خـەمی گـەورەمان چـوونە داران، خـەمی گـەورەمان سـەربانماڵین و بـاگوردانگێڕان بـوو، خـەمی گـەورەمان ساتەکانی چـوونە سـەر پیشـاو بـوو، بـاش بـوو نوێـژکردن نـەبوو دەنـا خـەمی دەزنوێژهـەڵگرتنیش دەهاتـە سـەر خەمـەکانی دی...ئـەو کاتانەی گللەییمان لە بەرانبەر بەفر زیادی دەکرد، ئەبوو خالید فرۆکەی بیردەخستینەوە:

((باشە، بەفر باشە، با هەر بباریٚ و لیٚ نەکاتەوە، بەفر لە فرِۆکە باشترە..))

وا بوو، بەفر لە فرِۆکە باشتر بوو، قەیناکە با بەفر هەر بباریٚ، با لیٚ نەکاتەوە، فرِۆکـە ترسناکە، هەر بە دیار بکەویٚت کەتنێك دەکات، کەس نیە، هیچ شـتێك نیـە، بـە فرِۆکـە بـوێریٚ، ریٚ لـە فرِۆکـە بگـریٚ، بـەس هـەور و بـەفر و بـاران، کـاتیٚ بـە وردی بـیرم لـەو کارەساتانەی لە فرۆکەوە دەکەوتنەوە دەکردەوە، کاتیٚ ئەو وێنە ترسناکانەم دەهاتنـە بـەر چاو کە فرۆکە لە دوای خۆی بۆمانی بەجێدەهێشت، لە دڵـی خـۆم دەمگـوت، بـا بباریٚ، هەتا دنیا دنیایە با هەر بەفر بباریٚ... بەفر هەمووماني لە کونی ژووریٚ بە دیار سۆبەوە کۆکردبۆوە، ئەوەی گوێی نەدەدایە بەفر، ئەوەی منداڵە لاسارەکەی بارەگا بوو، لـە ژووریٚ دانەدەسەکنی (خۆشناو) بوو، ئەو کورِەش خەڵکی رۆژهەلاٚت بوو، وا بزانم کۆنە دیموکراتە، ئەویش لەگەڵ زۆریدی خەڵکی ژوورەکەی رزگار بوو، ژوورێـك لـەو لاوە بـە ژووری رزگـار ناسرابوو، خۆشناو ژانە پشتیشی هەبوو، بەلاٚم لە پێناوی وەرگرتنی هەواڵێك بەو بەفرە بە بەرزاییـدا هەڵدەگـەرِا، رادیۆکـەی دەخسـتە بـن گـوێی و بـەفری ئەسـتوور بشـکێنە و هەڵگەرِیٚ، بەو بەرزاییەدا هەڵدەگەرِا کە کەوتبووە پشت بارەگاوە، لە ناو ئەو چیا و چۆلە رادیۆ لە جێگەی بەرز وەریدەگرت، بۆ بیستنی هەواڵێك ئەو خۆشناوە ئامادەبوو یەك دانە رۆژ لە ناو بەفریٚ بمێنێتەوە، ئەوانەی لەمێژ بوو دەیانناسی دەیانگوت:

((ئەو خۆشناوە پێش ئەوەی چەك لە شان بکات رادیـۆی لـە مـل کـردووە، لـە نـاو گەرمەی شەڕێش رادیۆی وی هەر ئیش دەکات.))

هەواڵی دنیایێ لە کن ئەو خۆشناوە بوو، من چ گوێم نەدەدایە دەنگوباسـان، لـە سـەر گۆرانی رامدەگرت، ئەگەر حەزم لە هەواڵ بایە دەچـوومە کـن خۆشـناو... لـە بیرمـە لـە بارەگای ئێمە یەکەم کەس کە لە رادیۆوە گوێی لە کاولکردنی هەڵەبجە بوو ئـەو خۆشـناوە بوو.

ئەو زستانەی کافێ زۆر تووش بوو زۆر، رێی بە رێبوار نـەدەدا، پێشـمەرگەی لـە کـونێ کردبوو، گورگی بەستبوو، دوکانەکەی کافێش چی تێدا نـەمابوو، ئـەبوو حوسـێن خـەمی نەمانی دەفتەری کەوتبووە بەری، ئەبوو خالید جار جارە دەیگۆت:

((بە فەرمانی خودا هەتا نەورۆزێ مەنع تەجەولە...))

بەلاّم کوڕەکەی بانێ گوێی بەو فەرمانە نەدەداو دەیشکاند، ئـەو کـوڕە لـە (بـانێ) وە دەهات، بانێ گوندێکە زۆر دوورە لە کافێ، جگە لە دووریەکشی کەوتۆتە نزیـك ئاسمـانێ، جێگاکەی زۆر بلّندە زۆر، دنیـا وشـکانیش بـێ، هـەتا دەیگـەیتێ، دەبێـت چـەند جارێـك دانیشی و پشووی باش بدەیت... جگە لەوانەش بانێ زۆر لە کافێ پتر بەفری لێدەکـەوێت، هـەر هـەوری بـەفری بێتـە ئاسمـانێ، لـە بـانێ بـەفر بـاریوە و بـە بـەژنی مـن بـەژنێکی تێکردووە.. ئەوجا ئەو کوڕە ناوەکەیم لە بیر کردووە، بۆیە بە کوڕەکەی بانێ نـاوی دێـنم، لەوێوە بە دەفتەرێك شیعرەوە دەهاتە لام، کوڕەکەی بانێ تەمەنی هەر پازدە شـازدە سـاڵ دەبوو، حەزی لێبوو قسە لە بارەی شیعرەکانیەوە بکـەم و بۆچـوونی خـۆمی بـۆ بنووسـم، ئەویش وەك ئەبوو حوسێن زۆر شیعری دەنووسی، ناوە ناوە دەفتەرێکی پـڕ دەکـردەوە، بـە بـادینی دەینووسـی، زۆرجـار لــە کــاتی دەســکاریکردنی شــیعرەکانی وشــەیەك یــان دەستەواژەیەکی سۆرانیم لە شیعرەکانی دەئاخنی، کوڕەکەی بانێ ئەوەی لا زۆر خۆش بوو، دەیگۆت: ((لێرە، لەو گوندە بادینی و سۆرانی یەکدەگرن...))

((دەی هاوڕێیان دار دار حەتەب حەتەب))

کاتێك زیندانیە بەتەمەنەکە گوێی لە دار و حەتەب دەبوو، دەمی دەهێنایە راستی کولانکەکە، من یەك دوو جار ئەوها دیتم، هاواریدەکرد:

((ئەوانەی وەکی کیری سەی هەڵدەلەرزن، ئەوانیش دەبەنە داران؟!))

مەبەستی لە خۆی بوو، نەیاندەبرد، دەیانگوت تۆ ئاگاداری ئێرە بە، دیار بوو لە هەندێك شت ئەو زیندانیە لەوانیدی جیادەکرایەوە..

لە رۆژێکی ئەوها چوونە داران مردنە، مەگەر ئەبوو حوسێن و زیندانیە بەتەمەنەکە هێندەی من لە چوونە داران بترسێن، بەو چیایەدا هەڵگەڕاین کە رۆژانە چەند جارێك خۆشناو پێیدا هەڵدەگەڕێ، سەرکەوە، ئەوجا بەفر بشکێنە و بڕۆ، تەواوێك بڕۆ...من و رزگار پێکەوە دەڕۆیشتین، رزگار تودەییەکی جوان بوو، زۆر برادەرم بوو، هەر سەرم ئێشابا دەگەیشتە سەرم.. کەوتینە دار بڕین، رزگار لە کاتی داربڕینێ شتێکی هەبوو، رەنگە بەس من هەستم پێکردبێ، ئەو کوڕە کاتێ تەورەکەی بەرز دەکردەوە چاوی دەنووقاند و وەیش وەیشی دەکرد، دەتگوت لە مرۆڤ دەدا... کوڕێکی زۆر نەرم و میهرەبان بوو، حەزی نەدەکرد درەخت ببڕێتەوە... دەگەڕا دەگەڕا لە دووی درەختی زۆر پیر دەگەڕا، دەیگوت:

((هەر درەختێك ببڕیەوە باش نیە، بەڵام کە هەر دەبڕینەوە با هی زۆر پیر ببڕینەوە...))

ئەو رزگارە کاتێ بەلای درەختێکدا دەڕۆیشت و دەیدیت، باری لقێکی بە بەفر گران بووە و ئەگەری ئەوە هەیە بشکێ، رادەوەستا و لقەکەی لە بەفر پاك دەکردەوە.. ئەو کوڕە زۆر نەرم بوو، لەگەڵ مرۆڤ نەرم بوو، لەگەڵ ئاژەل و دارو درەخت نەرم بوو، هەموو جارێ دەیگوت:

((ئەگەر خومەینی و سەدام بەس بێڵن تۆزێك بۆ خۆمان هەناسە بدەین و بژین، توخوا ئێمە هی چەك هەڵگرتنین! هی ئەوەین زیندانیمان هەبێ و پاسەوانی لە زیندانیان بکەین..))

رزگار لە شیولێنان هیچ ژنێك نەیدەگەیشتیٚ، چتۆ برنجی لێدەنا! برنج دنك دنك رادەوەستا، شلەکەی لە برنجەکەی بە تامتر، کەس نەیدەزانی چی تێدەکات، دەیانگوت:

((بەهاران و هاوینان دنیایەك گژ و گیای بە بۆن و بەرامە وشك دەکاتەوە و زستانان شیویان پیٚ خۆش دەکات))

وەڵلاٚ رزگار بوو، ئەو ئیشانەی لە دەست دەهات، ئەو رۆژەی رزگار دەبووە کابان هەموو خەنی دەبوون، رێك پێچەوانەی ئەبوو حوسێن، ئەو رۆژەی نۆرەی ئەو شاعیرە دەهات بۆ کابانی، زیندانیە بەتەمەنەکە دەیگوت:

((ئەورۆمان فت، دەبێت نان و چای بخۆین)).

زیندانیەکانیش وەك ئێمە داریان دێنا، بەلاٚم دەبوو چاومان لە سەریان با، نەوەك هەڵبێن، یان کەتنێك بکەن....

ئەو سیٚ چوار زیندانیەی کە لەگەڵمان لە بارەگا بەفرینیەکە دەژیان، ژوورەکەیان وەك ژوورەکانی ئێمە بوو، جیاوازیەکە لە چەند شتێکدا، هی ئەوان تۆپ و کلیلێکی گەورەی پێوەبوو، هی ئەوان کولانکەیەکی گچکەی تێدا بوو، لەوێوە نانیان وەردەگرت..... لە بیرم نیە چەند جیاوازی و وێکچوون لە نێوان ژووری زێندانیەکان و ژوورەکانی ئێمەدا هەبوو، بەلاٚم ئەوەی منی دڵخۆش دەکرد، خواردن بوو، خواردنی ئەوان و ئێمە وەك یەك بوو، ئەوەی زۆر ئازاریشی دەدام، ئەوەبوو کە ئێمە ئازاد بووین و ئەوان زیندانی... زیندانیەکان بۆ ئێمە بەلاٚ بوون، ئەگەر ئەوان نەبان، رەنگبوو ئێشکگریەکەمان وا بە رێکی نەگرتایە، ناوە ناوە دەیانگوت:

((زۆر ئاگاداری زیندانیەکان بن، دەرگاکە نەشکێنن...))

ئیدی ئێمەش دەبوو بەو بەفر و سەهۆڵبەندانە لە کاتی ئێشکگری چاومان لە ژووری زیدانیەکان با و لە پێش دەرگاکە پیاسەمان بکردایە.....

زیندانیە بە تەمەنداچووە بە قسەکە کاتیٚ لە کولانکەکەوە منی دەدیت لە ناو ئەوشەوە سپیەدا دەهاتم و دەچووم و لەرز لەرز هەڵدەرزیم، باوکانە دەیگوت:

کوڕم بڕۆ خۆت گەرم کەوە، خەمی ئێرەت نەبێت، نایەڵم دەرگا بشکێنن...

دەمگوت:

نا، قەیناکە، پیاسەی ناو بەفر خۆشە..

دەیگوت:

رەنگە وابێت، بەڵام بۆ من نەك بۆ تۆ..

ئەو قسەیەی زیندانیەکە زۆر ئازاری دەدام، نەمدەزانی گوناهی ئەو زیندانیانە چیە، یان شتێکی کەمم دەزانی، بەڵام خۆم بە گوناهبارێکی گەورە دادەنا، لە دڵی خۆم دەمگوت من بۆچی هاتم تووشی چی بووم، باشە من و پاسەوانیی زیندانیان گۆتیە! با بۆ کاتژمێرێکیش بێت، ئەوە ئیشی من نیە.. زۆر جار نزیك دەبوومەوە لە کولانکەکەو گوێم دەدایە قسەی پیاوە زیندانیە بە تەمەنەکە، هەرچەندە یەك دوو جار گوتیان:

((زۆر گوێ لە قسەی زیندانیان رامەگرن..))

بەڵام من گوێم نەدایە ئەو قسەیە و بە دڵی خۆم گوێم بۆیان شل دەکرد... ئەو زیندانیە بە تەمەنە ((یەکێتی سۆفیەت) ی دیتبوو، نەك هەر دیتن شارەزای هەموو کون و کەلەبەرێکی بوو، ناوی هەموو پیاوە ناسراوەکانی ئەو وڵاتەی دەزانی، زۆر شتی لە بارەی هەموو سەرکردەکانی ئەو وڵاتە بە وردی دەزانی، دەیزانی ستالین چەند کەسی ناسراوی کوشتووە، ناوی هەموو نووسەر شاعیرە ناسراوەکانی ئەو وڵاتەی لەبەر بوو، ناوی پاڵەوان و کەسەکانی ناو بەرهەمەکانی مەکسیم گۆرگی و جەنگیز ئیتماتۆڤ و ئەوانەی هەموو لەبەر بوو، هەرچی وتەی گرنگی لینین و ستالین هەیە لەبەری بوو، لە نێوان سێ چوار رستە گوتەیەکی یەك لەوانەی دەگوتەوە، جگە لەوە ناوی کۆمار و شار و گوند و رووبار و چیای یەکێتی سۆفیەتی هەموو دەزانی، شارەزای جۆری خواردن و خواردنەوە و حەزی ژنەکانی ئەوێ بوو، هەموو، یان زۆر لەو شیعرانەی لەبەر بوو کە بە سەر لینیندا گوترابوون، دەتگوت گوگلە هەر ناوێکی ناو یەکێتی سۆفیەتت دەگوت، دوای کەمێك

بیرکردنەوە پێی دەگوتی، بە راستیش دەیگوت، بە تاقیکردنەوە بە دیار کەوتبوو بە راستی دەیگوتن.. بەڵام لە دەرەوەی سنووری یەکێتی سۆفیەت کۆڵەوار بوو..

ئەو لەو دیو من لەم دیو، نێوانمان دیوارێکی ئەستوور، کولانکەیەك قسەکانی دەهێناو دەبردین، بەو نیوە شەوە بەفرینیانە کولانکەیەك زیندانیەك و ئێشکگرێکی پێکدی ئاشنا کردبوو، نازانم ئەو پیاوە بۆ نەدەنووست، بەو درەنگانی شەوە هەر بە ئاگا بوو، زیندانیەکانیدی پرخە پرخی خەویان بوو، هەرچی پێشمەرگەیە لە خەوێدا بوون، کێ بە ئاگا بوو؟ ئێشکگرێکی گەنج و زیندانیەکی بە ساڵدا چوو.. زیندانیەك خۆی گوتەنی ((بە هەڵە گیراوە))، زیندانیەك توانای ئەوەی هەبوو تا رۆژ دەبێتەوە لە بارەی (جەمیلە) و (دایك) و (دۆنی ئارام) و (ماڵئاوا گۆلیساری) قسە بکات، زیندانیەك لە نیوەشەوێی دنیا تەزیودا شیعری مایکۆفسکی و رەفیق سابیری بۆ دەگوتم، زیندانیەك ئاخ بۆ دیتنی منداڵەکانی هەڵدەکێشێ و لە ناو ئەو ئاخەوە چاوەڕێیە پەرجووێك پێکێ ڤۆدگای رووسی بخاتە دەستیەوە..ئێشکگرێکیش کاتێ بە چیا کەوت نیازی شکاندن و خستنە سەر پشتی دەرگای هەموو زیندانەکانی دنیای لە دڵی بوو ، ئێشکگرێك رۆژێك لە رۆژان بە خەیاڵی دانەهاتووە ببێتە زیندانەوانی هیچ زیندانیەك جا ئەو زیندانیە با پیاوکوژیش بێت، پاسەوانێك ئەگەر برادەرەکانی ئەوانەی لە ناو پۆلی کۆلیژ بێ ماڵئاوایی بەجێیهێشتن، بەوە بزاننەوە کە برادەرەکەیان وا زیندانەوانی زیندانیەکی بە هەڵە گیراوە، داخوا بیرکردنەوەیان بە کوێ دا رێ دەگرێت! پاسەوانێك خۆی بە دۆستی قەڵەم دەزانێت!!

ئەو زیندانیە دەتگوت دەزانێت ئێشکگریەکەی من دەکەوێتە چ کات، دەتگوت حەز دەکات دوو بە دوو قسە بکەین، ئیدی لە بەختی ئەو یان لە بەدبەختی من، ئەو زیندانیە هەمیشە بە ئاگا بوو، هەمیشە حەزی لە قسە بوو:

((منی بە هەڵە گرتووە، بەڵام بەرانبەری هیچم لە دڵ نیە، لێی خۆش دەبم، ئاخر ئەو منی پێگەیاند، ئەو نەبا من چ بووم! ئەو نەبا دەبوو هەر لە دووی جۆتێ بم، ئەو منی

نارده بەهەشتی سەر دنیا، ئەو هەموو شار و جێیەم دیت، ئـەو هـەموو خەڵكـەم ناسـی، چاوم كرایەوە، فێرە شت بووم، هەرچیم لێبكات، بەجێی ناهێڵم، وا نیە ئەدی؟))

لەبەر دڵی وی دەمگوت: وایە

بەڵام لە دڵی خۆم دەمگوت: ترحێو، وەڵڵا ئەگەر دوو شەو من دەخەنە جێگـەی تـۆوە، لە عومری خۆی چاوی بە من ناكەوێتەوە..

ئەوی زیندانی دەیگوت:

پێویستە دوژمن و خائینان سـەریان پـان بكرێتـەوە، وەك چـۆن هـاوڕێ سـتالین سـەری هەموویانی پان كردەوە، بەس من خیانەتم نەكردووە، بە هەڵە زیندانی كراوم..

منی ئێشككگر دەمگوت:

باشە ڕێی تێناچێت، ستالین بە هەڵە سەری كۆمەڵێك كەسی پان كردبێتەوە.

ئەوی زیندانی دەیگۆت:

ڕەنگە بە هەڵە چەند كەسێك بەر كەوتبن، بەڵام ئەوە ئاساییە، شتی وا هەر دەبێت..

هەستمدەكرد ئەو پیاوە ئەگەر لە دەرەوەی زیندان بێت و لێپرساوێتی هـەبێت، ڕەنگـە پیاوێـك یبێـت زۆر تونـد و تیژانـە ڕەفتـار بكـات ، ئەوەنـدە نەرمیـەی كـە تێیدایـە هـی زیندانە.. لە خەفەتی ئەو زیندانیە نەرم و توندە و زیندانیەكانیـدی خۆزگـەم بـە ئـەبوو خالید دەخواست و دەمگۆت:

لە ئێوارێوە تا سبەی دروومان ، نەك یەك كاتژمێر ئێشككگری

ئەبوو خالید لە بن جەمەدانیەكەیەوە دیار بوو، پرچێكی جوانی درێژی هەیە، هەرچەند تەماشایم دەكرد، خۆم لە بەرانبەر دەروێشـیكی شـێخی نـەهری دەدیتـەوە، پرچـێك داوی سپی زۆر تێكەوتبوو، ڕۆژێ نـا ڕۆژێ ریـش و سمێڵـی پـاك دەتراشـی، خزمـەتی پرچیشـی دەكرد، حەزمدەكرد نهێنیی ئەو پرچ هێشتنەوەی بزانم نەمزانی، لە دڵی خـۆم دەمگـوت، ئـەو پرچـەت لـە بـن جەمـەدانی شـادۆتەوە بۆچـیتە، پـرچ بـۆ ئەوەیـە بـە دەرەوە بێـت، دەیانگوت:

((هاوینانیش پرچی ئەبوو خالید هەر لە ژێر جەمەدانیە،))

هەر کەسێك لە بارەی پرچیەوە پرسیاری لێبکردایە، هیچ وەڵامێکی دەسنەدەکەوت.. ئەبوو خالید بە کوردیەکی خۆش قسەی دەکرد، تێکەڵ لە بادینی و سۆرانی، یەك دوو جار لە ئێشکگریان دانا، تووڕە بوو، خراپ تووڕە بوو، دەیگوت:

((وەرە، شەو و رۆژ جلوبەرگیان بۆ بدوورە، لە ئێشکگریشت دابنێن.. ئاخر لەبەر من نەبێت هەمووتان بە قوون رووتی دەگەڕێن، حزبێك دەبێت بە قوون رووتی بگەڕێت..))

ئیدی تەواو کەس ناوی ئەبوو خالیدی لە لیستی ئێشکگران نەدیتەوە.. جارێکیدی ئەبوو خالیدم بە تووڕەیی دیتووە، بەڵام ئەو جارە ئێشکگری لە گۆڕێ نەبوو، تووڕەبوونێك بە کەس ئاشت نەدەبۆوە، بە عەرەبی و کوردی جونی دەدا، جونی پیس پیس، لە هەموو جونە عەرەبیەکانی تێنەدەگەیشتم، بەڵام بە گوێرەی جونە کوردیەکانی دیار بوو عەرەبیەکانیشی لە کوردیەکانی پیسترن، تووڕەبوونەکەش لە سەر ئەوە بوو، لە بارەگایەکیدیکەوە بەرپرسێکی تەواوێك گەورە، نامەیەکی بۆ ئەبوو خالید نووسیوە،داوای لێکردووە، داواکەیشی تکای تێدا بووە نەك فەرمان کە بە زوویی کورتەك و شەرواڵێکی بۆ بدروێ.. ئەبوو خالید بەوە شێت و هار ببوو، چۆن دەبێت پەلەی لێبکەن، یەك بە دەنگی خۆی بە عەرەبی هاواری دەکرد:

((ئاخر تۆ چیت داوا لە من دەکەیت، جلکت بۆ بدوورم! ئەگەر لە بەغدا دوکانی بەرگدروویيم بکردایەتەوە و بەگەڵ ئێوە نەکەوتمایە، ئێستا خاوەن خانووی بەرز و ماشێنی پان و ژنی جوان دەبووم، ئێستا منداڵم دەچوونە قوتابخانە...))

بەفر خاتری کەسی نەگرت، هەورە بەفراویەکان هەتا کلوو بەفرێکیان لە کن مابوو بەسەر کافێیان داباراند، هەتا خۆشناو هەواڵی هەڵەبجەی نەداینێ هەر بەفر بوو، دوا شیعری کوڕەکەی بانێ کە خوێندمەوە لە بارەی مەرگی هەڵەبجەوە بوو، دوا شیعری شاعیرە بەغداییەکە کە خوێندمەوە ماڵئاوایی بوو لە بەفر، دوا کورتەك و شەروال کە لە

سەر مەکینەکەی ئەبوو خالید بوو بۆ من بوو، دوا رستەی پیاوە زیندانیەکە کە من گـوێم لێبوو: ((پێویستە سۆفیەت لە سەر هەلەبجە هەڵبداتیێ))

دوا دیمەنی قاسم کە لە چـاومدا مابێـت، بـرینی سـەر پشـتی هێسـترە بـۆزی دەرمـان دەکرد، دوا دیمەن و قسەی رزگاریش، کۆترێکی نەخۆشی بـە دەسـتەوە بـوو، وەك شـێتان ئەو جێ و ئەو جێی پێدەکرد و وەك ئەوەی هەلەبجەی بە بەرچاوەوە بێت، بـە دەسـتێك لـە سەری خۆی دەدا:

((ئەی هەوار لە کوێی دانێم تا پشیلە نەیخوات.))

بەلاّم چەندی دەکەم دوا شەڕی ئەبوو عـەمارم بیر ناکەوێتەوە، ئەو شەڕانەی ئێستا حەز بە بینین و بیستنیان دەکەم..

ئیدی من مالّئـاواییم لـە کـافێ کـرد، ئـەو سـاتانەی ئـەنفال هـاتبووە ئـەوێ، مـن لـە جێگەیەکیدی لە بەر ئەنفال هەڵدەهاتم، ، کەسم نەدیتەوە کەس، هەمـوو پەرتەوازە بـوون، هەر یەکەیان کەوتنە جێگەیەك لەو دنیایە، ئێستاش نەمزانی کوڕەکەی بانێ چی بەسـەر هات، ئەوەی دیتمەوە، سالّی دوای سالّی ئەنفال، لە ناوزەنگی کەپری حەسـانەوە، دەبیـنم پیاوێ لە سەر بەردێ دانیشتووە، پێی لە سەر پێی داناوە، هـەوە هـەو نیـە، کـوڕە وەڵـلاّ هەوە ئەوە مام ئەحمەدی زیندانیە، کە منی دیت هەستایەوە و گوتی:

((نەمگوت منیان بە هەڵە گرتووە!))

گرتە، گرتە

لە بنی گارەوە تا سەری هەورێ

-١-

وەختانێك با دەیگوت:

لە گەشتەكانم

هاورێم زۆرن

بەڵام بە هەمیشەیی دەستی تۆم لە دەستە..

منیش دەمگوت:

دەستت بەرنادەم،

لە تۆ پتر حەزم لە گەشتە..

بەهار لە سەر باركردنە، تەڕی وكەسكایی خۆی دەپێچێتەوە، هاوین بە هەموو زەردی و وشكایەتی خۆیەوە لە ڕێیە، دەیەوێت بە پەلە لە جێی بەهاری ئەوێ هەڵبدا، بارەگاش وەك بەهار لە خۆ ئامادەكردنە، بەهار بۆ كوێ دەچێت؟ تا بەهارێكیدی وەڵام نیە، بەڵام بارەگا نیازی چوونە كەپرانی هەیە، پێشمەرگە نیە دڵی خۆشنەبێت بە وەرزی هاتنی كەپر، ئاخر ژوورەكانی ئەو بارەگایە هێند نەوین هێند نەوین، بزنی شاخدار شاخی بە كاریتان دەكەوێت، ژوورەكان هێند تەنگن هێند تەنگن، هیچ سەگێكی بەرەڵلاّ نەك وەرزێك حەفتەیەكیش تیایاندا ناحەوێتەوە، من لە دڵەوە حەزم دەكرد ئەو وەرزەش وەرزی كەپران لەگەڵ ئەو دەستە پێشمەرگەیە لە ناو كەپران بە سەرببەم، ڕەنگە بە هۆی ئەو پەیوەندیەجوانەوە بووبێت كە لە مێژ نەبوو لەگەڵ هەندێك لە پێشمەرگەكانی ئەو بارەگایە بەستبووم كە زۆریان هی دیوی ڕۆژهەلاّت بوون، ڕزگار و سەعیدەش هی ئەو دیو بوون، كە برادەرایەتی من لەگەڵ ئەو دووە خەریك بوو زۆر بەهێز دەبوو، سەعیدە ژنێك بوو بە واتای وشە ئێرانناس، سەری پڕ زانیاری بوو لە بارەی ئێرانەوە، لە هەر بوارێكەوە پرسیارت لێبكردایە وەڵامی جوانی هەبوو، لە بارەی شیعریشەوە دنیایەك شیعری فارسی لەبەر بوو، فەروغی هەموو

لەبەر بوو بە دەنگێکیش دەیخوێندەوە چ لە دەنگی مرۆڤ نەدەچوو، هەستتدەکرد دەنگێکە لە جێگەیەکەوە، لە شتێکەوە دێت کە بە مرۆڤ ئاشنا نیە،ئەو دەنگە وەها سەراسیمەی دەکردیت، بزردەبوویت، لە خۆت، لە دنیا بزر دەبوویت، بە سەر چیاکاندا بە سەر دەریاکاندا دەیگێڕایت، دەیبردیە ئاسمانێ، تێکەڵی بای دەکردیت، لە ناو رووباران دەیخەواندیت، مەستبوونێك مەستی دەکردیت، مەپرسە، رزگاریش جوان شیعری دەخوێندەوە هێمنی خەتمکردبوو، کوڕێك بوو جوان زۆر جوان، دەمویست ئەو هاوینە لە بارەگای نیوە ژن بمێنمەوە، نیهادێك هەبوو، زۆر قسە خۆش و قسە لە روو، زۆر جار دەیگوت:

((بە راستیتان پێبڵێم من لە پیاو بێزار بووم، لە هەستانێ هەر پیاو لە دانیشتنێ هەر پیاو، لە رۆیشتنێ هەر پیاوە، لە هەموو کات و جێیەك هەر پیاو، هەر پیاو لە ناو چاوتە، ئیدی حەزناکەم رۆژانە یەك وشەی (رفیق) لە زاری منەوە بێتە دەرێ، با بە (رفیقە) بانگی دەوری بەری خۆم بکەم، با لە جیاتی(ئەنتە) هەر بڵێم (ئەنتی)...))

راستی لەو بارەیەوە منیش وەك نیهاد بیرمدەکردەوە، بەلاّم شەرمم دەکرد وا بلێم، بۆیە حەزمدەکرد ئەو هاوینە لە جێگەیك بەسەرببەم کە سەراپا پیاوستان نەبێت، جێگەیەکیش بهێڵێتەوە کە ژنستان بێت..

من و رزگار و یەك دوانێکیدی رۆیشتین جێکەیەك ببینینەوە بۆ بارەگا، بارەگای کەپری، دەبوو دوور لە بارەگا کەپر هەڵدەین، چونکە دەمێك بوو کەوتبووینە سێرەی فڕۆکەوە، هەر فڕۆکەیەك لە هەر لایەکەوە هاتبا، بە ناپاڵمێك بە سەریدەکردینەوە، دوور تەواوێك دوور جێگەیەکی باشمان دیتەوە، کانیشی هێندە لێ دوور نەبوو، بە چەند تۆپە سۆندەیەك ئاومان دەگەیشتێ، جێگاکە بەرزایی بوو، دۆلاّییش بوو، لە رووی سەربازیەوە خراپ نەبوو، هەمووی دار و بار بوو، بنە دار بەڕووی وای لێبوو تۆپ نەیدەبڕیەوە.. رزگار گوتی:

((من و تۆ پێکەوە لەو بن دارە کەپرێك چێ دەکەین..))
زۆرم پێخۆش بوو..
لە دوورەوە زۆر دوور دەنگی تۆپ دێت، گارە بەردی لێبڕێ تۆپی لێنابڕێ..

-٢-
پێشمەرگەیەکی قژ گیابەندیی،
چاو رەش رەش
لە بەر خۆیەوە دەیگوت:
 ماڵئاوایی
هەر دەڵێی گوڵی ژاڵەیە،
تاڵ تاڵ.. گەش گەش..

لە سەر ئەوەین کە دار بۆ کەپر ببڕین، برووسکەیك هات، داوا کرابوو، من و چەند پێشمەرگەیەك بەرەو بارەگایەکی پێرسی بەرێبکەوین، بە بیرم هاتەوە گفتێکم بیرکەوتەوە:

((هەر کاتێك ویستمان بۆ بالیسان بچین بە دواتدا دەنێرم))

بەو هەواڵە پێیەکم کەوتە پێشێ پێیەك پاشێ، کێشە کەوتە نێوان پێیەکانم، هاورەوتی و تەبایی لە نێوانیان نەما، پێی گارەییم غەزریبوو نەدەجولا، پێی پێرسیم، لە هەوابوو خەریك بوو باڵ بگرێت، لە نێوان ئەو دوو پێیە ئەو دوو حەزە تێدا مابووم، ئاکام پێی پێرسی کە بالیسانی لە پێشبوو، پێی گارەیی لە دووی خۆی راکێشا، حەزی رۆیشتن سەرکەوت بە سەر حەزی مانەوە، کۆڵەپشتم تێکنا و کلاشینکۆفم خاوێنکردەوە و یەك دوو تەقەی هەواییم پێکرد، عەیبی نەبوو، وایە پێشمەرگە پێش ئەوەی بە رێبکەوێت دەبێت چەکەکەی تاقیبکاتەوە، بزانێت تەقە دەکات یان نا..لە ساتی ماڵئاوایی چاوم پڕ لە گریان بوو، رزگار و سەعیدە لە دڵەوە

هیوای سەلامەتیان بۆم خواست، ئەوانیدیش بە هەمان شێوە، ئاخر گەڕانەوە بۆ ناوچەی بالیسان وخۆشناوەتی لەو کاتدا واتە گەڕانەوە بۆ ناو گەرمەی شەڕێ، رزگار زۆر ئامۆژگاریی کردم کە پەل نەبم و زۆر ئاگام لە خۆم بێت، سەعیدە دەیگوت:

((هیوادارم یەکتر ببینینەوە..))

بەڵام ئیدی ئەو دوانەم نەدیتەوە، ئێستاش نازانم لە کوێی دنیان..

گارە ماڵاوا..

دەنگی تۆپ دێت..

-٣-

گوندێك دەیگوت

ئەگەر نیازی ئاسمانت لە دڵە،

دەستی لای من بگرە و

نوردووە نانێکیشم لێوەرگرە..

هێشتا رووناکایی سپێدە بەر هیچ لووتکەیەکی گارە نەکەوتبوو، بەرێکەوتین، ئێستا نازانم چ وەختی رۆژە، بەڵام دەزانم وا گەیشتینە ئەو هەورازەیەی کە رێك ئەو پارچە زەوییەی (بانێ)ی ئاسمانیی بە سەرەوەیە، لە جێگەیەکی ئەو هەورازەیە کە جارێکیدی لە هەمان جێ لە رادیۆکەی وشیارەوە، کە رادیۆیەکی گەلێك جوان بوو، هەواڵی مەرگی تایەر تۆفیقم بیست، مەرگی وی لە کنە من مەرگی پیاوێکی ئاسمانی بوو، ئەو بانێیە گوندێکە کەوتۆتە نزیك ئاسمانێ، چ بڕواناکەم گوندێك هەبێت لەو دنیایە لە بڵندی بگاتە شانی بانێ، هەموو خەڵك دەیانگۆت:

بانێ لە ئاسمانێیە خۆ لە عەردی نیە..

دەیانگۆت:

خەلکی بانێ ئاسمانی هەڵکەوتوونە، خەسلەتی خەلکی سەر زەویان تێدا نیە..

هەر لە بارەی بڵندیی بانێ دەبێت ساڵێك یان پتر بۆ دواوە بگەرێمەوە، واتە ئێستا چەند بۆ دواوە گەڕاومەتەوە تۆ ساڵێك و ئۆندەیدیکەشی بخە سەری، ئێمە دەستەیەك پێشمەرگە لە لای کۆلەکانەوە رووەو بانێی ئاسمانی دەچووین، لە رێ تووشی پۆلێك پێشمەرگە بووین، دیاربوو رێمان یەك بوو، ئەو پۆلە لە پێشمەرگەی سێ حزبی قاچاخ پێکهاتبوون (گەل، ئالا، ئیتجا) ئەو سێ حزبە هەر یەکەی لە حزبێکی گەورە قاچاخ بوون، لێیان جیاببوونەوە، ئیدی هەر چوار حزب وا بۆ ئاسمانێ هەڵدەکشێین، بۆ بانێ، هەر هەڵکشاین و هەر نەگەیشتینێ، لە بیرم بێت من جاری یەکەممبوو، لەو رێیە ئاسمانیە بدەم، لە رێیێ پێشمەرگەیەك وا بزانم (حاجی مەمۆ)یان دەگۆتێ لە یەکەم دیتنیش نازانم بۆ خۆشمویست، دیاربوو ماندووببوو، گوتی:

ئەرێ دەبێت گوندێك هەبێت لەو دنیایە هێندەی بانێ بڵند و نزیك لە ئاسمانێ بێ؟!

پێشمەرگەیەك هەلەم نەکردبێت ناوی بڵند بوو، بە بەژنیش زۆر بڵند بوو، ئەوها وەلامی حاجیی دایەوە:

زۆر گوند هەیە لە بانێ بڵندتر، بانێش هێندە بڵند نیە، بەلاّم ماندوێتی وا بڵندی کردۆتەوە.

پێشمەرگەیەکیدی جەوهەری ناو بوو، لە هەمووانیش خۆشتر دەڕۆیشت وەلاّمی بڵندی دایەوە:

دە ناوی یەك گوندم پێبڵێ کە لە بانێ بڵندتر، مەگەر بەس بە خۆت لەو بڵندتر بیت!!

لەو هەورازە هێزپڕووکێنە لەو ماندوێتیە پڕ تینوێتیە بووە یەك پێکەنین، بۆ چەند ساتێ تینوێتی و ماندوێتیم لە بیر چۆوە..

با بێمەوە ئێستا، ئێستای ئەو گوندەی دەکەوێتە بن بانێ، نا بەر لەوەی بێمەوە بن بانێ، دەگەڕێمە گرانی گەورەی دووەم، ئەو گرانیەی لە هەولێرێ کەپەکیش

دەستنەدەکەوت، باوك هەبووە منداڵێکی خۆی فرۆشتووە تا منداڵەکانیتری بژین، چەند کەس بەرگەی برسێتی منداڵەکانی نەدەگرت و خۆی بە زێدا دەدا، مووچەی مانگانەی مامۆستایەك کیلۆ شەکرێکی پێنەدەهات، ئەو گرانیەی لە وشکە ساڵی و شەڕی جیهانیەوە نەهات، ئەو گرانیەی ((پێشمەرگە)) هێنای، ئەو گرانیەی کەس بە کەس نەبوو، لەو گرانیەدا، حاجۆ مەمۆ لە بنی دنیاوە، ناوە ناوە دۆلاری دەناردەوە، چەند کەسێکی راسپاردبوو بە سەر نەدارانـدا دابەشی بکەن، من جارێك شتێکم بەرکەوت..

گوند مەیلەو چۆل بوو، ناوێکی نزیك لە چاربۆتی هەبوو، تاقولق خەلکت دەدیت، هەر چۆنێك بوو مەنجەڵە ماستێکمان پەیداکرد، بە نانی خۆمانەوە خواردمان..

تۆپ ، پێش ماوەیەك کە لە گوندە ئاسمانیەکە بووین، لە دلّی خۆم گوتم، تۆپ لە ئاسمانیٚ ئەوهامان لێبکاتن ئەدی ئەگەر بچینەوە سەر زەوی دەبێت چ بقەومیٚ!

-٤-

زەوی ژنێکە زار پڕ لە گلەیی

دەڵێتە زیٚ ئەگەر رێت کەوتە ئاسمان پێیبێژە:

بیکە خاتری خواوەندی نەرمی

چاوێکت لێمبیٚ

هەموو گیانم ئاسنرێژە..

گەیشتینە گوندێك ناویم لە یاد نیە، بەلاّم لەبیرمە لەوێوە بە دووربین رەزیان جوان دیاربوو، داروبارەکانی دیاربوو، (هەڕنیٚ)ش هێندە دوور نیە، ئەو گوندەش نیوە چۆلە ، لە دامێنی گوند پشووێکمان دا، گۆماوێکی گەورەی لێبوو، لە لایەکیەوە ئاوێکی کەم دەڕژایە گۆماوەکەوە، واتە گۆماوێك لە دەو کانی، نەمدیت ئاوی لەبەر بڕوات،

دیاربوو، ئەو گۆماوە تایبەت بوو بە مەڕو مالاَت، پیس بوو، ناوی پڕ لە ریخ و قشپل، دوو سێ چوار بنە داری گەورەش گۆماوەکەیان لە سێبەر ێکی چر گرتبوو، ئێمەیان لە سێبەری خۆیان حەساندەوە..جگەرەیەکم پێچابۆوە وا بزانم دامنەگیرساندبوو.. ئێمە و گۆماو و ئەو درەختانەی سێبەریشیان لێکردبووین لە پڕ هەموومان کەوتووینەتە بن سێبەرێکی گەورەتر و چڕترەوە، سەرەتا وامزانی پەلە هەورێکە و بەگرمەوە بەری رۆژی لێمان گرت، هاڕەیەك هات زەویی لەرزاند، ئۆی چ ببینین، رەوە فڕۆکەیەك بەری ئاسمانیان گرتووە، ئاسن ئاسن بە سەرماندا ئاسنیان باراند، دنیا لە تەپوتۆز گیرا، لە خوار ئێمەوە دووکەڵ دەتگوت لە دۆزەخەوە بەرزدەبێتەوە، من کەوتمە چ باریك و چەند ترساوم ناتوانم ئەوکاتی خۆم نیشانبدەمەوە و بگێڕمەوە، ئەوە نەبێت، لە ماسی سووکتر خۆم فڕێدایە ناو گۆمەکەوە ئەو گۆماوەی ریخ دەتگوت سەرتوێیە و سەری گرتووە، ئاگام لەوەش هەبوو برادەرانیش جەمەدانیەکانیان دەخستە ناو ئاوەکەوە، لە بیرمان بێت سەردەمی کیمیا، سەردەمی سەدام و عەلی کیمیایی هەموو شتێکی پێدەکردی، من لە ترسی کیمیا وامکرد، دەیانگوت:

((لە دنیاییێ -دنیای کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیست لە کوردستانێ- تەنها سێ شت هەیە لە کیمیا بتپارێزێت:

١- بەرزایی تا بۆت دەکرێ بە بەرزایی هەڵگەڕێ..

٢- ئاگر، لە دەور و بەری خۆت ئاگر بکەوە..

٣- ئاو، خۆت تەڕ بکە..))

من دەستم بە ئاوەکە راگەیشت، کاتێ فڕۆکەکان بزر بوون، یەك پێ بەرەو بەرزایی رامانکرد، فریا نەکەوتین دەنا ئاگریشمان دەکردەوە، لە هەلاتنێ لە هەواڵی یەکترمان دەپرسی، قسەمان لە رووداوەکە دەکرد، ئەوەی لە بیرمە:

+ ئەوە کیمیا نەبوو؟

+ نا، باوەڕناكەم.

+كێ دەڵێت هەو نەبوو؟

+ كوا هیچمان لێهاتووە!

+خۆ یەكسەر بە دیار ناكەوێت

+لێمان دوور بوو

+كەس چاوی ئاو ناكات، نازووریێتەوە؟

+ ئای دەڵێی من چاوم دەزووریێتەوە.

+ نا چ نیە تۆزی كەوتۆتێ

+ نا، كیمیا نەبوو

+ من دەڵێم هەوبوو، بەلاّم باش بوو زوو خۆمان رزگار كرد

لە دوورەوە تەماشای جێگەی بۆردومانەكەمان دەكرد، كە رێك دامێنی گوندەكەی گرتبۆوە، نازانم چۆن ئەو فرۆكانە ئەو هەلەیان كرد و ناو گوندیان نەگرتەوە، رەنگە وایان دانابێت كە ئەو چەند ماڵەی لەو گوندە ماونەتەوە رەنگە خۆیان لەو دۆلاّییە شاردبێتەوە..

دارا، زۆر جاریدش دەیگوت:

((من هەموو ئەو دووكەلاّنە دەناسمەوە كە كیمیایین، لە رەنگیان دیارە، هەموو ئەو بۆنانە دەناسمەوە كە كیمیا لە خۆیانی دەدات، هەتا دەنگی ئەو ناپاڵم و تۆپانەش دەناسمەوە كە كە كیمیایان هەڵگرتووە..))

دارا، دەمگەڕێنێتەوە چەندساڵێك دواتر، گرانیی گەورە لە سەر رەوەینەوە بوو، ئەو كوڕە هەر لە خۆڕا كەوتە بەر پەلاماری خێڵێك لەو خێلانەی بە هەولێر وەركرابوون، هەر كاتێك خێڵ دەستی دەدایە چەك و بە كۆلاّن وەردەبوو، پۆلیس دیار نەدەما، دەرگای پۆلیسخانەیان لە سەر خۆیان دادەخست، تا تەقە دەبڕا، تا شەڕ دەوەستا، تا خێڵ دەگەڕایەوە ماڵ، پۆلیس نەدەهاتە گەڕەك، ئەو دەمەی پۆلیس

هات دارا و چەند ژن و پیاوێ لە ناو خوێن دەگەوزین، بە گوللەی خێلی شاری گیانیان سپارد..

بە پێی ناسینەوەکانی دارا ئەوەی ئێمە گوێمان لێبوو، دیتمان، بۆنمانکرد، کیمیا نەبوو، بە تێکڕای دەنگ دەنگمان لەسەر ئەوە دا کە ئەوەی بوو کیمیا نەبوو..

لە ڕێیێ هەموو بە من پێدەکەنین، بە ترسانی من پێدەکەنین، یەك گوتی:

ئەدی تۆ نالێیت، من مەلە نازانم، نەترسای بخنکێیت!

یەکیدی دەیگوت:

ماسیەکی جوان بوویت لە ناو گۆمیێ..

یەك دەیگوت:

بە ئاوی حەفت زێ بۆنی ڕیخت لێنابڕێ..

یەکیدی لە بەرژەوەندی من قسەی کرد:

چ جەمەدانیت لە ڕیخاوێ هەڵبکێشی، چ هەموو جلەکانت، چ جیاوازیەکیان نیە..

ئیدی وازیان لێمهێنا، هەستمدەکرد بۆنی ڕیخ گێژم دەکات، بۆنێك سەد قات لە بۆنی کیمیا ناخۆشتر ئاخر دەیانگوت، کیمیا بۆنی سێو و ئەو شتە خۆشانەی لێدێت..

لە لای ڕاستمانەوە تۆپ، تۆپ

-٥-

پێشمەرگە سوراو و سپیاوی ژیانی دزی و

بە ئاشکرا لە رووی مەرگی هەڵسوو

ژیان جوانترە لە جاران

مەرگ مەرگترە لە جاران و جوان نەبوو..

ئێستا نازانم چ کاتە، ڕێمان کەوتەوە نزیك زێ، گوتیان ئێرە (بلێ)یە، بلێ چ بلێ ، خشتێکی بە پێوە نەماوە، دەتگوت لە سەردەمی سولتانەکانی عوسمانیەوە وێران

بووە، ماوەیەکیدی ڕۆشتین، ڕێگە چۆوە سەر زێ، جێگەیەك هەموو دار و بار بوو، لەوێ درەختی زۆر بە تەمەنم دیت، تەمەنیان لە شۆرشی کورد کەمتر نەبوو، لە شکستی کورد کەمتر نەبوو، لە سەر درەختێك بە قەڵەمبڕەکەم نووسیم

((ئەوجارەش خەریکە دەردەچین))

بە ئاوی زێ تامی گۆماوەکەم لە خۆم سڕیەوە، لە بن ئەو درەختە بە تەمەنانە کە سێبەرێکی فێنکیان بە سەر کەناری زێدا هەڵخستبوو، دانیشتین و هەر یەکە قوتووە گۆشتی خۆمان گەرمکردەوە، بەلاّم بە ئاگرێکی وا کە دووکەڵی زۆر بەرز نەبێتەوە، ئەوەش بڵێم ئەوە بۆ یەکەمجارە کۆڵە پشتی من لەو جۆرە گۆشتانەی تێدا بێت، ئەوانەی سەلکە چێڵە جوانەکەیان تێدایە، ئێستاش جار و بار بە یادی بن ئەو دارانەوە لەو جۆرە گۆشتە دەخۆم، بەلاّم تامی ئەوێ لە کوێ هی ئێرە لەکوێ، چ تامێکی هەبوو خودایە! چایەشمان لە بنە مەتارە لێنا، من تا بۆم کرابێت نەمهێشتووە کۆڵەپشتەکەم شەکر و چای لێببڕێ، زۆر پێشمەرگەیدیش وەك من، ئەو جێگایە گەلێك جوان بوو، دیمەنێکی دڵرفێنیان لە چاوت دەنەخشاند، لەوێ بە دەست خۆت نەبوو دەبوویتە کەسێکی ڕۆمانسی، عاشق، حەزت دەکرد بە عەشق جێگاکە جوانتر بکەیت، بە دەم شەپۆلی زێوە، بەدەم لەرینەوەی گەلای دارەوە، بە دەم ئەو بایە فێنکەی دەتگوت لە عەشقستانەوە دێت تێکەڵی شەپۆل و شنە و لەرەی عەشق بیت، من لەوێ بە خەیاڵ دەستی کچێکم گرت و لە کەناری زێ دانیشتین و بە دەم قسەی خۆشەوە پێمان دەخستە ئاوەکەوە، لە پڕدا دەنگی فڕۆکەیەك کە لە بەرزایی زۆر بەرزەوە دەهات ئەو خەیاڵە جوانەی لە ئاوەکەدا دەخنکاند.. پشتم بە درەختێك دا، دەبێت خەوم لێکەوتبێت، ئاخر خەونێکم دیت، خۆزگە لە هەر نووستنێ سەد خەونی ئەوهام دەدیت..

ئەوەش هەر تۆپ بوو

-٦-

له چارەی رەشی رەشماڵێ، وا نووسراوە:

له خۆم چارە رەشیێ

دەبێت له دنیا خۆم بپێچمەوە

ئاغا له هەموو دنیا هەڵیداوە..

خەریك بوو رەشماڵ له بیربکەم، بەر له گێڕانەوەی خەون دەبێت بۆ ئەو رەشماڵە بگەڕێمەوە، ئەو رەشماڵەی له نزیك ئەو گوندەی کە فرۆکەکان هەرچی پەلە ئاسنی روسیا و ئەمریکا و دنیا هەبوو بە سەر مانیاندا باراند و من لە ترساندا خۆم هاویشتە گۆماوی ریخەوە، لەوێ کەمێك دوور لە رێ رەشماڵێکی رەشکۆکە لە چۆلەوانی هەڵیدا بوو، رەنگە بۆ پڕکردنەوەی مەتارە بووبێت لاماندایە تاقە رەشماڵ، ژن و پیاوێك و دوو سێ منداڵی سەلکە و بنکە لە زاری رەشماڵێ دانیشتبوون، دە پازدە سەر بزنیش لە دەورەی رەشماڵێ دەلەوەڕان، سەگەکەش هەر بە دیتنی ئێمە دنیای تێگەیاندین، بەڵام بە بانگکردنێکی پیاوەکە کڕبوو، کڕبوونێك وەك ئەوەی رادیۆ بکوژێنیتەوە، هەتا هەستاشین گوێمان لە دەنگی سەگ نەبۆوە، قسەیەك لەو قسەیەك لە ئێمە، بۆچی لەو دنیا ئاوەدانە بە تاقی تەنێ و لەو چۆلەوانیە هەڵیداوە؟ کابرا خەمبارانە سەرهاتی خۆی گێڕایەوە، زۆر بەکورتی سەرهاتی تاقە رەشماڵ ئەوەیە:

ئەو ماڵە خەڵکی ئەودیوی گوندە ئاسمانیەکە بوون، گوندێك نزیك لە گوندی کافێ، لەگەڵ ئاغای ئەو دەڤەرە دەبێتە کێشەیان، بە هەڵەدا نەچووبم ئاغا ناوێکی وەکو رەزای هەبوو، له ناو پێشمەرگانیش پلەیەکی گەورەی هەبوو، ئاغا گۆتبوویە ئەو پیاوە له دنیا تەریوە:

ئەگەر پەشیمان نەبیتەوە لەو ئیش و قسەیەت ئەوا دەڤەر بە دەرت دەکەم..

کابراش دەیگۆت:

منیش ئەوها وەڵامم بۆ ئاغا ناردەوە:

ئەگەر دنیا بەدەریشم بکەیت، لە قسەی خۆم پەشیمان نابمەوە، چونکە من چ غەلەتانم نەکردووە..

ئیدی ئاغای پێشمەرگە بڕیار دەدات:

ئەگەر هەتا سێ ڕۆژان ئێرە بەجێنەهێڵیت، ژنەکەت بێوەژن و منداڵەکانت هەتیو دەکەم

ئاغا گوتبووی:

هەتا من لە ژیان بمێنم، هەتا کوڕو نەوەکانم لە ژیان بمێنن تۆ و نەوەکانیشت پێیان بێرە ناکەوێتەوە..

پێش هەستانمان پیاوە لە ئاغا یاخیەکە گۆتی:

نازانم چ بکەم! ئەگەر سەریشم تێدا بچێت سەر بۆ ئاغا شۆڕناکەم، لێرەش ناحەوێمەوە، ئەوڕۆ نا سبەی بەر دەستی حکومەت دەکەوین ناچارم خۆ رادەستی حکومەت بکەمەوە، لە ناو حکومەتیش لێم ناگەڕێن لە ماڵی خۆم دانیشم، دەبێت چەك هەڵبگرم و ببمە جاش، کە بوومە جاشیش ئەوە دێمە شەڕی پێشمەرگان، دێمە شەڕی ئێوە..

چەندی سەرمان هێنا و برد، چ چارەیەکمان بۆ ئەو پیاوە نەدیتەوە، من بیرم کردەوە ئەو ئاغایەم دیوە و لە دڵی خۆمە گوتم:

دەستخۆش دکتۆر مەحموود، هەر تۆ باشت ناسیبوو..

-٧-

گوڵ لە هەموو پەنجەیەك زویرە

بە پەنجەی عاشقیشەوە

بەڵام منداڵ پێشی لێنێ

هەر گوڵە و پێدەکەنێ..

دەڵێی خەونێکی شەرماویە بۆیە هەر خۆم لە گێڕانەوەی دەپارێزم و بۆ ئەولاتر دەگەڕێمەوە، جارێك لەگەڵ دکتۆر مەحمود، مەبەستم دکتۆر مەحمودی بەراستی نیە ئەو دکتۆرە خەڵکی رۆژهەڵات بوو، ژنەکەی خوشکی ئەو سەعیدەیە کە لە هەموو ئێرانیان ئێراناستر بوو، لە هەموو شاعیرانیش جوانتر شیعری دەخوێندەوە، ژنەکەی دکتۆر ناوی فیردەوس بوو، لە جوانیدا هیچ فیردەوسیەك نەیدەگەیشتیێ، تا بڵێی بەرێز و ژیریش بوو، دکتۆر مەحمودیش زۆر جوان بوو، ئەو دوو جوانە کچێکی تەمەن سێ چوار ساڵەیان هەبوو،(سنوور)چ سنوور لە جوانیدا نە لە عەردی نە لە ئاسمانێ منداڵی ئەوها جوان کەس نەیبینیوە، کەس باوەڕی نەدەکرد ئەو منداڵە زادەی مرۆڤ بێت، هەتا دایك و باوکی لێی بە گومان کەوتبوون کە ئەو سنوورە لەوان بێت، هەر ئەو جوانیەشی وای لە هەندرێن کرد کە کاتی خۆی ئەو سنوورە جوانە بخاتە شیعرێکی جوانەوە.. ئەو دکتۆر مەحموودە کە نیوە دکتۆریش نەبوو، ناوی دەرکردبوو، نەخۆش نەبوو بە دەرمانی وی چاك نەبێتەوە، زۆریش ماندوو بوو، لە هەرجێگەیەك نەخۆشێك هەبایە و توانای هاتنی بۆ بارەگا نەبایە دەچوو، هەقی نەبوو دوورە نزیکە، بەفرە بارانە، شەوە رۆژە، چەند جارێك منیش لەگەڵی چوومەتە سەر نەخۆشان، گوێم لێبوو بە منیشیان دەگوت دکتۆر، خەڵکی ئەو گوندانە ئەوها بوون، ئەوەی لەگەڵ دکتۆریش بگەڕابا دەبووە دکتۆر، رۆژێك دوو پیاوی ئەو ئاغایە، بەهەلەداوان هاتنە بارەگاو گوتیان ژنی ئاغا زۆر نەخۆشە، من بەگەڵ دکتۆر کەوتم ، گوندی ماڵی ئاغا نزیك بوو، کە گەیشتینە گوند دکتۆر گۆتیە دووپیاوەکەی ئاغا:

ئێوە بڕۆن من خۆم دێم..

ئەوانی بەرێکرد، لە پەرگەی گوند چووینە ماڵێك پیرێژنێکی زۆر پیر لە جێ کەوتبوو، بە دیتنی دکتۆر قیتبۆوە و گوتی:

ئەز حەیرانێ تەم، وەرە وەرە..

دکتۆر پشکنینێکی خێرای بۆ کرد و چەند دنکە حەبێکی دایێ..

لەوماڵەوە چووە ماڵێکیدی، هەتا گەیشتینە ماڵی ئاغا، لێم نەبێتە درۆ شەش ماڵی کرد، ماڵی حەوتەم ماڵی ئاغایە، لە ڕێ گۆتمە دکتۆر:

بۆچی یەکسەر نەچوویە ماڵی ئاغا؟

گوتی:

با تێبگات کە من پێش ئەوەی چارەسەری ئاغایان بکەم، هی کرمانجان دەکەم..

گوتم:

بەڵکو نەخۆشەکەیان لە بارێکی ترسناك بێت و هەتا دەگەینێ بمرێت.

بە پێکەنینەوە کە کەس زارو ددانی نەدیوە لەبەر سمێڵە گەورەکانی:

نا، دەزانم نەخۆشیەکەی هێندە ترسناك نیە..

هەر لە بارەی سمێڵی دکتۆرەوە جارێك برادەرێك بە فیردەوسی گوت:

ئەرێ تۆ دەمی دکتۆر مەحموودت دیوە؟!

کە گەیشتینە ماڵی ئاغا، دکتۆر سلاوێکی ساردی کرد و گوتی :

کوا نەخۆشەکە؟..

چووە سەر نەخۆشەکە و نازانم دەرزی لێدا، حەبی دایێ، زۆری نەبرد گوتیان نەخۆش حالی زۆر باشە، وا بزانم نەخۆشەکانی دەڤەری زێبارەتی هەر بە دیتنی دکتۆر مەحموود چاکدەبوونەوە..

دەمدیت دکتۆر زۆر ئاغایانە ڕەفتار دەکات، لێم تێکچووبوو ڕەزا ئاغایە یان مەحموود، ئاغا بە ڕێزەوە قسەی لەگەڵ دکتۆر دەکرد، بەلاّم دکتۆر بە سەری لموزەوە وەلامی دەدایەوە، ئاغا سوێندی خوارد کە نیوەڕۆ نابێت بڕۆین، چەندی کردمان بەلاش بوو، دکتۆر حەزی نەدەکرد لە ماڵیان بمێنێتەوە، بەلاّم ئاغا نەیهێشت، لە کاتی دەستشووشتنێ، دەبینم دکتۆر مەحمود لە ئاغا ئاغاتر دەستی لە سەر دەستشۆرك ڕاگرتووە و غولام ئاوی پێدا دەکات، من دەستمم نەشووشت، بە چرپە گۆتمە دکتۆر مەحموود:

مەحموود ئاغا، ئەز غولام، ئەمرکە، چ شۆل نینە..

مەحمود دایە یەك پێکەنین ئاغا بێ ئەوەی بزانێ چ باسە لەگەڵ مەحمود پێدەکەنی، هەر بە چرپە مەحمود ئاغا ئەوها وەلامی دامەوە:

لێرە دەبێت ئەوها بکەیت، دەنا ڕێزت ناگرن، تووڕەم مەکە، دەنا لە دوای نانخواردنێ، دەبێت ئاغا بە دەستی خۆی ئاو بە دەستی مندا بکات..

کاتێ ماڵی ئاغامان بەجێهێشت، دکتۆر مەحمود ئاغا، گۆتی:

کوڕە تۆ ئەو ئاغایانە ناناسیت، نازانی چ لەو خەلکە هەژارانە دەکەن..

دکتۆر دەنگی دابۆوە، بەلاّم نەشتەرگەریەك هەر بە جارێك پلەی دکتۆری بردە ئاسمانێ، نە من نەکەس نەمانبیستبوو، دکتۆر نەشتەرگەریی گەورەی ئەنجام دابێت، بۆ خۆی لە هی گچکە دابوو! ژنێك چەند ڕۆژێك بوو بەژانەوە، ڕزگاری نەدەبوو، دەستیشی بە هیچ شارێك، دکتۆرێك ڕانەدەگەیشت، ئەو ژنە بە خۆو بە مێردەوە پێشمەرگەی پەکەکە بوون، وازیان لێیان هێنابوو، لە ترسی وازهێنان وا بزانم خۆیان خستبووە بارەگای(ئیتجای دیموکراتی)، هەواڵ گەیشتە دکتۆر مەحمود، گوتی:

بۆ منی لێبگەڕێن.

دواتر بۆمی گێڕایەوە:

کتێبێکم هەبوو لە سەر منداڵبوون و نەشتەرگەریی ژنان، بە خێرایی خوێندمەوە.

دکتۆر، تانیای بەگەڵ خۆیدا، ئەو تانیایەش شتێکی لە داو و دەرمان و برینپێچی دەزانی، دکتۆر کە تەماشای ژنەی کردبوو، گۆتبووی:

بەس نەشتەرگەریی گەورە چارەیە دەنا هیچ..

بە مێردی ژنەکەی گۆتبوو:

من بە ناچاری خۆم لەو کارە دەدەم، ئەگەر دەرچوو ئەوا دەیکەینە شایی، بەلاّم ئەگەر دەرنەچوو نەمکوژی!

مێردە ڕازیبوو..

دەیانگوت:

((ماوەیەکی باشی پێچوو، هەر هێندەمان زانی گریانی ساوایەك مژدەیەکی دایە بارەگا، پاش ماوەیکیدی دکتۆر لە ژووری نەشتەرگەری، کە ژوورێکی گچکەی نەوی بوو، بە خۆ و بە سمێڵە گەورەکەیەوە سەری هێنابووە دەرێ و گۆتبوویە مێردەکەی: شایی شایی))

ئیدی ئەو نەشتەرگەریە گەورەیە دکتۆر مەحمودی کردە ئەفسانە..

-٨-

دەنگێك لە رووبارەوە دێ

ئەگەر خوداوەندیش نەبێ لە هی ئەو دەچێ:

لە لانکەوە تا گۆڕ

هەیە و نیەی دنیا هەموو

جگە لە خەون، وای لە خەون

تەنێ خەون بەرزەفت نەبوو..

من دەبوو زووتر بڵێم کە لەو دەستەیە ژنێکیشمان لەگەڵە، ژنێك دەمێکە پێشمەرگەیە، من لە مێژە دەیناسم، ئەگەر خەونێکی وام نەدیتبا بە رێزەوە ناویم دەهێنا، بەلاّم چ لەو خەونە دەکەیت، یان نابێت بیگێڕمەوە یان نابێت ناوی پێشمەرگە ژنەکە بێنم، رەنگە گێڕانەوەی خەونەکە لە ناوهێنانی ژنەکە خۆشتر بێت، روو لە زێ پشتم بە درەختێك دابوو، ئەو درەختەی شتێکم لە سەری نووسی، نازانم کێ جلەکانی لەبەر کردمەوە ،ئەوەش نازانم چۆن بە رووتی لە دەو کەنارەکە راکشاوم، لە پڕدا دیتم ژنێك زۆر لەو ژنەی وا لەگەڵمانە دەچوو، لە سەر سەرم پەیدابوو، لە چاو ترووکانێك ئەویش خۆی رووتکردەوە، چ لەشولارێکی بەفرینی

هەبوو خودایە! لـە سـەررا خـۆی پێمـدا دا، خـەریکبوو پەراسـووم بشـکێ، بـەڵام لـە خۆشیدا قسەم نەکرد، لەو دەو زێیە کە بە لمێکی جوان رازابۆوە، لمێك هەر هـی ئـەوە بوو عـەشقی تێدا بکەیت، هەر هی ئەوە بوو کچێکی وەك ئەوەی وا لە باوەشی منـە، لە باوەشت بێت یەکتر بگەوزێنن، ئێمە واماندەکرد لە ناو لمێ یـەکترمان دەگەوزانـد، لـە دوا گـەوزدا مـن کەوتمـە سـەرەوە، ئـەوکات بـە جـوانی لـە دەموچـاویم روانـی و دڵنیابووم کە ژنە پێشمەرگەکەیە، لەو کاتە دەنگێـك لـە گـوێی مـن زۆر بـەهێز بـوو گوتی:

هەستە، هەستە..

چاو دەکەمەوە، هەموو لە سەر رۆیشتنن، ئەوەی بانگیشمی کرد ژنەکە بوو، یەك کەمی مابوو بڵێم:

کچێ خواگیر، لە خەونیش نایەڵیت تامت بکەم..

لە رێ هەتا گەیشتینە جێ دواتریش، بە خەیاڵ دەمویست بەراوردێك لە نێوان ژنی خەونێ و ئەو ژنەی وا لەگەڵمانـدا بـە جلـی پیاوانـەوە دەڕوا بکـەم، دەمویسـت هـەر چۆنێك بێت شوێنێکی ناسکی ئەو ژنە بە رووتی ببینم، جار جارەش رقم لە خولیایەی خۆم دەبۆوە و خۆم بە خۆمم دەگوت: چـەند پیسـم، ئـەو بـە چـاوی برایـەك تـەماشـام دەکات کەچی من..

دنیا دەنگی تۆپی لێنابڕێ

-٩-

لە رێی شەوبا

کزەیەك لە پەیامی سرووشت گەیشت:

له مرۆڤ دەمدەمیترم نەدیوە

دەمێك نەفرەت دەنێرێ

دەمێك شاگەشكەی جوانیمە..

برۆ، هەر برۆ هەر نەگەیشتینێ، تاریكیمان بەسەردا هات، تاریكی رێگە وبانی داپۆشی، تاریكیەك چاو چاو نابینێ، من چم نەدەدیت، نە عەرد نە ئاسمان، نەپێشمەرگە نە هیچ، نەمدەزانی ئەوەی پێشەوە، چاوساخەكە، چۆن بەو تاریكیە كە هێستریش رێ نابینێتەوە ئەو دەیبینێتەوە، لە هەندێ جێگەی چیاشەوە ئاگر بەرز دەبۆوە، بەلاّم ئەو ئاگرە نەك هەر رێگەی ئێمە رووناك نەدەكردەوە بەلّكو تاریكی پتری دەهێنا، بینایی نابیناتر دەكرد، برۆ، شەش حەوت پێشمەرگە تیژ تیژ تاریكیمان دەبڕی، نازانم بۆچی ئەوها خێرا دەڕۆیشتین، چاو ساخ ناوە ناوە دەیگوت:

((نەكەن، جگەرە داگیرسێنن، رووناكایی دنكە شخاتەیەك، یەكسانە بە مردنمان..))

خودایە ئێمە لە كوێین، ئێرە كوێیە كە مردن لەگەلّ هەلّكردنی جگەرەیەك بگاتە سەرت، كوا رەبیەی جاش و سەربازان لە كوێیە!

لە دۆلاّییەك پشووێكمان دا، لەو دۆلاّییە جگەرە پێكردن قەدەغە نەبوو، بەو تاریكیە لە سەر یەك دوو سێ جگەرەم پێچایەوە، لە كاتی حەسانەوەش ژنەكەی ناو خەون و دەرەوەی خەونەكەم بیردەكەوتەوە، هەتا گەیشتینە رووناكی جارێكیدیش پشووێكمان دا.. لە بەرزاییەك مانگمان لێهەلّهات، مانگێك بە قەد ژمارەی جاش و سەربازان ئەستێرەی لەگەلّ خۆی هێنا، لە كاتی ماندوو بوون و ترس و برسێتی و تینوێتی، كێ جوانی لە سرووشت دەبینێتەوە! من لەو بەرزاییە كە هێندەی مێژوویێك ماندوو بووم، هێندەی گرانیەك برسی بووم، هێندەی بیابانێك تینوو بووم، هێندەی هەموو ئەو كارمامزانەی كە لە چیای شیرین، ئەو چیایەی بەو شەوە رووناكە وا لەو بەرەوە لێمان دیارە، كەوتوونەتە ناو تەقو تۆقەوە، ترساوم، چۆن چێژ لە تریفەی

مانگەشەو وەرگرم، لە درەوشانەوەی ئەستێران وەرگرم، لەو بایە فێنکەش وەرگرم کە دوور نیە لە ئاقاری بەهەشتەوە هەڵیکردبێت!

لە جێگەیەکیدی لە دەو چەمێك لە ناو مانگەشەوی هاوینی پشووێکمان دا، تێرمان ئاو خواردەوە، مەتارەکانمان پڕکردەوە، لە سەر برسێتی جگەرەمان داگیرساند، لە بیرمە، کەمێك جوانیم لە ئاسمان دیتەوە و خەونەکەی خۆشم بیرکەوتەوە..ئەو جارە دامانە هەورازەیەك، دەتگوت بە گوندە ئاسمانیەکەدا هەڵدەگەڕێین، هەو سەرکەوتین و نەگەیشتینێ، لە دڵی خۆم هەزار جوێنم بە هەورازان داوە، جوێنم بە خۆم و بە دنیا داوە..

تۆپ خەوی نیە..

-١٠-

جارێ دنیام نەدیوە
بابی تەمەنێك پێڵاوم دڕاند
خوداوەند، زۆر ماندووم، ماندوو
زاری پڕ لە هاتوهاواری شەڕ بگرە
نیازمە کەپرێك هەڵدەم لە پشوو..

بەیانی نەدابوو، هێشتا جگە لە ئێشکگر پێشمەرگەی بارەگا هەموو لە خەوێ بوون، ئیشکگر دەنگی داین، وا بزانم شێخ شوان بوو، لە بن کەپرێکی گەورە دواتر زانیم جێگەی نانخواردنە، خۆمان بە عەردی دادا، من کفت بووم، هەر بە برسێتی،نا، نا، نانێك دوانم هەر بە وشکی لوول دا، بەلاّم بێ بیرکردنەوە لە دنیا وقیامەت، چوومە خەوێ، نازانم ئەوانیدی، کە بە ئاگا هاتمەوە چێشتانێکی درەنگ بوو، پێش

ئەوەی چاکوچۆنی لە برادەران بکەم ،چوار پێنج هێلکەم کردە رۆنیێ، وەرگەڕێ نازانم چەند نان و چایەم پێوە خوارد.. کۆمەلێك پێشمەرگە کە پێشتر دەمناسین و ماوەیەك بوو نەمدیتبوون، لەوێ دیتمنەوە لەوانە(دیار، هەنگاو، شیخ شوان، ئەبوو جاسم، حاجی دەهام، ئەبوو راستی، مەلا حەسەن، ئەحمەد شاهێن، مەلا جەلال، نادیە، مژدە، پۆلا، بەختیار، ئەسوەد، عادل، عەونی و سەلامی کوڕی ....) بە ناوهێنانی مەلا جەلال قسەیەکیم بیرکەوتەوە کە لەو کاتانەی بە ئاوی گەرم زگاودەبووین و شادەمان بە نیو مەتارە ئاوی سارد دەهێنا، ئەو مەلا جەلالە دەیگوت:

ئای ئێستا لە هەولێرێ نەبیت، دەزانی لە کوێ؟ لە بن دیواری یانەی فەرمانبەران و لە پێش شەربەتفرۆشەکە، سێ چوار شەربەتی کەللەتەزێنی تێکەی ئەوجا..

هەر جارێك ئەو قسەیەی دەکرد منیش دەمگوت:

هاوڕێ، یانەی فەرمانبەران دەمێکە تێکدراوە، ئێستا ئەگەر عەردەکەشی مابێت.

بەلاّم مەلا جەلال گوێی بەو هەوالّەی رووخانی یانەی فەرمانبەران نەدەدا و قسەیەی خۆی نەدەگۆڕی.. جارێك لەو جارانە گوتی:

تۆ بە راستتە یانەی فەرمانبەران نەماوە؟ ئەگەر واش بێت من باوەڕناکەم، تا بە چاوی خۆم نەیبینم باوەڕ ناکەم..

وا بزانم بە چاوی خۆیشی دیتبای باوەڕی نەدەهێنا بە رووخانی، مەلا جەلال دەمێك بوو هەولێری بەجێهێشتبوو، سەردەم سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر بوو کە بە چیا کەوت..

بارەگا چ بارەگا، کۆمەلّە کەپرێکە بە تەلانێکەوە، بە جێگەیەك لە زنجیرە چیای پیرسەوە، جگە لە کەپر لێرە و لەوێ قەرەوێلە دەبینرێن، شوێنێکە مەیلەو رووتەنە دار و باری کەمە، بەلاّم کەپکە شاخ و گابەرد لە مشەنە، بۆ خۆ پاراستن لە ساچمەی تۆپ باشە، دارو بار بە چ بێنن، هەر لە سەردەمی سولتانەکانی عوسمانی و زووتریش ئێرە لە سووتانێکی هەمیشەییدا بووە، بێجگە لەوەش لەوەتەی پێشمەرگە هەیە

تەوری بە دەستەوەیە و دار دەبڕێتەوە، پێشمەرگە بۆ خۆگەرمکردنەوە، بۆ ژیان دار دەبڕێتەوە، هەر پێشمەرگەیەك بگریت ، چەند فیشەکی تەقاندووە دە هێندەش تەوری راوەشاندووە و داری بڕیوەتەوە، درەختی لە بەهار سەوزتری پەلەواژ کردۆتەوە، زۆر لادێیی هەبوون دەیانگوت:

ب خودێ هێندەی پێشمەرگە داری بڕیە هێندە حکومەت داری نەسۆتاندیە..

جارێك ئەحمەد شاهێن قسەیەکی نزیك لەوەی کرد:

لە هەر کەسێك لە هەر شتێك بپرسیت لە چی دەترسیت، ناوی شتێك دەڵێت، بەڵام ئەگەر لە دار بەڕوو بپرسیت لە چی دەترسیت، دەڵێت لە تەوری پێشمەرگە..

بارەگا کەپریەکە لە کانیەکی روون لە ئاوێنە روونتر ئاوی دەخواردەوە، کانیەکە تەواوێك دوور بوو لە بارەگا، ئەگەر ئاوێنەیەکی گەورەت روو لەرۆژێ بەرانبەر کانی راگرتبا، بە حاڵ ئەو درەختە کچانیەی کە بە پرچە ژاکاوەکەی سێبەری لە کانیەکە کردبوو، وەك ئەوەی لەو هاوینە دۆزەخیەدا نەهێڵێت گەرم بێت و هەمیشە بۆ ئێمەی پێشمەرگە بە ساردی بمێنێتەوە، نەیدەزانی ئەگەر پێویستی بکردایە دوور نەبوو ئەویش وەك درەختە خوشکەکانیدیکەی بە تەور ئاشنا بکەین، ئەو درەختە بە حاڵ دەکەوتە ناو تیشکدانەوە.. ئەگەر کەسێك بیەوێت ئەو بارەگایە ببینێتەوە، با لە نێوان گوندی سەیدان و کۆلەکان رێك بەرەو چیا هەڵکشێ، هێند هەڵکشێ، هێند هەڵکشێ تا سەری لە پێرس دەخشێ..

لێرە دەنگی تۆپ زۆر نزیکە..

-١١-

نەمناسییەوە کێ بوو:

چیم لە تۆ ناوێ

نە بەهەشت نە دۆزەخ

نە تەمەنێکی لە خۆم درێژتریش،
هێزی دیوی نادیار
حەزم لێیە بزانم
بکوژی من کێیە
سەر بە تیرەی مرۆڤە یان جانەوەر؟

هێشتا هەر لە ڕێگەی بارەگا بووم، زانیم کە بارەگایەکی دووپشکاوی و مێشوولەییە، منیش لە دووپشك دەترسام، هێندەی لە دووپشك دەترسام ترسم لە مار نەبوو، زانیبووم کە مار تا ئازاری نەدەیت ئازارت نادات، بەڵام دووپشك وا نیە، هەر بجوولێیتەوە چزەت لێوە دێنێ، هەر ئەو ڕۆژە دەستم تا تەور و هەڵگەڕام بە چیادا، بایی قەرەوێڵەیەك دارم بڕی، لە لا چەپێکی بارەگا چوار داری گوێچکەداری هێندەی بەژنی خۆمم لە چوار قۆرتی قووڵ بە قەت چۆك چەقاند، لە باری درێژی بە دوو داری کەمێك ئەستوور دوو داری گوێچکە درام بەیەك گەیاند، دارەرایەکی جوانم کرد، بە گەلا جوان دامپۆشی، چەند تەنەکە خۆڵێکم لە سەری رووکرد، ما قەرەوێلە درووستکردن هەر هێندە نیە! لە بیرم چوو شێخ شوانیش یارمەتیمی دا، پێش ئەوەی دەستپێبکەم گۆتیشی:

خۆت ماندوو مەکە بەو زوانە دەڕۆین..

گۆتم:

ئەورۆ دەڕۆین یان شەو دەمێنینەوە؟

گوتی:

نا،نا ئەوها زووش ناڕۆین

گوتم:

خۆم نەدۆزیوەتەوە، ئەوشەو دووپشك بمخۆن..بۆ شەوێکیش بێت درووستی دەکەم.

گوتی:

چەند بزنی بیردەکەیتەوە..

گوتم:

دایکم دەیگوت:

لە ناو ئاژەڵاْن بزن لە هەمووان ژیرترە، چونکە بۆ شەوێك جێگەی خۆی خۆش دەکات..

بن پێچکی قەرەوێلەشم شەوان دەکردە قوڕاو بۆ ئەوەی ئەگەر دووپشك هات بچەقن و نەتوان بە داردا هەڵبگەڕێن..

تۆپ، تۆپ، ناوە ناوەش چیایەك جێگەیەك لە چیا ئاگر دەگرێت..

-١٢-

لە جیاتی مێشوولە قسەمکرد:

تۆ، پێشمەرگە..

لەو هەمووخوێنەی لەشت

کە هەر بۆ بەخشین و رژانە

پیاڵەیەك بە من ببەخشە..

بارەگا کەپریەکەی پێرس کەپری مێشوولەن، شەوی یەکەم بەو گەرمایە بەتانیم بە دەموچاومدا دابوو، بۆ شەوی دوایی پارچە کولەیەکم پەیدا کرد، پارەچەیەك هەر بەشی لای سەرمی دەکرد، مێشوولەناسان ئەگەر بیانەوێت زانیاریی باش لە بارەی مێشوولەوە بە دەستبێنن، با بچەنە بارەگا هاوێنیەکەی پێرس، لەوێ هەرچی جۆری مێشوولە هەیە، دەبینن و هەیە ، هی ورد ورد، درشت درشت، خرکەڵە، درێژکۆلە..هەیانە ئەگەر کۆمەڵ کۆمەڵ و تۆپەڵ تۆپەڵ کە دەڵێی گەواڵە هەورن

سێبەر بەسەرتەوە دەکەن، ئەگەر ئەوها نەگەڕێن بە چاو نابینرێن، ئەوانە زۆر ترسناکن دێنە ناو خواردن و نابینرێن، دێنە ناو زار و گوێ و کونە لووتەوە، هەیانە خواوەندی مێشوولە لە شێوەی کۆپتەر بە دنیای وەرکردووە، شتێکی پێوەیە دەڵێی پەروانەی کۆپتەرە، شتێکی درێژ هەر رێك لەکلکی کۆپتەر دەچێت، ئەوجا ئەو کلکە درێژە وا بزانم دەندووکیەتی ، چونکە ئەو جۆرەیان لە سەر دوو بەتانیەوە تێتدەچەقێنێ و خوێنی خۆی دەبات، هەیانە بە کونی کولەوە دەچێت، بەلاّم کە تێر خوێن بوو دەئاوسێ، بە خوێن ئاوس دەبێت، ئیدی رێی دەرچوونی دەگیرێ لە ناو کولە وعاسێ دەبێت و هەتا سبەینێ لە سەر خوێنی پێشمەرگە دەژی، قسەی دکتۆر لە بارەی ئەوەیانەوە بوو..

دکتۆرێکمان هەبوو غەفاری ناو بوو، پیاوێك بوو خاوێن خاوێن، هەر کاتێك بتدیتبا دەتگوت ئەوە تازە لە شارەوە گەیشتووە، لۆچێکت لە جلکی نەدەدیتەوە، دەتگوت رۆژانە ئوتووی دەکات، لە ناو ئەو تۆز و خۆڵەی چیا، لەکەیەکت بە جلکەکانیەوە نەدەدیت، رۆژانە تراشی دەکرد، ئەو دکتۆرە ئەگەر کەیفی هەبا لە خەستەخانە کە کەپرێکی لە هەموو کەپران جوانتر بوو دەهاتە دەرێ و قسەی خۆشی بۆمان دەکرد، بەلاّم لە ساتەکانی بێ کەیفی کەڵکی ئەوەی نەبوو داوای دنکە حەبێکی لێبکەیت، دکتۆر کە کولەیەکی لە هەموو کولان کون وردتریشی بە سەر قەرەوێلەکەیدا هەڵدابوو، لەو جۆرە مێشوولەیان زۆر هەراسان ببوو، ئەوەی هەر رێ چوونە ژوورێی دەزانی، ئەوەی بە خوێن ئاوس دەبوو، دکتۆر غەفار دەیگوت:

((ئەگەر هەر شەوەی سەد مێشوولەی ئەوها بێنە ناو کولەکەتەوە و دەو لە خوێنت کە دەڵێی سرنجە بژەنن، بێ ئەوەی تۆ هەست بە خۆت بکەیت ئەو شەوە پیاڵەیەك خوێنت بە مێشوولان بەخشیوە، ئەوجا تەماشاکە و لێیوردبەوە و بزانە وەرزی مێشوولە چەند شەوە، تۆ بڵێ سەد شەو، دە سەد پیاڵە خوێن بکە بەرمیلێکەوە بزانە پڕنابێت، ئەوجا ئاگادار بن، هەر یەك لە ئێمە هەر هاوینەی

بەرمیلێك خوێن دەبەخشین و هەستیشی پێناکەین، بۆیە لە وەرزی مێشوولە دەبێت خواردنی باش بخۆن، مێوژ، نیسك، جەرگ..

گوێم لێبوو شێخ شوان گوتی :

خۆزگە ماریش جەرگی هەبوایە..

جارێکیان دکتۆر کە بۆ جاری نازانم چەندەمین باسی ئەو پیالە خوێنانەی دەکرد، دیارە لێیێ بێزار نەدەبووین، چونکە هەر جارەی بە شێوەیەك جیا لەوەی پێشتر دەیگێڕایەوە، پێشمەرگەیەك پرسیاری کرد:

چ خواردنێك لە هەموو خواردنان بۆ زیادکردنی خوێن باشترە؟

پێش ئەوەی دکتۆر وەڵام بداتەوە پێشمەرگەیەکیدی نازانم کێ بوو، رەنگە ئەسوەد بووبێت گوتی:

بە یارمەتی دکتۆر، با من پێتبڵێم، هەر خوێنەکەی خۆت..

دکتۆر گوتی:

مەبەستت چیە؟ تێناگەم

پێشمەرگەکە گوتی:

هەر ئەو مێشوولانەی کە لە ناو کولەکەن و لە بەر دەستن، ئەوانە باشترین خواردنن..

دکتۆر هێڵنجی هاتێ و هەستا، وا بزانم چیدی باسی پیاڵەی خوێنی نەکرد..

تۆپەکانمان لە بیربێت..

-١٣-

ئەگەر زەبری مرۆڤ

ماری هێنایە قسە،

دوور نیە یەکەم رستەی مار:

باش بوو مرۆڤ تەمەنی منی نەبوو، دەنا

هەموو دنیا دەبووە مارانگەستە..

بارەگا کەپریە پیرسیەکە جگە لە دووپشك و مێشوولە بارەگای ماریش بوو، دیتنی مار لە دیتنی بۆق ئاساییتر بوو، زۆر جار بەبەر چاوانەوە غاری دەداو دەیفشکاند، کەم رۆژیش هەبوو بە دەست و تفەنگی شێخ شوان خوێنی مارێك و پتریش نەڕژێ، شێخ خەریك بوو قڕانی دەخستە ماری ناو کەپرانەوە، بەو دواییە لە دوای ماران لە دەور و بەری بارەگا دەگەڕا، دوور دەڕۆیشت..

ئیدی شێخ ببووە شێخی مارکوژ، لە پاڵ مارکوژ مارگرێکیشمان هەبوو، ئەحمەد شاهێنی ناو بوو، مارگرێکی سەیر بوو، بە دەستی رووت ماری دەگرت، چەند جار بە چاوی خۆم دیتوومە پشتی ملی ماری لە ناو دەست بووە و دەستەکەیدیکەشی بە لە شولاری ماردا دەهێنا..زۆر جار کە مارێك دەچووە کەلێنی بەردێکەوە و شێخی مارکوژ بۆی نەدەکوژرا بۆ شاهێنی مارگری بەجێدەهێشت، ئەو دەچوو دەستی لە کەلێنی بەردان دەگێڕا و هەر هێندەت دەدیت ماری زیندوو وا بە دەستی شاهێنەوە..

شاهێن و شێخ لە بارەی مارەوە بۆچوونیان رێك پێچەوانەی یەك بوو، قەت نەدەگەیشتنە یەك، لەو بارەیەوە ئەبوو راستی دەیگوتە ئەو دوو دژە:

هێندەی ئێوە لە بارەی مارەوە دژ بەیەکن، شەیتان و خودا لە بارەی دنیاوە هێندە دژ نین..

مارگر دەیگوت:

مار جوانە زۆریش جوانە، بێ زیانە، باوەڕتان بێت بێ زیانە، بۆیە کوشتنی مار بە بۆچوونی من تاوانە، کاتێك مارێك بە کوژراوی دەبینم ، ئەو شێخە سەیە هەندێکیدی تووڕەم بکات دەڵێم وەکو ئەوە وایە کە شەهیدێك ببینم..

مارکوژ دەیگوت:

من گوێ نادەمە ئەو شاهێنە سەیە، مـن هـەر هێنـدە چاوم بـە مـاری زینـدوو هەڵدێ، تا میلی کلاشینکۆفەکەم رادەکێشم، دوای ئەوە مانەوەی مار بە زینـدوێتی، گوناهێکی گەورەیە، بە تایبەتیش ماری گەورە و ئەستوور..

لـەو بارەگایـە کـەس لـە بـەرەی شـاهێن نـەبوو، هـەمووومان لـە بـەرەی شـێخ کۆببووینەوە، شێخی عەنکاوە، هەبوو دەیگـۆتیێ (شـێخی عـەنکاوە)، ئـاخر خـەڵکی عەنکاوە بوو..

ئەوەی بە لای منەوە زۆر سـەیر بـوو، چـۆن مـار بـە شـاهێنیەوە نـەدەدا، چـەندی ویستم تێبگەم تێنەگەیشتم، نەك من کەس لەو نهێنیە نەگەیشت، هەبوو دەیگوت:

هەبێت نەبێت، ژێر بە ژێری رێککەوتنێکی قووڵ و ستراتیژی لـە نێـوان شـاهێن و ماردا هەیە، ئەگەر وانیە چۆن پێوەینادا!

سەدی سەد لەگەڵ بۆچوونی شێخ بووم و پێموابوو مار مافی ژیانی نیە، بـە مـاری رەشیشەوە، بۆیە دەبێت هەموو چەکێکی دژ بەکار بێت بە کیمیاییشەوە، لە بیرم بێت لە ناو خەڵکی ئەو دەڤەرەی ئەوێ لە بارەی ماری رەشەوە بۆچوونێکی تایبەت هـەبوو کە کوشتنی گوناهە، چونکە گوایە زیانی نیـە و پێـوە نـادا، دەیـانگوت کـاتی خـۆی شێخێکی گەورە فتوای داوە کە ئەوەی ماری رەش بکوژێت گوناهی دەگـاتێ.. بـەڵام شێخەکەی ئێمە هەقی لـەوە نـەبوو رەشـە، زەردە، لای وی گـرنگ ئـەوە بـوو مـارەو گەورەیە، شـاهێنیش لـە رەنگـی مـاری نەدەپرسـی، هـەموو رەنگـەکانی بـە دەسـت دەگرت..

من درەنگتر تێگەیشتم شێخ لە کوشتنی مار مەبەستێکی زۆر تایبەتی هەیـە کـە من هەستمپێنەکردبوو، عەسرانێك کە هێشتا وەختی عەسـرە چـا نـەهاتبوو، رەنگـە زۆربەی پێشمەرگەکان خەوتبووبێتن، جگە لە من وشێخ، شێخ ئێشکگر بـوو، منـیش بە رۆژ ئەگەر چۆن دەنا خەوم نەبوو، بانگی کردم:

+برسیت نیە!

- بۆ، چ هەیە؟

+وەرە گۆشتێکی خۆش هەیە

بە سەرسوورِمانەوە بەرەو لای ئەو غەرە بەردانە رۆیشتم کە جێگەی شیولێنان بوو، مەنجەلێکی گچکەی لە سەر ئاگرەکە داگرت و سەری هەلّدایەوە:

بخۆ، قەت گۆشتی وا خۆشت نەخواردووە..

سەرەتا وام زانی ملە مریشك و عەلەشیشە، دەستیشم بۆی برد:

ئای! شێخ ئەوە چیە، دەلّێی مارە!

بە پێکەنینەوە:

ئیّ، مارە، خۆ مریشکی تورِەهاتیش نیە، بخۆ ئەوجا دەزانی تامی گۆشت چۆنە..

هەندێك دوورکەوتمەوە:

بشمخوات نایخۆم..

بە چێژەوە دەیخوارد:

لە دەستی خۆتی مەدە بخۆ، بۆ باداریش یە کەلکە، ئەدی نالّێیت پێیەکانم کەمێك با دەگرن!

قسەیەك لەو دوو لە من، هەند بە چێژەوەش دەیخوارد، شەیتان بوو نازانم کیّ دلّی نەرمکردم کە تامی بکەم،خواردم تەواێکم خوارد، شەوەکەی خەوم لێنەدەکەوت، هەستمدەکرد مارێکی زیندوو وا لە ناو زگمە، هەر ئەوە شەوە ئەوهابوو، ئیدی منیش بوومە مارخۆر، ئیدی بۆ راوە مار منیش لەگەلّ شێخ دەردەچووم، شاهێن دوژمنێکیدیشی بۆ درووستبوو، منیش رێك قسەکانی شێخم دەکردەوە، ئەوەشم بۆی زیاد دەکرد:

ماری ئەستوور چەندی زووتر بکوژریّ خێری زیاترە..

شێخ فێری چاککردنی ماریشی کردم و دەیگوت:

ئەها تەماشاکە، ئەوە لـە لای سـەریەوە بسـتێکمان فڕێدا، لـە لای کلکیشـیەوە بستێك، ئەوەی دەمێنێتەوە لە گۆشتی بەرخ خاوێنتر وحەلاڵترە..

شێخی ئەوها فێرە راوی ماری دەکردم:

تفەنگەکەت با لەسەر سەلیە بێت، قەت لە دوو گوللەی کەمتر تێمەگرە، یەکیانی بەردەکەوێت، هیچ شتێك هێندەی مار لە گوللە لادان هونەرمەندتر نیە، بـاوەڕ بـەوە مەکە کە مار بەرەو گوللە دێت، نا کاتێك گوللەکە بە عـەرد دەکـەوێت ئـەوجا بـۆی دێت.

زۆر کەڕەت کە مارێکمان دەدیتەوە، دەیگوت:

با پێکەوە تەقەی لێبکەین، تۆ نیشانە لە سەری بگرە من لە ناو قەدی، یـەکیانی بەردەکەوێت..

من دەمگوت:

سێ کەس بین باشە، گوللەیەکیش بۆ کلکی.

دەیگوت:

نا، دوو کەس بەسە، چونکە مار ئەوەی بەلایەوە گرنگ نـەبێت کلکـە، لای وایـە کلك شتێکی زیادەیە پێوەی، دەزانی مار کلکیشـی بـبڕی، بـێ کلـك هێشـتا پـتر لـە تەمەنی من و تۆ دەژی..

شێخ زۆر جار ماری بە سیرەوە دەخوارد، جارێك لەو زۆر جارە بە شێخم گوت:

تۆ دوو غـەدر لـە مـار دەکـەیت، وا بـزانم غـەدری دووەمیـان لـە هـی یەکـەمیان گەورەترە.

شێخ لەو کاتە پارووێکی گەورەی ماری لە زاری بوو پرسی:

غەدری چی؟

گوتم:

غەدری یەکەم ئەوەیە کە دەیکوژیت، غەدری دووەمیش بە سیرەوە دەیخۆیت کە وەك دەڵێن رقی دنیای لە سیرە.

شێخ بە پێکەنینەوە:

دیارە گوێت لە راسپاردەی مار نەبووە! هەموو مارێك لە سەرەمەرگدا بە دەنگێك کە هەموو کەس نایبیستێ دەڵێت: تکایە ئەگەر کوژرام هەر بە سیرەوە بمخۆن..

من و شێخ زۆربەی رۆژەکان جەمێکمان گۆشت بوو، زۆر جار هەر لە دەرەوەی بارەگا مارمان لە شیش دەدا، لە بارەگا چەند کەسێك دەیزانی ئێمە مار دەخۆین، مەیلەو بە دزی ئەو خواردنە خۆشەمان دەخوارد، چ لە تکەی مار خۆشتر هەیە، لەو کاتانەی مارمان لە تکە دەدا، دەمانگوت، من و شێخ پێکەوە دەمانگوت:

((ئای بۆ یەك بوتل عەرەق!))

لە تەمەنی خۆم هێندەی ئەو ماوە گۆشتم نەخواردبوو، من و شێخ هێندەی تەقەمان لە مار کردووە، ئەگەر هێندە تەقەمان لە جاش بکردایە و گوللەش بە زایە نەچووایە، هەشتیەکی ژنی کورد بێوەژن دەمانەوە، رۆژێك هەستمکرد تاخمەکەم سووکە تەماشادەکەم ، لە حەفت مەخزەنان حەف فیشەکم نەمایە، باش بوو شێخ چوو لە خێوەتە گچکەکە کە تاقە خێوەتی ناو کەپران بوو، پڕ فیشەکی کردمەوە..

رۆژێك شێخی مارکوژ بە شاهێنی مارگری گوت:

+ وەرە با سازشێك بکەین

- چۆن؟

+ هەرچی تیرەمار و فەرخە مار هەیە بۆ تۆ، ماری گەورە و ئەستووریش بۆ من..

- باش تێتناگەم، سەیە، جوان قسە بکە.

+ سەیە، بۆ تێناگەیت، من هەر تیرە مارێك، حیزەمارێکم دیت، نایکوژم و بانگی تۆ دەکەم، تۆش هەر مارێکی گۆشتن، مارێکی مەردت گرت، لێگەڕێ با گوللەیەکی لێدەم.

شاهێن سەلماندی کە ماردۆستە ئەوهای وەلاّم دایەوە:

لە سەیان سەتر، پیش هەموو شتێك لە دنیاییّ ماری حیز نیە، هەموویان لە تۆ مەردترن، من قەت سازشی ئەوها ناکەم.

بەلاّم دیار زوو گوتبووی:

لە ناو مەردان شێخ شوان لە هەمووان مەردترە، چونکە ئەگە ئەو لێرە نەبا لە مێژبوو مار خواردبووینی..

لە هەمووی خۆشتر رۆژێك شێخ بە گۆشتی مار شاهێنی دەعوەتکردبوو، بەلاّم نایەتەوە بیرم خواردبووی یان نا..

دەنگی تۆپ پتر و نزیکتر..

-١٤-

ئەوین لە بای دۆلّی
قوولّی هەزار پێچ دەچیّ
کەس نازانیّ لە کوێوە هەلّدەکا
ئەوە قسەی ئەویندارێك بوو

سەیدان ئەو گوندە جوانەی بە هاژەی زێی گەورە دەخەوت و هەر بە هاژەی زێش بە ئاگادەهاتەوە، هێشتا ئاوەدانە، چەند مالّێك ملە لەگەلّ عەرد و ئاسمان دەکەن، و چۆلیناکەن، سوێندیانخواردووە وا بە سانایی چۆلینەکەن، لەو مالّە لاملانە

کچێك هەیە، هێندە جوان نیە، هێندە لەبەر چاوان نیە، بەڵام چ لەگەڵ دڵ دەکەیت، رەنگ نیە بە شتێکەوە بنووسێت، خۆ لێینابێتەوە، جا با ئەو شتە پیرێژنەکەی گوندی (...)یش بێت، ئەوە لەو گوندەی ناوەکەیم نەگوت پیرێژنێك زۆر پیر عەشقی پێشمەرگەیەك ببوو، پێشمەرگەکەش کە ملازمیش بوو یەمەن و سۆفیەت و چیك و میکیشی دیتبوو، وای دەزانی لەو دنیا پڕ لە ژنە یەك ژن هەیە ئەویش پیرێژنی گوندە، دەبوو هەموو رۆژێك بیبینێ، رزگاری رۆستێش دەیگوت:

یەك کچ هەیە لە دنیایێ، ئەویش ئەوەتە لە سەیدانە..

رزگار عاشقانە عەشقی ئەو کچە ببوو، نە خەوی مابوو نە خواردن، پێیەکی لە بارەگا بوو پێیەکی لە گوند، ئەبوو راستی دەیگوت:

هەر کەسێك نازانێت حالۆری چۆنە با بە وردی لە رزگار وردبێتەوە.

بەڵام حەمە سوور شتێکیدی دەگوت:

من چەندی لێی وردەبمەوە ئەوین دەبینمەوە، بە راستی ئەو کوڕە ئەویندارێکی شێتە.

ئەبوو راستی ئەو لێوردبوونەوەی حەمە سووری بە دڵ نەبوو:

دە بڕۆ هەی وەحشی،گووی لێدەبینیەوە و گووێکی شێتیشە.

نازانم کێ بوو، هێشتا پێکەنین نەپسابۆوە:

ئەوە داهێنانە، گووی شێت!

پێکەنین درێژتر بۆوە..

هەر کەسێك لە نزیکەوە رزگاری بدواندایە دەگەیشتە ئەوەی کە حەمە سوور جوانی بۆ چووە و جوان لێی وردبۆتەوە، من تا رادەیەك لە رزگار نزیك بووم، زۆر جاریش لەگەڵی دەچوومە ناو گوند، دەیگوت:

((رۆژی یەك جار لە دوورەوە قەیناکە لە دوورەوە بیبینم بەسمە..))

ئەو کوڕە هەر لە گوند نزیکدەکەوتەوە گۆرانیی دەگوت، دەنگیشی ناخۆش نەبوو، بەردەوامیش (غەزال غەزال)ی محەمەد عارف جەزیریی دەگوتەوە، هەمووشی بۆ کچەکە بوو، مەبەستی بوو گوێی لە دەنگی بێت و خۆی بە دیار بخات و بیبینێ، مەبەستی بوو بە گۆرانی دڵی راکێشێ، من درەنگ تێگەیشتم کچە ئاگای لە من بێت لەو نیە، رزگار یەك لایەنە شێت ببوو، عاشق ببوو، رزگار گوند و ئاقاری گوندی پڕکردبوو لە غەزال غەزال، هەستمدەکرد هاژەی زێ چیدی لە گوێی گوند خۆش نیە، ئیدی گوند بە غەزال غەزال دەخەوێت و هەر بەو گۆرانیەش بە ئاگادێتەوە، رزگار هێندە ئەو گۆرانیەی گوتبۆوە وەختە بڵێم لە جەزیریی خۆشتری دەگوتەوە و هەر بە گۆرانیی رزگاریش ناسرابوو، کاتێ دەنگی هەڵدەبڕی:

غەزال غەزال هایێ هایێ هایێ هایێ ێ ێ

وەرە غەزال وەرە..

خەلکی گوندین و جیرانا

دەستێ غەزالێ خۆ بگرم ببەم زۆزانا ژۆری..

کە ئەوهای تێهەڵدەکرد، ئەگەر لە دەستم هاتبا، بە پێی خۆم دەچووم غەزالی گوندم بۆی دێنا، لە بیرم نیە کچەکە ناوی غەزاڵ بوو یان ناوێکی نزیك لەو..

رزگار لە هەر جێگەیەك بۆنی کردبا کچەی لێیە، کچەی پێدا دەڕوا، تێهەڵدەکردە غەزال غەزال، رۆژێك کۆمەڵە ژنێك لە خوار بارەگاوە خەریکی خڕکردنەوەی دارودڕ بوون، رزگار پێیوابوو کچەکەشیان لەگەڵە، کەمێك لە کەپرەکان دوورکەوتەوە و روو لەوان دەستی خستە بن گوێی و : غەزال..

هێشتا (غەزال) دووەم هەر لە قوڕگی بوو، کەرێك بە هەموو زەڕینی خۆی زەڕی، زەڕینێك دەنگی سەد رزگاری لە خۆیدا خنکاند، هەر لەو کاتە ئەحمەد شاهێن هەستایە سەر پێ و روویکردە رزگار:

((ئافەرین، مەوەستە، دەنگهەڵبڕە، کەو ئەو کەوەیە بەرانبەر کەوێ بخوێنێت..))

رزگار به شەرمدا کەوت، قەت رزگارم نەدیتبوو شەرم دایگرێ، ئەوجارە نەبێت..

دوای ئەوەی رزگار لە بەرانبەر زەڕینی کەر بەزی، پێش ئەوەی تێهەڵکا لە غەزال غەزال، چاوێکی بە دەوروپشتی خۆیدا دەگێڕا، ئەگەر کەری دیتبا کەمێك سلی دەکردەوە..

تۆپ تۆپ، زەڕینیش لە ناو دەنگی تۆپدا دەخنکێ..

-١٥-

مەرگ وەی مەرگ

ئای بۆ ئەو رۆژەی

یان یەخەی ژیانت بەردەدا

یاخود ترست لە دڵی کەس کەس نەدەما

بە چۆلەکە و مێرووله و هێستریشەوە

رۆژێك سێ هێستر و سێ پێشمەرگە بۆ هێنانی ئازووقە چووینە گوندێك، لە هاتنەوەدا هەورازەیەك دەهاتە پێشێ، هەورازەیەکی سەختی بەردەلانی زیخەلان، لەو هەورازانە بوو کە هێستر خۆشیی لێنەدەهات، سرووشتی هێستر وایە هەوراز چەندێ رکی ستوونی بێت، چەندێ بڵندی ئاسمانی بێت، چەندێ پێچاوپێچی ژیانی بێت، چەندی قوڕ و لێتە یان شەختەبەندی بێت، چەندێ لە شەویش تاریکتر و شەوتر بێت، گوێی لێنیە، هێسترەو هێسترایەتی خۆی دەکات و سەردەکەوێت، جا با بارەکەی هەمووی چەك و فیشەك بێت، بەڵام رێگەی بەردەلان و چەوی وەك ئەو رێگەیەی کە ئێمە وا پێیدا هەڵدەگەڕێین، هێستر سلی لێدەکاتەوە، بەلام ئەو سلکردنەوەیە ناگاتە ئەوەی هێستر خۆی لێنەدا، ئەوجا هێستر لە چ نادات، لە زێی بادینان نەترسێ و خۆی پێدا دا لەو هەورازەیە دەترسێت!

هەر یەکەو جلەوی هێسترێکمان بە دەستەوە بوو، نەرم نەرم سەردەکەوتین، ئـەو ڕێگەیە پێدەچوو لە مێژ بێت هاتوچۆی بە سەرەوە نەبووبێت، دووریـش نیـە هـەر لـە وەتەی هەیە جگە لە ئێمە پێی چ هێستر و پێشمەرگەیەکی نەدیتبێت.. لەو گونـدەوە بۆ بارەگا ڕێگایەکیدی هەبوو، ڕێگایەکی خۆش بەڵام گوتیان تۆپبارانی لەسەرە، بۆیە بە ناچاری ئێرەمان کـردە ڕێ.. پـێش ئـەوەی بگەینـە بـن هـەورازە سـەختەکە، مـن ترسام، ئاخر لە هاتنە خوارێدا تێگەیشتم تووشمان بە تووشی چیەوە بـووە، لـە هاتنـە خوارێ و بێ بار هێستر چەندان جار پێی دەڕۆیی و دەیگرتەوە، هـەر چـەندە هێنـدەی هێسترم ناسیبێ، هێستر نشێوانی لە هەورازان لە قەلب ناخۆشترە، لەو شـتە مـن زۆر لە هیستر نزیکم، بە من بێت قەت نشێویەکی سەختم نەیەتە ڕێ..

سەر کەوە سەرکەوە، زوو زوو هێستر لە سەر وردە بەرد و چـەوان پێیـان دەڕۆیـی، بەڵام وەها خۆیان دەگرتەوە، تەنها لـە هێسـتر دەهـات، هـیچ پێشـمەرگەیەك ئەگـەر ئەوها پێی بڕوا خۆی پێناگیرێتەوە، من و هێسترە ڕەش لـە دواوە دەڕۆیشـتین، نێـوان هێسترێك بۆ هێسترەکەیدی نیو سەدەیەك دەبوو، مەبەستم سەدەی جـووتی هێسـترانە نەك سەدەی سالآن، ئەوەش بۆ خاتری ئەوەی ئەگـەر هێسـترێك هەڵـدێرا ئـەوەی دوای خۆیشی لەگەڵ خۆی نەبات.. لەگەڵ هەر پێ ڕۆیشتنێکی هێستر، دەستم لە سەر دڵـم بـوو، لـە دوعـا شـارەزا نـەبووم دەنـا هـەزار و یـەك دوعـام دەخوێنـد، دوعـای پـێ نەڕۆیشتنی هێستر و هەڵنەدێران، بەڵام لە بیرمە لەگەڵ هەر خلیسکێ دەمگـوت(یـا ئەڵڵا) بەڵام جارێك برادەرێك گوتی:

((خودا هێندە گوێ لەو (یا)یانە ناگرێت چونکە دەزانـی لـە دڵـەوە نـین و قسـەی سەر زارین))

دوو هێسترەکەیدی هەردووك گەیشتنە سەرێ و ئاودیو بـوون، ئـەو جێگەیـەی کـە خالّی ئاودیو بوونە لە دیوی مەرگێکی هەڵدێری، من ئێستا وا گەیشتمە ئەوێ، ئـەو جێگەیە ترسناکترین جێگەی ئەو هەورازەیە و دنیاشە، بەس پێت بڕوا بە هەڵدێرێکدا

هەڵدەدێرێی، لە دنیایێ هەڵدێری ئەوها نیە، ئەگەر هێستره رەش لێرەوە هەڵدێرێ، گورگی بنی دۆڵێ کە کەس نازانێ چەند لە ئاستی دەریا نەویترە، چ سوودێك لەو هێسترە نابینن، چونکە بە شێوەیەك پارچە پارچە دەبێت، رەنگە گەورەترین پارچەی هێستر تاکە ددانێکی بێت..

لە بەدبەختی من رێك لەو جێگەیە، لەو بستە، ئەو بستەی دیوێکی مەرگە و دیوێکی ژیان، بۆ هێستر پێی نەرۆیی، هەر هێندەم پێکرا پێم لە عەردی بچەقێنم، پێنەدەچوو جێ پێی من زیخەلان بێت، دەنا دەرۆیشت، بە هەموو هێزی دەستم جلەوی هێسترم رادەکێشا، ئیدی بووە کێشمەکێشم لە نێوان دوو هێز، هێزی مەرگی هێستر کە لە هەڵدێرەوە بوو، هێزی ژیانی هێستر کە پێیەکانی من بوون، تۆ بزانە پێی هێستر، دەستی نا، ئەگەر یەك بست رێك یەك بست بە دوای هێزی هەڵدێرا رۆیشتبا، ئەوا دەبوو دەستبەجێ دەستم لە جلەوی هێستر بکەمەوە، دەنا منیش بە دوای هێستردا دەرۆیشتم و تازیەی پێشمەرگەیەك و هێسترێك تێکەڵدەبوونەوە، هێندەم زانی هێزی هەڵدێر بەزی، هەستم کرد هێزی هێستر ئەوەی پێشتر هەیبوو هاتە من، ئیدی من و هێستر خۆمان لە دیوی ژیان دیتەوە، دەبێت بڵێم من کەسێکی بەهێز نیم، لە دارهێنان داری سەر شانی من لە داری زۆربەی پێشمەرگەکان گچکتر بوو، بەلاّم لە بەختی هێستر لەو ساتە هێزم هەبوو، لە بیرم بێت هەموو ئەو کێشمکێشمەی نێوان من و هەڵدێر ئەگەر خولەکێك تا خولەکێك و نیوی خایاندبێت، لە هەمووی جوانتر هەستمکرد هێسترەکە چاکەی منی لە چاوە، بەرێزەوە تەماشای دەکردم، زمانی نەبوو دەنا رەنگبوو بڵێت، سوپاس، دواتر لە چەند جێ ئەو سەرهاتەم گێڕاوەتەوە و دەمگوت:

((من کە ئەو هێسترەم رزگارکرد وام هەستدەکرد کە پێشمەرگەیەکی بریندارم رزگارکردووە و نەمهێشتووە دەستی دوژمن بکەوێت.))

له بیرمه حاجی دەهام ئەو چالاکیەی منی جوان نرخاند، چونکه به لای ئەوەوە هێستر زۆر گرنگ بوو، چی له پێشمەرگه کەمتر نەبوو، زۆر جار دەیگوت:

((هێستر، هێستر، هەر رێزی هێستر بگرن، ئەگەر هێستر نەبێت ئەو هەموو ئازووقەیه کێ دەیگەیەنێته ئێره که به قەد شارێك دەخۆین))

-١٦-

دنیادیتەیەك وای گوت:

سەری من له دوو کاتدا

بیری مردنی تێدا نیه

پێکەنینی شاگەشکەیی

گانی ئاوێتەیی

بارەگا کەپریەکه چەند پێشمەرگەیەکی قسەخۆش و نوکته بازی لێبوو، یەکیان که ناوی له خۆی نابوو خەیری عێراقی چەشنی هیچیان نەبوو، دەتگوت کانیەکەیه ئەوەی بارەگای ئاودەدا، چۆن کانی هەیشه به ئاو بوو، لەچ وەرزان چکی نەدەکرد،خەیریش له چ وەختان له قسەی خۆش نەدەکەوت، هەمیشه زاری پڕ له قسەی خۆش بوو، هەمیشه جولانەوەی جوان و نیگاراکێش بوو، پیاوێکی خرکەلەی کورته بنەی کەمێك ورگن، له هەمووی سەیرتر و جێی پرسیارتر ورگەکەی بوو، ئاخر کەس نەبوو هێندەی ئەو پیاوە به جوولە، ئاو بوەستایه ئەو نەدەوەستا، تۆپ له هاویشتن بکەوتبا، ئەو له بازبازێنی ناو بارەگا که لەسەر ئەو قەرەوێلەوە بازی دەدایه سەر ئەویدی نەدەکەوت، بەردەوامیش جۆرێك وەرزشی دەکرد که هەر له خۆی دەهات، کەسیش نەیدەزانی وەك وی بکات، کەچی ئەو ورگەی گرتبووی داینەدەناو داینەدەنا، خۆی دەیگوت:

((مـن زگـم لـه شـەش مـانگی راگرتـووە، دوای شـەش سـالێدیش هـەر شەشـە مانگیە.))

ئەو پیاوە لە چاوی منەوە لە هەموو ئەکتەرە کۆمیدیەکانی دنیا ئەکتـەرتر بـوو، لە پێکەنین داهێنەرێکی بێ وێنـەبوو، بـڕوا ناکـەم ژنەکـەی خۆیشـی پێکـەنینی ئـەو پیاوەی ناسیبێتەوە و بیناسێتەوە، ئاخر سەد جۆر پێکەنینی هەبوو، هیچیان لەویـدی نەدەچوو، دیار نەبوو کامەیان پێکەنینی ئاسایی خۆیەتی ، خۆیشی نەدەزانی کامیان پێکەنینی خۆیەتی و ئەوانیدی دەسکرد، ئەگەر لێتەوە دیار نەبایە بە تاقی تـەنیا لـە پەنایـەك و بـۆ سـەر لێشـوان پێبکەنیبایـە دەتگـوت، ئـەوە لـەو پەنایـە سـەد کـەس دانیشتوونە بە نۆبە پێدەکەنن، چ ئەکتەرێك هەیە ئەو توانایەی لە پێکەنین هەبێت!..

من دەمێك بوو ئەو خەیریەم دەناسی، لـە بارەگایەکیـدیش پێکـەوە بووینـە، ئـەو کلاشینکۆفەی لە شانمە کاتی خۆی لە دەستی ئەوم وەرگتووە، ئەو بڕنۆیەی لە کانەبی گچـکەم وەرگرتبـوو، ئـەو خەیریـە لێیوەرگرتمـەوە و لـە جیـاتی بڕنەوەکـە ئـەو کلاشینکۆفەی دامێ، ئەو گۆڕینەوەیەش ئەو کات منی هەندێك زویرکرد، ئەوکاتیش وەك ئێستا بەرپرسی سەربازیی بارەگا بوو..ئەو پیاوە لە هەر جێگایەك با، ئەگەر بـە تەنێش با وات دەزانی ئاوەدانیەکی گەورە لـەو شـوێنە هەیـە، بـەردەوام هاتوهـاواری بوو، قسەی دەکرد، پێدەکەنی، گۆرانیی بە سێ چوار زمانان دەگـوت، کـەم کەسـیش لێی بێزار دەبوو، ئەوانەی کەیفیشیان پێنەدەهات، ئەگەر رۆژێـك خـەیری لـە بارەگـا نەبایە، هەستیاندەکرد شتێکی گەورەیان بزرکردووە، غەریبیان دەکرد..

من کەمێك جولانەوەی خەیریم لە چاودا ماوە، چەند رسـتەیەك لـە قسـەکانیم لـە گوێـدا دەزرینگێنـەوە، ئـاخر تەمـەنێك لـە نێـوان ئێـرە و بارەگـا کەپریەکـە هەیـە، تەمەنێکی پڕ لە بیرچوونەوە..ئەوشەوانەی مێشوولە هەراسانیان دەکردین و خواوەندی (با)ش، باش هەموو ئەو پەنجەرانەی دادەدەخست کە بایان لێوە دێ، هەناسـەی هـیچ

بایەك نەدەگەیشتە بارەگا، لە نیوەی شەوێ خەیری عێراقی یەك بە دەنگی خۆی، ناخۆشیش نەبوو، مێشوولەی دەخستە گۆرانیەکی حەسەن زیرەکەوە:

خودا هەڵکەی بای شەماڵی

مێشوولەی خودای راماڵی

یان بانگی ئەو پێشمەرگەیەی دەکرد کە لە سەر بێتەل بوو، وا بزانم ناوی هاوکار بوو، دەیگوت:

((هاوکار، کوڕە هاورێ رەفیق هاوکار، بە دزی مەلا حەسەن- مەلا حەسەنیش لە بن پاڵی بوو- پەیوەندیەك بە فرۆکەیەکی عێراقیەوە بکە و بڵێ لە سەر داوای خەیری عێراقی یەك بەرمیلە کیمیا لەوەی چڕەکە ئەوەی مێشوولەش دەکوژێ، فڕێیدە ناو کەپران، مێشوولە خواردینی..))

ئەو خەیریە لە بارەگا حەزی بە چارەی پێشمەرگەیك نەدەکرد، لە سەر چی نازانم، هەر کاتێك لوورەی تۆپێك دەهات، هەر دەستایەوە و دەستی بۆ لای کەپری پێشمەرگەگە درێژ دەکرد و دەیگوت:

بەرەو ئەوێ، بەرەو ئەوێ، لە ئێمە لادە..

جارێك بە شێخ شوانی گوت:

تۆ زۆر مارت کوشتووە، هەموو پێتدەڵێن شێخی مارکوژ و مار خۆر، بەڵام مارێك هەیە گەورە زۆر گەورە جێگاکەی پێدەزانم، ئەگەر توانیت ئەو مارە بکوژی، منیش دانت پێدا دەنێم و دەڵێم بە راستی مارکوژی.

شیخ بە تامەزرۆییەوە:

کوا! لە کوێیە ئەو نیعمەتە؟ بەشی حەفتەیەك دەکات.

خەیری بە پێکەنینەوە گوتی:

ئەها ئەو کەپرەی سەرەوەت دیوە، ئەولایەی کەپرەکەی مەلا حەسەن لەوێ مارێکی گەورە راکشاوە، نایبینی ئەها کلکی دیارە.

شیخ گوتی:

ئەوجا لۆ ئەوەشم پێناکەیت، من هیچ جاشێکم نەکوشتووە، پێشمەرگە بکوژم.

خەیری بە پێکەنینەوە:

کوڕە ئەوە پێشمەرگە نیە، مارە مار لە مار خراپتر پێتەوەدەدا، ژەهری هەیە ژەهر.

شێخ بە پێکەنینەوە:

بە شاهێن بڵێ با بە دەست بیگرێت و ددانی دەربێنێت.

خەیری:

شاهێن پیاوی ئەو مارە نیە..

ئێستاش نەمزانی خەیری بۆچی لەو پێشمەرگەیە بە رقدا چووبوو..

خەیری وەك دەڵێن دەوی زۆر پیس بوو، جوێنی بە زۆر کەس دەدا، بەلاّم جوێنێك و بە شێوەیەك کەم کەس لێی تووڕە دەبوو، جوێنەکانی خەیری بۆ خۆشی بوون، هەر بە راستیش جوێن لە لای ئەو، ئەو واتایەی نەدەبەخشی کە لای هەموومان دەیبەخشێت، لە لای ئەو وشە جوێنیەکان لە وشە ئاساییەکان ئاساییتر و جوانتر و ناسکتر بوون، پێدەچوو ئەوەش لەوەوە هاتبێت کە زۆر جوێنی داوە و لێی راهاتووە، ئەو بە چێژ چێژی لە جوێندان وەردەگرت، خەیری دەیگوت:

من جوێن بە کەسێك دەدەم خۆشمبوێت، ئەگەر رقم لە کەسێك بێتەوە هەر دوو چاویشی دەرێت و بە زگیش بدات نیو جوێنیشی پێنادەم..

لەوەیان ئەحمەد شاهێن پشتگیری خەیری دەکرد و دەیگوت:

بە راستی وایە، منیش حەز دەکە م لە جیاتی ئەوەی بلێم هاوڕێ کووی، بلێم ها سەیە کووی، ئەگە کەسێکم زۆر خۆشنەوێت ،سەگ لە جێگەی هاوڕێکە دانانێم..

خەیری تا بۆی بگونجایە جوێنی دەدا و خۆی لێنەدەبوارد، بەلاّم خۆ ئەوەشی لەگەڵ هەموو کەسێك بۆ نەدەچووە سەر، بۆیە کەلکی لە چوار زمان وەردەگرت و بۆ هەر

کەسە و بە زمانێك جوێنی دەدا کە ئەو زمانە نەزانێت، بۆ نموونە بۆ عەرەبێکی کوردی نەزان جوێنێکی پەتیی کوردی هەڵدەبژارد، بۆ کوردێگی عەرەبی نەزان جوێنێکی قورەیشیی دەنارد کە کەم عەرەبیش تێدەگەیشتن، بۆ مەسیحەیەك کەزۆریان هەر سێ زمانەکەیان دەزانی جوێنێکی ئینگلیزیی تێدەگرتن، دنیایەك جوێنی ئینگلیزیی لەبەر بوو، جارێك لە برادەرێکی ئینگلیزی زانیان پرسی

+ ئەرێ خەیری ئینگلیزیەکەی چۆنە؟

- بێجگە لە کۆمەڵێك جوێن، یەك وشەی ئینگلیزی نازانێ

خەیری خۆی فێرە هەندێ جوێنی تورکمانیش کردبوو..

جارێك مەلا جەلال گوتی :

((ئەگەر حزب خەیری بنێرێتە سۆفیەت بۆ دەورەی کادیری، تەنها جوێنی رووسی فێردەبێت و دێتەوە.))

خەیری لە کاتی بۆرژانیش لە قسە نەدەکەوت، جوێنی خۆی دەنارد و قسەی خۆی دەکرد..

سەر لە ئێواران کە لە سەر قەرەوێڵەکەی لە سەر پشت رادەکشا، زۆر جار بە دەنگی بەرز دەیگوت:

خودایە ئێمە چیمان لە خەڵك کەمترە! دە وەك بۆ ئەوانت ناردووە بۆ ئێمەش بنێرە..

ئەو (خەڵك)ەی لەو داواکارییەی خەیریدا هەبوون، بەس رەبەنەکان دەیانزانی کێن، ئەوانەی ژنیان لەگەڵ بوو نەیاندەزانی ئەو خەڵکە کێن کە خۆیشیان بوون..

لە رۆژی گەرماوکردنێ دەیگوت:

من لە دوای پێشمەرگە ژندارەکان خۆم دەشۆم، چونکە گەرماوەکە پیس ناکەن..

یـان کـاتێ پێشـمەرگەیەکی ژنـداری دەدیـت بـە کەیفـە و پێدەکـەنێ، رووبـەڕوو پێیدەگوت:

بۆ وا ناکەیت، لە چیت کەمە، زگ و بەرزگت تێرە، ئێمەش دەبێت نۆرە لە هێستر بگرین و بە مانگیش بەبەرمان ناکەوێت، ئەو کاردۆیە ئەو کاردۆیە، یەك هێستری بە کچی نەهێشتۆتەوە..

زۆر جار قسەی دەهێنایەوە سەر شاهێن و شێخ، بە شێخی دەگوت:

بەس پێمبڵێ تۆ بۆچی خـۆت رادەسـتی حکومـەت ناکەیتـەوە، باشـترین خـەڵاتت دەکات، لە سەر کوشـتنی ئـەو هـەموو مـارە، نیشـانەی ئازایـەتی و قارەمانیـت بـە سنگەوە دەکات، تۆ نازانی بێ ئەوەی هەست پێبکەیت گەورەترین خزمەتت بـە سـەر باز و جاش کردووە، وازبێنە برا واز لە مارکوشتن بێنە، هـەر دیـتـت جـاش و سـەرباز وەك مێشوولە بێرە وەربوون، لێگەڕێ با هەندێکیان مار پێیانەوە بدا و بە دۆزەخ شاد بن، با ماری ئێرە رۆڵی دووپشکەکانی شارەزوور ببینن..

بیستبووی کە کاتێ لەشکری عەرەب لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام هێرشـیان هێنابوو، دووپشکەکانی شارەزوور دنیایەك ئەسحابەیان لە پەلو پۆ خستبوو..

بە شاهێنی دەگوت:

((حزب ئەو هەموو خەرجیەی لێکردی دنیای پێکردی، هەر بۆ ئەوەبوو کـە فێـری مـارگرتن بیت؟ ئێ خۆ ئەوە لێرەش دەکرا، دەمبردیـە لای شـێخێك و تفێکـی جـوانی لـە نـاو دەمـت دەکـرد و تـۆش تۆبەیـەکی جوانـت دەکـرد و وەك ئێسـتاش مـارت دەگرت..))

هەر لە بـارەی جوێنـەوە، ئەگـەر تووشـی بـە تووشـی پێشـمەرگەی وا ببوایـە کـە نەیتوانیبا یان نەیوێرابا بە هیچ زمانێك لەو زمانانـەی کـە دەیزانـی هـیچ جـوێنێکی پێبـدا، دەهـات بـە هـەردوو دەسـت رووـمـەتی پێشـمەرگەی دەگـرت و سـەد مـاچی

لێدەکرد.. بۆیە دەستەواژەی (ماچی خەیری عێراقی) لە ئایەتی ئاڵۆزیش پتر لێکدانەوی هەڵدەگرت، یەك لەو لێکدانەوانە ئەوهابوو:

((ئەگەر خەیری یەك ماچی لێکردی واتە یەك جار دایکتی گا.))

ئەو خەیریەی کە کەسی نەدەپارست و جوێنی بە هەمووان دەدا، ئەگەر جوێنیشی نەدابا ماچی دەکرد کە ماچەکە زۆر لە جوێنەکە جوێنتر بوو، لە ئاست مەلا جەلال فزەی نەدەکرد، زراوی لێیچووبوو، مەلا جەلال هەرچی پێگۆتبا، خەیری هیچی نەدەگۆت، بە قسەش بهاتبا، ئەوە قسەکەی بوو:

((راست دەکەیت، هاورێ تۆ راست دەکەیت، ئێمە هەمووان لە سەر هەڵەین.))

زۆر کەس سەریان دەکردەسەر خەیری کە هۆی ئەو ترسە لە مەلا جەلال بزانن، بەلاّم خەیری لەوەش دەترسا کە هۆی ترسەکە ئاشکرا بکات، رۆژێك غیرەتی دا بەرخۆی و درکاندی:

((پێتاندەڵێم بە مەرجێك لە لای مەلا جەلال باسی نەکەن..))

هەموو سوێندیان خوارد کە نهێنی بێت و نەیدرکێنن، خەیری بە هێواشی نەبادا مەلا جەلال کە زۆر دووریش بوو گوێی لێبێت، گۆتی:

((کورە ئەو مەلایە، ترسناکە ترسناك، ژەهرێکی هەیە لە هەموو ژەهران ژەهرتر، هەر تێت بکات جێت دەکاتە ئەو جێ..))

لەگەڵ ئەو قسەی خەیری هەموو بارەگا دایانە قاقای پێکەنین، ئەوانەی گوێشیان لێنەبوو، بە پێکەنینی ئەوانیدی پێدەکەنین، ئەوەی کە پێکەنینی لێوەنەهات مەلا جەلال بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی هەستیکرد پێکەنینەکە بە هۆی قسەیەکی خەیریەوەیە، دنیا بە قسەی خەیری پێدەکەنی مەلا جەلال نەبێت.

خەیری بێژەرێکی باشیش بوو لە بێژەرەکەی رادیۆی مۆنتیکارلۆ هەواڵەکانی جوانتر دەخوێندەوە، رۆژانە پێش رۆژاوابوون ساتی خوێندنەوەی هەواڵەکان بوو، هاوکار لە رێی بێتەلەوە هەواڵی وەردەگرت، دوای ئەوەی بە فلتەری مەلاحەسەندا

تێدەپەڕی دەگەیشتە دەست خەیری، خـەیریش بـە عـەرەبی و کـوردی دەیخوێندنـەوە، هەندیك لەوانەشی بە کۆڵەگەی بـن کـەپرە گەورەکـەوە هەڵدەواسـی، هەواڵـەکان پـتر چالاکیەکانی پێشمەرگە بوو، تاوانەکانی حکومەت بوو.. (دەستەیەك پێشـمەرگە لـە ناو هەولێر زەبرێکی کوشندەیان لێدان و ..کـوژرا... لـە ڕێـی شـەقلاوە بۆسـەیەکیان دانایەوە و.. لە بن کۆیە بووە شەڕ و کۆپتەر هەستا، لە قەرەچووخ تا تاریـك داهـات شەڕ گەرم بـوو، لـە شـارەزوور مۆڵگەیـەك گـیرا.. لـە ئامێـدی.. لـە ...دەسـتی بـە ڕەشـبگیری کـرد... لـە.. تیربـاران کـرد) خـەیری لـە کـاتی خوێندنـەوەی چـالاکی پێشمەرگە، لە بن لێوانەوە دەترسا مەلا حەسەن گوێی لێبێ، دەیگوت: ((بە خودای هاوڕێیان نێرەکەرن)) بەڵام هەواڵێك ئەگەر شـەهیدی تێدا بـا، چـاوی پـڕ دەبـوو لـە فرمێسك، خەیری دەشگریا..

تۆپەکان بە ئاگرەوە نزیکتر دەبنەوە

-١٧-

هەر دەچم

بە چی دەچم با بچم

بەس با بەو ئاوەدا

ئاوەو ئاو نەچم

بارەگا کەوتبووە دەڤـەرێکی دنیـاوە کـە ئابلۆقـەی هـەموو دنیـای لـە سـەر بـوو، ئەمریکا کە بە دەوڵەتی ئابلۆقە ناسراوە، قەت نەیتوانیوە هیچ جێگەیەکی دنیا بخاتە ئابلۆقـەیکی واوە کـە بـە دەوری دەڤەرەکـەی ئێمـەدا درابـوو، هـەموو جـۆرە ئابلۆقەیەکمان لەسەر بوو بە ئابلۆقەی(شەوبا)شەوە، ئەگەر شەوان کزەبایەکی هاتبـا، ئەو هەموو پیاڵە خوێنەمان لێدەگیرا! ئابلۆقە ئابووریەکە کوشندە بـوو، هـەتا فـەردە ئاردێـك، دوو کیلـۆ شـەکر، چـارەگە چـایەك دەگەیەشـتە بارەگـا کەپریەکـە، دەبـوو

هەزارویەك فیلێ و تەلەکە ببینیەوە یالا یەکیان جێ بگرێت، دەبوو رایەڵی دۆستایەتی بۆ هەزارو یەك جاش درێژ بکەیت، یالا جاشێکیان دەیگرتەوە.. جارو بار ئازووقە دەهاتە ئەوبەری زێ، بەری سۆران، لە دەو زێیان دادەناو بزردەبوون، کێبوون ئەوانە، من هیچی لێنازانم، ئێمەش هێسترمان دەبرد و لەم بەرە، بەری بادینان بارمان دەکرد و دەمانهێنایە بارەگا و لرفمان دەکرد، بەلاّم کێ لە زێ دەیپەڕاندەوە؟ قسەمان لەوەیە کە من کەمێك درەنگ زانیم چۆنە، بە خۆشتان دەزانن پەڕینەوە لە زێی گەورە، بە تایبەتی لەو جێگەیەی من دیتم، لە پەڕینەوە لە دیجلە زەحمەتترە..

کوڕێك هەبوو، کاردۆی ناو بوو، ئەو کوڕە لە هەموو شت دەچوو لە بەلەموان نەبێت، کەچی هیچ شتێکی نەدەزانی جگە لە سەوللێدان، هەر ئیشێکت پێبکردایە، هەر شتێکت پێراسپاردایە پەشیماندەبوویتەوە، کەچی هەرچی ئازووقەیە ئەو بە بەلەمێکی گچکەی شڕی وا جگە لە خۆی کەس نەیدەوێرا پێ بخاتە ناویەوە، لەو زێیە تووشە دەیپەڕاندەوە، ئەوە هەمووی لە لایەك، ئەو کوڕە مەلەوانیشی نەدەزانی، ئەبوو جاسم دەیگوت:

((لە هەموو دنیایێ یەك بەلەموان هەیە کە مەلەوانی نەزانێت، ئەویش کاردۆیە، حکومەت پێبزانێت خەلاّتی دەکات، بەلاّم ئەوە پێشمەرگەیە کە نرخی کاردۆ نازانێت..

کاردۆ زۆر کەیفی بەو قسەیە دەهات، دەیگۆت:

بە مەلا حەسەن دەڵێم لە جیاتی ئەو کارەم هەر هیچ نەبێت با ژنێکم بۆ بێنێت.

بە کاردۆیان دەگوت:

بەس تێمانگەیەنە کە مەلەوانی نازانیت، چۆن دەوێریت بەو کەچە بەلەمە لەو زێیە بار بپەڕێنیەوە؟

کاردۆ زۆر سادە و راستگۆیانە دەیگوت:

((دە بەو خودایەی لە سەر سەرانە، کاتێ دەچمە نـاو بەلەمـەوە هـەر وا دەزانم لـە سەر زەویم و پایسکل داژۆم، چ ئاو و زێ نابینم، ناوەڵڵا پایسکل زەحمـەتترە، چـونکە جارێك لە سەر پایسکل وەها کەوتم وەها کەوتم، سەرمیان لە سـێ جێگـە دووریـەوە، جگە لەوەش خۆ من هەر دەبێت شەهید بم، پێشمەرگە هەیە هەتا سەر بمێنێ؟ جا بـا بە ئاوێ بچم نەك بە گوللە، من حەز دەکەم بخنکێم نەك بکوژرێم، چونکە کەمێك لـە خوێن دەترسم، خۆ خوێنەکە خوێنی خۆم بێت هەر زراوم دەچێت..))

ڕۆژێك من بە هێسترەوە چوومە دەو زێ، بۆ ئەوەی ئـەو بـارە بێنمـەوە کـە کـاردۆ خەریکە لەو بەر بە بەلەم دەیپەڕێنێتەوە ئەمبـەر، کـە گەیشـتمێ تـازە دەگەیشـتەوە کەنار، دیار بوو نیوەی پەڕاندبۆوە نیوەی مابوو، گوتی :

((بۆ نایەت لەگەڵم با فێرە سەوللێدانت بکەم وترست لە ئاو بشکێ؟))

منیش قەت ئەوها کەر نەبوومە، غیرەتی کەرایەتیم دایە بەرخۆم، بۆ سـوار نـەبم؟ تۆ بڵێیت هێندەی کاردۆش غیرەتم نەبێت؟ ئەگەر مەسەلە کەرایەتیش بێت با بۆ چەند ساتێك وەك کاردۆ کەربم، لەبەر خۆمەوە ئـەو رسـتانە و زۆری لـە شـێوەی ئەوانەشـم گۆتەوە و سوار بووم و کاردۆ سەولی لێدا..رەنگە هەر گوریسێك دوو لـە کـەنار دوور کەوتبینەوە، یەك بە زێ، لە شەپۆلەکانی بە گوڕتر، ترس هێرشی بۆم هێنا، هێرشێك بە هیچ شتێك بەرپەچنەدەدرایەوە، یەك بە دەنگی خۆم لە کاردۆم خوڕی؟

+ کوڕە بگەڕێوە، کوڕە بگەڕێوە من نایەم.

– عەیب ناکەیت دەترسیت، بە خۆشی دەڵێت پێشمەرگە، وەی لەو پێشمەرگەیە!

+ دەڵێم بگەڕێوەەەاا

کـاردۆ پێدەکـەنی و سـەولی خـۆی لێـدەداو بـە دەنگـە ناخۆشەکەیشـی گـۆرانیی دەگوت، ئەوجارەش هاوارم بەسەریدا کرد:

((بگەڕێوە، نەگەڕێیتەوە یەك گوللە دەنێم بەسەرتەوە..))

کاردۆ چ بڵێت باشە:

((ئۆی لەو پیاوکوژە بێ ئەزموونە، ئەگەر دەشمکوژی لە دەو کەنار بمکوژە، چونکە کە من مردم تۆ نازانی سەوڵ لێبدەیت و مردنی تۆش مسۆگەرە، زیندوێتی من زیندوێتی تۆشە..))

تێگەیشتم هەڕەشە فشەیە، دەستم بە پاڕانەوە کرد، لەگەڵ دووەم رستەی پاڕانەوە، کاردۆ رووی بەلەمی وەرگێرا و گوتی:

((دە ئەوها ئەگەر نەدەپارایتەوە، هەتا ناو خاکی سۆران ئاوڕم لێت نەدەدایەوە.))

گوتم:

باشە باش تۆ بمگەیەنەوە کەنار..

کاتێ پێم لە سەر وشکانی دانا، دەتگوت لە ناو مردنێ گەڕاومەتەوە و شاگەشکە بووم بە کەناری ژیان..ئەوجا دەستم بە جوێندان کرد سێ چوار جوێنی مزرم بە کاردۆ دا، کاردۆی ئاوڕێکی لێمدایەوە و گوتی:

((لە ناو بەلەم بۆ وا ئازا نەبوویت، کەنار وەك پێش دەرگا وایە، سەگیش لە پێش دەرگای خۆی ئازایە..))

تۆپەکان هەر لە وشکانی نا لە ناو زێش دەکەونەوە..

-١٨-

سەردەمانێك ئەوها بوو

دنیا دەرگاکانی لە سەرمان داخستبوو

نە وشەیەك دەڕۆیشت

نە وشەیەك دەگەیشت

رۆژێك ژنێك کچێکی پارچەلەشی لەگەڵ بوو، گەیشتنە بارەگا، هێشتا سلاویان نەکردبوو زانیمان شارین، کاتێ لەگەڵ پێشمەرگە ژنەکانم بەراورد دەکردن کە جلی پیاوانەی وەك منیان لەبەر بوو، هیچ وێکچوونێکم لە نێوان ئەو دوو جۆرە ژنە

نەدەیتەوە، هێند لێك جودابوون هێنـد لێـك جودابـوون، ژن وپیـاویش بـەو ئەندازەیـە جیاوازیـان نـەبوو.. درەنگـتر پێکـەوتم کـە ئـەو ژنـە دایکـی پێشـمەرگەیەکە نـاوی پێشمەرگایەتیی نا ناوی خۆی ئارام بوو، باشم دەناسی لە قۆناخی ئامـادەیی هـاوپۆل بووین، هاتبوون بۆ دیدەنی، نەیاندیت چونکە لەو کاتە ئـارام لـە بارەگایەکـدی بـوو، بارەگایـەکی نـازانم چـەند رۆژە رێیـی.. هـەر شـەوی یەکـەم مێشـوولە بـە خـواردن خوشـکەکەی ئارامیـان خـوارد، دەموچـاوی دەتگـوت مێکوتـەی لێهـاتووە، ئـۆقرەی لێهەڵگیرابوو، پەلەی لە دایکی دەکرد زوو بگەڕێنەوە، چەند شەوێك لە ناو مێشوولە ودووپشك و مار مانەوە..

کە زانی کوڕەکەی لە مێژە دەناسم، ئیدی کەوتینـە قسـەو بـاس و باسـی بـرادەرە شاریەکان، ئەوانەی برادەری هەردوو لا بـوون، نـاوی سـێ چـوار کەسـم هەڵـدا باشـی دەناسین، یەك لەوانە ناوی موسلیح بوو، گوتی:

ئا، ئێستاش سەردانی ماڵمان دەکات و زوو زوو دەیبینین.

گوتم:

دە ئەگەر بازگەکان زۆر توند نین، نامەیەکم هەیە بۆم بگەیەنە ئەو کوڕە.

گوتی:

بنووسە دەیگەیەنم، وەهای دەشارمەوە نەبینرێتەوە، هەر ئەوشەو بینووسـە رەنگـە بەیانی بەرێبکەوین..

باش بوو شەوەکەی مانگە شەو بوو، مانگەشەوێك، بە روونـی خـاڵی سـەر پیتـت دەدیت، لە سەر قەرەوێلە بۆی دانیشتم، نامەیەکی چڕو پڕو جوانم نووسـی، لـە کـاتی نووسینی نامە، مێشوولەکان خاتریان گرتم، چ هەستمنەکرد، ئازارم بدەن، ئەو نامەیە زۆر پێویستبوو بگاتە ماڵەوە لـە مێـژ بـوو ئاگامـان لـە یـەکتر نـەبوو، بـە تەنیشـت نامەکەی ماڵێ کورتیلە نامەیەکیشم بۆ موسلیح نووسی، لە بیرمە دوای هەواڵپرسـین نووسیبووم:

تکا دەکەم بە هەر ڕێگەیەك بێت ماڵی ئێمە ببینەوە و ئەو نامەیەیان بگەیەنیٚ.

نەمدەزانی ماڵمان لە جێگەی پێشانە یان چەند گەڕەکیان گۆڕیوە، ئیدی نامەکەم لوول دا لوول دا، ڕێك هێندەی جگەرەیەکی دیاری لێمایەوە، جوان بە تێپ پێچامەوە، ئەو دیارە جگەرەی ئەستوور و ناڕێکی دەپێچایەوە، ئەو کوڕە لە هەموو هونەرەکانی پێشمەرگایەتیی دەسترەنگین ببوو، بەڵام لە هونەری جگەرەپێچانەوە چ شارەزاییەکی پەیدا نەکرد، ئەو هونەرەش بۆ جگەرەکێش لە هونەری سەنگەرگرتن هونەرتربوو..هەر ئەو شەوە نامەکەم دایە دایکی ئارام، لە سەر جێ ڕاکشام و بیرمدەکردەوە، ئەها دەبوو ئەو ڕستیەش بنووسم، ئۆی، لە بیرم چوو بڵێم.. لە ناو تاوتوێکردنی نامەکەی خۆم خەوم لێکەوت..

بەیانی زوو جگە لە ئێشککگر هەموو بارەگا لە شیرنەی خەویٚ بوون، من بە ئاگابووم، بە پەلە بووم لە ڕۆیشتنی دایك و خوشکی ئارام، دەمویست هەرچی زووە بەرێبکەون و بگەنە هەولێر و موسلیح ببینن و ئەویش ماڵی ئێمە ببینێتەوە و نامەکەم وەربگرن و بیخوێننەوە.. ڕۆژهەڵات، هەموو هەستان، نان خورا، بووە چێشتان، هەر بەرێنەکەوتن، درەنگ زانیم، کە بەهۆی نەهاتنی چاوساخەوە، ئەورۆش دەمێننەوە، سبەی دەڕۆن..

ڕۆژی دواتر ڕۆیشتن، بە ڕۆیشتنی ئەوان هێندە دڵخۆش بووم هێندە دڵخۆش، لە دوورەوە پێمەوە دیار بوو، ئەبوو جاسم گوتی:

سەیرە چ بووە، چ هەواڵێکی خۆشت پێگەیشتووە؟

چم نەگۆت، من هەر بیرم لەو ساتانە دەکردەوە کە لە ماڵەوە نامەکەم دەخوێننەوە، بە سۆراخی من ماڵەکە پڕ لە پێکەنین و خۆشی دەبێت..

ڕۆژی دواتر لە بن کەپری گەورە لە سەر پشت ڕاکشابووم، بیرم هەر لای نامەکە بوو، کاتێکم زانی حاجی دەهام بەو بەژنە درێژەیەوە لە سەر سەرم ڕاوەستاوە و هەستم کرد شتێکی لە ناو دەست دایە، گوتی:

((ها، ئەو نامەیە وا بزانم هی تۆیە، لای گەرماوەکە کەوتبوو..))

لێیم وەرگرت، ئای کوڕە خۆ ئەوە نامەکەی خۆمە... تەزینێك تەزیم، بە چلەی زستانێ لە زێی بادینانیشیان هەڵکێشابام ئەوها نەدەتەزیم..

لە حەپەساوی خۆم لە بیرم چوو لێبپرسم، چۆنت زانی هی منە، هیچم نەگوت، کە رۆیشت، ئەوپرسیارم کرد و سەد بارەشم کردەوە(چۆنت زانی هی منە) دەمویست بچمەلای حاجی دەهام ئەو پرسیارەی لێبکەم، شەرمم کرد، رەنگە بە پێویستیشم نەزانیبێت.. ئەو ژنە بۆ وای لە من کرد؟ تۆ بڵێیت نەیوێرابێت بیبات و لە رووشی نەهاتبێت لە دەستی خۆیەوە بۆم بگەڕێنێتەوە، باشە بۆ سەرەتا گوتی ئاسانە و ئێستا وای کرد؟ ئەدی حاجی دەهام بۆچی گوتی لای گەرماوەکەم هەڵگرتەوە، کەواتە کردوویەتیەوە و ئەگەر نا چۆن زانی هی منە؟ باشە بۆ لای گەرماوەکە بوو؟ ئایا ژنەکە لەوێ لێیکەوتووە، یان فرێیداوە؟ بە هەر لایەکدا دەمبرد نەدەگەیشتمە وەلآمێك کە پێی رازیبم، هێندەم لەبیرە زۆر لەو ژنە تووڕە بووم، ئەو ژنەی کە رەنگە شتێکی وای نەکردبێت کە بەشی تووڕەبوون بکات..

دڵم نەدەهات نامەکەم بدڕێنم، رەنگە بیست جار پتر لە سەر یەك خوێندبێتمەوە، لە خوێندنەوەی نامەکەدا شانۆگەرییەکی دڵخۆشکەرەم بۆ خۆم ئامادەکردبوو، لەو شانۆگەریە ئەوەی نامەکەی دەخوێندەوە من نەبووم، کەسێکی ماڵەوەمان بوو، ئەوانیدیش هەموو دەوریان دابوو، بە دەنگی بەرز دەیخوێندەوە، ناوە ناوە یەکێکیان دەیگوت:

توخوا، ئەو دێرەیان دووبارە بکەوە..

یەکیدی دەیگوت:

خێرا خێرا بیخوێنەوە مەوەستە، تا کۆتایی.

یەکیدی دەیگوت:

زوو بە، بیدە من تا خۆم نەیخوێنمەوە باوەڕ ناکەم..

ئەویدی دەیگوت:
بۆچی هێندە کەمی نووسیوە، کەم؟
دوایی پێکەوە دەیانگوت:
ئەرێ ئەو کوڕەی نامەکەی هێنا کێ بوو؟ چۆن بیبینینەوە؟

ئەو رۆژە وەکو شێتان لە سەر سەر دەگەڕام، سلاوی کەسم وەرنەدەگرتەوە، وا بزانم هەر ئەو رۆژە بوو شەڕێکم کرد کە ئێستا نازانم لەگەڵ کێ و چۆن چۆنی بوو، ئەبوو جاسم چەندی هەوڵیدا بزانێت چ بووە، دەیگوت:
تێمبگەیەنە دوێنێ لە کوێ ئەمڕۆ لە کوێ! چ بووە؟
هیچم نەگوت..
تۆپێك بەرزاییەکی نزیك لە ئێمەی ئاگر دا..

-١٩-

لە کچە قەرەجێکم بیست
پۆشکێن شووشەیەك گوڵاوی
بە سەر خاکی رووس دا پژاندووە
کەس نیە رێی بەو خاکە کەوتبێ و
بۆنی گوڵاوەکەی پۆشکینی نەگرتبێ..

سبەینێیەك کەمەێك درەنگتر لە رۆژان لە خەو هەستام، ناوە ناوە شەوان خەوم دەزڕا، بەرەبەیان خەوم لێدەکەوت، باش بوو دەتگوت بەو خەوزڕانەی من دەزانن بۆ نانخواردنێ لە خەویان نەدەکردم یان بانگمیان دەکرد و خۆم دەکردە مردوو، ئەو سبەینێیەی دەڵێم، کە چاوم کردەوە و تەماشای بن کەپری گەورەم کرد، هەستمکرد ژمارەمان زیادی کردووە، دیارە هاتنی مێوان بۆ ئەو بارەگایە وا ریکدەکەوێت بکەوێتە شەوێوە و کەم کەس ئاگای لەو هاتنە دەبێت، ئێمەش کاتی خۆی کە هاتین

بەیانیی نەدابوو، لە ناو میوانەکان پێشمەرگەیەکی هەندێ بە تەمەنی سمێڵ گەورەو پان هەبوو، بە ئەبوو مەحمود بانگیان دەکرد و پتر لە کەپرەکەی مەلا حەسەن دادەنیشت، دیار بوو کە ئەویش شتەك هەیە....

شێخ گوتی:

تۆ ئەبوو مەحمود ناناسی، نووسەرە، شت دەنووسێت

گوتم:

شت دەنووسێت، ناوی خۆی چیە، بە چ ناوێك دەنووسێت؟

گوتی:

ناوەکەیم لە سەر زارە، ئا، جەلال دەباغ

گوتم:

ئەوە جەلال دەباغە!

نازانم کێ بوو گوتی:

ئەرێوەڵڵا ئەوە ماتریالیزمی دیالەکتیکە.

ئەو وێنەیەی جەلال دەباغ کە لە وێنای مندا بوو چ ئەوە نەبوو کە وا لە بن ئەو کەپرە دانیشتووە و گوێم لێیە قسان دەکات، دیتنی ئەو پیاوە منی گەڕاندەوە ساڵانێکی زوو، لای (ماتریالیزمی دیالەکتیك)، ئەو کتێبەی کە کوڕێك دەیگوت:

لە هەموو هەولێر دوو دانەی هەیە، یەکیان لە کتێبخانەی گشتییە، ئەویدیش لای منە و نایدەمە کەسیش نەوەك بزر بێت..

من جارێك بە چ حاڵ لێیم وەرگرت، هەتا بۆم بردەوە، نیوەی هەولێری تێمگەیاند درەنگتر لە گەرمەی پشتئاشانێ لە وەلامی ئەو قسەیە کوڕێك گوتی:

نا، سێ دانە هەیە، یەکێکیش لای جەلال دەباغ خۆیەتی.

وای وەلاّم دایەوە:

ئەویان سووتا، لە پشتئاشان سووتا.

ئەو کوڕەی ماتریالیزمی دیالەکتیکی نەدەدایە کەس، هەموو کەس ئەگەر لە نزیکەوەش نا لە دوورەوە دەیانناسی، ئەویش بە ساقۆیەکەی، هەموو ساڵێك مانگ و نیوێك دوای هەموو خەڵکی هەولێر ئەو جا ساقۆی فرێدەداو جلکی هاوینەی لەبەر دەکرد، ساقۆیەکی درێژ، ئەو کوڕە لەگەڵ کاکە زیاد لادێیی تێکەڵ مەکەن، کاکە زیاد چوار وەرزەی ساڵ جلکی زستانەی لەبەر بوو، ئەو دووە تەنها لەوە بە یەك دەچوون کە هەردووکیان بەردەوام بن هەنگلیان پڕ کتێب بوو، ئەو کوڕە بن هەنگڵ پڕ کتێبە ناونیشانی گەلێك کتێبانی دەگوت بەڵام پێنەدەچوو هیچیانی خوێندبێتەوە، کاتێ لە بابەت ئەو کتێبانەوە پرسیارێکت لێی دەکرد، قسەی بە لارێدا دەبرد، بەلارێدابردنیش هونەرە و لە دەستی هەموو کەس نایەت، ئەگەر نەزانی چۆن ئەو کارە دەکەیت، دەتگرن و دەتهێننەوە سەر راستەرێ و شەرمەزار دەبیت، بەڵام ئەو وا نەبوو، بە شێوەیەك خۆی لە وەڵامی پرسیارەکە لادەدا، تۆش لە بیرت دەچۆوە چ پرسیارێکت کردووە، حەزتدەکرد هەتا دوایی هەر بە رێی لارێدا بڕوا..

جارێك کوڕێك لێیپرسی:

+ بۆچی ماتریالیزمی دیالەکتیکت لە ماڵێ دەستبەسەر کردووە و نایدەیتە کەس بیخوێنێتەوە؟

- لەبەرخاتری دەروێش، خۆت دەزانی ماڵمان بە تەکیەی شێخەوەیە، رۆژێك دەروێشێکی برادەرم زۆرم لێپارایەوە کە ئەو کتێبە بە ناو خەڵکدا بڵاو نەکەمەوە، گوتی: هەر کتێبێك دێنی و دەبەیت، قەینا، بەس ئەوە نا، چونکە لەو دنیا لە سەر هیچ نا لە سەر ئەو کتێبە و چەند لاپەڕەیە هێندە ساڵەت لە دۆزەخ دەهێڵنەوە.

+ دەروێش لە کوێی زانی ئەو کتێبە خراپە؟

- جارێك هەندێکیم بۆی خوێندەوە، گوتم بزانم نایکەمە مارکسی

+ ئەوجا بۆ بە قسەی دەروێش دەکەیت؟

- بۆ ئەو دنیا کەرە بۆ ئەو دنیا، ئەگەر قسەی دەروێش دەرچوو..

هەندێك كەس پێیانوابوو ئەو كوڕە دەروێشێكە لە دەروێشەكانیماڵی شێخ كاكە..

ئەو كوڕە هێندە ناوی كتێبی (ماتریالیزمی دیالەكتیك)ی دەهێنا، هەتا ناوی بووە ماتریال، زۆر كەس بەو ناوە بانگیان دەكرد، ئەو ماتریالە رۆژ نەبوو بە یەك رستە كێشەیەكی سیاسی نەخاتە ناو هەوادارانی حزبەكانەوە و بۆ خۆیشی لە دوورەوە پێیانپێدەكەنی، كەس نەیدەزانی ئەو ماتریالە سەر بە چ حزبێكە، هەندێك دەیانگوت، سەر بەهیچ نیەو سەر بە هەمووانیشە، هەر رۆژەی لە بەرژەوەندیی حزبێك قسەی دەكرد، كوڕێكی قسە خۆش بوو، هەمووان خۆشیان دەویست، لە بیرمە رۆژێك لە ناو كۆمەڵێك كۆمەڵە گوتی:

ئێوە هەمووتان هەر هەمووتان لە ماتریالیزمی دیالەكتیكی جەلال دەباغەوە فێری ماركسی بوونە، كەچی ئێستا لەو بن بەرد بۆ ئەو بن بەرد راوی دەنێن.

كوڕێك خەسرەوی ناو بوو هەڵیدایێ:

من چ لەو كتێبەوە فێری ماركسی نەبوومە.

ماتریال ئەوها وەڵامی دایەوە:

ئەوجا تۆ كەی ماركسیت، تۆ مەترسیت!

ئەو خەسرەوە دواتر بووە (سەپان) و چووە ناو (ئالا) و بە ئالایی شەهید بوو

لە بیرم چوو هەندێك كەس بەو كوڕەیان دەگوت فەتحی دەباغ..

ئێستا با بگەڕێمە ناو كەپران لای جەلال دەباغ، پیاوێكی قسە خۆش بوو، گاڵتەی جوانی دەكرد، لە هەندێ بابەت زۆر نەرم و شاعیرانە قسەی دەكرد، زۆر بە فەتحی دەباغ دەچوو، دەتگوت لە ماڵی جەنگیز ئیتماتۆفەوە هاتووە و سەردانێكی پۆشكینیشی كردووە، بۆنی پۆشكینی لێدەهات، بەڵام لە هەندێكیدی زۆر ترسناك بوو هەستمدەكرد وتەبێژی فەرمیی ستالینە، بارەگاشم لە بیر بێت لەوێ و ئەودەمانێ كەس نەبوو یان من شكم نەدەكرد كەس هەبێت كە برێك خولیای ستالینی لە سەردا

خول نەخوات، ئەوجا با ئەو برِە بە قەد تاڵە مووێکی سمێڵی ستالینیش بێت.. من بە دیتنی زۆر خۆشحاڵ بووم، هەستمدەکرد بە (ماتریالیزمی دیالەکتیك) من بە شێوەیەك قەرداری ئەوم.

زوو رۆیشتن هێندە نەمانەوە..

تۆپێك هەمووومان بەعەرد دادەدا، لە دۆڵاییەکی نزیك دووکەڵ بەرزبۆوە.

-٢٠-

ژنێك رووی لە دەستە خوشکێکی بوو:

کچـــــــــــــێ گـــــــــــــۆڕێکم بـــــــــــــۆ هەڵکەنـــــــــــــە

بە دەستی خۆت بمنێژە

لە خۆم بەدەبەخت و چارەرەشێ

تووشم بە تووشی کێوە بوو

مێردەکەم نە میرە، نە بەندبێژە

لە دەمی نانی نیوەرۆییێ ئەگەر چۆن دەنا هەموو دەهاتنە بن کەپری گەورە، نیوەڕۆیەکی ئەو تەمووزەی ئەویێ وا رێککەوت من و مەلا حەسەن پێکەوە نان بخۆین، لە پێشمەرگایەتی لە رۆژانی ئاسایی، پێشمەرگە دوو دوو نانیان دەخوارد ، خۆ ئەگەر ژمارەی پێشمەرگە تاك بوایە، ئەو تاکەی دەمایەوە لە خۆی خەنی بە تەنێ لە سەر نان دادەنیشت، ترسی نەبوو لەوەی بەگەڵ کەسێکی زۆر خۆر و گورگانی خۆر بکەوێت، هەتا ئەو کەوچێك بۆ دەوی دەبا ئەویدی چواری قوتدابێت، نانخواردنیش بە گشتی لە سەر چیچکان بوو، تفەنگیش لە تەنیشتت، مەلا لە سێ شت زۆر خاو بوو (نانخواردن، گەرماوکردن، قسەکردن) لە بەرانبەر سێکوچکەی حەرام ناویان لەم سیانە نابوو سێکوچکەی مەلا، من قسەم لە بارەی سێیەمیانەوەیە، هەر دەڵێی ئێستایە کە گوتی:

((هاورێ شوانە بابە دوای چایە خواردنەوە ئەگەر لە قەلبت ناخۆش نەبوو، سەرێکم لێدە لە کەپرێ..))

لە دەستمچوو لە یەکەم وشەوە کاتژمێر بگرمەوە، لە بیرمچوو، دەنا ئێستا بە دڵنیاییەوە دەمگوت گۆکردنی ئەو چەند وشەیە رێك یەك خولەکی خایاند.. هەر لە بارەی قسە خاوییەوە جارێك لە کات و جێگەیەکیدی پێشمەرگەیەکی عەرەب ناوی (ئەبوو میلاد) بوو بەلاّم هەندێ لە پێشمەرگەی کورد ناویان نابوو میلادە دۆم پێشمەرگەی عەرەبیش هەبوو بانگیاندەکرد(ئەبوو دۆم)، ئەو کوڕە هەرچی گۆرانیی ((دۆمانە!))ی کوردی هەیە لەبەری بوو، بەندی وەهای دەگوت بای لە رەسووی نادری و ئەوانە بڕی بوو، بەندبێژ بوو نەك گەمە، هەر هێندەت دەدی ئەبوو میلاد تەنەکەیەکی کردۆتە دمك و:

هاتم لە لای ئەولایە

تێکی بدەی خودایە

مزگەوت مالی مەلایە

ئێمەش جێمان چیایە

من لە هەورێ گوێم لە بەندێکی درێژی ئەبوو میلاد بوو، سەرەتاکەی ئەوهابوو کە بیستتان.. کەسێك ئەبوو میلادی نەناسیبا بێ سێ ودوو دەیگوت خەڵکی سێتاقانی هەولێرە، نازانم ئەو کوردیە لە کوێ فێرببوو کە نەك هەر گۆرانیی پێبڵێ، بەندیش دابنێ، ئەگەر کەسێك بیەوێت قسە لە سەر بەند و بەندبێژانی کورد بکات، نابێت ئەو پێشمەرگە عەرەبە لەبیربکات کە لە خۆشەویستی و رێزەوە ناونرابوو میلادەدۆم.. بەند خەریکە مەلام لەبیرباتەوە، ئەو ئەبوو میلادە لە کانی تەلانی هەورێ، پێدەچوو یەکەم جاری بێت لە کۆڕی مەلا حەسەن دانیشتبێت، دوای دانیشتنەکە گوتبووی:

((ئەو مەلایە ئەگەر لە گانکردنیش ئەوها خاو بێت، ژن خەنی دەبێت..))

دەیانگۆت بەندێکیشی لە سەر رێکخستبوو، بەلاّم من گوێم لێنەبوو..

دوای چا خواردنەوە دوای ئەوەی مەلا چۆوە کەپرەکەی خۆی، بە کەمتر لەو ماوەیەی کە ئەو رستە بانگهێشتەکەی هەڵدا گەیشتمە کەپر.. یەکەم جارمە پێ بنێمە ئەو کەپرەوە، کەپر جیا خۆی لە کەپرەکانیدی نیشاندەدا، جیایی لە دانیشتن گوێگرتن و قسەکردن، دەنا لە کەپرەکانیدی شڕتر بوو، لە دیدی منەوە کۆشکی کۆماری بوو، دەبوو بزانم چۆن دادەنیشم چۆن گوێ دەگرم، چۆن قسە دەکەم، نازانم بۆچی هێندە شەرمم لێیدەکرد، بڕوا ناکەم لەبەر ئەوەبووبێت کە بەرپرسێکی گەورەیە، چونکە زۆری لەو گەورەترم دیتبوو، شەرمیش مێوانم نەبووە، رەنگە ئەو شەرمە لەوەوە هاتبێت کە ئەو زیاد لە پێویست رێزمی دەگرت و بە شێوەیەکی زۆر تایبەت قسەی لەگەڵم دەکرد، رێزگرتنێك کە خۆم لاموابووە پێویست ناکات، بە کورتی نە دەمزانی بۆچی هێندە رێزم لێدەگرێت، نە دەمزانی من بۆچی هێندە شەرمەی لێدەکەم، ئەوەش بڵێم لە دوای ئەو دانیشتنەوە شەرم نەما، بەڵام رێز تا سەر مایەوە، ئیدی بەو خاویەی کە هەر لە خۆی دەوەشایەوە گوتی:

ئەگەر خۆت حەزت لێبێت، من حەزم لێیە تۆ بڕۆیتە سەرێ بۆ کاری راگەیاندن و نەچیتە خوارەوە..

باش بوو لە شەرمە نەمگوت باشە، گوتم:

من حەز لە راگەیاندن ناکەم، دەمەوێ بەرەو هەورێ ببمەوە..

بە رێزەوە گوتی:

باشە، هەوەسی خۆتە، بەس من حەزمدەکرد تۆ لە راگەیاندن کار بکەیت..

هەر لەو کەپرە کۆماریە گوتم لێگەڕێ ئێستا دەڵێ ((کورتەك و شەرواڵێکت بۆ دەکرم)) نەیگوت، من ئەو کاتە جلەکانم زۆر شڕ بوون، لە چەند جێ شەرواڵەکەم دووریبۆوە، لە دوورەوە جێی دروومانی درشت دیار بوو..

ئەو مەلا حەسەنە لە یادەوریمدا و لە پیرسێکی زستانی نەك هاوینی ناوەکەی بە بێ ئەوەی هەڵەی چاب بێت بۆتە میری رەواندز..

بۆ بەیانیەکەی جوولەیەك کەوتە بارەگاوە، چەند پێشمەرگەیەك خەریکی خۆکۆکردنەوە بوون، خەیریش قسەی لە زاری گیر نەدەبوو لە بەر خۆوە دەیگوت:

((دوورە زۆر دوورە، لە خۆت خەنی مەلا جەلال لە پێش چاوت بزر دەبم..))

رەنگە رۆژی دواتر بووبێت، چەند کەپرێك چۆل بوو، رۆیشتن خەیری و مەلا حەسەن بە کچ و زاواوە، هەنگاو، لە ژنەکان تەنها نادیە مایەوە.. وا بزانم ئەگەر بە حەزی مەلا حەسەنم بکردایە منیش لەگەڵ ئەوان دەرۆیشتم و دووریش نەبوو تووشم بە تووشی خوا کورکی شەڕەوە بایە، ئەو شەڕەی لە چاو زۆر شەڕان شایی بوو..

تۆپ، تۆپ، ئاگر لە دەور و بەری بارەگا دەکەوێتەوە، دەبێت لە سەر پێ بین بۆ ئاگر کوژاندنەوە..

-٢١-

زەوی هەمووی ئاوە

لێرەو لەوێ ناولەپ ناولەپ وشکانی

ئەویش دوورگە دوورگەی ئاگر

خەیری چوو، هەرچی هاتوهاوار و گاڵتە و گەپ بوو خستیە کۆڵەپشتەکەیەوە و لەگەڵ خۆیدا بردی، بارەگا بە چوونی ئەو پیاوە لە چۆلەوانی دەچوو، ئاشی ئاو لێبڕاو بوو، مەلا جەلالیش کە حەزی بە چارەی نەدەکرد، هەرچەندە نەیدەویست بەسەر خۆی بێنێت، بەڵام بێ خەیریی پێوە دیار بوو، ئەو پیاوە ئاوەدانترین پیاو بوو، نەمانی ئەو پیاوە لە بارەگا لەوە دەچوو کە لە گەڕەکێگ نەك کۆڵانێك گەڕەکەکە هەمووی باریکردبێت، ئاگر تا دێت نزیك دەبێتەوە، خەیریش نەما بە کەوتنەوەی هەر ئاگرێك یەك بە دەنگی خۆی و بەو چلەی هاوینە گۆرانیی نەورۆز بلێتەوە و کەمێك ترسی ئاگرمان لێدوور بخاتەوە، ئەویش نەما لەگەڵ لوورەی هەر تۆپێك بە پەنجە کەپرەکەی

ئەو سەر نیشانبداو ئەگەر بۆ ساتێك و هەر بۆ گاڵتەش بێت ترسی ترس لە دڵ بڕەوێنێتەوە..

ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستمدەكرد ئەو جوگرافیایەی بارەگا لێی هەڵدابوو، پتر شێوەكەی دەگۆڕێ، بە بەر چاوەمەوە شێوەی دوورگەی ئاگری دەگرت، ئاگر، ئاگر.. ئاگر لە گشت لاوە بەرزدەبۆوە، بارەگا لە ناو بلێسەی ئاگر چاوی لێكدەنا، لە ناو دووكەڵ چاوی هەڵدەهێنا، لەوە دەرچووبوو دڵ بە گۆڕینی ئاراستەی با خۆشبكەین، با لە هەر لایەكەوە هەڵیكردبا، ئاگر و دووكەڵی بۆ بارەگا دەهێنا، باوی ئەوەش نەما نیوە شەوان جاروبار سینگمان بۆ كزە بایەك بكەینەوە، تا كەمێك فێنكایی ببەخشێتە جەستەی ئارەقاویمان، لەوە دەرچوو كاتژمێرێك ئێشكگریی خۆت بگرە و ئیدی پشتی لێبكەوە، ئەو ڕۆژ و شەوانە لە ناو دوورگەی ئاگر هەموومان ئێشكگری هەمیشەیی بووین، دەبێت لە مار بە ئاگاتر بین، دەنا دەبینە ماری برژاو، من بە چاوی خۆم ماری برژاوم دیت، ئەو مارانە نا كە شێخ دەیكوشتن و چاكی دەكردن و ئاگری دەكردەوە و دەیبرژاندن و دەمانخوارد، نا، ماری دەرەوەی كۆنترۆلی شێخ، مارم دەدیت دەكەوتە ناو ئاگری تۆپەكانەوە و فریای ڕاكردن نەدەكەوت، وەها دەشێوا كونێكی دەرچوونی لەو زەویە كونكونیە نەدەدیتەوە، دەكەوتە ئاگرێكی واوە جلیتبازیی لە بیردەچۆوە، دوورگەی ئاگر ماری دەبرژاند، دووپشك و كیسەڵ و بۆقی دەبرژاند.. پێرس دەمێكە لە سووتانە، بەڵام سووتانی ئەمجارە جیایە، سووتانێكە هێند گەرم هێند گەرم بەرد دەتاوێنێتەوە، ژیری دەتاوێنێتەوە، چیا بیابانێكە لە خۆڵەمێش، ئێستا پێشمەرگە كۆمەڵێك ئاگركوژێنەوەیە بە دەوری بارەگا دەخولێنەوە و ئاگر دووردەخەنەوە، ئەو چەند جارەی بە هۆی تۆپێكەوە دووكەڵ لە جەرگەی بارەگاوە هەستا، خێرا خێراتر لەوەی لە پێشمەرگە چاوەڕێ دەكرێ دەمانكوژاندەوە، ئەو ڕۆژانە لە هەر چوار ئالی دنیاوە تۆپەكان ڕووەو پێرس دەهاتن، ئەو ڕۆژانە فڕۆكە و كۆپتەری دنیا لە سەر پێرس دەسووڕانەوە، ئەو ڕۆژانە بارەگا لە ناو سێرە بوو، شەوەكانی ئەو ڕۆژانە شەوی

ئاگر بوون و دەسووتان، شەوانێك بوون ئاسمان بـایی ئەسـتێرەیەكی دووریـش جـوانیی نەدەدرەوشاندەوە، ئاگر ئاگر، دووكەڵ دووكـەڵ، دنیـا پێكهاتەیەكـە لـە كۆكردنـەوەی ئاگر و دووكەڵ، نە ئاو هەبوو، نەخاك، نە هەوا، هیچ هیچ هەر ئاگر و دووكەڵ..

به ئەبوو جاسمم گوت:

ئەو ئاگر و دووكەڵە هەمووی لە پێناوی قڕكردنی مێشوولەیە، بـۆ خۆمـان خـەنی بووین.

بە پێكەنینەوە كە لە قاسپەی كەو دەچوو، ناو لەپێكی لـە نێوچـەوانی خـۆی دا و زرچەی هات:

هێشتا ماون، ئەو مێشوولانە نەمرن، لەوانەن كە(نەمروود) یان كوشت.

بە شەڕفرۆشتن بە ژیـانیش، ژیـان لـەو بارەگایـە نـەماوە، بۆچـی هەرچـی زووە بـە هەلاَتن هەڵنایەین؟ نازانم، دەبێت هۆیەك هەبووبێت بۆ مانەوە..

كۆپتەرەكان نزیكتر و نەویتر، ئێستا بارەگا لە ناو سێرەی كۆپتەرەكانـە، ئـەوانیش لە ناو سێرەی بارەگان، دۆشكەی بارەگا بە ناچاری كەوتـە ئـیش، كلاشـینكۆفیش بـە خۆی ناوەستێ و جار جـارە دەسـرێژێ بـە كۆپتـەرەوە دەنـێ، دڵنیاشـە كـە گوللـەكان زۆریان دەمێنێ بۆ كۆپتەر ساردەبنەوە، بەلاَم دەیانگوت:

كلاشـینكۆف ئـیش بكـات باشـە، هـەر نـا كۆپتـەرەكان لـەوە نـەویتر نابنـەوە و ترسیشمان لە دڵ نامێنێ..

دەیانگوت:

خۆشـاردنەوەی بـێ تەقـە تـرس لـە خۆباركردنـە، بـە تەقەیـەك هەرچـی ترسـە دەڕوێتەوە..

وا بوو..

تۆپ، ئاگر، كۆپتەر، تەقە تەقە..

-٢٢-

خۆڵ رووی قسەی لە ئاوە:

بەردی هاوڕێ کەمدووە

بەڵام هەر جارێ بێتە قسە

کام رووبارت رێی زۆر دوورە

نیو هێندەی وی نەگوتووە

نازانم چەند پێشمەرگە مابووینـەوە، دەزانم بووینـە دوو دەسـتە، دەسـتەیەك مـەلا جەلال دەمڕاست و سەردەستە، دەستەیەکیش ئەبوو راستی، مـن لەگـەڵ هێسـترەکەی هاوڕێم کەوتینە دەستەکەی ئـەبوو راسـتیەوە، لـەو رۆژەوەی نەمهێشـت هێسـتر لـە هەڵدێر هەڵدێرێ هەستمدەکرد وەك هاوڕێیەکی خۆی سەیرم دەکات، منیش بە هەمان چاو لە هێسترم دەڕوانی، پێشتر ئەو بارەگایە بە قەت حەفت بارەگا هێسـتری هـەبوو، لەبەر ئەوەش هەندێك ناویان نابوو بارەگای هێستران، ئەگەر بە رێکی پێشـمەرگەمان بە سەر هێسترەکاندا دابەش بکردایە، هەر چوار پێشمەرگە هێسترێکیان بۆ رازابـۆوە، هێسترەکان هەموویان سەر بە کەرتی گشتی یان کـەرتی حـزب نـەبوون، هـی کـەرتی تایبەتیشی تێدابوو، حەمە ریش هی خۆی هەبوو، سەردەستە هەیبوو، بەڵام لـە بـیرم نیە ئەو هەموو هێسترە چیان بەسەر هات، تۆپ بردنی، کۆپتەر هەڵیکێشان!..

ئێمە لە دوورگەی ئاگر ماینـەوە، دەسـتەکەیدی رۆیشـت، ئێسـتا لـە نـاو ئـاگردا چاوەڕێی نامەیەکین، نامەیەك لە مەلا جەلالەوە و تێیدا هاتبێـت((وەرن رێ باشـە، پەڕینەوە لە زێ مسۆگەرە)). زێ هەر ئەو زێیەیە کە ئەگەر لە دوورگەی ئـاگرەوە بـە دووربین تەماشایبکەیت شەپۆلەکانی لەو دوورەوە هەستدەکەم فێنکـایی بەخشـن، زێ هەر ئەوەیە کە کۆپتەر باشووکە ئاسـا بـە سـەریدا سـەرەو خـوار دەکـات و خەریکـە

تایەکانی تەڕدەبێت، دەڵێی راوە ماسی دەکات، زێ هەر زێی گەورەیە بەڵام پەڕینەوە لێرەوە نا لە جێگەیەك ناوی بە قەندیل رۆیشتووە..

لەو ئاگرستانە هێستر و پێشمەرگە جێمان پێ جێ نیە، وەك ئێمە لە کۆپتەر دەترسن، فێربوونە لە پێشمەرگە پێشمەرگانەتر خۆیان لە چاوی کۆپتەر بە دووربگرن.. تۆپ، تۆپ، کۆپتەر کۆپتەر، ئاگر، ئاگر، تەقوتۆق و خۆشاردنەوە، خۆ شاردنەوە لە بن بەرد، ئەو بەردانەی لە نزیکەوە زۆر نزیکەوە ئاگر دەڵێی زمانە گایە بە جولەیەکی ئیزرائیلیەوە بۆیان دێت، ئەو بەردانەی هێند ساچمەیان پێکەوتووە هێند ساچمەیان پێکەوتووە، دەڵێی پەیکەرساز ئیشی کوڵینی لە سەریان کردووە، سەنگەربەندی پێشمەرگە، ترس و ئازایەتی پێشمەرگەی نەخشاندووە و نیشاندەدات، بەردی چ چیایەك وەك بەردەکانی بارەگا پیرسیەکە لەش پڕ ساچمە و برینداران! باش بوو بەرد خوێنی نەبوو، دەنا بە خوێنی ئەو بارەگایە زێی گەورە حەفت ساڵ شەپۆلی خوێنینی دەدا و رەنگی خۆی نەدەگرتەوە..

نامە نەگەیشت، دەبوو بارەگا چۆلبکەین، خەمی ئاگرکەوتنەوە و کوژانەوە نەما، چونکە چیا یەك پارچە خۆڵەمێشە و چیلکەیەك بۆ گوێ خاوێنکردنەوەش نەما ئاگر بگرێت، هێسترەکان خۆیان داوەتە بن کەندەڵانان، هێستر بە ئەزموونە لە خۆشاردنەوە، کۆپتەرەکان هێندە بێ منەت دەسوورێنەوە، دەڵێم ئێستا نا ئێستا لە نێوان کەپران دەنیشنەوە و سوارمان دەکەن و دەمانبەن، بەڵام ئەو تاقولۆق تەقانەی کە پێدەچوو لە ترسەوە بتەقێنرێن نەك لە ئازایەتی، کۆپتەرەکانیان لە نیازی نیشتنەوە پەشیمان دەکردەوە، بڕیاردرا نامە بگات و نەگات، دەڕۆین و ژیان لێرە کۆتایی هات..

دیتم چەکدارێك بە هەڵەداوان دەتگوت تازە لە شەڕی (هەنارە) رزگاری بووە، بەرەو بارەگا دەهات، نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا، ئەبوو راستی هەر سی و دوو

ددانی بەکارهێنا ئەوجا کردیەوە، دیاربوو بۆی نەدەخوێندرایەوە، دایە شاهێن ئەویش هیچی لێهەڵنەکڕاند، ئەحمەد عەرەب گوتی:

بیدەنە من، دیارە بە عەرەبی نووسیویەتی..

ئەبوو راستی گۆتیە ئەحمەد عەرەب:

بۆ دیارە ئێمە عەرەبی نازانین! بەلاّم ئەوە بە هیچ زمانێك نیە.

ئیدی نامە دەستاو دەستی دەکرد و کەسیش دوو وشەی بـۆ نەخوێندرایـەوە، بـایی ئەوەیان لێهەڵنەکڕاند ئایا بە رێبکەوین یان نا، گرفتی نامە لە چیدا بوو؟ لەوە گەڕێ کەس دەستخەتی وا ناخۆشی نەدیتووە، لەوە گەڕێ خەتی وا خوار و خیچ هـەر نیـە و هیچ پارچە کاخەزێك خەتی وای بە خۆیەوە نەدیتووە، خەتەکان هەموو یـەکتربڕبوون، خەتی یەکەم نەك هی دوای خۆی هی چوارەمیشی بڕیبوو، لەوەش گەڕێ کە لە پـیتی (گ، ك) سەر بە قوتابخانەی ئـەمین زەکـی بـەگ بـوو، هەنـدێ شـت هـەبوو لـە هـیچ رێنووسێك نەبوو، تایبەت بوو بە مەلا جـەلال، (ك)ی سـەرەتاو ناوەراسـت چـوکلەی نەبوو وەك(ل) نووسرابوو، بۆ نموونە وشەی چونکە بە چونلە نووسـرابوو، ئـەو پیتانـەی کە خاڵیان هەیە لەو رێنووسەی مەلا جەلال بێ خـاڵ بـوون(ح،ج،خ) هـەر (ح)بـوون، بەلاّم پیتی بێ خاڵ خاڵی بۆ دانرابوو، خاڵ لە سەر پیتی (م) هەبوو، ناچار پەنامان بۆ لە بریدانان برد، وەك چۆن رێنووسێکی کۆنی دۆزراوە دەخوێنیتەوە وامان کرد، ئەوجا هێندەی تێگەیشتین کە بـە دوایانـدا بـڕۆین، ئەوەشـی نووسـیبوو، کـە نامەکـەی لـە تاریکیدا نووسیوە، بۆیە رەنگە باش نەخوێندرێتەوە، نازانم کێ بوو گوتی:

لە بەر گلۆپی سەدیش بینووسی، هەر ئـەوهای دەنووسـی، وا دەزانـێ دەسـتخەتی رۆژیمان نەدیوە..

لە بیرمچوو بڵێم دەستەکەی ئێمە سێ سەر دەستەی هەبوو، ئەبوو راستی، ئەحمەد شاهێن، ئەحمەد عەرەب، گوێم لێبوو گوتیان:

سێ کەس باشترە لە یەك با دیکتاتۆر درووست نەبێت..

ئەوەش لە بەدبەختی ئەبوو راستی بوو، دەنا کەی شتی وا هەبووە!
کۆپتەر، کۆپتەر، زۆر نەوین زۆر..

-٢٣-

گەڕیدەیەك لەبەر خۆیەوە:
بەهەشتیش بە وێنەی دۆزەخ
هەر لەتەی لە جێگەیەکی دنیایە

سپێدەیەك هێشتا هیچ دونـدێکی خۆڵەمێشـی سـپێدەی نـەدابوو، دەسـتە سـێ سەردەستەییەکە بارەگای خۆڵەمێشیمان بە گەرمی بۆ کۆپتەرەکان بەجێهێشت، نازانم ئەوان بەلاّم من ئاوڕم لێیدایەوە، بە ناو خۆڵەمێشدا دەڕۆیشتین، هـەتا لـەو کەلـەش ئاودیو بووین کە بۆ یـەکجارەکی بارەگـای لێـوە ئـاوا دەبـوو، مـن لـە هـەر دوو سـێ هـەنگاوی بەجێهێشـتن ئـاوڕێکم دەدایـەوە، ئـاوڕ لـە قەرەوێڵـە، لـەو دوو گابـەردەی خوارەوە کە چەندان جار من و شێخ لە پەنایانـدا مارمـان لـە شـیش داوە، ئـاوڕ لـەو گەرماوەی کە زۆر کەڕەت تێیدا خـۆم خـاوێن و بەتاڵکردۆتـەوە، هـەر لـە سـاتەکانی ئاوڕدانەوە لە بارەگای خۆڵەمێشـی قسـەیەکی شـێخم بیرکەوتـەوە کـە واتایـەکی وای دەدا:

((تۆ پەیوەندیت بە شوێنەوە پەیوەندیەکی ئاژەلانەیە، ئەو ئاژەلانەی زوو زۆر زوو ماڵی دەبن، تۆ لە هەموو ئـاژەلان پـتر و زووتـر خـوو بـە جێگـەوە دەگریت، ئەگـەر وەرزێك لە دۆزەخ بمێنیتەوە، کاتێك دێن پیلت دەگرن و هەڵتدەدەنە بەهەشت، تۆ هەر چاوت لە دۆزەخە و ناتەوێت دەسبەرداری بیت..))

چێشتانێکی درەنگە، بە هەورازەیەکدا هەڵدەگـەڕێین، هەورازەیـەك لـە مێـژ نیـە خۆری گەرمی تەمووزی بـەرێکردووە و چـەند رۆژێکـە خـۆی لەبـەر خـۆری گـەرمتر، خۆری ئاب راخستووە و قرچ قرچ هەڵدەقرچێ، دڵنیام جگە لە تەموز و ئـاب ئەگـەر

ساڵ مانگێکی گەرمتری هەبا، یان هەورراز رووە و رۆژئاوا هەڵکەوتبا، ئەوا لە چیای ئاگری ئاگراویتر دەبوو، ئۆی! چ هەورازەیەکی گەرم بوو، لەوەتەی لە هەورازان تەمەن بە با دەدەم ئەوە تاکە هەورازە بە جگەرەوە نەمبڕیبێت، قەت گوێم بە هەورازان نەدایە، جگەرەی خۆم هەر کێشایە، چەندی گوتوویانە:

((لە هەورازان جگەرە مەکێشە زۆر خراپە، هەناسە خێرایە، دووکەڵ راست و راست بۆ سیەکانە..))

هەر لەو هەورازەیە بۆ یەکەم جار بوو، هەورازەیەك مەتارەم چۆڕبڕ بکات، من لە هیچ کتێبێك لەوانەی باسی شەڕی چەکداری و پارتیزانی دەکەن بەوەی گیڤاراشەوە راستەوخۆ ئاگادارییەکی وام نەخوێندبۆوە:

((ئاگادار بە هیچ هەورازەیەك ئەگەر سەری لە ئاسمانیش بێت، ئەگەر سەرتاپا ئاگریش بێت، نابێت مەتارەکەت پێ چۆڕبڕ بکات))

بەڵام ئەو رستەیەم بەردەوام لە بەرە خۆم دەگوتەوە، رەنگە هی کەسیش نەبێت، من باوەڕی تەواوم بەو ئاگادارییە هەبووە، قەت لەبیرخۆمم نەبردۆتەوە، من لە ئەزموونەوە بەوە گەیشتم کە هەر پێشمەرگەیەك لە هەورازەیەك مەتارەیەك ئاوی خواردەوە، ئەوە پێشمەرگە نیە، لەو هەورازەیە من پێشمەرگە نەبووم، مەتارەیەکم خواردەوە، هەبووە بە منی گوتووە:

((تۆ لە بن بەردێك بە تینوێتی دەمریت، لە کاتێکیش مەتارەکەت نیوە نەبووە..))

من کەسێك بووم زۆر دەستم بە مەتارەوە دەگرت، جاری وابووە، خەریك بووە بخنکێم، مەتارەشم ئاوی تێدابووە، لە پێشمانەوەش نزیك زۆر نزیك ئاو، کانی دەهاتە رێ، کەچی نەموێراوە لێو بنێم بە مەتارەوە لە دڵی خۆم گوتوومە باشە ئەگەر من مەتارەکەم بەتاڵ بوو، لەو کاتەش بە رێکەوت، کۆپتەرێك پەیدابوو، تووشی بۆسەیەك بووین و نەگەیشتینە کانیەکە، ئەودەم من چی بکەم!

خواوەندی گەرما کردی نەیسووتاندین و سەرکەوتین، شۆڕبووینەوە، گەیشتینە دۆڵێك، کاتیش نیوەڕۆیە، ئەگەر دەڵێم ئەو دۆڵە فێنکترین دۆڵی دنیایە، دەڵێن، چەند زێدەگۆیە لە گۆتنیێ، هەردار ودرەختێکت دەوێ لەو دۆڵە لە دوای بگەڕێ، من لە درەختە ناسراوەکان بەس دار خورما و مۆزم نەدیت، بەلاّم سەیر بوو هیچ درەختێك لە درەختانی دۆڵ وەرزی بەری نەگەیشتبوو، میوە پێنەگەیشتبوو، هەر ئەوەش وایکرد بکەومە گومانەوە و چاوی خۆم هەلگلۆفم و بزانم خەون نابینم، ئەوەیان خەون نەبوو، بەلاّم رەنگە گەرمای هەورازەکە ئەو هەورازەیەی دووکەڵی جگەرەی منی نەدیت، بەلاّم مەتارەکەمی بە بە تاڵی دیت، ئەو دۆڵەی بەو شێوەیە لە دیدی من نەخشاندبێت.. ئاوێك بەو دۆڵەدا بە بن داراندا نەرم نەرم خوڕە دەکات، ناشزانم لە کوێوە دێت و بۆ کوێش دەچێت، من لە چ جێگەیەك، لە چ کتێبێك بە کتێبە پیرۆزەکانیشەوە ئاوی ئەوهام نەدیتووە، لە بیرمە لەو دۆڵە بەهارییە، خۆزگەم دەخواست کە پەیامبەرەکان بەر لە مردن رێیان بەو دۆڵە بکەوتایە بۆ ئەوەی وێنەی بەهەشتیان جوانتر، دڵگیرتر پیشانی مرۆڤ بدایە، لەو دۆڵە بەهەشتیە کە هیچ کام لە پەیامبەران نەیاندیتووە دانیشتین و خۆمان وهێسترمان کردەوە، نامان خوارد، گوێم لێبوو گوتیان:

((تا عەسرانێکی درەنگ لێرە دەمێنینەوە.))

خەنی بووم، هێستریش خەنی بوو، ئەوەتە دوای گەوزین، وا وەك ئێمە دەلەوەڕێ، لە بیرمان بێت گەوزینی هێستر یەکسانە بە خۆشووشتنی مرۆڤ، رەنگە لە خۆشووشتنیش پتر، هێستر هەتا خۆی نەگەوزێنێ، پشووی نەداوە، ئەگەر حەفت رۆژ بە بارەوە بەرێوە بێت، هەر کاتێك کورتانت لێکردەوە و دووسێ جار لە ناو خۆڵێ خۆی گەوزاند، ماندوێتی لە بیردەکات، بۆیە زۆر جار گوتوومە، قسەی خۆم نیە منیش بیستوومە:

((ئەگەر هێسترتان خۆشدەوێت، لە هەر جێگەیەك پشووتان دا، پشووێکی چەند خولەکیش بوو، کورتانیان لێکەنەوە، رووتیانکەنەوە با بگەوزن..))

لە بیرمە، لە بیریشم ناچێت، پێم خستبووە ئاوەوە، ئەو پێیانەی لە ناو پێڵاو بۆگەنی ببوون، بە جۆگەلەم بەخشیبوون، هەستمدەکرد ماندوێتی وەرزێك، وەرزێکی دووکەلاوی، شەڕاوی، ترساوی، لە ڕێی پێیەکانمەوە دەڕژێنە ئاوەوە و لەشم سووك سووك لە با سووکتر دەبم، لە سەر بۆرژان بووم، ئەبوو جاسم یان بە کوردیەکەی حەمە سوور کە وەرگێڕانێکی پیت بە پیتی عەرەبیەکەیە! گوتی:

دەزانی ئێستا لەو دەو ئاوە چ خۆشە؟

پێشمەرگەیەگ گوتی:

شفتی، شفتی، بیخەیتە ئەو ئاوەوەو بۆ خۆی شەق دەبات..

پێشمەرگەیەکیدی:

ماڵی ئەوەیە بەو ئاوە شەربەتی پرتەقاڵ بگریتەوە.

من نەمهێشت پتر بێ تامی بکەن، هەڵمدایێ، کە قەتیش لە قسان هەڵمنەدەدایێ:

هی ئەوەیە حەفتا قوتوە بیرەی بخەیتە ناویەوە و گۆماوێك دروستبکەیت.

حەمە سوور پێدەچوو عەرەقخۆرێکی جوان بێت، گوتی:

دەمخۆش، بەلاّم حەفت بوتل عەرەقت لەبیرکرد..

تۆپ تۆپ، لە بەهەشتیش دەنگی تۆپ و فڕۆکە دێ

-٢٤-

ئاو ماندوو دەبێ

با ماندوو دەبێ

بەردماندوو دەبێ

جگە لە شەڕ چ نیە ماندوو نەبێ

چیایەك بە ڕێچکەیەکی پێچاو پێچ لە ڕێی مار پێچاوپێچتر هەڵیکێشاین، لە پڕ بە لێژبوونەوەیەك لێژیکردینەوە و بە فڕێدان فڕێیدایـنە دۆڵێکـەوە، دۆڵ وشـك وشـك هێند وشك پێنەدەچوو لە چلەی زستانیش تەڕایەتی بـە خۆیـەوە دیتبێـت، بڕواناکـەم هیچ هەورێك هیچ پەلە هەورێك سێبەری لەو دۆڵە کردبێت، ئەو دۆڵـە لـەو دۆڵانـەی دنیا بوو کە نازانن تامی باران چۆنە، دووریش نیە زستانان بەژنێك بەفری تێنـەکات، دۆڵێکی رووتەن بۆ سوێندیش بڕکە دارێکت نەدەدیتەوە، گەرم گەرم لـە هەورازەکـەی گۆرینێ زۆر گەرمتر، ڕێك پێچەوانەی دۆڵەکـەی ئـەودیو ئـەو دۆڵـەی پـێم خسـتبووە ئاوەکەیە و دەمویست سەرخەوێك بشکێنم، خەوێك بەشی خەونێکی رووباری بکـات، تەماشاکە سرووشتی پێرس ئەوهایە، دوو دۆڵ بـە تەنیشـتی یەکـەوە، کەلەکـەیان بـە کەلەکەی یەکەوەیە، کەچی جیاوازیی نێوانیان جیاوازیی دوو دنیایە، چیا پڕیـەتی لـە نهێنی کێ تێدەگات!

ئەوەم لەبیرە دوعام دەکرد کە هەتا لەو دۆڵە دەردەچین، لێمان نەقەومێ، دەنا هەر بە تینوێتی تیا دەچین.. ئێستا وا لە سێبەردا دەڕۆین، بەڵام ئەو دۆڵە سـێبەری سـەر لە ئێوارەکەیشی هەر گەرمە، رەنگە رۆژ لە سەر ئاوابوون بێت، سێبەر هەر گەرمە و فێنکایی تێدا نیە، رەنگە ئەو دۆڵـە لـە شەویشـدا تایبەتمەنـدیی خـۆی هـەبێت و لـە تاریکیش وەك رووناکیەکەی هەر بە گەرمی بمێنێتەوە.. دۆڵاو دۆڵ بە دۆڵـدا هێـواش هێواش رەنگە یەکەم جار بێـت وا بـە هێواشـی ڕێبکـەین، ڕێدەکـەین، مـن درەنگـتر بیستمەوە کە رۆژێك زووتر لەو وادەی خۆمان بارەگامان بەجێهێشتووە و دەبێـت ئـەو رۆژە لە هێواشیدا بکوژین، دۆڵ دوایی نایە، ڕێـی ئێمـەش پێدەچێت هـەر دۆڵاو دۆڵ بێت، پێچەوانەی دۆڵەکەیـدی هـەر شـۆڕبووینەوە و سـەرکەوتینەوە، چـەند کـەم لـەو دۆڵەی بەهەشتێ ماینەوە، چ لەگەڵ ئاودا نەڕۆیشتین..

شەو داهات، لە ئێستامدا ئەو شەوە وەك خەونێكی پچڕ پچڕی تەماوی خۆ دەنوێنێ، گرتەیەكی ئەوتۆی ئەو شەوەم لە دیدەدا نەماوە، تا ئێستا نیشانی ئێستای خۆمی بدەمەوە، هێندەم لەبیرە لە ناو قەدی چیایەك بارمان خست و شتێكمان خوارد و پاڵكەوتین و نووستین..

نازانم چ كاتی رۆژە، دەزانم لە دۆڵاییەكی چیای كۆریس دانیشتووین، نازانم چ پێشمەرگەیەك بوو رادیۆ تۆشیباكەی خستبووە بن گوێیەوە هێندە دەزانم هاواریكرد:

شەڕ راوەستا، شەڕ راوەستا، خومەینی ژەهرەكەی خواردەوە..

یەكیدی گوتی:

تۆ پێم بڵێ، راوەستا یان كۆتایی هات؟

وای وەڵاّم دایەوە:

راوەستا، كۆتایی هات، تەواو تەواو..

بووە یەك مشتومڕو هەرایەك كەس گوێی لە قسەی كەس نەدەبوو، دواتر كەمێك هێور بوونەوە:

+ راوەستانی شەڕ واتە مەرگی رژێم

- نەخێر، تەمەنی درێژتر دەبێت

+ گرنگ ئەوەیە راوەستێ..

لەو مشتومڕە دوو كەس رێك بۆ چوونیان دژ بەیەك بوو، حەمە ریش دەیگوت:

((ئەگەر حەزتان لێیە پێشمەرگە ببێتە ئاردی ناو دڕك، با شەڕ راوەستێ))

ئەبوو راستی دەیگوت:

بڕۆ وەحشی، تۆ چ لە دنیا دەزانی ،هەر دیتت رژێم رووخاو ئێمەش چووینەوە شار.

حەمە ریش:

من بۆنی ئاشبەتاڵ دەكەم، لە حەفتاو پێنجیش ئاشبەتاڵتر.

ئەبوو راستی:

وەحشی تۆ چ دەڵێیت! ئەو هەموو حزبە ئاشبەتاڵ دەکەن، حزبی خۆمان ئاشبەتاڵ دەکات؟! دەزانی تۆ رێك دژ بە سیاسەتی حزب قسە دەکەیت.

حەمە ریش:

حزب چ دەڵێ با بڵێ، یەك رێگەمان لە پێشە، رێگەی ئاشبەتاڵ، بۆنی ئاشبەتاڵ دێ.

ئەبوو راستی هەڵچوو، وەك شیری سەر ئاگری خۆش هەڵچوو، جوێنی رژاند، قەت ئەو پیاوەم ئەوها بە تووڕەیی نەدیتبوو، ئەو دەمەی لەگەڵ منیش کەوتە دەمەقرێ کە هێشتا هەر لە بارەگا بووین، ئەوها هەڵنەچوو، ئەو پیاوە لە دەسەڵاتی خۆی دەسەڵاتدارانەتر رەفتاری کرد و بە سەر حەمە ریشدا هاواری کرد:

تۆ لە خایەنیش خایەنتری، نابێت لەگەڵ ئێمە بێیت.

حەمە ریش ئەوها وەڵامی ئەبوو راستیی دایەوەمە:

من ئامادە نیم لە دەستەیەك بم کە تۆ سەر دەستەی بیت، من بە هەڵە هاتووم، وام زانی شاهێن سەردەستەیە.

زۆر هەوڵماندا پێکیان بێنینەوە، ئەبوو راستی سارد بۆوە، بەڵام حەمە ریش لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارەوە و نەگەڕایەوە، بەو رێیەدا گەڕایەوەو کە پێیدا هاتبووین، تا لە چاویش ون بوو، ئاوڕی دەدایەوە و یەك بە دەنگی خۆی دەیگوت:

ئاشبەتاڵ، ئاشبەتاڵ ئەبوو خوار ئاشبەتاڵ..

دەمێك بوو ئەو حەمە ریشەم دەناسی، وەختانێك ماڵی لە بارەگای کافێ بوو، ژنێکی هەبوو لە بەرێزی شارێکی دێنا، دوو منداڵی هەبوو منداڵی وا رێکم نەدیتبوو، ئەو حەمە ریشە لە یادەوەریی مندا زیندووە و لە زۆر جێگە وێنەی هەیە، قسەی هەیە، ئەگەر هێندە زوو ئاشبەتاڵی نەکردایە، وێنەکان هەمەرەنگتر و قسەکان پڕ دەنگتر دەبوون، لێرەدا تەنها قسەم لە قسەیەکیتی کە حەمە زۆر جار دەیگوتەوە:

((جوانەماین لە ژن خۆشترە، لە خۆوە وا نالێم، ئەگەر باوەڕ ناکەن تاقیبکەنەوە))

مـن دەسـتەواژەی مـاین و ژنم زۆر بیسـتبوو، زۆر جـار گـوێم بـۆ ئـەو بـەراوردە ناسکانە هەڵخستبوو کە لە نێوان ماین و ژنەوە دەهاتنە ناو قسانەوە، بـە تایبـەتیش قسەکانی مستەفای سەید مینە کە لـە کۆلێـژ و لـە نـاو دەرسـێ، ئـەو کاتانـەی لـە تەنیشت یەکەوە دادەنیشتین، بە شێوەیەك وێنەی ماینی نیشاندەدا کە حەزت بچێتێ، کام کچ زۆر جوان بایە، کام کچ زۆر جوان لەنجەی بکردایـە، کـام کـچ کـە سمـتی خـڕو خەپان بایە، کام کچ لە هەمووان بالابەرزترو جوانتر و شیرینتر بایە دەیگوت:

((تەماشا تەماشا دەڵێی ماینە، تەماشا تەماشـا لـەو ماینـە کچـە، لـەو ماینـە ژنە..))

لێچواندنەکەی ژن بە ماین یان بە پێچەوانەوەی مستەفا و ئەوانیدی کـە لـە رووی جوانی و لەنجەو پڕی لەشی ژنەوە بوو، بەلاّم ئەوەی حەمە ریش جیا بوون، لە هەموو ئەو بەراوردو لێچواندنەی من بیستبووم، جیابوون، ئەوەی حەمـە نـوێ بـوو لـە رووی سەرجێییەوە بوو، ئەو خۆشتر نیشاندانەی ماین لە ژنەی حەمـە ریـش کـە زۆر جـوان نیشانی دەدایەوە، بێ کاریگەری نەبوو، وای کە جارێك هـەوڵی تاقیکردنـەوە بـدرێ، بەلاّم ئەو هەوڵە سەرمەقولاّنخواردووە لە گێڕانەوەیەکیـدی کـە رەنگـە بـە سـەردێری سەرهاتی هێستر ناو بنرێ، ماینیش لەو سەرهاتە جێگەیەکی هەبێت، بە وردی و بێ پەڕاندنی هیچ گرتەیك دەگێڕمەوە..

تا ئێرە زیانی ئێمە پێشمەرگەیەك و هێسترێکە..

تا ماینەکەی حاجی بەختیاریش نیشانندەمەوە، لە ماین دوور ناکەومەوە، ماین لە دیدی حاجی بەختیارەوە جیایە، نە ماینەکەی مستەفای سـەید مینەیـە، نـە هـی حەمە ریش، نە ماینی لێواو لێو لە لەنجەولار و جوانی، نە ماینی سـەرڕێژ لـە چێژ، ماین لە چاوی حاجی بەختیارەوە یەك سم نیە، لـە مێنگـوین دوو سمـترە، ئـەنفال بـە دەشت و دۆڵ و شاخان وەربووە، چنگ لە سەر شان راوی خـەڵك و پێشـمەرگە دەنـێ،

دەستەیەك پێشمەرگە بە ناو ئاگر وئاسن دەگەنە دۆڵی شەهیدان، لەوێوە هەر ڕێیـەك بۆ دەرچوون دەگرنە بەر دێنەوە جێی خۆیان، ئەنفال چوار دەوری گرتـوون، پێشـمەرگە برسـین، برسـێتیەك، هێـزی شـەڕ لـە دەسـت دەسـتێنێ، هێـزی ڕۆیشـتنی لـە پـێ وەرگرتۆتەوە، خەریکە ئەو دەستە پێشمەرگەیە هێواش هێواش بە دوای یـەکتر بچـنە ڕیزی شەهیدانی دۆڵی شەهیدانەوە، بەڵام لە بیرمان بێ، حاجی بـەختیاریان لەگەڵـە، ئەو پیاوە بە دەسـتبردترین پیـاوە کـە مـن دیتبێـتم، پیاوێکـە لـە شـاخی ڕووت نـان دەردێنێ، پیاوێکە وەك دەڵێن لە ژیانی خۆی پـەکی لـە سـەر هـیچ نەکـەوتووە، چـی ویستووە، دەستیکەوتووە، کەس باوەڕ بەوە ناهێنێ کە دەستەیەك حاجی بـەختیاریان لەگەڵ بێ و لە برسا بمرن، پیاوێکە دەمێکە بڕیاری داوە کە بە پێوە بمرێ، بـێ واتایـە ئێستا لە ئاست مەرگێکی لە سەرەخۆ، لـە ئاسـت برسـێتی دەسـت هـەڵبڕێ و خـۆی ڕادەستی ئاسمان بکات، نـا، ئـەوەتا، ڕامایـە، دڵنیـام بـیر لـە چـارە دەکاتـەوە، چـاو دەگێـڕێ، دەگـەڕێ، بـیری پـەرتبووی خڕکـردەوە، ئـا، دیتیـەوە، مـاین دەبینێتـەوە، سەرەتا بیرم بۆ چی چوو بێ، باشە! ڕەنگە سواری ماین بـێ و بچـێ لـە جێیـەك هـەر خۆی دەزانێ کوێیە، بە نۆردووە نانەوە بگەڕێتەوە و ژیان بە بەر پێشمەرگە بداتـەوە، نا، تەماشاکان، سواری ملی ماین دەبێ، بای دەدا و بە زەوی دادەدا، ئـەو پیـاوە لـە سەر ئەو برسێتیەش چـەند بـە هێـزە، ئـای، ئـەوە چـی دەکـات! مـاینی گۆشـاوگۆش سەربڕی، پێشمەرگە هەیە چاوی خۆی دەگرێ، ئێ، بۆنی گۆشتی برژاو، گۆشتی ماین دۆڵی شەهیدانی پڕکرد، ڕەنگە گەیشتبێتە لـووتی سـەرباز وجاشـان، چـونکێ پـاش ماوەیەك گەیشتنە جێی ئاگر و تکە، بەڵام تا جاش و سەرباز هاتن، پێشمەرگە بـۆی دەرچووبوون، بـە زگـی تێـرەوە، بـە شـەڕ ڕێـی دەرچـوونیان کـردەوە، ئەوەیـە حـاجی بەختیار! من ئەو پیاوەم لە قەندیل ناسی، دواتریش قسـەی خـۆی گەیانـدە سـەر، بـە پێوە مـرد، دوای ئەنفالـەکان چـۆوە هـەولێر، بـەڵام مـەرد بـوو، ڕێـی نـەدەدا کـەس

سـووكايەتی پێبكـات، هـەولێر گـەواهی ئـەوە دەدات كـە وەڵامـی تانـە و تەشـەری نەیارانی دەدایەوە، كاتێك نەیارێك دەیگوت:

+ئەگەر ئازا بای، خۆت رادەستەنەدەكردەوە

- تۆ وای دەبینی كە خۆم رادەستكردۆتەوە..

حـاجی بـەختیار لـە شـاریش پێشـمەرگایەتیی خـۆی دەكـرد و سـەری بـۆ جاشـان شۆڕنەكرد، لە ئاست بەعس هەر حاجی بەختیارەكەی دۆڵی شەهیدان بوو، ئەوە بـوو سەری خوارد، زمانیان لێدا، بە پێوە مرد، لە سێدارە درا، مەریەمی خوشكیشی كـە وەك خۆی مەرد بوو، ئەوەیش لە داردرا، وەك براكەی بە پێوە مـرد، مەریـەمیش بـە پێوە مرد..

بە راوەستانی شەڕ تۆپەكان پڕ دەنگتر دەبن..

-٢٥-

لە هەمووان بە تەمەنتر:

سەدساڵیدیش لێرەبین نامرین

رەنگە ئێرە ژووری نەمری بێ

ناڵێم جاشێ شوێنپێمان هەڵگرێ

دەنا ئیزرائیل شەیتانیش چاوساخیی بكا

بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە لای خودا..

مابووی بۆ نیوەڕۆ، مانگەشەوەكەی لە پـێش نیـوەڕۆی دەكـرد، ئاواییـەكی چـەند ماڵە هاتە رێ، لە چاوی مـن لـە ئاوەدانیـەكی چـۆڵەوان دەچـوو، نـە گریـەی منـداڵ دەهات، نە لایلایەی دایك ، دوو سێ پیاو و چـەند سـەر بزنێـك و سـێ چـوار سـەگی ترسنۆكیش، كە وەڕینەكەشیان بە هی سەگ نەدەچوو، هێشـتا نەگەیشـتبووینە نـاوە

خانووەکان، لە پڕ پیاوێك لە پەنا دیوارێکەوە پەیدابوو ڕێك بەرەو ڕوومان هات، لەگەڵ سەردەستەکان کەوتنە چپە چپ..

لەو کاتە هەستمکرد من جارێکیدی ڕێم بەو گوندە کەوتووە و ئەو چەکدارەشم دیوە، ئەوکات نا، دواتر بە بیرم هاتەوە کە لە بەهارێکدا لە ماڵی ئەو چەکدارە کە جاشێکی باشە سەرخەوێکم شکاندووە.. ئیدی تێگەیشتین نابێت لەو گوندە بمێنینەوە، بە دۆڵاییەکەدا پێشمەرگە و هێستر کەوتنە دوای چەکدارەکە، لە ڕێ دەیگوت:

ئێرە کەلکی نەمایە، لە دنیایێ لە جاش بێ حەیاتر نیە، ئەوەی جاش بە کوردی دەکات، سەربازی عەرەب پێیناکات..

گوێم لە ئەبوو راستی بوو گوتی:

باش نیە، قل قل جاشی باش مایە!

هەر بڕۆ، جاش هەر دەیگۆت: ((برا، وەرن)) ئێمەش هەر چووین و نەگەیشتین، بۆ کوێ دەچین؟ تۆ چەند دەزانی منیش هەر هێندە، باش بوو ڕێگاکە کەمێك لێژ بوو، ئەو لێژییە نا کە من زراوم لێی چووە، نا، لێژییەکی خۆش، لە ڕۆیشتنێ پێویستی بە تەکان نیە، ڕەنگە بەری بەرە بەیان بێت، لە مەیلەو دۆڵاییەك کەبە سەر دەشتێکی گەورەدا دەیڕوانی، تاکە خانووێکی بێ دەرگا لە خۆیدا داینیشاندین، لە دڵی خۆم گوتم:

وەرە گەیشتن بە خانووێکی وا ئەو هەموو ڕۆیشتنەی بوێ!

خانوو چ خانوو، دەتگوت ماڵی قونجڕکەیە، هەتا درەنگ هەر قونجڕکەمان ماڵیوە، بە حاڵ جێی هەموومانی تێدا بووەتەوە، چاوساخ پێش ئەوەی بڕوات کە دنیا هێشتا نەهاتبۆوە دیوی ڕووناکی، ئەوها دەستووری دا:

((ئاگادار بن، دوو ڕەبیەی جاشتان بە سەرەوەیە، ئەها، دنیا ڕووناك بێتەوە، دیارن لێرە و لەوێن، زۆر نزیکن، بۆیە: جوولە جوول نەکەن، بە دەنگی گەورە پێنەکەنن، ئاگرکردنەوە هەر کوفرە، تا بۆتان دەکرێ خۆتان لە دەست بە ئاوگەیاندن بە دوور

بگرن، بەلاّم ئەگەر زۆر تەنگاوی کردن، ئەها، لەو لایەوە هەتا دەگەنە ئەو کەندڕە دەبێت لە سەر زگ بڕۆن، ئاگادار بن چەکەکانتان رۆژ لێینەدا، با بریسکەی نێ، رادیۆ رادیۆ دەنگی رادیۆ با نزم بێت، هێسترەکەش لەو دیوە بە دیوارە وە دەبەستینەوە، ئەگەر بشزۆڕێنی گرفت نیە، چونکە لەو دەور و بەرە ولاّخ هەنە، جاش بە هەندی هەر ناگرن، هیچیش مەترسن، ئێوە ئێستا لە ناو جەرگەی جاشانن، بۆیە ئەگەر ئەوانەی گۆتم جێبەجێی بکەن، کەس شکی بۆ ئێرە ناچێت، پێش نیوەڕۆش من بە فێڵی شتێك دێمەوە و لاتان خواردنێك شتێکتان بۆ دێنم..))

بەو دەستووردانەی پیاوی چەکدار من هەر زراوم چوو، گوتم ئەو رۆژەی تێدادەچین، ئەوڕۆیە.. رۆژبۆوە، لە کونی دیوارەوە تەماشای جاشانمان دەکرد، کابرا چۆنی گوت ئەوهابوو، کابرا چ دەستوورێکی پێدابن جێبەجێمانەکرد، دەبوو تا ئێوارە لێرە بمێنینەوە، من تێنەگەیشتم ئێستاش هەر تێنەگەیشتم ئەو ژوورە بە تاقی تەنێ لەو ئاقارە و لەو دۆلاّییە چ دەکات، جێگاکەی لە رووی سەربازییەوە جێی رەبیە نەبوو هەتا بلێین مۆلگەی جاشان بووە، ئەو زەوی زارەی دەورو بەری وەها دیار بوو لەوەتەی هەیە هەر بەیار بووبێت کیلانی بە خۆیەوە نەدیبێت هەتا بلێین بێستانەوان بۆ خۆی لە دیار بێستانەکەی خۆی خانوویێکی قیت کردۆتەوە، دوایی خانووی بۆ چیە! بێستانەوان کەپر هەڵدەدا، چەندی سەری خۆم بە گەڕخست، لە بارەی ئەو ژوورەوە نەگەیشتمە هیچ، ئەوانیدی هەرچیان دەگۆت، ئەو وەلاّمە نەبوو کە جێگەی رەزامەندی من بێت، وەلاّمێکی رەشبینانەم بۆ خۆم دیتەوە و وازم لە پرسیار هێنا، گوتم رەنگە ئەو ژوورە تایبەت بۆ ئەوە درووستکرابێت سەر لە بەیانیەك کە هێشتا دنیا تاریکە، پۆلێك پێشمەرگە دابکات و پێش ئەوەی بگاتەوە تاریکی، کۆمەڵێك جاش دەوریان بدەن و هەر بە دەست مریشك ئاسا بیانگرن، یان پێش ئەوەی جاشەکان بگەن هەر لە گەرماو لە ناو ئارەقەی خۆیان بخنکێن و ماندوێتی بەبەر جاشەکان نەکەوێت، دەزانی چ گەرمایەك بوو! برکی لێهەڵدەستا، هیچ گەرماوێك

ئارەقەی وای بە من دەرنەداوە، هەمووشی یەك مەتارە ئاو، مەتارەیەك بۆ رۆژێکی وا ئارەقاوی، کانی بە کانیایەتی خۆی ئەگەر هێندە ئاوەی لە بەر برِوات کە لە بەر ئێمە رۆیشت، چکی دەکرد، نازانم چۆن چکمان نەکرد، دەبێت لەشی پێشمەرگە چەند تەنەکە ئاوی تێدا بێت! لە هەمووی خەفەتاویتر، لەو کەندرِەی کە جێگەی دەست بە ئاوگەیاندن بوو، من جارێك لە سەر زگ سەرێکم لێدا، بە چاوی خۆم نەمدیت، بەلاّم حەمە سوور گوتی:

دیتم، زێی گەورەم دیت، لە دووربینەوە دیتم.

گوتم:

کەواتە تۆ فێنك بوویتەوە، زێ لە دوورەوەش فێنکایی هەیە.

حەمە سوور کە هێندە سوور بوو، وام هەستدەکرد رەنگی عارەقەشی سوورباو بێت، بە کوردیەکەی خۆی گوتی:

فێنك چی !گوو هەیە، گوو، مرد مرد من مرد..

لە بیرم نەچێت کابرای چەکدار دەمەو نیوەرِۆ بە سوار ولاّخێك گەیشتەوە لامان، مەنجەلێك ماست و هەندێك نان و میوەشی بۆمان هێنا، بەلاّم ئاوی لە بیرچووبوو، ئاخر ئاو هی ئەوەیە لە بیربچێت! ئەو پیاوە بە شێوەیەك لە ژوورەکە نزیك بۆوە و ئەو شتانە ی دانا هەر لە خۆی دەهات، پێدەچوو لەوەتەی هەیە پیشەی ئەو جۆرە کارانە بووبێت، داینا و هەندێ قسەشی کرد و رۆیشت، دیتم بەرەو رەبیەی جاشەکان چوو، هەر چەندە گوێم لێبوو کە گوتی:

((سەرێك لەوان دەدەم، بۆ ئەوەی هەست بە هیچ نەکەن.))

بەلاّم من ترسام، گوتم، ئەگەر خایەن دەرچوو، بۆ کەم پێشمەرگە خیانەتیان کردووە، پێشمەرگە بیکات جاش بۆ نەیکات.. نان و ماستێکی باشمان خوارد، لە باتی ئاو ماستمان دەخواردەوە، ماستی گەرم..

چ ڕۆژێکی ئاگراوی و ترسناکە ئێمەی تێکەوتووین، وەرە شەو وەرە، وەرە ئەی هەمیشە قەڵای مێران، ئاقاری جاشان داپۆشە، داپۆشینێك دەست و پێی خۆیان نەبینن، وەرە بە هەموو تاریکایی خۆتەوە وەرە، گیانی پۆلێك پێشمەرگە لە مەترسیدایە، ئەو ژوورە لاچەپەی ناو هەتاوێ، زیندانێکە لە هەموو زیندانان زیندانتر، وەرە ئازادیمان لە تاریکیی تۆ دایە.. ڕەنگە ئەوانیدیش وەك من بانگی تاریکیان کردبێت، بەڵام هەر گوێم لە دەنگی بێدەنگی خۆم بوو.

بەرە بەری ئێوارەیە، خەریکە تاریکی ئازادی بگات، هێسترەکە لە بیرنەکەم، لە ئێمە جوانتر ڕێنماییەکانی پەیڕەو کرد، بەرگەی تینوێتی گرت، دەنگی لێوە نەهات.. ئۆخەیش ئەوجارەش ئێوارە داهات، ئەی لاچەپترین ژووری دنیا، زیندانترین زیندان، ماڵئاوا، هیواخوازم هەر بە چۆلی بمێنیتەوە، جگە لە جاش کەس ڕێی پێتنەکەوێت، ماڵئاوا ئەی ئەو ژوورەی بە چککردن چکتکردین، پیاڵەیەك ئاو، نیو کەوچکی چا خوێت لە لەشمان نەهێشت، ماڵئاوا ئەی ئەو ژوورەی نەمزانی بۆ لێرەی..

بێ دەنگ زیندامان جێهێشت، هێستر لە ئێمە بێ دەنگتر، لەچاوی ئەو دوو ڕەبیە بزربووین کە بە سەرمانەوە بوون، لە پێچێك دەسووڕاینەوە، ڕەبیەکیدی نزیك بوو، جاشەکان ئێمەیان دیت، بێ ئەوەی سلاویان لێبکەین سلاویان وەرگرتەوە، هێندە و بەس، خۆیان تێنەگەیاندین، ئێمەش وەك ئەوەی نەماندیتبن، ڕێی خۆمان گرت، نازانم جاشەکان بۆ تەقەیان لێمان نەکرد، لە ترسان بوو یان لە پیاوەتی!

لە دوورەوە دەنگی تۆپ دی..

-٢٦-

هەموو بە یەك دەنگ:

ئاو، ئاو

نوێژ لە ئاو، سێکس لە ئاو

رۆیشتن لە ئاو،نووستن لە ئاو

ژیان لە ئاو مەرگ لە ئاو

هەیە و نیە هەمووی لە ئاو

تینوو تینوو چ بیابانێك هێندەی ئەو پۆلە پێشمەرگەیە تینووە! خوداوەندی ئاو ئەگەر هێندەی دلۆپە بارانێك بەزەیی تێدا با، مەتارەیەك ئاوی دەگەیاندمێ، نەینارد، ئێستا مەتارەکەم بایی لێو تەڕکردنێ تەڕایەتی تێدایە، ئەویش بۆ ساتەکانی سەرەمەرگە، من دەمێکە بڕیارم داوە پێش دوا هەناسە لێوم تەڕ کەم، دەڵێن سەرەمەرگ ئاوی دەوێت.. وا بە تاریکیدا بەرەو زێ ڕێدەکەین، بەڵام زێ لێرەیە! ئای چەند سەختە تینوێتی لە تاریکیدا بتکوژێت، ژوورە تەریکەکەی دنیا چۆن چۆڕبڕی کردین، سەرە مەتارەیەك میزیش تێدا نەما، دە ئەی خوداوەندی تەڕایەتی ئەگەر ئاویش نیە، چۆڕێ میز.. ڕامکێشە هێزی زێ ڕامکێشە، تینوێتی لە چۆکم ئالاوە، وشکانی پێیەکانی گرتووم، کێشم نەما، ڕامکێشە زێ، مەرگ خۆی بە ملمەوە هەڵواسیوە، خەریکە دەگەمە ساتەکانی سەرەمەرگ، هەر دیتت سەری مەتارەم کردەوە بە کەمێك لێو تەڕکردنەوە مەرگ گەیشت.. چ هەڵەیەکی سرووشتیە پێشمەرگە لە تینوێتیدا بمرێ، چ هەڵەیەکی گەورەیە پێشمەرگە نەکوژرێ، خوێن خوێن، ئەگەر دەشمرین با لە ناو خوێندا بمرین، لە ناو تەڕایی بمرین، خوداوەندی پەشیمانی، دە بمگێڕەوە ساتەکانی پێش پێشمەرگایەتی، من بەو مردنە ڕازی نیم..

تینوێتی پرزەی لێبڕین، ئەوەی هێزی ڕۆیشتنە لە پێ نەما، وا بڕوا، ئەگەر تینوێتیش نەمانکوژێت، مسۆگەر دەکەوینە دەستی جاشانەوە، ئاخر بەو ڕۆیشتنە ڕۆژیش دەبێتەوە ئێمە ناگەینە زێ، ئەم بەرەش سەراپای جاش و جێژە..زێ، زێ تۆ بڵێی زێ ئاوی هەبێ، هێندە تینووم خەریکە لە بیرم بچێتەوە ئاو چیە و لە کوێ هەیە، تۆ بڵێی هەورێ هەبێ بارانی پێوە! دەریا، دەریا هەمووی ئاوە! مەتارەیەك هەیە لە دنیایێ پڕپڕ بێت لە ئاو! لەو دنیایە تەنها گومانم بۆ یەك جێ دەچوو کە

ئـاوی تێـدا مابێـت، ئـەویش نـاو بەفرگرەکـەی مـالی خۆمـان بـوو، ئـەو سـاتانەم بیردەکەوتەوە کە جامە ئاوێکی تازە شـەختە کـردووم دەردەهێنـا و دەوم پێـوە دەنـا، خوداوەندی شەختە بمبەوە ئەو ساتە شـەختەییانە، دەمویسـت دەسـت بـۆ مەتارەکـەم ببەم کە بە قەد کەوچکە چایەك تەڕایی تێدابوو، گوێم لێبوو گوتیان:

((ئەوە مێرگە رەنگە ئاوی لێبێت))

((مێرگ، ئاو، بەراستی، نا)) لە بەر خۆمەوە قسەی ئاویم دەکرد..

نازانم ئەوانیدی چۆن چۆنی مێرگیان لە باوەش گرت، لە سەر زگ خۆم بـە مێرگـی نەرم دادا، دەوم خستە گۆمیلکەیەکەوە، بخۆوە ئاو بخۆوە، نەمـدیت هێسـترەکە چـەند بخواتەوە، بەلاّم دڵنیام هێندەی منی نەخواردۆتەوە، هەر لەو گۆمیلکەیە مەتارەکەشمم پڕکردەوە، لە بیرمە زگاو بووم، تێرم نەدەخواردەوە، نیتاق و پشـتێنم شـلکردەوە، لـە سەر پشت راکشام، نەمدەتوانی هەستمەوە، ئەوەشم لەبیرنەبوو کە لچکێ لـە پشـتێن یان جەمەدانی بە دەومەوە بنێم بۆ رێگەگرتن لە زێلـوو، لـە زینـدەوری نـاو ئـاو، لـە تەنیشتم حەمە سوور خەریکی ددان شووشتن بوو، ئـەوە کـوڕە تفـەنگی لەبیرکردایـە، فلچەی ددانی لە بیرنەدەکرد، ددانی وی لـە ددانـی هـەموو پێشـمەرگان سـپیتر بـوو، گوێم لێبوو:

((زۆری نەماوە بۆ دەو زێ.))

لە دڵی خۆم گوتم: دەبێت بە مەتارەیەك ئاو بگەینێ؟ خۆزگە دوو مەتارەم دەبوو

ئێستا مانگەشەوە، رەنگـە پێشـتریش مانگەشـەو بووبێـت، بـەلاّم تریفـەکانی لـە تینـوێتیی منـدا بزربـووبن، تـەواوێك لـە مێـرگ دوورکەوتووینەتـەوە، وا رووەو زێ دەڕۆین..

ئەوە دیارە دەڵێ، بەوەی دوای خۆی دەڵێ:

+ مەتارەی من بۆنی ریخی لێدێ، هی تۆش وایە؟

- راوەستە بزانم، کوڕە هی من دەڵێی وردە قشپلی تێدایە.

منیش لە مـەتارەی خـۆم کەوتمـە گومانـەوە، بـۆنیم کـرد، هەسـتم بـە چ نـەکرد، خستمە سەر لێومەوە، تامیم کرد، ڕیخاوێك بوو بۆ خۆی، ئاشکرابوو کـە هـەموومان ڕیخاومان لە مەتارە کردووە، هەبوو دەیڕژاند، شێخ گوتی:

((باشە ئەوە مەتارەی قەدمان ڕژاند ئەدی مەتارەی ناو زگمان چ لێبکەین؟))

من مەتارەی خۆم نەڕژاند، ترسـام لـەوەی هێشـتا زۆرمـان مابێـت بـۆ زێ، جگـە لەوەش من بڕیارم دابوو نابێت مەتارەی من ئاوی لێببڕێ، جا خوای دەکرد ئـەو ئـاوە نـەك ڕیـخ ژەهـری تێـدا دەبـوو، ئـەوەم لـە بیرچـوو، ئـەو کاتـەی لـە سـەر مێرگەکـە ڕاکشابووم، دیتم حەمەسوور خۆی ڕووتکردەوە، نیوە خۆشووشـتنێك خـۆی شووشـت، بۆیە دوو سێ جار بە حەمە ڕیخاوی بانگیم کرد..

تۆپەکان لە دوورەوە، چیایەکیش ئاگری گرتووە، نازانم چ چیایەکە..

-٢٧-

لە هەمووان گەنجتر:

بۆ دوژمنکاری هاتینە دنیا

مرۆڤ دوژمن

شەیتان دوژمن

خوداوەند دوژمن

ماریش دوژمنایەتیی خۆی ڕاگەیاند

دنیا هەمووی دوژمن

مـانگەشەوێکە لە دوورەوە قشـپل و دەنکـە مـۆری گـەورە لێـك جودادەکرێنـەوە، ڕوونــاك ڕوونــاك، زۆر ڕوونــاك لــە دوورەوە گــوریس و مــار لێــك جودادەکرێنــەوە، پێشمەرگەی پیس و جاشی خاوێن لێك جودادەکرێنەوە، ڕوونـاك ڕوونـاك هـی ئەوەیـە

ئەحمەد عەرەب نەینۆکە دەرەزبردووەکەی و مووکێشە ژەنگاویەکەی دەربێنێ، مووی روومەتی خۆی هەڵکێشێ، ئەو ئەحمەد عەرەبە هەمیشە خەریکی هەڵکێشانی مووی روومەت و بن چاوە بچووکەکانی بوو، ئەگەر مووکێشی نەبا ماتەل نەدەبوو، نینۆکی دوو پەنجەی دەهێشتەوە، دەیگوت:

((ئەو دووپەنجە نینۆکیە بۆ ئەو کاتانەی مووکێشم نیە))

ئەو کوڕە لە قسەکردنێ دەنگی (ر) بە قەڵەو و لاوازیەوە و لە هەر کوێیەکی وشە با و بە هەر زمانێك قسەی بکردایە،دەگۆڕی بۆ (ڵ)، با لەو مانگەشەوە لەو جێگەیەی پێدەشت لە رێیەکی گچکەمان دەکاتەوە و هەیە و نیە ئەو رێیە، چونکە ئەو لاو ئەو لامان مۆڵگەی جاش و سەربازانە، با گوێ مان لە ئەحمەد عەرەب بێت چ هەواڵێکان دەداتێ:

+ کولە هاولێ ئەحمەد شاهێن مالە مال

- ماری چی، زراوت چێ

+ لیفاق ما تەسمەعون سۆتە؟ (هاوڕیان، گوێتان لە دەنگی نیە؟)

کوڕە وەڵڵا هەند باش گوێمان لێیەتی مار لەو سەرە رێیە هێند بە سام دەیفیشکاند، پیاوم دەویست نەك هەرلێی نزیك بکەوێتەوە، بەڵکو گوێ لە دەنگیشی بگرێت، من زۆر جار گوێم لە فیشکاندنی مار بووە کە تابڵێی بە سامە، بەلاّم فیشکاندنی ئەو مارە بە قەد هەزار مار بە سام بوو، پێدەچوو گەلێك گەورە بێت، ئەژدیهایەکە بۆ خۆی، هی ئەوە نیە شاهێن بوێرێ خۆی لێبدا، فیشکاندنی ئەو مارە رێك واتای ئەو رستەیەی دەگەیاند((خۆت ئامادەکە مەرگ گەیشت)) من ئەوها لەو مارە تێگەیشتم.

مار ئامادەی شەڕ بوو، کەس نەبوو شەڕی لەگەڵ بکات، ئەبوو راستی بە پێکەنینەوە گوتی:

(جاشەکان خۆیان نەیانوێرا رێمان پێ بگرن،ماریان ناردە سەر رێمان.))

شاهێن کە حەزی نەدەکرد بە گاڵتەش سووکایەتی بە مار بکرێت، وای وەلامی ئەبوو راستی دایەوە:

مار جاشایەتی ناکات، نابێتە پیاوی جاشانیش..

نازانم کێ بوو گوتی:

ئەدی بۆچی شەڕ بە پێشمەرگە دەفرۆشێ؟

شاهێن گوتی:

کوڕە هەی سەیە، ئەوە شەڕ نیە، گەمانە گەمان، بەلاّم چ بکەم ئێوە نازانن گەمان لەگەڵ مار بکەن..

مار هەر دەیفشکاند، بە تەوای ئامادەی شەڕ بوو، ئێستا نا ئێستا خۆی بۆ دەمو چاومان داوێ، من بیستبووم، مار لە شەڕێ خۆ داوێ، بەلاّم نەمیدبوو.

ئەحمەد شاهێن گوتی:

ئێوە بکشێنەوە بۆ منی بەجێبێڵن.

شیخ شوانم دیت لە چۆکی خۆی دەداو حەیفحەیفی دەکرد:

ئای جاشی گەواد، ئەگەر ئێوە نەدەبوون، ماری گەواد هی ئەوەیە رێ لە ئێمە بگرێت، بە قوربانی یەك گوللەم دەکرد و هەر بە شیشکەی تەفەنگیش لە شیشم دەدا، پێدەچێت مارێکی گەورە و گۆشتنیش بێت.

گوتمە شێخ:

خۆزگە کلاشینکۆفی بێدەنگ هەبوایە.

شیخ نائومێدانە گوتی:

کوا بۆ ئەو رۆژە، بڵێم بۆ ئەو شەوە، من خەفەت لەوە دەخۆم دەبێت چاومان لە دەستی شاهێن بێت، رێمان بۆ بکاتەوە.

من و شێخ لەو قسانە بووین، شاهێن گوتی:

وەرن مەترسن، تێپەڕن، سەری مار لە بن پێی منە.

هەموومان دەمانزانی شاهێن مارگرە و لەو بارەیەوە توانایەکی سۆپەرمانیی هەیە، لەگەڵ ئەوەش باوەڕمان بەو قسەیەی نەکرد، چۆن بەو شەوە بەو دەستوبردە، خۆی گەیاندە مار و گرتی، زانی گومانمان هەیە دووبارەی کردەوە:

وەرن، زراورژاینە وەرن، تێپەڕن سەری مار لە بن پێی منە، ئەگەر نێن بەری دەدەم.

لەو کاتەی تێپەڕین، من سەری مارم نەدیت لە کوێیە، بەڵام کلکیم دیت لە نزیک چۆکی شاهێن لە ناو تریفەی مانگەشەوێ سەمای دەکرد

شیخ گۆتیە شاهێن:

بەرەڵڵای مەکە ئیشمان پێیدەبێت.

شاهێن گوتی:

بەشی یەك گەڕەك گۆشتی هەیە، بەڵام ئازادیشی دەکەم، مار لە تۆ لە منیش پتر مافی ژیانی هەیە.

دواتر چەندی داوامان لە شاهێن کرد، بۆمان روونبکاتەوە چۆن و بە چ فێڵێك و بە هۆی چ هێزێکی نادیارەوە سەری ئەو مارە گەورەیەی خستە بن پێیەوە؟ ئەدی لە کاتی بەردانی چۆن پێوەی نەدای؟ هیچی نەگۆت، بەڵام دیار گوتی:

ئەوە نهێنیی پیشەیە، لێی گەڕێن نایڵێ..

ناوە ناوە دەنگی تۆپ، چەند لووتکەیەك ئاگریان گرتووە

-٢٨-

جوامێرێك:

خوداوەند، کە وادەی مەرگم هات

لە ناو زێ نا

لە کەنارەکەی بمکوژە

تا هەتا هەتایە

لاشەکەم بۆنی جاترە بدات..

ئەوەتا زێ..

هاوین جگە لە ژووری ئارەقاوی، جگە لە مێرگی ڕیخاوی، جگە لە ماری شەڕاوی، زێی پڕ لە تریفەشی هەیە، زێ لەبەر تریفەی مانگدا جوانیەکی نەدیتراوە تێیدا دەدرەوشێتەوە، زێ، مانگ بە شێوەیەك پیاسەی تێدا دەکات، ناگیرێ و ناگیرێ، چەندی ویستم مانگی پەرتبووی ناو زێ، بۆ ساتێك لە ناو نیگام رابگرم، رانەوەستا، چەند جوانە ئەو ساتانەی مانگ راناوەستێ.. بەر لە هەولی شێتانانەی مانگ گرتن، بینم بە زێوە نا، ئەو جارە هێندەی هێسترەکەم نەخواردەوە، ئەو زۆری خواردەوە زۆر، پێدەچوو لە مێرگە ڕیخاویەکە بێزی نەهاتبێت بخواتەوە، لە ساتەکانی تینوێتی هێستر لە پێشمەرگە پتر رەچاوی خاوێنی دەکات، مەتارەکەمم جوان جوان بە ئاوی زێ خاوێنکردەوە و پڕم کردەوە، جلکەکانم کە بۆنی ڕیخی دەڤەری سورچیایەتیی ئەو بەریان لێدەهات، نیوە شووشتنێك شووشتمن، ئێستا سەرمایە لەو هاوینە ئاگراویە سەرمامە، سەرم لە سەرمادا خەریکە حەز لە ئاگر و دووکەڵ بکات، مرۆڤ لە نێوان سەرما و گەرما باش تێدا مایە، چ پێناچێ لەو نێوانە هیچ ئاژەڵێك وەکو مرۆڤی بەسەرهاتبێت، لە خۆمەوە قسە لەو بەراوردە دەکەم.

شڕە بەلەمێك دەتگوت بەلەمەکەی کاردۆیە، ئەوجا کێ دەڵێ هەر هەو نیە و دوای ڕۆیشتنی بە زێیدا دابێت و لەگەڵ ئێمە گەیشتبێتە ئێرە، لە بیرمان بێت ئاو هەر ئاوی ئەوێیە، ئاوی ناو دووربینی بارەگای پێرسی، هەر ئەو ئاوەشە کە دەچێتە بن کەلەکەی ئاسکی کەڵەك و لە من تەڕتر تەری دەکات و زۆر جار خەوی دەزڕێنێ، دەڵێن جاروبار دەشیترسێنێ، جارێك لەوێ لە خوار پردەکەی ئاسکی کەڵەك، کەوتمە زێ، ئەگەر فازیلی هاوڕێم نەبا کە لە دوورەوە چاوی لە سەر من بوو، دەیزانی مەلە نازانم، لە ئاسك خێراتر هات و رزگاریکردم، ئەو نەبا من بەو ئاوەدا ئاوەئاو

چووبووم، ئاوەوئاو چوونێك ئێستا مەگەر تەنها لە یادەوەریی دایك و باوك مابام، بەلاّم دوای ئەو هەموو ساڵەش کە بەسەر شەڕی قەلاّسنجدا سالاّیەتی کردووە ئەو شەڕەی برا خوالێگۆڕاوەکان بە فەرمانی باوکە خواگیرەکان لە قرچەی گەرمایێ هەڵیانگیرساند، فازیل هێشتا لە یادەوەریمدا بە پێوەیە... لەو رۆژەوەی فازیل ئەو کوڕەی لە وشکانی لە مامز و لە ئاویشدا لە ماسی دەچوو نەیهێشت بە ئاودا بچم، زراوم لە زێ چووە، پێشتریش لە ئاو دەترسام چیرۆکی ترسانی من لە ئاو بە قەد زێیەك درێژە و زۆر لە پردەکەی ئاسکی کەڵەك کۆنترە و ناگێڕدرێتەوە... دەبێت لەو مانگەشەوە بەو شڕە بەلەمە لەو زێیە بە سامە بپەڕینەوە، ئەگەر رووداوەکەی بن پردی ئاسکی کەڵەکم بیرنەکەوتایەتەوە پێنەدەچوو هێندە ترسابام، لە بیرمە لەو سەروبەندە خۆزگەم دەخواست کە فازیل لە لام بایە، ئەو فازیلەی ماسیش هەر هێندەی وی مەلەی دەزانی..

کاتێ ترسی جاش و سەرباز دەگات، بێ ئەوەی بزانی چۆن و بە کوێدا، ترسی زێ رادەکات، درەنگ بوو، دەبوو زوو بپەڕینەوە، هێشتا هەر پێیەکم گەیشتبووە ناو کەشتی هێسترم بیرکەوتەوە، لە چارەنووسی وی نیگەران بووم، لە ساتاکانی نیگەرانی ، دەبینم وا لە تەنکایی تەنیشتمانەوە یەکێك رایدەکێشێت، دوو پێشمەرگەش لە دواوە بە پاڵدان پاڵی دەدەن، بۆ کوێ! رێك قووڵایی زێ، ئای ئەوە چی دەکەن! وا چاکەی هێستر دەدەنەوە! من هیچ گومانم لەوە نەبوو کە هێسترە رەش ئاوەو ئاو دەچێ، ئەو شەو شەوی مەرگی هێسترە، مەرگێکی ئاوی و تریفەیی، مەرگی پڕ لە شلپوهۆڕ.. ئێستا بەلەم و هێستر بە تەنیشت یەکەوە زێ دەبڕن، هێستر لە کونە لووتەکانیەوە دەنگێك دێت لە هیچ دەنگان ناچێت، نە دەنگی رەشەبایە، نە دەنگی شەپۆلی تووڕە، نە ئەو دەنگانەش کە بەو دوو دەنگە ئاشنا دەبنەوە، بەوەی باشە تا دێ هێستر و بەلەم لێکدی دوور دەکەونەوە دەنا بەرگەی دەنگی هێسترم نەدەگرت، لە بیرم بێت، من لە هێسترەوە کەمێك ئازایەتیم وەرگرت، کە دیتم ئەو ئاو

دەبڕێ هەندێك ترسم لە ئاو شكا، تا دێ لێكدی دووردەكەوینەوە كە لە كەنار بە ڕێكەوتین ئێمە كەوتبووینە لای چەپی هێسترەوە كەچی ئێستا هێستر بە لای چەپی ئێمەوەیە، لە بیرم نەچێت زێ لە چەپەوە بەرەو راست دەڕوات، تا نەگەینە ئەو بەر گرنگیی ئەو چەپ و راستە و لێوەشاوەیی هێسترمان بۆ دەرناكەوێت، بەڵام تۆ بڵێی جارێكیدی كەنار ببینینەوە؟ سەد جار پتر ئەو پرسیارەم لە خۆم كردووە، لەو ساتانە خۆزگەی دنیام بۆ چووپێك دەخواست، ژیانم لە چووپێكدا دەدیتەوە، چووپ چووپ چووپێك و چیدی نا..

ئێمە كەمێك زووتر پێش هێستر گەیشتینە كەناری دیوی سۆران، سەركەوتینەوە ئەو جێیەی كە هێستر لێیەوە دەگەیشتەوە كەنار، ئەو جێیە رێك بەرانبەر ئەو جێیەی كەناری ئەو بەرە كە لێیەوە سواری بەلەم بووین كە لێیەوە هێستریان بە ئاودادا، بەلەم زۆر لە خوارتر بە كەنار كەوتەوە، واتە بەلەم تیواوتی زێی بڕی، بەڵام هێستر قەدبڕو بێ تیكردنەوە، بەڵام تێنەگەیشتم بۆچی ئێمە لە هێسترمان بردەوە! ئەوەتا ئێمە سێ كەس چاوەڕێی گەیشتنی هێستر دەكەین، نزیك كەوتەوە بەس لمۆز و دوو گوێی كورت و تەختایی نێوچەوانی دیارە، هێستر یەك مشەمشیەتی دەڵێی هەرچی دەنگی دنیا هەیە لە رێی لووتی هێسترەوە لە ئاوەوە بە وشكانی وەردەبێت، هێستر لە زێدا پتر لە نەهەنگ دەچوو نەك هێستر، هێستر لە ئاودا دەتگوت لەوەتەی هەیە گیاندارێكی ئاوییە و بە مێوانداریش ماڵی وشكانیی نەدیوە، سەرم لە مەلەوانیی هێستر سوڕمابوو، كاتێ بیستم كە دوور نیە ئەو هێسترە یەكەم جاری بێت لە ئاو بدا، خەریك بوو زۆر شتی ناو سەرم ئاوەژوو ببنەوە، ئاخر سەرەتا دەمگوت رەنگە ئەوە جاری سەدەمی بێت لە زێ بدات، وام بیردەكردەوە هەر لە گچكەییەوە فێری مەلە كرابێت، خوداوەندی مەلە چ دەبوو منیش لە ئاودا خزمی هێستر بام.. لە ساتە كورتەكانی پێشوازیدا پێشوازی لە هێستر، بایی رۆمانێك بیرم لە هێستر كردەوە..هێستر گەیشت، رووت رووت لە ئاو رووتتر، لە ئاوەوە پەڕیەوە وشكانی، ئای

ماندوو بوو، دەتگوت لەو سەری مێژووی ماندوێتییەوە هاتووە، راوەشاندنێك خۆی راوەشاند سەرەتا وام زانی رێژنە بارانی هاوینی دایکرد، دلۆپە ئاو تێکەڵی تریفە بوون، ئەو خۆ راوەشاندنە هی ماندوێتی دەرکردن بوو، هەستمکرد حەسایەوە، وای نەکردبا، ساڵ وەردەسوورِایەوە هێشتا چۆڕ چۆڕ ماندوێتیی زێی لێوە دەچۆڕا..

لە بیرم نیە بەلەمەکە چەند کاروانی کرد، هەموومان پەڕینەوە، هێسترمان بارکردەوە، هێشتا مانگەشەوە، بایەکی فێنك زۆر فێنك دەتگوت لە زێوە هەڵیکردووە، گۆلم گۆلم بۆنی جاترەی دەپژاند، تا لە شەوێکی وەك ئەو شەوەدا سەرێك لە کەناری زێی گەورە رێك ئەو جێیەی من هەناسەم بۆ بۆنی جاترە گرتبۆوە، نەدەیت، ئەستەمە باوەڕ بێنیت کە جاترە بۆنێکی وای هەبێت، بۆنێك بتخاتە مەستیەکەوە شەرابی لەعلی رۆمانیش وا مەستت نەکات، لەو شەوەوە جاترە بووە بۆنی من..ئێستا لە هەڵکشانداین..

تۆپ ناهێڵێت بە دڵی خۆم بۆنی جاترە بکەم، لە دەستی چەپمان دونديك ئاگری گرت..

-٢٩-

شوانێك مەڕەکانی گوێیان لێیگرتبوو:

خوداوەندی من،

دابەشکردن کەی وایە!

چی بۆمن نەما

سەگەکەم هەمووی هەڵگرتەوە

وەفا، وەفا

کەمێك وەفای لێوەرگرەوە..

مانگ ئاوا بوو، تاریکیەکی تاریك تاریك داهات، تا لە پێش چاوی خۆت مانگ ئاوا نەبێت، نازانیت مانگ چ رووناکیەکی پێیە برۆ بە تاریکیدا برۆ، وا بەیانی دا، رووناکایی کەوتە دنیاوە، هەر برۆ، رۆژ گەیشتە ئاسمانیٚ، ئێستا لە بن بەرزاییەکین، لە ناو بێستانێکی بەرەڵلا مرومۆ دەکەین، برك برك دەگەڕێین، دەسکەوتی من گندۆرەیەکی لاقوزە بوو، ئەو لاقوزەیەم جوان لە بیرە ئەگەر پەنجەی بە بیرهێنانەوە چەند جارێك بە توندی لە سەری خۆم بدەم، رەنگە رەنگی گندۆرەکەش بێتەوە بەر چاوم، ئەو لاقوزەیە بە هۆی ئەبوو جاسمەوە لە یادەوریمدا وەك خۆیەتی، لە بیرمە کاتیٚ دەمویست وشەی لاقوزە لە ئەبوو جاسم بگەیەنم پێکەنینێك پێکەنی سەگەکانی بابە جیجکی بە ئاگا هێنا، هێشتا زۆری ماوە بۆ بابەجیجك دەبێت لەو بەرزاییە ئاودیو بین ئەوجا بە دیار دەکەوێت، هەر لەگەڵ ئەو پێکەنینەش تۆپێك لوورەی هات، نازانم کیٚ، دوور نیە دیار بووبێت گوتی:

((پێکەنینی حەمە سوور هەر سەگ نا تۆپیشمان لیٚ بەئاگا دەهێنیٚ..))

نازانم ئێستا، بەلاٚم ئەودەمانیٚ سەگی بابەجیجك ناوی هەبوو، سەگ نەبوو لە دنیاییٚ هێندەی سەگی بابە جیجك دڕ، سەگی هەموو دنیا لە لایەك هی بابەجیجك لە لایەك، ئەگەر هەرچی سەگی دنیا هەیە وەکو سەگی ئەو گوندە ئازا و بە زاخ بان ئێستا لە جیاتی مرۆڤ سەگ فەرمانڕەوایی دنیایان دەکرد، قسەیەك هەبوو لە بابە جیجك نزیك لەوە:

((ئەگەر لە رێیان تووشتان بە تووشی شێر و پلنگان بوو گێچەڵیان پێتانکرد، مەترسن، بەس ناوی سەگی بابەجیجك بێنن، لەو ناوە نامێنن))

کەس نیە بە پێشمەرگە و جاش و سەربازەوە زراویان لە سەگی بابەجیجك نەچووبێت، دەگێڕنەوە جارێك بە دوو سەگ سیٚ پێشمەرگەیان چەك کردبوو، سەرت سوورنەمێنیٚ چەککردنی پێشمەرگە لە لایەن سەگەوە هێندە زەحمەت نیە، ئاخر تۆ ئاگات لێنیە لە کوێوە دێن، هێندە دەزانی سەگی بابە جیجك وا خۆی هاویشتۆتە

سەر شانت، سەگی ئەویّ خۆی هەڵداوەتە سەر دەبابە، کۆپتەر و فڕۆکەی لێدەرکە سەگی بابە جیجك ئامادەیە شەڕی هەموو شتێك بکات و سەرکەوتووش بێت، سەگی جێیان بە ئاسانی دەکەوێتە ناو سێرەی تفەنگەوە، بەلاّم هی بابەجیجك گەمە نیە، لەو کاتەی خەریکی بیخەیتە ناو سێرەوە، دەبینیت شانێکت وا لە ناو کەڵپەی سەگێکە.

((خوداوەندی رووداو و بەلاّیان، هەرچی دەنێری بنێرە بەس لە بەلاّی سەگی بابەجیجکمان بە دوور بێخە))

هەر من نا زۆر کەس بە بیّ دەنگی و لە دڵەوە ئەو دوعایەیان خوێندووە، چەندی لە بابەجیجك نزیکتر دەکەوتینەوە، دوعاکەم خێراتر دەخوێندەوە، پێم دەلەرزی، دەتگوت بە ڕێی بۆسەدا دەڕۆم، لەویش ترسناکتر، ئەوانەی بە رێیەکدا رۆیشتوون و گومانیان هەبووە کە بۆسەیەك هەیە، دەزانن چەند رۆیشتنێکی ترسناکە، رەنگە ترسی من لە سەگ پەیوەندی بەو دوو چیرۆکەی سەگیشەوە هەبێت کە لە منداڵیمدا تۆمار کراوە، منداڵ بووم، بە سەردان چووبوومەوە ماڵی باپیرم، سەگێك هەبوو بە (سە سمێڵ) ناوی رۆیشتبوو، هێندەم لە بیرە سە سمێڵ کەوتە دوام، پێیەکم کردە سیّ پیّ، بەلاّم کیّ هەبوو لە چنگی ئەو سەیە قوتاری بێت، لە بای غاریّ کەوتمە چاڵێکی کەمێك قووڵەوە، هێندەی بەژنی ئەو کاتم کەمێك قووڵتریش، سەگیش هاتە ناو چاڵیّ، ئەگەر دەستەواژەی(لەگەڵ سەگ کەوتنە چاڵ) ئەوها بێت کە من کەوتمیّ خودایە کەس لەگەڵ سەگ نەخەیتەوە چاڵەوە، ئەگەر هەر ویستیشت سەگ لە چاڵ بە تەنیا نەبێت، پێشمەرگەیەکی خایەنی بەگەڵ بدە، ئیّ، هاوارێکم لێهەستا لە چاوترووکانێك هەموو گوند گەیشتنە سەرم، چۆن هاوارێکی وا نەکەم، سە سمێڵ کە کەڵپەکانی لە هی هەموو سەگێك گەورەتر و تیژتر بە سەگی بابەجیجکیشەوە، چەقاندیە سمتمەوە رێك ئەو جێگەیەی کە تایبەتە بە دەرزی، بەوە دەزانم ئێستاش کە جار و بار دەرزیەك لە خۆم دەدەم دەرزی لێدەر دەڵێت:

+ ئەو کونە چیە بە رانتەوە، دەڵێی جێ گوللەیە

- بریا هی گوللە با، ناوەڵڵا جێی ددانی سەیە

جارێکیدی هەر لەوێ و هەر سە سمێلیش کەوتە دوام، بەلاَم ئەو جارە ددانی نەگەیشتە گۆشت، تیلمێ لە شەرواڵەکەمی برد.. تا لە بابەجیجك نزیکتر دەکەوتینەوە، کەڵپەکانی سە سمێڵ گەورەتر خۆیان نیشاندەدا، پێشتر یەك سە سمێڵ هەبوو، بەلاَم ئێستا هەستدەکەم سەگەکانی بابەجیجك هەموویان لە سە سمێڵ سە سمێڵترن.. ئێستا پێش نیوەڕۆیە، لە ئاوایی نزیککەوتووینەتەوە، دەنگی سەگ دێت، ئەوانەی ئاشنان بە سەگی بابەجیجك هیوا خوازن، پێش ئەوەی سەگەگان بگەن کەسێکی ئاوایی بگات و لە بەلاَی سەگمان دوورخاتەوە..

ئێستا لە ناو ئاوایی بابەجیجکین کە مەیلەو چۆلە، باش بوو زوو کوڕێك لە سەگی پاراستین، درەنگ پێکەوتم کەهەندێك لە سەگە ئازاکانیش بە دەستی جاشان شەهید بوونە، ئەو جاشانەی نە زاخی سەگیان هەبوو نە وەفای سەگ، سەگی بابە جیجك شەو و ڕۆژ ئێشکگریان لە بابە جیجك لە گوندەکەی خۆیان، لە ماڵی خۆیان دەگرت و دەیانپاراست بەلاَم جاش.. من کە هەواڵی مەرگی سەگە ئازاکانم بیست، دڵم بۆ سەگ سووتا، لە بیرمە ئەو هەموو رقەی بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە بەرانبەر بە سە سمێڵ لە دڵم کەلەکە ببوون، هەستمدەکرد وردە وردە دەتوێنەوە، وا بزانم هەر ئەو کاتیش بوو لە دڵەوە لە سە سمێڵ خۆش بووم و گەردنیم ئازادکرد.. نان و ماستێکمان خوارد مەگەر هەولێر ماستی وا خۆشی هەبێت..

کۆپتەر نەوی نەوی زۆر نەوی..

-٣٠-

مرۆڤ بێ ناسنامە

دێتە دنیا

دەشمرێ نەناسرێتەوە..

هەر ئەو کوڕەی لە هاتنێ لە سەگی پاراستین، لە رۆیشتنێش ئەرکی پاراستنی گرتە ئەستۆی خۆی، مالآوا بابە جیجك، ئەی ئەو گوندەی بە ئاوەدانیەوە جوان بوویت، بە سەگە بە زاخە بە وەفاکانتەوە جوان بوویت، سوپاس بۆ ئەو نان و ماستە خۆشە، سوپاس بۆ پیالە پیالەی چایەت، ئەو پیالآنەی هێندە هێوریان کردوومەتەوە خەریکە لای خۆمەوە لێبووردنێکی گشتی بۆ ئەو جاشانەش دەربکەم کە دەستیان بە خوێنی سەگی بابەجیجك سووربووە، ئێستا وەڕینی سەگەکانت لە گوێی من شیرینن،جوانترین داکردن و بە رێکردنن.. رۆیشتین رۆیشتین هەر رۆیشتین، گۆماوێکی وەستاومان هاتە رێ، زۆر دوور نەبوو لە رێ، گۆماوێك نە تێیدەکردەوە نە لە بەری دەڕۆیشت، ئێرە (گراو)ە، گۆماوێکی گۆگردی، دەیانگوت هەر کەسێك خورشتی هەبێت، گرو بێت، خۆی باوێتە ئەو گۆماوە بەلای نامێنێت، من ئەو کات پێیەکەم خورشتی هەبوو، هاتە سەرم لادەم و تاقیبکەمەوەن نازانم بۆچی وام نەکرد..

سووراینەوە، ئێستا دەمەو عەسرانە لە بن رەزگەی عەلی رەزگە لە دەو چەمەکە لە پشووێکی ئاوی داین، لە قوولاییەکی چەم کە نیو بەژنێك دەبێت، جلك دەشۆین، مەلە دەکەین، هێسترە رەشیش بە دڵی خۆی دەگەوزێ، ناوە ناوە رەوە فرۆکەیەك لە شێوەی پەلە هەورێ بەری خۆرمان لێدەگرن ،بەلآم ئەگەر سەرچیخ نەچووبم هێندە گرنگیمان پێیاننەدەدا...

دیتم حەمە سوور خەریکی ناسنامە دڕاندنە، کەمێك لێی چوومە پێش:

+ لێیان تووڕە بوویت؟ وایان لێدەکەیت!

– ئەورۆ نیە لێیان تووڕەم، بەلآم ئەورۆ هەستدەکەم مانەوەیان لام دەبنە سەر ئێشەیەکی زۆر گەورە..

+لەوەی دواییان تێنەگەیشتم

+ من بە ئاسانی ناکوژرێم، بەڵام ئەوە دنیایە، دەبێت کوشتن و مردنیش لە بەر چاو بگرین، ئێ لەو کاتە ئەگەر ئەو بەلگانە بکەونە دەست حکومەت، دەمناسنەوە و ماڵمان دەبیننەوەو ئەوانیش وەك من تیا دەچن، ئەوجا بۆ ئەوەی ماڵەوە تووشی بەڵا نەبن، دەبێت هەموو ئەو بەلگانە بسووتێن کە عێراقیبوونمان دەسەلمێنن، ئیدی من ئاگر لە عێراقیبوونی خۆم بەردەدەم..

تەسکەرە و تەفتەر عەسکەرییەکەی بە دنکە شخاتەیەك گڕدا

نازانم کێ بوو پرسی:

ئەو دووکەڵە چیە! ئاگادار بن، کۆپتەرمان لێ دوور نیە.

حەمە سوور گوتی:

چ نیە، عێراقیبوونی خۆم سووتاند.

منیش چاوم لە حەمە سوور کرد، دەفتەر عەسکەری و ناسنامەی قوتابێتیم کە هەر لە لام مابوو، سووتاند، بە سووتانی ئەوانە هەستمکرد ئیدی من هیچ پەیوەندیەکم بە عێراق و حکومەتەوە نەما، لەو ساتانە بە دیوێك هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد بە دیوێکیش نیگەرانی، ئێستا نایەتەوە یادم ئەو ئاسوودەیی و نیگەرانیە سەرچاوەکەیان لە کوێوە و لە چیەوە بوو، ڕەنگە ئەو کاتیش نەمزانیبێت، بە سووتانی عێراقیبوون ئەو پیاوە مەتیننشینەم بیرکەوتەوە کە شەستساڵی ڕەبەق بە سەر شوانایەتیی تێپەڕیبوو لێی تێر نەببوو دەیگوت:

((چەند ژیاوم هێندەیدیش بژیم هەر شوان دەبم و بە شوانی دەمێنمەوە))

ئەو پیاوە_ حەیف ناوەکەیم لە یاد نەماوە_ نەیدەزانی تەسکەرەو مەسکەرە چیە، نەك هەر سەربازیی بۆ هیچ حکومەتێك نەکردبوو، هیچ حکومەتێکیشی نەدەناسی، ناوی لە هیچ فەرمانگەیەکی ئەو دنیایە نەبوو، ئەو پیاوە ئەگەر دواتر بەر چنگی ئەنفال نەکەوتبێت ئەوە دڵنیام لە ناو بزنەکانی مردووە و مردنێك نە پێویست بە دەرهێنانی وەفاتنامە دەکات و نەهیچ، من ڕەنگە زۆر کەڕەت ئیرەییم بەو پیاوە

بردبێت، خۆزگەم پێی خواستبێت، لەو ساتانە دەمگوت خۆزی لە خۆزیداران منیش وەك ئەو شوانە مەتیننشینە ناوم لە فەرمانگەی هیچ حكوموتێك نەدەبوو..

من ئێستا چەند لەو شوانە بێ ناسنامەیە دەچم!

لەو دەو چەمە خۆمان جوان خاوێنكردەوە، لەشمان سووك بوو، ئەگەر چایەك هەبا ئێستا زۆر قسە و باسی ئەوێ دەهاتنە ناو گێڕانەوە، زۆر جار قسە لە چایەوە سەردەكا، بێ چایەیی قڕوقەپێكی رانەگەیەنراوە، شێخ شوان لە بارەی چایەوە قسەیەكی سەرنجراكێشی هەبوو:

بۆ چایە گەوادییش بكەیت هیچی تێدا نیە..

بەرە بەری ئێوارەیە، خۆمان كۆكردەوە، لە رۆیشتنێ حەمە سوور بە پێكەنینەوە:

ئیدی من و تۆ سەر بە هیچ دەوڵەتێك نین.

فڕۆكە فڕۆكە، كۆپتەر كۆپتەر، تۆپ تۆپ..

-٣١-

پیرێكی سەگناس قسەی بۆ منداڵەكانی دەكرد:

بۆ ئەوەی تا سەر بە مرۆڤ بمێنینەوە

دەبێت زۆر چاو لە مرۆڤ نەكەین و

كەمێك لاسایی سەگ بكەینەوە..

ئێرە رەزگەیە، ئەو گوندە لە ئێوارەی هاوینی جوانیەكی تایبەتی هەیە، لە چاوی منەوە وابوو، رەزگە و عەلی بە شێوەیەك پێكەوە لكاون، هیچ چەكێكی عەردی و ئاسمانی بە تۆپە دنیاهەژێن و كیمیاییشەوە لە توانایان نیە ئەو دووە لێك جودا بكەنەوە، زۆر كەس هەن بە ناوی گوندەكەیان دەناسرێنەوە وەك عەلی دەبێت رەزگەكەشی لەگەڵ بڵێیت و بڵێیت (عەلی رەزگە) بەڵام یەك گوند هەیە هەتا ناوی

پیاوە بالابەرزەکەی نەڵێیت کەس نایناسێتەوە ئەویش ڕەزگەیە، هەر بڵێ ڕەزگە ڕەزگە سەدجار بیڵێوە، سەد نیشانەی هەڵبدە کەس نازانێ چیە و کەوتۆتە کوێ، بەڵام کە گوتت (ڕەزگەی مام عەلی) ئیدی تەواو کەس نیە نەیناسێتەوە بە پێشمەرگە و جاش و سەربازەوە، بە خەڵکی هەردوو بەری زێوە، دیار دەیگوت:

وا بزانم لە سەر نەخشە سەربازیەکانیش نووسراوە ڕەزگەی مام عەلی.

حەمە سووریش دەیگوت:

دوور نیە لە تەسکەرەکەیشی عەلی ڕەزگە نووسرابێت.

پێشتر ڕێم بە ڕەزگەی مام عەلی کەوتبوو، نازانم لە کوێ ڕەنگە لە بەری بادینان بووبێت عەلی ڕەزگەشم دیتبوو، دەمێکیش بوو لە دوورەوە دەمناسی، ئەو پیاوە سەروەختانێك بە بەرزەناسی ناوی دەرکردبوو، بەخێوکارو ڕاهێنەرێکی سەیر و بە توانای بەرزەبوو، چەمووشترین بەرزە هێستر، ئەسپ، ماینی لە ماوەیەکی هێند کورت باردەهێناو دەستەمۆی دەکرد لە خۆی دەهات و بەس، هەبوو، لە بارەی ئەو لێوەشاوەییەی عەلی ڕەزگەوە دەیگوت:

ئەگەر مام عەلی ڕەزگە لە ئەورووپا با، ئێستا لە هەموو دنیا ناوی هەبوو.

عەلی ڕەزگە وەك دەڵێن لەوەتەی هەیە پێشمەرگەیە، هەرگیزیش سەری لە ڕەزگە نەبڕیوە، عەلی و ڕەزگە لە ماسی و ئاو دەچن، هەندێك ئەو لێکچواندنەیەیان بە دڵ نەبوو، قسەیان لە ئاوەکە بوو، دەیانگوت:

ئاو بێ ماسی هەر ئاوە، بەڵام ڕەزگە بێ عەلی ڕەزگە نیە.

ئەو ئێوارەیە ئەو پیاوە لە هەموو شت کەڵەگەتە میوانداریەکی وای کردین، پێشمەرگایەتیم لە بیربچێتەوە، مێوانداریەکەم لە بیرناچێتەوە، پیاوێکی کەمدوو بوو، بەڵام پیاو چێژی لەو کەمدووییە وەردەگرت، هێشتا هەر لە ڕێ بووین، زۆرمان مابوو بۆ ڕەزگەی عەلی، دەمزانی دەبینە میوانی ماڵی مام عەلی ڕەزگە، پێشمەرگە نیە ئەو پیاوە نەناسێت، پێشمەرگە نیە لە ماڵی ئەو نانی نەخواردبێت و نەحەسابێتەوە،

با هەر خۆی لەماڵ نەبووبێت، ماڵەکەی هەمیشە دەرگا والا بووە بۆ میوان، لە رێیێ کاتێ لە بێ چایەیی ژانە سەرمان دەگرت، ئەبوو راستی دەیگوت:

ئای ئێستا لە ماڵی مام عەلی دانەنیشی و حەفت چایەی رەزگەیی نەخۆیتەوە..

دەیگوت:

لە دنیایێ چایەی هیچ جێیەك تامی چایەی ماڵی مام عەلی رەزگە نادا، ئەوانەی تامیان نەکردووە، با تامی بکەن، ئەوجا تێدەگەن قسەکەی من چەند لە جێیە..

من تا تامم نەکرد، باوەڕم بە قسەکەی ئەبوو راستی نەهێنا،حەفتی چی، ئەگەر شەرمێ ناکەیت بە خودای حەفدە چایەش دەخۆیتەوە و هێشتا پیاڵەش نخوون ناکەیتەوە..

رەزگەی مام عەلی تاقولۆق ماڵی تێدا ماوە، ئەوانیش لەبەر مام عەلی ماونەتەوە، دڵیان نایە بە تەنیای جێبهێڵن، ئەویش پێی لە رەزگە گیرکردووە، بە هیچ هێزێك راناکێشرێ، رەزگە راستوراست کەوتۆتە ناو سێرەی تۆپەوە، ئاسمانی رەزگە کۆپتەر و فڕۆکەی لێنابڕێ، ئاقاری رەزگە بە ئاقاری جاش و سەربازانەوەیە، ئەگەر بێن، هێندە نابا دەگەنە ناو ئاوایی، بەلام لە چاوی کەس ترس ناخوێنمەوە، من بە منایەتی خۆم هیچ نەدەترسام، هۆی ئەو نەترسانە هیچ دوور نیە عەلی رەزگە خۆی بێت، ئەو پیاوە وەك دەیانگوت هەموو شتناسە بەس ترس نا، دوور و نزیك ئاشنایەتیی لەگەڵ ترس نەبوو، ئەوەی ماوەیەك لە تەنیشتیشی دابنیشێ، چەندی ترسنۆکیش بێت پڕ دەبێت لە ئازایەتی، رەزگەییەك گوتبووی:

((هەر چاکە و نەخۆشیەك دەپەڕێنێ، مرازێك دێنێتە دی، مام عەلیش ئەگەر بمرێت دەبێتە ئەو چاکەی ترس دەپەڕێنێ و تەنها مرازی ئازایانیش دێنێتە دی.))

وەڵلا مام عەلی رەزگە بە زیندوێتی ترسان دەپەڕێنێ، دوور نیە بە مردوێتیش هەر وا بێت، گۆڕەکەی، ئەگەر ئەنفال دەستبەرداری بێت و گۆڕی بە نسیب بێت، چی

لـه گـۆڕی پیاوچـاکان کـەمترە! ئـەوەی عـەلی ڕەزگـە بـۆ ڕەزگەییـەکان و خەڵکیـدی کردووە، پیاوچاکان هێندەیان نەکردووە..

من کە لەو پیاوە ورد دەبوومـەوە هەسـتمدەکرد لـە پـاڵ چـیایەك لـە خـۆراگری و بەرەنگاری دانیشتووم، خۆزگەم دەخواست منیش وەك وی بـام، هـەر مـن نـا ئـەوەی جارێك ئەو پیاوەی دیتبێت، یـان لـە بارەیـەوە شـتێکی بیسـتبێت، دڵنیـام خۆزگـەی پێخواستووە، ئەبوو راستی دەیگوت:

ئەگەر هەر گوندەو عەلیەکی ڕەزگەیی هەبا، دنیا دنیایەکیدی دەبوو.

ئەو ئێوارەیە عەلی ڕەزگە بە ڕەزگەوە لە خزمـەت ئێمـە بـوو، ئـەو ئێوارەیـە ئـەو پیاوە ئێمەی پڕکردەوە لە ورە کە من خەریك بوو لێی بەتاڵ دەبوومـەوە، ئـەو رۆژانـە عەلی ڕەزگە بە کلاشینکۆفێکی رووتەوە پارێزگـاریی لـە ڕەزگـە دەکـرد، بـەرەنگاری فڕۆکە و کۆپتەر و دەبابە دەبۆوە، کاتێ دەنگی تۆپێکی دنیاهەژێن دەهات، دەیگوت:

چ نیە حکومەت تڕی کرد، ئەنگۆ دەزانن، تڕی حکومەت تۆپە، خۆ تێکمەدەن دێ و دەڕوا، لـە بۆنەکەشـی مەترسـن، جەمـەدانی تـەڕ کـەن و تـەواو، بـە راسـتی حکومەتێکی زۆر تڕکەنە..

مەبەستی لە بۆنی تڕی حکومەت کیمیایی بوو..

ئەو پیاوەی کـە پێیوابـوو حکومـەتی عێـراق تڕکـەنترین حکومـەتی دنیایـە، خـۆ دووریش نیە وا بووبێت، ئاخر کوا چ حکومەتێك هێندە تۆپەی بە دنیاوە ناوە، ئەگەر تەنها ئەو تۆپانە بژمێری کە بە ڕەزگەی مام عەلی کەوتووە، حکومەتی وا هەیـە لـە ماوەی حەفت ساڵی شەڕیش هێندە تۆپەی نەهاویشتووە، عەلی ڕەزگە گۆتەنی هێندە تڕەی نەکردووە، ئەو پیاوە پێش ماڵاوایی قسەیەکی نزیك لەوەی کرد:

پیاو پێویستە هێندەی سەگێك بە غیرەت و وەفا بێت، تەماشا کەن، سـەگ چـەند رشتە لە پاراستنی ماڵ و خاوەنەکەی، من چەندم کردبێت هێشتا هێندەی ئەو سەگەم نەکردووە..

لەو کاتە سەگەکەی مام عەلی کلکی بادەداو زەق زەق سەیری دەکردین، لە دەموچاوی شادیم خوێندەوە، خەریك بوو باوەڕبێنم کە لەو پیاهەڵدانەی خاوەنەکەی تێگەیشتووە..

مالاّوا عەلی رەزگە، رەزگەی عەلی مالاّوا، مالاّوا پیاوی بەرەنگاری، هیواخوازم بەر تڕی حکومەت نەکەویت..

تڕ تڕ، تۆپ تۆپ..

-٣٢-

کچێك نەمزانی رووی لە کێ بوو:

بەتاڵ بەتاڵ

لە خۆم بەتاڵتر

ئەگەر پڕ لە تاڵیشم دەکەیت قەینا

بەس بە بەتاڵی جێممەهێڵە..

لە سەری مندا شەوێك بەتاڵ و ونە، چەندی وەك لیمۆ خۆم دەگوشم، وەك لالەی گەش چاوم دەکەمەوە هیچ نابینمەوە، لەو شەوەی ئەوێ هیچ نابینمەوە، هیچ نابیستمەوە، لەتە وێنەیەك کەرتە قسەیەك هیچ هیچ، هەر هێندەم لەبیرە لە یادەوەریی مندا لە نزیك رەزگە یان کەمێك دوور شەوێکی ون هەیە، شەوێکی بەتاڵ بەتاڵ لە یادەوەری، سەیرە لە تۆپیش بەتاڵە، بە ناچاری دەبێت بچمە ئەو بەیانیەوە کە بەسەر شەوە بەتاڵەکەدا هەڵهات..

هەندێ کەڕەت دەڵێم خۆزگە هەموو شەوەکان هەموو رۆژەکانی نێوان گارە و هەورێ وەك ئەو شەوە ون و بەتاڵە دەبوون و لە هیچیانەوە نە دەنگی کۆپتەر نە فڕۆکە نە تۆپ، دەنگی هیچ نەدەهات هیچ..

-٣٣-

له بەرەی شەڕەوە
گوێمان له بۆڵە بۆڵە
دەنگێك له پەشیمانیەوە تێیهەڵکرد:
له چیم پڕدەکەیت پڕکە
بەس بەتاڵمکەوە له تۆڵە..

دنیا تەواو رووناك بۆتەوە، ئێستا نا ئێستا خۆری ئابی له گردۆلکەکانی دەورو بەری رەزگە هەڵدێ و تیشکی خۆی به سەر پۆلێ پێشمەرگەی له دنیا تەریو پەرتدەکا و دەیانخاتە سێرەی کۆپتەرەکانەوە، لەوان رۆژان خۆر له بەرەی حکومەت بوو، چاوساخیی بۆ دەکرد، ئەوە هەڵهات.. ریگا هەمووی دار و بارە، بنەداری وا دێتە ریمان حەفت ماڵ له بنی هەڵدا، سێبەر بەشی هەمووان دەکات، پێی کەس خۆری پێناکەوێت، بنەداری پیر زۆر پیر له عەلی رەزگەش پیرتر، خۆزگەم دەخواست هەموو رێگاکان ئەو رێگایانەی رێگای ئێمەن هەر وا پڕ دار و بار بن، له رێوبانێکی وا بەس بنەداری وا ئەگەر له چاوی کۆپتەرت بشارنەوە، جگە لەوەش سێبەر سێبەر چ لەوە خۆشترە له رۆژە هەرە گەرمەکانی مانگی ئابێ، درەخت سێبەرت بۆ بکات، لەو بن درەختانە پشووێکمان دا یەك یەك دوو دوو، دوور له یەك دانیشتبووین، حەمە سوور له نزیکم بوو، جگەرەکێشەکان، جگەرەمان دەپێچایەوە، ئەوانیدیش نازانم چێژیان له چی وەردەگرت، من وابووم، زۆر شتم له پێناوی جگەرە بوو، بۆ چێژ وەرگرتن له جگەرە بوو، چایە، پشوو، خواردن، هەستمکرد ژمارەمان زیادی کردووە، دوو سێ جار سەرژمێری خۆمانم کرد، یەکێك زیادی دەکرد، ئەگەر کەمی بکردایە دەمگوت خۆم له بیر کردووە، گوتم رەنگە هێسترەکەشم له رێزی خۆمان دانابێت، وا نەبوو بە هێسترەوە دوو زیادی دەکرد، خۆم رانەگرت، گۆتمە حەمە سوور:

+ قسەیەك دەکەم نەڵێی شێتە.

- قەینا خاترت دەگرم وا نالێم.

+ پێشمەرگەیەکمان زیاد نەکردووە؟

- دوێنێ چەند بووین ئەورۆش هەر هێندە.

+ باوەڕناکەم

- منیش خاترت ناگرم!

+ گاڵتە مەکە

کە زانی بە راستیمە و گاڵتە ناکەم:

- وا بزانم حەزت لێیە پێتبڵێم شێت، وا نیە! لە پێرس هاتین ژمارەمان چەند بوو؟

+ ....

ژمارەکەم بە تەواوی گوت، ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە لەبیرم نەماوە.

- لە رەزگەش ئەو کوڕەمان بەگەڵ نەکەوت!

+ ئۆی، چما ئەوە لە رەزگەوە لەگەڵمانە!

- نالێم شێت، بەڵام تووڕە مەبە هەندێ کات هەندێ گێلایەتیت هەیە.

+ هەر هەندێك!

بێ خۆگێلکردن من ئاگام لەوە نیە ئەو کوڕە لە رەزگەوە لەگەڵمانە، کوڕێکی کەمێك سوورکەڵەی سەر گروازە، هەر لە تەمەنی من دەبوو، تۆ بڵێ ساڵێك گەورەتر، دیتم وا لەگەڵ ئەبوو راستی لە گفتوگۆی گەرمدان، بەڵام لێم دووربوون، تێنەگەیشتم لە بارەی چیەوەیە، بەڵام حەمە سوور گوتی:

- مەسەلەکە مارکسە

+ بە چی زانیت؟

- دیارە ئیدی

+ ناوی چیە؟

- کوڕی پلکی مارکس، دیار ئەو ناوەی لێناوە، چونکە هەموو قسەکانی لە بارەی مارکسەوەیە..

هەر لەوێ پێکەوتم ئەو کوڕەی پلکی مارکس پێشتر (ئالاّ) بووە، ماوەیەکە لە رەزگە دانیشتووە و ئێستاش وا بەگەڵ ئێمە کەوت، لە مێژیشە لەگەڵ ئەبوو راستی یەکتر دەناسن، ئەحمەد عەرەب دەیگوت:

((ئەبوو لاستی بە تکەی خۆی هەستا حەمە لیشی دەلکرد، کولی پلکی مالکسی هێنا..))

ئەو کوڕە زۆری حەز لە گفتوگۆ بوو، لە بارەی مارکس و جولانەوەی کۆمەنیستی و ئەو شتانە، ماوەیەك بوو چ ئاگامان لەو جۆرە قسانە نەمابوو، کوڕی پلکی مارکس تووشی کردینەوە، کوڕێك بوو زۆر لە مارکس چینانەتر بیریدەکردەوە، نەیارێکی سەرسەختی ئایینیش بوو، لەو شتانە بای لە هەمووومان بڕیبوو، هەر زوو بە لە دەودانەوە رستەیەکی بۆم راست کردەوە، لە قسەیەکم گوتم:

بە خودای.....

گوتی:

جاریّ لە جێگەی خوداکە وشەیەکیدی دانیّ..

لە دڵی خۆم گوتم کوڕە ئەو کوڕە زۆر ترسناکە..

ئەو کوڕە ترسناکە زۆری خوێندبۆوە، رەنگە لە هەمووومان پتر مارکسی خوێندبووبێتەوە، شیعر و رۆمان و چیرۆکیشی زۆر خوێندبۆوە، خۆیشی شیعری دەنووسی، رەنگە ئەوکات نا دواتر بووبێت و لە جێگەیەکدی، داوایکرد شیعرێکی خۆمی بۆ بخوێنمەوە، خوێندمەوە، بە پانی و درێژی قسەی لە بارەیەوە کرد، شتێکی کەمم لە قسەکانی لەبیرە:

+ ئەو شیعرە بۆنی خوردە بۆرژوازی لێدیّ، مرۆڤی مارکسی نابێت وا بنووسێت،

- بۆ من دەبێت

+ چۆن؟

- ڕەنگە من مارکسیی تەواو نەبم.

هەر ئەو کات ئەویش شیعرێکی خۆی بۆم خوێندەوە، شیعرێکی درێژ، داوایکرد ئەگەر بە دوو وشەش بێت قسەیەکی لە بارەوە بکەم، گوتم:

((ئەوەی خوێندتەوە، مانیفێستی کۆمەنیستە، تۆ کێش و سەروات بۆی داناوە.))

ڕەنگە وا نەبووبێت، بە دووری نازانم ئەو قسەیەم لە کاردانەوەیەکی توندەوە هاتبێت و ویستبم تۆڵەی خۆمی لێبکەمەوە، ئاخر ئەو بە منی گوت خوردە بۆرژوا، ئەودەمیش ئەو دەستەواژەیە جوێنێك بوو لە هەموو جوێنان جوێنتر و خوێن دەڕژا..

کوڕی پلکی مارکس دواتر زۆر دواتر ناوەکەی گۆڕا، بووە شیعرهاوێژ، ئەوە برادەرێك ئەو ناوەی بە سەردا بڕی، چونکە قسەی من نیە هی ئەوە، ئەگەر دڵی لە برادەرێکی بشکابا، شیعرێکی تێدەگرت، نامیلکەیەکی دەرکرد چەند تێگرتنێکی تێدایە..

کوری پلکی مارکس یان شیعرهاوێژ کورێکی سەرراست و کۆڕئارا بوو، کوڕێك بوو خۆشمدەویست..

دەنگی کۆپتەر زۆر جار قسە دەپسێنێ بۆ لایەکیدی رادەکێشێ..

-٣٤-

پیاوێك هەیە لەوێ

سەردانی ئیمام و ئەسحابان دەکاو

سروودی کۆمەنیستانیش دەڵێ

پیاوێك هەرچی دەیڵێ دەیکا..

هێشتا لە هیچ دۆڵێك نوێژی عەسر نەبووە، گەیشتینە دۆڵێکی بە ئاو، دۆڵ ئەگەر لە ئەنفالیش بکاتەوە، مادام ئاوی هەیە خۆشە، ئاو لە دوورەوە دیارە، مەتارەکان دەمێکە چاوەڕوانی ئاوێکی وان، وەك دەڵێن ئەو دۆڵە پڕ پڕ لە کانیە، ئاوی کانیش هەمیشە ساردە، کانی ئەگەر لە دۆزەخیشەوە هەڵقوڵێ هەر ساردە، تەلانێکمان هاتە پێشێ، بە ڕێچکەیەکدا تیواوتی شۆڕبووینەوە، کەم بزن دەیوێرا خۆی لێدا، سێ چەکدار لە سەر کانیەکە خەریکی دەستنوێژ شووشتن بوون، سێ چەکداری ریش درێژ، ئێمەش هەندێکمان ریشمان هەبوو، بەڵام ریشی ئەوان لە هی ئێمەیان نەدەکرد، جگە لەوەش سمێڵیان بە شێوەیەك هەڵقاچی بوو، نیشانەیەکی دیاری جیاکردنەوە بوو لە ئێمە و لە هەموو پێشمەرگەیەك، من لە خۆوە وام هەستکرد ئەو سێ چەکدارە خزمایەتیان لەگەڵ ئیمامی هەمزە هەبێت، یەکیان هەر زۆر شێوەی لەو دەکرد، دەبێت بڵێم سیمای ئیمامی هەمزە بە من ئاشنا بوو، وەختی خۆی نیوە مەلایەك هەبوو، هەموو ئیمامەکانی لە نزیکەوە دەناسی، وەهای باس دەکردن دەتگوت لەگەڵ یەکە یەکیان نانی خواردووە، باسی شێوە و سیمایانی دەکرد، ئەویان بالا بەرز، ئەمیان کورتە بنە و خاڵێکی گەورە بە نزیك برۆیەوە، ئەویدی یەکی سۆروسپیی چوار شانەی کەتە، ئەوەیان ڕەشتاڵەی چاو و برۆ ڕەشی ڕەژگوڵی.. ئەو ئیمام هەمزە پاڵەوانە بێ ڕەزایەی کە نیوە مەلاکە پیشانی منی دابوو، ڕێك ئەو چەکدارەیە کە لەو لاوە بێ دەنگ لێمان دەڕوانێ..

کاتێ زانیان ئێمە لە شاگردانی فەهدین _دەستەواژەی شاگردانی فەهد لە زاری ملازم شێرزاد گەلێك خۆش دەهات، هەر لەبەر ئەوەشە من لێرە دەیلێمەوە_ خوا خوایان بوو زوو هەستن و بەجێمانبێڵن، بەڵام ئەبوو راستی بە قسان رایگرتبوون نەیدەهێشت بڕۆن، پرسیاری قیامەتی لێیان دەکرد، ئەوانیش کە هەر یەکیان قسەی دەکرد و دووەکەیدی بێدەنگ دانیشتبوون، بە نابەدڵی وەڵامی دەدایەوە، پێدەچوو وا تێگەیشتبێت کە ئەبوو راستی گاڵتەی پێدەکات، بەرە بەرە لە ئاوەکە دوور

دەکەوتنەوە، لە لێو جوولانیان دیار بوو لە سەر یەك (ئەستەغفیروڵڵا) گۆدەکەن، لەو کاتە کوڕی پلکی مارکسیش لێوی نارەزایی دەجوولا، بەڵام تێنەگەیشتم چی دەگوت، وەك چۆن مرۆڤی نوێژکەر خۆی لە سەگی تەڕ دوور دەخاتەوە، ئەوانیش ئەوها لە ئێمە دوور دەکەوتنەوە و دەترسان گڵاو بن، بە ((شاگردانی فەهد))ی ملازم شێرزاد گڵاو بن.. ئەو ملازم شێرزادە جگەی لەوەی بەردەوام سروودی((لە شاگردانی فەهدی قارەمانین)) دەگوتەوە، هەر کەسێکیش لێی بپرسیایە ئێوە پێشمەرگەی کێن؟ یەکسەر دەیگوت: ((لە شاگردانی فەهدین))، ئەوجا هەبوو نەیدەزانی فەهد چیە، لەو وەڵامەی شێرزادا سەری سوڕدەما، شێرزادیش دەهات چارەگە ژیانێکی فەهدی بۆ کابرا دەگێڕایەوە، جارێك دوو دەمژمێری رێك فەهد و ژیانی فەهدی بۆ پیاوێك گێڕابۆوە، دەیانگوت کابرا لە کۆتایی گوتبووی:

باشە بۆچی لە سێدارە درا؟ تۆ بڵێی دەستی لەگەڵ چوار ئەفسەرە شەهیدەکە هەبووبێت!

دەیانگۆت شێرزاد زۆر لەو قسەیە تووڕەببوو، لە بەر خۆیەوە گوتبووی:

نا دەستی لەگەڵ هەر چوار پێیەکەی تۆ هەبوو..

من جاری یەکەمم بوو پێشمەرگەی ئیسلامی ببینم، ئەو سێ چەکدارە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامی بوون، دوای رۆیشتنیان ئەبوو راستی گوتی:

هەر دەڵێن ئەسحابە نەماون، خۆ بە چاوی خۆتان ئەسحابەتان دیت..

ئەحمەد عەرەب هەڵیدایێ:

ئەسحابەی پێشمەلگە ها ها...

ئێمە تەواوێك دوای رۆیشتنی ئەسحابەکان بەرێکەوتین، بەڵام بە رێی ئەوان نا، هێندەم ئاو خواردبۆوە مەگەر هێسترەکە هێندەی خواردبێتەوە، تەنگەم وەك تەنگەی وی لێهاتبوو، نازانم کێ بوو ناوی لەو دۆڵە نا دۆڵی سێ سەحابە، بەڵام من هەر بە دۆڵی تووترك ناوم هێناوە، دەزانی لەوێ چەند تووترکم خوارد، ئەوبەری چەم تووترکی

ڕەش، بەرەکەیدی تووتڕکی سوور، پێدەچێت ڕەشەکەیم پتر خواردبێت، چونکە ئەحمەد عەرەب دەیگوت:

پێش ئەوەی توو بخۆیت، ڕەنگت ڕوونتر بوو.

تۆپ هاشەی دێ، لوورەی دێ بە سەرماندا..

-٣٥-

کەسێك لە ناوسەرمدا دەیگوت:

شەوەکەی وابوو

بە دنکە شخاتەیەك

دنیا هەمووی بە تەڕ و وشکیەوە

ئاگری دەگرت..

دەمێکە ئاقاری دۆڵی سێ ئەسحابەمان بڕیوە، ئێستا پێدەشتێك دەبڕین، هەرچی جاش و سەربازی سەدام هەیە چادری لێهەڵدەن پڕ نابێتەوە، پێدەشتێك لە چاوی منەوە لە دەشتی هەولێر بێ کۆتاییتر، خەریکە تاریکی دەگات و پێدەشت لوولماندەدا، بڕۆ هەر بڕۆ، کێ دەزانێت ئێستا چ کاتی شەوە! برسین، تینووین، ماندووین، لە سەریشمانە بڕۆین، سەرباری ئەوانەش جگەرە قەدەغەیە، دەڵێن ئەو بەر و ئەم بەرمان مۆڵگەی جاش و سەربازانە، دنکە شخاتەیەك ئاگری جگەرەیەك ڕێك یەکسانە بە مردن، لەوەیان ڕۆژ لە شەو خۆشترە، شەوی وا تاریك نەبووە و نابێتەوە، پەنجەیان بخستایەتە چاوتەوە نەتدەدیت..

چەند دەمژمێرە یەکپێ و بێ پشوو بە ڕێوەین، هێند تەڕین هێند تەڕ، لە زێشمان هەڵکێشن وا تەڕ نابین، سەیرە لەشی مرۆڤ ئەو هەموو ئاوەی تێدایە، ئەو هەموو خوێیەی تێدایە، ئەوە لە کەیەوە ئاو و خوێ دەردەدەین، لەشمان چکی نەکرد، چ ئارەقەیەکم بەو ڕێیە پێدەشتییەدا ڕژاند، بەو شەوە ئابیەدا ڕژاند، ژوورە لاچەپەکەی

دنیاش هێنده ئارەقەیەی لێم وەرنەگرت، چەند ماندووم، خوداوەندی ماندوێتی کەمێك ماندوێتیم لێوەرگرەوە، چەند تینووم، خوداوەندی ئاو، مەتارەیەك ئاو بنێرە، چەند برسیم، خوداوەندی نان، نانبدە بە و یەك نوردوو نان، جگەرە جگەرە، چایە چایە..

تا ئەوپەڕی بێزاری بێزارم، هەڵە بووم، پەشیمانم، من و پێشمەرگایەتیان نەگوتووە، بەس ئەو جارە تیانەچم، مەرج بێت چارەیەکی خۆم بکەم، بەرەو لایەك سەرهەڵدەگرم، لایەك نە پێی پێشمەرگەی بگاتێ نە هی جاش و سەرباز، تەواو دەبێت ئەو شەو دوا شەوی پێشمەرگایەتیم بێت، لە بیرمە ئەوها بیرمدەکردەوە، لەبەر خۆمەوە ئەو قسانەم دەگوتەوە، گوێم لێبوو گوتیان:

(ئەوە ئاوە..

ئۆخەیەش، جۆگەلەیەکی فێنك لە تاریکایی ژیان بە ناو ئەو هاوینە گەرمەدا نەرم نەرم رێدەکات، هەر بە سەر پێوە تا مرپبووین لیمان خواردەوە و مەتارەمان پڕکرد، ئەگەر نانێکیش دەبێت پێشمەرگایەتی ناخۆش نیە و پەشیمانم لە پەشیمانبوونەوەم، هەندێکیدی رۆیشتین، گوێم لێبوو گوتیان:

ئێرە خراپ نیە بۆ پشوو.

ئۆخەیش، دانیشتین، جگەرەیەکم دەرهێنا و بە دنکە شخاتەیەك گڕم لەو تاریکیە بەردا کە نازانم لەکەیەوە ئێمەی قووتداوە و نامانهێنێتەوە، هێشتا دنکە شخاتە نەکوژابۆوە، سێ چوار کەس دەتگوت لە یەکتریان گێڕاوەتەوە، هاواریانکرد:

((کوڕە بکوژێنەوە ئاشکرا دەبین، ئەدی ئەوە رەبیە نیە لەو سەرە!))

چ بزانم لەو سەرە رەبیە هەیە، من وا تێگەیشتم ئێرە لاچەپە و دوور لە چاوانە و تایبەتە بە جگەرەکێشان، ترسام زۆریش ترسام، رەنگە ترسانەکەم پتر لەوەو هاتبێت کە بە هۆی منەوە تووشی بەڵایەك بین، بە بێدەنگی سەرکۆنەی خۆم کرد، هەر دەستبەجێ جێگەمان گۆڕی، باش بوو لە هیچ لایەکەوە تەقە نەهات، هیچ رووینەدا،

له پاڵ چەند تیشە بەردێك پشووێكی باشمان دا، چەند جگەرەیەكم لە تاریكی پێچایەوە و ئەو چێژەی ئەو شەوە من لە جگەرەم وەرگرت مەگەر ژن و پیاو لە یەكتریان وەرگرتبێت..

برۆ برۆ تا شەو شەوە هەر برۆ..هێشتا دنیا رووناك نەبۆتەوە، وا لە جادەیەك دەپەڕینەوە، نازانم كوێیە، ئەوەی دەیزانم مەنزڵمان جێگەیەكە (بەرەكە)ی ناوە و ناشزانم لە كام بەرە، كەوتۆتە بەری چەپ، راست..

لەو بەرەبەیانە لە دنیایێ تەنها تۆپ و پێشمەرگە بە ئاگان..

-٣٦-

شەڕ، شەڕ

لە كەلێنی شەڕەكانەوە

شەڕ شەڕ راودەنێ

شەڕ سواری سەری شەڕ دەبێ

حەمە سوور نوقلانەی لێدابوو، دەبوو شەڕی سێیەم رووبدا، هەر لە یەكەم شەڕەوە گوتی:

لە منی وەرگرن، هەتا سێیەم تەواو نەكات، دڵی داناكەوێت.

پرسیان:

بە چی دەزانی؟

گوتی:

دەڵێی لەگەڵی نەژیاون، هەركاتێك شەڕێك بكات، نایەڵێت حەفتە وەرسووڕێ، سێیەمیشی بەرپاكردووە.

حەمە سوور درۆی نەکردووە، هەر من نا ئەوانیدیش دوای بە بیرهێنانەوە گەیشتنە ئەوەی کە ئەو پیاوە یان شەڕ ناکات یان کە کردی سێ شەڕی لە سەر یەکدی لە یادەوەریمان تۆماردەکات، شەڕی یەکەم لەگەڵ من بوو کە ئێستا هیچیم لە یاد نیە و وەك گوتیشم رەنگە من لەو شەرەدا دەستپێشخەر بووبم، شەڕی دووەم لەگەڵ حەمە ریش ئەو پیاوەی ئازایانە ئاشبەتاڵی راگەیاند، شەڕی سێیەمیش کە رەنگە حەفتە وەرنەسووڕابێتەوە وا ئەحمەد عەرەبی گرتەوە، بەو سبەینێیە کە وەك دەڵێن هێشتا خێر و شەڕ دابەشنەکراوە، ئەو دوو پیاوە وەها بە قسە تێکگیراون، هیچ رێیەکی ناوبژی لەوێ ناکاتەوە، خۆزی لەو شەڕەدا گوێتان لە قسەکانی ئەحمەد عەرەب دەبوو، خۆزگە لە سووچێکەوە تی چاوێکتان لێی دەبوو، کوردی و عەرەبیی بە شێوەیەك تێکەڵ کردووە، هیچ کام لەو دوو میللەتە زمانی خۆیان ناناسنەوە، ئەحمەد عەرەب شین و مۆر هەڵگەڕاوە، ئەبوو راستی پتی لێدەی دەتەقێ و هەزار وەحشی لە دەو دەرچووە، گوێم لە ئەحمەد شاهێن بوو دەیگوت:

((بێ قەزابیت، هەر هەندێکی لێبگرەوە لێ، دنیا پڕ لە وەحشی بوو.))

ئەبوو راستی پڕتری دەکرد، باش بوو ئەحمەد عەرەب نەرمی کێشا، دەنا زۆر نەما بوو بگاتە چەك راکێشان، شەڕەکە لە سەر چی بوو؟ هی خۆمم زۆر لە بیرماوە هەتا هی ئەحمەدم لە بیر مابێ! بەڵام رەنگە ئەبوو راستی هەڵیگیرساندبێت، چونکە ئەحمەد عەرەب بێ گێچەڵ بوو، نەك هەر شەڕفرۆش نەبوو، لەبەر شەریش دۆڵاودۆڵ هەڵدەهات، لەگەڵ ئەوەش دوور نیە من هەڵەبم و ئەبوو راستی گێچەڵی نەکردبێت و تووش بووبێت..

لە بیرم بێت شەڕی سێیەم هەر لە یەکەم (وەحشی)یەوە تا دوا (وەحشی) بە دەم رۆیشتنەوە بوو، جار و بار هەڵوەستەیەکی تێدەکەوت، دوای دامرکاندنەوەی شەڕ، حەمە سوور سەری نایە بن گوێم:

+ ئیدی شەڕ تەواو

- یانی پشتی لێبکەینەوە
+ ئا ئا سێی خۆی تەواو کرد.
- ئەدی ئەگەر گێچەڵی پێبکەین
+ هەرچی لێبکەیت شەڕناکات، تا قۆناخێکی نوێی شەڕ، شەڕ نەما.
تۆپ، ئای تۆپ چۆن تۆپتۆپانێ بە ئەندێشەمان دەکەیت..

-٣٧-

پیاوێك پێدەچوو لە خەوزڕانەوە هاتبێ:
ئەو هەموو چاوگەرمکردنە لە ژیان جێگەی نابێتەوە
هەڵیگرە، هەڵیگرە
هەرچی خەوە بۆ مەرگ هەڵیگرە
لەوێ، لە مەرگ
هەرچی بێ خەوی هەیە لە بیرتدەچێتەوە

ئێرە ئاقاری بەرەکەیە، لە دەو چەمێکی پڕ لە داروبار بارەگایەکی دە پازدە کەپری لە ئابی ساڵی ئەنفال هەڵیداوە، ئەو بارەگایە پیشمەرگەی لە سەر دەڕژێ، ئێمەش تێپڕژاین، چێشتانە وەرگەڕاوینەتە سەر هێلکەوروون، باش بوو هێلکە لە مشە بوو، لەو لاوە پێشمەرگەیەکی نانەوا ئازا ئازا نانی پێوەدەدا، بەلاّم پێرا نەدەگەیشت، چ نانەواخانەیەك بە پێشمەرگەی ماندوو رادەگات، لەو جەمە ناوەختە بە هەرمێنترین چایخانە بە درێژایی رۆژێکی رێك هێندە چایەی لێنەخوراوەتەوە، ئای چایەم خواردەوە..

ئاسمانی ئاقاری بەرەکە چۆلەکەی لێ دەبڕێ، بەلاّم فڕۆکەی لێ نابڕێ، رەوە رەوە دێن و دەڕۆن، هاتن و رۆیشتنێکی پڕ لە دەنگ پڕ لە ئاگر و دووکەڵ، هیچ فڕۆکەیەك

نیە رێی بەو ئاسمانە کەوتبێت و زرمەیەکی لێوە نەهاتبێت، جوتیارێك ئەو ناوە دەیگوت:

خاکی بەرەکە کەڵکی کێڵانی نەماوە، هەمووی ناپاڵمە، هەمووی ئاسنڕێژە.

ملازم وشیار دەیگوت:

کە دەڵێی بەرەکە، واتە بەرەی پێشەوەی شەڕ، بۆیە بیر لە خەوتن و خۆشووشتن مەکەنەوە.

ملازم کارزان رەنگە لە وەڵامی ئەو قسەیە بووبێت، گوتبووی:

پێشمەرگە بە لولەی تۆپیشەوە بەسترابێتەوە، ناتوانێت بیر لە خۆشووشتن و خەوتن نەکاتەوە.

بەڵام مام رەسوولی بناوێ جارێك بە گوێی خۆم گوێم لێبوو گوتی:

لەو رۆژەوەی دەبیتە پێشمەرگە، هەوڵدە خەوتن لە بیرخۆت ببەوە، خۆشووشتنیش بە هەند هەڵمەگرە، ئەگەر وا نەکەیت دڵنیابە نایگەیەنیتە سەر.

پێدەچوو بارەگا کەپریەکە نزیك بێت لە بەرەی پێشەوەی شەڕ، وەك دەیانگوت جاش و سەرباز هەر لە بن پاڵمانن، لە هەموو لایەکیشەوە، لە عەرد و ئاسمانەوە تۆپ دەهات، کۆپتەر لە سەر بەرزاییەکانەوە، لە ئاسمانێ گەمەی دەکرد، خۆی دەهاویشتە سەر تەنیشتان، کلکی بڵند و نەوی دەکرد، لە جێی خۆی رادەوەستا، بەرز و نزم دەبۆوە، لەو ئاقاری شەڕە لە بەدبەختی خۆم، من لە دنیایێ حەزی دنیام لە دوو شت بوو، دوو ئارەزووم هەبوو، ئەوانیش خۆشووشتن و خەوتن...

ئای بۆ پەنایەك مەنجەڵە ئاوێکی گەورە بخەیتە سەر ئاگرەوە، پەنایەك لە هیچ لایەکی دنیاوە نەبینرێ، دووکەڵی نەبینرێ، ئای بۆ یەك سەلکە سابوون، تۆ وەرە لەو بارەگایە گەورە لەتە سابوونێك دەستنەکەوێ، تا چڵکی حەفت رۆژە ریت لێدامالێ، هەر چۆنێك بوو خۆم هاویشتە گۆماوێکەوە و چەند دەستێك قوڕە سوورەم لە خۆم دا، کەمێك لە باری لەشگرانیەوە هاتمە سەر باری لەشسووکی.. ئای بۆ خەوێك، خەوێکی

قووڵ قووڵتر لەو دۆڵانەی لە گارەوە تا ئێرە هاتنە رێ، خەوێکی درێژ درێژ لێرەوە تا دەو زێ، بەڵام ئەو خەوە دوورترە لە خەونی کودەتا، کودەتا بە سەر بەغدا و شەڕ، رەوە فڕۆکە و کۆپتەر دێڵن چاو گەرم بکەیت، تۆپ تۆپ ئەو تۆپانەی مردوو لە گۆڕدا رادەچڵەکێنن، لێدەگەڕێن سەر خەوێك بشکێنم..لەگەڵ ئەوەش من بۆرژام، ئەگەر بە دزیی زرم و هۆڕی زەوی و ئاسمانیشەوە بووبێت تاوێك چوومە خەوەوە، خەوێك بایی کورتیلە خەونێك و تەواو، بەڵام کورتیلە خەونی من دیتم رۆمانێکی خەوناویی خستۆتە سەرمەوە، رۆمانێك رەنگە لە ساتەکانی خەرەفاوی بینووسمەوە، لەو کورتیلە خەونە، دیتم کەسێك لە سەر سەرمە بانگم دەکات:

((شوانە، شوانە، ئەگەر چاو نەکەیتەوە نامبینیت، نامناسیتەوە من سیامەندم))

ئۆی سیامەند، دوای ئەو هەموو ساڵە، دەنگت، دەنگی ناو خەونەکە هەر لە گوێمە، لەو کاتەوە تا ئێستاش خەون بە خەونێکی واوە دەبینم، لەو کاتەوە تا ئێستا وێنەی ئەو راوەستانە هەر لە چاومە، راوەستانی ناو خەونەکە، سیمات لە بینایيم ناسڕێتەوە، بە هی ناو خەونەکەشەوە کە جیایە لەوانیدی، لە هەموویان پێکەنین دەبارێ، کێ هەیە سیامەندی دەرەوەی پێکەنینی دیتبێت، سیامەندی دیتبێت بە گرژی، جگە لە من ئەویش لە خەونی بن کەپری دەو چەمەکەی ئاقاری بەرەکە، لەو خەونەدا سیمای سیامەند چەند ژاکا بوو، قەت قەت سیامەندم وا بە کزی نەدیتبوو.. لەبەر خاتری سیامەند بەئاگاهاتم، تایبەت بۆ بینینی سیامەند چاوم کردەوە، دەنا وەها نەچووبوومە خەوێ وەها نەمردبووم بە بانگکردنێك زیندوو ببمەوە...

هەر ساڵ و شتێك دەبوو سیامەندم دەناسی، ساڵێکیش دەبوو نەمدیتبوو، بەڵام کوا قووڵبوونەوەی برادەرایەتی بە کاتەوە بەندە، کەس نیە هەر لە یەکەم دیدار و دانیشتنەوە سیامەندی نەچووبێتە دڵەوە، بەڵام رەنگە کەم کەس هەبووبێت بە وێنەی من سیامەندی خۆشویستبێت، سیامەند لە فەیلیەکانی بەغدا، بوو لە رقی ئەو (تەعریب)ەی وێرانی کردبوو، خۆی دەیگوت وێرانی کردووم، لە رقی ئەو وێرانیە خۆی

فێره كوردیه‌كی هه‌ند ناسك كردبوو كه‌س نه‌بوو خۆزگه‌ی پێنه‌خوازیٚ، راستی نازانم بۆچی سیامه‌ندم خۆشده‌ویست.

چاوم كرده‌وه و هه‌ستامه‌وه و گه‌ڕام كه‌پر كه‌پر گه‌ڕام له دوای سیامه‌ند ده‌گه‌ڕام، نزیك له دڵنیایی دڵنیابووم له‌وه‌ی سیامه‌ند له‌و باره‌گایه‌یه، ئه‌و خه‌ونه له خۆڕا نیه، پرسیارم كرد، پێش خه‌ونه‌كه‌ش له یه‌ك دوانێك پرسیاری سیامه‌ندم كرد، به‌ڵام وه‌ڵامه‌كه‌یانم به دڵ نه‌بوو، دوای خه‌ونیٚ له زۆرم پرسی:

+ كوا سیامه‌ند، له كوێیه سیامه‌ند؟

- لێره‌یه، ئه‌ویش سه‌ر به‌و باره‌گایه‌یه به‌ڵام ده‌رچووه، دێته‌وه..

شه‌و و رۆژێك له ئاقاری به‌ره‌كه مامه‌وه، سیامه‌ند نه‌هاته‌وه، نه‌مدیته‌وه، دواتر ده‌مگوت: باش بوو نه‌مدیته‌وه ده‌نا كه‌سه‌ری گرانتر ده‌بوو، حه‌فته‌یه‌ك به سه‌ر خه‌ونه‌كه‌م نه‌سووڕایه‌وه، من له كانی ته‌لان بووم، هه‌واڵ هات سیامه‌ند شه‌هید بوو به ژه‌هری مار شه‌هید بوو، له سه‌رهاتی (به‌رد و به‌رد له هه‌ورێوه بۆ قه‌ندیل) سه‌رهاتی سیامه‌ند و مارم گێڕاوه‌ته‌وه، له سه‌د سه‌رهاتیدیش بیگێڕمه‌وه ته‌واو نابێت و درێژه‌ی ده‌بێت.

تۆپ، فرۆكه، كۆپته‌ر له هه‌موو لایه‌كه‌وه ئاگر..

-٣٨-

با گوتی:
گه‌شتی ئه‌و لێژاییه سه‌خته
به‌ڵام تا سه‌ر له‌گه‌ڵم به
له بیرت بیٚ گفتی خۆته..

بەیانی دابوو نەدابوو هێشتا زۆری دنیا هەر لە خەودا بوو، خۆمان کۆکردەوە، بێجگە لە دەستە پێرسیەکەی و ئەو کوڕەی لە ماڵی عەلی رەزگەوە بەگەڵ کەوت ، چەند پێشمەرگەیەکیدیش بەگەڵمان کەوتن، بێ ئەوەی سیامەند ببینم بارەگا کەپرییەکەی ئاقاری بەرەکەمان بەجێهێشت، ئێستا کە چێشتانێکی درەنگە وا بە هەورێدا هەڵدەگەڕێین، رۆژێکی گەرمە، مەتارە خۆی راناگرێ، رێگەیەکی بێ ئاوە، وا بڕوا تینوێتی کاری خۆی دەکات، ملی هەورازەیەکمان گرتووە هێندە سەخت نیە بەلاّم پێناچێت سەری هەبێت، لەو هەورازەیە گرتەیەکی وام لە چاودا نەماوە حەز بە نیشاندانەوەی بکەم، جگە لە گرتەیەك، ئەویش مەلازم وشیار و کەو نیشاندەداتەوە، ئەو ئاقارە کەوی زۆر بوو، پۆل پۆل لە شەقەی باڵیان دەدا، ئەوجا لە باڵدانیان چ دەنگێکی لێوە دەهات، ئەوانەی یەکەم جاریانە گوێیان لە شەقەی باڵی کەو دەبێت، قەت باوەڕناکەن لە باڵی بالندەوە دەنگی ئەوها هەیە، سەیرە ئەو هەموو کەوە چۆن لەو ئاقارەی شەڕ دەحەوانەوە، ملازم وشیار، ئەبوو راستی گۆتەنی:

((ئەوە هەر بۆ ئەوە بوو، ملازمایەتی خۆی نیشانبدا))

دەسترێژێکی هاویشتە ئەو پۆلە کەوەی کە بە سەرمانەوە هەستمکرد بۆ ساتێك تەنکە سێبەرێکی جوانیان لێمانکرد، دیتم کەو لە ناو پۆلی کەوان کەو کەو بەردەبنەوە، یەك دوو ، پێنجم ژمارد، لەو ساتانە نازانم بۆ دەتگوت پەنجەی هەڵوەریوی خۆم دەژمێرم، من بەو رادەیە بالندە پەروەر نەبووم، هەتا لە ئاست مەرگی پێنج کەو وا خەم دامبگرێ و هەڵوەرینیان لە ئاسمانەوە بە هەڵوەرینی پەنجەکانی خۆم بچوێنم، بەلاّم وا کەوتەوە، بەربوونەوەی یەك لە دوای یەکی کەوەکان منیان خستە بارێکی واوە، ئەگەر خۆشیم بە ملازم وشیار نەهاتایە دوور نەبوو دوعایەکی مەیلەو مەحویانە بکەم:

((هەر کەسێ کەو لە پۆلی کەوان هەڵدەوەرێنێ، خودایە یەك یەك پەنجەکانی هەڵوەرێنی))

بەلاّم دلّم نەهات، نەك دوعـای ئـەوها زۆر سـووكتریش لـەوەی لێبكـەم، مـن ئـەو ملازمەم خۆشدەویست..

ئێرە سەری هەورێیە، دەڵێن لـە وەرزی هـەوران سـەری هـەورێ لـە هـەورە و یـەك پارچە تەمە، من ئەو جارە لە وەرزێـك گەیشـتمە سـەری هـەورێ، هـیچ جێگەیـەكی ئاسمان هەوری پێوە نیە، ئای بۆ تیلمە هەورێك ئەگەر داشـنەكات خـۆ هـەواڵی ئـاوی پێیە، هەواڵێك دەڵێت: ئاوتان لەبیر نەچۆتەوە؟ ئای لەو هەورێ وشكە، قەت هـەورێم بەو وشكیە نەدیتبوو، ئەو جێگەیەی هەورێ كە ئێمەی لێ كەوتبووینەوە، چ لـە چـیا نەدەچوو، بیابانیش هەر هێندە گەرم و بێ ئاوە، نا، نابێت ئەو گەرمیـە هـی هـەورێ خۆی بێت، هەبێ نەبێ شـتێك هەیـە، كانیـەكانی هـەورێ هێنـدە لێكـدی دوور نـین، مەتارە تامی ئاو لە بیربكات، لەو خۆ گنخاندن و نەرۆیشتنە شتێك هەیـە، دەمێكـە گیرۆدەی ئەو جێگەیەین و لێی نابینەوە...

هەورێ بە دیوی بالیسـاندا ئـەو ئـاخر زەمانەیـە كـە سـەری قسـە و بـنی قسـەی مـەلاكانی هـەولێرە، نـازانم نـە تەمـە نـە دووكەڵـە لـە دۆڵـەوە بـە بـەژنی هەورێـدا هەڵدەگەڕێ، دێ دێ سەری هەورێ دەگرێ، یەك زرم و هۆڕ و هەرایە دەڵێـی هەرچـی بەردی چیای دنیا هەیە، لە ناو خۆیان كەوتوونەتە شەڕ و خۆ بـە یەكـدا دەدەن، ئـەوە جاری چەندمینە دۆڵی بالیسان بە مەرگ دەچێت، بالیسان رەنگە بە قەد سـەد گونـد گیانی هەبێت، هەر دەیكوژن و زیندووە، بە خنكان دەیخنكێنن و هەر زێنـدووە، ئـای دۆڵی بالیسان تۆپی گرتۆتەوە، ناپـالمی گرتۆتـەوە، بەرمیلـە كیمـای گرتۆتـەوە، هـیچ جێگەیەكی دنیا لە هیچ شەڕێكی هەرێمی و جیهانی بەو سەختیە بریندار نەبووە كـە بالیسان بریندارە، لە بەر خۆمەوە دەمگوت:

دۆڵ خنكا، بالیسان خنكا، ژیان خنكا..

ملازم وشیار پێدەچوو گوێی لەو هەموو (خنكا)یەی من بووبێت، گوتی:

هەرچی کیمیای دنیایە لەو دۆڵەی رووکەن، بالیسان ناخنکێ، لەگەڵ کیمیا راهاتووە..

ئەبوو راستی هاتە ناو قسانەوە:

ناخنکێ چیە، وەڵڵا سەگەنازی دەگاتێ..

ئیدی هەمووومان لەوە کۆك بووین کە بالیسان و دۆڵی بالیسان لە کیمیادا هەناسە وەردەگرن و دەدەنەوە، مەنزلی ئێمەش جێگەیەکە لەو دۆڵە، لە بەرزایی ئەو دۆڵە، جێگەیەك (کانی تەلان)ی ناوە.. ئای گەرمە، ئێرەی هەورێ گەرمە، هەورێ هەرگیز هێندە گەرم نەبووە، رەنگە گەرماییەکە لە وشکیی مەتارەوە هاتبێ، کێ لە بیریەتی لە کەیەوە مەتارەی ئێمە بێ ئاوە، خودای ئاو، چۆڕێ تەڕایی، بایی لێو تەڕکردنێ، یان گەرمایی هەورێ لەو هەموو دووکەڵ و ئاگرەوە هاتبێت کە ناژمێردرێ، ئەورۆ هەورێ، هەردووی دیوی هەورێ بە هەردوو دۆڵەوە بالیسان و هیران و نازەنینەوە لە چەند جێگە ئاگریان گرتووە و دووکەڵ بەری ئاسمانی گرتووە، بەری چاوی دنیای گرتووە و نابینن، بەس ئەوجارە تینوێتی نەمکوژێت مەرج بێت هەمیشە سێ مەتارە ببەستم، لە بری مەخزەنی فیشەك مەتارە مەتارە..

لە بن چەند بنە دارێکی سووتاو دانیشتبووین، کز کز لە هەتیوەکانی دنیا کزتر، هەر هێندەم زانی بووە قڕەقڕە، کێ لەگەڵ کێ، یەکیان ئاشکرایە کێیە پرسی ناوێ ئەبوو راستیە، ئەویدیش ئەحمەد شاهێن، دەمەقڕێیەکی گەرم، گەرمتر لە گەرمای هەورێی ناو ئاگر و دووکەڵ، بەڵام دەتگوت دەزانن کەس ناوبژی ناکات، پەلاماری یەکتریان نەدەدا، ئەگەر یەکتریشیان بکوشتایە کێ توانای ناوبژیکردنی مابوو، تینوێتی پرزەی لێ بڕیبووین، لە بیرمە لەو ساتانە بایی ئەوە هێزی قسەم لە لێودا مابوو بە حەمەسوور بڵێم:

ئەدی نەتگوت، شەڕ تەواو، دیارە شەرتی پیاوان لە سێوە بۆتە چوار!

حەمە سوور کە لە تینوێتیدا لە سووریەوە گۆڕابوو بۆ قاوەیی، گوتی:

نا، هەر تەواوکەری سێیەمە، دیارە شاهێن و عەرەبی هەر بە یەك ئەحمەد داناوە..

شەڕ لە سەر چیە؟ گوێم لێیە ئەبوو راستی دەڵێ:

کوڕە هەی وەحشی، بە چاوی خۆت دەبینی کیمیا لە هەموو لایەکەوە دادەکا، بچینە کوێ؟ خۆمان دیتیتەوە..

ئەحمەد شاهێنیش دەڵێ:

لەوانەیە کیمیا بێت، بەڵام رۆیشتنمان لە مانەوەمان باشترە.

ئەبوو راستی لە چۆکی خۆی دەدا:

ئای لەو ملازمە کەرە، خۆ دەڵێ لەوانەیە کیمیا بێت، بەڵام ناهەقت ناگرم، خۆ لە یەمەن زانستی کیمیات نەخوێندووە..

لە بیرمان بێت ئەحمەد شاهێنیش ملازم بوو، ملازم ئەحمەد شاهێن ئەوهای وەڵام دایەوە:

من نەمخوێندووە بەڵام تۆ دەرچووی کۆلیژی کیمیایت، بەشی خەردەل، وا نیە!

ئەبوو راستی هەندێك خۆی خواروخێچ کردەوە:

ئاخر هەی وەحشی هێستر بە هێسترایەتی خۆی دووکەڵی کیمیا دەناسێتەوە، تۆ نایناسیتەوە؟

ئەحمەد شاهێن ئەو کوڕەی لە گەرمەی شەڕ و دەمەقاڵێش ئەو ساتانەی وشەکان هەموویان سیمای جوێن دەگرن و بەرگی تووڕەیی دەپۆشن، ئەو هەندێ وشەی دەهێشتەوە بۆ خۆشی و گاڵتە، گوتی:

دە راوەستە با لەو هێسترە بپرسین، بزانین کیمیایە یان نا، بەڵام تۆی لێی بپرسە، لە زمانی ئێمە تێناگات..

ئەبوو راستی بەوە پتر تووڕە بوو:

وەحشی، ئەو هێسترە بەس لە زمانی ملازمان تێدەگات، چونکە ئێوەی ملازم لە هێستر هێسترترن..

شاهێن بە پێکەنینەوە:

دەی ملازم وشیار کاکە لێی بپرسە.

کەمێك گرژی خاو بۆوە، شاهێن گوتی:

من نالێم کیمیا نیە، هەوە هەو، بەلاّم کامیان خۆشترە، مردن لە تینوێتی یان بە کیمیا ؟! ئەوە ئەحمەد عەرەبیش لەگەڵ بۆچوونی منە کە بڕۆین، ئێمە هەرسێکمان لیژنە نین،؟ ئیێ، دوو دەنگ لە دەنگێك زۆرترە..

ئەبوو راستی بە تووڕەییەوە:

بە دوو ئەحمەد مێشکی مریشکێکتان نیە، کوڕە هەر هەرچی ئەحمەد هەیە...

رستەکەی تەواو نەکرد، دوایی پێکەوتم، بە بیری هاتبۆوە کە ناوی راستینەی خۆیشی ئەحمەد بوو، بۆیە رستە ترسناکەکەی گێڕابۆوە..

لە هەمووی سەیرتر ئەو هەموو مشتومڕە بوو، ئەحمەد عەرەب دەنگی لێوە نەهات، ئیدی ئەحمەد شاهێن سووربوو لە سەر شۆڕبوونەوە، رۆیشتن بەرەو ئاقاری کیمیا، ئەبوو راستیش پێی لە سەری هەوری گیرکردبوو، نەدەبزوا..ئەو بڕۆین، نەڕۆینە زۆری کێشا، تینوێتیش خەریك بوو کاری خۆی بکات، ئەحمەد شاهێن هەلی تینوێتی قۆستەوە، رووی لە هەمووان کرد:

ئەگەر ناتانەوێت لە تینوێتی بخنکێن با بڕۆین..

ئەبوو راستی بە دەنگێکی لەو بەرزتر:

ئەگەر دەتانەوێ بکەونە ناو کیمیا و لە تڕێ سەی بچن، بڕۆن بەگەڵ ئەو وەحشیە کەون..

ئەحمەد شاهێن بە دەنگێکی لە ئەویش بلّندتر:

دەیخەینە دەنگدانێکی ئاشکراوە، یالاّ کێ لەگەڵ من دێت بێتە ئەو لایە..

من وا بزانم یەکەم کەس بووم چوومە لای شاهێن، ئاخر ڕەنگە لە هەمووان تینووتر بووبم، دیتم یەك لە دوای یەك هەمووان هاتنە بەری شاهێن، ئەوەی لە بەری ئەبوو ڕاستی مایەوە تەنها ئەبوو ڕاستی بوو..

ئەبوو ڕاستی سەری بادا و ناولەپێکی لە لا ڕانی خۆی دا زرچەی هات و گوتی:

هەی وەحشینە یانی بەس من ترسنۆکم، یالاّ بە دوام کەون، من بۆ ئێوەمە، دەڵێم بۆچی بە پێی خۆمان، خۆمان بخەینە ناو کیمیاوە، دەنا لە ئازایەتی خۆم بە کەس ناگۆڕمەوە، بە تایبەتی بە ملازمەکان..

ئیدی بەرەو دۆڵی کیمیا شۆڕبووینەوە و ئەبوو ڕاستیش لە پێشەوەی هەموومان دەڕۆیشت، هاتین کانی تەلان هاتین.

کانیەك لە تەلانی دۆزەخەوە

لە تەریفەیی چیا و مەتارە و خۆم، لە سەری هەورێ، بە دیوی کانی تەلاندا، دیتم هەورێییەك تی چاوێکی لە سەرمانە و دەڵێ:

((هەورێ کوڕەکانی خۆی لە ئاوێ دەکات))

من خۆشیم لەو ڕستەیە هات، چونکێ تینوێتی وایکرد، ڕستەکە لە چێوەی ئیدیۆمەکەی دەرهاوێژم و بیخەمە گۆڕایی واتا ئاساییەکەی، دەزانن چەند تینووم! هیچ کەستەکێکی سەر مەچەکی هەورێ، هیچ قلیشێکی هاوینیانەی سەر شانی هەورێ وەك من تینوو نیە، لە بەرزایی هەورێوە بە دەم ڕێوە خەون بە زێی گەورەوە دەبینم، ئەو زێیەی پێش چەند شەوێ بەو دوو هێسترەوە لە ئاو تەڕتر لێیپەڕینەوە،

ئێستاش چەند وشکین! لە تاشەبەردی هەورێ وشکتر، لە هاوین وشکتر، لە لێوی پیاوی هەورێیی وشکتر، لە مەتارە وشکتر، دەی خوداوەندی ئاو، چ لە کن تۆ لە بەری ئەستەمدا نیە، چ دەبێ ئەگەر بەو هاوینە، هاوینێك لە هەموو هاوینان هاوینتر، پەلە هەورێ بنێری بۆ هەورێ، بۆ هەورێ هەر ڕێی هەور ماوە و دانەخراوە، ئای بۆ چۆڕێ تەڕایی بۆ مەتارە! پیاوی هەورێیی دەڵێ:

((هەموو هەورێ بە پەنجە ببشکنن، هێندەی جێ دندووکی پەڕەسێلکەیەك تەڕایی نابیننەوە، هەیە و نیە هەر کانییەکەی کانی تەلانە))

ئەو کانیەی کێ دەڵێ دەیگەینێ، وەك دەڵێن هێندە دوور نیە، لێ نزیك لە دڵنیایی دەڵێم لە بنی دنیایە، ئاخر سەرەڕای ترسی ڕێ، ئاگرباران و کیمیا باران، هەر شەقاوێك بە تینوێتی و لە تینوێتی ڕۆژە ڕێیەکە، پیاوی هەورێیی دەمنادەمێ بە ئاراستەی فریزدا روو وەردەگێڕێ، سەرەتا وام زانی روو دەکاتە قیبلە، نا، قیبلە کوا لەو لایەیە! ئا، ترس نا، تینوێتی ئەگەر ئاراستەکانی لە بیناییمدا تێکەڵ و پێکەڵ نەکردبێ، پیاوی هەورێیی روو لە گوندی فریز قیت دەوستێ، چاو دادەخات، هەناسە لە خۆی دەبڕێ، پیاوێکی درێژ دەڵێی دارتێلە، دەبینم، جاروبار لێو دەجوولێنێ، وا هاتە بەر چاو نوێژ بۆ سەفین دەکات، سەفین بوو! فریز بوو! لە پیاوی هەورێییەوە فێری جۆرە نوێژێك بووم، پێشتر نەمدیتبوو، نەمبیستبوو، تینوێتی نەیهێشت، دەنا وێنەی نوێژەکەم جوانتر و روونتر و ئاوێنەییتر لە هزرم دەنەخشاند، ئەو پیاوە نائاشنا نیە، وێنای دەکەم و نایناسمەوە، پیاوی هەورێییم پێشتر دیتووە، لە کوێ؟ هەر دەبێ لە هەورێ بووبێ، هەورێییەکان هەر لە هەورێ بە هەورێیی دەمێننەوە و خۆ نیشاندەدەنەوە، من پێشتریش هەر بە هەورێییم دیتووە، پیاوی هەورێیی دەڵێ:

((هەورێیی نە بە شۆفەڵ نە بە کیماوی لە هەورێ نابێتەوە))

وشەی (شۆفەڵ) سەرەداوی ناسینەوەیە، ئا، شۆفەڵ نەبا لە تینوێتی هەورێ پیاوی هەورێیم نەدەناسییەوە، ناسیمەوە،ساڵ و نیوێك كەمتر پتر دەبێ، ئەو هەورێییەم دیت لە بەرزایی فریز لە پاڵ بەردێ سەنگەری لە جاش و سەرباز گرتبوو، كە بە دەبابەو شۆفەڵەوە سەرەو فریز سەردەكەوتن، شەڕی ئاسمانیشی دەكرد، ناسیمەوە پیاوە فریزیە هەورێییەكەم ناسیەوە، ئەو پیاوەی بۆ پاراستنی فریز شەڕی عەرد و عاسمانی دەكرد، تینوومە توانای گێڕانەوەی شەڕی فریزم نیە، پیاوی هەورێیی بەجێتدێڵین، نازانم لە چیدا یەكتر دەبینینەوە، لە ئاو! لە ئاگر! ماڵاوا پیاوی هەورێیی، پیاوی فریزی..

تۆپبارانێكە هەورێ منداڵەكانی خۆی ناناسێتەوە، بۆ هەر لا سەرهەڵدەبڕی، دەنۆڕی، هەر دووكەڵە دەستی دووكەڵی لە دەستا، دوندێك، گردۆلكەیەك نابینی دووكەڵ بە ئاسماندا نەكات، ئاسمان، ئاسمان! هەرچی فڕۆكەی بەغدا هەیە بە ئاسمان وەربوونە، زنجیرەی چیای هەورێ دەڵێی هێلی شەڕی جیهانیە، ناپسێتەوە و ناپسێتەوە، فڕۆكەی شەڕی لێناپسێتەوە، جگە لە سەفینی پێشان سەر لە هەوری بەفراوی و ئێستا بەژن لە دووكەڵی شەڕ كەس نازانێ ئەو ڕۆژانە هەورێ سەری لە سێبەری چەند فڕۆكە هەڵبڕیوە، چەند جار دڵی بە تۆپ و ناپاڵم راچەنیوە، هەر سەفین دەزانێ هەورێ لە چەند جێوە سووتاوە، لە سەری هەورێوە كە بە بەژنی دووكەلاویی سەفیندا دەمڕوانی، هەورێ هەر لە زارۆی زارەتریكی سەفین دەچوو، سەفین ئەو ڕۆژانە دایكێك بوو منداڵەكانی بە بەر چاوی خۆیەوە دووكەڵیان لێبەرزدەبۆوە، ئەو ڕۆژانە چیاكانی دەوروبەری سەفین لە چاوی منەوە منداڵی سەفین بوون..، ئای بۆ (كانی شیلانە)ی سەفینێ!!

ئێمە منداڵەكانی هەورێ، وا بە پێی خۆمان لێژ لێژ بە لێژایی هەورێ بە دیوی دۆڵی كیمیا، دۆڵی بالیسان لێژدەبینەوە، تینوێتی، تینوێتی! كانی تەلان لە كوێی! دەستەیەك پێشمەرگە لە وشكترین هاوینی هەورێ، لە گەرمترین هاوینی هەورێ،

کانی تەلان، تینوێتی هەڵیگرتووین و هاتین، ناگەڕێینەوە، لە هیچ ناپرینگێینەوە، لە کیمیا، لە ئاگر، لە گوللە ناسلەمینەوە، کانی تەلان، ئەگەر کەوتبیە تەلانی دۆزەخیشەوە، دێین و دەتبینینەوە، کانی تەلان، دەرکەوە، پێشمەرگە شایانی ئەوە نیە تینوێتی بیکوژێ، چ بەرەوازیە مەرگ لە تینوێتی، نا، نابێت تینوێتی بمکوژێ، دێم ،کانی تەلان، لە بن باڵی کۆپتەر و سیخۆشدا بیت، رێك لە ناو دووربینی ئامۆزاکەی سەدامیشدا بیت، رێی تۆم گرتووە و ناگەڕێمەوە، هاتووم و گەرمایی هاوینێکم راگرتووە، ماندوێتی هەموو هەوراز و نشێوەکانم هەڵگرتووە ، بایی هەورێك ئارەقەم رشتووە، تینوێتی هەورێم چەشتووە، کانی تەلان دەرکەوە، زارت بکەوە، هێشتا بۆ ئاسمان نەنووشتاومەتەوە بۆ تۆ دەنووشتێمەوە، ئەوەتا دەمم هێنا، هێندەی حەفت هێستر دەخۆمەوە، زگاودەبم، دەکەوم، توانای جگەرەکێشانم نامێنێ، ئێستا مردن هەقە و ناهەق نیە، با گوللەیەك بێ و لە دەو ئاو ساردمبکاتەوە، با کیمیا بێ و لە دەو ئاو هەناسەم لێببڕێ.. وا بزانم کەوتبوومەوە باری وڕێنەوە، رەنگە هەر بە ڕێوە خەوتبم و خەونم دیتبێت، کانی تەلانی چی!! هێشتا زۆر ماوە، رێی دوورمان لە پێشە، رێی پڕ کێشە، کێشەی زەوی و ئاسمانی..

نازانم چەندی برد، نازانم گەرما و تینوێتی چیان پێمکرد، نازانم چەند تۆپ لێرە و لەوێ کەوتەوە، نازانم لە چەند جێ ئاگر کەوتەوە، نازانم بگرەوبەردەی پێشمەرگە چۆن کەوتەوە، دەزانم لە پڕ بە سەر کانی تەلاندا کەوتینەوە، ئۆخەیش! ئەوە ئاوە، ئاو چ ئاو! لە قەندیلیش ئاوی وا شیرن و ساردم نەخواردۆتەوە، چ کانیەکە کانی تەلان، چ پەڕجووێکە کانی تەلان! لە دۆزەخی هەورێوە کانیەکی بەفراویی بەهەشتی بۆ پێشمەرگە هەڵدەقوڵێ، کانی کەوتۆتە تەلانێك هەر بزن و پێشمەرگە زاخدەکەن خۆی لێدەن، کانی تەلان بە داروبارە، دار هەنجیرێك زوو جێیەکی لە سێبەرەکەی بۆم کردەوە، ئێستا لە وەرزی هەنجیردا مێوانی دارهەنجیرێکی زڕم، نیوەرۆیەکی درەنگ یان دەمەو عەسرانە، برنج و شلەیەکم خوارد لە هیچ چێشتخانەیەکی هەولێر چێشتی

وا بـه تـامم نـهخواردووه، دایکیشـم برنجـی وای لێنـەناوه، بخـۆ بخـۆ لـه تێـری بخـۆ، هێسترەکەی عەلی کوتك هێندە ئالیکی نەخواردووە، ئەوەتا لە خوارەوە لە گۆڕاییەك کە هەر هێندەی جێ کەپرێکی گچکە دەبێ جۆرکێکی گەورەی بە سـەرەوەیە، عـەلی کوتك دەست بە یال و بژیدا دێنێ، نۆرەی چایە و جگەرەیە، ئێستا هاتمەوە سەر خـۆ، ئێستا هەست بە مەترسی فرۆکە و تەقە و ئاگر دەکەم، لە عەرد و ئاسمان گرموهۆڕە، بارەگای کانی تەلان پـڕە لـە واتـە وات و هاتـە هـات، سـەرڕێژە لـە وردە سـەرهات، سەرهاتی ئاوی، سەرهاتی ئاگری، من لە باری دەروونیی گرژەوە چەند رۆژێکـی کـەم لەو دەو کانیە مامەوە، بۆیە کەمێك لە سەرهاتەکانی بن کـەپر و بـن درەخـت و بـن تاشەبەرد و رێگە بزنیەکان و ئاقاری کانی تەلانم دیت و بیست:

بەزمی ددان

عەلی کوتك لە کاتی سەرکەوتنەوە کـە رێ بـە سـەر هەڵدێرەوەیـە، هاواردەکـات: ((کوڕە بگەنێ قەوما))

چ بوو، چ قەوما؟ ترسام شتێکی ترسناك قەوما بێت، تەماشادەکەین بە پێوەیە و نەکەوتووە، پێشمەرگەیەك گوتی:

+ ها، هاوڕێ مام عەلی چ قەومایە؟

- ددان، ددانەکانم کەوتن و غلۆربوونەوە..

ددان! نەمزانیبوو، ددانەکانی مـام عـەلی هـی خـۆی نین و تـاخمن، یـەك دوانێـك شـۆڕبوونەوە، بـە دوای ددانـەکانی مـام عەلیـدا دەگـەڕێن، پێناچـێ لـە نـاو ئـەو پووشوپەلاش و دڕکوداڵە دیتنەوەی ددان ئاسان بێ، مام عەلی دەڵێ:

کوڕە باش بگەڕێن، لۆم ببیننەوە دەنا لە برسان دەمرم

زۆری پێچـوو نەیاندیتـەوە، مـام عـەلی وا تێگەیشـت بـاش لـە دوای ددانـە بزربووەکانی ناگەڕێن،گوتی:

دەیبیننەوە بیبیننەوە، دەنا خۆم رادەست دەکەمەوە و جاش و سەربازتان بـە سـەر وەردەکەم

لە ناو تریقانەوەی پێکەنیندا ددانە خۆلاًویەکانیان بۆی هێنایەوە، جـوان شووشـتی خستیە زاریەوە و گوتی:

نەمگوتبا حکومەتتان بە سەر وەردەکەم، نەتاندەیتەوە

بە زمی ددان بـۆ ماوەیـەك ترسـی فرۆکـەی لـە بیربردینـەوە، بـەزمی ددان یەکـەم بەزمی بارەگاکەی کانی تەلانە کە لە یادەوەریی مندا مابێتەوە، بـەزمی لووشـکەش لە بیرناچێتەوە..

لووشکەیێ لە غەیبەوە

پێشمەرگەیەك باشە ناویم لە یاد نیە، دەنـا پـیتی یەکـەمی ناوەکـەیم دەنووسـی، ئێوارە تا نووستیش هیچ عەیبی نەبوو، لە من جوانتر دەڕۆیشت، رۆژ بـۆوە، لاقێکـی لە دووی نەدەهات، شەلە شەل، شەلینەکەی لێنەدەهات، کەس نەبوو نەپرسیێ:

+هاوڕێ، چی بوو؟ چیت بە سەرهات؟

- چ نیە، شەو لە ئێشکگری بە سەر تیشە بەردێکدا کەوتم..

گوێم لە مام عەلی بوو، بە پێکەنینەوە دەیگوت:

+ ئەو شەلینە بە هی تیشە بەرد ناچیێ

- ئەدی هی چیە؟

+ نازانم، قسەم پێمەکەن، گوناهبار دەبم...

شەلە بەو قسە و فشـقیاتانە تێکدەچـوو، سـۆردەبۆوە، هیچیشـی نـەدەگوت، مـن سەرەتا چ تێنەدەگەیشتم، نەمدەزانی مام عـەلی مەبەستی چیە و شەلەش بۆچی بـەو قسانە پەست و گرژ دەبیێ، نازانم بۆ بیرم بۆ لای هێسترە ماچە نەدەچوو، یەك دوو رۆژ دواتر لە بن دارهەنجیرەکە خەوتبووم، نا، خۆم خەواندبوو، پێشمەرگەیەك لە بن لێـوان دەیگوت:

((چا نەبوو، لووشکەکە بە گونی نەکەوت، دەنا جێی دەبـووە ئـەو جـێ، ئـای لـەو کەرە، هێستر نەما دەچیە گژ هێستری بەرەکە!))

بەرەکە گوندەکەی ئەو دیو، بارەگاکەی ئەو دیو، هێستری بەرەکە لـە سەرانسـەری هەورێ لە هەردوو دیوی هەورێ دەنگیدابۆوە، لە چەمووشی دەنگیـدابۆوە، هێسـتری وا چەمووش نەبووە و نابێتەوە، حەفتا گورگی تێبەردە، هیچیان لەگەڵ پێناکرێ، لـە دۆڵی هیران و نازەنین لە دۆڵی بالیسان چەندان سەگی ددان شکاو دەبینی، هـەموویان لووشکەی هێسترە بەرەکەیان خـواردووە، هێسـتری بەرەکـە نـەك هـەر کـەس نـاوێرێ حیزانە دەست بۆ دامەنی ببات! کێ زاخی ئـەوە دەکـات پیاوانـە و لـە پێشـەوە لێـی نزیکبکەوێتەوە، تا کورتانی دەکەیت، تـا بـارێکی لـێ باردەکـەیت دەبیـە سـینەمای گوند و بارەگا، تا ئێستا کەس لە کاتی تەنگە و پارووش دەستی بە کلـك و تەنیشت کلکی هێستری بەرەکە نەکەوتووە، هێستری بەرەکە بـە هـیچ نایەتـە رایـێ! بـە هـیچ کەمۆ نابێ، نە بە فیکە فیك و دەسـت بـە بـژداهێنان و لاوانـەوە، نـە پەلکـە نـان و مستە جۆو ربە جۆ، نە بە هەڕەشە و لێدان، هێسـتری بەرەکـە وەك دەڵـێن وەرز دوای وەرز، ساڵ دوای ساڵ چەمووشتر دەبێ، ئەو پێشمەرگە بەدبەختە دیارە ناوی هێسـتری بەرەکەی نەبیستووە، نا بیستوویەتی بەڵام نەیزانیوە ئەو هێسترەی ئێستا ئاوی کـانی تەلان دەخواتەوە هێسترەکەی بەرەکەیە، دەنا ئەگەر بن زگی بـە ئـاگر ئـاگری گرتبـا، نەدەهاتە سەری بچێ لە بن کلکـی هێسـتری بەرەکـە بیکوژێنێتـەوە، پێشـمەرگەیەك خەڵکی ئەودیوی زێی گچکە بوو بۆ پێکەنین دەیگوت:

لە سەرانسەری ئاقاری پێشمەرگە لە گەرمیان و کوێستانێ یەك هێسـتر بـە کچـی ماوەتەوە ئەویش هێستری بەرەکەیە

بیستم ئەو چارێگە دوکتۆرەی سەرەوەی چۆکی بۆ دەرمان کردبوو، گوتبووی:
چیە، ئەو لووشکەیە لە غەیبەوە هات!

دواتر بیستمەوە ئەگەر ئەنفال بە بە هەورێدا هەڵنەگەڕابا، ئەوا پێشمەرگەی بەر لووشکە کەوتوو، لە جێ دەکەوت و سەرپێ نەدەکەوتەوە، ترسی ئەنفال پیاوی حەفتا ساڵە بە حەڤدە دەکاتەوە، رەوهانی بە بێ پێ دەداتەوە، لە هەورێ ترسی ئەنفال منداڵی ساوای سەرپێ دەخست، شەلە چاکناکاتەوە!

شتێك هەیە لە سەرمە بیڵێم، نەیڵێم هێستری بەرەکە وەك ئەوەی کوڕی ئەو دیوی زێ گوتی، دەچێتە دیرۆکی پێشمەرگە و هێسترەوە، لەوشەوانە دوای نووسینەوەی کانی تەلان، واتە دوای ئەو هەموو ساڵە کە هێستری بەرەکە ئێسك و پرووسکیشی نەماوە، لەگەڵ سێ چوار کۆنە پێشمەرگە دانیشتبووین، لە سەر مێز قسە قسەی راکێشا و گەیشتەوە هێسترەکەی بەرەکە، گوتم:

بە قسەی کوڕەکەی ئەودیوی زێ بێ، هێستری بەرەکە دنیای نەدیت و مرد.

کۆنە پێشمەرگەیەکیان کە خەڵکی نێوان هەردوو زێیە، پێکەنی و گوتی:

نەخێر، ئەویش وەك هەموو هێسترەکانیدی دنیای دیت..

گوتم:

دەتوانی روونیبکەیتەوە؟

گوتی:

ئەگەر هەرێم دەدەیتێ، ناوم ناهێنی و نامخەیتە (گوڵە ستێرەکان)ەوە، ئەوا کۆتایی ئەو سەرهاتەی تۆ لە بارەی هێسترەکەوە دەستتپێکردووە لای منە..

گوتم:

هەرێ دەدەم..

گوتی:

لێت دەترسێم، تۆ لە گێڕانەوەی پێشمەرگایەتی زۆر بێ حەیای هەموو شت دەگێڕییەوە، بە کۆخە و تڕیشەوە.

گوتم:

بەڵام مەترسە ناوت ناهێنم، دەڵێم هێسترگێیەك بۆی گێڕامەوە..

پێکەنی و بە دەم پێك هەڵدانەوە، وای گێڕایەوە:

((پێویست ناکات باسی چەمووشی هێسترەکەی بەرەکە بکەم، هەموو دەزانن چ چەمووشێك بوو، چ پێناچێ ئەو هێسترە کچی کەر بووبێ، بزانە دایکی لە شەیتان چا کراوە لە چی!! ئێ دەستەیەك پێشمەرگە بووین، هێستری بەرەکەشمان بە بارێکی زۆر قورسەوە لەگەڵ بوو، بە هەورێدا هەڵگەڕاین، من لە دووی دەڕۆیشتم، لە مێژ بوو مەرەقم لێبیدا بوو، دەزانی لەو هەورازە رکە بەو بارە گرانەوە کە هەستیدەکرد لە کلکی نزیکبوومەتەوە، لووشکەی دەهاویشت، ئێ، چ بکەم باشە، خۆ ئەگەر هێستریش لە ماندوێتی دەستەمۆ بێ، لە ناو ئەو پێشمەرگانە هیچ ناکرێ، هەڵگەڕێ، بە هەورێدا هەڵگەڕێ، ئارەقە چۆڕ چۆڕ دادەچۆڕێ، خەیاڵی من هەر لە بن کلکی هێسترە، تۆ نەتدیتبوو چەند گچکە و جوان بوو؟ ئێستا لە سەری هەورێین، وا بە دیوی کانی تەلاندا شۆڕ دەبینەوە، من هێستر لە دواوەین، خۆت رێگاکەت دیوە، پێچاوپێچە، لە هەندێ جێگە وەك قادرمەی لێدێ، هێستر ماندووە، ئەوە یەکەم جارمە لە رێ هێستر لە پێش من ماندوو بێ، هێستری بەرەکە لەوەتەی هەیە پێویستی بە هەچە نەبووە، خۆی رۆیشتووە، ئێستا ئەگەر پێی دەڵێی (هۆش) مەمنوونە ولە جێی خۆی دەوەستێ، هێشتا لێی دەترسم، هەر چەند ماندوو بێ هێزی لووشکەیەکی تێدا ماوە، لێمدا جگە لە حەیاچوونەکە، رەنگە جێیەکیشم بشکێنێ، دەبێت وریابم، بزانم چ دەکەم، گەیشتە جێیەك، ئەو جێیە بوو کە دەمویست، ئێستا لە دواوە جلەوەکەی بە دەستمەوەیە، پاشووی لە بەردە پەیژەییەکە چووە خوارێ و جلەویم راکێشاو هۆشم لێیکرد، راوەستا، ناترسم ئەگەر لووشکەش باوێ، لە بەردی دەدات و ناگاتە من، ئیدی (دەعەمەڵ) هێنا، لەو دەمە برادەرەکان لە پێشەوە بانگیاندەکردم:

+ چیە! بۆ دواکەوتی؟

- چ نیە، برۆن، بارەکە کەمێك خوارە راستمکردەوە
+ زوو وەرە، درەنگە
- هەر تەواو بم! دێم، هاتم
کەپرێك لە ماڵی تریفە

هەیوەشەوێکە، وەرە بە چاوی کزەوە دەرزیلەی تفەنگ لە سەر زەوی هەڵگرەوە، نیوە شەوە، نۆرەی ئێشکگریی منە، هێشتا دووپشکەکە پێوەی نەداوم، لە گشت لاوە گرموهۆڕە، گرمە و برووسکە، لە سەر گابەردێك کە دەڵێی گایە رووی لە ئاسمان کردووە، هەڵنیشتووم، ئا، ناڵێم دانیشتووم، دەڵێم هەڵنیشتووم، ئەوە قسەی مام عەلییە، شەوێك گوێم لێبوو بە ئێشکگرێکی گوت کە لەو جێیە دانیشتبوو:

((دەڵێی هەڵۆی لە سەر قۆچی گا هەڵنیشتووی))

لە سەر قۆچی گاکە هەڵنیشتبووم، جار وباریش دەهاتمە خوارێ و گەڕانێکم بەو سەرو ئەو سەری بارەگادا دەکرد، کەپرێك کەوتبووە پەرگەوە، بە رۆژ لەو کەپرە نزیك نەکەوتبوومەوە و نەمدەزانی کێی تێدایە، ئێ، دیتم پیاوێك بە پێدزە خۆی بە کەپرەکەدا کرد، پێنەدەچوو منی دیتبێ، لەو دەمە من خۆم دابووە پەنای گابەردێکی نزیك کەپرەکە، ئێ، وا روو لە دەرکی کەپرێم، کەپر روو لە مانگە، مانگ خەریکە دەچێتە ناو کەپرەوە، کەپر لە ناو تریفە هەڵدراوە، ژن و پیاوێك بە تریفەوە ئاوێزانی یەکترن، ئاوێزانێك تۆپیش لێکیان ناترازێنێ، پیاوەکەم ناسیەوە، بەڵام ژنەکە نا، بۆ چەند ساتێك لە دەنگی تۆپەکان دابڕام، چاوم لە کەپرە تریفەییە عەشقاویەکە بڕی، چێژم لە رووتبوونەوەی تریفەیی وەرگرت، چیدی بەرگەم نەگرت، کشامەوە، ژن و پیاوەکەم بە مانگ سپارد، گەڕامەوە جێی خۆم، جێی هەلۆیان، لەو دەمە چەند لە هەلۆی برسی دەچووم، هێشتا سێ چوار خولەك لە کاتژمێری ئێشکگریم مابوو، زرمەیەك هەورێی

هەژاند، مانگی ترساند، تریفەی سووتاند، بارەگای لە رووناکیەکی ترسناکدا بەئاگاهێنا، تۆپەکە لە سەرەوەی بارەگا ئاگرێکی گەورەی لێکەوتەوە، بەو شەوە پێشمەرگە دەبوو رۆڵی ئاگرکوژێنەوە ببینن، ئەرێ ژن و پیاوەکەی کەپری تریفە گەیشتبوونە کوێ!

سەردانێکی...

چێشتانێك دوو بەر پرس، مەلا حەسەن و ئەبووێك وا بزانم ئەبوو کەریمی ناوبوو، چوونە سەردانی بارەگای پارتێك، حەفت پێشمەرگەیان بەگەڵ خۆیان دا، من حەفتەمین بووم، بارەگا کەوتبووە دۆڵە گەورەکەی خوارەوە بەو بەرەوە، گەیشتین، ئەوان چوونە ژوورێکەوە لە ژووری گەوران دەچوو، ئێمەش لە نزیك ناندێنەکە لە بن کەپرێك دانیشتین، کۆبوونەوە درێژەی کێشا، نیورۆی بە سەر داهات، نان هات، ئەوەی جێی سەرسورمانی من بوو، دوو چێشتلێنەر و سێ جۆرە چێشتم دیت، چێشتێکیان تایبەت بوو بە بەرپرسەکان، کە برنجە و گۆشت کراشەی دەکرد، چێشتی ئێمە برنجی بێ گۆشت، چێشتی زیندانیەکانیش، شلە ساوارێکە لە رەنگ و بۆنی دیارە بێ تامە و ناخورێ، لە پێشمەرگەیەکی بارەگاکەم پرسی:

+ ئێوە هەموو رۆژێك سێ جۆر چێشت لێدەنێن؟

- هەموو رۆژێك و هەر سێ جەمەکە سێ جۆر خواردنمان هەیە؟

+ ئەوە چۆن دەبێ؟

- ئاساییە، لای ئێمە هەر وابووە.

+ بەڵام لە بارەگاکانی ئێمە یەك جۆر خواردن هەیە

- باشیی ئێوە لە وەدایە

+ چایەش سێ جۆرە؟

+ نا، بەرپرسی گەورە هەموو شتی تایبەتە، زیندانییش چایەی نیە..

بۆ نانی ئێوارە گەیشتینەوە کانی تەلان، من و مەلا حەسەن لە سەر چیچکان و لە یەك لەگەن برنجە سۆرەمان خوارد، چایەشمان لە قۆغە خواردەوە، بەڵام چەندی گوێم هەڵخست شتێك لە قسە و باسی کۆبوونەوەکەیان ببیستم، نەمبیست، نەمزانی باسی چۆنیەتی بەرگریی یان هەڵاتنیان لە ئەنفال کردووە، قسەی پێشمەرگەیەکی بارەگای سێ جۆر چێشتم بیرکەوتەوە، دەیگوت:

((ئەو قسەیەی لای بەرپرسەکانی ئێوە نهێنیە و ناگوترێ، لای ئێمە لە سەر زاری هەمووانە و زیندانیەکانیشمان دەیلێنەوە))

جگەرەی چاییم کێشابوو، جگەرەی دوای چایەم دەپێچایەوە، چەند تۆپێك لە چەند جێیەکی دەورو بەری بارەگا ئاگریان خستەوە، غاردە هەورێ بکوژێنەوە..

شەرمی ناسینەوە

تازە گەیشتبوومە کانی تەلان، دوای کوژانەوەی لچکێکی بارەگا کە بە هۆی تۆپێکی دۆزەخیەوە ئاگری گرتبوو، پێشمەرگەیەك زۆر تەماشای دەکردم، منیش جاربار تیچاوێکم دەدایێ، وێنام دەکرد بەڵام نەمناسیەوە، لە بن دارهەنجیرەکە دانیشتبووم، دیتم هات، تەوقەیەکی توندی لەگەڵم کرد و گوتی:

+ ببوورە وەختبوو نەتناسمەوە

- ئەها، بەڵام من هێشتا تۆم نەناسیوەتەوە

+ من.....کوڕی.....م

حەیف ئێستا لە ساتی گێڕانەوەی ئەو سەرهاتە کۆنە نەك هەر ناوی باوکی هی خۆیشیم نایەتەوە یاد.

- ئەها، بەڵام، من...

+ تۆ کەریمی کوڕی مام کاکە نیت؟

- نا، ڕەنگە هەڵە بیت..

+ تۆ،ماڵتان لە بەلاشاوە بەرانبەر ماڵی مامت نیە؟

- بەلاشاوە! مامم! کێ؟

+ حاجی عەبدوڵڵا

- نایناسم

+ ببوورە، ناتناسم

بە مەیلە وتووڕەیی هەستاو لە دارهەنجیرەکە دوورکەوتەوە، ڕۆژەکەی وا بوو، ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی خۆنەناسکردن بوو، بە تو با هیچ پێشمەرگەیەك ماڵ و کەسوکاری نەناسیبای، ترسی خۆرادەستکردنەوە و زمانلێدان، ترسێك بوو لە دڵی هەمووان دەگەڕا، منیش لە ترسان دڵی ئەو پێشمەرگەیەم لە خۆم شکاند، دواتر دوای سەرهەڵدان و بە شارکەوتنەوە، لە چایخانەیەك پێشمەرگەی بن دارهەنجیرەکەم دیتەوە، بۆ چەند چاوترووکانێ چاومان لە چاوی یەکتر بڕی، ئەو زووتر رووی وەرگێڕا، نەیویست بمناسێتەوە، منیش ئەو جارە لە ترسان نا، لە شەرمان نەمناسییەوە!

ڕەشماڵێك لە شەماڵ هەڵیداوە

لە خوارەوە، لە سەر ئەو ڕێچکەیەی کەر وباری دەگەیاندەوە بالیسان، ڕەشماڵێك لە تەنیشت سێ تیشە بەردی لە شێوەی ماین داتاشراو و لە نێو چەند بنەدارێکی قژ ژنانی بە دیار دوو سێ چێڵ و چەند سەر بزنێکەوە هەڵیداوە، من سێ جار ڕێم بەو ڕەشماڵە هاوینیە کەوت، ماست ئەو ڕەشماڵەی بە من ناساند، ماستی بارەگا لە سەر ئەو ڕەشماڵە بوو، جارێکیان، یەکەم جار، لەگەڵ (دڵشاد)ێك لە شاریش دەمناسی چووینە ڕەشماڵی ڕەشکۆکە، ڕێمان بە گللەیی بڕی، ئەو کوڕە گللەیی لە ئاسمان و عەرد هەبوو، گللەیی لە دار و بەرد هەبوو، گللەیی لە ورد و درشت هەبوو، لە هەموو شت هەبوو، ژنێکی سەرە و کچێکی عازەب لە زارکی ڕەشماڵێ دانیشتبوون،

سێ چوار منداڵی سەرکە و بنکە لە بن درەختێك بە دەوری جۆلانە گوریسیەکەوە دەسووڕانەوە، لەگەڵ سلاوکردنمان پیاوێك لە پەنای رەشماڵەکەوە پەیدا بوو، دانیشتین، چایە دێمی دابوو، نەیهێشت هەستین، کیسەی توتنی لە پێش دانایین، من جگەرەیەکم پێچایەوە، تووتنەکەی خۆش بوو، چایەکە جگەرەکەی خۆشتر کرد، پیاوە پرسی:

دەبێ کەی ئەنفال بگاتە ئێرە؟..

برادەرەکەم وای وەڵامدایەوە:

دیارنیە، کێ دەڵێ دەگاتە ئێرە؟!

پیاوە بە پەستیەوە:

ناگاتێ چیە! پێشمەرگە کەی ئەو دۆڵە چۆڵدەکەن؟

لە جیاتی برادەرەکەم گوتم:

نازانم کەنگێ چۆلیدەکەین، بەڵام ئێوە چەندی زووتر خۆتان رزگاربکەن باشترە.

پیاوی رەشماڵی کەمێك لێم راما، نیگای کچەش کەوتە سەرم، چاوی کچە دەتگوت بنپیالەکەی پێشمە، ئۆی چ چاوێك بوو! دەتگوت چاوە ئەلیزابییەکەیە، ئەو چاوەی سالانی کۆلیژ منی سەرگەردان کردبوو، گوتی:

تۆ راست دەڵێی، ژیانی دۆڵی بالیسان کۆتایی هات..

بە ستلێکی گەورەی ماستەوە سەرە و بارەگا سەرکەوتینەوە، لە رێیێ برادەرەکەم دابەزیەوە سەر دنیا، کەوتەوە گللەیی و گازندە، بەڵام من خەیالم هەر لای رەشماڵەکە بوو، لە هەر شەش حەفت شەقاوێك ئاوڕمدەدایەوە، لە ئاوڕدانەوەدا هەستمدەکرد شەماڵێك لە رەشماڵەوە هەڵدەکا و گیانم فێنکدەکاتەوە، ماندوێتیم دەحەسێنێتەوە، لەو دەمەدا لە بەرزایی هەورێوە دووکەڵ بەرزبۆوە، هێندەی نەبرد، بۆنی دووکەڵ گەیشت، بۆنێك دەتگوت لە دۆزەخەوەیە.. ئیدی بە من با، هەر منیان ناردبا بۆ ماست، رێی رەشماڵ بووە رێی مراز، رەشماڵ لە دۆڵی دۆزەخ و هەورێی دۆزەخ بای

شەماڵە و شنە دەخاتە گیانەوە، ئەو رۆژەی ئەنفال گەیشتە هەورێ و هەرچی هەبوو بردی، نەمزانی رەشماڵ بەگەڵ کەوت، یان وەك ئێمە بە هەورازەی دەرەشیری دەربازبووندا سەرکەوت!

وێنەیەك بە دیار کیسەڵەوە

پێشمەرگەیەك ناویم بیستبوو، نەمدیتبوو، لە یەکەم دیدار کە دوا دیدار بوو کەوتە دڵمەوە، لە بن دارهەنجیرەکە لە سەر شرە بەرەیەك لە سەر پشت راکشابووم، سەرم بە بەردێك کە شێوەی بالیفی هەبوو، کردبوو، نیگام لە ناو پەلکی دارهەنجیرەکە وەك بە دوای پەلکێکی جواندا بگەڕێ، دەگەڕا، پەلکەکان لە ناو تۆز و خۆڵی هەورێ چ سیمای ژیانیان پێوە نەمابوو، خەیاڵ بە کەلێنی پەلکەکاندا بردبوومی، رۆیشتبووم، دەنگێك منی گەڕاندەوە بن دارهەنجیر:

+ هاورێ کووی؟

- سوپاس، باشی

+ من ئارام شاهێنم

لە دنیایێ زۆر کەس لە سیما لە یەکدی دەچن، نازانم نە چاو هەڵدەکات نە هەر وایە کە پێکچوونێك لە نێوان هەندێ مرۆڤ و ئاژەل و بالندان هەیە، لەوەش وێوەتر زۆر جار لە چاوی منەوە تیشە بەردێك لووتە شاخێك، پەلە هەورێك، نەخشێك لە مانگ زۆر لە مرۆڤ دەچێت، بەلام سیمای ئارام شاهێن کتومت لە شەهێنی شاخان دەچوو، چاوی من وای دیت، ئەو شەهێنانەی لە جوانیدا هەر لە خۆیان دەچن، ئارام هێندەی لە شەهێن دەچوو نیو هێندە لە براکەی نەدەچوو، ئەو برایەی لەمێژنەبوو لە دەرەوە بە پلەی مولازم گەڕابۆوە و کامێرایەکی بۆ براکەی بە دیاری هێنابوو، دیاربوو زۆر دڵی بەو دیاریە خۆشبوو، ئەودەمانێ کێ کامێرای هەبوو! خەڵك بۆی بە ئاسماندا

دەچــوو، ئــارام شــەهێن لەگــەڵ مــن قســەیدەکرد و شــەهێنانە دەیڕوانیــە کێــوە دووکەڵگرەکانی ئەوبەر، لە بیرمە گوتی:

+ زۆر شەڕم لە دەستچوو

- تێناگەم، مەبەستت چیە؟

+ ئەگەر پێشتر کامیرام هەبا، لە شەڕەکان چەند وێنەیەکم دەگرت

- نەچووە بچێ، شەڕ لە پێشمانە..

لەو دەمە بەو ڕێچکەیەی لێژدەبۆوە بۆ ئاودەستەکە، کیسەڵێك کە جگە لە کیسەڵ لە هیچ نەدەچوو، وەك بڵێی ترسی ئاگری گەیشتبێتێ، لە خوارەوە دووکەڵ بەرزببۆوە، سەرهەوراز ڕێی داگرتبوو، ئارام شاهێن دیتی، بە پێکەنینەوە گوتی:

+ وەرە لە تەنیشت ئەو کیسەڵە وێنەیەکت بگـرم، تـا وەك کیســەڵ تەمــەن درێــژ بیت

- دە جارێ خۆت تەمەن درێژبکە

+ هەستە..

لە هەستاندا تۆپێك زرمەی لە کانی تەلان هەستاند، زرمەیەك بە شێوەیەك وێنە و کیســەڵ و تەمــەنی لــە بیربردینــەوە، دوای ئاگرکوژانــەوە و ڕەوینــەوەی ترسـیش نەچووینەوە سەر وێنەگرتن، هەر هێندە ئارام شەهێنم دیت، ئەنفال هـات و لـە کـانی تەلان هەڵێکەندین و هەر یەکەمان لە دۆڵ و تـەلانێك کەوتینـەوە، ئـەو ڕۆژەی ئـارام شاهێن لە بەری مەرگی ئەو جادەیەی من ناوم نابوو((جادەیەك دنیـای کەرتـدەکرد) لەو هەڵەت و باسکانە کەوتە بۆسـەی جاشـانەوە و شـەهێنی گیـانی بـۆ یـەکجارەکی هەڵفڕی، من لە سەری قەندیلێ لە بن تاشە بـەردێ تفـەنك لـە سـەر چـۆك ڕوو لـە ئەنفال دانیشتبووم، کۆڵەپشتەکەم بە لووتمەوە نابوو بۆنی ورتکەنانی لێدەهات..

بۆسەیەك لە خەیاڵەوە

بۆسەکە خەیاڵ نیە، بەڵام کەس باوەڕی نەدەکرد جاش لەو کاتە و لەو جێیە بۆسە دابنێنەوە، بۆیە ناوم لێنا بۆسەیەك لە خەیاڵەوە، لە هەورێ بە دیوی ئەو جێیەی نەمزانی بۆچی ناوی زینەتیرە، دەستەیەك پێشمەرگە لە بیرم نیە بۆچی ڕێمان کەوتە ئەوێ، لەو دەستەیە ئێستا هەر ناوی دوو سێ پێشمەرگەم لە یادە، ئەو کوڕە سەر و قەڵەم ڕەشە کارۆخە، وەختایەك ماڵیان لە نزیك تاکە دارخورمایەکەی هەولێر بوو، ئەوەی کەوتبووە لای کەلاوەکەی مەلافەندی، ئەو کوڕە بەژن شووشەییە دارایە، ئەوە ئەبووێکە لە نەجەفەوە هاتووە، زۆر بە حوسێن دەچێ، ڕەنگە ئەگەر پشتاوپشت بە دوایدا بچی، بچێتەوە سەر ئیمام عەلی، ئەوانیدی؟ حەیف! ئی، بە دوای یەکدا لە تاریکایی تەنکی ئێوارە بە ئاراستەی کانی تەلان هەنگاوی پێشمەرگانەمان دەنا، هەنگاوی پێشمەرگانە ئەو هەنگاوەیە جگە لە خەڵکی چیا و قاچاخچی کەس توانای هەنگاونانی وای نیە، لەو ساتەی دەسرێژ لە تۆزو خۆڵی وەردابنت لە بیرمە مەتارەم بە سەر لێوەوە بوو، باش بوو نەڕژاو سەریم داخستەوە و خستمەوە جێی خۆی، بەوەی باش بوو جێگاکە رووتەن نەبوو، بەردەلانە، بەردی زۆر گەورەش لێرە و لەوێ دەڵێی خوداوەندی شاخ بۆ لێقەومانی پێشمەرگە لە چیاوە هەڵیداون و لێرە کەوتوونەتەوە، دەستمانکردەوە، لە پەنا بەردێکم ئەگەر ئێستا مابێ، ڕەنگە جێگەی سەد گوللەی پێوە مابێ، شەڕ گەرمە، دیار بوو، جاشەکان جێگەیەکی باشیان بۆ بۆسە هەڵنەبژاردبوو، بای پێشمەرگە بوو، جاش بەزین، تەق.. تەق، هەڵاتن و نەکەوتینە دوایان، من وا بزانم ئەوە جاری دووەمم بوو بکەومە بۆسەوە، زرمەیەکی چیاهەژێن ئاگرێکی گەورەی لە کلکەی هەورێ خستەوە، هاتینەوە بە سەلامەتی هاتینەوە..

خەونی بن دارهەنجیرەکە

شەوانی بن دارهەنجیر پڕ لە خەوی پچڕپچڕ و خەونی پـڕ لـە بـەفر و ئـاگر و پـارەی خوردە و بەرانپیلی ونجڕونجڕ، لە دوو سێ شـەوی کـانی تـەلان بـایی تەمـەنێك خـەونم دیتووە، بەوەی باش بوو بۆ بۆ ئێشکگری بانگمیاندەکرد یان بۆ میز بـەئاگادەهاتم، دەنـا دەکەوتمە بن بەفری خەون و لە ناو خوردەی خـەون بزردەبـووم، لـە کـونی بەرانپیلـەوە بەردەبوومـەوە و دەکەوتمە ناو ئاگری خەون، شـەو نـەبوو چ پـێش ئێشـکگری چ دوای ئێشکگری بەفر چۆکێ، نیو بەژن نەکەوێ، زریـان هەڵیـدەکرد، دەیـبردم، دۆڵاو و دۆڵ، کێو بە کێو دەیگێڕام، دنیای پێدەکردم، دەنگی ئێشکگرەکە، یان میـز دەیهێنامـەوە شەوی بن دارهەنجیرەکە، دیسـانەوە خـەو، بـەرانپیلێکی گـەورەی باڵدار نـازانم لـە چ ئاسمانێکەوە دەهات، لە بـەردەمم دەنیشـتەوە، منـیش دەبـوو سـوار بم، باشـە بۆچـی سواردەبووم! بەرانپیل هەڵیدەگرتم، دەفری، بە ئاسماناندا دەگەڕام، گەڕانێك پڕ تـرس و لەرز، ترس لە بەربوونەوە، بەربوونـەوە لـە کونـەکانی بەرانپیلـەوە، ئـەو کونانـەی تـا دەهاتن گەورەتر دەبوون، لە کونەکانەوە تەماشای خـوارێم دەکـرد، زەوی یـەك پارچـە ئاگر بوو، ئێستا نا ئێستا بەردەبمەوە و دەبمە چزیلك، جارێك بەربوومـەوە، پشتاوپشت کەوتمە ئاگرەوە، ئێشکگرەکە بە (هاوڕێ هەستە) رزگاری کـردم، ئـەوجارە دەکەوتمـە ناو پارەی ئاسنەوە، درهەمی، نیو درهەمی، دە فلسـی، پێـنج فلسـی، دینـار و نیـو دیناریشی تێدا بوو، ئەو پارانە لە درەختێك بەردەبوونەوە زۆر لەو دارهـەنجیرە دەچـوو کە لە دارەتی بارەگای کانی تەلان هەر ئەوم هەبوو، ماڵی من بوو، ئیـدی دەکەوتمـە بن گەلای ئاسنینی پارە، میز نـەبا بـە ئاگانـەدەهاتم، شـەوێك خـەونم بـە کچـە چـاو ئەلیزابییەکەوەش دیت، لە پێش دەرگای کۆلیژ ئەو لەو بەری جادە، من لەبەرەکەیدی، بەرانبەر یەکتر راوەستابووین، نیگام لە نیگای بڕیبوو، لە سەر ئەوەبووم، بچـمە لای، یەك دوو شەقاویشم هاویشت، لە پڕ لەو سەری جادەکەوە جۆگەلە ئاوێك سەری کـرد، زۆری نەبرد جادە بووە رووبار، رووبارێکی شێلوو، قوڕاو، نەگەیشـتمێ، لـە خـەونیش نەگەیشتمە کچە چاو ئەلیزابییەکە، رووبار و ئێشکگرەکە نەیانهێشت بیگەمێ، دوای

تەواوکردنی کاتژمێرەکەی ئێشکگری بە نیازی چوونەوە بۆ رووباری پێش کۆلیژەکە سەرم خستەوە سەر سەرینە تاخم و بەردینەکە، خەونم دیتەوە بەلاَم بە بەرانپیل و ئاگرەوە..

هەورێ ناکوژێتەوە

نایەتەوە بیرم لە هیچ وەرزێك لە وەرزان بەو وەرزەشەوە کە هەر رۆژێکی بە قەد سالێکە، بە رۆژ خەوم لێکەوتبێ، پاش نیوەرۆیەك لە بن دار هەنجیرێ وەك بلێی خەوم دەهات، جگەرەکەم تەواونەکرد، ترسام خەوم برەوێتەوە، راکشام، دەی خەوم لێبکەوێت، رەنگە بۆرژابم، دەنگێك هات و خەوی برد:

((هاورێیان، ئاگر هات، ئاگر..))

بارەگا بە بەئاگا و بە خەوتووەوە راپەڕی، چ ببینم! لایەکی هەورێ ئاگرێکی گرتووە، ئاگری وای بە خۆیەوە نەدیتووە، دووکەلّ لایەکی ئاسمانی داگرتووە، بایەك هەلّیکردووە، ئەگەر خوداوەندی با نەیگرێتەوە چلە پووشێك بە هەورێوە نامێنێ، بارەگا دەبێتە خۆلّەمێش، هەر پێشمەرگە بوو بە دارێکەوە بە کلکە خاکەناسێکەوە رووەو ئاگر هەلاّت، دەبێت پێش لە ئاگر بگرین، ئەوەتا لەو شوێنانەی رووتەنن و پووشوپەلاّشیان کەمە، ناوبرەیەك دەخەینە بەری ئاگر و بەری بارەگاوە، ناوبرەیەك لە خۆلّ، وا لە پووشوپەلاّش لە دارودرِ خاوێنیدەکەینەوە، بە بەرینایی چەند شەقاوێك تەنها خۆلّ و بەرد دەهێلێنەوە، ئیدی ئاگر وەك چۆن لە ئاو ناپەڕێتەوە نابێ لە خۆلّ و بەردی رووتیش بپەڕێتەوە، دێت ئاگر دێت و بە ناوبرە درووستکردن راناگەین، بایەکە توندە، دەستی ئاگری لە دەستە و بە هەورێدا رادەکات، با لە چەند لاوە هەلّیکردووە! ئاگر خەریکە دەوری بارەگا دەدات، ئەو ئاگرە لە چ ئاگران ناچێ، ناکوژێتەوە، پێشی پێناگیرێ، هەورێ لە گشت لاوە ئاگری گرتووە، ئەو ئاگرە بۆ سووتانی هەورێ داگیرساوە، تا دار و بەردی هەورێ نەسووتێنێ ناکوژێتەوە، ئەو ئاگرە بە هەوری

بـەهاریش دانـامرکێ، تـا هـەینێ نەمـدەزانی هـەورێ بـایی ئـەو ئـاگرە گەورەیـە سووتەمەنی پێوە ماوە، ئەوەی دەسووتێ هەر دار و درِ و پووشوپەلاشـە! باوەڕناکـەم، رەنگە خۆڵ و بەردیش گڕی گرتبێ، رەنگە کانیەکەی کانی تەلانیش ئاگر بگرێ، هەر دیتت ئاو سووتا، هەورێ یـەك پارچـە وا بـە بـەر چـاوی ئاسمانـەوە دەسـووتێ، ئـاگر ئابلۆقەی کانی تەلانی داوە، دوو فرۆکەش لە بەرزایی بەرزەوە، لـە پشـت دووکەڵـەوە ئەوسەر و ئەمسەری هەورێ دەکەن، پێدەچێت وێنـەی سـووتانی هـەورێ بگـرن، دوور نیە ئێستاش ئەو وێنانە لە ئەرشـیفی گوناهـەکانی بەغـدا پـارێزراو بـن، پێشـمەرگە ماندووە، پێشمەرگە خەریکە دەستەپاچەبن لە کوژانەوەی هـەورێ، بـا دەڵێـی لەگـەڵ بەغدا دەستی تێکەڵکردووە، پێچ بە ئاگر دەدا، گێژەلووکەی ئاگر وەختە کانی تـەلان بـە ئاسمـان بێخـێ، دەبـێ رێگەیـەك، کونێـك لـە ئـاگر بـۆ هـەڵاتن لـە دەست ئـاگر ببینینەوە، کانی تەلان کەوتە دۆزەخەوە، پێشمەرگە لە جەرگەی دۆزەخەوە هێشتا لە هـەوڵی کوژانـەوەی دۆزەخ نەکـەوتوون، هێسـترەکان لـە دووکەڵـدا دەپـڕمێنن، بـۆنی گۆشتی برژاو دێ، هەبێ نەبێ کیسـەڵەکەیە، هـەر دیتـت ئـاگر گەیشـتە کـەپرەکان، گەیشتە دار هەنجیرەکە، گەیشتە ئەو چادرەی پـڕ لـە فیشـەك وگوللـە ئارپێجیـە، تـا زووە... ئای! ئەو کێ بوو کونی بای گرتەوە، بای لە کونێ کردەوە، بـەڵام پـاش چـی، هەورێ سووتماکە، هەورێ لقە دارێك چلە پووشێکی بۆ سووتان پێوەنەماوە ، هـەورێ خۆڵ و بەردی رەشهەڵگەڕاوە، هەورێ چیایەکە لـە خۆڵـەمێش، هـەورێ گـەرم گـەرم، هەورێ تەلانێکە لە دۆزەخ، لەو تەلانە تەنها کانیەك مـاوە فێنکـایی بـە پێشـمەرگە بدا، هەناسە بداتەوە ژیان، تەماشاکەن، کانی تەلان کانیەکە بە تەلانی دۆزەخەوە..

کەپرە شیعری ئابی هەورێ

تازە، چەند رۆژێ بوو، ئیمامی مەزن، ئیمامی هەموو ئیمامان، لە ژەهر پێکی هەڵدا بوو، ئەو ژەهرەی لە مێژبوو لێی دەترسا، نازانم ئیمام گەیشتبووە چەندەمین پێبلکەی مەستبوون! بەڵام باشم لە بیرە چیانشینان و عەشقیاکانی ئازادی بە بۆنی پێکی ئیمامی مەزن گێژبوونێ گێژی گرتبوونی، چیا لە هەموو تەمەنی پڕ لە هەوراز و نشێوی خۆیدا، لە باوەشی وەرزە گوڵگوڵیەکانیدا، رێبوارانی وا گێژ و وێژی نەحەواندۆتەوە.. گێژ و وێژیەکی ئەوتۆ، برژانگ، برژانگ سەوزایی بینایی هەڵدەوەراند، هەڵوەراندنێ کتومت لە وەرینی گەڵای چیای دەمەو پایزی دەچوو.

لەوان رۆژاندا، رۆژەکان سۆمای چاویان تنۆك، تنۆك دەڕژایە شەوی درێژ درێژ، درێژتر لە مانگی ئابی ساڵی ژەهر، درێژتر لە پشوو درێژیی هێسترە دەزگیرانیەکان، ئەو هێسترانەی لە شەوی تۆفانیدا، لەو شەوانەی هەرچی گیانلەبەری چیایی هەیە، مجرۆ دەبوون، لەو شەوانەدا چاوساخییان دەکردین و دەیانبردینەوە ئەو دیوی رەبایەکانی مردن... ئەوە چ بوو!! خودا چ جادوویەکی لە هێستر کرد! ئەوەتە ئەو سەر و ئەو سەر دەکەن، عەرد و ئاسمان بۆن دەکەن، بە رێچکەکانی دیوی ژیان ناکەونەوە، ئەو رێچکانەی وەخت و ناوەخت بە پێیە پیرۆزەکانی هێستر، بە خەتی درشت دەنووسرانەوە و ئەشقیای هەمیشە لە خۆباییش دێر دێر سەرکەوتنی تێدا دەخوێندنەوە، دواتریش هێستر لە یادەوەری ئەشقیادا دێرێ لە رەشبوونەوە بەجێدێڵێ و بە قەد مۆری جێپەنجەیێ نادرەوشێتەوە.... لەو شەوی ناشەویە ئابیەدا، لەو ئابی کوێربوونەدا، بە بەر چاوانەوە بێ ئەوەی چاو لەو ساتانەی کچانی رەوەندی بکات کە خەناوکەی بە دەزگیرانبوون لە مل دەکەن، رووی خۆی وەرگێڕێ، چیا ژنانە سێکوچکەی بەتاڵبوونەوەی وەك خاچی کوفر بە گەردنی خۆیەوە هەڵواسی، خاچی سروود، خاچی سەنگەر، خاچی هێستر و عەشقیا..

تۆش برادەری لە دووری دوور وەستاو

لە ساڵی بەتاڵبوونەوەی هەشتاوهەشت

بۆ ناسینەوەی ئابی ئەوێ، بۆ ناسینەوەی شەو درێژیی چیا

برۆ پەڕە ئاییەکانی هەشتاوهەشت رۆمان
لە ساتی پێش مەستی بە نیگای شەرابی پەڕ پەڕ هەڵدەوە
بە رۆمانی (کوێری) دەستپێکە و
با هەر بە (کوێری)ش کۆتا بێ..
من لە ساتەکانی بەدمەستیم برادەر، لە ساتەکانی بەدمەستی
لە رایەڵەکانی ئەوسای چیا پساوەترم، برادەر!
ببوورە حەکایەتی درێژم بۆ تۆ پێ نانووسرێتەوە..

ئەو رۆژانە، رۆژە ئیمامیەکان، ئێمە چەند دەستەیەك عەشقیا بووین و لە سەر شانی نەفرەت لێکراوی چیای هەورێ بە دیوی گۆلێی (بالیسان)، ئەودەمانێ بالیسان لە پارچە کاغەزێکی گەچراوی لوولدراو دەچوو، پارچە کاغەزێك لاوکێکی تا ئێستاش نەگوتراوی لە سەر نووسرابۆوە.. لەوێوە لە سەر شانی لەرزۆکی (هەورێ)وە،منداڵانە فرۆکەمان دەژمارد، ئەوە دوو، دە، پەنجا... ئەو فرۆکانەی لەوێوە، لە (باغی داد)ەوە پووشکاغەزانە هەڵدەدران، نا، نا، دوور لە گەڵاێ، ئەوە با بوو، پایزی باخی بەغدای بە سەر هەورێ دادەڕژاند.. هێشتا لە خوێندنەوەی بەرگی یەکەمی کتێبی ساڵی جمکانەی ئەنفال نەببوومەوە، چەند لاپەڕەیەکیشم لە کتێبی هەلەبجەش هەڵدابۆوە، ئیدی تەواو!.. ئەوەتا بالیسان گۆڕستانێکە لە چیای هەورێ، گۆڕستانی تەژی تەژی لەوانەی بە دەستی سەربازە ئەسحابەیەکان بەبێ ئیزنی خوداوەند گیانیان لێ سەندرابۆوە.. من لە گەمژەییەوە لە هەموو ئەسحابەکان پتر لە بێباکیم خواردبۆوە، هێندەم بێباکی نۆش کردبوو، وەك دارا شێتی پێش (کۆشکی باکوور) بەلادا دەهاتم، بەلاّم تا ئەو پەڕی ئاگایی بەئاگا بووم، دەسترەنگینانە بۆ مەرگ خۆم کۆکردەوە، ئەو کەلوپەلانەی بۆ مەرگ پێویست بوون خستمنە کۆڵەپشتەکەمەوە.. ئەو شیعرانەم ئەزبەرکردبوو کە گاڵتەئامێزانە ئایەتی ئەنفالیان ئەنالیزە کردبوو.. ئیدی چاوەڕێ بووم، لە ئاسمانی تۆزاوی، لە ئاسمانی

دووکەلاویەوە دوو فرۆکە فریشتەییانە دابەزن و بن پیلم بگرن و لە هەوریوە فریمدەنە گۆڕی پڕ نووری بالیسانەوە..

تۆ! برادەر،
ئەگەر لە دوورایی پەنجەیەکەوە
یاخود لە ناو پێکی پێش مەستبوونەوە
یا لە ئاوێنەی بە ئاگاهاتنەوەوە
سیمای مەرگت نەدیوە،
تکایە، برادەر، تا ئێرە مەخوێنەوە..

لەو ساتە مەرگیانە بووم، مەرگ هەر پەنجەیەك لێم دوور بوو، نامەیەك لە شێوەی دلۆپە بارانی درشت رژایە ناو لەپم، بەس بارانناسان دەزانن ئەو دلۆپە درشتە چ فێنکاییەك دەبەخشێتە گیان، خۆی بوو، ناسیمەوە، حەمە عەباس، برادەری مندالی لەو ساتانەدا سیمای لە هەوری تیر دەچێ و وەك باران زوو دەناسرێتەوە، نامەیەك لێوانلێو لە پێکەنینی (هەلوێست)، پیاسە ئێوارەییەکانی دەوری قەلاتی هەولێری لە چەشنی شنەیەك لە ژیان خستبووە تویی هەناسەیەکەوە، بۆ ئەو پیاسانە پرسێك بە گەنجە هەشتاییەکانی لە سەربازی راکردوو بکە.. نامەیەك دانیشتنی دەمەو عەسرانی چایخانەی (باکوور)ی لە رستەیەك پێچابوو، ئەو رستەیە رێك تامی چای دەدا، چای پیالە نەك هی ناو بنە مەتارە، جیاوازی نێوان ئەو دوو چایە!! زانیم حەمەش لە (هەوری)یە بەلام بە دیوی بالیسان نا بە دیوی گۆلی (نازەنین)، ئەویش دیتبووی، دیتبوومان، ئەنفالکردنی دنك دنك هەناری دۆلی هەنارستانمان دیتبوو.. حەمەش دەمێك بوو وەك من بە چیا کەوتبوو، بەلام ئاگامان لێکدی نەبوو، نێوانمان چەندان دۆل و چیا و دەشت و پێدەشت بوو.. ئەو حەمەیە دواتر لە کۆلانەکانی ناو ((دیوارەکانی شێتخانە))ەوە و لە پەنای

شیعرەوە ((هەناسەی بۆ با دەگرتەوە)).. نامەکەی حەمە، حەمەی برادەری منداڵی بۆ چەند ساتێ چەند دۆڵێ دۆڵی بالیسانی گۆڕی لە من دوور خستەوە..

لە چاوەڕێی دابەزینی فڕۆکەم، دابەزین بە ئایەتی ئەنفالەوە، لە تامەزرۆی ئایەتا دنك دنك وەك گوڵەبەڕۆژە کاتم دەقرتاند، ئاگرێك لە هەورێ کەوتبووەوە بە ئاوی دنیاش نەدەکوژایەوە، هەرچی ئەشقیایە چووبوونە پێشی، ئاگر بە پانایی هەورێ دەهات و گڵپەی دەکرد، بایەك نازانم دەستی کێ لە هەڵکردنیدا هەبوو، لە لای ئێمەوە، نا لە ناو کەپرانەوە، رووە و ئاگر، رووەو گشت لا، هەڵیکرد، کەمێك گەرمایی دوور خستەوە... لەو ئان و ساتەدا دیتم عەشقیایەك عاشقانە چاوی دەگێڕا و هات هات لە پێش من راوەستا و تێیڕوانیم:

+ تۆ...

- ئا، منم، تۆ...

+ ئا، منم

دوای پرژانی چەند رستەیەکی ئاوی لەو هەورێیە ئاگریە، بە بێ پەنا بردن بۆ هیچ کەرەستەیەکی زمان پێیم گوت:

((تۆ هەندرێنی بەلاّم بە کانیاو و سەوزاییەکانیەوە

نەك هەندرێنی تاشە بەرد و وشکانی))

دەتگوت لەو زمانە غەیبیە تێگەیشت، تەماشایەکی وردی کردم و بزەیەکی هاتە سەر لێوی و قۆڵی لە قۆڵم هەڵکێشا و بەرەو کەپرێك هەڵکشاین، کەپرێك لەو کەپرانەی ماڵی ئەشقیا بوون، ئەو ئەشقیایانەی بە پێی لۆژیکی بزن بۆ تاقە شەوێك جێگەی خۆیان خۆشدەکرد و ماڵیان چێدەکرد..

پێشتر لە دوورەوە زۆر دوور، لە دوورایی چیاکانەوە هەندرێنم دەناسی، چەند شیعرێکی لە ناو کۆڵەپشتەکەم تێکەڵی وردکە نان ببوون، لەو شیعرانەی بۆ دۆزەخ بە کەلکم دەهاتن.. هەندرێنی دوورم لە دوو رێگەوە ناسی شیعر و کچێك، شیعر با لەوێ

بێت، کچێك خەڵکی ئەو دیو بوو، دیوی ڕۆژهەلاّت، کچە لە بن عەبای ئیمامی مەزنەوە ڕایکردبوو، ئەویش عەشقیا بوو، پێش چمکە سالاّنەی ژەهر بارەگایەك بە زمانی چیا بە هەندرێنی ناساندبوو.. کچە بە هەموو جوانی و ناسکیی خۆیەوە، جوانیی هەندرێنی لە دیدی من دەنەخشاند، بە هەموو شیعرێتیی خۆیەوە لە شاعێرێتی هەندرین دەدوا.. ئەو کچە عەشقیایە ڕۆژهەلاّتییە چ عاشق بوو! چ شاعیر بوو! چ شیعر بوو! ئەو کچە وشە هەناریە چەندان شیعری فەروغ و شاملۆی لەبەر بوو، ئەو کچە پرچ هەوریە پەنجەرەی ناسینی ئەو دوو شاعیرەی بە ڕووی مندا کردەوە، پەنجەرەیەك تا ئێرە درێژ بۆتەوە.. لە کردنەوەی بە کوردیی شیعری ئەوانە، کاتێك گرفتی وشە لێوە ناسکەکانی دەگەستن، بە هێمای پەنجە شیعریەکانی، بە چاوە چیرۆکیەکانی، مەستی دەکردم لە تێگەیشتن.. ئەو ساتانەی بە دەنگە بارانیەکەی فەروغی دەخوێندەوە هەستم دەکرد وا لە تەنیشت فەروغم و لە بن باڵی شنە بایێ بە سەر دەریادا دەفڕم، من چەندێ بەو کچە مەست دەبووم، ئەو هێندە سەرگەرمی هەندرێن بوو، جارێك بە دەم ترشۆکە کردنەوە، لە دەو ئەو جۆگەیەی بە تەنیشت بارەگادا خوڕەی بەهاریی دەکرد، لە بیرمە گوتی:

حەیف هەندرێنیش بەو شاعێرێتیەی خۆیەوەلە بن تاشە بەردان بە دیار قفەنگەوەخەساریی تەمەن دەکات.

منیش نەدەبوو ئەو قسەیەی لە مێژ بوو لە زارم بوو، چیدی بیهێڵمەوە:

تۆ هی ئەوەی جلی عەشقیا بپۆشی؟ هی ئەوەی جلی سمێڵ بابڕان بپۆشی؟ تۆ کوا کلاشینکۆفت لێدیێ! تۆی کەمانچە، هەر بە کەمانچەوە جوانی...

بە نازەوە زۆر بە نازەوە لێوە خونچەییەکانی هەڵقرچاند:

چی بکەین! ئەوە سەدام و ئیمامن چۆنیەتی ژیانی ئێمە دیار دەکەن، نەك خۆمان..

لە شەوانی بەفرینی چیای گارە لە شانی چەپی گوندی (کافێ)ی گەرمبوونەوە چەندان شەوی لە بەفر سپیتر لەگەڵ کچە و پیاوەکەی و چەند ئەشقیایەکیدی لە ماڵە کۆڵێتیەکە بە دەم خواردنی تەحین و دۆشاو و چا خواردنەوەوە، بە دیار سۆبە دارینەکەوە

سەرما و سۆڵەی گارەییمان بە شیعر گەرم دەکردەوە.. لە باسی سیاسەت و فیکر لەگەڵ کچەی شاعیردا گەمژانە سەنگەرمان لێکدی دەگرت، دەمدیت برۆ باریکەکانی دەهێنایەوە یەك و بە تووڕەبوونێکی ناسکەوە دەیگۆت:

تۆ مارکسیستێکی لە شێوەی سارتەری.

نازانم چ گۆڕانێکیش بە سەر برۆ پڕەکانی منیشدا دەهات، بەڵام لە بیرمە دەمگوت:

تۆ کۆمەنیستی شۆرشگێری رۆژهەڵاتیانەی..

قسەیەك لەو قسەیەك لە من، تا وای لێدەهات لە نێوانماندا چیایەك جیاوازی لە ناو ژووره گچکەکە قیتدەبۆوە، لێ چیای جیاوازی هێندە تەمەنی نەدەکرد، بە خوێندنەوەی شیعرێك، لە جێی چیا جۆگەلەیەکی روونی چاو قرژاڵی هەردووکمانی تەڕ دەکردەوە و بەرەو تێکەڵبوونەوە دەچووین.. ئەو کچە چەند جیا بوو لە کچەکانیدی، جیاتر لە جیایی نێوان دوو رەگەز، ئەوان تەنها زمانی هەڵدان بە باوکایەتی حزبیان دەزانی، بەڵام کچە هەمیشە بەهاریەکە ئاشنابوو بە زمانی شاملۆ، فەروغ، هێمن، هایدە، گوگوش، ماملێ.. دەیزانی وەرزێك بێ پسانەوە بە زمانی موزیك قسە بکات.. من لە بیری خۆمم بردۆتەوە، دەنا کچە موزیکیەکە زۆر شتی فێر کردووم، پێش نیوەڕۆیەکی بەهاری دوو بە دوو دیسانەوە بە دەم ترشۆکە کردنەوە لە بیرمە، وەك تامی ترشۆکە لە بیرمە، گوتی:

خۆشی ئەگەر بە کەوچکی چایەش بیپێوین، رەنگە لە هەموو جێگەیەك تامبکرێ! خۆشیی ئەم بارەگایە لەوەدایە کە کەسێك هەبێت شیعر بڵێ، کەسێك هەبێت گوێ بداتە شیعر، هەندرێن چوو، تۆهاتی...

ئەو کاتەی لە نزیکەوە هەندرێنم دیت و ناسیم لە بیرم چوو قسەی ئەو کچەی بۆ بگێڕمەوە..

ئەو کچە چەندێ ناسك بوو! رێواسی ناو بەفر زۆر لەو دەچوو، هەموو لاسکە ناسکەکانی رۆژهەڵاتی و ئێرانیم لەودا دەدیتەوە.. لەو چلە نێرگزانە دەچوو کە لە بەهارە

عاسێیەکەی لووتکـەی پشـت بارەگاکـە، پێلـووی جوانییـان دەکـردەوە، ئـەو لووتکەیـەی چێشـتانان بزنئاسـا پێیـدا هەڵدەگـەڕام، دەگەیشـتمە دیـداری نێرگزەجـاڕ و بـە چـەپکێ نێرگزەوە غلۆر دەبوومەوە، چل، چل دابەشم دەکرد بەسەر کچە بە پیاوبووەکانی بارەگـای ئامێز بۆ نێرگز ئاوەڵا، لە ناو چلان ناسکترین چلیش بۆ کچە شیعریەکە، ئەو کچەی زیاتر لە ڕێواس دەچوو نەك نێرگز! یادەوەریم دەڵێ، یەکەم پیتی ناوەکەی دوا پیتی ڕێواس بوو، من ناوم نابوو ڕێواس... جارێکیـان بـۆ ئـەوەی مـن چیای جیـایی بـۆ جۆگەلـەی روونـی تێکەڵبوون شیعری (چلێ نێرگز)م بۆی خوێندەوە، ئەو شیعرەی لە وەرزی وەریـنی نێرگـزدا نووسیبووم، کۆپلەی یەکەمم لە بیرە:

لە بەر دەرگای ماڵتان

بە مەلوولی

دەستەکانت خستوونەتە

ژێر کەلەکەی خەم

لە چاوەڕێی چلێ نێرگز

نێرگزی چاوت سیس بووە

دێتە بـیرم وەك توانـەوەی بـەفری گـارەم دێتـەوە بـیر، هێشـتا لـە خوێندنـەوەی شیعرەکە نەببوومەوە، سەرم هەڵبڕی، دیتم، دڵۆپـە فرمێسـکی نێرگـزیم لـە سـەر گۆنـای دیت، لەوێوە لەو فرمێسکانەوە زانیم، گریانی ڕێواس واتە وەرینی گوڵگوڵی گوڵە نێرگـز، ئەوەشم جوان لە بیرە، بارینی باران لە بیر بکەم ئەوەم لـە بـیر ناچـێتەوە کـە بـە دەنگێـك فرمێسك شاردنەوەی پێوە دیار بوو، گوتی:

ڕەنگە کەسێکی زۆر ئازیزت جێهێشتبێ؟!

وشەی (ڕەنگە)ی هێند ناسك گۆ کرد، زمانی لە گۆ بردم و نـەمتوانی قسـەیەك لە (ڕەنگە)کەی ئەو بکەم.... من زستانێك و سـەرەتای بـەهارێك لـە شـەربەتی دیـداری

پاکی کچەی رێواسیم خواردەوە.. ئەو رۆژەی بە تەوقەیەك نازانم ناوی تەوقەی چ وەرزێکی لێنێم،بۆ هەتا هەتایە ماڵئاواییم لێی کرد، بە چاو پێیم گوت:

ئەگەر لە هەر بارەگایەك، هەر رێوبانێك کچێکی وەك تۆم لەگەڵ بێت، ئامادەم حەفتا زستان و بەهار بە عەشقیایی بمێنمەوە.

ئەویش بە چاوە شەرمنەکانی قسەیەکی کرد، وا بزانم ئەوها بوو:

وا بزانە لەگەڵتایە!

لەو ساتانەی بە تەنیشت هەندرێنەوە بە سەر تاشە بەردە ئاگرینەکانەوە، سەرەو کەپرەکە هەڵدەکشاین، دیتم کچە بەهاریە شیعریەکە جۆگەلەیە و تاشە بەردەکان فێنك دەکاتەوە، بە کچی جۆگەلەییەوە گەیشتینە بن کەپرەکە، لە سەر تیشە بەردێکی بە جیقنە رەنگرێژ، لە رووی کتێبێك کە پڕی سەری وردە گەڵای مردوو بوو، وشەی (بۆدلێر) لە چاوم درەوشایەوە... زۆری نەبرد بۆنی (گوڵە بەدەکان) ئەو ناوەیان پڕ کرد و سەرمەستیان کردم، مەستبوونێ زۆر لەو مەستبوونە دەمەو عەسریە بەهاریانە دەچوو کە ساڵانی پێش بە چیا کەوتن و عەشقیا بوون، دوای هەڵدانی یەك دوو بیرەی (فەریدە)، پەرستگای (سەمەر قەندم) جێدەهێلاّ و بە دوو سێ کتێبی مەیلەو قاچاخەوە، بە بن نەرمە بارانی بەهاری، بە بن دیواری قەراتێ هەڵدەکشام بەرەو(باتە)ی کچ لێ باریو، لەوێشەوە خۆ بە (قەیسەری) داکردن، ئەو قەیسەریەی لە خەیاڵی من لە هەر کۆلاّنێکی قەسیدەیەکی جوان دەبینرایەوە... لە گوڵە بەدەکانەوە بۆنی رامبۆش بلاّوبۆوە، بە ناو شاخ و دۆڵی پیاوکوژاندا خۆی گەیاندە کەپر، ئیدی چەپك چەپك گوڵە شیعریەکان بۆنیان دەرژاندە کەپرەوە.. هاتن هەموو ئەو شاعیرانە هاتن کە بۆنی گوڵە بەدەکانیان لێدەهات، کە بۆنی هەرچی گوڵ هەیە لێیان دەهات..

شەو داهات، شەوە بەفرینەکانی ژوورە تاقانەکەی گارەش بووە مێوانی کەپرە شیعر، ئەو شەوە کەپرەکەی هەندرێن چ ئاوەدان بوو! چ سەوز بوو! چ تەڕ بوو! چ مێوان

بوو! چەند شیعر بوو کەپرەکەی هەندرێن! لەمێژ بوو نیو هێندە گوێم نەگرتبوو، لەمێژ بوو نیو هێندە قسەم نەکردبوو، ئەو شەوە کەپرەکەی هەورێ کەپری کودەتابوو بە سەر کەپرەکانیدی، کودەتای شیعر بە سەر شەڕ و سیاسەت و حزب و ئیمام و سەدام و..کودەتابوو بە سەر ئەو تاخمە فیشەکەی کە شانمانی وەك جێ پالووە هێستره چاوساخەکان داخداخ کردبوو، کودەتابوو بە سەر کلاشینکۆفی بن رانمان کە بە سواری متەقی لە خۆی بڕیبوو.. ئەو شەوە کەپری شیعر لە چیای (هەورێ)وە هەڵفڕی لە بن درەختێکی ئێوارەیی لە درەخت گیراوی (شەوانی هەولێر) نیشتەوە، ئەو شەوە نە هاڕەی فڕۆکە، نە لوورەی تۆپە چیا هەژێنەکان نەدەگەیشتنە گوێی کەپرە شیعر..ئەو شەوە چیایەك نەبوو بە ناوی هەورێ، گۆڕستانێ نەبوو ناوی بالیسان بێت، ئەو شەوە نە مانگی ئاب و نە سالّی ژەهر خواردوو هیچیان نەبوون، لە سەر گۆی زەوی نە بەغدا هەبوو نە تاران.. ئەو گوڵە جوانانە کوو بەدمەستیان کردین!

هەندرێن دەبوو دوو سێ دەمژمێر بخەوێت، گەردوگولی بەیانی بەرەو سنوور بە رێدەکەوت، سووکە گفتی روسیایان پێدابوو.. ئەو شەوە چەند کورت بوو، کورتتر لە پێچانەوەی چەند جگەرەیەك بە دەفتەری نووسین و توتنی گەڵای وشکی داربەڕوو، کورتتر لە خوێندنەوەی شیعری فەروغ بە دەنگی پڕ لە مۆسیقای کچە رێواسیەکە.. گفتی دا بۆ ماڵاوایی یەکجاری بە ئاگام بێنێ، ئەو بەردەی بن دار هەنجیرەکەشم نیشانی دا کە لە تەکیدا وەردەکەوتم، نووستم بە خەیاڵی دەنگی هەندرێن نووستم، کەچی بە گەزەی گەرمای ئاب بەخەبەر هاتمەوە، چ ببینم! هەموو شیعرێتی کەپری لەگەڵ خۆی بردبوو، لە کەپردا تاقە گەڵایەکی شیعرت نەدەدیتەوە، یەك پەلکە گوڵی شیعری لە دوای خۆی بەجێ نەهێشتبوو، کەپر لە چۆڵەوانیی شیعر دەچوو.. هەندرێن فڕی، وەك ئەو کۆترانەی بە هەرزەیی هەڵمدەدان و نەدەهاتنەوە، وەك کچە رێواسیەکە چووە سەوزایی یادەوە، وێنەی سەمەرقەند و مەچکۆ و باکوور و شەوانی هەولێر و قسە گەرمەکانی کامەران موکریی ناو پۆلەوە خۆی بە لاسکە ناسکەکانی یادەوە هەڵواسی..

ئیدی بە ناو لوولەی تفەنگەکانەوە، چوومەوە ئەو خەلوەتگا کاتیـەی لـە پـەنای تیشە بەردێکی چەند هەنگاو دوور لە کانیەکەی (کانی تـەلان) مـەلوولیمی دەشـاردەوە.. فرۆکەکان گەیشتن! ساڵ هەر ئابی بوو، مـن وا بوومـەتـە بزنـە کێـوی، لـە سـەر دوو قـاچ هەورازی بەزینم لە رێگـە بزنیـەکانی قەنـدیل دەبـڕی و پـووش و پەلاشـی زەمـەنم کاوێـژ دەکرد، بە یادی بیرەوە میزم دەکردە مەتارەوە و لە تینوێتیـدا لـە چاوی نەیارانـدا هـەڵم دەدا..

دواتر نـازانم سـاڵی چـی و لـە کـوێی سـاڵدا وەك بەردەسـتیێی هەڵـدراو لـە نـاو بەردەکانی ناوزەنگ کەوتمەوە.. رۆژێك فریشتەیەك نیو بوتـل عـارەقی لـە ئاسمانـەوە بـۆم هێنا، گوێم لە زەنگی پێکدادانی یادەکان بوو، لە بیرمە نیگای برادەرە گیانیەکـە ئـەوەی لەم دێرانە جێی نەبۆوە! ژوورە کچـیەکەی گـارە، کەپرەکـەی هەنـدرێن، نامەکـەی حەمـە عەباس.. دەنگیان لە ناو زنجیرەی نەپساوەی زەنگ دەهات، ئـەو زەنگـەی لەگـەڵ ریتمـی عارەق جوان دەهاتەوە.. ئەو کاتەی ناوزەنگ لـە مـانگی رەمـەزانی هـەولێر دەچـوو، لـە بیرەوە بگرە تا عارەقی قاچاخ هەمووی قاچاخ بوون، هەرچەندە هەندێك بەرەلاییم بۆ خـۆم بە دەست هێنابوو، بەڵام هەر دەبوو دوور لە چاوان بخۆیتەوە.. دەمـەو عەسـرانێ دوور لـە بارەگا پایزیەکە لە پاڵ دوو گا بەردی لە سەر یەك خەوتوو کە جۆگەلەیەکی قەت بێ ئاوی نەدیتی لایلایەی بۆ دەکردن.. بە شووشەیەکی گەنجی عارەق و یـەك دوو ئـارووی پـیرەوە، وڕێنەی رابردووم دەکردەوە، عەشقیایەك لە دوورەوە بە گاڵتەی ناوزەنگیەوە:

+ نامەیەکت بۆ هاتووە، بەڵام بە پێکێ!

- ئەگەر لە شارەوە بێ، دە پێك بۆ تۆ..

نامەکە لە چوکلێتی گەورە یا لە دۆڵمەی گچکە دەچوو، پێش کردنـەوەی بـۆنی دۆخین و نیفۆی شەرواڵی دەدا، وەها پێچـرابوو، ددانم نـەبا نەدەکرایـەوە، وشـەکانی بـۆنی شیعرێتی کەپرەکەی (هەورێ)یان پێمدا پژاند، شیعرێك بوو بەژن بڵنـدتر لـە (مامەنـدە)

ئەو چیایەی لە رۆخی جۆگەلە رۆندکیەکەی قاچاخانە عارەقی قاچاخم دەخواردەوە، ئەو چیایەی جوانترین دۆڕانی پێ نووسیمەوە...

لە ژێرەوەی نامەکە:

برات هەندرێن- تەلبەندی خووی

لە پەراوێزی نامەکە:

لە شەوی ماڵئاوایی
بەردی جێ خەوتنتم نەدیتەوە
هەناسەم گیراوە بۆ شنە هەواڵی هەلوێست
چاوم سیس بووە، برا، چلێ نێرگز

بەرد و بەرد

لە هەورێوە بۆ قەندیل

چێشتانێکی درەنگە لە سەر چیایەك پاڵکەوتووین، وەك هەمیشە بەردێکم لە پاڵە، یان من لە پاڵ بەردێکم، ئەو خووگرتنەم بە بەردەوە رەنگە لە باپیرمەوە بۆم مابێتەوە، باپیرم شەڕی عوسمانیەکانی کردبوو، شەڕی ئینگلیزی کردبوو، نازانم شەڕی کێیدیش، من تەنها ساتە زۆر پیرییەکانی باپیری خۆمم لەبیرە، زۆر پیر بوو زۆر، بە مەزەندەی خۆم نزیکی سەد ساڵەی کردبۆوە، ئەو پیاوە پیرە بە ئێمەی منداڵی دەگوت:

نالێم چەك هەڵبگرن، بەڵام ئەگەر هەڵتانگرت، هەمیشە هاورێی بەرد بن، لە دەشت و دەرا لە هەر جێگەیەك ویستتان پشوو بدەن، لە دووی بەردێك بگەرێن و لە پاڵێدا پشوو بدەن، تۆ کە چەکداری ئەوە بزانە کە دوژمنت هەیە، کەسێك نیە لەو دنیایە چەك لە شان بێت و دوژمنی نەبێت، هەر هیچ دوژمنت نەبێت، کەسێك هەیە تەماحگیری تفەنگەکەت دەبێت، ئیدی ئەوە دوژمنێك پەیدا بوو..

من دەمگوت:

باپیرە بەردەکە لۆ چیە؟

باپیرە لە بن چاویلکەوە تیچاوێکی دەدامێ:

ئەوجا با بە کورِی خۆم بڵێم، بەردەکە کەڵکی چی هەیە، لە کاتێك ئەو دوژمنەی باسمان کرد، لەولاوە لە دوورەوە، ویستی تەقەت لێبکات، تۆ یەکسەر خۆت دەخەیتە پاڵ بەردەکە و بێ منەت بە بەر گوللەی دەدەیت، ئەدی ئەگەر بەرد نەبوو، خۆت لە پەنای چی دەشاریتەوە؟

ئیدی من بمەوێ لە هەر جێگەیەك دانیشم سەر چیا بێت، ناو دۆڵ بێت، دەشتایی بێت، بێ ئەوەی ئامۆژگاریەکەی باپیرشم بیرکەوێتەوە، خۆم لە پاڵ بەردێك دەبینمەوە، ئەوە پتر لە بۆماوەیی دەچێت..

گوێم لێیە دەڵێن:

پشتمان دۆڵی گولانە، پێشمان دۆڵە رەقە..

منیش لە دڵی خۆم دەڵێم:

قورِمان بەسەر! گولانەکە ئەوها بوو، دەبێت رەقەکە چۆن بێت!

پێدەچێت ئەورۆ لە دوێنێش گەرمتر بێت، رەنگە شەوەکەشی لە دوێنێ شەو ساردتر بێت، هەندێك چیا هەیە هەزار و یەك نهێنی هەیە، ئەوەی من زۆر بیری لێدەکەمەوە، شەو و رۆژی چیایە لە هاویندا، رۆژەکەی گەرم گەرم، هێندە گەرم وای لە(نادیە) کرد بە تورِەییەوە بڵێ:

((ئێرە کەی کوێستانە؟ ئەگەر کوێستان ئەوهابێت بەغداش کوێستانە...))

شەوەکەشی سارد سارد، هێندە سارد وای لە من کرد دوێ شەو کورتانێکم کردە دۆشەك و جلی بن کورتانیشم بە خۆم دادا، ئەوەتا ئێستاش بۆنی ئارەقەی پشتی هێسترم لێدێ.. بۆنێك رەنگە شەو و رۆژێك لە ناو زێ بمێنمەوە لێم نەبێتەوە، هەستدەکەم بۆنی پشتی هێستر تێکەڵی خوێن و گیانم بووە و لەگەڵ تەمەنە، دڵنیام ئەگەر بۆنی ژن نەبا، ئێستاش لێم نەدەبۆوە... ئەو مندالەی مەتارەکەشمی چۆڕ بڕکرد، هەستی کردبوو بۆنی ئارەقەی هێسترم لێدێ، ناوە ناوە لووتی خۆی دەگرت، هەندێ جار دەیویست لە باوەشم دابەزێ، بەلاّم هەورازی رك پەشیمانی دەکردەوە..

شەو درەنگانێ گەیشتینە ناوقەدی چیا، لەوێ گۆڕاییەك هەبوو، دیار بوو جێی رەشماڵی خێلاّن بوو، سەردەستە کە کانەبی گەورەی ناو بوو گۆتی:

((هەتا بەرەبەیان لێرە دەمێنینەوە..))

بە راستی مژدەیەکی خۆشە، بیانگۆتبا لە بەغدا کودەتا کراوە، هەر هێندە دڵخۆش دەبووم، ئاخر کێ ئاگای لە دەردی منە! ئەو شەو نەنووم دەبێتە سێ شەو، ئەنگۆ بڵێن، پیاو سێ شەو خەو نەچێتە چاوی، چاوی چی لێدێت! سەری بە کام لادا دەسوورێ! لە رۆیشتنێ پێی کو کویی دەهاوێ!... بایەکی ساردی دەهات، لە پەنای غەرە بەردێك پاڵکەوتم، دوعام کرد خەوم لێبکەوێت، هەستمکرد، خەو ئامادەی هاتنە، وەك دوو شەوەکەیدی نیە، لە بەرم هەڵێ.. چەند جارێك خەریك بوو دەبۆرژام، لەرز نەیدەهێشت، سارد بوو، سارد، ئەو هاوینە لە من ببووە پایز.. هەستام بە ناو غەرە بەردان بگەڕێ، بگەڕێ دیتمەوە، کورتان و جلم دیتەوە، (بیهێنەو ناوی مەبە)ی حەسەنی قزلچیم بیرکەوتەوە...ئێستا جێگەم گەرمە کەس لەو چیایە جێگەیەکی ئەوها گەرمی نیە، لە دڵی خۆم گۆتم لۆ ئێشکگریش هەڵناستم، بانگیشم بکەن هەڵناستم.. زۆری نەبرد بۆنێك هاتە ناو سەرم، قەت بۆنی ئەوها ناخۆشم نەکردووە، بە جەمەدانیەکەم دەم و لووتی خۆم لە جل و کورتان شاردەوە، بەلاّم ئەو بۆنە هی ئەوە نەبوو لە جەمەدانی بگەڕێتەوە، زۆرم

هەولْدا لەگەڵ ئەو بۆنە رابێم، لۆ خۆم دەمگۆت: ئەوە بۆنی سێوە، با وای دابنێین سێو ئەو بۆنەی دەدا، بای وای دابنێین ئەوە بۆنی دەرپێی ژنانە، بای وای دابنێین... چەندی بە خەیاڵ کردم بۆنی کۆن و تازەی هێستر بکەمە بۆنێکی وا دژ نەکەوێتەوە لەگەڵ چاو گەرمکردنیٚ، کەلکی نەبوو.... باشبوو، لە ناو کورتان خەونم دیت دەنا بەبێ ئەوەی مەبەستم درۆبێت دەبوو درۆ بکەم و بڵێم هێندە لە ناو کورتان مامەوە کەچی چاوم نەچووە خەویٚ، هەر بە راستیش بڕوا ناکەم خەوم لێکەوتبێت، بەڵام چ دەکەی لەگەڵ ئەو خەونەی لە ناو کورتانەوە بە کۆپتەرەوە دیتم، خەونێکی درێژ زۆر درێژ، درێژتر لەو رێیانەی پێیدا هاتووم، لە دەشتاییەك بە تەنیٚ مابوومەوە، کۆپتەرێکم لیٚ پەیدا بوو، کەوتە دووم، نەوی بوو زۆر نەوی، سەرم نەوی نەکردبا بە تایەی دەکەوت، کۆپتەر هەمووی دنیای پێکردم، سەیر بوو نە کۆپتەر تەقەی لێم دەکرد نە منیش غیرەتی ئەوەم دەکرد تەقەیەکی لێبکەم، هەتا بە ئاگا هاتمەوە هەر غارم دەدا...

رەنگە ئەوە جاری یەکەمم بێت لە سەر چیاوە بە هەموو لایەکدا بڕوانم، کەچی لە هیچ جێگەیەك هیچ جوانیەك نەبینمەوە، گەیشتمە ئەوەی ئیدی کۆتایی جوانیە و ژیان هێندەی بە بەرەوە نەماوە، خەونەکەی ناو کورتانیش بە جارێك زراوی بردبووم، زۆرم لە بارەی خەونەوە خوێندۆتەوە، هیچ لەوانە هیچیان پیٚ نەبەخشیم، پێناسەیەکی خەونیان نەدامیٚ، لە بارەی خەونەوە ناچار لە ئەزموونەوە قسە دەکەم، زۆر جار وا بووە ئەو شەو خەونێکم دیتووە، دوای چەند رۆژێك خەونەکە وەك خۆی یان بە هەندێك دەسکاریەوە هاتۆتە دی، کاتێك خەونە وە راستەگەڕاوەکانم دەهاتنەوە بیر، خەونی ناو کورتان لە پەلوپۆی دەخستم... دڵنیام ئەو شەویش وەك هەرسیٚ شەویدی فت، دوو شەو ژانی دەستم نەیهێشت خەو بچێتە چاوم، دویٚ شەو کورتان بۆ بەدبەختی بایی خەونێك خەوی دامیٚ، خەونێك دەترسم دوا خەون بێت، ئەو شەویش چاوم ناچێتە خەو، بەڵام جاریٚ بە تەواوی هۆیەکەی روون نیە...

لە هەموو لایەکەوە هەر دووکەڵە، بە بەرچاوەوە دنیا دەسووتێ.. تۆپ بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە هەموو لایەکەوە لووره لووریەتی، فڕۆکە و کۆپتەر وەك چاویەشە دەگەڕێن، پێدەچێت ئەورۆ کارەساتی گەورە بەرێوە بێت، من زۆر جار ترساوم، بەڵام ترسی ئەورۆ جیایە لە ترسان، رەنگە ئەوانیدیش بترسێن.. لە سەر ئەو بەردەی دانیشتووم، بەو ئاراستەیەدا دەڕوانم کە لێیەوە هاتین، بە ئاراستەی چیای هەورێ، وەك دەبینم ئاسمانی هەورێ لە ئاسمانی هەموو چیاکانی دنیا دووکەڵاویترە، هەورێ هەر ئەورۆ نا، لەوەتەی ئاشنایەتیم لەگەڵی پەیدا کردووە، هەر لە ناو دووکەڵدا دیتوومە، بڕواناکەم چیای (ئاگری)ش هێندەی هەورێ ئاگری گرتبێت... شەوێدی نا ئەویدی، ئەو دەستەیەی ئێستا وا خەریکە بەرەو دۆڵە رەقە شۆڕدەبینەوە، لە هەورێ بووین، لەوێ بە دیوی بالیساندا لە تەلانێك کانییەکی جوان بارەگایەکی بە دەوری خۆی هەڵدا بوو، کانیەکە لە هەموو جێگەیەك بە (کانی تەلان) ناوی رۆیشتبوو.. ئێمە لە کانی تەلانی هەورێوە دێین و مەنزڵمان پشتئاشانی قەندیلە.. درەنگانی عەسر بووە فسکە فسك، دیتم هەر پێشمەرگە بوو بەرەو کەپرە گەورەکە کە کەوتبووە لای سەرەوەی بارەگا هەڵدەکشان، چاوم گێڕا، هەمووی سێ چوار کەس ماینەوە، جگە لە من ئەوانیدی منداڵکار بوون، تەمەنیان نەدەگەیشتە هەژدە، یەکیان خۆزگە ناویم لە یاد دەما، لێم نزیك بۆوە:

+هاوڕێ، تۆش هەو نیت؟!

- نەخێر هەو نیم

+ لەبەر چی؟ ناتکەنێ؟

- دەمکەنێ، بەس بە خۆم حەزناکەم..

+ پێچەوانەی من، من حەزدەکەم بەڵام نامکەنێ، باشە تۆ بۆ حەز ناکەیت، ببیتە ئەندام؟ بەڵام بڕواناکەم هەو نەبیت، وا بزانم لەبەر ژانی دەستت تاقەتی کۆبوونەوەت نەبوو..

- نا پەیوەندی بە دەستمەوە نیە، باوەڕبکە من هەو نیم

وا بزانم، باوەڕی نەکرد کە من ئەندام نیم، هەر تەماشای دەستمی دەکرد:

+ باشە دووپشك ئەوها دەیەشێنیێ؟

- لە بەدبەختی منە، دەنا هەیە دووپشك پێوەی دەدا، تەقەی سەری دێ.

شەوی پێشتر هەر لەو جێگەیەی لەگەڵ ئەو کوڕە گەنجە گفتوگۆمان لە بارەی حزب و دووپشکەوە کرد، واتە هەر لە بن ئەو دار هەنجیرەی کە جێگەی شەش حەوت کەسی لێ دەبۆوە بۆ خەوتن، لە پاڵ ئەو بەردەی وەها رۆچووبووە زەوی، هەرچی تۆپی بەغدا هەیە پێی کەوتبا، نەدەبزوا، لە سەر پشت راکشابووم، بۆرژابووم و نەبۆرژابووم، هەستمکرد شتێك لە سەر نێوچەوانم پیاسە دەکات، وای بۆ چووم فەرخە بۆق بێت، هەر هێندەم لە دەست هات، بە هەموو هێزی خۆم بە نیازی فڕێدانی، دەستم گەیاندێ، فڕێمدا، گوێم لە تەپەشی بوو لەولاوە بە عەرد کەوت، بەڵام ئەو هێشتا وا بزانم هەر لە ئاسمانێ بوو، ئاگری جگەرەیان بە پەنجەمەوە نا، ئاگری چی! خۆزگە ئاگر دەبوو.. ئەوانەی لەوێ نووستبوون هەستان:

چیە! چیە؟

ئیدی لایتیان لێدا، دیتیانەوە، کوشتیان، دووپشك چ دووپشك، چەند گەورە بوو، چاوی من گەورەتری دەبینی.. ژان لە پەنجە رانەوەستا، رۆیشت بەرەو ناو لەپ و پشتە دەست، بەوێش نەوەستا، هەڵکشا بەرەو باسك و قۆڵ، ئیدی دەستی راستم لە سەری پەنجەوە تا دەگاتە دەماری ملم ئاگری گرت، دەیتریواند، هەمووی دەرزی رێژ بوو.. ئۆقرەم لێ هەڵگیرا... هەڵکشام بۆ کەپرە گچکەکەی سەرێ، شەو رووناکە، شەوانی هەورێ نازانم دوو وەرزەکەیدی بەڵام هاوین و پایزان هەمیشە رووناکە، شەوی هەورێ بێ مانگ رووناکە، هەورێ هەمیشە لە چەند لایەکەوە دەسووتێ... خۆم گەیاندە ئەحمەد عەرەب، ئەو کوڕەی لە خولێکی پازدە رۆژی ببووە دکتۆرێك چەپ و راست دەرزی رادەوەشاند، پەسیوت گرتبا، دەرزی قوتاری نەدەکردی، دەیانگوت نەشتەرگەریی کچکە لای وی ئاو

خواردنەوەیە، کەمێك توورەی بکەیت، نەشتەرگەریی گەورەش ئەنجام دەدات.. دکتۆر ئەحمەد هەر بە چاوی خەواڵووەوە دوو دەرزی خەواندمیٚ، گۆتی:

((ئێستا بەسە، سبەی زووش دەرزیەك، ئەگەر ئەوانیش لێرە بان هەر ئەو دەرزیەیان لێدەدای..))

ئەوان ئەو دوو دکتۆرەی لەمێژ نەبوو لە روسیاوە گەڕابوونەوە، لە دوێنێوە بە هاواری سیامەندەوە بۆ دیوی نازەنین چووبوون، سیامەند زۆر برادەرم بوو، دەمێك بوو دەمناسی، لە گارەش سەروەختانێك بەیەکەوە بووین، پێکەنینێکی هەبوو خودایی، منداڵی، لەو پێکەنیانە بوو کە نەخۆشی چاکدەکردەوە، لە بیرمە هەرچی دوعای جوان بوو بۆ سیامەندم دەخوێند کە چی لیٚ نەیەت.. ئەو شەوە لە ژانی دەستم هەر هاوارم کرد، شەوی دواتریش هەر وەك شەوی پێشوو، ئێستاش وا دەگەینە دۆڵە رەقە هێشتا کەمێك ژانی ماوە..

دوای کۆبوونەوە، یەکێك پێمی گوت کە خۆم کۆبکەمەوە بەر لە بەیانیدان دەڕۆین، بۆکویٚ؟ وەڵاّم نەبوو.. ئیدی تفەنگم خاوێنکردەوە، کۆڵەپشتیش ئامادەیە... هەر ئەو دەمەو خۆرئاوابوونە، هەواڵێك گەیشت، لە بیرمە تاسانێك تاسام کەم جار وا تاساوم، سیامەند....

هێشتا لە هیچ چیایەك بەیانی نەدابوو، شۆڕبووینەوە، بە دەست و دڵی پڕ ژانەوە، شۆڕبوومەوە، دەستم ژەهری دووپشك و دڵیشم ژەهری هەواڵی مەرگی سیامەند.. لە ریٚ زۆر دەترسام، لە رۆیشتن دەترسام، بە ترسەوە پێم لە عەرد دادەنا، نەرم دامدەنا، نەمدەهێشت ئەو زەویە ئازاری پێبگات کە رەنگە بە رێکەوت مارێك لەو بەری رێگەوە بیەویٚ بپەڕێتەوە بەرەکەیدی، پیٚ لە مار نان واتە مردنێکی پڕ لە هاوار، هاوارێك دۆڵاّو دۆڵ شاخەو شاخ لە با تیژتر دەڕوا، بە بیرم نایە هێندە لە رۆیشتنیٚ ترسابم، رێك پێم لە شوێن پێی ئەو پێشمەرگەیە دادەنا کە لە پێش منەوە دەڕۆیشت.. کاتیٚ گەیشتینە دەوروبەری بالیسان تازە هەتاو کەوتبوو، گوتیان:

((ئاگاداربن، دەست لە هیچ شتیك نەدەن، رەنگە هێشتا کاریگەریی مابێت...))

پێش دوو سێ رۆژ بۆ جاری نازانم چەندەمین دووکەڵی زەرد و سپی دووکەڵی رەنگاو رەنگ بەرز بۆوە، لە کانی تەلانەوە لێم دیار بوو، گۆتیان کیمایییە، دۆڵ نیە لە دنیایێ هێندەی دۆڵی بالیسان باوەشی بۆ کیمیا گرتبێتەوە، عەلی کوتك کە لە بارەی کوتکی ناوەکەیەوە یازدە چیرۆکی جیا جیا لە سەر زاران بوو دەیگۆت:

ئیدی کەس نەڵێت دۆڵی بالیسان، ئەم دۆڵە لەساڵی پارەوە ناوی گۆڕاوە بۆ دۆڵی کیمیا.

هەر ئەو عەلی یازدە کوتکە دەیگۆت:

فرۆکەکان هەر جارێك بە نیازی خنکاندنی دۆڵێك، چیایەك، گوندێك، کیمیایی لە خۆ باردەکەن و بەرێدەکەون، شوفێرەکە لەوەی تەنیشتی دەپرسێ: ولەك ئەگولەك بەشی بالیسانمان لەبیر نەکرد؟

هەورازەیەك هاتە پێش، ناوەکەی دوو وشە بوو (دەرە)ی لەگەڵ بوو وشەکەیدی یان (دار)ە یان (شیر)ە جا لەو دەرە دارە یان دەرە شیرە بە سەردەکەوتین، گوێم لێبوو باسی (پشتئاشان) یان دەکرد، پێشمەرگەیەك هەر لەو هەورازە زانیم ناوی مام سالحە، وا بە سەرپشتی هێسترێکەوە، کەمێك نەخۆشیی پێوە دیارە، بەڵام لە قسەی خۆش ناکەوێت، لەوەوە بیستم و پێکەوتم کە مەنزلی ئێمە پشتئاشانە، هەر لەو هەورازەیە لە جاران روونتر بۆم روونبۆوە کە هەندێك شت هەیە لە ((پیازەکە)) بێ نرخترە، کەچی دەکرێتە نهێنی و بەس حزب دەیزانێ!! هەر لەو هەورازەیە جارێکیدیش وەك جاری گۆرین بیرمکردەوە بۆ ئەوەی هەندێ مافی زۆر سادەت نەسووتێ، ئەگەر بە نابەدڵیش بێت پێویستە بییە ئەندام، بەڵام هەر زوو وەك جارەکەیدی لەو بیرۆکەیە پەشیمان بوومەوە...

ئەو هەورازەو زۆر هەورازەیدیشمان بڕی، لە شۆڕبوونەوەیەکدا لە پشوویێکی چەند جگەرەیی نانێکمان خوارد، رەنگە نانی نیوەڕۆ بووبێت، چیمان خوارد؟ بەس چایەکەم لە بیرە، لە چیا هەموو شتێك لە بیر بچێتەوە تامی چایە هەر لە زارە.. بە دەم چا خواردنەوە

و جگەرە کێشانەوە بە ناوی گفتوگۆوە بووە شەڕەقسە، هەموو قسەکانیش لە دەوری ئەو ژەهرەدا تێکهەڵدەقژان کە ئیمام خومەینی لەمێژ نەبوو نۆشی گیانی کردبوو:

- شەڕ راوەستیێ! شەڕ راوەستیێ! ئەوە راوەستا، دە بیخۆن دەی!

- گرنگ ئەوەیە راوەستا، گرنگ نیە ئێمە چیمان بە سەر دێت

- ئەوە ئەتو شێت بوویت؟ کوو گرنگ نیە ئێمە چیمان بەسەر دێت، من خۆم پێ گرنگە تێگەیشتی؟!

- قسەی قۆڕ، نابێت بەرژەوەندیی خەڵك لە سەرەوەی بەرژەوەندیی خۆمان دابنێین..

- ئەمن لە مێژە گوتوومە شەڕی بەغدا و تاران راوەستیێ، یەك پێشمەرگە لەو دیوی قەندیلیش نابینیەوە، ئەوەتانێ بە چاوی خۆشتان دەبینن.

- من وای دەبینم بە راوەستانی شەڕەکە خەڵك رادەپەڕن و حکومەت دەڕووخێ

- تڕحێو! ئەوەت لە کێ زانی؟

- بۆ دیارە تۆ ئاگات لە سیاسەتی.....

هەموو دایانە بێدەنگی، ئەوانەی بە ئاراستەکەیدی قسەیان کردبوو، وەك بڵێی هەستیان کرد زمان درێژییان کردووە.. بەڵام لە کۆتایی قسەکان کورێك کە ناوی هەردی بوو بە خۆی نەوەستا، لە بەرگێکی گاڵتەئامێزی گوتی:

((کوو ئەو حزبە داکی مەی گایە، ناوێری بە دڵی خۆت قسەك بکەی، رێك قسەکی پێچەوانەی تۆی هەیە..))

ئیدی بە پێکەنینەوە بە رێکەوتن، بڕۆ بڕۆ، هەر بڕۆ.. لێرە و لەوێ دەستە دەستە پێشمەرگەمان دەدی بە ئاراستەی ئێمەدا هەڵدەکشان..عەسرێکی درەنگە، لە سەر چیایەك دانیشتبووین، پشت لە رۆژ پشتم بە بەردێك داوە، چاوەڕوانی ئاوا بوونی رۆژمان دەکرد، هەر ئاوا بێت ئێمەش ئاوابین.. دەیانگوت:

((زۆر جوولە جوول مەکەن، ملە قوتێ مەکەن، با نەبینرێین..))

هێشتا رۆژ چەند باڵێکی ماوە، وا دیارە ئەوجارەش وەك زۆر جاریدی زەردەپەڕ نەبینم یان چێژی لێوەرنەگرم، ئاسمان سەرانسەر دووکەڵە، چیا نیە، دۆڵ نیە ئاگری تێبەرنەبوویێت، رۆژ دەڵێی جووجکەی پشت بە تەنییە.. لە هەموو لایەکەوە تۆپبارانە، ئاسمان فرۆکەی لێ نابڕێ.. شەڕە قسەیە، هەرایە، کەس قسەی خۆی ناناسێتەوە، وا بزانم ئەوەی لەو هەرایە دوورە و لە هیچ هەڵناداتێ منم، وەڵلاٰ نادیەش ورتەی لێوە نایەت، ئەو کچە بەردەوام خەریکی قەیتانی پێڵاوەکەیەتی، شلی دەکاتەوە، توندی دەکاتەوە، دیسانەوە شلکردنەوە، ئەو جارە و دەیان جاریدیش توندکردنەوە، چەند جارێ دەمویست پێیبڵێم کە بۆچی پەنجەکانی دەستی لە قەیتانی پێڵاوەکانی نابنەوە! پەشیمان دەبوومەوە هەستم دەکرد ئەو پرسیارە خۆ تێهەڵقورتاندنە لە کاروباری تایبەتی.. بە بەر چاومەوە رۆژی دووکەڵاوی لە بەرزایی چیایەکەوە ئەو چیایە نازانم هەورێ بوو یان چیایەکی وەك وی، ئاودیوی ئەو دیو بوو، بێ ئەوەی بایی تاڵە تیشکێ جوانیی تێدا ببینمەوە، دووکەڵ هەموو جوانیە سرووشتیەکانی داپۆشیبوو.. بە ئاوابوونی رۆژ لە هەموو لایەکەوە رووناکی بەرز بۆوە، بە ئاوابوونی رۆژ ئەوجا تێگەیشتم سەراپای ولاتێك وا گڕ گڕ دەسووتێ، بە ئاوابوونی رۆژ دیتم ئەو بەشەی دنیا بە بەر چاوی دنیاوە ئاگری گرتووە، ئاگرێکی ئەوتۆ مەگەر پەڕجوویەك هەورێکی خوایی بنێرێ و بیکوژێنێتەوە، دەنا تا دنیا دنیایە هەر دەسووتێ و سووتانێکی دۆزەخی...

شۆڕبووینەوە، نشێوێکی زۆر سەخت بوو، من رێك لە دووی هێسترە رەش دەڕۆیشتم، جار جارە هێستر پێی دەڕۆیشت، دەمگوت ئەو جارە لە بنی دۆڵێ دەیبینینەوە، بەڵام جار لە دوای جار جوانتر خۆی دەگرتەوە، هێستر لە نشێوان لە پێشمەرگە باشتر خۆی دەگرێتەوە.. لە چەند شتێك ئیرەییم بە هێسترە رەش دەبرد، یەك: خلیسکی پیسی دەبرد و جوان خۆی دەگرتەوە، ئەگەر من خلیسکی وام ببردایە کەس بە سەرم رانەدەگەیشت. دوو: پێڵاوی ئەو نوێ بوو هی من کەون، تازە ناڵ کرابوو. سێ: دەمزانی ئەگەر بکەوینە بۆسەوە و لێکدی دابڕێین من بە رێ ناکەومەو بەڵام هێسترە رەش بە ئاسانی رێی خۆی

دەبینێتەوە ئەگەر دنیا ئەنگوستە چاویش بێت..... نازانم چەندی پێچوو، گەیشتینە دەو ڕێگەیەکی تەخت نازانم نە جادە بوو نە لە جادە دەچوو، گوێم لێبوو گوتیان:

ئێرە گولاڵە...

دیتم هەندێك روویان لە خانوێکی بچووك کرد، منیش لێی نزیك بوومەوە، دووکان بوو، ویستم بچمە ژووری، باش بوو گیرفانم بیر کەوتەوە، لە جێگەی خۆم وەستام و پشتاو پشت گەڕامەوە، دەمدیت هەر بابایە پسکویت دەکڕێ، بەلاّم من نەمکڕی، بە چی بکڕم! گیرفانێکی بەتاڵ.. لەو پێش دووکانە باشتر لەوە گەیشتم کە وەك چۆن لە ناو قەیسەریی هەولێر پێویستە گیرفانت شتێکی تێدا بێت لە پێشمەرگایەتیش نابێت گیرفانت بەتاڵ بێت، هێشتا چەند رۆژێکی مابوو بۆ وەرگرتنی ئەو (١٠) دینارەی کە مانگانە بە ناوی یارمەتی وەرمان دەگرت، تازەش ببووە (١٠) دەنا هەر (٥) دینار بوو، ئەوەش هەر بەشی تووتن و دەفتەر جگەرەی دەکرد...

زۆر خێرا لە ڕێگە بەرینەکە پەرینەوە ئەو بەر، ئیدی هەورازەیەك لەنشێوە سەختەکە وەریگرتین و بەو شەوە بە هەناسەبڕکێوە هەڵیکێشاین، دەو ڕێی هەورازەکە پێچەوانەی نشێوەکە هەمووی پووش و پەلاش بوو، بۆیە زۆر بە ترسەوە پێم لە سەر عەرد دادەنا، ترسی پێ لە مار نان ڕێی لە ماندووبوونم گرتبوو.. مالّنووستنانە، شەو لە هەموو لایەکەوە نووری لێ بەرز دەبێتەوە، نووری ئەنفال.. باژۆ، باژۆ، تاگەیشتینە ئەو جێگەیەی کورتان مێوانداریی کردم...

لە چیاوە شۆڕدەبینەوە، دۆڵە رەقە بە رەقی بانگماندەکات، یان من وا هەستدەکەم بانگکردنەکە بە رەقییە، دڵم دەڵێ، دۆڵە رەقە دۆڵی نادیاریە و رەنگە لەو دۆڵە بزربین و نەبینرێینەوە.. تا ئەو سەری برسێتی برسیم، تا ئەو بەری تینوێتیش تینووم، لە یەك کاتدا برسێتی و تینوێتی!... نادیە لە پێشە من دەڕۆیشت، هەڵوەستەیەکی کرد، کۆڵەپشتەکەی کردەوە، لەو کاتە گەیشتمە تەنیشتی، ویستم لێی رەت بم، دیتم پسکویتی بۆم راگرت:

- سوپاس ناخۆم.

+ خۆت پێتە؟

- نا، بەلاّم..

+ بگرە، من زۆرم پێیە

= ناخۆم، بەلاّم ئەگەر مەتارەکەت ئاوی تێدایە..

کەمێك ئاوی کردە مەتارەکەمەوە، ئێستاش کە بیر لەو کاتە دەکەمەوە، هەستدەکەم تامی ئاو و پسکویتەکەی نادیەم لە زاردایە، ئای بە تام بوو خودایە!... ئێمە بە رێچکەیەکدا شۆڕدەبووینەوە بەس خۆمان بووین، کاروانی خەڵك، کاروانی ژن و منداڵان بە رێچکەیەکی هەندێك رێتر رێیاندەکرد، ئەو منداڵەی مەتارەکەمی چۆڕبڕ کرد، ئەویش لەگەڵ کاروانەکە بوو، ئەو کاروانەی وا بزانم رێی ئەنفالیان گرتبوو، من هەر خەمی ناسکم بوو، منداڵەکە ناسکی ناو بوو، لە دڵی خۆم دەمگوت، ئەدی لە هەورازەیەکیدی کێ لە باوەشی بکات؟ ئەدی ئەو جارە لە مەتارەی کێ ئاو بخواتەوە؟ خەفەتم لەوە دەخوارد ئەو کاتەی لە هەورازەکە لە باوەشم بوو، پسکویتێکم نەبوو تا بیدەمێ و دڵی خۆش بکەم، ئەو منداڵە نزیکەی سێ چارەگ هەتا دەمژمێرێك لە دەست و باوەشی من بوو، بەلاّم ئێستا کە لێم جیا بۆوە، هەستدەکەم دەمێکە دەیناسم، وا هەستدەکەم نزیکایەتیەکی زۆر نزیکم لەگەڵ ئەو ناسکە هەیە...

برۆ، برۆ نشێو دەیداینە نشێو، بەلای هەندێك کەسەوە نشێوە رێ ناخۆشترە لە هەورازە رێ، من یەکێکم لە وانە بە من بێت بە دە هەورازی ئاسمانیم هەڵگەڕێنن، نەك بە نشێوێکی سەختدا نشێوم بکەنەوە، دووکەڵ، دووکەڵ لە هەموو لایەکەوە دووکەڵ، تۆپ، تۆپ لە هەموو دنیاوە تۆپ، فڕۆکە هەمیشە فڕۆکە، ترس، ترس لە عەرد و ئاسمانەوە ترس.. ئەو رێیە بۆ من زۆر ترسناك بوو، هەر شۆڕببەوە و ناگەیتە هیچ، بە من بێت هەر بەرەو بەرزایی بەرەو لووتکە سەربکەوم و قەتاوقەت دۆڵم نەیەتە رێ، من لە هەموو شوێنێکی نەوی دەترسێم با ئەو شوێنە بەهەشتیش بێت، بۆ یەکەم جار بالیسان منی لە

جێکەی نەوی ترساند، ئەو فڕۆکانە منیـان ترسـاند کـە بـەهاری چووی نـا بەهارەکەیـدی هەرچـی گـەلاَ و گـوڵی بالیسـان هـەبوو هەرچـی گیانلەبـەری زەوی و ئاسمـانی هـەبوو، هەموویان خستە وەرزی وەرین و سیسبوونەوە، دووکـەڵی زەرد و سـەوز منیـان زراوبـردی کرد، بۆنی سێوی ناوەختە گیانی منی لە جێگەی نەویان تاراند..

((لە جێگەی بەرز کاریگەریی کەمە، دەنیشیٚ، هەڵگەڕیٚ هەر هەڵگەریٚ...))

ئەو گوتەیە هی لە بیرچوونەوە نیە، ناوی گۆڕاوی خۆم لە بیر بکەم، ئەوە لە بیر ناکـەم، نهێنیی شەو لە بیربکەم، مەتارەی ئاو لە بیربکەم ئەوە لە بیر ناکەم، ئای لەو بەدبەختیە، ئێمە هەروا شۆڕدەبینەوە، ئەگەر ئێستا گوێی شەیتان کەڕ بێت، یەکێك لەو فڕۆکانـەی وا لە بەرزایی ئاسمانە، چنگیٚ ژەهر بڕژێنێتە ئەو دۆڵەوە!! خۆ مەتارەکەشم تەڕایـەتی تێـدا نیە، پشتێنەکەمی پیٚ تەڕ بکـەم و دەموچـاومی پـیٚ بشـارمەوە، خـراپ قـەوماوە، لـەو قووڵاییی دنیایە و چۆڕە ئاوێکیش شك نەبەیت، ئەوجا کیمیاش دابکات! دڵی خۆم بە ئاگر دەداوە، بیستبووم ئاگرکردنەوە کیمیا دەکوژێت، لەو دۆڵەش هیچ شتێك هێندەی دەسـت گەیشتن بە ئاگر ئاسان نیە..

کەمێك پشوو، پشووێکی وشکی بیٚ ئاو، بیستویەك مـەتارەی وشـك لـە دۆڵ وشـکتر، ئێرە کوێیە؟ گوێم لێبوو یەکیٚ دەیگوت:

ئێرە دۆڵە رەقەیە..

ئەویدی دەیگوت:

نا نا، ئەو دیوە دۆڵە رەقەیە

وا بزانم کانەبیی سەردەستە بوو هەڵیدایی:

رەنگە قسەی هەردووکتان راست بێت، وا بزانم دۆڵە رەقە دۆڵێکـی زۆر گەورەیـە، لـە ناویدا چەندان دۆڵی گچکە هەن....

من هەر لە خۆوە و بێ ئەوەی پێشتر دیتبێتم یان شتێکی لێوە بزانم گومانم نەبوو کە دۆڵە رەقەیە، مام سابیر کە گەرمیانیەکی رەسەن بوو، بەژنی هەر بە قەد برنۆیەکی شۆرشی کۆن دەبوو، دیتم بە زمان لێوە سیسەکانی تەردەکردەوە:

کوڕینە دنیایەك دۆڵ و شیوی دنیام بینیوە، بەلاّم دۆڵی وەك ئەم دۆڵە گەرم رەق و وشکەم نەدیوە..

مامێکیدی خۆی پێنەگیرا:

- تۆ کوێت دیوە؟ وا لە خۆتەوە.. لە حەمرینەوە هەتا ئێرەت دیوە

+ دیسان قسەت لە قسەم کرد، هەی..

- ببوورە نەمزانی تۆ بوویت!

بە راستی گەرم بوو، رەنگە گەرمترین دۆڵ بووبێت لە دنیا..

بە زگی برسی بە قورگی تینوو، بە چاوی خەو لێ تەریو، لە بن خۆری دۆزەخیی دۆڵە رەقە برۆ برۆ... من لە رۆیشتنێ ئێرەییم بە دوو کەس دەبرد، یەکیان(چەتۆ درێژ)یان دەگۆتێ، ئەویدی (هەردی)، چەتۆ زۆر درێژ بوو کەس نەبوو لەو درێژتر، هەردیش هێندە لەو کورتتر نەبوو، ئەو دووە هەر شەقاوێکیان بە قەد سێ شەقاوی زەلامان بوو، لە رۆیشتنێ کەس پێی ئەوانەی نەدەدیت، بەردەوام لە پێشی پێشەوە دەرۆیشتن، خۆزگەم دەخواست منیش دوو پێی درێژی وەك چەتۆ درێژم دەبوو، وەکی چەتۆش نا وەکی هەردی.. لە دوورەوە لە دووریی نازانم چەندەوە، دوو رشماڵی رەشکۆکە بە دیار کەوتن، ئۆخەیش! لە دڵی خۆم دەمگوت: هاتم جامە ئاو و جامە دۆ هاتم، نان و ماست و چایە هاتم، هاتم هاتم هاتین، پێش گەیشتن بە رەشماڵی خێلاّن کەسکاییەکی گچکەمان دیت، وەك بزنە گەل غارمان دا، چ پەرجووێکە خودایە! دۆڵە رەقە کانیی هەیە! هێندەمان ئاو خواردەوە زگاو بووین، لەوێ لە دەو کانیەکە ئەو قەتارەم بیر کەوتەوە کە ناسك سەر قەتاری بوو، من ئەوم بە سەر قەتار دانابوو، دەمگوت داخوا روویان لە چ دۆڵێکی بێ

کانی کردووە، دەمگوت ئێستا ناسك بۆ ئاو دەگری... هێندەم مەتارەی بەتاڵ هەڵگرتبوو، حەزم دەکرد دوو مەتارەم هەبا....

- دەڵێی ئەو رەشماڵانە چۆلن؟

+ کورە، وامەڵێ!

هەواری خاڵی بوو، دیار بوو لە مێژ نەبوو خێل بارگەی تێکنابوو، بارگە تێکنانێکی نائاسایی، نا وەخت، بە هەموو شتیش رانەگەیشتبوون، هەر ئەو دوو رەشماڵە نا کە بە پێوە بە جێمابوون، زۆر کەلویەلیدیش هی ئەوە نەبوون بە جێبمێنن، بە جێمابوون، قوونکە گونیەیەك ئارد و چنگێ خوێ و هەندێ رۆنمان دیتەوە، قاپ و قاچاخیشی لێبوو، ئێمە خەریکی ناوسێری بووین، پیاوێ پەیدا بوو، دیار بوو یەکێ بوو لە رەشماڵنشینەکان و گەڕابۆوە هەندێك شت ببات، هێندە تێگەیشتین ئەو دەڤەرە دەڤەری جاشانە و مۆڵەتی چۆلکردن هەتا ئێوارێیە، دوای ئەوە هەر کەسێك لەو ناوە بگیرێ، بێ سێ و دوو، دوو سێ گوللەی بە سەریەوە دەنێن، هەر ئەو پیاوەش گۆتی:

ئەگەر ئەو شەو لێرە دەرنەچن، ئەوا دەرچوون زەحمەتە..

لەولاوە لە نێوان سێ چوار کەسان بووە فسکە فسکە، دواتر بیستم کە هەبوو گۆتبووی:

نابێت ئەو پیاوە ئیزن بدەین، نەوەك پیاو خراپ بێت و جاش و عەسکەرمان بەسەر وەرکات..

ئەویدی گۆتبووی:

نە بابە، با بڕوات بە پیاو خراپان ناچێت..

لە بن رەشماڵ بەردێکی قیت دەتگوت بە دەست لەوێیان لە عەردی چەقاندبوو، لە تەنیشت بەردە قیتێ تاخمەکەم کردبووە بالیف، نازانم لە کێ دەپاڕامەوە کە بۆ ماوەی چەند جگەرەکێشانێك بمخاتە باوەشی خەوەوە، لە پاڕانەوەدا بووم، یەکێ هاواری کرد:

+ هاورێینە ئاگر هات

- ئاگر!

تەماشا دەکەین بە پانایییەکی زۆر ئاگر لە سەر چنگان وا بەرەو رەشماڵ دێت، هیچ شتێك وەك ئاو و ئاگر بە غار نین کە دایانە غار، ئاو لە لێژاییی و ئاگریش کە دەستی با بگرێت، هەر هێندەمان بۆکرا،خۆمان کۆبکەینەوە بەولایەدا دژە با ببینەوە..

ئێستا دەمەو عەسرانێکی درەنگە، لە جێگەیەکین نازانم کێندەرێی دۆڵە رەقەیە، بە ئاستەم گوێم لێیە دەڵێن:

هەر چوار دەوری ئەو دۆڵ و دەڤەرە جاشرێژ و جێژرێژە..

لە دڵی خۆم گۆتم ئەو رۆژەی تێدەچین ئەورۆیە، دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە بە هەڵە لەو قسەیە گەیشتبم..

سەردەستە هاتە قسە:

هەتا تاریك دادێ لێرە دەمێنینەوە، ئەوجا دەپەڕینەوە، خەمتان نەبێت پەڕینەوەمان ئاسانە..

جێگاکە دار و باری زۆر بوو، لەو کاتەدا ئەگەر یادەوەریم سەرچیخی نەبردم، نە تینووم بوو نە برسی، جگەرەم بە جگەرە پێدەکرد.. ئیدی لە بن دارێك کە لە نێوان دوو تیشە بەرد روابوو، بە نیازی خەوتن راکشام نازانم خەوم لێکەوتبوو یان بۆرژابووم، ئۆندەم لە خۆم هەڵدا، زرمەکە هی گەمان نەبوو، جێی بە گابەرد لەق دەکرد، لە سبەینێوە هەر تۆپباران بوو، بەلاّم ئەوە تۆپی یەکەم بوو وا نزیك بکەوێتەوە.. ئیدی خەوم لێنەکەوتەوە، قەڵەمبڕەکەم دەرهێناو کەوتمە کۆڵینی درەختەکە، ئەو درەختەی خەوی پێنەدام یان دای و تۆپ بردی، درەخت کۆڵین پیشەی خۆم بوو، لە بن هەر درەختێك دانیشتبم و کاتی کولّینم هەبووبێ، شتێکم لێی نووسیوە، لە بیرمە شتێکی وام لە قەدی درەختە بەتەمەنەکە هەڵکەند بۆیە باشم لە بیرە چونکە دواتر جارێکیدیش خوێندمەوە:

((ماندووم درەخت ماندووم، کەمێك خەو، خەو))

خەریکە دووکەڵ ون دەبێت و ئاگر بە دیار دەکەوێت، تۆپەکان ماندوو نابن، رەنگە فڕۆکەکان چووبن پشوویەك بدەن، ئیدی کاتی رۆیشتنە، دیسانەوە نشێو، نشێو، نشێو، هەر نشێو، چ ترسناکە رۆیشتن بە لێژایی، چ جیاوازیەکی لە گەڵ لێژبوونەوە بەرەو گۆڕ هەیە! چ ترسناکە شەو رۆیی ئەگەر رێگاکە رووتەن نەبێت و هەمووی پووش و پەلاش بێت، ئەو رێیەی لێی دەترسام ئەو رێیەیە وا من لەگەڵ بیست کەسدا بەو شەوە ئاگراوییە پێیدا بەرەو دۆزەخ دەچین، وا هەستدەکەم هەرچەندی بستێك لە دوورایی ئاسمان دوورکەویتەوە هێندە لە دۆزەخ نزیك دەبیتەوە، خۆزگە هەموو رێگاکان لە لووتکەیان دەکردەوە بێ ئەوەی سەر بە دۆڵێکدا بکەن.. دوعام دەخوێند کە لە مار بە دوورمان بگری، بە پێیەکانی خۆم دەگوت:

کوێر نەبن، بە سەر چ دەکەون گرنگ نیە، بەس مار نا، پێ لە مار نان واتە کۆتایی ژیان، واتە سیامەند..

دەڵێن مار ئەگەر ئازاری نەدەی، بێ ئازارترین گیانلەبەری دنیایە، ئەوە قسەی زۆر کەسان بوو، چەندان جار لە زاری بابیشمەوە بیستبووم، ئەوە قسەی پیاوێکی بەتەمەن بوو، ساڵێك لە سالانی بە چیاکەوتن لە بن چیای مەتین بە دڵ و داو باسی بێ گوناهیی ماری بۆ دەکردم، باسی ئەو هەموو غەدرەی دەکرد کە مرۆڤ لە ماری کردووە و دەیکات، ئەو پیاوە وەها وێنەی ماری نیشان دەدا خەریك بوو ببمە ماردۆست، ئەو پیاوە دەیگوت:

((پێی لێ مەنێ، گێچەڵی پێ مەکە، بڕۆ لەگەڵی بحەوە لە سەر من... بەلام بزانە مار نە لە هەڵە خۆش دەبێت، نە گاڵتە قەبووڵ دەکات، ئەوجا ئەو گاڵتەیە لە لایەن منداڵێکی شیرە خۆرەشەوە بێت..))

خۆزگە مار جار و بار گاڵتەی دەکرد، خۆزگە مار لە هەڵە هیچ نەبێت لە هەڵەی شەوان خۆش دەبوو، ئاخر گوناهی من چیە ئەگەر لەو رێوبانە و لەو تاریکیە پێلاوەکەم بە جێگەیەکی لەشی کەوت، ئای ماری بەدفەڕ تۆ بە ئەنقەست دێی بەبەردەممدا تێدەپەڕی بۆ ئەوەی هەڵەبکەم و پێ لە سەر پشتت یان کلکت بنێم و تۆش هەموو ئەو ژەهرەی کە

داخوا چەند ساڵە بۆ منت هەڵگرتووە، بڕژێنیتە لەشمەوە و بە دەردەکەی سیامەندم ببەیت..

نازانم تازە یان لەمێژە گەیشتووینەتە راستە رێ، ئەو گۆڕاییە بە قووڵایی دنیا دەچێت، رەنگە قووڵترین جێگەی دنیایێ بێت، ئاخر کێ بە بیری دێت ئێمە لە لێژاییدا لێژ دەبینەوە، لە سەر ئەو چیایەی لە کاروانی ناسك دابڕاین، هەر لە شۆڕبوونەوەداین، مەتارەکەم یەك چۆڕ ئاوی تێدا مایە، ئەو چۆڕەی بۆ سەرەمەرگمم هەڵگرتووە، دەمێکە تینوومە و نایخۆمەوە..لە هەموولایەکەوە دەنگی تۆپە، لە هەموو لایەکەوە ئاگرە، ئەوەی نیە ئاوە، رۆیشتن لە شەوی ئاگراوی جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەوەی کە شەوکوێر بیت، ئاگرەکان بیناییت پەرتدەکەن و نازانیت پێ لە کوێ دابنێیت...

- ئەوە ئاوە، پشوو، بەڵام بەبێ دەنگی و ئاگاشتان لە ئاگری جگەرە بێت

+ ئاو!!

گۆماوێکی گچکە لە بیرم نیە کانی بوو، یان لە کانیەوە بۆی دەهات، پێنەدەچوو زۆر خاوێن بێت، بەڵام لە تینوێتی شەوی هاوینی کێ لە پاکی و پیسی ئاو دەپرسێت، لە بیرمە بە سەر گۆماودا نووشتامەوە، رێك وەك ئەو هێسترەی کە دەچێتە سەر ئاوێك لە بەر قووڵی ئاوەکە دەوی ناگاتێ، ناچار دەستەکانی دەنووشتێنێتەوە، من رێك وەك ئەو هێسترانەم کرد، هێندەی هێسترێکم ئاو خواردەوە، نادیە پسکویتێکیتریشی دامێ، ئەگەر دوای ئەو هەموو ساڵەش ئەو کچە ببینمەوە پێیدەڵێم:

((نادیە خان، یان هاوڕێ نادیە، زۆر سوپاس بۆ پسکویتەکە..))

دیسان فسکە فسك، هیچی تێنەگەیشتم، دوای دەمژمێرێك کەمتر زیاتر، بە رێکەوتین، بۆ کوێ نازانم، هێندە نەبێت کە پێشتر دەمزانی جادەیەکمان لە پێشە، دەبێت بیبڕین، ئەوەشم دەزانی پەڕینەوە لەو جادەیە پەڕینەوەیە لە مەترسی، بڕۆ بڕۆ، ئێستا لە بنەبانی دنیاوە خەریکە سەردەکەوینەوە، هەوراز هەوراز، دڵم بە هەورازە رێ خۆشە، رێ زۆر بەو رێیە دەچوو کە پێیدا هاتینە خوارێ، هەمووی دڕك و داڵ و پووش و پەڵاش بوو،

زۆر بەو ڕێیە دەچوو کە سیامەند پێیدا ڕۆیشتبوو، ئەو ڕێیەی لە نیوە شەوێکی وەك ئەو نیوەشەوی وا ئێمەی هەڵگرتووە و دەمانبا، سیامەند دەڕۆیشت مارێك خۆی هاویشتە بن پێی، سیامەندیش چ بزانێ داوێك لە گۆڕێیە، چ بزانێ مارێك وا لەو بەری ڕێ دەپەڕێتەوە ئەو بەر.. ئیدی سیامەند هاواری لێهەستا، هاوارێك کە هیچ گوللەیەك نەیدەتوانی هاواری وا لە سیامەند بەرزبکاتەوە، دەگێڕنەوە ئەو سیامەندە کە هەموو تەمەنی پێکەنین بوو، سێ شەو و ڕۆژی ڕێك بەس هاواری کردبوو، دۆڵی هیران و نازەنینی پڕکردبوو لە هاوار، ڕەنگە ئێستاش ئەگەر لە ڕۆخ ئەو چەمەی کە بەو دیوەی (بەرەکە) دا خوڕە کات، کەمێك دانیشی و گوێ هەڵبخەی، هاواری هاوینیانەی سیامەند ببیستی..

من بە درێژایی ڕێ لە خەیاڵی مار و سیامەند، لە خەیاڵی خۆم و مار بووم.. هەوراز ماندووی کردین، برسی کردین، تینووی کردین، خەریکە شەو خۆی دەپێچێتەوە، خەریکە جاش و پێشمەرگە لێکدی جیا دەکرێنەوە، من هەر بە تەمای گەیشتن بە جادە و پەرینەوەم... دەنگی تۆپەکان ڕۆژیان نەترساند، دیتم لە ناو دووکەڵی شاخەکان بە دیار کەوت، لە جێگەیەکین هەمووی دار و بارە، دەڵێی ئەو جێگەیەم پێشتر دیوە، لەو چیاو چۆلانە زۆر چەم و کانی زۆر چیاو دۆڵ، ڕێچکە و گۆڕاییی زۆر.. ئەگەر کەمێکیش بێت لە یەك دەچن و زۆر جاران چاو بە هەڵە دەبەن، بەڵام ئەو جارە بڕواناکەم چاوی من بە هەڵەدا چووبێت، من پێشتر ئێرەم دیوە، بەڵام کەی نازانم ، کوێیە، نازانم... ئای ئای! تۆ بڵێی من خەون نەبینم! باوەڕ ناکەم، کوڕە ئەوە درەختەکە نیە؟! با بچم بزانم..

((ماندووم درەخت ماندووم، کەمێك خەو، خەو))

خەریکبوو شێت بم، نەمویست بە کەس بڵێم، دڵنیابووم بە شێتیان دادەنام، دوای قسە و باس دوای پێکەوتن بە دەرنەچوون و گەڕانەوە، بە دزیەوە بە خۆم پێدەکەنیم، هەندێ جاریش لە سەر ئەوە بووم بگریم، تۆ وەرە بە کوێدا ڕۆیشتی بەوێدا بگەڕێیتەوە، ئەو ڕێیە دوور و درێژەش، ئەوجا هەستی پێنەکەیت، دەمگوت ئەوە چ گێلایەتی و کەرایەتیەکە! نزیکەی نۆ دەمژمێری ڕێك، یەك پێ ڕۆیشتن، کەچی هەر لەو جێگەیەشین

کە یەکەم هەنگاومان لێیەوە هەڵهێنا، بەوە دەگوترێ تەرسی خۆ گێرەکردن.. ئەوەی زۆر لام سەیر بوو، من هەستمدەکرد ئەو شەوە خەونم دیتووە، ئێستاش دەڵێم رەنگە بە دەم رێوە خەوتبم، جارێك دوو جار و دە جار خەوتبم، من بیری خۆم دەهێنایەوە کە لەو شەوەدا ئەو شەوەی هەموویمان لە رۆیشتن بەرێ کردووە، گەلێك خەونم دیتووە، لەوەوە قسەیەکی نەنکمم بیر دەکەوتەوە کە هەزار جاریش پتر بۆی گێڕاومەتەوە و قەتیش لە گێڕانەوەکەی بێزار نەدەبووم، نەنکم دەیگوت:

((کەس نیە لە دنیایێ هێندەی عەبدە خەوە حەزی لە خەو بێت، هیچ مندالێك هێندەی وی وا بە زوویی خەوی لێ ناکەوێت، هەر بلێ وا دەخەوم خەوی لێکەوتووە،ئەنگۆ دەزانن ئەو پیاوە چۆن دەخەوێت؟ خەوی ئەو عەبدە خەوە بە عەکسی خەوی هەموو بەشەرەکە، تووڕەم بکەن دەڵێم بە عەکسی خەوی هەموو تەیر و تواڵ و دڕندە و مالاتێکە، ئاخر کەستان دیتیە بە پێوە خەوی لێبکەوێت؟ وا کەسی واشتان دیت، ئەدی دیتتانە بە دەم رۆیشتنەوە بخەوێت؟ دە ئەو عەبدە خەوە لە رۆیشتنێ دەخەوێت، بە خوای زۆر کەس لە رێ لەگەلی بوونە، بە سەعات بە دەم رێوە نووستیەو خەوی خۆشیشی دیتیە...))

لەوێ دەمگوت ئەگەر ئەو جارە نەنکم ببینمەوە پێی دەڵێم:

نەنە کەسێکیدیش هەیە رێك وەك عەبدە خەوە دەخەوێت..

قەڵمبڕەکەم دەرهێناو ئەوەشم زیاد کرد:

درەختەکە خەو، بێ خەوی کەری کردم

تەماشامکرد هەموو لە پەل و پۆ کەوتبوون، نەمپرسی بە تەمای چنە و چ دەکەن، راکشام راکشانێك بەو نیازی خەوێکی درێژ زۆر درێژ..

- هەستە خۆ نەمردووی، هەستە..

+ چ چ چ؟؟!

پێشمەرگەیەك ناوەكەیم لە یاد نیە، دیار بوو دەمێك بوو بانگی دەكردم، پێمەوە ماندوو ببوو... چ ببینم باشە، لە ئاسمانی دۆڵە رەقە كۆپتەر كەپرۆكەیان كردووە، فڕۆكە رەوە رەوە دەهاتن و دەچوون، گڕو هۆڕێكە خوا گوێی لە هاواری بەندەكانی خۆی نیە، گوێم لێبوو:

((ئاگادار بن، كەلكی تەقەی نیە، تەقە نەكەن..))

پەرتەمان لێكرد دوو دوو، سێ سێ بە لایەكدا خۆمان حەشاردا، لە كەلێنی گابەرد و ناو كەندڕان خۆمان شاردەوە، لە سەر زگ و تەنیشت و پشتان لە سەر عەرد پاڵكەوتین.. من و نادیە و مێردەكەی — ناوەكەی لە سەر زارمە_ كەوتینە ئەو بەری چەمەكەوە، ئەو چەمەی پێنەدەچوو لە تەمەنی خۆی تەڕایەتی بە خۆیەوە دیتبێت، من خۆم خزاندە نێوان بەردێكی گەورە و تەڕاشێك، باش بوو بنە دارێك سێبەری لێم كردبوو، بەلاّم لەو دۆڵە رەقەیە بەر سێبەریش وەك بەر هەتاوە و هەڵمی ئاگرە.. هەردوو هێسترەكە هەر لەوێ لە بن ئەو دوو درەختەی كە قژیان تێكەڵی یەكتر كردبوو، بێ جوولە راوەستابوون و تەماشای دنیایان دەكرد، سەیر بوو، مێشەكەرانە دەوریانی دابوو، كەچی نە گوێ لەقانێ، نە كلك راوەشانێ، پێدەچوو ئەوانیش پێشتر زەبری كۆپتەریان دیتبێ ،بۆیە لە ئێمە بێدەنگتر و بێ جوولەتر بوون.. كۆپتەرەكان زۆر نەوی بوون، هێندەی نەمابوو زگیان لە عەرد بخشێ، من جاری یەكەمم بوو وا لە نزیكەوە كۆپتر ببینم، بوێرابایە هەر بە بەرد سەری شوفێری كۆپتەرێكم دەشكاند، باش بوو مەتارەكەم ئاوی تێدا مابوو، ناوە ناوە دەمم تەڕ دەكرد، تۆ لە بیرت بێت، گەرمای ئابی دۆڵە رەقە كانی دەكوڵێنێ، ئەدی دەبێت پلەی گەرمیی مەتارە گەیشتبێتە كوێ! ئەوەی لە كنە من جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو كە تێنەگەیشتم چۆن هێسترەكانیان نەدیت، تۆ بڵێی دیتبێتیانن، تەقەیان نەكردبێت! ئەوەیان نابێت! رەنگە، بۆ؟! رەنگە گوتبێتیان ئەوانە دەسكەوتی سەرباز و جاشەكانن بۆچی تەقەیان لێبكەین، رەنگە پێڕەویان لە ئایەتكە كردبێت .. دوا رۆژەكانی مانگی ئابە، عەرد و ئاسمان لە كوڵاّن و جۆشدایە، دەبوو خۆمان بگەیەنینە ئەو دۆڵاّییەی

کە پڕ لە دارو بارەو جێگەیەکی قایم دیارە، ئیدی ئەو کاتانەی کۆپتەرەکان کەمێك بەرزتر یان دوورتر دەکەوتنەوە، ئێمە لە سەر زگ و بە خشان، یان لە سەر چۆکان بەرەو جێگەی مەبەست دەخشاین، زۆری پێچوو تاگەیشتین..

ئێستا عەسرانێکی درەنگە، لە بن کۆمەڵێك درەختی بەساڵداچووی سەرو بژ خۆڵاوی کە سێبەریان لە کانیەکی دەمەو پایزی کردووە، دوو دوو سێ سێ زۆر لە یەکتر دوور نا، دانیشتووین.. کۆپتەرەکان کەم کەم کەمبوونەوە، نەمان، رەنگە لەوە ترسابن، تاریکیان بە سەردا دابێت... ئێمە لێرە تووشی دەستەیەکی زۆر پێشمەرگەیدی هاتین، من دەڵێم چل تۆ بڵێ پەنجا پێشمەرگە پتر دەبوون، هەندێ لە پێشمەرگەی دەستەکەی ئێمە لەگەڵ هەندێك لە دەستەکەیدی باش یەکتریان دەناسی، ناوی یەکتریان وەك ناوی خۆیان لەبەر بوو، هەر بە ناوهێنانی ((پشتئاشان)) ئەوانە بە یەکتر ئاشنادەبوونەوە، بە تایبەتی هەردوو سەردەستەکە هی ئێمە و هی ئەوان باش یەکتریان دەناسی و لە شەڕگەکانی براکوژیەوە یەکتریان دەناسی، لە هەموو پشتئاشانەکان سەنگەریان لێکدی گرتبوو، کەچی ئێستا شانبەشانی یەکتر دانیشتوون و سەریان لە بن گوێی یەکتر ناوەو پلانی پەڕینەوە دادەڕێژن، پەڕینەوە لە ئاقاری ئەنفال، من کەسم لە دەستەکەیدی نەدەناسی، یەك سەردەستەکەیانم یەك دوو جاریدی لە رێوبانان دیتبوو ناوەکەیم دەزانی لە بیرم چوو، وا بزانم مارانی یان کاوانی بە ناوەکەیەوە بوو، ئەوان چەند سەردەستەیەکیان هەبوو، یەکیان مامۆستا بوو (سەیف) پێبوو سەیفەکەش (دین)ی پێوە بوو! لە دەستەکەی خۆشمان تەنها نادیەو مێردەکەیم، ناوی ئەویشم لە یاد نیە، باش دەناسی، ئەوانیدی ناسینێکی سەرپێی دەمناسین، هەر ئەوەش وایکردبوو، ترسم پتر بێت، ئاخر نەمدەزانی ئەوانە چەندیان پێشمەرگەی تەنگانەن و تا سەر لەگەڵتن و بەجێت ناهێڵن، لە پێشمەرگایەتیش برادەرایەتی و ئاشنایەتی زۆر جار لە کڕینەوە و گەڕانەوەی ژیان و گیان رۆڵی زۆر دەبینن....

ئەو دەمەو عەسرەی دۆڵە رەقە دەمــەو عەسـرێكی ترسـناك بـوو، كـەس نـەبوو برسـی نەبێت، رێی هات و نەهاتیشمان لە پێش بوو، دەبوو لە جادەیەكی پڕاوپڕ لە جاش و جێـژ بپەڕینەوە، من نە ئەودەم و نە دواییش تێنەگەیشـتم بۆچـی لـەو كاتـەی لـە كـانی تـەلان بەرێكەوتین، بۆچی لە تێری نان و خواردنیان نەهێنا، بۆچی هێندە شەكر و چایان نـەهێنا كە لە رێگە لە تێری چا بخۆینەوە، خۆ دوو هێسترمـان پێبوو بایی یەك مـانگ خواردنیـان پێ هەڵدەگیرا، ئایا لە بارەگـای كـانی تـەلانیش خـواردن و شـەكر وچـا كـەمبوو؟ یـان وا تێگەیشتبوون لە رێ ئاوەدانی هەیـە و لـە هـیچ پـەكمان ناكـەوێ؟! تێنەگەیشـتم... وەك خەون لە بەر چاومە، دوو پیاوی هەندێك بە تەمەن پەیدا بـوون، دیـار بـوو خـەڵكی ئـەو ناوە بوون و خەریكی گواستنەوەی شتمەكی خۆیان بوون، ئـەوەی باشـم لـە بـیرە تەنەكـە هەنگوینێكیان داینێ لە بری ئەوە دوو هێسترەكەیان برد، ئیدی نازانم كێ ئەو سـەودایەی كـرد، دەسـتەكەیدیش سـەودایەكی لـەو بابەتـەیان كردبـوو، چـەند كلاشـینكۆفێكیان بـە هەندێك نان و هەنگوین گۆڕیبۆوە.. بەرە بەری رۆژئاوابوون بوو گوتیان:

((هەتا دەكرێ بارتان سووك بكەن، رێگایەكمان لـە پێشـە غـاردان و خێـرا رۆیشـتنی دەوێ...))

ئیدی هەر بابا بوو كۆڵە پشتی دەكردەوەو دەگەڕا چی فرێ بدات، كۆڵە پشتی من لـە هەمووان پڕتر رەنگە گرانتریش بووبێت، چی تێدا بوو! كراسێك و دەرپێ قوتەیـەك، تـاخم تراش و نینۆكبڕێكی ژەنگاوی، مووكێش و نەینۆكێكی لە لاوە شكاو، كەرتـە سـابوونێ، تەماشـای هـی ئەوانیـدیم دەكـرد جیـا بـوون لـە هـی مـن، ئـەوەی لـە كۆڵپشـتی مـن دەستدەكەوت لە هی ئەوان نەبوو، یان من نەمدەدیت، كۆمەڵێ كتێبی تێدا بوو، لە بیرمە هێمن و پەشێوی تێدابوو لە بیرمە سیزیفەكەی ئەلبێر كامۆشی تێدا بوو، لە بیرمە هەر لە بن ئەو بەردەی پاڵكەوتبووم، چاڵێكم بۆیـان هەڵكەنـد و كتێبـەكانم یـەك یـەك دەناشـت، كاتێ دەستم برد بۆ (ناڵەی جودایی)، وەك بڵێی گوێم لـە ناڵەیـەك بـوو، تێگەیشـتم كـە ناڵەی جودایی هی ئەوە نیە لێم جودا بێتەوە، خستمەوە ناو كۆڵە پشتەكەوە، ئەوانیدیم لە

بن بەردەکە شاردەوە، ئێستاش ڕێم بکەوێتەوە دۆڵە ڕەقە، ئەگەر ئەنفال بەردەکەی لە جێگەی خۆی نەجوولاندبێت، کتێبەکانم دەبینمەوە.. ئەو ساتەی کۆڵەپشتەکەم سووککرد، پێشمەرگەیەك سەید عەلیان دەگۆتێ، زەرفێکی گەورەی پێچراوەی لە دەست بوو، زۆر گەورە بوو :

تۆ بارت سووکە و گەنجی دەتوانی ئەوانەم بۆ هەڵگری؟!

نەمزانی چ بڵێم، لە ڕووتەنکی خۆم لێیم وەرگرت، لە بەر خۆشمەوە بە خۆمم دەگوت:

هەی کەرە شتی خۆت فڕێدەدەی و هی خەڵك هەڵدەگری، زۆری نەبرد، هەر لە بەر خۆمەوە گۆتم: دەی چ بووە!

شەو بوو گەیشتینە نزیك ئەو جادەی دەبوو لێی بپەڕینەوە، ئەو جادەی ماشێنی سەربازیی نەدەپساندەوە، یەك بزر نەدەبوو یەکیدی بە دیار دەکەوت، جگە لە ئاگری ماشێنەکانیش ناوە ناوە تۆپەڵە ئاگرێکیان دەهاویشتە ئاسمان و ئەو دۆڵەی دەکردە نوێژی نیوەڕۆ، ئەوە جگە لەوەی شەوقی سووتانی شاخ و دۆلان لە چاوانی دەدا... ئەو جادەیەی ڕەبایەکانی هێندە لێکدی دوور نەبوون، سەربازەکان لە شەوی کپ و بێدەنگیدا گوێیان لە تڕ و کۆخەی یەکتر دەبوو، نێوان دوو ڕەبیەیان دەستنیشان کرد بۆ پەڕینەوە، دەبوو لەو کاتە کەمەی دەکەوتە نێوان ڕەتبوونی ماشێنێك و هاتنی یەکیدی بە غاردان لە جادەکە بپەڕینەوە، بە لای کەمی دەبوو بۆ ماوەی نزیکەی دە خولەکێك یەك پێ و بە پێی با غار بدەی.. لەوێ بیستم ئەو چیایەی بەرانبەرمان کونەکۆترە، گەیشتن بەوێ واتە دەرچوون لە ئاقاری ترس و مەرگ، دەرچوون لە ئاقاری ئەنفال..

+ ئاگادار بن هەرچی ڕوویدا لە خۆوە تەقە نەکەن..

+ نهێنیی شەویش (قەندیل)ە

ئیدی دوو دوو بە غاردان لە جادەکە دەپەڕاینەوە، لە بیرم نەچێت، پێش پەڕینەوە چوار پێشمەرگە خۆبەختکردنێك خۆیان بەختکرد لە بیرنەچێتەوە، لە دەو جادەکە بە چەکی ڕووتەوە ڕاوەستان بۆئەوەی ئەگەر شتێك ڕوویدا ئەوان زوو دەستبکەنەوە، دوو لەو

پێشمەرگانە لە دەستەکەی ئێمە بوون، چەتۆ و هەردی، دوانیش لە دەستەکەیدی یەکیان حەیف ناویم لە یاد نیە، بەلاّم ئەویدیان بە هۆی کەتەیی و ریشە زەردە درێژەکەیەوە کە گەیشتبووە سەر ناوکی بە ناوەوە لە یادەوەریمە، دلّشاد باویانی..

من و ئەوەی لەگەلّم بوو هێشتا پێمان هەر لە سەر جادە بوو، لایتی ماشێنی سەربازی لە دەم و چاوی داین، هەر لە تەنیشت جادەکە کە کەمێك کەندڕ بوو وەك مردوو راکشاین، لە بیرمە خێرێکم لە خۆم گرت بەس نازانم چ بوو.. وەك دەلّێن خوا چاویانی کوێر کرد و نەیاندیتین، لەگەلّ نەمانی رووناکیەکە، یەك پێ غارمان دا، گەیشتبووینە بن بەرزاییەکەی ئەو بەریش هەر غارم دەدا..

نابێت چاوساخەکەش لەبیربکەم ئەگەر ئەو نەبا لەو بەر کێ رێی دەدیتەوە؟ چاوساخەکە خەلّکی ئەو گوندەیە کە لە جێی پەڕینەوە نزیکە، ئەو شەوە چاوساخ لە هەمووان قارەمانتر بوو، ئێمە لە ناچاریەوە بەلاّم ئەو بە پێی خۆی هاتە ناو مەترسیەوە، هاتە باوەشی مەرگەوە، ئەو پیاوە هەزار حەیف ناویم نەزانی، ئەو شەوە پێشمەرگەی هەلّەتەبووی راستەرێ کردەوە، وەك گولّەستێرە کەوتبووە پێش پێشمەرگە، دوای پەڕینەوە دێتە بیرم سەردەستەکان ویستیان پاداشتی بدەنەوە، دەمانچە و کلاّشینکۆفیان پێشکێش کرد، بەلاّمی چاوساخی چاوتێری قارەمان وەرینەگرت و بە رستەیەك مالاّوی کرد:

ئەگەر پیاو مابێت، تاریکەشەو هەیە!

{ ئێستا دوای ئەو هەموو سالّە ئەگەر شتێکم لە دەست با، لە شوێنی پەڕینەوە، لەو دەو جادە، پەیکەرێك دادەنێم لە سەر سینگی دەنووسم:

پیاوێك لە تاریکەشەودا بووە گولّەستێرە}

لەوێ بەو شەوە مەیلەو رووناکە هەموو گەیشتینەوە یەك، وا بزانم درەنگانی شەو بوو گوتیان:

((هەرچۆنێك بێت دەبێت پێش ڕووناکبوونەوە ئەو چیایە ببڕین و ئاودیوی ئەو دیو بین، مانەوەمان لەم دیوە واتە..))

ئیدی تێگەیشتین کە ئەو شەو دەبێت بە قەد سێ شەو بڕۆین، هەڵگەڕێ، هەڵگەڕێ، بە زگی برسی، بە قوڕگی وشك، ماندوو مردوو بە شاخی کونە کۆتردا هەڵگەڕێ..

+ ها زۆری ماوە؟

+ جارێ، چ ڕۆیشتووی!

+ نا نا، چی وا نەماوە..

نەتدەزانی باوەڕ بە کامیان بکەی، بەڵام من قسەی یەکەمیانم وەرگرت.. هێدی هێدی دەبووە ژاوە ژاو، هەبوو کوفری دەکرد، جوونی دەدا، جوونی بۆ عەرد و ئاسمان دەنارد، بۆ سەرکردە و شۆرش دەنارد، جا جوون بە چ نەدەدرا، هەرچی جوونی پیسی دنیا هەیە، بە ئەو هەورازەیەدا پی بە پێی پێشمەرگەی ماندوو، پێشمەرگەی برسی و تینوو، پێشمەرگەی ترساو هەڵدەگەڕا..

+ ئەو سەگبابانە بۆ خۆیان لە ئێران و هەندەران پیاسە دەکەن و ئێمەشیان بەو دەردە برد

+ هەر گۆتتان با شەڕ راوەستێ ، شەڕ راوەستێ، ئەوە راوەستا، بە قوزی دایکتانەوە..

(مەبەست لە شەڕی ئێران و عێراق بوو)

+ ئەدی ئێستا پاسدارەکان لە کوێن؟ بۆ نایەن یارمەتیمان بدەن!

+ بەس ئەو جارە دەربچم، شەرتبێت لەگەڵ یەکەم لێبووردن تێی بکەمەوە..

+ ئەگەر ئەو جارە دەردەچم، چەك بۆ شەیتان هەڵبگرم بۆ ئێوەی هەڵناگرم..

+ داکت بگێم سەدام، داکت بگێم ئەنفال، داکت...

+ ئەو قاحپە داکانە ئەگەر زوو پێیانگۆتباین، زوو خۆمان قوتار دەکرد، بۆ ئەوهامان بە سەر دەهات؟

+ ئەوە چیە ئەو کوفر و جوونانە، دیارە ئەنگۆ کوڕی تەنگانە نین! ورەتان بەرز بێت بە سەلامەتی دەرباز دەبین

+ دەرچوونی چی من ئیدی پێم لە دووم نایە..

ئەو شەوە لەو هەورازە سەختە، پێشمەرگە راست و رەوان دەدوان، شەوی راستگۆیی و گەیشتنە سەر ساخە بوو، وەك چۆن لە سەر مێزی خواردنەوە ئەو کاتەی دەگەیتە پلەی مەستی ئەوەی لە دلّتە لە زارتە، ئەوەی تا ساتەکانی پێش مەستی نهێنیی خۆت بوون، ئێستا بە گۆڕێیان وەردەکەیت، شەوی ئەو هەورازەیەش رێك وەك سەر مێزی مەستی بوو، پێشمەرگە درۆی نەدەزانی، راستگۆیانە جوونی دەدا، راستگۆیانە کوفری دەکرد، راستگۆیانە لە خۆی دەدوا، هەموو ئەوقسانەی رۆژێك لە رۆژان ویستوویەتی بیکات یان ویستوویەتی بیری لێبکاتەوە دواتر ترساوە، یان شەرمی کردووە بیانکات و پەشیمان بۆتەوە، کەچی ئەوشەو بێ ترس و شەرم بێ ئەوەی کەسێك داوای قسەی لێبکات، وەك ئارەقە لەو هەورازە هەلّیاندەرێژێ، ئەگەر ئەو هەورازەی کونەکۆتر نەبا کە ئەنفال لە دواوە نزێك زۆر نزیك تەماشای دەکرد، بەلاّم دیار بوو باشی نەدەدیت، ئەگەر هەورازەیەکی وا نەبا، پێشمەرگە قەت ئەو هەموو جوونەی نەدەدا، ئەو هەموو کوفرەی نەدەکرد، ئەو هەموو تفەی بۆ عەرد و ئاسمان نەدەنارد، نا قەت بەو شێوەیە سەرکردەکانی خۆی سووك و چرووك نەدەکرد، ئەگەر شەوێکی وا نەبا، پێشمەرگە هەرگیز نەیدەتوانی لەگەلّ خۆی هێندە راستگۆ بێت، ئەو شەوە من بۆ جاری یەکەمم بوو، لە نزیکەوە شاراوەیی پێشمەرگە ببینم، لە نزیکەوە قسەی دلّی پێشمەرگە ببیستم، لەو شەوەدا جگە لە راستگۆیی پێشمەرگە چیدیم نەبیست..

ئاگام لێبوو، گوێم لێبوو، مەخزەنی فیشەکیان لە خۆیان دەکردەوە و فرێیان دەدا، دەنگی غلۆربوونەوەی حەفتاوپێنجی دەهات، هەبوو بەس مەخزەنی سەر تفەنگەکەی هێشتبۆوە، لەوەش هێوەتر رۆیشت، هەبوو تفەنگەکەشی فڕیدەدا و بە دوویدا یەك دەسرێژ جوونی دەنارد، ئەو شەوە شەوێکی ترسناك بوو، شەوی فڕێدانی چەك و فیشەك، شەوی

جووندان به هەموو شتێك، شەوی رووخان، شەوێك بوو ئەنفال لە سەر چنگان بۆی دەهات، بیهێنە بەر چاوی خۆت نزیكەی حەفتا پێشمەرگەیەك لە شەوێكی هاوینیی ئارەقاوی بە هەورازێكی سەختدا هەڵدەگەڕێن و ئەگەر هەموشیان نەبێت یەكێ نا یەكێكیان ناوە ناوە لە جێگەی خۆیەوە مەخزەنێكی فیشك تێهەڵدەدا و هەر یەكێ لەو مەخزەنانەش بە چەند بەردێك دەكەوێ و هەر بەردەش چەند بەردێكیدی بە گەڵ خۆی دەدا، بیهێنە بەر چاوی خۆت پێشمەرگە ماندووە برسیە تینووە تووڕەكان یەك بە دەنگی خۆیان جوونیان بۆ دنیا دەنارد، دەبێت چ هەرایەك بخەنە ئەو شاخەوە، دیارە دەنگی تۆپە دوور هاوێژەكان زاڵ بوون بە سەر هەموو دەنگەكانیدی، دەنا جاش و سەربازەكانی خوارەوە گوێیان لێدەبوو، ئەوكات بە چەند تۆپێك، بە چەند دەسرێژێك هەموومانیان قڕ بڕ دەكرد.. گوێم لێبوو یەكێ گوتی:

+ مام سالح ناتوانێت بڕوات

من هەر لە خۆوە هەستێكی وام لا درووست بوو كە ئەركی سەرشانمە نابێت بە جێی بهێلم، هەر لەو جێگەیەی هەواڵەكەم بیست، لە رێچكەكە لام داو دانیشتم، چاوەڕێی مام سالحم كرد، ئەوانەی بە تەنیشتم تێدەپەڕین، وایان دەزانی توانای رۆیشتنم نەماوە:

((ورە بدە بەر خۆت، دوایی بە جێدەمێنیت!))

هەر نەگەیشت ،هاتمەوە خوارێ، دەبینم ئەوە كوڕەكەی لە كۆڵی كردووە، ئیدی منیش لە دواوە قاچەكانیم بڵند كرد، بەو نیازەی كەمێك قورسایی لە سەر عەلی كەم بكەمەوە، مام سالح تەمەنی هەر پەنجاساڵێك دەبوو، بەڵام نەخۆش بوو، لە هەورێوە تا ئەو بەری جادەكە تا ئەو شوێنەی هێسترەكەمان بە هەنگوین گۆڕیەوە هەر لە سەر پشتی هێستر بوو... دەنگێكیدی زۆر بەرز:

هاوڕێ كانەبی هیمداد بە جێماوە.

لەسەرەوە، تەواوێك لە سەرەوە، وەڵامی دایەوە:

ئێ باشە چی لێبكەین!

لە دڵی خۆم گوتم، یەك کەسمان پێ قوتار ناکرێت، ئەو بووە دووش، ئێستا من و عەلی هەر یەکەو بن پیلێکی مام سالحمان گرتووە، بەڵام سەیرە ئەو پیاوە پێی عەرد ناگرێ، پێدەچێت هەردوو پێی مردبن، ئەوەتا بە راکێشان رای دەکێشین.. زۆری نەبرد دەنگێکیدی بەرز بۆوە:

... بە جێماوە

تێنەگەیشتم چ ناوێکی گۆت، سەردەستەکەی ئێمە نا ئەویدی گوتی:

- لە کوێ بە جێماوە؟

+ لە خواری خوارەوە و دەڵێ تەواو ماندووم..

- ئاخر بڵێ کەری کەر، ئێستا وەختی ماندووبوونە، لێیگەرێن با بەجێ بمێنێ، ئەو قاح..

بە خۆم نەوەستام گۆتم:

ئەگەر ئێستا کاتی ماندوو بوون نەبێت، ئەدی کەنگێ هی ماندوو بوونە!..

بەڵام پێنەدەچوو گوێی لەو قسەیەی من بووبێت

ماندووبوون لەگەڵ مام سالح خەریکبوو هیمداد لە بیر بباتەوە، گەیشتینە ئەوەی کە با پشوویەکی باش بدەین، ئێ ئەوە خوایە کەمێك هێز هێزی رۆیشتن بگەرێتەوە پێی مام سالح.. لە پڕ هەستم بە بێ دەنگیەکی سامناك کرد، دیار بوو عەلیش هەستی کردبوو:

+ دەڵێی کەس نەما هەموو رۆیشتوون؟

-وا بزانم بە جێیان هێشتین

مام سالح بە دەنگێکی غەمگین هاتە قسە:

+ دەی زوو کەن، برۆن، خۆتان رزگار بکەن، دەی من بە جێ بێڵن، بەڵام ئەگەر ئاوتان لایە، چۆڕێکم بۆ لە مەتارەکەم بکەن، پێش ئەوەی عەلیی کوڕی وەڵامی بداتەوە من گوتم:

-تکایە قسەی ئەوها مەکە، ئێمە لەگەڵ تۆین..

عەلی هاتە بن گوێی من:

+ تکات لێدەکەم تۆ بڕۆ، مـن لای دەمێنمـەوە بەسـە، مـن باوکمـە نـاتوانم بـە جێـی بهێڵم، با هەر دوو کەس بفەوتێ بۆ ببێتە سێ؟

_ بە راستی منیش تازە ناتوانم بەجێتان بهێڵم..

کەمێکیدی هەڵمانگرت، کـەلکی نـەبوو، هێنـد شـەکەت ببـووین ئـەو پیاوەمـان پـێ هەڵنەگیرا، ئیدی لای خۆمان بڕیارمان دا، ئەگەر هەر جارەی سێ شـەقاویش بـڕۆین لـە رۆیشتن نەکەوین، هەندێکیدی رۆیشتین، دیتمان لە لە سەر رێچکەکە پێشمەرگەیەك یـەك بە خۆی راکشاوە، وا بزانم خەویشی لێکەوتبوو، بانگمان کـرد، نـاوی (هەنـدرێن) بـوو لـە دەستەکەی خۆمان، لە پەلو پۆ کـەوتبوو، کەمێکیـدی لـە سـەرەوە دوو پێشـمکەرگەیدی دانیشتبوون، ئـەو دووە پێشـمەرگەی دەسـتەکەیدی بـوون.. بـە بینـینی ئەوانـە لـە بـاتی خەفەت دڵم خۆش بوو، تۆ ناوی چی لەو دڵخۆشبوونە دەنێی گرنگ نیە، رەنگە تـۆش لـە جێگەی من بای دڵت خۆش دەبـوو، دڵـم خـۆش بـوو بـەوەی ژمارەمـان زیـادی کـرد، لـە تەنگانەی ئەوهادا ژمـارە گرنگـە، لـەولاترەوە دەبیـنین سەردەسـتە وا لـە سـەر بـەردێك دانیشـتووە، بـەو شـەوە چـاو و بـرۆ پڕەکـەی دیـار بـوو، بـە بینـینی ئـەو پیـاوە هێنـد دڵخۆشبووم، وام زانی چیامان بڕیوە و ئاودیوی ئەو دیوەی مەترسـی بووینـە، رووی کـردە مام ساڵح وگۆتی:

((نەمتوانی بە جێتانبهێڵم..))

من بە تەواوی تێنەگەیشتم داخوا سەردەستە پـەکی کـەوتووە یـان لـە چـاوەڕێی ئێمـە دانیشتووە..

ژمارەمان بووە حەفت، چوار پەککەوتە و تۆ بڵێ سێ ساخ، سەردەستە گۆتی:

((رێگاکـە زۆری مـاوە، وا خەریکـە بـەیانییش بـدا، هەندێکیـدیش بـڕۆین، جێگـەی خۆشاردنەوەمان نـابێ، مـن شـارەزای رێگـام، باشـترین جێگـە بـۆ خۆشـاردنەوەی رۆژێ، ئێرەیە، بۆیە لێرە بمێنینەوە باشـە، هـەتا سـبەی شـەو بـزانین چ دەبێـت، لـەو نزیکانـەش

کانیەك هەیە نابێت وشکی کردبێت، لەو کاتەی ساڵ درەنگتریش ئاوم لێی خواردۆتەوە..))

کەس قەسەی لە قسەی نەکرد، ئاخر جگە لەو کەسمان پێشتر ئەو ڕێگەیەمان نەدیتبوو، کانیش خۆشترین هەواڵی ئەو کات بوو، کانی، کانی، چیای بێ کانی چ بیابانێکی دۆزەخییە.. دەمویست بیر لەوە بکەمەوە کە مادام ژمارەیان زۆر بوو با من بڕۆم و دەربچم، بەڵام هەر زوو بیرکردنەوەی مانەوە جێگەی بیرکردنەوەی ڕۆیشتنی گرتەوە.. ئیدی بیرمان لەو دوو پێشمەرگەیە کردەوە کە لە خوارەوە بەجێمابوون، من و عەلی بە دوایاندا شۆڕبووینەوە، بانگمان کردن وەڵام نەبوو، ماندوو بووین، بە دەستی بەتاڵ سەرکەوتینەوە، دنیا لە ڕووناکبوونەوەدا بوو.. گەڕاین کانیەکەمان دیتەوە، بایی حەفتا تینوو ئاوی تێدابوو، ئەوجا بە حاڵ بەشی حەوت کەسی کرد، ئای ئاوم خواردەوە، هیچ هێسترێك ئەو هێسترەی بە هەنگوینیشمان گۆڕیەوە، هێندەی من ئاوی نەخواردۆتەوە هەتا درەنگیش نیتاقەکەی پشتم دانەدەخرا، دنیا تەواو ڕووناك بۆوە، مەتارەکانمان پڕکرد و بەرەو گابەردێکی گەورە هەڵکشاین کە دەکەوتە لای ڕاستی ڕێگاکەوە، ئەو گابەردە بە قەد سێ گا گەورە دەبوو، سەردەستە گوتی:

((باشترین جێگە بن ئەو بەردەیە، تۆپیشی پێبکەوێت ڕەنگە نەجوولێت..))

دیاربوو پێش ئێمە زۆر کەسیدی ڕێی بەو بن بەردە کەوتبوو، ورتکە نان و قونکە جگەرەی قامیشی لێبوو، ئاگردانێکی چکۆڵەی لێبوو، من بۆنی چایم لێی کرد، ڕەنگە پێش ئەوەی ئەنفال لێرە نزیك بکەوێتەوە، شوان یان کاروانچی چەندان جار لایان دابێتە بن ئەو بەردەوە و چایان لێنابێت، شیریان لێرە کوڵاندبێت، چوزانم چایە و ماستیان بە ئەستووکی گەورە گەورەوە خواردبێت، خەریکبوو شێت بم بۆ نانێك، بۆ چایە، دەزانن لە کەیەوە چام نەخواردۆتەوە! خەریکە تام و ڕەنگی لە بیر بکەم.. باسی برسێتی کرا، ئەو دوو پێشمەرگەیەی کە نەمدەناسین و لەگەڵ ئێمە نەبوون، گوتیان :

((نانمان زۆر پێیە..))

باوەڕم نەکرد، وام زانی گاڵتە دەکەن، ئاخر لە کوێیان بوو..کۆڵەپشتیان کردەوە، پڕ لـە ورتکە نان، هەر یەکەی دوو چەنگی گەورەمان بەر کەوت، بخۆ ورتکە نان بخۆ، چ تامێکی هەبوو خودایە، بەس من، بەس ئەوانەی لەوێ بوون، بەس کەسانی سەردەمی ورتکـە نـان دەزانن چ تامێکی هەیە ورتکە نان، ئەو گەسە زۆرخـۆش بـوو لـە سـەر برسـێتی کـە زۆر جـاران لـە گەسفرۆشـەکەی تەنیشـت دەرگـای سـینەما سـەلاحەدین دەمکـڕی و بـە دیـار فیلمێکی هیندیەوە هێواش هێواش دەمخوارد، بەڵام تامی ئـەو گەسـە قـەت نەدەگەیشـتە ئەو ورتکە نانەی لە بن ئەو گابەردە خواردم کە بە سینگی کونـەکۆترەوە خـۆی هەڵواسـی بوو، من تامی شفتەکەی پلکمم قەت لە زار دەر ناچێت کە لە تەمەنی هـەرزەکاری رۆژی هـەینیان لـە هـەولێرەوە بـۆ شـفتە و چیدی نـا هـەتا کۆیـە گـیر نـەدەبووم، هێشـتنا نەدەگەیشتمە پێش دەرگایماڵیان بۆنی شفتە بانگی دەکردم، بەڵام بە داوای لێبووردن لە پلکم تامی شفتەکەی وی هێندەی ئەو ورتکە نانە خۆش نەبوو کە لە ناو کۆڵە پشـتی دوو پێشمەرگەدا بوون، ئەو دوو پێشمەرگەیەی ناویانم لە بیر نەماوە، دەنـا لـە تەنیشـت هـەر وشەیەکی ورتکە نان ناوی ئەوانم دەنووسی.. تێر نەبووم، بێگومان نابێت تێر ببووبم، بەوە دەزانم ئەگەر تێر بووبام رەنگە تامەکەی هێشتنا لە دەمم نەمابایـە، بـەڵام تیـنم هاتـەوە بەر، ئێستا دیارە ئێستای ئەوێ مەبەستە، چا، نۆرەی چایە، بـەر لـە جگـەرە، یـان هـەر لەگەڵ جگەرەکە چا، چا! بەڵام... دڵنیام ئەگەر بە دوای ورتکە ناندا چایەك هەبایـە، زۆر شتیدی خۆیان دەخزاندە ناو یادەوەرییەوە.. دەی خـۆ بـێ چایەش جگـەرە تـامی جگـەرە دەدات، بێ چاش خەو هەر خەوە، دەبوو بنووم، دەهاتەوە بیرم کە من کەم خەوتووم، خـەو قەرداری منە، بن گابەردەکە کە جوان خۆشکرابوو، بن بەردەکەش تەواوێك هەڵکـەنرابوو، رێك لە بێراییـەکی گچـکە دەچـوو، ئاسـایی جێگـەی راکشـانی حـەفت کـەس زیاتریشـی لێدەبۆوە، ئیدی هێندەم جگەرە کێشـا خـەریکبوو هەناسـەم بوەسـتێ، بـە نیـازی خـەوتن راکشام، تۆپەکان دەنگیان دەهات بەڵام هـی ئـەوە نـەبوون رێـی رووەو خـەوی مـن بـەرەو لایەکیدی ببەن، ئاگام لێبوو نەرم نەرم دەچوومە خـەوێ، ئاگاشـم لـەوە هـەبوو کـەم کـەم

تۆپەکان نزیکتر دەکەوتنەوە، زۆرتر و زۆرتر دەبن، خەریکە لە نێوان دەنگی دوو تۆپ دەنگی تۆپێکیدی دێ، ئیدی تۆپ تۆپ، تۆپ ناپسێتەوە، تۆپ ئەو رایەڵەی پساندەوە کە برژانگمی بە خەوەوە دەبەستەوە.. گوتم لێگەڕێ ئەورۆ رۆژی خەوە و خەوێکی باش دەکەم، نەیانهێشت، تۆپە چیا هەژێنەکان نەیانهێشت، چێشتانێکی درەنگە، بەلاّم هێشتا بەردەکە، ئەو بەردەی رەنگە هەتا ئێوارێ ماڵی ئێمە بێت، هەر لە ئاقاری سێبەرە و هەتاوی نەگەیشتۆتێ.. بە وردی هەستمان لە تۆپەکان رادەگرت تا بزانین لە کوێوە و بۆ کوێ دەهاوێژرێن، تێگەیشتین لەوەی کە ئەورۆ تۆپەکان هەموویان رووەو کونە کۆترن، رووەو بەرزایی کونەکۆتر، بەلاّم هەندێ لەو تۆپانە کورتدێنن، لە دەور و بەری ئەو گابەردە دەکەونەوە کە حەفت پێشمەرگەی پەنا داوە:

- هەبێت نەبێت پێشمەرگەیەکی زۆر بەسەر ئەو چیایەوەن..

- هەر وایە، ئەو تۆپبارانە بەلاش نیە.

- بۆیە ئێرە جێی مەترسی نیە.

-چۆن؟

- یانی جارێ ئێرە رێی هێرش هێنان نیە.

- تا شەو؟

- رەنگە

- هەندێك جار چەندی لە دوژمن نزیکتر بیت سەلامەتتری..

- بەلاّم ئەو تۆپانە..

- ترسی ناوێ، جێمان قایمە، نابینی لە پەنای چ بەردێکین

- ئەگەر یەکێك لەو تۆپانەی پێدەکەوێت، خۆت دەبینیەوە!

- ئیدی هەرچی بێت، لەو بن بەردەمان باشتر دەست ناکەوێت، ئەوەتە لە پێش چاویانین، جوولەیەك بەسە بۆ لە ناوچوونمان... لە ناو دووربینەوە سوپای ئەنفال بە جاش و سەربازەوە جوان جوان دیارن..

هەر یەکەی قسەیەکی دەکرد، وا بزانم بەس من بەشداریم نەکرد، هەر لەبیری ئەوە بووم تۆپەکان ئەگەر بە خاترانەش بێت، کەمێك دەنگیان نزم بکەنەوە و چاوێك گەرم بکەم، چەند جار خەریکدەبوو ببۆرژێم، زرمەیەك بستێك لە زەویی بەرز دەکردمەوە، ئەنگۆ نەتاندیتیە، ئەو دەمەی کە چیا تۆپباران دەکرێ، ئەو دەمەی هێشتا تۆپێك بەعەرد نەکەوتووە، تۆپێکیدی لە دوویتی، ئەو دەمەی تۆپ بە بەردێك دەکەوێ و ئەو بەردەش لەگەڵ خۆی چەند بەردێکیدی غلۆر دەکاتەوە،دەڵێی چیا کونی رژانی تێ بووە و سەرلەبەری دەڕژێتە دۆڵەوە..

بەردی ماڵ هێندە دوور نەبوو لە جادە، قەناسێکت لە دەست با، بە مەرجێکیش گوێت بە ترس نەدابا، ئەوا قل قل جاش و سەربازت تەختی جادە دەکرد، هەرچی جاشی کوردەواری و سەربازی ئومەی عەرەبی هەیە بە نیازی ئەنفالکردن خڕبوونەتەوە، بە نیازی گرتنی کونە کۆتر لەو دۆڵە خربوونەوە، بە دووربین تەماشای درێژایی جادە و بەرزاییەکانی ئەو بەرمان دەکرد، ئەو جێگەیەی تێیدا هێسترمان بە تەنەکەی هەنگوین گۆڕیەوە و کتێبەکانم لە بن بەردێك شاردەوە، لە جاش و سەر باز رەش دەچوونەوە..

- چما ئەو هەموو جاشە هەیە؟
- هێشتا چت دیتیە!
- وا بزانم نیوەی پیاوی کورد جاشە.
- نیوەکەیدیشی سەرباز.
- نا نا، حەفت پێشمەرگەشی هەیە، هە هە هە..
- هەهە هە هە هە

چەند رۆژ دەبوو هێندە پێنەکەنیبووین.. لە بیرمە رادیۆی بەغدامان کردبۆوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ جاشان هەبوو، هەرچی جوونی پیس هەبوو بە ئێمەی دەدا، دوای جوونەکانیش گۆرانیی بەفرەباری بۆ خستینە سەرێ، دەتگوت دەزانێ ئێمە وا لە بن ئەو

بەردە وەك پشكە گۆشتی سەر سێرێ چزەمان دێ، بە بەفری گۆرانی فێنكایی بۆ دەناردین..

ئێستا ماڵمان لە بەر هەتاوە، بەرد لە هەتاوی نیوەڕۆی مانگی هەشتی ساڵی هەشتا و هەشت سووربۆتەوە، گۆشتی بخە سەر دەیبرژێنێ، ئێمە لە سێبەری بەردەكە دانیشتووین، بەلاّم سێبەری چی، رێك وەك ئەوە وایە كە لە سێبەری ئاگر دابنیشی، دەبێت دەست بەو مەتارە ئاوەشەوە بگرین كە بەیانیەكەی لە كانیەكەی ئەو لاوە پڕمان كرد، دەبێت هەتا تاریك دادێت بەشمان بكات... كونەكۆتر كەوتۆتە بەر غەزەبی عەرد و ئاسمان، فرۆكەشی هاتە سەرێ، لە بەرزایی زۆر بەرزەوە كونەكۆتر دەكوتن، قەدپاڵی كونەكۆتر دەكوتن، گابەردی ماڵ ئەگەر لە غەزەبی عەردیش بمانپارێزێ، رەنگە بەرانبەر غەزەبی ئاسمان هیچی لە دەست نەیەت.. دنیا هەمووی دووكەڵە، قەت هاوینی وا دووكەلاّویم نەدیتووە، ئەو چڕە دووكەڵەی لە ئاقاری كونەكۆتر و دۆڵە رەقە دیتم ، مەگەر لە هەورێی دووكەلاّوی دیتبێتم..

دەمەو عەسرە گابەرد بەردێكە لە دۆزەخەوە، ئاسنی لە سەر دانێی دەیتاوێنێتەوە، رووە سێبەرەكەی لە رووی هەتاوی گەرمترە، كێ دەوێرێ دەست بگەیەنێتە چەكەكەی! چاوێك نەبوو تەماشای ئەو حەوت پێشمەرگەیە بكات، ئاویان لەبەر دەڕۆیشت، بایی تەمەنێك عارەقەیان دەرداوە، مسقالە خوێیەكیان لە لەشدا نەماوە.. حەفت پێشمەرگەی بەجێماو چاوەڕێی هیدایەتی تۆپێكن، تۆپەكان پڕتر و نزیكتر دەبنەوە، گابەرد بێ منەت سینگی بۆ ساچمەكان گرتۆتەوە، تۆ ئەو دەنگەت بیستووە كە لەبەر یەككەوتنی بەرد و ساچمە بەرز دەبێتەوە؟! یەك دوانێك بە حەربەكانیان خەریكی كۆڵینی بن بەردەكە بوون، بۆ ئەوەی كەمێك لەو مەرگە دووركەوینەوە كە لە رێی ساچمەكانەوە بە رێوە بوون.. من سەیری رۆژ دەكەم بزانم لە كوێیە، زۆری ماوە بۆ ئاوابوون، پێناچێت ئەورۆ رۆژ ئاوابێت..

- زۆری هەڵمەكۆڵن با دانەرووخێ و پانمان كاتەوە
- قەیناكە لە مردنی بە ساچمە خۆشترە

- بەلاّم مردنی بە ساچمە لە هی کەوتنە بن بەرد شەهیدترە

- من خۆشتترم دەویّ، ئیشم بە شەهیدتر نیە

لە بیرمە لەو ساتانەش کە باشترە بە ساتەکانی سەرەمەرگ ناوی بێنم، گابەرد گالتە و پێکەنینی لیّ نەبڕا..

نازانم ئەوانیدی، بەلاّم من هەر بە عارەقەی لەشم دەستم لە ژیان شووشت، مردن زۆر نزیك بوو زۆر، لە بن گابەردەکە لەگەڵمان بوو، لە سەر ئەوە وەستابوو، وەسیەت بکەین، بنووسین، قەڵەم و کاغەزم دەرهێنا، شوێنەکەم پەڕگە بوو، پشتم لەوان کرد

- شیعری بۆ هات

- بیستمە کە شیعر لە کاتی ناخۆشی و خۆشی دێت دیارە...

- ناو لە شیعرەکە بنیّ بەردێك لە دۆزەخەوە.

- دە لێی گەڕێن با بنووسێت.

وا دیاربوو دەیانزانی من دەو لە شیعر دەدەم.. تاهوو واهوو! وەك کەر و کوندەکەی لێهات.. ئیدی ئەو قسانە لە وەسیەت نووسین پەشیمانیان کردمەوە، بەلاّم وەك بلێی نەدەکرا ئەو پەڕە کاخەزەی لە دەستم بوو بە سپێتی هەڵیگرمەوە رەنگە هەر بە ناچاری یان هەر بۆ گالتە یان زۆر بە خۆشی و پەرۆشیەوە بە هەر هۆیەك بووبێت نووسیم: ((بەردێك لە دۆزەخەوە)).. لەوەتەی هەم وا نەکەوتوومەتە ئەندێشەی مەرگەوە، تا نزیك دڵنیایی دڵنیا بووم کە لە بن ئەو بەردە ژیان کۆتایی دێت، دەمویست بیر لەو ساتانە بکەمەوە کە بڕیاری هاتنە چیام دا، حەزی سەرکۆنەکردنی خۆم کەوتبووە سەرم، دەمویست بیر لەو شێتایەتیەی خۆم بکەمەوە کە لەگەڵ ئەوانیدی نەڕۆیشتم و لێرە مامەوە، لە بیرمە زۆر پەرت بووم زۆر، هەزار و یەك بیرکردنەوە بە سەرمدا وەك تەلەزمە ساچمە گڤەیان دەهات، مەرگ هێندە نزیك کەوتەوە، بواری ئەوەش نەبوو بلێم ئەگەر ئەوجارە نەمرم مەرج بێت ماڵئاوایی لە چیا بکەم، نزیك بوو زۆر نزیك، مەرگ نزیکتر لە بای هەناسە...

خەریکە ڕۆژ بەری ئاسمان بەردەدا، ئای لە مێژە لە ئاسمان وەستاوە و جوولە ناکات، بەس ئەو جارە شەو دابێت، نا زەحمەتە جارێکیدی بەو چاوانەم تاریکی ببینمەوە، ئیدی وا دیارە بۆ یەکجاری دەچمە تاریکیەوە، ئەوەتا تۆپەکان لە بن لووتمان بە عەرد دەکەون.. ئەوەتا دەنگی دۆشکەش دێت، ئەو دەنگە جیایە لە هەموو ئەو دەنگانەی ئەمڕۆ هاتوونەتە ناو سەری منەوە، ئەو دەنگانە نە لە ئاسمانەوە دەڕژێنە بەرزایی کونەکۆترەوە، نە لە خوارەوەش بە کونەکۆتردا هەڵدەگەڕێن، نا لە هیچ چیایەکیدی رووەو کونەکۆتر نایەن، ئەو دەنگانە لە لووتکەی کونەکۆترەوە بە سەر ئێمەدا ڕێك ڕێی سینگی ئەو جاش و سەربازانەیان گرتووە کە لە خوارەوە نیازی گرتنی کونەکۆتریان لە سەرییە، ئەو دەنگانە دەنگی چەکی پێشمەرگەن، خۆزگەم دەخواست منیش لە بەرزایی کونەکۆتر بام و بێ منەت بێ خۆ شاردنەوە، تەقەم لەو دنیایە بکردایە، ئەو دنیایەی وا دەیبینم کە سەراپای جاش و سەربازە، هەر زوو بزەیەکی تاڵم بۆ ئەو خۆزگەیە کرد، ئاخر ئێمە خەریکە، نا، خەریکە نا، هەر تەواو وا کەوتینە نێوان دوو بەرداشەوە، بیرم لەوە دەکردەوە، داخوا تەرمەکەم دەناسرێتەوە یان نا، دەترسم جاشێکی کۆلانەکەی خۆمان بمناسێتەوە، ڕەنگە بە هۆی لێك عاجزیەك کە لە کاتی منداڵیدا لە نێوانمان پەیدا بووبێت، کە من لە بیریشم نەماوە، یان بە هەر هۆیەك و بۆ هەر مەبەستێك بێت ئاشکرام بکات، ئەو کات یەکسەر کۆمەڵێك جەلاد دەورەی ماڵمان دەگرن و چی روو دەدا! لەوەش گەڕێ دامان نا تەرمەکەم گورگ خواردی، داڵ خواردی، ئەدی ئەو کاتەی هەواڵی مەرگم دەگاتە ماڵێ! کێ دەڵێ بە مەرگم دەزانن، ڕەنگە هەتا هەتایێ لە چاوەڕێی هاتنەوەم بن.. من خەریکی باسوخواسی مەرگی خۆم بووم، کەم کەم دەگەیشتم، دەگەیشتمە مەرگی بن بەردێك، هەر بە راست خۆم ئامادە کرد بۆ بەخێرهاتنی عیزرائیل، چاوم لە سەر یەك دانابوو، دەمگوت با بە چاوی داخراوەوە گیانم بکێشێ..

ها، ئەوە خەوتی؟

هێندەم لە خۆم هەڵدا، چما عیزرائیل پرسیاری ئەوهاش دەکات! هەر بە راستی من وام زانی عیزرائیلە..

((هەستە دەڕۆین))

تەماشادەکەم دنیا خەریکە تاریك دادێت، دەنگی تەقە نایە، ناوە ناوە دەنگی تۆپێك دێت، ئەویش دوور زۆر دوور لە سەرایی کونەکۆتر دەکەوێتەوە، چووبووینە سەر کانیەکەش من هەر وام دەزانی عیزرائیل لە تەنیشتمە، تێگەیشتم ترسی مەرگ خستبوومیە خەیاڵێکی ئەوتۆ، دابڕانی تەواو لە گابەردی ئاقاری کونکۆتریێ دابڕابووم.. بەڵام ترس بەرینەدام، ئاخر ئاشکرایە تەقە وەستان واتە هێرشهێنان، بەڵام لە کوێوە! ئیدی بە لای راستی چیادا تیواوتی بڕۆ، رۆیشتنێکی لە سەرەخۆ، لەبەر مام سالح نەماندەوێرا خێرا بڕۆین، دەترساین دیسان پەکی بکەوێت، ئەو رێگایەی گرتبوومانە بەر سەردەستە دەیگۆت:

هەورازی سەختمان لە پێش نیە، چونکە مەیلەو سووڕانەوەیە بە دەوری چیا، رێگایەکی نزیکتر هەیە رێك دەچێتە سەریێ، بەڵام ئەوەیان کەلکی ئێمەی نیە..

مام سالح دەیگۆت:

ئا ئا، بە قوربان نەمانخەیتە رێگەی سەختەوە..

برۆ برۆ، بە گشتی کونەکۆتر ئەو ماوەیە مەیلە و کپە، تۆپی بۆ نایە، لە هیچ لاوە تەقەی لێناکریێ، جاروبار لە سەری سەرەوە دەنگی دەسڕێژیێ، چەند دەسڕێژیێ دیێ..

((چەندی زوو دەرچین هەر درەنگە، نەکا لە لای ئێمەوە هێرش بێنن.))

ئیێ، بەڵام چ بکەین، لە کویێ دوو پێی تیژڕۆ بۆ مام سالح بێنین، هەر ئەو نا ئەوانیدیش توانای ئەو رۆیشتنەیان نەبوو کە ئەو شەوە لێی دەویستین، ئەوەی لە رۆیشتن نەکەوتبوو من و عەلی بووین، سەردەستەش باش دەڕۆیشت.. بڕۆ بڕۆ شەوێکە نە زۆر تاریك نە هێندە رووناك، شەوێکە هەرچی چیاو چۆل هەیە ئاگری گرتووە، کونەکۆتر بایی گەسکێك پووشی پێوە نەمایە، بۆیە ئیدی ئاگر ناگرێت، یەك پارچە خۆڵەمێشە، هەرچی چیا هەیە

لەو شەوەدا باوەشیان بۆ تەقینەوەی تۆپەکان کردۆتەوە، بەلاّم ئەو شەو ئەوەی تۆپە روو لە کونەکۆتر ناکات، شتێکی ترسناکی لە چاو دایە ئەو بیٚ تۆپییە!..

- کا وس بن، دەلێیی دەنگە دەنگەز

- ئا منیش گوێم لێیەز

- هیچ نیە، گوێتان دەنگ دەداتەوە.

ئەو کوڕەی هەندرێنی ناو بوو بە دلّنیاییەوە گۆتی:

کوڕە ئەوە بە عەرەبی قسەدەکەن..

هەموومان کە لە نزیك یەك راوەستابووین، بە گویٚ هەلّخستن تێگەیشتین کە هەندرێن راستی گۆ.. مام سالح هەلّیدایی:

دە بە خوا ئەمانە هاوڕێیانی عەرەبن، با بیانگەینیٚ..

نازانم کام بوو بە هێواشی گوتی:

بڕواناکەم هاوڕێیان بن، پەلە مەکەن.

دەنگە دەنگەکە لە پێش ئێمەوە لە لای خوارەوە دەهات، من و عەلیان راسپارد کە بچینە پێش بۆ ئەوەی پێبکەوین.. تەواوێك رۆیشتین، دەنگەکانیش تەواو نزیك بوونەوە، ئەوەت لەبیر بێت، لەو شەوەدا لە دوورایی شەش حەوت هەنگاویٚ کەمتر زیاتر چاو جوولەی دەدیت، هەر لەدەو رێگاکە لە پەنای بەردێك وەك سەگی جاسووسی هەلّتووتکاین، ئێستا دەنگەکان روونن، خاوەن دەنگەکان لە بەر دەمانن، بە کوردی و عەرەبی قسە دەکەن، لە ناو هەر دوو رستەیان چ رستە کوردییەکان چ رستە عەرەبییەکان وشەی (موخەریب) دەبیسترا، بیٚ ئاگا لەوەی حەفت (موخەریب)ی ماندوو وا لە بەر دەستیانن، من ئەگەر هەموو دنیاش بلێی ئۆی لەو درۆیە، دەلێم لە ناو دەنگە کوردیەکان دەنگێکم ناسیەوە، کەس هێندەی من گوێی لە دەنگی ئەو پیاوە نەبووە، ئەو پیاوە خاوەن دەنگێك بوو، هەموو گەڕەك لە ناو هەزار دەنگ دەیانناسیەوە، دەنگێکی زۆر تایبەتی هەبوو، دەنگی لە دەنگی کەس نەدەچوو، ئەو پیاوە لە دوای سالّی حەفتاو پێنجەوە یەکەم

کەس بوو کە لە گەڕەکی بەلاشاوەی هەولێر بووبێتە جاش، ئا ئەو شەوە ئەو یەکەم جاشەی گەڕەك بە بەردەمی مندا بە چیای کونەکۆتردا هەڵدەگەڕا، دڵنیام ئەگەر بە رێکەوت کەسێك بە دەنگی بەرز ئەو چەند دێرە بخوێنێتەوە، هەر بە رێکەوتیش ئەو پیاوە گوێی لێ بێت ئەوە گومانی تێدا نیە دەڵێ:

ئۆی لەو سەگبابە ئەوە کو دەنگی منی ناسیەوە!

هەر هێندەش نا، دەڵێت:

ئەگەر دەمزانی لە بن ئەو بەردەی کوو یەك حەفتاو پێنجیم لە مێشکت بەتاڵ دەکرد و ئێستا ئەو گووانەت نەدەخوارد..

ئیدی بە بەر چاوانەوە کۆمەڵێك جاش و سەرباز سەرەو سەرێ هەڵدەگەڕان، گەڕاینەوە لای برادەران و تێمانگەیاندن چ باسە.. ئیدی هەموومان کۆك بووین لە سەر ئەوەی جگە لە رۆیشتن بەو رێگەیە چارێکیترمان نیە، دیسانەوە من و عەلی پێشکەوتین، وا رێککەوتین کە تەواوێك لە پێش ئەوانەوە برۆین لەو کاتەی زانیمان رێگە بێ مەترسیە یەکمان لەوێ بمێنینەوە و ئەویدی بگەڕێینەوە برادەران ببەین، ئیدی بەو شێوەیە.. جاش و سەرباز دەستە دەستە قەدبڕ سەردەکەوتن، ئێمەش بە رێی خۆماندا، دڵنیام ئێمەشیان دیتووە، بەلاّم هەر وایان زانیوە جاشین و لەگەڵ ئەوانین، لە بیرمە جارێکیان کە بۆ لای برادەران دەگەڕامەوە، هەر هێندەم زانی سێ چوار جاش گەیشتنە بەردەمم، نازانم کوو زراوم نەچوو، چم لە دەست نەهات، ئەوە نەبێت رێی خۆم گۆڕی و رێی جاشانم گرتە بەر، واتە وەك ئەوان رووم لە چیا کرد، تەواوێك رۆیشتم، باش بوو بەردێکی گەورە هاتە پێشم، خۆم دا پەنایێ کە ئەوان دوور کەوتنەوە هاتمەوە سەر رێی پێشمەرگە، ئیدی ئێستاش نازانم کوو لە ناو ئەو هەموو جاش و سەربازانە دەرچووین، ئەوەشم لە بیرە جاشەکان هەولێری بوون، سلێمانی بوون، کەرکووکی و دهۆکی بوون، ئاخر لە قسەیانرا دیار بوو، من باش گوێم لە قسەیان دەبوو، ئەو جوونانەشم لە بیرە کە بەو شەوە هاوینیە بۆ دایك و

خوشـکی پێشـمەرگەیان دەنـارد، جاشـێکیان دەوی زۆر پـیس بـوو، هـەتا گەیشـتە بـن لووتکەش هەر جوونی دەدا، عەلی بە هێواشی و بە گاڵتەوە گۆتی:

+ لێی مەگرە ئەوە شێتە.

- نا نا خۆ لەگەڵ ئێمەی نیە.

بـڕۆ، بـڕۆ، وا بـزانم شـەو زۆر درەنگـە، ئێمـە رەنگـە لـە مەترسـی دەرچـووبین، هەورازەیەکمان هاتـە پێشـێ، هـەردووکمان سـەرکەوتین، ئیـدی ئـەودیو لێـژایی بـوو، بـە گوێرەی ئەو تاریفەی سەردەستە بۆ ئێمەی کردبوو، لێرە شۆڕبینەوە لە ئاقاری کونـەکۆتر دەردەچین.. ئەوانیش گەیشتن، ئۆخەیش ئەوجارەش دەرچووین.. لە سەر پشـت راکشـابووم لە هەموو راکشان و دانیشتنێك پێویست ناکـات نـاوی بـەردیش بێـنم، ئـەو بـەردەی لـە باپیرمەوە بە بۆماوەیی بۆم ماوەتەوە، حەزم دەکرد سەد جـار بڵـێم ئۆخـەی، تێـر ئۆخـەیم نـەکرد، تێخـورینی عـەلی قیتیکردمـەوە، دەبیـنم روو لـە سـینگی چەکدارێك تفـەنگی راگرتووە:

کێی؟ نەجوولێی؟ دەتکوژم..

ئێمەش تفەنگمان لە کابرا راکێشا، من کە زانیم بە تەنێیە هێندە گرنگیم پێنەدا، ئەو پیاوە هیچ قسەی بۆ نەدەکرا، ناهەقی نەبوو، هەر کێ با لە جێگەی وی، بـەو بەرەبەیانـە حەفت زەلامی چەکدار دەوری بدەن، زراوی دەچوو، باش بوو نەکوژرا، پێشمەرگە بوو، لـە سـەر لووتکـەی کونـە کـۆترەوە دەهاتـە خـوارێ تـا بچێتە بارەگاکـەی ئـەودیو، نـان بـۆ برادەرەکانی ببا، لە رێی ئـەو پێشـمەرگەوە زانیمـان لـەو دیـو بارەگایـەك هەیـە، پـڕ پـڕ خواردن، چایەشی لێیە، بە غاردان شـۆڕبووینەوە، هێشـتا رۆژ هەڵنـەهاتبوو، گەیشـتینە کۆمەلە بەردێکی زۆر گەورە، هەر بەردەی بە قەت خانووێك بوو، لە هـیچ جێگەیەکیـدی دیمەنی وام نەدیتبوو، وا بزانم ژمارەی بەردەکان حـەفت بـەرد بـوون، هـەر بـەردەی شـەش حەفت شەقاوێ لێکدی دوور، گەورەیی شێوەشیان زۆر لێکدی نزیك بوو، ئـەو بەردانـە لـە

گۆڕاییەك قیت قیت راوەستابوون، باوەڕم نەکرد کە لە ڕێگەی کاری ڕێکەوتەوە ئەو بەردانە بووبنە دراوسێی یەکدی..

لە دواوە دەڕۆیشتم هەر هێندەمان زانی لە پەنای دوا بەرد لەو حەفت بەردە چەکدارێك لێمان دەرپەڕی، بە هەموو هێزی خۆی هاوری کرد و تفەنگی راکێشا، هاواری دەکرد و تێنەدەگەیشتم چی دەڵێت، خۆم خستە پەنای بەردێکەوە گوێم لە سەردەستە بوو دەیگوت:

رووی لەولاکە، برا رووی لەولاکە، ئێمەش پێشمەرگەین.

ئەو هەر هاواری دەکرد، هێندەی تێگەیشتم:

دەتانکوژم نێنە پێش، ئێوە جاشن..

توندتر هاواری کرد، دەتگوت تووشی هستریا بووە:

کوڕە لەگەڵەنگۆمە، بگەڕێنەوە، تەقە دەکەم.

پیاوێکی ترسناك بوو، دەنگی جیڕەی ددانی دەهات، چاوەڕێ بووم زرمەی لێوە بێنیێ، چاوەڕێی بەربوونەوەی سەردەستە بووم، دیتم سەردەستە بە لەرزین لەرزی گرت و بەرەو دواوە کشاوە، هەرکەسێك لە جێی وی با، زراوی دەڕژا، گرفتەکە لەوە بوو ئێمە دەستمان نەدەچووە تەقەکردن، چۆن تەقە بکەین! دەزانین ئەو پێشمەرگەیە، بەڵام لە بەدبەختیمان ئەو ئێمە بە جاش دادەنیێ.. گوێم لە دەنگی سەردەستە بوو:

((باشە، کاکە دەگەڕێینەوە، بەس ئەتو تەقە مەکە..))

ئیدی تا تێمانگەیاند جاش نین، سەد پێشمەرگە بوونە جاش! دوایی تێگەیشتین کە لە خەو راپەڕیوە و خەونیشی دیتووە، لەو خەونەدا جاش بەسەریاندا داوە، ئیدی خەون و راستی و ئەو شتانەی لیێ تێکەڵاو ببوو... بارەگاکە بن بەردێك بوو، بە هەمووشی دوو پێشمەرگەی لێبوو، ئیشی ئەوانە ناوسێریکردن بوو، بۆ ئەو پێشمەرگانەی لە سەر سەری کونە کۆتر وا شەڕی جاش و سەر بازان دەکەن، دیارە هێشتا ئێمە نەگەیشتبووینە بارەگای ناوسێری، شەڕ لە کونەکۆتر گەرم داهاتبوو، باش بوو هەر یەکەی چەند پارچە

ناوسێریەکی ساردمان خوارد، چایەشیان نەمابوو.. ئارد و رۆنیشیان چی وا نەمابوو، یەکیان گۆتی:

ئاخر ئەو شەڕە گەورەیە چۆن بێ نان دەکرێ؟

نازانم کێ بوو گۆتی:

شەڕ سێ شتی دەوێ، فیشەك، نان، چایە..

منیش هەڵمدایێ:

دەبوو چایەکەت یەکەم جار گۆتبا..

ئەو ساتەی ئەوێمان بەجێهێشت و پشتمان لە کونەکۆتری داگیرساو کرد، لە خۆوە هەستم بە نائاسوودەیی ویژدان کرد، لە دڵی خۆم دەمگوت:

ئەوان وا شەڕ دەکەن و ئێمەش خۆ قوتار دەکەین..

بەڵام زوو وازم لەو بیرکردنەوەیە هێناو گوتم:

کورە هەی کەرە، دەتەوێت لە ترِی سەی بچیت...

برۆ برۆ، هێواش هێواش بە پێی کیسەڵ برۆ، ماندوو و مردوو برسی و تینوو، وەڵڵا لەوێ کێشەی ئاومان نەما، لە نێوان دوو کانی کانیەکی چاو قرژالی هەڵدەقولا، گەیشتینە کانیەك ئاوێکی باشی لەبەر دەڕۆیشت، من نیوە خۆشووشتنێك خۆم لەبەری شووشت، دەزانی چ ئارەقەیەکم کردبوو، بۆنی کورتانیش هەر مابوو، جلەکانمان رەنگیان گۆڕابوو هەموو خەت و ماکی سپی، کراسەکەمم گۆڕی ، کراسە پیسەکەو گۆریەکەمم شووشت ، لە بیرمە کراسەکەمم بە لوولەی تفەنگەوە هەڵخست، دەتگوت ئالای سوپایەکی دۆڕاوە، پێم رەنگێکی سەیری گرتبوو، چەندی لێیان ورد دەبوومەوە نەمدەناسینەوە، گومانم هەبوو ئەو پێیانە هی من بن.. هەندرێن و مام سالح نەیاندەتوانی برۆن، هەندرێن لە سەر پشت راکشا، گوتی:

((تەواو، ئیدی هێزی رۆیشتنم نەما..))

ویستمان هەڵی بگرین، بە چار کەسان پێمان بڵند نەکرا، ئاخر ئەو هەندرێنە هێندەی تاشەبەردێکی گەورەی چیای هەندرێن گران بوو، بە کێ هەڵدەگیرا، بن پیلمان دەگرت، پێی عەردی نەدەگرت، چ بکەین خوایە، دەڵێی دوعا لە پێی کراوە.. دنیا لە هەموو لایەکەوە دەسووتێ، لە هەموو لاوە تۆپبارانە، ئاسمانیش فڕۆکەی لێ نابڕێ ، سەری کونەکۆتریش هەر ئاخر زەمانە، کێ بوو گوتی هەر لە کونەکۆتر ئاودیو بین ئیدی مەترسی نامێنێ، ئەو قسەیە درۆ دەرچوو، لەو رۆژانە هیچ چیایەك هیچ دۆڵێك نیە تۆزێك ئارامیت بداتێ، هەمووی لە ناو سێرەی تۆپ و فڕۆکەی ئەنفالە.. هەندرین لە خۆی بێزار بوو، بە بێزاریەوە گوتی:

بڕۆن، گوللەیەکم لێدەن و بەجێمبێڵن..

ئیدی سەردەستە من و عەلیی راسپارد کە لە پێشەوە بڕۆین و ولاخێك دوان پەیدا بکەین، تاریفی جێگەیەکی بۆ کردین کە رەنگە هێستری لێ دەستبکەوێت، ئیدی هەردووکمان وەك باشووکە بۆی دەرچووین، خۆزگە چاوی کامێرایەکمان لە سەر دەبوو، ئەو کات روون دەبۆوە چەند تیژرۆ بووین، برۆ برۆ، زۆر رۆیشتین، هەستمکرد لەگەڵ عەلی دەر ناچم، منیش زۆر خۆش دەڕۆیشتم بەلام ئەو لە من خۆشتر دەڕۆیشت، تا ئەو کات وام دەزانی لە رۆیشتنێ جگە لە دوو پیاوە درێژەکە، جگە لە نادیەش کە وەك پلیك دەردەپەڕی، کەس لەگەڵ من دەرناچێ، بەلام ئەو عەلیە منی بەزاند، گەیشتینە سەر بەرزاییەك ئەو جێگەیەی سەردەستە گۆتبووی و گوایە هێستری لێیە، تەواو لێی نزیك کەوتبووینەوە، هەستی بە ماندووبوونی من کردبوو، بۆیە گوتی تۆ لێرە دانیشە، من دەچم هێستر دێنم، دانیشتم، لە بن درەختێك کە سێبەری لە تاشەبەردێك کرد بوو، رووە و لووتکە بەرزەکانی قەندیل دانیشتم، عەسرانێکی درەنگە، دنیا فێنکە، هەر چەندە لەولا و لەولا دووکەڵ بەرزدەبێتەوە، گرم و هۆڕە بەلام من هەستدەکەم هەوایەکی خاوێن و بێگەرد هەڵدەمژم، لە بیرمە جگەرەم زۆر کێشا.. هەتا عەلی بە هێسترەوە گەیشت برادەرانیش گەیشتن، ئەوانیش تووشی کاروان ببوون و هەڵیان گرتبوون، عەلی یەکێك لەو

پێشمەرگانەی لەگەڵ بوو کە لە کونەکۆتر بە جێیان هێشتین، ئیدی تەواوێك لەوێ دانیشتین، بەلای دەستی راستدا نزمایی و دۆڵایی بوو، گوتیان:

ئەها ئێرێهێ پشتئاشانە، ئەها دیارە ئەو دەوروبەرە لە ژێر تۆپبارانێکی قورسدایە..

بەلای چەپدا بەرزایی بوو، سەردەستە پەنجەی بۆ لووتکەیەکی زۆر بەرز درێژکردو گوتی:

دیتتانە ئەو لووتکەتان دیتیە، ئێمە دەبێت سەرکەوینە ئەوێ، وەك لەو کاروانچیانەم بیست جگە لەو رێیە هیچ رێگەیەکیدی دەرچوونمان نیە، هەموو رێگاکان بە جاش و سەرباز گیراون، ئیدی دەبێت ئەو شەو بیبڕین..

بڕۆ بڕۆ گەیشتینە گۆڕاییەك، برادەرانیش لەوێ بوون، بە یەکودوو شادبووینەوە، دیار بوو لەوێ چاوەڕوانی هەواڵێکی ئێمەی بەجێماویان دەکرد.. لە چاوی هەندێکیانەوە چاوبەرەوژێریم خوێندەوە، ئاخر لە پێشمەرگایەتی پێشمەرگە بەجێهێشتن، شەرمەزاری بوو، هەر چەندە لە شەوێکی ئەوها، لە هەورازەیەکی ئەوها، لە کەشێکی وا ئەنفالاوی، هی ئەوە نیە کەس گلەیی لە کەس بکات، سەید عەلی بە شەرمەوە نامەکانی لێم وەرگرتەوە... نادیە بە بینینی من زۆر خۆشحاڵ بوو، خۆشحاڵبوونێکی خوشکانە، لەوێ هەستمکرد خوشکێکی تا بڵێی بە سۆزم هەیە و ناوی نادیەیە، چ خۆشە لە رۆژگارێکی ئەوهادا خوشکێك ببینیەوە، نادیەی خوشك بە تێکەڵەیەك لە عەرەبی و کوردی گۆتی:

دەزانی هەتا چیایەکەشمان بڕی نەمزانیبوو تۆ بەجێماوی، هەر وام دەزانی لە پێشەوەی..

پسکویتێکی دەرهێنا، دیار بوو هەر ئەو دانەشی لا بوو:

ئەوە دەمویست لە هەورازەکەی کونەکۆتر بتدەمێ، بەڵام بە بەرچاوم نەکەوتیت، دواییش..

زۆرم هەوڵدا وەرینەگرم ،بە زۆری زۆردارەکی دایمێ..

دیار بوو دوای ئەوەی سەردەستە لەگەڵ ئێمە بەجێمابوو، ئەوان لە ناو خۆیان بە هەڵبژاردن (چەتۆ)یان بە سەردەستە دانابوو، ئیدی کانەبیش وەك سەردەستەیەك بە تەنیشت خۆیەوە تەماشای چەتۆی دەکرد..

ئەو گۆڕاییەی کەوتبووە بن ئەو چیایەی کە دەبوو پێیدا سەرکەوین، دیار بوو جێگەی ڕەشماڵان بوو، ڕۆیشتبوون، زۆر شتیان لێ بەجێمابوو، وەك لباد و قاپ و قاچاخ و.. هێندەم لە بیرە بەو پێش ڕۆژئاوابوونە، دەستکرا بە ناوسێری کردن، بخۆ ناوسێری بخۆ.. بە دەم خواردنیشەوە گوێ لە لوورەی تۆپ ڕاگرە، کوێ تۆپباران بکرێ باشە؟ ڕێك ئەو ڕێیەی کە دەبوو پێیدا سەربکەوین، تەماشامان دەکرد ڕێك ڕێیەکەیان دەکوتیەوە، نازانم لەو دوورەوە چۆن نیشانیان دەپێکا، ئیدی خۆمان لە پەنای بەردەکان نابوو، ساچمە گڤەی دەهات زۆر نزیك لە ئێمە، تۆپ بە عەردی دەکەوت، لەگەڵ لوورەی تۆپەکان خۆمان لە پەنای بەردەکان دەنا، تۆپ پێش ئەوەی بە عەرد بکەوێت، بە چەند چرکەیەك، لوورەی دێت، هەر ئەوەش وای لە چەتۆ درێژ کرد بڵێت:

+ دەزانن ئەو تۆپانە دەڵێی دەستێکیان لەگەڵ ئێمەدا هەیە!

- کوو؟

+ ئەوە نیە پێش ئەوەی بە عەرد بکەون، هاوار دەکەن خۆتان بە عەردی دادەن وا هاتین!

تۆپ، تۆپ، دیسان تۆپ، بەلاّم مادام ناوسێری هەیە، تۆپ فشەیە، خۆ ئەگەر چایەش هەبا، کیمیاییش بە عەلی حەسن مەجیدەوەش هەر فشە بوو، هەر لەوێ بۆ یەکەم جار گوێم لە (عەلی کیمیاوی) بوو، نازانم کێ بوو گوتی:

((دەزانن کیمیاوی لەگەڵ ئەو عەلیە پەیدا بوو، بۆیە هەقە ناوی بنرێ عەلی کیمیاوی..))

من لەوێ بیستم جا نازانم ئەو خۆی ئەو ناوەی داهێنا یان ئەویش لە کەسێکیدی بیستبوو، دووریش نیە لە یەك کاتدا چەند کەسێك بێ ئاگا لە یەکتر ئەو نازناوەیان بۆ ئەو پیاوە هەڵبژاردبێت..

سەرەتا وام دەزانی ئێمە زۆر لە جاش و سەربازەوە دوورین، بەلاّم کە گوێم لە قسەو باسان بوو، ئەوجا تێگەیشتم تاهوو من لە کوێم..

- هەتا تەواو تاریك دانێت، نابێت بە رێ بکەوین..

+ ئا ئا خۆ بە دوورین باشمان دەبینن..

- باشترە درەنگی شەو بە رێکەوین، لۆ بەرەبەیان بگەینە سەرێ ..

هەندی رەشماڵ بە پێوە مابوون، هێشتا بۆنی ئاوەدانیان لێدەهات، شەوەکەی سارد زۆر سارد بوو، کەچە لبادێکم دیتەوە، لە خۆمم ئالاّند، دەبێت نووستبم، چوونکە خەونم دیت، بەلاّم هەر لەگەڵ بەئاگاهاتنەوە هیچم لە بیر نەما، تۆپەکان دەڵێی کەمێك ماندووبوون، ناوە ناوە لوورەی تۆپێك دێت، سەرکەوە، ئەها تۆپەکان زیادیان کرد، زۆر نزیك لە تەنیشتمان لە بەردەمان بە عەرد دەکەون، ئەوەتا لەگەڵ لوورەی تۆپ دەماودەم خۆمان بە عەرد دادەدەین، ساچمە گڤەی دێ، گیزەی دێ، راستی رەنگە کەس نەزانێ دەنگی ساچمە دەستنیشانبکات چ دەنگێکە، بە دەنگی چی دەچێت، دەنگی ساچمەیە و تەواو، ئەو شەو شەوی تیاچوونە، خێرێکیدیشم لە خۆم گرت، هات تۆپ هات، خۆ بە عەرد دادە، کەس سووندی لە سەرم نیە، سەد جار پتریش خۆم بەعەرد دادایەو هەستاومەتەوە، سەر کەوە، شەوێکە بایەکی فێنك فێنك، سەرکەوە شەوێکە بایەکی سارد سارد، ئەو بایە قەت لە بای هاوینی ناچێت، هێشتا بەیانی نەدابوو، یان دابووی و نەیدابوو، گەیشتینە ناو زستانی قەندیلێ، بەفر بەفر، هەرچۆنێك بوو هەندێك وردە دار و چیلکە و چوالمان م خڕکردەوە، ئاگرمان کردەوە، بە دەوری ئاگردا هەڵدەلەرزین، من پشتم تیشە بەردێکە تیژ، لمووزی بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە، پێشیشم

ئاگر، ئاگرەکە بە بڵێسەکانی دەیویست لاسایی تیشە بەردەکە بکاتـەوە..ئای بـۆ چـایەك! دنیا رووناك بۆوە.. گوێم لێبوو سەردەستە دەیگۆت:

نەدەبوو مام ساڵح بە جێبێڵم، کوو دەبوو، ئەدی چم بە برادەرانی سەرەوە بگۆتبا؟!

خەریکبوو بڵێم:

ئەدی بۆچی هیمدادمان بەجێهێشت؟

نازانم بۆ ئەو پرسیارەم نەکرد، لەبەر خۆمەوە گۆتم باشە دەبێت چ جیاوازیەك لە نێـوان ئەو دووانە هەبێت، ئەوەی من دەیبینم ئـەویان گـەنج بـوو زۆر گـەنج ، ئـەمیان هەنـدێك چۆتە تەمەنەوە، هەر ئەو جیاوازیەم لە نێوان ئەو دووانە دەبینی.. ئـێ، قسـە لـە قسـە، قسە قسەی راکێشا، تێگەیشتم کە مام ساڵح کادیرە، کادیرێکی گەورەشە، من تا ئەوکات نەمزانیبوو، بە چ بزانم جاری یەکەمم بوو ئەو پیاوە ببینم.. لە بیرمە لە بن لێوانـەوە کـە بە زەحمەت خۆشم گوێم لێبوو گوتم:

باش بوو، لەوێ نەمزانی کادیری دەنا دوور نەبوو، بەجێمهێشتبای..

لەوەوە ئەو قسەیەم کرد، زۆر حەزم لە چارەی کادیر و بەرپرسان نەدەهات، ئەوەشم لە بیرە هەر زوو لەو قسەیەی خۆم، قسەی بن لێوان پەشیمانبوومەوە و لە دڵەوە گوتم:

نا هەڵەیە نابێت مرۆڤ وا بیر بکاتەوە، نا، بشمزانیبا نەدەبوو بەجێیبهێڵم..

مام سـاڵح نـاوە نـاوە، چـاکەی مـنی بـۆ بـرادەران دەگێڕایـەوە، ئـەو چـاکەیەی هێنـدە گێڕایەوە، نەمدەوێرا لێی نزیك ببمەوە، شەرمم دەکرد..

بەڵام شتێکم لە دڵە، نەیڵێم بە زگدەدەم، دواتـر، لـە گرانیەکـە، ئـەو گرانیـەی لەگـەڵ پێوەربوونی پێشمەرگە ولاتی گرتەوە، ئەودەمـەی پێشـمەرگە بوونـە دوو بـەرە، بەرەیـەك هەڵکشان بۆ ئاسمان ودنیایان بۆ خۆیان برد، بەرەیەك بە قـوڕدا چـوونە خـوارەوە، تێـر بـە زگی خۆیان نەخوارد و بوونە جێی گاڵتەی جاشان، لەو گرانیە لە شـێخەڵلا لەگـەڵ حەمـە عەباس کتێبخانەیەکی گچکەمان هەبوو، پتر لە بن بەردێکی گەورە دەچوو، هاوینان گەرم گەرم وەك بەردەکەی کونە کۆتر، زسـتانان سـارد سـارد دەتگـوت بـەفری قەنـدیلی پێـوە،

کتێبخانە(پایزە)ی ناوبوو، ئەو پایزە ببووە ناونیشانێکی دیار بۆ چوار پێنج پێشمەرگە لەو پێشمەرگانەی دوای ئەنفال گەیشتنە رووسیا و لەوێوە بە دنیادا پەرتبوون، لە رێی ئەو ناونیشانەوە، پارەیان بۆ کەسوکار دەناردەوە، یەکێك لەوانە سورخی بوو، پێش نیوەڕۆیەك مام سالح لە پێش پایزە پەیدابوو، گوتی:

+ سورخی چەند دۆلارێکی بۆ ماڵی خۆیان ناردووە، تۆ دەتوانی بیگەیەنیٚ؟

- ئا، دەتوانم، جاری یەکەمم نیە

+ باشە، ها، ئەوە دوو سەد دۆلار، بەلاٚم شتێکم بۆ بنووسە

- چی بنووسم؟

پێنووس و کاخەزم لە دەستە، گوتی: بنووسە:

((من شوانە، بڕی دووسەد دۆلارم لە مام سالح وەرگرت کە بیگەیەنمە ماڵی سورخی لە کەرکووك لە رێکەوتی .../.../ ١٩٩٠..)) رۆژ و مانگ و ساڵەکەم لە بیرنیە، نووسیم و واژۆم کرد، هۆیێکم لە خۆم زانی، ئەوە جاری یەکەمم بوو کە لە وەرگرتنی پارە واژۆ بکەم، ئیدی دنیایە!! دەی با بچمەوە قەندیل..

دەیانگۆت:

((ئێرە، لە دوندە هەرە بەرزەکانی قەندیلە..))

ئێرە نێوان دوو دوندە، دوو دوندەکە لە کن ئێمەوە هێندە بەرز نین، بەلاٚم ئەگەر لە عەردەوە لە خوار ئەو جێگەیەی دوو پێشمەرگەمان بەجێهێشت و دەرخواردی ئەنفالمان دان، بە چاوی خەیال تەماشای ئەو دوندانەت کردبا، دەتدیت سەریان لە ئاسمانییە، ئاخر ئێمە لە ترسی ئەنفالیٚ هێندە هەڵکشابووین، نزیك ئاسمانیٚ کەوتبووینەوە..

لەویٚ لەو نزیك ئاسمانە لە خۆوە کەوتمە بەراوردێکی نێوان هەردوو سەردەستە، ئەو دوو سەردەستەیەی لە هەورازەی کونەکۆتر هەر یەکەو پێشمەرگەیەکیان بەجێهێشت، بە زۆر لا لە هەموو دیوێکەوە بەراوردم دەکردن، ماندووبووم، لە بیرم نیە گەیشتمە چ ئەنجامێك...

خەریکی شۆڕبوونەوە بووین بەو دیودا، ئەوجا وەرە لە ئاسمانێ بگەڕێوە سەر عـەردی، دەبیـنم دەسـتەبەرەیك لـە دەسـتی پێـنج شـەش کەسـدا، ژنێکـی جحێلـیش بـە دوای دەستەبەرەوە، تەماشامکرد چاوەکانی دوو گۆمی خوێن بـوون، دیـار بـوو زۆر گریـا بـوو، دیار بـوو بـە قـەد ئـەو دلۆپـە خوێنانـە دلۆپـە فرمێسـکی بارانـدبوو کـە لـە پیـاوی نـاو دەستەبەرەکەوە رژابوونە سـەر زەوی، ببینـە ئـەو دلۆپـە خـوێن و فرمێسـکانە ببینـە کـە دەرژێنە سەر بەفر.. گوتیان:

((ئەو بریندارە ناوی ئازاد هەورامیە))

دیارە ژنکەش خێزانی بوو، هەستمکرد ئەو ناوە نائاشنا نیە، ئیدی ئێمە چوار پێنجێك دەستەبەرەکەمان لەوان وەرگرت و شۆڕبووینەوە، دەستم بە دەستەبەرەوە، بیریشم هەر لای ناوەکە ، ئـازاد، ئـازاد، هـەورامی ، هـەورامی! گەیشـتمەوە هـەولێر چـوومەوە قۆنـاخی ناوەندی، مامۆستایەکمان ناوی وا بزانم هۆشمەند بوو یەکی کەلەگەتی سـۆر و سـپی، ئـێ! نازانم بە هۆی چیەوە بوو لە ناو مامۆستایان بـەس ئـەو مامۆسـتایەم خۆشدەویسـت، لـە دەرەوەی پۆل دوو سێ جارێك گوێم لێدەبوو:

((برایەکی ئەو مامۆستایە پێشمەرگەیە ناوی(........)ە))

لە بیرم نەمابوو ناوی برا پێشمەرگەکەی چیە، بەڵام ئێستا لـە نـاو بـەفری قەنـدیلێ و دەست بە دەستەبەرەوە، هەر لە خۆوە دەڵێم ناوی ئازاد بووە..

ئیدی نازانم ئەو ئازاد هەورامیەی وا لە ناو ئـەو دەسـتەبەرەیە و کـەس نازانێـت چـەند گوللەی بەرکەوتووە، برای ئەو مامۆستایەیە کە کاتی خۆی وانـەی بـە مـن گوتـووە، یـان ئازادێکیدیە، نەمزانی.. لەو دیوی قەندیل لە شوێنێك ئیدی نە جاش نە سـەرباز لـە بـەر رێزیان بۆ پاسدار نایگەنێ، دانیشتووین، ئەو شـوێنە دنیایـەك پێشـمەرگەی تێدایـە، دوو پێشمەرگەکەی لەگەڵ ئێمە کـە لـە کونـە کـۆتر بـەجێمابوون، چـوونەوە لای برادەرەکـانی خۆیان، دیسانەوە ناوسێری، ناوسێریم بە دەستەوە بـوو، گـوێم لێبـوو گوتیـان پیـاوی نـاو دەستەبەرەکە گیانی دا، نازانم بۆ زۆر خەمم لێی خوارد، رەنگە لە بەر ژنەکە بووبێت، بیرم

کردەوە داخوا ئێستا ئەو ژنە چۆن لە سنگی خۆی دەدا و دەست لە قژی خۆی دەنێ، یان لەبەر مامۆستاکەم بوو بێت، ئەو کاتەی هەواڵی مەرگی براکەی دەبیستێ، ئەگەر برای ئەو بێت، چۆن وانە دەڵێتەوە! دەبێ بڵێم دواتر بیرمکەوتەوە کە ئەو مامۆستایە برای دکتۆر خالید بوو، بەڵام نازانم بۆچی لە قەندیلێ بەفر و خوێن کردبوویە برای ئازاد هەورامی!!

برۆ، برۆ.. وا بزانم ئەوە جاری یەکەمە وا بەوردی تەماشای شەلینەکەی سەردەستە دەکەم، شەلینێکی جوان دەشەلی، ئەو پیاوە کەڵەگەتە چاو و برۆ رەش و پڕە، پێیەکی پڕ لە پلاتین بوو، وا بزانم شەڕی سێ دەوڵەتی کردبوو، شەڕی جەندرمەی ترکی کردبوو، ئەو کاتەی ئیمام خومەینی فەتوای بە کافربوونی دیموکراتی دا، ئەو پیاوە لە مەهابادێ شەڕێکی باشی کردبوو، لەگەڵ بەغداش ئەوە لەوەتەی هەیە لە شەڕێدایە، من لە شەلینەکەی ورد دەبوومەوە، ئیرەییم بە رۆیشتنەکەی دەبرد، چەند جارێ ویستم لاسایی شەلینەکەی بکەمەوە، نەمتوانی، رەنگە پالەوانێکی ناو رۆمانی ((خەوی پساوەی قەندیل)) کە ئیمامەی پساوەی ناوە، خزمایەتیی لەگەڵ ئەو سەردەستەیەمان هەبێت..

دەڵێن ئەو چیای قەندیلە لە زۆر شتان دوو قەندیلە، ئەوەی من لە دوو قەندیلیی قەندیل دیتم، ئەو دیوەی کە لە ژێر تۆپەکانی ئەنفال بوو بە رۆژ گەرم گەرم، بەڵام دیوەکەیدی با پێیبڵێین دیوی نسێ، بەو دەمەو نیوەڕۆیە کزەبایەکی دێ دەڵێی لە چلەی زستانەوە هەڵیکردووە، دیوی نسێ بەفر گرتوویەتی، ئەوانەی لە گەرمەی هاوینێ بەفریان نەدیتبوو، لە سیمایان تاساوی دەبینرا، ئەوەتا بە سەر پردی بەفردا شەقاوی هاوینی دەهاوێژین، بن ئەو پردە جۆگەلەی ئاوە، ئاو چ ئاو کورم دەوێ بۆ ماوەی یەك خولەك دەستی لە ناو راگرێ، مەتارەکان لەوەتەی هەنە ئاوی وا تەزیویان بە خۆیانەوە نەدیتووە، ئەوەتا لە ناو بەفرێ تۆزێ دەکەین، بەفر لە بن هەتاوی هاوینی دەڵێی خوێیە ، دەڵێی چ ساردایەتی بەفری تێدا نیە، دۆڵایی وا هەیە کەس نازانێ بە بەفری چەند ساڵە پڕ بۆتەوە، لە بارەی کۆنیی بەفرەوە پرسیارم لە کۆچەریەك کرد، گۆتی:

- دەو قەندیلەی ئەگەر بگەڕێی یەکەم بەفر و دوا بەفر دەبینیەوە.

+ تێناگەم چ دەڵێی

- بە کوردی قسە دەکەم نە بە عەرەبی نە بە فارسی، باشە چەند ساڵە بەفر دەبارێ؟

+ لەوەتەی هەور هەیە.

- دەمخۆش، دە لەو کاتەوەی یەکەم بەفر کەوتۆتە سەر ئەو قەندیلە، پێش ئەوەی بتاوێتەوە، بەفرێکیدی بەسەردا باریوە، ئیدی بەفر لەسەر بەفر، ئەها تەماشای ئەو دۆلاّییە بکە بە خودای بەفری پێش هاتنی... ئەسحابەشی لێ مایە..

ناوی ئەسحابەیەکی گۆت، هەر لەوێ ناوەکەیم لە بیر کرد.. لە گەرمای بەردەکەی کونەکۆتر هێندەم گەرما هەڵمژیبوو، لە ساردی تێر نەدەبووم، هەندێك چوومە بن پردی بەفرەوە، رێك دەتگوت ناو بەفرگرە، ئاوێك خورەی دەکرد نەتدەتوانی گوڵمێکی لێ بخۆیتەوە.. پێشمەرگەیەك بە دەنگی بەرز گۆتی:

((قەندیلی ئەو دیو لە کوێ هی ئێرە لەکوێ! گوناهە بە هەردوو دیو بڵێین قەندیل، چیا دەبێت ئەوها بێت، دیوێکی هاوینی دیوەکەیدی زستانە..))

بڕۆ، بڕۆ قەندیل و قەندیل بڕۆ، لە بەفر دوور کەوتینەوە، دنیا گەرمە ئارەقە دەستی بە چۆڕانەوە کرد، کات نێوان نیوەڕۆ و عەسرە، گەیشتینە چەمێکی گەورە، بەلاّم یەك بە گەورەیی خۆی ئاوی پێدا نەدەڕۆیشت، نا، لە لایەکی چەمەکەوە جۆگەلەیەکی باریك بە نازەوە رێی گرتبوو، لێرەو لەوێش گۆماوی گەورە و گچکە بایی خۆیان ئاویان لە جۆگەکە وەردەگرت و زیادەکەشیان بۆ گۆماوەکەی دوای خۆیان دەنارد، گۆماوی واش هەبوو دوور لە جۆگە، دەتگوت مانیان لە ئاوی جۆگە گرتبوو، وەریان نەدەگرت، لە چاویان دیار بوو چاوەڕێی چکبوونی خۆیان دەکرد.. لاماندا دەو چەم، من بێ ئەوەی بزانم پشووەکەمان کورتە درێژە، بەشی چ دەکات! چوومە سەر گۆمێك کە خۆی لە پەنایەك نابوو، جلەکانم شووشت و بەسەر درەختە کورتەبالاّکاندا هەڵمخستن، تەماشام کرد، ئەو لەتە سابوونەی لە کۆڵە پشتەکەم بوو یالا بەشی دەستێکی باشی سەرم بکات، ئیدی سەرم بە سابوون شووشت، بۆ لەشیشم لم و قوڕەسوورەم بەکار هێنا، چەپکە گیایەکی دەو چەمەکەش

باشترین لیفکه، خۆ شووشتن به لم و قوڕه سۆر ئەگەر لەگەڵی رابێی وەك ئەوە وایە بە شامپۆ خۆت بشۆی، دیتم چەند پێشمەرگەیەکیدیش وا خەریکن بە لم خۆیان دەشۆن، یەکیانم دیت سەریشی بە قوڕە سووره دەشووشت.. ئێستا لەشم سووکە، پرچم خاوێن، خۆ لە پیسیدا نەمدەوێرا دەستی بۆ ببەم، جلکەکانم کزر ببوونەوە، بەرێ کەوتین..

دەمەو ئێوارەیە، بە دیوی ئێمەدا قەندیل ئارامە، لە دیوی ئەو دیویش پێدەچێت هەر ئاخر زەمان بێت، تۆپەکان ناوە ناوە دەنگیان دێ، لە دۆڵاییەك رەشماڵی خێلان بە دیار کەوت، ئۆی چایە! من لە سەر زگی برسیەوە بەس بیرم لە چایە دەکردەوە، دەمگوت بەس بگەمە ئەو رەشمالانە بە ژنەکە دەڵێم، پووری، دادە، بەس چایە و هیچیدی، تا گەیشتینێ دنیا لە سەر تاریکبوون بوو، نزیکەی پازدە رەشماڵێك دەبوون، دیاربوو هەشت نۆ دە پێشمەرگەیەکیدیش لەوێ بوون، وا بزانم دوو دوو دابەش بووین، من و کارزان کەوتینە رەشماڵێك پیاوێکی هەندێ بەتەمەن و ژنێکی جحێل و دوو منداڵی گچکەڵە، کارزان زۆری برسی بوو، بە خۆی نەوەستا:

+ بە خودای زۆرمان برسیە

- باشە، سەر چاو پەلە مەکەن ئێستا دەگات

ژنەکە هێند بە نەرمی وەلامی دایەوە، من لە جێی خۆم خەریك بوو بتاوێمەوە، بەلام کارزان لە بەر برسێتی خەریکبوو جارێکیدیش داوای پەلەکردنی لێبکاتەوە، قونجرکەیەکم خەواندێ، ئۆندەی لە خۆی هەڵدا، لە شەوی پێشووەوە لەگەڵ ئەو کارزانە زۆر بووینەتە برادەر، لە رێ هەر بە یەکەوە دەڕۆیشتین، خەڵکی هەولێر بوو، ئەوەی لە یەکتری نزیککردینەوە رۆمان بوو، دیار بوو خوێنەرێکی باشی رۆمان بوو، بە تایبەتی کاری رۆماننووسە میسریەکانی زۆر خوێندبووەوە، ئیدی بە دەو رێوە باسی پاڵەوانی ئەو رۆمانانەمان دەکرد کە خوێندبوومانەوە، من زیاتر باسی سارتەر و ئەلبێر کامۆ و یەشار کەمال و مەکسیم گۆرکیم بۆی دەکرد، ئەویش زۆر لە نەجیب مەحفووز و ئەوانە دەدوا، کارزان ناوە ناوی بەرپرسێکی بەسەر زاریدا دەهات و سەدو یەك جوونی پێدەدا، ئەو

بەرپرسە ببووە مۆتەکەی کارزان و لێی نەدەبۆوە، چەندی هەولم لەگەڵی دەدا لە بیری بکات، بەلاش بوو، پتر ناوی دەهێنا، مەسەلەکەش چ بوو! گوایە رۆژێك لە دەو بەستی شەرغە ئەو بەرپرسە خەریکی خاوێنکردنەوەی تفەنگەکەی دەبێت، گوللەیەك دەردەچێت، بۆ بە نێوچەوانی پێشمەرگەیك ناکەوێ و جێی ناکاتە ئەوجێ.. کارزان دەیگۆت:

((ئەوە قەیناکە لە دەستدەرچوون بوو، بەلام دەزانی دوایی، ماڵی کوڕە ویستبوویان بە دووی رووداوەکەدا بچن، کەچی ئەو بەرپرسە بێ منەتی کردبوون،هەڕەشەی لێیان کردبوو، پێیانی گوتبوو: بەردێك لە سەر ئەو مەسەلەیە دانێن و باسی نەکەن!!))

زۆری برد یان زۆری نەبرد، هێندەمان زانی یەك قابلەمەی گەورە، هات، کەوتینە سەر ساوار بە تەماتە، بتاندیتبا چۆن نانمان پێدا دەدا، هێشتا پارووێك لە زاری بوو پارووێکیدی لە رێی زاری ، کارزان بە هەردوو دەست پارووی لە دەوی دەنا، رەنگە منیش وامکردبێت، بەلام من ئەوم دەدیت، خەریکی دەستهەڵگرتن بووم، ئەوجا سەلکە پیازم دیت، لەبەر خاتری پیاز چەند پارووێکیدیشم...ئێ، نۆرەی چایە، بە داخەوە چایەکانم نەژمارد، کتریەکی گەورە ، دیار بوو، ئاگردانەکە نزیك زاری رەشماڵ بوو، دەمدیت ژنە قوڕ بە سەرەکە ناوە ناوە ئاوی تێدەکردەوە، دیتم تۆچاشی تێکردەوە، ئەو چایەی لە بن ئەو رەشماڵە و بەو ئێوارە درەنگەی هاوینی قەندیلیە خواردمەوە لە هیچ جێگەیەك لە هیچ چایخانەیەکی هەولێر چای وا بە تامم نەخواردۆتەوە، گیان، ئەوجا نۆرەی جگەرەیە.. وام وێنا کرد ئەو رەشماڵانە بە لای کەمی ئەو رەشماڵەی وا من لێی مێوانم پێشمەرگەی کەم بە سەرەوە بووبێت، چونکە زۆر مێواندۆستانە خزمەتیان دەکردین، نە لە سیمای ژنە نە لە هی پیاوە هیچ بێزاریەکم نەخوێندەوە ، پیاوەکە زۆر حەزی لە قسە بوو، بەو با هەتا سبەینێ دانیشین و قسان بکەین، یان راستتر بڵێم گوێ لە قسەکانی ئەو بگرین، ئاخر ئێمە لە سەر ئەو ماندووبوونە قسەیەکمان نەبوو بۆ گۆتن، هەشبا توانای کردنیمان نەبوو، خەوەنووتکەمان دەبردەوە.. ئەوجا نۆرەی خەوێیە، خەو لەسەر رایەخ، خەو لەسەر بالیف، رەشماڵەکان لێکدی دوور نەبوون، هەر لە دەورو بەری رەشماڵی خیلان، جێیەك لەوێ یەك

لەولاتر ئەویدی نزیك لەو، ئیدی چوومە سەر تەشکەبەرەی خۆم و بە تانیم بە خۆمدا دا، کارزان قەیاسێك لە من دوور بوو، خەریك بوو بنووم، بەردێکی گەورە سەرنجی راکێشام کە چەند هەنگاوێ لێم دوور بوو، دوعام کرد خوایە دیوی ئەو بەردە جێگەی کەس نەبێت، جێگاکەم هەڵگرت چووم، باش بوو چۆل بوو، دڵم داکەوت، جێگام راخست، ئۆخەیەش هەتاو بە ئاگام ناهێنێ، بەردەکە سێبەرم لێدەکات، من کە بیرم لە چێشتە خەو دەکردەوە بە بێ ئەوەی بزانم چ وەختی سبەی بە رێدەکەوین، ئاگام لە ئێشککگریش نەبوو، بەلاّم دوعام کرد کە ناوی منیان لەبیر کردبێت، رەنگە چوونە پەنای ئەو بەردە بێجگە لە سێبەرەکەی بۆ چێشتە خەوێ، دوور نیە پەیوەندی بە قسەکەی باپیریشمەوە هەبووبێت، شەو تاریکە هێشتا مانگ هەڵنەهاتووە، رەنگە هەڵیش نەیەت، وا دەچمە خەوێ، دەبێت تۆڵەی ئەو هەموو شەو و رۆژە بێ خەویە بکەمەوە، هەرچەندە دنیا ساردیش بوو، بەلاّم ترسی دووپشك بەرمی نەدەدا ..

وەك خەون دێتەوە بیرم، لە سەر مەچەکم هەستم بە شتێکی گران کرد، بێ بیرکردنەوە زانیم دووپشکە، زراوم چوو، ئەحمەد عەرەب و دەرزیم بیرکەوتەوە، خۆ ئەویش لێرە نیە.. خۆم گرت، لە ترسی ژانی دوایی هەستوخوستم لە خۆم بڕی، وەك ئەوەی هەر بەئاگا نەهاتبم، بیستبووم ئەگەر نەجوولێی با دووپشك بە سەر هەموو لەشتدا پیاسە بکات پێوەت نادا، بەلاّم کەمترین جوولە واتە رازیبوون بە پێوەدان، ئەو قسەیە چەند درۆیە چەند راستە، نازانم، بەلاّم کوڕم دەوێ دووپشك بە لەشیەوە بێت و جوولەش نەکات، خۆ جارێدیش ئەو قسەیەم بیستبوو کەچی بە خۆم نەوەستام و پشتە دەستێکی توندم لە دووپشك دا و ئەویش کاری خۆی کرد، نا جارێدی نەمزانی دووپشکە، بە هەر حاڵ پێدەچێت ئەو جارە خۆ راگرم.. ئای ئەوە چ دووپشکێکە! خۆ وا دەستم رادەوەشێنێ، چیە، دەیەوێ بە زۆر بمجوولێنێ تا رەوایی پێوەدان بەدەستبێنێ! بانگمی کرد! ئای دووپشك قسەش دەکات! وەك خەونی ناو خەونیش لە بیرمە دەنگێکی ژنانە بانگمی دەکرد، بەلاّم بە ناوێك ناوی من نەبوو، گوتم رەنگە نادیە بێت بانگم بکات بۆ

ئێشکگری، بۆ نا، ناوی منیان لە دوای ناوی وی داناوە، بەڵام بۆچی بە ناوێکیدی بانگم دەکات، ئەو ناوەی هەر ئەوکات لە بیرم چۆوە، راستتر تێنەگەیشتم چ ناوێکی گۆت، خەریکی چاو هەڵگلۆفتن بووم، دەمویست هەستمەوە، ئای، ئەوە چ دەکات! هاتە بن بە تانیەکەوە، ئەو ژنە کێیە؟! تاریکە دەموچاوی دیار نیە، چاوم هەندێکیدی هەڵگلۆفت، بزانم خەون نیە، هەبێت نەبێت من خەون دەبینم، لە تەنیشتم راکشا، خوایە ئەوە چیە!! دەمویست شادە و ئیمان بێنم، گوتم رەنگە ئیزارئیل یان جندۆکە، یان هەر شتێکیدی ئاسمانی بێت، بە نەرمی گۆتی:

((ئۆی خەوت چەند گرانە، هەر بە خەبەر نەهاتی!))

ئەو رستەیە دڵنیای کردمەوە کە خەون نابینم، تێگەیشتم کە بەو نیوە شەوە دیاریی خودا بۆم هاتۆتە بن ئەو بەردە، ئیدی منیش ناوی خوام لێنا، ژنێکی کەڵەگەت بوو، بەوە دەزانم کە لە تەنیشتم راکشا بوو، پەنجەی پێی لە پەنجەی پێم دەخشاند و لێویشی لە سەر لێوم بوو، هەرچی چێژی خوا لە جەستەی ژن شاردوویەتیەوە، من لەو ژنەم چەشت، نەرمتر لە جاری پێشوو، نەرمتر لە خۆی گۆتی:

((ئەها، هاتم درۆم، نەکرد..))

هیچ قسەم نەکرد، قسەی چ بکەم چی تێنەگەیشتم، درۆنەکردنی چی، لە کاتی هەستانەوە دەستم لە خەناوکەکەی گیر بوو، رەنگە ویستبێتم جاریّ نەڕوات، لە بیرم نیە چۆن بوو، خەناوکە پساوە، لەو تاریکیە بە بیّ قسە هەردووکمان بە دوای مۆری، دەستمان لە عەردی دەگێڕا، ماوەیەکی باش خەریکی مۆری خڕکردنەوە بووین..

ژنە رۆیشت، من سەر دێنم و دەبەم تێناگەم، هێشتا هەر وام دەزانی خەونە، ئاخر خەونی لەو بابەتەم دیوە، خەونێك کە هەتا چەند رۆژیش هەر وام زانیوە راستیە، دەمویست ئەو ناوە بیر خۆم بێنمەوە کە منی پیّ بانگکرد بە بیرم نەدەهاتەوە، بێگومان هەرچی بکەم بە بیرم نایەتەوە، چونکە تێنەگەیشتم چ ناوێکی لە زار دەرچوو، دەمگوت هەبێت نەبێت بۆ کن کەسێکیدی هاتووە، بەڵام لە جێگا هەڵەی کردووە، دەمگوت رەنگە

ئەو کەسە ژوانی بن ئەو بەردەی دابێتیٚ، بـەلاٚم کـە بینویـەتی مـن لیٚـرەم ،گەڕاوەتـەوە و فریـاش نەکـەوتبێت جێژوانیٚکیـدی بـۆ دیـاری بکـات، ئیـدی بـە زۆر لادا لـیٚکم دایـەوە نەگەیشتمە هیچ ، یان پێویستم نەبوو بگەمە شتێك، ئەو شتەی لە ناو ئەو چیاو چۆلە لە خەونێش نەیدەگەیشتمیٚ، وا بە ئاسانی گەیشتمیٚ، ئیدی ئەوانیدی گرفتی من نین، خـەوم لێنەدەکەوت، دەمگوت ناکا ئەو جارەش بێتەوە، بەردی بەخێر، کەوتـە نـاو هەتاویشـەوە من هەر بە ئاگام و چاوەڕێی ئەو ژنەم کە ئەو شەو ئەگـەر بـە هەلـّەش بێـت مـنی خـەنی کرد، لە کاتی هەستانەوەم سیٚ دنکە مۆری گەورە کە هەریەکەیان بە قەت چاوێك تۆ بلّیٚ کەلا شووشەیەك دەبوون، هاتنە ناو چاومەوە، چاوم گێرا بە دوای مۆریدی بەلاٚم لەو سێیە پترم نەدیتەوە، مۆریەکان ڕێك وەك خالّخالّۆکە حەفت خالّیان تێدا بوو، خـالّی ڕەش، هـەر ڕێك لە خالّخالۆکە دەچوون، بەلاٚم گـەورەتر، گـوتم، ئەگـەر بمـەویٚ، دەتـوانم لـە ڕێـی ئـەو مۆریانەوە ئەو ژنەی ئەو شەو ببینمەوە، ئەو ژنەی لە ڕێی هەلّەوە ئەو شەو خۆشـیی ژنـی بە من بەخشی، دەشمگۆت تۆ بلّێی چەند خەناوکەیەکی لەو خەناوکەیە هەبێت، هەریەکەی بە ملی ژنێکەوە، نا باوەڕناکەم، بەلاٚم چۆن بە ناو ڕەشمالاٚن بگـەڕێم و سـەیری ملـی ژنـان بکـەم، حەزمـدەکرد ئـەو ژنـە ببینمـەوە، ئـاخر لەگـەلّ ژنێـك جـووتبی و نەشـتدیتبیٚ و نەشیبینی سەیرە، ئەدی سەیر نیە! نازانم، هێندە دەزانم زۆر تامەزرۆی بینینی ئەو ژنەم، ئەگەر نەیبینم ڕەنگە.. نازانم چی دەبێت.. ئێستا وا لەگەلّ کارزان لە بەر زاری ڕەشمالّیٚ، ڕەشمالّی خانە خویٚ، ڕاوەستاوین، بەردەکەشم لیٚ دیارە، ئـەو بـەردەی لـە هەرچـی بـەردی چیا هەیـە جیایـە، بەردەکانیـدی جگـە لـە گـەرما و سـەرما، جگـە لـە تـرس و وڕێنـە، بەردەکانیدی جگە لە عارەقە و خوێن، جگە لە تینوێتی و برسێتی، جگە لە تەقە و زرمە جگە لە کۆی نەگبەتیەکانی دنیا چیدیان بە من نەبەخشـیوە، بـەلاٚم ئـەو بـەردە چـێژێکی دامیٚ کە بەلای منەوە هیچ چێژێکی دنیا و قیامەت ناگاتە ئەو چێژە، ئەو بەردە ژنێکـی دامیٚ هەر چەندە زۆر کەم لە باوەشم مایەوە، بەلاٚم ماندوێتی تەمەنێکی لە سیما و ڕۆحم تەکاند، ژنێك بە هەلّە هات بەلاٚم بە ڕاستی بوو.. ئەو بەردەی وا تەماشای دەکەم جیایـە

له هەموو بەردەکانی دی، بەردەکان هەموویان رەقن، بەڵام ئەو بەردە نەرم نـەرم، وەك لـە شی ژن نەرم..

له هەستان بووین چاوم کەوتە سەر ژنێکی کەلەگەت زۆر کەلەگەت، جـوان زۆر جـوان، سۆر و سپی، روومەتەکانی دەتگوت سێوی بـەروارین، چـاو و بـرۆ رەش، پیرێـژن گۆتـەنی دەتگوت ژێر پیاڵەن، له دڵی خۆم گۆتم ، ژنەکەی شەوێ نەبێ، هەر بـە خـۆم جـرتێکم لـە خۆم هەڵکێشا و گوتم له رێی هەڵەوەش ئەو ژنە نایەتە باوەشی تۆ هـەی گەمژە..خودایـە ئەو ژنە! ئای ئەوە بۆ کوێ چوو! ئای ئای، خودایە هەو نـەبێت! کـوڕە ئـەوە لـە کـن ئـەو بەردە لە دووی چ دەگەڕێ! مۆریـەکان! کچـێ ئەگـەر لـە دووی سـێ مۆریەکـە دەگـەڕێی ئەوەتا لە گیرفانی منن، وەرە بە داوای لێبووردنەوە، داوای لێبووردن لەوەی ئەو شـەو بـە هەڵە روویدا بتدەمەوە، هەستێکی وام لا درووست بوو کە من گوناهێکم بەرانبەر ئەو ژنە کردووە، یان دەمگـوت بـەس لـە رێـی هەلـەوە ئـەو ژنـە ئەگـەر هاتبێتـە باوەشـم، دەنـا ئەستەمە دەستیشی بە دەستم بکەوێت.. تەواوێك لـە دەوری بەردەکـە گـەڕا، ژنـی خانـە خوێکە بانگی کرد:

((... لە دووی چ دەگەڕێی؟))

ناوێکی گۆت، هەر لەوێ سووندم خوارد ئـەو نـاوە بـە نهـێنی لای مـن بمێنێتـەوە، تـا ئێستاش هەر نهێنیە..

((کچێ چوزانم لە دووی خۆم دەگەڕێم))

بە پێکەنینێکی وا ئەوەی گۆت کەس شکی بۆ هیچ شتێك نەدەچوو..

ئەگەر دەڵێم وەرە ئەوەی تۆ لە دووی دەگەڕێی وا لـە گیرفـانی منـە نابێـت.. هێشـتا باوەڕی تەواوم نەهێناوە کە ئەو ژنەی وا لە کن ئەو بەردە چاو لە عەرد دەگێـڕێ ئـەو ژنـە بێت کە ئەو شەو هاتە باوەشی من.. هێشتا هەر لە پێش زاری رەشماڵێ راوەستاوین و من خۆم بە پێلاو و تاخمی پشتێ گنخاندووە، دیتم ژنە بەرە و رەشماڵ هات، منیش بە دزیـەوە سەیری سینگیم کرد، خودایە چم دیت، خەناوکەکەی لەو مۆرییە بوو کە سێ دانـەیان وا

لای منن، کەدڵنیا بووم هەوە جوانتر تەماشام کرد، بەڵام ئەو زۆر بە ئاسایی تەماشای دەکردین، لەوەوە تەواو دڵنیا بوومەوە کە شەو بە هەڵە هاتە بن ئەو بەردە، ئیدی نەمدەزانی چۆن چۆنی مۆریەکانی بدەمەوە، سەرم هێناو سەر م برد، چ ڕێگەیەکی وام نەدیتەوە کە پێیدا مۆریەکانی بۆ بنێرمەوە، گۆتم دەچم لە کن بەردەکەیان دادەنێمەوە، بیرم کردەوە ڕەنگە ئەو ژنە جارێکیدی نەچێتەوە کن بەردەکە، لە ڕۆیشتنێ بووین، ژنەش دیار بوو بۆ ئەو ڕەشماڵە دەچۆوە کە پێدەچوو ماڵی خۆیان بێت، ڕێ ئێمەش بە کن ماڵی ئەواندا بوو، کە گەیشتمە نزیك ڕەشماڵی جوانترین ژنی خێڵێ، دوور لە چاوان هەر سێ مۆریەکەم فڕێدایە پێش ڕەشماڵێ، ئیدی هەڵیگرتەوە، هەڵینەگرتەوە، نازانم.. هێشتا هەر لە نزیك ڕەشماڵی خەناوکە پساوە بووین، لە ڕادیۆیەکەوە گۆرانیی (لە ناو ڕەشماڵی خێڵان) بەرز بۆوە، ئەو گۆرانیە کوو منی تاواندەوە، ئێستاش کە گوێم لەو گۆرانیە دەبێت بێ گوێدانە کات خۆم دەگەیەنمەوە بن بەردە نەرمەکە...

تا لەو بەرزاییەش ئاودیوبووین کە ڕەشماڵەکانی بۆ یەکجاری لە چاوم ئاوا کرد، هەر ئاوڕم دەدایەوە، چەندی پتر دووردەکەوتینەوە هێندە بۆنی ژنی بن بەردەکە پتر دەڕژایە گیانمەوە..

ئێستا نیوەڕۆیە، لە دەو چەمێکین، ئەوبەر و ئەمبەر چەند ڕەشماڵێك دوور دیارن، لەو بەر چەمێ ڕێگەیکی بەرین دەگاتە سەر چەمێ، جێ تایەی ماشێنی بە سەرەوە دیارە، حەزم لە ناو ڕەشماڵانە، نازانم بۆ نەچووین، من هەر هێندەم لە بیرە گیسکێکی قەڵەوی گەورەیان کوشتەوە، خوێیان لە کوێ پەیدا کرد، ئەوانە نازانم، ئەوەی دێتەوە بیرم، چەند کۆلکە دارێك ببوونە پشکۆ، شیشکەی تفەنگمان دەرهێنا و بخۆ تکە بخۆ.. ئەوەشم لە بیرە هەر لەدەو چەمەکە لە سەر ئەو ڕێیەی کە ڕێی ماشێن بوو، کەپرێکی گچکە دیار بوو، گوێم لێبوو گوتیان:

دوکانە، بیبسی هەیە..

لە دڵی خۆم گۆتم:

ئەوجا بە من چی!

من بیرم لە بیبسی و بەڕکی خۆم دەکردەوە، سەردەستە گۆتی:

ببسیشتان لۆ دەکڕم..

لە خۆشیدا باوەڕم نەدەکرد، ئاخر لە بیرم نیە ببسیم خواردبێتەوە، ئەوجا لە دووی گۆشتیش..

بیست ببسیان هێنا، کردی بیست دینار، بۆ ئەوکات گەلێك زۆر بوو، وا بزانم سەردەستە بیزانیبا وا گرانە نەیدەکڕی، ببسیم تەواو نەکردبوو، ژمارەی (بیست) سەر و دڵمی گرت، ئەگەر بیست و یەك با ئاسایی دەبوو، بەڵام ئەو یەکە لە کوێیە؟ نازانم ئەوانیدی بەڵام من بزربوونی هیمداد نەیهێشت تام لە ببسیەکەم بکەم.. ئای ئێستا پێش داگیرسانی ئەو جگەرەیە چایەکم فڕکردبا.. لە ناو قسان گوێم لە وشەی (ناوزەنگ) بوو ئەو ناوەم زۆر بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی کەوتۆتە کوێ ی ئەو شوێنەی وا لێیەوە باسی ناوزەنگ دەکرێ، گوێم لێبوو:

- وا بزانم هەتا ناوزەنگ نابێت گیر بین، هەر ئەوێش نەگیرابێت

+ نا ئەوێ ناگیرێت..

سەیر بوو، بۆنی ئەو ژنە بەرینەدەدام، وەك چۆن بۆنی کورتان گرتبوومی، بۆنی ژنەکەش ئەوها، من ئێستا لە ناو بۆنێ هەناسە دەدەم، ئەو بۆنەی لەو ژنە دەهات رێك بۆنی ئەو کچە بوو کە هەر جارێك دەهاتە یانەی کۆلیژەوە هەرچی کوڕ هەیە بە بۆنی وی مەست دەبوون، نازانم چ بۆنێکی لە خۆی دەدا، کچەکان چەندی هەوڵیان لەگەڵ دەدا ئەو بۆنەیان پێ بناسێنێ کەڵکی نەبوو، بە کەسی نەدەگوت، من ئەو بۆنەی ئەو شەوە لە پەنای بەردەکە لە سینگ و مەمکی ژنە رەشماڵنشینەکە تێکەڵی گیانم بوو، رێك بۆنی کچەکەی کۆلیژ بوو، ئەو بۆنە نەبا هەرگیز بۆنی کورتانم لێ نەدەبۆوە.. لە رێیێ یەکە یەکە سەیری چاوی پێشمەرگەکانم دەکرد، دەمویست بیبینمەوە ئەو پیاوە ببینمەوە کە ژوانی لەکەڵ ژنەکە بەستبوو، کەچی جێژوان هەڵەیەکی تێکەوت، تەماشای دوڕ چاویانم

دەکرد، لە دووی بێ خەویی دەگەڕام، بزانم کێ ئەو شەو خەو نەچۆتە چاوی، ئاخر دڵنیام کەسێك ژوانی لەگەڵ ژنێکی وا هەبێت، ئەستەمە خەو بچێتە چاویەوە، من ژوانی وام هەبێت، ئامادەم بە حەفتە و دوو حەفتە چاو لێك نەنێم.. نەمدەدیتەوە ئەو پیاوەم نەدەدیتەوە، هەندێك جار دەهاتە سەرم بە دەنگی بەرز هاوار بکەم:

ئەرێ ئەو شەو کێ ژوانی لەگەڵ جوانترین کچی ناو رەشماڵ بەستبوو؟..

پەشیمان دەبوومەوە، دەمگوت رەنگە ئەو پیاوەی من لە دووی دەگەڕێم لە ناو دەستەکەیدی بێت، ئاخر بێجگە لە ئێمە دەستەیەکیدیش ئەو شەوە لە رەشمال بوون.. ناوە ناوە هەستم بە پەستیەکی زۆر دەکرد، رقم لە خۆم دەبۆوە، وام دەزانی ئیشێکی زۆر قوڕم کردووە، ئەدی لەوە قوڕتر؟ بە خۆمم دەگوت، چ شەرمەزاریەکە ژنێك بۆ ژوانی پیاوێکیدی هاتبێت، تاریکی شەو بە هەڵەی ببا و بیهێنێتە باوەشی تۆ، بێ دەنگیی تۆ لە خشتەی ببا و هەر وا بزانێ دۆستەکەی خۆیەتی، بۆت رووتبێتەوە و تۆش وەك ئەوەی بە تایبەت بۆتۆ خۆی رووتکردبێتەوە ئیش خۆتی لەگەڵ بکەیت، شەرمەزاری لەوە پتر! دەمگوت دەبوو پێی بڵێم:

من ئەو پیاوە نیم کە ژوانت لەگەڵی بەستووە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ منیش دەخەویت، ئەوە لێرەوە هەتا قیامەت مەمنوونتم، ئەگەر رازی با شتێکیدی بوو.. جار جارەش پێکەنینم بە لێکدانەوەی خۆم دەهات، دەمگوت:

باشە خۆ هەتا خەناوکەکەش پساوە، هەتا چەند مۆریەکیشمان دیتەوە، هەتا هەستاو لەو شەوەشدا ون بوو، من هەر تاسا بووم، هەر وام دەزانی خەونە، من کە لە بارێکی وا بم، چۆن دەمتوانی ئەو قسانەی پێبڵێم..

خەوم دێ، بێ خەوی منی کوشت، ئەوە چەند شەو و رۆژە نەخەوتووم، مەگەر لێرە و لەوێ گورگە خەوێکم کردبێ، شەوی چووی لە ناو رەشماڵی خێڵان دەمویست باش بخەوم ئەویش کیژە کوردی چاو جوان.. لە بیرمە بە تووڕەییەوە بە خۆم گوت:

ئەوە چ دەڵێی! خوا بکەم هەموو شەوێك خەناوکە لە ملێکی وا دێ، ئامادەم بۆ هەتایە چاو نەنێمە خەو، خەو چیە! ئیدی دۆڵا و دۆڵ شاخە و شاخ دەڕۆیشتین، تا ئەوسەری دنیا لە رەشماڵی خێلاڵن دوورکەوتبووینەوەن کەچی من هەر لە بن بەردەکە لە دووی مۆری دەگەڕام.. ئامۆژگاریەکەی باپیرمم بیرکەوتەوە، ئەو ئامۆژگاریەی بۆمن بۆماوەیی بوو، گوتم تۆ بڵێی باپیرشم خێری وای لە بن بەردان نەدیتبێ!..

لە نێوان ئێرەو ناوزەنگ زۆر چیرۆکیدی هەیە، چیرۆکی چەکوچ و سەری سادر، چیرۆکی دۆڵە کۆگە و ئەو دۆڵەی دەکەوتە پشتی وی، لەو نێوانە زۆر چیاو دۆڵیدی پڕ چیرۆك هەن کە بە حەفتە و مانگ لە گێڕانەوەیان نابمەوە، بەلاّم ئێستا هەرچی زووە، هەر بە فرین، هەڵدەفڕم و خۆم دەگەیەنمە ناوزەنگ بۆ ئەوەی بزانم هەواڵی هیمداد چیە، بزانم شتێك لە چیرۆکی گرتن و کوشتنەکەی خۆی و ئەو کوڕەی لە ئاقاری وی بەجێما نابیستم، ئەوەتا لە ناوزەنگ، لە پایزی ناوزەنگ پشتم بە بەردێك داوە و پێم خستۆتە ناو ئەو جۆگەلەیەی کە بە نازی پایزانە خوڕەی دێ، لەگەڵ جۆگە یان رەنگە پێچەوانەی وی رۆیشتبم، هەندێك جار کە خەیاڵ دەڕوا ئاو بگەڕێتەوە ئەو ناگەڕێتەوە، من ئەوها رۆیشتبووم.. دەنگێك، یان هاوارێك گێڕامیەوە، سەرەتا وام زانی خەونە:

هیمداد، هیمداد، هیمداد هاتەوە..

یەکسەر ئەو بیبسیەم بیرکەوتەوە کە تامم لێی نەکرد...

چۆنیەتی رزگاربوونی هیمدادیش رەنگە لە چیرۆکێکیدیکە خۆی بگێڕێتەوە...

لە بیرمە هەر لە دەو جۆگەلە پایزیەکە شیعرێکی مەیلەو خەناوکەییم نووسی، ناویشم نا سێ دنکە مۆری، بەلاّم ئێستا لەو خەناوکە شیعریە هەر هێندەی سێ مۆریم لە یاد ماوە:

خودایە! ئەگەر لە بیرت ماوم و نوێژت لێم دەوێ

ئەو بەردەم نیشاندەوە کە لە تاریکیدا کردتە ماڵی پیاوێکی عاشق و

ژنێکی لەو عاشقتریش نازانم تۆ ناردت یان بە هەڵە ڕێی کەوتە ئەوێ

خودایە، نوێژت لێم بوێ !

قەندیل

سێبەر و سێبەر

دەمەو ئێوارەیە، خۆری دووکەلاَوی، خۆری ڕوو بە تەنی شەکەت دیارە، خەریکە دادەبەزێتە سەر ئەو زنجیرە چیایەی، هێند سووتاوە هێند سووتاوە، چیلکەیەکی بۆ سووتان پێوە نەماوە ، بیست پێشمەرگەی هەلاَتووش بە سەری قەندیلدا بەرانبەری خۆری دوکەلاَوی خۆش خۆش ڕێدەکەن، ئەگەر چاو بە ئاراستەکاندا هەڵە وهەڵە نەچووبێ، لای چەپیان ئاوابوونی خۆرە، هەلاَتنی خۆر ئەگەر جارێکیدی هەڵبێ، دەکەوێتە لای ڕاستیان، ڕەنگە ئەو ئێوارەیە ئەو پۆلە پێشمەرگەیە ڕۆیشتنیان ڕووەو باشووربێ، بە دووری مەبینە هەر لەگەڵ ئاوابوونی خۆر ئاراستەی ڕۆیشتنیش بگۆڕێ، مەتارەکان خۆ ڕاناگرن، بەوەی باشە لەو دەڤەرەی قەندیلێ ئەوەی زۆرە کانیە، دەنا تینوێتی پەکیدەخستین، دەیکوشتین، نیوەڕۆکەی هەر یەکەی بایی ساڵێك گۆشتمان خواردووە، وا دیارە گۆشت و ڕۆیشتنی هاوینە، مەتارە لە دوای مەتارە چۆڕبڕدەکات، باشە هاوینی قەندیلێ هێندە گەرم نیە، دەنا لە نێوان دوو کانی لە تینوێتی چاومان سپی دەبوو، سپی وەکو ئەو پەلە بەفرانەی لێرەو لەوێ دەڵێی هەوری بەفراوین بە چیاوە..

+ زۆری ماوە بۆ ناوزەنگ؟

- ناوزەنگ لێرەیە!

+ کەوابوو ناگەینێ..

- گەیشتنی چی!

+ ئەدی بۆچی دەڕۆین و خۆمان ماندوودەکەین..

- جارێ ناچینە ناوزەنگ

+ ئەدی کوێ؟

- وا بزانم گوێزێ..

+گوێزێ ێ..

پێ هەڵێنە، شاخە و شاخ پێ هەڵێنە، بە دیار خۆری دووکەلاٌویەوە پێ هەڵێنە، بە ناو دەنگی تۆپە قەندیلهەژێنەکانەوە پێ هەڵێنە و بڕۆ، هەر بڕۆ، بـە بـەرزایی دنیـادا بڕۆ، لەو چەمەی نیوەڕۆکەی لە کەناری دانیشـتین و گۆشـتمان لـە شـیش داو تـا مـڕ بووین خواردمان، لەوێوە تا گەیشتینە ئێرە، ڕێی ئاسمانیش هەر ئەوهایە، وەختە بڵێم ئێرە ئاسمانە، ئێرە زۆر بڵندە، لە چاو زۆر جێیان هەر دۆڵ و چەم نا لە چاو زۆر چیاش ئاسمانە، من چەندی چاو دەگێڕم چیایەك لە خۆمان بەرزتر نابینمەوە، پێشـمەرگە زۆر بە ڕێی ئاسماندا هەڵگەڕاون..

+ ئەرێ نەگەیشتینە ئاسمان؟

+ چەند شەقاوێکی ماوە

+ هەتا ئەستێرە هەڵنێن دیار نیە گەیشتووینێ یان نا

+ من دەڵێم ئەستێرەکان لە خوار ئێمەوە هەڵدێن..

+ شوێنی ئەستێرانیش..

+ من دەڵێم دوعا بکەن ئەو شەو ئەستێرەکان خۆ ئاشکرا نەکەن..

+ چونکێ سەرمان پێیاندەکەوێ!

بڕۆ چیاو چیا بڕۆ، هێشتا ڕۆژ چەند باڵێکی ماوە، بڕۆ لەگەڵ سێبەرە بزۆزەکاندا، بڕۆ لەگەڵ سێبەرە درێژەکاندا، ئەو سێبەرانەی لەو بەرەوە بە چیاکەی ئەو بەرەوە سەمادەکەن، هەر سەمادەکەن و ماندوو نابن، من دەمێکە تێکەڵی سێبەرەکان بووم، هێندە پەیوەندیم بیرەوە نەماوە، جاروبار تەماشای بەردەمی خۆم دەکەم، یان سووکە ئاوڕێك لە خۆری دووکەلاوی لە خۆری سەر ئاوابوون دەدەمەوە، هەر هێندە پەیوەندیم بیرە ماوە کە قسە دێتەوە سەر چارەنووس، چارەنووسی زۆر نادیارتر لەو چارەنووسەی جارێك لە کتێبێك خوێندوومەتەوە کە نادیار ترین چارەنووسی مرۆڤ بوو، باشە ناوی کتێبەکەم لەبیرنەماوە، دەنا پتر لە سەری دەڕۆیشتم و دوور نەبوو لە سێبەرەکانی خۆمان دوورم بخاتەوە..

+ پێ هەڵێنن، با شەومان بە سەردا نەیە..

+ بۆ ئەگەر شەو داهات، چی دەبێت

+ ترسناکە..

+ چی ترسناکە

+ ڕێیەکی هەڵدێرمان لە پێشە، ئەگەر مانگ لە دەرەوە نەبێ، گورگیش بە شەو ناوێرێ خۆی لێبدا.

+ ئەمشەو مانگ زوو هەڵنایە؟

+ لێم تێکچووە، نازانم، ئەرێ کەس نازنێت، مانگ چ وەخت هەڵدێ؟

+ خەمت، نەبێ سەر لە ئێوارە..

+ دەی، وا دەکەین، پێش تاریکی هەڵدێرەکە ببڕین، زۆرمان نەماوە بگەینێ..

نازانم چەندمان ماوە بۆ ئەو هەڵدێرەی سەردەستە زراوی لێچووە و زراوی هەمووانیشی برد، بەلام هەمووانیش سوپاسیان کرد بۆ ئەو ئاگادارکردنەوەیە، بۆ ئەو زانیارەی لە بارەی ڕێگاوە بە گۆڕێی وەرکرد..

من له سێبەرەکان نابمەوە، هێشتا هەر له سەمادان، هەستمدەکرد سێبەرەکان له خۆمان زیندووترن، من به خەیاڵ دەچوومه ناو سێبەرەکانی خۆمان، دەبوومه سێبەر، به دەست خۆم نەبوو من دەبوومه سێبەر و سێبەر دەبووه من، دوعام دەکرد سێبەرەکان هەر بمێنن، مانەوەی سێبەرەکان مانەوەی ئێمه بوون، زیندوێتی خۆمانم له سێبەرەکانەوه دەدیتەوه..

خۆر له سەر ئاوابوونه، ئەها ئاوابوو، ئای سێبەرەکان، مرۆڤه زیندووەکان، ئەو مرۆڤانەی له سەمای هەمیشەییدا بوون، بۆ کوێ هەڵدران، له کوێ بتانبینمەوه، به نەمانی خۆر و ئاوابوونی سێبەرەکان تەزوویەکی تەزی به لەشمدا هات، هەستم به رەشبوونەوه و ئاوابوونی خۆمان کرد، ئەوانەی وا بەبەر چاومەوه وەك تارمایی رێدەکەن، هەر به راستی تارماین، سێبەرن، ئەوانەی پێش کەمێك له چیاکەی ئەو بەرەوه بزر بوون، ئەوان ئێمه بوون، ئەوان بیست پێشمەرگەی له ئەنفاڵ هەڵاتوو بوون..

به ئاوا بوونی سێبەرەکان دڵم گیرا، نا، (هیمداد)تر بووم، هیچ نەما خۆمی پێوه خەریك بکەم، باش بوو زوو گەڕامەوه شەوی پێشوو، شەوی ناو رەشماڵان، شەوی بن بەردەکە، شەوی باوەشی ژنەکە، ئەو ژنەی تا له رۆمانێکدا ناو له خۆی نەنێ (ژنی بن بەردە نەرمەکە) له هەموو سەرهاتێك ئەگەر به رستەیەکیش بێت دێته قسە، ئەگەر بۆ چاو تروکانێکیش بێ، خۆی به رووتی نیشان دەداتەوه..

+ زۆری ماوه بۆ هەڵدێرەکە؟

+ ئەوەته گەیشتینێ

+ باشه مانگ به دەرەوەیه

سەردەسته ناهەقی نەبوو زراوی لەو هەڵدێره بچێ، بزن به رۆژیش ناوێرێ خۆی لێدا، پێشمەرگه وا به شەو پێیدا لێژ دەبێتەوه، کەس نەبوو چەند جارێ پێی نەڕوا، نەخزێ، نەڵێ:

+ ئای دەستم

+ وەی بابە پشتم

+ وا بزانم چەنەگەم شکا

+ ئەی چۆکم

+ قوونەجۆرەم شکا

ئێستا ماندوو ماندووین، تینوو تینووین، برسی برسین، بە پشوویێکی باش ماندوویێتیمان تارومارکرد، ئەدی چ لە تینوێتی و برسێتی بکەین، چ هێزێك هەیە برسێتی و تینوێتی لە بیرببباتەوە! بایەکی فێنك فێنك هەڵیکردبوو، بای کوێستانێ، باش بوو تینوێتیەکەی لە جێگەی خۆی راگرت و پتری نەکرد، بەڵام برسێتی تاوی سەند، ئای بۆ نووردووە نانێك، ئێستا لوولی دەی، ئای برسین، ئای بۆ.. هەر خواردنێك، ئەو شەوەی من باسی دەکەم، هەر شتێك لە بەرد نەرمتر با پێشمەرگە دەیخوارد، گوێزێ بە گوێزەکانتەوە لە کوێی؟!

قەندیل

گێژەلووکە..گێژەلووکە

ئەو گوێزێیەی دەمگوت، ئێرەیە، دۆڵێکە دەڵێی بە مەبەست سێگۆشەیی هەڵکەوتووە، تا ئاسمان بە سێگۆشەیش خۆی نیشانمان دا، گوێزێ دوورە، ئەگەر لە بنی دنیاش نەبێت لە نیوەیەتی، من تا گەیشتمە گوێزێ، بەرد و بەرد تا ئەو سەری

قەندیل و لەو سەریشەوە تـا ئـەو سـەرەی هـەر بـەرد و بـەرد هـاتم، ڕێگـەی بـەرد و بەردیش پێچ پێچ و پێچان پێچان ڕێك پێچانەوەی تەمەنە، نازانم خەڵكیدی بەڵام من لە ڕێ كاتێ گوێم لە وشەی (گوێزێ) بوو، نیگام پڕ بوو لە گوێز، گوێزی ناسك ناسك بە لێو دەشكا، ئەوجا با بە لێویش نەشكێ ئەدی ددان بۆچیە، ئەگـەر لـە سـاتەكانی مەگێرانی گوێزی پێنەشكێنی! دەزانن من لە كەیەوە گوێزم نەخواردووە، لە بیرم نیە..

هەر بە بیستنی گوێزێ خەریكبوو خەویش بمباتەوە، ئەوە كەسەی خەوی بن دارگوێزی كردبێت، تێدەگات چ مردنێكی كاتیە خەوی سێبەری چڕی دارگوێز، دێتە بیرم ڕۆژێك بە نیازی حەسانەوە نەك خەوتن، ئاخر من بە ڕۆژ خەوم نەبوو، لە سێبەری دارگوێزێك سـەرم خسـتە سـەر پێڵاوەكـانم و كلاشینكۆفەكەشـم لـە تەنیشـتم و قایشـەكەیم لـە مەچەكی خۆم ئالاندبوو، ئەو دارگوێزەی دەیلێم وابزانم لە ئاقاری چیای پێرس تایبەت بۆ خەو ڕوابوو، ئەگەر ئاقارەكـە پێرسـیش نـەبووبێت، هـەر لـە پێـرس دەچـوو، ئـەو خەوەی لە بن دارگوێزەكە كردم، هەر مردنێك بوو بۆ خۆی، قورس قورس، قورسـترین تۆپ ئەگەر لە بن سەریشت چالێكی حەفت بـەژنی بخسـتـایەتە عـەردەوە، جوولـەی نەدەخستە خەوەكەی منەوە، ئەوجا چۆن بـە گـڕەی كۆپتـەر بـە ئاگـا بـێم، لـەو بـن دارگوێزە دوای ئەوەی بە زللە و پێلەقە بە ئاگایان هێنام، بە ژمار حەفت كۆپتەرم لـە ئاسمانێ ژمارد، هیچیشیان لە دوورایی ئارپیچی بڵندتر نەبوون، ئەوە جـاری یەكـەمم بـوو بـە ڕۆژ بخـەوم.. خۆزگـە لیـرەش، لـە گـوێزێ، دارگـوێزێ، خوداوەنـدی داروبـار دارگوێزێكی لەبەر خاتری من دەڕواند، مەگـەر هـەر ئـەو بزانـێ چـەند پێویسـتم بـە خەوە..

گوێزێ نەك هەر ئاشنایەتی لەگەڵ دارگوێز نیە، پێناچێت سـیمای دار بەڕووشـی دیتبێت، پێناچێت ڕۆژێك لە ڕۆژان هیچ درەختێكی ناسـیبێت، دۆڵێكـی ڕووت ڕووت خەریكە باوەڕ بە قسەی حاجی ڕەشماڵنشینەكە بێنم، ئەو حاجیـە بـە تەمەنـە كـە بـە گەنجی، خۆی گوتەنی:

((تاقە کەسم لە هەموو کوێستانێ کە بە گەنجی لە ماڵی خودا شەیتانم بەردباران کردبێت))

ئەو حاجیە بیابان دیتیە دەیگوت:

- لە هاوینان دۆڵی گوێزێ لەگەڵ ئەو بیابانەی کەوتۆتە نزیك ماڵی خودا جیاوازیەکەیان تەنها لە کانی دایە..

+ ئەدی لە زستانان؟

- لە زستانان ماڵی خودام نەدیوە، ئەگەر ئەنفال رێبدا، حەجی دووەمم دەخەمە زستانێ.

ژنەکەی کە بەو تەمەنەوەش روومەتەکانی دەتگوت بەفری کوێستانێن، هەڵیدایێ:

((من قەت بیابانم نەدیوە، یاخودا قەتیش نەیبینم، بەڵام ئێرە زستانان هێندی تێدەکات هێندی تێدەکات، دۆڵ شان لە دوندان دەخشێنێ، بیابان کوا بەفری لێدەکەوێت، من قەت باوەڕ بەوە ناهێنم وێکچوونێك لە نێوان چیا و بیابان هەبێت، ئەو دووە بە خوێی چێشتیش خزمی ئێکدی نابنەوە، ئەدی وە نیە؟))

ویستم بڵێم وایە، بەڵام پیاوی بیاباندیتە لە قسە لە من سوارتر بوو:

((کچێ تۆ ئاگات لە چیە، بە خودای کاکی برا ئەها ئەو تۆز و خۆڵەی دەیبینی، لە بیابانیش هەر ئەوهایە، جگە لەوەش دە تەماشاکە، دە سەرانسەری ئەو دۆڵە بگەڕێ، بڕکە دارێك کە بە داران بچێت دەبینیەوە! ئەوەی هەیە بنەگوێنی و ئەو شتانەیە، لە هەندێ جێگەی بیابانیش حوشترالووك هەنە، چ جیاوازیەك هەیە!))

حاجی جگەرەیەکی بۆم پێچایەوە، هەتا درەنگیش تام و بۆی ئەو جگەرەیەم لێنەبۆوە، تووتن بوو نەك گەمە، جگەرەی سۆمەریش ئەوەی لە کنە من خۆشترین جگەرە بوو لە دنیایێ بە تایبەتیش لە مەیخانان و بە دەم هەڵدانی بیرەوە، مژی وەهام لێدەدا هیچ ساوایەك مژی وای لە مەمکی دایکی نەداوە، هیچ پیاوێکیش بەو

تامەزرۆییەوە لێوی ژنی نەمژیوە ، نەدەگەیشتە ئەو جگەرەیەی بن رەشماڵێ، دوور نیە ئێستاش دووکەڵەکەی بەری رەشماڵەکەی گرتبێ و بەرینەدابێ..

گوتم:

لەوێ لەبەر گەرما و بێ ئاوی رووەك ناڕوێن، لێرەش لەبەر بەفر و ساردی بۆیە..

ژنەی دژە بیابان نەیهێشت مەبەستەکەم بگەیەنم گوتی:

بزانە بیابان و چیا چەند لێکدی دوورن و ناگەنە یەکتر، ئەها..

پیاوی بیابان دیتە قسەی پێبڕی و بە تووڕەییەوە:

وێکچوون لەوە پتر لەوێش دار نیە لێرەش..

ترسام تێکبگیرێن، بە پرسیارێکم قسە بە لایەکیدیدا رۆیشت:

باشە ئێوە لە بەفرانبارێ یان رێبەندانێ رێتان بەو دۆڵە کەوتووە؟

ژنە ئاخێکی هەڵکێشا، پیاوەش وەك بڵێی زگی پێیسووتا بە چاو تێیگەیاند کە ئەو وەلاّم بداتەوە، ژنە ئاخێکی قوڵتری هەڵکێشاو:

حاجی لە زستانان زۆر رێی بێرە کەوتووە، بەلاّم من یەکجار بە دوای کوڕەکەماندا، ئای دایکت کوێر بێت، وازی لێبێنە لە شەڕی براکوژی شەهید بوو، ئەو مەلعوونانە کوڕەکەی منیان بە کوشت داو ئێستاش وا پێکەوە...

گریان گرتی و نەیهێشت چیدی بڵێ، چاوی حاجیش پڕ لە فرمێسك بوو، لەبەر خۆوە سەرکۆنەی خۆم کرد بەوەی قسەم بەلایەکی ترسناکتردا راکێشاوە، خۆ تێکگیران خۆشترە لە گریان، من بەرگەی گریان ناگرم، شتێك نەکەم دەبێت منیش وەك ئەو ژن و پیاوە بگریم و کەسیش لێرە نیە گیرمان بکاتەوە، بە نیازی راگرتنی فرمێسك لە چاوان ئەو پرسیارەم هاویشت:

+ ئێوە بە من بڵێن ئێرە ئێرانە یان ئێراق؟

- هەتا ئێراهێ هەر ئێراقە، وا نیە پیاوەکە!

- با، لێرێهێوە دەبێتە ئێران.

+ سوپای ئێران نایەنە ئێرە؟

- نا، لەوەتەی شەڕ راوەستاوە جگە لە پێشمەرگە و قاچاخچی کەس نایەتە ئێرە.

ئۆخەیش! خۆ بەری گریان گیرا، ئەرێ من بۆچی چووبوومە رەشماڵێ! خەریکبوو لە بیرمبچێتەوە، ئا، بە نیازی پرسیار لـە گـوێزێ و وشـەی گـوێزێ، بـۆوەی بـزانم ئـەو گوێزێیە چ گوێزێکە کە پێناچێت نەك هەر لە تەمەنی خۆی گوێزێکی گرتبێت، رەنگە گوێزخۆرێکیش رێی بێرە نەکەوتبێ و گوێزێکی نەشکاندبێت، لە هەستاندا پرسیم:

باشە، لێرە چ بنە دارگوێز هەیە!

نازانم کامیان وای وەڵام دایەوە:

ئا، لە خوارەوە، لەو پێچە دەسوورێیتەوە، تـەواوێك دەڕۆی، چـەند دارگوێزێـك بـە پێوەن و گوێزیش دەگرن، ئێستا گرتوویانە بەڵام پێنەگەییون..

بڕواناکەم چوونم بۆ رەشماڵ هەر بە مەبەستی گوێزێ و گوێزە نادیارەکانی بووبێـت، یادەوەریم دەڵێ شتی گرنگتر هەیە لە سۆراخی گوێز، با جارێ ئەو شـتە گرنگـە هـەر لای رەشماڵ بمێنێتـەوە، لـە بیریشمچـوو لـە ژنـە بپرسـم تـۆ بۆچـی هێنـدە لـە بیابـان کۆڵداری، دەی، ئەگەر رێم بـە رەشـماڵ کەوتـەوە لێیدەپرسـم.. ئێسـتا بـا بگەڕێمـەوە بارەگا، بەڵام پێش گەڕانەوە کیسە تووتنەکـەم لـە بـیر نەکـەم، نـا، چما تفـەنگ لـە بیربکەم، تووتنم لە بیردەچێ، حاجیی تووتنخۆش کیسەکەمی پـڕ لـە تـووتنی خـۆش کرد، هەر بە خەنیبوون خەنی بووم، چووبمە هەر جێگەیەك قەت وقەت بە دەسکەوتی وا پڕ بەهاوە نەگەڕاومەتەوە، لە بیرم بێت، تووتنم لە سەر بڕان بوو، یەك درهەمیشـم نەبوو، نەمدەزانی چ بکەم، هەموو دەرگاکانی گەیشتن بە تووتن داخرابوون، باش بـوو دەرگـای رەشمـاڵم بـە رووداو کرایـەوە، لـە لایەکیـدیش نـازانم چ دەسـتێك بـوو چـەند دەفتەرێکی جگەرەی بۆم هەڵدا..

بارەگا چەند شڕە چادرێکی وا کە هیچ قـەرەجێك بیشـیکوژی سـەری پێـداناکات، بارەگا چەند غەرە بەردێکی پەتوو بە سـەردا دراوی وا کـە لـە دەوری گۆڕیشـی چـێ

بکەیت و بە سەری دادەیت، پێی رازی نابێت و دێتە دەنگ، بارەگایەکی شەپڕێوی وا هیچ بزووتنەوەیەکی چەکداری دنیا و لە هیچ هەلومەرجێکی دنیا و لە هیچ جێگەیەکی دنیا بارەگای وای هەڵنەداوە، نە نان بە بەردەکەوێت نە چایە، کەسیش نیە هێندەی پێشمەرگە حەزی لە نان و چایە بێت، جێگەیەك نیە بۆ چاو گەرمکردن، کێ هەیە هێندەی پێشمەرگە چاو پڕ لە وەنەوز، جێگەیەکی واش نیە بۆ خۆشووشتن، چڵکی تەمەنێك وا بە پێشمەرگەوە، جێگەیەك نیە بۆ پیاسەیەکی دالغاوی، ئەگەر چۆکت بە تیشە بەردێکیش نەکەوێت، ئەوا شانت بە پێشمەرگەیەکی وەك خۆت دەکەوێت، لەو رۆژانەش دالغە لە نان و ئاو و خەو و خۆشووشتن پێویستترە، بارەگا گوێزێییەکە گێژەلووکەی دنیا دەگرێتەوە، رەنگە گێژەلووکەی دنیاش لێیەوە هەڵبکات، بارەگا گوێزێییەکە جیایە لە گشت بارەگایان، کەشی بارەگا دوور نیە لە کەشی چیای جود بکات، لەو کاتەی کەشتیەك بە سەرۆکایەتی نوح لێی نیشتەوە، جیاوازیی گوێزێ لە کەشتیی نوح لە بێ نوحی دایە، لە گوێزێ نوح نابینم، هەرچەندە مام قادرێك هەبوو زۆر کەس پێیانوا بوو نزیکایەتیەکی زۆر لە نێوان ئەو و نوحدا هەیە، هەبوو دەیگوت:

((جیاوازی نێوان نوح و مام قادر هەر لە مامەکەدایە.))

هەشبوو، ناوی لە مامقادر نابوو قادر نوح، یادەوەریم پڕ پڕە لەو قادر نوحە، بەڵام نامەوێ بکەوێتە ناو ((گێژەلووکەی گوێزێ))، ئەو گێژەلووکەیە پڕ پڕ لە پیاوی پڕ سەرهات و سەرهاتکورت و تەمەن کورتە، پیاوە نوحیەکان، پیاوە سەرهات رووباریەکان یەکیان نەبێ لێرە جێگەیان نابێتەوە، ئەگەر خوداوەندی نوح تەمەنێکی هێندەی مامقادری دامێ، ئەوە کتێبێکی هەزار لاپەڕەیی یان هەزار قادری لە رێیە...

ئەو رۆژەی لە گوێزێ کەوتینەوە، گێژەلووکە هەڵیکردبوو، هەر گێژەلووکەش منی گەیاندە گوێزێ، ئەوانەی پێش منیش گەیشتبوون، لە رێی گێژەلووکەوە هاتبوون،

ئەوانەی دواییش هاتن بە گێژەلووکەدا هاتن، خارە خولە ئەو ساڵەی بە ساڵی گێژەلووکە ناو نا، دەیگوت:

((گێژەلووکەی ئەو ساڵ جیایە لە هی هەموو جار و ساڵ و زەمانان، ئەو گێژەلووکەیە جێگە بە هەموو شتێك دەگۆڕێت بە چیاو رووباریشەوە..))

من نازانم نە لە کالفامیم بوو نە لە پێچەوانەی کالییەوە باوەڕم بە قسەکەی خارە خولە هێنابوو، دووریش نیە هەر لە خۆشەویستیەوە بووبێت، ئاخر من نازانم بۆچی ئەو پیاوە وا کەوتبووە دڵمەوە و لێی داکوتابوو، بەجێینەدەهێشت، کەس نەبوو رقی لە خارە خولە بێت، بەڵام رەنگە کەم کەس هەبووبێت هێندەی من پێی سەرسام بووبێت، سەرسامیەك ئێستاش نەمزانی بە دیاریکراوی لە چیەوەیە، دەمێك بوو ئەو پیاوەم دەناسی، دەمێکیش بوو نەمدیتبوو، لە بەستی (شەرغە) دیتم و ئیدی نەمدیتەوە، ئەو گێژەلووکە نەبا کێ دەڵێ دەمدیتەوە، گێژەلووکە گێژەلووکەی خڕکردنەوەیە، لە بنی دنیاوە پێشمەرگە دێنێ و لێرە لەو گوێزێ بەردەلانیە بە عەردی دادەدا، منی لە (هەورێ) وە هەڵگرت و دەماودەم لێرەی بە بەردا دام، خارەخولەی لە دەشتی هەولێرەوە هەڵگرت، هەر پێشمەرگەیەکی لە جێیەکی چیاو دەشتانەوە هێناو دەهێنێ و هەمووان لە گوێزێی خڕبوونەوە خڕدەکاتەوە، ئەوەی لێرەیە جگە لەو چەند رەشماڵە رەشکۆکە، هەمووی هەر هەمووی بە پێ و باڵی گێژەلووکە گەیشتۆتە گوێزێ، ئەوانەی لە رێگاشن دەڵێن زۆریدی بە رێوەن، ئەوانیش لە گێژی گێژەلووکە گێژدەخۆن..

ئێستای گوێزێ بە ساڵژمێری نەورۆز هێشتا هاوینە و پایز دانەهاتووە، بۆیە هەڵکردنی گێژەلووکەی پایزی جێگەی پرسیارە، بەڵام خارەخولە زوو وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە:

گێژانە گیژەلووکەی سەدام و سرووشت پێکەوە هەڵیانکرد.

مامۆستا لەشکریش کە گێژەلووکە لە نزیک نازەنینی سەفینەوە بە هەڵگرتن هەڵیگرتبوو، خۆی گوتەنی بە ئەسپایی لە گوێزێی قەندیلی دانیشاندبوو، لە وەڵامی ئەو وەڵامەی خارەخولە گوتبووی:

دوور نیە سەدام ئاسمانیشی هەڵنەخەڵەتاندبێ.

کوڕێك ناوی لە خۆی نابوو خەیام و چ ئاشنایەتیەکیشی لەگەڵ خەیام نەبوو، بۆ پشتڕاستکردنەوەی گاڵتەکەی مامۆستا لەشکری گۆتیان گۆتبووی:

ئەوجا سەدام روسیا هەڵبخەڵەتێنێ، ئاسمان هەڵناخەڵەتێنێ!

ئەو قسەیەی خەیام دوور نیە هەر لە قسەیەکی مامۆستا لەشکری خۆیەوە وەرگیرابێت، دێتەوە بیرم وەرزی بەهاربوو، گیا لە چۆکان، مامۆستا لە شکری ناوی لە بەهار نابوو وەرزی نێرکەر، چونکە پێیوابوو هیچ گیانلەبەرێگ لە حوشترەوە بگرە تا دەگاتە مێرووله بە مرۆڤیشەوە، هێندەی نێرەکەر چێژ لە بەهار وەرناگرێت، لەو وەرزە نێرەکەریە مامۆستا لەشکری رستەیەکی نزیك لەوە ((سەدام روسیای کەر کردووە)) لە لێویەوە رژا و هەڵیشینەگرتەوە..

لەو کۆتایی هاوینە گێژەلووکەییەی گوێزێ دەبێت کەسێك هەبێت هێندەی من دژوون! ئارەقەی هەموو ئەو نشێو و هەورازانەی دەکەونە کانی تەلانی هەورێ و گوێزێی قەندیلەوە، ئەو رێوبانانەی دەکەونە ئاقاری ئەنفالەوە وا بە گیانی منەوە وشکبوونەتەوە، رشکیش هەر دەڵێی سەرە دەرزیی ئەنفالە دەچەقێتە لەشەوە، لەگەڵ ئەوەش حەز بە گەرماوکردن ناکەم، نازانم کێ بوو گوتی:

((بۆچی خۆت ناشۆیت؟ دەزانی بۆنی کەری تۆپیوت لێدێت!))

حەزمدەکرد پێیگوتبام کەر، کەری تۆپیو، بەڵام بۆنی کەری تۆپیوم لێنەهاتبا، راستە هەرچی ئارەقەی رێی لە بن نەهاتووی بەرد و بەردە لە مندا بە قەد ژمارەی بەردەکانی رێ وشکبوونەتەوە تەڕبوونەتەوە، ها بە چاوی خۆتان ببینن هەمووی ماکماکە، دەڵێی بەرزایی قەندیلی دیوی نسێی هاوینیە کە لێرە و لەوێ رەشبۆتەوە،

راسته ڕەنگە بۆنی ئارەقە لە منەوە لەو بوتلە عەرەقە -خوداوەندی مەی بە كوفر لە سەرم نەنووسێ- تیژتر خێراتر و ڕاستەوراستر دەگەیشتە كونە لووتان كە دواتر زۆر دواتر نزیكەی بیست ساڵێك دواتر بە هۆی هەڵەی دانانەوە، زرم بە عەرد كەوت، هەر هێندەی سێ جار چاو بجووقێنی و هەڵیبێنی بۆنی عەرەق گەیشتە هەموو كورسیەكانی چایخانەی مەچكۆ، سورخیش ئەو كوڕەی ماسیەكانی بە پێكەنین ئێخست و مەچكۆی بە عەرەق مەست كرد، خەریكبوو بە لەپ عەرەق لە سەر كاشی هەڵگرێتەوە، ڕاستە من پیستر بووم لەو حەمە شێتەی ناو قەیسەریی هەولێر كە زۆر كەس دەیانگوت:

ئەو پیاوە لە هەموو تەمەنی خۆی یەك جار خۆشووشتنی دیوە ئەویش ئەو ڕۆژەی كە بە هەڵە هاتە دنیا..

هەبوو دەیگوت:

ئەگەر لە كاتی مردنێش بیشۆن، باشە دەبێتە دوو جار..

من لەو حەمە شێتە پیستر بووم، ئەو حەمەیەی زۆر كەس پێیانوابوو وەلیە، هەندێك لە شوفێر تەكسیەكانیش ئەوانەی لە ڕێی هەولێر- موسل ئیشیاندەكرد سوێندیان دەخوارد:

بە فشەی وەرمەگرن، ئەو حەمەیە توانای فڕینی هەیە و لە پێش ئێمە دەگاتە موسل و لە پێش ئێمەوەش دێتەوە..

زۆر لە ژنان دەیانگوت:

لە چاوی ئێمەوە حەمە پیس دیارە، دەنا خاوێنە زۆریش خاوێنە، لە هەموومان خاوێنترە، ئێمە كامەمان لە هەموان خاوێنترە لە ڕۆژی گەرماوێش هێندەی حەمە خاوێن نابین، مەگەر پیاوچاك و فریشتان هێندەی حەمە خاوێن بن..

پیاوی واش هەبوو دەیگوت:

هەتا ئەو (شێت)ە لە حەمە نەکەنەوەو (حەمە)کەش نەگۆڕن بە (موحەمەد)، ئەو هەولێرە خێر لە خۆی نابینێت، ئاخر چۆن دەبێت بەو پیاوە خودایی و نوورانیە بڵێن شێت و ناوەکەیشی بە سووکی بێنن..

هەبوو نووری ئەو موحەمەدە نوورانیەشی دیتبوو:

ئەگەر باوەڕناکەن، شەو درەنگان، بڕۆنە ناو قەیسەری، بە چاوی خۆتان نووری خودا لە حەمەوە دەبینن، من بەو چاوانەی خۆم دیتوومە، چەپك چەپك نوور لەو پیاوە خوداییە هەستاوە..

ئاگام لە خۆم نەبێت حەمە لە گوێزێم دووردەخاتەوە و لە ناو قەیسەریی هەولێرم دەکاتەوە، سەرهاتیش لە سەر سەردەکاو بۆم ناگێڕێتەوە، لە جێگەش سەردەکاو مەبەست ناپێکێ، با بگەڕێمەوە دژوونیی خۆم، من نە حەمەی پیاوچاکم و نە هیچ، بەڵام هەست دەکەم لە چاوی خەڵکەوە لە لووتی خەڵکەوە پیس دیارم بۆنی ناخۆشم لێدێ، دەنا لە پیاوچاکان خاوێنتر و لە هەمووانیش بۆنخۆشترم، وەرن بە لووتی من بۆنی من بکەن، بزانن کام گوڵاوی فەرەنسی ئەو بۆنە خۆشە دەدا، سینە و مەمکی کام ژنی خێڵ و رەشماڵان بەو گوڵاوە مەستت دەکات کە لە مندایەو سات دوای سات مەست و مەستترم دەکات، لە بیرتانە لە ((بەرد و بەرد لە هەورێوە تا قەندیل) لە رێیێ لە شەوێکی تاریك تاریك تاریکتر لە رەشماڵ و لە پرچی ژنانی رەشماڵنشین، شەوێك لە ناو رەشماڵان مامەوە، لە بن بەردێك خەوتم، چاوتان لێبوو! لەو تاریکیی شەوە ژنێك بە هەڵە هات و هەرچی بۆنی ژنانە هەیە، لە شووشەیەکی گوڵاوی کرد و بە منیدا پژاند! ئێستاش هەر لە ناو ئەو شووشە گوڵاوەم، پیسی و ئارەقەی تەمەنێکیش کار لەو گوڵاوە ناکەن، تا هەتایە گوڵاوی ژنی بن بەردەکە لێم نابێتەوە، دەبێت پارێزی لەو بۆنە بکەم.. من پێمواپە بە خۆشووشتن و جلك شووشتن ئیدی گوڵاوی ژن بە ئاودا دەچێ، لەگەڵ بە ئاوداچوونی گوڵاویش لە گوێزێی گێژەلووکەیی

چی هەیە تۆزقالێك چێژ بەخش بێت، هەستدەکەم لە ڕێی دیاریەکەی خودا ئەوەی بن بەردێ.. نوورانیشم..

- نا، خۆم ناشۆم، لێمگەڕێن

+ کوڕە، ڕشك و ئەسپێ دەتخۆن، خۆت بشۆ.

چی دەخوات، با بخوات، لە گیانی خۆش، من لە ناو گولاوی ژندا ژیان دەکەم، چی دەڵێن با بیلێن گەردنیان ئازاد، من لە خۆمەوە لەو جلکە ماکماکانەی خۆمەوە گوێم بۆ شنەی هەناسەی ژنی بن بەردەکە هەڵخستووە و لەو شنەیە بترازێ چیدی نابیستم.. بە ڕاستی لە ناو گێژەلووکەی گوێزێ سێ شت هەبوو، من دەستیان پێوە بگرم و دەستم بگرن و نەهێڵن سەراوسەر بەرمەوە ناو نائومێدی:

١-شەوی بن بەردەکە، ئەو بەردەی ئێستاش وا دەزانم بەردێکە لە لۆکە و ژنە بالا بەرزەکە لە بەردەوە کردیە لۆکە و لە مێژووی بەرد بەردێکی نەرم هاتە دنیا..

٢- ناڵەی جودایی، ئای ناڵەی جودایی، خودایە، بۆ هێمنت وا زوو کوشت!

٣- قسە و گاڵتەکانی خارە خولە کە بزەی دەخستە سەر لێوی هەشبەسەریشەوە، پیاوێك بوو فشەی بەو گێژەلووکەیە دەکرد کە پێشمەرگەی پەرتدەکردو خری دەکردنەوە و تێکی دەئاڵۆزکاندن..ئەو پیاوە بۆ هەموو بابەتێك قسەی خۆی هەبوو، کە بە قسەی خارە خولەیی ناویان دەبرد، زۆر لەوانەی ئەوێ بە بەرپرسە گەورەکەشەوە پێیانوابوو، ئیدی لەو قۆناخە پێشمەرگە کۆتایی هات و با هەر کەسە بچێتە ماڵی خۆی، خارە خولە لە وەڵامی ئەوانە گوتی:

وا نیە، تا جگەرە مابێت، پێشمەرگە دەمێنێت.

گوتیان:

چایەت لە بیرچوو.

خارە گوتی:

کەس هێندەی من عاشقە چا نیە، بەڵام پێشمەرگایەتی بێ چایەش دەکرێ.

گوتیان:

باشە ئەگەر جگەرە نەما..

خارە گوتی:

ئەوجا ئەگەر جگەرە نەما، پێشمەرگە سەی کێندەرێیە..

گوتیان:

خارە، خۆ بە گوێی خۆت گوێت لە قسەکانی هاوڕێ باڤێ فاریقی بوو..

خارە گوتی:

کەس رێی لەو نەگرتووە.. قسەم پێمەکەن، با قسە نەکەم..

باشترە پێکەوە گوێمان لە چەند رستەیەکی باڤێ فاریقی بێت، با ئەوەش بڵێم باڤێ فاریقی بە کوردیکراوی ناوێکی عەرەبی بوو، ئەوە کامەران ئامێدیەك هەبوو ئەوهای کردبووە کوردی، ئەو ناوەی زۆر شیرین لە زاری دەهات، هەر لەبەر هەندێ منیش وەکو وی ناوی دێنم، وا بزانم سەر لە بەیانی بوو، هەرچی پێشمەرگەی دۆڵی گێژەلووکەیە کە گەلێك زۆر بوون، خڕبوونەوە، بە دانیشتنەوە نیوە بازنەیەکیان بە دەوری باڤێ فاریقی بەست، لە پاڵ بەرد و لە سەر بەرد دانشتبووین، کەس دەنگی لێوە نەدەهات، قەت پێشمەرگەم وا بە قڕوقەپی نەدیتبوو، دەنگ لە بەردەوە دەهات لە پێشمەرگەوە نەدەهات، کەس پێشمەرگەو بەردی لێکدی جودانەدەکردەوە، ناهەقیان نەبوو، دەمێك بوو چاوەڕێی بەرپرسێك بووین بێ و قسەیەك بکات، شتێك بڵێت، بزانین لە دنیای دەرەوەی گوێزێ چ باسە، خارەخولە گۆتەنی: ((گفتوگۆیەکی ژێربەژێری لەگەڵ حکومەت!!))، هەر شتێك لە چنگی گێژەلووکەی گوێزێمان دەربێنێ، جا لە کوێ بەرەڵامان دەکات گرنگ نیە، بەس باوەشی حکوموت نەبێت، خۆ مردین لە برسان، دەی هاوڕێ شەکرێك بشکێنە:

هاوڕێیـان، سـەرەتا خۆشـحاڵم کـە بـە زینـدوێتی گەیشـتنە ئێـرە، هیـوادارم هاورێیانیتریشمان سەلامەت بن، بە راشکاوی پێتـانبڵێم ئێمـە لـە رووی سـەربازیەوە شکستمان خوارد، پێشمەرگە شکستی خوارد..

دەنگ لە بەردەوە دێ ورتە لە پێشمەرگەوە نایە..

((.. حزبی ئێمە لەگەڵ ئێران بەینی خۆش نیە، بۆیە ئێـران هـیچ هاوکاریەکـەمان ناکات، نایەڵێت، یەك فەردە ئارد نیو تەنەکە روون، کیسەیەك خوێ..ئـاودیوی ئێمـە بێـت، ئامـادە نیـە برینـدارێکی ئێمـە، نەخۆشـێکی ئێمـە بگرێتـە خـۆی

دەنگ لە بەردەوە دێ ورتە لە پێشمەرگە نایە..

((.. (   ) گفتی داینێ شتێکمان بۆ بکات، لـە رێـی ئەوانـەوە ئازووقـەمان بـۆ بێت، بە ناوی ئەوانەوە ئاودیو بین و هاتوچۆمان هەبێت، تا ئێستا چ دیار نیـە، هـەر دەڵێ ئەورۆ نا سبەی...))

دەنگ لە بەردەوەو دێ ورتە لە پێشمەرگە نایە..

بەڵام دووکەڵی جگەرە دەتگوت پەلە هەورە بە سەر سەرانەوە..

((.. هاورێیـان بـۆرژوازی و حزبـی بـۆرژوازی بـەر و پشـتی نیـە، قەحپەنـە، قەحپە...))

دەنگ لە بەردەوە دێ ورتە لە پێشمەرگە نایە..

من لەو (قەحپەیە) تووڕە بووم، لەگەڵ ئـەوە نـەبووم شـتی خـراپ و دووڕوو بـە قەحپە بچوێندرێ، ئاخر دوژمنایەتیەکم لەگەڵ هیچ قەحپەیەك نـەبوو، باشـە قەحپـە چۆتە سەر ماڵی کێ؟ رێی لـە کـێ گرتـووە؟ گیرفـانی کێـی بڕیـوە؟ قەحپـە چ جـۆرە زێدەباییەك لرفدەکات؟ خۆ قەحپە شەریفەکەی سارتەرم هەر زۆر خۆشدەویست، نازانم بۆچی ئەو پیاوە بەو شێوە قاحپەی سووك و چرووك کرد..

((... هاورێیان لێتان ناشارمەوە و لە ئێوەش شاراوە نیە، ئێمـە لـە بـارودۆخێکی زۆر خراپدا دەژین، ناتوانین خۆمان بژیێنین، هاورێیان، ئێوە دەزانن خەباتکردن چەندان

شێوازی هەیە... ئیدی ئەوە حکومەتیش لێبووردنی گشتی دەرکردووە، بە ناوی حزبەوە قسە دەکەم و دەڵێم ئاساییە کە خۆ رادەستی حکومەت بکەنەوە بچنەوە شارەکان.. حزب لەو بارودۆخە ناتوانێ ئەو هەموو پێشمەرگەیە بەخێو بکات...))

لەگەڵ راگەیاندنی ئاشبەتاڵ بە دەنگی زولالی باڤێ فاریقی بووە غەلبە غەلب،هەر پێشمەرگە نا بەردەکانیش وەقسە هاتن، هەندێك لەو قسانە تا ئێستاش لە گوێمن و دەگوترێنەوە:

- وەڵا قسەی کرد و لێبۆوە!

- با هەر وا بڵێ، من قەت ناچمەوە..

- با خۆی خۆی رادەستی حکومەت بکاتەوە..

- قەت نەمدەزانی حزب ئەوها بێ وەفایە، کە ئیشی پێتنەما ئەوها بەرەڵات دەکات..

- دەیانەوێ ئێمە بنێرنە ناو دەمی حەزیا و خۆیشیان بچنە مۆسکۆ بۆ قاحپەگایین..

- مادام وای لێهات، گوو بەو حزبە هەر ئێستا دەڕۆمەوە.

- هەموو حزبیش بچێتەوە من دەمێنمەوە، دەبێت ببمە حەمەدۆك.

- منیش لەگەڵتم، کوڕە یاڵا با بۆ خۆمان دەستەیەك دروست بکەین و سەربەخۆبین..

- ئەگەر وای لێهات وا دەکەین..

باڤێ فاریقی کە لەوێ و تا ماوەیەکی زۆر بووە باڤێ ئاشبەتاڵ، بە تەواوی خوێنی خۆی تاڵ کرد، پێشمەرگە هەبوو ئەگەر لە دەستی بهاتایە دوور نەبوو گوللەیەك بنێ بە تەختی نێو چەوانیەوە، هەستی بە تووڕەبوونی پێشمەرگە کرد، رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت خۆی بزرکرد، بەلام بزربوونی یەکجارەکی نەبوو دوایی دیتمەوە.. ئەو

پیاوەی لە بارەگا بەردەلانیەکەی گوێزێ دنیایەك وشەی لە بەرد رەقتری هەڵدا، نـازانم کێ بوو گوتی:

((بەردیش ئەگەر بێتە قسە، قسەی لەوە رەقتر ناکات))

ئەو پیاوە دواتر کەمێك لە نزیکەوە ناسیم رەنگـە پێشی سەرسام بـووبم، ئـەو پیاوە بە تەمەنداچووە تایبەتمەندیی سەرنجراکێشی هەبوو:

١-بە کاتژمێر وتاری دەدا بێئەوەی هەناسەبدات، بێئەوەی لە هـیچ ئەنـدامێکی لەشیەوە جوولەیەك ببینی جگـە لـە لێـوی ئـەویش بـە نـەرمی، چاویشـی لـە سـەر خاڵێکی دیاریکراو رادەگـرت کـە کـەس ئـەو خاڵـەی نەدەدیتـەوە، هـەرگیز هەڵـەی زمـانی نـەکردووە، دەتگـوت لـە پێشـی نووسـراوەتەوە و دەیخوێنێتـەوە، جارێـك خارەخولە سوێندی خوارد کە باقێ فاریقی:

((لە کاتی وتاردان دەستێ هەیە کاخەزی نووسراوی بۆ راگرتووە، بەڵام ئێمە ئەو کاخەز و دەستە غەیبیە نابینین)).

٢-ئەگەر ئازابوویت چایەکەت لە پێشی دادەنا، یان جامە ئاوێکت بـۆ رادەگـرت، یان هەر سووکە یارمەتیەکی تایبـەتی، وەهـای تەریقدەکردیـەوە بـۆ حـەفت پشـتیش تۆبەت بکردایە، دەیگوت:

((بۆ! خۆم شەلم، گۆجم، چاوم نیە چیت لە من زیاتر و کەمترە، جارێکیـدی شـتی وا نەکەیت، باشە!))

خێزانەکەیشی کە زۆر گەنج بوو ئەویشی بە سـەر خۆیـدا دەشـکاندەوە، نەیـدەوێرا سووکە یارمەتیەکی بدا.

٣-بە چاوی خۆم نەمدیت بەڵام دەیانگوت:

باشترین سەختەکاری ناسنامە و شتی وایە لە پارچەیەك لاستیك مـۆری سـەرۆك کۆماری درووستدەکرد.. دەیانگوت:

((مۆری هەموو فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەتی لا دەستدەکەوت.))

٤-ئەو پیاوە پێیەکی لە شاخ بوو پێیەك لە شار، نازانم چۆن نەدەگیرا، خارە خولە دەیگوت:

((ئەوە بگیرێ! پەنجا ناسنامەی لە بەرکیە، یەکیان هەر دەیخوا.))

٥-دوژمنی سەرسەختی پارە بوو، ئەگەر چەند دینارێکی لە گیرفان با، هەستیدەکرد قونجرکەیان بۆی تێکردووە، ئەسپێی لە باخەڵە، زەنگەزۆرەی تێئاڵاون، چوزانم رەنگە وای زانیبێ پۆلووی ئاگری پێوەدەنێن..

دواتریش دوای ئەوەی پێشمەرگە لە چاخی بەردپەرستیەوە پەڕیەوە چاخی پوولپەرستی و کۆڵەپشتەکەشی لە بەری بەرد بەجێهێشت، ئەو پیاوە ئەوانەی دەیانناسی دەیانگوت:

((هەر بە ئەنتی پارە ماوەتەوە..))

ئیدی بووە یەك ژاوەژاو کەس نەبوو گوێ لە کەس بگرێ، هەموو قسەکەر بوون، کەسیش نەیدەزانی قسە بۆ کێ دەکات، هێشتا بیستو چوار دەمژمێر بە سەر راگەیاندنی ئاشبەتاڵ نەسووڕابۆوە، چەند پێشمەرگەیەك تێیانکردەوە، رەنگە تێیانکردبێتەوە، لە بارەگا نەمان، لە دڵی خۆم گوتم ئەوها بڕوا هەتا سێ چوار رۆژیدی بارەگاچۆل دەمێنێتەوە، چۆلیەکی وا بڕۆ کەری تێدا... بەلام رۆژی دواتر بێچەوانە بۆوە، کۆمەڵێك پێشمەرگە گەیشتنە بارەگا، گێژەلووکە لە بنی دنیاوە هێنابوونی، یەك دوو رۆژ رابورد، پێشمەرگە نە لە کەمی دەدا نە زیادیش دەبوو.. دیتم بەرپرسەکان قل قل پێشمەرگان بانگدەکەنە پەنایێ، لە دۆڵی گوێزێ، دۆڵی گێژەلووکە، دوو بارەگا هەبوو کە پێچێك نێوانیان بوو، لەو دوو بارەگایە یەك دوو ملازم و دوو سێ مام و سێ چوار مامۆستا و کۆمەڵێك ئەبوو بەرپرس بوون، لە مامۆستایەکان (م. لەشکری) و لە مامەکان (م. سالح) و لە ئەبووەکان (ا. دڵشاد)، لە ملازمەکانیش نازانم بۆ ناوی کەسیانم لە یاد نیە، ئەوانەی بانگدەکرێن نازانم چیان پێدەڵێن و چ رێیەکیان نیشاندەدەن، ئەوانەی بانگیشدەکران چ قسانیان نەدەکرد، بەلام

دیار بوو له سیمایانەوه دیار بوو که دڵیان گوشراوه، خراپیش گوشراوه، لێم بووه مەراق، چۆن نابێته مەراق، سەگبابەك پێینەدەگۆتم مەسەله چیه، رووی پرسیارم کرده یەك دوانێك لەوانەی بانگکرانه پەنایێ، چیان نەگۆت، منگەمنگێکی هەند حیزانەیان لێوه هات، سوێندم خوارد ئیدی پرسیار له کەس نەکەم، پرسیارم له کەس نەکرد، حەزمدەکرد زوو منیش بانگبکەنه پەنایێ و بزانم ئەو دڵگوشرانه بەرئەنجامی چیه، له دڵی خۆم دەمگوت، چ دەبێت با ببێت، بەس بانگمبکەن و تێبگەم، بانگمیان نەدەکرد، خەریکبوو خۆم بچم و بڵێم:

ئەرێ دەڵێی منتان لەبیرکردووه، بۆچی بانگمناکەنه پەنایێ؟

پێشمەرگەش بەردەوام به دەم گێژەلووکەوه دەگەیشتنه دۆڵی گێژەلووکە، هەستمدەکرد هەندێ دەموچاو بزردەبن و نابینرێنەوه، له بارێکی وا بووم، گێژەلووکه به شێوەیەك له سەرمدا گێژیدەدا، بیرم بۆ کۆنەدەکرایەوه و دوور نیه لەوان رۆژان به هارە هارەم لێهاتبێ.. دیتم کارزانیشیان بانگکرده پەنایێ، ئەو کارزانه ئەو شەوەی من له بن بەردەکه له تاریکیدا تووشی ((زینا)) بووم، ئەو شاهیدێکی خەوتوو بوو، زۆری نەبرد کارزان هاتەوه، ئاگر له چاوی دەبارێ، چ پێکەنینی پێنەمابوو، له بیرمان بێت ئەو کوڕه به هەموو شتێك پێدەکەنی شتی سەیر و ئاسایی شتی خۆش و ناخۆش، من سوێندم خواردبوو چ پرسیارەك لەوانه نەکەم که بانگیاندەکەنه پەنایێ، کارزان هات، له تەنیشتم دانیشت، شانی راتەکاندم:

- بۆچی پرسیار ناکەیت، بۆچی بانگمیان کرد؟

+ پرسیار ناکەم.

- دیاره دەزانی مەسەله چیه؟

+ تەڕەساز دەزانم.

- گوێبگره ئەو هیچوپووچه دەزانی چ به من دەڵێ؟

+ هیچوپووچ کێیه؟

- ......

+ ئیٚ

- دەڵیٚ بڕۆوە خۆت رادەستی حکومەت بکەوە..

+ ئیٚ؟

- دەزانی چیم گوت! راستورەوان پێیم گوت:

من لە تۆ هەر لە تۆ نا لە هەمووتان کۆمەنیستترم، من گەنجم بەرگەی هەموو ناخۆشیەك دەگرم، بەڵام تۆ تەواوێك چوویتە تەمەنەوە تۆ بڕۆوە، تۆ پێویستت بە پشووە...

+ ئیٚ

- سەگباب دەڵیٚ:

چەکداری تەواو، حزب لە ناو شار ئیشی بە تۆیە و کاری رێکخراوەیی بکە، ناسراو نیت و ئاشکرا نابیت.

+ئیٚ

- گوتم:

تۆ خۆت بە چی دەزانی! لە هەولێر من لە تۆ ناسراوترم، ناچمەوە و تەواو.

+ئیٚ؟

- ئیٚ، ئیٚ...

ئێی، با کارزان جێبهێڵم و بێمەوە ناو تەنیایی خۆم، ئەو تەنیاییەی جگە لە من لە دەستی کیٚ دەهات لە ناو گێژەلووکە پڕ لە هەراو هۆریای گوێزیٚ بە دەستیبێنیٚ! تەنیایی لە ناو گێژەلووکە هونەرێکە کارزان گوتەنی:

((لە ناو مرۆڤان هەر لە تۆ دیٚ..))

لە هەموو دارەتی دنیاییٚ من بەس کتێبێکم هەبوو بە ناوی (ناڵەی جودایی)، لە هێمنم زەفتکردبوو، ناوی هێمنم لە سەری رەشکردبۆوە، بە خەتێك نزیك لە خەتی

ناوەکەی وی نـاوی خـۆمم لـە سـەری نووسـیبوو، شـیعرەکانی نالـەی جـودابیم هێنـد خوێندبۆوە، هێند خوێندبۆوە، هەموویم لەبـەر بـوو، هـیچ قورئانخوێنێـك قورئـانی وا خەتم نەکردبوو، لە بیرمە لـە گـەڕەکی بەلاشـاوەی هـەولێرێ نزیـك گۆڕسـتانی سـەید مارفێ، مەلایەك هـەبوو زۆر کـەس بـە مـەلا شـێتۆکە بانگیـانکرد، ئـەو شـێتۆکەیە دەیانگوت:

((چ ئەسحابەیە وەك وی قورئانی هەموو لەبەر نیە..))

کاتێ سوورەتێکی دەخوێندەوە، وەها لەگەڵی تێکەڵ دەبـوو، ماسـتی مـەڕ وەهـا تێکەڵی ئاوی کانی نەبووە، مەلا شێتۆکە بە گوێی خۆم گوێم لێیبوو دەیگوت:

((کەس وەك من قورئانی خۆشـناوێت، کـەس وەك مـن تێکـەڵی قورئـان نـەبووە، قورئان هی خۆمە خودا چ مافێکی بە سـەرەوە نیـە، جگـە لـە خـۆم کـەس مـافی بـە سەریەوە نیە..))

منیش لە ئاست (ناڵەی جـودایی) وەك مـەلا شـێتۆکەم لێهـاتبوو، مـافی هـێمن و کەسی بە سەرەوە نەمابوو، هی خۆم بوو، خۆم دامنـابوو، دۆڵـە رەقـەی مانـدوێتی و تینـوێتی و برسـێتی و ترسـیش لـە ناڵـەی جـودایی جیانەکردمـەوە.. ئیـدی لـە گێژەلووکەی پڕ لە هاواری گوێزێ من بە بێدەنگی دەچوومە نـاو دەنگـە جیاییـەکانی ناڵەی جودایی، لە بن تیشەبەردەکانی بارەگا کە دەتگوت بـەرانن روویـان لـە ئاسمـان کردووە، لە بەر خۆمەوە دێر دێر ناڵـەی جـوداییم لـە نـاو دووکـەڵی جگـەرە بـۆ خـۆم دەخوێندەوە..

لە هـەموو دارەتـی گـوێزێ یـەك شـڕە بـە تـانیم هـەبوو، نیوەیـەم رادەخسـت و نیوەیەکیدیم بە خۆمدا دادەدا، ئەگەر لە چلەی هاوینێش رێتان کەوتە گوێزێ و شـەو مانەوە لە بیرتان بێت نوێن لەگەڵ خۆتان ببەن، ساردە، شەوەکەی ساردە، بەتانیەك لە حەمە شێت دزراوە، لەگـەڵ ئـەوەش شـوکرانەبژێریم دەکـرد، لـە زمـانی خارەخولـەوە پێشینان گۆتەنی(خودا ساردتران نەدا)، لە کنە من ساردترەکە بانگکردنە پەناییێیە ،

دوای ئەوەی کارزانیان بردە پەنایێ و ئەوەی بیستی و گوتی بۆی گوتمەوە، دوعام دەخوێند ئەوەی پێشمەرگەیە بانگنەکرێتە پەنایان، وەلامی من وەك کارزان نابێت، هەر بلێن بڕۆوە دەڕۆم، بەلام دەچمە کوێ؟ چەندی سەردێنم و دەبەم نازانم دوای بانگکردنە پەنایێ چ جێیەك جێم دەکاتەوە، خۆم دەناسم کە دامە لاملی دایکم گوتەنی:

((لە بەرد رەقتری و ملە لەگەلێ شاخ دەکەیت، هەر شاخی شاخ.))

دوور نیە بە شاخی بمێنمەوە، لە ئاست لێبووردنە تایبەتی و گشتیەکان هەر بە شاخی بمێنمەوە، ئەگەر بارەگا چۆلیش بێت، من لەو رووەوە هەر شاخەکەی ناو هزر و نیگای دایکم بم، نازانم وا دەمێنمەوە یان نا، بەلام ئێستا بڕیاری دوایی خۆم داوە کە خۆم رادەستی حکومەت نەکەمەوە، هەندێ پێشمەرگەیدیش لە من شاختر خۆیان نیشاندەدا، یەکیان گوتی:

((حەمەدۆك چی لە ئێمە زیاتر نەبوو!))

ئەوە جاری دووەمە ئەو کوڕە ناوی حەمەدۆك دێنێ..

لام سەیر بوو ئەو کوڕە حەمەدۆك لە کوێ دەناسێت، نەك هەر هیچ کتێبێکی نەخوێندبۆوە، خوێندەواریشی نەبوو، دواتر وای بۆ چووم کە رەنگە مەبەستی حەمەدۆکێکیدی بێت، حەمەدۆکێك لە دەرەوەی کتێب، حەمەدۆکێکی راستینە و دوور نیە هەر لەو دەوروبەرەش بێت، دەمویست لێی بپرسم ئەرێ:

حەمەدۆکی تۆش هەر ئەوەی منە، ئەوەی لە دەولەتی تورك یاخی بوو و یەشار کەمالی بە دنیا ناساند، یان...

راستی لە بیرمچوو بپرسم، دەبوو پرسیبام..

ناوە ناوە پێشمەرگەیان بانگدەکردە پەنایێ، بەلام پێشمەرگە نەك هەر لە کەمی نەدەدا بگرە رۆژ دوای رۆژ خارەخولە گۆتەنی:

((پێشمەرگە بەرەکەتی کەوتۆتێ، زاوزێ دەکات..))

دیاربوو ئەو گێژەلووکەی هەڵیکردبوو چەندی هەڵیدەگرت و دەیبرد، دووهێندەی دەهێناو بە عەردی دادەدان..خەفەت وەهای داگرتبووم دەتگوت دنیا لە سەرەمەرگە و بە دیاریەوە دانیشتووم، لە هیچ شتێك جوولەیەكی جوانیم بەدینەدەكرد، ناڵەی جودایش جوان نەمابوو، شتێك نەبوو بۆ گاڵتەش تامێكی هەبێ، جگەرەش هیچ، هەتا یادی ژنەكەی بن رەشماڵیش لە سەر كالبوونەوە بوو، كاڵ كاڵ، نە چێژی دەما نە جوانی..ئای ئەو رۆژانە چەند دەستبەتاڵ بووم، هەر دەست جا لە چی بەتاڵ نەبووم! تەنها تەنها چاوەڕێی سووكە ئاماژەیەك بووم تا بچمە پەنایێ و ئیدی..

بەیانیان كە لە خەو هەڵدەستام چاوم دەگێڕا بزانم گێژەلووكە كێی هێناوە، تا نیوەڕۆییێش بە دوای ئەوانە دەگەڕام كە گێژەلووكە بردبوونی، بە تەمای دیتنەوەیان، لە بن تیشەبەردەكانی گوێزێ لە دوایان دەگەڕام، سپێدەیەك كوڕێكم دیت بابی ناوی حەسەن بوو، ناویشی لە خۆی نابوو ئاسۆ، ساڵ و شتێك بوو دەمناسی، درەنگانی بەهارێك لە دەڤەری گارە ناسیم، لە ناو كتێبان ناسیم، لە بارەگایەگ ژوورێكی گچكە هەبوو پڕ لە كتێب، من ئەو ئاسۆیەم لەو ژوورە ناسی، لە راگەیاندنی پارتێك كاری دەكرد ناهێتە بیرم ئەو كات چ ناوێكی هەبوو بەڵام دواتر بە زەحمەتێكش ناودێركرا، ئەو ئاسۆیە چیرۆكانی دەنووسی، دواتر (ئەو پێشمەرگەیەی بووە قاچاخچی)ی بڵاو كردەوە، ئەودەم لە ناو پێشمەرگان تەواوێك دەنگیدایەوە، لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو چیرۆكە زۆری نەبرد، خاوەن چیرۆك، نازانم لە چی تووڕە بوو، كێ تووڕەی كرد، بۆ؟ خۆی رادەستی حكومەت كردەوە، ئیدی ئەوانەی چیرۆكەكەیان خوێندبۆوە، ناونیشانی چیرۆكەكەیان گۆڕی بۆ((ئەو پێشمەرگەیەی تێیكردەوە)).. ئاسۆش بە دەم گێژەلووكەوە گەیشت، گێژەلووكە سێ دەوڵەتی پێكردبوو تا گەیاندیە گوێزێی قەندیل، گوتی:

+ بە چی خەریكی؟

- چاوەڕوانی

+ چاوەڕوانیی چی؟

- نازانم..

+ ئەدی لەو ماوەیە چیت نەنووسیوە؟

- لە بارێکی وا نیم بتوانم یەك وشەش بنووسم.

+ وایە، بەڵام کەشێك بۆ خۆت درووستبکە کە بتوانی..

- زەحمەتە، ئەدی تۆ هیچت نووسیوە؟

+ شتێکی درێژم بە دەستەوەیە، هەندێکیم لێی نووسیوە، دەمەوێ ئەو کارەساتە هونەریانە بنووسمەوە..

دەفتەرێکی هێنا، چەند دێرێکی بۆم خوێندەوە، شیعر بوو، لە سەرەتای داستانێکی قارەمانێتی دەچوو، لە بیرم نیە لە بارەی ئەو سەرەتایەی داستان چیم بە ئاسۆ گوت، رەنگە هیچم نەگوتبێت، بەڵام لە بیرمە ئیرەییم پێبرد، کە لە ناو گێژەلووکەیەکی وا کاری نووسین دەکات، ئاخر من خوێندنەوە و نووسینەوەم لە بیرچووبۆوە، زۆری نەبرد ئاسۆ ئاودیوی دیوی ئێران بوو، بە رۆیشتنی وی پتر و پتر دڵتەنگ بووم..

چێشتانێك، کۆمەڵێك پێشمەرگە دەوری خارە خولەیان دابوو، جا کەی دەوری ئەو پیاوە چۆلبووە! دەتگوت هەنگوینی رژاوە، هەموو دەوریان دەدا، منیش نزیکبوومەوە، گوێم لێبوو خارە هەنگوینانە رۆلی دابەشدەکرد، هەر لە سکرتێرەوە تا دەگاتەوە خۆی پلەو پایە و ئیشوکاری بۆ هەمووان دیاریکرد، مژی قووڵی لە جگەرە دەدا، زۆر لە سەرەخۆ و بە شێنەیی دەیگوت:

ئێ، دوای ئەوەی حکومەت رووخا و چووینەوە، هەرکەسە و شوێنی خۆی دەگرێت....

گوتیان:

+ خۆت لە بیرکرد، ئیشی تۆ چی دەبێت؟

- چی بێت باشە!

کوڕێکی هەرمۆتەیی هەبوو ناویم لە یاد نیە، گوتی:

تۆ دەکەنە جێگری وەزیری بەرگری.

خارە ئحمێکی کرد:

ها، سەی ناو گەنم، لە کێت بیست! من نایکەم، ئەو ئیشە ناکەم، با پێتان بڵێم حزب چ کارێك بە من دەسپێرێ..

وا بزانم چەتۆی بەڕانەتی بوو هەڵیدایێ و قسەی بە خارە خولە بڕی:

ئەگەر بیکەنە بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر، رەنگە بیکات..

خارە سەی ناو گەنمێکی لەویش بەردا، ئەوجا سەیە ناو گەنمەکەی خارە خولە پەلاماری کێی نەدایە، هەر عەقلی قسەیەکی نەگرتبا، بە خاوەن قسەی دەگوت:

((دەڵێی سەی ناو گەنمی..))

+ دەی خۆت بیڵێ

- من هەر بەو کلاشینکۆفەی وا بە دەستمەوە لە پێش بارەگایەکی لاچەپ دادەنێن و دەڵێن:

هاوڕێ، پاسەوانی لە تۆ باشترمان دەستناکەوێ..

+ئەوجا بەوە رازی دەبیت؟

- تۆش سەی ناو گەنمی، ئەدی رازی نەبم چیم لە دەست دێ!

دژوونم بە هەڵکڕان خۆم هەڵدەکڕێنم، سەگی گڕووش هەر هێندەی من بە خورشتە، ئەوڕۆ رۆژی گەرماوکردنە، سەرشۆرك چوار دار و چەند گونیەیەکی لە چەند جێوە کون کون، مەنجەڵێکی کەمێك گەورەش شەقاوێك دوور لە دەرگای بێ دەرگای سەرشۆرك لە ناو دووکەڵێ جاروبار بە دیار دەکەوێت، دەڵێی سەرەدیقانێ لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە دەکات کە نۆرەی خۆشووشتنیان گرتووە، ناوی منیش لە ریزی ناوانە، تەشتێك و چەند تەنەکەیەکیش، ئەدی ئاو لە کوێوە دەهات؟ لە یادەوەریمدا چ سۆندە

دیار نیه، بەڵام هەر دەبێت بە هۆی چەند تۆپێك سۆندەوە و لە کانیەکی دوورەوە ئاو گەیشتبێتە سەرشۆرکەکەی گوێزێ، ئەگەر کانیەك لە نزیك سەرشۆرك هەبا ئێستاش لە یادەوەریمدا لە بەری دەڕۆیشت و چکی نەدەکرد، نابێت ئەو چەند بنە دارە کورتە بنەیەش بزر بن، دەبێت نیشانیان بدەمەوە کە بە دەوری سەرشۆرك رستێکی جوانیان درووستکردبوو، جلکی پێشمەرگەیان دابووە هەتاوێ، هەر لەبەر ئەوەش بە زیندوێتی مابوونەوە و تەوری پێشمەرگە نەیخستبوونە بن مەنجەڵی کوڵێ، هەتا باوەشێ دارودڕ و چیلکەوچواڵم پەیداکرد، بابی حەفت خۆشووشتن ئارەقەم دەردا، دەزانی چەند بە هەورازان هەڵگەڕام و بە نشێوان داگەڕام!

ئیدی ئێستا نۆرەی منە خۆم و جلکەکانم بشۆم، بە نابەدڵیش بێت، چنگە تایتێك و سەلکە سابوونێکم وەرگرت، خەریکبوو خۆم رووتدەکردەوە، وا بزانم رووتببوومەوە، ئا ئا رووت بووم، بەڵام هێشتا نە جلکەکام نە لەشم ئاویان پێنەکەوتبوو، لە چیاکەی پشت بارەگا ئەوچیایەی پێش ماوەیەك بە باوەشێك دارەوە بە غار لێی هاتمە خوارەوە، بووە یەك تەقوهۆڕو رمبە رمب، گومانم نەبوو کە بەسەردادانە..

((هاوڕێیان خۆببەستن خۆببەستن، هێرشە هێرش))

دەنگی ئەو هاوڕێیەی لە ناو هەراوهۆریا هاواری لە هاوڕێیان کرد ئێستاش لە گوێمە بەڵام ناینا سمەوە، نازانم چۆن جلکەکانم لەبەرکردەوەو چۆن دەستم بە تفەنگ راگەیشت، کۆمەڵێك پێشمەرگە بە چیاکەدا هەڵگەڕان، من یەکێك بووم لەوانە، زوو پێکەوتین شەڕ لە نێوان براکانە، کوڕەکانی قازی محەمەد لە نێو خۆیان تێکبەربوون.. خارەخولە گوتی:

((کەرایەتیەکەی ئێمە ئەوانیشی گرتەوە..))

شەڕ گەرم بوو، وەها خوێن بەرچاوی گرتبوون، واتایەك بۆ ناوبژی نەمابۆوە، چیمان لە دەست نەهات، بەوە رازیبووین بەس لە بارەگای ئێمە نزیکتر نەبنەوە، دوور لە ئێمە با یەکتر کەلوکلۆم کەن، با بگەڕێمەوە گەرماوێ، بەڵام گوللەکەم لەبیر نەچێت،

گوللەیەك نازانم لە کام لاوە هات و ملیوانی کراسەکەمی گڕدا، هەتا درەنگیش لە ناو گوێم گیزەی دەهات، لە خۆشیی ئەوەی نەبوومە بەڵاگێڕی براکان، لە بیرمچوو لە کن کەس باسی بکەم، رەنگە گوللە و ملیوانم بۆ کەس نەگێڕابێتەوە، من بۆ خۆم دەچمەوە سەرشۆرکێ با کوڕەکانی ئەودیویش لە دیوی قەندیلێ تۆوی یەکتر ببڕنەوە، باش بوو لە ترێ سەی نەچووم..

گەیشتمەوە سەرشۆرك، جگە لە کراسێکی شڕ، ئەویش پیس لە جلکەکانی بەرم زێتر چیدیم نیە، تەماشای نیفۆ و جێی درووماناan دەکەم سپی دەچنەوە، کراس و شەرواڵ و کورتەك لە رشکان سپی دەچنەوە و لە پشتێنیشی داوە، لەوەتەی پێشمەرگەم خۆم ئەوها نەدیتووە، ئەوهام بەسەرنەهاتووە، وەها رشك و ئەسپێم تێنەکەوتووە، بیستبووم جلك کە رشکی لێدا رێگە چارە تەنها کوڵانە، ئەگەر نا ئاگرێکی تێبەردە و تەواو، قسەیەکی دایکمم بیرکەوتەوە کە دەیگوت:

((جلکی ناو رشکان یان بۆ سووتان یان بۆ کوڵان..))

باش دێتەوە بیرم، منداڵ بووم، زۆر منداڵ،ماڵمان وەکو کاروانسەرا وابوو، هەر خزمێك و ناسیارێك وەڵا خەڵکی لایدەش لە گوندەوە سەردانی شاری دەکرد، ئەگەر بۆ پشووێکی کورتیش با، سەرێکی بە ماڵی ئێمەدا دادەگرت، ماڵمان لە لاپەڕی شار و لە سەرە رێ بوو، زۆر جار پاپیرم دەیگوت:

((ئێوە جێی ماڵی مەلافەندیتان گرتۆتەوە، بەس مەلیك ماوە بێتە ماڵتان..))

باپیرم برادەری مەلافەندی بوو، هاتووچۆی ماڵیانی کردبوو..

ئێ، با لە دایکم دوور نەکەومەوە، ئەو مێوانانەی نیازی مانەوەیان هەبوو کە زۆربەیان شەو لامان دەمانەوە، دایکم هێشتا چاکوچۆنی لەگەڵ نەکردبوون، پەلەمێزە دەنگ گەورەکەی ئاگردەدا، هێشتا ئاوی نەدابوونێ، دەیناردنە سەرشۆرکە گچکە سەر بە چینکۆ گیراوەکە و جوان خۆیان دەشووشت و هەندێك جلکی پیاوانە و ژنانە و منداڵانەی تایبەتیش هەبوون بۆ مێوانانی گەرماو، پێشیدەگوتن:

جلکـەکانی خۆتـان لـە لایـەك دانـێن، بـا رشـك و ئەسـپێ بـەو نـاوە وەرنـەبن، دەیانکوڵێنم..

با منیش دەستپێبکەم، لە جیاتی پەمپلێدانی پەلەمێز دار بخەمە بن مەنجەڵـەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئاگرەکـە خـۆش بکەمـەوە، حـەزم لێیـە جارێکیـدیش بچـمەوە لای دایکم و گڕەگڕی پەلەمێزێ، چ دەنگێکی هەبوو خودایە، هەر هێنـدەمان خـۆش بـوو ئاگری گـەوەری پەلـەمێز کـە دەگەیشـتە سـاپیتەی خـانوو، کپـدەبۆوە، دەبـووە یـەك هارەهارە دەتگوت حـەفتا فڕۆکـە لـە سـەر سـەرتە و حـەفت کۆپتـەریش بۆردومانـت دەکەن، یەك دەنگـی هـەبوو ئەگـەر دەروێـش بـرایم کـە دەنگـی لـەو سـەری شـارەوە دەگەیشتە ئەوسەر و بەرە و گوندەکانیش دەچـوو، لـە دوڕ مـاڵێ بانگیبدایـە، کـەس گوێی لە بانگ نەدەبوو، ئەو هارە و هووشەیەی لەو پەلەمێزەوە دەهـات، مەگـەر لـە ئاشەکەی مامم شتی وا هەبا، دەنگی ئاشەکەش وا بوو کە پێت دەنایە نـاو ئاشـەوە، بە خۆت حەیرانت بۆ خۆت بگوتایە گوێت لە دەنگـی خـۆت نـەدەبوو، بـە نابـەدڵیش بێت، هەر دەبێت گەرماوێ بکەم، دیمەنی جلککوڵینی دایکمم لە چاوم نەپاراسـتووە، بەڵام هەر وەك منی کردووە، ئەوەتا مەنجەڵ بلقبلق دەکوڵێ، جلکەکانم خستە ناویەوە و بە دارێکی درێژ هەڵگێڕو وەرگێڕیان دەکـەم، هەنـدێك تایتیشـم تێکـرد، تێکردنـی تایت لە داهێنـانی خـۆم بـوو! ئـەوهاتان لێدەکـەم خـۆ منتـان خـوارد، دەرمهێنـان و گوشیمن و هەڵمخستن، حەزمدەکرد سەریشم وەك جلکەکان بخەمە ناو مـەنجەڵەکەوە و بیکوڵێنم، زۆری نەمابوو پێڵاوەکانیشـم بکـوڵێنم، ئـاوی مەنجـەڵم گـۆڕی، ئاگرەکـەم خۆشکردەوە، جامە ئاوی هێند گەرمم بە سەرمدا دەکرد، هـەر سـەری مـن بەرگـەی دەگرت، پارچە گوشێکم کرد لیفکە، لە خەیاڵێکی جوانی رەشمـاڵی ژنـی بـن بـەردە نەرمەکە هاتە ناو سەرشۆرکێ و بە دەستی خۆی لە سـەر ئـەو دوو تاتـە بـەردەی کـە دەتگوت تاتی نوێژن و بۆ من و وی لە سەرشۆرکێ دانراون، ئاوی پێمدا دەکرد و نەرم نەرم پشتمی دەشووشت، تا لێبوومەوە ژنی بن بەرد بە رووتی لـە تەنیشـتم لـە سـەر

تـــات راكشـــابوو، هـــەتا ســـاڵانێكی زۆریـــش هـــەر كاتێـــك دەچـــوومە گـــەرماوەوە هەستمدەكرد ژنێك بە رووتی لەگەڵمە.. گۆتم پارچە گوشێكم گرتە لیفكە، لەو كاتەی گوشم بە لەشی خۆمدا دادەهێنا، نازانم كێ بوو رێی كەوتە لای سەرشۆرك، دیـاربوو دیتبووی بە گوش خۆم هەڵدەكرێنم، گوتی:

+ بە گوش سپی نابیتەوە، كلكی هێستر كلكی هێستر.

- بە هی حوشتریش سپی نابێتەوە.

دەبێـت قسـەیەك لـە كلكـی هێسـتر بكـەم، پێشـمەرگەیەك هـەبوو، زۆر كـەس پێیـانوابوو كـەمێك تامگێلـە، منـداڵكاریش بـوو، ئـەو سـەرهاتەی دەیگێڕمـەوە شـوێنەكەی دەڤـەری چیای مـەتین، كـاتیش هێنـدە لەمێـژ نیـە، ئـەو پێشـمەرگە منداڵكارە تامگێلە، لە رووخسار وەك من بە لای شەویدا شكاندبۆوە، ئەو پێشمەرگە رەشتاڵەیە هەموو حەزی ئەوە بوو كە كەمێك سپی بێتەوە، رۆژێك پێشمەرگەیەكیدی ئەویش هەر رەشتاڵە دەبێت، رێی بۆ دادەنێ كە چۆن خۆی سپی كاتەوە، دەڵێ:

+ ئەگـەر دەتـەوێ، دەموچـاوت لـە بـەفریش سـپیتر بێـت، بـۆ مـاوەی مانگێـك دەموچاوی خۆت جوان جوان بە كلكی ماین و سابوون بشۆ..

- ئەدی بۆچی تۆ خۆت وا ناكەیت؟ خۆ تۆش وەك من رەشی..

+ من حەز ناكەم سپی بم، حەزم لە رەنگی رەشیە

تا ئێرە پێشمەرگە تامگێلەكە تامی گێلایـەتی نـادا، ئەگـەر گێـل بـا، وای وەلاّم نەدەدایەوە، بەلاّم دوای چەند رۆژێك دوای ئەو ئامۆژگاری و رێدانانە، دەبیـنن كلكـی ماینەكەی بارەگا هەڵقاچراوە، دەیـانگۆ لـە نـاو كۆڵەپشـتی كـوڕە تامگێڵەكەشـیان دۆزیبۆوە، من ئێستاش ناوی ئەو كوڕەم لە یادە، ئەوەی كلكی ماینی بـڕی و سـپیش نەبۆوە، دەنگی (..) لە ناوەكەیدا هەیـە، تـۆ بڵێـی ئـەو نـاوە لـە هـەر كـێ بنێـی وا گێلۆكە دەرچێ! مـن چـەند كەسـێك دەناسـم بـەو نـاوە هـەموویان كـەم و زۆر تـامی گێلایـەتیان تێدایـە، ئـەو قسـەیەم بـۆكرد! ناچـارم گـوێزێی قەنـدیل و مـەتین و

پێشمەرگایەتی بەجێبهێڵم و ساڵە و ساڵ بگەڕێمەوە دواوە، سەرێك لە بەلاشاوەی هەولێریێ بدەم، ئەو گەڕەکەی هێندەی حەفت شار سەر هاتی هەیە..

کوڕێك هەبوو بە (ئەنۆ) ناسرابوو، ئەو ئەنۆیە زۆر کەس دەیانگوت:

((عەدنان قەیسیش ناوێریێ خۆی لێدا..))

هەبوو بە (ئەنۆ قەیسی) ناوی دێنا، زۆر بەهێز بوو زۆر، بەو منداڵکاریە دەستی هەر زەلامێکی راگوشیبا، هاواری منداڵانەی لێ بەرزدەبۆوە، بەڵام من قسە لە هێز و قەیسیایەتیەکەی ئەنۆ ناکەم، قسەم لە دارلاستیکەکەشی نیە کە نازانم لاستیکەکەی لە چووپی چی بوو، بە زێدەگۆیی تێمەگەن بەردی دارلاستیکی ئەنۆ قەیسی بە کەر بکەوتایە بە لای کەمی حەفت تڕی دەکرد، گوتم باس لە دارلاستیکەکەشی ناکەم، ئەنۆ قەیسی دواتر بووە پێشمەرگە، نازانم ساڵی چەند چووە هەندەران، زۆری پێنەچوو بە نەخۆشیەك مرد، هیچ دکتۆرەك نەیزانی چیە، ئۆی! خەریکبوو لە بیرمبچێتەوە ناوی ئەنۆ بۆچی هاتە ناو ناوان، تا ئەنۆ راینەکێشاوم بە لایەکیدی با بێمە سەر سەرهاتەکە، ئەوەی لە کلکی ماینەوە هاتەوە سەرم، کوڕێك هەبوو وەك گوتم ناوی ئەو کوڕەی لێبوو کە کلکی ماینی کردە لیفکە و سپیش نەبۆوە، ئەو کوڕە بەلاشاوەییە کە رەنگە لە تەمەنی دوازدە سێزدە ساڵیدا بوبێت، حەزی دنیای لە گۆرانی گوتن بوو، پتر گۆرانیی مامڵێی دەگوتەوە لەوەش پتر حەزی لێبوو پێیبڵێن:

((ئەڵڵا دەنگت چەند خۆشە!! حەسەن زیرەك کێیە ! هەر دەڵێی مامڵێیە!))

بەڵام حەیف، کەس ئەڵڵایەکی بۆ نەکرد..

ئاخر، چ دەنگی نەبوو، رەنگە دەنگی من لە هی وی خۆشتربووبێت، ئەو کوڕە دەیویست بە هەر رێگەیەك بێت دەنگخۆشی بەدەستبێنێ، داوای لە دایکی کردبوو کە بچێتە سەر شێخ و مەشایەخان، کە دوعا بکات، خودای گەورە دەنگخۆشیی بداتێ، ئەگەر هێندەی مامڵێشی ناداتێ با هێندەی حەسەن زیرەکی بداتێ، لای ئەو کوڕە دەنگ نەبوو بگاتە مامڵێ، ئەو رۆژانە کێشەیەکی گەورە کەوتبووە نێوان بەرەی

ماملێ و بەرەی زیرەك، ئەنۆ قەیسیش بە پەرستن حەسەن زیرەکی دەپەرست، هەموو گۆرانیەکانیی لەبەر بوو،دەنگیشی ناخۆش نەبوو، هەر کەسێك بیگوتبا:

فلانە گۆرانبێژ دەنگی لە حەسەن زیرەك خۆشترە.

ئەگەر بە کوتانیش نەیکوتیبا، بە پەندێکی دەبرد، هەرگیز لە بیر نەکرایە، نابینن ئەو کوڕەی چی لێکرد! دوای ئەو هەموو ساڵە وا دەمەوێ بۆتان بگێڕمەوە بە چ پەندێکی برد، بەر لەوەی سەرهاتەکە بگێڕمەوە، حەزم لێیە بڵێم بەینی من و ئەنۆ مووی پێوە نەدەچوو، ئەویش بە هۆی حەسەن زیرەکەوە، مەگەر ئەنۆ هێندەی من حەزی لە دەنگی حەسەن زیرەك بووبێت، رۆژێك ئەنۆ بە کوڕە دەڵێ:

+ دەتەوێ دەنگت وەکو ماملێ خۆش بێت؟

- بە چی؟

+ تۆ هەقت بە سەرەوە نەبێ، ناتەوێ؟

- گەمە دەکەیت یان بە راستتە؟

+ خوشك حیز، قسەی جوان بکە، من کەنگێ گەمەم لەگەڵ قاحپە داکەی وەکی تو هەبووە!

- ئەوجا لۆ جوون دەدەی؟

+ ئاخر، قسەی حیز دەکەیت، من دەمەوێ دەنگت خۆش بکەم.

- باشە، چۆن؟

+ راوەستە با گۆرانیەکی حەسەن زیرەکەت بۆ بڵێم بزانە دەنگم لە جاران خۆشترە یان نا..

ئەنۆ تێهەڵدەکاتە:

هەر کەسێ دەکا هەوری لار

بەینی من و تۆ

لە ماڵی بمرێ هەوری لار

بە هەشت و بە نۆ

ئای دەسماڵ کەتانی

کاری ئەمن و تۆ هەوری لار

پاك دونیا زانی

هەی پاك دونیا زانییییی

+ ها دەنگم کوو بوو؟

- بە راستی دەنگت زۆر خۆش بووە..

+ دەتەوێ دەنگت وەك هی من و حەسەن زیرەکی لێبێ؟

- با، بەڵام دەڵێم ناکرێ وەکو هی مامڵێ؟

+ نا، تووڕەت کردم، بەس حەسەن زیرەکمان هەیە.

- باشە، قەینا..

+ بەڵام ئەوەی پێتدەڵێم، بە هەر کەسێکی بڵێی، زناحم لەگەڵ دایکی خۆم کردبێ، یەك دارلاستیقت لێدەدەم لە کەری مەلارۆکم نەدابێت..

مەلارۆك کوڕێك بوو هەمیشە کۆمەڵێك کەری هەبوو..

- رازیم..

ئەنۆ ئەوها وانەی دەنگخۆشیی فێرە کوڕە کردبوو:

بۆ ماوەی بیست و یەك رۆژ، هەموو سەر لە سبەینانێك، دەچیە ئەو ئاقارە/ دەست بۆ لای گۆڕستانی سەید مارف درێژ دەکات/ دەزانی چ لەگەڵ خۆت دەبەیت؟

توورەگەك مستە جۆیەکی تێدا بێت..

دەزانی چ لەو توورەگە جۆیە دەکەیت؟

سەرتی دەخەیتە ناویەوە

دەزانی بۆ ماوەی چەند سەرت لەو توورەگەیە دەرناهێنی؟

لە بیرنەکەیت یەك چارەگی رێك

دەزانی لە ماوەی ئەو چارەگە چ دەڵێی؟

یەك بە دەنگی خۆت گۆرانیی حەسەن زیرەك دەڵێی.

ئەوەشت پێبڵێم هەموو رۆژێ یەك گۆرانیی زیرەك ناڵێیتەوە..

- تۆش ئەوها دەنگت خۆش بوو

+ ئەرێ بە سەری ....

- ئەدی کوو بزانم چارەگێك کەمتر یان زیاتر.

+ سێ گۆرانیی بڵێ چارەگێکی تەواوە..

من ئەگەر بە چاوی خۆم کوڕێکم نەدیتبا، لە پەنای کێلێك لە کێڵەکانی گۆڕستان وا سەری خستۆتە ناو توورەگەیەکی سپی و هاتو هاوار دەکات، قەت باوەڕم نەدەکرد، کەسێك هەبێت، ئەو رێدانانەی ئەنۆ وەك خۆی جێبەجێبکات..

کلکی ماین و توورەگەی جۆ زۆریان لە سەرشۆرکەکەی گوێزێ دوورخستمەوە، با بە خۆ و بەتانیە شڕەکەم بگەڕێمەوە زارکی سەرشۆرکێ، شڕە بەتانیەکەم لە خۆم پێچاو کەمێك دوور لە سەرشۆرك لە سەر بەردێك هەڵکوڕمام، لەو کاتە پەلە هەورێك دەتگوت فێریانکردووە، رێك بەری رۆژی لێمگرت، لەگەڵ ئەوەی سووێکی ساردی لەگەڵ خۆی هێنا، بەلاّم من سوپاسی پەلە هەورم کرد، بە قسە قسەم لەگەڵی کرد:

سوپاس، لە کاتی خۆی گەیشتی، تۆش هەر بەتانی بەلاّم لە ئاسمانەوە..

هەوڵمدا ئەو پەلە هەورە بکەمە شیعر یان بیخەمە شیعرەوە، دەتگوت هەستی بە نیاز خراپیی من کرد، بە هەلاّتن هەلاّت و لە دەستمچوو، جگەرەیەکم پێچایەوە..

لەو سەر بەردە، ئەگەر وێنەیەکم گیرابا، دوور نیە زۆر کەس بە بینینی بیانگوتبا: ئای سەگێکی چەند بەستەزمانە، ئەو بەتانیەیان بۆ پێداداوە! ئای سەگ جگەرەش دەکێشێت!

دوای نازانم چەند لە بەتانی هاتمە دەرێ، چوومەوە ناو جلکەکانم، دیتم شەرواڵەکەم کورتبۆتەوە، سەرەتا وام هەستکرد زۆر هەورازم بەستووە، تەماشادەکەم نا، ئاساییە و لە سەر ناوکە، گوتم، نا هەڵەم کردووە و شەرواڵی پێشمەرگەیەکیدیم لەبەر کردووە، نا هی خۆمە، ئای خۆ کورتەك و کراسەکەشم بە بەرم تەنگن، سەیرە، ها! بە پەندچوون ئەوها نەبێت ئەدی چۆنە، جلکەکانم بە پەند بردبوو، لەوانیشەوە خۆم، کورژببوونەوە، ببینن وەها لۆچلۆچن، بە هیچ ئوتوویەك چانابنەوە، ئەها پشتێنەکەم هێند باریك بۆتەوە، هەر دەڵێی کەژییە،دەڵێی کلکی هێسترە، جەمەدانیەکەم هێندەی ملپێچێکی باریکی لێ ماوەتەوە..

بارەگا هاتنە سەیرانی جلکەکانی من، حەفت جارم شووشتن نەبوونەوە جلك، لە بیرمە ئەبوو دڵشاد گوتی:

- خۆ نابێت جلك بخرێتە ئاوی زۆر زۆر گەرمەوە، ئاوەکە زۆر گەرم بوو ها؟

+ هەر گەرم، وەك ساوار کوڵاندمن..

خەیام ناوێك گوتی:

-کورە وەڵا منیش دەمویست جلکەکانم بکوڵێنم، یانی نابێت..

خەیام ئەو کورەی خورشتی جوێنی هەبوو، بێ جوێن هەڵێنەدەکرد، حەزی لێبوو هەموو دنیا جوێنبارانی بکەن، زۆر جار رێی لە خەڵك گرتووە، ئیزنی نەداوە تا جوێنرێژی نەکردووە، خۆشیەکەش لەوە بوو،خۆیشی جوێنی بە کەس نەدەدا..

+ باش بوو، جلکەکانی من بوونە بەڵاگێڕی هی تۆ و ئەوانەش دەیانویست وەك من بیانکوڵێنن..

کورێك وا بزانم ناوی عەلی بوو بە پێکەنینەوە گوتی:

- دەزانی بەو جلکانەوە لە چی دەچیت؟

+لە ژووژك..

- ناوەڵلا لە سەگێکی تووکن کە نیگرۆ کرابێت..

پێدەچوو عەلی باشی بۆ چووبێت، تا لە بیرم نەچووە با سەرهاتەکە بۆ دایکم بگێڕمەوە، دواتر نازانم چەند دواتر، جارێك بە دڵوداو بۆ دایکمم گێڕایەوە، پێکەنینێ گرتی، هەرچیم دەکرد بەرینەدەدا، پێکەنین نەیهێشت بپرسم تۆ چۆنچۆنی جلکەکانت دەکولاند، چیدیش نەموێرا سەرهاتی شەرواڵی بۆ بگێڕمەوە ترسام پێکەنین هەناسەی لێببڕێ..

من زۆرم خەفەت لە جلکەکانم خوارد، لە لای من خۆشەویست بوون، بۆنی ژنیان لێدەهات، دوای کولاندنیش هەر بۆنی ژنی بن بەردی نەرمیان لێدەهات، حەیف بۆ ئەو کورتەك و شەرواڵە نازدارە بەو دەردە چوو، گەلەك جوان بوو، بە مەرەزی خۆی نیشاندەدا، لە کەمێك دوورەوە لە چاوان لە رانکوچۆخەی مەرەزی دەچوو، ئەوەی دەیدیت حەزی دەچووێ، ئەو کورتەك و شەرواڵە تایبەت بوو، لە هی پێشمەرگان نەدەچوو، نە لە رەنگ نە لە دوورین، نا دەستی ئەبوو خالید خەیاتی پێنەکەوتبوو، ئەو ئەبوو خالیدەی زۆر جار دەیگوت:

((ئەگەر من نابم، بە سەری خۆم نا بە سەری بابم، حزبێك بە ژن و پیاوەوە لەو چیاچۆلە بە قون رووتی دەگەڕێن..))

وا بوو ئەشەدو بیللا وا بوو، قاتی دوو لە سێی پێشمەرگەی سۆران و بادینان بە دەست و مەکینەی وی دروابوو، منیش تەنها ئەو قاتەم بە دەستی رەنگینی ئەبوو خالید نەبڕابوو، قاتەکە لە شارەوە هاتبوو، من بە قاتێکی ئەبوو خالیدەوە لە گارەوە چوومە مەتین، لە مەتینەوە هاتمەوە گارە، لە گارەوە چوومە پێرس لەوێوە بۆ هەورێ، هەر بە قاتە خاکیەکەی ئەبوو خالید نیوەی سۆران و بادینانم کرد، قات هەڵا هەڵا بوو، لە سەد جێ جێی دوورینەوە دیار بوو، نیوەی دنیای پێبکەیت چۆن هەڵا هەڵا نابێت، بە ناو دڕك و دالی دنیادا تێپەڕی، باشە کە بە بەرتەوە گیردەبێت، بەرپرسی بارەگاکەی هەورێ نازانم بۆچی، قاتێکی بۆم نەدەکڕی، تۆ بڵێی چاوی منی نەدیبێ! لەوێ لە هەورێ، کوڕێك لە خۆوە بووە برادەرم، ناوەڵڵا لە خۆوە نەبوو، لە منەوە

هەواڵی برایەکی خۆی زانی، دەمێك بوو نەیبینی بوو، چ هەواڵێکیشی لێی نەدەزانی، لە ڕێی منــەوە سـۆراخێکی چـنگ کـەوت، ئـا براکـەی پێشـمەرگە بـوو لـە دەڤـەری بادینان، من دەمناسی، دوا جار کە لە جێیەکی گارە دیـتم لەمێـژ نـەبوو، ئـێ، ئـەو کوڕە کە ناوی دڵنیا بوو، ئێوارەیەك دیاریەکی دامـێ، کە لەبیرناچێتەوە، بە منداڵیش لە بەرەبەری جەژنان و لە ڕۆژی جەژنێش دیاریی وام نەدراوەتێ..

جا من بەو قاتە بە پەندچووە کە بە دەستی خۆم بـە پەنـدم بـرد، رووم بـێ روو لـە کـوێ بکـەم، ئەگـەر بانگمیـانکردە پـەنایێ روو لـە کـوێ بکـەم، رووم نایـە بچـمە رەشماڵەکەش و لە ژنە بپرسم:

ئەرێ تۆ بۆچی هێندە لە بیابان دەهری؟

حەزم لە ناو رەشماڵانە، رەشماڵێك سەد بارەگـا دێـنێ، بـە مـن بێـت بـۆ هەمیشـە مێـوانی رەشـماڵ بم، دیاریـە خوداییـەکان لـە رەشماڵـەوە، لـەوێوە دەکرێنـە دیـاری، خوداوەنـدی نیـوە شـەوی کوێسـتانان، بمگەڕێنـەوە بـن بەردەکـەی نـاو رەشـماڵان، لـە تاریکایی شەو بمگەڕێنەوە، با جارێکیدیش لە ڕێی هەڵەوە شۆڕە ژنێـك بـێ و بـەرد و دنیا نەرمبکاتەوە، خوداوەندی زگورتیان، ئەگەر پێشمەرگەشـت بـە نـەفرەتکردووە و سوێندد بە خۆت خواردووە ئاوڕیان لێنەدەیتەوە، سوێندت بـە بـەرد خـواردووە، بـەرد دڵی بۆ ئاو نەرم بێ، دڵی تۆ بۆ پێشـمەرگە نـەرم نـەبێ، خوداوەنـدی زگورتیـان، بـە زەییت بە ژنانی پێشمەرگە بێتەوە، ئەوانـەی بێوەژنانـە کەلـەکان دەگـۆڕن و ناکەونـە جێ، بەزەییت بەو کچانە بێتەوە کە سوێندیان بە پاکیزەیی خۆیان خواردووە جگە لـە پێشمەرگە سەرجێیی لەگەڵ هیچ کوڕێك نەکەن..

من بە یادی دیاریە خوداییەکەی بن بەردی ناو رەشماڵەکان، فەرامۆشیم بە هەموو رەشماڵێك دەهات، خۆم چۆن بە پەند برد، وا نەبا، ئێستا سەرێکم لە ناو رەشماڵان دەدا و دووردەکەوتمەوە لە هەوای ژەهراویی بارەگا، وام هەستدەکرد بارەگا ژەهراوی بـووە، ژەهراویەك کیمیاش هەر وەها دەشت و دۆڵان ژەهراوی دەکات..

- لەو رۆژانە دەچمەوە شار

+ دەچیەوە یان دەتنێرنەوە؟

- دەمنێرنەوە..

+ بۆچی گوتت دەچمەوە نەتگوت دەمنێرنەوە!

- دەبوو بڵێم دەمنێرنەوە نەك دەچمەوە

+ بۆچی؟

- چونکێ ناردنەوە سەد قاتی چوونەوە باشترە.

+ من لە کێشەی چوونەوە و ناردنەوە سەد لە سەد پێچەوانەی تۆم.

- کێشەی خۆتە.

+ هەر کەسە و کێشەی خۆی.

- بەلاّم وەك من تێبگەم تۆ بە وردی لە کێشەی چوونەوە و ناردنەوە وردنەبوویتیەوە.

+ لەوە پتر لێی وردبمەوە تێکدەئاڵۆزکێن.

- زۆرت ئاڵۆزکرد وا نیە؟

+ رەنگە

- دەتەوێت قسەیەك لەجیاوازی نێوان چوونەوە و ناردنەوە بکەم؟

+ بۆ نا!

- چوونەوە واتە دۆڕان، بەزین..

+ ئەدی ناردنەوە...

- راوەستە، ناردنەوە بێ کەم و زیاد واتە تێکۆشان..

+ دەزانی هەقی شاباشێکت هەیە بە ترڕ..

- دیسان داتەوە قۆڕی..

+ دەزانی تۆ پێشان باشتر بوویت.

- دەزانی پێچەوانەی تۆم؟

+ دەبێت وا بێت..

- مەبەستمە بڵێم پێشان تۆ زۆر لە من مارکسیتر بوویت، بەڵام ئێستامن...

+ رەنگە وا بێت

- بە راستی تۆ وەك ئەلبێر کامۆ بیردەکەیتەوە؟

+ ئەلبێر کامۆ ئەوها بیردەکاتەوە؟ چی ئەوت خوێندۆتەوە؟

- هیچ، بەڵام بۆمیان باس کردووە

+ بیخوێنەوە ئەوجا قسەی لێبکە..

- تۆ زۆر لە خۆباییانە قسەدەکەیت.

+ ئەلبێرکامۆش وا قسەی دەکرد؟

- ئەرێوەڵڵا ئەوها قسەی دەکرد.

+ئا، شتیت نەخوێندۆتەوە بەڵام قاوەت لەگەڵی خواردۆتەوە.

- نەتهێشت جیاوازی نێوان چوونەوە و ناردنەوەت بۆ روونبکەمەوە..

+ با روونتکردەوە

- نا، نەتهێشت..

+ دەی

- ناردنەوە واتە حزب بۆ کاری حزبی دەتنێرێتەوە و ئەو کارانەی پێتدەسپێرێن زۆر لە پێشمەرگایەتی پیرۆزترن، واتە هەر بە شۆرشگێرشی دەمێنیتیەوە، بەڵام چوونەوە چیە؟ دەچیەوە بۆ خۆت خەریکی کار و کاسبیەك دەبی و فڕت بە سەر شۆرششگێڕیەوە نامێنیٚ.

+ ئەوها!

- بە فشەی تێدەگەیت؟

+ نا

- کاکە دنیا زۆر گۆڕایە زۆر..

+ لە ماوەی مانگێك چ زوو وا زۆر گۆڕا؟

- تۆ ئاگات لە چیە!

+ هەردووکمان لە گێژەلووکەی گوێزێ گێژانە گێژ دەخۆین، بۆچی تۆ ئاگاداری من ئاگادار نیم، رادیۆ حیزەکە نیە، منیش گوێی لێدەگرم..

- لە خۆت هێڕ و هوڕێ..

+ تۆ لە من بە مێشکتری؟

- قسە هەڵناگرێ

+ بەڵام گوو هەڵدەگرێ!

- تۆ قسەت لەگەڵ ناکرێ..

+ باشە دەی بۆم روونبکەوە کە تۆ لە من بە مێشکتری..

- باشە تۆ ئەندامی؟

+ پرسیاری ناوێ، خۆت لە من باشتر دەزانی.

- پرسیارەکەم بۆ ئەوەیە وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە.

+ باشە، ئەندام نیم

- کە ئەندام نەبوویت چی لە سیاسەتی حزب دەزانیت؟

+ زۆری لێدەزانم.

- تەڕەماشی لێدەزانیت.

+ لە سیاسەتی حزب تەڕەماشیش هەیە؟

- ئەوجا فشە بەویش مەکە..

+ ئێ سیاسەتەکە چیە کە من نایزانم؟

- ئەوجا وەرە جێی من و..

+ جێی تۆ لە هی من باشترە؟

- گوتم قسەت لەگەڵ ناکرێ.

+ کاکە بە گوێی خۆت گوێت لێبوو، باڤێ فاریقی هەموو ئەو سیاسەتەی لە کنە تو نهێنیە بە گۆڕێی وەرکرد..

- ترحێو

+ فسحێو

- فسحێویش هەیە؟

+ سیاسەت ئەگەر ترِی هەبێت فسیشی هەیە

- لەگەڵ تۆ فشەیە

+ نا، قسە بکە

- قسەم نەما

+ بە دڵی خۆت بکە

- چیت هەیە بە ماڵەوەتانی بڵێم؟

+ ئەگەر بینیتن پێیانبڵێ، کوڕەکەتان ساغە لە گوێزی ساغ ساغترە، پێیانبڵێ دڵ بە لێبووردنە گشتیەکان خۆش مەکەن، کوڕەکەتان نایەتەوە، پێیانبڵێ هەرچیان بەسەرهاتووە و دێ دەزانم لە نێوچەوانی منەوەیە، پێیانبڵێ لە قەندیلەوە تا هەولێر شەرمەزاری ئەوانم، نایەمەوە..

- ئەگەر ئەندام بای، حزبیش گوتبای بڕۆوە نەدەڕۆیشتیەوە! دەزانی تۆ نانێرنەوە..

+ ئەگەر بەو شێوەبە بێت کە تۆ دەیڵێیت، ئەندام نەبوون بۆ من سەربەرزیە، برادەر..

- باشە پێیاندەڵێم کوڕەکەتان بۆتە حەمەدۆك! سەلا لە عەقڵت برادەر..

+ سەلا لە سیاسەت برادەر..

- بەلام خەمت نەبێت، گفتت دەدەمێ کە هەواڵت بە ماڵەوەتان بگەیەنم..

+ سوپاس، هێندە بۆ من هەموو شتە لە بیرنەکەیت..

من و ئەو برادەرەی کە نەمویست ناوی بێنم مشتومڕێکی باشمان کرد، یەك دوو پیشمەرگەیدیش بەشداریان لەو مشتومڕە کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی دوای ئەو هەموو ساڵە کە بە سەر ساڵی مشتومڕدا تێپەڕیوە، قسەکانی خۆم ئەوانیدیش بە روونی ناناسمەوە بۆیە بەو شێوەیە دامڕشتنەوە کە وا دەزانرێ تەنها دوو کەس تێککگیراون، لەوانەی بەشداریان لەو مشتومڕە کرد جگە لە خۆم تەنها ئەو برادەرە دەناسمەوەو ناویم لە بیرە کە دەمێك بوو دەمناسی و ماڵی ئێمەشی پێدەزانی، دواتر زۆر داخیشم لەوە خوارد کە چ هەواڵێکی منی بە ماڵمان نەگەیاندبوو، گفتی خۆی نەبردە سەرێ، ئەوجا کێ گفتی خۆی بردە سەرێ!

ئێستا خەوخۆش و بۆنخۆش و لەشسووکم، ئێستا لە پێشتر پتر بۆنی ژنی بن بەردم لێدێ، بزانیبا وایە زووتر زۆر زووتر گەرماوم دەکرد، باشتریش جلکەکانم دەکولاند، با جلکەکانم هەر رووی چوونە ناو خەڵکوخوایان نەبێت، جا بۆ روویان نیە!

بارەگا چۆڵنەدەبوو چۆڵنەدەبوو، ئاشبەتاڵ سەری لە بەرد دا، ئەو پێشمەرگانەی لە شاریان کردەوە لە چاو ئەوانەی لە پاڵ بەردەکانی گوێزێ مانەوە بە پەنجەی دەست و پێ دەژمێردران، لەوێ خەریکبوو بگەمە ئەو باوەڕەی کە پێشمەرگە لە توخمی بەردە، گێژەلووکەی گوێزێ، گێژەلووکەیەك بوو، دەبوو پێشمەرگە بە ئاسمانێ بێخێ، بەڵام لە بەرد بەردتر مانەوە، لە ناو گێژەلووکەی ئاشبەتاڵ بە بەردی مانەوە، بە دیار بەردەوە بەردایەتیی خۆیان نیشانی یەکتر دەدا، برسێتی، بێ جلوبەرگی، بێ هەواڵیی کەسوکار، نادیاریی چارەنووس، لەقبوونی نەختە بەردایەتی پێشمەرگەوە..

لە دەڤەری قەندیلێ قسەیەك لە سەر زاران بوو، دەڵێن لە زۆر دەڤەریدیش لە سەر زارانە، بەڵام من بۆ یەکەم جار لە رەشماڵنشینانی قەندیلێ بیستم، هەر لەبەر هەندێ لە کنە من قسەکە قسەیەکی قەندیلیە، رەنگە تۆ وا بزانی قسەیەکی سەفینیە، ئەویش سوێندبخوات، مەتینی یان مامەندەییە:

((دوو کەس هەنە لە دنیایێ قەت قەت ڕێیان لێناگیرێ، لە سەر سەری هەورێ بێ، لە بن بنی ڕووبارێ بێ، لە بەینی بەفری ئەستوور و عەردی بێ، ڕێی خۆیان دەکەنەوە، ئەو دوو کەس یەکیان ناوی پێشمەرگەیە، ناوی ئەویدش قاچاخچی))

هەر کەسێك گومانی لەو قسە قەندیلیە هەیە با هاوڕێیەتی یەکێك لەو دووە بکات، من لە گوێزێ تێگەیشتم، گیانی گیانبازی لە قاچاخچیدا چی لە پێشمەرگە کەمتر نیە، ئەگەر پتریش نەبێت، بە چاوپۆشین لە ئامانجی گیانبازیەکە، کام تەلبەند و جاشبەند و سەربازبەندی حکومەتان توانی ڕێ لە هاتوچۆی سوارانی قاچاخچیانی سنووران بگرێ، کە لە تاریکایی شەوان بە ناو چیاوچۆل و هەڵدێران، سەروەریی دەوڵەتانیان دەخستە بن سمی ئەسپ و هێسترەکانیانەوە، پێشمەرگە قەندیلیەکان لە ساڵە ئەنفالیەکان بۆ ماوەیەك لە ڕێی قاچاخچیە گیانبازەکانەوە خۆراکیان دەگەیشتێ، هەرچیت بویستایە لە ناو باری قاچاخچیان دەستدەکەوت، بە تووتنیشەوە، خارە گوتەنی ((بە بەنزینی شۆرشیشەوە)) وەختانێك ئەو ناوەی لە تووتن نابوو..بەس پارەت هەبا، هەموو شت هەبوو، ئای پارە! ئەو باقێ فاریقە بەدبەختە بۆچی هێندە ئەنتی پارە بوو! خارە خولە لە سەر کێشی:

((ئەگەر دز و خاوەن ماڵ یەك بن گا لە سەر دیوارێ ئاودیودەکەن)) دەیگوت:

((ئەگەر قاچاخچی و پێشمەرگە یەك بن حکومەت لە سنوورێ ئاودیودەکەن..))

ناوە ناوەش لە دڵەوە گوتە دژە ئاشبەتاڵیەکەی خۆی دەگوتەوە:

((تا جگەرە مابێت پێشمەرگە دەمێنێ..))

منیش لەبەر خۆمەوە دوعای دوکەلاویم دەخوێند:

خوداوەندی دووکەڵ، گوێزێ پڕپڕبکە لە تووتن و پەڕی جگەرە، با جگەرە هەر بمێنێ، کە جگەرە ما، خارە خولەش لێرە دەمێنێ، ئەویش لێرە ما، منیش دەمێنمەوە..

خاره خوله مژی وای له جگەره دەدا، کەس نەیدەزانی دووکەڵ دەچێتە کوێ، دیار نەدەما، ئەگەر من یان هەرکەسێك مژی وای لە جگەرە دابا، لە سەر سەران دووکەڵێك بەرزدەبۆوە، کەپرێکیش ئاگری گرتبا هەر هێندە دووکەڵەی دەبوو، بەڵام خاره بێ دووکەڵ بوو، دووکەڵ بزر دەبوو، دوای ماوەیەکی باش تەنکە دووکەڵێك کە هەر لە هەڵمی دەم دەچوو، بە شەرمەوە خۆی نیشاندەدا، خاره خوله زۆر بە چێژەوە جگەرەی دەکێشا، بە شێوەیەك ئەوانەی رقی دنیایان لە جگەرە دەبۆوە، حەزی جگەرەیان دەچووە دڵی، جارێك ژنێك گوتبووی:

((کەس هێندەی من دوژمنی جگەرە نیە، هەشت جار تۆراوم و چوومەتەوە ماڵە بابان، حەفت جاریان لە سەر جگەرە بوو، دەمویست پیاوەکەم واز لە جگەرە بێنێ، وازی نەهێنا و نەهێنا، دەیگوت: حەفتا جاریش بتۆرێی و واز لە تۆ و لە دنیاش بێنم واز لە جگەرە ناهێنم، وازی نەهێنا.. جارێك پێشمەرگەیەك لایدا ماڵمان، هێند بە چێژ جگەرەی دەکێشا، حەزم چووە جگەرە، لەو رۆژەوە منیش بوومە جگەرە کێش و کێشەی من و پیاوەکەم کۆتایی هات و ئیدی نەتۆرام، پێشمەرگەکەش ناوی خاره خوله بوو)).

دەمەو عەسرانێك خاره خولەم بە کزی دیت، کز کز زۆر کز کەس نەك هەر خاره خوله کەسی وا بە کزی نەدیبوو، هەر من نا هەموو بارەگا هەستیان بە کزیی خاره خوله کرد، دیتم دەوریان دا، دەوری دووکەڵیان دا، سەیر بوو، جگەرەی بە با دەکرد، دووکەڵی قوتنەدەدا، ئەوە گۆڕانێك بوو لە خاره خولە، گۆڕانێکی لە ناکاوی پرسیاراوی، جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند، پرسیان:

- چ بووە؟ بۆچی وا خەفتباری؟

+....

- قسە بکە چ بووە، چ قەوماوە؟

+.....

- دڵمان دەقی قسەیەك بكە

+....

- نابڵێی!

+...

بەرد هاتە قسە، ورتەیەك لە خارە خولە نەهات، هەر جگەرەی دەپێچایەوە و بە بای دەكرد، ناچار لێی دووركەوتنەوە، وا بزانم ڕۆژی دواتر بوو، ئەوهایان بۆم گێڕایەوە:

((خارە خولەش بانگدەكەنە پەنایێ:

+ حزب پێی باشە كە تۆ خۆت رادەستی حكومەت بكەیتەوە و بچیەوە شار..

- بە حزب بڵێ من ناچمەوە، با خۆی بچێتەوە

+ ئاخر..

خارە گوێی لە ئاخر و ماخر نەگرتبوو..))

خارە خولە گاڵتەكانی جارانی نەما بەڵام بەردەوام گوتە دژە ئاشبەتاڵەكەی خۆی دەگوتەوە:

((تا جگەرە مابێت پێشمەركە دەمێنێ...))

دوو ساڵێك دوای ئەوە خارە لە چیا تۆرا، نەمزانی بۆ، دوازدە ساڵیش دوای ئەوە، خارەم لە بارەگای ئەو حزبە دیتەوە كە پێیگوتبوو((من ناچمەوە تۆ بچۆوە)) دیتمەوە، كلاشینكۆفێكی لە شان بوو، وا بزانم هەر ئەوەی چیا بوو، لە جاران جوانتر جگەرەی بە با دەدا، لێیم پرسی:

كەی جگەرە دوایی دێ؟

كەمێك وەستا، جگەرەیەكی دامێ، تەماشایەكی بارەگاكەی كرد و هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشا:

قەندیل

وەرز.. وەرز

ئێرەش قەندیلە، جا کوێ قەندیل نیە! قسەیەك هەیە:

((قەندیل زنجیرەیەکە سەرێکی لە سەری دنیا سەرێکی لە بنی))

رەنگە ئەو قسەیە لە زاری منەوە کەوتبێتە سەر چەند زارێ، دوای لە بیرچوونەوە لە زاری ئەوانم بیستبێتەوە، هەر کەسێ لە سالآنی شووم بە چاوێك، ئاشنا بە چاوی من وەرزەکانی قەندیلی دیبێ، هەر کەسێ لە وەرزەکانی ئەنفال بە پێ و پێلاوی وەك منەوە هەورازە ئاسمانی و نشێوە لە ئاسمان بەربۆوەکانی قەندیلی کردبێ، ئەگەر بە زۆری زۆردارەکیش بێ، باوەڕ بەو زنجیرە بێ سەر و بنەی قەندیل دێنێ، هیچ ڕێیەك هێندەی ڕێیە قەندیلیەکان ئارەقەیان پێنەڕشتم، هیچ چیایەك وەك قەندیل بە هەڵدان هەڵێنەدامەتە ئاسمان و لە ئاسمانیشەوە بە فڕێدان فڕێینەداومەتەوە زەوی.. چیاکان جیان زۆر جیان لە قەندیل، لە خۆوە وا نالێم، لە قەرەچووغەوە پێدا هاتم زۆر لەو سەفینە لە بن بۆردمان و بۆ پەلاماردان و هەلاتن مامەوە کە سێبەرەکەی بە سەر ماڵە دیانان دەڕوانێ، لە هەموو کانیەکانی (هەورێ)ش لە ترسی کیمیا جەمەدانیەکەم تەڕکردووە و خۆم لە پەنای هەموو گابەردەکانی شاردۆتەوە، زۆر

جاریش لە پێـرس و کـۆرس رێـم بزرکـردووە و بـە چ حـاڵ بـە دنیـا کەوتوومەتـەوە و کۆپتەریش راوی ناوم، لە شیرینیش جارێك کەوتمە بۆسەی جاشان و لە ئاسك سووکتر هەڵاتم، ئەدی (گارە)! شایەد حاڵ بـووم بـە سـەر سـووتانی هـەموو بنـە داربـەڕوو و جەفتەکانیەوە، لەوێ بووم بە دیاریەوە، بە دیـار سـووتانی چـوار وەرزەی گـارەوە، لـە گارەوە بپەڕەوە مەتین، ئەو چیایەی وەختانێك تۆپی دنیا رووی لەوێ بوو، بەڵام هـەر هێمن مایەوە، تاکە چیایە، بۆ هەمیشە هێمن بێ،کێ لەو هێمنیەی مەتین تێدەگات، تـا بـە پـێلاوی دڕاوەوە سـێ شـەو و رۆژە رێ بـە سـپیاتیی مـەتین هەڵنەگـەڕام و دانەگەڕام، تا لە زستانی مەتین لە بەفر کپتر نەنووسـتم، هێنـدەی کلـووە بـەفرێك لـە ئارامیی مەتین تێنەگەیشتم ، لـە مـەتین مەوەسـتە هـەر بـەفر و بـەفر و بـە بـەرگی سپیەوە برۆ برۆ، تـا حـەفت پـێلاو دەدڕێـنی چیا و چیـا هەڵکشـێ و داکشـێ..بەڵام سەختیی هیچ لەو چیایانەی هەڵیاندەدام ودەیانگرتمەوە، سـەختیی خۆیـان سـەد قـات سەختتریش بکەنەوە، لە سەختی ناگەنە قەندیل، بە قسەی حەسەن بێـت — پیـاوێکی بەژن بڵندی پژدەری بوو- من تازە بوومەتە پێشمەرگە و زۆر پێشمەرگەیدیش ئەگـەر حـــەفت ســـاڵیش بـــە ســـەر پێشـــمەرگایەتیان تێپـــەڕیبێ، هێشـــتا نەبوونەتـــە پێشمەرگە،دەزانن پیاوی بەژن بڵندی پژدەری چی دەگوت:

هەر پێشمەرگەیەك با یەکەم تەقەی ئەیلوولیش ئەو کردبێتی و تا ئێسـتاش هـەر پێشمەرگە بێ، ئەگەر رێی بە زستانی قەندیل نەکەوتبێ، پێشمەرگەی تەواو نیـە، بـا هەر بە خۆی بڵێ پێشمەرگە..

یەکێك لە پیاوی بەژن بڵندی پژدەری دەپرسێ:

مەرجـە هـەر رێـی زسـتانە بێـت، خاترمـان بگـرە بـا رێـی قەنـدیل بـە هـەموو وەرزەکانیەوە...

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری دەڵێ:

بۆ ئەوەیە کە بە شان بەفر بشکێنی، بە خاترانەوە با وەرزی بەهاریشی لەگەڵ بێ، کوڕە، دەی هەر رێی بە قەندیل کەوتبێ، پایز و هاوینیش...

من لە زۆرلاوە و زۆر جێگەی قەندیلم دیوە، هەر لە گۆماوە شەختەییەکەی سەری سەرەوە کە ئاوێنەیەکی ناوازەیە، ئاوێنەیەك سەد سوێند دەخۆی خوداوەندی جوانی تایبەت بۆ مانگی راگرتووە، تا لە مانگەشەویە قەندیلیەکان تریفەی خۆی تێدا ببینێ، هەر مانگ نا ئەو ئاوێنە تریفەییە پڕپرە لە ئەستێرە، بڕۆ هەرچی جوانیی ئاسمان هەیە لەو گۆماوی جوانیە بیچنەوە، ئەگەر بە چاوی خۆم نەمدیبا، لە رێی وێنەی زیندووشەوە قەت باوەڕم نەدەکرد، ئەو بەرزاییەی ئاسمان دەریاچەیەك کە بچووککراوەی جوانیەکانی هەرچی دەریاچەی دنیایە. لە باوەشی خۆی گرتبێ، ئەو جێیەی دەیلێم لە چلەی هاوینێ، کۆچەریەکی پشت گۆچانیی برۆ بەفری دەیگوت:

ئێرە ساردترین جێگەی دنیایە، ئەوە هەر قسەی من نا_ هی باپیریشمە، باپیرم لێرەوە تا کێوەکانی قاف لە هاوینی هەموو چیاکان رەشماڵی هەڵداوە ..

بە کۆچەریەکەم گوت:

هاوینەکەی وەها سارد بێت، داخوا زستانەکەی چۆنە!

وەڵامی کۆچەریەکە ئەوهابوو:

+ دەبێت لە مردووان بپرسین.

- مردوو!

+ ئا، مردوو

- چ تێناگەم

+ زستانی ئێرە! عیزرائیلیش نازانێت چۆنە، چونکێ هەر کەسێ لە زستانێ رێی بێرە کەوتبێ، عیزرائیلیش بە سەری رانەگەیشتووە..

خەریکە بە دیار دەریاچە ئاوێنەییەکەی سەری قەندیلێ دانیشم و خۆم و ئێرە لەبیربکەم، رەنگە ویستبێتم بڵێم هەر ئێرە نا لە زۆر جێگەی قەندیلێ سەرهاتم هەیە،

هەقایەتم هەیە، گەلێك دیمەنی قەندیلم بە رەنگاورەنگی لە چاوم پاراستووە، لە سەر زۆر لە لووتکە هەورگرەکانی قەندیل تەقەم لە عەرد و ئاسمان کردووە، ترساوم، هەلاتووم، پالکەوتووم، چاوم گەرمکردووە، خەونم دیتووە..

ئێستا لەو سەرەی قەندیلم، دوو دوند شانیان بە شانی یەك داوە، چەکوچ و سادریان ناوە، دەمێکە پێشمەرگە لێیان داکوتاوە، داکوتانێك هەرچی تۆپی بەغدا هەیە، رووی لەو دوو دوندەیە، پێشمەرگە هەلناقەنێ و هەلناقەنێ، با جارێ گوێی خۆمان لە ئاست تۆپەکان کەربکەین، خۆ لە شەرەکانیش دوور بێخەمەوە، وا نەکەم ناتوانم لە هەر وەرزێ لە وەرزەکانی قەندیل ئەو وێنانەی لە چاومن نیشانبدەمەوە و ئەو سەرهاتانەی لە سەرمن بگێرمەوە..

بارەگای ئاسمانی

جێی بارەگا جێیەکە پێناچێ لە هیچ لایەکی قەلەمرەوی ئەنفالەوە تۆپ بیگرێتەوە، نا هیچ جۆرە تۆپێکی بەغدا کە قەندیل بە هەموویان ئاشنایە، بارەگای ئێمە ناگرێتەوە، ئەوە نالێم پێشمەرگەیەکی خایەن یان قاچاخچیەکی خواگیر خۆی لە تۆپەکە بپێچێ و بێ و بمانبینێتەوە! بارەگا دوو ژووری لە ناو یەك و بێراییەك، لەو لاوەش ناندێنێك، رەنگە جێی بیست پێشمەرگەیەك بکەنەوە، دیوارەکانی من دەلێم بالێك تۆ بلێ دوو بال پانن، پژدەریەك دەیگوت:

نەك مووشەکی ((حوسێن)) هی عەلیش نایبرێت..

بانەکەشی من دەلێم چۆکێك، تۆ بێ دوودلی بلێ دوو چۆك خۆلی لە سەرە، گەرمیانیەك دەیگوت:

کۆپەتەر لە بانی بنیشێ قلیش نابا..

ژوورەکان نەوی بوون، بەژنت چەندێ کورت با، دەبوو لە راست کاریتە ئەستوورەکان سەری بەرزت نەوی بکەیت، عەرەبێکی بەسراوی کە لە بەژن لە

دارخورمات جیا نەدەکردەوە، ناویم لە یاد نیە، جارێك خراپ سەری لە کاریتە دا، لە هەموو جارێك خراپتر هەڵچوو، چەند جوێنێکی زۆر مزری بۆ عەرد و ئاسمان نارد، دوای هێور بوونەوە گوتی:

((پێشتر بە بالابەرزیی خۆم زۆر سەر بەرزبووم، بەڵام ئەو ژوورە هێند کووڕی کردمەوە، لە دڵەوە خۆزگە دەخوازم کە شەمووڵە بام..))

کەمێك دوور لە ژوورەکان ناندێنێك هەبوو، دیواری ناندێن کەمێك بڵندترە لە ژوورەکان، بارەگا هێندە دوور نیە لەو ڕێیەی کە لەو دەڤەرە تاقە ڕێی کۆچەریان و قاچاخچیانە.. لە بارەگاوە بە دووربین ئاقاری قەلادزێ جوان دیار بوو، قاچاخچیەك دەیگوت:

((قەلادزێ، نازانم دارتێل بەڵام دیوار، یەك لا دیواریشی بە پێوە نەماوە..))

لە بارەگاوە کێوەرەش و هەموو ئەو کێوانە دیار بوون کە دەکەوتنە دوورایی بینینەوە، لە بارەگاوە کوێ دیار نەبوو! دەزانن چەند لە ئاسمان نزیك کەوتبووینەوە! یەك دوند هەبوو لە ئێمەش لە ئاسمان نزیکتر بوو، هێندە لێمان دوور نەبوو، هەر ئەو دوندە بەرزەش لە بینینی ئەولایەی قەندیلی کردبووین، ئەو دوندەی دەڵێم ڕەنگە لە دوندە هەرە بەرزەکانی قەندیل بێ، مام جوامێرێکی جوامێر هەبوو، جارێك گوتی:

((ئەها ئەو دوندە دەبینن چۆن ڕووەو ئاسمان هەڵکشاوە، ئەو دوندە بڵندترین دوندی قەندیلە..))

لە چاوی مام جوامێرەوە ئەو دوندەی بەرانبەرمان بڵندترین دوندی قەندیل بوو، بەڵام دوور نیە بڵندترین دوندی دنیاش بێت، لە دیدی منەوە جگە لەو دوندەی بەرانبەرمان چ دوندێك هێندەی ئەو دوندە بڵند نیە کە بارەگای ئێمە دەڵێی هێلانەی پەرەسێلکەیە پێیەوە هەڵواسراوە، هەر بە ڕاستیش هەموو کات نا، هەندێ کات هەستمدەکرد ئێمە پۆلێ پەرەسێلکەی بەستەزمانین، لەو دوندەی پەنای ئێمەی دابوو، لە تۆپی ئەنفالی پاراستبووین، ڕۆژ زوو هەڵدەهات، هێشتا هیچ جێیەکی دنیا

تاله گزنگێکی نەگەیشتبووێ، بارەگای ئێمە بەر هەتاو کەوتبوو، لە ئاوابوونی ڕۆژیش وا بوو، دنیا هەموو دنیا لە بولێل بوو، لە بارەگای ئێمە هێشتا چەند تالە زەردەپەڕێ دەستبەرداری بارەگا نەدەبوون، ئەدی مانگ! خەریکبوو لە سەر بانی بارەگا بنیشێتەوە، شەوێك لەو شەوانەی مانگ خەریکی نیشتنەوە بوو، بە کوڕە بالا دارخورمابییە بەسراییەکەم گوت:

+ خۆزگە دار خورمایەك لێرە با

- تا وەك داربەڕوو گڕی تێبەردەی؟

+ نا..

- ئەدی!

+ بۆ ئەوەی تۆ پێیدا هەڵبگەڕێی

- تا خورمات بۆ لێبکەمەوە.

+ نا، تا مانگم بۆ دابگری

- مانگ!

+ نابینی چەند نەوییە؟

- شاعیرانە قسەدەکەیت..

+......

- وای دانێ مانگم بۆت هێنا..

ئەی با! لە هیچ جێگەیێ، لە هیچ دەریایێ بایێ نیە هەڵیکردبێ و جیڕەیەکی لە دەرگا تەنەکە لە نایلۆن گیراوەکەی ژوورەکەی بارەگا نەهێنابێ، کوڕە شارەزووریەك کە پێدەچوو خزمایەتیەکی لەگەڵ نالی هەبێ، لە ساتی ئێشگکری ئەوهای تێهەڵدەکردە گۆرانی:

قوربانی پرووشەی ڕێتم

ئەی شنەبای قەندیلێ

وەی پەیکی شارەزا بە هەموو چیاو دەریای دنیایێ

....

....

حەزم لێیە بڵێم ئەو کوڕە شارەزووریە لە منەوە فێر بوو دەسکاری شیعری نالی بکات، یان بڵێین بیشێوێنێ، بەڵام من لە کێ فێری ئەو بەزمە بووم، نایەتەوە بیرم، لە بیرمە کاتی خۆی یەخەی شیعرێکی نالیم گرتبوو، بەرمنەدەداو بەرمنەدەدا، تا ئەوهام بەسەر نەهێنا وازم لێنەهێنا:

پێمدەلێن:

حەبیبە لالەپتە و

ئاوازەی وشە تێکـــــــــــــدەدا

لالەپتە!

یا تەلی نازی

نەختێ توند لێکـــــــــــدەدا..

ئەو نالی شێواندنە یان خۆم گوتەنی نالی جوانکردنە، سەرهاتێکی ناسکی هەیە، رنگە خۆی بخاتە رۆمانێکەوە، بۆیە حەز لە گێڕانەوەی ناکەم، هێندە نەبێ، لە کۆلیژ بۆ کچێك لێدرابووم، کەمێك زمانی دەگرت، جارێك لە سەر تەختەرەشەکە بە خەتێکی گەورە نووسیمەوەو لە بنەوەش نووسیم(نالی هەولێری)...

بەفر بەفر، بەفر بۆ نالێی! بەفر لە پاش قەندیل حەرامە، پیاوی بەژن بڵندی پژدەری دەیگوت:

هێشتا هەوری بەفری لە ئاسمانێ خۆی رێکنەخستووە بۆ بارینێ، لە سەر ئێرە رێك ئەو شوێنەی وا لێی راوەستاوین، پرووشەی دەکات..

نازانم پیاوی بەژن بڵندی پژدەری چەندی پێوەنا بوو، بەڵام قاچاخچیەکی ویسکی و تریاك، بە دەم نیوە مەستیەوە دەیگوت:

+ خـــوداى پەخشـــندە ســێ ديــاريى جــوانى بـــە مــرۆڤ بـــە خشـــيوە و بـــۆى دابەزاندووە،دەبێت زۆر ڕێزيان لێبگرين..

- چى و چى؟

+ ويسكى، ترياك، بەفر..

- بە چى ديارە ئەو ديارييانە لە خوداوە دابەزيون؟

قاچاخچى فڕێكى جوانترى لە ويسكى دا و مەستانەتر هاتە قسە:

+ شوێنى دابەزينى ديارييەكانيش پێدەزانم، دەى لێم بپرسن..

- ويسكى لە كوێ دابەزى؟

+ يەكەم پێكى ويسكى هەڵدرا لە مەيخانەيەكى كەركووكێ بوو.

- چۆن دەزانى؟

+ خۆم پێكەكەم هەڵدا!

- ئێ، ترياك لە كوێ دابەزى؟

+ يەكەم مژى ترياك لە كۆڵانێكى كرمانشا..

- خۆت..

+ نا، برادەرێكم مژى يەكـەمى لێدا، حـەيف پـێش چـەند مانگێـك لـەو خـوارە، لوغمێك لە بن پێى تەقيەوە، هەر پارچەيەكى چووە ئاسمانێك..

- بەفرەكە؟

+ يەكەم كلوو بەفريش كە خودا هەناردى ئەلێرە كەوت، ئەو جێگەيەى كە من تۆ لێى وەستاوين..

- بەفرەكە كێ ديتى؟

+ ئەوەتا، خۆت...

ئيشم بەو قاچاخچيە ماوە، ئەگەر لەبيرنەكەم دەچمە سەر ڕێى..

بارەگا گیرۆدەی گرفتێکە چ چارەی نیە، ئاو گرفتێکی گەورەیە، بەلاّم کاری لە ئاوەدانیش نەکردووە، خوداوەندی کانی و ئاو، رەنگە لەبیری کردبێت کە زاری کانیەك لەو ئاقارە بکاتەوە، بۆ ئاو دەبوو بە لێژاییەکی لێوریژ لە تیشە بەردی تیژ تیژ لێژ ببینەوە و هەوراز بینەوەوە، لەوێ لەو دوورە کانیەك هەبوو، لە چلەی هاوینێش باوەشێ ئاوی هەبوو، لەو کانیەوە بە هێستر و تێڕکە، نا وازیان لە تێڕکە هێنابوو، جلیکان هەبوو، ئاومان دەکێشا و بارەگامان ئاودەدا، باش بوو رێی کانیش دوور بوو لە چاوی ئەنفال، من هەموو وەرزەکانی ئەو بارەگایەم دیوە، بەلاّم بە درێژایی وەرزەکان نا، لە هەر وەرزەی چارەگە وەرزێ، پتر کەمتر..

گرفتێکیتری بارەگا دارە، ئەو بارەگایەی پێویستی بە لێڕەوارێك دار هەبوو، چ داری نەبوو، دارای ناو (خوێندنەوەی بەسوود)یش چاوی تیژی بەو سەر و ئەو سەری بارەگادا گێڕابا، دوو دار نا دارێکیشی نەدەدی، ئێرە جگە لەوەی بە سرووشتی خۆی داروباری کەمە، چونکە لە کوێستانیش کوێستانترە، سەهۆڵبەندانێکە بۆ خۆی، خۆ ئەگەر هەمووی دارستانیش بێت، بە چەند زستانێك وەك بەری دەستی لێدێ، مەگەر نەتاندیتووە، تەوری پێشمەرگە چۆن دەکەوێتە وێزەی درەخت، سۆبەی بارەگا هاوینەکەی نالێیم، دەنا لە هەموو وەرزەکان داگیرساوە و بە قەد حەفتا کوورە لە لوولەکەیەوە دووکەڵی ناردووەتە ئاسمانێ..

ئەو بارەگایە ئاسمانیە لەوەتەی پیشمەرگە هەیە، هەر ئاوەدانە و چۆلنەبووە، جارێك نەبێ، ئەو بارەگا ئاسمانیە لەوەتەی پێشمەرگەی تێدایە، تۆپی بۆ دێ، تەقەی لە سەرە،جاش و سەرباز چاویان بڕیوەتێ..

ئەگەر کەسێ ویستی بۆ کارێکی پێویست، بە نیازێکی پاك نەك جاسووسی سەردانی بارەگا دوندیەکە بدات، با سەردانەکەی بخاتە هاوینان، سەرەتای پایزان و دوا رۆژەکانی بەهارانیش خراپ نیە، من دەڵێم لە گوێزێوە بۆی بچێت باشە، هەورازێکی سەختی دێتە پێشێ، کە ئەوی بڕی، نشێوێکی تووش نشێوی دەکاتەوە،

هەورازەیەکی سەختتری دێتە پێشێ، دوای حەفت هەشت پشوویك دەگاتێ، رێیەکیدی لە لای دوندی جاسووانەوەیە، بە دۆڵە کۆگەدا تێدەپەڕێ، بەلاّم ئەو رێیە کەم کەس هەیە بوێرێ خۆی لێدا، مەگەر قاچاخچی و پێشمەرگە، رێگەی سێیەم لە بن ئەو دوندەوە دێ کە بلّندترین دوندی دنیایە، رێی چوارەم و پێنجەم و..لە ئاقاری جاش و سەربازانەوەیە، ئەها لەودۆڵە قووڵ و هەڵدێرانەوە دێ، کەمێکیدی هەڵکشێم رەزگەی رووخاو دێتە ناو دووربینەوە، لە بیرتان بێت، لە هەموو ئاقاری ئەنفال لەو سەری تا ئەو سەری بە پانی و درێژی تەنها دوو دوند بارەگای دژە ئەنفالیان پێوە ماوە، ئەوانیش ئەو دوو دوندەن..

دوای ئەو هەموو ساڵە شیرن و تاڵە، زۆر وێنە لەوەرزەکانی قەندیلم بە رەنگ و دەنگەوە لە خەیاڵە، نازانم لە کام وەرزیەوە خۆم بگەیەنمەوە بارەگا، لە زستان تووشتر و سپیتر، لە بەهار تەڕتر و کەسکتر، لە پایز رەنگ زەردتر و بە بۆڵەبۆڵتر، لە هاوینیش هەتاویتر، بەلاّم تاوی بێ تین...

-٢-

ئێشکگری

ئێشکگری وەرزی نیە وەك چۆن لە زۆر جێگەی قەندیلێ، دیوی نسێ، ناپرسێ چ وەرزی ساڵە، هەمیشە بەفر هەیە، ئێشکگریش ئەوهایە لە پێشمەرگە نابێتەوە، نە شەو نە رۆژ چوار وەرزەی ساڵ ئێشکگری لەو بارەگایە نابێتەوە، زۆر کات بارەگا بە یەك ئێشکگر دڵی ئاو ناخواتەوە، لە شەوان دوو ئێشکگر بە دەوری خۆیدا بە ماتە مات دەخولێنێتەوە، شەوی وا هەیە لە دووش پتری دەوێ، بۆیە قەت ئۆخەی بێ ئێشکگریم هەڵنەکێشاوە، نەبووە بڵێم ئۆخەی، ئەوشەو لە تێری و بە ئارامی دەخەوم، کێ هەیە خۆشی لە ئێشکگری بێ، بە تایبەتیش لە وەرزی سەرماوسۆلە، تایبەتتریش ئەگەر ئێشکگریەکە کەوتە درەنگانی شەو یان ساتە ناسکەکانی شەو...

سەرهاتی ساتەکانی ئێشکگری زۆرن، هێند زۆر نە من کاتم هەیە بۆ گێڕانەوە و نە کەسیش بۆ گوێگرتن، زۆرن زۆر، لە شەوە سایەقە و سامالّیەکان لە چاومدا چەند جار مانگ هەلّهاتووە و ئاوابووە، چەند گزنگ هاتووە و چەند زەردەپەڕ رۆیشتووە ، لە رۆژە پایزیەکان چەند پەلە هەوری لە دەست با هەلاّتوو لە بای غاریێ سێبەریان بە سەر بارەگا دوندیەکەدا جێهێشتووە، لە بەفرانبار و رێبەندانێ چەند زریانی قەندیلی هەلّیکردووە، چەند پێشمەرگە و قاچاخچی رێیان بە وەرزەکانی قەندیل کەوتووە، چەند گورگ و تۆپەکانی ئەنفال لە نزیك و دوورەوە لوورەیان هاتووە، چەند جار بۆ ئێشکگری لەخەوی قوولّ وخەونی شیرنیان کردووم، هێندە سەرهاتی ساتەکانی ئێشکگریم لە سەردایە..

لێرە تەنها چوار سەرە سەرهات لەو کتێبەی ئەگەر نهێنی شەو هەلّنەهێنێ رەنگە بە ناوی ((هەزارو یەك سەرهاتی ساتەکانی ئێشکگری)) خۆی ناودێربکات، دەگێرمەوە، ئێستا هەر سەرهاتەی لە وەرزێکەوە:

سەرهاتێ لە زستانەوە/

تاریك دانەهاتبوو، بەفر دایکرد، بەفر رێی لە هاتنی تاریکی گرت، بەفر باری و باری، هەتا چوومە باوەشی خەویش شەو هەر سپی بوو، روونـاك روونـاك، نۆرەی منیش هات، تاریکی هەر دانەهات، تاریکی رووی هاتنە بەر بەفری نیە، لەو شەوە بەفراویە ئێشکگریی کەوتبووە ئەو ساتانەی شەو بڕواناکەم گورگیش بێدار بێ، بەفر چۆکێ کەوتبوو، لێینەدەکردەوە، هەتا سبەی ئەوها بباریێ، دەیگەیەنێتە بن ناوك.. ئێشکگرەکەی پێش من گوتی:

((لەمێژنیە بەفری بانەکەم مالّیوە، پێش تەوابوونت بیمالّەوە.))

هەلّدەلەرزیم، وەك کیری سەگ هەلّدەلەرزیم، چەندی هەلّبەز و دابەزم دەکرد، بەلاش بوو، خۆم لە بن بێراییەکە رانەگرت، سەرما رۆچووبووە ناویەکە یەکەی

ئێسکەکانی لەشمەوە، بەفرم شکاند و چوومە ناندێنەکە، ئاگردان پۆلووی تێدا مابوو، دیاربوو ئەوانـەی پـێش مـن نەیانهێشـتبوو بکوژێتـەوە، منـیش ئـاگردانم ئـاگرداوە، ئاگرێکی گەورە نا، خەریکبوو بچمە ناویەوە، لە شەوە بەفراویەکانیش ئاگر بە کێش کێشی ناو خەوت دەکات، من وا بووم..

لە گەرمان خەوم لێنەدەکەوت، جلکم لە بەر خۆم داکەند، تەنها دەرپێ قوتەم لـە پێ مابوو، کەڵکی نەبوو، شەوەکەی زۆر گەرم بوو، چۆڕچۆڕ ئارەقەم دەردەدا، هەستام لە سەر بان هاتمە خوارێ، چوومە لای بەفرگرەکە، جامە بووزێکم دەرهێنا، چـوومەوە سەر جێگاکەم، هەر هێندەم دیت بابم لە سەر سەرمە:

+ بە تەمای چی بکەیت؟

- دەمەوێ بووز بە لەشی خۆمدا بێنم

+ کاری وا نەکەیت، سەرمات دەبێت

- سەرمای چی من سووتام.

جامە بووزەکەم بۆ سەر سینگم هێنا، لە هیکڕا بابم پڕی دایـە جامەکەــ یـەك بـە دەنگی خۆیشی هاواری کرد... هێندەم لە خۆم هەڵدا، وەختبـوو دەمـاو دەم بکەومـە ئاگردانەکەوە، چ ببینم باشە، لچکی ساقۆیەکەم ئاگری گرتبوو، بـاش بـوو نەشـێوام، غارمدایە ناو بەفرەکە و ساقۆ کوژایەوە، نزیکەی بستێك چوارگۆشـە لـە سـاقۆیەکەم کردە قوربانیی چەند خولەکێ خەو، بەلاّم خەمم لێی نـەخوارد، چـونکە بـابم دیتـەوە کەدەمێك بوو نەمدیتبوو،

+ ئەو ساقۆیەت بۆ سووتاوە؟

- دارم دەخستە سۆبەکەوە دارێك لچکی ساقۆکەمی راکێشایە ناو سۆبەکەوە

+ دەبێت ئاگامان لە خۆمان بێت، دار لە جیاتی خۆی نەمانخاتە ناو سۆبەوە!

- دەڵێی باوەڕ ناکەن..

چەندی پرسیان، ئێستا و ئێستا هۆی سووتانەکەم ئاشکرا نەکرد...

سەرهاتیێ لە بەهارەوە/

شەوێکە شەڕ کەوتۆتە ئاسمانیێ، گرم و هۆڕ و برووسك هاویشتنێکە، دەڵێی هەرچی مردوو هەیە خودا لە ئاسمانیێ زیندووی کردوونەتەوە و بە شیر و تیر بە ناو یەکتر وەربوونە، بارانێکە ئەگەر بارانی وا لە دەشتایی ببارێ، ئاوەدانیەك بە پێوە نامێنیێ، گوند و شاران نغرۆ دەبن، چ بارانێکە خودایە، ئەو هەورە لە چ دەریایەکەوە پەیدا بووە، چ بایەك بۆ قەندیلی هێناوە، ئەو شەو دەریاکان بە سەر قەندیلدا قلّپ بوونەتەوە.. چ باوبۆرانێك بوو خودایە، بەر بێرابیەکە کەلکی راوەستانی نەبوو، باران بایەکی هێند توندی لەگەڵ بوو، سەری بە هەموو کەلێنێکدا دەکرد، دیواری دەبڕی، من پشتم بە دیوارەوە نووساندبوو، ناوە ناوەش دەچوومە ژوورەوە و خۆم دەدایە سۆبەکە کە نێڵەنێڵی بوو، فانۆسەکەش کە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، پرتەپرتی بوو، رووی ئەو پێشمەرگانەی کە نزیك فانۆسەکە بوون و رووی خۆیان دانەپۆشیبوو، لە بەر فانۆس دیمەنێکی سەرنجراکێشیان نیشاندەدا، بە تایبەتی رووی ئەو پێشمەرگەیەی کە لە کاتی ئاسایی لە سیما زۆر لە نازم غەزالی دەکرد، وا بزانم خزمیشی دەبۆوە، لە دەنگیش لاسایی وی دەکردەوە، ئەو خزمەی غەزالی هەموو گۆرانیەکانی وی لەبەر بوو، زۆر جار لە سەر داوای من تێیهەڵدەکردە:

گولی یا حلو مێن ئەڵلا جابەك

خەزەن جەرح گەلبی مینە عەزابەك..

گولی...

کاتی ئێشکگریم لە تەواو بووندا بوو، لە خزمەکەی نازم غەزالی نزیك بوومەوە، چوومە سەر سەری، لە سەر چیچکانم، هەستمکرد سەر و سیمای لە جوولەیەکی سەیردایە، لێویشی دەجولا، دەنگێکی وەك مڕەی پشیلەشی لێوە دەهات، تێگەیشتم خەون دەبینیێ، بەلاّم لەوە نەگەیشتم خەونی خۆشە یان ناخۆش، بەلاّم لەو گرموهۆڕە

لەو وێرانبوونەی دنیا، بە دیار رووناکیی ترسناکی فانۆس، رێیتێدەچێت کەسێك خەونی خۆش ببینێت! لەگەڵ ئەوەش دڵم نەهات بە ئاگای بێنمەوە، بە نیازی هەستانەوە دەستەکانم خستنە سەر چۆکم، نازانم جوولەم کرد یان نا، لە هیکرا پەلاماری دام و دەنگێکی لێوە هات، دەنگی شێر بوو، دەنگی شێر ئەوهایە جارێك لە باخچەی ئاژەلان شێرێك لە بن گوێم نەڕاندی، رێك ئەو دەنگەی هەبوو، نازانم چیم بەسەر هات، رەنگە منیش وەك وی هاوارم کردبێت، ئەوەی لەبیرمە هەردوو دەستم لە ناو دەستی خزمەکەی نازم غەزالیە، ئەو کوڕەی لە خەوێ دەنگی پشیلەی هەبوو، لە پەلاماردانیش دەنگی شێر، ئەوەشم لە بیرە چەند پێشمەرگەیەك غاریان داینێ:

+ چ بووە، بۆ شەڕ دەکەن؟

-....

من حەپەسابووم و ئەویش هەر رایدەتەکاندم و مڕە مڕی بوو..

+ چیە بۆ وا دەکەن؟

باش بوو زمانم بۆوە:

- نازانم، دەڵێی شێت بووە..

بە کوردیەك کە فانۆسەکەش ئەوها پرتپرتی دەکرد:

- عەفو کەم، دیت، خەون، هات..

+ چ نیە، چ نیە، ئاو بخۆوە..

حەزمدەکرد بزانم چ خەونێکی دیتووە، نەیدەگێڕایەوە، وابزانم رۆژی دواتر بوو، بە نیازی گێڕانەوەی خەون سەری خستە بن گوێم:

- لە کۆڵانمان کچێك هەبوو، هیچ کوڕێکی گەڕەك نەبوو ماچی نەکردبێ، چۆن کەسێك نان دەکاتە خێر، هیچ ماڵێك پازنادا، ئەو کچەش ئەوها بوو، جگە لە من هەر کوڕێ لە پەنایان پێیگەیشتبا بێ ماچ بە رێی نەکردووە،

+ بۆچی ماچی نەدەدایە تۆ؟

- بابم و بابی سووکە دوژمنایەتیەکی کۆنیان هەبوو..

+ لە سەر ئەوە ماچی نەدەدایتیێ؟

- ئەو دەیدا، من نەمدەوێرا ماچی بکەم

+ بۆچی؟

- بابم سوێندی لێمان خواردبوو، کە هیچ کام لە ئێمە نابێت لەو ماڵە نزیک ببنەوە، هەر نزیکبوونەوەیەك واتە بە کوشتن کوشتن، بابم گاڵتەشی نەدەزانی...

- خەونەکە لە بیرمەکە.

+ لێرەوە دەستپێدەکات، رۆژێك ماڵمان چۆلبوو، دیتم کچەی ماچبەخش هات، هەر لە دەرگاوە خۆی رووتکردەوە، منیش نەك هەر بابم، دنیا و قیامەتیشم لەبیرکرد، نەمکردە نامەردی غارمداییێ و گەوزاندم، لەپڕدا بابم بە دەمانچەوە هاتە سەر سەرمان و رووی دەمانچەی لە من کرد، من هەر هێندەم بۆ کرا پەلاماری چۆکی بدەم..

- دەتویست تۆڵەی بابت لە من بکەیتەوە!

+هەهەهاها

سەرهاتیێ لە هاوینەوە/

چلەی هاوینە، دەزانن بە چ دەزانم چلەیە! چونکیێ ئەگەر دوو سیێ بەتانی لە خۆت ئاڵێنی، یان خۆت لە کیسەی خەویێ بئاخنی، دەتوانی لە دەریێ خەوی خۆت بکەیت، ئاخر قەندیل وایە، هەمیشە شەوەکانی ساردە، خۆشیەکەی لەوەیە دووپشکی نیە، مێشوولەی نیە، مێشوولە حەدی چیە لە بەر بای کوێستانیێ باڵەکانی لێکبکاتەوە..شەوێك لەو شەوە ساردە هاوینیەی بارەگا ئێشکگریم کەوتبووە دەمی ماڵنووستنانەوە، بەلاّم لە بارەگا هێشتا هەندیێ پێشمەرگە نەچووبوونە خەویێ، مانگە شەوێکیش بوو لە دوورەوە زۆر لە دوورەوە سەرو جەمەدانیی پێشمەرگە لە

سەروسەکوتی هێستر لێکدی جیا دەکرایەوە، لە خوار ناندێنەکەوە کە هەمووی غەرە بەرد بوو، هەردوو هێسترەکەی بارەگا لە ناو ئەو غەرەبەردانە دەبەسترانەوە.. من لە نێوان دوو گا بەرد کە هەر گوریسێك لێکدی دوور رۆچووبوونە زەویەوە، راویچەم دەکرد، رەنگە چووبمەوە خەیاڵەوەش، ئێشکگری بێ دالغە چۆن تەواو دەبێت، دیتم رێك لە لای هێسترەکان کەسێك ملەقوتێ دەکات، منیش نازانم لە کێوە غیرەتم وەرگرت، کلاشینکۆفم لێی راکێشا، لە راکێشاندا خۆم هاویشتە پەنای گابەرد و(کێی زەلام)ێکی وام تێیگرت، قەت کێی زەلامی وا توند لە زاری منەوە دەرنەچووە، هەمیشە شەرمم لەو (کێی زەلام)ە کردووە و تا بۆم کرابێت خۆم لێی لاداوە، بەلاّم ئەو جارە رەنگە لە ترسی خوێنڕشتن شەرم نەیگرتبم، چ دەنگ نەبوو، هێسترەکان لمووزیان کردە ئاسمانێ و گوێیان فیچکردەوە، بارەگا بە ئاگاهاتن و بووە راکێشراکێشی چەك..

+ ها، چیە؟

- زەلامێگ لەناو ئەو غەرەبەردانەیە، لای هێسترەکان.

+ زەلام!

بەو نیوە شەوە مانگەشەویە، پێشمەرگە پەرتبوون و ئەو ناوەیان بست بە بست پشکنی، چ زەلام نەبوو..

+ زەلامی چی، چاوت رێشکە و پێشکەی کردووە.

- باوەڕتان بێت، زەلام بوو.

+ ترساوی زەلامی چی!

- زەلام بوو.

+ هەندێ جار لە مانگەشەودا سەری هێستر شێوەی سەری زەلام دەگرێ

- من هەر دەڵێم زەلام بوو.

+ باشە ئەگەر زەلامیش بوو تەقەی لێ مەکە، دوایی دەبیە هێسترکوژ..

تـۆ بڵێـی هێسـتر وەك زەلامـیش خـۆی نیشـانبدا! ئێسـتاش هـەر دەڵـێم ئـەوەی ملەقوتێی کرد، هێستر نەبوو زەلام بوو، بەڵام کێ بوو، چی دەکرد لـە نـاو هێسـتران، چی بە سەرهات؟!

لە پایزەوە سەرهاتێ:

لە پەلە هەورەکانەوە دیار بوو ساڵ لە پایزە، پەلە هەورەکان بـە دەسـتی بـاوە بـە پەندچووبوون، لە ئاسمـانێ تـەڕاتێنێی پێـدەکردن و مانـدووش نـەدەبوون، ڕۆژیـش لـە کەلێنی پەلە هەوران بە نازەوە خۆی نیشانی قەندیل دەدا و بزردەبۆوە، سەد سوێندت دەخـوارد کچـە منداڵکارێکـە و سـەرەدیقانێ دەکـات، یـەك دوو ڕەشمـاڵ دیـاربوو درەنگیان بەسەردا هاتبوو، لە پێچانەوەی بارگە و بنـە دەسـتیان تێکـدەئاڵا، دەنگـی تـۆپیش دەتگـوت گرمـەی هـەورە، قەنـدیل قـەت دەنگـی تـۆپی لێنـەبڕاوە، دوای نیوەڕۆیە، لە مێژنیە چای دوای نـان خوراوەتـەوە، بـەڵام کتریـە گەورەکـە چـای تێـدا ماوە، گەرمم کردەوە، ئێستا پەرداخێك چام بە دەستەوە لە نێوان دوو گابەرد کە کـە بە چ حاڵ جێی منیان کردبۆوە، لە سەر بەردێك کە دەتگوت کورسیە و تایبەت بۆمن دانراوە، مژی قووڵ لە جگەرە دەدەم و فڕی گچکەش لـە چـای بـە ڕەنـگ و شـیرین، کلاشینکۆفیشم لـە نـاو هـەردوو ئـەژنۆی خـۆم دانـاوە، ڕەنگـە بڵێـی ئێشـکگری بـۆ ناخۆشە، لێرە قسەی پێشمەرگەیەکم بیرکەوتەوە، ناوی حاجی بەختیار بوو، لە بیرمـە قسە هاتە سەرئێشکگری، هەر یەکە و بە جۆرێك لە ئێشکگری دەدوا:

- ئێشکگری ئەگەر بارەگا مەترسی لە سەر نەبێ بۆ ناخۆشە!
- سەرما و سۆلە نەبێت ئێشکگری فشەیە
- ئەگەر سەر لە ئێواران یان لە دوادواییەکان شەو بێت، ئێشکگری چ نیە
- بەس چایە و جگەرەم هەبێت بۆ خۆم و بۆ دوانی دوای خۆشم ئێشکگری دەگرم
- ئێشکگریی ڕۆژ چ نیە بەڵام هی شەو خۆش نیە

- تیر خەو بیت، بۆ خۆی دەڕوات

- ئەگەر رادیۆ...

کە هەموو لە قسەی خۆیان بوونەوە حاجی بەختیارگوتی:

((دە وەڵڵاهی ئەگەر لەو دەستەت کچێك لەم دەستەت کچێك لە پێشیشت کچێك سەما بکات، مادام ناوی ئێشکگریە هەر ناخۆشە..))

من ئەشهەدوویێکم بۆی کرد..

ئێستاش کە لە نێوان ئەو دوو گابەردە لە سەر ئەو بەردە، بە دەم چایە و جگەرەوە لە ژێر ئەو پەلە هەورانەی دەڵێی گەمەی منداڵانەم لەگەڵ دەکەن، تاوی بەری تیشکی رۆژم لێدەگرن و تاوێ بەریدەدەن، کات دەلێی بە بەردەکانەوە بەستراوەتەوە، ناڕوا جوولە ناکات.. دێتە بیرم گەمەی رۆژ و هەور و با بردمیانە خەیاڵەوە، قەڵەم و کاغەزم دەرهێنا، خەریکبوو ئەو گەمەیە بخەمە چەند رستەیەکەوە.. باش بوو کەس نەیدیت چۆن لە خۆمم هەڵدا و پشتاو پشت بە دیوی گوللەدا بەربوومەوە، دەستم لە لەشی خۆم گێڕا، چ خوێنم نەدیت، بەڵام باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد، قەت نابێت ئەو گوللەی هات و ئاگری لە بەردەکەی بنم بەردا، خوێنی نەڕژاندبێ، بارەگا خۆی بەست و هەستایە سەرپێ، رووە و ئاراستەی گوللە پێشمەرگانە پێشڕەوییان کرد، ئاقاری بارەگایان بست بست پشکنی، بە دەستی بەتاڵ گەڕاینەوە..

- باشە ئەو گوللەیە لە کوێوە هات!

- سەیرە، لە نزیکەوەش هاوێژرا

- نابێت بە هەند وەرنەگیرێت

-جگە لەوانە،نە کۆچەریەك دیارە نە قاچاخچیەك...

- ئەدی چی!

- دەی باش نەبوو جێی نەکردە ئەوجێ

منیش قسەیەکەم هەڵدایە ناو قسانەوە:

((من بزانم لە غەیبەوە هات، گوللەی غەیبی بوو.|))

خێرێکم لە سەر بوو، بەڵام کردمە چاوقایمی و نەمکرد، گوللەی لە غەیبەوە هاتوو ئەگەر سێ چوار پەنجە سەری دەکرد، نەشمردبام، بێ کلێنجە دەمامەوە، هەتا درەنگیش نەمدەوێرا لە سەر بەرد دابنیشم، دەنگێك لە ناوەوە دەیگوت:

((لە سەر بەرد دامەنیشە، هەموو بەردێك گوللەی بۆ دێ..))

ئەو گوللەیە منی زۆر ترساند، زۆر جاریدی گوللە لێم نزیکبۆتەوە بەڵام سەدیەکی ئەو جارە نەترساوم، رەنگە هۆی ترسانکە بۆ خەیاڵە شیعریەکە بگەڕێتەوە، ئاخر من لە خەیالێکی ناسکی پایزانە بووم، خەیاڵێك لە ژیان و مردن دابڕابوو، لە کاتێکی ئەوهادا گوللەیەکی ئەوهات بۆ بێت، چۆن زراوت نارژێ، باش نەبوو نەڕژا، لەو کاتە نەنکمم بیرکەوتەوە، وەك فیلم هاتەوە پێش چاوم، ژنانە دانیشتبوو، قسەی بۆ چەند ژنێك دەکرد، نازانم چۆنم لە بیرماوە، خەریکە گومان لە خۆم پەیدا بکەم، نەنکم دەیگوت:

((خۆشووشتن لە سێ کات زۆر پێویستە، وەك نوێژ و رۆژی و مێردکردن پێویستە:

١-دوای سەرجێییکردن.

٢-دوای هەستانەوە لە نەخۆشی.

٣-دوای ترسانێکی زۆر..))

بارەگا ئەگەر سەرشۆرکی هەبا، بێ یەکودوو دەچووم ئاگردانم ئاگر دەدا..

-٣-

سەرشۆرك

حەزم چووە سەرشۆرکێ، بۆیە لە هاوینەوە قسەدەکەم، چوونەوەم بۆ هاوین لە ناچاریەوەیە، لە بارەگا ئاسمانیەکە تەنها لە هاوینان سەرشۆرك دێتە ناو قسانەوە، کە بارەگا لە ئاسمان بێت تا لە زەویەوە دەیگەیتێ، بایی تەمەنێك ئارەقە دەردەدەیت، بە

تایبەتی لە هاوینیٚ، لە بیرمان بیٚت لە هاوینان هەندیٚ ریٚگەی قەندیلیٚ ئەگەر بە رۆژ ریٚت پیٚیبکەویٚت، وەك ئەوەیە لە گەرمایی بیابان ریٚبکەیت، بۆیە هەر جاریٚك ریٚت بە ریٚیەك لەو ریٚیانە بکەویٚت، لەگەلّ گەیشتن بە بارەگا ئاسمانیەکە، چەندیٚ شەرمنیش بیت، پیٚش چاکوچۆنی پرسیاری سەرشۆرك دەکەیت، من جاریٚك بە هەناسە برکیٚوە پرسیم:

- سەرشۆرك لە کویٚیە؟

+ ئەها بەو ریٚیەدا تا لیٚژ دەبیەوە هەرلیٚژبەوە، دەیگەیتیٚ

- ئەگەر وا بیٚت، ناچم

+ بۆ؟

- تا سەر دەکەومەوە وەك خۆم لیٚدیٚتەوە..

+ ئەو ریٚیە ریٚی بایە فیٚنکەکانە، ریٚیەك یەك تکە ئارەقەی نەدیوە..

لیٚژبوومەوە، هەر لیٚژ بوومەوە، پەشیمانبوومەوە لە لیٚژبوونەوە، خەریکبوو هەورازببمەوە، دیتمەوە، لە سەر ئەو کانیەی کە لە ریٚی هیٚستر وجلیکانەوە بارەگای ئاودەدا، دوو گابەرد شانیان دابووە یەك، پەنایەکی سیٚگۆشەییان درووستکردبوو، لە پیٚش پەناکەش سیٚ بنە داری کورتە بنە پەناکەیان پەناتر کردبوو، تاتە بەردیٚکی زۆر جوان و ریٚکیش کە هیچ گومانی تیٚدا نەبوو خوداوەند بۆ نویٚژی بەندەکانی خۆی تاشی بووی، لەو پەنایە دانرابوو، هەر من نا زۆر کەس وای دەگوت، گابەرد و بنەدارەکان جیٚدەستی خوداوەندیان پیٚوە دیاربوو، نەمزانی بۆچ مەبەستیٚك لەویٚی دانابوو، بەلاٚم دانانی تاتەکە دەستی پیاوی بەژن بلّندی پژدەریی تیٚدا بوو نەك خوداوەندی دار و بەرد، فەیلیەکی بەغدایی وا بزانم ناوی کەریم بوو، بە گالّتەوە دەیکوت:

((خودا ئەو بەردەی ئەها لێرێهیٚ راخستبوو تا رێبوار و کۆچەریان نوێژی لە سەر بکەن، کەچی حەسەن دایە بەر تەقلان و هێنایە ئێرە، تا پێشمەرگە خۆی لە سەر بشۆن و ... لە سەر لێبدەن..))

مەنجەڵێکی گێڕ و دوو تەنەکەی لە چەند جیٚ کون و تەشتێکی لە لایەکەوە بیٚ تەنیشت و جامێکی قوپاو کە وا بزانم هێستر پێی لێنابوو، ئەگەر سەلکە سابوونێك و گۆلە تایتێك هەبیٚ، هێندە دەمێنیٚ باوەشیٚ دار و چیلکە وچوال پەیدا بکەو ئاگر بکەوە، بەڵاٚم نەکەی چرە دووکەڵ بچێتە ئاسمانیٚ، هەرچەندە تا بڵێی شوێنەکە نەوی و لاچەپە، بەڵاٚم لە بیرت بێت، ئەنفال چاوی تیژە با تاتەکە نەبێتە تاتی...

ببینن، مەنجەڵم خستە سەر ئاگردانیٚ، ئەها ئاگردانم ئاگردا، زۆری نەبرد ئاو دەستی بە مێرووولەکردن کرد کە لە دیدی منەوە جوولەیەکی پڕ لە ستاتیکا و واتایە، لە جلکان بەس دەرپیٚ قوتە و کراسەکەمم شووشت، کزە بایەکی گەڵێك سارد هەڵیکردووە، سوێند بخۆیت ئەو بایە لە زستانەوە دیٚ، سوێندت لێناکەوێت، ئاگرەکەم خۆشترکرد، هەڵمی ئاگر دەگاتە سەر تاتەکە، بەڵاٚم هەر ساردە ناوێرم ئاو بە خۆمدا بکەم، باش بوو قسەکانی پیاوی بەژن بڵندی پژدەریم بیرکەوتەوە، کە رۆژێك پێشمەرگە دەوریاندابوو، ئەویش بە دەنگە پژدەریانەکەی وتاری سەرشۆرکیانەی بۆ دەدان و هەندیٚ پێشمەرگەش قسەیان لە قسەی دەکرد:

+ئەگەر دەتەوێت لەو سەرشۆرکە خۆت بشۆیت و رەقهەڵنێین، چۆن دەڵێم وا بکەن.

- دەی بیڵیٚ

+ سەرەتا بەس شەروال فڕێدە..

- دەرپیٚ قوتە نا..

+ فشەی مەکە

- فشە نیە، تۆ وا ناڵێی

+ نا، نەمگوتووە، دەرپیٚ قووتەت لە پیٚ بیٚ

- چیدی قسەناکەم، سەرەتا تا کوێت رووت بێت؟

+ پەلە مەکە، سەرەتا لە ناوکت بۆ خوارەوە رووتبکەوە، با کراس و کورتەکت لـە بەر بێ..

- ئێ، ئەوە قونمان رووت کرد، ئاوی پێدابکەین؟

+ زووە قوونت تەڕنەکەیت

- ئەدی بۆ رووتم کردووە؟ خۆ!..

+تۆش پەلەتە! ناهێلی..

- باشە، دەی..

+ سەرەتا لە چۆکت بۆ خوارەوە جوان دەشۆیت..

- شووشتم، لێبوومەوە، ئێستا چ بکەم؟

+ ئەوجا لە چۆکتەوە تا بن گونت بشۆ،

- دەبا گونەکەشی لەگەڵ بێت!

+ بەگەڵی دە..

- قوونت لە بیرکرد..

+ نا، قونی تۆم لەبیرنەکردووە، قونت...

- هەهەهەهاهاااااا، تەواوی بکە...

+ کە لە ناوکت بۆ خوارەوە شووشت، ئەوجا خۆت تەواو رووتبکەوە..

- لە سەرەوەی ناوکەوە لە کوێوە دەستپێبکەین؟

+ دەستت تا ئانیشك، دوای ئەوە بەس زگت، ئەوجا سینگ و هەردوو قۆڵت..

- ئەوەی تۆ دەیلێیت، نەینووسینەوە لە بیریدەکەین

+ ئەوجا بەشی خوارەوەی پشتت، ئەوجا نۆرەی کوێ دێ؟

- بەشی سەرەوەی پشتت

+ نا سەرەوەی پشت قاڕەیە...

- ئێ، کوا، کوێ ماوە؟

+ بێ سەر، سەرت لە بیرکرد.. بە فشەی تێمەگەن، ئەوها نەکەن سەرماتان دەبێت..

من وا هەنگاو هەنگاو ڕێنماییەکانی پیاوی بەژن بڵندی پڕدەری پێڕەو دەکەم، هێشتا نۆرەی قارە نەهاتبوو، سەرم سابوونی پێوە بوو، زرمەیەك کەفی سابوونی بڕی و لە گوێمدا دەتگوت گابەردە دەتەقێتەوە، بە پەلە پرووزێ جلکەکانم لەبەرکردەوە، زرمەیتری بە دواوە نەهات، ئەو تۆپە لە کوێوە هات! نەمزانی لە ئاراستەی بەغداوە هات یان تاران..

گەیشتمە ئەوەی کە زۆر جارخۆشووشتن لە من نایە، ئەو بەڵایانەی بە سەرمهاتوونە زۆریان لە ناو گەرماوێ یان ڕێی گەرماوێ بووە، مانگی وا هەبوو هەر نیازی خۆشووشتن هاتبێتە سەرم، شتێك هاتۆتە پێشێ، ڕووداوەکانی ناو گەرماو زۆرن، سبەینانێك لە گەرماوێکی ناو بازاڕێ هێشتا ئاوم بە خۆمدا نەکردبوو، بووە زرم هۆڕ خەریکبوو بە قون رووتی دەرپەڕێم:

+ چ بووە، چیە ئەوە!

- نابینی، فرۆکەی تاران هەولێر بۆردومان دەکەن!

رۆژێك دوای چەند ساڵ دابڕان لە شار و گەرماوی شار، ڕەنگە تایبەت بە گەرماو سەردانی شاری ورمێم کردبێ، هەر پێشمەرگەیێ لەوێ دەهاتەوە باسی خۆشی و گەرمی و خاوێنی گەرماوەکانی ئەو شارەی دەکرد، عەسرانێك گەیشتمە ورمێ، پێش ئەوەی مێوانخانە دابێنبکەم چوومە گەرماو، گەرماو بوو نەك گەمە، من دەڵێم پەنجا دەست تۆ بڵێ حەفتا، دەست سابوونم لە خۆم دا، تێر نەدەبووم لەو گەرماوە، لە هیکڕا شەقەیەکی گەورە هات و لە بەری ژنانەوە بووە قیژە و هەرا، لەوێش زۆری نەمابوو بە قوون رووتی دەرپەڕم:

+ چیە چیە؟

- بەرق، بەرق..

تێگەیشتم بە هۆی کارەباوە ئاگر کەوتۆتەوە

پێشمەرگایەتی و مندالێشم پڕپڕن لە هەوالی سەرشۆرکی..

نەنکم زۆر جار دەیگوت:

دەبێت بزانین چ ڕۆژێك باش نیە بۆ سەردانی جێیان، چ ڕۆژێك بۆ تێکەولێکە، چ ڕۆژێك بۆ کۆرکردن، چ ڕۆژێك..

جارێگ گۆتمە نەنکم:

من لە هەر ڕۆژێك خۆم دەشۆم شتێك دەقەومێ..

نەنکم نیگایەکی پڕ لە گومان و پرسیاری تێگرتم و گوتی:

دوور بێ لە تۆ، دیارە هەندێك کەس خۆشووشتنیان لێ نایە..

ئیدی من گەیشتمە ئەوەی کە خۆشووشتنم لێ نایە، بەلاّم خۆ دەست لە خۆشووشتنیش ناشۆم.. دیسانەوە خۆم رووتکردەوە، ڕێنماییەکانی پیاوی بەژن بلّندی پژدەریم لەبیر نەما، خۆم جوان جوان شووشت، هێشتا هەر رووتبووم، زرمەیەکیدی ڕێك لە زرمەی پێشوو دەچوو، خێراتر خستمیە ناو جلکەکانمەوە.. هەلّگەڕێ، هەلّگەڕێ، گەیشتمەوە بارەگا، دیاربوو خۆشووشتنم پێوە دیار نەمابوو:

- دەلّێی خۆت نەشووشت.

+...

- تۆپەکان نەیانهێشت؟

- ....

+ هەندێ کەس ئەگەر بە سابوونی فەرەنسی و تووکی بەرازیش خۆیان بشۆن پێیانەوە دیار نیە

- ...

لـه سـەر پشـتم بـووە یـەك تـەپوتۆز نەبێتـەوە، بـەلاّم بـۆ وەی خـۆم بالاّدەست نیشانبدەم، ورتـەم لێـوە نـەهات، یـەك دوانێـك زۆر گالّتەچـی بـوون، زۆری نـەمابوو بەهۆی بێدەنگیەكەی منەوە شەق ببەن!.. نانم خوارد، بە پـەرداخێ چـایەوە چـوومە پالّ گابەردێ كە بە نوێژی نیـوەڕۆیێ سـێبەرەكەی بـەژنێك دەبـوو، بـە دەم جگـەرە و چـایەوە زۆری نـەمابوو خـەو بمباتـەوە، حـەیف خـەوم لێنەكـەوت، رایـەڵی دالغـەم بۆهەموو لایەك هەلّدا، بە بالّی خەیالّ دنیام كـرد، خـەو نـەهات و نـەهات، بـۆ وەی منیش وەك ئەو خەلّكە ئەگەر بۆ چەند ساتێكیش بێـت، لـە رۆژە درێـژەكانی هـاوین چاو گەرم بكەم، بە هەر نرخێك بێت لە سێبەری ئەو بەردە بچمە باوەشی خەوەوە، لە سەرمە هەر لە هاوین بمێنمەوە..

-٤-

خـــــــەو

رەنگە رۆژێك هەبووبێ لە رۆژانی هاوین، رۆژێكی كپ كـپ، رۆژێـك بـە هەڵـەش تۆپێك رووە و قەندیل نەهاوێژرابێ، قەندیل فیشەكی تێدا نەتەقێنرابێ، ئەو هاوینەی رۆژەكانی هەند درێژبوون هەند درێژ، بەشی چوونە حەج و هاتنەوەی دەكـرد، ئـەویش قسەی بە تەمەنێكی پشتئاشانی بوو، جارێك لە جێگـەیكی قەنـدیلێ تووشـمان بـوو، ئەو پیاوە لە پەراوێزی گێڕانەوەی هەقایەتی دلّۆپە خوێنەكانی پشتئاشانەوە گوتی:

كاكی برا، هەندێك رۆژی سالّ هەن زۆر درێـژن زۆر درێـژ، دەچـیە حـەج و دێیـەوە هێشتا مەلای عەسر بانگی نەداوە..

گوتم:

ئەو رۆژانە دەكەونە كام وەرزەوە؟ دەكەونە....

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:

لە وەرزەکان گەڕێ... بەڵام ساڵی واش هەیە هێند کورتە هێند کورتە، لە دەستنوێژهەڵگرتنێ نەبوویتەوە، دەبینی ساڵ وەرسووڕایتەوە..

گوتم:

زۆر شاعیرانە قسە دەکەیت..

گوتی:

کاتم نیە بۆ قسە...

ئەو چەند رۆژە هاوینیەی بارەگا ئاسمانیەکە رەنگە لەو رۆژە درێژانە بووبن کە ناگەیتە عەسر و ناگەیتێ، ئەو چەند رۆژەی خەو لە چاوی من تۆرابوو، تۆرانێك بە هیچ ئاشت نەدەبۆوە، من و خەو زوو زوو لێکدی دەتۆراین، جار هەبووە بە شەو و رۆژ بە دوو شەو و رۆژ چاوی من بایی کورتیلە خەونێکیش نەچۆتە خەوێ.. تۆرانی ئەو جارە درێژەی کێشا، سێ شەو و سێ رۆژی رێکە خەو تۆراوە، لەگەڵ تۆرانی خەویش، هۆش دەتۆرێ، کاتێ هۆشیش تۆرا، چ ناتۆرێ!..

+ چارەیەکم بکەن، بێخەوی کوشتمی

- چایە کەم بکەوە چایە.

+ تۆش هێندەی من چایە دەخۆیتەوە..

- من لێم دەکەوێت...

- بێ تام جگەرە دەکێشی، جگەرەش بۆ خەو باش نیە..

+ تۆش خەوت نەبێ لە من پتر جگەرە دەکێشی..

- باشە بۆچی هێندە بیردەکەیتەوە؟

- کوا، هێندەی هێسترێکیش بیرناکەمەوە..

بەلاش بوو، چارەی بێخەوی لە لای کێ هەیە! چایەشم کەمکردەوە، جگەرەشم بە جگەرە دانەدەگیرساند، هەموو بیرکردنەوەشم لە خەو و بێخەوی کۆکردەوە، خەو نەهات و نەهات..

لە ناو بارەگا وەك هێڕوهوڕان دەسووڕامەوە، ئێشکگرێکی هەمیشەیی بووم، دەمگوت:

لیستی ئێشکگری بە من پڕبکەنەوە، بیست و چوار جار ناوی من بنووسنەوە.

دەیانگوت:

نا، تۆ ئێشکگری لە ئێشکگرەکان بگرە..

هەر بە راستی بوومە ئێشکگری ئێشکگران، بە شەو و بە رۆژ بە ئاگا بووم، هەبوو دەیگوت:

ترسمان نیە، ئێشکگری هەمیشەییمان هەیە، قەت بە دەست ناگیرێین، خۆزگە لە هەموو بارەگایەك بێخەوێکی هەمیشەییمان دەبوو..

کوڕێك هەبوو، ناوی ببووە دۆستی هێستر ، ئەگەر سەچیغ نەچووبم، ئەویش پژدەری بوو، دەیگوت:

من حەز لەو بارەگایە ناکەم کە ئێشکگری هەمیشەیی هەیە؟

لێیانپرسی:

لەبەرچی حەز ناکەیت؟

دۆستی هێستر پێدەکەنی و نەیدەگوت..

کوڕێك (شۆرشی کۆییێ)ی ناو بوو، گوتی:

من دەزانم بۆچی حەز لە..

دۆستی هێستر تەماشایەکی کرد و گوتی:

دڵنیام نازانی، بەڵام ئەگەر دەزانی مەیڵێ..

شۆرشی کۆییێ گوتی:

دەیزانم و دەیڵێم، با پێتانبڵێم..

دۆستی هێستر پەلاماری دایێ و دەستی خستە سەر زاری.. بە یەك دوانێك دووریانخستەوە..

شۆرش:

هەر دەیڵێم..

دۆستی هێستر:

مەیڵێ..

پێشمەرگەیەگ:

لێیگەڕێ مەیڵێ..

پێشمەرگەیەك:

بۆ نەیڵێ، وەڵڵا بیڵێ..

دۆستی هێستر:

بیڵێی هەتا هەتایە قسەت لەگەڵ ناکەم..

شۆرش:

هەر دەیڵێم و دەبێت قسەشم لەگەڵ بکەیت..

دۆستی هێستر:

کە ئەوهای لێهات، تۆ مەیڵێ من خۆم دەیڵێم..

شۆرش:

دەی ئەگەر درۆت کرد بۆت راست دەکەمەوە

دۆستی هێستر:

چونکە هێستر حەز لە ئێشکگری هەمیشەیی ناکەت، درۆم کرد ؟!

حەزنەکردنی هێستر لە ئێشکگری هەمیشەیی، لەو نیوەرۆ هاوینیەی بارەگا ئاسمانیەکەی قەندیل رەنگە چیرۆکێکی لە چا شیرینتر بووبێت کە بە دەم چا خواردنەوە

هەر پێشمەرگەی دیمەنێکی دەگێڕایەوە، لە چیرۆکی هێستر راستی و گاڵتە بە شێوەیەك تێکەڵاوی یەکتر ببوون، لە توانای کەس نەبوو لێکدیان جیابکاتەوە، توانایەکی وا مەگەر لە پێشمەرگەناس و هێسترناس ببینرێتەوە، رەنگە چیرۆکێکی پڕ تام بووبێت، بەڵام بۆ من، منی خەو لە چاو تۆراو چ تامی نەبوو، هەر لەبەر هەندێش دیمەنێکی وام لە چاودا نەماوە، لە دڵی خۆم دەمگوت:

((خۆزگەم بە خۆتان، ئێستا دوای چا خواردنەوە، دەچن پاڵدەدەنەوە و دەخەون..))

ئەوەتا، هەندێکیان لە بن گابەردەکانی بارەگا خەویان لێکەوت، ئیرەیی بە پرخەپرخی پیاوی بەژن بڵندی پژدەری دەبەم، پرخەپرخێ قەندیل و قەندیل دەڕوا، وام لێهاتبوو،گومان لە خەوی خەڵك پەیدا بکەم، باوەڕم نەدەهات ئەوانە نووستبن، دەمگوت:

((رەنگە خۆ وا نیشانبدەن کە خەوتوون، دەنا لە من بەئاگاترن، ئەو پرخەپرخەش هەر بۆ چاوبەستەگیە بۆ ئەوەیە بە من بڵێن ها، ئێمە خەوتووین، تۆش بخەوە..))

من وام لێهاتبوو، لە خەو کەوتبوومە گومانەوە، تۆ بڵێی خەو هەبێ! لەو سەری تەمەنەوە تا ئەو سەری دەهاتم و دەچووم خەوم نەدەدیتەوە، سەراپای بێ خەوی بوو، هەموو وێنەکانی خەوزڕان دەهاتنەوە بەر دیدەم، هەموو ئەو قسانەی لە بارەی بێخەویەوە بیستبومن، لە گوێمدا لێدەدرانەوە، وا پیاسە لە رابردووم دەکەم، رابردووی بێخەوی، گەیشتمەوە شەوانی منداڵی، هێشتا هەر لە قۆناغی سەرەتایی بووم، هەموومان لە ژوورێك دەنووستین، دێتە بیرم، شەو هەبووە هەموو دەچوونە خەوێوە)) هەر من لە تەنیایی بێداری دەماوە:

+ دایە، دایە..

- ها، کوڕم چیە؟

+ خەوم نایە.

- دیسان بەزمەکەیە..

لەو غەلبە غەلبە بابیشم خەبەری دەبۆوە.. لە بیرمە دەمپرسی:

چ بکەم، بۆ ئەوی خەوم لێبکەوێت، ئێوە چۆن دەخەون؟

ئەوەشم لە بیرە، بابم دە یگوت:

منیش بە منداڵی هەندێك شەو وەك تۆ خەوم دەزڕا..

بە تامەزرۆییەوە دەمگوت:

ئەدی کو خەوت لێدەکەوت؟ چت دەکرد؟

بابم بە دەم باوێشکەوە دەیگوت:

نوێژم دەکرد، بیست نوێژم لە سەر یەك دەکرد، خەوم لێدەکەوت..

دایکم بە تووڕەییەوە:

دەی کوڕەکە شێت بکە شێت، خۆ هەتا بیست نوێژ دەکات، شەو کۆتـایی دێ ڕۆژ دەبێتەوە..

من نوێژم نەدەزانی و حەزم لێینەبوو، بەڵاّم لەبـەر خـاتری خـەو ئامـادەبووم، بـەو شەوە خۆم فێربکەم و نوێژ دابەستم، دەمگوتە بابم:

دە فێرم بکە..

بابم دەیگوت:

دە هەستە بچین دەزنوێژ هەڵبگرین، بەڵاّم دەبێت لە دڵەوە نوێژبکەیت..

ئەو لە دڵەوەیە هەڵوەسەتەیەکی پێمکرد، بەڵاّم دایکم زوو فریا کەوت:

نا، کوڕم نوێژی ناوێ، بزانە چت پێدەڵێم بە قسەی من بکە، خەوت لێدەکەوێ..

خەریکبوو بچمە ناو دەمی دایکمەوە:

دە بڵێ چ بکەم؟

دەستی بە سەرم داهێنا:

لە یەکەوە هەتا بیست بژمێرە، پێنج جار لە یەکەوە هەتا بیست بژمێرە..

بابم تۆڵەی خۆی کردەوە:

بیست نوێژیش هەر هێندەی پێنج جار هەتا بیستە..

من بە قسەی دایکم کرد، پێنج بیستەکەم ژمارد و خەو نەهات، گۆتمە دایکم:

- تەواو، نەهات، چ بکەم

+ بیستێکیدیش، بەڵام لەسەرەخۆ بژمێرە...

نایەتە بیرم شەشەم بیستم تەواوکرد یان نا، بەڵام جوان دێتەبیرم کە بە ئاگاهاتم، دەمێك بوو هەتاو کەوتبوو، ئێستاش لەو بارەگا ئاسمانیە خەو زڕاوە، سەد لە یەکەوە هەتا بیست دەژمێرم بەلاشە، گوێت لێمە دایە! ئێستا حەزم لێیە بە قسەی بابم بکەم و دەسنوێژهەڵبگرم، بەڵام رەنگە لە دڵەوە نەبێت، بۆیە...

جارێك لە ناو پۆلێ مامۆستای فیزیا نازانم لە چیەوە قسەی هینایە سەر خەوزڕان، قوتابیەك پرسی:

ئەگەر خەومان زڕا چ بکەین؟

مامۆستا گوتی:

خوێندنەوە، کتێب بخوێننەوە، بەڵام دەزانن چ جۆرە کتێبێك؟

قوتابیەکیدی گوتی:

چیرۆکی خۆش و ئەو شتانە..

مامۆستا:

نا، کتێبی زۆر قورس کە تێینەگەیت، بۆ نموونە قوتابیەك کە لە فیزیا تەمبەڵە و حەزی پێناکات، کاتێك خەوی زڕا بیخوێنێتەوە خەوی لێدەکەوێت..

من لە کاتی خەوزڕانیێ، بە قسەی ئەو مامۆستایەم کردووە، هاتووم رێزمانی عەرەبیم خوێندۆتەوە، خەوم لێکەوتووە، لێرەش لەو بارەگا ئاسمانیە خەو لە چاو تۆراوە، قسەی مامۆستاکە تاقیدەکەمەوە، بارەگا چەند کتێبێکی لێیە، دەگەڕێم، دڵنیام کتێبێك دەبینمەوە کە قورس بێت یان من لێی تەمبەڵ بم، دیتمەوە، ئەو کتێبەم دێتەوە کە ئەگەر هەزار جاریش تاقیکردنەوەی لێبکەم لێی دەرناچم،

ئەویش(پەیڕەوی ناوەخۆی حزب) ە خوێندمەوە، چی لێتێنەگیشتم، بەلاَم بەلاش بوو، خەوی نەهێنا، گوێت لێمە مامۆستای فیزیا!

هەر لە پۆل، مامۆستایەکی زۆر عاشق هەبوو، لە پەنجەرەی پۆلەوە کە جوان بە سەر ماڵێکدا دەیڕوانی، ئەو مامۆستا عاشقە، لەگەڵ ژنێك چاوچاوێنێ و هێما هێماییێنێیان دەکرد، کەس نەبوو بەو چاوچاوێنەی مامۆستا نەزانێ، لە سەر دیوارەکانی قوتابخانە لە سەد جێ پتر بە خەتی گەورە و گچکە بە خەتی خۆش و ناخۆش نووسرابوو(....عاشق) لە بیرمە ئەو عاشقە کە مامۆستای عەرەبیش بوو،جارێك لە رێی دێرە شیعرێکی عەرەبیەوە قسەی هێنایە سەر خەوزڕان، پێدەچوو خۆی زوو زوو تووشی خەوزڕان بێ، پرسی، یەکە یەکە لە قوتابیەکانی دەپرسی:

+ هەر کێ راست وەلاَم بداتەوە سێ نمرەی دەدەمێ، ئەگەر لە شەوان تووشی خەوزڕان هاتیت چی دەکەیت؟

- شەربەت دەخۆمەوە..
- پسکویت دەخۆم..
- کتێب دەخوێنمەوە...
-هەر تەنیشتان دەگۆڕم..
- هەموو ماڵێ بەئاگادێنم..
- گۆرانی دەڵێم..

چاوم لە سەر شتێك رادەگرم..

- دەڵێم خودایە، بمخەوێنە..
- هیچ، با هەر بزڕێ..
- لە پەنجەرەوە تەماشای ماڵان دەکەم!

ترساین مامۆستا لە پەنجەرەوە ئەو قوتابیە فڕێداتە خوارەوە، کە لە کاتی خەوزڕانێ لە پەنجەرەوە تەماشای ماڵان دەکات، بەلاَم مامۆستای عاشق بەسەر خۆی

نـەهێنا و بـەردەوام بـوو لـە پرسـیاری خـۆی و یـەك یـەك قوتابیـانی بـۆ وەڵام هەڵدەستانەوە، نۆرە گەیشتە من و گوتم:

پێـنج جارلـە یەکـەوە هـەتا بیسـت دەژمێـرم، ئەگـەر خـەوم لێنەکـەوت، بیستێکیدیش...

لە بیرمە دوای ئەوەی یەکەیەکەی قوتابیان قسەی خۆیان کرد، مامۆستای عاشق وا کۆتایی بە خەوزڕان هێنا:

((وەڵامی هیچتان راست نەبوو، با من پێتان بڵێم، ئەگەر خەوتان زڕا، دالغەی خۆش لێبدەن، یەك، دوو، دە دالغە، ئەگەر زانیتان کەڵکی نیە، پێچەوانەی بکەنەوە، وەرگەڕێنە سەر دالغەی ناخۆش، لە خۆش و ناخۆش یەکیان دەیگرێ و تەخت دەبن..))

ئەوەتا لە بارەگا ئاسمانیەکەی قەندیل، هەزار و یەك دالغەی خۆش هەزار و یەکی ناخۆش لێدەدەم و بەلاشە، گوێت لێمە مامۆستای عاشق!

هەر بۆ چارەی خەو زڕان با سەرێك لە کۆلیژ بدەمەوە، کوڕێکمان لەگەڵ بوو، کوردی موسڵاوی، بە ناوی یاسین، ئەو یاسینە هەمیشە ساقۆی لەبەر بوو، هەقی نەبوو دنیا فێنکە گەرمە، درەنگ پێکەوتم کە حیکمەتی ساقۆیەکەی یاسین لە گیرفانەکەیدایە، ئەو گیرفانە لە ناو پۆلیش چارەگە عەرەقی تێدا بوو، زۆر جار یاسین و عەبدولایەك ئەویش موسڵاوی بوو لە ناو پۆلێ فڕیان لە عەرەق و ویسکی دەدا، بە تایبەتی لە وانەی (د. عەلی) مامۆستایەکی زۆر بە تەمەن بوو، مێژووناس بوو، دەیانگوت زۆر لە پێش فەهدیشەوە کۆمەنیستە، ئەو پیاوە لە ناو کوردان بەس خۆشیی لە یەك کورد نەدەهات دەیگوت:

((تۆفیق وەهبی، پیاوی ئینگلیز بوو، ئینگلیز..))

ئێ، ئەو دکتۆر عەلی کۆمەنیستە، لە هیچ نەدەترسا، بە کەیفی خۆی قسەی بە حکومەت دەگوت، جگە لە بەعسیەکان کەس نەبوو ئەو دکتۆرەی خۆشنەوێت، یاسین

و عەبدوڵڵا هەر زۆریان خۆشدەویست، رەنگە عەبدوڵلا لەبەر ئەوە خۆشیویستبێ کە دکتۆر ئاگای لە کورسیەکانی دواوەی پۆل نیە و حەزدەکەیت مێز برازێنەوە، لێرە ئیشم بە یاسینە، بە یاسینم دەگوت:

+ بۆچی هێندە دەخۆیتەوە؟

- ژیان لە عەرەقدا دەبینمەوە..

+ ئەدی کچ؟

- کچیش بە عەرەقەوە کچە..

زۆر جار دەچوومە لای، لە بەشی ناوەخۆ دەچوومە لای یاسین و شەو دەمامەوە، ئەو عەرەق و من بیرەم دەخواردەوە، شەوێك خەوم زڕا، یاسین کە بۆ میزکردن لە خەو هەستا، زانی خەوم زڕاوە، گوتی:

+ واز لە بیرەی حیز بێنە، عەرەق بخۆوە..

- چ پەیوەندی بە خەوزڕانەوە هەیە؟

+عەرەق باشترین دەرمانە بۆ خەو..

بە قسەیم کرد و بە دوو پێك تەخت بووم، بەلاّم ئێستا لە کوێ عەرەق بێنم، یاسینی بە عەرەقەوە جوان! لە کوێوە دەستم بگاتە قاچاخچیە قەندیلیەکە ئەوەی دیاریەکانی خوداوەندی بۆم ژمارد..

ئەورۆ چاوێك گەرم نەکەم، سەرم نارنجۆك ئاسا دەتەقێتەوە، رێك وەك ئەو نارنجۆکەی بۆ یەکەم جارم بوو بیتەقێنمەوە، لە دەڤەری مەتین، ئا، جێگەیەك بوو مەتینی لێوە دیار بوو، سەر لە ئێوارەیەکی شەڕاوی، بە ترس و لەرزەوە هەلقەکەیم راکێشا و تا دەستم تێدابوو هەڵمد او لە پەنای کەڤرەکە خۆم بە بەعەرد دادا، لەوێ نەمزانی چی لێکەوتەوە، بەلاّم منی لە ژیان هێشتەوە، ، ئەدی ئەگەر سەرم بتەقێتەوە، بۆ من پێچەوانەی نارنجۆکەکەیە، ئەو ژیان و ئەم مردنی لێدەکەوێتەوە، خوداوەندی خەو، زۆر نا، تەنها چۆڕێ خەو، تەواو ترسم لێ نیشت، ترسی ئەوەی بۆ

هەتایە خەو نەبینمەوە، بیستبووم خەڵکی وا هەیە، بیست ساڵ سی ساڵ نەنووستوون، ترسام منیش بە دەردی ئەوانە بچم،..

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری دەیگوت:

گەنج کە خەوی دەزڕێ، چارە هەر باوەشی ژنە..

شالاو بە زار نا بە چاو گوتی:

باوەشی هێستریش دەبێت..

پیاوی بەژن بڵندی پژدەریش قسەی خۆش دەکات!

مام جوامێر کە لە سەر ڕۆیشتن بوون و ڕێیان دەچۆوە لووتکە بەرزەکەی قەندیل، بە خێری خۆی بۆ بێ خەویەکەی من چارەی ئاسانتری دیتەوە:

هەر کەسێك دەڵێت خەو تۆراوە و نایەتەوە، با بچێت لەو لووتکە بەرزە بیهێنێتەوە، ئەگەر توانی سەرێك لەو لووتکە بدات وبێتەوە، مەرجی لەگەڵ دەکەم حەفتا کاتژمێری ڕێك دەخەوێت..

ئەگەر بەختیارخەرابەیی توند دەستمی نەگرتبا، لە سەر قسەی مام جوامێر بە لووتکە هەرە بەرزەکەی قەندیلدا هەڵدەگەڕام و بایی چەند کاتژمێرێك خەوم بۆ خۆم دەهێنا، دەمەو نیوەڕۆ بوو،بەختیار داینیشاندم و بە هێواشی گوتی:

+ ئەو ڕێگە دوورەی ناوێ، بۆ گەیشتن بە خەو ڕێی زۆر نزیکتر هەیە.

- فشە مەکە، خەوم دەوێ خەو.

+ بە راستمە.

- کوا! عەرەقت لایە؟

+ راوەستە..

کۆڵەپشتەکەی کردەوە، دەستە حەبێکی دەرهێنا..

+ زۆر بەهێزە، هێستر دەخەوێنێ، لە دنکێك پتر نەخۆیت.

- بە راست ڤالیۆمە؟

+ بیخوێنەوە، خۆ خوێندەواریت هەیە

- هەویش بێت زەحمەتە بمخەوێنیٚ..

+ من دەڵێم هێستری خەواندووە، تۆ دەنکێك بخۆ و لەو بن بەردە پاڵدەوە، بەلاّم ئەگەر تەنگاوی بڕۆ سەر پێشاویٚ، دەنا لە خەویٚ خۆت پیس دەکەیت...

چ باوەڕم نەبوو حەبێك هەبیٚ من بخەوێنیٚ، بەلاّم هەر دەبوو تاقیبکەمەوە، قلێکم قوت دا، دلّم ئاوی نەخواردەوە، قلێکیدیشم ئاودیوکرد، دەستمی گرت:

+ تۆ چی دەکەیت! دەتەوێت تا رۆژی حەشر بەئاگا نێیتەوە؟

- بەس چاوێك گەرم بکەم بەسمە

+ دوای کەمێکیدی دەگەیتە قیامەتی خەو..

حەبی سێیەمیشم خستە دەممەوە، بەختیار دەستە حەبەکەی لە دەستم راپسکاند:

+ بە سەر مندا ساغدەبیتەوە.

- خەوم دەویٚ، کەمێك خەو..

+ بخەوە، بایی حەفت رۆژت وەرگرت

کاتیٚ بە ئاگا هاتمەوە جگە لە ئێشکگر هەموو خەوتبوون، مانگە شەو بوو، دنیا رووناك رووناك، چوومە ناندێنەکە شتێکم خوارد، خەو بەرینەدەدام، چوومەوە بن بەردەکە، دیاربوو بە تانیەکیشیان پێمدا دابوو، ئەوجارە کە بە ئاگا هاتمەوە، هەتاو تەواوێك کەوتبوو.. مام جوامێر و بەختیاریش رێی دوندە بەرزەکەیان گرتبووە بەر..

لە بیرمە رۆژی پاشی نامەیەکم بۆ بەختیار نووسی، بەلاّم ئێستاش بە دەستی نەگەیشت، لە نامەکەدا شتێکی نزیك لەوەم گوتبوو:

هەر کیٚ هات

جگە لە ئامۆژگاری چی نەهێنا

جگە لە خەوزڕان پتر چی جێنەهێشت

بەلاّم تۆ

دەستە حەبێکی ڕەنگ پەڕیوت هێنا و
بە تەنیشت بەهەشتەوە
خەوێکی گولاٚویت بۆم ڕاخست

ئۆخەیش، خۆ خەوم دیتەوە، خەوی خەوناوی، خۆش و ناخۆش، من حەزم لە خەون بوو، ئەگەر چەند شەوێك خەونم نەدیتبا، هەستم بە بزربوونی خۆم دەکرد،.. باش بوو لە بیرم نەچوو، ئەو دوو سێ ڕۆژەی دەستەیەك ڤالیۆمم قوت دا، ساتەکانی بە ئاگاییشم هەروەك خەوتن وابوو، کوڕە شارەزووریەکە دەیگوت:

((قاپێك ویسکیش هەر هێندە کاریگەریەی هەیە، خۆزگەم بە خۆت چەند جوان مەستیت..))

بە قسەی ئەو کوڕە ویسکیناسە حەزم دەچووە ویسکی، بەلاٚم بۆ ئەوەی فرێك لەو حەزە بدەم، دەبێت ئەگەر بە سووڕانەوش بێت، خۆم بگەیەنمەوە ئێوارەیەکی پایزی..

-٥-

ویســــــکی

ئەو ڕێیەی لە قولاٚیی زەویەوە دەهاتە بارەگا ئاسمانیەکە و بەو دیودا دەگەیشتەوە قولاٚیی زەوی، پیاوی بەژن بلٚندی پژدەری دەیگوت:

((هەرچی کاروانچی و قاچاخچی دەوڵەتان هەیە، ئەگەر بۆ جارێکیش بێت ڕێیان بەو ڕێیە دەکەوێت..))

بە قسەی پیاوی بەژن بلٚندی پژدەری بێت، ئێرە، ئەو ڕێیەی هەر دوو سێ سەدە هێستر لە بارەگا دوورە، ڕێترین ڕێی قاچاخچیانە، ئەوانەی زۆر لەو بارەگایە مابوونەوە، هیچ گومانیان لە قسەی پیاوی بەژن بلٚندی پژدەری نەبوو، کەسیش هێندەی پیاوی بەژن بلٚندی پژدەری لەو بارەگایە نەماوەتەوە، یەکەم بەردی بناغەی

بارەگاش خۆی دایناوە، دارەڕاکەشی بە دەستی وی دانراوە.. کۆچەریەك بە دەم تەور ڕاوەشاندنەوە کە کەوتبووە گیانی کۆلکەدارێك دەیگوت:

لەو ئاسمانە، لەو ئاقارە یەکەم تەور کە ڕاوەشابێ، تەوری پیاوی بەژن بڵندی پژدەری بوو..

شوانێك کە لە سەر ئەوە بوو شوانبەتاڵی لە شوانایەتی بکات، دەیگوت:

لەو ئاقارە ئاسمانیە یەکەم ئاگر کرابێتەوە، بە دەستی پیاوی بەژن بڵندی پژدەری بوو..

پژدەریەك، لە بیرمان بێت بارەگا پڕ لە پژدەری بوو، دەیگوت:

لەوەتەی پژدەر هەیە پێشمەرگە هەیە، لەوەتەی پێشمەرگەش هەیە، پیاوی بەژن بڵندی پژدەری پێشمەرگەیە و لێرەیە..

پژدەریەکیدی وای وەڵامی پژدەریەکە دایەوە:

لەوەتەی پژدەر هەیە، جاشیش هەیە...

ئەو پیاوەی کە یەکەم تەوری ڕاوەشاند، یەکەم ئاگری کردەوە، یەکەم بەردی بارەگای دانا، لەوەتەی پێشمەرگە هەیە پێشمەرگەیە، لە ڕێی تەقەوە پێشمەرگە و جاشی لێکدی جیادەکردەوە، دەیگوت:

ئەها، ئەوە تەقەی جاش بوو، ئەوەیان تەقەی پێشمەرگەیە..

دەیانپرسی:

کلاشینکۆف هەر کلاشینکۆفە، چ پێشمەرگە بیتەقێنێ چ جاش چ تەڕەماش.. بە من ناڵێی چۆن لە ڕێی دەنگی تەقەوە جاش و پێشمەرگە دەناسیەوە؟!

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری بۆ سەلماندنی قسەی خۆی بەلگەی زۆر بوون، بەڵام من ئێستا هەر یەك بەلگەم لەبیر ماوە، دەیگوت:

گوللەی جاش زۆر دوور بە عەرد دەکەوێت، بەڵام هی پێشمەرگە نزیك زۆر نزیك...

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری لە ڕێی پێی ئەسپەوە سواری دەناسیەوە، کاروانی دەناسیەوە، بەڵام دەیگوت:

ئەو قاچاخچیانە زۆر سەختەچین، لە لباد پێڵاو بۆ وڵاخەکانیان درووست دەکەن، تا دەنگیان نەیە و ئاشکرا نەبن..

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری کە شارەزای تێکەولێکەی قاچاخچیان بوو، لە دانیشتنێکی شەوانە، پرسی:

+کێ دەزانی ئەو قاچاخچیانە چی دێنن و دەبەن؟

- ئارد و ...

- کوتاڵ و...

- پاکەت و ...

- عەرەق و..

- فیشەك و..

- تایت و سابوون و..

- مووس و...

- تریاك و..

- شەکر و..

- مووشەك و..

- هەنگوین و...

- هێندەی من لە بارەی قاچاخچیانەوە بزانم لە باری قاچاخچیان هەموو شت هەیە..

+دەخۆش، وایە، هەموو بەروبوومی دەوڵەتی ئێران عێراق بە تەڕ و وشکیەوە لە ناو باری ئەو قاچاخچیانەیە، بڕۆ چیت دەوێ لە ناو باری قاچاخچیان بیبینەوە..

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری دەیگوت:

بارەگاش بەشی هەیە لە باری قاچاخچیان..

پژدەریەکیدی شیعریشی دەگوت، من ناوم نابوو بەردەشانی، دەیگوت:

ئیزندانی بار بێ وەرگرتنی بە شی بارەگا، خیانەتە لە حزب..

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری وەڵامی بەردەشانی دایەوە:

نا، ئەوهاش نیە..

بەردەشانیە شاعیرەکە سوور بوو لە سەر قسەی خۆی و پەژیوان نەدەبۆوە:

وەڵلا ئەوهایە، چۆن وا نیە!

ئەو بەردەشانیە شیعری دڵداریشی دەنووسی، بەڵام دڵداریەکی زۆر مەرجدار، کۆپلەیك شیعری ویم لە بیرە کە زۆری دەگوتەوە:

کچێ، جوانێ

زۆر کچ هەیە بە دڵ لە من دەڕوانێ

بەڵام چاوی من لە سەر تۆیە..

تۆش گەر دەتەوێ

لە ئێستاوە هەتا هەتایێ

هەر لە دڵم بی و هەر خۆشتم بوێ،

لە من پتر

لە خۆت پتر، حزبت خۆش بوێ..

زۆر جار دەمدیت بە دەم خوێندنەوەی ئەو شیعرە دڵداریە مەرجدارە، کلاشینکۆفەکەی سواردەکرد و غاردە..

+ ها، کاروان هات؟

- گوێتان لە دەنگی پێی ولاخ نیە!

جارێك زۆری نەما لەگەڵ بەردەشانی پیس تێکبگیرێین، ئاخر منی خستبووە ڕیزی خایەنان، من نەك هەر ڕێم لە کاروانچیان لە قاچاخچیان نەدەگرت، بارەگام لە

هاتنیشیان ئاگادارنەدەکردەوە، دێتە بیرم سەر لە ئێوارەیەکی مانگەشەوی نۆرەی ئێشککگریی من بوو، لە خوار بارەگا بە دیوی ڕێی کاروانچیان لە سەر بەرزاییەك پیاسەم دەکرد..

+ چیە، دەڵێی کەڕ بووی! گوێت لە قاچاخچیان نیە؟

- من کەڕم ،بەلاّم تۆ کەری، هەی...

+ قسەی جوان بکە، هەی..

ڕاستی من کەڕ نەبووم، لە بەردەشانی جوانتر گوێم لە دەنگی پێی ولاّخ و هەچەهەچی قاچاخچیان بوو، بەلاّم من وەك پیشەی هەمیشەییم گوێی خۆم کەڕکرد، کەڕبوونم لە کەربوون لا باشتر بوو، من بە بەردەشانیم دەگوت:

((ئەوەی تۆ دەیکەیت کەرایەتیە، ڕێگریە، کەسێك دەو لە شیعر بدات چۆن دەبێت ڕێ لە ڕێبواران بگرێت؟ چۆن دەبێت کەرایەتیەکەی بگاتە ئەو ئاستە کە ڕێگری بکات!

بەردەشانی بە تووڕەییەوە:

((پێش هەموو شتێك ئەوانە قاچاخچین نەك ڕێبوار، دوایی کە ڕێیان لێدەگرم بۆ خۆم نیە، بۆ هەموانە، ئەو ڕۆژە کە بزنەکەمان لە جەلەبەکە گێڕایەوە، کاممان شیشی گەورەترمان لێدەدا؟))

دامە بێدەنگی، لە دڵی خۆم گوتم، ئەو کێشەیە لە گۆشت و گۆشتاوەکەش ئاڵۆزترە...

دەڵێی لەو کاتەوە تا ئێستا گۆشتم نەخواردووە، دوای ئەو هەموو ساڵە حەزم چووە ئەو گۆشتەی کە لە دەمەوعەسرانێکی ڕەنگە هاوینی بووبێت، لە شیشکەی تفەنگم دەدا، دەمخستە سەر ئەو پۆلووە ئاگرانەی دەتگوت سەر بە ئاگری دۆزەخن، لەوێوە هاتوون، بێ باوەشێنکردن هەر دەگەشانەوە و نەدەکوژانەوە، چۆن ناگەشێنەوە، خوداوەندی با بە دەستەکانی خۆی بەو دەستانەی لە هەموو وەرزێك لە وەرزەکانی

قەندیل لە جوولەی هەمیشەییە و ماندوو نابێت، باوەشێنی دەکرد، پیاوی بەژن بڵندی پژدەری جارێك مەتەلێکی گوت:

((ئەو جێگەیە کوێیە ئەگەر با لە دنیا و قیامەت ببڕێ لەوێ نابڕێ؟))

کەس مەتەلەکەی هەڵنەهێنا، خۆی هەڵیدا:

ئێرە، قەندیل..

وا بوو، هەموو بایەك بارەگا ئاسمانیە قەندیلیەکەی دەگرتەوە، کەس قەندیلی بێ با نەدیتووە، کزە با، شنە با، رەشەبا جگە لە هوڕە هەر بایەکت ویستبا. وەك ئالا کە هیچ ئالایەك هەڵنەدرابوو، دەیشەکاندیەوە.

بەختیار خەرابەیی دەیگوت:

بەوەی خۆشە باوەشێنەشی ناوێ..

نەیدەویست، باوەشێنکردنی بۆچیە، بایەك هەڵیکردووە کڵاو وجەمەدانی دەبا..

بەردەشانی ئەگەر بە رێگرییش بێت چاکەیەکی لەگەڵ کردووین، چ ئەسحابەیەك لەگەڵ منداڵی هەژاری نەکردووە، دەمێك بوو گۆشتم نەخواردبوو، شیشکەی تفەنگ پێڕانەدەگەیشت، لە داریش شیشکمان چێکرد، شیشی ئەوەی ئەودەم ناونرابوو شیشی سەدامی، شیشی ئەوهامان لێدەدا، ماستاویشمان هەبوو، نان و پیازیش لە مشە بوو، نازانم کێ بوو گوتی:

بخۆن گۆشتی رێگری بە حەلاڵی بخۆن..

بەردەشانی کە پێدەچوو دوو سێ پشکە گۆشتی لە زاری بێ:

نازانم حەلاڵە یان حەرام، بەلام من چەتە و رێگر نیم...

منیش لە حەلاڵ و حەرامم نەپرسی، پشتێنم شلکردەوە، بخۆ، بخۆ، هەتا گرتی تێمکرد، پیاوی بەژن بڵندی پژدەری هەر جارێك حەلاڵ و حەرام دەهاتە گۆڕێ دەیگوت:

بخۆن، لە خواردن لەو دنیا پان و پۆڕە یەك شت نابینیەوە بۆ پێشمەرگە حەرام بێت..

بەلاّم بە هەڵەدا نەچووبم ئەو قسەیەی لە (حەمە یوسف)ەوە وەرگرتبوو، ئەو حەمە یوسفە لە بارەی حەلاڵ و حەرامەوە لە شێخەکانی ئەزهەر پتر فتواو لێدوانی دەدا، جارێك راوچیەك ئاژەڵێك راودەکات و بە سەربڕاوی دەیهێنێتەوە، خەڵکی گوند لە دەوری خڕدەبنەوە، دنیادیتە و ئاژەڵناسان نایناسنەوە، یەکەم جاریان بووە ئاژەڵی وا ببینن، زۆر گۆشتن و جوانیش دەبێت، بیخۆن، نەیخۆن، دەبێتە مشتومڕێکی وا وەختە بڵێم ئاژەڵە نەناسراوەکە لە بیردەچێتەوە، لەو کاتە حەمە یوسف دەڵێ:

هەی لە فسێتان بەم، ئێستا ئەگەر چەند ئەسحابەیەك لێرە بان، لەمێژ بوو کەوڵکرابوو، لە شیش درابوو..

ئەگەر رێم کەوتە دۆڵە کۆگە، سەرێك لە حەمە یوسف و کەوەکانی دەدەم...

هەر من نا هیدیش هەبوون لەگەڵ بەردەشانیەکە لێیان دەبووە دەمەقرێ..

دەمەقرێیەکەم بە وێنە ودەنگەوە لە چاو و گوێیە، بەلاّم نە وێنە نە دەنگی ئەو پیاوە ناناسمەوە کە خەریکە ئامبازی بەردەشانی بێت:

+ ئەوەی تۆ دەیکەیت کەرایەتیە.

- ئەگەر ئەوە کەرایەتی بێ، سەرلەبەری شۆڕش کەرایەتیە.

+ ناکرێ شۆرش بکەیت و رێ لە کاروانچی و قاچاخچی و چەرچی و جەلەبوان وئەوانە نەگریت؟

- لە هەندێ کات ناکرێ، خۆ شۆرش مار نیە بە خۆڵ بژی..

+ تۆ کە داتە کەرایەتی، کەرترین کەریش ناتگاتێ.

- کوڕە هەی لە هەموو کەران کەرتر، ئەو بارەگایە لە بنجدا بارەگایەکی گومرگیە، گومرگ وەرگرتن کارێکی رەوایە، نە رێگریە نە کەرایەتیە.

+ من دەڵێم هەردووکیانە..

- یانی بە قسەی تۆ بێت حزب کەر و ڕێگرە؟!

+ حزب بۆ!

- ئێ، من بە فەرمانی حزب گومرگ وەردەگرم

+ وا نیە.

+ ئەگەر باوەڕ ناکەیت، بپرسە، تۆ چ ئاگات لە ...

- حزب دەڵێ وەك سەگ بە دوای کاروانچیان غاردە و شتیان لێ بستێنە؟!

+ نا، حزب دەڵێ وەك شۆرشگێڕێك گومرگی خۆت وەرگرە..

بەردەشانی چونکە خۆی بەینی لەگەڵ خواردنەوە نەبوو، دەڵێی دەیەوێ ویسکیەکەم لەبیرباتەوە! بەڵام لە بارەگای ئاسمانی و لە ئێوارەیەکی پایزی و بۆ کەسێك کە هەمیشە لە بەر خۆیەوە هێمن بە هەموو دێرە شەرابیەکانیەوە بڵێتەوە:

جا کە سەرخۆش بووم

بە دەنگێکی نەوی

بۆت دەڵێم

ئەو شیعرە بەرزەی مەولەوی

....

تۆ بڵێی مەی لەبیربچێتەوە!

ئێوارە پایزیەکە لە پیاسەیەکی ئێشککگریدا کات دەتگوت تووتنی توندە، نەدەسووتا و نەدەسووتا، بارەگا مەیلەو چۆل بوو، زۆر لە پێشمەرگەکان بە پیاوە بەژن بڵندە پژدەری و بەردەشانیشەوە ڕەنگە بۆ کارێکی زۆر پێویست بووبێت سەردانی ئەو بارەگایەیان کردبوو کە ئەویش بە لووتکەکەی ئەو بەرەوە دەتگوت هێلانەی باڵندانە بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە، هێشتا ئەو پەلە هەورانەی لە سەر کێوەکانی بەری ڕۆژئاوا و سەری کێوەرەش کە دەتگوت بۆ خۆدانە بەر تالە ڕەنگینەکانی زەردەپەڕ لەوێ هەڵیاندابوو، هێشتا تاریکی نەیشاردبوونەوە، دەنگی پێی ولاخ هاتە گوێم،

پێچەوانەی هەموو جاران ئەو جارە خۆم لەگێلی نەدا، هێواش هێـواش شـۆڕبوومەوە، گەیشتمە دەو ڕێ، لە پاڵ گابەردێ وەستام، زۆری نەبرد یەکـەم هێسـتری کاروانچـیان گەیشت، دەیانویست تیژ تێپەڕن و تووشیان بە تووشی پێشمەرگەوە نەبێ..

+ ماندوو نەبن

- سەلامەت بی، کاکە وەڵڵا لەو بارەگایەی ئەولا زۆریان لێسەندین..

+ من زۆرتان لێناستێنم..

پیاوێکی کەڵەگەتی باریکەلە لێم نزیککەوتەوە:

- باشە ئێمە گومرگ بدەینە چەند حیزب!

+ بە من بڵێ بارەکانتان چی تیایە؟

- ....

هەستمکرد لە هەناسەی پیاوە کەڵەگەتە ڕەقەڵەکـەوە بـۆنێکی تیـژ تیـژتر لـەوەی چاوەڕێ دەکرێ هات و رژایە گیانمەوە، بۆنێك زۆر لەو بۆنـە دەچـوو کـە لـە زۆر دێـرە شیعری هێمنەوە دەهات، لە دڵی خۆم گوتم:

خودایە، ئەو بۆنە هەر ئەو بۆنە بێ و بە هەڵەدا نەچووبم..

گۆتمە قاچاخچیەکە:

+ بۆنێکی زۆر خۆشت لێدێ

- بڕواناکەم بۆنەکەی خۆش بێت

+ ئەدی تامی؟

- بڕواناکەم تامیشی خۆش بێت

+ ئەدی چی خۆشە؟

- جا چی خۆش نیە!

+ کوا، هەتە؟

- حەزت لێیە..

شووشەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا، ئەو شووشەیە بوو کە من دەمویست، فڕێکی لێدا و خستیە گیرفانیەوە، گەڕایەوە بۆ لای هێسترەکەی، هاتەوە لام، شووشەیەکی درێژی مل باریکی بە دەستەوە بوو:

- لە منەوە بۆ تۆ

+ چەند دەکات؟

پێکەنی، جوان پێکەنی:

- تۆ دەڵێی پێشمەرگە نیت؟

+من..!

روونینەکردەوە، لە سەری نەڕۆیشت، هەر لەوێ باسی سێ دیاریەکەی خوداوەندی بۆم کرد، ئەوەشی گوت:

- لە هەر سەفەرێك بوتلێك بۆ تۆ.

+ تا ماوم مەمنوونتم..

کاروان رۆیشت و منیش بە گومرگی خۆمەوە گەڕامەوە بارەگا، هەر لە رێ سەری شووشەی سەر مۆرم هەڵپچڕی و قومم لێیدا..

- ها! چ بوو، باری قاچاخچی...

+ هیچ، کوتاڵ..

- بۆچی بایی دە پازدە قاتێکت نەگێڕایەوە؟

+ کوتاڵی ژنان بوو

- بڕواناکەم لەو بارانە یەك تیلمە کوتاڵیش هەبووبێ، بەڵام چاکت کرد هیچت نەگێڕایەوە..

+ بۆچی چاکم کرد؟

- کوڕە چوونە سەر رێی کاروانچیان حەیاچوونە، بەڵام چ بکەین ئەوە تووش بووینە.

+ دە وەڵڵا من شتێکم لێیان وەرگرت؟

- چی؟

+ ئەها ئەوە

شووشە بەژن ژنانیەکەم نیشاندا، لە بارەی شووشە و بەژنی ژنانەوە، (ریاز)ێکم بیرکەوتەوە، ئەو کوڕە قسەیەکی هەبوو زۆری دەگوتەوە:

((هەموو شووشەکانی مەی لە بیرە وە تا ڤۆدگا و عەرەق هەر هەموویان کۆپیکراو و گچکەکراوەی بەژنی ژنن، بەژنی ژن بە هەموو جۆرەکانیەوە..))

سەرهاتم لەگەڵ ئەو ریازەش هەیە بەلاّم جاریّ کاتی گێڕانەوەیم نیە..

ئەو کوڕەی بوتلە ویسکیەکەم نیشانی دا، پێشەی ناو بوو ، ئەو پێشەیە دواتر حەفت ساڵ دواتر لە بن کۆییّ لەگەڵ حەمەی ئایشەگوڵ و پۆلە کوڕێکی وەك خۆی، من بە چاوی خۆم نەمدیتن، بەلاّم چەند کەسێك دیتبوویان پێکەوە دەکەونە بۆسەی براکان و کارێکیان پێدەکەن ئەنفال بە گەرمیانی نەکردبیّ، ئەو حەمەی ئایشەگوڵەش بە خۆو بە دایکەوە بابی یەك کتێب تۆ بڵیّ بابی نیو تەمەن سەرهاتیان لە سەرمە و لەسەر رژانیشە، خودایە جاریّ زاری رژان نەکەیتەوە، دەنا سەرهات بە سەرێکیدی سەردەکات و ناگێرێتەوە..

پێشە منداڵ بوو، رەنگە لە چاوی منەوە منداڵ خۆی نیشان دابیّ، نەیخواردەوە، پێشم خۆش بوو نەیخواردەوە، لەبەر دوو هۆی لە پێشە سادەتر:

١- حەزمدەکرد ئەو بوتلە ویسکیە هەمووی بۆ خۆم بێت، چونکە زۆر تینووی خواردنەوە بووم لە بیرم نەمابوو لە کەیەوە نەمخواردبووەوە.

٢- پێشە منداڵ بوو، وا بزانم قەتیش نەیخواردبۆوە، حەزم نەکرد لە سەر دەستی من فێری خواردنەوە بێت..

گۆتمە پێشە:

بەلاّم لە لای کەس باسی نەکەی کە من ویسکیم وەرگرتووە..

پێشه به پێکەنینی منداڵانەوە:

حەیفت نەکرد، هێشتا منت نەناسیوە..

وا بوو، من هێشتا پێشە نەناسیبوو، ئەگەر بمناسیایە، قسەی وام نەدەکرد..

شێتانە ویسکیم فڕدەکرد...هەندێکیم کردە مەتارەوە، شـێتانە ماچـێکی نـەرمی شووشەکەم کرد و بە نەرمی لە پاڵ بەردێك درێژمکرد و خستمە بن خۆڵەوە، رەنگـە قسەیەکی وام کردبێ:

تۆ لێرە بخەوە منیش دوای ماوەیەکیدی لە بەهەشت دەخەوم.

ئەوەشم گوت:

بەڵام سبەی کە هاتمەوە، خۆت لێم نەشاریتەوە.

خەوتن لە بەهەشت قسەی من نیە، پێشمەرگەیەك هەبوو بـە نـاوی ئـەبوو رەشـا، جارێك رووی لە من نـەبوو، بـەڵام مـن وا تێگەیشـتم لەگـەڵ منیـەتی، ئـەبوو رەشـا گوتی:

ئەگەر بتەوێ خەون بە بەهەشتەوە ببینی و لەو خەونەشدا تێر لە بەهەشت بخەویت: هەتا مرِ دەبیت عەرەق بخۆوە..

ئەبوو رەشا چیرۆکێکی تراژیدیە، گۆڕەکەی لە (زەلێ) یە، با جارێ لـەوێ بـێ، لـە سەرهاتێکیدی مردنی تێدا نەبێ سەردانی دەکەم و بە قسەی دێنمەوە..

ئێسـتا دەچـم بـە لای مـەتارەی پـڕ لـە ویسـکی خۆمـەوە..، مـن نـازانم نـە لـە چاوچنۆکیی خۆم بوو نە لەوەی لێم ئاشکرابێ کە ویسکیم لە قاچاخچیان وەرگرتـووە، کەسم لە ویسکی پێکنەکرد، ئێستا بەو شەوە پایزیە، مەستم، ئەگـەر دەنگـم زۆر نـا هەر کەمێك خۆش با، پڕ بە گەروو تێمهەڵدەکردە گۆرانی، شتێکیشم گوت:

شەوان شەو ناڵێن

مەریەم ئامان مەریەم چاو جوان

مەریەم سابلاخی

ڕۆژان ڕۆرۆمـە

مـەریـەم ئامـان....

هێجگار پەژارەی

مـەریـەم ئامان مـەریـەم چاو جوان

سوورە گوڵی باخی

دووریـەکەی تۆمـە

مـەریـەم ئامـان....

به دەنگی نەوی گۆرانیم گوت، به دەنگی نەوی شیعری هێمن و مەولـەویم گـوت، به دەنگی نەوی زۆرم گوت و کەس هیچی نەبیست، چ شەوە پایزیەکی ناسك و جـوان بوو خودایە، من به جوانی و ناسکیەوە گرتبووم، ڕەنگە بارەگا هەسـتی بـه شـتێك و گۆڕانێك له من کردبێـت، بـەڵام بـە سـەر خـۆی نـەهێنابێت، ئـاخر پێشـە بـە چـرپە دەیگوت:

+ قسەت گەلەك خۆش بووە گەلەك، دە فڕێکیش بدە من.

- تۆ بێ ئەوەش قسەت خۆشە..

دوو شەو و ڕۆژی پڕ لە خەیاڵی ناسك و جـوانم بەشووشـەیەك ویسـکی گوزەرانـد، بتدیتبا، ناوە ناوە چەند دزانە، چەند بە پارێز چەند جوان و عاشقانە، بەرەو بەردەکە دەخزیم، ئەو بەردەی ویسکی بۆم هەڵگرتبوو، ئەو بەردەی تا درەنگیش بۆنی ویسکی گرتبوو، لە دیـدی منـەوە شـێوەی فرۆشـگای مـەی گرتبـوو، ئـەو سـاتانەی خولیـای ویسکی لە سەرم خولیدەخوارد و ڕووەو بەردە فرۆشگاییەکە دەچووم، ئەگەر بۆ ژوانـی ژنێکـیش چـووبام هـەر ئـەوها موچـڕکە بـە گیانمـدا دەهـات.. خـۆزی ئـەو دوو ڕۆژە گۆشتیش دەبوو، لە دڵی خۆم لە دڵەوە دەمگوت:

((ناکا ئێستا جەڵەبێك پەیـدا بـێ و بەردەشـانی جوانەگایـەك بگێڕێتـەوە، چـەند خۆشە ویسکی بە تکەوە!))

جار جارەش سەرکۆنەی خۆمم دەکرد کە کەسم لەو خەیاڵە جوان و ناسکە پێکنەکرد، ڕێك پێچەوانەی ئەو جەنگاوەرەی کە لە فیلمێکدا دیتم، جەنگاوەرەکە وەك من چاوچنۆك نەبوو، وەك من بەس خۆی نەویست، لەو شووشە شەرابەی کە لە بن کەپرێك دیتیەوە، تا بەشی دوو برادەرەکەی نەدا دەوی لێنەدا، بە جەنگاوەری ناو فیلمەکە تەلەفزیۆنم هاتە ناو چاو، بۆوەی لە بارەگا ئاسمانیەکە تەماشایەکی تەلەفزیۆنیش بکەین، دەبێت بچینەوە زستانێ، بەلاّم پێش ئەوەی بەفر دابکات، حەزم لێیە هەر لە پایزەوە باس لەو دابەشکردنەی دنیا بکەم کە لە نێوان خۆم قاچاخچیەکە برا بەش دابەشمکرد ئەو قاچاخچیەی ئەگەر ئەو نەبا سەرهات نە بۆنی ویسکی دەدا نە تام،، لە بیرمە دنیام ئەوها دابەشکرد:

هێی، کاروانچی

لە هەر سەفەرێکی قەندیلێ

بۆ من شووشەیەکی بەژنژنانی و بەس

بۆ تۆش دنیا

خوای دەکرد

دنیات دەخستە بارەوە

کابەت دەخستە بارەوە

کاروانچی

شووشەیەك بۆ من و گشتی بۆ تۆ

باری تۆ بە من چی!

کاروانچی..

نا یەکسەر ناچمەوە هاوین، دەمەوێ کانیی کچانی ببینم، بۆیە لە سەرمە لە پایز بمێنمەوە..

-٦-

کچـــی زار زنە

لە ئاسمانی ئەویَ جگە لە بارەگا چەند رەشماڵیش لە دەو ئەو رێیە هەڵیانـدابوو کـە دەچۆوە گوێزیَ، رەشماڵەکان تەواوێك دووربوون لە بارەگـا، لـە کانیـەکی دەمولێـویش ئاویان دەخواردەوە، کانی نا، زنە بوو، ئەو زنەیەی دەڵـێم دەتگـوت دەمولێـوی کچـە رەشماڵیەکەیە لە ساتەکانی پێکەنین، رەنگە چواندنی زنە بە دوو لێوی کچ لـە دیـدی ئەوانەی زنەکەیان نـەدیتووە لـە جێـی خـۆی نـەبیَ، بـەڵام هـەر کەسـێك ئەگـەر بـۆ جارێکیش بیَ، رێـی بـە زنەکـەی نزیـك رەشمـاڵان کـەوتبیَ و هەنـدێك عاشـقانە لێـی وردبووبێتەوە، دڵنیام دەستخۆشیم لێدەکات بۆ ئەو لێکچواندنە رەوانبێژیانە..

دنیـا دەمــەو پـایزە، زۆری نـەماوە رەشماڵنشـینان بارگـەیان بپێچـنەوە و بارکـەن، خودایە وەرز لێرە راگرە و باهـەر سـەرەتا بـیَ و پـایز بـە تـەواوی نـەگات، بـا کچـە جوانەکەی رەشماڵ نەڕوات، هەر من نا زۆر کەس دوعای مانـەوەی رەشماڵیـان دەکـرد، هەبوو دوعاکەی بۆ ژاژی و پەنیر بوو، هەبوودوعاکەی بۆ ئەو ئەستووکە گەرمـە بـوو کـە جـار و بـار رێـی دەکەوتـە نـاو رەشمـاڵان و بـە شـەرمەوە لـە دەسـتە سـپیلکە پڕلۆچەکانی پوورە فاتێی وەردەگرت، ئای بە تام بـوون، هـەبوو حـەزی بـە مانـەوەی رەشماڵەکان دەکرد هەر لەبەر ئـەوەی ئـاوەدانی بـوون، هـەبوو.. بـەڵام دوعـای مـن و ئەحمەد عـەرەب لەبەر خاتری مانەوەی ئەو کچە جوانە بوو کە زاری هەمیشـە تـەڕ و هەمیشە پـڕ لـە پێکـەنینی لـە زنەکـە دەچـوو، ئـەو کانیـەی هـەموو رەشمـاڵ لێیـان دەخواردەوە، من زۆر زۆر جار بە خەیاڵی لێـوی کچـە رەشماڵیەکـە دەوم بـە زنەکـەوە دەنا، کچی لێو زنەیی..

رۆژێك من و ئەحمەد عەرەب لە گوێزێوە دەهاتینەوە بۆ بارەگا ئاسمانیەکە، لامـان دایە سەر ئەو زنەیەی رەشماڵی ئاوەدا، من جاری یەکەمە بێمە سەر ئەو زنەیـە، زنـە

لە شاخێکی راکشاوەوە هەڵدەقولا، شاخەکە کەمێك لار خۆی نیشـان دەدا ، شـاخێك هەر جێگەی نووستنی دوو عاشقی لێدەبۆوە، لـە لای سـەرێ لـە جێگەیـەکی شـاخ درزێکی گچکە درزێکی لێوی، رێـك لـە شـێوەی زار لـەو سـاتەی هـەردوو لێـوی بـۆ پێکەنین دەکاتەوە، لەو زارەوە ئاوێکی کەم زۆر کەم بە نازەوە لە جوولەدا بوو، ئاوەکە کەم بـوو ئەگـەر تینـووێکی تینـوو، ئـەو تینووانـەی لـە شـەڕ دەبـەزن و بـە قرچـەی گەرمایێ و بە دۆڕاوی هەورازە رێ دەبڕن، یەکێك لەو تینووانە دەمی پێوە نابـا، بـەو هەڵقولێنە رادەگەیشت و دلۆپە ئاوێك بە لا لێودا لە قیس نەدەچوو..

زۆر لە کانیلەکە وردبوومەوە، ئەحمەد عەرەب گوتی:

+ دەڵێی شیعرت بۆ هاتووە

- ئەو زنەیە ناخرێتە شیعرەوە

+ ئەوجا کچ نەخرێتە شیعرەوە و کـانی نەخرێتـە شـیعرەوە، ئـەدی ئـەو هێسـترە دەخرێتە شیعرەوە؟

هێسترێکیشمان لەگەڵ بوو.. کچ نەخستنە شیعرەوە، ئەوەش جارێـك هـەر لەگـەڵ ئەو ئەحمەد عەرەبە، لە بادینان نازانم کوێی بادینان بوو، لامان دایە گوندێك ناوەکەی ناسك بوو لە بیرم ماوە، (بناڤێ) ئا بناڤێ بوو، لەو بناڤێیـە چـەند کۆپلـە شیعریشـم نووسیوە، میوانی ماڵێك بـووین کچـێکی زۆر جوانیـان هـەبوو، ئەحمـەد عـەرەب بـە عەرەبی گوتی:

ئەگەر شاعیر بیت شیعرێك بۆ ئەو کچە دەنووسیت.

منیش گوتم:

ئەو کچە ناخرێتە شیعرەوە..

ئەحمەد عەرەب کچەکەی بناڤێشی لەبیر مابوو..گۆتمە ئەحمەد عەرەب:

+ دەزانی ئەو کانیەش کچە، تەماشای بکە چەند لە لێوی کچ دەچێت.

- قسەی تۆیە پێدەچێت..

ئەوەشم لەبیرە، بۆ ئەحمەد عەرەب باسی جیاوازی کانی و زنەم کرد، ئەو چەندی لە زمانی عەرەبی گەڕا وشەیەکی لە جێی بۆ زنە نەدیتەوە..

ڕۆژی دواتر من و ئەحمەد عەرەب بە نیازی کڕینی پەنیر چووینە ناو ڕەشماڵان، کچێکی جوان لە زاری ڕەشماڵێ ڕاوەستابوو، لەگەڵ ژنێك قسەیان دەکرد و پێدەکەنی، ئەحمەد عەرەب بە عەر ەبی گوتی:

تەماشاکە کانیەکە پێدەکەنێ..

چاوم بڕیە کچە و گوتم:

بەراستی زاری هەر دەڵێی کانیەکەیە، با ناوی کچی زار زنە بێ..

کچی زار زنە کچێك بوو، شەرمن شەرمن، شەرمی لە پیاو و هەموو شت دەکرد، تەنها لە پێکەنین شەرمن نەبوو، بە هەموو شت پێدەکەنی، کچێك بوو، زۆر... چەند کەسێك هەوڵیان لەگەڵی دا و چاویان لێی دادەگرت، پەشیمانبوونەوە، کچی زار زنە چاوچاوانێی لەگەڵ کەس نەدەکرد، هیچی لەگەڵ کەس نەدەکرد، ئاوڕی لە کەس نەدەدایەوە..

من زوو زانیم هیچم لە کچی زار زنە دەستناکەوێت، بەڵام حەزم لێبوو هەمیشە لە دیارم بێ ، هەمیشە تەماشای دەمولێوی بکەم و پێکەنینی ببینم و ببیستم، زۆر جار کە دەچووم نەمدەدیت، دەچوومە دیار زنەکە لە زنەوە کچەم دەدیت..

من بارەگا ئاسمانیەکەم بەجێهێشت، کانی و کچی زار زنەییم بەجێهێشت، ژنی زار زنەییم بەجێهێشت، ڕەنگە بووبێتە ژن، بەڵام دڵنیام پیریش بێ هەر زار زنەیی دەمێنێتەوە، کاتێ هاتمەوە بە سەر هەواری خاڵێدا هاتمەوە، نە ڕەشماڵ مابوو، نە کچ، کانیش چکی نەکردبوو، بەڵام هەر هێندە تەڕایی تێدا مابوو کە کچی زار زنە شەرمنانە بە زمان لێوە ناسکەکانی تەڕ دەکرد..

جارێ هەر دەبێ لە پایز بمێنمەوە

-٧-

TV

جوان نایەتەوە بیرم بەرایی زستان بوو یان کۆتایی زستان، بەڵام ئەوەی ئێستاش وا لە بەر چاومە بەفرە، بەفر لە چۆکان بوو، ئەگەر جێگە قەندیل نەبا، بێ دوودڵی دەمگوت ساڵ لە لە ناوەندی رێبەندانێ رێی لێگیراوە، چەقیوە، نە بۆ پاش نە بۆ پێش نە تەنیشتا و تەنیشت نابزوێ، بەڵام قەندیل جیایە لە جێیان، زۆر ساڵ لە قەندیلێ رێبەندان لە پایزەوە دەستپێدەکات و دەگاتەوە نێرینەی بەهارێش هەر رێبەندانە و دوایی نایە، بارەگا سپیە زۆر سپی، بە هەر لایەکدا دەڕوانی سپیە، لە عەردەوە تا ئاسمان هەمووی سپیە، رۆژ سپیە، شەو سپیە، پێشمەرگە سپیە، کاروانچی سپیە، هێستر سپیە، گورگ ئەگەر هەبێ سپیە، جا لە قەندیلێ چ سپی نیە! جگە لە سپی دنیا چ رەنگیدی تێدا نیە، تەنها تەلەفزیۆنەکە رەشوسپیە..

ئەو ئێوارەیەی هەواڵی گەیشتنی تەلەفزیۆن گەیشت، چەندی لە سەری خۆم هێنام و بردم، باوەڕم نەهات لەو چۆلەوانیە ئاسمانیە بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشم، ئاخر بۆ ئەودەمانێ تەلەفزیۆن لە سەری قەندیلێ لە پەڕجوو دەچوو، وەڵڵا لە پەرجووش هێوەتر، کێ لە بیریەتی بۆ دوا جار کە تەلەفزیۆنم دیتبێ کەی بوو! زۆر لەمێژە، هێشتا قل قلە گوند لە ئیمپراتۆرێتی ئەنفال بە پێوە مابوون، لە ماڵێك بۆ ماوەی جگەرەخۆرێك بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتم..

بە چوار پێنج پێشمەرگە بەردێکی گەورەیان بە غلۆرە هێنایە ژوورەوە، بەردێك دەتگوت بەردتاش تایبەت بۆ ئەوەی تراشیوە کە تەلەفزیۆنی لە سەر دانێی، شۆرش

لەگـەڵ سـێ چـوارێك بـە ئالیـار بەسـتنەوە خـەریكبوون، ئەسـعەد و یـەك دوانێـك جێگۆڕكێیان بە پاتریەكی گـەورە دەكـرد، پیـاوی بـەژن بڵنـدی پـژدەریش نـاوە نـاوە دەیگوت:

دەترسم هێندە خۆشمان ماندوو كرد، دەست لە گونانیش بهێنینەوە و هیچ جێگایەك وەرنەگرێت..

لە بیرم بێ، پیاوی بەژن بڵندی پژدەری لەگەڵ هێنانی تەلەفزیۆن نەبوو بـۆ بارەگـا، دەیگوت:

بۆ ئەو بارەگایە نابێت، بە خودای تەلەفزیۆنمان هەبێ، ئاگامان لـە قـوونی خۆمـان نامینێ، هەر بە دەست دەگیرێین، نابینن مۆلگەی جاش و سەربازان چەند نزیكە...

زۆریان لەگەڵ هەوڵدا، هەتا پیاوی بەژن بڵندی پژدەری دڵی نـەرم بـوو، بـابم ئاسـا دڵی نەرم بوو، بەرد لە بن بەفری ئەستوورەوە هاتە قسە..

هێنـد بـە گـەرمی سـەرگەرمی رێكخسـتنی تەلـەفزیۆن بـووین، بـەفر و سـەرما قەندیلیان جێهێشتبوو، رەنگە لە هەمووان پتر من تامم لەو سەرگەرمیە تامكردبێ، رێك دەتگوت ئەو كاتەیە كە بابم لە قسەی مەلای بەلاشاوە دەرچوو، لە لای خۆیەوە بە نابەدڵی فتوای حەلاڵبوونی تەلەفزیۆنی دەركرد و من كە باخۆش ببووم، پـارەم لـە دایكم وەرگرت و چوومە بازاڕ و بە تەلەفزیۆنێكی گچكەی رەشوسپیەوە هاتمەوە، ئەو تەلەفزیۆنە چەند بەو دەچێ! قسەیەك لەو مەلایە نەكەم دڵم دەتەقێ، ئـەو مەلایـەی چەند ساڵێك منی لە ناز و نیعمەتی تەلەفزیۆن بێبەری كرد، مەلا دەیگوت:

((لـە دنیـایێ بـە فـەرمانی خـودای گـەورە حـەرام زۆرن، زۆر شـت هـەن ئەگـەر بیانكەیت، رێ و رێ دەتگەیەننەوە دۆزەخ و دەرچوونت بۆی نیە، بۆیە لە سـەرمە بـە ناوی خودای گەورە ئامۆژگاری برای موسلمان بكەم:

١- تا بۆت دەكرێ رێ نەدەیت تەلەفزیۆن بێتە ماڵتەوە و ماڵت داگیربكات

٢- تا بۆت دەكرێ رێ نەدەیت كچ و خوشكت بچنە قوتابخانە.

٣- تا بۆت دەکرێ رێ نەدەیت لنگ رووت لە ماڵتدا هەبێ

خۆشیەکەی لەوەبووخۆی تەلەفزیۆنی هەبوو، کچەکانیشی دەچوونە قوتابخانە و لنگ رووتیش بوون، لەوەش خۆشتر ئەوەبوو بابم دەروێشانە ئامۆژگاریەکانی مەلای بە سەر ماڵی خۆیدا پێڕەو دەکرد، کاتێکیش دەمانگوت:

+ بابە، مەلا بە خۆی بە قسەی خۆی ناکات تۆ بۆ بە قسەی دەکەیت؟

- مەلا دەڵێ، بە گفتارمبکەن بە کردارم مەکەن، من دەزانم قسەکانی مەلا راستە بەڵام ئەوە هەیە دەسەڵاتی بە سەر ماڵی خۆیدا ناشکێ..

بابم لە هیچ شتێ دڵی ئێمەی نەدەشکاند، تەلەفزیۆن نەبێ، ئەویش بە تکا تکای دەکرد، کە خولیای تەلەفزیۆن لە سەرمان دەربکەین، بەڵام کە زانی بەلاشە، ملی دا..

نۆرەی ئێشکگریم هات، بە ناو بەفردا سوورێکم بە دەوری بارەگادا لێدا، بە ناو شەوی سپیدا دەنگی چەند تۆپێك هات، چ نەبوو دوور کەوتنەوە، چەند تۆپێکیدیش، دوورتر کەوتنەوە، بەفر دایکردەوە، بایەکی توند هەڵیکرد، رەنگە زریانێکی گەورە بە رێوە بێ، بەرەو بێراییەکە هاتمەوە..

+ هات، جاش هات، چەند زۆرن زۆر..

- ئەوە تەلەفزیۆنی کەرکووکە!

بە خۆم نەوەستام، سەرێکم بە ژووریدا گرت، رەوە جاشێکم دیت و تیژ تێپەڕین، باش بوو لەو کاتە ماوەی ئێشکگریم تەواو بوو، منداڵانە بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتم، عادل ئیمام لەو لاوە هات و لە تەنیشت ژنێکی جوان تا خوا حەزبکات جوان، جوان دانیشت و بێ ئەوەی شەرم بکات، پوختە ماچێکی قووڵی دەمی کرد، ماچێکی تەڕ هێند تەڕ راستە ماچی سینەمایی بوو، بەڵام ئەگەر لە تەنیشتیشمەوە با، هەر هێندە دەومی پڕ لە ئاو دەکرد، ئەو ژنەی عادل ئیمام ماچی کرد، لەمێژبوو دەمناسی، هەر لە باری دانیشتن و ماچەوە دەمناسی، هاتەوە بیرم کە لە کوێم ناسی،

منداڵ بووم زۆر منداڵ، یەکەم جارم بوو بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشم و ببینم، پێشتر یەك دوو جارێ بە دەم ڕێوە لەو چایخانەیەی لە سەیداوەی هەولێرکەوتبووە سەر جادەی شەست مەتری، چاوێکم دابووە تەلەفزیۆنەکەی چایخانەو چەند وێنەیەك تیژ بە چاومدا تێپەڕیبوون، بەڵام ئەو جارەی دەیڵێم، هەر لە سەیداوە نزیك تانكی ئەو تانکیەی گەڕەکی ئاودەدا، ئەو تانکیەی لە دیدی منەوە بەشێك بوو لە ئاسمان وپەیوەندیی بە زەویەوە نەمابوو، ئەو تانکیەی گشت بەردی بەستێم هاویشتێ بەردێك نەیگەیشتێ، ئەو تانکیەی جارێك بە هۆی گوللەوە بوو یا هەر لە خۆوە کونێکی تێبوو، ئاو ڕژا، هەر ڕژا، من تا درەنگیش هەر وا تێگەیشتم ئاسمان کون بووە، لە نزیك تانکی خزمان زۆر هەبوو، جێژنانێك لەگەڵ دایکم چووینە ماڵێك لەو ماڵانە حاجی ڕەزای ناوبوو، ئەوانیش تازە تەلەفزیۆنیان کڕیبوو، لەو ماڵە لە تەنیشت دایکمەوە، بە چوون چووبوومە ناو تەلەفزیۆنەکەوە و لەوێ ئەو ژنەی ماچی دایە عادل ئیمام، ماچی دایە پیاوێکیدی، ئەوکات چم لە ماچی نێوان ژن و پیاوان نەدەزانی، چ تامم لێیوەرنەدەگرت، بەڵام تامی دنیام لە بینینی تەلەفزیۆن وەرگرت، بە من با هەر لەوێ دادەنیشتم و هەڵنەدەستام، ئێستاش، ئێستای ژوورە لە ئاسمان هەڵچنراوەکەی بارەگا ئاسمانیەکە هەمان چێژی منداڵانە و گەورانە لە بینینی تەلەفزیۆن وەردەگرم...

نەدەبوو شەوی لە دوو سێ کاتژمێر پتر تەلەفزیۆن کاربکات، پاتری بەرگەی نەدەگرت، من وا بزانم لە کەژی تەلەفزیۆن تەنها حەفت شەو لە بارەگا ئاسمانیەکە مامەوە، ئەو حەفت شەوە لە کنە من خۆشترین شەو بوون لە شەوانی پێشمەرگایەتی، شەوی بن بەردە نەرمەکە لەوێ، ئەو بەردەی ژنی لێ ڕوا! بەڵام پڕ لە ساتی زۆر ناخۆشیش، ناخۆشتر لەو ساتانەی بە منداڵی پێش ئەوەی بابم لە قسەی مەلا دەربچێ، دەچووینە مێوانداری و بە دیار تەلەفزیۆنەوە دایکم گوتەنی:

((دیسان دەمت بستێك بەش کردەوە))

ئا، لەو ساتانەی زارم بستێك بەش دەكردەوە، دوای ((درەنگە، نا زووە، بە خودای زۆر درەنگە، دەبێت بڕۆین)) خاوەن ماڵ دەیگوتە منداڵەكانی:

((پێڵاو، پێڵاو، پێڵاوەكان دانێن..))

خۆزگەم دەخواست كە پێڵاو دانان كاتێكی زۆری بویٰ، خۆزگەم دەخواست هەستان لە بیربچێتەوە، تا پتر تەماشای تەلەفزیۆن بكەم، ئێستاش كە كاتی ئێشككگریم نزیك دەبێتـەوە، خۆزگـە دەخـوازم ئێشـككگر خـۆی لـە بیربكـات و بـۆ منیشـی بگرێـت و بانگمنەكات، بەڵام هەیهو! ئێشككگر هەیە لە قەنـدیلیٰ، قەنـدیلی سـەهۆلبەندان، بـە تایبــەتیش ئەگــەرهێزی موگناتیســیی تەلــەفزیۆن راتكێشــێتە ژوورەوە، كــات لــە بیربكات! ئێشككگر هەمیشـە چـركە چـركە كـات دەژمێـریٰ، تەلەفزیۆنەكـەی بارەگـا ئاسمانیەكە هەموو لایەكی وەردەگرت، لە كەركووكەوە بازنەیی پێدا بڕۆ تا دەگەیتەوە كەركووك هەمووی وەردەگرت، جگە لە كەركووكـە كوردیەكـە عـەرەبی بـە عێـراق و سووریایەوە و توركی و فارسیش، پێشمەرگەیەك دەیگوت:

دە ئالیارەكەی كەمێكیدی بادە، بەڵكو رووسیاش وەرگریٰ.

پیشمەرگەیەكیدی بە لاقرتێوە:

زۆری با مەدەن دەنا ئەمریكاش وەردەگریٰ..

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری دەیگوت:

بەراستی تەلەفزیۆنەكی نێونەتەوەییە..

سەیر بوو هێشتا كەس ناوی سەتەلایتیشی نەبیستبوو، ئێمە لە سەری قەندیلیٰ بە دیار سەتەلایتەوە دانیشـتبووین! لـە دنیـاییٰ، لـە كێنـدەری دنیـاییٰ تەلـەفزیۆن ئـەو هەموو كەنالەی وەردەگرت! قسەی پیاوی بەژن بڵندی پژدەری خەریكە راست دەرچـیٰ و بە هۆی تەلەفزیۆنەوە ئاگامـان لـە قـوونی خۆشمـان نـەمێنیٰ، ئێشـككگریش گـرفتی كەوتیٰ، كەس نەبوو گلەیی لە بەختی خۆی نەكات:

- دوێنێش ئێشككگریی من كەوتە كاتی تەلەفزیۆنەوە

- من دوێنێش گوێم لە هەواڵەکان نەبوو

- ئەورۆش زنجیرەی.... نەبینم..

- نایەکسانی زۆر هەیە لە ئێشکگری..

- پێش هاتنی تەلەفزیۆن ئێشکگریی من هەمیشە دەکەوتە دوای نیوە شەوان، کەچی ئێستا سەر لە ئێوارەیە..

منیش نەنکم گۆتەنی، زارم پڕ لە گازندە بوو بەڵام هەموویم لە زگی خۆم هێشتەوە و هیچیم بە گۆڕێ وەرنەکرد.

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری کە هیچ کێشەیەکی بارەگا نەبوو لە دەستی وی دەرچێ و چارەی نەکات، بۆ ئەو کێشەیەش چارەی دیتەوە، پرسی:

+ ئەرێ چەند کاتژمێر کار بە تەلەفزیۆن دەکەن؟

- دەگاتە سێ و ناگاتێ

+ باشە، چوار کەڕەت سێ دەکاتە چەند؟

- لەبەر خاتری تۆ با دوازدە بێ

+ لەم شەوەوە لە ماوەی تەلەفزیۆن دەبێت دوازدە پێشمەرگە ئێشکگری بگرن

- دوازدە! ئێ، کێ دەمینێتەوە!

- بەس خۆت دەمێنیتەوە، بە تۆوە ژمارەمان سێزدەیە..

- ئەدی کاتەکانیدی کێ ئێشکگریمان لێبگرێت! جاش!

پیاوی بەژن بڵندی بژدەری بە پێکەنینەوە گوتی:

ئەرێ گێلن، یان منتان پێ گێلە!

نازانم کێ بوو لە سەرەخۆ گوتی:

رەنگە هەردوو لا..

دوای کڕبوونەوەی پێکەنین، پێکەنینێك دوور نیە گەیشتبێتە گوێی جاش و سەربازانیش، پیاوی بەژن بڵندی پژدەری وای روونکردەوە:

دوو لیستی ئێشکگریمان دەبێت، لیستێکیان بۆ ئەو ماوەیەیە کە تەلەفزیۆنی نێودەولەتی کەم قسەی باش و زۆرتر قسەی قۆڕ دەکات و جاروباریش وێنەی جوان نیشان دەدات، لیستەکەیدیش وەك جاران، لە ماوی تەلەفزیۆن هەر پێشمەرگەیە یەك چارەگ ئێشکگری دەگرێت، هی منیش بخەنە ئەو کاتەی جاشەکانی پژدەرێ دێنە سەر شاشە!!

پێشە هەلێدایێ:

ئەدی ئەگەر جاشەکان نەهاتن!

پیاوی بەژن بلندی پژدەری:

دێن، بەلام ئەگەر رێکنەکەوت بێن، بخەنە ئەو کاتەی کە بەفر و زریان نیشان دەدات..

من پرسیم:

بۆچی کاتی زریان!

پیاوی بەژن بلندی پژدەری، وەك بلێی خۆی ئامادەکردبێت بۆ پرسیارێکی وا:

من لە زریانی قەندیلێ نەترساوم و ناترسێم بەلام بە دەست خۆم نیە بە دیتنی زریانی ناو تەلەفزیۆنێ ترسم لێدەنیشێ..

گوتم:

تۆ لەوە پێچەوانەی دنیای..

پیاوی بەژن بلندی پژدەری:

هەر کەسە و لە شتێك پێچەوانەی دنیایە..

حەزم لێیە لە زریانەکەی پیاوی بەژن بلندی پژدەریەوە بە پێی خۆم بچمە زریانێکی تووشەوە، رەنگە بۆ هێنانی پاتری بووبێ، دەبوو لە ئاسمانەوە دابەزم و بچمە گوێزێ، گوێزێ لە چاو ئەو دوو دوندە ئاسمانیە کەوتۆتە سەر زەوی، بەفر هێند بە ناز و نەرمی دەباری، پەپوولەش حەزی دەچووە بەر بەفرێ، هەستمدەکرد ئەوە بەفر نیە دەنیشێتە

سەرلەشم، بەڵکو پەپوولەیە، باڵی پەپوولەیە لە ئاسمانەوە دێ و هەڵدەنیشێ، قەت دنیا وا بێ با نەبووە، بایی هەناسەش بای نەدەهات، بەفر لە کوێی ئاسمانەوە هەور هەڵیدەدا، زەوی لە هەمان جێوە وەریدەگرتەوە.. بەفر بستێك کەوتووە، جلەوی هێسترم بە دەستەوەیە نەرم نەرم بە بن بارینی نەرمی بەفر و بە سەر بەفری نەرمدا من و هێستر لە زەویەوە بەرەو ئاسمان هەڵدەگەڕێین، دنیا سارد نەبوو، لە ساتی بەفر بارینێ ئەگەر بای لەگەڵ نەبێ، با ڕێت لە قەندیلێش بێت، هەوای مەیلەو گەرمە.. من زۆر جار چێژم لە بەفر وەرگرتووە، بەڵام ئەو جارەی دەیڵێم چێژێکی تایبەتی بوو، ئەگەر زریانی بە دوادا نەهاتایە، ڕەنگە تایبەتتر و نموونەییتر و بالاتر با، دوور نیە چێژەکە پەیوەندیشی بەو فیلمەوە هەبووبێ کە شەوی پێشتر لە تەلەفزیۆنەوە دیبووم، لەو فیلمە ڕاوچیەك لە بەفردا ڕێ هەڵەدەکات و هەڵەتە دەبێت و لە دنیا بزردەبێت، دوو سێ گوللەش بە دنیاوە دەنێ، کەس بە هاواریەوە ناچێ، لە جێگەیەکی وا بە دنیا دەکەوێتەوە، خۆزگە لە جیاتی ئەو من دەبووم، ئەشکەوتێکی گەورە، پیاوە بزربووەکەی لە باوەشی خۆی گەرمکردەوە، ئاگرێکی گەورەی کردەوە، خۆی وشککردەوە، هەر لەوێ بزنە کێویەك وەك ئەوەی خودا بۆی ناردبێت، پەیدابوو، کردیە قوربانی دوو گوللە و هەر هێندەی دوو جگەرە بکێشی گۆشت لە سەر پۆلووی ئاگر چزەی گەیشتە گوێم، وەختە بڵێم بۆنیشی هات، زۆری نەبرد نازانم نە بەراستی بوو نە ڕاوچی خەونی دیت، خوداوەند کچێکی بە دیاری بە ڕاوچی بەخشی، بەو چاوانەی خۆم دیتم چوونە باوەشی یەکەوە، بڕی، نەمدیت، لەو گرتە خوداوەندیەی کردین.. منیش کەوتبوومە خەیاڵێکی ڕاوچیانەوە، ئەو ڕاوچیەی خوداوەند لە خۆوە بزن و ژنی بۆی نارد.. بەفر بەفر، جلەوی هێسترم بە دەستەوە، سەرکەوە سەرکەوە، بە جلەوی هێستر قسەیەکی خۆشی هێسترم بیرکەوتەوە، ئەو پیاوەی کە قسەی هێستری بۆم گێڕایەوە، خەڵکی بن (سەفین)بوو، ئەو پیاوە سەفینیە لە پێشەکیدا ئەوەی بۆم

روونکردەوە کە هەر کاتێ هێستر هاتە قسە، لە هەموو کەس جوانتر قسە دەکات، پیاوە سەفینیەکە ئەوها قسەی هێستری بۆ من گێڕایەوە:

((هێستر لە هەموو تەمەنی خۆی یەکجار بە قسە هاتووە، ئەویش چۆنی دەگێڕمەوە ئەوهابوو، شەوێکی بەفراوی باپیرم بە خۆ و بە هێسترەوە ڕێی دەکەوێتە ئەو بنارەی سەفینێ، وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی هێستری پێش خۆی دا و دەستی بە کلکیەوە گرت، دەبینێ هێستر جەنە دەگرێ و ڕێ ناگرێ، هەچەی دنیای لێدەکات، بەلاشە، بەلاّم کە جلەوی رادەکێشێ جەنەکە بەریدەدا، ئیدی بە توندی زۆر بە توندی لە هێستر دەپرسێ:

بە من بڵێ ئەو غەزرینەت لە چیە؟ بۆچی بە پێشم ناکەویت و وەك پیاوان ڕێ ناگری!

وا بە توندی لە بەرد بخوڕی دێتە قسە، خۆ هێستر لە بەرد رەقتر نیە، هێستر گوتبووی:

لە رۆژ لە شەو لە تاریکایی شەو، لە باوبۆرانێ،دەست بە کلکمەوە بگرە و کێندەرێت دەوێ دەتگەیەنمێ، بەلاّم هەرکاتێ بەفر دنیای داپۆشی، تۆ پێش کەوە و من کلکی تۆ دەگرم!))

من و هێستر وا بە سپێتی دنیادا ڕووەو ئاسمان هەڵدەگەڕێین، ئەها دەڵێی با هەڵیکرد، هەڵیکرد لەو دۆڵەوە هەڵیکرد کە دەکەوێتە دەستی چەپەوە، توندتری کرد، خوداوەندی با دەرگای با نەکەیتەوە، من خۆشیم لەو بایە نایە کە لە ساتی بەفربارینـدا لە قەندیلێ هەڵدەکات، با ئاراستەی گۆڕا، لە ڕاستەوە دێ، بەفر گێژدەدا، با لە ئاسمانەوە لە زەویەوە هەڵیکرد، گوێم لە لوورەیە، با دەلوورێنێ، با دەڵێی لە ناو زەویەوە لە بن بەفرەوە هەڵیکردووە، بەفر لە زەویەوە بە سەر ئاسمانـدا دەبارێ، ساردی کرد زۆر سارد، با دەڵێی گوێزانە دەتبڕێ، بەوەی باشە ساقۆیەکەم گەرمە، سەرکلاّوێکی تووکنی هەیە، سەربازیە، ڕەنگە پێشتر هی ئەفسەرێکی

سەرشان پڕ لە ئەستێرە بووبێ، دەبێت هەر مەمنوونی ئەبوو سەوسەن بم، پێش چەندێك بە پێکەنینێکی شیرنەوە ئەو ساقۆیەی پێشکەشکردم، چەندی گوتم:

- نامەوێ، هاوڕێ، نامەوێ، ئەوە نیە ساقۆم هەیە..

+ ئەوە ساقۆیە لەبەرتە! هەمووی ونجڕونجڕە، بەرگەی زریانێك ناگرێ

وابوو، بەرگەی ئەو زریانەی نەدەگرت، ئەبوو سەوسەنیش چیرۆکێکی بێ سەر و بنە، ئەگەر لە ((پایزی شێنێ)) نازنازی سەوسەن زیندانیی وەرنەگرتبا، لێرە بە خزمی نیلسۆن ماندێلا ناوم دەبرد، چونکە کەمێك لەو کەمتر لە زیندانێ تەمەنی کرد..

خوداوەندی زریان ئاگات لێم بێ و بمپارێزە، من زراوم لە زریان چووە، چاوم چ نابینێ خوداوەند، زریان، زریان..بەفر گێژدەدا گێژدەدا، لەگەڵ خۆیدا گێژ بە هەوراز دەدا، بەر پێی خۆم نابینم، ئاراستەکان تێکەڵن و چەپ و راستم ناناسمەوە، نازانم بە کام لادا مل لە بەفر بنێم، چ وا زوو بەفر گەیشتە چۆکان، جلەوی هێستر هەر بە دەستمەوە، هێستر لە من شپرزەتر، خوداوەندی رووناکیەك بخە دنیاوە، وا بڕوا رەقهەڵدێم، خوداوەند کونی با داخە، با بە ئاسمانێم دێخێ، با دەمخاتە بن بەفرەوە، با هەڵمدەدێرێتە هەڵدێران، ئەو هەموو بایە لە کوێوە هاتن، هەرچی با هەیە هەڵیکردووە، با لە هەموو لایەکەوە دێ، تا تەماشای بەفر نەکەیت، لە شەڕی با تێناگەیت، خوداوەند بەسە زریان زیڕەی پێکردم، ئەگەر غەزەبت لە منیش گرتووە، بیکە خاتری هێستره رەش، ئەو گوناهی چیە، ئای ئەو جارەش هێستر بە رەشی ببینمەوە! وا رەقهەڵاتم هەر بایی جوولەیەکی کیسەڵێ هێز لە پێمدا ماوە، هێزی دەستیشم هەر بەشی ئەوە دەکات، جار جارە بەفری سەر دەموچاوم بماڵێ، من کەوتوومەتە بەر غەزەبی با، پاشۆل پاشۆل بە هەموو هێزی خۆی بەفر بە دەموچاومدا دەکات، با لە با وەردەگرێتەوە، دەموچاوی من گۆڕەپانی یاریە، بایەکانی قەندیل بە بەفرەوە یاری تێدا دەکەن، خودایە کەس وەك من و هێسترە

ڕەشی بە سەر نەیەت، ئەگەر بە ڕەشی مابێتەوە! خوداوەند، کەس نەخەیتە ناو زریانی قەندیلەوە، خوداوەند، ئەو زریانە سەرشێتەت بگرەوە، گەمەی زریان گەمە نیە..لە بیرمە سێ گوللەی یەك لە دوای یەکم بە زریانەوە نا، گوللەی هاوار، هاوار بۆ بارەگا، ڕەنگە لەو کاتە گوێم لە دەنگی گوللەی ڕاوچیەکەی ناو فیلمەکە بووبێت، بە زمانێك کە تێبگەن بە گوللەکانم گوت کە بڵێن:

((هاوارە، بارەگا هاوارە، بیانگەنێ، پێشمەرگەیەك و هێسترێك کەوتنە بەر غەزەبی زریانەوە، زریان هەڵەتەی کردن، زریان بردنی، بردنی بۆ ماڵی بزبوون و پێنەکەوتنەوە، بارەگا، هاوارە، هاوار..))

ترسام، زۆریش ترسام، ڕەنگە مردن بە ڕێوە بێ، ئەوەتە سینگم گیراوە و بە ئاستەم هەناسە دەدەم، سەرماش نەمکوژێت، گورگ دەمخوات، ئێستا نا ئێستا گەلەگورگێگ دێن و بە هێسترەوە دەمخۆن، ڕەنگە هێسترەکە لە پێش من بخۆن! چ مردنێکی سەخت و بە ئازارە مردن لە ناو کەڵپەی گورگ، دیومە بە چاوی خۆم دیومە لە تەلەفزیۆن دیومە چۆن گورگ بەردەبێتە مرۆڤ و پارچەپارچەی دەکات، بیستوومە زۆر سەرهات و چیرۆکم لە بارەی گورگخواردووانەوە بیستووە،منیش بە دەردی ئەوان دەچم.. نا من نابمە خۆراکی گورگ، ئەوە نیە چەکەم پێیە، بایی چەند ڕەوە گورگێك فیشەکم پێیە، خۆ هەر یەك دوانێکیان برینداربکەم، ئەوانیدی وازم لێدێنن، باپیرم وای دەگوت، باپیرم گورگناس بوو، هەزار سەرهاتی لەگەڵ گورگان هەبوو،دەیگوت:

((زستانێکی بەفراوی ئەها لەو زوورگانەی ڕۆژهەڵاتی هەولێرێ، ڕەوە گورگێکم لێپەیدا بوو، زانیم نیازیان خراپە، من لەوان بە دەستوبردتر بووم، گوللەیەکەم هاویشتنێ، قرووسکەیەك هات، دیتم گورگێك سووڕا بە دەوری خۆیدا هەر سووڕا و کەوت، هەرچی گورگ بوو کەوتنە گیانی بریندارەکەیانەوە...))

منیش دەبێت وەك باپیرم بكەم، لە جیاتی گوللەیەك حەفت گوللە دەهاوێم، حەفت گورگ لە سەر قوون دەسووڕێنم، بەلاّم لەو تاریكیەی دنیا بە چ چاوێك گورگ ببینم، خۆ من لە ناو ئەو زریانە شێتە بەر پێی خۆم نابینم، تۆ بڵێی دەستم توانای گرتنی تفەنگی هەبێت، هەر چۆنێك بوو دەسرڕێژێكم بە دنیاوە نا، ئێ بارەگا گوێیان لێبێ و بە هاوارمەوە بێن، باشە هێشتا توانای تفەنگ راگرتنم ماوە، ترسی گورگ بەرم نادا، بەلاّم تۆ بڵێی لە قەندیلێ دڕندە و ئاژەل مابن، هەرچی تۆپ و گوللەی دنیا هەیە روویان لە قەندیلە، بڕواناكەم جگە لە پێشمەرگە گیانلەبەری تێدا هەناسە بدا، ئەنفال هەمووی قڕكرد، نا بڕواناكەم گورگ قڕانی تێكەوتبێ بۆ بەدبەختی من قەندیل رەوە گورگێكی لە خۆی شاردۆتەوە و هەر دیتت گەیشتن و لە پڕ پەلاماریان دام و بە دەستهەلێنانەوە راناگەم.. تا ئێستا جلەوی هێستر هەر بە دەستمەوە، لێكدانەبڕاوین، زریان لێكیدانەبڕین، من و هێستر خەریكە لە دنیا دادەبڕێین بەلاّم لێكدی دانابڕێین، من كە دەستم لە جلەوی هێستر بەرنەدەبوو رەنگە لە ترسەوە بووبێت، ترسی تەنیایی، هێستر بۆ من ئاوەدانی بوو..

لە سەر بەفری ئەستوور، لە بەر زریانی تووش، تا لە پێ جوولە هەبێ، لە سەریش ئومێد بە ژیان دەمێنێ، من وهێستر لە رۆیشتن نەكەوتین، هێواش هێواش بەفری ئەستوور دەشكێنین و زریان زریان دەڕۆین، كێ دەزانێ روو لە كوێین! ماندووین، من ماندوو، هێستر ماندوو، تا خوداوەندی زریان حەزبكات ماندووین، زریان ماندوو نابێ و نابێ، ترس، ترس لە سەرما، چەند سەختە سەرما بتكوژێت، ترس لە گورگ بێنە بەر چاوت كە گورگ دەم دەخاتە ورگتەوە، ترس لە كەوتنە دەستی جاش و سەربازانیش سەرباری ترسان، من كە نەزانم بەرەو كوێ دەكشێم، دوور نیە بە پێی خۆم بچمە باوەشی جاشان باوەشی سەربازان، ئەوەدەمانێ چی دەقەومێ! دەبێت خۆزگە بە مردنی باوەشی سەرما و مردنی ناو دەمی گورگ بخوازم، دایكم

دوای کوژرانی عەباس قسەیەکی کێشدار و سەرواداری بۆ هات و لە زۆر بۆنە دەیگوتەوە:

بکەویە دەوی گورگ و بەرازان

نەکەویە دەستی جاش و سەربازان

ترسم لەوەبوو منیش بە دەردی عەباس بچم، عەباس وەك دەیانگوت حەزی لە پێشمەرگایەتی نەبووە، بەلاّم دوژمنایەتی بە چیای ئێخست، تازە پێشمەرگە پەیداببوونەوە، ئێوارەیەك لەگەڵ دوو پێشمەرگەیدی، لە لای رۆژهەلاّتەوە بە نیازی نازانم چی بەست و بەست ، ئەودەم بەستێکی زۆر گەورە لە هەولێری دەکردەوە، رووەو شار دێن، لە پەڕگەی شار دەکەونە بۆسەوە، دەڵێن مەردانە هاتبوونە دەست، دوای شەڕێکی باش بە برینداری دەکەونە دەستی سەرباز و جاشان، دوای سێ رۆژ تەرمەکەی عەباس هاتەوە، لە کاتی شووشتنی بە ترسەوە چوومە سەری، تەرمشۆر بە ترسەوە دەیگوت:

((خودا لە دوڕ دەویان بدا، ددانیشیان دەرهێناوە، بە گاز گۆشتیان لێکردۆتەوە، خودایە ئەو زۆرداریە هەڵنەگریت.)).

وا بوو قسەی تەرمشۆر بوو، ددانیان لە دەم نەهێشتبوو، لە هەموو لەشیەوە جێی گاز دیار بوو.. لەو رۆژەوە من زراوم لە جاش و سەرباز چوو، لەو رۆژەوە خوێنی تۆڵە لە لەشمدا بزووت، تۆڵەی عەباس لە سەرباز و جاشان، لەو رۆژەوە دایکم قسە سەروادارەکەی کرد و رەنگە ئێستاش هەر بیلێ و بیلێتەوە.. خوداوەندی رێوبانان بەرەو کوێ هەڵمدەگری هەڵمگرە، بەس نەمبەیتەوە مۆڵگەی جاش و سەربازان و بە دەردەکەی عەباسی خزممانم نەبەیت..

رەنگە سێ کاتژمێر بێ زریان من و هێستر گێژدەدا، بایەکان هەر هەموو بایەکان هەڵیانکردووە، بایی زستانێك بەفریان بە من وهێستردا کردووە، پێداکردنێك هەر لە سرووشتی دڵرەق و تووڕە دەوەشێتەوە، سرووشت کە دایە تووڕەیی و هێرشی

هێنـا ،مرۆڤ هێـزی پووشـکەیەکی تێـدا نـامێنێ، ئـەوجارەش دوو سـێ گولـلـەم بـە سرووشتی شێتەوە نا، کەس بە هاوارمەوە نەهات، زریان داناکەوێ، چۆن دەزانم مردن ناهەقە، ئەوها دەزانم مەرگی منی لە چاوە، تا بۆ خۆیم نەباتەوە قەندیل چۆلناکات و لێناکاتەوە، ماڵئاوا زۆر بە نابەدڵی ماڵئاوا ژیان، ئـەوە مـەرگ گەیشـت، مـەرگ وا گەیشت، هەر دیتت لە نـاو بـەفرێ رەقهـەڵاتم، رەقـیش هـەڵنیم گـورگ دەگـەن و بـە هێسترەوە ونجرونجرمان دەکەن، قەینا بەس نەکەومە دەستی جاش و سەربازان...

رەنگە وەك چۆن زریان گێژی پێدەدام، ئەوهاش وڕێنـە لـوولی دابم، نـازانم چـەندی پێچوو، نازانم چەند دوعام خوێندووە و چەند گۆلك و بـەرانم لـە خـۆم گرتـووە، چـەند گوللەشم بە زریانەوە ناوە بە مەرگەوە ناوە.. ئەوی لە بیرمە وەك خەون خـۆی نیشـان دەدا، هێمنبوونەوەی دنیایە، ئـەو هـەموو بایـە چـۆن چـوونەوە کـونی خۆیـان و کـێ دەرگای بای داخست! دنیا سپی زۆر سپی سپێتیی وا نـەبینراوە و نابینرێتـەوە، دنیـا کپ زۆر کپ دەنگی پێی من و هێستری لێ دەرچێ، دنیا هیچ دەنگێکـی لێـوە نایـە، لێیەوە نابیسترێ، من لە کوێم! ئێرە کوێی قەندیلە! ئێرە کوێی بارەگایـە! ماوەیـەکی باشیش لە باری جێ نەناسینەوە مامەوە و بە هیچ لایەکدا پەلم نـەبزووت، هێسـتریش لە من سەرسامتر چاوەکانی بـە سـپێتی دنیـادا دەگێـڕا.. دووکـەڵ، دووکـەڵ دەڵێـی دووکەڵە، هەوە، رەنگـە هێسـترەکە پـێش مـن دووکەڵەکـەی دیـبێ، وەك مـن چـاوی بڕیبووە ئەو جێگەیەی دووکەڵی لێوە بەرز دەبۆوە، ئێرە کوێیە، ئەو دووکەڵە لە ماڵی کێ و لە سۆبەی کێوە بەرزدەبێتەوە، ئەوانە کێن خۆیان داوەتە بەر سۆبە! پێشمەرگەن یان جاش و سەرباز؟ ئەو دووکەڵە بە چی بناسمەوە، بە چی دووکەڵی دۆست و دوژمـن لێکدی جیا بکەمەوە؟ ماوەیەکی باشیشم لە ناسینەوەی دووکەڵ کوشت، ناسـیمەوە، نازانم بە چی ناسیمەوە، دووکەڵی بارەگام ناسیەوە، لەو ساتانە جیـاوازی مـن لەگـەڵ برایمی مەلازێندینان لە دوو شت بوو:

١-برایم بە سەر ئەسپەکەیەوە رەقهەلاتبوو، بەلام من پێیەکانم جوولەیان تێدا مابوو، لەوەیان برایم خۆزگەی بە من خواستووە..

٢-برایمیان خستە باوەشی دوو ژنەوە، لە ناو سینگ و مەمکان زیندوو بۆوە، بەلام منیان لە پەتووی چلکن لوولداو لە ناو کێچ و ئەسپێ هاتمەوە ژیان، چۆن هەزار خۆزگە بە برایم نەخوازم..

وا بزانم دەمەو عەسران بوو کە گەیشتمەوە بارەگا، هەرچی شلەمەنیی گەرمی بارەگا هەبوو بە دەمیانەوە کردم، من لە بیرم نەمابوو بەلام دەیانگوت، دەتگوت:

((هێسترەکە، هێسترەکە، هێسترەکە لە بیرمەکەن، شۆربا و شیر بدەنە هێسترەکەش.))

رۆژی دواتر هاتمەوە سەرەخۆ، خەفەتم لە شەوی چووی دەخوارد- بەوەی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنەم لە دەستچوو کە پڕپڕ و تەڕتەڕ بوو لە ماچ و راموسان، لە یادم نەچێ هێسترە رەش دووسێ رۆژ نەخۆش کەوت، پیاوی بەژن بلندی پژدەری دەیگوت:

((هێسترەکەمان تایەکی زۆر گەرمی لێیە، ئەو تایە لە پێشمەرگە بێ شێتی دەکات.)).

ئەو قسەیەش لەوەوە هات، کە من لە هێسترەکە هێسترترم، بەوەی زریان ئەوی نەخۆش ئێخست و کاری لە من نەکرد..هەر لە بارەی هێستر و پێشمەرگەوە حەمە یوسف قسەیەکی هەبوو:

((پێشمەرگە ئەو کاتە دەبێتە پێشمەرگە کە توانی هێستر ببەزێنێ و لە فسێی ببا..))

حەزم لە دیدەنیی حەمە یوسفە، ئەو دیدارەش هەر دەبێت بکەوێتە هاوینێکی کۆگەیی، بۆیە ئەگەر بە هۆی جادووشەوە بێ، دەبێ لە زستانەوە خۆم هەلدەم و لە هاوینێ بکەومەوە.

پژدەریی رەسەن

دۆڵە کۆگە قووڵترین دۆڵی دنیایێ، ئەگەر لە بارەگا ئاسمانیەکەوە بۆی شۆڕبییەوە، لە زەویەوە دەچیە ئاسمان و دێیتەوە زەویش، هێشتا نەگەیشتوویتە بنی دۆڵەکۆگە، من تا گەیشتمێ و گەڕامەوە، وەك ئەوە بوو کە گەشتێك بە نێوان عەرد و ئاسماندا بکەم، بایی هەورێکی قەندیلی ئارەقەم دەردا، دۆڵەکۆگە مەملەکەتێکە کەم زۆر کەم رۆژی لێهەڵدێ، زۆر جێگەی دۆڵە کۆگە هەیە لەوەتەی هەیە هەتاوی بەرنەکەوتووە، هەر دەتگوت لە بن عەردە، ئەگەر بە بارەگای بن عەردی ناوی بێنین لێیدێ، چەمێك بە بن داروبارە چڕەکەیدا خوڕە دەکات، کوڕم دەوێ بەو چلەی هاوینەش جامە ئاوێك لەو چەمە بە خۆیدا بکات، بارەگا بن عەردیەکە لە دەو چەمی هەتاونەدیتی هەڵێدابوو، لە بەرەبەری نیوەڕۆ بۆ ماوەی سەرخەوشکانێ هەندێ جێگەی بارەگا تیشکی هەتاویان دەگەیەشتێ، لەو بەری چەمەکە شاخێکی گەورە پێدەچوو لە چیا ئاسمانیەکەی ئەوبەرەوە کەوتبێتە خوارەوە، لە سەر زەوی بە لاری خۆی راخستبوو، دەتگوت بۆ هەتاو لاربۆتەوە، ئەو دەمانەی هەتاو لێیدەدا باش گەرم دادەهات، ماڵی ئەوە بوو دوای خۆ بە چەم دادان بچی لە سەر شاخی رایەخی مریشك ئاسا خۆ بدەیتە هەتاوێ، بارەگا چەند کەپری پڕ لە جوولە و چەند خانوویێکی نەوی نەوی، دۆڵە کۆگە دەڵێی کونی بایە، پژدەریی رەسەن گوتەنی:

((لە فسێی بەم بای دنیا لە ناو گەڵی ئەو گەلیە هەڵدەکات))

چوونی من وئەو برادەرەی لەگەڵم بوو بۆ بارەگا بن عەردیەکە، ئەگەر تەقوتۆقی رۆژگار لە بیرینەبردبمەوە بۆ هێنانی فیشەك بوو، دەبوو بارە فیشەکێك بگەیەنینە بارەگا ئاسمانیەکە، بەر پرسی بارەگا بن عەردیەکە نازانم کێ سووریان دەگۆتێ، ئەوەم لە یادە پیرێك لە لا چەپی کەپرە گەورەکە کە جێگەی دانیشتن و نانخواردن بوو، شانی

بە بەردێکی بالیفی دابوو، دارجگەرەیەکی نیو گەزی بە دەست و لێوەوە، مژی وای لێدەدا، لە لوولەی هیچ سۆبەیەکی زستانیەوە دووکەڵی وا بە هەوادا نەچووە، سمێڵی رەنگی تووتنی زەردی گرتبوو، هەر تووتن بوو تووتن، هێشتا کەو و قەفەزم نەدیتبوو، پرسیاری شوێنی بەرپرسی بارەگام لێیکرد:

+ هاوڕێ، بێ زەحمەت هاوڕێ... لە کوێیە؟

- لە فسێی بەم، ئەوەتا لەو سەرەوە دانیشتووە..

هۆیێکم لە خۆم زانی، ئەو هاوڕێیە بۆچی لە فسێی ئەو هاوڕێیەی برد! تۆ بڵێی پیاوێکی ئاسایی بێ! ویستم شتێکی لێبزانم، گوتم:

+ باشە بۆچی لە فسێت برد؟

- لە فسێت بەم، بۆچی لە فسێتان نەبەم!

خراپ تێکەوتم، باشە هەقم چ بوو لەوەی لە فسێی بەرپرس دەبا، بە زمانی خۆم نەوەستام، هەتا لە فسێی منیشی برد، ئەو پیاوە پیرە سمێڵ رەنگ تووتنیەی لە خۆوە لە فسێی خەڵکی دەبرد، ناوی حەمە یوسف بوو، پژدەری بوو، لە هەموو پژدەریان پژدەریتر، هەبوو دەیگوت:

((حەمە یوسف رەسەنترین پژدەریە لە پژدەرێ))

رەسەنترین پژدەری کەس نەبوو نەیناسێ، من درەنگ ناسیم، لە پاش هەموان ناسیم، کەس نیە لە ناسینی وی پەژیوان بووبێتەوە، خۆزی زووتر دەمناسی، خۆزی زووتر ئەو پیاوە تفەنگ لە شان و قەفەز بە دەستەم دەناسی، ئەو پێشمەرگەیەی هێندەی بە قەفەز دەناسرایەوە بە تفەنگ نەدەناسرایەوە، پیاوی بەژن بڵندی پژدەری لە بارەی چەك و قەفەزی رەسەنترین پژدەریەوە دەیگوت:

((پێش ئەوەی چەك لە شان بکات، قەفەزی بە دەستەوە بووە..))

قەفەزەکەی حەمە یوسف وەك دەڵێن قەت بێ کەو نەبووە، کەوپەروەرێکی نموونەیی بوو، بیستم، نازانم تا کوێ راستە، ئەو کەوپەروەرە لە تەمەنی خۆی دوو

کەڕەت گریاوە، جاری یەکەم لە سەر تەرمی کوڕە شەهیدەکەی، جاری دووەمیش بە دیار پەڕوباڵی کەوە خوراوەکەی، ئەوانەی دیتبوویان گوتبوویان:

((گریانی دیارکەوەکەی لە هی سەر کوڕەکەی بەکوڵتر بووە..))

هەر ئەوانەی دیتبوویان دەیانگێڕایەوە:

((ئەو سەگە ئاخر شەڕەی بە ناخێری گیانی کەوەکەی خوارد، بە ژمار هەر گەرماو گەرم سی و سێ گوللەی گەرمی گرتەوە و ساردی کردنەوە، فیشەکی پێنەما، دەنا پتری لێدەدا، دواتریش وازی لێنەدەهێنا، ڕۆژانە دەچووە سەر سەگە تۆپیوەکەو چەند گوللەیەکی پێوە دەنا، باش بوو چەند خێرۆمەندێك چوون سەگەکەیان خستە بن خۆڵەوە، جەمە یوسف هێشتا هەر وازی نەهێنا ناوە ناوە فیشەکێکی بە گۆڕی سەگی کەوخۆرەوە دەنا..))

هێشتا سەرهاتی سەگی ئاخر شەڕم نەبیستبوو، بەلاّم بیستبووم کە پیاوی کەوپەروەر رقی دنیای لە سەگە، لێیم پرسی:

+ بیستوومە زۆر رقت لە سەگ دەبێتەوە؟

- لە فسێی هەموو سەگی دنیا بەم، بە خۆتی تێمەگە لە فسێی ئەوەش بەم کە پرسیاری سەگم لێدەکات..

+ دڵنیا بم کە بە خۆمی تێنەگەم!

- ئا، لەگەڵ تۆم نیە، هەی لە فسێت بەم

+ باشە کەس هەیە لەو دنیایە تۆ لە فسێت نەبردبێ!

- ئەوەی ماوە لە فسێی بەم.

ئەو پیاوەی لە فسێی هەموو دنیای دەبرد، لە سیما هێندەی چووبۆوە سەر ئۆمەتی موسا هێندە شێوەی عیسا و موحەمەدی نەدەدا، برۆکانی هەر زۆر لەو جوولەکە پیرانە دەکرد کە من زۆر جار لە وێنە دیتبوومن، ئەو پیاوە لە سیما

موساییە هەمیشە چوار وەرزەی ساڵ ساقۆیەکی درێژی لەبەر بوو، هەرکێ لێی پرسیبا:

+ ئەو ساقۆیە درێژە کەی فڕێدەدەی!

- ئەو کاتەی لە بەهەشت باران نەما..

+ مەبەستت چیە؟

- لە فسێی بەم لێیگەڕێ..

چەندی هەوڵت لەگەڵی دەدا، تکای دنیات لێی دەکرد، مەبەستی نەدەدا بە دەستەوە، نهێنیی ساقۆی ئاشکرا نەدەکرد، بە دەستی بەتاڵ دەگەڕایتەوە و بەجێتدەهێشت، ئەگەر وەك قیڕ و بنیشت پێوەی نووسابایت و لێینەبووبایتەوە، هەر هێندەی دەگوت:

- جارێك مەبەستەکەم روونکردۆتەوە، دووبارەی ناکەمەوە..

رۆژێك پێشمەرگەیەك ئەویش هەندێك چووبووە تەمەنەوە، نازانم کێ مینەیان دەگۆتیێ، گۆتیە من:

+ من نهێنیی ساقۆی پژدەریی رەسەن دەزانم

- چۆن دەزانی؟

+ لە زمانی خۆیەوە گوێم لێی بووە

- دە بۆمنیشی بگێڕەوە

مینە رەنگە مینە بووبێ، ئەوهای گێڕایەوە:

((وەختی خۆی پژدەریی رەسەن لە جوولەکەیەك دەپرسێ:

بە بۆچوونی ئێوە بەهەشت چۆن چۆنی هەڵکەوتووە؟

جوولەکە بە دڵنیاییەوە وەڵاٚم دەداتەوە:

لە ژوورێکی تا موسا دەڵێ بەس گەورە و هەیوانێکی تا چاو بڕکا هەر هەیوان و حەوشەیەکی تا ئەوسەری بەهەشتیش هەر حەوشە..

پژدەریی رەسەن قسە بە جوولەکە دەبڕێ:

باشە ئاوهەوای چۆنە، بەفر و باران هەیە؟

جوولەکە بە دڵنیاییی پترەوە:

بەفر کەم بەڵام باران چوار وەرزەی ساڵ لێناکاتەوە، بارانی بەخوڕیش..

پژدەریی رەسەن دەڵێ:

باشە حەوشەکە بۆ چیە کە بەردەوام باران بێت؟

جوولەکە وای وەڵام دەداتەوە:

دەتەوێ بزانی بەهەشت چۆن بە سەر ئۆمەتی موسا و عیسا و موحەمەددا دابەشکراوە؟

پژدەریی رەسەن:

دە بڵێ بزانم ئێمەی موسلمان چیمان بەرکەوتووە..

جوولەکەی بەهەشتی بە کێش و سەرواوە دەڵێ:

جوولەکە لە بنەبانێ

دیان لە بن هەیوانێ

موسلمانیش لە بەر بارانێ...

دەڵێن پژدەریی رەسەن دوای ئەو دابەشکردنە جوولەکەییانەی بەهەشت، لە دڵەوە لە خودا پاڕاوەتەوە:

خودای گەورە ئەگەر منت بردە بەهەشتێ، ساقۆیەکی گەرم و گەورەشم بدێ، چم لە تۆ ناوێ..

دەڵێن لە پژدەریی رەسەن دەپرسن:

لە بەهەشت ساقۆت بۆ چیە؟

پژدەریی رەسەن دەڵێ:

زۆر رێی تێدەچێ قسەی جوولەکە راست بێ وبەر بارانەکەمان بەرکەوێ..))

مینەی پژدەری بەو شێوەیە نهێنیی ساقۆی بۆمان ئاشکراکرد..

جارێك لە پژدەریی رەسەنم پرسی:

ئەو چیرۆکەی مینە لە بارەی تۆ و جوولەکە و ساقۆ و بەهەشت گێڕایەوە راستە، یان هەڵبەستراوە؟

پژدەریی رەسەن:

مینە قسە هەڵنابەستێ..

ئەوەشی گوت:

ئەگەر مردم بە ساقۆوە لە گۆڕم نێن.

ئەو چیرۆکەم لەبیرچووبۆوە، ئەوکاتیش وای تێگەیشتم کە پژدەریی رەسەن بۆ خۆی رێکیخستووە، دوای بیست ساڵێك، مامۆستایەك بە رێککەوت چیرۆکی دابەشکردنی بەهەشتی گێڕایەوە، رێك ئەو چیرۆکە بوو کە من لە مینەوە بیستبووم، ئیدی نازانم ئەو چیرۆکە....

ئەو پژدەریە رەسەنەی کە لێرەوە ساقۆی بەهەشتی لەبەرکردبوو، لە زۆر شت شتی دەزانی، بۆ پلەی گەرمی گەرمیپێوێکی داهێنابوو، هەرچی نێرینە هەیە هەیبوو، لێیانپرسی بوو:

+ ئەدی مێیینە بە چی بزانن؟

- با لە نێرینەکانەوە بیبینن.

گەرمیپێوەکەی پژدەریی رەسەن بە قسەی خۆی لە هەموو گەرمیپێوان راسترە و بە موو هەڵەی تێدا نابینرێت، لێیاندەپرسی:

+ چۆن بزانین، پلەی گەرمیی دنیا گەیشتۆتە نیوە کولاَن

- ئەو دەمەی گون قولانجێك کەمێك کورتتر شۆڕبۆتەوە..

+ ئەدی کولاَنی تەواوی دنیا؟

- بستێکی رێك شۆڕدەبێتەوە

+ باشه بە چی بزانین دنیا شەختەی کردووە؟

- لە فسێی گون بەم، هەر کاتێك تەواوێك بە دوای گونتدا گەڕایت و نەدیتەوە..

ئەو پژدەریە رەسەنەی کە گونی کردبووە گەرمپێو و لە فسێی گونیشی دەبرد، سەدامیشی نەدەپاراست، دەیگوت:

((سەدام حوسێن، لە فسێی بەم دەڵێ:

هەموو شتێك بەلاگێڕی شەر بێ

بەلاّم من دەڵێم:

هەموو شتێك بە سەدامیشەوە بەلاگێڕی کەو..))

ئەو پژدەریە رەسەنەی دنیای بەلاگێڕی کەو دەکرد:

کەس بە خۆیشیەوە نەیدەزانی خۆشەویستیی بۆ کەو لە چیەوە هاتووە، زۆر کەس لێیان دەپرسی:

+بەس بزانم تۆ بۆچی هێندە عەشقە کەوی؟

- لە فسێت بەم، نازانم..

جارێك، رەنگە هەر بۆ ئەوەی بیهێننە قسە لێدەپرسن:

+تۆ لە پێناوی چی چەکت لە شان کردووە؟

- بۆ پاراستنی کەو، کەوی گەردن بە خاڵ

+ واز لە گاڵتە بێنە، بە راستیمان وەلاّم بدەوە.

- لە .... من کەی گاڵتەم کردووە، من بەرگری لە کەوەکانم دەکەم و تەواو

+ ئەگەر وایە لەو شاخ وداخە چی دەکەیت بۆ ناچیتەوە ماڵ و لەوێ بەرگری لە کەوەکانت بکەیت؟

- کەوەکانم حەزیان لێرەیە، منیش دڵیان ناشکێنم..

+ حەزی چیان لێرەیە، قەفەز هە قەفەزە چ لێرە چ لەوێ..

- ئەدی ئەو بایەی لە قەفەزەکە دەدا، هەمان بایە! کەو ئەگەر ئازادیش نەبێت، مادام بای ئازادی لە باڵی بدا، هەست بە ئازادی دەکات..

+ باشە بۆچی ڕێ لە ئازادی کەو دەگری و بەرەڵایان ناکەیت؟

- دڵم نایە، بەرەڵایان بکەم سەگ دەیانخوات..

بارە فیشەکمان بارکرد و لە بارەگای عەردیەوە سەرەو بارەگای ئاسمانی سەرکەوتینەوە، پیاوی پژدەریی ڕەسەن، پیاوی کەو پەروەر، پیاوی ساقۆی بەهەشت لەبەر، پیاوی سمێڵ ڕەنگ تووتنی، ئەو پیاوەی لە خۆوە لە فسێی هەموو دنیای دەبرد، کەسی نەدەپاراست، هەتا لە فسێی مریشك و جندۆکانیشی دەبرد، بە جێمهێشت، دواتریش چەند جارێکم دیتەوە، قەفەزەکەی بە کەوەوە هەر لە دەستی بوو، دواتریش، چەند ساڵێك دواتر، هەواڵی پژدەریی ڕەسەنم لە پژدەریەك پرسی، خۆزی نەمپرسیبا، پژدەریەکە گوتی:

((فیشەکێك، نازانم بە هەلە هاوێژرا یان نا، هێندە دەزانم، پژدەریی ڕەسەنی لە خوێن گەوزاند و چۆڕاوگەی خوێن خوێنێکی سوور سوور لە دەندووکی کەویش سوورتر گەیشتە بن قەفەز..))

پژدەریەکە لە بارەی کوژرانی پژدەریە ڕەسەنەکەوە دیار بوو قسەی زۆری لە زاری بوو، بەلاّم من بەرگەی پتر بیستنم نەبوو... بەلاّم پرسیم:

+ لە کاتی کوژرانی ساقۆی...

- ئا، ساقۆکەی سەردەمی پێشمەرگایەتی لەبەر بوو

دوور نیە ئێستا لە حەوشەی بەهەشتێ لە بەر بارانێ پیاسەی بکا!

بە بارە فیشەکەوە گەیشتینەوە بارەگا ئاسمانیەکە، من هەر جارێ دەستەواژەی بارە فیشەکم بێتە گوێ یان بە زارمدا بێ، چاوم پڕ لە وێنەی شەڕ دەبێ، ئەوەتا شەڕی بارەگا ئاسمانیەکە گرتە گرتە خۆی نیشانم دەداتەوە، با خۆم بگەیەنمەوە زستانێ

بۆ ئەوەی شەڕی گەرم لـە بـەفر و سەرماوسـۆلە نیشـانبدەمەوە، بـەڵام پـێش ئـەوەی شەڕی گەرم لە ناو بەفرێ هەڵگیرسێ، با هەر لە ناو بەفرێ ناستینکا ببینم..

-٩-

ناســـتینکا

لە کۆڵانـە پـڕ لـە جـادووە سـتاتیکیەکانی (تـاوان و سـزا) دیستۆڤسـکیم ناسـی، ئێستاش هەر کاتێ ڕێگەم بکەوێتە کۆڵانەکانی ڕۆمانەوە، سەرێك لە ماڵی تـاوان و سزا دەدەم، من دەمێکە چەند سێکوچکەیەکی جوانم لە جـوانی دۆزیوەتـەوە، یـەکێك لەو سێکوچکانە(نیکۆس کازانتزاکی، دیستۆڤسکی، یەشار کەمال)ە، بە تەنیشت ئەو سێیەوەش زۆر سێیتر و تـریش هـەن، بـەڵام ئـەو سـێیە لـە هـەموو سـێیان جیـان و جێگەی تایبەت و جیایان لە جێ گرتووە، چەندان شەوم لە دنیای ئەو ڕۆماننووسـانە کردۆتەوە، ئەوشەویش هەر لە دنیای دیستۆڤسکیم، بەڵام نە لە کۆڵانـەکانی تـاوان و سزا و نە هیچ جێیەکیدی، من ئەو شەو لە سەری قەنـدیلێ لـە بارەگایـەکی ئاسمـانی ژوانم لەگەڵ ناستینکا هەیە..

شەوێکە، دنیا شەوی وا سپی بە خۆیەوە نەدیوە، لە کاخەزی سپی سپیتر، لە دڵـی ناسـتینکا سـپیتر، لـەو بـەفرەش سـپیتر بـوو کـە شـەوەکەی سـپی کـردووە، (شـەوە سپیەکان)م لە شەوێکی ئەوها سپی وا بە دەستەوەیە، پێشتر ناویم بیستبوو بەڵام نـە خوێندبوومەوە نە هیچیشـم لـە بارەیـەوە خوێنـدبۆوە، چـەند جـارێکیش بـە دوایـدا گـەڕابووم، بـە دوای شـەوە سـپیەکان گـەڕابووم و دەسـگیرنەبوو، ئـەوەتا ئێسـتا لـەو دووریەی دنیا لەو ئاسمانە شەوە سپیەکان بە ڕێکەوت هاتە ئەو ژوورە بەفراویـە، ئـەو ژوورە ئاگراویە، دەرێ بەفر تا دڵ حەز بکات هـەر بـەفر، ژوورێـش ئـاگر ئـاگر سـۆبە دارینەکە دەڵێی دەندووکی کەوە سووربۆتەوە سوور سوور..

- بەسە چیدی ئاگری مەدە با پێماندا نەتەقێتەوە.

- با بتەقێتەوە لە ناو بەفری قەندیلیێ مردن بە ئاگر چێژێکە هیچ ژیانێك چێژی وا نابەخشێ..

- مردن لە ناو هەنگوینیش، هەنگوینی ژنم مەبەستە، هەر تاڵە و تامی..

- وا نیە، مردن لەگەڵ مردن جیاوازی هەیە، تامیان جودایە..

- مردن مردنە و یەك تامی هەیە ئەویش تامی مردن.

- بە چی دەزانی تامیان یەکە؟ خۆ تۆ تامی هیچ مردنێکت نەکردووە!

- تۆ بە چی دەزانی تامیان لێکدی جودایە؟

- مادام ژیانەکان تام جودا جودان، مردنەکانیش دەبێ وا بن، وا نیە ئەدی؟

- نەخێر، تۆ هەرەی لە بڕەی دەرناکەیت..

تا ئێرە گوێ لەو مشتومڕەی نێوان پیاوی بەژن بڵندی پژدەری و ئەو یەك دوو پێشمەرگەیە بوو کە قسەیان لە تامی مردن و ژیان دەکرد، ئیدی من دابڕام لە شەوە پڕ لە قسەکەی دیار سۆبە ئاگرینەکەی ژوورە گچکەکەی بارەگا قەندیلیە ئاسمانیەکە، دابڕام و تێکەڵی شەوە سپیەکان بووم..

ئێستا لە شەقامێکی شاری پیترسبۆرگ لە سووچێك دەستە ناسکەکانی ناستینکام لە ناو دەستەو توند توند دەیانگوشم، زۆر توندتر لەو کوڕەی دەستی ناستینکای لە دەست بوو، ئەو کوڕەی نەیویست، ڕەنگە شەرمی کردبێت کە کە بە جێناوی من سەربردەی خۆی بۆ ناستینکا بگێڕێتەوە، بۆیە پەنای بۆ کەسی سێیەمی تاك پەنای بۆ (ئەو) برد، من پێم خۆش بوو ئەو کوڕە لە جێی (من) (ئەو)ی دانا، هەستمکرد چاوی لە من کردووە، من زۆر جار وام دەکرد، لەگەڵ ناستینکای خۆم وام دەکرد، من لە زۆر شت خزمایەتیم لەگەڵ ئەو کوڕە هەبوو، بەڵام لە دەستگوشینی ناسنینکا بە هیچ جۆرێ نزیکایەتی و ئاشنایەتیمان نەبوو، من بە هەموو هێزی خۆم دەستی ناستینکام دەگوشی، بەڵام ئەو نەرم نەرم دەیگوشی ..

لالەکە لە من نزیك بوو، سۆبەکەش هێندە دوور نەبوو، ئەو شەوە چ پێویستم بە سۆبە نەبوو، لە دەستەکانی ناستینکاوە گەرمایی هەرچی سۆبەی چیا هەیە دەڕژایە لەشمەوە، بەلاّم دەبوو لالە نزیك با، چاوەکانی ناستینکا لە لالە گەشتر بوون، بەلاّم مەیلی منیان نەبوو، بۆیە لالە پێویست بوو بۆ خوێندنەوەی شەوە سپیەکان.

شەوە سپیەکەی قەندیل پتر حەزی خوێندنەوەی (شەوە سپیەکانی) خستە دڵەوە، وام دانابوو لە شەوە سپیەکانەوە شەوی بەفراویی قەندیلیش دەبینمەوە، چەند لاپەڕەیەکیشم خوێندبۆوە هەر چاوەڕێی ئەوەم دەکرد دیستۆڤسکی دەستم بگرێ و بمباتە ناو شەوانی بەفراوی و لەوێ لە ناو بەفردا تێکەڵی رووداوە ستاتیکیانەی رۆمانم بکات، هەر چاوەڕێ بووم بگەمە ناو بەفر نەگەیشتم، من بە هەڵە لە ناونیشانی رۆمانەکە تێگەیشتبووم، دوورنیە بە هەڵە لە رۆمان گەیشتبم..

بەلاّم کاتێ هاتمە سەر گێڕانەوەی سەرهاتی خۆم بۆ ناستینکا، ئیدی چاوەڕێی بەفرم نەکرد، بەفرم لە بیرکرد، چ بەفری قەندیل چ بەفری پیترسبۆرگ، بەلاّم ئای لە ئێشکگری! دەڵێی مەرگە لە پڕ سواری سەرت دەبێ، لە خەیاڵی ئاڵووالاّی ژیانت دەپسێنێتەوە، لە بینین و تامی جوانیت دەکات، ئێشکگری منی لە دیداری ناستینکا کرد..

+ شوانە، نۆرەی تۆیە، ئێشکگری..

– من..

ئەو پێشمەرگەیە منی لە گێڕانەوەی خۆم بۆ ناستینکا کرد، من لە جێی وی بام، وام نەدەکرد، بەلاّم ئەو بە چی بزانێ من وا لە شەقامێکی پیترسبۆرگ دەستی کچێکم لە ناو دەستە و رابردووی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە، ئەگەر بشزانێ ناهەقی نیە، گورگ بە گورگایەتی خۆی لە شەوی سەهۆلبەندانی قەندیل هەر دەمژمێرێك دەتوانێ ئێشکگری بکات، شەوی قەندیل سپیە، هەموو سپێتیی دنیا بە سپێتی بەفریشەوە ناگاتە سپێتیی شەوی قەندیل، شەوی سپیی قەندیل ساردە، ساردیی دنیا بە

سیبریاشەوە وەك شەوە بەفراویەکانی قەندیل سارد نیە، ئێستا لە سپێتی و ساردیی قەندیل لە هی بارەگا ئاسمانیەکە پیاسە دەکەم، بەو زستانە تووشە سایەقە و سامالێکە لە هەموو ئاسمان هێندەی ناولەپێکیش هەور نیە، مانگ لە دابەزینە، ئێستا نا ئێستا لە ناو بەفرێ دەنیشێتەوە، رەنگە لەگەڵ خۆی چەند ئەستێرەیەکیش بنیشینێتەوە، مانگ خەریکە بنیشێتەوە، ئەگەر نەنیشتەوە ئەوە لە ترسی بە چلوورەبوونە، لە شەوە شەختەییەکانی قەندیل مانگیش دەبێتە چلوورە، ئەگەر ئەو بایە گوێزانیە نەبا، بە شەوی عاشقانە ناوم دەبرد، ئەو شەوە هی ئەوەیە لە ژوورێکی گەرم گەرمەوە لە پەنجەرەیەکی گەورەوە تەماشای بکەیت..ناستینکا وازی لێمنەدەهێنا، گوێم لێیە دەڵێ:

مەوەستە، بگێڕەوە، رابردووی خۆتم وەك خۆی و بێ پەڕاندنی هیچ دیمەنێك بۆ بگێڕەوە..

من دەڵێم:

ناستینکای خۆم، ئارامت بێ، با ئێشکگریەکەم تەواو بێ، هەموویت بۆ دەگێڕمەوە..

ناستینکا پەلەیەتی، من لەو پەلە ترم بۆ گەیشتنەوە بە شەوە سپیەکان بۆ خوێندنەوەی شەوە سپیەکان، بۆ دیداری ناستینکا، بەلاّن چ دەکەی لەو دەمژمێرەی تەمەن کە دەکەوێتە دەمی ئێشکگریەوە، چ دەمژمێرێکی درێژە خودایە، ئەو دەمژمێرە تەمەنێك پترە، لە خولەکێك سێ هەتا چوار جار تەماشای دەمژمێرم دەکرد و دەم هەر لە جێی خۆی بوو شەختەی کردبوو، میل بەستبووی، بەسەتەلەکی بارەگا ئاسمانیەکە کاتیشی لە جوولە خستبوو، منیش ئەگەر ژوانی ناستینکام لە پێش نەبا،لە دەستچووبووم..

ئۆخەیش گەیشتمەوە شەوە سپیەکان، سەرهاتی خۆم بۆ ناستینکا گێڕایەوە، ئێستا نۆرەی ویە، ناسك ناسك خۆی دەگێڕێتەوە، کاتێ گەیشتە ئەو شوێنەی کە بۆی

هاتبوو، ئەو شوێنەی پێکەوە دانیشتبووین، ئەو شوێنەی جێژوان بوو بۆ ئەو و چاوەڕێی کوڕێکیدی بوو، تەزینێك تەزیم قەندیلیش وا نەتەزیوە، ئا، ناستینکا ژوانی هەبوو، مـن و ئـەو کـوڕەی دیستۆفسـکی نـاردی وگـوێی بـۆ سـەرهاتی ناسـتینکا شلکردبوو، هەردووکمان دەستبەتاڵ گەڕاینەوە، دڵشکاو گەڕاینەوە، بەڵام مـن زووتـر ناسـتینکام بەجێهێشـت، ئـەو مایـەوە تـا دەسـتگیرانەکەی ناسـتینکا هـات لـە لای مایەوەو هانی دەدا لە چاوەڕوانی بمێنێتەوە و جێژوان بەجێنەهێڵێ، بەڵام من وام نەکرد، یەکپێ هەستام و ئاوڕیشم لێینەدایەوە، بەڵام ئەگەر پێشتر پێش ئەوەی منیش لە یانەی کۆلیژ تووشی ناستینکا بێم، شەوە سپیەکانم بخوێندایەتەوە و ناستینکای دیستۆفسکیم ناسیبا، دوور نەبوو منیش تا هاتنی دەسگیرانی ناستینکا ناستینکای خۆمم جێنەهێشتبا..

لە بیرمە لە کاتی خۆێندنەوەی (شەوە سپیەکان)و ئاشنابوونم بە ناستینکا، حەزمدەکرد واتای وشەی (ناستینکا) بزانم، پێشمەرگەیەکمان لەگەڵ بوو، کەمێك رووسی دەزانی، لێیمپرسی نەیزانی، دواتریش دوای بیست ساڵ، بە ساڵ و وەرز مانگ بیست ساڵی رێك، هەر بە یادی شەوە سپیەکەی بارەگا ئاسمانیەکە هاتم لە شەوێکی باراناویی هەولێر(شەوە سپیەکان)م خوێندەوە ئەوجارەیان بە کوردی، جاری پێشی بە عەرەبی بوو، هەمان چێژی بیست ساڵ لەوەو پێشم لێیوەرگرت، ناستینکا هەر جوان بوو، نەمر بوو وەك دیستۆفسکی جوان و نەمر بوو، واتای ناستینکاشم هەر نەزانی..

ماڵئاوا شەوە سپیەکەی بارەگا، رەنگە ئەوە دوا شەوی سپی بێ لە ژیانی من، شەڕ لە پێشە شەڕ، دوور نیە..

پێش شەڕ ئەدی و بەدی هەیە، شەڕی ئەدی و بەدیش هەیە..

-١٠-

ئەدی و بەدی

تێگەیشتن لە ئەدی و بەدی بۆ ئەو کەسانەی لە ئەدی و بەدیان دەپرسی زەحمەت بوو، زۆریش زەحمەت، زەحمەتتر لەو هاوکێشە بیرکاریانەی کە قوتابییەکی تەمبەڵ لە بیرکاری بە دیاریەوە خەوی لێدەکەوت و هیچیشی لێتێنەدەگەیشت، بە لای باخەوانەوە وا بوو، دەیگوت، رووی قسەی لە من بوو:

(پیاوی چاك بە (بەدی)م تێبگەیەنە، من لە بیرکاری زیرەك نیم، بەڵام ئەدی و بەدی زۆر لەو (س، ص) تێکەڵاوترن کە چەندی دەکەم سەرەدەریان لێدەرناکەم))

ئەو کورە دەیگوت:

لە هەولێر و پەیمانگا دوو کچە هەولێری زۆر برادەرم بوون، رۆژانە لە زاری ئەو کچانەوە سەد جار پتریش گوێم لە ئەدی و بەدی دەبوو، ئێستاش پێوە لە (بەدی)یەکەیان نەگەیشتم.

گۆتمە باخەوان:

لەو کچانەوە لە ئەدی و بەدی تێنەگەیشتی، تازە لە بنی تێیاننا گەیت..

وا بزانم ئێستاش تێنەگەیشت..

دکتۆر هۆشەنگێك هەبوو، لە بنەچە کەرکووکی بوون، بەڵام لەوەتەی هەبوو هەر لە هەولێر بوو، دەیگوت، بەو کورەی دەگوت کە لە کچانیشەوە فێری واتای بەدی نەبوو:

((تۆش سەیری ها! من منداڵی هەولێرم لە هەولێر گەورە بووم، هێشتا ئەدی و بەدی لێکجیاناکەمەوە، تۆ دەتەوێ بە دووساڵێك تێیانبگەیت! وازی لێبێنە..))

بەڵام رێبوار عەرەب سووربوو لە سەر تێگەیشتن لە ئەدی و بەدی، ئەو کورە لە زمانی کوردی کێبڕکێی لەگەڵ هەژار موکریانی دەکرد، هێندەی وی رەنگە پتریش وشەی کوردی بە بەکارهێنان لە رستەوە دەزانی، دەیگوت:

من له زمـان خـۆم بـه هـەژار ناگۆڕمـەوه، بـەلاّم سـەیره لـەو (ئـەدی و بەدی)یـه هەولێریه تێناگەم، تێمبگەیەنه..

دکتۆر هۆشەنگ دەیگوته ڕێبوار عەرەب:

وازی لێبێنه، خۆت لەوه مەده، له منی وەرگره، تێیناگەیت..

ڕێبوار دەیگوت:

بابه، خۆ کێشەی گیان و جەسته نیه، بۆ تێیناگەم!

دکتۆر هۆشەنگ:

لەویش ئالۆزتر و سەختتره..

ڕێبوار عەرەب وازی له ئەدی و بەدی نەدەهێنا و به پێکەنینەوه دەیگوت:

پێش هەموو شتێك دەبێت دان بەوەدا بنێم که زۆر جار (ئـەدی و بـەدی)م لەگـەڵ (نەدی و بدی) لێتێکەڵ دەبێ..

من دەمگوت:

تاهو وەها! کەواته تۆ هەر تێیناگەیت..

ڕێبوار عەرەب:

به گاڵتەم بوو، له نەدی و بدی گەڕێ، قسه له ئەدی و بەدی بکه..

ئیدی دەستمدەکرد به لێکدانەوەی ئەدی بەدی و به پرسیار و وەلاّم بۆم ڕاڤەدەکرد، گۆتمه ڕێبوار عەرەب:

من پرسیار دەکەم و هەر خۆشم وەلاّم دەدەمەوه تۆ قسه مەکه..

ڕێبوار عەرەب به کوردی نیشانەی قڕوقەپی کێشا..

پ/ تۆ قەت کچی جوانت ماچ کردووه؟

و/ ئەدی، کوو!

پ/ تۆ قەت کچی جوانت ماچ نەکردووه؟

و/ بەدی کوو!

ڕێبوار عەرەب:

لە کامیان کچە جوانەکەم ماچ کردووە؟

گوتم:

لە هەردووکیان..

ڕێبوار بە کەمێك سەرسووڕمانەوە:

لە هەردووك!

گوتم:

بەڵێ لە هەردوو پرسیارەکە کچە جوانەکەت ماچ کردووە...

ڕێبوار عەرەب بە نیوە تێگەشتنێکەوە، بە پێکەنینەوە:

ئەها! دەڵێی نزیکە لە (نەعەم) و (بەلا) عەرەبیەکە؟

ئەو لێکنزیککردنەوەیەم بە دڵ بوو، گوتم:

ئەوەی ئەگەر یەکیان لە جیانی ئەویتر دانێی (کوفر) لە دایکدەبێ؟

ڕێبوار عەرەب بە پێکەنینەوە:

ئا، ئا

گوتم:

ڕەنگە..

گوتی:

شتێکی لێتێگەیشتم

ئۆی، من خەریکە خۆم لە شەڕی ئەدی و بەدی بدزمەوە، ڕەنگە لێیترسابم، بۆیە وا ڕێبواری عەرەب و باخەوانی هەڵەبجە و هۆشەنگی نیوە کەرکووکیم هێنایە ناو (ئەدی و بەدی)یەوە، بەلاّم شەڕ هاتۆتە پێشێ و هەلاّتن لێی شەرمە، بۆ ئەوکات شەرمە، ئەو کاتەی لە ڕێی بارەگا ئاسمانیەکە قەوما..

کورێك هەبوو ئێستاش بە تەواوی نەمزانی خەڵکی کوێیە، هەر جارەی جێیەکی دەگوت، دوای رۆژێك بێئەوەی هەست بە خۆی بکات، درۆی دوێنێی لە خۆی سپیدەکردەوە، رەنگە درۆشی نەکردبێ، ئاخر خۆی دەیگوت:

((من خەڵکی هەموو شوێنێکم تەنها هەولێر نەبێ، بە خەڵکی کوێم دادەنێن قەیناکە، تەنها هەولێر نەبێ..))

من گومانکرد کە ئەو کورە رەنگە خەڵکی هەولێر بێ، بەڵام بە هۆی شتێکەوە لە هەولێر توورەیە و نایەوێ هەولێری بێ، دواتر چەندی لە شێوەی قسەکردنی وردبوومەوە لە هیچ وشەیەك لە هیچ دەنگ و لەتە دەنگێکی هەولێرم نەدیتەوە، دوای پرسکردنیش لە چەند کەسێ تێگەیشتم نزیکایەتی لەگەڵ هەولێر نیە، ئەو کورە کە نازانم کێ بوو، ناوی نابوو ئەنتی هەولێر، بە گاڵتەو بە راستی گاڵتەی بە هەولێر و شێوەزاری هەولێریان دەکرد، بە تایبەتیش لە رێی (ئەدی و بەدی) یەوە، وەخت و ناوەخت بە سووکایەتیپێکردنەوە (ئەدی و بەدی) دەگوتەوە و لەو دووەوە بۆ خۆی شتی درووست دەکرد، زۆر جار شتی خۆشیش:

(((نەدی) کچێکی جوان بوو، (بدی)ش کورێکی ناشیرین، ئەو کور و کچە لە سەر دەستی مەلا (لۆ) بوونە ژن و مێرد، کچ و کورێکیان بوو کچەیان ناو نا (بەدی)، کورەش (ئەدی)..))

ئەو ئەنتی هەولێرە کە زۆریشی دەخوێندەوە، دەتگوت بۆ دژایەتی هەولێر چەکی لە شان کردووە و بۆتە پێشمەرگە، رقی لە هەموو شتێکی هەولێر دەبۆوە، بە قەڵات و منارە و ماست و فواد ئەحمەد و عەبدوڵا پەشێو و سولتان موزەفەر، بەس عەزیز محەمەد نەبێ، بە قسەی وی پەیوەندی بە هەولێرەوە نەماوە و بۆتە پیاوێکی نێونەتەوەیی.. من رۆژ دوای رۆژ لەو ئەنتی هەولێرە بە رکدا دەچووم، چەند جارێك گەرم دەبووم و لێیدەهاتمە دەنگ، بەڵام ئەو سەگ بوو، بە دوو قسەی خۆش ساردی دەکردمەوە و دەیگوت:

((کوڕە گاڵتە دەکەم، من هی ئەوەم سووکایەتی بە شارێك بە جێگەیەك بکەم!))

کاتێ من سارد دەبوومەوە ئەو دەستیپێدەکردەوە..

ڕۆژێك من و ئەنتی هەولێر، بە هێسترەوە لە گوێزێی زەویەوە بۆ بارەگا ئاسمانیەکە سەردەکەوتین، لە ڕێ هێسترەکە دیار بوو برسی بوو، ڕێی باش دانەدەگرت، قەپاڵی لەو پنچکانە دەگرت کە لە دەو ڕێ دەتگوت تایبەت بۆ هێستری برسی ڕواون،، ئەنتی هەولێر لە دوای هێسترەکە دەڕۆیشت، منیش لە دوای وی، ڕستە ترسناکەکەی بە پێکەنینەوە لە دەم دەرچوو:

((هەچە، دەڵێی تۆش خەڵکی هەولێری نازانی لە ڕێش بڕۆی..))

ئەو بە پێکەنینەوە وای گوت، بەڵام من بە ددانکرۆشتنەوە، نازانم نە نەمکردە نامەردی نە دامە کەرایەتی، قۆنداخە تفەنگم خەواندە پشتی ملی و هێشتا هاواری لێهەڵنەستابوو، جوونێکی ئەوهام پێیدا:

((چما ئەلێرە نۆ قەد دا...))

گێژ و وێژ بوو، توانای دەستکردنەوەی نەما، کلاشینکۆفەکەم لێیەسەند و دوو سێ مستەکۆڵەی باشم لێدا..

+کوڕە، بەسە سەگی سەگباب، منت کوشت

- سەگبابی وەك تۆ..

دەستیکردەوە، لێکمان دا، کەرایەتیەکە باشتر گرتمی، کلاشینکۆفم لێیڕا کێشا، دیتی خوێن بەرچاومی گرتووە، بە کەرایەتی منی نەکرد، کەوتە مەیلەو پاڕانەوە:

+با بەس بێ من بە گاڵتە هەڵەیەکم کرد..

- هەر دەتکوژم..

+ واز بێنە، جارێکیدی ئەگەر بە باش بە خراپ ناوی هەولێر بە سەر زمانی مندا هات، هەقی خۆتە هەرچی بکەیت..

- چیت پێدەڵێم وا بکە، دەنا قوربانی یەك گوللەت دەکەم..

+ بڵێ

- چیم گوت بڵێ، ئەدی کوو

+ئەدی کوو

- هەولێری تۆیان گ..

+ئەدی کوو

- چیم گوت بڵێ بەدی کوو

+بەدی کوو

- هەولێری تۆیان نە گ..

+ بەدی کوو!

بە مەیلەو پێکەنینەوە ئەدی کووی دەگوتەوە، تفەنگەکەم پێداوە، بە ڕێکەوتین، لە ڕێ گوتم:

- حەزدەکەیت، ئەو شەڕە بۆ برادەران بگێڕینەوە؟

+ نە، پێویست ناکات..

ئیدی ئەنتی هەولێر، وازی لە هەولێر و هەولێریان هێنا، زۆری نەبرد لێکدی دابڕاین و نەمدیتەوە، ئەگەر ڕۆژێك دیتمەوە داوای لێبووردنی لێدەکەم لەو شەڕەی جگە لە من و وی کەس نەیدیت و نەیبیست..

بەر لە شەڕ حەز دەکەم جارێکیدیش نامەکان بخوێنمەوە نەبادا، نەیانبینمەوە..

-١١-

نامەکان

لە بارەگا ئاسمانیەکە، بارەگا شەختەبەندیەکەی قەندیل، بە هیچ گەرمنەدەبووینەوە و نەدەبووینەوە، دارودڕی چیا نەما، بە دەمی سۆبەیەدا نەکەین،

لە هەموو بارەگاکانی زەویەوە پێخەفیان بۆ ئەو بارەگـا ئاسمانیـە کێشـابۆوە، هێشـتا گەرمنەدەبووینەوە، ئاخر لە یەك کاتژمێری ئێشکگریی شەوانە بایی زستانێك سەرما دەهاتە لەشەوە، پێشمەرگە بـە سـۆبە و پێخـەف چـۆن گەرمدەبێتـەوە، پیـاوی بـەژن بڵندی پژدەری دەیگوت:

((بەلاشـە ئـاگر و پـەتوو، ئـەو سـەرمایە بـەس بـە باوەشـی ژن لـە لـەش دێتـە دەرەوە..))

ئەو کوڕەی بە دۆستی هێستر ناوی رۆیشتبوو:

نا، نا، هێستریش گەرمتدەکاتەوە..

مەحموود حاجیەك هەبوو، جارێك لە بارەی سەرما و گەرمبوونەوە شـتێکی نزیـك لەمەی گوت:

باشترین شت بۆ گەرمبوونەوە، ئاگر نیە باوەڕ بوونە بـە ئـاگر، گـرنگ ئەوەیـە تـۆ هەستبکەیت خۆت داوەتە ئاگر..

نازانم ئەو بە راستی بوو یان بە گاڵتە، بەڵام من بە راستیم وەرگرت، ئەو مەحموود حاجیە پیاوێکی چاو و برۆ رەشی بە هەیبەت بوو، برای ئەو عەلی حاجیە بوو کە زۆر کەس بە پیاوی ئازا ناویان دێنا..

ساردە، بارەگا لە هـەموو بارەگـا ساردەکانی پێشـمەرگە ساردترە، ئـاگر دەڵێـی گەرمایی نەماوە و لە ئاگرایەتی کەوتووە، سەرمای قەنـدیل ئـاگریش لـە ئاگرایـەتی دەخات، بە چی خۆمان گەرمبکەینەوە؟ دەمانگۆتە پیاوی بەژن بڵندی پژدەری:

بۆچی ناوی ژنت هێنا، ئێستا سەر و ژن لە کوێ بێنین گەرمبینەوە!

دۆستی هێستر بێ خۆتێکدان دەیگوت:

هێستر، هێستر..

دەبێ کەس هەبووبێ بە قسەی هێستردۆستی کردبێ! بە چاوی خۆم چم نەدی، مـن نەموێرا لە هێستر نزیك ببمەوە، هاتم قسەی مەحموود حاجیم تـاقیکردەوە، خـۆم بـە

نامەکان خەریککرد، کەوتمە ناو نامـەکان، نامـەکان گـەرمایيان دەڕژانـدە لەشمـەوە، نامەکان هی هەندرێنی شاعیر بوون، ئەو کوڕە کە یەکەم دیدارمان لە سەر کانیەکەی کانی تەلانی هەوریٚ بوو، لە دوای ئەو دیدارەوە، نامە گۆڕینەوەمان وەك ئاگرکردنەوە لە قەندیل لە هەموو وەرزەکان بەردەوام بوو، بەلاٚم هەتا مـن نامەیـەکم بـۆی دەنـارد سیٚ نامە لەوەوە دەگەیشتە من، نامەکانی هەندرێن نامەی ئاسـایی نـەبوون، زۆر لـە وانەی لە هەندرێنەوە نامەیان بۆ هاتبوو وایاندەگوت، چەتۆ سەحەریش وای دەگـوت، ئەو چەتۆیە هەر زۆر سەرسام بوو بە نامەکانی هەندرێن، دەیگوت:

وەختی خـۆی نامـە گۆڕینـەوەم لەگـەڵ هەنـدرێن هـەبووە، سـیٚ چـوار نامـەی بـۆ ناردووم، لە کاتی خوێندنەوەیان بە گریان گریـاوم، سـەیرە توانایـەکی بـیٚ وێنـەی لـە نامەنووسیندا هەیە، بڕوا ناکەم کەس هەبیٚ بتوانیٚ نامەی وا بنووسیٚ..

چەتۆ سەحەر دەیگوت:

حەز دەکەم هەموو ئەو نامانە بخوێنمەوە کە هەندرێن دەیاننووسیٚ، ئەوجا بۆ هـەر کێی نووسیبیٚ، من چێژ لە دەربڕینەکانی وەردەگرم..

نامەیەکی هەندرێن کە تازە گەیشتبوو، دوای خوێندنەوەی دامە چەتۆ سەحەریش، دیتم بە تامەزرۆییەوە دەیخوێندەوە و هەستمکرد چاوی پڕ لە ئاو بووە..

وایە هەندرێن لە کنە من جـوانترین نامەنووسـە، نامـەی وا هەیـە سـەد جاریشـم خوێندۆتەوە، لیٚی تێر نابم و نابم، ئێستا، ئێستای ژوورە ئاسمانیەکەی قەندیل نزیکەی بیست نامەیـەکی هەنـدرێن لەگـەڵ چـەند شـیعرێکی وی وا لـە بەردەممـە، هیچـیانم نەفەوتاندووە، دوا نامەیان دوێنیٚ پێـریٚ گەیشـت، رەنگـە لـە تارانـەوە نووسـیبێتی، هەندرێن دەمێکە لە ئۆردوگای خووی دەستبەسـەرە، پێدەچـێت، لـەویٚ دەرچـووبیٚ.. وایە نامە گەرمت دەکاتەوە..

لە نامەکان زۆر رستەی جـوانی شـیعری هـەن، زۆر جـار لـە نامـەکانی هەنـدرێن، رستەیەك لێرە دوان لەویٚ، لە یەکم گرێداون و لەو گۆڕە شیعرێکی جوان پەیـدا بـووە،

بەڵام شیعرەکەم دەدڕاند، دەترسام لە بیرمبچێ کە لە نامەکانی هەندرێنەوە دزیومن و نەکا بە هی خۆمی بزانم.. بەڵام دێتە بیرم هەندرێن، ئەو کارەی دەکرد، شیعری لە نامەکانی خۆیەوە دەدزی، وا بوو کە شیعرێکی ویم خوێندۆتەوە، هەستمکردووە هەندێ رستە و وێنەی ناو شیعرەکە لە کنە من تازە نین، دواتر تەماشادەکەم لە نامەیەکی خۆی کە چەند مانگ پێشتر بۆمی ناردووە، دزیویەتی، بە پێچەوانەوەش زۆر جار نامەکانی لە شیعرەکانی خۆیەوە دەدزی، هەندرێن دزێکی جوان بوو..

تا رۆژی راپەڕینیش نامەکانی هەندرێن کە بایی کتێبێك دەبوون، کتێبی نامە جوانەکان، لە ناو کۆڵەپشتەکەم بوون و زوو زوو دەمخوێندنەوە و چێژی شیعر و کورتە چیرۆکم لێوەردەگرتن، راپەرین، خۆشیی راپەڕین، نامەکان و زۆر شتیدیشی بزرکرد..

حەیف، نامەکان نەمان، ئەگەر نەفەوتابان دەمگوت: ها ئەو نامانە بخوێننەوە، ئەو نامانەی هێندەی من نامەی نووسەرانم دیتبێت، نامەی کەس بە نامەی هەندرێن ناگات، نامەی هەندرێن دەقی جوان بوون..

ئێستا با بچین بە شەڕ خۆمان گەرمبکەینەوە..

-١٢-

شـــــەڕ

ئەو شەڕانەی یەخەی بارەگا ئاسمانیەکەیان دەگرت، لە ژمار نایەن، لە دوای ئەوەی ئەنفال هەرچی چیا هەبوو گرتی، هات، ئەوەی لە دەستیهات کردی، دەستی نەگەیشتە ئێرە و نەگەیشتێ، هەندێ جێگەی قەندیل هەیە جگە لە پێشمەرگە و هەور پێی کەس کەسی پێنەکەوتووە، سوێندی قاچاخچی ناخۆم، بارەگا ئاسمانیەکەی ئێمەو ئەو بارەگایەی کەوتبووە ئەولاترەوەش لەو جێگە عاسێیانەی قەندیلن، تا بڵێی

عاسیٚ و سەختن، چەندان جار جاش و جێژی ئەنفال هاتن و سەریان لە تاشە بەردەکان دا و پێشمەرگە گۆتەنی:

((بە سەری شکاو و قوونی دڕاو هەلاٚتن و گەیشتنەوە دەشت و بیابانیٚ))..

هەلاٚتنی جاش سەرباز بە بەر چاوتەوە، خۆشیەکە لە گۆتن نایە، تەنها پێشمەرگە و ئەو کەسانەی زەبری جاش و سەربازیان دیتیە، دەزانن چ خۆشیەکی چیایی و پێدەشتیە، خۆشیەکە وەکو فڕین بە ناو هەور و تێکەلٚبوون بە زەردەپەڕ و کازیوە و تریفەیە، وەك دەستبردن بۆ سینەومەمك و ئەو شتانەیە، منیش سەردەمانێك ئەوها لە هەلاٚتنی جاش و جێژ چێژم چێژدەکرد..دەبوو وا بام، مەرگ لەگەلٚ جاش و سەربازان بوو، لەگەلٚ ئەوان دەهات و هێرشی دەهێنا و دەمایەوە و هەلٚدەهات، چەتۆ سەحەر دەیگوت:

((ئەو ساتانەی بە بەر چاومەوە جاش و سەرباز هەلٚدێن، وا هەستدەکەم مردن بۆ هەتایە مالٚی تێکناوە و لە جێی مردن ژیان بۆ هەمیشەیی هەلٚیداوە..))

میراتگری سێوە

چەتۆ سەحەر هەقی نەبوو ئێوارەیە یان سەحەرە ، هەقی نەبوو بارەگا لە ئاشتەواییە یان لە شەڕە، هەقی نەبوو جێی قایمە یان گوللەی لە سەرە، هەقی نەبوو دنیا وشکە کزرە تەڕە، هەقی لە هیچ نەبوو، هەر کاتیٚ سەحەر دەهات، تێیهەلٚدەکردە سەحەریٚ:

هەوەل سەحەرە

سەحەر سەداییٚ..

چەتۆ سەحەر خزمی سێوە دیان نەدەبۆوە، بەلاٚم خۆی بە میراتگری وی دەزانیٚ، بە پێکەنینەوە دەیگوت:

سێوه له سەرەمەرگدا له دوای من و تایەر تۆفیق و چەند کەسێکی نارد و گۆرانیەکانی خۆی بە سەرماندا دابەشکرد، من (سەحەر)م بەرکەوت..

ئەو چەتۆیەی سەحەری لە سێوەوە وەرگرتبوو، لە بارەگا ئاسمانیەکەوە یەك بە دەنگی خۆی تێیهەڵدەکردە هەوەل سەحەر، شەوە سپیەکان، رۆژە سپیەکان، ئێوارە و سەحەرە سپیەکانی قەندیلی پڕکردبوو لە سەحەر، لە سەحەرەوە بۆ سەحەر هەر سەحەری چەتۆ سەحەر بوو بە سەر بەفری کپدا دەستی لە دەستی با و قەندیل و قەندیل دەڕۆیشت، چەتۆ مولازمیش بوو بەلاّم کەم کەس و لە کەم جێ بە مولازم بانگیاندەکرد، لە هەموو جێیەك بە چەتۆ سەحەر ناوی رۆیشتبوو، ئەو چەتۆیە دەزانم لە کەیەوە بۆتە مولازم، بەلاّم نازانم لە کەیەوە بۆتە سەحەر، ئازادێك هەبوو، خەڵکی هەرمۆتە، خزمی نزیکی سێوە بوو، دەیگوت:

+من دەزانم چەتۆ سەحەر لە کەیەوە سەحەرە

- دە بڵێ

+ لەو رۆژەوەی سێوەیان خستە گۆڕەوە

- تۆ دەزانی سێوە لە چ ساڵێك مردووە؟

+ چۆن نازانم

- ساڵی چەند

+ ئەو ساڵەی چەتۆ بووە سەحەر

- چەتۆ کەی بووە سەحەر؟

+ ئەو ساڵەی سێوەیان لە بن گڵ نا..

ئازادی خزمی سێوە بۆ ئەوەی تێنەکەوێت، پەنای بۆ لۆجیکی هەقایەتە مێشە دەبرد و خۆی دەپەڕاندەوە..

چەتۆ سەحەر لە بن بەردێکی مەیلەو راکشاو لە ناو بەفر بە سەر چیچکانەوە سەنگەری لە جاش و سەربازان گرتبوو، دەیگوت:

لێگەڕێن، تەقە نەکەن، با تەواو بێنە پێش، با نزیکبکەونەوە..

دەهاتن، جاش و سەرباز تەواو نزیکدەکەوتنەوە، تەق، تریق، تەق تەق، زرمممممم بمب بمب بممممم..

ئێستاش زۆر جار بە دیتنی دووکەڵ، ئەو دووکەڵە دێتەوە بیناییم کە لە لوولەی کلاشینکۆفە رووسیەکەی چەتۆ سەحەرەوە دەتگوت دارجگەرەکەی منە تێکەڵی ئەو بایە دەبووکە لە گوێزان تیژتر دەیبڕی، ئێستاش لە هەموو هەڵاتنێك، هەڵاتن و غلۆربوونەوەی ئەو جاش و سەربازانە لە چاومدا لێدەدرێنەوە کە لە بن بارەگا ئاسمانیەکە لێیان دەقەوما و دەتگوت تاوێرن بە یەکتر دەکەوتن و بەرەو قوڵایی زەوی غل غل غلۆردەبوونەوە، لە غلۆربوونەوەی ئەوانیش، پێشمەرگەی تووڕە لە پێکەنینێ لە سەر پشت دەکەوتن، زۆر جار تفەنگیان لە دەست بەردەبۆوە، چەتۆ سەحەریش تێیهەڵدەکردە سەحەر، هەر سەحەر نا، سەحەر هەموو گۆرانیەکانی سێوەی دەگوتەوە، ئایشەگوڵەکەی لە هەموان جوانتر دەگوتەوە، من هەستمدەکرد لە گۆرانیەکانیدی سێوانەتری دەڵێتەوە:

گەلی برادەرینە

ئەمن ئەستێرەکم لێ هەراتیە

لە لایێ رۆژهەراتی

قەت لە درێ من ئاوا نابی

ئایشەگور دەرێ

سوارە گچکەلانەکەی من بزربوویتەوەو

قەت پەیدا نابی

دوو دوندە ئاسمانیەکە بە چڕی تەقەیان لە سەرە، تۆپ بە تۆپ دەکەوێت، پێشمەرگە لە ناو تەڕوتووشی سەنگەریان گرتووە، جاش و سەرباز خوویان بە شکان و هەڵاتنەوە گرتووە، ئەوە سەری چەند رۆژانە هێرش لە دوای هێڕش دێنن و شکان لە

دوای شکان دەشکێن و هەڵدێن و لە هەلاَتنیشدا چەتۆ سەحەر گۆرانی گۆرانی سێوە دەڵێتەوە، ئا سێوە دەڵێتەوە، لە گوێی من چەتۆ وەك سێوە، سێوە دەڵێتەوە، ئەگەر بمانەوێ لە هەلاَتنەکان ژمارەیەکمان دەستکەوێ، دەبێت لە چەتۆی میراتگری سێوە بپرسین:

ئەرێ لەو زستان و دەمەو بەهارەی بارەگا ئاسمانیەکە کە خۆت دابووە پاڵ بەردێکی بەفراوی، چەند جار سێوە و سەحەرت گوتۆتەوە؟!

تەق.. تەق.. تەق..

بمب.. بمب.. بمب..

تەق..تیق..

بمب..رمب..

لە یادمان بێت چەتۆ سەحەر لە زۆربەمان ژیاندۆستتر بوو، ناچار نەبا رووەو مردن نەدەچوو، ناچار نەبا لە پێش مردن رانەدەوەستا...

یان کوری سیکۆتین ببینینەوەو لێی پرسین:

ئەرێ تۆ کە لە ناو سەنگەر هەر بە پێوە بوویت و بە قسەی کەست نەکرد و دانەنیشتی، بە ئێمە نالێی چەند ئاربێجیت بە جاش و سەرباز و دنیاوە نا..

کوڕی سیکۆتین

ئەگەر کوڕی سیکۆتین لە یادی مابێ، لە سەنگەرە بەفراویەکانی بارەگا ئاسمانیەکە چەند گوللە ئارپێچی بە لێژایی دنیاوە ناوە، رەنگە منیش بێتەوە بیرم کە چەند جار هێرش کراوەتە سەر بارەگا.. چاوم هەندێك وێنەی کوڕی سیکۆتینی تێدا پارێزراوە، حەزیش بە نیشاندانەوەی هەندێکیان دەکەم، کوڕی سیکۆتین منداڵکارێك بوو، لە سیمادا تریاکی خۆی دەنواند، ئەو کوڕە سەرکار نا بەلاَم ناوێکی وەك سەرکاری

هەبوو، نازانم کێ بوو ناوی (کوڕی سیکۆتین)ی لەو کوڕە نابوو، بەڵام شتێکم لە سیکۆتینەکە دەزانی، دەیانگوت:

((پێشتر حەبخۆر و سیکۆتینخۆر بووە، نەبێتە درۆ سیکۆتینی نەدەخوارد بۆنی دەکرد، ئێستاش دەستیکەوێت وەك شەکرۆکە و حەریج دەیخوات و بۆنی دەکات..))

من نازانم کوڕی سیکۆتین پێشتر وا بووە یان نا، بەڵام به چاوی خۆم دیتم، ئارپێچی دەهاویشت و شتێکی بۆن دەکرد، لێرەوە حەزم لێیە ناو لە کوڕی سیکۆتین بنێم کوڕی ئارپێچی، ئەوەتە لەو پاڵ بەردە بە پێوە شەڕ دەکات، جگە لە کوڕی ئارپێچی کەس بە پێوە نابینی، چەندی گازی دەکەن، بە سێ دەنگا گازی دەکەن:

+دانیشە، کوڕە دانیشە، گوللەت پێدەکەوێت

- لێمگەڕێن، با داکی هەرچی جاش و عەسکەر هەیە بگێم..

+ بە دانیشتنەوەش دەتوانی داکیان بگێی!

- نا، بە پێوە خۆشە

+ خۆت کەر مەکە، دانیشە، با گوللەیەك ساردت نەکاتەوە

- گوللە گەرمم دەکاتەوە، با گەرمببمەوە، سەرمایە سەرما..

کوڕی ئارپێچی لە ناو بەفرێ وەها گەرم داهاتبوو، سارد نەدەبۆوە، بە قسەی کەسی نەدەکرد، دانەدەنیشت و دانەدەنیشت، هەر بە پێوە شەڕی دەکرد.. نازانم کێ بوو، دوای شەڕ لە بارەی کوڕی سیکۆتینەوە گوتی:

((ئەگەر قەندیل حەفتا شەرکەری وەك ئەو کوڕەی هەبێ، نەك هەر سوپای بەغدا هەرچی سوپای شام و قوڕەیشیانە هێرش بێنن، بە سەری شکاو و قوونی دڕاوەوە دەگەڕێنەوە..))

تەق.. تەق.. تەق..

بمب.. بمب.. بمب..

تەق..تیق..

بمب..رمب..

کوڕی حەلوا

تەماشاکەن ئەو کورە بالابەرزەی بیکەیسی لە سەر شانە و ئەو سەر و ئەمسەر دەکات، ئەوە بێستوون حەلوای ناوە، رەنگە لە دوای بەردێکی وا بگەڕێت کە بەشی شاردنەوی بکات، جا چ بەردێك هەیە پەنای ئەو بەژن و بالایە بدا، دەڵێی بێ ئیزنی باواجی وا گەورە بووە، بێستوون پێدەچوو حەلواخۆرێکی نموونەیی بووبێت، خۆی دەیگوت:

رۆژ هەبووە پێنج کیلۆ حەلوام خواردووە..

هەبوو دەیگوت:

بە حەفتەیەك یەك دوکان حەلوای خواردووە..

من نازانم ئەو قسە حەلواییانە تا چەند راست بوون، چەند شیرینی و حەلوایان پێوەکرابوو، بەڵام ئەگەر لە جێی حەلوا خورما دابنێین و ئەگەر بۆ چەند شەوێکی خورماییش بێت، بێستوون بێ حەلوا بهێلینەوە و کۆڵەپشتەکەی پڕ لە خورما بکەین، ئەودەم تێدەگەین بێستوون خورما، چ خورماخۆرێکی پڕ لە ناوك بوو، هەر هێندەت دەدیت لە تەنیشت بێستوون خورما، قەتارەیەك ناوکە خورما هەڵدراوەتەوە، نازانم چۆن و لە رێی کێوە خورما دەگەیشتە بارەگا ئاسمانیەکە و بێستوون وەردەگەڕایە سەری، کیفاحێك هەبوو، خەڵکی تکریت یان دەور وبەری تکریت بوو، وا بزانم لەگەڵ ماڵی دایکی سەدام حوسێن ئاقاریان بە سەریەکەوە بوو، ئەو کیفاحە دەیگوت، رووی لە بێستوون بوو:

هەموو دارخورماکانی بەسرەساڵی دوو جاریش خورما بگرن، هێشتا بەشی ئەو کوڕە ناکات..

کوڕی خورما ئازا بوو، ڕەنگە بە قەت ئەو ناوکە خورمایانەی لە زاری ویەوە دەکەوتنە سەر بەفرێ، فیشەکی نابێ بە جاش و سەربازانەوە، دوور نیە ئێستاش بارەگا ئاسمانیەکە پڕ پڕ بێت لە قەوان و ناوکە خورمای کوڕی خورما، بە دەم تەقەکردن و خورما خواردنەوە، کوڕی خورما دەیگوت:

((بەس خورمام هەبێت، ئامادەم یەك ساڵی ڕێك بە هەموو وەرزەکانیەوە لەو سەنگەرە بەرگری بکەم و هیچ تۆپێك، هیچ هێرشێکی جاش و سەربازان هەڵمنەقەنن..))

تەق.. تەق.. تەق..

بمب.. بمب.. بمب..

تەق..تیق..

بمب..رمب..

دەشتی جارێك هەڵیدایێ:

((بە خورما ساڵێك لە سەنگەر بمێنیتەوە، ئەدی ئەگەر حەلوای هەبێ! ئەوا هەتا ڕۆژی قیامەت هەر لەو بن بەردە دەمێنێتەوە، هەزار بیکەیسی پیردەکات.))

کوڕی دەشت

دەشتی لە دەشتی هەولێرەوە هاتبوو، لە کن ئەو دەشتیە شەڕی دەشت و دەشتایی لە شەڕی چیاوچۆلان خۆشتر بوو، بە وی با حەفتەی حەفت جاران لە دەشت و پێدەشتان یەخەی شەڕی گەورە و شەری گەورە یەخەی گرتبا، بەلاّم ساڵی جارێك لە چیاو هەوراز و نشێوان تووشی بە تووشی سووکە شەڕێکیشەوە نەهاتبا، من تەواو پێچەوانەی دەشتی بووم، هەر زراوم لە شەڕی دەشتایی چووبوو، دەشتی کەمێك ورگی هەبوو، حەزی لە هەورازە ڕێ نەبوو، دوور نیە هەر لەبەر هەندێش خۆشیی بە

شەڕی چیا نەهاتبێ، هەر لە خۆشەویستی دەشتیشەوە بە هەر دوو واتاکەی دەشتەوە ناوی لە خۆی نابوو دەشتی، ئەها چاو لێکەن..

+ ناو نەما دەشتیت هەڵبژارد؟

- خەڵکی دەشتیێ لە هی شاری بێ گرێوگۆڵترن، پێشمەرگایەتیش لە دەشت و دەر خۆشترە لە چیاو چۆل..

دەشتی خۆی داوەتە بن بەردێك،وەها بە بەردەوە نووساوە، مەگەر کیمای عەلی کیمیاوی دەنا هێز نیە لەو بەردە سەنگەریەی بکاتەوە، بە چاوی خۆم دەبینم سێرەی گرتووە لە تارماییەکانی ئەنفال..

تەق.. تەق ..تەق..

بمب.. بمب.. بمب..

تەق..تبق..

بمب..رمب..

کوڕی بەفر

دەریاش کە گەرمیانیەکی تا بڵێی جوان بوو، دوور نیە گەرمایی گەرمیان و مەتارەی بەتاڵ و چۆڕلێبڕاو وایانلێکردبێ ناو لە خۆی بنێ دەریا، لە ساتە بێ ئاوی تەریفەییەکان، لە ناوەکەی خۆیەوە و بە خەیاڵی تەڕ تەڕ تەڕایی خستبێتە سەر لێویەوە..

+ ئەرێ دەریا، دەریا بۆ؟

- لە هەڵاتنەکانی گەرمیان بپرسن..

دەریا تابڵێی بەفردۆست و شیعرویست بوو،دەیگوت:

بەفر تینوێتی ناشکێنێ دەنا ناوم لە خۆم دەنا بەفر..

دەیگوت:

غەدر لە شیعر دەکەم دەنا ناوم لە خۆم دەنا شیعر

ئەویش بەردێکی کردۆتە ماڵ و سوێندی بە بەفر خواردووە کە جێینەهێڵێ.. ئۆی، دەریا! بە لادا هات دەریا، بەفری سوورکرد دەریا، پەلە ساچمەی کام تۆپ بوو گەیشتە دەریا، دەریا کوڕە جوانەکەی گەرمیان بریندارە، ئەو خرکەلەیە کێیە دەریای بە شانی خۆیدا داوە و بە کەلێنی گوللەدا دەیبا، ئەها ئەوە دەشتیەکەیە، تەماشاکەن، لە ناو بەفری قەندیلێ، دەشتیی دەشتی هەولێرێ دەریای گەرمیانی لە پشتێ کردووە و خوێنیش شەڕێکی گەرم دەنووسێتەوە..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

ئەنتی عەرەب

ئەوەی لەو لاوە هەر ئەوەتە سەری دیارە، وا تێبگەم (ئەنتی عەرەب)ە، ئەو پیاوە پێشمەرگەیەکی عەرەب ئەوە ناوەی لێنابوو، رەنگە ناهەقیشی نەبووبێ کە بە ئەنتی عەرەب ناودێری کردبوو، ئاخر رقی دنیای لە سەلاحەدینی ئەیووبی دەبۆوە

+ باشە تۆ بۆچی هێندە رقت لە سەلاحەدین دەبێتەوە

- هێشتا رقم لێینەبێتەوە! ئەو شەڕەی بۆ عەرەبی کرد، ئەگەر بۆ کوردی بکردایە، کورد ئێستا دەوڵەتێك بوو، هەرچی دەوڵەتی عەرەبی هەیە دەست لە سەر سینگ بۆی رادەوەستان، ئاخر عەرەب هی ئەوەیە شەڕی بۆ بکەیت..

ئەنتی عەرەب رقی دنیاشی لە هیتلەر هەڵگرتبوو

+ باشە هیتلەر بۆ، خۆ ئەو خزمەتی عەرەبی نەکردووە

- هیتلەر هەر زۆر سەگبابە، دەزانی بۆ؟

+ چونکە جوولەکەی قڕکرد

- نا، چونکە عەرەبی قڕ نەکرد

ئەنتی عەرەب، سەردەمانێك لە فەلەستین شەڕی ئیسرائیلیشی کردبوو، جارێك لێیان پرسی:

+ تۆ گلەیی لە سەلاحەدینی ئەیووبی دەکەیت، لەسەر ئەوەی شەڕی بۆ عەرەب کردووە، گلەیی لە هیتلەر دەکەیت لەسەر ئەوەی شەڕی جوولەکەی کردووە، کەچی خۆشت لە ریزی عەرەبان و شەڕی جوولەکەت کردووە، ئەوە چەندی بە چەند؟!

- واز لەوە بێنن

تەماشاکەن ئەنتی عەرەب(موحسین) دەسڕێژ دەسڕێژان داوێتە جاشە کورد و سەربازی عەرەب..

تەق.. تەق.. تەق..

بمب.. بمب.. بمب..

تەق..تیق..

بمب..رمب.

کوڕی پرتەقاڵ

ئەو پیاوەی کەمێك لە سەرەوەی ئەنتی عەرەب لە پەنای بەردێك و کۆمەڵە خۆڵێکیشی هەڵداوەتەوە، دەبینم جوولەجوولیەتی و پێدەچێ جێی خۆی خۆش بکات، عەربێکی باقووبەییە، لە ناو پرتەقاڵەکانی باقووبەوە هاتووە، رەنگیشی لەو پرتەقاڵانە دەچێ کە چاو بە هەڵە دەبەن و رەنگی خۆیان بە لای سۆریدا دەبەن، هەر لەوەشەوە کوڕی پرتەقاڵی بە سەردا براوە..

+ ئەرێ ئەسعەد، بۆچی پێتدەڵێن کوڕی پرتەقاڵ؟

- دیارە تۆ باقووبەت نەدیوە!

+ باشە بۆچی رەنگی پرتەقاڵت گرتووە؟

- هەموو باقووبەییەکی رەسەن وەك منن.

+کە وابێ باقووبە چی وای باقووبەیی رەسەن تێدا نەماوە.

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تیق..

بمب..رمب..

کوڕی ماست

ئەوەی لە دواوەش لە پەنای بەردە گەورەکە دوور نیە لەگژ درووستکردنی لەفەی هێلکە بێ و پاش کەمێکیدی لە تەنیشتم تەپەیەك دێ و نان و هێلکەی خۆم دەخۆم، عادل کەس لەبیرناکات، ئەو کوڕە ماستخۆرێکی بێ ئامانە، مەنجەڵە ماستێك بە نانێکەوە دەخوات، یەکەم وشەی کوردیش کە فێری بوو وشەی (ماست) بوو، هێشتا هەر لە بەغدا بوو ماستی جوان گۆدەکرد، هێشتا چ ئاشنایەتیەکی لەگەڵ کورد پەیدانەکردبوو، هەولێری لە رێی ماستەوە ناسیبوو، دەیگوت:

((پێش ئەوەی ماستی هەولێر تامبکەم، هەر هێندەی تۆ حەزم دەچووە ماست، جارێك لە ماڵە دراوسێیەك تامی ماستی هەولێرم کرد، لەو رۆژەوە سەرم لە ناو ماست بکوڵێنن، هێشتا ئۆخەی ناکەم، باوەڕبکەن، زۆر جار لە بەغداوە تایبەت بە ماست چوومەتە هەولێر..))

کوڕی ماست دەیویست فێرمان بکات چۆن ماست بخۆین، چەندی کردی فێرنەبووین:

ماست تەنها بە نانەوە دەخورێ، چایەی بەسەردا مەکەن، چایە تامەکەی دەکوژێت، هەنگوینیشی بە سەردا مەکەن، ماست بە تامی ماستەوە ماستە..

کوڕی ماست ناوە دەیگوت:

ئای بۆ حەفت مەنجەڵە ماستی هەولێرێ

تەق..نەق.. تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تیق.

دژە قەندیل

قەندیل لە لای پێشەوە وەها سەنگەری گرتووە، ڕەنگە قیامەتیش هەستێ، بن ئەو بەردە چۆلنەکات، ئەو قەندیلە هەڵدەستاو دادەنیشت تفێکی لە قەندیل دەکرد، کەچی ئەوەتا لە قەندیلێ سەنگەری گرتووە، جگە لەوەش ناوی لە خۆی ناوە قەندیل..

+ تۆ هێندە رقت لە قەندیل دەبێتەوە، کەچی ناویشت لە خۆت ناوە قەندیل!

– ئەو دەمەی ناوم لە خۆم نا قەندیل، جگە لە گردی کلك مشك چ گرد و چیایەکم نەدیتبوو

تەق.. تەق.. تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تیق

بمب..رمب

بەردناس

ئەوی سەری ئەو سەریش کە هەر ئەوەتە سەری دیارە، لە پـال بـەردێك سـەنگەری لێداوە، مووشەکی حوسێنیشی پێدا بتەقێتەوە، نایقرنجێنێ، بە هەڵە حەمـە شـەریفی ناوە، دەبوو ناوی بەردناس بێ، چەند جۆر بەرد هەبوو، هەمووی دەناسی و ناویانیشی دەگوت، دەشیزانی کام بەرد ناسکە و بە گوللـەی دەمانچـە شـەق دەبـا و کامیشـیان حەفت تۆپیشی پێبکەوێت هێندەی کەلابەردێك بەردی لێناکەنەوە، بەردناس ئەوهایە کە خۆی دایە بن بەردێکی بە دڵی خۆی و سێرەی لە جاش و سەربازان گرت، بەردەکە ببەزێ و هەڵێ، بەردناس لە جێگەی خۆی نابزوێ..

تەق.. تەق.. تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تیق..

بمب.زرمب..

ئەکتەرە ئەمریکیەکە

پێشتر کە سمێڵی هەبوو، لەوی دەکرد، بەڵام بەو رادەیە نا کە لە توانای چاو نـەبێ لێکدیان جودابکاتـەوە، بـەڵام ئێسـتا دوای ئـەوەی لـە سمێڵـی دەهـری بـوو، پووختـە مووسێکی پێدا هێنا، خۆی بووە ئەکتەرە ئەمریکیەکە، لە پێکەنینیش هەر ئەکتەرە ئەمریکیەکەیە، ئەوەتا گوێم لە پێکەنینیەتی، لەو وێرانبوونەی بارەگا ئاسمانیەکە بـە دەم تەقەکردنـەوە حریـت حریـت پێدەکـەنێ، ئەکتـەرە ئەمریکیەکـەش وای دەکـرد، ئەکتـەرە ئەمریکیەکـەی نـاو فیلمەکـە نـەمانزانی نـاوی چـی بـوو، بـەڵام ئەکتـەرە ئەمریکیەکەی بارەگا ئاسمانیەکە ناوی لە خۆی نـابوو (رەنجبـەر) تـا نـەبووە ئەکتـەرە ئەمریکیەکە هەر بە رەنجۆ بانگیاندەکرد، بۆ یەکەمجاریش کـەریم فـەیلی کـە هێنـدەی ئەمریکیەکیش کـوردی نـەدەزانی، لێکچـوونە کتومتەکـەی نێـوان رەنجـۆ و ئەکتـەرە

ئەمریکیەکەی دیتەوە، ئەکتەرە ئەمریکیەکە لە ناو بەفری قەندیلی لە پاڵ بەردێ لە سەر چیچکان تەقە دەکاو پێدەکەنێ..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق

بمب..رمب..

کوڕە مینچێنەکان

ئەو دووەی وا لە دواوە سەریان لە بن گوێی یەکتر ناوە، گوێم لە دەنگیان نیە، بەلاّم دەزانم لە بارەی چیەوە دەدوێن، لە شەڕگە و ئاقاری شەڕدا مینچێن جگە لە مین لە چی دەدوێ، ئەو دوو مینچێنە هەردووکیان مولازمن، ئەحمەد شاهێنیان هەولێریە ماجدیش بەغدایی، ئەو دوو ملازمە پیشەی ئێستایان مینچاندنە، لە چاویان دیارە چاوەڕێدەکەن تا تاریکی دابێ و دەستبەکاربن، ئەو دوو ملازمە مینچێنە دەچن لە رێی جاش و سەربازان مین دەچێنن، هەر جاش و سەربازێك لەوێ لە ئاقاری بارەگا ئاسمانیەکە مینی پێدا تەقیبێتەوە، بێ هیچ گومانێك دەستی کوڕە هەولێری و بەغداییەکەی تێدابووە..

تەق.. تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

بمب..رمب..

سەنگەرەكان

چەند سەنگەرێك لە سەنگەرەكانی بارەگا ئاسمانیەكە سەنگەریان گرتبوو، هەر سەنگەرە و بە شتێك لەویدی جیادەكرایەوە و دەناسرایەوە، یەكیان بە ئاوەڵناوی سوور، یەك بە خزمایەتی لەگەڵ مەلا نەفتە، یەك بە(كەرماكەر) یەك بە..ئێستا تەنها سوورەكەیان لە من دیارە، وەك دەڵێن هەرێی بە خۆی داوە، سوێندی بە رەنگی سوور خواردووە تا سەنگەرەكەی سوور هەڵنەگەڕێ چۆلی نەكات.

ئەو سەنگەرە سوورە نازانم ماڵی خۆیان لە كوێ بوو، بەلاّم ماڵە خوشكێكی لە سەیداوەی هەولێر لەو كۆلانە بوو كە من بە منداڵی بە بەردی بەردەقانی سەرم پیس شكا و ئێستاش جێگاكەی دیارە.. سەنگەرە سوور سەنگەرەكەی زۆر قایمە، بەردێك لە پێشی یەك لە پشتی، هاوەنیش نایگرێتەوە..

زرمەیەك چیای هەژاند، بێ ئافاتی كەی خودایە، هاوار لە هیچ لایەكەوە بەرزنەكەیتەوە خودایە، تنۆكە خوێنێك لە پەنجەی هیچ پێشمەرگەیەك نەیە ،خودایە..

+ بمگەنێ بەر من كەوت..

- سەنگەر، سەنگەر..

سەنگەر سەنگەری سووركرد، ئەو برینە بە هی ساچمە ناچێت، رەنگە برینی ئەو پەلە بەردانە بێت كە تۆپەكە بە سەر سەنگەرەكاندا باراندنی و سەنگەر بەركەوت..

تا ئێستا بارەگا ئاسمانیەكە دوو برینداری هەیە دەریا و سەنگەر..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

بمب..رمب..

پیاوە سوورەکان

ئەوانەش پیاوە سوورەکان، بە لای چەپدا کەمێك شۆڕبییەوە دەیانگەینێ، دوو لەو پیاوە سوورانەم بە سوورایی تەواوەوە لە نیگادا ماوە، سەلیمە سوور و هەمزە سوور، لەوەتەی پێدەشتی پژدەر بەهاران گولێلکە سوورە دەگرێ، ئەو پیاوانە سوورن، ئەوانە کە دایانە لاملی بەردەستێش بۆیان نەرم دەبێ، پێدەچێ دابێتیانە لاملی، بۆیە شەڕ درێژەی دەبێ، شەڕ بێ کۆتایە، سەنگەر چۆلکردن خەیاڵێکە مەگەر تەنها لە سەری جاش و سەربازان بۆ تاوێك بگەڕێ، گۆنای پیاوە سوورەکان کە لە پاڵ بەردی بەفراوی سێرەیان گرتووە، دەڵێی تەماتەی بن بەفرێن..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

بمب..رمب..

مندالی جوامێر

منداڵە، زۆر منداڵە، تازە مووی لێدێ، بەلام لە شەڕێ کەم پێشمەرگەی جوامێر هێندەی وی بە ئەزموونە، ئەگەر باوەڕیش ناکەن تەماشاکەن، چۆن سەنگەر دەگرێ، لە ساتەکانی هێرشبردن بیبینن، لە ساتەکانی بەرگری بیبینن، لە پاشەکشێ و هەلاتنێ بیبینن، ئەودەم باوەڕدێنن ئەو منداڵەجوامێرە ناوی پێشەوایە و لە شەڕێ لە شاگردانی سمکۆی شکاکە..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

بمب..رمب..

پێکی شۆرش

ئەو شۆرشەش هەر لە شاگردانی سمکۆی شکاکە، سوێندی بە شۆرش خواردووە کە هەتا شۆرش مابێ دەبێ هەر لە شۆرشدا بێ، بەڵام وەك زۆر کەسیش مەرجی هەبوو بۆ مانەوەی لە شۆرش.. هەبوو دەیگوت:

شۆرش بێ چایە ناکرێ..

هەبوو دەیگوت:

شۆرش بێ جگەرە ناکرێ..

هەبوو دەیگوت:

....

بەڵام شۆرش ئەوهای دەگۆ:

شۆرش ناوە ناوە پێویستی بە پێکێك عەرەقە..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

پیاوی بێتەل

ئەو پیاوەی دوادواوە دەبینن، بە دانیشتنەوە بە قەد بەژنێك بەژنی هەیە، ئەوە ئەبوو ئەحلام بێتەلی ناوە، وا بزانم (ئەبوو وەحش)یشی دەڵێنێ، نابینن بێتەلەکەی

خستۆته بن گوێی و هەواڵی شەڕ دەگوازێتەوە، ئەو پیاوە بە خۆو بە بێتەلەوە بە ناو هەموو شەڕەکاندا هاتووە و هەواڵی هەموو شەڕەکان لە کن ئەو پیاوە درێژەیە کە پێیەکانی دەتگوت دار خورمان..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

بمب..رمب..

پیاوی پیتچن

ئەو پیاوە دەبینن، ئەوەیان دەڵێم کە لە پیاوە بێتەلەکەش بالابەرزترە، ئەها لە پەنای بەردەکە جێگەی نابێتەوە، دەیناسن کێیە؟ هەرچی پەڕەکاخەزی چاپکراوی حزب هەیە، پەنجەکانی ئەو کوڕەیان پێوەیە، پەنجەکانی هەمیشە بە شێوەیەك لە جوولەن دەڵێی لە سەر ئامێری ڕۆنیۆن، ئەها پەنجە نانی بە پەلاپیتکەی تفەنگیشەوە پیتچنییە، ئەریێ ئەو کوڕە پیتچنە تفەنگهاوێژە ناوەکەی لە چیەوە هاتبوو؟ هاوکار..

تەق..تەق

رمب..رمب..

دەفتەرنووس

ئەو پیاوە خرکەڵە قەڵەوەی ئەو تەنیشتەش کە بەردێکی وەك خۆی خڕی کردۆتە سەنگەر، ناوی ملازم کەریمە، بەقەد مووی سەری خۆی دەشت و پێدەشت و کەند و چۆم و هەوراز و نشێوی بڕیوە تا گەیشتۆتە بارەگا ئاسمانیەکە، کەچی ئەو ورگەی

گرتوویەتی داینەناو داینەنا، ئەو پیاوە لە ناو سەنگەرێش دەفتەرێکی بە دەستەوەیە و ناوە ناوە شتێکی لێ دەنووسێ، ئای مەرەقم بوو بزانم لە قەڵەمەکەیەوە چی دەڕژێتە دەفتەرەکەیەوە، نەمزانی، هیچی نەدەگۆت، درەنگ زۆر درەنگ، کتێبی (راونراوەکان)ی ملازم کەریم خوێندەوە، هەندێ لەو پێشمەرگانەی لە بارەگا ئاسمانیەکە بەرسینگی جاش و سەربازیان گرتبوو، لە ڕیزی راونراوەکان ڕێزیانگرتبوو..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

بمب..رمب..

کوڕی نان

ئەو کوڕەی لاتەنیشتێکی لێم دیارە و لە بن پرووشەی بەفرێ بابۆڵەیەکی بە دەستەوەیە و وا لوولی دەدا، بەختیار خەرابەیی ناوە و پتریش بە بەخە بانگی دەکەن، ئەو کوڕە بەس برسی نەبێ، ئامادەیە تا ڕۆژی قیامەت هەر بە چیاوە بێ، هەر شەڕ بکات، لە خۆوە نازناوی کوڕی نانی وەرنەگرتووە، کە دەکەوێتە سەر نان ئەگەر خەمی بڕانی نانی نەبێ، هێندەی هەمزە پاڵەوان دەخوا، جگە لەوەش پێش ئەوەی دەست بۆ کەوچکی شیوێ ببا، دوو نان بە رووتی لوولدەدا

- ئێ بە شیوەوە بیخۆ

+ نا، شیو لە خورێنی خۆش نیە

کوڕی نان پتر چێژی لە نانی رووت وەردەگرت، دەیگوت:

((نان تامێکی تایبەتی هەیە، هیچ تامێك ناگاتە تامی نـان، بۆیـە بـۆوەی تـامی نان لە نان وەربگریت بە رووتی بیخۆ و بە هیچ خواردنێك تامی نان تێکمەدە، با ئەو خواردنە هەنگوینیش بێت..))

کوڕی نان دەستێکی لە سەر پەلاپیتکەی کلاشینکۆفە و دەستێکیشی بە نانەوە.. کوڕی نان لەبەر خۆیەوە بەندیش دەڵێ، زۆری لەبەرە، بەندی (هـەی مەشـکێ) خـۆش دەڵێ..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..س

تەق..تریق..

بمب..رمب..

شاگردەکەی فەهد

ئەو کوڕە بەژنزراڤە دەبینن، بە کەلێنی تۆپەکانـدا لـە باشـووکە باشـووکەتر دێ و دەڕوا، لـەو سـەنگەر بـۆ ئـەو سـەنگەر لـە سـەر دەگـەڕێ و زۆر جـاریش بـە پێـوە شـەڕدەکات، ئـەوە مـلازم شـێرزادە، لـە هەڵمـەتبردن شـێر بـە تـۆزی پێـی ناگـات، سروودی(پێشمەرگەی بەهەڵمەتین) دەتگوت بۆ ئەو ملازمە هەڵمەتبەرە گـوتراوە، لـە کاتی تێکشکان و هەلاتنی جاش و سەربازان گوێ لەو شێرزادە بگرن:

لە شاگردانی فەهدی قارەمانین، قارەمان..

هەر بە هۆی زۆر گوتنەوەی ئەو سروودە، ناونرا شاگردەکەی فەهد، ئای خۆش و پڕ خرۆش دەیگوتەوە، من کە حەزیشم لەوە نەبوو بە شاگردی فەهد ناوم بێنن، بەلام لەو ساتانەی شاگردەکەی فەهد دەیگوتەوە، منیش دەمویست لەگەڵ وی بیلێمەوە، دواتـر بیستمەوە، جاشێك لەو جاشانەی بەشداری لـە هێرشـکردنە سـەر بارەگـا ئاسمانیەکـە

کردبوو، له کاتی شکان و هەڵاتندا گوێی لە سروودەکەی شاگردی فەهد بووە و گوتوویەتی:

منیش بە دەم هەڵاتنەوە، بە بێ ئەوەی بزانم بۆ، یەك بە دەنگی خۆم دەمگوت:

لە شاگردانی فەهدی قارەمانین، قارەمان..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

بمب..رمب..

کوڕەکەی ئایشەگوڵ

ئەو پیاوە بالابەرزە چوارشانەیە دەبینن، وا لە شاگردەکەی فەهد نزیکبۆتەوە، ئەها وا پێکەوە قسەدەکەن، رەنگە شتێکی گرنگ لە بەرەی شەڕ روویدابێت، ئەو پیاوە من بزانم بە هەڵە پێیدەڵێن حەمەی حەلاق، راستیەکەی حەمەی ئایشەگوڵە و کوڕە جوانەکەی ئایشەگوڵە، ئەو ئایشەگوڵەی لە دیدی منەوە لە هەموو گوڵان گوڵتر بوو، ڕوومەتی کوڕەش لە هی دایکی دەچێت ڕێك دەڵێی سێوە لاسوورەکەی ناو گۆرانیەکەیە، ئەوەی لە ناو باخچەی هیران و نازەنینێ تازە فەریکە.. کوڕەکەی ئایشەگوڵ، دەڵێی هەواڵی سەرریژ تراژیدیای دایکیی پێگەیشتووە، کز و تووڕە دیارە، دەیەوی بە دوو تفەنگ شەڕبکات، تفەنگێکیان تایبەت بۆ تۆڵەی ئایشەگوڵ، من لە هەموو نیگایەکمدا کە دەیبڕمە کوڕەکەی ئایشەگوڵ، سمکۆی شکاك دەبینم، بە دەست خۆم نیە حەمەی ئایشە گوڵم لێبۆتە سمکۆی شکاك..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

بمب..رمب..

تەتەری پژدەری

ئەو پیاوە پێدەچێ سەر بە تیرەی لەمەچێتران بێ، بەو باو بۆرانە، بەو بۆردومـان و تۆپبارانە، بەو دنیا وێرانە چۆن گەیشتەوە ئێرە، ئەو پیاوە پێیـەکی لـە قەندیلـە، لـە چیایە و پێیەکیشـی لـە رانیەیـە، لـە شـارانە و پژدەریشـە، هـەر کـاتێکیش نیفـۆی شەرواڵەکەی تەماشابکەیت، پڕە لە پـەڕە کاخـەزی لوولـدراو، ئـەو پـەڕە کاخەزانـە، هەمووی نهێنیی حزبن، پژدەریی رەسەن زۆر جار دەیگوت:

((لە فسێی نهێنی بەم، نیوەی نهێنیی حزب لە ناو نیفۆی محەمەدە..))

ئەو محەمەدە دەمێکە ناوی بۆتە تەتەری پژدەری.

تەق.. تەق..

رمب..رمب..

کوڕانی بەو بەو

ئەها ئەو سێ چوار پێشمەرگەی لای خوارەوەتـان لـێ دیـارە! ئەوانـەی مەیلـە و سێگۆشەیی سەنگەریان گرتووە، ئەگەر بە هەڵـەدا نەچـووبم، ئەوانـە ئەوکوڕانـەن کـە لەبەر خۆیانەوە بەردەوام گۆرانیی(بەو بەو) دەڵێنەوە، ئەو کوڕانە لە نزیك ئەلوەندەوە هـاتوون، ئـا، هـەون،هی پێشـەوە سـەلوانە، ئـەوی دواوە بـە لای چـەپ، خەسـرەوە، ئەویتریان نەهرۆیە، ئەها نـەهرۆیان، لـە سـەنگەرەکەی هاتـە دەرێ، گـوێم لێبـوو بـە نەهرۆیان گوت:

((بگەڕێوە دواوە، تۆ زۆر نەخۆشی..))

لە بن پرووشەی بەفرێوە دەبینم نەهرۆ رەنگی تێکچووە، سەرما بە نەهرۆ وێراوە، جا سەرمای قەندیل بە کێ ناوێرێ، وا گەڕایەوە دواوە، دکتۆر هۆشەنگ خۆ ئامادەکە، نەخۆش هات، بۆ ئامادەکردنی دەرزیەك دەبێ دەمژمێرێك زووتر دکتۆر ئاگاداربکرێتەوە، بە کاوەخۆترین دکتۆر لە دنیایێ دکتۆر هۆشەنگە، کاوەخۆییش لەوێ بوەستێ، لەبیرچوونەوە گرفتی گەورەی دکتۆرە و قوڕبەسەریەکەش بۆ نەخۆشەکەیە، پێت دەڵێ:

+بوەستە ئێستا دەرزیەکت لێدەدەم..

- بەس توخوا زووبە..

+ خەمت نەبێت، هەر ئێستا..

هەر ئێستای دکتۆر هۆشەنگ ئەگەر بیرینەخەیتەوە، شەو و رۆژێکە، ئەوە چووە بۆ ئامادەکردنی دەرزی، دەبینی وا خەریکی خاوێنکردنەوەی تفەنگەکەیەتی

- ئەوە چی دەکەیت؟

+ گوتم هەتا نەخۆش نەهاتووە، با تفەنگەکەم خاوێنبکەمەوە..

- ئەدی من نەخۆش نیم و تۆ نەتگوت دەرزیت لێدەدەم

+ دە وەڵلا راستدەکەیت..

دڵنیام تا ئێستاش نەهرۆ لە چاوەڕێی دەرزیەکە و دکتۆر هۆشەنگیش رەنگە..

دکتۆر هۆشەنگ بەو بە هێواشی و لەبیرچوونەوەی خۆی بە ناو هەموو شەڕەکاندا هاتووە، هەر لە گەرمیانەوە تا کوێستانی قەندیلێ..

تەق..تەق..تەق..

بمب..بمب..بمب..

تەق..تریق..

بمب..رمب..

ئـەوە پێشـمەرگەیەکیدیش سـەرما بـردی، پیـاوی بڵنـدی پـژدەری گوتـەنی، بـە پێکەنینەوە دەیگوت:

((هەموو وەك کیری سەگ هەڵدەلەرزین، وا بڕوا یەك یەك لە ترێ سەی دەچین..))

لە بیرمان بێ پیاوی بڵندی پژدەری بۆ بـە هەمیشـەیی لـە بارەگـا ئاسمانیەکەیـە و نەهرۆ گوتەنی:

((بۆتە تاشە بەردێك بە قەندیلەوە و خوداوەندیش ناتوانێ جێی پێلەق بکات..))

سارده تا خوداوەند حەزبکات، دنیا قەت لەوە ساردتر نەبووە، بەفر لێیکردۆتـەوە، بایەك هەڵێکردووە پێستی گورگ شەقار دەکات، ئای بایەکی سـاردە خودایـە! دەبێت دوعابکەین، تۆپەکان نزیکتر بکەونەوە، پێشمەرگە خۆی بە گەرمایی تۆپەکان بە گەرمایی گوللە گەرمدەکاتەوە..

بەفر تێیکردەوە، ئەو جارە پێناچـێ لێکاتـەوە، وا بـڕوا کـەس کـەس نەناسـێتەوە، هێشتا پێشمەرگە تێکەڵی بەفر نەبووە، هێشتا هەموو لە رەنگی بەفر نەتواینەتـەوە، هێشتا هەندێك لەوانەی نزیکن دەناسمەوە..

ئەها ئەوکوڕە تیلاك خوارە باخەوانە هەلەبجەییە، بە تەنیشـت ژەهـردا گەیشـتۆتە ئێرە، لە بیرم نەچێ من بە سێ پارچە پاکەت و بە سـێ هـەزار تومـەن قـەرداری ئـەو باخەوانەم، کەپرەکەی گۆڕەشێر شایەدە..

ئـەو منـداڵکارە باریکەلەیـەش دڵنیایـە و مـن بـە کورتـەك و شـەرواڵێکی جـوان قەرداریم، شایەدیش بنە دار هەنجیرەکەی کانی تەلانی هەورێیە..

ئەو کوڕەی لە هەمووانیش رەشتاڵەترەو ددانیشی سـپی سـپی لـە بـەفریش سـپیتر رێبوار عەرەبە، تا مردن قەرد بدەمەوە قەردی ئەو کوڕە تەواو نابێت، دەزانن بە چەند مەتارە شەڕاب قەرداری ئەو رێبوارەم! دەبێت لە رووبارەکەی نۆکان بپرسین..

ملازم سـاریش کـە نـازانم لـە کەیـەوە ملازمـە ئەوەتـە سـەنگەرەکەی نزیکـە لـە سەنگەری رێبوار بە جووتێ گۆرەویی ئەستوور قەرداریم، خۆیشـی لـە بـیری چـووبێت

چەند داربەڕووێکی قژ بەفراوی لە داربەڕووەکانی چیای پێرس لـە بیریانـە و زوو زوو بەبیرمدێننەوە..

هەژاری کۆییش لە خوارترە، ئەو کوڕەی بە سەفەرێکی رێی رووسیا قـەرداریم، هەرێمدابوو پێکەوە بچینە رووسیا، من لە سەرەتای رێ پەشیمانبوومەوە!

ئەحمەد عـەرەب لە دواوەیە، قەرداری ئەو کوڕەشم، دەرزیەکەی ئەو نەبا ئەو جارەی دوپشك پێوەی دام هەر چاك نەدەبوومـەوە، جگە لەوەش بە وێنەیەك قەرداریم، وەختی خـۆی لـە نـاو بـەفری گـارە بـە کامێراکـەی خـۆی وێنەیـەکی گـرتم، بـەلاّم ئێسـتاش نەمدیتەوە..

(ابو جنان) یش دیارە، بەلاّم من قەرداری (ام جنانم)، باشم لەبیرە لـە بارەگایـەکی گارەیی کانی توبەی ناو بوو، جارێك بەبێ ئەوەی کەرەستەی پێویسـتی دۆلّمـە لەبـەر دەست بێ، دۆلّمەیەکی بۆ دروستکردین لە هەولێریش بە عـەنکاوەوەش هـیچ ژنێـك دۆلّمەی وا بە تامی روونەکردۆتە سەر سینی..

ئەوانێهێ کێن! دکتۆر سەعد و مامۆستا رزگار، ئەوی پەڕگە بە لای چەپ دلزارە، هـەموویان دەناسمـەوە، شـالاّوە، برووسـکە، کوردەیـە، شـەماڵە، شۆرشـە، کیفاحـە، سەرهەنگی مەلا نەفتەیە..

بەفر، بەفر ئەوە بەفرە دەبارێ، یـان ئاسمانـە پارچـە پارچـە بەردەبێتـەوە، پارچـەی گچکە کچکە زۆر گچکە بـە قـەد نـاو لـەپی ئـەو کچـەی سـەردەمانێك بـە هـەردوو ناولەپی ناسك و نەرمی سپی لە بەفر ناسکتر و نەرمتر و سپیتر، چاومی دەشاردەوە و دەیگوت:

((هەر دەڵێ رووشت لە مـن نـەبێ، چـاوەکانت دەبیـنم و دەزانم کـە داخـراون یـان کراوە، دە بزانە ئێستا چی دەکات!))

کلوو بـەفری قەنـدیلێ چـەند لـە ناولـەپی ئـەو کچـە دەکـات کـە بەجێمهێشـت و بەجێیهێشتم و نەمدیتەوە..

بەفر لێناکاتەوە، ئاسمان لێناکاتـەوە، پێشـمەرگە سـپیە، شـەڕگە سـپیە، قەنـدیل سپیە، دنیا سپیە، رەنگ لە دنیا نەما، ئیدی لە سپێتیی دنیادا کـەس نەناسـرێتەوە، دەبێ لە رێی دەنگەوە درێژە بە ئاشنایەتی بدەین، دەبێ دوعا بکەین کەس لە دەنگ نەکەوێ، دەنا دەڕوا و نەناسرێتەوە، لە کپێتی بەفر دەنگی تۆپ چەند ناسازە بە دنیا، دەنگی تۆپ ناپسێتەوە لە گوێ ..

پێشمەرگە زوو زوو جێگـۆڕکێ دەکـەن، دەسـتەیەك دێ و دەسـتەیەك دەکشـێنەوە پاشێ، دەچنە ژوورە بەفریەکە خۆ گەرمدەکەنەوە، ئەگەر ئاگریش نەبێت هـەر چـوونە ژوورەوە گەرمبوونەوەیە، قەندیل ئەوهایە، بەوەی باشە خواردن هەیە، هێلکەی کولاو هەیە، قەسپ و خورما هەیە، نانیش هەتا دەخۆی هەیە، جگەرەش هەیە، زۆر جار لە شەڕەکان پێشمەرگە خۆشەویستە، پێویستی بە تووتن و جگەرە پێچانەوە نیە، پاکەت هەیە پاکەت، من زۆر کەڕەت کە پاکەت دەبینم بە دەست خـۆم نیـە، نـازانم نـە لـە دڵەوەیە نە سەر زاریە دەڵێم:

((خودایە بەردەوامی بە شەڕ بـدە، بـەردەوامی بـە هـەر شـتێك بـدە کـە پاکـەتی جگەرەی پێوەیە..))

بەفر دادەکات، ئاسمان دادەکات، رەنگ و بێ رەنگی دادەکات، بایەك هەڵیکردووە پێدەچێ یەکە یەکە کوێستانە هەرە ساردەکانی دنیـای کردبـێ، سـەری بـە سـەرجەم سەهۆڵبەندەکانی دنیادا گرتبێ، سەرمایەکە گـورگ تووشـی پەسـیو و بـەراز تووشـی زگچوون دەکات، تۆ بڵـێ پێشـمەرگە لـە گـورگ و بـەراز قـایمتربێ! شـایی شـایی لـە کەلێنی تۆپەکانەوە شایی، ئەگـەر نـاوە نـاوە لـە کـەلێنی تۆپەکانـەوە پێچـێ شـایی دانابەستێ، پێشمەرگە دەبێتە چلوورە بە قەندیلەوە.. لە بیرمچوو بە درێژای شەڕەکان وێنەی ئەو پێچە شاییانە نیشاندەمەوە کە پێشمەرگە لەبەر پرووشەی بەفر و ساچمە، لە بن رێژنەی باران و گوللە، لە پشووی تۆپەکان، لە ناو سـەنگەرەکان دایاندەبەسـتا، هیچ تیپێکی شایی هێندەی پێشمەرگەکانی شەڕگە ئاسمانیەکە شاییان نەکردووە و وا

جوانیش شایی نازانن، من بیژۆك دەرچووم، شایی شایی، بۆ وەی نەبیە چلووره شـایی شایی، لە سەرکەوتن و دۆڕاندا هەر شایی و هەر شایی، پیاوی بـەژن بڵنـدی پـژدەری دەیگوت:

خودا شایی لەپێش شین بۆ مرۆڤ ناردووە، بۆیە شایی شایی..

پژدەریی رەسەنیش دەیگوت:

لە فسێی بەم بەفرەکە هی ئەوە نیە بە فس گەرمبینەوە، یالاّ شایی شایی..

کوڕەکەی ئایشەگوڵیش دەیگوت:

با ئارپێچی سەرچۆپی بگرێ و بیکەیسیش گاوانی، دەی شایی شایی..

تەماشاکەن ملازم شێرزاد لە هەمووان جوانتر شایی دەکات..

بمب..رمب..بمب..

رمب..بمب..رمب..

دەمەوێ کوڕەکەی ئایشەگوڵ تیکەمەوەو بە دزیەوە پێیبڵێم:

هەرچی دوند هەبوو لە دەستمان دا، مانەوەی ئـەو دونـدە لـە دەسـتمان واتایـەکی هەیە! بۆچی خۆمانی لە سەر بفەوتێنین..

ناوێرم بیڵێم، دەترسم بە ترسنۆکم تێبگات و بڵێ:

دەزانم ماندوو بوویت، تۆ پێویستت بە پشووە..

لە بارەی شەڕەوە قسەیەك نەکەم دەتەقم، دەبێت کەسـێك ببینمـەوە، واتایـەك بـە شەڕ ببەخشێتەوە، لە ئێستادا ئێستای بن بەفری قەنـدیلێ مـن چ واتایـەك لـە شـەڕ نابینمەوە، با ئەو کوڕە عیساییە بدوێنم، ناوێکی وەك نازم یان نزیك لە نازمی هەیە:

+ شەڕ چ واتایەکی هەیە!

- دەشێ هەیبێ دەشێ نەیبێ..

+ روونتر قسە بکە

- واتایەکە لە دەستی خۆمانە

+ لە دەست خۆمانە

- ئا، ئەگەر حەزمان لێبێ شەڕ واتای هەیە، ئەگەر نا واتای نیە..

هەستمکرد لەو قسەیەوە واتایەکی شەڕم دەستکەوت

بەفر..بەفر..بەفر

بەفر سەراپای دنیای داگرت

بەفر هەموو ڕێگاکانی لە سەر بارەگا داخست

بە ڕێگای شەڕیشەوە

ناوە ناوە تۆپێ دێ، ئەویش هەر هێندەی بەربوونەوەی تاوێرێك لە چیا، کەمتریش ترس لەگەڵ خۆی دەهێنێ، ئێستا سەنگەرەکان چۆڵن، چەند پێشمەرگەیەك لە بارەگا ئاسمانیەکە بە دیار سۆبەوە، ورد ورد شەڕ دەگێڕنەوە، شەڕ شەڕ بەبیردەهێنێتەوە، شەڕ شەڕ رادەکێشێ، یەکە یەکەی شەڕەکان دەگێڕنەوە، لە دوا شەڕەوە شەڕەکانیدی دێنەوە ناو گێڕانەوە، شەڕ و شەڕ پێدادەگەڕێنەوە، بە پشتئاشاندا دەگەڕێنەوە و دەگەنەوە هەندرێن، شەڕەکان هەر هەموو شەڕەکان دێنەوە ناو گێڕانەوە..

ماندووم، سەرم گێژە لە گێڕانەوەی سەرهاتە شەڕاویەکان، شەڕ خۆشترە لە شەڕ گێڕانەوە، من لەوێ وابووم، بە من با لە شەڕێ بام و لە هەموو لاوە گوللەم لە سەر با، بەلاّم کەس شەڕم بۆ نەگێڕێتەوە..

بەفر..بەفر..بەفر..

هەور دەڵێ:

بگەنەوە ڕێی چوونەوە

ڕێبەندانێکی هەمیشەیی لە ڕێیە..

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری لە زمانی هەور گەیشت و بە قسەیکرد، بارەگا باریکرد، ئێستا بارەگا ئاسمانیەکە چۆلە، رەنگە ئەوە جاری یەکەم بێ ئەو بارەگایە

چۆلەوانی بە خۆیەوە ببینیّ، پێشمەرگە لە ئاسمان هاتە خواریّ و بە سەر زەویدا دابەش بوو، چۆوە بن زەویش، ئەوەتا هەندێك شۆڕبوونەوە دۆڵەکۆگە، ئەو دۆڵەی کەوتۆتە بن زەوی، هەندێك بەفر و بەفر رۆیشتن و گەیشتنەوە ناوزەنگ و گۆڕەشێر و نۆکان..من لە ناوزەنگ بە دیار سۆبەیکی هەمیشە داگیرساوەوە، خەریکم عەشق لەگەڵ ئەو نیو بوتل عەرەقە دەکەم کە دکتۆر هۆشەنگ بە دیاری دایمیّ، دیستۆفسکیەکیش کە رێبوار عەرەبی فارسیزان لە تارانەوە هێنابووی خۆم بە خوێندنەوەی خەریککردووە، حەیف پاکەتی جگەرە نەما، پاکەت لە شەڕەوە دیّ کە شەڕ چوو پاکەتیش چوو..

هەواڵێك لە پیاوی بەژن بڵندی پژدەریەوە:

((هەرچی زووە بگەنەوە بارەگا ئاسمانیەکە، جاش سەرباز وا وەك بزن بە ناو بەفریّ بە چیادا هەڵدەگەڕێن، زوو پێشیان پێنەگیریّ، بارەگا لە دەستچووە..))

پیاوی بەژن بڵندی پژدەری و پژدەرەیەکان لە کوێوە چاویان لێبوو وا جاش و سەرباز بە بارەگای ئاسمانیدا هەڵدەگەڕێن! نازانم، ئیدی لە هەموو لایەکەوە پێشمەرگە بە ناو بەفریّ بە سەر بەفریّ بە باڵ باڵیانگرت و گەیشتنە بارەگا ئاسمانیەکە و نەیانهێشت پۆستاڵ پیّ بنێتە بارەگا، شەڕ، شەڕ، دیسانەوە شەڕ، من ناچمە شەڕیّ، ئەگەر بچم ئەو کوڕە نابینم کە لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو، دەبیّ لە ناوزەنگ و لە ژوورە یەك کەسیەکەی ناوزەنگ بمێنمەوە و پێشوازی لە کوڕی کتێب بکەم..

لەو دەستەیە هەر ئەو پیاوە لە یادەوەریمدا دەدرەوشێتەوە کە بەژنێکی کورت و سەر و ریشێکی خورمایی هەبوو، خۆیشی لە ولاّتی خورماوە هاتبوو، دەستەیەکی نازانم چەند کەسی بووین، ئەو پیاوە دوو تفەنگی بە شانەوە بوو، رەنگە هەر ئەوەش وایکردبێت هەتا ئێستا لە یادەوەریمدا هەمیشە لە پێشمەوە هەڵتەك هەڵتەکیەتی، ئەو پیاوە جگە لەوەی تفەنگەکەمی هەڵگرتبوو، ناوە ناوە دەستیشمی دەگرت، جگە لەوانەش ئەو قسە خورماییانەی بۆ دەکردم کە بۆ رێگەی دوور پێویستن و کورتی دەکەنەوە، ئەو قسانەی لای کەم کەس دەستدەکەون.. لە بیرمە هێشتا رێگە سەختەکەی نزیك (دۆڵە کۆگە)مان ئەو دۆڵەی لە دیدی منەوە قووڵترین دۆڵی دنیایە، نەبڕیبوو گوتی:

((خەمت نەبێت، وا مەبینە چ بەژنم نیە، تووڕەبم دوو پیاوی وەك تۆ و زیاتریش دەخەمە سەر ملم و هەتا بنی دنیایێ راناوەستم، شەرم مەکە هەر نەتتوانی بڕۆی، قسە بکە لە پشتێت دەکەم))

بەو قسەیە دڵم خۆش دەبوو، ئەوەشم لەبیرە لە بەر خۆمەوە دەمگوت، ئەگەر لە پشتێم بکات چۆکم لە عەردی دەخشێ.

ئەو رێگەیەی باسی دەکەم، زۆر سەختە، لە دنیایێ جگە لە پێشمەرگە پێی کەس بەو رێگەیە نەکەوتووە، هەتا بڵێی سەختە بە تایبەتی لە ساتی بەفر و بارانێ، ئەمن دەڵێم بزن بە بزنایەتی خۆی چەقۆی لە سەر سەری رابگری، ناوێرێ خۆی لەو رێیە بدا، باریکە رێیەکە خوا بەس بۆ ئەوەی درووستکردووە جار و بار مار پیاسەیەکی پێدا بکات، هەر پێت بڕوا، رۆیشتی، یان بەهەشت یان دۆزەخ، پنچکێك نیە خۆتی پێوە بگریەوە، ئەوانەی دیتیانە دەزانن چ هەڵدێرێکە! پێشمەرگە نیە رێی بەو رێیە کەوتبێت و هەزار و یەك دوعای نەخوێندبێت، بە تایبەتی ئەوانەی چیرۆکی ئەو دوو پێشمەرگەیان بیستبێت کە سەرەتای زستانێك لەو رێگەیە بە دوای یەکدا پێیان دەڕوا، لە ئاخر و ئۆخری بەهارێ لە بنەبانی دۆڵێ دەبینرێنەوە، ئەو کەسەی چووبووە سەر تەرمەکانیان گێڕابوویەوە:

((هەردووکیان دەستیان بۆ یەکدی درێژکردبوو..))

ئێستاش نازانم چۆن لەو ڕێیە سەختە پێم نەڕۆیی!

تایەکم هاتبووێ سەد سووندت دەخوارد بەر پرووشکی ئـەنفال کـەوتووم، گـەرم گـەرم، پیاوە ریش خورماییەکە گۆتەنی:

((ئێستا ئەنگوتکێکی سپی بەو ڕوومەتـەوە بنێـی، لـە ڕەنـگ و گـەرمی وەك خـۆی لێدەکات...))

بەو تایە ئەنفالیەوە لە بەری قەندیلەوە بەرەو ناوزەنگ دەهاتین، ئەو قەندیلەی شەڕگەی براکانە ئەو برایانەی هێندەی تەقەیان لێکدی کردووە، لەوانیدیان نـەکردووە، پـێش چـەند ڕۆژێك لەو ڕۆژەی وا من باسی دەکەم، لەو قەندیلـە کـوڕانی (دیموکرات) لـە نـاو خۆیـان کردیانـە شـەڕێك، گوللـە بـە گوللـە دەکـەوت، ڕاونانێـك ڕاوی یەکـدیان دەنـا، هـەرگیز پاسدارانیان وا ڕاو نەناوە، لەو شەڕەدا لەزگبوو منیش لە ترێ سەی بچم، نیازی ناوبـژیمان هەبوو، ئێستاش گیزەی ئەو گوللەی ملیوانەی کراسەکەمی گڕدا لە گوێمـە، نـاوزەنگیش هەمیشە کەپری حەسـانەوە بـووە بـۆ پێشـمەرگەی هـەڵاتوو، بـۆ پێشـمەرگەی دۆڕاو، بـۆ پێشمەرگەی ماندوو...

نەدەهاتەوە بیرم ،پێشتر ئەو پیـاوەم دیتبێـت، بـەڵام لـە دوورەوە دەمناسـی، جـا کـێ هەبوو نەیناسێت، ئەوەی جارێـك لـە جـاران سـەری لـە شـاخ دابێـت، نـاوی ئـەو پیـاوەی بیستووە، ئەو پیاوە لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکرەوە چەکی لە شـانە، زۆر کـەس بـە شێتەکە ناویان دێنا، هەندێك کەس بەو کەسەی بە هەموو شتێك پێدەکەنێ، هەندێکیدی بەو کەسەی بیست ساڵە هەر پالێوراوە و نەبۆتە ئەنـدام.. بـەڵام ئـەو ڕۆژە و لـەو ڕێوبانـە بۆمن هەر سەوسەنەکە بوو، چەپك چەپك بۆنی میهرەبانیی بە سەر مندا پژاند، ئەو نـەبا بەو تایەوە ئەو ڕێگەیەم بۆ تەواو نەدەکرا، ئەو (ئەبوو سەوسەن) ە دواتر من ناوێکیدیشـم بۆی زیاد کرد (سەوسەن زیندانی) ڕەنگە ئەو ناوە لـە هـەموو ناوەکانیـدی پـتر لـە خـۆی بێت، سەوسەن زیندانی فێرە کوردیەکی جوان ببـوو، زۆر جـار لەگـەڵ عەرەبـەکانیش بـە کوردی قسەی دەکرد، پێیدەگوتن:

((شەرم ناکەن ئەو هەموو ساڵە لە کوردستانن کەچی فێرە کوردی نەبوونە!))

وابوو، عەرەبی وا هەبوو دە ساڵ بوو پێشمەرگە بوو، بەڵام دە وشەی کوردی نەدەزانی.. ئەگەر بتویستایە ئەبوو سەوسەن تووڕە بکەیت، زۆر ئاسان بوو، ماندووبوونی نەدەویست:

((کوردیەکەت باش نیە!))

هێندەو بەس، ئەبوو سەوسەن دۆ و دۆشاوی تێکەڵدەکرد، بە هەر سی و دوو ددانی سمێڵی دەکرۆشت و سەد جونی کوردی بۆ دەور و پشتی خۆی دەهاویشت، ئێستاش تێنەگەیشتم بۆچی بەو قسەیە تێکدەچوو، بەڵام شۆرش کۆیی گۆتبووی هەر شێتەو بە قسەیەك تێکدەچێت!

بڕۆ بڕۆ، هەست دەکەم چیا و دۆڵ لە چاومدا خول دەخۆنەوە، هەستم دەکرد هەموو جوانیەکانی دنیا لەگەڵ ئەو گەڵا زەردانە هەڵدەورێن کە خۆیان بە سینگمدا دەدەن و دەکەونە بن پێمەوە.. لەوەتەی فێرە جگەرە ببووم، ئەوە جاری یەکەمە کەم و زۆر تام لە جگەرە نەکەم، ئەبوو سەوسەن ناوە ناوە هەر بە دەم ڕێوە جگەرەیەکی بۆ دەپێچامەوە، مژێك دوو مژ، مژی سێیەمی بە دوودا نەدەهات، فووێکم بە دارجەگەرەکەدا دەکرد.. ئەبوو سەوسەن وا بزانم تاکە پیاو بوو لە هەموو دنیایێ وا بە خێرایی لە بای غارێ جگەرە بپێچێتەوە، دەیانگوت هیچ پیاوێکی چیایی لە جگەرە پێچانەوە نەیدەگەیشتێ...

من بەس حەزم دەچووە یەك شت، ئەویش بە درێژایی ئەو ڕێگەیە نە لە عەردی هەبوو نە لە ئاسمانێ.. لیمۆ، هەموو بیرکردنەم لە لیمۆیەکی مەیلەو خڕ خڕکردبۆوە، لیمۆی زۆر جێیانم دەهاتەوە ناوچاو و دەوم نەدەگەیەشتێ، ئەوەتا عەرەبانەیەك لەو دیوەی(باخی شار) سەری زەرد و سۆر دەچتەوە لە سێو و پرتەقاڵ و هەنار و لیمۆ، بەڵام چاوی من هەر لە سەر لیمۆکانە، ئەها پۆلیسێکی سمێڵ گەورە بە خۆ و بە دارێکی ئەستوورەوە گەیشت، عەرەبانچی فریای هەڵاتن ناکەوێت، پۆلیس بەو پێیە زلانەی پێلەقەیەك دەخەوێنێتە عەرەبانە، ئۆی! من لە بن دەست و پێیان بەس لیمۆکان دەبینم، بە غاردان غاردەدەن،

دەترسن دەسگیر بکرێن، خۆ دەشارنەوە، دیتم لیمۆیەك کەوتە ژێر پێی پۆلیسەوە، ئای! چ کوفرێك بوو خودایە! ئاوی لیمۆ وا بەپێلاوی پۆلیسەوە، خۆزگە ئاوی ئەو لیمۆیانە دەرژانە دەمی منەوە بەو لیمۆیەشەوە کە پێلاوی پۆلیسەکەی تەڕکرد.. لە تامەزرۆییم بۆ لیمۆ هەموو ئەو دیمەنانەم دەهاتنەوە ناو چاو کە لیمۆیان لێوە دیار بوو، ئەوەتا لە(سەمەرقەند) ڕێك لە لای پەنجەرەوە دانیشتووم، مەزەیەکی هەمە ڕەنگم لە پێشە، بەڵام چاوی من لە سەر ئەو دوو کوزە لیمۆ ناسکەیە کە وا خەریکە دەستم بۆیان درێژ دەکەم،پەشیمانم لە هەموو ئەو دانیشتنانەی (سەمەرقەند) کە مەزەکەم بێ لیمۆ بووە! لیمۆ، خودایە لیمۆ، خودایە بەر لەوەی لەو چیاو چۆلە بمکوژی زارم پڕ پڕ کە لە لیمۆ... ئەبوو سەوسەن دەیگۆت:

((بەرگە بگرە، لە ناوزەنگ میوەفرۆش هەیە، دڵنیام لیمۆشی هەیە..))

لە دڵی خۆم دەمگۆت، خوا بکەم وابێت!

ئیدی هێندە هێزی ڕۆیشتنەی لە پێمدا مابوو، هێزی گەیشتن بە لیمۆفرۆشەکەی ناوزەنگ بوو.

لە هەورازەیەکی بۆ ئەو کات زۆر سەخت، دەنا لە چاو هەورازان بەس هەورازە نەبوو، سەرکەوتین، تفەنگەکەشم هەر لای سەوسەنی گوڵە، نشێو بووینەوە، گوندێك بە دیار کەوت، بە ناو گونددا یان بەلای پەڕگەی گوند چەمێکی ناسك زۆر ناسك هاتە ڕێ، هەبێ نەبێ ڕەنگە تایەکە کەمێك بەری دابم، دەنا ناسکیم لە چەم نەدەدیتەوە، هەر لە دەو ئەو چەمە ژنێکی جحێل تەمەنی هەر بیست ساڵێك دەبوو، ڕەنگە ئێستاش هەر تەمەنی بیست ساڵ بێت، ڕەنگە دوای بیست ساڵیدیش هەر بە بیست ساڵی بمێنێتەوە، نازانم لە کوێوە بە دیارکەوت، ئێستاش نازانم لەگژ چی بوو، هێندە دەزانم ئەو بایەی هەڵیکردبوو چنگ چنگ گەڵای زەردی پێدا دەکرد، ئەویش هیچ خۆی تێك نەدەدا، دەتگوت حەز بەو گەمانەی با دەکات، گەمەیەکی جوان بوو، قەت نەمدەزانی با گەمەی وا جوان دەزانێ! با لە ئەویندار دەچوو! هەستم کرد ئەوەی تایە لە لەشی من نەمایە، گۆتمە ئەبوو سەوسەن:

- هاوڕێ، تفەنگەکەم بدەوە

- بۆ چاك بوویتەوە؟

- تەواو، بەڵاّم لێبڕا.

- بە شەڕەفم بەلاّت لێنەبڕا با، ئەتو جوانـاس نـەبووی، کـوڕە تەماشـا تەماشـا، ئـەو (ڕەبلحلوە) مردووش زیندوو دەکاتەوە.

- نازانم مردوو بەڵاّم تادار چاك دەکاتەوە.

حەزی لیمۆم لە دڵی نـەمابوو، لـە خـەیاڵم میوەیـەك نـەبوو بـە نـاوی لیمـۆ.. مـن و سەوسەن زیندانی چاومان لە کچە بڕی بوو، گۆتی:

+ ڕەنگە لەگەڵ ئەو جوانیەشی ناوێکی خۆشی نەبێت

- خۆمان ناوێکی خۆشی لێدەنێین.

+ با ناوی سەوسەن بێت تۆش وەرە داخوازی و ئامادەم کچی خۆمت بدەمێ.

- سوپاس، گەیشت یا ئەبوو سەوسەن، هاوڕێ ئەو گوندە ناوی چیە؟

+ شێنێ، نەمگوت شێنێ!

- کەواتە ئەو کچە با ناوی شازادەی شێنێ بێت.

+ لەوە جوانتریشی تێدایە.

- هەر ئەوە شازادەیە.

هەر بە راستی چاك بوومەوە، ئەو جوانە منی چاك کردەوە، ئیـدی لـە لای خـۆم نـاوم لەو ژنە نا شازادەی شێنێ، هەر جارێك ڕێم بەوێ کەوتبا، هەموو هـەوڵێکم دەدا، ئەگـەر زۆر لە دوورەوەش بێت، چاوێکم بەو شازادەیە بکەوێـت، ئەو شـازادەیەی زۆرم حـەزدەکرد لە نزیکەوە بۆنێکی بکەم، ئەوە راستە زۆر جـار دیـتنی ژن، بـۆنی ژن دەردان دەپـەڕێنێ، شازادەکەی شێنێ دەردی منی پەڕاند، هەتا لەو بەرزاییەش ئاودیو بـووین کـە شـێنێ لـە چاو ئاوادەکات، هەر ئاوڕم دەدایەوە لە کەلێنی درەخت و بە ناو گەڵاّی وەریوی دەست با، تەماشای شازادەی شێنێم دەکرد..سەوسەن گوتی:

((سبەی دێینەوە، دەچینە ماڵیان و جامە ماستێکی لێ دەکڕین، ئەودەم تێر تێر، بە دڵی خۆمان تەماشای دەکەین))

نازانم سبەی هاتینەوە یان نا، بەڵام ئەوە دەزانم بە دڵی خۆم تەماشای شازادەکەی شێنێم نەکردووە..

ئەوە جارێکیدیش وا لە شێنێ لە نزیك هەمان چەم لە ناو درەختان چاو لە شازادە دەگێڕم، دەمەوێ گەمەی ئەو لەگەڵ با ببینمەوە، وەرز هەر وەرزی پایزە، بەڵام لە نێوان ئەم پایزە لەگەڵ پایزەکەیدی زستانێکی شەختەبەندی هەبوو، بەهارێکی گوڵگوڵی و پەلکەزێڕینەیی هەبوو، هاوینێکی مار و دووپشکی هەبوو، رەنگە پایزێکیدی و زستان و بەهار و هاوینیدیش هەبووبێ ، ئێستا من لەگەڵ دەستەیەکیدی هاتوومەتەوە شێنێ، ئەو شێنێیەی دەڵێی منداڵە بە ئامێزی (مامەندە)ی دایکەوە، مامەندە ئەو چیایەیە کەس نازانێ چەند بڵندە، بە دیوی شێنێ و ناوزەنگدا سەخت و هەڵدێرە، دەیانگوت سەری سەرەوەی پڕ پڕە لە سەربازی بەغدایێ..

شێنێ دەنگی دابۆوە، چۆن دەنگ نەداتەوە! لە بن هەولێرەوە تا دەگەیتە ئەو سنوورەی لە نێوان رۆژهەڵات و باشووری وڵاتێکی گونداویان کێشابوو، ئەو شێنێیە تاقە گوند بوو بە پێوە مابێ، یان چاوی من و چاوی زۆریدی جگە لەو گوندە چ گوندیدیان نەدەدی.. لە خوار (شێنێ)وە رووبارێك لە دۆڵێکی تا بڵێی قووڵ و گەورە چوار وەرزەی ساڵ هاژەی دەکرد، لە رووبار پەڕینەوەش سنوور بەزاندن بوو..

قسە کەوتە دۆڵ و گوند کە نەیارانی شێنێ بە نیازن هێرش بێنن و شێنێ بە دەردی هەموو گوندەکانیدی ببەن، ئەو دەنگۆیە لە زاری پیاوێکی بە تەمەن کەوتە ئاوایی ئەویش لە جاشێکی بیستبوو، جاشەکەش لە زاری ئەفسەرێکی نازانم چەند ئەستێرەوە، دیارە ئەو دەنگۆیە لە سەرچاوەیدیشەوە هاتبوو، بەڵام لە گێڕانەوەی ئەو هەواڵە دەنگی پیاوە بە تەمەنەکە لە هەموو دەنگەکانیدی لە دڵ چەقیوتر بوو، هەر ئەو پیاوە بە تەمەنە دەیگوت:

((قسەی خۆم نیە، لە خەڵکم بیستووە، دەڵێن ناوی (شێنێ) هەموو دنیای گرتۆتەوە، لە دانیشتنە زۆر نهێنیەکانی بەغدا، قسەی لێوە دەکرێ، لەوێ لە بەغداوە بڕیاری سڕینەوەی دراوە)).

دەنگۆی پەلاماردانی شێنێ بوو، ئێمەی لە خانوویێکی لا پەڕگەیی شێنێ خڕ کردبۆوە، دەنا جێگەی ئێمە ناوزەنگ و گۆڕەشێر بوو ، ناوزەنگ کەمێ کەوتبووە ئەو لاوەی شێنێ، ناوەزەنگ لە پایزاندا جۆگەلەیەکی زۆر بچووکی پێدا خوڕەی دەکرد، ئەگەر بە نیازی دەست بە ئاو گەیاندن لە سەر ئەو جۆگەلەیە روو لە مامەندە دانیشتبای ئەوا پێی چەپت دەکەوتە ئاقاری رۆژهەلاتی کوردستان، پێی راستیشت لە باشووری کوردستان دەمایەوە، گۆڕەشێریش کەوتبووە ئەوبەری رووبارەکەوە، بازاڕەکەی سونێش هێندە دوور نەبوو لە شێنێ، ئەو بازارەی هەرچی سیخوری دنیایێ هەیە روویان تێدەکرد، لەو بازاڕە هەموو شتێك دەستدەکەوت بە هەموو جۆرەکانی خواردنەوەوەش..دەنگۆیەکی دژ بە دەنگۆیەکەیدیش کەوتبووە گوند و دۆڵەوە، ئەوەی زۆر سوور بوو لە سەر ئەوە کۆڵکێشێك بوو، بە کۆڵ لەو چیاو چۆلە داری بۆ خەڵك دەهێنا، هێندەی هێسترێکی لە خۆی بار دەکرد، ئەو پیاوە دەیگوت:

((لە منی وەرگرن، هیچ خەمتان نەبێت، بە خولای بەغدا قەت هێرش ناهێنێتە سەر شێنێ، هەتا بەغدا بمێنێ شێنێ دەمێنێ، چما ئەنگۆ نازانن نیوەی خەلکی شێنێ دەسچێنی بەغدان ؟!))

من لە خۆوە باوەڕم بە قسەی ئەو کۆڵکێشە دەهێنا، هەستمدەکرد نەك هەر لە سەردەستەکەمان سیاسیترە، بەلکو پشتی زۆر لە سیاسیەکانی دۆڵی بە عەردی داداوە..

وابوو بۆچوونێکی ئەوهاش لە ئارابوو کە بەغدا پێویستی بە مانەوەی شێنێ هەیە.

ئێمە بە دوو سەردەستەوە چواردە پازدە پێشمەرگە دەبووین، هەر شەوەی نیوەمان لەو ژووره دەماینەوە، نیوەکەیدی بە چیا دەکەوتین، لەوێ لە بەرزایی بۆسەمان دەنایەوە بۆ ئەو جاش و سەربازانەی گوایە نیازیان شێنێ وێرانکردن بوو.. رۆژی یەکەم یەکێ لە

سەردەستەکان، کوڕێکی گەنج لە تەمەنی ئەوکاتی من شتێك گەورەتر دەستی بە قسان کرد، قسەکانی قەسەی ورە وەبەردان و شۆرشگێڕی بوون، لەو کاتەی ئەو سەردەستەیە ئەو قسانەی دەکرد (عەشایەر) کە رێك بەرانبەری من دانیشتبوو - بۆ تێکەڵنەکردن ئەو کات لە دۆڵی پێشمەرگان دوو پێشمەرگە هەبوون بە ناوی عەشایەر من مەبەستم ئەوەیانە کە خۆی خۆی دەناسێتەوە نەك خەڵك- دیاربوو، لە رەنگ و رووی دیار بوو، لە لێو هەڵهێنان و چاوی دیار بوو، گاڵتەی بە قسەکانی دەهات، سەردەستە چەندی گەرمتر و شۆرشگێڕانەتر قسەی دەکرد، هێندە لە دەمو چاوی (عەشایەر) جولانەوەی گاڵتە پتر دەبوون، ئەو کاتەی دەیگوت:

((پارێزگاریکردن لە شێنیٚ، پارێزگاریە لە هەموو ولاٚت، لە هەمووومان، لەو پێناوە دەبێت سینگمان بدەینە بەر گوللە))..

(عەشایەر) کە گوێی لەو قسانە دەبوو، زۆری نەدەما جرتی بۆ هەڵکیشیٚ، باش بوو جێی دانیشتنی ئەو دووە بە شێوەیەك بوو، سەردەستە رووی عەشایەری باش لێوە دیار نەبوو، دەنا لەو ژوورە شەڕێکی گەورە دەقەوما.. من زۆر حەزمدەکرد سەردەستەکە زوو قسەکانی تەواو بکات، دانیشتنەکە زوو کۆتایی بێت، بۆ ئەوەی زوو عەشایەر تی بکەمەوە و بزانم مەسەلە چیە، من ئەو سەردەستەیەم نەدەناسی...

عەشایەر کوڕێکی هەتا دەست هەڵبڕی بالا بەرز، درێژترین کەس یالاٚ سەری دەگەیشتە شانی وی، لە دنیاییٚ بەس یەك کەسم دیتبوو لەو درێژتر، ئەویش ئێستا یادی بە خێر ناوەکەم لە یاد نیە ، عەشایەرم تی کردەوە:

- دیار بوو فشەت بەو کوڕە دەهات!

+ وەك تۆم لێهاتووە، فشەم بە هەموو شتێك دێت.. ئەتو ئەو کوڕە ناناسی؟

- نا، هەر لێرە دیتوومە، نەبێتە درۆ، جارێك لە جێگەیەکیدی یەکترمان دیتووە، هێندە و بەس.

+ ئەو کوڕە بەو زمانلووسیەی خۆی بردوویەتیەوە، دەنا ترسنۆکترین کەسە، فڕۆکە لە دەشتی هەولێر بۆردومانی بکردایە، ئەو لە بەستی شەرغە خۆی داویشتە بن تەڕاشان، زۆر تووڕە بم دەڵێم لە تەمەنی خۆی ئیلا ئەگەر بۆ سووسکە یان بۆ خۆشی دەنا تفەنگی وی دەنگی لێوە نەهاتووە... کاتێك قسەشی بۆ گوندیان دەکرد، وەکو ئەوەی دیتت ئەوها قسەی دەکرد، یەك نەیناسێت دەڵێت بە دەست دەبابە دەگرێت... هەموو ئەوانەش لە لایەك، ئەوەی من زۆر خەفەتی لێ دەخۆم، پێش ئەوەی بگاتەوە ئێرە، لە خوارێ سەردەستەی سێ چوار پێشمەرگە بوو، بە زۆر دارەکی و بە قسەی پان وای لەوان کردووە کە خۆ بە دەستەوە بدەن، هەر بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتەوە ئێرە، ئەوەتە نابینی، ئەو چەندەمین جارە داوا دەکات بینێرنە روسیا...

نازانم قسەی عەشایەر تا کوێ لە بارەی ئەو کوڕەوە راست بوو.. بیستبووم ئەو سەردەستەیە شیعریش دەنووسێت، یەك دوو پارچەی نیشانی من دا، بەلاّم ئەوەی تێبینیم کرد هەندێ کۆپلە شیعری عەبدوللاّ پەشێو بوون، بە هەندێك دەسکاریەوە...بەدبەختیەکەش لەوە بوو هەموو شەوێك لەگەڵ ئەو سەردەستەیە بەیەکەوە بووین، جا چ لە ژوورەکەی شێنێ چ لە لە بناری چیا.

من و عەشایەر لە سەرکەوتنی چیاش هەر بە دووی یەکەوە دەڕۆیشتین، هەڵگەڕان بە مامەندەدا هەر بە قسە خۆشە، کۆتایی هەورازەیەکی رك سەرەتای هەورازەیەکی رکترە، لە سەرکەوتندا تەنها دەنگی گەلاّی پایزی دەهات، زۆر جار ئەو ساتانەی هێشتا ماندوێتی چێژمی لە ناو عارەقە نەخنکاندبوو، گەلاّ گەلاّ چێژم لە دەنگی گەلاّی دەست با وەردەگرت، هەندێ سات ئارەزووم دەکرد، هەموو تەمەنم لەبەر ئەو بایە پڕ لە گەلاّیە بە سەر ببەم... من و عەشایەر لە کاتی نووستنیش کیسە خەوەکانمان زۆر لێکدی دوور نەبوون، خەوتنی ناو کیسە خەو رەنگە هەر یەك دوو جار نەخەوێتە لەشت و بە زەحمەت بتخەوێنێ، بەلاّم بۆ من لەوە دەرچوو بوو بە سەد جار و دووسەد جاریش لەگەڵی رابێم، راستی ئێستاو ئێستاش لێی دەترسێم، ئەو ترسەش رەنگە لەو چیرۆکەی کیسەی خەوەوە

هاتبێت کە پێش ئەوەی زنجیرەکەیم کردبێتەوە، بۆمیان گێڕابووەوە کە کوڕێك لە پایزێکی ساردا رێك وەك ئەو پایزەی وا من بەو پایزە دوای ئەو ئەو هەموو پایزە هەمە رەنگە بۆی گەڕاومەتەوە و دەمەوێ هەندێك لە سەرهاتەکانی خۆمی لێ بچنمەوە، لە کیسە خەودا دەخەوێت، وەك دەڵێن شوێنەکەش هەر دەوروبەری قەندیل بووە، زنجیرەکەی جوان دادەخات، خەوێکی قووڵ دەیباتەوە، لە ناو کیسە خەو دەسووڕێ، زنجیرەکە واتە لای دەرگای کیسەکە دەکەوێتە لای پشتیەوە، ئیدی چەندی دەکات دەستی ناگاتە زنجیرەکە بیکاتەوە، پوختە ئەو کوڕە بۆ خۆی دەخنکێ.. زۆر ئاسانە لە ناو کیسە خەو بخەویت و بە سەلامەتیش دەربچیت، بەڵام من لێی دەترسام، قەت زنجیرەکەیم نیوەش دانەخستووە، گوتوومە قەیناکە با سەرمام ببێت، نەوەك وەك ئەو کوڕە بەستەزمانەم لێبێت!

ئەو شەوەی شەوی بە چیا کەوتن بوو، دەبوو بە تاریکی بە رێبکەوین و هەر بە تاریکیش بگەڕێینەوە، دەیانگوت نابێت خەڵك بە رێی چوون و هاتنەوە و جێگەی مەبەستمان بزانن، نەبادا لە باتی ئەوەی جاش و سەرباز بە داوی ئێمەوە بن، ئێمە بکەوینە داویانەوە، ئیدی شەوێك لە باوەشی مامەندە، مامەندەی کیسەی خەو و ئێشکگری، شەوەکەیدی لە ژوورەکەی شێنێ، شێنێی خەوێکی بێ ترس و ئێشکگری، بۆ هەر یەکێك لە ئێمە کۆڵێك جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جێگەیەدا هەبوو، بەڵام جاوازیەکە بۆ عەشایەر جیاوازیەك بوو وەك دواتر خۆی دەیگوت:

((ئەو جیاوازیە لە تەمەنی مرۆڤ یەك جار بە دیار دەکەوێت..))

جیاوازیەکە بۆ من لە سێ شتدا بوو، یەکیان ترس ئەویدی چێژ، سێیەمیش هەر چێژ، ترسەکە با لە ناو کیسەی خەودا بمێنێتەوە، هەرچی چێژەکەیە ئەوە لە مانگدا دیتمەوە.. شەو تاریك تاریك، رەنگە بەو رادەیەش تاریك نەبووبێت، بەڵام لای من وا بە تاریکی خۆی نیشاندابێت، لەو تاریکیەوە کزە بایەکی دەهات، حەزی ئاگری دەخستە دڵەوە، کەچی جار و بار مەتارەم دەخستە سەر لێوەوە، لەپڕ دیتم دنیا لە رەشیەوە بەرەو جۆرێك لە زەردی یان رەنگێکی نزیك لەوە گۆڕا، لەو ساتانەی ئەو گۆڕانە بە سەر رەنگی دنیادا

هات، چاوم لە سەر ئەو کێوەی بەردەمم بوو کە هەموو رەنگ گۆڕینەکە لەوەوە چاوی منی گرتەوە، تۆپەڵێ ئاگر لە کێوەکەوە بە بێ دەنگی بەرز بۆوە، ئەوە جاری یەکەمم بوو وا لە نزیکەوە زانی چیا ببینم، چیا زاو ئاگری بوو، درەنگتر زانیم چیا مانگی بوو، مانگێك جیا لە هەموو ئەو مانگانەی پێشتر دیتبوومن، مانگ رووناك تا ئەودیوی رووناکی رووناك، مەگەر رووی کچەکەی شێنێ هێندە رووناکیەی تێدا بوو‌بێت، مانگ نزیك زۆر نزیك وام هەستدەکرد ئەگەر دەستەکانم کەمێك درێژتر بان دەیگەیشتنێ، هەر لە بەر دەمم بوو، تابلۆیەك بوو یەك یەك هێلەکانیت بژماردایە، تێر تێر بە دڵی خۆم تەماشای مانگم کرد، هەرچی جوانە لە مانگدا دیتم، شازادەکەی شێنێشم دیت.. مانگ ورد ورد بە سەر شێنێدا بۆ ئاسمان بەرز دەبۆوە، چاوی منیشی لەگەڵ خۆیدا بە ئاسمانەوە هەڵدەواسی، تا گەیشتە ئەو جێگەیەی کە زۆر جاریدیش لەوێم دیتبوو هەر چاوم لە چاوی بڕیبوو، چێژی چاو لە مانگ بڕین هەر ئەو کەسانە دەزانن چ چێژێکە کە وەك من لە نزیکەوە مانگیان دیتووە. ئیدی زۆر شەویدی لەوێ و لە زۆر شاخ و دۆڵیدی لە دووی ئەو مانگە شێنێییە گەڕام، نەمدیتەوە، بە دوای دووبارەبوونەوەیەکی جوان یان دووبارەوبوونەوەی جوانیەك گەڕام نەمدیتەوە، گەیشتمە ئەوەی هەندێك جوانی هەن یەك جار خۆیان نیشان دەدەدن، مانگ ئەو شەوە جوانیەکە لە یادەوەریمدا ئاوا نابێت، جوانیەکە کات کالی ناکاتەوە.. رەنگە ئەو مانگە هەر هەمان مانگ بێت کە پیری بەفر لە رۆمانی (درەختی کەتناوە) شەوێك لە سەر دوندی پاڕانەوە دیتی و بۆی گێڕاینەوە..

لە بیرتە گوتم ناوە ناوە مەتارەم دەخستە سەر دەممەوە، شەوەکەش شەوێکی سارد بوو، شەوی دانیشتنیش بوو نەك رێکردن، بۆیە رەنگە هەمان ئەو پرسیارە بکەیت کە نەهرۆ لێمی دەکرد، ناهەقی نەبوو، کەس مەتارەی لە بیر نەبوو، کەچی من زوو زوو تامیم دەکرد:

+ چیتە دەڵێی نەساخیت، هێندە ئاوە دەخۆیتەوە؟

- وا بزانم..

+ بەڵام پێتەوە دیار نیە.

- هەندێك نەخۆشی هەن بێ نیشانەن.

+ ئەوەش فۆرمێكی تازەیە لە شیعر.

نەهرۆ لەوەبوو گومان لە من و مەتارە پەیدا بكات، بەڵام بڕوا ناكەم گومانەكەی لا درووست بووبێت، دەنا هەر چۆنێك با، تامی دەكرد .. ئەو پرسیارە لە جێیانەی نەهرۆ و وەڵامە درۆینەكانی من هەرلەو شەوەدا كران كە لە لای من تا سەردەمێكیدیش هەر بە شەوی مانگەكەی شێنێ دەناسرێتەوە، بەڵام دواتر بیرم دەكردەوە باشە ئەی چۆن هەستیان بە بۆنەكەی نەدەكرد، هەر خۆم بە خۆم دەگوت رەنگە شەرابی رێبوار عەرەب بۆنی نەیە، بەڵام خۆ هە موو جارێك مەتارەی من پڕ لە شەرابی وی نەبوو، جار جارە خۆی پڕ یان نیوە دەكرد لە عەرەقی بازارەكەی سونێش، ئەو عەرەقەی دوو سێ جار (شۆرش كۆیی) بۆی دێنام و پارەشی وەرنەدەگرت، كۆییێ بۆ جیاكردنەوەی ئەو شۆرشە بوو لەو هەموو شۆڕشەی كە ئەو كات لەوێ بێ شۆرش مابوونەوە، دەیگوت:

((پارەی تۆ هەر بەشی تووتن دەكات، من هەمە، بە حەڵاڵی بیخۆوە..))

من چاكەی رێبوار عەرەبم هەر لە چاوە، ئەو كوڕە باشترین شەرابگرەوە بوو، هیچ شەرابگرەوەیەك شانی لە شانی وی نەدەدا، ناوە ناوە مەتارەیەك شەرابی دەدامێ، كە بۆ ئەو كات جوانترین و بە بەهاترین دیاری بوو، ئیدی من بە شەرابی رێبواریەوە، بە عەرقی شۆرشیەوە لە بن گەردنی مامەندە بە ترسەوە دەچوومە ناو كیسەی خەو و بە نەشئەوە تەماشای مانگ و ئەستێرانم دەكرد..

عەشایەر كوڕێك بوو تا ئەو پەڕی سادەیی سادە، هەرچی لە دڵ بایە، لە زاریشی بوو، لە سیساڵی تێپەڕاندبوو، زۆر جار دەیگۆت:

من وا بۆ چل ساڵی دەچم ،هەتا ئێستا دەستم بە دەستی كچێك نەكەوتووە، نازانم ماچ چۆنە، توخوا ئەوە چۆن دەبێت وا بێت!

عەشایەر کوڕێکی ڕێك و جوانیش بوو، وەك دەیانگوت، کچ بە ئاسانی بۆی دەستەمۆ دەبوون، بەڵام چ بوو! کوڕێکی شەرمن بوو، لە مێیینە شەرمی دەکرد، وەك دەیانگوت، عەشایەر لە هەموو مێیینەیەك شەرم دەکات، جا با ئەو مێیینەیە ئاژەڵیش بێت... زۆر جار لای من دەیگوت:

ئەها تەماشای سەرم بکە، پڕ بووە لە داوی سپی، چ نەگبەتیەکە سەرت سپی بێت و هێشتا کچت لە ئامێز نەگرتبێت..

لەو پێشمەرگانەی لە دۆڵی پێشمەرگان ڕاشکاوانە بێ شەرم باسی ژن وبێ بەشیی خۆیان لە ژن دەکرد، ئەو عەشایەرە و پێشمەرگەیەکیدی بوون، ئەو پێشمەرگەیە ناوی (ئەرکان) بوو، جارێك چووبووە پێش بەرپرسێکی گەورەو ڕاست و ڕەوان پێی گوتبوو:

ئەگەر ژنمان بۆ دێنی باشە، ئەگەر نا هەموومان هینەکەی خۆمان دەبڕین و لە پێش تۆی دادەنێین..

عەشایەر لە ناو شینێ زۆر دەگەڕا و چاوی دەگێڕا، دەیگوت:

شەرم منی کوشت، زۆر جار ژنی زۆر جوان، بە نیازی لەگەڵ خەوتن سەیریان کردووم، شەرم، ئای شەرم! بەڵام لەمەودوا دەبێت چارەیەك لەو شەرمە بکەم، خەریکە پیری بانگم دەکات، بەسە کاکە بەسە، شەرم بەسە...

ئیدی عەشایەر وەك ئەوەی پێیان دەگوت حالۆری، بە شێنێدا دەهات و دەچوو، ئەو کوڕە شتێکی لە چاودا بوو، دانەدەسکنا.. ئێوارەیەك هاتە بن گوێم:

- ئێشکگریەکەی تۆ لە دوای منە، کاتێك بانگم کردی ئیشێکی گچکەم پێتە..

+ چیە دەیقەومێنی؟!

- ڕەنگە، بەس بەینی خۆمان بێت..

شەو کاتێ بانگی کردم بۆ ئێشکگری:

- کەمێك زووتر بانگم کردی، ئەگەر درەنگم پێچوو، تکایە بانگی ئەوەی دوای خۆت مەکە..

+ خەمت نەبێت...

تفەنگەکەی لای من داناو رۆیشت، مانگ کەمێك بە دەرەوە بوو، رێوبان تاریك نەبوو، دیتم سوورِایەوە، ئەوەشم دیت، بە سەر دیوارێکدا ئاودیو بوو، شەو بێدەنگ، تەنها دەنگی گەلاَی رژاو دەهات.. چەند جوانە ئەو ساتانەی پێشمەرگە چەکەکەی دادەنێ و رێی ژوان دەگرێتە بەر، ئەو شەوە ئەو دیمەنە لای من جوان بوو، ئەو شەوە عەشایەر لە هەموو شەوەکانی پێشوو پتر لای من جوان بوو، لەو ساتەوەی دیوارەکە ئاودیوی ئەو دیوی کرد و لە چاوم بزری کرد، من دوعای سەرکەوتنم بۆ عەشایەری هاورِێم کرد، دوعام دەکرد، بە بۆنی ژنەوە بگەرِێتەوە، بە تامی ژنەوە بگەرِێتەوە، بە گەرمایی ژنەوە بگەرِێتەوە، زۆرم دوعا بۆی کرد، ئەو ژوانە ژوانی منیش با هەر هێندە دوعام تێیدا دەخوێند، نازانم بۆچی هێندەم حەزدەکرد کە عەشایەر ئەو شەوە بچێتە باوەشی ژنەوە، هەر لەبەر ئەوەی زۆر برادەرم بوو؟ یان لەبەر ئەوەبوو هەرگیز دەستی بەر دەستی هیچ ژنێك نەکەوتبوو، بای ژنی پێنەکەوتبوو؟ یانیش لەبەر ئەوەی کە دێتەوە باسی تامی لەشی ژنم بۆ دەگێرِێتەوە؟ نازانم لەبەر چی، بەلاَم دەزانم زۆرم حەزدەکرد، ئەو شەوە عەشایەر تێکەڵی ژن بێت... ناوە ناوە سەیری کاتژمێرم دەکرد، هێشتا چەند خولەکێکی مابوو کاتی ئێشکگریی من تەواو بێت، دیتم عەشایەر بە هەڵەداوان دێتەوە، بە بێ دەنگی تفەنگەکەی وەرگرتەوە و بە دەنگێك وا بزانم وشەی (سوپاس)ی لە دەم دەرچوو، ئیدی چووە سەر جێگاکەی خۆی، هیچی تێنەگەیشتم، خۆزگەم دەخواست لە بەر رووناکی دەم و چاویم دەدیت، بۆ ئەوەی بزانم تێکەڵی ژن بووە، یان هەر کورِەکەی پێش تێکەڵ بە ژنبوونە.. کاتێك چوومە سەر جێگاکەم، لە دڵی خۆم گوتم، خۆ رۆژ هەر دەبێتەوە و دەم و چاوت دەکەوێتە بەر رووناکی، ئەو دەم تێدەگەم ئەوەی ئێستا وا لەو جێگەیە راکشاوە، دنیا دیتەیە، یان هەر نەدیتکەکەی جارانە!

بە دەنگی عەشایەر بە ئاگا هاتم، لە سەر دەرگا بە دەنگێکی شاعیرانە شتێکی لەو بابەتەی دەگوتەوە:

((زۆرم کرد چاوبازی ئێستا مەیلی دەستبازی دەکەم

مەیلی شۆخێکی بالا بەرزی لەشولار ریازی دەکەم))

لە دڵی خۆم گۆتم، ئەو شەو تێکەڵی ژن بووە، لێی چوومە پێش، هەرگیز عەشایەرم وا دڵخۆش نەدیتبوو، چاوەکانی دەیگوت: من ئەو شەوە لە باوەشی ژنێك سەر لە نوێ لە دایکبوومەوە... تیم کردەوە:

+ ها چ بوو؟

- جا چ نەبوو، ئەوەی بیست ساڵە لە دووی دەگەڕێم، ئەوشەو دیتمەوە، ئەوەی بیست ساڵە لە خەونێش نەمدیتبوو، ئەو شەو دیتم، ئێستا دەزانم من ئۆندە ساڵە ژیانم بەلاش ڕۆیشتووە..

+ لەگەڵ کام ژن؟

سەری خستە بن گوێم

- ...

+ ئۆی! ئەوە کوو رازیت کرد؟

- نازانم..

هەوبوو شازادەکەی من بوو، ئەو سەوسەنە بوو کە ئەبوو سەوسەن لە قۆشمەبازیەکەی خۆیدا دەیویست بیکاتە کچی خۆی و منیش بە زاوای خۆی وەرگرێت، هەمان کچی دەو چەمەکە بوو کە تای ئەنفالی لە من دەرکرد، لە دڵی خۆم دەمگوت رەنگە ناوی ئەو کچە هەڵەیەکی عەشایەری بێت و لە دەمی عەشایەر دەرچووبێت! نازانم بۆچی لە خۆوە گومانم پەیدا کرد، دووریش نیە گومانەکە لە ئیرەیی بردنەوە بووبێت، کێ دەزانێ من ئەو رۆژە بایی چەند ساڵ ئیرەییم بەو عەشایەرە سادەو بێ گرێیە بردبێت..

هەر لەو رۆژانەی شێنێ، کەمێك لە سەرەوەی ئاوایی کە هەمووی کەندولەند و سەرتاپا داروبار بوو، خەریکی ورتکە دار خرکردنەوە بووین، پەرتببووین، هەر یەکە بە لایەکدا، من چ ببینم باشە! شازادە وا دانیشتووە، کێی لە تەنیشت بێت باشە! نا

عەشایەر نەبوو، پیشمەرگەیەکیدی، ناوەکەیم لە یاد نیە، بەلاّم ئەوەم لە بیر ماوە دواتر ناوم نا شۆڕە سوار، هێندەم دیت دەستیان لە ناو دەستی یەکتر بوو، ئەوان منیان نەدیت، منیش لێم تێکنەدان، بەجێمهێشتن، نەشمپرسیەوە داخوا هەر دەستگوشین بوو یان شتیدیش..

ئیدی تێگەیشتم شازادەکەی شێنێ دڵی کەس نارەنجێنێ، پێشتر ئەوەم نەزانیبوو، بڕیارم دا منیش قسەیەك لەگەڵ ئەو شازادەیە بکەم، بەلکو خێرێکی بۆ منیش دەبێت، بەلاّم تۆ چەند قسەت لەگەڵی کرد منیش هەر هێندە، هەر لێی نزیك دەبوومەوە، زمانم لە گۆ دەکەوت و هەستمدەکرد هەموو گیانم دەلەرزێ، بەلاّم لە دڵی خۆم بڕیارم دا کە رووی لێ بنێم... لەو رۆژانە رەنگە کەس هێندەی من یادی ئەبوو سەوسەنی نەکردبێت، لە دڵەوە حەزم دەکرد لە تەنیشتم با، ئەو پایزە وەك پایزەکەیدی نەبوو، ئەبوو سەوسەن لێرە با لەمێژبوو ئەو کچەی رازیکردبوو، ئەو شەرمی لە کچ نەدەکرد، ناوە ناوە هەواڵ لە بارەی ئەبوو سەوسەنەوە دەهات، پێدەچوو زۆربەیان دروستکراو بن، هەر کەسێك دەچووە ئێران بەبێ هەواڵی ئەبوو سەوسەن نەدەگەڕایەوە، ئەو پیاوە لە بار بوو بۆ ئەوەی هەر کەسە بە دڵی خۆی چیرۆکێ بۆ گرتنەکەی دروست بکا، دووریش نەبوو هەموو ئەو چیرۆك و هەواڵانەی دەگەیشتن راست و دروست بن.. یەکێك دەیگوت:

چۆن نایگرن، چۆن نایکوتن؟ لە هەر جێگەیەك دەنگی (یا عەلی) بەرز دەبۆوە، ئەبوو سەوسەن یەك بە دەنگی خۆی هاواری دەکرد: (یا عومەر) و نەیدەبڕیەوە، باشە بڵێ تۆ چ شتێك بە عومەرتەوە دەبەستێ!

یەکێکیدی هۆی گرتنەکەی دەگەڕاندەوە بۆ:

لە هەر جادەیەك کۆمەڵە ژنێکی دەدی بە دەنگی بەرز بە دەنگێك هەموو دەور و بەر گوێیان لێدەبوو: تەماشا تەماشا توخوا ئەوانە ژنن یان قەلەرەشکە!

کوڕە بابە باوەڕ بەو قسانە مەکەن، با راستیی گیرانی ئەبوو سەوسەنتان بۆ بگێڕمەوە:

له جێگەیەك، دیارە پیاوی حكومەتی لێبووە گۆتیتی: ئەوە گورباچۆف خەریكە بوومەلەرزەیەك دەخاتە گیانی سۆفیەتەوە، ئێرانیش پێویستی بە لەرزینێكی ئەوها هەیە، لەزینێك هەرچی عەمامە و لەچك هەیە بە ئاسمانی بێخێ.

وەڵلاهی ئەو قسەیە لە هی ئەبوو سەوسەن ناچێت، با من هۆی گرتنی ئەبوو سەوسەنتان بۆ بگێڕمەوە:

لەو بازگەیەی كە لە مەهابادەوە دەچیە ناو ورمێوە، داوای ناسنامەی لێدەكەن ئەویش لە باتی (بەرگە)ەیەك دوویان دەداتێ هەر یەكەشیان هی حزبێك بووە..

كەسێكیدی وای دەگێڕایەوە:

له جێگەیەك گوتبووی من زۆر لە تودەییەكان دەناسم، بارەگای ئێمە پڕی پێشمەرگەی تودەیە.

ئیدی لە بارەی گرتنی ئەبوو سەوسەنەوە چیرۆك زۆر بوو.. ناوە ناوە لە ناو زیندانیشەوە، هەواڵێك، چیرۆكێكی ئەبوو سەوسەن دەكەوتە سەر زاران، ئەو قسەیەی كە زۆر دەگوترایەوە ئەوەبوو:

((ئەبوو سەوسەنیان بە تەنێ لە ژوورێك كردووە، بلّندگۆیەك لەو ژوورە شەو و رۆژ بە دەنگی بەرز قورئان دەخوێنێ، بەلكو ئێ ئەوە خوایە، خوا هیدایەتی بدا، كەچی دەڵێن ئەبوو سەوسەن فێرە كوفری وا بووە لە مێژووی ئیسلامەتی كوفری وا نەبیستراوە))

((یان كە خواردنێكی خراپی دەدەنێ بە پاسەوانەكان دەڵێ: من برسیم نیە، بڕۆ بیدە منداڵەكانی كۆماری ئیسلامی، ئەوان خەریكە لە برسا دەمرن .... پاسەوانەكانیش وەریدەگەڕێنێ، نیوە مردووی دەكەن..))

وەك دەڵێن ئێستا ئەبوو سەوسەن بەس هێسك و پێست ماوەتەوە، لەگەڵ دوو چاوی تیژی بەقووڵا چوو، خەبەری سەر و ریشی نیە...

هەر رۆژێك لەو رۆژە پایزیانەی شێنێ من و عەشایەر رێك لەو دەم چەمەی کە کاتی خۆی شازادەکەی شێنێ منی چاك کردەوە، شان بە شانی یەك دەڕۆیشتین، عەشایەر گۆتی:

+ ئەها ئەوەتە

- کێ؟

+.... ئەوەی ئەوە چەند شەوە خەنیم دەکات

- بە راست لەگەڵ ئەوەت بوو؟

+ ئەدی خۆ....

هەو نەبوو، شازادەکەی شێنێ نەبوو، ئەوە نەبوو کە ئەوێ رۆژێ دەستی لە ناو دەستی شۆڕە سوار بوو، ئەوە نەبوو کە تای لە من دەرکرد و دەمویست خێری بۆ منیش هەبێت... تێگەیشتم لەو گوندە دوو ژن هەن بەو ناوە و عەشایەر خەریك بوو من سەر چیخ بباو تووشی شتێکم بکات..

- کوڕە هەی خواگیر! ئەمن وام دەزانی لەگەڵ ئەو کچە جوانەتە کەماڵیان ئەها لەو سەرە، چما ئەوەش ئەو ناوەی هەیە؟

+ئەدی.. ئەتو شێت بووی؟ ئەوە بە کێ راو دەکرێت؟

_- با هەیە راوی کردووە، شۆڕە سواری هەیە..

ئەو دەمەو عەسرەی خەریکی خۆکۆکردنەوە بووین و شێنێمان بەجێدەهێشت، عەشایەر خەفەتبار دیار بوو، بەلاّم نەیدەویست پێوەی دیار بێت... قسەی کۆڵکێشەکە دەرچوو، شێنێ بە هەموو جوانیەکانیەوە وەك خۆی مایەوە، بە چەمە ناسکەکەی و شازادەکەیەوە، ئەوەی بووە جێی ئیرەیی من هەزار خۆزگەم دەخواست لە جێگەی ئەو بام، ئەو کوڕە بوو کە لە بن درەختەکە دەستی شازادەکەی شێنێی لە ناو دەست بوو..

بەرەبەیانیەکی بەهاری یان دوا شەوەکانی زستان بوو، ئەو دەمە لەگەڵ سەوسەن زیندانی چەند پێشمەرگەیەکیدی لە ناوزەنگی چاوەڕوانی حەکایەتی نائومێدیمان بۆ یەکدی

دەگێڕایەوە، هەینێ عەشایەر لە ناومان نەمابوو، دڵی خراپ رەنجا، بەرەبەیانیەك رێی خۆبەدەستەوەدانی گرتەبەر، شەوەکەی بە منی گوت:

((بەیانی دەچمەوە، هەر کەسێکیش گوتی عەشایەر بۆ تەسلیم بۆوە؟ بڵێ: دوو مانگ بوو بێ پێڵاو دەگەڕا، بۆیان نەکڕی، ئا پێیان بڵێ: حزب پێڵاوی بۆ نەکڕی بۆیە بە شانازیەوە تەسلیم بۆوە))

ئەو شەوە عەشایەر یەك پارچە تووڕەیی پڕ گریان بوو.. گفتم دایێ مەسەلەی پێڵاوەکەی لە بیر نەکەم و هەرکێ ناوی عەشایەری هێنا منیش ناوی پێڵاو بێنم، گفتەکەی خۆشم بردە سەر..

ئەو کوڕەی لە بن دارەکەش دەستی شازادەی شێنێی لە ناو دەستا بوو، لە بن گەڵای زەردی پایزی عەشقیان دەکرد، لە سنەی عاشقان پیاسەی دەکرد، شۆڕە سوار دەیگوت:

((هەر کەسێك بیەوێت عەشق بکات، دەبێت لە کچانی سنەییەوە فێر بێت.))

سەردەستەش دەمێك بوو گەیشتبووە روسیا، لە نامەیەکیدا بۆ هاوڕێیەکی، گوتیان نووسیبووی:

((کەرە، زوو خۆت قوتارکە، وەرە ژیان لە باوەشی کچە رووسیان ببینەوە.))

ئەبوو سەوسەن تازە لە زیندان هاتبۆوە، وەك دەیانگوت شێتیەکەی زیاتر بووە، من ئەو چیرۆکانەم بۆی دەگێڕایەوە کە لە بارەی ئەوەوە هەڵبەسترابوون، هەرکامێکیانم بۆی دەگێڕایەوە دەیگوت:

((سەد لە سەد راستە و من هەموو ئەو شتانەم کردووە وگوتووە و دیتووە...))

بەهاری هاتنەوەی بە سەردا هات، هەر بە باڵ باڵمان گرت، من و ئەبوو سەوسەن شازادە و سەوسەنەکەی شێنێیمان لە یاد نەکرد، هاتینەوە سەر هەمان چەم، ئەو چەمەی دەکرێ بە چەمی جوانی ناوزەد بکرێ، دیتمانەوە، رێکەوتێکی چەند رێکەوتیە، دیسانەوە شازادەمان دیتەوە لە پێش دەرگا وەستا بوو، لەو بەهارەش وەك پایزەکە جوان بوو، ئەو کچە لە هەموو وەرزەکان جوان بوو، دڵنیام ئێستاش وەك جاران جوانە.. کە گەیشتینە

بازاڕەکەی سونێ، تەماشای شۆڕشم کرد، بزانم مەیلی عەرەقی هەیە، ڕەنگی تێکچووبوو، دەتگوت دڵی خەبەرێکی ترسناکی پێداوە.. لە بیرمە شۆڕش کۆیی لە شەوە ساردەکەی هەیبەسولتان.... ئیدی من ڕێی خۆم گۆڕی و چاوم بەرایی نەدا بچمە شارەکەی شۆڕشەوە.. لە هەلاتنێ عەشایەرم دیتەوە پێلاوێکی نوێی ئەدیدایسی لە پێ بوو.. سەوسەن زیندانیش هێشتا ڕاپەڕین چلەی نەچووبوو، لە بازگەکەی حەمرین دەسگیرکرا، ئیدی هەزار و یەك چیرۆك لە بارەی گرتنەکەی سەوسەن زیندانیەوە کەوتنە سەر زاران، تا ئێستاش(ئەبوو غرێب) چیرۆکی ئەبوو سەوسەن دەگێڕێتەوە.

چادرێك لە سەر سینگم هەڵدراوە

بەردی خەیاڵ، چێشتخانەی قرژاڵ، سەرشۆرکی سامالٚ، خەستەخانەی مۆسکۆ، بێرایی مەمکان، هۆدەی شەراب، هۆڵی هەراوهۆریا، کۆشکی کرملین، کۆشکی سپی، چیای دارین، چادری هەناسەتەنگی، دێتە بیرم پایزانێك لەمێژنەبوو ئەنفال ڕاوینابووین، هەشت نۆ دە پێشمەرگەیەك بەرد و قوڕیان بۆ عەلی کوتك و خدر روسی دەکێشا، لە ماوەی دە ڕۆژێك دیواریان قیتکردەوە، دارەڕا و قوڕەپەستکرا، لە بیرمە مام عەلی بە خدر روسی دەگوت:

ئەو وەستاییە دەڵێی لە رووسیا لە سەر دەستی هاوڕێ لینین فێر بووی!

مام خدر بە تەوسەوە دەیگوت:

نا، لە گەڕەشێخان..

دواتر زانیم گەڕەشێخان گوندی عەلی کوتکە، ئێرە بارەگای نۆکانی خوارییە، جمەی دێ لە پێشمەرگە، من لێرە زستانی نۆکان و چەند گرتەیەکی دەرەوەی زستانیش نیشاندەدەمەوە:

خەستەخانەی مۆسکۆ دوو دکتۆری هەبوو، یەکیان خڕکەڵە، ئەویدی باریکەلە، ساڵ و شتێك بوو لە مۆسکۆ هاتبوونەوە، عەرەب بوون، بەڵام زۆر جار لە نێوان خۆیان بە رووسی ئاخافتنیان دەکرد، زۆر باسی مۆسکۆشیان دەکرد، وا بزانم هەر لەبەر ئەوەش بوو ناوی بووە خەستەخانەی مۆسکۆ، خەستەخانەکە جێی دوو نەفەری لێنەدەبۆوە، سامالّی عەنکاوەییش لەوێ دەخەوت ئەویش نیوە دکتۆرێك بوو، دەیگوت:

هەر کەسێك دوو حەفتە لەو خەستەخانەیە بمێنێتەوە دەبێتە دوکتۆر

دکتۆرەکان ناوە ناوە خولی پزیشکییان بۆ پێشمەرگە دەکردەوە، کارۆخ گۆتەنی:

لاقوزە دکتۆریان دەخستە بارەگاوە.

خەستەخانەی مۆسکۆ هەمیشە جمەی دەهات، خەڵك و پێشمەرگە لە هەموو لایەکەوە روویان تێدەکرد، لە خوارەوە لە زەلێ و شێنێ و لای بێدەلان و گۆڕشێرەوە، لە سەرەوە لە بن قاسمەرەشەوە، لە گشت لاوە نەخۆش بە سەر بەفر و بە ناو بەفر و بە بن بەفرا بە پێ و بە سواری دەهاتنە خەستەخانەی مۆسکۆ، بە دوو دنکە حەب، بە دەرزیەك چاکدەبوونەوە، من دوو جار رێم کەوتە خەستخانەی مۆسکۆ، گەرووم دێشا، هەناسەم بۆ نەدەدرا، دکتۆرە باریکەلەکە بە خڕکەڵەکەی گوت:

دە وەرە تۆش تەماشای بکە

بە رووسی چەند رستەیەکیان گۆڕیەوە، خڕکەڵە گوتی:

بە زووترین کات دەبێت بچیتە ئێران، نەشتەرگەری بکەیت

باریکەلەکە گوتی:

دەبێت سبەی بەرێبکەویت، نەشتەرگەری نەکەیت، دەتکوژێت

گوتم:

ناتوانم بچمە ئێران، پەڕی پەڕینەوەم نیە..

ئەبوو دلّشاد گوتی:

خەمت نەبێت، هەولّ دەدەم لە ڕێی (سۆسیالیستەوە) شتێکت بۆ بکەم و بتنێرینە ورمیٚ

ئیٚ، چەند ڕۆژێك ڕۆیی، هەتا ((پەڕی پەڕینەوە)) پەیدابوو، من چاکبوومەوە، ئەو پەڕی پەڕینەوەیە هەرگیز لە وادەی خۆی نەگەیشتووە، ئەو جارەی دەمویست بچمە ڕاژان بۆ کۆنگرەی نووسەران، ئەوجاریش مامۆستا ڕەوەند زۆر هەولّیدا بۆم پەیدا بکات، دەستینەکەوت و لە دەستمچوو، ئیٚ، با بگەڕێینەوە خەستەخانەی مۆسکۆ، بزانین دکتۆرەکان لەویٚ ماون! پەنجەی گچکەی پێم بزمارێکی لێهاتبوو، پێم لە پێلاّو جێی نەدەبۆوە، دەبیٚ بلّێم ئەو بزمارە کۆنە، زۆر کۆنە، هێشتا لە شار بووم، لێم هاتبوو، بەلاّم گچکە بوو، ڕێی هیچی نەگرتبوو، ئێستا گەورەیە و پیلاّو دەگریٚ، ئیٚ، لە خەستەخانەی مۆسکۆ نیشانی دکتۆرەکانم دا، گفتیان دا: ((ئێستا نا، سبەی دووەی بۆت دەبڕین) سبەی هیچ، دووسبەی دکتۆرەکان دیار نەمان، دەنگۆیەك بلاّوبۆوە، دکتۆرەکان دیار نەماون، ئەولا دکتۆر ئەملا دکتۆر، کەس نەیزانی عێراق قووتی دان، یان ئێران شاردنیەوە، درەنگ بیستم بە دزیەوە چوونەتەوە رووسیا، بەر لەوەی بچمە چێشتخانەی قرژاڵ دەبیٚ چارەیەك لە پەنجەم بکەم، لە بارەگای سەریٚ کیفاحێك هەبوو، لە جێیەکیدی بە توفاح ناوم هێناوە، شتێکی لە برینپێچی دەزانی، ئەو کوڕە ئێزیدی بوو، بەلاّم هێندەیان پێگۆتبوو، تۆ هیچت لە ئێزیدیان ناچیٚ، نە سمێلّت نە..گومانی لە خۆی پەیداکردبوو کە ئیزیدی بیٚ، ئیٚ تەماشای پەنجەی کردم و گوتی:

+ ئاسانه، ئێستا بۆت دەدێنم

- کوڕە، ئەگەر لە خۆت رانابینی، دەستی لێمەدە..

+ خەمت نەبێ، بیستی ئەوهان نەشتەرگەری کردووە

دوو سێ دەرزیی سڕبوونی لێدا و کەوتە سەری، گەیاندیە سەر ئێسك و لە کاتی نەشتەرگەریش دەیگوت:

لە هەولێرەوە ئەو بزمارەت بۆ من هێنا، بزانە چتۆ دکتۆرم!

بەلاّم پێشمەرگەیەك کە لە تەنیشتمان دانیشتبوو، گوتی:

جوان ببڕە، با وەك هی من شیننەبێتەوە.

دوو سێ رۆژ ئازاری زۆر بوو، ئیدی تەواو، بزمار ئێستاش شیننەبۆوە..

چێشتخانەی قڕژاڵ بە دووکەڵەکەیەوە لە هەموو لایەکەوە دیارە، پشت لە تەلانە روو لە رووبارە، پێشی والاّیە، سێ لای دیوارە، دیواری پشتی دەستکردی سرووشتە، بەلاّم دیواری تەنیشتەکانی بە دەستی پێشمەرگە هەڵچنرایە، چێشتخانەی قرژاڵ لەوەتەی هەیە ئاگری لێ نەکوژاوەتەوە، دارستانێك داربەڕووی ئاقاری نۆکانی سەرێ لە ئاگردانی چێشتخانەی قرژاڵ بۆتە خۆڵەمێش، ئەگەر سەرشۆرکەکە هێندەی وی داری سووتاندبێت، ئەگەر باوەڕناکەن، لە رووبارەکە وردبنەوە، لە راستی چێشتخانەکەوە رەنگی خۆڵمێشی گرتووە، خۆڵەمێشی رۆخ ئاگردانیش هەمیشە بۆنی پەتاتەی لێدێ، چێشتخانە پەتاتەی لێنەدەبڕا، من شەوان، ئەو شەوانەی ئێشکگریم دەکەوتە شەودرەنگان یەك دوو پەتاتەم دەبرژاند و لە شەوی بەفراوی، زوقماوی خۆم بە پەتاتەی برژاو گەرمدەکردەوە، دەزانن چ تامێکی دەدا! ئێستاش هەر کاتێ بەفر دادەکات، لە بەفر نزیکدەبمەوە، حەزم دەچێتە پەتاتەی برژاو، ئەو ساڵە بەفرێکی ئەستوورکەوت، لێینەدەکردەوە، چێشتخانەی قڕژاڵ تەژیە لە وردە سەرهات، ئەو پێشمەرگەیەی دزیکردبوو لە چێشتخانەی قرژاڵ لێی ئاشکرابوو، پێشمەرگە تووڕەکەش هەر لە چێشتخانەی قڕژاڵەوە دەنگی هەڵبڕی:

حزب هەتا حیز هەبێ، ئێمە دەنێرێتە رووسیا؟!

پێشمەرگە شێتۆکەکەش کە لە پێشمەرگەیەك تووڕە ببوو، دەبێ ناوی هادی بووبێ، لە چێشتخانەی قرژاڵەوە بە دەم چایە خواردنەوەوە، لە چۆکی خۆی دەداو دەیگوت:

ئاخر کورد دەبێتە چی! تۆ بڕوانە عەرەب هادی عەلەوی هەیە، کوردیش خاوەن ئەو هادیە بەژن بەرزە!!

چەتۆ سەحەریش ئەو شەوانەی ئێشکگریەکەی دەکەوتە دەمی سەحەر، لە چێشتخانەی قرژاڵەوە تێیهەڵدەکردە (هەوەل سەحەرە..)، شەڕی دوو پێشمەرگەکەش هەر کەوتە چێشتخانەی قرژالەوە کە بە پەتاتە و پیاز وەرگەڕابوونە یەکتر، لەوێ گوتم، ئەگەر هەموو شەڕەکان ئەوها دەبوون، زەوی دوژمنایەتی قووڵی بە خۆیەوە نەدەدیت، پێشمەرگەیەکیش لاقوونی خراپ بە پۆلووی ئاگردانەکەی چێشتخانەی قرژال سووتا، ناکۆکیەکەی من و غەسانیش کە بەفر نەیکوژاندبۆوە، بە دیار ئاگردانی چێشتخانەی قرژاڵەوە سەریهەڵدایەوە، وردە سەرهات زۆرن، جوانترینیان سەرهاتی هەرەسە، ئەوەی بە چاوی خۆم دیتم و ئێستاش لە چاومە و ناسڕێتەوە، تەلانی پشت چێشتخانە کە بە سەر رووبارەکەدا دەیڕوانی و رووبار تا پێچی دەکردەوە بە بن تەلانی بەرزدا و بە ناو بەفردا نەرم نەرم دەڕۆیشت، بەفر کەنارەکانی زۆر لێکدی نزیککردبۆوە، چی بۆ رووبار نەهێشتبۆوە، ئێ، پێش نیوەڕۆیە، کابانم، خەریکی شیولێنانم، بە رێکەوت لە زاری چێشتخانە روو لە تەلانی سپی کە لووسە لە بەفر راوەستاوم، دیتم لەو سەرەوە دوور لە چێشتخانە، تەلان درزی برد، بەشێك لە تەلان خزی، چیای سپی کەوتە رووبارەوە، ئا چیا بوو، هەر کەوتنی چیا ئەو دەنگەی لێوە دێ، لە گوێی من دەنگەکە زۆر گەورە بوو، ترسام لە راستی چێشتخانەشەوە بەفر هەرەس بێنێ، نەیهێنا، بەری رووباری گرت، ئاو پەنگی خواردەوە، کەمێکیتر چیای بەفر نەتوابایەتەوە ئاو دەگەیشتە ئاگردان، ئەوە جاری یەکەمم بوو هەرەسی بەفر

ببینم، هەرەسێکی گچکە، بەلاّم لای من گەورە بوو، لە یادەوەری مندا گەورەیە، پێشتر تەنها لە چیرۆك و سەرهاتان هەرەسی بەفرم خوێندبۆوە، هەرەس تا بە چاوی خۆت نەبینی، هەرەس نیە، ساڵی دواتر لە قەندیل هەرەسی گەورەی بەفرم دیت، بەلاّم لە یادەوەری من ئەوەی نۆکان گەورەتر و دیارترە، هەر لەوێ تێگەیشتم لە خۆڕا نیە ناویان لە تێکچوونی شۆرش ناوە هەرەس..

نەتانپرسی چێشتخانەکە بۆچی قرژاڵی پێوەیە؟ لە خۆوە نیە، بارەگا عەرەبی زۆر بوو، هەرچی عەرەبیش بوو قرژاڵ خۆر بوو، سێ چوار کوردیش لە عەرەبەکان بە تامتر دەیانخوارد، ئەوێ قرژاڵی زۆر بوو_ لە سەرهاتی قرژاڵ ئەگەر بە ئەرکی نازانی خۆت هەڵدە دەرەوەی وەرزی بەفر_ قرژاڵ بە پێی خۆیان دەهاتنە چێشتخانەوە، دەتگوت حەزیان لە برژانە، لە ئاگردانەکە نزیکدەبوونەوە، ئیدی هەر شیشکە تفەنگ بوو دەچەقیە پشت قرژاڵەوە، هەر قرژاڵ بوو، گەورە، گچکە لە سەر پشکۆ سۆردەبۆوە، ئای لە چێشتخانەی قرژاڵەوە قرژاڵ برژاوە، زۆر هەوڵمدا تامی بکەم، بێزم نەهات، ڕێبوار لە کاتی قرژاڵ خواردن دەیگوت:

((وەرە بەشداریمان بکە، بۆ بێزتدێ زەردێنەی هێلکە بخۆی، بێزت نایە قرژاڵ بخۆی، خۆ یەك شتن))

بێزم نەهات، بەشداریم نەکردن، بەشداریی من لە قرژاڵ هەر ئەوە بوو ناوم لە چێشتخانە نا چێشتخانەی قرژاڵ..

هۆدەی شەراب هێندە گەورە نەبوو لەگەڵ ئەوەش لە ناوەوە هۆدەیەکی بچووکی لێکرابۆوەو دەرگا داریە تەنەکەییەکەی هەمیشە کلیلدرابوو، پڕ بوو لە بلاّوکراوە و فایل و کتێب، جارێك خارە خولە گۆتیە من:

+ هەر کاتێك لەو دەرگایە نزیککەوتیەوە، چاوت داخە و کەپووت بگرە

- لۆ؟

+ هەرچی سڕ و تڕی حزب هەیە لەو ژوورەیە.

- ئەدی ئەگەر سووتا یان دزرا؟

+ وەڵڵا حزب دەستی لە گونم دەبێ.

باش بوو حزب زوو سڕ و تڕی خۆی لەوێ گواستەوە، نازانم بردیە ناوزەنگ یان نۆکانی سەرێ، هۆدەی شەراب هەر ئەو هۆدەیەیە کە ڕێبوار شەرابی لێدەگرتەوە و لە گێڕانەوەیەکیدی سەربردەی تەقینەوەی جلیکانەی شەرابم گێڕاوەتەوە، لێرە تەنها ئیشم بە چەند مەتارەیەك شەراب هەیە کە لە هۆڵی هەراو هۆریا بە کەڵکم دێ.

هۆڵی هەراو هۆریا کە جارێك لە زارم دەرچوو گوتم ئێرە (هۆڵی گاگەل)ە، لە سەر ئەوە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی عەرەب تێکگیراین و خراپ داڕساینە یەکتر، مـن رووی قسەم لە پێشمەرگەیەکیدی بوو، لە پەنجەرەی گاڵتەوە گوتم :

((ئەو هۆڵە هۆڵی گاگەڵە))

کەچی ئەو لە کاتی وەرگێڕانی رستەکە بۆ عەرەبی خاڵبەندە گاڵتەییەکەی بەگەڵ نەدابوو، عەرەب لە دەرگای هیدڵیەوە وەڵامیدامەوە:

+ تۆ خۆت بەچی دەزانی ئەو خەڵکەتە پێ ڕەشەوڵاخە.

منیش تووڕە بووم، لە گاڵتەوە کردمە راستی و پێمگوت:

- دەیڵێمەوە ئێرە هۆڵی گاگەڵە، ئەگەر وا نیە، تۆیان بۆچی لێرە دابەستووە

+ خۆت گای، هیچ وپووچ

- خۆت و بابت گان..

پێشمەرگە زوو کەوتنە بەینەوە، دەنا دوو گا شەڕەقۆچانێیەکی گەرمیان دەکرد، دوای ساردبوونەوە، گوێم لە کارۆخ بوو بە پێکەنینەوە دەیگوت:

((بە راستی ئێرە هۆڵی گاگەڵە، نەتاندیت ئەو دوو گایە چۆن قۆچیان لێکدی گیرکردبوو))

ئیدی چیدی هۆڵی گاگەڵ بە زارمدا نەهات، لە جێی گاگەڵ هەراوهۆریام دانا، ئێستاش هەر بە هۆڵی هەراوهۆریا ناوی دێنم، ئەو هۆڵە دوور و درێژ بوو، بە ژمار

پەنجاو حەفت پێشمەرگە لەو هۆڵە دەخەوتن، بیست و نۆ لەو بەر، بیست و هەشت لەمبەر، بەری دەرگا، بەرینی هۆڵ ئەگەر هەردوو چەتۆ(سەحەر و بەڕانەتی) لە بەرانبەر یەکتر خەوتبان، پەنجەی پێیان لە یەکتر دەخشا، بەلاّم من و سەرهەنگی مەلانەفتە، پێمان بە یەکتر نەدەکەوت، دیتنەوەی من ئاسان بوو، ئەوەی لە ئێشکگری دەکەوتە پێشە من، لە دیتنەوەم هەڵەی نەدەکرد، جێی من سەر دەرگایە، کاتێ لە دەرێوە دەرگا چوارچێوە دارە نایلۆنیەکە بە لای چەپدا دەکەیتەوە، یەکەم بەتانی لای راست هەڵدەوە منم، ئەگەر غەسانیشت ویست، لە دەرگا لامەدە دوو شەقاو باوێ، ئاگات لە سۆبەکە بێت! پێت بە پێی دەکەوێت، سەرهەنگیش لە تەنیشت غەسانە و پێی لە کن پێی منە، لە تەنیشتە من هەڵۆیە، لەو دیو هەڵۆ مام بایزە، لە ریزی من لە سەری ئەو سەر چەتۆی بەڕانەتیە، بەرانبەر وی نزیك پەنجەرەکە دڵنیایە، ناوی هەندێ لە پێشمەرگەکانی هۆڵی هەراوهۆریام لە بیرماوە، بەلاّم بە جێیەکانیان ناکەومەوە(کارۆخ، ئەرکان زەردەشیان دەگۆتێ، ئەبوو ئەحرار، چەتۆ سەحەر، ریاز، هاوار، بۆتان، ئەردەلان، شێرزادی رۆستێ، خارە جەمیل، خارە جەواد، هیمداد، ئەبوو زاهید...)) ئەو ئەبوو زاهیدە کەمدوو بوو، رستەیەکی رۆژی سێ جار، دوای جەمەکان دەیگوتەوە، نازانم کێ بوو ناوی لەو رستەیە نابوو (حەبی دوای نانێ)، رستەکە چ بێت باشە! هەر خواردنێکی خواردبا، رووی لە کابان دەکرد:

((عاش ئیدەك، خوش سەوێتە))

دەستخۆش خۆشت لێناوە، سبەینێك مام بایز گوێزی داینێ، هەر کەسە و حەفت گوێزی خۆی وەرگرت، کوت کوت، گوێزشکاندنە، ئەبوو زاهید گوێزی دەشکاند و لوولی دا، تەواوی نەکردبوو، روو لە مام بایز رستەی خۆی گوتەوە:

((عاش ئیدەك، خوش سویتە))

مام بایز گۆتیە چەتۆ سەحەر:

+ئەوە چی گۆت؟

چەتۆ بۆی کردە کوردی

مام بایز بە پێکەنینەوە:

+ ئەریٚ ئەگەر گوێزی لێباربکەیت خڕەی دیٚ؟!

چەتۆ سەحەر:

- گوێز هیچ، ئەگەر کەلابەرد!

وەرە لە شەوی بەفراوی، بەفر چۆکێك کەوتووە، سەرێك بە هۆڵی هەراوهۆریادا بگرە، چ دەبینی! یەك هەراوهۆریایە، یەك قەرەپەستانێیە، کەس گوێی لە دەنگی خۆی نیە، کەس پێی خۆی ناناسێتەوە، چرە دووکەڵێکە نە بە لامپا، نە بە لایتی دەستی پێشمەرگە رێی هاتوچۆ رووناك نابێتەوە، تۆ بیهێنە بەر چاوی خۆت، لەو هۆڵە لە پەنجاو حەفت کەس تەنها حەفتیان جگەرەکێش نین، پەنجا جگەرەکێش! کەمیشیان جگەرەی پاکەت دەکێشن، زۆربەیان کیسەی تووتن لە تەنیشتیانە و جگەرەی نزیك لە هی مامبایزی دەپێچنەوە، وەك چۆن جگەرەی کاسترۆیی، جگەرەی سەدامی هەبوو، هی مامبایزیش هەبوو، کورت بوو بەڵام ئەستوور، کەس نەیتوانیوە و ناتوانیٚ جگەرەی وا ئەستوور و توند بپێچێتەوە، لەو سەرەوە هەڵیدادەیە ئەو سەر زۆر جار بە کۆڵەگە دەکەوت، هەڵندەدەوەشایەوە، وای لێهات کە دەتگوت(مامبایزی) جگەرەی ئەستووری توندی دەگەیاند، جگەرەیەك ئەستوورتر لە پەنجەی گەورەی مام بایز، ئەو پەنجەیەی رەنگی تووتنی گرتبوو، هۆڵەکە دوو کۆڵەگەی ئەستووری تێدا بوو، هەر یەکەو لامپایەکی پێوە کرابوو، بەڵام هیچیان بایی خوێندنەوە رووناکیان نەدەدایە من، لە پشت سەرم لە بڵندایی نیو گەز بەردێك دەتگوت ناو لەپە لە دیوارەوە هاتۆتە دەریٚ، کارۆخ دەیگوت:

((رەنگە مام خدر لە کاتی دیوارکردن زانیبێتی جێی تۆ دەکەوێتە ئێرە، بۆیە ئەو بەردەی خستۆتە ئەو کەرخە، تا مۆمی لە سەر دانێی))

ئیدی لە ساتی خوێندنەوە مۆمم دادەگیرساند، لە هۆڵی هەراوهۆریا هەر لە سپێدەوە تا نیوەی شەوێ هەرا و هۆریایە، گۆرانیە، شەڕە بەندە، نوکتەیە، گێڕانەوەی ڕۆژانی شەڕ و هەڵمەتبردن و مۆڵگە گرتن و کوشتوکوشتارە، گێڕانەوەی خۆ شاردنەوە و هەلاتن و گەیشتنە سەر سنوورە، زۆرانێ و شەقشەقانێیە، چەند رادیۆیەکیش دەنگیان دێ، لە یەکیان هەواڵ، لەویدی گۆرانی کوردی، ئەویدی گۆرانی عەرەبی، بەلام لە هیچیان تێناگەی، تام لە هیچیان وەرناگری، من پێم شك نایە لە هۆڵی هەراهۆریا بۆ جارێکیش بە دڵی خۆم گوێم لە رادیۆکەی خۆم گرتبێ و چێژم لە گۆرانیەك وەرگرتبێ، هەر ساتێك ویستبم یان زانیبێتم گۆرانیەکی ناسك هەیە، هاتوومەتە دەرێ، زۆر جار بووە نیوەی شەوێ لە ناو بەفرێ لە دەو رووبار، بە دەم پیاسەوە گوێم لە گۆرانی گرتووە، گۆرانیی (ئەرێ ئەی بە زولف و رووخسار)ی فواد ئەحمەد لەوێ، لەو شەو و رووبار و بەفرە، لەوێ لە ساردترین شەوی ساڵ ، بووە گۆرانیی من، پێشتریش زۆر حەزم لەو گۆرانیە بووە، پتر بە دەنگی مامڵێ ، بەلام لەو شەوەوە گۆرانیی ئەرێ ئەی بە زولف رووخسار لە گوێی من لە دەنگی فواد ئەحمەد نابێتەوە و هەر بەوەوە گۆرانیە، لە پاشەوی کەس نەیلێ! جارێك ئێشکگرێك دیاربوو ئێشکگرەکەی پێش خۆی پێینەگوتبوو کە من خوا لێیگۆڕیمە و لە ناو سەهۆڵبەندانێم، دەنگیدام، ئێشکگر توند دەنگیدام و تفەنگی راکێشا:

+ کێی زەلام؟!

- من ئێشکگری بەفرم

وام زانی هەر دەنگم ببیستێ، دەمناسێتەوە، من ناسیمەوە، جەمیلی ناو بوو، بۆیە وام گوت، نەیناسیمەوە، بە تووڕەییەوە:

+ دەڵێم کێی؟ نهێنی شەو دەزانی؟

ئای، دیارە، بە راستی تووڕەیە! چوزانم نهێنی شەو چ بوو، لەبیرم نەمابوو،:

- نهێنی شەو! یان گونی من بوو یان گونی خارە جەمیل..

+ کوڕە شوانە ئەوە ئەتووی؟!

بۆ گۆرانی دەچوومە دەرێ، بەر بارانێ، ناو بەفرێ، بەلاّم بۆ خوێندنەوە لە جێی خۆم و بە دیار مۆمەوە دەمامەوە، من وابووم، ئێستاش وام، کە رۆدەچمە ناوکتێبەوە، چیا بتەقێتەوە، گەڕەك و ماڵ ئاو بیبا، ئاگام لێنیە، مام بایز دەیگوت:

+ باشە لەو کەربازاڕیە، لەو بەزم و رەزمە، چ دەچێتە مێشکتەوە؟

- لە کاتی خوێندنەوە، جگە لە دەنگی رستەکانی ناو کتێب گوێم لە هیچ دەنگێك نیە

+ دەنگی کارۆخیش !!

هی کارۆخیش، ئەو کوڕە، هەر یەکێك دەستی لێکبدایە، پێی بە خێرایی لە زەوی بدایە، گۆرانیی خۆی دەگوت:

ئامان میم گورجی

سوخمە نارنجی

جووتە مەمکەکەت

کۆتری فەرەنجی

بە دەنگی گەورە، هەمیشە ئەو گۆرانیەی دەگوتەوە، درەنگانی شەوێك هەڵۆ پەڕە کاخەزێکی بە دەستەوە بوو، گوتی:

+ لە سبەینێوە تا ئێستا دەزانی ژمارەی (میمگورجی) یەکانی کارۆخ گەیشتە چەند؟

- نەتنووسبێتەوە!

+ با، ئەوەتا، دووسەت و سی

- بیکە سێ سەد

+ لۆ؟

- شەو بایی حەفتای بە بەرەوە ماوە!

ئەردەلان هەر نەیدەبڕیەوە، دەنگی خۆش بوو، زوو لاسایی مامڵێی دەکردەوە، دوایی بایدایەوە سەر خالقی، لەو گۆڕینە دەنگی تێکچوو، گۆرانی (لە ناو رەشماڵی خێلان)ی خۆش دەگوت، ئەو کوڕە گۆرانی زۆر دەگوت، جاروبار دلّنیاش بۆی دەگێڕایەوە، بۆ کارۆخیشی دەگێڕایەوە، چەتۆ سەحەریش جار جارە تێیهەلّدەکردە سێوە، من تەنها لەو کاتەی ئەو سێوەی دەگوتەوە، دەستم لە کتێبەکەم بەردەبوو، بەردەبۆوە سەر دەموچاوم و گوێم دەدایە سەحەر، دیارە زۆر کەرەتیش بەکتێبەوە خەوم لێکەوتووە، ئێشکگرەکە ئەوەی بانگمی کردووە بۆ ئێشکگری، کتێبەکەی لە سەر چاوم یان لە سەر سینگم هەلّگرتووە، ئێشکگری وا هەبوو دەیگوت:

((لە بیرت بێ گەیشتوویەتیە لاپەرە..))

لە هۆلّی هەرا و هۆریا هەمیشە لە سەر پشت دەمخوێندەوە، بە گشتیش بە دەم خوێندنەوەوە خەوم لێکەوتووە، ئەگەر مۆمەکە شتێکی بە بەرەوە مابووبێ، هەلّۆ فووێکی لێکردووە، هەلّۆ بە تەمەن کچکە بوو، چەند سالّێك لە من گچکەتر، بەلاّم بە کەلەش گەورە، پرچێکی جوانی هەبوو، بتدابایەتە پوورە ئایشێی نۆکان، دەیرێسا، لەگەلّ خوری لێکتنەدەکردەوە، زۆر جار دەمگوتە هەلّۆ:

بریا پرچم وەك تۆ بایە.

کەچی خۆی پرچی خۆی بەدلّ نەبوو، لە دلّەوە دەیگوت:

پرچێکی وەك تۆم هەبا، هیچم نەدەویست.

هەلّۆ کوڕێکی تا بلّێی سادە و بێگەرد، لە چاویەوە رستە رستە لاپەڕەی دلّیت دەخوێندەوە، ئەو کوڕە هەندێك دەستقوچاو بوو، جگەرەی نەدەکێشا، بەلاّم جار و بار پاکەتی بۆم دەکڕی و لێشم وەرنەگرتبا، توورە دەبوو، دەیخستە بن جێگاکەمەوە و دەیگوت:

+دەچمە دەرێ، هەتا دێمەوە نەتشکاندبێ، دلّم دەشکێ و بە هیچ چاکنابێتەوە

- ئەوجارە پاکەتەکە دەشکێنم، بەلاّم جارێکیدی وا بکەیت دلّت دەشکێنم.

ئەودەمانێ ئەو پارەی وەرتدەگرت بەشی دە رۆژ جگەرەی نەدەکرد، مۆمیش لەوێ بوەستێ! لە هۆڵی هەریاو هۆریا بمێننەوە، لەگەڵ هەڵۆ ئیشێکم هەیە ئێستا دێمەوە: ئەو دەمەی هەڵۆ خۆی رادەستکردەوە، دیارە لە (ئەمن) نازانم کوێ، پێیانگوتبوو کە لە ناو خەڵك بە خراپە باسی باری گوزەرانی پێشمەرگە بکات، ئێ، رۆژێك بابی پێشمەرگەیەك خەڵکی ماستاوەی بن هەولێر بوو، گەیشتە ناوزەنگ، نیوەڕۆ بوو، جەمی نیوەڕۆ هەمیشە شلەو برنجە، ئەورۆژە نۆرەی گۆشتیش بوو، ئێوارەکەیشی خواردن خراپ نەبوو، بەیانیەکەشی هێلکەورۆن، چایەکی خۆشیش، لە هەولێر تۆچای وا خۆش دەستنەدەکەوت، رۆژی سەرشۆرکیش بوو، پێشمەرگە خۆیان دەشووشت، پاکوخاوین، بیستمەوە، پیاوی ماستاوەیی گوتبووی:

+ بزانیایە گوزەرانتان وا باشە، نەدەهاتم بۆ بردنەوەی کوڕەکەم

- بۆ چۆنی تێگەیشتبوویت؟

+ خراپ، زۆر خراپ، وایان لە من گەیاند، پێشمەرگە لەو سەر سنوورانە وەك دەرۆزەکەر دەژین، لە برسا مردوون..

- کێ وای تێگەیاندی؟

+ کوڕێك ئەویش لێرەبوو، لەمێژ نیە هاتۆتەوە، پرسیاری کوڕەکەی خۆمم لێکرد، گوتی: گوزەرانی خراپە، شێرە لە نزیك قاسمەرەشێ گوڵەبەرۆژە دەفرۆشێ؟

دەیانگوت ئەو کوڕە، هەڵۆ بووە، ئەو هەڵۆیەی بەر لەوەی بەرەو هەولێر لە باڵ بدا، لە هۆڵی هەراو هۆریا جێی بە جێی منەوە بوو، لە درووستکردنی دۆشەکەکەش بە بەرد یارمەتیدام، چەند شەوێك گەرم نەدەبوومەوە، ساردی لە بنەوە سەردەکەوت، هەتا تەڕی نەگەیشت، تێنەگەیشتم، ئاوی دایە، دیاربوو، لە دەرێوە لە بێراییەکەوە، ئاو هاتبوو، دیوارەکە لە بنەوە ئاوی دابوو، چ بکەم باشە! بۆم هات کە پارچە نایلۆنێك رابێخم و لە سەرە وی بەردی پان پان دانێم، وام کرد، من و هەڵۆ لە دەو رووبار بەفرمان هەڵدەدایەوە و بەردی رێك و پانمان کێشایەوە، لە بێراییەکەی

مەمکانیش یەك دوو تەنەکە خۆڵ و خۆڵەمێشم لە سەر بەردەکان رووکرد، بەتانیەکم بە دوو قەدی لە سەر راخست، ئێستا من خاوەنی دۆشەکێکی بەردینم، بڵندیەکەی بستێکە، درێژیەکەی سەد و هەشاو یەك سانتیمەترە، واتە رێك بە بەژنی خۆم، بەرینیەکەی بە قەد ناوشانی هەڵۆ، زۆر لە هی خۆم بەرینتر، هەر زوو، هێشتا جگەرەیەکم لە سەر دۆشەکی بەردین نەکێشابوو، غەسان کەوتە دژایەتی:

+ ئەو کۆسپە بڵندە ژوورەکەی تێکداوە، لە کاتی هاتووچۆ ساتمەی لێدەکەن.

- کەس نیە لایتی نەبێ.

+ لە بەلاش ئەو کۆسپەت دروستکردووە.

- تۆ نابینی؟ لە بنەوە ئاو هاتووە.

+ هەندێك پشکۆی لە سەر رووکە وشکدەبێتەوە.

- تەڕدەبێتەوە.

+ تەڕ نابێتەوە.

+ ئەگەر حەزت لە شەڕە من ئامادەم.

ئەو بە تێکەڵەیەك لە عەرەبی و کوردی، منیش بە تێکەڵ لە کوردی عەرەبی کەوتینە هەڕوگێف، ناوبژیوان زۆر بوو، نەیانهێشت بگەینە یەك، ئەو غەسانە ئەودەم بەرپرسی ئازووقە و خواردن بوو، ئێشکگریش ئەو دایدەنا، دوای دەمەقرێیەکە، دیتم ناوی منی لە ئێشکگری لە پێش ناوی خۆی داناوە، بۆوەی ناچار بم بانگی بکەم و لەگەڵی پێکبێمەوە، بەلاّم من ئەو شەوە دامە کەرایەتی، لەو شەوە زوقم و سایەقەیە کە گورگی دەبەست، ئێشکگریەکەی ئەویشم گرت، ئەوەی دوای ویم بانگکرد، ئیدی دووبارەی نەکردەوە، هۆڵی هەراوهۆریا جاروبار گرژی و قرەقرِی دەکەوێتێ، ئاخر پەنجاو حەفت فریشتە بخەیتە ژوورێکەوە بەرانگژی یەکتر دەبنەوە، ئەوجا پەنجاوحەفت پێشمەرگەی تووڕە لە دنیا، پێشمەرگەی بێ ئاگا لە کەسوکار، پێشمەرگەی هەلاّتوو لە چنگی ئەنفال، پێشمەرگەی ئایندە نادیار، نایەتەوە بیرم دەنا هەندێك لە وێنەی

وەك ئەوەی خۆم و غەسان نیشاندەدەمەوە، ئا شتێکم بیرکەوتەوە، شەو درەنگانیێ، نا بەرەبەیان بوو، لە خەونێکی خۆش لە جێیەکی خۆش بووم، دەنگێك لە دەنگی کەس نەدەچوو:

وەی بابە گونم!

هێنامیەوە هۆڵی هەراوهۆریا، تومەز ئەو ئێشکگرەی چوو بانگی ئێشکگری دوای خۆی بکات، لە پێیەك ساتمەی کردبوو، پێی کەوتبووە سەر گونێك، هۆڵ بە ئاگاهات، لایتەکان هەموو لە سەر پێشمەرگەیەکن، پێشمەرگەش دەستی بە گونیەوە و جوێن دەدا، تا ساردیانکردەوە، رۆژبۆوە، لە بیرمە مام بایز بە بە تەوسەوە:

ئازاری گون بێ دەرمانە!!

ئەو شەوە بە (بەزمی گون) لە هۆڵی هەراوهۆریا تۆمارکرا، کارۆخ کە پێشتر ئەگەر پێشمەرگەیەکی دیتبا لە سەر زگ خەوتووە،دەیگوت:

دنیا هەمووی نێرەکەرە، هەستە خۆت وەرسوورێنە..

دوای بەزمی گون قسەی گۆڕی:

بۆوەی گون بە ساخی و سەربەرزی بمێنێتەوە، قوون برادەران خۆش، گوێ مەدەنێ وەرسوورێنە سەر زگ.

ئێستا لە جێیتی، لە رێی مەتارەوە قسە بچێتەوە ژووری شەراب، ناوە ناوە مەتارەیەك شەرابم هەبوو، لە ناو بەفرێ، هەندێك جار لە بن بەتانی دەمم بە مەتارەوە دەنا، شەراب نەبا، من لە ساتەکانی تووڕەبوون، تووڕە لە خۆم، لە دنیا، بە چی هێوردەبوومەوە! من هەمیشە منەتباری شەرابم، منەتباری ئەو مەتارەیەم کە هەموو، یەك دوانێکی لێدەرکە، هەر وا تێگەیشتبوون وەك مەتارەکانیدی تەنێ ئاوە، بەلاّم مەتارەی من هەتا شەراب هەبا، قەپاخی بۆ ئاو نەدەکردەوە، ئەو زستانەی نۆکان منەتباری مەتارەی شەرابیی رێبواریم، شووشە عەرەقەکەشم لەبیرە، پێشمەرگەیەك، شووشەیەك عەرەقی دامێ، ناوی نالێم چونکێ لە ساتی نووسینی ئەو

چەند دێرە، ئەو برادەرە گەڕاوەتەوە، سەری بچێ، نوێژی ناچێ، پەشیمانە لە خواردنەوە، پەشیمانە لەو شووشەیەی کە بە منی بەخشی، کە لە یادەوەری من وەك دیاریەكی زۆر جوان و گران بەها پارێزراوە، بۆیە ناوی ناهێنم نەبادا گوناهەكەی نوێبێتەوە! ئێ ئەو شووشە عەرەقە لە جێی خۆی بوو، لە دەرەوە، لە نزیك چێشتخانەی قرژاڵ لە بن بەفرێ، بەردێكی گەورەم دیتبۆوە، لە ناو نایلۆنێك لە پاڵ بەردەكە درێژمكردبوو، هەندێك كا و چیلكە و چواڵم بە سەردا كردبوو، ئەوجا بەفرەكەم وەك خۆی لێدەكردەوە، باش بوو نەیدەبەست، وا بزانم شووشەكەم لە ماوەی حەفتەیەك بە چوار جار تەواو كرد و هەمووجارێكیش داپۆشینەوەكەی وەك هی جاری یەكەم، چەند خۆش بوو شەوان لە ساتی ئێشكگری كە بەرەو لای شووشەی بن بەفرێ دەچووم، دەتگوت دەچمە ژوانی یارێ..

ئێوارە خارەخولە جێی نوستنی لە جێی من تەسكتر دەبێ، ناتوانێ شان وەرگێڕێ، گێڕایانەوە:

((نیوەی شەوێ هەستابۆوە، پرسیبووی:

+ ئەرێ قیبلە لە كام لایە؟!

- چیە دەڵێی خودا هیدایەتی داوی!

+ سەیە، ئەگەر نازانی قسەی حیزمەكە

- كەمێك بە لای چەپدا بسوورێ و نوێژی خۆت دابەستە

+ یانی بەلای قونی ئەو هاورێیە!))

ئێ، دەڵێن خارە خولە كەمێك سووڕاوە، هەردوو دەستی بەرزكردۆتەوە و پاڕاوەتەوە:

((خودایە، ئەگەر چاكەی بەندەكانی خۆت دەوێ، دەردێك بە ناو پێشمەرگە وەركە، وانەكەیت، دەبێ لە سەر قوونی یەكتر بنووین، ئەودەم شۆرش دەبێتە شۆرشی زینا..))

پاڕانەوەی خارەخوولە جێی گرت و بەلاش نەچوو، سەدام حوسێن بە لێبووردن لە دوای لێبووردن دەردی بە ناو پێشمەرگەدا بلاوکردەوە، دەردێك نزیك لە کۆخەرەشە، دەردێك پێشمەرگە لە پێشمەرگەی دەگرتەوە، رایەخ لە رایەخی دەگرتەوە، پێشمەرگە لەگەڵ تۆ نانی دەخوارد، چ لە گۆڕێ نەبوو، لە تەنیشتت دەخەوت، چ لە گۆڕێ نەبوو، سبەی بەئاگادەهاتی پێشمەرگە نەمابوو، کەس بە کەسی نەدەگۆت دەچمەوە، تەنها کۆشکی کرملین و ئەوانەی رایەلیان بەوێوە هەبوو دەیانزانی، بەلام هەبوو دوو سێ رۆژێ پێش بزربوون، لە سیمایدا تێکردنەوە و شۆربوونەوە دەخوێندرایەوە، شێرزاد دوو سێ رۆژ بوو لە سەر سەر دەسووڕا، دادەما، لە دنیا دادەبڕا، جگەرەی بە جگەرە پێدەکرد، کارۆخ سێ رۆژ بوو یەك (میمگورجی) لە زاری نەهاتە دەرێ، هەڵۆ، ئێوارەکەی دەوروسوڕی دەدام، دەیویست شتێك بڵێ و دەیگێڕایەوە، هۆڵی هەراو هۆریا دەردی بە ناو وەرببوو، بەلام چۆل نەدەبوو، نەدەبوو، باشە، رۆژ نیە پێشمەرگەیەك تێنەکاتەوە، کەچی هۆڵ هەر پڕە و جێنابێتەوە، ئەوە چیە! شێرزاد دەڕوا ئازاد دێ، هەڵۆ دەڕوا خەسرۆ دێ، درەنگ پێکەوتم لە لە بارەگاکانیترەوە، لە جێیترەوە پێشمەرگە دەهاتن و چەند شەوێ دەمانەوە و شۆڕدەبوونەوە، نازانم کێ بوو گوتی:

((رێی بەغدا لەو هۆڵەوە دەستپێدەکات))

دیارە تەنها پێشمەرگەی کورد خۆی رادەستدەکردەوە، دەیانگوت عەرەبی نەدەگرتەوە، بەلام لە هۆڵی هەراوهۆریا، ناوە ناوە پێشمەرگەی عەرەبیش بزردەبوو، دەرد بە ناو ئەوانیش وەرببوو، ئەوانیش بە دزیەوە دەڕۆیشتن، درەنگتر پێکەوتم عەرەبەکان رووە و رووسیا سەرهەڵدەگرن، شێخ شوانیشم لە بیربێ، ئەو کوڕە عیسابیە چاوی تووشی نەخۆشیەك بوو، وای لێهات بەردەمی خۆی نەدەدیت، لە پڕ بزربوو، ئۆخەیەش دەگاتە رووسیاو چاوی چاکدەبێتەوە، بەلام هایهوو! درەنگ پێکەوتم، رووسیای چی! نەیاننادبوو، ئەویش خۆی رادەستکردبۆوە، بە بیستنی ئەو

هەواڵە دنیایەك حوێنم بۆ ئەو بەرپرسە نارد کە کوڕەکەی خۆی -ناوێکی وەك ئارامی هەبوو- سێ مانگ نەبوو، هاتبوو، هێشتا پێڵاوی شاری لە پێبوو، یەکسەر ناردیانە رووسیا، شێخ شوانیش، فرۆشگایەك پێڵاوی لاستیك و ئەدیداسی لە چیا دڕاند، چاوی لە سەر پێشمەرگایەتی دانا، رەوانەی ناو گورگانیان کردەوە، رۆژێك (هێڕش)ێك لە پشت پەنجەرەی کۆشکی کرملینەوە و بە دەنگی بڵند:

کورد بۆ دۆزەخ و عەرەب بۆ بەهەشت

عەرەبێك پرسی:

- مەبەستت چیە؟

هێڕش هێندەی نەمابوو هێڕش بباتە سەر کرملین:

+ کورد بەرەو بەغدا غلۆربکەنەوە و عەرەبیش رەوانەی مۆسکۆ بکەن.

پێشمەرگە عەرەبەکە:

- تۆ بێ ئاگایت، لە رێی مۆسکۆ هەر عەرەبێك دوو کوردی لەگەڵە..

نازانم کێ بوو لە کرملین هاتە دەرێ، دەستی هێرشی گرت و لەو دیو سەرشۆرکەکە لە ناو بەفرێ کەمێك راوێچکەیان کرد، ئیدی هێرش ساردبۆوە، ئا لە بیرمنەچێ، کرملین کە ژووری بەرپرسەکانە، رێبوار ئەو ناوەی لێنابوو، کرملین لە یادەوەریی مندا جێیەکی ئەوتۆی نیە، جگە لە دوو سێ وێنەی سپیپات شتێکم نیە بۆ نیشاندانەوە: عەسرانێك بەرپرسێکی گەورەی پارتێك هاتە کرملین، لەگەڵ مەلاحەسەن و نازانم کێ دانیشتبوو، ئەودەمە ئەبوودڵشاد بەرپرسێکی بارەگا بوو، دێتە بیرم نەچوو بەخێرهاتنی بکات، ئێ، دیتم مەلا حەسەن هاتە دەرێ و روو لە ئەبوو دڵشاد:

((هاورێ، ئەوانە مێوانن، کەسێك نەهات بڵێ کەرتان بە چەند، چایەك شتێك، خۆ رەنگە بۆ ئێوارەش لێرە بمێننەوە))

ئەبوو دڵشاد پێشمەرگەیەکی راسپارد کە چایەیان بۆ ببات، بەلاّم خۆی نەچوو، گوتیان:

ئەگەر بەرپرسیارەتی براکوژی بەش بکەیت، نیوەی لە ئەستۆی ئەو پیاوەیە گوتیان:

ئەو پیاوە لە شەڕی براکوژی زۆر غەداربووە، ئەبوو دڵشاد کە لە هاوڕێکانی دادەبڕێ، لە ترسی ئەو پیاوە و پێشمەرگەکانی لە دەڤەری لیوژە یەك مانگی رێك خۆی لە ژوورێك شاردبۆوە، ئەو پیاوە فەرمانی بە پێشمەرگەکانی دابوو پەرێزتان پاك بێ، واتە هەر نەیارێکت دیت بیکوژە، بۆیە ئەبو دڵشاد ئامادە نەبووە بەخێرهاتنی بکات، هەر ئەبوو دڵشاد نا، چ پێشمەرگەیەك خۆشیی لەو سەردانە نەهات، بەڵام بەرپرسەکان زۆر بایەخیان پێدا، دێتە بیرم ناردیان لە بارەگای سەرێ ئەبوو سەرمەد و سەربەستیان هێنا بۆ شیولێنان، ئەو دووە بەردیان لێبنایە دەخورا، لە بارەگاکەی ئێمەش چەتۆ بەرانەتی لە برنج لێنان کابان بوو، بانگیانکرد یارمەتیان بدا، بەڵام بە تووڕەییەوە گوتی:

ئێواران نازانم شیو لێنێم..

مەلا جەلالیش کە لە دەو رووبارەکە راوێچکەی دەکرد، گوتی:

لە خشتەی خواردن ئەو ئێوارەیە برنجە سۆرەیە، با مێوانەکانیش هەر ئەوە سندان بکەن..

ئێ دەمەو ئێوارەیە بە ناو پرتە و بۆڵەی پێشمەرگەدا بۆنی گۆشت بارەگاو بارەگا دەڕوات، شیو لە سەر تێکردنە، نازانم کێ بوو لەو لاوە لە لای کرملینەوە بە چەقەنە لێدانەوە هات:

لە خۆمان خەنی! مێوانەکان رۆیشتن..

نایەتەوە یادم مێوانەکان بۆچی نانیان نەخوارد، بەڵام دێتە بیرم، چەند پێشمەرگەیەکی لێدەرچێ کەس دەوی لە شیوەکە نەدا، هەموو بە دیار پلاوگۆشتەوە وەرگەڕانە سەر نان و تەحین و دۆشاو..

رۆژێك من و كارۆخ لە پشت پەنجەرەی كـرملین بـە دەم چایە و جگـەرەوە خۆمـان دابـووە هـەتاوێ، سـەری قسـە گەیشـتبووەوە منـداڵی، گەیشـتبووەوە و تۆپـانێ و كـەلایانێ و دارلاسـتیك و بـەردەقانی و هـەلیكانێ و كێلەبـەردانێ و غـارغـارانێ و زۆرانێ، كارۆخم لە منداڵیەوە كەمێك دەناسی، گەڕەكمان هێندە لێكدی دوور نەبوو، من منداڵی بەلاشاوە، ئەو هی بـاداوە، جـوان گەڕابووینـەوە منـداڵی، زرمەیـەك لـە ژوورێوە، لە كرملینەوە لە منداڵیی پساندینەوە، كارۆخ یەكسەر گوتی:

- وا بزانم بە خۆڵ كەوت

+ كووت زانی؟

- لە دەنگیڕا دیار بوو

دەمانچە بوو، لە دەستی سەلیمە سـوور یـان كەسـێكی وەك ئـەو سـوور دەرچـوو، دەیانگێڕایەوە، پێشمەرگەیەك لە ژووری كرملین لـە گێژ دەمانچـەیە، نـازانم خـاوێنی دەكاتەوە، گەمەی پێدەكات، چی.. سەلیم دەڵێ:

هـاوڕێ، قـەت لـە نـاو پێشـمەرگە گەمـە بـە دەمانچـە مەكـە، بیـدە مـن بـۆت خاوێنبكەمەوە.

لێیوەردەگرێـت، پـاش كـەمێك گوللەكـە لـە دەسـتی سـەلیم دەردەچـێ، باشـبوو لوولەی لە ئاسمان دەبێ، كەسی نەپێكا، كارۆخ دەیگوت:

من بە ناو ئەو هەموو شەڕەدا هاتووم، لە گوللە نەترساوم، بەڵام هەمیشـە زراوم لە (لەدەستدەرچوون) چووە.

سەرهاتی دەمانچەكەی كرملینم لەبەر خاتری زیندووراگرتنی ئەو قسەیەی كـارۆخ گێڕایەوە!!

حەزم لە سەر بەردی خەیاڵە، بەڵام ئەبوو دڵشاد ئیشی پێمە، بزانم چـی لێمـدەوێ، تی كردمەوە:

+ دەزانم تۆ خۆت رادەستناکەیتەوە و دەمێنیەوە، بۆیە بۆ خۆت باشترە ببیە ئەندام، خۆشت دەزانی گورباچۆف حزبایەتی ئاسانکردووە و وەك جاران قورس نیە.

- حەزناکەم

+ بە دڵی خۆت

بیرمکردەوە، باشە بۆچی تاقینەکەمەوە، خۆ ئەگەر ببمە ئەندام، هەندێ شت دەزانم کە ئێستا لێمدەشارنەوە، بزانم چۆن دەبێ، هێشتا هەر پیاسەماندەکرد، گوتم:

- باشە، خۆم تاقیدەکەمەوە

+ زۆرم پێخۆشە، داوایەك بەرزبکەوە.

- نازانم، چۆن بینووسم؟

فێری کردم، نووسیم و دامێ، وابزانم رۆژی دواتر بوو، ئەبوو دڵشاد گوتی:

+ تۆ ئێستا پاڵێوراوی بۆ ئەندامێتی

-خێری تێدایە

بەر لەوەی رێم بە چادرەکەی سەرێ بکەوێ، دەچمەوە لای بەردی خەیاڵ، بەردی خەیاڵ بەردێکە لە دوورەوە لە دیوی بارەگاوە، ئەگەر بەفر نەیگرتبێ، لە زین دەچێ، بەردێکە بەژنی نیو بەژنێ دەبێ، لە ساتی تووڕەبوونی رووبار بەردە خەیاڵ شەپۆلان دەگرێتەوە، جاری واش هەیە هێندەی نامێنێ نوقم بێ، بەردی خەیاڵ بە دیوی رووباردا جێی دانیشتنی هەیە، دەڵێی بە تەپشوو بۆ من رێکیان خستووە، زوو زوو دەچم، بە تایبەتی کە رۆژ بە دەرەوەیە، ئەگەر بەفریشی لە سەر بێ، دەیماڵم، پشتم دەدەمە زینەکە و روو لە رووبار، روو لە دارستانەکەی ئەو بەری رووبار دادەنیشم، بە زۆریش شووشەیەکی گەورەی پڕ چام لە تەنیشتە، بەردی خەیاڵ جێی چایەشی هەیە، دڵنیا ناوی لەو شووشەیە نابوو حەفت پیاڵە، ئیدی بە دەم چایە و جگەرەوە، چەند جارێکیش بە مەتارەی شەرابەوە، دەمڕوانیە رووبار، ئەو رووبارەی بە نێوان کەناری بەفردا بە نازەوە نەرمە شەپۆلانی دەدا، دەمڕوانیە دارستانی بەفرگر، من هەمیشە

گەلاّی سپیم لە گەلاّی کەسك لا جوانتر بوو، چ گەلاّیەك نازی گەلاّی بەفر دەکات! لە بەردی خەیاڵەوە دەڕۆیشتم خەیاڵ خەیاڵ دەڕۆیشتم، خۆم دەدایە رووبار، بڕۆ بڕۆ، بڕۆ، هەر بڕۆ، زۆر جار تا بن پردی پردێ نەدەوەستام، لەوێوە وەك مراویەکی ماندوو دەهاتمە دەرێ، بڕۆ لە وشکایی بڕۆ، تا هەولێر، تا کۆلاّنی خۆمان ئاوڕم لە کەس لە هیچ جێ نەدەدایەوە، لە سەر بەردی خەیاڵەوە نەدەگەیشتمە کوێ! دنیام دەکرد، بەردی خەیاڵ لە خۆڕا شێوەی زینی نەبوو، بەردی خەیاڵ زینی ئەسپێکی ئەفسانەیی بوو، زۆر کەڕەتیش راوی وشەم دەکرد، زۆر کۆپلە زادەی بەردی خەیاڵن، لە بەردی خەیاڵەوە دەگەیشتمەوە کۆنە سەنگەر و بارەگای بە باچوو و کاوڵە گوند و کانیی کۆنکریتکراو و رووباری تووڕە و پردە دارینەی شکاو و شمشاڵی شوان و رەشماڵی گەرمیانی و کوێستانی، دەگەیشتمەوە برادەرە لە دەستچووەکانم، برادەری کۆن و نوێ، ئەوەتا سلاح جەوهەر تازە گەیشتۆتە سەری کۆلاّنی دەلاّلخانەی هەولێر، هێشتا تەقەی لێنەکراوە، ئەوەتا فازیل رەیحانە، لە سەفینێ گوللەیەکی بەر چۆکی کەوتووە، بەلاّم هێشتا خوێنی لە بەر ماوە، ئەوە سەردار تەقەی لە پارێزگار کردووە، ئەوە کۆچەر جارێ هەر دەکوژێ، هەولێر دەستی لە سەر دڵیەتی، هێشتا دوا گوللەی بە خۆیەوە نەناوە، کانەبی گچکە ماویەتی بە داوی شینەوە بێ، سەپان هێشتا لە پێرس ئاودیو نەبووە، ئومێد هەر چاوساغە و بە لای چەپی سینگی گوللەی نەگرتۆتەوە، هێشتا کەس گوێی لە هاواری سیامەند نەبووە، لە مێژنیە جەواد سەرگەردانە، ئارام شاهێن دڵی تریواندی، بیر لە جاشەکانی قاسماغا دەکاتەوە... دەگەمەوە چاربۆت، لە بیرمە لە ماڵێکی پەڕگە برنج و ماستم خوارد، لەوێ لە جیاتی شلە ماستیان لەگەڵ برنج دادەنا، ژنەکە هێند چاو تێربوو، چەندت دەخوارد تێرنەدەبووی، پیاوەکە گوتی:

ئەو رێوبانە زۆر ترسناك بووە، بۆسە زۆرە، بن هەر بەردێك سەربازێك، جەحشکێکە.

ئێستا وا لە دۆڵی پلینگانین، تەق، تەق، قەوما، کەوتینە بۆسەوە، نازانم کێ بوو گوتی:

مەترسن، جێمان خراپ نیە.

تەق، تەق، تەقوهۆڕێکە بەرد کاس بووە، درەخت گوێی گرتووە، پۆلا دەڵێ:

((دوور کەوتنەوە، دەست بە گوللەوە بگرن))

لە تاریکی دۆڵ بێ خوێن دەرچووین.. لە بەردی خەیاڵەوە رابردووی خۆم چیا چیا دەگەڕێم، ئێستا لە قەدی سەفینم، ئەها سێ گوڵە شلێر گەش گەش، گوڵ هەیە لە شلێری سەفین گەشتر! گوڵێکم قرتاند و بە لوولەی تفەنگەکەمەوە کرد، وا لە بەنەباوێ شۆڕدەبمەوە، گوڵ هەر گەشە، نزیك جادەم ،گوڵ هەر گەشە، حەزدەکەم ئێستا کۆستەرێك لە هەولێرەوە بێ، کچێکی جوان لە جامەوە تەماشابکاو شلێری لوولەی تەفەنگ ببینێ، رەنگە بڵێ:

ئەو پێشمەرگەیە چەند عاشقە.

سێ کۆپتەر نەیانهێشت لە چاوەڕوانی کۆستەر بمێنمەوە، لە لای کۆیەوە زگ لە سەر عەرد دەهاتن، لەوێ سووکە شەڕێك لە نێوان عەرد و عاسمان بەرپابوو، بەنەباوێ هاتینەوە هەڵمانکێشە و بمانشارەوە.. بەردی خەیاڵ دەمباتەوە کوێستانەکانیش، لە کوێستانی گارە و مەتینەوە بۆ کوێستانەکانی قەندیلێ، ئێستا لە سەر گۆماوی بەفراویی بێکۆدیانم، لە دنیایێ لە کوێستان و گەرمیانێ چلەی هاوینە، کەچی لێرە لە بێکۆدیان دیار ئاگر خۆشە، پەنیر و چایە بە دیار ئاگرەوە خۆشە، بایەك هەڵیکردووە دەڵێی لە زستانێوەیە، سێ چوار رەشماڵ تەواوێك دوور لە گۆمی ئاسمانێ هەڵیانداوە، ئا بێکۆدیان کەوتۆتە ئاسمانێ، چایە و پەنیرێکیان داینێ، هەر لەوێ پەنیری وام خواردووە، ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە کوێستان کوێستان دەگەڕێم، پەنیرەکەی رەشماڵی بێکۆدیانم نەدیتەوە، کانەبی گەورە دەڵێتە خانەخوێی بە تەمەنداچوو:

+ وا بزانم ئێرە ساردترین شوێنی قەندیلە.

- ساردترین شوێنی قەندیل و دنیایە.

+ دیارە دنیا زۆر گەڕاوی؟

- کوێستان نیە نەمکردبێ، بە هەر سێ دیودا، دیوی عێراق و ئێران و تورکیا

+ تۆپ و شت نیە؟

- کەم، ناگاتە ئێرە.

لە هەستاندا تۆپێك گۆمـاوی بـە ئاسمـان ئێخسـت، کردیـە ئـاوی کەسـك وسـۆر، ئەوانەی هەولێرین و لە تەمەنی من و گەورەترن، دەزانن بەراوەردەکەم لە چیە، ئـێ، خانەخوێ سـەری داخسـت وتـەواوێك دامـا، ئـەوجا کـەمێك لـە ئاسمـان رامـا و بـە هێواشی گوتی:

تەواو، کۆتاییە، تیری ئەسحابەش نەگەیشتبووە ئێرە، بەلاّم دیارە سەدام دەیگاتێ.

بەردی خەیاڵ هەڵمدەداتەوە زرارەتیان، لە دەو ئەو رووبـارەم کـە دەیـانگوت شـێخ نازانم توڕابە کێیە، ئەها گۆڕەکـەی لـە سـەر ئـەو بەرزاییەیـە، دەسـتنوێژی لـە سـەر هەڵگرتووە، بۆیە ئاوەکەی یەکاویەکە بۆ چاویەشە، ئێستا لە سەر رووبـاری شـێخ لـە بن دار بیەك بە ئاگری بێ دووکەڵ خەریکی چایە لێنانین، ئاگرکردنەوەی بـێ دووکـەڵ هەر لە دەسـتی پێشـمەرگە دێ، مـن ئـەو ئاگرکردنەوەیـە لـە مـام رەسـوولی بنـاوێ فێربووم، دەیگوت:

((فێربە، هەتا کۆپتەر مابێ، هەتا جاش و سەرباز مابن، بۆ پێشمەرگە ئاگری بێ دووکەڵ وەك پێلاّو پێویستە))

لە بن سێبەری بی، بە دیار رووباری موتفەڕکەوە، لـە بنـە مـەتارە چـایەمان بـە وردکە نانەوە خواردەوە، بەلاّم کۆپتـەر هـەر پێیزانـی، چـەند پەلـە ئاسـنێکی خسـتە رووبارەوە، چەند دەسڕێژێکیش لـە رووبـارەوە رووە و کۆپتـەر، دیـار بـوو وەختەکـەی ناوەخت بوو، شەڕی عەرد و ئاسمان درێژەی نەکێشا..

ئای بەردی خەیاڵ چ لە من دەکەیت، لە رابردووم هەڵدەکێشیت و دامدەچۆڕێنی و رامدەوشێنی و لە ئێستام هەڵدەخەیتەوە، ئای بەردی خەیاڵ پیاوێکی چەند بێ ئایندەم، کارۆخ بانگدەکات:

وەرە تەنوورەکە ئامادەیە، نان ببرژێنە.

دەبێ بچم، تا نەچوومە، لە بیرمنەچێ کوڕێك زمناکۆی ناوبوو، ناوی لەو بەردە نا(بەردی خەیاڵ)، منی چەند جارێ لەوێ دیتبوو، گوتبووی:

ئەو جێیە جوانترین جێیە بۆ هەڵدانی خەیاڵ، ئەو بەردە لە هەموو بەردان جیایە، بەردێکە بۆ خەیاڵ.

ئێرە بێرایی مەمکانە، بە سەر بانی هۆدەی شەراب و هۆڵی هەراو هۆریا و کۆشکی کرملین کە بە سەر یەکەوەن، دەڕوانێ، جێیەکەی بڵندە، تەنها چادری هەناسەتەنگی لەو بڵندترە، بێرایی مەمکان لە گەوەیەکە، بانەکەی لە پشتەوە لە سەر خۆڵی هەڵکۆڵراو و رنراو راوەستایە، پێشەوەی لە سەر دوو کۆڵەکەی هێندەی ناو قەدی باریکی کچ، کە سێ شەقاوی پیاوانە لێك دوورن، تەنیشتەکانی بە بەردی گەورە، هیشکەکەڵەك هەڵچنراوە، بانەکە بڵندە لە هەموو ژوورەکان بڵندتر، بان نیو چۆکە خۆڵی لە سەرە، بن بانەکە بە تەنەکە داپۆشراوە، ئەگەر ئاگری تەنوورەکە بەژنێکیش بە ئاسماندا بچێ، مەترسی نیە، لە بێرایی مەمکانەوە دارستانی ئەو بەری رووبارەکە، دارستانە بەفرگرەکە جوان دیارە، لە ساتی بەفربارینێ دنیا جوانیەك دەرژێنێتە چاوتەوە، بلێسەی ئەنفالیش ناپیرووکێنێ ، هی ئەوەیە بە دیار ئاگری تەندوورەوە چاو لە دارستان ببڕی و ببینی، چنار، بی، هەنجیر، تووترك، چۆن گوڵی بەفر دەگرن، لە بێرایی مەمکانەوە دۆڵی ناوزەنگی لە بەفر، لە کراسی سپی راکشاودا نازدار دیارە، مامەندەی بە پێوە راوەستاوی بە هەوردا چوو حەیران دیارە، لە بێرایی مەمکانەوە ئەگەر کەمێك سەر دانوێنی، شەڕی ئەو چۆلەکانە دەبینی کە لە بن گوێسوانەی ئەو بێراییەی کە بە سەر هەر سێ دەرگای شەراب و گاگەڵ و

کرملینەوە، دەڵێی کڵاوی هاوینیە، جوانە، شەڕ یان گەمەی بە کۆمەڵی چۆلەکە گاڤێ دەبنە تۆپەل و گاڤێ پەرتدەبنەوە، ئەو ساتانەی زریان بردوومی، یان سەهەڵبەندان هەناسەی گرتووم، یان لە ئێشکگری بوومەتە چلوورە، نەبێ، دەنا لە بیرم نیە لە بەفر بێزاربووبم، هەمیشە چێژم لە بەفر وەرگرتووە، دەمگوتە کارۆخ:

تەماشاکە، بەفر دایکرد، گوێ لە دەنگی نەرمی بەفر بگرە.

کارۆخ کەمێك (میمگورج)ی کزدەکرد و دەیگوت:

هەناسەی میمگورجی لە دەنگی بەفر خۆشترە.

دەمگوتە کارۆخ:

تەماشای دارستان بکە، خەریکە گوڵی بەفر دەگرێ.

کارۆخ هەناسەیەك دەدا:

چیت لە گوڵی بەفر دەوێ، تەماشای ئەو مەمکانە بکە، دە دەستیان بدێ.

لە مەمکان ورددەبوومەوە، پەنجەم دەگەیاندنێ، ئەنگوتکەکانی بن پەڕۆکە سپیەکە زۆر لە مەمك دەچوون، کارۆخ ناوە ناوە لە سەر سوخمەی سپیەوە، دەستی دەگەیاندە دوو ئەنگوتکی تەنیشت یەکتر و شێوەی مەمکی دەدانێ، دەبوونە مەمك، کارۆخ لە دروستکردنی مەمك دەستڕەنگین بوو، ئەنگوتکی بە ئەنگوتکی نەدەهێشتەوە، هەمووی دەکردنە مەمك، مەمکی قیت، مەمکی کەمێك داچۆڕاو، مەمکی هەمە شێوە، کارۆخ ناندێنەکەی پڕدەکرد لە مەمك و پڕیدەکرد لە ((جووتە مەمکەکەت کۆتری فەڕەنجی))، کارۆخ هێند جوان لە ئەنگوتك مەمکی دروستدەکرد، منیشی کردە هۆگری ئەنگوتك و ناویشم لە ناندێنەکە نا بێرایی مەمکان، لە بیریشم نەچێ، هەر لەو سەروبەندە لە سەردانێکدا لەگەڵ کارۆخ ڕێمان کەوتە کۆلانێکی شاری شنۆ، کارۆخ گوتی:

ئاوڕبدەوە، ئەها ئەو هەموو ئەنگوتکە.

ئاوڕمدایەوە، چوار پێنج کچی تازە هەڵچووی سینە دەرپەڕیو راوەستابوون، ئای، مەمکی ئەو کچانە چەند لە ئەنگوتکی بێرایی مەمکان دەچوون، حەزمدەکرد لێرەوە کارۆخ بەجێبێڵم نەگەڕێمەوە لای، بەڵام، حەیف و مەخابن! دواتر زۆر دواتـر، بێرایـی مەمکان کەوتبووە رێچکە نادیارەکانی یادەوەری، رۆژێك جێبێکی پڕ، لـە شـەڕ دەگەڕێنەوە، کارۆخیان تێدایە، دیارە تەقەی سەرکەوتن و خۆشی دەکەن، لوولـەی تفـەنگێك هەڵـە دەکـات، هاوڕێیـەکی کـارۆخ لـە دەسـتی دەردەچـێ، کـارۆخ سارددەبێتەوە، حەفتەیەك پێش مەرگ، چوومە سەرتاشخانەکەی کارۆخ، وەك جاران، میمگورجی دەگوتەوە، بێرایی مەمکانیشمان یادکردەوە، ئێستاش کە لە مـاڵێ یـان لە نانەواخانە ئەنگوتك دەبینم، کارۆخ و بێرایـی مـەمکانم بیردەکەوێتـەوە و لـە بـەر خۆمەوە گۆرانیەکە دەڵێمەوە..

ئەوشەو رێم بە چادرەکە دەکەوێ، بەرلەوەی بچم سەرێك لە کۆشکی سپی دەدەم، دوو گابەردی گەورە لە نزیـك رووبارەکـە بـەلای پردەکـەوە، دەڵێـی بـە دەسـت لـەوێ داندراون، نەخشەی مام خدر و مام عەلیش با هەر بەو شێوەیان دادەمەزرانـد، نێـوان دوو بەرد جێی هێسترە رەشی لێدەبێتەوە، بە راوەستان و پاڵکەوتنـەوە، بـەڵام ئەگـەر بیەوێ بسووڕێتەوە و روو لە رووبار بکـات، دەبێـت بـە دیـوی بارەگـادا بێتـە دەرێ، ئەوجا بچێتەوە ژووریێ، هەر وەك من، ئەدی منیش ئەگەر بمەوێ تەنیشـتان بگـۆڕم، دەبێ هەستمەوە و درێژببمەوە، بە سەر دوو گابەرددا چادرێکی سپی لە رەنگـی بـەفر شۆڕ بۆتەوە، لە بنەوە بەچەند دارێك چادر لە شێوەی قووچەکە و هێندە بەفر نـاگرێ، مەترسی تەپینی لێبکرێ، لەگەڵ ئەوەش جاروبار بەفرماڵەکە دەگاتە ئەوێش، من زۆر ئیرەیی بە ماڵی هێستر دەبەم، زۆر جار دەمگوت:

((ئەگەر لەگەڵم بگۆڕێتەوە دوو تەنەکە جۆی لە سەر دەدەم))

هێستر بۆ خۆی تەنیا بوو، دوور بوو لە هەراو هۆریای کرملین و هۆدەی شەراب و هـۆڵی هـەراوهۆریاو خەسـتەخانەی مۆسـکۆ و چـادرەکە، ژوورەکانیـدی لـە سـاتی

بەفربارینێ سپی بوون، بەلام ماڵی هێستر بە هەمیشەیی سپی بوو، ئەرێ کێ بوو ناوی لە ماڵی هێستر نا کۆشکی سپی؟! هێشتا زووە، سەرێك لە سەرشۆرکی سامالێش دەدەمەوە ئەوجا دەچمە چادرەکە..

سەرشۆرکەکە کەوتبووە دەو ئەو رێیەی دۆڵ و رووباری دەگەیاندەوە چیا، نۆکانی خوارێ و بە نۆکانی سەرێ دەبەستەوە، باریکە رێیەکیشی بۆ ماڵی پاسۆك لێدەبۆوە، جارێك بۆ سەردانی هەردی ئەو باریکە رێیەم گرتە بەر، لە ماڵ نەبوو، سەرشۆرك روو لە بارەگا پشت لە رێ، لە دیوی رێیەکەش ئاگر دەدرا کە ئاگردانەکەی بە جارێك بارەدارێکی گەورەی دەگرت، سەرشۆرك بە بەرنەدەکەوت، گەرماوی گەورەی ورمێش بەو هەموو پێشمەرگەیە راناگات، ئای ئەو سەرشۆرکە داربەرووی سووتاندووە، بەرووی بە چیاوە نەهێشت، پایزەکەی چیایەك کۆلکەدار لە بارەگا هەڵدرابۆوە، لە دوورەوە چیای دارین دیار بوو، گوندیەك کە چاوی بە چیای دارین کەوتبوو، گوتبوویە مام بایز:

باشتان داکوتاوە،دەڵێی بە تەمان حەفت ساڵ لێرە بمێننەوە.

مام بایز گوتبووی:

جارێ، هەر بایی حەفت حەفتە دارمان کێشاوە.

سەرشۆرکی سامالّ بێ ئاگر نەبووە، نیوە بەرمیلێك کە نیوەی کەوتۆتە ناو دیوار هەمیشە مێرووله دەکات، سۆندەیەك کە لە کانیەکەی سەرەوە هاتبوو، سەری بە شێرەوە لە ناو سەرشۆرك بوو، بنە بەرمیلێك بۆ گەرم و سارد، تەشتێك بۆ جلك شووشتن، جامێکی قوپاو، دیواری سەرشۆرك، لای ئاگر تەنەکە رێژ، ئەوانیتر نایلۆن، عەردەکەی چەند تاتە بەردێك لە بن نایلۆنێکی ئەستوور، لە لای دەرگاوەش، لامپایەك بە دیوارەوە، سەرشۆرك تەنگ نیە، جێی خۆشووشتن و جلك شووشتنی لێدەبێتەوە، جێی خۆگۆڕینیش جێی خۆ سوورانەوە و خۆگۆڕینی لێدەبێتەوە، هەتا لە

غەسان کەرتکە سابوونێك، گۆلمە تایتێك وەردەگریت، دێتە سەرت بەگڵە سوورەی بن دیواری بێرایی مەمکان خۆت بشۆیت، رۆژێك پێشمەرگەیەك تووڕە بوو:

+ئۆندە تایتە چیە! لە قوونم بکەم کەفێ ناکات

- نیە، هاورێ، وەلا نیە

+ گوو بە تایتت، دەچم بە گوو جلکەکانم دەشۆم

من جارێك وام کرد، بە گوو نا، بە گڵێ سەرم شووشت، لە سابوون پتر کەفی کرد، ئەرێ وەختایەك بارەگا جۆرە سابوونێکی هەبوو، هەرچیت دەکرد، کەفی نەدەکرد، چەتۆ سەحەر دەیگوت:

تفی لێدەن، ئەو سابوونە بە ئاو نا، بە تف کەفێ دەکات.

ئاوەڕۆی سەرشۆرك لە خوارەوە لە رووباری دەکردەوە، خارە خولە و زەردە بە ناو بەفرێدا جۆگەیەکیان بۆ هەڵبەستبوو، جۆگەیەکی هەمیشە کەفاوی، دێتە بیرم، بەفر لە هەندێ جێ رەشبۆتەوە، دنیا هەتاوە، خارە خولە خاکەناسی لە دەستەو لە گژ جۆگەی کەفاویە، چەتۆی بەڕانەتی لە پشت سەرشۆرکەکە بەلای رێیە باریکەکە، لە دەو رووبارەکە راوێچکە دەکات، سێ چوار ژن لە رێی سەرێ، نۆکانی سەرێ، بە پشتێنی شلەوە شل و مل دێنەخوارێ، دیارە نیازیان خەستەخانەی مۆسکۆیە، گوێم لێیە، خارە خولە دەڵێتە چەتۆی بەڕانەتی:

+ هاوڕێ، بەو ژنانە بڵێ بە لای جۆگەکەدا نەڕۆن

- لۆ! سامالێ فاقی داناوەتەوە؟

+ نا، تۆ نابینی! هەر ژنێك بە لای ئەو جۆگەیە تێپەڕێ، ئاوس دەبێ

-پێشمەرگە ئەوها بەکارە؟

+ بڕوات بێ، لێرەوە، لەو جێگەیەی ئەو جۆگەیە لە رووبار دەکاتەوە، تا لای سونێ هەر ژنێك بە ئاوی ئەو رووبارە تاراتبکات، ئاوس دەبێ.

- باوەڕدەکەم، زەردە و سامالمان زۆرە.

زەردە کوڕێك بوو، وەك دەیانگوت، هەمیشە هەرامەکەی لـە سـەر دەسـتی بـوو، ئەوە نەبوو گوتبووی:

((ژنێکم بۆ دەبیننەوە باشە، دەنا لە بنەوە دەیبڕم و لە پێشتان دادەنێم))

سامالێش ئەو کوڕەی هـەقی نـەبوو شـەوە رۆژە، بـەفرە بارانـە، هـەورە سـامالە، پێیەکی هەر لە دەرگای سەرشۆرك بوو، لە کەلێنەکانەوە، ئـەوە نیـە، پێشـمەرگەیەك کـە لـە خۆشووشـتن دەبێتـەوە، تـا دەچـێ پێشـمەرگەی دوای خـۆی بـۆ سەرشـۆرك بانگدەکات، لەو کەلێنەوە سامال خۆی بە سەرشۆرکدا دەکرد و هیچ نەبا ئاوێکی بـە سەریدا دەکرد، سامال رۆژانە چەند جار دەچووە سەرشۆرك، بـەلام لـە جێـی کەسـیش نەدەچوو، کەسی لە سەرشۆرك بێبەری نەدەکرد، سامال گوایە ئەگـەر زوو زوو سـەری نەشوات، خورشتی دێتێ، هەر لەوەشەوە بوو، سەرشۆرك بووە سەرشۆرکی سامال..

چەندی خۆم گنخاند، کەلکی نیە، چادر چاوەڕێیە و ناچارم بچم، ئێـوارە دوای نـان لە سەر چایە هـەوالیان دامـێ کـە ئەوشـەو لـە چـادرەکە کۆبوونەوەیـە، کۆبۆنـەوەی حزبی، ئـێ، لـە کـاتی دیـاریکراو بـە نابـەدلی بـە هەورازەکـە، بـە تەنیشـت بێرایـی مەمکان سەرکەوتم، چادر هەر جێی سێ چوار کەسە، کەچی حەفت کەسـی لـە خـۆی دانیشـاندووە، چـادر لایـەکی دیـوارە، سـۆبەیەکی گچـکە، گچـکەتر لـە سـۆبەی ژوورەکانیتر، لە نزیك دەرگا بەلای دیوارەکەوە نیلەنێلیـەتی، لولـەی سـۆبە جیـا لـە لوولەی هەموو سۆبەکان لـە دیـوارەوە چۆتە دەرێ، لامپایـەك لـە ناوەنـدێ لـە سـەر قوتـەدارێك دانـراوە، ئـێ، ئێـرە کۆبوونەوەیـە، یـان کـابرای بەلاشـاوەیی گۆتـەنی (حیزباوە)یە، ئەوجا ئەو کابرایە ئەو وشەیەی بە دوو جار گۆدەکرد(حیز)،(بـاو) بـەلام من هەردوو بەشەکە بە یەکەوە گۆدەکەم وەك بەلاشاوە، مەمکاوە، باشـە، ئێـرە ئـەو چادرە، حزباوەیە، حزب قسەدەکات، هەر بڕیارێك لێرە دەرچـێ، بڕیـاری حزبـە، لێـرە ریـاز حزبـە، هەرچـی ئـەو دەیلـێ قسـەی حزبـە، مـن لـە خولەکـەکانی سـەرەتای کۆبوونەوەکەوە تێگەیشتم لە حزباوەم، ریاز دەستی بە قسان کرد، کەسێك قسەدەکات

و شەش کەس وەك بەرد دانیشتوون، قسەی لە (ئێستا، رابردوو، ئاینده) کرد، زۆری گوت، هەرگیز ریازم نەدیتووه، هێندە قسان بکات، نازانم کەس هەستیپێکرد یان نا، من هەر زوو تووشی کەمێك هەناسە تەنگی هاتم، سات دوای ساتیش تەنگیەکە تەنگتر دەبوو، بەلاّم نەدەگەیشتە ئەو تەنگیەی کە تەنگمپێهەڵچنیٚ و لە چادرەکە دەرمپەرێنیٚ، باس لە رابردووی پڕ سەروەری کرا کە تا نەنووسرێتەوە، خەڵك بە گەورەیی حزب ئاشنا نابێت، باسی خۆرادەستکردنەوە کرا، کە زۆر هاوڕیٚ بەرگەیان نەگرت و رووخان، لە کاروان دابڕان، باسی ئەوە کرا کە ئاینده هەر بۆ کۆمەنیستەکانە، زۆر شت گوترا، دوای لێبوونەوەی ریاز، شەش کەس بە نۆرە هاتنە قسە، منیش کە پالێورام بۆ ئەندامبوون، وەك ئەندام مافی قسە و گفتوگۆم هەیە، لە بیرنەکەم، هاوڕێیەك پێنووس و کاخەزی بە دەستەوە، دیارە سەرە قسەی قسەکان دەنووسێتەوە، تا دیٚ هەناسەم تەنگتر دەبیٚ، لە بیرمە یەکێك لە چەتۆیەکان، گوتی:

ئەو پێشمەرگانەی چوونەوە، حزب ناردنیەوە، راینەگرتن، نەیحەواندنەوە، بۆچی دەبیٚ بیانخەینە خانەی رووخاوەوە؟

ئای، ئەوە چی دەڵیٚ! دەڵێی قسە لە قسەی حزب دەکات! کۆمەنیستێکیدی پێچەوانەی وی قسەیکرد، دێتە بیرم منیش شەکرێکم شکاند:

باشە بۆچی حزب بە وردی رابردووی خۆی نانووسێتەوە، تا سەروەریەکان بزرنەبن؟

زۆر گوترا، پرسیار زۆر کرا، حەیف هیچ وەلاّمێکم لە یادنەماوە، دەنا شتێکم دەگێڕایەوە، بەلاّم لە بارەی نووسینەوەی دیرۆك، دێتە بیرم (زینە) یەك هەبوو، ئەو ژنە وەك دەیانگوت هەموو مێژووی حزبی ئەزبەرە، جارێك لە دەڤەری گارە، لە دانیشتنێکی ئاسایی گوتی:

((نایشارینەوە، حزب لە رابردوو هەڵەی زۆری کردووە، ئەگەر دیرۆکی خۆی بنووسێتەوە، دەبیٚ پیٚ لە هەڵەکانی خۆی بنیٚ، ئەوەش گران دەکەوێت، چونکیٚ کەسێك کە دەیخوێنێتەوە، دەیبیستیٚ، دەپرسیٚ: هەڵەیەك، دوو، سیٚ، دە، قەینا، ئەو

هەموو هەڵەیە بۆچی؟! کە ئەو هەموو هەڵەیەی حزبی لە زمانی حزبەوە بیست، ئیدی ئامادە نیە بێتە ڕێزی حزبی پڕ لە هەڵەوە))

لە کۆبوونەوەکەی حزباوە ئەو قسەیەی زینەم بیرکەوتەوە، ویستم لە شێوەی پرسیار بیخەمە ڕوو، پەشیمانبوومەوە، ئیێ، چایە لە سەرە، کۆبوونەوە لە کۆتاییە، هەناسەتەنگیم پتر دەبێ، ویستیان چایە دێمکەن، پێشمەرگەیەك بە پڕتاو قۆریەی چای هەڵگرت و هەڵیدایە دەرەوە:

+ چ بوو؟ ئەوە چ بوو

+ چ نیە، نا

+ وەڵا مشك

تومەز لە ناو تۆچایەکە مشك تۆپیوە، نەیدیتووە لە قۆریەکەی کردووە، هەناسەم تەنگتربوو، ئۆخەیش کۆبوونەوە تەواو بوو، لە چادرەکە هاتینە دەرێ، هەتا دوو سێ ڕۆژ چایەم نەخواردەوە، هەناسەتەنگیشم ماوە، سێ ڕۆژ ڕانەبرد، دەستەیەك پێشمەرگە نێردرانە بارەگای گۆڕە شێر، من لەگەڵم، پێمخۆش بوو، لە چادری هەناسەتەنگی دوورکەوتمەوە، بەلاّم هەناسەتەنگی لێمنەبۆتەوە، ئێرە گۆڕەشێری بن تیچاوی جاسووسانە، هەر چوار وەرز لە گوندە جوانەکانی کوردستانە، گۆڕە شێریش هەر کەوتۆتە دۆڵی جەنگاوەرە دۆڕاوەکانەوە، ئێ، نازانم چەندی پێچوو، حەفتەیەك، پتر، نەگەیشتە مانگێك، ئێوارەیەك لە سەر نانخواردنێ، کادرێك گوتی:

ئێوارە کۆبوونەوەی حزبیمان هەیە..

ئۆی، خۆ لەبیریاننەچۆتەوە، من پالێوراوم، هیچم نەگوت، لە بیرم بێ، هەناسەتەنگی وازی لێنەهێناوم، لە کاتی دیاریکراو نەچووم، جغارەخۆرێك دوان، تێپەڕی، نەچووم، دیتم پێشمەرگەیەك هات:

+ هاوڕێ، چاوەڕێتن، بڕۆ

- پێیانبڵێ، نایەمە کۆبوونەوە

+ بە راست؟

- بە راست

بۆ سبەی، زۆر هەوڵیان لەگەڵم دا، پەشیمان ببمەوە، پەشیمانبوومەوە، چوومە کەلی شەیتان و نەهاتمەوە خوارەوە، ناچار گوتیان:

+ بەڵام وازهێنان ئەوها نابێ، دەبێ بە نووسین بێ و بۆ سەرەوەی بەرزبکەیتەوە

- باشە دەنووسم

ئەرێ وازهێنان چۆن دەنووسرێ؟ پرسیارم لە خۆم دەکرد، وەڵامی خۆم دەدایەوە: ما وازهێنان چیە، بنووسە وازم هێنا و ئاو بێنە و دەستت بشۆ، پەڕە کاخەزێکم هێنا، چی بنووسم، وازهێنانێکی چەتۆ سەحەرم بیرکەوتەوە، چەند جارێك بۆی گێڕابوومەوە، ئەزبەرم کردبوو، بە عەرەبی بوو، سەحەر دەیگێڕایەوە:

((رۆژێك خراپ لە حزب تووڕە بووم، یەکسەر نووسیم: (لقد استقلت.......) ویستم بەرزیبکەمەوە، پەشیمانیانکردمەوە))

من با بینووسم، کێ هەیە بتوانێ پەشیمانمبکاتەوە! باش بوو وازهێنانەکەی چەتۆ وەك کلێشە بەکەڵکم هات، نیو لاپەڕەی لاپەڕەیەکی گچکەم بە خەتی درشت پڕکردەوە، رستەیەکم ئێستاش لە بیرە: ((من کەڵکی حزبایەتیم نیە، بەڵام وەك پێشمەرگەیەك دەمێنمەوە)) ئیدی لە دوای ناردنی نامەکە هەناسە تەنگیم نەما، تا نووسینی نامەکە هەستمدەکرد، چادرەکە لە سەر سینگم هەڵدراوە، دەست و پێم بە سنگەکانیەوە داکوتراوە، هەر لەبەر هەندێش ئەو سەرهاتە، سەرهاتەکانی زستانی نۆکان ناونشانی(چادرێك لە سەر سینگم هەڵدراوە)ی هەڵبژارد

سورخیو

دڵۆپە شیعریەکانی دۆڵی دۆڕان

جیایی من لە جەنگاوەرانیدی تەنێ شمشماڵێ بوو، شمشماڵێك و چیدی نا، شمشاڵ دەتگوت شۆڕشڤانێکی بەردەستکەوتووی رووخاوە، هەرچی هەیبوو دەیگۆتو خۆی بەتاڵدەکردەوە لە نهێنی، ئەو نهێنیانەی سەردەمانێ تەلیسم بوونو نەدەبوو بکرێنەوەو نەدەکرانەوە، ئەو ئاوازانەی نەدەبوو بگەنە گوێی هەموو کەسێ، شمشاڵ پڕ بە گەرووی دەیژەندن.. شمشاڵ جۆگەلەیەکی تیژبوو لە گوتن، دەڕژایە سەر ئەو پێدەشتانەی بێدەنگیەوە کە کەس نەیدەزانی چیان لێ شیندەبێت.. شمشاڵی جیایی ئەو شمشاڵە بوو سەردەمانێ لە وەرزەکانی دۆڵێکدا ناسنامەیەك بوو، وێنەی منی پێوەبوو..

ئێرە دۆڵی جەنگاوەرە دۆڕاوەکانە
ئەو جەنگاوەرە دۆڕاوانەی هێند بێ زاخن
دۆڕاوی لەبن سمێڵ دەشارنەوەو گۆی ناکەن
لەم نسێ هەمیشە ئاودارە
دەشێ لە شوێنپێ هەرەسی هەتاو بنووسرێتەوە
جوانیی مرۆڤ تەپو تۆزەو دەتەکێ
دەتەکێو لەگەڵ پیسایی پاسداراندا بە ئاودا دەچێ
ئەوەی هەبوو بەسەرچوو جگە لە رووقایمی
تفەنگەکەت بێنە.. ئەی جەنگاوەری لە جوانیی بەتاڵ
بیدە دەست شوانە تاقانەکەی سروشت

بۆ خۆی دەیکاتە شمشاڵ

شمشاڵ لە سپێدەدا

بەدیوی گۆڕەشێر و لەبن تیچاوی جاسووسان، بەرانبەر شێنێی هەمیشە شۆڕەژن، شێنێی هەمیشە خوشك، خوشكی جمكی گۆڕەشێر، لە سێبەری درەختێكی لە ئەنفال رزگاربووی كەمێك بەهاری، پشتم دابووە تیشە بەردێكی پڕ جوولەی شاراوە.. تیشە بەردێ، لە چەند جێوە جێ تیری ئەنفالی پێوە دیاربوو.. بەدیار مەتارەیەك شەرابەوە، پڕ بە گەرووی دۆڵ بە شمشاڵ كۆستم دەژەند.. دەمێك بوو بێ ئاگاییو هەر لە خۆوە تفەنگەكەم شێوەی شمشاڵی گرتبو، لە پەنجەیەكەوە گۆڕابوو بۆ شەش پەنجەو ئاوازی دۆڕانم بۆ جەنگاوەرە دۆڕاوەكان دەخوێند.. ئەو جەنگاوەرانەی هێندە لەگەڵ بەرد خەوتبوون، مێشكیان تەژی بوو لە تەلەزمە بەرد، من خووم بە دۆڕانەوە گرتبوو، پەنجەكانم جوان لەگەڵ ژەنینی ئاوازی دۆڕان دەهاتنەوە، ئاوازی دۆڕان لە كچە مەلایەك فێربووم، بەڵام چەندی كردم وەك خوێندنەكەی ئەو بیخوێنم، نەمتوانی... لە گەرمەی "ئایەتی كورد" لە بزنە رێیەك بەدیداری مەلاو كچە مەلا شادبووم، مەلا هەمیشە بە كێشو سەروا، فەرموودەكانی خۆی دەردەبڕی، مەلا سەد فەرزە بانگی دەدا، بانگدانێكی جیا لە هی ناو كودیو دەرەوەی كودی، تا بزنە رێیەكەمان بە هێسترەڕێ كردەوە،حەوت جار بانگیدا:

لە دوای چەند كەڕەت:

خودای گەورە خودای گەورە

ئەم وڵاتە هەر خوێنو هەورە

دەیگوت:

لە قورئان یەك هەڵە هەیە

ئەویش زۆر زۆر گچكەو وردە

بۆچی فەرمووت ئایەتی ئەنفال

هەو نیە ئەوە ئایەتی (کورد)ە

سەرهاتی کچە مەلا پڕ کێشەو سەر ئێشەیە بە من نانووسرێتەوە، مەگەر ئەو رووبارە بیگێڕێتەوە کە وا بزانم لە رۆخیدا لەگەڵ باوکە لە خوا تۆراوەکەیدا بە ئایەتی کورد شادبوون.. لە بن درەختە ژنانیەکە قومێکم لە شەرابی رێبواری دەدا و فوێکم دەکردە شەماڵەوە، فوێکم دەکردە شمشاڵەوە، فوێکی درێژ درێژتر لە ساتەکانی پێش مەستبوون.. نامەیەك قومی پێ قلْبکردمەوەو فووی پێ قووتدامەوە.. پارچە کاغەزێك بەقەد ناو لەپ، پەڕە گوڵێکی زیندوو بە تەنیشت پەپوولەیەکی مردووەوە، لە شێوەی وێنەی مانگ لە پایزە شەوی چیادا، ئەم پیتانەش (خ و ر س ی) وەك ئەستێرە دەوریان دابوو..

ئاشنایەتیم لەگەڵ نامەی وادا نەبوو، لێکدانی پیتەکان خستمیانە تەمی گومانەوە، لە نێوان سیخوڕو سورخی چاوم دەگێڕا، تا تریفەی بیرهاتنەوە، (سورخی)ی لە تەم رەواندەوە.. نەمدەناسی لێ هەندێ سەرهاتی ناسکە رێواسیم لە بارەیەوە، بە خوێی باسکردنەوە تامکردبوو.. هەر لەوێ بۆیم نووسیەوە:

کوڕی گوڵ چۆن دەستت چووە گیانی پەپوولە؟!

لە بینین‌و ناوهێنانی گوڵ‌و پەپوولە گۆنای هەمیشە سوورو چاوی هەمیشە خەواڵووی کچە گوندیەکەم بیرکەوتەوە، ئەو کچەی بە بۆنەی ئەوەوە، ئاسمانی گوندم پڕکردبوو لە چۆڵەکەی ئاواز.. گوند بە (مەریەم) دەخەوت‌و بە (ئامان) بەئاگادەهاتەوە.

گوڵ لە وشەوە کەی لە گوڵ دەکا
هەزار وشەی گوڵ
نە بۆنی پەڕەیەك گوڵ دەدەن‌و
نە جوانی پەڕەیەك گوڵیان پێیە..
مردنی پەپوولەش ئەو ساتەیە
کە باڵەکانی بە وشە دەبەسترێن‌و
دەخرێنە ناو رستەی بێ باڵەوە

شمشاڵ لە ئێوارەدا

نامەکەی سورخی نیازی دیداری کچەی پڕ نیازتر کرد، بەدەم شمشاڵ لێدانەوە، بە رووبارێك نیازەوە بەرەو گوند، مەستانە گەڕامەوە، هەرای پیرەمێردێ پێشی دیداری پێگرتمو رووباری نیازی قوڕاویکرد:

- بە نەفرەت بن.. شاخو داختان رووتکردەوە، هەرچی درەختی خوا هەیە بڕیتانەوە، چ جیاوازیتان هەیە لەگەڵ ئەرتەش!

+ بڕینەوەی ئەرتەش بۆ سڕینەوەیە هی پێشمەرگە بۆ گەرمبوونەوە.

- لە هەردوو لا هەر سووتانەو دەیسووتێنن..

+ئەرتەش بە پێوە دەیسووتێنێ! پێشمەرگە بە پاڵکەوتنەوە!

-(بە پێکەنینەوە) واز لەمە بێنە شمشاڵ لێدە

دەنگی خۆش بوو، ماملێی هەموو لەبەر بوو، لەسەر داخوازیی من گۆرانیی (مریەم سابلاخی)ی چڕی، منیش لەگەڵیدا بە شمشاڵ.. لەم ئانوساتەی حاڵگرتنەدا، کچ لەسەر کانی دەهاتەوە، دەتگوت شۆڕەبیەو رێدەکا، نازانم وابوو یا نا، لە چاوی منەوە لەنجەولاری رێك لەگەڵ مریەمەکەی ئێمەدا دەهاتەوە..

هاوینەکەی گۆڕەشێر فێنکترین هاوین بوو، ساڵ قەت هاوینی وای بە خۆیەوە نەدیوە، هەر کەسەو بە جۆرێ لە بارەی ئەو فێنکیەوە قسەی دەکرد، من لەو هاوینەدا یەك حەفتە هەستم بە گەرماییەکی تووش کرد، ئەو حەفتەیەش هەر ئەو حەفتەیە بوو کە کچە شمشاڵیەکە سەفەری کردبوو، کە هاتەوە هاوین وەك خۆی فێنك بۆوە..

هاوینە، لە سێبەری تەژی لە گلۆپی هەتاویی دەمەو هاوینی کەپرێ، کەپر لە تەلانێکی لە ژیان سەختتر پشتی دابووە تیشە بەردێکی لە تەلان تووڕەو بەسەر هەڵدێری مەرگدا دەیڕوانی، دەمی عەسرە چابوو، بەدیار پەرداخێکی بیرەیی پڕ چایە، لەناو چڕە دووکەڵی جگەرەی بەیەك ئاگری هەمیشە داگیرساو بیرەوەریم بەهەڵەی نەبردم،

سەرگەرمی خوێندنەوەی وەسوەسەو ئازارەکانی مەسیح بووم، ئەو ئازارانەی ئاشنایەتی هەمیشەییم لەگەڵیان هەبوو، ئاشنایەتی نزیك لە هی شمشاڵ و نزیکتر لە خەمی دووری..

کەپرەکەم لە خۆم لاچەپتر بوو، رێك لەو کۆترە دەچوو کە لەسەر لقی ئازارەکان هەڵنیشتبێ، ئەو کەپرە زویرە ئازاریە، تاقە کەپر بوو بۆنی بخوریی کتێبی لێبێ و میوانداری شیعرو چیرۆكو رۆمانو سەرهاتە خودیەکان بکات، لە کەپرەکانی هاوسێم- ئەوەی من دیتم-تەنها جزوعەمە حزبیەکان دیاربوون، کەپرەکەی من ئەو کەپرە بوو لە سێبەرەکەیدا تفەنگ رووی نەدەهات قسە لە قسەی شیعرو شمشاڵ بکات.

لە دۆڵی دۆڕاندا
لاتەریکترین کەپری ئازارم،
تا سەحەر چرای شیعری تێدا بسووتێ..
لە شمشاڵ بپرسە
کێ بێدارترین ئیشکگری شەوە!

شەوانەی شمشاڵ

کەپرەکانی دی ناویان لە من نابوو کەپری هەمیشە خەوتوو، ئا لەو دەمەو عەسرەی کەپردا دەستێکی نەناسراو بە ئاستەم کەپری راژەند، وامزانی بایە رامدەژەنێ، ئاخر مەگەر درەختی شاخان هێندەی منی بە شاخان کەوتوو با رایژەندبێ! یاخود لەو راژاندنە دەچوو کە دایکێ بە ئەسپایی لانکی کۆرپەکەی رادەژەنێ، بە دەنگێکی سەرریژ لە دڵنەواییو ئاشنایەتی:

- لەبەر خاتری تۆ دەستم چووە گیانی پەپوولەو لە رێی دیدارتا پێڵاوێکم لەسەردانا، تۆش واپێدەچێ نەمناسی..

+سورخی! لە خوێندنەوەت کردم، بەڵام لەبەر خاتری پێڵاوەکانت قەینا دەتبوورم.

سورخی لە دوورەوە هاتبوو لە جێگەیەکدیکەی دۆڕانەوە، سێ چوار شیعری بـە خـەتی نزیـك لـە خـەتی مێروولـە لەسـەر پارچـە مقـەبای تـۆزاوی دەتگـوت لـەناو خۆڵـەپۆك هەڵیگرتونەتەوە، نووسیبووەوە، شیعرێکیان رێك حەوزی ماسی بوو بە جوولەوە، لـەوانیتر جوانیی خاڵخاڵۆکەو کرمی لۆکەیی و پەپوولە و مێروولە و کراسی مانگ و گێزەری دەم کەروێشك و پێڵاوی منداڵیی نمایش دەکرد، سورخی لە شاعیرانی چیا جیابوو، دنیای ئەو باخچەی ساوایان بوو بە هەموو گەمەکانیەوە، جێی نەهێشتبۆوە بۆ سووتان و شەڕو شۆڕ و مـاڵوێرانی، کەسـێك بـوو منـداڵیی وەك خـۆی هێشـتبۆوەو گـەورەی نـەکردبوو، وەك خاڵخاڵۆکە بـە سروشـتەوە نووسـابوو، مـاڵی خـۆی نـەکردبوو، هـەر لـە مـاڵی سروشـتدا سرووشتی دەژیا..

تۆ (ماسیەکان پێدەکـەنن) بخوێنـەوە، دەزانـی سـورخی لـە شـیعردا چـەند منـداڵێکی سروشتیە.

شەوەکەی هێند شمشاڵی پێ ژەنیم هەوام تێدا نەما، هێند سـەرهاتی پـڕ ئـازاری خـۆی بۆم گێڕایەوە ئازارەکانی مەسیحیم بیرچۆوە، سورخی لـە ئاخافتنـدا لـە رستـەیەکی پێـنج وشەیی سێیان کوردی دوویان عەرەبیو تورکمانی.. دەیگوت:

ئێستا باشم پێشتر گرامەرەکەم هیندی بوو!

خۆی وتەنی:

دایکی لە پاشماوەی ئەو (امیر المؤمین)ەیە کە شێخ رەزای شاعیر (امیر)ەکەی گۆڕیبـوو بۆ (حمیر) نەنکی باوکیشی دەچۆوە سەر ئەو هیندیانەی کـاتی خـۆی لـە ژێـر شمشـێرەکەی تەیمووری لەنگ خوا هیدایەتی دابوون..

سورخی دەیگۆ:

منیش لەسەر قسەی باوکم کوردم، بەڵام هێندەی رێبوار عەرەبیش کوردی نازانم.

رێبوار ئەو پێشمەرگە عەرەبەی پێش هادی عەلەوی پاکانەی خۆی راگەیاندبوو.. رێبوار بێجگە لە ناوەکەی خۆی کە نەماندەزانی، چەند ناوێکیدیشی هەبوو، رێبوار جۆکەر، رێبوار گوڵ، رێبوار شەراب..

رێبوار جۆکەرس چەندان زمانی دەزانی، بەسێ چوار مانگ لەرێی فەرهەنگەوە زمانێك فێردەبوو، خوێنەرێکی باشی شیعری کوردی بوو، زۆر شیعری نالّی و وەفایی و گۆرانی لەبەر بوو، هێند بە پەشێو سەرسام بوو (شەو نیە خەونتان پێوە نەبینم)ی خەتم کردبوو، شیعری لە کوردیشەوە دەکردە عەرەبی..

رێبوار گوڵ لەهەر بارەگایەك هەڵیدابا، باخی گوڵانی چێدەکرد، باخەکەی ناوزەنگ، ناوی هەبوو، قاچاخچیەکانیش دەهاتنە تەماشای باخی رێبوار، هێند پڕ گوڵ بوو دەتگوت بە بچووککراوەیی، کۆپیی باخەکەی نەبوخوزنەسرە، رێبواری گوڵ بۆ تۆوی گوڵ دەچووە تارانێو ناوزەنگی پڕ بۆن و بەرامەی گوڵ دەکرد، زۆر کەس دەچوونە تارانێ، هەبوو چەك‌و تەقەمەنی دەهێنا، هەبوو تریاکی دەهێنا، هەبوو سیاسەتی دەهێنا، هەبوو... رێبواریش بە گوڵەوە دەهاتەوە، ئا رێبواری گوڵ لە تاران و شیرازەوە تۆوی گوڵی دەهێنا و ناوزەنگی کردبووە گوڵستان.... سورخی دەیگوتە رێبوار:

باخ بە کچەوە جوانە..

باخی رێبوار وەك خۆی ناوی زۆر بوو هەرکەسەو بەدڵی خۆی ناوێکی بۆ دانابوو، من دەمگوتێ باخ اینە...

رێبوار شەراب لە شەرابگرتنەوەدا ملەی لەگەڵ ورمێ و عەنکاوە دەکرد، دەبە لەسەر دەبەی دەگرتەوە، تەقینەوەی شەراب ناسکترین سەرهاتی دۆڵی دۆڕان بوو، کارگەی شەراب لەژێر رایەخەکەی رێبوار بوو، لەبیری چووبوو ناوە ناوە سەری دەبەکە شلکاتەوە-شەرابگرتنەوە وەك رەخنە بە نهێنی بوو- پاش نیوەڕۆیەکی هاوینی، لە نۆکانی لە دەم رووبار خەوتوو، نۆکان ئێستاش ئەو شۆڕە ژنەیە کە لەدەم رووبار خەوتووە و وەرزەکان دێن و دەڕۆن ئەو هەر لەنازی خەوێدایە، زرمەیەك هات‌و شەراب تەقیەوە، بووە واتەوات، لای

هەندێك هیچی کەمتر نەبوو لە تەقینەوەکەی چڕنۆبلی!! خەریکبوو کۆبوونەوەی لەسەر گرێدەن، سورخی لە خەمی ئەوەدابوو ئاخۆ ئەو تەقینەوەیە چەند مێروولەی خەوتووی لەخەو کردووە، گۆتمە سورخی:

شەرابی ڕێبوار وەك وشە دەتەقێتەوە.

کاتێ ریبواریش بووە ڕێبواری ڕێی رووسیا، باخ اینەی خستە سەر ناوی مـن.. ڕێبـوار ڕۆیی، لە شەرابی کـردین و گـوڵی بـۆ بەجێهێشـتین.. ماوەیـەك بوومـە ئاوکێشـی بـاخی گوڵان، ئەو باخەی لە هیچ باخێکی هەولێر هێندە جۆری گوڵ دەسـتنەدەکەوت.. لەیەکـەم دێری یەکەم نامەیەدا ڕێبوار بۆی نووسیبووم:

ئەگەر گوڵەکان بێ ئاو نەکەی، ڤۆدگای رووسیت بۆ دەنێرم..

سورخی کە دەهاتە ناو باخی گوڵان، دەیگوت:

دەی دەستم کەلەپچە بکە..

منـداڵێکی عـەجوول بـوو، دەسـتت نـەگرتبا، بـاخی لـەگوڵ و گـەڵا رووتـدەکردەوە و هەمووی دەخستە ئامێزی خۆیـەوە، چوار وەرزی سـاڵ کـەس سـوورخی نـەدیوە گـوڵێکی بەدەستەوە نەبووبێ، هێند عاشقی خاڵخاڵۆکە بوو، لەناو بەفریش بـۆی دەگـەڕا، سـورخی ماسی پەرستێکی نموونەییە، دیتوومە بەدیار ماسیی لە ئاو دابڕاوەوە، تێـر تێـر گریـاوە، شکی کردبا وا جەنگاوەرێك بە نیازی راو بە نارنجۆکەوە وا بەرەو رووبار دەچێت، باشووکە ئاسا دەگەیشتە سەر ئاو، بە بەرد لێکدان زەنگی هەڵاتنی بۆ ماسیان لێدەدا.. کە گوێـت لە هاتو هاواری سورخی ببا، بێ بەدواداچوون، دەمانزانی ئەوە ماسی مردووی دیوە، بـە نەهرۆ خانەقینی دەگوت:

تۆ نووسەری یان دەعبای چۆن ماسی دەخۆیت؟

نەهرۆ شتی دەنووسی دواتر جوانتری دەنووسی، زۆر دواتریش لـە وڵاتـی نەرویـژ خرایـە شـاری شـێتانەوە، نیگـای نـەهرۆ پڕبـوو لـە موگناتیسـی خـەوتن، چـەندان جـەنگاوەری دەخەواند، خەواندنی سورخی بۆ ئەو لە ئاو خواردنەوە ساناتر بوو، هەر بە ڕێوە دەیخەواند:

کوڕە راوەستە! مەمخەوێنە چایەم بەدەستەوەیە.
نەهرۆ چەندی کردی منی پێ نەخەوێنرا کە زۆر پێویستم بە خەو بوو.
-من هەر توانای بەشەر خەواندنم هەیە، چ لە دەعبا بکەم؟!
+هەر بە منداڵان دەوێری ئەگەر ئازای پیاو بخەوێنە!
-یان دەبێ ببیە بەشەر یان فێری دەعبا خەواندنیش دەبم

ئەو زستانەی بەهاری راپەڕینی
وێنەی لاسکە رێواس لە بەفردا حەشاردابوو
زستانێ بوو گورگی دەبەست
دۆڵی دۆڕان بە ئاقاری چۆڵەوانیدا رێیدەکرد
زستانێ، درەختە بەفراویەکانی
لکە شیعرێکیان پێوە نەمابوو

شمشاڵ پێش خەوتن

زستانی خامۆش، دڵرەق، هەتا خارە خولەشی تۆراند، ئەو جەنگاوەرەی بەردەوام گوێی لە شیعرو شمشاڵ دەگرت، ئەو نەخوێندەوارەی لەرێی نوکتە خولەییەکانیەوە، بەقەد هەموو خوێندەوارەکان رەخنەی لەجێی لە شۆڕش و شۆڕشی شیعر کوژی دەگرت.. زستانی بێ جوانیو بێ دەنگ... جوانیەکی دەنگ کە جاروبار لە نۆکانەوە بەرەو ناوزەنگ لەسەر بەفری نوستوو پرووشەی دەکرد، سەحەرەکەی چەتۆ سەحەر بوو، ئەو سەحەرەی دواتر تیرۆری هەولێر سەحەرکوژی کرد.

لەم چۆلەوانیەی دۆڵی دۆڕان، ژوورێکی بچووك، لەناو ژوورێکی گەورەتر، دیوارەکانیم بە تابلۆکانی دالی رازاندبۆوە، بیرەوەریم فێڵی لێنەکردبم هەندێکیان هەندرێن بۆمی ناردبوو.. بەو سۆبە ئاسنینە دارینەی کە لە دۆزەخەوە هاتبوو، گەرمنەدەبوومەوە! من

خۆم بەو کتێبانــە گەرمــدەکردەوە کــە لــەوێ کــەس نەیدەخوێندنــەوە، خــۆم بــە نامــەکانی هەندرێنو بــرادەرە تــەریوەکانم گەرمــدەکردەوە، دیــاریش فڕیبــوو ئــەو بــرادەرە گیانیــەی، هەرچیەکی دەنووسـی، دەمگـوت بـاش نیـە، ئـەو بـرادەرەی نیـوە تەمـەنێکمان لـەنێوان ئاشتبوونەوەی ناسكو تۆرانی ناسك بەسەر برد... لەم ژوورە گچکەلەوە تـەنها دوو رێگـە دەردەچوو: رێگەیەك بۆ هەڵاتن ئەویدی بۆ خۆ بەدەستەوەدان، رێگەی رووسیاو بەغدا، من هەردووکیانم لەسەر خۆم داخستبوو، داخستنێ تۆپیش نەیدەکردەوە بۆ؟! وەڵامی ئـەو پرسیارە ئەگەر هەبێ کتێبێکی دەوێ..

من هەمیشە هەستم بە تەنیایی کـردووە، لێ ئـەو زسـتانەم تەنیاییەکـەی لـە ئایـەتی کورد بە سامتر بوو.. خۆزگەم بە زستانی پار دەخواست ئەو زستانەی منو سورخی لەبەفر پەیکەری کچە گوندیمان دەکێشاو شیعرمان بۆی دەخوێندنـەوەو شمشـاڵمان بـۆی دەژەنـد.. سورخی پـایزە کۆچـی کردبـوو، هەسـتم وابـوو دڵۆپـە شیعریەکانیشـی کـۆچ پێکـردووە.. بەرۆیشتنی، ماسـیەکان ژیانیـان کەوتـە مەترسـیەوە.. کەسـێ نـەما خاڵخاڵۆکـە بکاتـە چاوساخ:

خاڵخاڵۆکە! بابە گوڕ گوڕ لەکوێیە؟ ماڵی باوکم لەکوێیە؟

سورخی سووکە ئامـاژەی بەسەفەر کردبوو، بەڵام بێ دانانی خاڵ لەسەر کات، لـەدۆڵی دۆڕان هەڵاتن و خۆبەدەستەوەدان نهێنی حزب بوون و دەبوایە بپارێزرێن، سورخیش تەنها لە پاراستنی ئەو نهێنیە منداڵ دەرنەچوو... دواتر لە نامەیەکدا وای بۆم نووسیبووم:

((هەموو تەمەنم کەرایەتیە، بەڵام پاراستنی ئەو نهێنیە کەرایەتیەك بوو مەگەر هـەر کەری حزب بیگاتێ.. لێرە لـەناو پرچـی کچـە رووسـیان بـەدوای خاڵخاڵۆکـەدا دەگـەڕێم، وەفاش بۆ ماسیە بەجێماوەکان، نامیلکە شیعریەکەم (ماسیەکان پێدەکەنن)ە.))

بەچەند شەوێ خاترانەوە، هەزارو یەك شـەوم لـە دۆڵـی دۆڕان کـردەوە ... هەزارویـەك شەوی تـەنیایی ئـاپۆرەیی، هەزارویـەك شـەوی گـەنجیی پـڕ لـە پیاسـەی حەسحەسـیانە.. هەزارویـەك شـەوی شـەورێژ لـە حیکایـەت، حیکایـەتی جـەنگاوەرە دۆڕاوەکـان، ئـەو

حەكایەتانەی لە گێڕانەوەیان، زریانو گێژەلوكە هەڵیدەكرد... هەزارویەك شەوی پڕ لە حەكایەتی هەڵاتن و خۆبەدەستەوەدان، هەزارویەك شەوی پڕ لەقسەی چوكلێتی و گوژاركی، پڕ لە تۆران و ئاشتبوونەوە، هەزارویەك شەوی سەرپۆش لە خەونی سێكسی و سەروالاّ لە بائاگاهاتنەوەی هەواڵەكانی كوشتن.

هەزارویەك شەوی پڕ لە نهێنی شەو.. شەوانێك گەڕیدەی جوانی دەشیا دلۆپە جوانیەكان ببینێتەوە..

زریانو گێژەلووكە

لەسەر سینەی ژنێ تێكدەكەنەوە

ژنێ هەمیشە لە ژوان

ژنێ لەبەر دەرگاكەی ئەودا

تفەنگ دەخەوتو

جەنگاوەر دەكەوتە رووباری عەشقەوە

ژنێ رووسوورانە

بە دۆڵی دۆڕان ناودێری كردین..

شمشاڵ لەخەوتندا

ئەفسانەی كانی ژنان

وەرزی کەپرانە، بارەگا لە هەڵدێرێك هەڵیداوە، هەر کەسێك پێی بڕوا، ژنانی دەو رووباریش بە سەری راناگەن، ئەو هەڵدێرە قەت هی ئەوە نیە پێشمەرگە کەپری لێ هەڵبدا، نەك لەبەر هەڵدێری، نا، بەڵکو بە هۆی دوو هۆی زۆر لە جێ، قەت نەدەبوو بارەگا لەو تەلانە بکرێتەوە/

١- ئێرە گوفەکە، تەمەنی ئەو گوفەکە هێندەی تەمەنی گوندە و هەرچی پیسی و پاشماوەی کۆن و تازەی گوندی هەیە، ئەوەتە لە پێش چاوان و لە بن لووتانە..

٢- ئێرە رێك سەر رێگەی کانی ژنانە..

بەلاّم چی دەکەیت! گوێمان بە هیچ نەداو چەند کەپرێکمان هەڵدا، ئاخر ئەنگۆ ئەوە بزانن ئێرە لە دیدی سەربازیەوە باشترین جێگەیە، تۆپی هیچ دەولەتێك نایگرێتەوە.. راستی خەڵکی گوندیش هیچیان نەگۆت، لە بن لێوانیشەوە قسەیەکیان نەکرد، بۆنی نارەزایی بدا، بە پێچەوانەوە هەندێ نیشانەی پێخۆشبوونیان نیشاندەدا، یەك لەو نیشانانە گۆڕینی گوفەك بوو، لەو رۆژەوەی جێ کەپرمان خۆشکرد، زبڵ و زالیان فڕێ نەدایەوە ئەو گوفەکەوە، لەولاتر زۆر دوور گوفەکێکی نوێیان کردەوە، ئەوەش روونترین بەلگەی پێخۆشبوونە.. پوورە فاتم کە بە تەمەنترین ژنی گوند بوو، دەیگۆت:

((هیچ شتەك هێندەی گوفەك گۆڕین زەحمەت نیە، تەنەکەی زبڵ هەر هێندەی فێرە جێگەیەك بوو، ورد وردیشی بکەیت بۆ خۆ هەلڕشتن هەر دەچتەوە جێی گۆرینێ، بەلاّم چ بکەین دەستی ئەنگۆمان شکاوە..))

ئیدی گوند گوفەکیان گۆڕی بەلاّم کانی ژنانیان نەگۆڕی..

گوند لە ئێمەوە دیار نیە، دووریش نیە، تەنها گوفەکە کۆنەمان نێوانە، ئێمە لە هەڵدێرین و گوندیش لە سەرێ، لە گۆڕاییەکی گەلەك گەورە جێگەی شارێکی لێ دەبێتەوە، کانی ژنانیش لە بنی دۆڵێ، لە نێوان کانی و گوند کۆنە گوفەك و کۆمەڵە کەپرێك و کانیەکیتر و گەلەك شتیدیش، ئەو نێوانە زۆر دوورە، خۆ پوورە فاتم هەتا لە

کانی ژنانەوە سەردەکەوێ و دەگاتەوە ئاوایی، رەنگە دە جار پتر بۆی دانیشێ و بە قەت کانیەکیش ئەو کانیانەی لە درەنگانی پایز لە وەرزی چکبوونن، ئارەقەی دەردەدا، وا بزانم پوورە فاتم چ خۆشیەك لە خۆشووشتن و چوونە کوڵێ نابینێ، زۆر جار نەخۆشیش دەکەوت و دەهاتە کن برووسك، ئەو برووسکە دەیگۆت:

((ئەگەر حەفتەیەك حەب و دەرزی لە گوند دەبڕم، دەبینن چۆن کەپرەکان بە بن زبڵ دەکەون..))

ئەو کوڕە هەر لە خۆوە خۆی کردبووە دکتۆر، خولە پازدە رۆژیەکەشی تەواو نەکردبوو کە دکتۆرەکان ناوە ناوە دەیانکردەوە، لەکەپرە دەرمانخانەییەکە کە کەوتبووە سەرەوەی کەپرەکەی من، لایەك تایبەت بوو بە دەرزی، لایەکیش حەب، نەژاد ئەو کوڕەی هێشتا هەر لە نەژادی پێکەنین بوو، لێوەکانی بزەی هەمیشەییان گرتبوو، ئەو نەژادەی هێشتا سەردانی سەردەشتی نەکردبوو، هێشتا نەچووبووە پیاسەی باخ، ئەو باخەی سەر گەلای درەختەکانی پڕ لە کێشکە و بن درەختەکانیش پڕ لە منداڵ، هەندێ لەو منداڵانە من نەمدی، بەس نەژاد گوتی: ((کێشکە کوژیان بە دەستەوە بوو))، هێشتا ئەو گوللەیەی کە هەر بە قەد زەنگیانەیەك دەبوو، لە جێگەی خۆی نەبزووتبوو، نا، هێشتا رێی هەڵە نەکردبوو، لە کێشکە لای نەدابوو، نەچووبووە چاوی نەژادەوە، نا، هێشتا منداڵەکە لە رێی هەڵەیەکی منداڵیەوە، چاوی نەژادی نەرژاندبووە باخەکەی سەردەشتەوە- نەژاد ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە هەر بە دوای چاوە رژاوەکەیدا دەگەڕێ- ئەو نەژادە ناوی لە لای دەرزیان نابوو، بەشی ژنان، بە لایەکەیدیشی دەگۆت بەشی پیاوان.. ئاخر برووسك هیچ ژنێکی بێ دەرزی قوتار نەدەکرد، ژن سووکە پەسیوی گرتبا بێ دەرزی لە دەستی برووسك دەر نەدەچوو، حەبیش تایبەت بوو بە پیاو.. هەر کاتێك نەژاد باسی ئەو جیاوازیەی دەکرد، برووسك هاواری لێ هەڵدەستا:

((وا نیە، من کەی شتی وا دەکەم، دە بڕۆن لە پوورە فاتم بپرسن، بزانن هەتا ئێستا دەرزیەکم لێی داوە!))

وا بوو، لە ناو ژنان بەس پوورە فاتم بەر دەرزی برووسك نەكەوتبوو..

پێش ئەوەی پوورە فاتم لە هەڵڵاً بدا، مـن سـەرهاتی وام بیسـتبوو كـە هـەڵڵای وەكـو پوورە فاتمی لێ بەرزبووبێتەوە، هەر لە منداڵیەوە سەرم سەررێژە لە سەرهاتی كانی ژنان، سەرهاتی وەها، ئەگەر بشخنكابام لە تینوێتیدا لام نەدەدایە سەر كانی ژنان، زۆر جار لە دوورەوەش نەموێراوە ئاوڕ لە كانی ژنان بدەمەوە، ئاخر ئـەو چیرۆكانەی مـن دەمبیسـتن سوورهەڵگەڕابوون لە خوێن، خوێن لێیانەوە دەچۆڕا، لە ئاقاری كـانی ژنـان چـەندان پیـاو خوێنیان رژاوە، هەر لەبەر ئەوەی بەوێدا تێپەڕیوە، یان تیچاوێكی داوەتە كانی ژنان، مـن بەو منداڵیە ئەو نهێنیەم بۆ نەدەبۆوە، نهێنیی كوشتنی پیـاوان بـە هـۆی كـانی ژنانـەوە، درەنگتر زانیم كانی ژنان كانیەكی ئاسایی نیـە، كانیەكـە بـۆنی نهێنیـەكانی ژنـی لێدێ، كانیەكە رێك بە واتای گەرماوی ژنان دێت، چ بڵێی كانی ژنان چ بڵێی گەرماوی ژنان هەر یەكە، یان بە لای كەمی لە هەندێ كاتدا یەكن، ئەو كانیەی كە پوورە فاتمیش لێیـەوە لـە هەڵڵای دا گەرماوی ژنان بوو، گەرماوی هاوینی، كانیەكیدی كە هەر نزیكی بارەگا بـوو، ئەویش هەر كانی ژنان بوو بە هەموو تایبەتمەندیەكانی ژنانیەوە جگە لـە گـەرماوی، ئـەو كانیەیان هیچ هەڵڵایەكی لێوە بەرز نەبۆوە..

ئیدی پوورە فاتم لە هەڵڵای دا، لە گوێی من رێك ئەو هەڵڵایە بوو كە لە سەرهاتەكانی پلكە حەبیبەوە بەرز دەبوونەوە، ئەو حەبیبەیە لە سەرهاتگێڕانەوە كـەس نەیدەگەیشـتێ، ئەو ژنە سەرهاتی بە كێش و سەروا دەگێڕایەوە، بەندی وەهای لۆ دەگۆتی مەپرسە، سـەد بەندبێژی دەبەزاند، پلكە حەبیبە سەری سەررێژ بوو لـە سـەرهاتان، گـورێی كچیشـی كـە ئـاوزەی مـن بـوو، هەرچـی یـاریی منداڵانـە هەیـە لەگـەڵ ئـەو كچـەم كـردووە، كچـەش دابوویەوە سەر دایكی، بەزمی كانی ژنان لە كن پلكە حەبیبە بوو، ئەو شەڕانەی بە هـۆی كانی ژنانەوە دەكەوتنە ناو بەرەبابان و نەوە لە دووی نەوە لە خوێن دەگەوزان لـە كنـە وی بوون، باشم لە بیرە كە دەیگۆت:

هاواری ستی گەیشتە ناو گوندی:

وەرن، هۆی! وەرن، بزانن چن دی!
حەسەنە شەلە بە چاوی مۆنی
لە لەشی رووتی ژنان دەڕۆنی
کێ گوللەی هاویشت؟ برای ستیە
مەیتی حەسەنی لەوێ کەتیە
هە شەڕە شەڕە، هەی گەرمە شەڕە
دەستەك تفەنگە دەستەك خەنجەرە
ڕێی کانی ژنان سەرانسەر خینە
حەفت بریندارن، حەفتیش مردینە.....

لە دەست خۆم نەبوو، ترسام زۆریش ترسام، پووره فاتم و ستیی ناو سەرهاتی پلکە حەبیبەم لێتێکەلاو بوو، نەمدەوێرا چاو هەڵێنم، دەمگوت ئێستا نا ئێستا لەو ڕێیە زەلام بەردەبێتەوە، خوێن دەڕژێ، پووره فاتم چەندی پتر لە بارەگا نزیکتر دەکەوتەوە، ترسیش نزیکتر دەکەوتەوە، پووره فاتم و ستی و ترس یەکانگیر بوون و بۆم لێك جیا نەدەکرانەوە، گەیشتە نزیك بارەگا:

((با بزانم کامەتان بوون، بمرن باشتر نیە؟..))

بەرپرسی بارەگا کێیە؟ کاوەی دەڵێنێ، بەردەوامیش دەمانچەی لە نێکیە ، لە کاتی چوونە حەمامێش لە خۆی نەدەکردەوە، چووە پێش پووره فاتم و گۆتی:

+ پووریێ، هاوار مەکە، بزانم چ بووە، بە شێنەیی تێمبگەیەنە.

- چ بووە! ئەنگۆ نازانن، ئەوێ کانی ژنانە؟

+ با، دەزانین، بلێ..

- تازە پێشمەرگەك، بە چاوی خۆم دیتم، ئەگەر نەمدیتبا ڕەنگبوو باوەڕم نەکردبا، لە کەلێنی دار و بەردانەوە، لە ناو دووکەلێ زەق زەق ، زیت زیت، تەماشای لەشولاری ژنان دەکات، هێشتا چ بووە!

+ پێشمەرگەکە دەناسیەوە؟

- باشی دەناسمەوە، بۆ ئەو لایەش هات.

+ دە وەرە لە ناومان بگەڕێ، پەنجەی لە سەر دانێ، پیاو نەبم ئەگەر یەك گوللەی لە ناو چاو نەدەم.

زراوم رژا، گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە بەندەکەی پلکە حەبیبە جارێکیدی لەو تەلانە، لەو بارەگایەی نێوان گوند و کانی ژنان وەراست دەگەڕێ و خوێن دەڕژێ، ئاخر ئەو پیاوە پیاوێك بوو هەر قسەیەکی بکردایە دەیگەیاندە سەر، ئەگەر سورِ بیزانیایە سەریشی تێدا دەچێت، پیاوێك بوو لە شێنەیی تا بلێی نەرم و میهرەبان، ناسك، قسە خۆش لە تووڕەییشدا میر غەزەب بوو بۆ خۆی، سمکۆی شکاك بە تۆزی پێی نەدەگەیشت، خوێن بەر چاوی دەگرت، لە خوێن بەولاوە چیدی نەدەدی، دەیانگۆت جارەك لە پێشمەرگەیەك تووڕە بوو، یەك خوترمەی خەواندبووە پشتی، کاوەی ئاسنگەر وای نەخەواندۆتە ئەژدەهاك، تەختی عەردی کردبوو، دەیانگۆت حەفدە مەتارە ئاویان پێدا پژاندبوو، هێشتا بە خۆنەهاتبووەوە، لە هەمووش خۆشتر کاوە لە سەری بۆی گریابوو، ئێستاش وەك دەبینین ئەو پیاوە لە باری تووڕەبوونە، من دەترسام پوورە فاتم، بەو چاوە کزانەی خۆیەوە پەنجە بخاتە سەر یەکێکمان و بلێ:

ئا ئەو کوڕە بوو، لە پەنای بەردەکە، لە کەلێنی پەلکە داران، لە ناو دووکەلێ تەماشای سینگ و مەمك و ناو گەلی ژنانی دەکرد..

دەمگوت دووریش نیە راستەوراست و پەنجە بە هەڵە درووستبووەکانی لە سەر سینگی من راگرێ، هەر لەو کاتەش کاوەی دەمانچە لە نێك کە تووڕەیی لە چاوی دەبارێ، ناوچەوانی من بکاتە نیشانە، ئاخر بەو دەستوبردە، بە دەستهەڵێنانەوەش راناگەم، بە هەلاتن و خۆشاردنەوەش رانەگەم، بە راوەستە با تێکبگەین و تێتبگەینمیش راناگەم...
دەمگوت دوور نیە ئەجەلم هاتبێت، ئاخر من یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر جار دەبمە قوربانیی پەنجە و ئاماژە هەڵەکان، هاتەوە بیرم، دە دوازدە کرێکار بووین، لە خانووێك

ئیشمان دەکرد، ئەو کات منداڵ بووم، هەر پازدە شازدە ساڵێك دەبووم، هەر هێندەم زانی منداڵێك کە پاقلاوەی دەفرۆشت، دەستی بە گریان کرد و رۆیشت، بە دەم رۆیشتنەوە جوونی دەدا و دەیگوت:

پاقلاوە دەخۆن و پارە نادەن، باشە با لۆتان بمێنێ..

هێندەمان زانی بە خۆ و بە پۆلیسێکەوە پەیدا بوو، پۆلیسەکە گوتی:

+ دەی بزانم کامەیان بوو، خواریدی و نەیدا؟

- ئەوە بوو، حەفت پاقلاوەی خوارد و پارەی نەداوە.

(ئەوە)کە من دەرچووم.. چەندی گوتم:

کوڕە وەڵڵا من هەر پاقلاوەیەکیشم نەخواردووە.

لەگەڵ پۆلیس کەڵکی نەبوو، دەیویست بمبا بۆ مەخفەر، باش بوو وەستایەکە هاتە ناو کێشەکەوە و کۆتایی پێهێنا.. ئیدی دەترسام پوورە فاتمیش وەك ئەو منداڵە پاقلاوە فرۆشە هەڵە بکات، ئەو جارە کێشەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە بە وەستایەك و سەد وەستاش چارەسەربکرێت، نابینن، کاوە دەستی لە سەر دەمانچەیە..

ئێستا هەموومان لە بن کەپرە گەورەکەین، چاوەکانی پوورە فاتم لە سەر یەك یەکمان دەگەڕێ، بەختیاریش کە هەر بە بەخە بانگ دەکرا، بە زمانێکی گاڵتە ئامێز دەیگۆت:

چاوەکانی خۆت ماندوو مەکە نایبینیەوە، یەکێك کەتنی ئەوهای کردبێت، نایەت لە پێش چاوی تۆ دانیشێت، هەستە ئەگەر نەساخیت، بڕۆ کن برووسك با یەك دوو دنکە حەبت بداتێ..

هەرچی کاوە بوو، بە تووڕەییەوە دەیگوت:

لێی گەڕێ، با تەماشابکات، شەرتبێت ئەگەر پەنجە لە سەر منیش دانێ، دەبێت گوللەیەك لە نێوچەوانی خۆم بدەم، بارەگای ئێمە قەت جێگەی بێرەوشتی لێ نەبۆتەوە، ناشبێ..

دیار بوو پوورە فاتم ئەوەی لە دووی دەگەڕا نەیدەدیتەوە..

کاوە گۆتی:

ها، بۆت روونبۆوە کە ئێمە نین، ئەوەش بزانە چەند کەسین هەمووومان لێرەین، کەسمان نیە لێرە نەبێت، پێشمەرگەی ئێمە شتی وا ناکات..

پوورە فاتم گۆتی:

نا، نا خوانەخواستە نالێم شتی وا لە ئێوە دەوەشێتەوە، بەلاّم بە خودای کە تێر تەماشای لەشولاری کردین و لێمان لە هەلّلاّ دا، بەو چاوانەی خۆم دیتم، بەرەو ئێرە هاتەوە..

کاوە گۆتی:

+ دە هەستە یەك یەك ناو کەپرەکان بگەڕێ..

- نا، کورِم شتی وا ناکەم، باوەڕ بە توو دەکەم.

+ باشە ئەتو برۆ، هەر کاتێك ناسیتەوە وەرە بە من بلّێ..

بەخە بە پێکەنینەوە، پێکەنینێکی وەها دۆلاّو دۆلّ دەنگی دایەوە:

((دە وەلّلاّهی پوورە فاتم، ئەمن بزانم ئەتو خەونت دیتووە، لە خەونێدا..))

ئەو بەخەیە قەت نەمدیتبوو لە خۆوە بێتە ناو قسان، هەتا جارێك هەلّیدەدایە قسان سەد جار خۆی هەلّدەدایە ناو زێ و دەهاتەوە دەرێش، خەلّکی دەو زێی گچکە بوو.

پوورە فاتم بزەیەکی هاتێ و تەواو...

پوورە فاتم وازی لێمان هێناو رۆیشت، کەچی کاوە وازی نەدەهێنا، ئەو پیاوە وا بزانم لە سەر مەزهەبی مامە رەزاییش بوو، دەیگوت:

((من دەبێت ئەو پێشمەرگە بێ رەوشتە ببینمەوە، ئەو ژنە لە خۆوە قسە ناکات..))

دیتم لە بنەوە تەماشای برووسکی دەکرد، دەتگۆت شکی لەوە، وەلّلاّ هەر برووسك نا تەماشای هەمووانی دەکرد، کێ ئاگای لەو نەبا، تەماشای دەکرد، گۆتم نەلّێ دێم دەست لە سەر دلّتان دادەنێم و ئەوی ئەو کەتنەی کردبێت، دەترسێ و دلّی خێرا لێدەدات، ئاخر کاوە بوو لە دەستی دەهات، ئەو بڕیاری دابوو ئەو کەتنکەرە ببینێتەوە، ئەو رێگەیەش

ڕێگەی دەست لە سەر دڵنان ڕەنگە لای وی باشترین ڕێگە بێت، من هەر لە خۆوە وام بیردەکردەوە، ڕەنگە کاوە ئەو ڕێگەیەی بە خەیاڵدا نەهاتبێت، ئەو بیرکردنەوەیەی من ڕەنگە لەوەوە، لەو سەرهاتەوە هاتبێت:

لە سەرەتایی بووم، لە ناو پۆلیٚ، قوتابیەك کە کوڕی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، شتێکی بزر کردبوو، نازانم چی بوو، هەموو قوتابخانەیان سەرو بن کرد، نەیاندیتەوە، مامۆستای پۆلەکەی ئێمە کە وا بزانم ناوی نەجاح بوو، دیتم هەستا و یەك یەك دەستی دەخستە سەر دڵی قوتابیەکان و ناوە ناوەش دەیگوت:

ئەوەی دزیبێتی دڵی خێرا لێدەدا.

من نەك هەر دڵ هەموو لەشم هەڵدەرزی، لەرزینێك لە ناو بەفرێش بتبەستنەوە وا هەڵنالەرزیی، نەجاحە فەندی وا خەریکە دەگاتە من، چەندی دەمویست خۆم بەرزەفت بکەم، بەلاش بوو، گەیشت، دەستی خستە سەر دڵم، مریشکی تازە سەربڕاوتان دیوە؟ ڕێك لەو مریشکە دەچووم، بەو چاوانەی خۆم دەمدیت دەستی مامۆستا لە سەر سینگم دەتگوت زۆر بە توندی تووشی نەخۆشیی لەرزۆکی بووە، یەکسەر پیلمی گرت و ویستی لە ڕیزێم بێنێتە دەریٚ، لە دەرگا درا، بەردەستەکە هەر لە سەر دەرگاوە:

مامۆستا، بەڕێوەبەر گۆتی شتەکەمان دیتەوە، لە دووی نەگەڕیٚ..

مامۆستا کەمێك لێم دوور کەوتەوە و گوتی:

(ئەتو نەخۆشی، بڕۆ دکتۆر.

چوومە دکتۆر و نەخۆشیش نەبووم، ئێستاش لەو بن کەپرە ئەگەر کاوە بێت و دەست بخاتە سەر دڵم، دڵ هەر مریشکە سەربڕاوەکەی ناو پۆڵە..

هەموو ئەو بگرەو بەردەیە لە پێش نیوەڕۆدا بوو، کاوە لە سەر ڕۆیشتن بوو، باش بوو ڕۆیشت، ئیدی لە ناو خۆمان: ((کیٚ بوو کیٚ بوو؟)) سەد جار گۆترایەوە و نەگەیشتنە هیچ، منیش وەك کاوە تەماشای چاوانم دەکرد ئیٚ بەلکو شتێك بزانم، بزانم جگە لە من کەسێکیدیش هەیە شتێکی لیٚ بزانێت، لە چاوی کەس هیچ زانینێکم نەدیتەوە، من

شتێکم لێی دەزانی لە ترسی کاوە نەك کەتنێك بەو کەتنکارە بکات، بەردێکم لـە سـەری دانا و ئەو بەردی شاردنەوەیەم هەڵنەدایەوە و هەڵنەدایەوە..

ئەوهای گێڕایەوە:

((بـا بـۆت بگێڕمـەوە: ئـەو کاتـەی لـە نـاو گونـدی تووشـی تـۆ بـووم و لـە وەڵامـی پرسـیارەکەتدا گـوتم: تۆزێـك ئیشـم هەیـە و دەچـمەوە، نەچـوومەوە، زانـیم ڕۆژ ڕۆژی کۆڵکردنە، دوور لە هەموو چـاوێك شـۆڕبوومەوە، لـە نـاو توتڕکـان جێگەیـەکم بـۆ خـۆم خۆشکرد، جێگەیـەك هـیچ پاشـایەکی ئێرانـی چـاوی بـە جێگـەی وا خـۆش نەکـەوتووە، جێگەیەکم هەڵبژارد هیچ جەنەڕاڵێکی روسی و ئەمریکی ناتوانن وا بـە وردی جێگـەی وا هەڵبژێرن، جێگەیەك ڕاست و ڕاست نیشان بپێکێ...))

ڕاستی من زووم زانی شتێکی لە چاودایە، بە بەر چاوی منـدا شـۆڕبۆوە، بـەڵام حـەزم نەکرد قسەی پێ ببڕم، بۆیە نەمگوت: مەڵێ دوور لە هەموو چاوێك.

((ئێ، هەرچی مێیینەی گوند هەیە بە ڕووتی ڕژانە ناو چاوی منەوە، چـم دیـت، بـرا چیم دیت! ئەوەی من دیتم یاخوا تۆش ببینی، تەماشا مەکە، هەر یەکەی شـەرواڵێکیان لە خۆیان هەڵکێشایەو دەڵێی هەجیجین، وەرە کوڕی ئاسمان وەرە ناو توتڕکـان و لـە چـاوی منەوە تەماشایان بکە، تەماشای حۆریە ڕووتەکانی بەهەشت بکە، بەهەشت! دە وەڵڵاهی ئەگەر یەکێك بێت و دڵنیام بکات کە بەهەشت هەیە و ئەوهاشە، لە سەر دەستی وی تۆبە دەکەم و ڕۆژی هەزار نوێژ دەکەم و هەتا ڕۆژی قیامەتێش بە بێ پارشێو بە ڕۆژی دەبم..))

لە بارەی ئەو بەهەشتەوە پرسیاری پێش وەخت لە سـەرم سـەریان هەڵدەدا و دەهاتنـە سەر زارم و شەرم دەیگەڕاندنەوە.

((چم دیت، هاوڕێ چم دیت، هەموو جۆرە میوەیەك، ئەوە وەختی خـۆی خزمێکمـان هەبوو زۆر دەوڵەمەند، ماڵیان لە سنە بوو، کە دەچـووینە ماڵیـان هەرچـی میـوەی دنیـا هەیـە لـە سـەر مێـز دەبینـرا، میـوەی وا هـەبوو لـە هـیچ مەملەکـەتێکی ئێرانـێ دەستنەدەکەوت، کەچی لە سەرئەو مێزەی دەیلێم دەهاتە ناو چاوت، ئەوەی ئـەمنیش لـە

ناو ئەو تووتڕکانەوە دیتم ئەوهابوو، وەك مێزەکەی ماڵە سنەییەکە، بەڵام ئەوەیان میوەی راستینە، ئا بە هەڵەدا مەچۆ، میوەی راستینەی سێو و هەنجیر و هەنار و گێلاس و پرتەقاڵ و لیمۆ و هەرمێ و شفتی و ئەو شتە بێ تام و شامانە نیە، میوەی راستینە روومەتی سێوی و نا سێوەکە لادە، روومەت و لێو و مەمك و گۆی مەمك و ئیدی بۆ خۆت ڕیزیان بکە، سەر بەرەو خوار، بەرەو سەرێ ، تەنیشتا و تەنیشت...))

ئەو کوڕە لە گێڕانەوە هیچ حەکایەتخوانێك نەیدەگەیشتێ، من هەرچی بکەم ناتوانم گێڕانەوەی ئەو وەك خۆی بگێڕمەوە.

((چم دیت! ئەوەی من دیتم کەس نەیدیتیە، مەمك بە هەموو جۆر و قەبارەکانیەوە، بە هەموو رەنگەکانیەوە، ئەو هەموو سمت و ناوگەڵ و... هەر وازی لێبێنم باشە، ناگێڕدرێتەوە، بە خودای ناتوانم وێنەی ئەو بەهەشتە بە لێلی و شێواویش لە گێڕانەوەمدا بە تۆی نیشان بدەمەوە، چ جوان بوو! کەفی سابوون کە دەهاتە خوارێ بە سەر..))

هاتە سەر زارم بڵێم: دەی وردتر قسە بکە و وێنەکان روونتر و رووتتر نیشانبدەو.. بەڵام شەرمم کرد و قسەم قووتدایەوە.

ئەتو بۆ ناپرسی چۆن ئاشکرا بووم؟

حەزم نەدەکرد زوو ئاشکرا بێت، دەمویست کات هەر کاتی پێش ئاشکرابوون بێت و بزانم کەف گەیشتە کوێ، بۆیە پرسیارەکەم نەکرد.

((کاکە ئۆقرەم لێ هەڵگیرابوو، دەمویست وەکو گورگ پەلاماری ئەوەیان بدەم کە هەر زۆر لە منەوە نزیك بوو، ئەوەش ناکرێ، خۆم گرت، لە حەژمەتا جگەرەم پێکرد، جگەرەیەك دوو، سێ.. گوێم لێبوو یەکیان وا بزانم پوورە فاتم بوو:

ئەوە چیە، دەڵێی دووکەڵە لە ناو ئەو تووتڕکانە..

هەر هێندەم زانی پوورە فاتم بە مەمکە چورچەکانیەوە بەرەو لای من هات، رووتێکیدیش کە مەمکەکانی رێك لە دێمکە دەچوون لەو لایەوە هات، جگە لە هەڵاتن

بیرم بۆ هیچ شتێکیدی نەچوو، دەرپەڕیم، ئیدی بووە زاك و زریك.. گوێتان لێبوو، وا نیە!..))

من گوێم لە قیژە قیژێك بوو، بە هەندم هەڵنەگرت، بەڵام کە لە نزیك بارەگا پوورە فاتم لە هەڵڵاێ دا، هی ئەوە نەبوو بە هەندی هەڵنەگری..

ئەو کوڕەی ئەو کەتنەی لە کانی ژنان تۆمارکرد، خەڵکی دیوی رۆژهەڵات بوو، دەنگێکی هەبوو، کەس لە دەنگی مەزهەری خالقیی جیا نەدەکردەوە، من جارێك ئەو دوو دەنگەم جوان لێتێکەڵاو بوو، ئەوە بارەگا لە بەرزایی چیایەك بوو ئەگەر لە دووربینێکی دوور دیتەوە سەیرت بکردایە، کێوی قافت دەدی، ئەو چیایە بە سەر دۆڵێکەوەیە هەرچی گوریسی دنیایێ هەیە لێکدی گرێدە ناگاتە بنی، ئەو چیایە ناوی خۆی هەبوو، چەندی بۆی دادەمێنم نایەتەوە یادم، بەڵام ئەو چیایەی شانی بە شانی وی دابوو ئەز بێژم (بزنیك)یان دەگۆتیێ، دۆڵەکەش ناوێکی وەك (زێوە)ی هەبوو، لەوەیان دڵنیا نیم، بەو دۆڵەدا رووبارێك چوار وەرزەی ساڵ هاژەی دەکرد، دەتگوت ئاسمانی رژاوەتیێ، شین، شین، لە ئاسمانی شینیش شینتر، رووبار هەر ناوێکی هەبێت وەك زێی مەزن و ناویدی، من هەر بە رووباری شین ناوی دێنم، ئەو رووباری شینەش نیە کە هەموو کەس بە شینی ناسیویانە.. ئیێ، ئەوجا با زۆر لە مەزهەری خالقی دوور نەکەوینەوە، دەمەو زستان بوو، هێشتا لە هیچ جێگەیەك کلۆ بەفرێك نەکەوتبوو کەچی لەو بارەگایە یەك چۆك پتری تێکردبوو، بارەگا سێ چوار ژوور بوو، من تازە گەیشتبوومە ئەوێ، خۆم دابووە بەر سۆبە، لە ژوورەکەی ئەو لاوە، مەزهەری خالقی هەڵیدا لە (شیرین تەشی دەڕێسێ) بەڵام بە بێ مۆسیقا، لام سەیر بوو ئەوە یەکەم جارە بە دەنگی مەزهەری خالقی گوێم لە شیرین تەشی دەڕێسێی بێ مۆسیقایە، نەشمزانیبوو مەزهەر هاتبێتە ناو پێشمەرگە، دێتە بیرم تەواو حەپەسام، باشم لە بیرە پرسیم:

+ ئەرێ بە من بڵێن، من خەون دەبینم یان تێکچوومە؟

- هیچیان، بۆ چی بووە؟

+ خالقی چ دەکات لێرە!

- ئۆی! ئەوە هەر ئەتو نی ئەوەت بەسەر دێت.. خالقی دەمێکە لێرەیە و پێشمەرگەیە، بەلاّم ئەوەیان مەزهەر نا ئەمیری خالقیە..

چەند شەوێك لەوێ لە بارەگای خالقی مامەوە..

پێمگۆت:

من لە جیاتی تۆ بم، لە بنی جگەرە ناکێشم.

بە حەپەساویەوە گۆتی:

لەبەرچی؟

گۆتم:

لەبەر دوو شت، رەنگە کار لە دەنگت بکات، دوایش ئەگەر جگەرەکێش نەبای لە ناو توترکان ئاشکرا نەدەبووی و لە بەهەشتیان راونەدەنای.

بە پێکەنینەوە گۆتی:

((یەکەمیان گرنگ نیە، بەلاّم هی دووەمیان وەیە.. دەی تۆش وەك من ئازابە، من لەو بارەگایەی ئێوە بام، ئەگەر لێرەوە تا سەر کانی عەردم کون کردبا، دەبا لەگەڵ هەموو ئاگرکردنەوەیەك خۆم بگەیاندبایە کانی.. دەی هەر پرسیارێکم لە بارەی لەشولاری کچ و ژنانی ئەو گوندەوە لێدەکەیت، بە وردی وەلاّمت دەدەمەوە، دەزانم چەند خاڵیان بە لەشەوەیە، خاڵەکان کەوتوونەتە کوێ...))

ئێستا وا لە نزیك ئەو گوندە پیاسە دەکەین کە چەند حەفتەیەك لەمەوپێش ئەو خالقیە کەتنێکی لە کانی ژنان نایەوە و وا بە ناسکیش بۆ منی دەگێڕێتەوە، ئەو لە بارەگایەکیدی بوو، بە سەردان هاتۆتە لای ئێمە، رەنگە ئەو جارەش بۆ نانەوەی کەتنێك هاتبێت ..

لە پڕدا خالقیانە تێیهەڵکرد لە گۆرانیەك کە لەو کات و ساتە چاوەڕێی گوتنی ئەو گۆرانیەم نەدەکرد:

هێندە دڵ پڕم حەز دەکەم بگریم

لە فرمێسکی چاو مەرهەمێ بگرم..

گۆرانیەکە ئەو خولیایەی لە سەرم ڕەواندەوە کە لە قسەکانی ئەوەوە هاتبووە سەرم، خولیای گەیشتن بە کانی ژنان..

ئەو جۆرە خولیایانە تۆز نین نیشتبنە لچکی کراسەکەتەوە و بە پتێ بیتەکێنێ و تەواو، نا، نارەوێتەوە، هەمیشە لە دەورت دەخولێتەوە، من لای خۆمەوە بڕیارم دا ئەگەر بە دەردەکەی ئەمیریش بچم لەویش خراپتر بەسەر بێت، دەبێت خۆم بگەیەنمە ناو تووترکان و ژنانی ئاوایی بە رووتی ببینم، پتریش مەبەستم ئەو کچە بوو کە بە مانگی گوندی ناوی ڕۆیشتبوو، وەك دەیانگوت: (...) هەمیشە مانگە شەوە، چوار وەرزەی ساڵ، سی شەوەی مانگ مانگەشەوە و مانگەشەوە..

((گەیشتن بە ناو تووترکان پیاوی خۆی دەوێت، ئازایەتیەکی ئەفسانەیی دەوێت، شەڕکردن لەگەڵ فرۆکە و دەبابە و ئەو شتانە فشەیە، ئازایەتیی لەو شتانە بە دیار ناکەوێت، ئەوە ئازایە کە دەگاتە ناو تووترکان و هەموو ژنانی گوند بە رووتی دەبینێ))
ئەوە قسەی مام بایز بوو، دوای ئەوەی شتێکی لەو بارەیەوە زانیبوو، زۆر جار ئەو قسەیەی دەگۆتەوە، ئەو مام بایزە لەمێژ نەبوو لە رووسیا هاتبۆوە بەردەوام و جار لە دوای جاریش لە دڵەوەترِ دەیگوت:

من لە بەهەشت هاتوومەتەوە، بەهەشت ئەگەر هەبێت رووسیایە، ئەگەر نەشبێت هەر رووسیایە.

بە گاڵتەوەش دەیگوت:

بەلاّم دیارە لەو دۆڵەش بەهەشتێکیدی هەیە، نەمانزانیوە!

بە درێژایی هاوینێك هەموو ئەو رۆژانەی پێش ئەوەی ژنان بە مەنجەڵ و بوخچەی جلکانەوە شۆڕببنەوە بەرەو بنی دۆڵێ و دووکەڵ بەرز ببێتەو، من خۆم ئامادە دەکرد و چاوم لەو ڕێیە دەگێڕا کە دەمباتە ناو تووترکان، ئێستا و ئێستاش ئەو ڕێیەم نەدیتەوە..

ئەو کاتانەی لە کـانی ژنانــەوە دووکـەڵ دەگەیشـتە تـاقی ئاسمـانیٚ و بـا بـەرە و کـەپرانی دەهێنا، زۆری نەدەما خۆم لە تاوێرێك گرێدەم و غلۆری بکەمەوە،ئیدی باوەڕم بەوە هێنـا کە:

گەیشتن بە کانی ژنان ئازایەتیەکی ئەفسانەیی دەوێت.

گۆزەییٚ شەراب گۆبەند دەنێتەوە

بەفر باری، باری، هەر باری، رەنگە ئێستاش بباریٚ! لە هـیچ زسـتانیٚ، لـە هـیچ بەفرانباریٚ ئاسمانی جاسووسان بە سەر گۆڕەشێردا هێندە بەفرەی لێنەهاتۆتە خـواریٚ، بەفر سەردەرگای گەیاندە گوێسوانە، گەیشتە لك و پۆپـەی داریٚ، دنیـا تـەختاییـەکی سپیە، تا چاو بڕەکات چاو بـدیٚ، لـەو چیاوچۆلە لـەو پێدەشـت و دۆڵـە، چـالاٚییەك نابینیەوە، کەس بارەگا و بارەگا ناکـات، کـەس ماڵـە و مـاڵ ناکـات، قـوڕ بـە سـەر ئەوانەی داریان لێبڕاوە، کورم دەویٚ بچێتە داران، داربەڕوویێك بە سەر دنیـاوە مـاوە؟! چی ما بەفر دایـنەپۆشیٚ! بۆ دڵدانەوەی خۆم گۆرانیەکەی دایکمم دەگوتەوە، کە هـەر کاتیٚ گوێی لە لاوکی(بەفر باری) دەبوو، ئەو سترانەکەی خۆی دەگوتەوە:

لە ئاداریٚ

بەفر بگاتە گوێی داریٚ

نامێنیٚ تا ئێواریٚ

بەلاّم ئێستا ئادار نیە و بەفرانبارە، ئێرەش هەولێر نیە، گۆڕە شێری بن تیچاوی جاسووانە، ئەگەر بەفر نەبێ، لەو تەنیشتەوە بنەگوێنیی بەرزایی قەندیل دیارە، ئەو بەفرە وا بباریێ، بەهاریش ناتوێتەوە، هاوینێش دنیا رەشنابێتەوە، بەری خۆ دێ، لەو دنیایە شتێك رەش ناچێتەوە، سپی سپی، رەشایی چاو بە لای سپێتیدا دەبات، کەسی بەفر نەناس مجرۆ دەکات، ئەدی نەتانبیست، پێشمەرگە بەسراییەکە چی بە سەرهات، من نەمدیت، گێڕایانەوە: لە تەمەنی خۆی بەفری نەدیتبوو، باوەڕی بە تەلەفزیۆنیش نەکردبوو، پێیوابوو درۆیە کە لە ئاسمانەوە شتی سپی دەبارێ و زەوی دیشداشەی سپی لەبەردەکات، ئێ ئەو پێشمەرگەیە شەو کە دەخەوێت، زەوی هەر کراسە کۆنە زستانیەکەی لەبەرە، ئەو کراسەی کوڕە بەسراییەکە پێی ئاشنایە، سپێدە کاتێ لە خەو رادەبێ، دنیا سپی سپی، شەش قات سپیتر لە دیشداشە سپیەکەی کە لە بەسرا لەبەری بوو، بەفرێکی ئەستوور کەوتبوو، لە بن تیشکی رۆژێ تیشکی دەدایەوە، کوڕی بەسرایی لە بەفر تێر نابێ، وەك بەچکە ورچ گەمەی لە ناو دەکات، پێشمەرگەیەکی دەڤەری خۆشناوەتی دەڵێتە پێشمەرگە بەسراییەکە:

+ بەفر پەرجوویێکی ئاسمانیە، ئاگادار بە لە پڕ و بزردەبێ، دەفڕێ ..

- کە وابێ، پێویستە تێر لێیبڕوانم، با لێی تێربم، نابێ چاوم داخەم

ئیدی کوڕە بەسرایی هێند تەماشای بەفر، تەماشای دنیای سپی دەکات، تا هەستدەکات، هیچ نابینێ، هاواردەکاتە کوڕە خۆشناوەکە:

+ من وا تێگەیشتم بە گاڵتە دەڵیی پەڕجووە، بەڵام بووە راست، کوا بەفرەکە؟ بۆ کوێ فڕی

- بەفرەکە پەرجوو نەبوو، ماوە، چاوت فڕی..

ئیدی کوڕە بەسراییەکە چاوی لە سەر دانا، هیچی نەدەدیت، هەزار جوێنی عەرەبیی بە کوڕە خۆشناو دا، باش بوو کوڕە قەندیلیەك فریا کەوت، کوڕە بەسرایی

بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژوورێکی تاریك تاریك هێشتەوە، ئەوەبوو لە تاریکی بینایی بۆ چاوەکانی گەڕایەوە.

باشە کەسی بەفرنەناسمان لەگەڵ نیە، ئێستا پێشمەرگە بەسراییەکان، لە خۆشناوەکان پتر و هێندەی قەندیلیەکان شارەزای بەفر و نهێنیەکانی بەفرن، بۆیە ترسی مجرۆبوون لە بەفرمان نیە، ئەو سەرهاتە، سەرهاتی بینایی لە بەفر لە دەستدان و بە دەستهێنانەوەی بینایی لە کونجی تاریکی یان وەك ئەوەی ناویان نابوو سەرهاتی کوڕە بەسرایی و خۆشناوەتی ،کوڕێك بۆی گێڕامەوە، ئێستا، ئێستای بەفرانبار و ڕێبەندانی گۆڕە شێر وا لە تەنیشتمە و فێرە شەراب خواردنەوەی دەکەم و فێر نابێ، دەڵێ:

تاڵە، ناخورێتەوە

دەڵێم:

بیخۆوە، ئەو تاڵیە شیرینیەکی لە دوایە، لە تەمەنت تامت نەکردووە

دەڵێ:

ئەوە چیت گوت! لە ژنیش بە تامترە؟

دەڵێم:

نا، گووی ئەوهام نەخواردووە، لە دنیایێ چ لە ژن بە تامتر نیە؟ تۆ تامی ژنت کردووە؟

دەڵێ:

نا، جارێك ویستم تامی پیرێژنێك بکەم، لێیانتێکدام..

دەڵێم:

هەر بۆیە گوتم تا ئێستا تامت نەکردووە، دەی وەك من قومی لێدە..

دەڵێ:

تاڵە، زۆر تاڵە، لێمگەڕێ با بە قەند بیخۆمەوە

دەڵێم: گووی تێمەکە، دیشلەمەی شەراب دامەهێنە..

گووی تێکرد، دایهێنا، بەختیار کلۆتە شەکرێکی خستە زاریەوە و چایەی شەرابی دەخواتەوە، بەختیار بە دیشلەمەی شەراب مەستە، بەو درەنگی شەوە مەستە و کتێبێکی کردۆتە دمك و بەندی (مەشکێ) دەڵێ، منیش بە شمشاڵ بۆی دەگێڕمەوە، خەریکە مەست دەبم و هەستدەکەم جگەرەم جوان بۆ ناپێچرێتەوە، دەڵێی خەو دەمباتەوە، بەوەی باشە ئێشکگریەکەم کەوتبووە سەر لە ئێوارە و لە کۆڵم بۆتەوە، بەختیار وەك سۆبە دارەکە گەرمداهاتووە و ساردنابێتەوە، دەڕوانمە کاتژمێرەکەم ودەڵێمە بەختیار:

کاتی ئێشکگریت نزیکبۆتەوە، وەرەوە سەرەخۆ، ئەگەر نا من لە جیاتیت..

بەختیار دەڵێ:

خەمت نەبێ، ئەو شەو زۆر باشم، ئامادەم ئێشکگری لە هەموو دنیا بگرم

دەڵێمە بەختیار:

کەواتە بانەکە بماڵە، بەفر زۆر کەوتووە، با بە سەرماندا نەرووخێ

بەختیار دەڵێ:

تۆ خەوی خۆت بکە، خەونی خۆش ببینە، هەموو بانەکان هی بارەگا و گوند بە ماڵی پوورە(...)یشەوە دەماڵم

دەڵێمە بەختیار:

نا، نا، نەکەی لە گوند نزیکبکەویتەوە، دوایی وەك سەگ دەتتۆپێنن و دەتخەنە بن بەفرەوە تا بەهارێ تەرمەکەت نابیننەوە

بەختیار دەڵێ:

لەوە خۆشتر! شەهید دەبم

دەڵێمە بەختیار:

پێشەوەی ئێشکگرەکە بێتە دەرگا، تۆ بڕۆ دەرێ نەوەك بۆن بکات

بەختیار دەڵێ:

بۆنی چی دەکات؟ دیشلەمە! خۆ من دیشلەمەم خواردۆتەوە

ئێشکگرەکە بانگیکرد و بەختیار چووە ناو بەفری رێبەندانی بارەگای گۆڕەشێرەوە، منیش لە ژوورە گچکە گەرماویەکە لە بن بەتانی مامەوە، ژوورەکە گچکە بوو، هەر جی پیاوێك و نیوی لێدەبۆوە، لە کەلاوەیەك کە بێراییەکی گەورە بوو، دوو لا دیواری مابوو، لەو لایەوەش سێ چوار ئەستوونی ئەستوور بانەکەیان راگرتبوو، من حەزم لە تەنیایی بوو، لەو کەلاوەیە ژوورێکی گچکەم بە بەرد و نایلۆن قیتکردبۆوە، بەختیار لە ژوورە گەورەکەی سەرەوە، ژووری سەررێژ لە پێشمەرگە دەخەوت، بەڵام زوو زوو دەهاتە لای من، ئەوشەو بە سەر شەرابدا هات، هێندەی نەخواردەوە، بەڵام هێند مەستبووە هێندە مەست، وا لە شەوی بەفراوی لە کاتژمێری ئێشکگری بەندان دەڵێ و نایبڕێتەوە، بۆ میز چوومە دەرێ، دیتم لە ناو بەفرێ باوەشی بۆ بەفر گرتۆتەوە، پێیەکانی تا سەر چۆکی لە بەفر رۆچوونە، گوتم:

+وەرە بن هەیوانێ، دەنا دەبیتە کرێمستی.

- قەیناکە، زۆرم گەرمایە، حەز لە کرێمستی دەکەم

+ وەرە خۆتە کەر مەکە، دەنا لە ترێ سەی دەچی

- ئەدی خۆت نەتدەگوت کەربوون پلەیەکی بەرزە، کێ دەیگاتێ؟ دەی شمشاڵەکەت بێنە..

+ ئەگەر بێیە بن هەیوانێ شمشاڵ دێنم

- هاتم

بەختیار زۆر حەزی لە شمشاڵ بوو، هەر کاتێ بمگوتبا شمشاڵت بۆ دەژەنم، هەرچیم بویستبا بۆی دەکردم، هات و بەو شەوە بە دیار بەفرەوە، ئەو بە بەند و من بە شمشاڵ کردمانە بەزمی خۆمان، هێسترەکەش کە لە بن بێراییەکە بەسترابۆوە، تێکەڵ بە بەزمی ئێمە بوو، بەو چاوانەی خۆم دیتم- ئەگەر چاوم سەمای نەکردبێ- هێستر بە

هەر چوار پێیان سەمای دەکرد، ببینن لە بن بێرایی بەفرەوە دوو پیاو و هێسترێك بە هەشت پێوە چ سەمایەکی مەستانە دەکەن، ئێشکگریەکەی بەختیارمان بە سەمای هێسترانە بە سەر برد، دواتر ناومان لە سەمای ئەو شەوە نا سەمای هێسترانە، شەوی دواتر بەختیار پرسی:

+ ئەو عارەقەت لە کوێ هێنا؟

- شەرابەکە هی رێبوار عەرەب بوو

+ هیچ نەماوە؟

- بە داخەوە هەر ئەو مەتارەیە بوو

+ بزانە مەتارەیەکیدی..

- زۆرم لێیوەرگرتووە، رووم نایە داوابکەم، بەلاّم هەولّدەدەم بۆ خۆم شەراب دروستبکەم

+ دەزانی؟

زۆر تەماشای دەستی رێبوارم کردبوو، ئەگەر خۆم لێدەم رەنگە سەرکەوتووبم، هێندە زەحمەت نیە، چی دەوێ، جلیکانەیەك و هەندێك کشمیش و .. ناوی خوام لێیهێنا، ناوم لە جلیکانەکەش نا گۆزە، ئەو رۆژەی شەرابم گرتەوە و گۆزەم خستە چاڵەوە، ساڵ گەیشتبووە رەشەمێ ، بەفر بە بارەگاوە نەمابوو، هەمان رۆژ کوڕێك گەیشتە بارەگا، گوتیان لە شارەوە هاتووە، زوو بووینە برادەر، لە ژوورەکەی خۆم جێم بۆی کردەوە، ئەو کوڕە دەنگی خۆش نەبوو، بەلاّم حەمە سالح دیلانی جوان دەگوتەوە، لە کاتی گۆرانی گوتن بنێشتی دەخستە جێگەی ددانە شکاوەکەی، وای نەکردبا، هەندێ دەنگی بە شێوەیەك گۆدەکرد لە گوێ خۆشنەدهات، ددانی پێشەوەی هی سەرێ شکابوو، بۆ شکابوو! من دەمویست تووڕەی بکەم، تووڕە نەدەبوو:

+ باشە بۆچی چوویە گژ هێستری چەمووش؟

- سەیدا، ئێ، چیبکەم هێستری دەستەمۆ دەستنەدەکەوت

کوڕە ددان شکاوەکە کە منی بە سەیدا بانگدەکرد ناوی (ئاوات) بوو، لە هۆنینەوەی درۆی سپی دەسترەنگین بوو، درۆیەکانی شاری بوون، تاموبۆی شاریان پێوە بوو، من چێژم لێیان وەردەگرت، ئاوات شیعریشی دەنووسی، چەند شەوێکی پڕ شیعر و گۆرانی و شمشاڵ و درۆی ناسکمان بە یەکەوە بەسەربرد، شەوێکیش خواردمانەوە، عەرەقمان خواردەوە، (شۆرش)ێك چاکەیەکی گەورەی لەگەڵ کردین، نیو بوتڵ عەرەقی بە دیاری داینێ، مەزەمان برنجە سۆرەی ئێواری و سەلکە پیازێك بوو، ئاوات لە سەرخۆشیدا جوانتر گۆرانیی دەگوت، درۆی جوانتریشی دەهۆنیەوە.. دەمگوتە ئاوات:

- با شەرابی خۆمان پێبگات، هەینێ وەك بەهار مەست دەبین

+ دیارە بەهاری ئێرە زۆر بە گوڵە!

-هەرچی گوڵ هەیە لە دنیایێ، لێرە دەیبینی

+ سەیدا، گۆزەکە زۆری ماوە؟

- چەند رۆژێك..

حەیف، شەڕێ هاتە پێشێ، قەندیل بانگیکردین، رۆیشتم و گۆزەم بە ئاوات سپارد، گوتم:

- جوان ئاگات لە گۆزە بێ ، لە کاتی خۆی سەری شل و توند بکەوە، زۆر وریابە ئاشکرا نەبێ

+ بێ خەم بە سەیدا، دایك لە کاتی شیردان بە کۆرپەکە چەند بە ئاگایە، منیش ئەوها دەبم بۆ گۆزە

- ئەگەر نەهاتمەوەش وەك شیری دایکت حەڵاڵت بێ

+ سەیدا وامەکە لەگەڵت بێم، ئەو قەمسەڵە ئەفسەریەت زۆر جوان لێدێ، ئەفسەرەکەت چۆن کوشت؟

- لە کوڕەکەی ئایشە گوڵ بپرسە.

بەر لەوەی دەستی مالاّوایی بخەمە دەستی ئاواتەوە، دەبێت قسەیەك لە قەمسەڵەی حەمەی ئایشەگوڵ بکەم، هێشتا ئاوات نەهاتبوو، رۆژێك کوڕەکەی ئایشە گوڵ ئەوەی زۆر کەس بە (حەمەی حەلاق) ناوی دێنن، هاتە ژوورەکەم، دەمێك بوو نەمدیتبوو، ئەو دیدارە جیابوو لە گشت دیدارەکانیدی، ئەو کوڕە لە مێژە دەناسم، زۆر جاریدی بە دیداری گەیشتووم، لە هەڵمەت و هەلاّتن و هەڵگەڕان و داگەڕانیش دیتوومە، بەلاّم لەو دیدارە کوڕەکەی ئایشەگوڵ جیابوو، چ بە خۆی نەدەچوو، لە دیدارەکانی پێشوو قسە لە گوللە و تفەنگ و شەڕ بوو، ئێستا قسە لە وشە و وێنە و شیعرە، من پێشتر شیعرێکی ئەوم دیتبوو، کە بۆ برا گچکە شەهیدەکەی گوتبوو، بەلاّم وەك بلّێی باوەڕمنەدەکرد رستەکان لە چنینی خۆی بن، ئاخر ئەو پیاوە هێند پێشمەرگە بوو هێند پێشمەرگە، هێند پڕ بوو لە گوللە، نەدەکرا جێی شیعری لێببێتەوە، هەرچەندە بیستبووم زۆر پیاوی گەورەی شەڕانی، شیعریان نووسیوە، وێنەیان کێشاوە، مۆزیقایان لێداوە، بەلاّم نازانم بۆ، بۆ حەمەی ئایشە گوڵ وام بیر دەکردەوە! لەو دیدارە تێگەیشتم من چەند هەڵەم، گوتی:

راوەستە شیعرێکت بۆ دەخوێنمەوە، بزانە چۆنی دەخوێنمەوە.

یەکسەر بیرم بۆ ئەو شیعرە چوو کە بۆ براکەی نووسیبوو، بۆمی دەخوێنێتەوە، گوتم:

حەزدەکەم گوێم لە شیعر بێ.

چاوی بە لوولەی سۆبەکەدا هەڵبڕی:

((چلێ نێرگز

لە بەر دەرگای ماڵتان

..........))

شیعرەکەی ئەزبەر بوو، جوانیشی خوێندەوە و گوتی:

من ئەو شیعرەی تۆم زۆر خۆشدەوێ.

گوتم:

جوانت خوێندەوە، دەستخۆش.

حەمەی ئایشەگوڵ، قسەی هێنایە سەر هێمن، هێند سەرسام بوو بە هێمن، مەگەر من هێندە پێی سەرسام بووبم، چەند دێرە شیعرێکی هێمنی خوێندەوە و راڤەشی دەکردن، باسی ئەوەشی کرد، شاعیر لە کاتی شکستەکان نابێ نائومێد بێ و دەست بە خۆیدا شۆڕبکاتەوە، گوتی:

هەستدەکەم تۆ زۆر رەشبینی.

گوتم:

رەنگە، من هەمیشە جۆرێك لە رەشبینی دایگرتووم.

گوتی:

رەشبینیی زۆر، شیعر دەکوژێ.

لە کوڕەکەی ئایشەگوڵ پرسیاری ئایشەگوڵم کرد، ئەویش هیچی لە چارەنووسی نەدەزانی، من لە منداڵیەوە ئایشەگوڵم دەناسی، پێش کوڕ دایکم ناسی، لە (بەفری قەندی) کۆیە دیتبووم، دەستە خوشکی پلکم بوو، من لەوێ چەند جارێ دیتم، جەژنانەشم لە دەستی وەرگرتووە، یاپراخی دەستی ویشم خواردووە، دواتریش دوور بەدووری دەمدیت، درەنگتر زانیم ئایشە گوڵ پاڵەوانە، ئێ، کوڕەکەی ئایشەگوڵ لە پڕ گوتی:

+ قەمسەڵەکەت داکەنە

- لۆ

+ تۆ دایکەنە

بە زۆر قەمسەڵەی خۆی بە جێهێشت و شڕە وڕجڕەکەی منی بە شان دادا، گوتی:

من قەمسەڵەیەکیدیم هەیە.

گوتم:

خاوەن ئەو قەمسەڵەیەت بە دەستی خۆت کوشتووە؟ یان..

گوتی:

ئەوە سەربردەیەکی زۆر شەڕانی بوو، لێیگەڕێ، لێیگەڕێ با دانیشتنەکە بە شیعری بمێنێتەوە.

لە سەری چەکوچ و سادرێ، لە بن تۆپبارانێ هزرم هەر لای گۆزەی شەراب بوو، کەی شەڕ تەواو دەبێ و دەگەڕێمەوە ژووری شەرابی، ژووری گۆزەیی، ژووری ئاواتی، ژووری شمشاڵ و سترانی و درۆی سپی، ئەو شەڕە چ پێناچێ دوایی بێ، لە شەڕی هەمیشەیی دەچێ، هەر شەو و رۆژێکی ساڵێکە، هەر گوللە تۆپێکی مردنێکە کە لە نزیك سەنگەرەکانمان بە عەرد دەکەوێ و دنیایەك ساچمەی لێدەکەوێتەوە، نەکوژرێم و مەتارەکەم پڕ لە شەرابی گۆزەکە بکردایە! بە برینداریش لێی دەرچم باشە، شەڕ کۆتایی نەهات، بەلاّم دەستەیەك پێشمەرگە هاتن و جێی ئێمەیان گرتەوە، گەڕاینەوە، ئەوجارە بە بازگەی پاسداراندا و بە تروبێل و بەو دیودا بەرەو بارەگای گۆزەیی سووڕاینەوە، ئێستا شەراب جوان پێگەییوە، ئەوشەو هێند دەخۆمەوە هەرچی ماندوێتیە دەیهێنمەوە، هێشتا نەگەیشتبوومە نۆکان، بیستم بارەگای گۆڕەشێر باریکردووە و هاتوونەتەوە نۆکان، بەو هەواڵە راچەنیم و لە چارەنووسی گۆزە کەوتمە گومانەوە، دەبێ ئاوات دەریچواندبێ و ئاشکرا نەبووبێ، نیوەرۆیە، زەوی وشکە، هەوا خۆشە، چاوەڕێی هاتنەوەی ئاوات دەکەم، ببینم و هەواڵی گۆزەم بداتێ، ئاوات چووبووە بارەگاکەی سەرێ، هاتەوە، تیمکردەوە:

+ گۆزەکە؟

- سەیدا، دوایی، دوایی...

+ بۆ دوایی؟

- دوایی، داربەڕوویێك حەزی لە شەراب بوو،دامێ

+ کەواتە لە وەرزی بەڕوو دەچینە بن داربەڕووەکە و بەڕووی شەرابی دەخۆین..

نانمان خوارد، لە بن دوارەکە لە سەر بەردێ روو لە رووبار و ڕێیە گشتیەکەی سەر رووبارەکە، چایەم لە پێشە و خەریکی پێچانەوەی جگەرەم، دیتم لە نزیک گەرماوەکە ئاوات و کادیرێك بە دەم چایە خواردنەوەوە خەریکی راوێچکەن، هێشتا جگەرەکەم دانەگیرساندبوو لێیان بووە قرەقرِ، دوو مژم لێینەدابوو، مستەکۆڵەیەك بە دەوی ئاوات کەوت، ئیدی بووە شەڕ، لێکیان کردنەوە، ئەو کادیرە لە بارەگاکەی گۆڕەشێر بوو، من دەمێك بوو قسەم لەگەڵی نەبوو، دوای نیوەڕۆیەك هەر لە بارەگا بەفریەکەی گۆڕەشێر هێشتا ئاوات نەهاتبوو، خراپ تێکگیران ئەو نازانم چی لە دەست بوو، بەڵام چەکی دەستی من شیشێکی سەر ئاگردانەکە کە درێژیەکەی لا باڵێك دەبوو، زوو کەوتنە نێوانمانەوە دەنا پیس لە یەکترمان دەدا، شەوەکەی جەلال دەباخ هەردووکمانی بانگکردە ژوورەکەی خۆی و لەگەڵ یەکتر تەوقەی پێکردین، بەڵام پێکنەهاتینەوە، شەڕەکەی من لە بیرم نیە لەسەر چی بوو، دەنا دەمگێڕایەوە، بەڵام شتێکم لە هی ئاوات لە بیرماوە، ئاوات ئەوهای گێڕایەوە:

+ هێشتا تۆ نەڕۆیشتبووی کێشەیەك کەوتبووە نێوانمان، دواتر لە سەروەختی بارکردن، نازانم چۆن بۆنی کرد و بە گۆزەکەی زانی، دەیویست دنیا تێبگەیەنێ کە ئاوات بۆ شەرابگرتنەوە هاتۆتە چیا، ئیدی گۆزە بووە خاڵی لاوازی من، ئەوەبوو گۆزەکەم رژاندە بن داربەڕووەکەی سەر سیلەی خانووەکە..

- کەواتە ئەو مستەی خواردت بە هۆی گۆزەکەی منەوە بوو

+ نا، کێشەکە لە گۆزەکە گەورەتر بوو

ئێستا تووڕەم، پتم لێدەن دەتەقم خواخوامە کادیرەکە قسەیەك بکات، مۆڕەیەکم لێبکات، زۆر جار بە دزیەوە شیشەیەکم دەخستە بن ساقۆیەکەم وئەگەر کەس دیار نەبا چاوی تووڕەیی و شەڕاویم تێدەبڕی، بۆ ئەوەی بێتە وەڵام و شیشەیەکی بخەوێنمێ، بەڵام ئەو بە کەرایەتی منی نەدەکرد و خۆی تێکنەدەدا، زۆری نەبرد

کادیرەکەیان ناردە رووسیا، پێشمەرگەیەکی تووڕە وەك بڵێی فشە بـە حزب و بارەگـا بکات، بە دەنگی بەرز دەیگوت:

هەر کادیرێك حەزی لە رووسیایە، با مستێك راوەشێنێ، مستەکە چەندی تونـدتر بێ، زووتر دەگەیتێ.

دواتر، تەواوێك دواتر ئاواتیش چووە ئێران وماوەیەك لەوێ مایەوە و لەوێشەوە بۆ رووسیا، پێشمەرگە تووڕەکە کە ئەوەی زانی دەیگوت:

هەر کادیرێك دەیەوێ مست بوەشێنێ، من ئامادەم و دەستیش ناکەمەوە.

ئیدی شەرابگرتنەوەم لێنەهات و چیدی نەمگرتەوە، دیـارە لـە بارەگاکانـدا مـەی قەدەغـە بـوو، بـە ئاشـکرا نەدەخورایـەوە، بـەڵام زۆری وەك مـنـیش هـەبوون ئەگـەر بەدەستیانبکەوتبا لە پەنایەك یان لە درەنگانی شەو و خۆیان مەستدەکرد، ئەوەی لـە ناو بارەگاو لە بن جێیەکەی خۆشی دەیگرتەوە دەبوو زۆر بە نهێنی بـێ تـەنها کەسـە نزیکەکانی خۆی دەیانزانی، ئاخر زۆر جار مـەی گۆبەنـدی ناوەتـەوە، گـۆزە گۆبەنـدی ناوەتەوە، گۆبەندەکەی بارەگای دۆڵەکۆگە لە هەموو قەندیل دەنگی دایەوە، لـە زاری پێشمەرگەیەکەوە بیستم، وای گێڕایەوە:

((ئێمە سێ برادەر لە بازاڕەکەی سونێوە دووشووشە عەرەقمان بۆ هاتبوو، لە بـن بەردی دەو چەمەکە شاردبوومانەوە، ئێوارەیەك دامانـنا کە شـەو درەنـگ بخۆیـنـەوە، ئێ، هێشتا مەزەمان دانەنابوو، هێشتا شووشـەمان دەرنـەهێنابوو، دیتمـان بـەرپرس دوو شووشــە عــەرەقی وەك ئــەوەی ئێمــەی بــە دەســتەوەیە، خــۆی چــەند ســووربوو سوورتربۆوە، تووڕە تووڕە، ئاگری لە چاو دەباری، بەردی لە زاری دەڕژا، پرسی:

+ ئەو دوو شووشەیە هی کێیە؟

-.....

+ دەڵێم ئەو دوو شووشە گووە هی کێیە؟

-......

لە دڵی خۆم گوتم، ئەدی بۆچی بە دەستتەوە گرتووە!!

+ باشە ئەو دوو شووشەیە لە کێ بڕم؟

-....

هێندەی نەمابوو بڵێم، با فیڕۆنەچن لەو دوو برادەرەم!!

بەرد بە دەنگ هات کەس ورتەیەکی لێوە نەهات، هەر کەسێك قسەیەکی بکردایە بە ملی ئەودا دەهات..

+ باشە هی کەس نیە، هی خۆمە، ئەوە میزی خۆم بوو تێمکرد، گوتم بزانم کێ دەیخواتەوە، کەس دەیخواتەوە؟

-.....

دەمویست بڵێم، ئەگەر میزی تۆ ئەوهایە، ڕۆژی شووشەیەك بۆ من!!

هەرچی پرسی، کەس وەڵامی نەدایەوە، هەرچی گۆت، کەس بە قسە نەهات، دیتم سەری شووشەی کردەوە و بە بەر چاومانەوە چۆڕ چۆڕ ڕژاندیە زەویەوە، پێشمەرگەکەی تەنیشتم سەری هێنایە بن گوێم:

+ چۆنە بڵێم بە سەر مندا بیڕژێنە

- نەکەی، ئاشکرا دەبین

ئیدی بە بەر چاومانەوە ئەو عەرەقە نازدارە ڕژایە زەوی و وەك تەمەنی چوو بە فیڕۆ چوو))

گۆزە شەرابەکەی منیش بە فیڕۆ چوو، دوای ساڵانێکی زۆر ئاواتم دیتەوە، گوتی: ئێستاش جێی مستەکەم دێشێ..

گوتم:

لە خۆم نابوورم، گۆزەکەم گۆبەندی نایەوە

گوتی:

ڕژانی شەراب لە ڕژانی خوێن ناچێ؟!

گوتم:

ئەو داربەڕووەی شەرابی خواردبێتەوە، بەڕووی شەرابی ناگرێ؟!

گوتی:

ئەو چۆلەکانەی لە سەریشی دەنیشنەوە، مەست دەبن.

گوتم:

ئەو گۆزەیەی گۆبەند بنێتەوە دواتر رستەی شەرابیی لێدەکەوێتەوە..

بارەگایەك بە سەر پەلکە زێڕینەوە

ئەها ئەو بارەگایەی ئەو بەری چەمەکە کە دەڵێی لە قیبلە تۆراوە، هەمیشە روو لە نسێ وپشت لە تاوە ، تا نەڵێی بارەگای لاتە کەس نایبینێتەوە، کەس نایناسێتەوە، تا لاتە نەخەمە چەند رستەیەکی لاتەوە قسە ناچێتەوە سەر چ کەس و جێورێ و وەرزێ! ناچێتەوە لای ئەو دارگێوژەش کە لە خۆوە شمشاڵی دەژەند! لاتە پیاوێکە کەڵەگەت زۆر کەڵەگەت، ژنە رەوندێك کە رەشماڵیان لە بن مامەندە هەڵدابوو گوتبووی:

داربەڕووێکم نەدیت، هێندەی کاك لاتە بڵند.

ژنێکیدی گوتبووی:

داربەڕووی چی! بە خودای شەش حەفت لاتان بچنە سەر شانی ئێکدی، دەگەنە دوندی مامەندە.

لاته رەقەڵە بوو، چ ناو قەدی نەبوو، بۆیە چل پەنجا گەز پشتێنی دەبەست، هەندێك كەس رەقەڵەیی و قەد باریكیی لاتەیان كردبووە مەتەڵ، بە چی دەچێ، هەر یەكە بە شتێك هەڵیدا بوو، بەڵام یاوەری پەیامبەرەكە لە هەمووان جوانتر مەتەڵەكەی هەڵهێنابوو:

لە لوولەی سۆبە دەچێ، نابینن هەمیشە دووكەڵیشی لێ بەرزدەبێتەوە.

ئەرێ وشەی لاتە لە چیەوە هاتبوو! هەبوو پێیوابوو لاتە لە (لات)ی برای (رووت)ەوە هاتووە، لاتە خۆشی لات بوو، بەڵام لە زاری ژنە رەوەندەكەیان بیستبوو كە لاتە (لات)ی زەویی پێبڕاوە، ئەوە نیە كە پاڵدەكەوێ لاتە عەردێك دەگرێ، دەڵێی وایە، دە تیچاوێكی بدەنێ ئەو ساتانەی لە بەر بێراییەكە رادەكشێ، یان لە سەربانی پەیامبەرەكە یان لە دەو چەمەكە، لە گۆڕاییەكەی بۆ تۆپانێ خۆشكراوە، جا لە كوێ پاڵناكەوێ، ئەو پیاوە خۆ دانیشتنی نیە یان راوەستاوە یان پاڵكەوتووە، لە راوەستانیش هەمیشە دەستی راستی لە كەڵەكەیەتی، یاوەرەكە دەیگوت:

چەمێك وردە بەرد لە گورجیلەی لاتەیە.

لاتە كەس لە بیری نیە لە كەیەوە پێشمەرگەیە، تا گەیشتۆتە ئێرە بە ناو هەزار شەڕدا هاتووە، نازانم چەند دەبێ سۆسیالیستە، بەڵام زۆر رشتە لە سەری ودەڵێ:

ئەگەر سێ سۆسیالیست لە دنیایێ بمێنێ، یەكیان منم.

بارەگای سۆسیالیست و كۆمۆنیستەكان چەمێكیان بەینە، چەمێك دەنگی لە چ چەمان ناچێ، بڕۆ منداڵی لە دیار بخەوێنە، پوورە ئایش دەیگوت:

ژنانی ئێرە هەموویان لەو چەمەوە فێری لای لایە بوونە.

چەمی نێوان دوو بارەگا لە بەفری مامەندەوە دێ، لە كوێستانی مامەندەوە دێ، ئەگەر پەیامبەرەكە لێم تووڕە نەبێ، دەڵێم لە مامەندەی بەهەشتەوە دێ..

ئێرە جگە لە من هەموو كەس بە بارەگای ناوزەنگی سەرێ ناوی دێنن، من لە بەهارێكدا كە تا ئێستاش بەهاری وا بەهاری لە چاومدا كەسك و ناوی خۆی

نیشانندداوەتەوە، لە بەهارێکی وادا ناوم نا بارەگایەك بە سەر پەلکەزێڕینەوە، جار جارەش لەبەر خاتری بەفر بە بارەگای بەفر ناوی دێنم، ئەگەر یەشار کەمال دەستمبگرێ وبمگەیەنێتە ئەو جێیە لە وەسف کە لەوێ وشە جێگەی کامێرا دەگرێتەوە، پەلکە زێڕینەکانتان نیشاندەدەمەوە، ئێستا حەزم لە بەفرە و دەگەڕێمەوە بۆ زستان، دەچمەوە کۆڵانەکانی بەفر و زوقم و سایەقە، ئەو کۆڵانە تەسك و تریسکانەی بێ گلۆپ و چرا شەویان لە رۆژیان رووناکتر بوو، ئەو زستانەی بارەگا لە هەموو زستانان زستانتر بوو، بەفر لێینەدەکردەوە، بە حەفتە لێینەدەکردەوە، پێشمەرگە ئیشوکاری ببووە باگوردان گێڕان و سۆندە کردنەوە، ئەو سۆندەیەی لە کانیەکەوە دەهات و بارەگای ئاودەدا، شەوان دەیبەست، دەبوو سبەینان بە ئاوی گەرم بیکەیتەوە، پێشمەرگە ئیشو کاری بۆتە بەفرماڵین و رێکردنەوە، رێی نێوان ژوورەکان، کۆڵانی گەیشتن بە سەر بانەکان، کۆڵانی شۆڕبوونەوە بۆ ئاودەستەکە، کۆڵانی تەنیشتاوتەنیشتی گەرماوەکە، بەو تەنیشتەوەش کۆڵانی ماڵە گچکەکەی هێستر، کۆڵانی ناندێنەکەش کە هەموو کۆڵانەکان لەوێیان دەکردەوە، لەوێشەوە کۆڵانێك بۆ گومبەتی داران، گومبەتی چی! تەماشاکە چیایەك دار هەڵدراوەتەوە، زستانی بارەگا بە چیا داری دەوێ، تەماشاکە بەفر بەژنێك پتر هەڵدراوەتەوە، تەماشای ئەو هەموو کۆڵانە بەفریە بکەن، بەفر ئەو هەموو کۆڵانەی هەیە، بارەگای بەفر سێ کۆڵانی بەفریشی لێ دەردەچێ، کۆڵانێك ئەوەتا دەچێتە بارەگای بەرانبەر، بارەگای لاتە و پەیامبەرەکە، نازانم کێ بوو ناوی لەو کۆڵانە نابوو کۆڵانی پەیامبەرەکە، کۆڵانێك بەو تەنیشتەدا دەڕوا دەڕوا، بەو پێچەدا دەڕوا و پێچدەکاتەوە و دەگاتەوە زەلێ، زەلێ ئەو گوندەیە لە شەوانی سایەقەی زستاندا دەڵێی گەڕەکێکە لە ئاسمان، لە گەڕەکەکانی ئەستێران، زەلێ لە بەهاراندا چەپکە گوڵاڵەیەکە بە چیاوە، زەلێ لە هاوین و پایزاندا جگە لە زەلێ لە هیچ ناچێ، من بەو کۆڵانەم دەگوت کۆڵانی عەرەق، ئاخر چەند کەڕەتێ لەو کۆڵانەوە عەرەقم بۆ هاتبوو،کۆڵانی

سێیەم ڕێك ڕووەو قولاّیی زەوی ڕۆدەچیّ، ڕووە و نـاوزەنگی خـواریّ، لـە زسـتانان لـە نـاوزەنگی خوارێـوە تـا سـەر دەکەویـەوە، دوو کـەڕەت بـە ئاسمانـدا هەڵدەگـەڕێیت و دادەگەڕێیتەوە، ئـەریّ نـاوزەنگی خـواریّ بۆچـی وا کەوتبوویـە قـولاّیی دنیـاوە، ئـەو کۆڵانەش وا بزانم قاسم بوو ناوی نابوو کۆڵانی ئازووقە، ئازووقە لەو کۆڵانەوە دەهات، هـەر قاسـم و هێسـترە ماچـە دەزانـن بارەگـا بەفراویەکـە چـەند بـارە ئازووقـەی لرفکردووە..

بـەفر لێناکاتـەوە، بـەفر زەوی گرتـووە و ناچـێتەوە، بـەفر دەڵێـی ئێشـکگریە لـە پێشمەرگە نابێتەوە، بەفری دنیا بە قەندیلیشەوە بە سەر ناوزەنگ و ئاقاری ناوزەنگدا دادەکا، پیاوە ردێنپووشیەکەی زەلیّ کە سەراودەراوی دنیای کردبوو دەڵیّ:

((دنیا بەفری وای بە خۆیەوە نەدیوە، ئەمن دەڵێم هەڵەیەك لەئاسمان هەیە، هەوری قەندیلێش بە سەر ئێرەدا دادەکا))

ئەو پیاوە ردێن پووشیە، هەر بە راسـتی ردێـنی زۆر لـە دەسـکە پـووش دەچـوو، پووشی نەرم، ئەوەی بـۆ کورتـان دەبـوو، ردێنپووشـی زوو زوو هاموشـۆی دەکـردین، مەراقی بەفر شکاندن بوو، چێژی دنیای لەوە وەردەگرت کە بە سـەر بەفرێکـدا بـڕوا، پێی کەسی بەرنەکەوتبیّ، کەس هێندەی پیاوە ردێنپووشیەکە بـە کۆڵانـە بەفریەکـەی زەلێدا نەهاتووە و نەچووە، من ئێستاش پێوە تێنەگەیشتم ئەو هەموو هاتنەی بۆچی بووە، سبەینان هێشتا دنیا لە شەختەدا مت بوو، ئەو دەگەیشتە سەرمان، رەنگە ئەو ساڵە ئەگەر بە ساڵی شەختە لـە سـاڵژمێران تۆماربکرێـت لـە جێـی خـۆی بـیّ، ئـەو زستانە تایبەتمەندیەکی جیاواز لە هەموو زستانانی هەبوو، تایبەتمەندیەك کـەس وەك دایکـم نـاتوانیّ بـە کـێش و سـەروای فۆلکلۆریـەوە بیناسـێنیّ، مـن لـە سـاتەکانی ئێشکگری، ئێشکگری لە شەوانی شـەختەبەندی، دایکـم دەهاتـەوە پـێش چـاو، لـە پەنجەرەوە دەبینم ئەوەتا هەولێر زستانیە، تەنکە بەفرێك کەوتووە، شەوێکی رووناکە، زەوی سپیپاتە، ئاسمان سایەقە، رەنگـی رەنگـە بـە لای شـینی یـان مەیلـەو شـینیدا

بشکێتەوە، دووریش نیە ڕەنگێکیدی بداتەوە، چاوی من وای دەبینێ، دایکم لە حەوشەیە، دۆلکەیەك ئاوی بە دەستەوەیە، بە پڕتاو خۆی بە ژووریدا دەکاتەوە و بە دەم هەڵلەرزینەوە، دۆلکە ئاوەکە دادەنێ و دەست هەڵدەبڕێ وەك بڵێی قسە لەگەڵ خودا بکات:

ئەگەر دەتەوێ کوردان بکەی قڕ

بە شەو سایەقە و بە ڕۆژ هەوری پڕ

پێدەچێ خودا ئەو زستانە نیازی قڕکردنی پێشمەرگەی هەبێ، کیمیاو ئەنفال قڕی نەکرد، سایەقە و هەوری پڕ قڕی بکات، من زستانی وام نەدیتووە، پیاوە ردێنپووشیەکەش نەیدیتووە، لە ئاسمان وردبنەوە، ڕۆژانە لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژ کە لە کێوەکانی ئەوبەرەوە بە سەر بەفردا هەڵدێ، ببینن، تاڵی زێڕینی گزنگ ببینن، چۆن خۆی هەڵدەخات بە سەر سپێتی دنیادا، لەگەڵ ئەوەی رقی دنیام لە ئێشکگری بوو بەڵام زۆر جارحەزمدەکرد ئێشکگریم بکەوێتە ئەو کازیوەی کاتەوە، هەرچەندە خەونە ناسکەکانیش هەر دەکەوتنە کازیوەوە، ئا هەر لەو کاتەوە، ئاسمانی تا ئاسمان هەیە هەر سامالێ لێرەو لەوێ پەلە هەوری سپیپاتی تێدەکەوت، پەلە هەوری دەگرت، تا ئاگرت دەکردەوە، پەلە هەورەکان دەستیان بۆ یەکتر درێژدەکرد، هێشتا چایە دێمی نەکێشابوو، پەلە هەورەکان دەکشان و کەلێنەکانی ئاسمان تەسکتر دەبوونەوە، هێشتا دوا پێشمەرگە دەستی بە ئاو نەگەیاندبوو، هەور کەلێنێکی نەهێشتبۆوە بۆ دیتنی ئاسمان، تا نان دەخورا بەفر دایدەکرد، ئیدی بەفر بەفر، تەماشا تەماشا وا کۆڵانەکانی بەفر، بەفر پڕیان دەکاتەوە، بەوەی باشە ڕۆژەکانی زستان کورتن، دەنا پێشمەرگە کە بە زۆر شت رادەگەیشت، زۆر شتی رادەماڵی جار جارە بە راماڵینی سەرباز و جاشیشەوە بەڵام بە بەفر ماڵین و کردنەوەی کۆڵانەکانی بەفر ڕانەدەگەیشت، باش بوو ڕۆژانی زستان کورت و کەم تەمەن بوون، لە بیرمان بێت هێشتا ئێشکگری یەکەمی شەویش کە پێش داهاتنی تاریکی کلاشینکۆفی ئێشکگریی دەکردە شانی، خۆی

نەبەستبوو، پەلە هەورێك بە ئاسمانەوە نەدەما، نازانم چ پەڕجوویەك بەو دەستوبردە ئاسمانی لە هەور پاكدەكردەوە، ئەو ئاسمانەی لە ڕۆژێكدا بایی زستانێك هەوری بەفریی نیشانی زەوی دەدا، دیسان سامالّ، سامالّ، سایەقە، سایەقە، زوقم و شەختە، تا سبەی دەمی كازیوە دنیا دەچێتە باری شەختەبەندیەوە، دایە، ئاگات لێیە، ئاسمان بە هەور و سامالّیەوە ڕەنگە بڕیاری قڕكردنی ئێمەی دابێ...

ژوورەكەی من كەوتۆتە لای سەرێ، لە بن ئەو تەپۆلكەیە كە لە بەهاراندا گولّی دنیا لە خۆی دەدات، بارەگا لە گولاّو دەگرێت، تەماشای پەلكەزێڕینە دەكات، ئەو دار گێوژەشی لێوە دیارە كە لە خۆوە شمشالّ دەژەنێ، لە شێوەش ئەگەر لە دوورەوە و لە لاوە تێبڕوانی زۆر شێوەی ژنێك دەدا كە كەمێك چەمابێتەوە، ئەگەر بەفر ڕەقمان نەكاتەوە و بگەینەوە بەهار و (ناسكە ڕێواس) بیبینێ ئیرەیی پێدەبات، ئێستا ئەگەر پێیبلێیم لەو سەرە ژنێك لە ناو بەفرێ ڕاوەستاوە و بەهاران زەرد و سوور دەچێتەوە و گولاّو بە رووی پێشمەرگەدا دەپڕژێنێ، بە پێكەنینێكی ناسكەوەو بە كوردیەكی ئاسووریەوە دەلّێ:

من زانم ئەتو شێت، بەس نەزانبووم ئەوها...

ئەو ژنە باوەڕ بەوە ناهێنێ كە لە نێوان ئێمە و بارەگاكەی ئەو بەر چەمێك هەیە، چۆن باوەڕ بە خەیالّی شێتێك دێنێ، جارێك گوتم:

لەو دەو دۆلّە دارگێوژێك هەیە، شمشالّ دەژبێ.

بە دەستێك لە سەری خۆی دا و بە دەستێك رووی گرت، گوتی:

ئەتو شێت، تەواو.

ناسكە ڕێواس ناهەقی نیە باوەڕ بە بوونی چەمەكە نەهێنێ، دەزانن بەفر چۆنی پڕكردۆتەوە، ئەو ژنە بە خۆو مێرد و شوبراوە لە وەرزی بەفر و بە كۆلاّنەكانی بەفردا گەیشتنە بارەگا، لە بەغداوە هاتوون، ئەو ژنە ناوی نهێنیی (سوزی) بوو،بەلاّم من

لەو نهێنیتر ناویم نا ناسکە رێواس، ئەو ناوە نهێنییەش تەنها ئەبوو سەوسەن دەیزانی و دەیگوت:

((ئەو ژنە ئەگەر بزانێ ئەو ناوەت لێناوە، دڵنیام لە تەسکەرەش ناوی خۆی دەکردە ناسکە رێواس))

ئای مەبستم بوو بگەمەوە بەهار و ناسکە رێواس لە ناو رەنگەکانی پەلکە زێڕینەوە ببینم و بزانم لە ناو ئەو هەموو رەنگە خۆی چ رەنگێ دەبەخشێتە سرووشت.. ئەبوو سەوسەن تازە لە زیندانی کۆماری دۆزەخ هاتبۆوە، ئەو پیاوە کە زیندان گەیاندبوویە سەر لێواری شێتی، ناوی لە کۆماری ئیسلامی ئێران نابوو کۆماری دۆزوخ، ئەوەی ئەو لە زیندانەکان دیتبووی و بیستبووی و دەیگێڕایەوە زۆر لەو دۆزەخە دەچوو کە دێڕەکانی قورئان و فەرموودە لە زمانی مەلاکانەوە نیشانیان دەدایەوە، ئەبوو سەوسەن و پەیامبەرەکە تووشی یەکتر نەبوون، دەنا دوور نەبوو تووش تێکبگیرێن، ئەو پیاوەی لە کۆماری دۆزەخەوە گەڕابۆوە، ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی کردبوویە بابە کوشتەی پەیامبەران و ئەوانەی خۆیان دەبردە رێزی پەیامبەرانەوە..

ژوورەکەی من کەوتۆتە بێراییەکی گچکەی ژوورێکی گەورەوە، بەشێك لە بێراییەکەم دابڕیوە، ژوورەکەی من زیادە رۆ بوو، ئەو کوڕەی (لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو) ئەو ژوورەی جوان ناساندبوو، بۆیە پێویست بە ناساندنەوە ناکات، ژوورە گەورەکە پەلێك پێشمەرگەی لە خۆی حەواندبۆوە، لە یادەوەریی مندا لەو پەلە خارە جەمیل لە هەموویان روونتر خۆی نیشاندەداتەوە، رەنگە بە هۆی سمێڵیەوە بێ، ئەها ئەو پیاوەی وا لە ناندێنەکە روو لە دیوار و پشت لە ئاگر لە سەر چیچکان دانیشتووە ئەوە خارە جەمیلە، ئەو پیاوە لەوەتەی من دەیبینم هەر پشت لە ئاگرە، هەیە دەڵێ:

((ئەو پیاوە بۆیە پشت لە ئاگرە و رووی تێناکا، چونکە چاوی بە بڵێسە هەڵنایە..))

بەلاّم خۆی شتێكیدی دەڵێ:

((سەرماو سۆڵەی زستانێكی هێند تووش چۆتە پشتمەوە، پێویستم بە یەك ساڵ پشتدانە ئاگر هەیە..))

ئیدی نازانم خۆی باشتر دەزانێ یان خەڵك! ئەو پیاوە پشت لە ئاگرە سمێڵێكی هەیە، سمێڵی مەلا جەلال لە چاو سمێڵی وی دەڵێ برۆی حەسەن زیرەكە، ئەو خارە جەمیلە دەیویست لە هەموو شتێك لاسایی مەلا جەلالی خزمی بكاتەوە، ئەوددەمەی دەتگوت:

((ئەلاهـ !لە راوەستان چەند لە مەلای خزمت دەچی!))

خارە جەمیل هەر لە جێی خۆی بستێك بەژنی دەكرد، خۆی جوانتر رێكدەخست و لە سەر پەنجە رادەوەستا، ئەو پیاوە دەیویست لە هەموو شت لە مەلا جەلال بچێ، لە رۆیشتن، لە دانیشتن، لە پاڵدانەوە و تفەنگ خاوێنكردنەوە، لە هەستانەوە و تفەنگ لە شانكردن، لە ژن نەهێنانیش لاسایی ئەوی كردبۆوە، جەمیل زۆر بە جەلال سەرسام بوو، پێی وا بوو لە دنیایێ تەنها دوو كۆمۆنیستی تەواو هەن، یەكیان فەهدی مردوو ئەویدی مەلا جەلالی زیندوو، هەرچی مەلا جەلالە دەیانگوت گوتبووی:

جەمیل تەنها لە سمێل شتێك لە من دەچێ.

جارێك پێشمەرگەیەك گوتیە خارە جەمیل:

باشە بە حەفت سمێڵی وەك هی مەلا جەلال ناگاتە لا سمێڵێكی تۆ چۆن دەڵێ بە سمێڵ شتێك لە من دەچێ!

كەمێك سمێڵی هەڵدایەوە:

هاورێ مەلا جەلال هەرچی بڵێ راستە.

خۆزیا دەتاندیت چۆن سمێڵی هەڵدەدایەوە، بە تایبەتی لە ساتی نان خواردن، بە دەستێك سمێڵی هەڵدەدایەوە و بە دەستێك پارووی دەخستە دەمی، من كە یەكەم جار دیمەنی هەڵدانەوەی سمێڵم دیت، منداڵ بوومەوە، گەڕامەوە هەولێر و چوومەوە نزیك

سینەمای (حەمرا) لەویٚ، لەو بەرە لە بن دیواری ئەو گۆڕستانەی (دڵدار)ی لە خـۆی خەواندبوو، لە سەر ریٚ کوپەیەکی گەورەی هەمیشە تەڕ لە ڕێی خودا دانرا بـوو، دوو جامیلکەی جوانیشی بە زنجیری باریٚك پیٚوە بەسترابوو، هەرچی ڕێبـواری هاوینیانـەی ئەو ڕێیە هەیە، لیٚیان دەخواردەوە، کیٚ بینویەتی ژنی پیٚچە بە سەر چۆن لـەو کوپـە ئاوی دەخوارد ەوە! جامـە ئـاو لـە دەسـتی راسـتی، بـە دەسـتی چەپیشـی پیٚچـەکەی کەمیٚك هەڵدەدایەوە، ریٚك وەك هەڵدانەوەی سمیٚل، من پیٚشتر ئەو پیاوە سمیٚلٚ دەسکە قوڕادەییەم- خۆی حەزیدەکرد پیٚیبلٚیٚین سمیٚلٚ دەسکە قوڕادە- دیتبوو، لە دەو بەسـتی شەرغە دیتبووم، بەلاٚم ئەودەمانیٚ سمیٚلی شتیٚك لە سمیٚلی خارە جەواد پڕتر بوو، بـاش بوو لە ڕێی سمیٚلی خارە جەمیلەوە، خارە جەوادیش هاتەوە یاد، ئەویش هەر لە ژوورە گەورەکە بوو، برادەری نزیکی خارە جەمیلە، هەردووکیان هی بن هەولیٚرن، بەلاٚم ئەو دوو پیاوە جگە لە (خارە) کە لە هیچ شتیٚك پـیٚکتر ناچـن، ئـەو خارەشـەم بـۆ جـاری یەکەم لـە بـەهاری ئاقـاری بەسـتی شـەرغە ناسـی، ئیٚسـتاش وا لـەو سـەهۆلبەندانە یەکترمان دیتەوە، خارە جەواد چەند سـالیٚکە بـە چـیا کـەوتووە وکۆمـەلیٚك منـداڵی سەرکەوبنکەی بەجیٚهیٚشتووە و دەمیٚکیشە هـەواڵیانی پیٚنەگەیشـتووە و نـازانیٚ لـەو گرانیەی بە سەر ولاٚتدا هاتووە، سەری خۆیان بۆ کـویٚ هـەڵگرتووە، لـە چاوەکانیەوە دەبینم کزەی لە جەرگیەوە دیٚ، لەگەڵ ئەوەش وەك بەرد چەقیوە، لیٚبووردنەکانی لـە بەغـداوە دەردەچـن، جوولـەی تیٚکردنـەوە ناخەنـە خـارە جـەوادەوە، هـەر ئیٚسـتا کوڕیٚکیدیش هەر لەو ژوورەوە لە پەنجەرەی یادەوەریم سەری دەرهیٚنا، لەمیٚـژ نیـە بـە چیا کەوتووە، وا بزانم لـە (زەردك)ی ڕێـی کەرکووکـەوە هـاتووە، کـوڕیٚکی تـا بلٚیٚـی هیٚمنە، کەمیٚك شەرمنە، پیٚدەچیٚت ناوی عـەدنان بیٚ، بـەوە دەزانم جاریٚـك قاسـم کـە ئەویش زەردکی بوو، زمانی هەلٚەی کرد بە عەدنان بانگی کرد، هەر نـاویٚکی هـەبیٚ، لیٚرە ناوی لە خۆی ناوە ئاسۆ، ئەو کوڕە حەزی لە خویٚندنەوەیـە، زوو زۆر زوو بووینـە برادەر، زۆر جار شەوان دەهاتە ژوورەکەی من..

شەوانی درێژی شەختەبەندیی بە چی دەتوێتەوە، هەرچی دەکەی رۆژ نابێتەوە، شەو نارِوا و رۆژ نایە، شەو لە بن نایە بێ کۆتایە، شەو بەستوویەتی و ناتوێتەوە، شەو ساڵە و نابڕێتەوە، شەو، شەو، هەتا کات هەیە هەر شەو، من بە خەیاڵ دەچوومەوە بە هار و لە بن ئەو دارگێوژەی کە شمشاڵی دەژەند، دەوەستام، دەستەکانم لە ملی پەلکەزێڕینە دەکرد، شەوی سپی شووشەیی، شەوی سایەقیی و زوقمی، شەو ئەو شەوانەی چیاکانیان رووتاندەوە، بەڕوویێك بە پێوە نەماوە، دارستانەکانی چیا بە لەتوپەتی لە بارەگان و نۆرەی خستنە سۆبەیان گرتووە، لە لوولەی سۆبەکانەوە کە شەو و رۆژ دووکەڵ بە ئاسماندا دەکەن، سووتانی دارستان ببینن، ئەوەی تەوری پێشمەرگە بە درەختی شاخانی کرد، مەگەر نەوەکانی ئەتاتورك بە کوردیان کردبێ، کوڕە شێنێییەکە رەنگە مەولوودی ناو بووبێ، پیشەی داربڕینەوەو کۆڵکێشی بوو ، بە کۆڵ لە شاخان بە برێك پارە کە هەر بایی پاکەتێك جگەرەی دەکرد، پایزان داری بۆ ئەوانە دەهێنا کە توانای چوونە دارانیان نەبوو، یان زستانان بۆ ئەوانەی داریان لێدەبرا، رۆژێك لە نزیك ئەو رێیەی زەلێ دەباتەوە شێنێ، رێك لەو جێیەی گۆڕەکەی ئەبوو رەشا لە هەموو گۆڕان جوانتر دیارە، تووشی بووم، کۆڵە دارێکی لە پشت بوو، هیچ هێسترێك باری وا نابا، لە پاڵ گابەردێك وەستا و گرانیی بارەکەی خستە سەر بەردەکە، بە خێرایی دوو جگەرەم پێچایەوە، ئەو پیاوە مژی وای لە جگەرە دەدا، دەتگوت سۆبەی دارە دووکەڵ بە ئاسماندا دەکات، ئەو پیاوە دار لە کۆڵە لەو نیوە دانیشتنە قسەیەکی کرد هی لە بیر چوونەوە نیە:

ئەگەر رۆژێك دادگایەك بێتە گۆڕێ و لە داروباری شاخان بپرسێتەوە، دەزانی من و پێشمەرگە سزای هەتا هەتاییمان بۆ دەبڕێتەوە.

لە بیرمە منیش گوتم:

هەر لە داردان نەبێ!

دەبێ بڵێم پێش بیستنی ئەو ئەو قسە دادوەریە لە پیاوی دار لە کۆڵ، من بە دوو شتی ئەو پیاوە سەرسام بووم، یەکیان هەڵگرتنی کۆڵی گەورە کە هیچ هێسترێك باری وا نابا، دووەم هەڵوێستی وی، ئەو پیاوە کە لە دۆڵی پێشمەرگە و قاچاخچیان دەژیا، دەبوو وەك یاساو ڕێسای باوی ئەوێ یەك لەو دووە هەڵبژێرێ، کەچی ئەو هەر بە کۆڵکێشی مایەوە، نە بووە پێشمەرگە نە قاچاخچی، ئەگەر قسەیەك لە ئەبوو ڕەشا نەکەم، ناتوانم گۆڕەکەی بەجێبهێلم و بگەمەوە شەوەکانی بارەگا، ئەبوو ڕەشام زوو لە ڕێی بەستی شەرغە ناسی، ئەو پیاوە زۆر ناسك بوو، بەڵام کەس ناسکیەکەی نەدەبینی، یان خۆی ناسکیی خۆی نیشانی کەس نەدەدا، بەڵام لە مردندا نەیتوانی بیشارێتەوە، ئەبوو ڕەشا لە مردندا بە دیارکەوت کە ناسکترین پێشمەرگەیە، ئەوەی شەڕوشۆڕی بیابان و چیای دیت، زرموهۆڕی ئەرد و ئاسمانی بیست، شەڕی دەبابە و کۆپتەری کرد، کیمیا ڕاوی نا، هێندەی نەمابوو ئەنفال ڕاوی بکات، هیچی لێنەهات، دڵی نەوەستا، کەچی لە کۆبوونەوەیەکی حزبی لەو ناوزەنگەی خوارێ ئەوەی کەوتۆتە چاڵایی دنیاوە، لە داخی ڕستەیەکی توند کە بە دەمی بەرپرسەکەیدا هات، بە لادا هات و کەوت و دڵی وەستا و هەڵنەستایەوە.. شەو، شەو، بە شەو شەو، بە ڕۆژ هەر شەو،چ بکەین باشە!

شەو نابڕێتەوە، ڕۆژ نابێتەوە، خەو خەو چەند دەمژێر خەو! کەس هەیە لە شەوێکدا ساڵێك بخەوێت! خوێندنەوە، بە خوێندنەوەی ڕۆمانە قەبەکانیش شەو بنی نایە، پەنا بۆ هەقایەتەکان دەبەین، هەقایەتەکان شەو دەبڕن! ئەوەتا ئەبوو سەوسەنی لە کۆماری دۆزەخەوە هاتوو، هەر جارەی جێیەکی دۆزەخ دەگێڕێتەوە، بە پانی و درێژی دەیگێڕێتەوە، لە مەهابادەوە دەستپێدەکا، دەگاتە تاران و دەگەڕێتەوە مەهاباد، ئەو پیاوە پتر لە حەفدە جێگەی دۆزەخی دیوە، بە ئاگری حەفدە دۆزەخ سووتاوە، بە بیرمە لە گەرمەی گێڕانەوەی دۆزەخی ورمێ بوو، پێشمەرگەیەك پرسی:

هاوڕێ، قسەی خۆت لە بیرنەچێ، لە دۆزەخ کارەبا هەیە؟

پێشمەرگەیەکیدی پێکەنی:

توخوا، ئەوە پرسیارە! دۆزەخ کە یەك پارچە سووتان و بڵێسە بێ، کارەبای بۆچیە؟

هەر کاتێك قسەیان دەپساند تووڕەدەبوو، بەلام ئەوجارە سەیربوو، ئەبوو سەوسەن تووڕە نەبوو، لەسەرەخۆ گوتی:

با، هاوڕێ، لە دۆزەخ کارەبا هەیە، با لە کێلە بووزەکانی دۆزەخ ببمەوە، دێمەوە لای کارەباش، دەبێ بە خۆت بزانی، مادام دۆزەخ کێلە بووزی هەبێ، بێگومان کارەباش هەیە، خۆ وەك بارەگای ئێمە نیە بەفری دنیای لێبباری..

ئەبوو سەوسەن دوای ئەوەی لە سەربردەی کێلەبووز بۆوە کە خستبوویانە سەر سینگی، بە دوورودرێژی هەقایەتی کارەبای دۆزەخی بۆمان گێڕایەوە، من بە چەند دێرێك دەیگێڕمەوە:

((چاومیان بەستەوە، بە تێهەڵدان بردمیان، بۆ کوێ؟ چاومیان کردەوە، بەلام خۆزگە نەیاندەکردەوە، دنیای دوای چاوکردنەوە لە دنیای دوای چاوبەستن و پێش چاوکردنەوە تاریکتر بوو، ئەو تاریکە سەلاتە کوێی دۆزەخە؟ دەی تاریکیەکە لە دوای کەمێك بەهەشتە، لەو تاریکیە هەستمکرد لە ڕارەوێکی درێژ ڕاوەستاوم، ڕارەوێك بە درێژایی دۆزەخ درێژ، من وام هەستکرد، هێندەی نەبرد وەك بڵێی لە بن زەویەوە دێوێك شاپێکت لە بن پێ بدا، بەرزبوومەوە، هێند بەرزبوومەوە، وا بزانم سەرم بە ئاسمان کەوت، نازانم چۆن کەوتمەوە سەر زەوی، بە ڕاست من لە ئاسمانم یان زەوی! ئێستا هەستدەکەم تۆپی تێنسم، تۆپی سەبەتەم، چوزانم ڕەنگە خۆ بە تۆپ چواندن لە جێی خۆی نەبێ، درەنگ تێگەیشتم ئەو جێیەی دۆزەخ کارەبارێژە، پێ لە هەر جێیەك دەنێم، دەست لە هەر جێیەك دەدەم، بە هەر جێیەك دەکەوم، کارەبا، کارەبا، لە تاریکایی دۆزەخ کارەبا، کارەبا گەمەم لەگەڵ دەکا، ئەو گەمەیە زۆری برد، درێژەی کێشا، مەگەر شەوێ ئێرە هێندە درێژ بێ، بە هەموو هێزی خۆم هاوارم دەکرد، نازانم هاواری کێم دەکرد، لە بیرمە بە زمانی فەرمیی دۆزەخ کە فارسی بوو، من لە

دۆزەخ فێری فارسی بووم، پێشتر هەر عەرەبی و کوردی و ئینگلیزیم دەزانی، بە زمانی دۆزەخ گوتم:

ئێوە چین؟ ئێوە خودا ناناسن، خودایە، تۆ لە کوێی؟

لەولاوە گوێم لە پاسەوانێکی دۆزەخ بوو، گوتی:

هاواری بۆ مەکە، گوێی لێنیە، لێرە نیە، مۆڵەتی وەرگرتووە..

ئیدی تێگەیشتم کۆماری دۆزەخ بێ خودایە، لە پڕ هەستمکرد، دنیا کەمێك رووناکایی تێکەوتووە، وەك بڵێی لەو سەری رارەوەکە نزیکبووبمەوە، تەریفەم، ئای بۆ دۆلکە ئاوێکی بەفراوی! دیتم پاسەوانێکی دۆزەخ جامە ئاوێکی لە پێشم دانا، خەنی بووم، بینم پێوە نا، باشە، وادیارە لە دۆزەخیش پاسەوانی بە بەزەیی هەیە، هەستم بە برسێتیەکی کوشندە کرد، بڕوا ناکەم هیچ گورگێك برسێتیی وای دیتبێت، لەو کاتە هەر شتێکم دەستکەوتبا، لە بەرد نەرمتر با، لـرفم دەکرد، ئۆی! دەبینم کابانێکی دۆزەخ وا خەریکە لەفەی هێلکە چێدەکا، ویستم پەلاماری بدەم، دوو پاسەوان گرتمیان، زۆری نەبرد دوو پاسەوانیتر سەرو لەفەیان هەڵگرت، ئای دەڵێی دەیدەنە من، دەستم درێژکرد، یەکیان گوتی: ((پەلە مەکە بۆتۆیە))، ئەو دوو پاسەوانەی گرتبوومیان، رۆیشتن، دیتم دوو لەفە بە دەستەکە کەمێك روویان وەرگێڕا و دۆخینیان کردەوە، دوو لەفەی تەڕیان لە سەر مێزە شکاوەکە بەجێهێشت و یەکیان فەرمووی لێکردم، ئێوە دەڵێن چی بیخۆم یان نا؟ برسێتی من لەوە واوەتر بوو میزی پاسەوانی دۆزەخ، لەفەی هێلکەم لە دەستبدا))

شەوی زستانی بارەگا کوا بە هەقایەتەکانی دۆزەخ بنی دێ! با بە دیار هەقایەتەکانی وڵاتێکی سووتماك، هی ئەنفال درێ بە شەو بدەین، تۆ بڵێی چیرۆکەکانی ئەنفال زەفەر بە شەوی شەختەبەندی ببات! ئێمە هەموومان لە ئاقاری ئەنفالەوە هاتبووین، ئەنفال چەنگ لە سەر چەنگ راوی نابووین، بەلاّم مام جوامێر لە هەمووان گریاناویتر ئەنفالی دەگێڕایەوە، ئەو پیاوە چیرۆکی هەردوو بەری زێی

گچکەی بە زمانی نزیك لە ناڵەی دەو زێ دەگێڕایەوە، دەو زێیەك مەگەر تەنها جاش و سەرباز بزانن چ قیژە و ناڵەیەكی بە ئاودا داوە، ئەو پیاوە شوان و بن هەولێر و دەشتی كۆیەی دەگێڕایەوە، چیرۆكەكانی مام جوامێر لە دەشت و گردۆلكەكانی خوارەوە دەستیپێدەكرد بە خاڵخاڵاندا سەردەكەوت، دەگەیشتەوە هەیبەت سولتان، دەسووڕایەوە بناری كۆسرەت، چیرۆكەكانی مامجوامێر لە زێیەكان درێژتر، لە زنجیریەی چیاكان درێژترن، مامجوامێر ماندوو دەبێ لە گێڕانەوە، شل دەبێ، بەڵام شەوی بارەگا هەر سەر لە ئێوارەیە..

رەنجۆ و كوردۆ چیرۆكی ئەنفال و پارتیزانی تێكەڵ بە گێڕانەوەی مامجوامێر دەكەن، چیرۆكی ئەو دوو كوڕە سەرەتا چەند كەڕەتێ بە دەوری هەولێردا وەك چۆن من كاتی خۆی بە شەقامی شەستمەتری دەخولامەوە، ئەوان ئەوها دەخولانەوە، نازانم لە خولانەوەی چەندەم بە چاوترووكانێك دەگەیشتنە بەستی شەرغە، لەوێوە چیرۆك بە بنەباوێ دەگەیشتەوە خۆشناوەتی، بە ئاوەگرد و سەفینیشدا هەڵدەگەڕان، بە مەتارەی پڕ و چەند نووردووە نانێكەوە دەپەڕینەوە هەورێ، ماوەیەك لە دۆڵەرەقە بزردەبوون، لە سەری كونەكۆتر بە دیاردەكەوتنەوە، ئەو دووە زوو زوو ناوی دیار و موحسین یاسین و سەنگەر و مام رەسوول و یەك دوانێكیتریان دەهێنا، كە لە چیرۆكی پچڕ پچڕی پارتیزانی ئاقاری ئەنفال ئەكتەری بزۆز بوونە، ئیدی قەندیل و قەندیل هاتن و گەیشتنە ئەو بارەگایەی بە سەر پەلكە زێرینەدا دەروانێ كە ئێستا وا لە شەوێكی زوقمیە و رۆژی لێ نابێتەوە.. ئەدی هەقایەتی فەیلیەكان!

هەقایەتی كۆچ و مەینەتیی فەیلیان لە زاری كەریم فەیلیەوە دەمێكە دەستیپێكردووە، بەڵام هەر لە سەرەتایە، وەك شەوی سایەقەیی بارەگا چەندی لێیەوە چیرۆكان دەگێڕیەوە، هەر لە سەرەتایە، كەریم فەیلی دێ بەزاراوەی بەغدایی هەقایەتی لە بن نەهاتووی فەیلی بۆ كوڕانی ناو بەفر دەگێڕێتەوە، ئەوانەی عەرەبیش نازانن گوێی بۆ هەڵدەخەن، لە ساتی گێڕانەوە، خارە جەواد وەها هەناسەی لە خۆی

دەبڕی، کەسێ نەیناسیبا دەیگوت ئەو پیاوە لە هەمووان باشتر تێیدەگات، نازانم کێ بوو بە خارە جەوادی گوت:

+ باشە تۆ چ عەرەبی دەزانی ئەوها گوێت بۆی شلکردووە؟

- چەند لەو قورئانە دەگەم کە ڕۆژانە لە ڕادیۆوە گوێی لێدەگرم، هەر هێندەش لە هەقایەتی کەریم فەیلی دەگەم، بەلاَم حەز لە بیستنی دەکەم..

هەرچی موحسین یاسینە، دەڵێن گوتوویەتی:

کوفرێك لە هەموو کوفران کوفرتر ئەو کوفرەیە کە هەقایەتی کوردی بە عەرەبی بگێڕیەوە..

وەڵا کەریم فەیلی ئەو کوفرە گەورەیەی جوان دەگێڕایەوە..

بەلاَم ئومێد کە لە خۆشناوەتیی هەولێرەوە بە دنیایەك گاڵتەوە هاتبوو، دەیگوت:

سەربردەی کوردان بە تایبەتیش هی فەیلیان ئەگەر بە عەرەبی بگێڕیەوە، وەك ئەوە وایە کە حەسەن سیساوەیی سوورەتی ئەلبەقەرە بە خۆشناویی و بە لاوك بلێتەوە..

هەرچی یاوەرەکەی ئەو بەری چەمەکەیە، لە زاری پەیامبەرەکەیەوە گوتبووی:

ئاهونزوولەکان باشترە بە عەرەبی بگێڕنەوە، چونکە کاتێ نزیکی ئاسمان دەبنەوە هەر دەبنەوە عەرەبی..

من ئەو ساڵە کۆچ و باری فەیلیانم لە سەر سنوور دیتبوو، کە پێدەچوو لە ڕێی خۆ بە هەڵەدا بردنێك لەو دیو گەڕابوونەوەو دەیانویست بە زۆر خۆ بە (لێبووردنی گشتی)یەکدا بدەن کە ناوە ناوە لە بەغداوە دەردەچوو، من ئەو هەموو ورد و درشتەی فەیلیانم دیت، چۆن لە ناو ئەو شاخ و داخە تێدامابوون، لە دنیا تێدا مابوون، تێدا مابوون لە کوێی دنیان! یاخود لە دنیان یان لە جێگەیەکیدی! تێدا مابوون، لە زمان تێدا مابوون، سەر بە چ زمانێکن! بە دوای ناسنامەیەکدا دەگەڕان کە پێنەدەچوو لە دنیادا دەستبکەوێ! ئەو مرۆڤانە هیچ لێبووردنێکی تایبەتی و

گشتی نەیدەگرتنەوە، من ئەوانەم دیتبوو، بۆیە بە تاسەوە گوێم بۆ چیرۆکە فەیلیەکانی کەریم فەیلی هەڵدەخست، وەك چۆن گوێم بۆ نەغمەی کچە فەیلیە تەمەن چواردە پازدە ساڵیەکە هەڵدەخست، کە ناوی (لەیا) بوو، بە فارسی دەیگوت:

من نە کوردی دەزانم، نە خانەقینم دیتووە، بەڵام کوردم و خانەقینیم..

کەریم فەیلی لە خانەقینەوە دەستیپێدەکرد، دەگەیشتە بەغدا، دەهاتەوە خانەقین، بە قەسری شیریندا دەپەڕیەوە کرماشان، نازانم بە کوێدا دەهاتەوە سەر رووبارەکەی نۆکان، ئەو جێیەی لەیا خۆی تێدا دەگێڕایەوە، کەچی شەوی سایەقەیی بارەگا هەر شەوە وهێشتا نۆرە نەگەیشتۆتە ئەو ئێشکگرەی ناوی لە لیستی ئێشکگرانی شەو لە ناوەندێیە، ئیدی شەوی کورتیلە چیرۆکەکانی کچە رێواسیەکە کە زۆریان کاتەکەیان لە تاریکیەوەیە..

ها، ئەوەش کورتیلە چیرۆکەکانی سۆزی، زۆر کەڕەت لە بیرهێنانەوە، یان گێڕانەوە مێرد و شوبراکەی یارمەتی دەدەن، چیرۆکەکانی سوزی هێند زۆرن لە ژمار نایەن، خۆی دەڵێ:

بەغدا لە تاریکیدا چەند نهێنی لە دڵە، من لەو پتر چیرۆکم لە سەرە.

کورتیلە چیرۆکەکانی سوزی هێندەی کوچە و کۆڵانەکانی بەغدا دەبن، ئەگەر بە تەباشیر، بە داروچکە بە دێرێکی بێ پسانەوە و بێ شکانەوەی بە ئەنقەست چیرۆکەکانی سوزی بنووسرێنەوە، ئەو دێرە چیرۆکیە لە بەغداوە دەگاتە هەولێر، لە هەولێریشەوە پێچێك بە عەنکاوەدا دەکات و دەگاتەوە ئەو بارەگایەی لە زستاندا پێشمەرگەکانی بە نیازی سپیبوونەوە لە تەقە و رقبوونەوە لە بەفردا دەشارێتەوە و بەهارانیش بە دیار پەلکەوە زێڕینەوە هەڵیاندەخات، چیرۆك دەستی چیرۆکی لە دەستە، لە شەوە شەختەبەندیەکانی بارەگای بەفر نەبێ، چیرۆکەکانی سوزی لە هیچ شەوێك ناگێڕدرێنەوە، هەزار و یەك شەویش بەش ناکات، ئەو کچە رێواسیە لە گێڕانەوەی بەغدا زوو زوو دەگەیشتەوە سەر دێری گوێ، کەم چیرۆکی ئەو کچە هەبوو

بێ سەربردەی گوێ، ئەو کچە عیساییە بەغدایییە لەو ساتانەی بە وشەی کەرت کەرت، پچڕ پچڕ وێنەی دەستەخوشکێکی بە چاوی پڕ فرمێسکەوە نیشاندەدایەوە، دەمدیت، دلۆپە فرمێسکم دەدیت بە سەر روومەتیدا کە لە لاوە تیشکی کزی فانۆسەکە وەك پەلکە زێڕین لە بیناییمی دەنەخشاند، ئێوە لە دلۆپە فرمێسك پەلکە زێڕینەتان دیتووە!! من دیتم، دەستە خوشکەکەی کچە رێواسیەکە لەگەڵ کوڕێك پەیوەندیەکی ناسکی حەفت ساڵەیان دەبێ، کوڕە گوتبوویە کچە:

من بەهۆی چاوی تۆوە نەبێ، لە سەربازی راناکەم و خۆم دەدەمە دەست خودا، بەلاّم نا، من نابێ بکوژرێم، من دەبێ بژیم، پێویستە بۆ تۆ بژیم، ئەگەر هەلاّتنم لە سەربازی تەنها حەفتەیەك لە مردن دوورمبخاتەوە، باشە، با حەفتیەك پتر بۆ تۆ بژیم..

کوڕە لە سەردەمێك لە سەربازی هەلاّت، وەك دەیانگوت تەنها شێت و عاشقەکان هەڵدێن، ئەو سەردەمە هەر هەلاّتوویەك دەستگیرکرابا، بێ سێودوو گوێیان دەبڕی، کوڕەیان گرت و گوێیان بڕی، ئێ.. بابی کچە گوتبووی:

کچم بدەمە سەگ، نایدەمە گوێبڕاو..

کچە گریا گریا، فرمێسك فرمێسك، نە هەڕەشە نە دڵنەوایی کچەیان گیر نەکردەوە، هێندەی دیجلە فرمێسکی رژاند، ئیدی، رۆژێك دجلە تەرمی کچە سەر ئاو دەخاتەوە و بە کەناری دەبەخشێتەوە.. لە چیرۆکی گوێبڕینەوە وێنەی گوێبڕاوێك وەك تارمایی خۆی نیشاندایەوە، لە مێژە زۆر لە مێژە، لە جامێکی جامخانە گەورەکەی عەبۆ کە هێندە لە قەرات دوور نەبوو، وێنەی گوێبڕاوێك هەڵواسرابوو، بە خەتی درشت لە بنی نووسرابوو:

ئەوە رەفتاری تێکدەر و نۆکەرانی بێگانەیە.

دواتر پێکەوتم ئەو پیاوە موختاری نازانم کوێیە، ناپاکی کردووە، لە سەر ئەوە پێشمەرگە پوختە گوێیان لە بنەوە بڕیوە!!! چیرۆکەکانی کچە ڕێواسیەکەش شەو بە ڕۆژ ناکەنەوە، دوای وی نۆرەی کوڕە زەردکیەکە..

ئاسۆیە، عەدنانە، من پێمخۆشە هەر بە کوڕە زەردکیەکە ناوی بێنم، ئەو کوڕە بە نەغمەی کەرکووکیانە مەینەتیەکانی ئەو کۆمەڵگە زۆرەملێیانەی دەگێڕایەوە کە دەوری هەولێریان دابوو، زۆر بە شێواوی لە سرووشتی هەولێر هەڵیان دابوو، کوڕە زەردکیەکە ورد ورد چیرۆکی ئەوانەی دەگێڕایەوە کە لە سەربازی هەڵاتبوون، ئەو کونانەی نیشاندەدایەوە کە لە بن بەرمیلی ئاو و ناو گەرماو و سەر گوفەك و بن سەرینی نەخۆشان لێدرابوو، ئەو کونانەی لە ئەدەبیاتی هەڵاتن و هەڵوێستدا بە (کونە فیراران) ناسرابوو، هەرچی چیرۆکی هەڵاتن و خۆشاردنەوە و ترس و برسێتی و بێوەژنکەوتوویی و سێویی و ئەو چیرۆکانەی لەوانەش دەبنەوە، لە کن کوڕە زەردکیەکە بوو، کوڕە زەردکیەکە لە سیمایدا ئەو زەردیە دەبینرا کە ئابلۆقەی ئابووری لە سیمای نیشتمانێکی نەخشاندبوو، چیرۆکەکانی کوڕە زەردکیەکە هەموومانی تاساندبوو، هەموومانی ترساندبوو،بارەگای بەفر هەر لە شەودایە و ڕۆژی لێهەڵنایە، ئەدی سەرهاتی حەمە ڕەشاش، کێ ناترسێنێ!

حەمە ڕەشاش کوڕی دەو زێی گچکەیە، لە زمانیڕا پێدەچێ هی دەور و بەری پردێ بێ، ئەو پیاوە ئەگەر گۆشت هەبێ، ئامادەیە تا ڕۆژی قیامەت هەر چەك لە شان و پێشمەرگە بێ، ئامادەیە جارێکیدیش بچێتەوە بەر دەم قەنارەی موسڵ، بەڵام لە بیرشمان بێ، لە هەمووان پتر بەرگەی برسێتی دەگرێ، حەمە ڕەشاش بە ئاشکرا دەیگوت:

ژیان واتە گۆشت، بەهەشت واتە گۆشت..

نەهرۆ خانەقینیەك هەبوو دەیگوت:

+ هاوڕێ حەمە ، ئەوە بزانە بەهەشتەکەی گاندی یەك پشکە گۆشتی تێدا نیە.

-نامەوێ.

+واتە دۆزەخت دەوێ؟

+ لە دۆزەخ ئەگەر گۆشت لە تێری بێ، ئاگر چیە با هەر بسووتێم.

ئومێدی بەرانەتی لێی پرسی:

+ تۆ گاندی دەناسی؟

- هەندێك بیکەیتە كوردی!! باشی دەناسم

پێکەنینێك بەرزبۆوە رەنگە بۆ ساتێك شەختەبەندی شەوی بارەگا بەفراویەکەی تواندبێتەوە..

نازانم کێ بوو گوتی:

دەزانی گاندی گۆشتی نەخواردووە؟

حەمە رەشاش بە مەیلەو پێکەنینەوە:

- ئاخر بۆیە ئەوها گێژ و وێژ بوو

+ گێژ و وێژی چی ئەو هیندستانە گەورەیەی رزگار کرد

حەمە رەشاش لە دڵەوە گوتی:

دڵنیام ئەگەر لە تێری گۆشتی خواردبا، هەموو دنیای رزگاردەکرد بە کەرکووکیشەوە.

بووە پێکەنینێك کێوی مامەندە لەریەوە..

جارێك مام ئەحمەد، ئەو پیاوەی کاتی خۆی بە هەڵە حزب چەند ساڵ لە زیندانی کرد، بە حەمەی گوت:

ئەرێ تۆ هێندە کوشتەی گۆشتی کولاوی، هێندەش عاشقە گۆشتی خاوی؟

حەمە رشاش:

نە بە خوا

مام ئەحمەد:

حەیف! تەمەنت فت، دەزانی لە کنە من هەزار کیلۆی گۆشتی نەرمکی برژاو نیو چارەگ گۆشتی خاو ناهێنێ، خۆ دەزانی مەبەستم کام نیو چارەگە..

حەمە رەشاش دەیگوت:

لە تەمەنم بە دەگمەن نەبێ لە تێری گۆشتم نەخواردووە.

هەر یەکە لە لای خۆیەوە:

- کوو وەیە!

- کوڕە سەد جار پێکەوە گۆشمتان خواردووە و لە بەرمان ماوەتەوە.

- ئەو رۆژە هێندەی حەفت کەست خوارد.

- خۆ ئەو جارەی لە بناری کۆسرەت نێریەکەمان سەربڕی، نیوەی تۆ خواردت.

- ئە و رۆژە لە سەردەشت یازدە شیش کەبابت نەخوارد!

حەمە رەشاش دەستی بە شێوەیەك بە زگیدا هێنا، وەك بلێی سێ رۆژ بێ، زاد بە زاری نەکەوتبێ:

وایە ئەوەی دەیلێن هەمووی وایە و کەمتان گوتووە، بەڵام تێر خواردن کوا وایە! من بەوە دەڵێم تێرخواردن کە گۆشت بنی نەیە، کەلەشێکت بە برژاوی لە پێش بێ، کەلەشێکیش لە تەنیشتتەوە بە دارەوە بێ، ئەوها خەمی بڕانی گۆشتت نابێ...

داستانی حەمەرەشاش دوور و درێژە، چ هی پێش پێشمەرگایەتی چ هی پێشمەرگایەتی، سەرهاتی ئەو پیاوە هەمووی هەڵات هەڵات و هاتوهاوار و شەڕ و پێکدادان و بەرانگاربوونەوەیە، ترس و تۆقانە، گریانە، سەرڕێژیش لە پێکەنین و لە سەر پشتکەوتنە، ئەو پیاوە لەو پیاوانەیە ژووری سێدارە نەیترساند، حەمە رەشاش دەگێڕێتەوە، لە شەوی زستانی ناوزەنگ دەگێڕێتەوە، چیرۆکی برینداربوون و بەردەستی دوژمن کەوتن و تیهەڵدان و دادگایی و گەیشتنە ژووری سێدارە دەگێڕێتەوە، ئەو رۆژە دەگێڕێتەوە کە نۆرەی بە دارەوە کردنی هاتووە، حەزیکردووە پێش بە دارەوە کردن کەلەشی جوانەگایەك ببینێ بە دارەوە و تێر

گۆشت بخوات، ئەوجا لە سێدارەدان هەقە و ناهەق نیە، دێتە بیرم رۆژێك لە سەر نان خواردن بووین، گۆشتمان هەبوو، حەمە رەشاش پارووێکی هەر لە زاری بوو، پارووێکی ئامادەش بە دەستیەوە،گوتی:

پیاو بۆ خوا بڵێ، من بە لێبووردنێك قەرزاری سەدام حوسێنم، ئەگەر بمێنم ئەو قەردەی دەدەمەوە، کورە خۆ ئەگەر ئەو رۆژە لە سێدارە درابام، چیدی تامی گۆشتم نەدەکرد!!

حەمە رەشاش سەرهاتان دەگێڕێتەوە، چی ناگێڕێتەوە بە ناو ئەنفالدا هاتووە، شتێك لە ئەنفال دەگێڕێتەو، کێ دەزانێ شتێك لە ئەنفال چەندە! ئەنفال داستانێکە پشتاوپشت چەند نەوە بیگێڕنەوە، نە هەر دوایی نایە بەڵکو هەمیشە لە سەرەتایە.. ئەرێ رەشاشەکە کەی و لە چیەوە بە حەمەوەیە؟ بۆ ئەوە سێ چوار قسە و گێڕانەوە هەبوو، بەڵام من قسەیەکیانم بە دڵدا چوو، ئەو دەمەی حەمە بە برینداری گیرا کلاشینکۆفی هەڵدەگرت، دوای ئەوەی لە ژووری سێدارە هاتەوە و بە چیا کەوتەوە، هەر لە رێ گوتبووی:

کلاشینکۆفی سەگکوشتی هی ئەوە نیە پشتی پێ ببەستین، لەمەو دوا رەشاش هەڵدەگرم.

ئیدی بەرلەوەی دەستی بە رەشاش بکەوێ، رەشاش بە ناوەکەیەوە لکا..

شەوە شەختەبەندیەکان بە هەقایەتی کێ لە بن دێن! هەموو دێن و دەگێڕنەوە، جار جارە یاوەرەکەش دێ و پەیامبەرەکەی دەگێڕێتەوە، کەچی شەو هەر شەوە، تا وەرزی پەلکەزێڕینە دێتەوە، ناچارم پەنا بۆ ژووری کەنەستەر ببەم..

ژووری کەنەستەر کەوتۆتە لای خوارەوە، نزیك چەمەکە، ئەو چەمەی بەفر وەهای پڕکردۆتەوە گەیاندوویەتیە ئاستی هەردوو بارەگا، بارەگای ئەم بەری چەم و هی ئەو بەری چەم، ئیدی لەو زستانە شتێك نیە چەم بێ، ئەو ژوورە هەر لە

سەرەتای بەفرکەوتنەوە بە ناوی ژووری کەنەستەر ناوی رۆیشت، کەس نەیزانی لە سەرەتا کێ ئەو ناوەی بە سەر ئەو ژوورەدا بڕی، هەموو دەپرسن ئەرێ کێ بوو ناوی نا کەنەستەر؟! ژووری کەنەستەر گەیشتە بارەگاکانیتریش، گەیشتە گوندەکانیش(نۆکان، زەلێ، شێنێ، گۆڕەشێر..) ژووری کەنەستەر گەیشتە شارەکانی ئێرانیش، من نامەی برادەرێکم تا درەنگیش لا مابوو، نووسیبووی:

ئەرێ ئەوە کام ژووری بارەگایە بۆتە ژووری کەنەستەر؟

ژووری کەنەستەر گەیشتە ولاتی روسیاش، برادەرێك نامەیەکی نیشانم دا لە مۆسکۆوە بۆی هاتبوو، نازانم نە بە گاڵتە بوو نە بە راستی ئەوها نووسرابوو:

گورباچۆڤ گووی لە رووسیا کرد، ئیدی لێرە جێم نابێتەوە، جێیەکم لەو ژووری کەنەستەرە بۆ بکەنەوە، لە سەر چۆك دێمەوە!

رووسیا بیری هێنامەوە کە کەنەستەر لە رووس جیا نابێتەوە..

ریازێك هەبوو نازانم رووسیای دیتبوو نەدیتبوو، ناشزانم قسەکەی تا چەند راستی تێدابوو، بە عەرەبی دەیگوت:

گەمەی کەنەستەر تایبەتە بە سەربازی رووس، شەوانی بەفراویی سەربازی رووسیا وەك شەوانی پێشمەرگەی ناوزەنگە، ساردە، درێژە دەڵێی رێی بەغدایە، بە گەمەی کەنەستەر نەبێ، بنی نایە، وەك چۆن رێی بەغدا بە کیلۆ گوڵەبەرۆژەی دەوێ، شەوی ئەوێش چەند گەمەیەکی کەنەستەر..

کەنەستەر گەمەیەکی کاغەزێنە، بە دەمژمێر کاتی دەوێ، وەك هیچ گەمەیەکیدی نیە، ئەگەر لە شەوی هاوین جارێك دوو نوێیبکەیتەوە، هەر هێندە دەبینی ئێوارە سپێدەی داوە، من زۆر ئێواران دوای نانخواردن، دوای هەندێك خوێندنەوە، تۆ بڵێ هەندێك جار دوای ئێشکگری، بە کۆڵانی شووشەیی بەفردا بەرەو ژووری کەنەستەر بە گۆپاڵ و بە ترس و لەرزەوە لێژ دەبوومەوە، رۆیشتن بە رێی شەختەی شووشەیی پڕ ترسە، کەوتنی وای تێدایە هەر مەپرسە، کە پێت

رۆیـی، هـەتا کـۆڵانی بـەفر هەیـە هـەر دەڕۆی و جگـە لـە بـەفر شـتێك نیـە بتگرێتەوە، بـەر لـەوەی بتانبەمـە سـەر دەرگـای ژووری کەنەسـتەر و بـە چـاوی خۆتان ببینن، جاریێ لە دوورەوە تەماشامبکەن، چتۆ خلیسکێ دەبـەم! دایکم دیتبای بە هەردوو دەست لە سینگی خۆی دەدا و هاواریدەکرد:

سەید مارف بیگەییێ!

دایکم تەنها لەو ساتانەی تارمایی ئیزرائیلی دەدیت، هاواری بۆ سەید مارف دەبرد، ئیدی، لەو شەوە سپیە ئاسمـان سـایەقییە زەوی شـەختەییە، تفـەنگم لـە شان، گۆپاڵ بە دەستمەوە، نازانم چ کاتی شەوە، بۆ ئێشکگری بانگمیان کردووە، هەر لە سەر دەرگای ژوورەکەی خۆمم، لە سەرەتای کۆڵانی بەفرم، بۆ پێی چەپم نارِوا، کەوتم و رۆیشتم، کۆڵان و کۆڵان رۆیشتم، ئەریێ لە کێ بپرسم رۆشـتنەکەم چۆن بوو؟ لـە سـەر پشـت، لـە سـەر زگ، بـە گلۆڵـەیی؟ نـەمزانی، ئـەوە دەزانم پێشەوەی دێوارێك لە دیوارەکانی بەفر بمگرێتـەوە، ئێشـێك کەوتـە پێـی چـەپم، ئێشی گوللەش هەر هێندەیە، نا، گولله نا، مـن ئێشـی گوللـەم تـام نـەکردووە، دوای کەمێك وەك بلێی لە هۆش چووبم و بە هۆش هاتبمەوە، دیتم خـوار چۆکم خوێنێکی زۆری لە بـەر دەڕوا، خوێنێـك هـی ئـەوە نیـە بـە هەنـدی وەرنـەگری، دەستم داییێ، نزیکەی قولانجێك هەلْزڕابوو، وەك بلێی برین جێـی تیشـەبەردێکی تیژ، یا دەمە ئاسـنێك، تەنەکەیـەك بـێ، شـانم دێشـێ، ملـم دێشـێ، ئانیشـکم دێشێ، جا کوێم نایەشێ، دەبێ چەند جێگەم شکابێ.. باش بوو دیواری بـەفریی نزیـك ناندێنەکـە مـنی گرتبـۆوە، خێرێکـی گـەورەم لـە سـەرە بـەو کۆڵانـەدا نەرۆیشتبووم کە دەچۆوە سـەربانی ناندێنەکـە، خـۆ بانەکـەش تێیهەڵدەدامـەوە ئەودیو، ئەدی ئەگەر خوانەکردە رێم بە کۆڵانەکـەی نـاوزەنگی خـواریێ کـەوتبا!! ئەوەی یاوەرەکە پێیدا چوو، هاتە سەرم د. هۆشەنگ بـە ئاگـا بێـنم، لـە سـەری خۆم دەرکرد و بەئاگامنەهێنا، خۆم گەیاندە ناندێنەکە، هەنـدێك ئـاوە تەماتـەم

هێناو کەمێك خوێم پێدا کرد، برینەکەم بە بەفر خاوێنکردەوە، ئاوەتەماتەم خستە سەری، هێندەی نەما بوو لە بانگ بدەم، بە جەمەدانیەکەم جوان پێچام، ئیدی ئێشکگریەکەم بە کەوتن و هەستانەوە و برژانەوە و پێچانەوەی برین و دیتنەوەی تفەنگ و گۆپاڵ بەسەر برد، بە شەلەشەل ئێشکگری دوای خۆم بە ئاگاهێناو چوومەوە سەر جێ، باش بوو زوو ژانی شکا.. بەڵام ئەگەر قسەیەك لەو جەمەدانیەی تا پێش دەمێك لە ملم بوو، ئێستا لە پێمە نەکەم، خەوم لێناکەوێت، زستانەکەی پێشتر و لە بارەگایەکیتر، بەفر چۆکێك کەوتووە، دنیا لەرزی گرتووە، بڕواناکەم گورگێك بە دەرەوە بێ، کەچی سێ چوار پێشمەرگە، خارە جەواد گوتەنی: ((هەر بۆوەی رکەبەرایەتی سەرما بکەن))، هاتن پوحتە سەری خۆیان پاك تراشی، لووس لووس کودیان کرد، یەك لەوانە نەژاد بوو، ئەو کوڕەی منداڵێك بە گەمە چاوێکی برد، ئەو کوڕە لە بەدبەختی من جەمەدانیشی نەبوو، دیاربوو سەرما زۆری بۆ هێنابوو، هاتە لام:

- تۆ پرچت پڕە و درێژە، سەرمات نابێ، جەمەدانیەکەتم بدێ.

+ سەرم سەرمای نابێ، بەڵام خۆت دەزانی قورگم دێشێ..

- باشە نەمویست

+ ئێ لەبەرچی بەو سەرمایە..

ئیدی نەمدایێ، ئێستا، ئێستای شەوە زوقمیە خلیسکاویەکە کە جەمەدانیەکەم خوێناوی بووە، (نەژاد لە سەر سەرمە، چاویلکەیەکی رەشی لە چاوە، قژی درێژ و پڕە، قژ رەش رەش لەچاویلکەکەی رەشترە، گوتی:

+ لەبەرچی جەمەدانیت لە سەر نیە؟

- نابینی لە پێمم بەستووە

+ هەر جەمەدانیەکەی پێشانە، ئەوەی...)

هێندەم لە خۆم هەڵدا، پێم خراپ کولاًیەوە، لەوەتەی نەژاد ئێرەی جێهێشتووە و بەرەو رووسیا رۆیشتووە، ئەوە خەونی یەکەمە بەوەوە، چ خەونێکیش و لە چ کاتێك، خەو زڕا، خەو لە چاو تۆرا، چ پێناچێ ئەو شەو چاوم پێیبکەوێتەوە، قۆریەم خستە سەر سۆبە و جگەرەم لە دوای جگەرە دەپێچایەوە، جگەرە بێ ئەژمارە نازانم چەند چایەشم خواردەوە، رادیۆش خەوتبوو، پێشەوەی رۆژ ببێتەوە و بچم پێم دەرمان بکەم، ناچارم هەڵوێستێکی نەژاد نیشانبدەمەوە..

چێشتانێکی درەنگە، لە کەپرێك لە کەپرەکانی دەو رووبارەکەی نۆکان نەژاد و ریاز خەریکی گەمەی کاخەزێنن، بە تەنیشتیان تێپەڕیم، لە رووبارەکە پەڕیمەوە ئەو بەر بەری گوند، دارستانێکی چڕە هەمووی دارچنارە، سپیندارە، بی و شۆڕە بیە، تووترك و تووە.. چەندی دەڕۆی هەر سێبەرە و چەپکێ هەتاو ناگاتە زەوی، رووبار لەو شوێنەدا زۆر هێمنە، نەرم نەرم ، لە من هێواشتر دەڕوا، ئەوەتا بەلەمێکی کاخەزیم درووستکرد و خستمە رووبارەوە، ئەها هەر ئەوەتا دەجوولێ، لەو دارستانە باڵندەکانیش دەڵێی لە رووبارەوە فێربوونە کە نەرم بخوێنن، چەندی سەر دێنم و دەبەم، لە نەرم خوێندنی باڵندە و بێ دەنگیی رووبار تێناگەم، ئیدی وا لەگەڵ رووبار و بە بن سێبەر و بە ناو جریوەدا دەڕۆم، بەرەو بن ئەو لاپاڵە دەڕۆم کە خۆم ناوم نا، لاپاڵی پەلکە زێڕینە، چیای پەلکە زێڕینە، بە نەرمی تێمهەڵکردە شمشاڵ، تا لە شمشاڵ تێر نەبم ناگەڕێمەوە لای رووداوی کەپرەکە، شمشاڵ تێکەڵی رۆیینی ئاو و سەمای سێبەر و دەنگی مەلی کردم، مەلەم کرد، سەمام کرد، فڕیم، ئەگەر قڕەقڕی کەپرەکە نەبا وەها نەفڕیبووم بنیشمەوە، گەڕامەوە دەبینم نەژاد لە ریاز هەستاوەتە سەر چۆك و بە شێوەیەك دەست رادەوەشێنێ، نیشانەی شەڕی تەواوە، بە کوردی و عەرەبی جونی پێدەدا، هەرچی ریازە رستەیەکی عەرەبی لە زارەو دەیڵێتەوە:

هاوڕێ مەبەستم ئەوە نەبوو، تۆ هەڵە تێگەیشتی.

تووڕەبوونی نەژاد بە هەڵە تێگەیشتنی نەدەگەیاند، تا من لە رووبارەکە پەڕیمەوە، نەژاد هێوربۆوە و بە هێواشی دەیگوت:

جارێکیدی گوێم لە قسەی وابێ، وات لێدەکەم کەسێك بڵێ زیندوو حەفت بڵێن مردووە.

چەندی هەوڵمدا بزانم کێشە چیە، چ تێنەگەیشتم، هیچیان هیچیان نەگوت، درەنگ زۆر درەنگ پێکەوتم کە شەڕی بن کەپرەکە لە سەر من بووە، ئەو کاتەی من لەو بەری رووبارەکە خەریکی شمشاڵ بوومە، ریاز روو لە نەژاد و پەنجەی بۆ من درێژ کردووە:

ئەو برادەرەی تۆ تەواو رووخاوە، هەر دیتت خۆی رادەستی حکومەت کردەوە.

نەژادیش دەڵێتە ریاز:

سەدی وەك تۆ دەرووخێن، بەڵام ئەو برادەرەی من هەر بە پێوە وەستاوە.

ئیدی هەرای بن کەپرەکە دەستپێدەکاو من لە پیاسەی شمشاڵی دەکا، زۆری نەبرد ریاز داوای چوونە رووسیای کرد، رۆیشت و گەیشت، منیش هێشتا وا لە ناو کۆڵانە بەفریەکانی ناوزەنگم...

تەمبێ نەبووم، دیسانەوە وا بە کۆڵانە شەختە شووشەییەکاندا رێدەکەم، تا سەرهاتی لابەلا بە لارێدا نەیانبردووم، با بگەمە ژووری کەنەستەر، ببینن ژوورێکە جێی سێ رایەخ و سۆبەیەکە، جوان لێی بڕوانن، ژوورێکە لە هەموو ژووران جوانتر و خاوێنتر، چ بە ژووری بارەگای پێشمەرگان، بارەگای شاخان ناچێ، من لە هەولێریش ژووری وا رێك و جوانم نەبووە، بنمیچ و دیوارەکانی لە جۆرە نایلۆنێك گیراون، هیچ کاشیەك و رەنگێك ئەو جوانیەی نیە، چەند تابلۆ و وێنەیەکیش زۆر ناسك و هونەریانە هەڵواسراون، رایەخەکانیش هێند خاوێنن دڵت نایە پێ بخەیتە سەریان، تا دارەکانیش ئەوانەی چاوەڕێی چوونە ناو زاری ئاگراویی سۆبەکە دەکەن، بە شێوەیەك کەڵەکەکراون لە تابلۆیەکی ناسك دەچن،

لە لادیواری پشتەوە واتــە دیـواری بەرانبـەر دەرگـا وێنەیـەکی گـەورەی هـێمن دیارە، ئەو وێنەیەی بانگی ئازادی دەدا، وێنەکەی هـێمن کەوتۆتـە سـەر سـەری ئومێد، جوانیی ژووری کەنەستەریش هەر لە سایەی ئومێدەوەیـە، ئومێـد تاقـە پێشمەرگەی بارەگایە کە بالیفی هەبێ بالیفێك لە بالیفان بچێ، کەس نازانێ لە کوێی هێناوە، رەنگە خۆی درووستی کردبێ، بن بالیفەکەشی پڕە لە گۆڤـاری (سروە) ئەوەی هێمن دایمەزراند و دوای ویـش هـەر دەردەچـوو، جگـە لـە هەنـدێ بلاٚوکراوەی ئالای شۆرش، ئومێد زوو زوو دەچووە ئێران و ئەوانەی لەگەڵ خۆیـدا دەهێنا، رەنجۆ بە پێکەنینەوە دەیگۆتە ئومێد:

ئەرێ زۆرت ماوە ببیە ئالاٚ ؟

سـەری رەنجـۆش کـەوتبووە لای سـەری ئومێـد و پێشـی نزیـك سـۆبەکە دەکەوتـەوە، رەنجـۆ بەتانیـەکی کردبـووە سـەرین، بـن سەرینەکەشـی یـەك دوو نامیلکە و کۆمەڵێك دەفتەرە جگەرە و دووسـێ دارجگـەرە و کیسـە تـووتنێکی گەورەش لە تەنیشتی سەرینەکەی کە ئومێـد زوو زوو لێیدەشـاردەوە، کـوردۆش بەشداری لە تووتن شاردنەوەدا دەکرد، لای پێی ئومێـدیش جێـی سـەری کـوردۆ بوو، بالیفی ویش بەتانیەك بوو، بنی پڕ پڕ لە وردە بلاٚوکراوەی نهێنی و ئاشکرا، نهێنیەکان هی ناوەخۆی حزب بوون و ناحزبی نەدەبوو بیانبینێ، بەلاٚم لە منیـان نەدەشاردەوە، منیش نەمدەخوێندنەوە، ئومێـد رقـی دنیـای لـە جگـەرە دەبـۆوە لەگەڵ ئەوەش دەستەیەك تەپلـە جگـەرەی زۆر جـوانی هـەبوو، رەنگیـان لەگـەڵ رەنگی رایەخەکان دەهاتەوە..

ژووری کەنەستەر تا درەنگانی شەو جمەی دێ، دانیشتن لە سەر چۆکانە، جـێ نیە چوارمەشقی لێی دانیشی، گەمە گەرمە، چایەش هەمیشە هەیە وگەرمـە، لە ژووری کەنەستەر بە قەد گەڕەکی سەیداوە چایە خوراوەتەوە، ئـەدی جگـەرە! لە ژووری کەنەستەر هێندەی جادەی(باتە) جگەرە کێشراوە، بـەلاٚم سـەیرە ژوور

بەو شێوەیەش بۆنی جگەرەی نەگرتووە کە جگەرە نەکێشان نەوێرن سەری پێدا بکەن، ئومێد کونێکی تایبەت کونێکی دووکەڵکێشی لە دیوار کردۆتەوە، نا ژووری کەنەستەر بۆنی جگەرەی نەگرتووە، نازانم ئومێد چ بۆنێکی دژە جگەرە لە ژوور دەدا، بۆنێکی خۆش، ناسك دەڵێی بۆنی ئەو کچانەیە کە لە کاتی خۆی لە جادەی بن (قەراتێ) وەك راویان نابن ئاسکانە بە تەنیشتماندا تێدەپەڕین و ئیدی نەماندەدیتنەوە..دیارە گەمەی کەنەستەر جگە لە ژووری کەنەستەر لە یەك دوو ژووریدیش چووبووە بەرنامەی شەو، بەڵام بە وێنەی ژووری کەنەستەر نا، هی ژووری کەنەستەر تام و بۆیەکی زۆر تایبەتی هەبوو، زۆر جار یاریزانانی ژوورەکانیتر دەهاتنە سەر دەرگای ژووری کەنەستەر و لە سەر شانی یەکەوە تەماشای گەمەیان دەکرد، خوا خوایان بوو یەکێك لە یاریزانان ناوی ئێشکگریی بێ، تا جێی بگرنەوە، چەند سەخت بوو لە گەرمەی گەمە ئێشکگری بتگاتێ، لەو ژوورە گەرمە لەو گەمە گەرمەوە بچیە ناو سەهۆڵبەندان، ژووری کەنەستەر بەو هاتوهاوارانەوە خۆش بوو کە لە ساتی سەرەو سەرکەوتن لە قورگی یاریزانەکانەوە بە شەوی سایەقەیی بارەگادا بڵاودەبۆوە و جوولەی دەخستە شەختەوە، بە تایبەتیش قاقای رەنجۆ و حریتەی ئەبوو سەوسەن و فیکەی ئومێد و چەقەنەی خارە جەمیل، بەو دواییە ئەوانەی زۆر گەمەی کەنەستەریان دەکرد بە کوڕانی کەنەستەر ناویان رۆیشتبوو، هەندێ لە کوڕانی کەنەستەر جگە لەوانەی ناویان هات ئەمانە بوون، ئەری ناوی خۆم هێنابوو! کوردۆ، خارە جەواد، قاسم، سالم عەرەب، کەریم فەیلی، هەڵکەوت، د.هۆشەنگ، ملازم کەریم.. ئەگەر سەرچیخ نەچووبم من لە سەر دەستی ملازم کەریم فێری گەمەی کەنەستەر بووم، ئیدی شەوی زستانی بارەگا درێژە و بە گەمەی درێژی کەنەستەر شەڕی لەگەڵ دەکەین، شەڕێکی دۆڕاو، من زۆر شەوان بە کۆڵانە بەفریەکاندا خۆم دەگەیاندە کۆڕی گەرمی ژووری کەنەستەر، زۆر جار لە

بارەگاكـانیترەوە تایبـەت بـۆ تەماشـاكردنی كەنەسـتەری ژووره كەنەسـتەریەكە دەهـاتن، جاروبـار یاوەرەكـەی ئەوبـەریش رێـی سـەختی شووشـەیی دەبـڕی و سەرێكی بە ژووری كەنەستەردا دەگرت..

یاوەری پەیامبەرەكەش جارێك پێی رۆیی، رۆیشـتنێك لـەوەدابوو گەڕانـەوەی نەبێ، خۆی وای گێڕایەوە:

((دەهاتم بۆ ژووری كەنەستەر، گەیشتمە دووڕیانەكە، ئەوەی كۆلانێك بۆ لای ئێوە دێ و كۆلانێك دەتباتەوە ناوزەنگی خوارێ ناوزەنگی بن عەردی، لەوێ پـێم رۆیشـت، رۆیشـتم، نەمـدەزانی چـۆن چـۆنی دەڕۆم، پشـتاو پشـت، زگـاوزگ، تەنیشتاو تەنیشت، بە تەقلە، نازانم، هەر رۆیشتم، كەس نەما هاواری بۆ نەبەم، كەس بە هانامەوە نەهات، لە پڕ وەك لە دڵی نـابم، پەیامبەرەكـەم بیركەوتـەوە، دەستم بە دامەنیەوە گرت، ئا هات گرتمیەوە، لـە لا دیـوارێكی بـەفر گرتمیـەوە، زۆری نەمابوو، بگەمە ناو بارەگای بن عـەرد، ئیدی پەیامبەرەكە منی گرتـەوە، منی سەرخستەوە، دەزانی هەر زوو ئێشم لە لەش نەما، ئەوجا تۆ هـەر فشـەت بەو پیاوە بێ كە دەڵێ من پەیامبەرم!))

- تۆ بە راستی پێتوایە، ئەو پیاوە شتێكی لەگەڵ ئاسمان هەیە؟!

+ بە دووری نازانم

سەربردەی پەیامبەرەكەی ئەو بەری چەمەكەش دەبووە باسوخواسـی شـەوانی زستانیی لە بن نەهاتووی ئەو بارەگایەی لـە بەهارانـدا بـە سـەر پەلكەزێڕینـەوە بوو، لە وەرزی پەلكە زێڕینەدا لەو بەری چەمەكە پیاوێك نازانم لە كوێوە هات، بەلام بە شێوەزاریدا دیار بوو هی ئاقاری مەرگە یا پـژدەرە، مـن بـە رێكـەوت گوێم لە چەند رستەیەكی تەزرەیی بوو لە زاری باری، ئەو پیاوە تێكـەڵی خـەڵك نەدەبوو، جگە لـە خـۆی قسـەی دەگـەڵ كـەس نـەدەكرد، لـە بارەگـای ئەوبـەری چـەمەكە لەپەڕگـە ژوورێكیـان دابـوویێ، رێـك بەرانبـەر ژوورەكـەی مـن بـوو،

بڵندایییشیان لە ئاستی چەمەکەوە یەك ئاست بوو، هەردوو بارەگا بە لاپاڵـەوەن، دەڵێــی هەڵواســراون، دوورایییشــمان ئەوانــەی پــەلاریان بــاش دەڕۆیشــت بــەرد دەگەیشتیێ، ژووری ئەو پیاوە هەمیشە داخراو بوو، یاوەرەکەی دەیگوت:

لە ژوورەوە وەهای دادەخات، بە فیلیش نەکرێتەوە.

پەنجەرەکەشی هەڵچنی بوو، کونێکی گچکەی هێشـتبۆوە بـە حـاڵ لەگـەن و پەرداخی پێوە دەچوو، لەو کونەوە سێ جەمە خواردنی لە دەستی یاوەرەکەیەوە وەردەگرت، بۆ چوونە سـەرئاویش، تەماشـای دەکـرد لـە درزەکانـەوە تەماشـای هەردوو بارەگای دەکرد، هەسـتیارادەگرت، ئـەو سـاتانەی کـەس بـەدەرەوە نـەبا، دەرگاکەی دەکردەوە دەخزی، ئەوانەی چوونە سەرئاوی ئەو پیاوەیان دیتـووە، بـە پەنجەی دەست دەژمێرێن، یەکیان منم، منیش فێربووم خۆم لێی دەگرت، بۆیـە چەند جارێ دیتم، هەموو کەس کاتێ نیـازی دەسـتبەئاوگەیاندنیان هـەبا، رووەو چەمەکە شۆڕدەبوونەوە، ئاودەستەکان هی هەردوو بارەگا لە دەو چەمەکە بـوون، بەڵام ئەو پیاوەی بانگی پەیامبەرایـەتی دا، پێچـەوانەی هـەموو بـە مەسـینەوە سەرەو بـەرزایی هەڵدەکشـا، هێنـد هەڵدەکشـا، لـە گابەردەگەورەکـەش دوورتـر هەڵدەکشا، لە چاوی دووربینیش بزردەبوو، من جارێك لە دووربینەوە دیتم چووە سەر گابەردە گەورەکە و دەستی بـۆ ئاسمـان هـەڵبڕیبوو، دەتگـوت لەگـەڵ خـودا ئاخاوتن دەکـات، رۆژی دوای چـوونە سـەر گابـەرد و قسـەکردن لەگـەڵ ئاسمـان، یەکەم پەیامی پەیامبەرەکەم دیت، دەمی جـەمی نیوەڕۆیـە، پیاوێـك دێتـە نـاو بارەگـا و پـەڕە کاغـەزێکی بـە دەسـتەوەیە، داینـا و پەلـەی بـوو رۆیـی، نـانی نەخوارد، ئەو پیاوە دواتر ناونرا یاوەرەکـە، کاغەزەکـەی جێهێشـت و رۆیشـت، کاغەزەکە چاپی رۆنیۆ بوو، سـەردێرەکەی ئەگـەر بیکەیتـە کـوردی وای لێـدێ(پەیڤـەکانی خـودا) عـەرەبێك بـە دەنگـی بڵنـد خوێندیـەوە، کوردێـك بـۆ ئـەو کوردانـەی کـردە کـوردی کـە عـەرەبیان نـەدەزانی، پیـاوی سـەر گابەردەکـە

پەیامبەرانە ئاخاوتبوو، روونیکردبۆوە کە پەیامبەرە و خودا ناردوویەتی بۆ رزگارکردنی مرۆڤ، ئیدی نانەکە بە پێکەنین و گاڵتەوە خورا و هەر کەسە لە بارەی پەیامبەری ئەوبەری چەمەکە شتێکی گۆت، بەڵام من قسەکەی ئەبوو راستیم لە بیرە:

ئای لەو وەحشیە خۆ پەیامەکەی بە عەرەبیە، ئەدی پەیامی پەیامبەرەکان بە زمانی نەتەوەکانیان نیە؟

یەکێك لە عەرەبەکانیش گوتی:

ئەو پەیامبەرە عەرەبیەکەشی تەواو نیە.

ئیدی ماوەیەکی باش لە رێی یاوەرەکەوە هەفتانە پەیامان هەبوو، من جارێك بە گاڵتە بە یاوەرەکەم گوت:

ئاسمان رۆژنامەیەکی هەفتانە دەردەکات، سەرنووسەرەکەی پیاوی ئەو بەری چەمەکەیە.

بەڵام یاوەرەکە هێندەی نەمابوو بە راستی لێم تووڕەبێ، نازانم بۆچی حەزدەکەم هەر بە پیاوی ئەوبەری چەمەکە ناوی بێنم، خۆ ئەوبەری چەمەکە پتر لە چل پیاوی لێبوو، بەڵام یاوەرەکە دەیگوت:

نا، پیاوی ئەوبەری چەمەکە نا، پەیامبەری ئەوبەری چەمەکە..

من لە دوورەوە خووم بە پیاوی لە بەر خاتری یاوەرەکەی پەیامبەری ئەوبەری چەمەکە گرتبوو، چەند جارێ کە ئەو سەرەو بەرزایی هەڵدەکشا، منیش بە پشت بارەگادا هەڵدەکشام و دەچوومە سەر ئەو تەپۆلکەی لە دوورەوە وێنەی ژنی دەدا، ئەو دارگێوژەیشی جوان لێوە دیار بوو کە لە خۆوە شمشاڵی دەژنی، ئەو جارانەی مەتارەکەم پڕ لە شەراب بوو، هەستمدەکرد لە ئاسمان نزیك دەبمەوە و قسە لەگەڵ نادیارێك دەکەم، دەچوومە خەیاڵێکی قووڵ و چەند رستەیەکم دەنووسی، رەنگە پیاوەکەی ئەوبەری چەمەکەش هەر وای نووسیبێ، بەڵام نابێ شەرابی لا بێ، نا

جگەرەشی نەدەکێشا، ئیدی هەردووکمان دەمانووسی ، بەڵام ئەو لە من پتری دەنووسی و هەفتانە بە سەر هەموو بارەگانی ناوزەنگ و نۆکان و زەڵێ و تووژەڵە و شێنێ و گۆڕە شێر و وا بزانم دەگەیشتە قاسمەرەشیش..

لە پڕ پەیامبەرەکە بزر بوو، ئەولا پیاوی ئەوبەری چەم ئەملا پیاوی ئەوبەری چەم، نەبوو، وەك لە بنی نەبووبێ وا بوو، کەس نەیزانی زەوی قووتی دا یان ئاسمان هەڵیکێشا، یاوەرەکەشی سۆراخی نەدەزانی، رۆژێك یاوەرەکەی گوتی:

دوو شەو پێش ئەو شەوەی بزربێ، من کە هەواڵی هاتنی ئیسلامیەکانم بۆ ئێرە بە پەیامبەرەکەم راگەیاند، ئەو لەبەر خۆیەوە گوتی:گاورەکان گەیشتنە ئێرەش، بە دوامەوەن، دەبێت کۆچ بکەم و حۆم نەدەمە دەستی گاوران..

بە کۆچی پیاوی ئەو بەری چەمەکە دڵتەنگ بووم، بۆ من لەو دوورەوە ئاوەدانی بوو، جگە لەوە رۆژنامەی هەفتانەمان چوو، ئیدی کەس نەما بە مەسینەوە سەرەو ئاسمان هەڵکشێ، چەند رۆژێ دوای کۆچی وی، من نەخۆش کەوتم، مانگێك پتر لە سەر جێ کەوتم، یاوەرەکە بە نیوە راستیەوە دەیگوت:

بە کۆچی پەیامبەرەکەم دەبوایە من نەخۆش بکەوم نەك تۆ..

نەخۆشیەکەم بە خێرکەوتەوە، برادەرێکی ئیسلامیم دیتەوە، بەڵام بەرلەوەی بە دیداری برادەرەکەم شادبمەوە، ئەگەر رێمبدەن، رێیەکی زۆر دوور دەبڕم، بەڵام زوو دێمەوە، لە چاو ترووکانێك بازدەدەمە دوای راپەڕین، وەك گوتم زۆرم پێناچێ، چاو داخەن و بیکەنەوە بە هەواڵێکەوە لە لاتانم ، رۆژێك بە دەوری قەراتی هەولێر دەسووڕامەوە، لەمێژبوو قەراتم نەدیتبوو، هەموو رۆژێك جارێك دوو بە دەوری قەرات دەسووڕامەوە، سووڕانەوەیەك هەر لە (تەواف) دەچوو، برادەرێك هەواڵی کوژرانی پەیامبەرەکەی پێڕاگەیاندم، نەمزانی کێ کوشتی، ئەرێ هەر ئەوانە نەیانکوشت کە ناوی نابوون((گاور)) نازانم..

ئەودەمانێ ئیسلامی ئەگەر کۆمەنیستێکی بە تەنیشتدا تێپەریبا، عەرد وشك با یا تەڕ وای هەستدەکرد پرووشکێکی بەرکەوتووە و گلاو بووە و دەچوو گلاویی لە خۆی دەردەکرد،کۆمەنیستیش ئەگەر بە ڕێکەوت دوو قسەی لەگەڵ ئیسلامیەك کردبا، پێیوابوو دەستی کۆنەپەرستیی ماچکردووە و گەزێك لە ئاستی وشیاریی دابەزیوە، ئەودەمانێ وابوو، زۆربەی پێشمەرگەی هەردوو لا وا لە یەکتریان دەڕوانی، ئیدی لە ڕێیان خۆیان لێکدی لادەدا، لە بارەگای یەکتر نزیکنەدەبوونەوە، لای ئیسلامی نزیکبوونەوە لە مالّی کۆمەنیست نزیکبوونەوە بوو لە گوناه، لای کۆمەنیست ڕۆیشتن بۆ بەردەم مالّی ئیسلامی شەرمە بوو، ئەو دووە وەها دژ نەکەوتبوونەوە، بە یەکدی بگەنەوە، بارەگای ئەو دوو دژە هێندە لێکدی دوور نەبوو، بەردەقانی دەگەیشتێ، بەلام هەستتدەکرد لەو نێوانە سیبریایەك ڕاخراوە، لەو نێوانە بیابانی عەرەب هەلّدراوە، دوور بوو ئەو نێوانە زۆر دوور بوو، ئەو نێوانە هەمووی دەریا بوو، کێ زات دەکا لێیدا، ئەو نێوانە سەراپا ئاگر بوو، کێ ئەو شێتایەتیەی تێدایە، خۆ پێدا دا، پیاوی وا پەیدا نابێ، با، پەیدا بوو، پیاوێك پەیدا بوو ناوی وی خالیدە، ڕەنگە ناوەکەی هێندە پەیوەندی بە خالیدی کوڕی وەلیدەوە نەبێ، چونکێ ناوی پێشمەرگایەتیی نەبوو، هی خۆی، هی ناو تەسکەرەی بوو، ڕەنگە ئەو کەسەی ئەو ناوەی لێناوە هەر گوێی لە خالیدی کوڕی وەلید نەبووبێ، کێ دەڵێ بە ناوی خالێکی بە ناوی مامێکیەوە نەکراوە، ئێ عەسرانێك خالید بە ماوەی جگەرەکێشانێك سیبریای بڕی، بیابانی عەرەبی لوولدا، بە سەر دەریادا فڕی، ئاگری دڕی، گوناهی لەوێ دانا و گەیشتە سەرم کە لە جێ کەوتبووم، گوتی:

+ هاوڕێ، کە زانیم لێرەیت و نەساخی، خۆم نەگرت و هاتم..

-برا، بە هاتنی تۆ من چاکبوومەوە، ئیدی نەخۆش نیم..

خالید هەرچەندە هەندێك لە من بە تەمەنتر بوو، بەلام لە کۆلیژ سالّی خۆنیشاندانەکان هاوپۆلّ بووین، دیاربوو تاقیکردنەوەی دەرەکی دابوو، بەلام کە بە

هۆی نەچوونە ریزی ((سوپای میللی))ەوە سالێك لە کۆلیژ دەرکراین، ئیدی ئەو نەهاتەوە کۆلیژ و لە سەر پردی سێتاقان دوکاتێکی دانا، بەلام برادەرایەتیمان هەر وەك خۆی مایەوە، دواتر لە یەکتر بزربووین، ئەوا لێرە وا یەکترمان دیتەوە، وا چایە دەخۆینەوە، ئەو جگەرەی نەدەکێشا، لەو دانیشتنە هەولێر و قەلادزێی بە بادا رۆیشتوومان گێڕایەوە، خالید کوڕی قەلادزێ بوو، لە هەستاندا، پێش هەستانی تا لەبیرمنەچووە، ماوەیەك دوای سەردانەکەی خالید، دوو بەرپرسی گەورەی بزووتنەوە سەردانی بارەگایان کرد، وا بزانم (عوسمان و عەلی)یان ناو بوو، یەکیان مەلای پێوە بوو، ئەویدی تەنها بابی، ئیدی سەردان ئاساییە، خالید لە هەستانداپرسی:

+ باشە حزب دنیای ناردە روسیا، بۆ تۆ نانێرێ؟

- دەمنێرێ، بەلام من ناچم..

سەری سەرسوڕمانی بادا، وا بزانم دەمنێرێ و ناچمی منی بە گالتە وەرگرت، بەلام بە راستیم بوو، ئەگەر چووبام دەیاننـاردم، دوای ئەوەی تووشی نەخۆشیەك بووم، نازانم چی بوو، ناوە ناوە تووش دەبووم، شتێك بوو وەك فێ، دوو سێ کەڕەت بە دزیەوە هاتنە بن گوێم و بە پەنجە رێی رووسیایان نیشاندام، بەلام من سەری نەخێرم راوەشاند، هەر کێ ئەو شێوە سەرراوەشاندنەی دیتبا، بێ سێودوو دەیگوت وای لەو شێتە! دکتۆر کامەرانیش کە زۆر پێمەوە ماندوو بوو، رووسیای لە بن گوێم خوێند، بەلاش بوو، ئەو کامەرانە ئامێدیە وا تێبگەم یاریدەری پزیشك بوو، بەلام لە پزیشکی هێندەی دە پزیشکی دەزانی، ئەو برینەی کەم دکتۆر دەوێرێ خۆی لێبدا، لە کنە وی ئاوخواردنەوەیە، لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیش زۆر کارامە و ورد بوو، تەماشای کردبای دەیزانی چیتە،جگە لەوەش بە شێوەیەك ورەی نەخۆشی بەرزدەکردەوە کە زۆر جار دەبووە چارەسەر بۆ نەخۆشەکە و گالتەی هەند خۆشیشی لەگەڵ نەخۆش هەبوو، بە تۆ با هەر نەخۆش بای! دێتە بیرم پێشمەرگەیە

نەخۆشـــكەوت، وەهــا كــەوت، ترســاين راســتنەبێتەوە، دكتــۆر كامـــەران هەنــدێ لێیوردبۆوە، پێكەنی و گوتی:

هــاورێ تــۆ نەخۆشــیەكی ترســناكت هەیــە، بــەلاّم چارەســەری زۆر ئاســانە، نەخۆشیەكەی تـۆ (كـیر)ە، چارەسەریشـی سیغەیە، بۆیـە بـە حـزب دەڵـێم سـێ رۆژ بتنێرێتە ئێران.

پێشمەرگەیەك دەڵێتە دوكتۆر كامەران:

هاورێ دكتۆر، حەبێكی ژانە زگم بدێ، زگم زۆر دێشێ..

دكتۆر دەپیشكنێ، پەنجە دەگەیەنێتە هەر جێیەك لە زگی(وەی بابـە وەی بابـە) دەكات، دكتۆر دەڵێ:

هاورێ، حەبی ژانە رووسیام نەمایە

نەخۆش دەڵێ:

دكتۆر، چی دەڵێی! ژانە زگ زگ

دكتۆر دەڵێ:

تۆ زگت نایەشێ، رووسیات دێشێ..

چەتۆیەكەی بەرِانەتی كە لە كەسێكی دەپرسی :

لە ماڵێ چەند كۆترتان هەیە؟

مەبەستی ئەوەبوو كە چەند خوشكت هەیە، بەلاّم كاتێ پرسیارەكەی لـە دكتـۆر كامەران دەكرد، (عەلەشیش)ی لە جێی (كۆتر)ەكە دادەنا، ئاخر كامـەران لـووتێكی باریكی درێژ درێژی هەبوو.

ئێ، لەوان رۆژان كێ هەبوو رێی رووسیای نیشانبدەن، ئەو روو وەرگێرِێ و نەچێ، هەبوو هەفتانە نامەی چوونە روسیای بەرزدەكردەوە، كادیرێك بە ژمار دوازدە نامەی نووسیبوو، نامەی هەمەرِەنگ (ئاسایی، توورِەیی، پارِانەوە) لە گژ نووسینی نامـەی

سێزدەهەم بوو، ناردیان، کادیرێك بە گژ داروبەردا دەچوو، ڕۆژ نەبوو شەڕێك نەکا، ناردیان و لە کۆڵی بارەگایان کردەوە!

پێشمەرگەیەك:

من یازدە ساڵە پێشمەرگەم لە هەمووان مستەهەقتری روسیام..

پێشمەرگەیەك:

من لەویش مستەهەقترم

پێشمەرگەیەك:

من چوار جار بریندار بوومە، ئێستاش گوللەیەك لە شانمە، لە روسیا نەبێ لە کوێ دەردێ؟

پێشمەرگەیەك:

خاوەن سێ شەهیدم و لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکرەوە پێشمەرگەم، کەچی کوڕی(....) مانگێکە هاتۆتە چیا ناردیان.

پێشمەرگەیەك:

من قوتابی زانکۆم، پێویستە لە روسیا خوێندنەکەم تەواو بکەم.

پێشمەرگەیەك:

تا زمانلووس و قوون لووس هەبێ من دەنێرن!!

پێشمەرگەیەك:

بە منیان گوت: ((ئەوانەی دەیانێرین بۆ تەواوکردنی خوێندنە، تۆ نەخوێندەواریت)) ناو بلێم چەند نەخوێندەواریان ناردووە؟!

پێشمەرگەیەك:

دە بزانە یەك کوڕە بەرپرس، یەك خزمە بەرپرس ما! هەموو نەگەیشتنە رووسیا

پێشمەرگەیەك:

کوڕە چاومان کوێر بوو، دەبا لەگەڵ کچە رووسیەك بخەوین..

پێشمەرگەیەك:

دە وەڵاهی لەو یەك دوو مانگە نەمنێرن هەموو پۆخلەواتی(...) دەخەمە روو..

پێشمەرگەیەك:

خۆزیا عەرەب دەبووم، ئێستا لە رووسیا بووم

پێشمەرگەیەك:

من عەرەبیشم و نەشیانناردووم

پێشمەرگەیەك:

نەمنێرن خۆم رادەستدەکەمەوە، جا تیادەچم یا دەمێنمەوە بە گونی حیزبەوە!!

پێشمەرگەیەك:

بەس پەلە نەکەین، هەموومان دەگەینە رووسیا، کەس نامێنێتەوە

لە دڵی خۆم دەمگوت، ئەگەر وابێ بە تاقی تەنێ دەمێنمەوە، باشە بۆچی حەزم لە چوونە دەرەوە، چوونە روسیا نەدەکرد؟! شێتانە پێم لەو بستە خاکەی ناوزەنگ داکوتیبوو، بە تۆپی دنیا هەڵنەدەکەنرام، عاشقانە دەستم بە لقی ئەو داربەڕووانە گرتبوو کە تاق ولۆق بە قەدپاڵەوە مابوون، ئەفسوونی روسیا هێزی راکێشانی منی نەبوو، ئەو ئەفسوونەی لە دێری نامەی هەندێك لەوانەی گەیشتبوون، ورشەورشەی لە چاو دەدا.. جارێك دوای دیداری خالید، هاتە سەرم واز لە شێتایەتی و عاشقایەتی بێنم و پێم لە خاك دەرکێشم و دەستم لە لق و گەڵاکان بکەمەوە، لە کەلی شەیتان هاتمە خوارەوە و لاملیم وەلانا و ملم دا، ئێوارەکەی خۆم کۆکردەوە، چیم کۆکردەوە؟ چەند پەڕە کاغەزێکی شیعراوی و هەندێ نووسراوی لابەلاییی، شەش حەفت نامەیەك کە نەمدەتوانی دەستبەرداریان بم، خستمنە جانتایەکی گچکەلە، کتێبەکانم هەر لە ژوورەکەم بەجێهێشت و نەمدانە کەس، وەك بڵێی بە سەردانێکی چەند رۆژە دەڕۆم و دێمەوە.. بە نهێنی پێمیان گوت کە سبەی زوو بەرێدەکەوی، بەڵام من هەموو بارەگام تێگەیاند کە سبەی دەچمە رێی رووسیا، ئەودەم وابوو چ ئەوانەی

خۆیان رادەستی بەغدا دەکردەوە، چ ئەوانەی گەشتی روسیایان دەکرد، نەدەبوو کەس بزانیّ، نهێنیەك بوو لە نهێنیەکانی حزب، من ئەو نهێنیەم بە هەند وەرنەگرت و بە گۆڕێم وەرکرد، هەر ئەو بارەگایەی بە سەر پەلکە زێڕینەوە بوو، نا، بارەگاکانیتریشم تێگەیاند، ئێستا هەموو دەزانن من سبەی دەچمە ولاتی گورباچۆف، لەو سەروبەندە سەری زمان و بنی زمانی دنیا گورباچۆڤ بوو، ئەودەمە خالید نازانم چووبووە کویّ دەنا بەویشم دەگوت، ئیّ، کیّ راسپاردەیەك، ئیشێکی لە رووسیا هەیە؟ با بیلّیّ، شەرمنەکات و منەتی تێدا نیە:

پێشمەرگەیەکی مندالّکاری برا نەدیتە:

برایەکم لە سەردەمی عەبدوڵا پەشێوەوە لە رووسیایە، ئەو نامەیەمی بگەیەنیّ

پێشمەرگەیەکی شاعیر:

ئەو ئەو دەفتەرە شیعرەم ببە رووسیا، دەترسم لێرە بزربیّ، هەولّدە لەویّ بۆم چاپبکەی

پێشمەرگەیەکی بە تەمەن کە پێنەدەچوو دەستی بە دەستی ژن کەوتبێت:

من ناگەمیّ، لە باتی منیش کچە رووسیەك بگەوزێنە

پێشمەرگەیەك کە پێشتر روسیای دیتبوو:

سلاوی من بگەیەنە هەموو سۆفیەت بە بە گیانلەبەر و بیّ گیانەوە، تەنها گورباچۆڤ نەبیّ

پێشمەرگەیەك کە زۆری دەخوێندەوە:

سلاوی تایبەتی من بگەیەنە نووسەری (جەمیلە)

ئێوارەیە، سبەی بە رێی روسیادا دەڕۆم، ئەوەتا لە سەر ئەو بەردەی کە کەوتۆتە تەنیشتی ژوورەکەم، هەڵکوڕماوم، بەردەکە ئێستا لە بن بەفرە، ئەو جێگەیە بەو زستانە چیایەك بەفری لێهەڵدراوەتەوە، جێی کەپرێکی گەورەیە، لە هاوینان بیبینن گەورەترین کەپری چیایە، لە هاوینێکدا دەیبینین، ئیّ، لە سەر بەردەکە خەریکی

تاوتوێکردنی راسپاردەی برادەرانم، هەوڵدەدەم بە شێوەیەك لـە مێشـکمدا رێزبەنـدیان بکەم، کە لە جێوساتی خۆیان بە بیرم بێنەوە..سەرێکم لە دار گێوژەکـەش دا ئـەوەی لە خۆوە شمشاڵی دەژەند، بە نیازی دیتنی پەلکەزێڕینـە روو لـە لاپـاڵی پەلکەزێڕینـە تەواوێك راوەستام، چوومە سەر تەپۆلکە ژنیەکەش، لـەو گابـەردەش وردبومـەوە کـە پیاوی ئەوبەری چەمەکە لە سەری راوەستابوو، دەسـتی بـۆ ئاسمـان هـەڵبڕیبوو، داوای سرووشی لێدەکرد...

شەوە لە سەر پشت راکشاوم، دوودڵـم بچـم نەچـم، باشـە بۆچـی ملـم دا! دەڵێـی پەشیمانببمەوە، هەر ئێستا دەچم بە مام سالح دەڵـێم، سـوپاس، مـن ناچـمە روسـیا، کەسێکیدی لە جێی من بنێرە، نا وا ناکەم، پەشـیماننابمەوە، دەی قیرسـی دەچـم، نـا نەچم باشە، دەچم، ناچم، دەچم، ناچ، دەچ، ناچ، دە، نا، د، ن......

رۆژ چەند باڵێك لـە سـەر چـیا بڵندەکـەی سـەری ئـەو سـەرەوە بڵنـد بۆتـەوە، بـە ئاشکرا- دەبوو بە نهێنی بێ- ماڵئاواییم لە بارەگـا کـرد، بـە رێـی بـەردەم بارەگـای ئەوبەری چەمەکە، بارەگای لاتە و پەیامبەر و یاوەرەکە، رێیەکە تیواوتی لەگەڵ چیا دەڕوا، بە نابەدڵی ملی رێم گرت، دەبوو بچمە نۆکان، تا گەیشتمە ئەو پێچەی پێچت دەکاتەوە، بـزرت دەکـات، لـە هـەر دوو سـێ شـەقاو ئـاوڕێکم لـە بارەگـای بـە سـەر پەلکەزێڕینەوە دەدایـەوە، رێـم دانـەدەگرت، لـە دواوە هێزێـك تونـد رایدەکێشـام، چ هێزێك بوو، رەنگە هێزی نیشـتمانێکی ئـەنفالکراو بـووبێ، رەنگـە هێـزی هەمیشـە پڕهێزی کەسوکار بووبێ، کە دەمێك بوو هەواڵیانم نەدەزانی، ئیدی وا بێ ماڵئـاوایی بە تەواوی لێیان دووردەکەومەوە و رەنگە ئیدی نەیانبینمەوە، دابڕانی یەکجاری بـێ، من وا لێرەوە لەو بستە رێیەوە سۆراخیانم نیە، ئـەدی بگەمـە رووسـیا چ پـەڕجووێك هـەواڵێك دێـنێ و دەبـا، وا باشـە پەشـیمانببمەوە، تـا دوورتـر نەکەوتوومەتـەوە، بگەڕێمەوە، نا..

له نۆکانەوە بە ڕێکەوتین بۆ بازگەی قاسمە ڕەش، ئەبوو دڵشادم لەگەڵە، کاری پەیوەندی دەکات، هاتووە لەوێوە بەڕێمبکات، هەژاریش گەیشت، ئەویش هاوڕێی ڕێی روسیایە، لە بازگە رایانگرتین، دەبێ پەڕە کاخەزی پەڕینەوە وەرگرین، دیاربوو هی من کە دەبوو ئامادەبێ، نەبوو، هەژار پەریەوە، تەواوێك لە بازگەکەی قاسمەرەش لە چاوەڕوانیدا ماینەوە، ئەو بازگەیەی تاڵترین پاسەوانانی دنیا پاسەوانییان لێدەکرد، چەند تاڵ بوون خودایە، دەتگوت پاسەوانی دەرگای دۆزەخن، ئیشم بە چ بازگەیەك کەوتووە، تەواو بێزار بووم، ئەبوو دڵشاد گوتی:

پەلەت نەبێ هەر چۆنێك بێ ئاودیوت دەکەم، یەکێکیان باش دەناسم نازانم بۆ دیار نیە، با بە دیارکەوێت

نزیك لە دڵنیایی گوتم:

ناسیارەکەت نایەت با بگەڕێینەوە..

دیاربوو ئەویش هەستیکرد چاوەڕوانی بەلاشە:

باشە سبەی دووەی دێینەوە.

گەڕاینەوە، لە ڕێی گەڕانەوە بڕیاری پەشیمانبوونەوەم دا، ئیدی لەو بڕیارە پەشیماننەبوومەوە، کاتێ گەیشتمەوە بارەگا وام هەستدەکرد وا لە بەلاشاوەی هەولێرم و لە سەری کۆڵانی خۆمان دەسووڕێمەوە:

هەڵکەوت دەڵێ:

دڵم گوتی دەگەڕێیتەوە..

حەمەرەشاش دەڵێ:

لە ڕۆیشتن چاوم لێت بوو دەتگوت بۆ سێدارەت دەبەن، لە هاتنەوەش وەك ئەوەی بۆ سەر گۆشت..

قاسم دەڵێ:

بە خوا باوکم تۆ و چوونە روسیایان نەگوتووە.

رەنجۆ دەڵێ:

تۆ بە ناوزەنگەوە جوانی.

ئەبوو سەوسەن بە پێکەنینەوە دەڵێ:

پەندێکی خۆتان هەیە، ئەوەی دەڵێ(مالی قەڵپ...) چۆنە؟

برادەرانی روسیاش کە زانیبوویان خەریکە بە رێدەکەوم تا چەند مانگێکیش هەر چاوەڕێ بوون بگەمە لایان، نەچووم لە بارەگای بە سەر پەلکەزێڕینەوە مامەوە، لە کۆڵانەکانی بەفر مامەوە، لەبن کەپرە گەورەکە مامەوە، ئەو کەپرەی لە سێبەرەکەیدا شنەبایەك لە گیانتی دەدا، کەس نەیدەزانی لە چ باخی بەهەشتێکەوە هەڵدەکا و پێ بە پێی چ جۆگەلەیەکی کوێستانی دەگاتە کەپری هاوینی و مام جوامێری هەمیشە ماندوو دەخەوێنێ ولە خەونێکی شیرین دەستی دەگرێ و دەیباتەوە دەو زێی گچکە و بە ماڵ و منداڵی شاددەکاتەوە..

هاوینە هێشتا دەمی عەسرە چا نەهاتووە، تەنها من و ئێشکگرەکە بە ئاگاین، خۆزگەم بەو کەسانەی لە رۆژی رووناك خەویان لێدەکەوێ!! مام جوامێر لە نزیك من خەوێك خەوتووە کەس نیە خۆزگەی پێنەخوازێ، لە چاوی منەوە ئەو پیاو هەمیشە پارتیزانە خەوەکەی ساوایانە بوو، بزەیەکی ساوایانە سەر لێوی خوارەوەی گرتووە، لێوی سەرەوەی سمێڵ لە بزە بزری کردووە، نەرم هەناسە دەدا، خەوێکی ئارام، خۆزگەم بە خۆی، وەك بڵێی بە چاوم بردبێ، لە پڕ راپەڕی، راپەڕینێك هەر لە راپەڕینی نێریە کێوی دەچوو، سەرەتا وای بۆچووم دووپشك پێوەی دابێت:

+ نەیهێشت، خودا لە نێو دەمی بدا نەیهێشت..

- کێ، چی نەهێشت؟

+ نەیهێشت ماچی بکەم..

-......

+گەیشتمە ماڵێ، لە ناویان دانیشتبووم، دەمویست منداڵەکەم ماچ بکەم، دەستێك خودا لە بنەوە بیبڕێ لە دواوە شانمی ڕاکێشاو لە ماچی منداڵەکەمی کردم..

- دەی، وام زانی دووپشك پێوەی دایت

+ خۆزگە نەك دووپشك مار پێوەی دەدام، بەڵام ئەو دەستە لە ماچی نەدەکردم، نەمزانی چ دەستێکە، بەڵام زۆر لە دەستی ئەنفال دەچوو..

تا چەند دووپشکێکیش نیشانندەدەمەوە حەزناکەم لە بن کەپریە هاوینیەکە هەستم، بەڵام بەرلەوەی سەربردەی دووپشك بگێڕمەوە، کەمێکیتر لای مام جوامێر دەمێنمەوە و لە وێنەیەکیدی نیشانیدەدەمەوە، ئەها لە سەر ئەو بانە، بانی ناندێنەکە، شانی خستبووە سەر باگوردانەکە، خۆی دابووە هەتاوی بەهاری، ئاگای لە کەس نەبوو، کەسیش ئاگای لەو نەبوو، جگە لە من، گوێم لێبوو دەناورایەوە، ئەو پیاوە پارتیزانە کە بەرد لە بەری دەلەرزی، وەك دەیانگوت ڕووبار بۆی ڕادەوەستا، ئەوەتا بە چاوی خۆم دەبینم، ورد ورد فرمێسکان هەڵدەوەرێنێ، سەرەتا باوەڕم بە گوێ و چاوی خۆم نەکرد، نا، ئەوە مام جوامێر نیە! لەو سەر بانە دەناورێتەوە، دەگری و گوێم لە ڕستەی گریاناوی بوو:

ئای ڕۆڵەکانم، داخوا ئێستا لە پێش دەرگای چ ناکەسبەچەیەك کەوتوون؟ برسین، تینوون! ئای! باوکتان نەمێنێ! تووشی چیم کردن!

هەناسەی وای هەڵدەکێشا، یاقوب وای هەڵنەکێشاوە، بەرگەم نەگرت و لێی دوورکەوتمەوەو نەیدیتم، ئیدی لەوێ من بە ڕووتی مام جوامێری مرۆڤم دیت! ئەگەر ئێستا کەسێك ئەو وێنەیەی کە بێ ئاگاداری ئەو کێشاومە، نیشانی بداتەوە، دەبێ چی بیڵێ؟ دەبێ خەونی بن کەپر و گریەی سەر بانی لە بیر مابێ !

با بگەینەوە هاوین و بچینەوە بن کەپرەکە، با بایەکی توندیش هەڵبکات، ئەو بایەی لەوێ ناوی بای دووپشك بوو، بایەك دووپشکی لەگەڵ خۆی دەهێنا و بە

بارەگای وەردەکرد، با دەست بە گەمەی خۆمـان بکـەین، دووگەمـە هـەبوو بـە نـاوی گەمەی دووپشك:

گەمەی یەکەم:

لە بـەردەم کەپرەکـە ئـەو کـەپرەی دوو رووی هـەبوو، رووە تەسـکەکەی دەیڕوانیـە لاپـالی پەلکەزێڕینـە، لـەئاگر بازنەیـەکی گچـکەمان درووسـتدەکرد، هـەر جێـی بێژنگێکی لێدەبۆوە، بازنەی ئاگر شەو و رۆژی نـەبوو، هەمیشـە بازنـەی ئـاگر بـوو، بازنەی ئاگر لە شەودا جوان بوو، لە تەماشاکردنی تێر نەدبووی، دووپشکمان دەهێنا و دەمانخستە ناو بازنەکەوە، لەوێ دووپشك لە جـەنگاوەرێك دەچـوو چـوار دەوری بـە سوپایەك تەنراو بێ، ئەم سەرو ئەو سەری دەکرد، لە رێگەیـەك لـە کـەلێنێك دەگـەڕا لێیەوە دەرچێ، نەیدەدیتەوە، نەبوو، ئیدی دووپشك ماندووە، بێزارە، بڕیاریشـی داوە خۆ بە دەستەوە نەدا، دووپشك ئەو جەنگاوەرەیـە هەرچـی دەبـێ بـا بـبێ، بـەڵام خـۆ بەدەستەودان نا، تا دێ سوپای ئـاگر بازنەکـە تەسـکتر دەکاتـەوە، ئێسـتا نـا ئێسـتا دووپشك بە دەست دەگیرێ، نا دووپشك هی ئەوە نیە خۆ بـە دەسـتی ئـاگری سـوپاوە بدا، چ بکات باشە؟ بە چاوی خۆتان ببینن. ئەها کلکی بڵند کرد، وا لە پشتی سەری خۆی نزیککردەوە، ئەها گەیشتێ، دووپشك کەوت، دووپشك بە خۆیەوە دا، دووپشك بە کلکی خۆی بـە دەمانچـەی خـۆی خـۆی کوشـت، هـەموو چـەپلەیان بـۆ ئازایـەتی دووپشك لێدەدا، بە راستی دووپشك پاڵەوان بوو، ئەبوو راستی لـە هـەمووان پـتر بـە پاڵوانێتی دوو پشك سەرسام بوو، دەیگوت:

پێویستە پێشمەرگە لە دووپشکەوە فێر بێ..

پێشمەرگەیەکیدی ناویم لە بیرنیە دەیگوت:

دەزانن دووپشکیش لە پێشمەرگەوە فێری خۆکوشتن بووە، بە هەڵە لە بەراوردەکەم تێمەگەن، شەهید کۆچەریش ئەوها خۆی کوشت..

چەتۆ بەڕانەتی بەر لە گەشتی روسیا، زۆر کەڕەت باسی ئەو کۆچەرەی دەکردو دەیگوت:

شەهید کۆچەر لە هەمووان پاڵەوانتر بوو..

ئەبوو راستیش دەیگوت:

نهێنی حزب ئەوەیە کە لای کۆچەر بوو، نەك پیازەکە.

بەرلەوەی گەمەی دووەمی دووپشك دەستپێبکا، سەرێك لە هەولێر دەدەمەوە و تیچاوێك دەدەمە سەری کۆڵانێك، لەوێوە ئەو ماڵە دیارە کە کۆچەر بە خوێنی خۆی نەخشاندی، نەخشاندنێك لە دەستی کەم کەس دێ، هەواڵ دەگاتە (ئەمن) ئەوەی زمانی لێدابوو ((هاوڕێ))بوو، شتێکی وەك شاخ بە ناوەکەیەوە بوو، پێشمەرگەیەك لەو ماڵەیە، لە چاو تروکانێك شارێك چەکدار رژانە گەڕەکەوە، گەڕەکی کۆماری، من لە دوورەوە لە نزیك قوتابخانەی قازی محەمەدەوە، لە ماڵە خزمێکمان مابوومەوە، شەوە لە بیرم نیە چ کاتی شەوە، رەنگە درەنگ بێ، نازانم، بەڵام هێشتا کاتی ماڵنووستنان نەهاتووە، ماڵ بە ئاگان، ئەرێ چ وەرزی ساڵ بوو؟ وەرزیشم لە یاد نیە، لە پڕ دەبێتە تەقوتۆق، ماڵ دەشلەژێ، گەڕەك دەشلەژێ، شار دەشلەژێ، خۆم پێناگیرێ، بە دزیەوە خۆم دەگەیەنمە سەربان، بە هەڵە نەچووبم، رووی تەقە لە ماڵەکانی نزیك یاریگایە، تەقە درێژە دەکێشێ، خودایە بەو شەوە یاریگا چ گەمەیەکی پاڵەوانانە بە خۆیەوە دەبینێ! ئۆی ئەوە کۆپەتەریش هەستا، ئەوە چ دەهاوێ! عەرد وئاسمانی رووناککردەوە، کۆپتەر دەڵێی کەرتێك خۆری لە خۆی بارکردووە، دنیا بووە نوێژی نیوەڕۆ، تەقوهۆڕە، لە سەر بانەکەی پشتمانەوە گوێم لێیە یەکێك بەوانیدی دەڵێ:

وا بزانم، شەست حەفتا پێشمەرگە لەو ماڵانە دەوردراون، گوێت لێنیە، چۆن شەڕدەکەن!!

ئەویدی دەیگوت:

دەبێ زۆر لەوە پتر بن سەد پێشمەرگەش دەبن.

شەڕ درێژەی هەیە، گوللە بە کوللە دەکەوێ، ترسام گوللەیەکەم لـە ئاسمانـەوە بـۆ بێت، هاتمە خوارەوە، زرم هۆڕە، لـە عـەرد و لـە ئاسـمان زرموهـۆڕە، دەمژمێرەکـەی دیوار خۆی لە سێ ی شـەو دەدا، هێشـتا تەقـە نەبڕاوەتـەوە، شـەڕ نزیکـەی شـەش دەمـژمێری خایانـد، خودایـە دەبـێ پێشـمەرگەکان چـۆن رزگاریـان بـووبێ؟ چـەندیان شەهید بوونە؟ بریندار چەندە؟ ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم، کـێ خـەوی لێدەکـەوێ! رۆژبۆوە دەمویست، هەر من نا زۆر کەس، لەو کۆڵانە نزیکبکەومەوە کە شەو تەقەی دنیای لە سەر بوو، رێ نەبوو، گەڕەك بە جاش وچەکدار تـەنرابوو، بەرەبـەرە هـەواڵی تازە و تازەتر بە ناو خەڵکدا بڵاو دەبۆوە، هەر کەسە و بە شێوەیەك وێنەی شـەڕەکەی نیشاندەدا، درەنگتر پێکەوتم کە تەقەی ئەو شەوە هەمووی رووەو یەك ماڵ بـووە، لـە سەر یەك ماڵ بوو، باشە ئەو هەموو پێشمەرگەیە چۆن لە ماڵێك جێگەیان بۆتەوە؟!! درەنگـتر هـەواڵێکی تـازە گەیشـت، کاتـژمێر رەنگـە نـۆی بـەیانی بـووبێ، پیـاوانی حکومـەت تـەرمێکیان لـە ماڵەکـە راکێشـایە دەرەوە و بردیـان، دیـارە هـەر یـەك پێشمەرگە شەهید بووەو ئەوانیدی رزگار بوونە!! ئیدی گەرەك کەم کەمە لـە چـەکدار چۆڵ دەبوو، نازانم رۆژی دواتربوو یان دوو رۆژ دواتر وێنەی شەڕەکە چۆن بـووە ئـەوها خۆی نیشاندا، کۆچەر بە دەمانچەیەك و سی گووللە و یەك گوللەوە، پێشتر ناوی لەو گوللەیە نابوو(نهێنی حزب) لەگـەڵ عـەردو ئاسمـان شـەڕی کـردووە، نزیکـەی شـەش دەمژمێر بەرگری کردووە، لەو ماوەیە هەر سی گوللەی هاویشتووە و کەمیشیانی بـە خەسار داوە، ئەوەی زوو ئاشکرابوو پێـنج پیـاوی حکومـەتی تـەختی زەوی کـردووە، برینداریش زۆرە، ئیدی نۆرەی ئەو گوللەیە دێ کە ناوی نهـێنی بـووە، کۆچـەر دوای ئەوەی بازنەی ئاگری چەکدار، ئـاگری عـەرد و ئاسمـان هـەر جێگـەی ژوورێکـی تێدا دەبێتەوە، ئیدی پاڵەوانانە گوللەی نهێنی دەتەقێنێ و پاڵەوانانـە دەکـەوێ، نزیکـەی حـەفت دەمـژمێر بـە سـەر تەقـەی گوللـەی نهێنیـدا تێدەپـەڕێ، ئـەوجا چـەکدارانی

حکومەت زاتی ئەوە دەکەن بگەنە سەر تەرمی کۆچەر، دواتر خەڵکی کۆڵان بە وردی داستانی کۆچەر دەگێڕنەوە، بیستمەوە لە گەرمەی شەڕێ، پیاوێك کە پێشتر هاوڕێی کۆچەر بووە و ناپاکی کردووە و بەگەڵ حکومەت کەوتووە، لە گەرمەی شەڕێ، بە دەنگی بڵند کە کۆڵان گوێی لێبووە، دەڵێتە کۆچەر:

شەڕ مەکە و خۆت رادەست بکە، سوێند بە شەڕەفم دەخۆم، ژیانت پاریزراو دەبێ و کەس دەستت لێنادا.

خەڵکی کۆڵان گوێیان لە کۆچەرە بە دەنگێکی لەو بڵندتر و زۆر بێباکانە، دەڵێ:

مەمۆ، جا تۆ شەڕەفت لە کوێ بوو؟

من بەو گوێیانەی خۆم دەنگی هەموو ئەو گوللە عەردی و ئاسمانیانەم بیست، کە بە کۆچەریانەوە نا، هیچیشی بەرنەکەوت ئەگەر بزانین ژمارەی گوللەکان چەندە، دەبێ لە جادە و کۆڵانەکان قەوان خرکەینەوە، ئای پیرە قەوانم دیت، کاتێ تەرمەکەیان دایەوە، بیستم تازیە قەدەغەیە، بەڵام هەرچۆنێ بوو خۆم گەیاندە ئەو مزگەوتەی خەڵك بێ گوێدانە ترس و هەڕەشە لێی کۆببوونەوە، بۆ بەرێکردنی پاڵەوان کۆببوونەوە، دواتر زۆر دواتر بیستم کە کۆچەر چەند خۆلەکێك پێشەوەی گوللەی نهێنی بە خۆیەوە نێ، دوو سێ دێری بۆ بژاری برای و کۆچەری کوڕی نووسیوە:

((من بە سەربەرزی شەهید دەبم، بۆیە خەم لە من مەخۆن))

ئەو نامەیەش بە شێوەیەك لە ملیوانەی کراسەکەی دەشارێتەوە، بە چاو و دەستی ئاشنا نەبێ نەبینرێتەوە، ئیدی گەڕەك نازناوی پاڵەوانی شاری بە کۆچەر بڕی، کۆچەر پاڵەوانی شارە، شاریش ناوی لەو شەوەی خۆی نا، شەوی تاقە پاڵەوان، بەڵام دواتر لە بەر ناوی پاڵەوانە قۆپیەکان ناوی کۆچەر بزر بوو، هاوڕێکانی کۆچەر کۆچەریان لە بیرچوو، جارێك کۆمەنیستێکی لە کۆمەنیست تووڕە بە نیوە گاڵتەو نیوە راستیەوە گوتی:

+ دەزانی کۆچەر بە هەڵە کۆمەنیست بوو، دەبوو یەکێتی بێ..

- ئەوە چ قسەیەکە!

+ ئەگەر یەکێتی با، شێرکۆ شیعرێکی سەد لاپەرەیی پێدا هەڵدەگوت و لە حەفتا شیعریش وەك پاڵەوانی هەولێر ناوی دێنا..

- ئێستاش کۆچەر هەر پاڵەوانە.

+ پاڵەوانی بزر..

- هەولێر هەمیشە پاڵەوانی بزری لێهەڵدەکەوێ..

من ئەو پاڵەوانە بزرەم لە بەرگی ئاسایی نەك پاڵەوانی دیتبوو، لە دوورەوەش دەمناسی بە کۆچەر نا بە ناوێکیدی، من منداڵ بووم ئەو پیاوەم دەناسی، بەڵام چ بزانم ئەو پاڵەوانەیە، دواتر دەستی خۆم دەشکاندەوە، بۆچی پتر لێی نزیکنەبوومەوە، دەمگوت:

((حەیف پاڵەوانێك لە بەردەستم بوو، تەوقەیەکم لەگەڵی نەکرد تا بزانم گەرمایی دەستی پاڵەوان چ گەرماییەکە، حەیف پالەوان لە پێش چاوی خۆم بوو بە مەبەستەوە چاوم لە چاوی نەبڕی تا نهێنیەك لە چاوی پاڵەوان بخوێنمەوە)

ئیدی کۆچەر پاڵەوانێك بوو..

گەمەی دووەم:

دووپشکیان دێنا، داوێکی باڵێك درێژی باریکیان لە سەری کلکی دەبەست، بە داری کەپریانەوە دەکرد، جاری وا شەش حەفت دوو پشك بە دارەوە بوو، حەمەرەشاش دەیگوت:

((ئای لە جێی ئەو دووپشکانە کەلەشی مەڕ و بزن با، چی دەبوو!))

دەوجا وەرە بڕوانە سەمای دووپشکی سەرنخوون، کلك لە سەرێ، سەر لەخوارێ، هەردووکیش هەر بە ئاسمانەوە! دووپشك هەوڵدەدا سەری بەرزکاتەوە تا ئاستی کلکی، بۆوەی بە چزووێك خۆی لەو ئەشکەنجەیە رزگاربکات، ناگاتێ، سەر و کلك بە

یەك ناگەن، بەڵام دووپشك لە هەوڵی خۆکوشتن ناکەوێ، پێدەچێ شەرمی لە مردنی لەسەرەخۆ بێ، دووپشك خۆ رادەتەکێنێ، تەماشای جۆلانەی دووپشك بکەن، ئەها لە یەکتر نزیکدەبنەوە، لە یەکتر تێدەپەڕن، جار جارە بەر یەکتر دەکەون، دووپشك کە بە داوەوە، بە ئاسمانەوە سەمادەکا هەرچەندە مەرگی بە دواوەیە، بەڵام شێوەیەك جوانییشی تێدایە،خارە جەمیل ناوە بە دەنگە گەورەکەی خۆی جاڕی لێبووردنێکی گشتی بۆ جرۆجانەوەران دەدات، بەڵام دووپشکی نەدەگرتەوە، لە کەپرە هاوینیەکە زۆر مردنی لە سەرەخۆی دووپشکەکانمان دیت، مردن بە ئەشکەنجەوە، حەمەرەشاش هەندێ کەڕەت دەهاتە سەری، دووپشکی بەستراو بکاتەوە، بۆوەی بزانێ چۆن خۆی ئازاد دەکات، حەمەرەشاش دەیگوت:

((کاتێ دووپشك بەو حاڵەوە دەبینم خۆم بیردەکەوێتەوە، ئەو ساتەی بە بریندارى دەستگیرکرام و نەمزانی تفەنگەکەم کەوتە کوێ و بردرام و هەڵواسرام، هەموو ئاواتم ئەوەبوو دەستم بگاتەوە تفەنگەکەم و گوللەیەکی پاڵەوانانە وەك ئەوەی کۆچەر بە نێوچەوانی خۆمەوە بنێم))..

دەبێت بڵێم من چێژی زۆرم لەو دوو گەمەیە دەبینی، گەمەی خۆکوشتنی دووپشك و ئەشکەنجەی دووپشك، خۆزگە هی ماریشم دەدیت، من دەمێکە دوژمنایەتی خۆم لەگەڵ دووپشك و مار راگەیاندووە، پێکهاتنەوە نیە، دوژمنی مارم چونکە برادەرێکمی کوشت ناوی (سیامەند)بوو، دووپشك دوژمنمە چونکە جارێك پێوەی دام، ژەهری دنیای رشتە لەشمەوە،گوناهی دووپشك ومار گەورەن و لێخۆشبوونیان نیە، پێشتر ماری (بەرەکە) و دووپشکی (کانی تەلان)م نیشانداون!! تا سیامەند بینایيمی لە فرمێسك نەگرتووە، دەچمە ناو پەلکەزێڕینەی بەهاری بارەگاوە، پێش پەلکە زێڕینە پایزێك هەیە هەر دەبێ خۆم بگەیەنمەوە حەفتەیەك لەو پایزە..

نازانم یەکەم باران باری بوو یان نا، نابێت باریبێ، باریبا بۆنەکەی لە یادەوەریم دەما، بۆنی بارانی یەکەم لە بیرناچێتەوە، هێندەم دیت چەند خێزانێك لە ناو بارەگا

به عەردیان دادا، دوای کەمێك پێکەوتم کە ئەوانە لە بن ورمێ لە گوندێکی نزیك گوندی قاسملووەوە هاتوون، کەسوکاری پێشمەرگەی ئەودیون و کۆماری دۆزەخ ئەبوو سەوسەن گۆتەنی، سنووربەدەری کردوون و پێیگوتوون:

((یان کوڕەکانتان بێننەوە یان لە کۆماری ئیسلامی جێتان نابێتەوە))

ئیدی هەر هێندەی بلێی یەك و دوو لە تەنیشت بارەگا دوو سێ چادریان بۆ هەڵدرا و هەندێك رایەخ و پێخەفیان پێدرا و ژنەکان لە ئامادەکردنی خواردن و نانکردن یارمەتیان دەدایین، ئەو خێزانانە بەو زاراوەیە قسەیاندەکرد کە سمکۆی شکاك قسەی پێکردبوو، لە گوێی من وابوو کە پیاوە بەو زاراوەیە قسەدەکات وەك ئەوە وایە لە شەڕە و برینداره و هاواری برادەرەکەی دەکات، هەرچی ژنەکانە زۆر ناسکە، دەڵێی لاوانەوەیە، بە تایبەتی دوو خوشکەکە، من هەر زوو کەوتمە بەر تیری چاوی سێگۆشەی یەکێ لەو خوشکانە، بەڵام بە سەر خۆم نەهێناو نەمدەهێشت نە ئەو نەکەسیدی بەو تیرە بزانن، ئەو تیرەی هەر خۆم دەزانم، چەند قووڵ رۆیشتووە، رۆژێك رەنجۆ بە شەرمەوە:

+ دەزانی بۆ یەکێ لەو خوشکانە ئاگرم گرتووە

- کوڕە، تیروەشێنەکە نەبێ، ئەوەی تیری لێمدا؟

باش بوو، هی من دەرنەچوو، دەنا دوور نەبوو شەڕ هەڵگیرسێ!!! ئێ ژنە پێشمەرگەیەك کەخەڵکی دەو گۆمی ورمێ بوو، ناوێکی نزیك لە پەروانەی هەبوو، ماڵیان هێندە لە بارەگا دوور نەبوو، ژنە شکاکیەکانیش زوو زوو سەریان لێدەدا، مێردەکەشی خزمی نزیکی رەنجۆ بوو، رەنجۆ بە خۆی نەوەستا، هانای بۆ برد و تێیگەیاند ئاگر، ئەویش رێك و رەوان ئاگر و تیرەکەی بۆ جووتە خوشك باسکردبوو، هەر رۆژی دواتر، رەنجۆ لە دوورەوە بزەی سمێڵی دەهات، هاتە بن گوێم:

+ تەواو، رازین...

- هی منیش؟!

+ ئا، ئا دەبینە وەلاش زاوا

لە سەر ئەوەبوو لە ماڵی خزمەکەی رەنجۆ لەگەڵ یەکتر دانیشین و قسە بکەین، هەر ئەو رۆژە لە بەدبەختی من، رێی دۆڵەکۆگەم کەوتە پێشیێ، کە دوو رۆژ و شەوێکم پێدەچوو، بە چوون و هاتنەوە ساڵێکم پێچوو، ئا ئەو شەو و دوو رۆژە لە کنە من ساڵێك دەبوو، شەوەکەی هەند درێژ بوو، شەوە شەختەبەندیەکانی بارەگای بەفراویش هێندە درێژ نین، لە هاتنەوە باڵم گرتبوو، بەڵام بە سەر چیدا بێمەوە، چۆڵ چۆڵ بارەگا چۆڵ نە چادر ماوە و نە هیچ، خشەی گەڵایە، وەرزی وەرین و فڕینە، فڕیبوون شکاکییەکان فڕیبوون، جووتە خوشك لە شەقەی باڵیان دابوو، ئاخر ئەگەر لە بەدبەختی من نەبێ، کۆماری دۆزەخ لێخۆشبوون دەزانیێ، ئیدی من بە گۆرانی (کەوتمە هەواری خاڵی)م گرت و رەنجۆش (ئەوە تۆ دەڕۆی..) دەگۆتەوە.. ئێستا کاتی ئەوەیە بگەمەوە بەهار..

بەهاری ناوزەنگی سەریێ بەهارێکە لە چ جێیان بەهاری وام نە دیتبوو، نە دیتیە، بەهاری خاکەکەی ناڵێم، مەبەستم بەهاری ئاسمانەکەیەتی کە تێکەڵی زەوی دەبۆوە، جوانترین دەستلەملانێی زەوی و ئاسمان ئەو دەستلەملانێیەیە کە لە رێی پەلکەزێڕینەوە ئاوێزانی یەکتر دەبن، کێ وەك من وێڵی دوای پەلکەزێڕینەیە، هەر لە منداڵیەوە هێندەی لەبەر خاتری پەلکەزێڕینە ئاسمانم خۆشویستووە نیو هێندە لەبەر مانگ و ئەستێران نەبووە، من بەهارم بە گیاوگۆل و کەسکایی نەناسیوە، کام بەهار پتر پەلکەی زێڕینەی بۆم هۆنیبێتەوە، ئەو بەهارە لەوانیدی بەهارتر بووە، دۆستایەتی من و پەلکەزێڕینە کۆنە بۆ منداڵیم دەگەڕێتەوە، بۆ کچێك دەگەڕێتەوە هێشتا نەیدەزانی شەرم بکات، ئەوە سەربردەیەکی ناسکە بەڵام رۆمانێك مافی گێڕانەوەی بۆ خۆی زەوتکردووە، رێنادا لێرە بیگێڕمەوە، رێنادا لە چ جێیەك بیگێڕمەوە..

ئەو بارەگایەی بە سەر پەلکەزێرینەوەیە، لە بەهاری پەلکەزێڕینەیی بێ پەلکەزێڕینە نابیێ، رۆژ نیە چەند جاریێ پەلکەزێڕینە بە رووی بارەگادا رەنگ

هەڵنەدا، لە بیرمە ئەو ساتەی (چلێ نێرگز)یشم دەخوێندەوە، تیچاوێکم لە سەر پەلکە زێڕینە بوو، چلێ نێرگز نێرگزێکە لە ساتەکانی بێ نێرگزی بۆنی دەکەم، خۆشەویسترین شیعرە و هەمیشە لەگەڵمە، ئەو هەموو شیعرە هاتن و چوون، چلێ نێرگز لە چاوی من لە دڵی من وەك خۆی مایەوە، بە نێرگزی مایەوە، بەر لەوەی بە دیار پەلکەزێڕینەوە بیخوێنمەوە با تایپی بکەم، لە سەرەتای وەرزی داکردنی کیمیا لە ئاقاری گارە ئەو شیعرەم نووسی و کوڕێك بۆی تایپ کردم ناوی راوێژ بوو، ئەو راوێژە بەلاشاوەیی بوو، دواتر لە هەڵاتنە گەورەکە بە خۆی و چوار پێنج براو برازاو ئامۆزاوە، لە ناو هەولێر بەرسینگی دەبابەیان گرت و حەیف خوێنیان بە سەر یەکتردا رژا، هەولێریان سوورکرد، بەلاشاوە رەشی پۆشی، ئۆی لە وەرزی پەلکەزێڕینەش، رەشپۆشی لێمان نابێتەوە، ئەوەتا پەڕە کاخەزێکم بە دەستەوەیە، هێشتا جێ پەنجەی راوێژی پێوەیە:

چلێ نێرگز

لە بەر دەرگای ماڵ

بە مەلوولی دەستت خستۆتە

بن کەلەکەی خەم

لە چاوەڕێی چلێ نێرگز

نێرگزی چاوت سیسبووە

لە یاد نوقمی

بەژنت داری خەیاڵە و

باڵندەی یادی گرتووە..

منیش لێرە، لە پاڵ بەردێ

هێدی هێدی هەڵدەقرچێم

وردە وردە دەبمە گەردێ

بە ئەسپایی دەخزێمە دەم
سۆزی شنە بای غەریبی و
ڕووەو دوێنێ
ڕووەو ژوان
ڕووە و چاوت ڕامدەپێچێ..
ئاخ، ڕۆژانی گوڵاویمان
وەك تارمایی خەون وایە
چەندی بە تاو بۆ لای بچی
بازدەداو وەگیر نایە
تۆ ئەو کچەی ژیانم لە چاوتا ونبووە،
چلێ نێرگز
لە کام لووتکە بقرتێنم
بۆت بنێرم
تا بیخەیتە گوڵدانی نوێی پەیمانەوە..
لێم ببوورە
خواستی چاوت دەستناکەوێ
لێرە لە جێی بۆنی نێرگز
هەرچی لووتکە و بنار هەیە
هەرچی کانی و ڕووبار هەیە
بۆنی کیمیای مەرگیان لێدێ..
کارەساتە
لە وڵاتی نێرگزەجار
چلێ نێرگز دەستناکەوێ!

ئەو شیعرەم پێشتریش لە کافێ خوێندبۆوە، بەڵام بە دیار پەلکە زێڕینەوە نا، بە دیار گریانیشەوە نا، ئەو دەم ئەنفالیش هێشتا نەگەیشتبوو، دنیایەك گوندیش بە پێوە مابوون، کەس هاتنەوە بۆ ناوزەنگی لە خەیاڵ نەبوو، ئەو ناوزەنگەی هەر چەند ساڵ جارێ باوەش بۆ کورە دۆڕاوەکانی خۆی دەگرێتەوە، ئەو دەمەی لە کافێ چلێ نێرگزم خوێندەوە/ من نەمدیتبوو شیعر پێشمەرگە بگرییێنێ، نەمبیستبوو پێشمەرگە چەپلە بۆ نائونێدی لێبدا..

لە نزیك ئەو بارەگایەی بە سەر پەلکەزێرینەوەیە، بە لای مامەندەوە، لە دەو چەمەکە گۆڕاییەکی گچکە هەیە، جێی تۆپانێی پێشمەرگەیە، پەردەیەکی ناسك لە سەر ئاوەکە و بە دیار پەلکە زێڕینەوە هەلواسراوە، مایکرۆفۆنێك بە دارێکەوە، دۆڵێك پێشمەرگە وا بە قەدپاڵەکەوە روو لە پەردە و مایکرۆفۆنەکە لە سەر بەرد و لە پاڵ بەرد دانیشتوون، ئەودەمانێ ئەو دۆڵە سەرریژ بوو لە پێشمەرگە، هێشتا پێشمەرگە قڕی تێنەکەوتبوو، هێشتا لێبوردنی گشتی دوای لە پێشمەرگە نەبڕییوو، هێشتا ڕێی روسیا هێندە ڕێبوارەی نەبوو لە ڕێ دەنگیان بگاتە یەکتر، ئەنفال دەمێك بوو گەیشتبوو، بەڵام پێشمەرگە هەر مابوو..

رۆژێکی نەورۆزیە، هێشتا لە سەر ئەو گردەی نۆکانی خوارێ لە نۆکانی سەرێ دەشارێتەوە، دووکەڵێکی تەنك بە شەرمەوە رووەو ئەو پەلە هەورە هەڵدەکشێ کە پێدەچێ تاوە بارانێکی پێبێ، ئێوە نەتاندیت، دوێنێ ئێوارە ئەو گردە چ ئاگرێکی لە خۆی هەڵکرد و ناردیە ئاسمان، ئاگرێك بۆ ئەوە بوو کە بەغدا بیبینێ، رەنگە دیتبێتی! پێشمەرگە لە ڕێی ئەو ئاگرەوە تووڕەیی خۆی نیشاندا، پێشمەرگە رۆژ و دانێك داری کێشایەوە، چیاکانی ئاقاری نۆکانی رووتکردەوە، هەمووی لە سەر گردەکەی نۆکان گرد کردەوە و ئاگری بەردایێ، شەوی دۆڵ بووە چراخان، لەگەڵ ئاگریش بە هەزاران گوللەی گڕدار لە ئاسمانێ سەمایان دەکرد، گوللەی گڕدار لە

ئاسمان دەینووسی نەورۆز، پاسدارانی سەرچیاکان، پاسدارانی خومەینی هاواریان لێبەرزبۆوە، وا تێگەیشتن دۆزەخ گەیشتووە، پیرێکی گوند بە پێکەنینەوە دەیگوت:

((ئەو ئاگرە تا نیوە شەو بەردەوام بێ، نسێی چ چیایەك بەفری پێوە نامێنییێ..))

هەر ئەو ئاگرە بوو کوڕو کچەکەی بن بەفری دیتەوە، ئاگر نەبا پتر لە بن بەفر دەمانەوە، ئاگر بەفری تواندەوە و کچ و کوڕی دیتەوە، ژنێکی گوند بە دوای چێڵەکەی کەوت، کچ و کوڕەی دیتەوە، هێشتا سیمای کچە پڕ لە جوانی بوو، بزە لە سەر لێوی بوو، دەتگوت خەوتووە، هێشتا چاوی کوڕە گەش گەش بوو، زەق زەق تەماشای کچەی دەکرد، چەند هەنگاوێك لێکدی دوور راکشابوون، باشە بۆچی لە باوەشی یەکتر نەخەوتبوون!! ئەو دوو عاشقە لە زستانەوە لە ناو بەفر خەوتوون و بە ئاگری نەورۆز بە ئاگا هاتنەوە، دەیانگوت جێی گوللەیەك بە سەر مەمکی چەپی کچە و دوو گوللەش بە سینگی کوڕەوە دیار بوو، ئەو کچ و کوڕە پێشمەرگە بوون، حەزیان لە یەکتر دەکرد، کچە خزمی نزیکی ئەندامێکی پلە بڵندی پارتێك بوو، کوڕە چەند کەڕەتێك داخوازیی کچەی کردبوو، ئەو ئەندام بڵندەی پارت گوتبووی:

((بیدەمە سەگ نایدەمە تۆ))

ئیدی کوڕە کچە هەڵدەگرێ و ماوەیەك لەو دیو خۆ دەشارانەوە، گوێبیستی لێبووردنێکی گشتیی بەغدا دەبن، دێن، بە دزیەوە بە کەناری رووبارەکەی نۆکان دا دێن، تا بگەنە بازگەکەی سونێ و خۆ رادەستی حکومەت بکەنەوە و لە دەستی پێشمەرگەی پارتەکە رزگاریان بێ، بەڵام عاشقەکان چۆن لە دەستی پارت دەردەچن! بەر لەوەی بگەنە بازگەی ((ئازادی!!)) دەستگیردەکرێن، پارت چۆن چاوپۆشی لە بێناموسی دەکات! پارت بڕیاری داوە شەڕەف بکڕێتەوە، کڕیەوە، لە بەفر بارینێکدا بە فەرمانی ئەندامی باڵا کوڕ و کچە دەبەنە چیاکەی پشت بارەگاکانی نۆکانەوە کە بارەگای هەموو بەرەی کوردستانی لەوێ بوون، من و زۆریدیش گوێمان لە دەنگی ئەو تفەنگە بوو کە عاشقەکانی کوشت، بەڵام ئەو دەمە بە چ بزانین دوو عاشق هەر ئێستا

لە ناو بەفر خوێنیان رژا و بن بەفر کەوتن، ئیدی بە سێ گوللە نامووسی پارت دەکرێنەوە، ئەو چالاکیە نامووسیە تاقە چالاکی سیاسی و سەربازیی زستانیانەی ئەو پارتە دەبێ، ژنەی کچە و کوڕەی دیتبۆوە دەیگوت:

((دەستیان لە پشتەوە بەسترابۆوە، کچە تاکە پێلاوێکی لە پێ بوو، تاکێك سێ شەقاو دوور لە خۆی کەتبوو...))

ساڵان پێشمەرگە ئاوا نەورۆزی نەدەکرد، ئاوا ئاگری نەدەکردەوە، ساڵان نەورۆز و ئاگری پێشمەرگە لە مۆڵگەی جاش و سەربازان، لە هێرشی پڕ و هەڵاتنی پڕ دا بوو، ساڵان لە نەورۆزدا چەندان مۆڵگە ئاگریان دەگرت، لەشی دوژمن ئاگری نەورۆز بوو، بەڵام ئەوساڵ پێشمەرگەی هەڵاتوو، پێشمەرگەی ماندوو، پێشمەرگەی گوند لە دەستچوو، پێشمەرگەی لە دەستی ئەنفال دەرچوو، چی لە دەستدێ! چی بە دەستەوەیە بۆ نەورۆزکردنەوە جگە لە داربەڕوو، سوڕانەوە بە دەوری ئاگر، جگە لە گۆرانی و شیعر! من تا ئێستاش سووڕانەوەی دەوری ئاگری گردەکم لە چاوم پاراستووە، سرووتێك بوو لە سەردەمی زەردەشتیش سرووتی وا نەبوو، ئەو ئێوارەیە تا درەنگانی شەو چ پیرۆز بوو ئاگر، لەو ئێوارەیە بۆ یەکەم جار دیتم پێشمەرگە بۆتە موریدی ئاگر..

نەورۆزێکی پەلکە زێڕینەییە، ئاسمان هەور و سامالە، زەوی، شوێنی چەقێن هێندە تەڕ نیە، لە سەر عەرد دانیشتن ئاساییە و ساردی ناکێشی، ناوە ناوە نەرمە بارانێك دادەکات، نەرم زۆر نەرم تایبەت بە پەلکە زێڕینە، لێدەکاتەوە و دادەکاتەوە، ئەو دەمەی خۆر بە دەرەوەیە دادەکا، ئەو رۆژە هەور و خۆر رێکەوتبوون لە سەر ئەوەی ئاهەنگەکە بێ پەلکە زێڕینە نەکەن، چیاکەی ئەو بەری ناوزەنگ، مەبەستم لاپالی پەلکەزێڕینەیە، ئەو رۆژە رەنگە هەزار پەلکە زێرینەی گرتبێ، چەند جوانە ئاهەنگ لە پاڵ پەلکە زێڕینە، ئاهەنگ بە دیار پەلکەزێرینەوە، ئاهەنگ لە ناو پەلکە زێڕینە..

مایکرۆفۆن بە نۆرەیە، نازانم نۆرەی من لە پێش چی و لە دوای چیە، لەو ئاهەنگە پەلکەزێڕینەییە، وتارە، درووشم لە مشەیە، سروودە، گۆرانیە، شیعرێکیشە، ئەردەلان و دڵنیا سروودیان گۆ، چەتۆ سەحەر سەحەری چڕی و خەیاڵ هەڵفڕی، گۆران هات و بە (تۆ بەڵێنم پێبدە تا بەرەو ژوان ببمەوە) پێشمەرگەی بردەوە و سەردەمی پێش چەك و تەقە، ئێستا من بە ساقۆیەكی زستانیەوە لەو بەهارە پەلكە زێڕینەییە، لە بەردەم مایكرۆفۆن وەستاوم، سێیەم جارمە لە پێشی بوەستم، لە لای چەپم مامەندی سەر بە بەفر، هێشتا سپی دەچێتەو تازە لێرە و لەوێ رەشایی تێكەوتووە، لای راستم چیای پەلكە زێڕینە، لاپاڵی پەلكەزێڕینەیە كە خۆی و ئێمەش لە پەلكەزێڕینە دەگرێ، پشتیشم ئەو چیایەی كە پەیامبەرەكە بە مەسینەوە پێیدا هەڵدەگەڕا، بەرانبەریشم یەك دۆڵ پێشمەرگەی پیاو دانیشتوون، كۆمەڵە ژنێكیشم لێوە دیارە لە لای پێشەوە بە دەوری بەردێكی گەورە نیوە بازنەیەكیان بەستووە، ئیدی كاتی خوێندنەوەی (چلێ نێرگز)ە..

تیچاوێكم لە پەلكەزێڕینەیە، كەم تەماشای پەڕەكاغەزەكەی دەستم دەكەم، ناوە ناوەش چاوێك بە دانیشتواناندا دەگێڕم، بە رێكەوت چاوم كەوتە سەر رووی مەلا حەسەن، كە لە پێشەوە دانیشتبوو، فرمێسكم دیت، دیتنی فرمێسك لە چاوی وی بۆ من ئاسایی بوو، ئاخر ئەو پیاوە بە زۆر شت دەگریا كە كەم كەس گریانیان پێیدەهات، بەلام نائاسایی لای من لەوە بوو كە ئەو پیاوە لە ساتی بڕیاردان زۆر توند بوو، بڕیاری زۆر سەختی دەدا.. چاوم لە سەر پیاوی بڕیار سەختی چاو بە فرمێسك هەڵگرت، نازانم چاو بۆ گەیشتە سەر ئەو بەردەی كۆمەڵێك كچ و ژن دەوریان دابوو، خۆزگە نیگا لەوێ نەدەنیشتەوە، دیتم ئەوانیش دەگرین، منیش گریانم هات، بە زۆر رامگرت، گریان رادەگیرێ!! من وام، كاتێ گریانی ژن دەبینم، بە خۆم ناوەستم و لەگەڵ ژن دەگریم، ئێ، ئەوجارە دەنگێك بەرزبۆوە كە گریانێكی بە جۆشی

له خۆی هەڵگرتبوو، چاوم لە جێی دەنگەکە گێڕا، دیتمەوە ناسیمەوە، ئـەوە (حـاجی جەمال) بوو، هەستابۆوە سەر چۆك دەستی رادەوەشاند:

((هاورێ، دووبارە، دووبارە ئەم کۆپلەیە دووبارە بکەوە..))

باشە من گەیشتوومەتە کام کۆپلـە! ئـا ئـەوەی(لـێم ببـوورە..........) دووبـارەم کـردەوە، بـەڵام وا بـزانم حـاجی جـەمال نەیبیسـت، گریـان دەنگمـی گرتبـوو، ئـەو گرینۆکانە! منیشیان گریاند، چەند پێشمەرگەیەك ئەو دەم (چلێ نێرگز)یـان لا جـوان بوو لەوانە: (نەهرۆ خانەقینی، زمناکۆ، ئەبوو دڵشاد، سـورخی، هەنـدرێن، موحسـین یاسین، دەریا، رێبوار عـەرەب، سیار، کاوە چاوشین، دیار، رزگـار حەسـاری، ئاشـتی، کوردۆ، مام بایز، ئاوات، نەژاد، شۆرش، هێرش، حەمە حـەلاق، عـەولا پـۆلا) مـەلا حەسـەنیش زۆر جـار کـە لـە کۆبوونـەوەکان باسـی سـتەمی بـەعس و وێرانکردنـی کوردستانی دەکرد، دەیگوت: وەك شیعرەکە دەڵێ: (له ولاتی نێرگزەجارِ چلێ نێرگـز دەسـتناکەوێ). رەنگـە چـلێ نێرگـز شـیعر نـەبێ، بـەڵام مـن ئێسـتاش بـە شـیعری هەڵمگرتووە و خۆشمدەوێ..

سەربردەی پەلکەزێڕینەی لاپالی پەلکە زێڕینە نە لە نەورۆز دەستپێدەکا و نـە لـە نەورۆزیش بە کۆتا دێ، بەستنەوەی نیگای من بەو لاپاڵەوە سەرهاتێکە سەری هەیـە بنی نیـە، ئێسـتاش کـە وەرزی پەلکەزێڕینـە دێ، مـن دەگەمـەوە ئـەوێ ، چیاکان، دوورایییەکان، هیچ هیچ رێی بیناییم ناگرن و چاوم لەوێیە، ئەوەتا لـە بـن دار گێـوژە خرکەڵەکە، ئەو دارگێوژەی لە کەڵێنی بەردێکی گەورە روابـوو، دەتگـوت چـەترە بـە سەر بەردەکـەوە، تـەڕایی لێدەچۆڕێ و بەرانبـەر لاپـالی پەلکـە زێڕینـە رادەوەسـتم، لاپالێکی تا بڵێی رك دەڵێی دیـوارە هەڵچـنراوە، دیوارێـك هـەتا ئاسمـان دەڵـێ بـەس بڵندە، بەری درەختـە چـەتریەکەش بڵنـدە، بـەڵام هـەر بـە قـەد نیـوەی بـەری پەلکـە زێڕینەیە، دۆڵێکی تـا بڵێـی قـووڵ، لـە نێوانمانـە، خـۆت هەڵدەیتـە نـاوی مـەولوود

کۆڵکێش گوتەنی ((ڕەنگە ڕۆژە ڕێیەك بێ)) ، دۆڵەکە هێند تەنگ و تەسکە هاوارێك هەبوو، لە بازبازێنێ کەس بە بازی نەدەگەیشت، دەیگوت:

((ئەو دۆڵـە سـێ پـێ تـەنگتر بـا، دەمتـوانی بازبـدەم و لـەو بـەر خـۆم بـەو بنـە قەرەقاجە دەگرتەوە))

ئەرێ ئەو بنەدارە خرکەلەی ئەو بەر قەرەقاجە! من ئێستا خۆم داوەتە بەر تەڕایی درەختەکە، چەند لە گیان خۆشە لە نمە بارانی بەهارانەوە، تـەڕایی لـە درەختـەوە بـە سەر لەشتدا بڕژێ، هەر دەڵێی دەست و پەنجەی یارە دەتشێلێ، وای دانێ مـن لـە بـن دارگوێژەکە رووتبوومەتەوە و یار دەمشـێلێ، نەرمـە بارانێکـە خودایـە لـەو قایـدەی راگری، ئاگام لێنیە رۆژ لە کام کەلێنەوە چاوی کردۆتەوە و تەماشای نمە باران دەکـا، ئێ، لە پڕ نازانم چ هونەرکارێ، چ ڕەنگرێژێ، ڕەنگی دنیای بـە سـەر لاپالەکـەی ئـەو بەردا رژاند، سەرەتا ڕەنگەکان لە شێوەی نیوە بازنە رژانـە لاپالەکـەوە، پێدەچـوو لـە بنی دۆڵێ بازنەی تەواوی ڕەنگ تەواو بووبێ، ئەوە چیە ئەو هەموو ڕەنگە ئاڵۆوالاْیە، ئەو لاپاڵە چی بەسەر هات! ڕەنگ چی بەسەرهێنا! ئـەو هـەموو داوە قـژە لـە کوێـوە هات، هەر داوەی لە ڕەنگێ، ئەگەر ئەو کچەی دەیلێم لە بەر هەتاو قـژی بکاتـەوە و منیش مستە ئاوێکی پێدا بپژێنم، دڵنیام ڕەنگەکانی ئەو لاپاڵە دەگرێ، ڕاستی من سەرەتا وام بە خەیاڵدا هات، پرچی کچانی دنیا، پرچی هەمە ڕەنگ رژاوەتە دۆڵـەوە، ئیدی تێکەڵی پرچی کچان بووم، ڕەنگەکان لە شێوەی بازنەیی نەمانەوە، شـێوەیتریان گـرت، شـێوەی ڕەنگـاو ڕەنـگ وەك ڕەنگـەکان ڕەنگـاورەنگ، ڕەنگـەکان تـا دێ نزیکدەبنەوە، ئەوتا گەیشتنە پەنجەکانم، دەستم لە ڕەنگ گیرا، لە قژ گیرا لـە پەلکـە زێڕینە گیرا، ڕەنگ گەیشتە برژانگم، من تێکەڵاوی ڕەنگم و چ ڕەنـگ نـابینم، بـەڵام هەستدەکەم لە ئاسمانم، دەستی بام لە دەستا و هەور دەمبا، ئەوەتا لـە سـەر دەرگـای حەوشە راوەستاوە، پێدەچێ چاوەڕێی نێرگز بکا، بە دەستی ڕاستم گوت:

کوا چەپکە نێرگزەکە؟

دەستی ڕاست ئاماژەی دا کە بە دەستی چەپەوەیە

بە دەستی چەپم گوت:

کوا چە پکە نێرگزەکەی یار؟

ئەویش ئاماژەی بە دەستی ڕاست دا، دیتم هەردوو دەست بە سەرسامی و پرسیارەوە پەنجە بۆ یەکتر ڕادەکێشن..

ئۆی، بە دیار پەلکەزێڕینەوە خەونم دیت، باش بوو بە ئاگاهاتمەوە، هێشتا پەلکە زێڕینە بە لاپاڵی پەلکەزێڕینەوە مابوو، بەڵام لە بڕژانگ دەست و بەرپێم دوورکەوتبۆوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە من بەو جێگەیەم گرت، نەك هەر بەهاران، هاوینانیش بە نیازی دیتنەوەی ڕەنگان دەچوومەوە ئەو جێیە و چاوم دەبڕیە لاپاڵی پەلکەزێڕینە، لە بیرناچێتەوە ئەو پەلکەزێڕینەیە هەر دەڵێی ماچی یەکەمە لەبیرناچێتەوە، زوو زوو دەچوومە بن دار گێوژە چەتریەکە، هێندە جگەرەم لەو سەر بەرد وبن دارە پێچاوەتەوە و کێشاوە، بەردەکە ڕەنگی تووتنی گرتبوو، هێندە لە بن ئەو دارە شمشاڵم ژەنیوە، شۆڕە ژنێکی زەڵێیی گوتبووی:

((گوێم لێیە دارگێوژکە بەرەبەیانان لە خۆوە شمشاڵ دەژەنێ..))

لەماڵی کتێبەوە هاتبوو

چۆنی دەڵێم ئەوهایە، پەنجە بشکێ، ئەگەر هێندەی سێبەری گەردێك زێدەڕۆیی لە خۆی هەڵگرتبێت، ژوور جێی من و سۆبەی لێنابێتەوە، کەچی چوار کەسی لە خۆی دانیشاندووە، کاتێ سۆبە دادەگیرسێنم،دەبێ وەك پشیلەی ئاگر بۆ هاتوو خۆم

له قوژبنەکەی ئەوسەر گرمۆلە بکەم، ناشکرێ سۆبە نەسووتێ، زستانی ناوزەنگ زستانێکە ساردترین سۆبە چیایەك دار دەسووتێنێ، زستانێکە تف بۆ ئاسمانێ هەڵدەی، بە تفایەتی بۆ خۆت ناگەڕێتەوە، دەیکاتە پڕووشە بەفر، زستانێکە بەس ناوزەنگدیتیان دەزانن چ سەهۆڵبەندانێکە..ژوور ژوورێکە ئەگەر لە چاوی ئەندازەوە تەماشای بکەیت، جارێك بە چوار لایی خۆی نیشاندەدات، جارێکیدی بە سێ لایی...

دانا گوتی:

دەمەوێ تێبگەم ئەو ژوورە چۆن چۆنی هەڵکەوتووە؟

واحیّد بە نیازی راستکردنەوە:

بڵێ ئەو گۆڕە چۆن چۆنی هەڵکەوتووە؟

راسکۆ بۆ هەردووکیانی راستکردەوە:

لە ژیانم ژووری وا رێکم نەدیوە، رێکیەکەی لەوەدایە لە هیچ رێکیەك ناکات.

ئەو راسکۆیەی لەوێ لە ژوورە کەمدووەکەی ناوزەنگ لە قوژبنێ دانیشتبوو، پیشەی راستکردنەوەی رستان بوو، ناوی وا رۆیشتبوو، بەڵام هەشبوو دەیگۆت:

ئەو کوڕە خۆی پێ راستەرێ ناکرێ چۆن....

دانیشتنێکی شیرینە، چاییە، ژوور هەمیشە بۆنی چایەی لێدێ، هەر کاتێك، نیوەی شەوێ ، پێش بەرەبەیان، هەر وەختێك کە ناوەختە، ئەگەر حەزت چووە چایە، وەرە ئێرە چایەك تێکە و بڕۆ، ئەو کوڕەی رزگار حەساریی ناوە کە دەبوو ناوی رزگار چایی با، زۆر عەشقە چایە، دڵنیام ئەگەر لە سەردەمی پێش پەیدابوونی چا لە دایك بایە، سێ رۆژ نەدەژیا، ئەو کوڕە هەرجارێك رێی بەو بارەگایە بکەوێت سەرێك لە ژووری چای دەدا، جارێك گوتی:

ئەو دوو بۆنە پێکەوە جێگەیان نابێتەوە، یان چایە یـان جگـەرە، گوناهـە ئـەو دوو بۆنە تێکەڵاوی یەکتر بکرێن..

ئەو کوڕە چاییە رقی دنیای لە جگەرە دەبۆوە، لە کنە وی جگەرە و چایە نـەك هەر خزمایەتیان لەگەڵ یەکدی نەبوو بەلکو رێك بەهەشت و دۆزەخ بوون.

منیش گوتم:

ئەو دوو بۆنە تەواوکەری یەکترن..

دانیشتنێکی خۆشە ئەگـەر لێمـان تێکنەچێت، سـێ بـرادەری کـۆن زۆر کـۆن، برادەری منداڵی مێوانن ئەورۆ، دانیشـتنێکە شـارێك یـادەوەری خـۆ نیشـاندەدەن، شارێك یادەوەری هاتوونەتە قسە، زوو زوو بێ رووخسەتخوازی مێوانەکان بەجێدێلم و درەنگ درەنگ دەگەڕێمەوە لایان، دوور دەڕۆم زۆر دوور، هەتا نـاو هـەولێر گـیر نابم، دوا وانە ناکەم، بە سەر دیواری قوتابخانەدا بازدەدەم، پیاسەیەکی درێژ بە بن دیواری قەلآت و دادگادا دەکەم، دەچمە نـاو کتێبـان، دەیانبینمـەوە ئەوانـە و زۆر برادەریدی دەبینمەوە، واحێد هاوپۆل یان هاو قوتابخانەم بوو، لەگەڵ راسکۆ منداڵی گەڕەکێکین، دوو برای ئەو دانایـە زۆر بـرادەرم بـوون، بـرادەریم لەگـەڵ سـەرتیبیان بەهێزتر بوو، بەڵام لە یادەوەریمدا سەرداریان زیندووترە...هەر کتێبێکـی مـارکس، مارکسیەتت بویستایە، لە کن سەرتیب دەستدەکەوت، زۆر کەس پێیاندەگوت:

((لینینیش هێندەی تۆ مارکسی نەخوێندۆتەوە.))

خوێنەرێك بوو کەس شانی لە شانی وی نەدەدا، مەگەر راسکۆ، ئەو راسکۆیەی لە چاوی دیارە ئەمڕۆ لەو ژوورە کولانکەییـە شـتێك بقـەومێنێ.. ئـەودەمانێ لـە هەولێرێ دوو کەس لە کتێب کـڕین ناویـان هـەبوو، راسـکۆ و سـەردار، بـە داوای لێبووردن لە عـەزیز گـەردی، یەکـەمیان کتێبخانەیـەکی هـەبوو، لـە کتێبخانـەی گشتیش دەوڵەمەندتر، هەرچی دەشیکڕی دەیخوێندەوە، زۆر جار دەیگوت:

((ئەورۆ پشتی لینینم شکاند، هەژدە دەمژمێری رێك خوێندمەوە..))

لە جێگەیەك خوێندبوومانەوە کە لینین شەو و ڕۆژی وا هەبووە حەفدە دەمژمێر سەری لە سەر کتێب هەڵنەگرتووە وخوێندوویەتیەوە.. وابوو من لە نزیکەوە ئاگاداری راسکۆ بووم زۆری دەخوێندەوە، لە ناو هەموو گەنجانی گەڕەکی بەلاشاوە یەك چاویلکە لە چاوت دەدی ئەویش راسکۆ بوو، دکتۆر جارێك پێیگوتبوو:

کەم بخوێنەوە، دەنا..

راسکۆ گۆتبوویە دکتۆر:

چاو بۆ خوێندنەوەی کتێب درووستکراوە..

هەرچی سەردارە لە راسکۆ پتر کتێبی دەکڕی، ڕۆژ نەبوو کتێبێك نەکڕێ، قەردی دەکرد و بە کتێبی دەدا، لەگەڵ ئەوەش بڕوا ناکەم دە کتێبی هەبووبێت، کەمیشی دەخوێندەوە، سەردار هەندێك لەو کتێبانەی دەیکڕین نەیدەبردنەوە ماڵێ، لە ڕێ دەیفرۆشتنەوە، بەردەوامیش لەو کڕین و فرۆشتنە زیانی پێدەکەوت، کتێبی وا هەبوو دوای لێکردنەوەی چەند لاپەڕەیەك بە نیوەی نرخی کڕین دەیفرۆشتەوە، کتێب هەبوو نەیدەفرۆشتەوە دەیسووتاند، زۆر هەوڵم لەگەڵی دا، بێ کەلك بوو، وازی لەو تێکەولێکەیەش نەدەهێنا، سەردار دەیگۆت:

((من پێچەوانەی تۆم، پێچەوانەی راسکۆم، پێچەوانەی سەرتیبی برامم، پێچەوانەی دنیام، ئێوە کتێبی باش دەکڕن، بەلاّم من کتێبی خراب دەکڕم..))

باشم لە بیرە کتێبی شەرەفنامە ی چاپی ئەودیوی کڕی، چەند لاپەڕەیەکی لێکردەوە، بە زەرەر فرۆشتیەوە، سەردار ناوە ناوە بزر دەبوو، بە کۆمەڵێ کتێبەوە بە دیار دەکەوتەوە، دەڕۆیی دەچووە سەر سنوور، دەچووە ئاقاری پێشمەرگە، دەچووە هەموو جێگەیەك، ترس لە کن شێر هەبوو لە کن ئەو کوڕە نەبوو، سەردار زۆر جار دەیگوت:

هەندێك كتێب هەیە زۆر باشە، بەڵام چەند لاپەڕەیەكی ئەو كتێبە زۆر خراپن دەبێت لێیانبكەمەوە، ئەو لاپەڕانە خەڵك بە هەڵەدا دەبەن، هەندێك كتێبیش هەن دەبێت بسووتێنرێن..

من دەمگوت، سەرتیبی براشی پێیدەگوت:

واز لەو ئیشە قۆڕە بێنە، چەندی دەدڕێنی، چەندی دەسووتێنی؟ خۆ..

دەیگوت:

هەر باشە خۆ كەمتر دەبنەوە..

سەردار قسەیەكی هەبوو زۆر و هەموو جارێكیش بەیەك ئاوازە دەیگوتەوە:

((شێركۆ بێكەس و كۆمەڵە و مام جەلال لە سەرەوەی قسە و قسەلۆكن))

هەندێك لە برادەران ناویان لەو قسەیە نابوو ((ئایەتی سەرداری سەعید سۆفی))

ئیدی سەردار هەر كتێب و بلاوكراوەیەكی بدیتبا قسە و قسەلۆكن لە سەر ئەو سێ یە، دەیكڕین و دوای لادانی قسە و قسەلۆكەكان دەیفرۆشتەوە، بەڵام ئەگەر برادەرێكیش داوای لێكردبا كە فلاَن كتێبی بۆ بێنێ و پەڕیشی لێنەكاتەوە، دڵیی نەدەشكاند، جارێك (بۆ كوردستان) ی هەژاری بۆ من هێنا، كە لێیم وەرگرت:

- لاپەڕەكانی تەواون؟

+ حەیفت نەكرد!

لەو ژوورە گچكە نازانم چەند لاییەوە، لە تەك ئەو سێ مێوانە جوانەوە بە دەم چایە و جگەرەوە، خەیاڵ خۆش بێت هەموو هەولێرم دەكرد و دەهاتمەوە و كەسیش بەو سەفەرانەی نەدەزانی... دانیشتنەكەمان لە كەناری رۆشنبیری و شیعر بوو، لە بیرم نیە هێندە لە سیاسەت نزیك كەوتبینەوە، زۆر نزیك بكەوتینایەتەوە یالا دەگەیشتینە تخووبی (پاكانە)كەی هادی عەلەوی، كەمتر قسە و باسی ئەو دانیشتنەم لە بیرە، ئەوەی لە بیرم مابێت، وەڕینی سەگەكان و زرمەی هەرەسەكان دەهاتنە ناو قسانەوە، كۆچی سووریشم دیت بە پێش دەرگای دانیشتنماندا تێپەڕی، لە ناو

زرینگەی چا تێکدانیشدا گوێم لە دەنگی پەشێو و رەفیق سابیر و شێرکۆ بێکەسیش بوو، شاملۆ و فرووغیش سلاوێکیان کرد، زۆریدیش، سورخیش شیعرەکانی دەهاتنە ناو قسانەوە، وا بزانم دانا بوو گوتی:

جوانیی سورخی لەوەدایە وەك ئەوانیدی نانووسێت..

هەر جارێك تەماشای دانام دەکرد، سەرتیب و سەرداری برای بە جووتە دەهاتنە ناو چاومەوە و دانا ون دەبوو، سەردار شیعریشی دەنووسی، لە بیرمە شیعرێکی لە سەر گیڤارا نووسیبوو، کۆپلەیەك یان پتری لە رۆژنامەی هاوکاری بلاوکردبۆوە، لە چایخانەی عەبۆ ، رۆژنامەکەی بە دەستەوە گرتبوو، بۆمی خوێندەوە، سەرتیپیشمان لەگەڵ بوو، قسەیەکی کرد ئێستاش بە ئاوازەی خۆیەوە وا لە گوێمە:

من کە شیعر لەسەر گیڤارا دەنووسم، دەبێت چەکەکەی ئەویش لە شان بکەم..

سەردار ئازابوو، زۆریش ئازابوو، لە چاوی بەعس نەدەگەڕاوە، لە خۆپیشاندانەکان جێی وی هەمیشە پێشی پێشەوە بوو، واحیدیشی لەگەڵ بوو، سەردار پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە، پێشمەرگە بوو، ئەو ساتەی هەواڵی مەرگیم بیست تەواوێك بۆی گریام..

لەو دانیشتنە راسکۆ چووبووە بێدەنگیەکی سوارەوە، من درەنگ تێیگەیشتم کە ئەو بێدەنگیە تەقینەوەیەکی ترسناکی بە دواوەیە، چاوەکانی ئاسایی نەبوون، جوولانەوەی پێلوو و برژانگەکانی لە کۆمەلە چەکدارێکی سەر لێشێواو دەچوون، ناوە ناوە کۆخەیەکی دەکرد، کۆخەی قوڕگ خاوێنکردنەوە، خاوێنکردنەوە بۆ قسە.. دوای ئەوەی هەستم بە نائاسایی راسکۆ کرد، چیدی خۆم بە باڵی خەیاڵەوە نەکرد و نەهاتمەوە شار، بۆ ئەوەی بیهێنمە قسە پرسیارێکم لێیکرد، بە (ئا) یەك دەمکوتی کردم، پرسیارێکیدیشم کرد، بە (نا)یەك کە هەر لە (ئا)یەکە دەچوو جوانتر دەمکوتی کردم، چەند پرسیارێك بە دووی یەکدا هاتن، (ئا) و (نا) یەکانیش سەریان لە دووی یەکدی نا، هەر خەریکی قوڕگ خاوێنکردنەوە بوو، وازم لێیهێنا..

لە هەستاندا، دەنگێك تۆ بڵێ هاوارێك بەرز بۆوە:

بڕۆن، من نایەمەوە، ئێرە ماڵی منە، زوو بڕۆن دەی..

واحێد بە سەرسامیەوە گوتی:

نایتەوە کەیفی خۆتە، بەلاّم بۆ وا بە تووڕەیی!..

من راست لە جێگەی خۆم تەزیم، تەماشای دووەکەیدیشم کرد ئەوانیش تاسا بوون، بە بێدەنگی تەماشای یەکترمان دەکرد، بە چاو لە یەکترمان دەپرسی چ بووە؟ بە ئاماژە، بە ئاماژەی لێو و دەست (نازانم، چ نازانم) مان بۆ یەکدی دەهاویشت، بە جۆرێك لە دڵشکاوی رۆیشتن، رەنگە من لەوان پتر نیگەران بووبم، هەتا خوار بارەگا لەگەڵیان چووم، دیار بوو هیچ کامێکمان هیچمان لە تووڕەبوون و مانەوەی راسکۆ نەزانی، بەلاّم دانا هێندەی گوت:

((من دوێنێ کە دیتم هەستمکرد ئاسایی نیە..))

کە گەڕامەوە ژوورەکە دەبینم راسکۆ چاوی لە تابلۆکان بڕیوە و پێدەکەنێ، ژوورەکەم پڕکردبوو لە تابلۆ..

+ ها بە چی پێدەکەنی؟

- بە زەمەن برا بە زەمەن..

چاویشی هەر بە تابلۆکانەوە هەلواسراوە، کە لێی وردبوومەوە دیتم چاوی لە تابلۆی کاتژمێرەکە بڕیوە، کاتژمێرە تێکشکاوەکە یان تواوەکە، بەردەوامیش پێدەکەنێ.. ویستم لێیبپرسم بۆچی لەگەڵ ئەو برادەرانە نەچوویتەوە؟ بۆچی تووڕەتکردن؟ پێکەنین، پێکەنین، هەر پێکەنین..

- ئەگەرزەحمەت نیە چایەکی مارکسیانەم بۆ تێکە

+ چای مارکسیانە کووە؟

- ترحێو بە خۆشی دەڵێ مارکسی..

چایەکم بۆی تێکرد، پێدەچوو مارکسیانە بووبێت، چونکە زۆر بە جوانی و چێژەوە دەیخواردەوە، ناوە ناوەش پێکەنینێکی شیرین لە چایەکە شیرینتری بۆ دەکرد، من زۆر بە وردی لێیڕامابووم، هەموو عەقڵی خۆم بەکارهێنا بۆ ئەوەی بزانم ئەو کوڕە ئاساییە، یان شتێك هەیە، دەتگوت تێگەیشت کەوتۆتە ناو نیگای تاقیگە و تاقیدەکرێتەوە:

- با پێتبڵێم من زۆر ئاساییم، لە تۆش و لەوانەی لەگەڵ من هاتن و بێ منیش ڕۆیشتنەوە ئاسایی ترم.

+ ئەوجا کێ گۆتیتی ئاسایی نیت؟

- ئەرێ ئەتو ڤاگنەرت خوێندۆتەوە؟

+ نا، شتێکی ئەوتۆشی لە بارەوە نازانم

- حەیف! ئەو پیاوە مەزنە ناناسی، گەورەترین نووسەرە لە دنیایێ، نا لە مەکسیم گۆرگی گەورەتر نیە، کەس لە مەکسیم گۆرگی گەورەتر نیە..

ڕاسکۆ هاتە سەر نووسەران، نووسەرانی گەورەی دنیایێ، هەند بە وردی و لەسەرەخۆ باسی دەکردن، ئەو گومانەی لە بارەی نائاسایی ئەوەوە لە سەرم بوو ڕەویەوە، لە بیرمە لە بارەی هادی عەلەویەوە گۆتی:

+ منیش وەك ئەو پاکانەیەك دەنووسم.

- ئەتو لۆ؟ خۆ عەرەب نیت!

پێکەنینێك پێکەنی کتری سەر سۆبەکە لەریەوە، گومانەکەم لا درووست بۆوە، بە نەرمیەوە گۆتی:

+ من پاکانە لە کوردبوون دەکەم، ئەدی نازانی کورد چیان لە یۆنانیەکان کرد؟

- یۆنانیەکان یان ئەرمەنیەکان؟

+ یۆنانیەکان دەڵێم، لە ئەرمەنیەکان گەڕێ.

- شتی وام نەزانیوە.

+ دیاره زۆربات نەخوێندۆتەوە؟

- زۆربا ! با خوێندوومەتەوە، بەس..

ئەگەر ئەو رۆمانە بخوێنیتەوە، تێدەگەیت کورد چەند غەدریان لە یۆنانیەکان کردووە، راویان ناون، هەر مێژوونووسێك ئەوەی گۆتبا باوەرم نەدەکرد، بەلاّم کازانتزاکی وای گوتووە، تێگەیشتی! بۆیە من پاکانەی خۆم دەنووسم، بۆ زۆربای دەنێرم، ههه ها ها..

وا بزانم شتێکی بیرمکەوتەوە کە لە رۆمانی زۆربا چاوم بە وشەی (ئەکراد) کەوتووە، بەلاّم نەدەهاتەوە بیرم وشەکە لە چ رستەیەکدا هاتبوو، جگە لەوەش لە بیرمە لەکاتی خوێندنەوەی ئەو رۆمانەدا لەو باوەڕە بووم، ئەو وشەیە هەلەی چاپ بێت و راستیەکەی (ئەتراك)ە

راسکۆ پێکەنینێکیدیکەشی کرد، بەلاّم زۆر نەرمتر لەوەی پێشوو، گوتی:

نزیك لەوەم گوت:

ئەگەر واش بێت، هەر دەستی تورکی تێدا بووە..

لە زۆرباوە بازی دەدایە ناو (تاوان و سزا)، دەیگۆت:

خۆ پیرێژنەکەی دیستۆفسکی دەناسی؟ من هێندە لەگەڵ کوشتن نیم، بەلاّم لەگەڵ کوشتنی ئەو جۆرە کەسانەم، دەك دەستت خۆش بێت راسکۆلنیکۆف، نازانی چەند رەشرووت لەو دنیایە بە پێخواسی دەسوورێنەوە، چەند برسی لە پەنا دیوارەکانی دنیا، دنیای کەلاوە سەر دەنێنەوە، لەو لاوەش ئەو جۆرە کەسانە پارە گلدەدەنەوە دوایش.. ئا من دەستخۆشی لە پالەوانەکەی تاوان و سزا دەکەم کە ئەو پیرێژنەی کوشت، هەزار جار دەڵێم دەستەکانت خۆش بێت، ئەی راسکۆلنیکۆفی پاڵەوان..

من هەڵمدایێ:

+ بەس وا بزانم پاڵەوانەکە لەو کوشتنە پەشیمانبۆوە..

- پەشیمانبۆوە نەبۆوە کەیفی خۆیەتی، من ئەو راسکۆلنیکۆفەم کە تەوری بە دەستەوەیە..

لە تاوان و سزاوە چووە ناو (دادگا) وە زۆر سەیر زۆر هونەرمەندانە وێنەکانی دادگای نیشانی من دەدا، باشم لە بیر نیە چی دەکرد و زۆر رستەی ناو دادگای چۆن دەگوتەوە، هێندەم لە بیرە چاوی لە چاوی من بڕیبوو، گوناهەکانی خۆی دەژمارد، باسی ئەوەی دەکرد، کە ئەویش دادگایەکی وەك ئەوەی کافکا دەنووسێت و دەیگوت:

من یۆنانیم کوشتووە، من پیرێژنەکەی ناو تاوان و سزام کوشت...

لە پڕدا دەنگی دەگۆڕا و بێژەریانە دەنگی هەڵدەبڕی:

منیش حەمەدۆکم، تۆش حەمەدۆکی، دانا و واحیدیش حەمەدۆکن، سەرداریش حەمەدۆك بوو، سپارتاکۆس بوو، ئێمە لە ستەم یاخی بووین، هەمووشمان لە چاوەڕوانیداین، وا نیە ئەدی؟ بۆ قسە ناکەیت؟

منیش گوتم:

با، وایە..

گریان قورگی گرت، لەوە دەچوو تاوانێکی گەورەی کردبێت و پەشیمانی دایگرتبێت، یان خەریکی کێشانی نەخشەی تاوانێك بێت و پەشیمانیەکی پێشوەختە لێی هەڵوەشێنێتەوە، هەر لەو ئان و ساتەدا هەستمکرد تووشم بە تووشی راسکۆلنیکۆفی تاوان و سزا بووە، هەر بۆیەش لەم گێڕانەوەدا ئەو کوڕەم بە راسکۆ ناودێر کردووە،(راسکۆ لە راسکۆلنیکۆفەوە هاتووە و لە راستگۆش دوور نیە) دەنا ناوی خۆی نەجاتی قیڕبەند بوو..

ئەو جارە بە دەستی خۆی چایەکی تێکرد:

+ چای ئەو ژوورە زۆر مارکسیانەیە.. بە من بڵێ وەخت نیە (گۆدۆ) بگات؟ دەمێکە مرۆڤایەتی چاوەڕوانی ئەو ژنە جوانەیە، ئەتو زانیوتە گۆدۆ ژنە؟

- لە کێ بزانم!

دەزانی باشت نەخوێندۆتەوە دەنا دەتزانی.

+ دە بۆم روون بکەوە بزانم..

- لەوە گەڕێ، کەمێك سەرم دێشێ، پێویستم بە خەوە، بە یارمەتی سلفادۆر دالی و پیکاسۆ سەرخەوێك دەشکێنم..

لە سەر پشت راکشا، تەماشامکرد زۆر سەیر چاوی بە بنمیچەکەدا دەگێڕا، چاوی لە سەر کلاشینکۆفەکە راگرت، کلاشینکۆفەکەم بە دیوارەوە هەڵواسیبوو، لە خۆوە ترس دایگرتم، یەکپێ هەستام و کلاشینکۆفەکەم هێنا خوارێ، بۆ وەی هەست بە هیچ نەکات، کەوتمە خاوێنکردنەوەی، مەخزەنەکەی سەریم بەتاڵ کرد و لە جێگەی خۆیم هەڵواسیەوە.. راسکۆ هەر راکشاوە و چاو دەگێڕێ، بانگمکرد:

+ هەستە بچین نان بخۆین، درەنگە.

- ئا، ببوورە، من تۆم ماندوو کرد، کاکە نازانی، ژیان چەند منی ماندوو کردووە، ئەرێ بە هاوڕێیان بڵێ من هاتوومە ببمە پێشمەرگە..

+ خەمت نەبێت.

لە ژوورێك جێگەیان بۆ کردەوە، بەڵام مەگەر بۆ نووستنەکە دەنا هەر لای من بوو، خەریکی ئەو چەند کتێبە بوو کە لەولاو لەملا دەستمکەوتبوون، ئەو کوڕە کە قسەی دەکرد هەمیشە دەتگوت گریان لە قوڕگیەتی، لە دەنگیەوە هەستتدەکرد دنیا غەدری لێکردووە..

لە قسەکردن دەمژمێر دوای دەمژمێر لە کورتی دەدا، بەڵام ئەوەش نەبوو لە قسە بکەوێت، هێشتا هێندەی من و حەوتی وەکو من قسەی دەکرد، قسەکانیشی هی ئەوە نەبوون لێی بێزار بیت، من لێیان بێزار نەدەبووم، ئەو چەند رۆژە باسی یەك گەڕەك رۆماننووس و چیرۆکنووسی بۆ کردم، هی وای دەگۆت و باسی دەکردن من هەر ناویانم نەبیستبوو، لە خۆوەش نەیدەدا بەرێ، هەموو ئەوانەی خوێندبۆوە کە بۆ منی باسدەکردن، بەوەش دەمزانی کە خوێندبوونیەوە کاتێ باسی ئەوانەی دەکرد کە

من خوێندبوومنەوە یان شتێکم لە بارەیانەوە دەزانی، هەڵەی لە ناوەکان یان لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکان نەدەکرد.. ئەو کوڕە بە شێوەیەك باسی لە کەسایەتی ناو ڕۆمانەکان دەکرد، هیچ چارت نەدەما جگە لە گوێ شلکردن، دەستبەرداری قووڵترین و جوانترین خەیاڵی خۆت دەبوویت و خۆت رادەستی جووله و قسەی راسکۆ دەکرد، ئەو راسکۆیەی رێك دەتگوت ئەو پاڵەوانە یان ئەو کەسایەتیەیە کە قسەی لێوە دەکات، بریا وەك من چاوتان لێبایە کاتێ دەچووە ناو (کاتژمێر بیست و پێنج)ەکە، چۆن جلی پاڵەوانەکەی لەبەر دەکرد و شێوەی دەنگی خۆی وەك بلێی وەك هی وی لێدەکات و دەیگوت:

((نا، من ئەو ئیشە ناکەم چاڵ بۆ هاوڕێ کۆمەنیستەکانم هەڵناکەنم..))

یان ئەو دەمەی خۆی دەکردە ئەو کوڕە شەرمنەی کە لە دوورەوە تەماشای (گوڵی ڕەش)ی دەکرد، راسکۆ لەوێ ئەکتەرێکی جوان بوو، دەرهێنەرێکی بە توانا بوو، لە ژوورە بە ناو ژوورەکەی ناوزەنگ بە تاقی تەنێ گوڵی رەشی هێنایە سەر شانۆ، منیش تاقە تەماشاکەر .. راسکۆ دوای ئەوەی شانۆکەی تەواو کرد، پرسی:

- گوڵی رەش کتێبێکی جوانە، دیوتە؟

+ کتێبە یان ناوی چیرۆکێکە، خوێندوومەتەوە..

- ناوی چیرۆکەکە و ناوی کتێبەکەشە.

زۆر دڵم بەوە خۆش بوو کە شێرزاد حەسەن کۆمەڵە چیرۆکێکی بە (گوڵی رەش) ناودێر کردووە، دەمویست لە ناوزەنگەوە بە هاوار هاوار بکەم و سوپاسی بکەم بۆ هەڵبژاردنی ئەو ناوە، وام هەستدەکرد لەبەر خاتری من ئەو وای کردووە، ئاخر چیرۆکی گوڵی رەش لە کنە من دەقێکی پیرۆز بوو، لە کنە من سوورەتێکی جوان بوو، زۆر ئایەتیم لەبەر بوو..

- بوزرگی عەلەویت خوێندۆتەوە؟

+ نا، بەس ناویم بیستووە، هیچیم نەخوێندۆتەوە.

- دەزانی ... رۆمانی هەیە.

ئەو ژمارەیەی گوتی ئێستا لە بیرم نەماوە

+ هیچی کراوەتە عەرەبی، کوردی؟

- نازانم، من بە فارسی خوێندوومنەتەوە.

+ دیارە فارسیەکەت باشە، لە ئێران بوویت؟

- دەزانی لە کوێ فێرە فارسی بووم؟ لە کونە فیراران، هەر لە بەلاشاوە لە حەوشەی خۆمان کونەکم لێدابوو، ئەمما کون! سەدام هەرچی سەگی دنیا هەیە بە دوو پێ و چوار پێوە بە مالّی مەی وەرکردبا، نەیاندەدیتمەوە، لە جێگەیدیش کونم هەبوو، لە (گردیش) هەمبوو، لە جێیدیش..

بە باسکردنی بەلاشاوە هەستمکرد راسکۆ بۆنی بەلاشاوەی لێدێت، ئەو بەلاشاوەیەی منداڵیمی لە خۆیدا وەك خۆی و بێ هیچ گەچلاێنێك پاراستووە، ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵەی نێوان ئێستام و منداڵی کە سەردانی دەکەمەوە، وا دەزانم منداڵەکەی جارانم و ئەو دارتێلانە جوان دەناسمەوە کە پێیاندا هەڵدەگەڕام...

+ بە تاریکی، ئەدی کونی فیراران تاریك نیە؟

راسکۆ چاوەکانی شێتانە هەڵگێڕ و وەرگێر کرد:

- بەرێوەڵڵا هەند تاریکە هەند تاریکە، دەڵێی شەوی ناو شەوە، بەلاّم برات یەك لایتی هەڵدەکرد، بەلاّم لایت! کونی فیراری لە کۆشکی کۆماری رووناکتر دەکردەوە، ئەوجا تۆ قسەکانم لەبیر مەبەوە، من لەو کونانەوە فێرە فارسی بووم، ئەو رۆمانانەی وا باسیان دەکەم، زۆریانم لەو کونانەوە خوێندۆتەوە، دەزانی سەرمایەکەی مارکس ئەو سەرمایەی وا بزانم کەم کۆمەنیست خوێندوویەتیەوە، هەر لە کونی فیراران، لە کونەکەی (گردیش) خوێندمەوە..

هەستێکی وام لا درووست بوو کە بەرانبەر راسکۆ نەخوێندەوارم، لە خۆم گەیشتم کە ئەوچەند ساڵە چەندم لە پاش داوە، چەند لە کتێب دابڕاوم، وا بزانم خۆزگەم بۆ کونەفیراران خواست..

نیگاکانی راسکۆ نیگای ئاسایی نەبوون، چاوەکانی سەیر لە دەوروبەریان دەڕوانی، خۆ ئەو ساتانەی چاوی لە چەك دەبڕی، زۆر ترسناك خۆی نمایشدەکرد، بارەگا هەموو هەستیان بەو ترسناکیە کردبوو، من نەمدەوێرا لە تفەنگەکەم ببمەوە، لەگەڵ خۆمم دەگێڕا، یان مەخزەنەکانم دەشاردەوە و ئەوەی سەریشیم لە فیشەك بەتاڵ دەکرد.. ئەو کوڕە خەریکبوو شێتم بکات، زۆربەی کات زۆر ئاسایی و لە سەرەخۆ بوو، بە تایبەتی ئەو کاتانەی باسی کتێبی دەکرد، جار و باریش سەد سووندت دەخوارد لەوەتەی هەیە شێتە..

- ئەریّ بۆچی تفەنگێکم نادەنیّ؟

+ تفەنگت لۆ چیە؟ خەریکە سەردەمی تفەنگ بە سەربچێت.

- قسەی وا مەکە، من پێشمەرگەم، پێشمەرگەش بیّ تفەنگ نابێت، سەردەمی تفەنگ بەسەر ناچێت، شۆرشێکی خوێناویمان لە پێشە، شۆڕشێکی لینینی.. دەزانی باوەڕم بەخوێن رشتن نیە، بەلاّم ئەو خوێنەی کە لە (تاوان و سزا) رژا، بە لامەوە ئاساییە، ئەوەش بزانە مەبەستم رشتنی خوێنی پیرێژنێکی بێچارە نیە....

قسەکەی تەواو نەکرد، بە هەموو هێزی دەستی ناولەپێکی لە ناوچەوانی خۆی دا و زرچەی هات و ئاخێکی وەهاشی هەڵکێشا نەبێتەوە، تەماشاکردنێك تەماشای کردم وەك ئەوەی قەت منی نەدیتبێت و بە لایەوە سەیربێت لە تەکەییەوە دانیشتووم، تەواوێك لێم راما، وەك بڵێی ناسیبێتمیەوە بزەیەکی دۆستانەی بۆم کرد و راکشا، متەقی لە خۆی بڕی، پێدەچوو نەیەوێت کەس هەست بە هەناسەشی بکات، جگەرەکەیم کوژاندەوە، پێدەچوو تازە فێرە جگەرە بووبێت، لە جگەرە گرتنیڕا دیار بوو، بە دیاریەوە دانیشتم و جگەرەم بە جگەرە پێدەکرد..

زۆری نەبرد راسکۆ لە دیدی بارەگاوە بووە جێی مەترسی، جێی گومان، جێی بێزاری، جێی..جێی شتێك لەوانە یان تێکەڵەیەك لەوانە، لە پەناوە گوێم لێدەبوو هەر یەکەی قسەیەکی دەکرد، قسەکان لە چەند رستەیەك یەکیان دەگرتەوە:

رستەیەك:

ئەو کوڕە کەتنێکی لە چاوە! نابێت لە بارەگا بمێنێت.

دەمویست بێمە قسە و بڵێم:

ئەو کوڕە بە قەت بەژنی هەموومان کتێبی خوێندۆتەوە، لێی مەترسن..

پەشیمان دەبوومەوە، راسکۆلنیکۆفی تاوان و سزام بیر دەکەوتەوە ئەو کوڕەی راسکۆ هەمیشە باسی دەکرد..

رستەیەکیدی:

دوور نیە لە لە ئەمنەوە هاتبێت..

دەمویست بڵێم:

نا ئەو کوڕە لە کونە فیرارانەوە هاتووە، لە ماڵی کتێبەوە هاتووە..

نەمدەگۆت، چاوە ترسناکەکانی زمانمیان لە گۆ دەبرد، دەترسام کەتنێك بکات..

رستەیەکیدیش:

ئەو کوڕە بە ئەنقەست وەك شێتان خۆی نیشان دەدات، پێویستە دارکاری بکرێت تا..

ئیدی خۆم پێڕانەگیرا:

نا، وا نیە، ئەو کوڕە پێویستی بە خەستەخانە هەیە، خەستەخانە.

ئەو قسەیەم سەرنجی کەسی رانەکێشا، نازانم نە من بە دەنگێکی زۆر نزم گۆتم و نەگەیشتە کوێی کەس، نە بە ئەنقەست گوێی خۆیان گرانکرد!

سەرو ریشێکی تۆزاوی دەتگوت قەت ئاو و سابوونی نەدیتووە، سەر و ریشێکی ئاڵۆزکاو پێنەدەچوو شانە بناسێت، جلکەکانی چڵکن، چەند جار هەوڵم لەگەڵی دا

گەرماوێك بكات نەیكرد، كوڕێك كە ناوێكی وەكو (پێشپێش)ی هەبوو بەژنێكی دارتێلیشی هەبوو، لەبەر راسكۆ هەڵدەهات، بیانكوشتبا ئامادەنەبوو جێیەكی بە جێیەكی وی بكەوێت، ئەو پێشپێشە زۆر واسواس بوو، بێزی لە هەموو شتێك دەبۆوە، دەستی بە هەر شتێك بكەوتایە تا حەفت دەستە سابوونی لە دەستی نەدایە دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، تا بۆی بكرایە خۆی لە تەوقەكردن لا دەدا، بەڵام كە تووش دەبوو، سابوونێكی خەرجدەكرد، زۆر كات پەنجەوانەی لە دەست دەكرد، بەڵام لە پەنجەوانەكەیشی بە گومان بوو، ئەگەر كەوچكە چای لێوەرگرتبای جوان جوان دەیشووشت، ئەوجا دەیخستە پیاڵەكەی خۆیەوە، كلوو بەفر چەند بێگەردە! دە لە بەری هەڵدەهات دەیگوت پیسم دەكات، ئەو كوڕە گومانی لە سابوون و تایتیش هەبوو، بە گوێی خۆم گوێم لێیبووە گوتوویەتی:

خۆزگە لە دنیا سابوونی خاوێن دەبوو..

نەبێتە بوختان، كاتێك دەستەكانی خۆی بەر یەك دەكەوتن تا جوان نەیشووشتبان لە خۆی نزیك نەدەخستەوە، لە بارەی ئەو پێشپێشەوە چەند قسەیەك لە سەر زاران بوو یەكیان وا بزانم لە داهێنانی كوڕێك بوو كە(كوردۆ)یان دەگۆتیێ:

تەماشای دەستی بكەن، رۆژ بە رۆژ دەچێتە ئاویێ، ئەوها بڕوا ساڵێ وەرناسووڕێتەوە بێ دەست دەمێنێتەوە.

(مام جوامێر)یكیش هەبوو گۆتبووی:

من خەمی ئێستام نیە، ئەو دەمەی ژنی هێنا چ دەقەومێ، ئەوا پەنجەكانی بە پەنجەوانە پاراست، ئەی جێگاكانیتری بە چی دەپارێزێت!!

قسەی سێیەم لە زاری ئیداریەكەی بارەگا وا بزانم هەڵكەوتی ناو بوو، كەوتبووە سەر زاران:

ئەو كوڕە بە قەت حزبێك سابوون خەرجدەكات.

له خۆڕا نیه ئەو پێشپێشەم هێنا ناو ناوانەوە و واسواسیەکەیم خستە روو، بۆ تەواو کردنی سەرهاتی ئەو کوڕەی لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو پێویستمان بەو پێشپێشە و بە کوڕێکیدیش کە ناوێکی وەك (یۆ یۆ)ی هەیە، دەبێت..

ویستیان راسکۆ بەڕێکەن، کەچی پێداگری لە مانەوە دەکرد، لەوەوە پتر بووە جێی گومانی بارەگا، لە پەناوە پێیم گوت:

+ بە قسەی من دەکەیت، بڕۆوە کن واحیدو..

- وا مەڵێ، ئێرە جێگەی منە، ئێرە پێش ئەوەی بارەگای ئێوە بێت، بارەگای منە، من مارکسیم، ئەوانە لادەرن، دەبێت بێنەوە سەر خەت..

+ تۆ واز لەو قسانە بێنە، ئەو بارەگایە تۆیان ناوێت، کە ئەوان تۆیان نەوێت، تۆش ئەوانت نەوێت..

- نا ناچمە هیچ جێگەیەك و لێرە دەمێنمەوە..ناچم..ناچم..

+ ئەگەر من لە جێی تۆ بم دەچمە ئێران..

ویستم بڵێم سەر لە دکتۆر بدە.

بە غەزەبەوە تەماشایەکی کردم، چاوی بە دەر و دیواردا گێرا، پێدەچوو لە دووی تفەنگەکە بگەڕێ، رەنگە واش نەبووبێت.. زۆر ترسام..

ئێ، چەند جارێك بانگیان کرد و ویستیان بە قسەی خۆش بە رێیکەن، سەرینەگرت، ترسام لەوەی ئەو کوڕە کەتنێکی گەورەی لە چاو بێت، زۆر لەگەڵی هەوڵمدا بڕوا، نەڕۆیشت، ئاخر بە شێوەیەك چاوی دەبڕیە تفەنگەکان بە جارێ زراوەمی بردبوو..

بە هەڵەدا نەچووبم خەریکی خوێندنەوەی (دونی ئارام) بووم، ئەو رۆمانە کاتی خۆی لە بناری پێرس هەندێکیم لێی خوێندبۆوە، پێش ئەوەی بە چیاش بکەوم، هەر ئەو راسکۆیەی وا وەك کەتیرە بە بارەگاوە نووساوە و لێی نابێتەوە، بۆمی هێنا بەڵام خۆشاردنەوەیەکی بە دوودا هات، تەواوم نەکرد..

گوێم لە هاوارێك بوو، هاوار چ هـاوار! یـەك بـە دۆڵـی نـاوزەنگ دەنگی دایـەوە، هاوارێك گریانی گەڕەکێکی لێوە بەرز دەبـۆوە، تـۆ لـە بـیرت بێـت، دەنگـی ئاسـایی راسکۆ پڕ لە گریان بوو، ئەدی دەبێت دەنگە هاوارییەکەی چۆن بێـت، زوو ناسـیمەوە، هاواری راسکۆم زوو ناسیەوە، یەکپێ هاتمە دەرێ، ناوزەنگ لـە دەمـی رۆژئاوابوونـدا بـوو، چ ببیـنم! ئـەوە راسـکۆیە لـە خـوارەوە، لـە دەو چـەمەکە بـە بـەینی گابـەردە گەورەکان غاردەدا، نەمدیت کەسی بە دواوە بێت، چوومە سەر ئەو گابەردەی کەمێك لەولای دەرگای ژوورەکە دەتگوت بەرانی دەشتی بەڕانەتیە قیت وەستابوو، بەر لەوەی دیمەنیدی ببینین و هەندێ قسە ببیستینەوە با گوێ لـە هەنـدێ درووشـمـەکانی راسـکۆ بگرین:

بژی مارکس، بژی لینین.. کرێکارانی دنیا و قیامەت یەکگرن.. هەر شەکاوە بێت ئالای سووری کۆمەنیزم.. بژی زۆربـا، زۆربـا.. پایـەدار بێـت راسـکۆلنیکۆف.. بـژی حزبی شیوعی..

لەو بەر چەمەکە لـە سـەر بـەردێك رووە و بارەگـا راوەسـتا و درووشـمـەکانی خـۆی دەگوتەوەو، دیتم دابەزی و دەیویست بەرەو بارەگا بێتەوە، چوار شەقاوی گەڕانـەوەیی نەهاویشتبوو، دوو پێشـمەرگە غاریـان دایـێ، هـەڵات، کەوتنـە دووی، هەڵاتنەکـەی بازنەیی بوو، بـە دەوری بارەگـا، دوو پێشـمەرگەکە رادەوەسـتان ئـەویش رادەوەسـتا، دەکەوتنە دووی، غاری دەدا، بارەگا پشتی چیا بوو پێشی چەم، ئیـدی ئـەو گەمەیـە بەو هەوراز لێژیەدا بە ناو ئەو هەموو گابەردەیە درێژەی کێشا، بزر دەبـوون بـە دیـار دەکەوتنەوە، کەمێك درەنگ زانیم ئـەو دوو پێشـمەرگەیە پێشـپێش و یۆیـۆن، بـەڵام دواتر کەسێکیدی گوتی: ((نا، یۆ یۆ نـەبوو، هـۆ هـۆ بـوو))، ئـێ، هـەر کـێ بێـت، نەمناسـینەوە، ئـاخر مـن چـاوی ناسـینەوەم هـەر لـە سـەر راسـکۆ بـوو، هـەموو بیرکردنەوەشم هەر لە کنە وی، ئیدی تا نزیك دڵنیایی دڵنیابووم لەوەی یەك لەو دووە لێیانداوە یان هەردووکیان پێکەوە کە هاوارەکەی راسکۆم دەهاتەوە گوێ ئەو هاوارەی

گەیشتە سەری مامەندە، دەگەیشتمە ئەوەی هەردووکیان پێکەوە لێیان داوە، بەڵام نزیکیم لە دڵنیاییی لە گومانێکیش دووری نەدەخستمەوە، دەمگوت ڕەنگە هاوارەکەی لێکەوتەوەی لێدان نەبێت و تەقینەوەی ئەو تووڕەییە بووبێت کە دەمێك بوو کەڵەکەی دەکرد، دەمگوت باشە ئەگەر دەستی پێشپێش بە جێگەیەکی راسکۆ کەوتبێت، خۆ بە ڕووبارێك ئاو و کارگەیەك سابوون خاوێن نابێتەوە، یان ئەگەر یۆیۆ لێیدابێت دەبێت چ پەشیمانیەك دایگرێت، پەشیمانیەك تا سنووری هەڵقرچان و توانەوە، هەر خۆم بە خۆمم دەگوت نا ڕەنگە لەوەیان پەشیمان نەبێتەوە، ئەوەیان جیایە لەوەی گۆرین، باشم لە بیرە تووڕەیی یۆیۆم هاتەوە ناو چاو، ئەو کوڕە لە کاتی شەڕ و تووڕەبووندا دەتگوت ئامۆزای فیرعەونە، من جارێك لە قەندیلێ جێگەیەك هەبوو وابزانم (گوێزێ)یان دەگۆتێ، لەو گوێزەش بە هەڵەدا مەچۆ نەك هەر گوێز دەنکە بەڕوویەکیشت لێی نەدەدیتەوە، ئێ لەوێ ئەو یۆیۆیە هەڵەم نەکردبێت پێشپێششیش لەوێ بوو، دەمەو عەسرانێکی هاوین یان دەمەو پایزی لەگەڵ پێشمەرگەیەکی عەرەب بووە قڕەقریان، هەرچۆنێك بوو لێکیان کردنەوە و شەڕ نەکەوتەوە، بەڵام دیارە یۆیۆ بۆی لە ناو نانێکی گەرم هەڵگرتبوو، شەو نیوەی شەو، بووە هاتو هاوارێك، من هەر زراوم چوو، هەتا درەنگیش هەر وا تێگەیشتم کە بە سەرماندا دراوە، ئێ، ئەو یۆیۆیە لە کاتی ئێشکگریی خۆی و لە شیرنەی خەوێی ئەو، بە سەری داداوە، دەیانگوت بە ئاگاداری پێشپێششیش، چووەتە سەرسینگی و وەریگەڕاوەتێ، ئەگەر ئەو پیاوە خەوتووە دەنگی گەورە نەبایەو بارەگای وەئاگا نەهێنایە، ئەوا بێ هیچ گومانێك یۆیۆ دەبووە عیزرائیلی ئەو پێشمەرگە عەرەبە و بێ ئیزنی خوداوەند گیانی دەکێشا، دوایی نازانم چۆن ئاشتبوونەوە، بەڵام ئەوەم لە یاد ماوە کە ئەو یۆیۆیەی لە تووڕەبووندا فیرعەون بوو، پەشیمانیەك دایگرت گوێت لە هەڵقرچانی دەبوو، توانەوەیت دەدیت.. من کە ئەو وێنەیەی یۆیۆ و پێشپێشم دەهاتەوە پێش چاو، دەمگوت دەبێت چیان لەو راسکۆیە کردبێت و چی لێبکەن!

ناوزەنگ خەریکە بچێتە تاریکیەوە، غارغارێنەکەش درێژەی هەیە، گوێم لێیە دەڵێن:

کاکە بڕۆ وازمان لێبێنە، ئێ چیت لێمان دەوێ؟!

دەنگی راسکۆ بەرزتر و گریاناویتر دێتە گوێ:

دێمەوە، دێمەوە بە ئاڵای سوورەوە دێمەوە، ئەوەتا ئاڵای سووری کۆمەنیزم لە سەر گردەکەی (گردیش) لە سەر مزگەوتەکەی(بەلاشاوە) دەچەقێنم و هەتا دنیا دنیایە دەبێت بشەکێتەوە..

لە بیرمە ئەو وشە گریاناویانەی راسکۆ گریاندمیان، هێزیان لێمبڕی، کەمێك پێشتر دەمویست بچمە لای و دەستی بگرم و بیبەمەوە بۆ بارەگاکەی واحێد، ئیدی نەمتوانی.. گردیش و بەلاشاوەکەی راسکۆ هێزی بە پێوە راوەستانیان لێ وەرگرتمەوە، تا ئەو کات لە سەر بەردەکە راوەستابووم و وەك میلی دەمژمێر دەخولامەوە، لەگەڵ راسکۆ دەخولامەوە، ئەو تەوافی بارەگای دەکرد و منیش تەماشاچی.. ئەوانەی ئەوێ کەسیان لە واتای گردیش نەدەگەیشتن، بە چی بزانن، گردیش گوندێکە کەوتۆتەناو ئەو زوورگانەی ئەگەر لە سەر قەڵاتی هەولێرەوە رووەو رۆژهەڵات بڕوانی جوان دیارن، گردیش گوندی باوکی راسکۆیە، گردیش ئەو گوندەیە کە لە بن عەردەکەی لە کونێك لە کونەکانی ئەو عەردە لە لایەن ئەو کوڕەی وا راوی دەنێن، سەرمایەی مارکس خوێندراوەتەوە، بەلاشاوەش گەڕەکە لاچەپەکەی هەولێر ئەو گەڕەکەی رێك دەکەوتە سەر ئەو رێگایەی بۆ گردیش دەچوو، بەلاشاوە گەڕەکەکەی راسکۆ، ئەو راسکۆیەی لە حەوشەی ماڵێ و لە بن بەرمیلی ئاوێ کونێکی لێدابوو، زوو زوو بە خۆو کتێب و لایتەوە دەچووە ناوی و لە دنیا بزر دەبوو...

تەقەیەك بە ئاگای هێنامەوە، ئا، من لەوێ نەمابووم، بە رێی گردیشەوە گەیشتبوومەوە بەلاشاوە و لە دووی کونە فێرارەکەی راسکۆ دەگەڕام، تەقەکە منی هەڵدایە سەر بەردێکی بەرزتر، بەردەێك لە هاوینان و وەختی عەسران بەشێك لە

باخەکەی ڕێبوار عەرەبی لە سێبەر دەگرت، ئەو دەمەی تەقەکە منی بە ئاگاهێنایەوە و هەڵیدامە سەر بەردی سەر باخەکە، ناوزەنگ خەریکبوو بچێتە تاریکیەوە، بەلاّم هێشتا گابەرد و بەران لێکجیا دەکرانەوە، هێشتا بینایی راسکۆی تێکەڵی پێشپێش و یۆ یۆ نەدەکرد.. گوێم لێبوو، گوتیان:

چ نیە هەر بۆ ترساندنیەتی..

لە دوای تەقەکە راسکۆم دیت لەو پێچە دەسوورایەوە کە ناوزەنگی دەگەیاندەوە زەلێ، راسکۆ بزر بوو، ئەو کوڕەی لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو، لە تاریکی بزر بوو، بەلاّم دەنگی هەر دەهات، دیار بوو درووشمەکانی خۆی دەگوتەوە، دواتریش هەموو سەر لە ئێوارانێك گوێم لە هاواری راسکۆ دەبوو، لە گوێی من دۆڵی ناوزەنگ بووە دۆڵی هاوار.، جارێك برادەرێك گوتی:

گوێ خۆت لەو هاوارە بەتاڵنەکەیتەوە، دڵنیابە سەر لە ئێوارەیەك شێت دەبیت و بە دەردەکەی نەجات دەچیت...

پێدەچوو ماوەیەکی باش لە سەر بەردی گەورە بە هەڵتووتکاوی مابمەوە، لە بیرمە دەستێك ئێستا لە بیرم نیە کێ بوو، منی بردەوە ژووری، ئەوەشم لە بیرە ئەو شەوە خەوم لێنەکەت، هەر ئەو شەوە نا شەوی دواتریش، دواتر پێکەوتم کە راسکۆ پەڕیوەتە ئێران، راستی من سەرەتا وای بۆ چووم کە خۆی رادەستی حکومەت کردبێتەوە، راسکۆ هەلاّت و بێخەوی بە برژانگمەوە هەڵواسی، راسکۆ هەلاّت و هاوارێکی ترسناکی رژاندە گوێی منەوە، راسکۆ هەلاّت و لە گێڕانەوەی سەرهاتەکانی راسکۆلنیکۆف و ئەوانیدی کردم، راسکۆ هەلاّت و بۆنی گولاّویی بەلاشاوەشی لەگەڵ خۆی برد، ئەو کوڕەی لە ماڵی کتێبەوە هاتبوو، ئەو کوڕەی رەنگە هەر کتێب ئەوەی بە سەرهێنابێت کە بەسەری هات، راویان نا، هەلاّت، هەلاّت..

باش بوو کۆڵەپشتەکەی دکتۆر هۆشەنگ فریام کەوت، ئەو کۆڵەپشتەی لەوەتەی هەیە حەبی خەوی لێنەبڕاوە، ئەو دکتۆرە هەر بە حەب نا بە نیو بوتل عەرەقیش بە هانامەوە هات..

لە بیرمە رقم لە دونی ئارام هەستا، هاتەوە بیرم ئەوە سێیەم جارە هەر جارەی لە جێگەیەك دەست بە خوێندنەوەی بکەم، هەر جارەی شتێك بووە هۆی ئەوەی دەستبەرداری بم، ئەوەشم لەبیرە گوتم:

ئیدی دونی ئارام ناخوێنمەوە..

دوای ئەوەی دنیای سیاسەت لە پڕدا سەرمەقولاتێکی خواردو هاتینەوە شار، برایەکی راسکۆ هاتە لام و دەیویست ئەو کەسانە بناسێت کە ئەزیەتی براکەیان داوە، چاوی سوور و رەنگی رەشهەڵگەڕابوو لە تۆڵە، منیش سەرهاتی راسکۆم لە نووکەوە وەك خۆی بۆی گێڕایەوە، بێجگە لە پەڕاندنی پێشپێش و یۆیۆ دێرێك چیە نەمپەڕاند، پێش ئەوەی ماڵئاوایی بکات دیتم رەشی و سووریەکەی تۆڵەی کالببوونەوە، دواتر بیستم راسکۆ کتێبخانەیەکی کردۆتەوە، لە دڵی خۆم گوتم رەنگە ناوی لێنابێت کتێبخانەی زۆربا یان راسکۆلنیکۆف، کاتێ کتێبخانەکەیم دیتەوە، لە دوورەوە پیتە گەشەکانی(مەم و زین) لە چاو دەدرەوشانەوە، تەماشای چاویم کرد هێشتا...

دوو شەو لە مێوانداریی ئیمام

لە دوایوەی ئەنفال هەڵێداین و خۆمان بە بنەگوێنیەکانی قەندیل گرتەوە، لەوێ لە سەهۆڵبەندانی ئەوێ، لە بن تاشەبەردەکان وەك بەراز غەزرین و تا بەهاری رابوونی

گەورە ماینەوە، لەو ماوەیە من سێ جار ئاودیوی دیوی رۆژهەلاّت بووم، هەر جارەی سێ شەو لە شارەکانی رۆژهەلاّتی ژێر عەبای ئاخوندان مامەوە، لەو نۆ شەوە دوو شەو مەبەستە و بەو گێڕانەوەیە پەیوەستە...

درەنگە، جادە کەسی پێوە نەما، ماڵنووستنانە، شار کشومات، دەڵێی لە بن بەفر خەوتووە، چی بکەم! کێ پەنام دەدات؟ چەندی سەر دێنم و دەبەم رێی سێیەم شکنابەم، تەنێ دوو رێم لە پێشە، یەکیان رووەو سەرێ، تا دەگەیتێ کۆلاّنی تەنگ دەتداتە کۆلانی تەنگتر و پێ بە پێش بڵندتر، رێگای دووەمیش بەو خوارەدا بەو جادەیە وەك بیستم هێندە شۆڕنابیتەوە، ئێستا لە پێش دەرگای مزگەفتێکم، ئیدی چار نیە، درەنگە با پێ هەڵێنم، یان سەرێ یان خوارێ، کامیان؟

+ دەڵێی تۆش وەك ئێمە جێی شەوت نیە؟

- ئێوەش! وا دیارە ئەو شارە پەنامان نادات.

لەو سەروبەندەی دەمویست رێیەك هەڵبژێرم تووشی ئەو دوو رێبوارە بێ جێورێیە بووم، لە خۆم بێ جێورێتر، ئەوەتا سێ پیاوی لە ماڵ و ولاّت راونراو لە درەنگانی شەوێکی بەهاری لە پێش دەرگای مزگەفتێکی شاری سەردەشت، دەڵێی دەرۆزەکەرین لە بەردەم قاپیی ماڵی خودا و دیارە خودا دەرگامان لێناکاتەوە، لە سەر ئەوە بووین رێی خوارێ بگرینە بەر، بووە تەقوتۆق و زرموهۆڕ، لە ئاسمانی سەردەشت گوللە بە گوللە دەکەوت، گیزەی گوللە مەرگی پێیە، ترس دێنێ، وا دیارە بە سەر سەردەشتیان دادا، تونتر لە دەرگای ماڵی خودامان دا، نەیکردەوە، دیواری حەوشەی ماڵی خوداش هێند نەوی نیە، بتوانی بە سەریدا ئاودیو بیت، گوللە بە جادە و کۆلاّناندا دێ، تەق، تەپ..دەڵێی شەڕی گەورە کەوتۆتە ئەو کۆلاّنەوە، گوللە بوار نادا جێگۆڕکێ بکەین، بە پێوە پشتمان بە دواری ماڵی خودا داوە، لەگەڵ دیوار خۆمان کردۆتە یەك، پیاوێکیان کە کەتەی قەڵەوە بە هەردووکمان هێندەی وی نابین، پێدەچێ پتر بترسێ، گوێم لێیە لە خودا دەپاڕێتەوە:

((خودایە بمانپارێزە، خودایە هانامان بۆ ماڵت هێناوە،دەرگا بکەوە))

من زۆریش دەترسام لەگەڵ ئەوەش گوتم:

مەترسێ، جێمان خراپ نیە، گوللە نایگرێتەوە..

پتر ترسا:

خودایە، ئەو دیوارەمان بۆ برووخێنە..

پیاوەکەیدی کە کورتیلەی رەقەڵەیە بە پێکەنینەوە:

خودا بە دەستی خۆی ماڵی خۆی ناروخێنێ، توند قوونی لێدە دەرووخێ!

چەند سەختە مردن لە بن دیواری ماڵی خودا لە ختوخۆڕا، چ پووچگەراییە مردن بە گوللەیەك نازانی لە کێوە و بۆ کێ دێ، لە کوێوە و بۆ کوێ دەچێ، تۆ بەرێ خۆ دێ، من بە ناو ئەو هەموو شەڕو شۆڕەدا هاتم، نەمردم، سەنگەرم لە سێبەری کۆپتەر بوو، نەمردم، چەند شەقاوێ دوور لە زنجیری دەبابە دەست لە سەر پەلاپیتکە و هەناسەم لە خۆم بڕیبوو، نەمردم، بە کەلێنی تۆپەکاندا گورگە لۆقەم دەکرد، نەمردم، بە سەر میندا بازم دەدا و خۆم لە ساچمە لادەدا، نەمردم، لە شەڕەکان لە بۆسەکان گوللە وەك تەزرە دایدەکرد، نەمردم، کەچی ئێستا، لە درەنگانی شەو، لە بن دیواری مزگەفتی سەردەشت گوللەیەك کە پەیوەندی بە منەوە نیە، جێم دەکاتە ئەو جێ و ساردم دەکاتەوە، ئای چ کەرایەتیەکەم کرد کە زوو رێی سەرێم نەگرت..

تەقە کەمێك کەمبۆتەوە، گیزەی گوللە نایە، نەما، تەقە نەما، پیاوە قەڵەوەکە دەڵێ:

سوپاس خودایە، سوپاس سەگتۆپت نەکردین.

هەر بە دیوارەوە نووساوین، پیاوە رەقەڵەکە گوتی:

دەی تا تەقە دەستیپێنەکردۆتەوە با بڕۆین..

کەتەی قەڵەو:

بە تەمایە دەستپێبکاتەوە؟

من هەر لە خۆوە گوتم:

نا، بڕواناکەم..

کەتەی قەڵەو پرسی:

بچینە کوێ؟

دوا دەنگی پرسیارەکە تێکەڵی دەنگی سێ چوار چەکدار بوو، بە فارسی لێیان خوڕین و دەستیان پێبەرزکردینەوە و راپێچیان داین، رووە و جادەکەی خواریێ، بۆ کوێ؟ چەندی گوتمان:

((چرا چرا؟ کوجا کوجا؟))

کەلکی نەبوو لوولەی تفەنگیان لە سەر پشتی ملمان دانابوو، بە غار غاریان پێدەداین، قیڕسی لەوە، هەر هەڵە نەکەن و بیتەقێنن! گەیشتینە سەرە کۆڵانێک، سووڕاینەوە و لە پێش خانووێکی کەمێك گەورە وەستاین، بە پۆلیسخانە دەچوو، پازدە بیست چەکدارێك دەست لە سەر چەك تێکدەسووڕان، لە ناویان دوان یان سێیان بە جلکە کوردیەکەیان زانیم جاشن، ئێمەیان لەو گۆڕە راگرت، جاشێکیان کە خرکەلەیەك بوو هاتە بن گوێم و گوتی:

ئێوە خەڵکی کوێن؟

گوتم:

ئێمە هی ئەو دیوین..

جاش گوتی:

ئەدی بۆچی گیراون؟

گوتم:

لە خۆڕا، لە جادە بووین، جێمان نەبوو..

جاش گوتی:

کەس ئاگای لێتان نیە، دەتوانن خۆ بدزنەوە و خۆ بزربکەن..

من گوتم:

بەلاَم ئێمە هیچمان نەکردووە..

جاش گوتی:

بە قسەی من دەکەن، بڕۆن و خۆ بدەنە پەنایەك.

من گوتم:

بەلاَم لەو نزیکانە چ پەنایەکمان نیە و دەمانگرنەوە، دە تۆ پەنایەك...

قسەکەم تەواو نەکردبوو، چوار پێنجێك هاتن و رایانپێچاین، خۆمان لە ژوورێکی گچکە کە هەر گەزێك بە گەزێك دەبوو دیتەوە و لەو دیویشەوە دەرگاگەیان کلیل دا، پیاوە رەقەڵەکە گوتی:

کوڕە خۆ لە ئاودەستیان کردین

کەتەی قەڵەو گوتی:

ترحێو لەو کۆماری ئیسلامیە!

منیش گوتم:

لە دەستمچوو بە قسەی جاشەکەم نەکرد..

جاری یەکەمە لە ئاودەست بکرێم، زۆرم لە بارەی ئاودەستەوە بیستبوو، زۆر کەس شەویان لە ئاودەست کردۆتەوە، زۆر برادەر و ناسیار دەیانگێڕایەوە:

((گرتمیان، لە ئاودەستیان کردم، شەو و رۆژێك لە ئاودەستیان هێشتمەوە، بۆنی گووی دنیام گرت، ئێستاش لێمنەبۆتەوە))

ئەوشەو بە پێوە لە ئاودەستمان نەهێڵنەوە، ئەو جێیە جێی پێنج کەسی لێنابێتەوە، ئاخر پیاوە کەتە قەڵەوەکە بە قەد سێ کەس دەبێ، پیاوە کورتیلە رەقەڵەکە بە قەڵەوەکە دەڵێ:

کەمێك ورگت لادە پانبوومەوە

کەتەی قەڵەو بە هێواشی دەڵێ:

ئێ بیخەمە کوێی کۆماری ئیسلامیەوە؟!

من دەڵێم:

کوا چ ورگی هەیە! هەر بایی یەك حەفتەی زیندانە

رەقەڵەکە:

بۆ پێتوایە حەفتەیەك دەمانهێڵنەوە؟

قەڵەوەکە:

ئێمە کەوتووینە کۆماری ئاودەستەوە، ئەگەر بە حەفتە لێی دەربچین مەمنوونین.

رەقەڵەکە:

کۆماری ئاودەست چیە؟

قەڵەوەکە:

لە کنە من کۆماری ئیسلامی گۆڕا بۆ کۆماری ئاودەست، ئێران کەی کۆماری ئیسلامیە!

من:

هێواش قسەبکە گوێیان لێبێ شلوکوتت دەکەن

قەڵەوەکە:

ئاخر ئێمە چیمان کردووە، وا لە ئاودەستیان کردووین! ئێوە بۆن ناکەن؟ چ بۆنێکی لێدێ!

من:

بۆنی کۆماری ئیسلامی لێدێ؟

قەڵەوەکە:

دەق وایە

رەقەڵەکە:

کوڕینە من دەترسم، زۆر دەترسم بەرگەی لێدان ناگرم

من:

بەلاّم کێ دەڵێ لێماندەدەن، رەنگە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ بکەن و بەرەڵامان بکەن، ئێمە نە ئێرانین و نە هیچمان لە سەرە..

رەقەڵەکە:

پێناچێ وا بە ئاسانی لێیدەرچین

قەڵەوەکە:

ئێ، با قامچیەك و دوو زللە و پێلەقەت لێبدەن

رەقەڵەکە:

بە خوا یەك قامچیم لێدەن دان بە هەموو شتێکدا دەنێم..

لەو دەمە دەرگایان کردەوە، رایانکێشاینە دەرەوە و هەر لەوێ دەستیان لە پشتەوە بەستین، پێشەوەی سواری ماشێنمان بکەن، چاویشیان بەستین، پیاوە قەڵەوەکە بە تووڕەیی:

((لۆ وامان لێدەکەن، چیمان کردووە))

وا بزانم قۆنداخە تفەنگێکیان خەواندێ، تەق و تۆق نەمایە، دەنگ هەر دەنگی چەند ماشێنێکە کە زۆر بە توندی ئیستاپ دەگرن و بۆنی تایە بە شاردا بلاّودەکەنەوە، ئێستا لە ناو ماشێنێکین، هێند خێرا دەڕوا بە سەر یەکدا دەکەوین، دەبێ بۆ کوێمان ببەن؟ لە ترێ سەی نەچین! رەنگە بیست سی پێچی کردبێتەوە، لە هەر پێچێك سەراوبن دەبین، ئێستا بە هەورازەیەك هەڵدەگەڕێ، هەبێ نەبێ بەرەو شوێنە ترسناکەکەمان دەبەن، پێشتر جارێك کاوەی کەلکەسماق گوتی:

((ئەها ئەو سەرە وا بزانم شوێنی لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانە))

دەق وایە بۆ ئەوێمان دەبەن، دایانبەزاندین، چەند پێبلقەیەك سەرکەوتین، تەواوێك رۆیشتین، دەمانپشکنن، کاتژمێرەکەیان لە دەستم کردەوە، سووم لێنەبۆوە، پاکەت و چەرخەکەمیان برد، ماڵم کاوڵ بوو، دەستی خستە ئەو گیرفانەی نزیکەی چوار سەد

تومەنێك و پەڕە كاخەزی پەڕینەوەی تێدا بو، وا بزانم نەیانبرد، چ لە چاوبەستن ناخۆشترە! من جاری یەكەمە تووشی چاو بەستنی بە راستی ببم، بەلاَم جاری دووەمە چاوبەستن بمترسێنیّ، لە بیرمە مندالّ بووم، زۆر مندالّ، هێند مندالّ لە چاوبەستنی بە قەستیش هەترەشم دەچوو، خوشكێكم دوو سیّ سالّیّ لە من گەورەتر، هەر من و ئەو لە مالّ بووین، گوتی:

وەرە گەمەی دەست و چاوبەستن بكەین

بە خۆشیەوە گوتم:

دەی! خۆشە

دوای ئەو هەموو سالّە هەر دەلّێی ئێستایە، چوو دۆخینی لە شەروالّەكەی بابم دەرهێناو هات لە پشتەوە توند دەستمی بەست، دیتم، چوو چەفیەكەی دایكمی هێنا، هات چاومی بەستەوە، بە دەنگێك چ لە دەنگی خوشك نەدەچوو، زۆر ترسناك هاتە گوێم:

((ئەوجا چ دەكەی؟ من دەڕۆم))

بە تۆقین تۆقیم، زیڕاندم، دنیام بە سەردا كاولّ بوو، نەمتوانی لە جێی خۆم بجوولێم، پێموابوو پێشم بەسترایە، بۆ چەند ساتێك هەستم بە بزربوونی تەواو كرد، بزربوون لە دنیا، وا تێگەیشتم كۆتایی دنیایە و ئیدی بە دنیا ناكەومەوە..

ئێستا بە دەست و چاوی بە ستراوەوە پێبلكە پێبلكە شۆڕدەبینەوە، بۆ چەند ساتێك هەمان هەستی بە دنیا نەكەوتنەوە لام زیندوو بۆوە، نازانم چەند شۆڕبووینەوە، زللە و پێلەقەش ناژمێردریّ، من كەوتم و قیتیانكردمەوە، رایانوەستاندین، دەلّێی دەستم دەكەنەوە! كردیانەوە، لە دەرگایەكیان ئاودیو كردم، گوێم لە دەنگی كلیلدان بوو، چاومم كردەوە، لە بیرم چووبوو بلّێم چاومیان بە پشتێنەكەی خۆم بەستبوو، ژوورەكە بیّ گلۆپە، بەلاَم رووناكایی راڕەوەكە تروسكاییەك دەداتە ژوورەكە، باشە دوو برادەرەكەشم لەگەلّە، لەگەلّ چوار كەسیدی،

ژوورەکە هەر جێی سێ جێی لێدەبێتەوە، پیاوێکی پیر خانەخوێیانە بە خێرهاتنی کردین، قەڵەوەکە گوتی:

تۆ دەمێکە لێرەی؟

خانەخوێ گوتی:

نا، حەفتەیەکە.

ئێمە شەش کەس تازە مێوانین، سێ باشووری و سێ رۆژهەڵاتی، خانەخوێ خۆی نەناساند، چەندی پرسیان نە ناو نە جێ خۆی نەگۆت، بۆ ناوەکەی دەیگوت:

ناوم ناوێکی خودایە.

بەڵام چوزانین لەو هەزار ناوە کامیانە، بۆ شارو گوندەکەشی دەیگوت:

خۆتان هەڵیدەن و بزانن.

ئەوەش زەحمەتە، هەر جارەی بە شێوە زارێك قسەی دەکرد، یان رستەکانی تێکەڵەیەك بوون لە شێوەزارەکان، بەڵام لە جۆری دەنگ و گۆکردنی پێدەچوو لە خزمەکانی سمکۆی شکاك بێت، خۆ لە سیماش هەر لەوی دەکرد، لەوێ ناوی کەتەی قەڵەو و کورتیلەی رەقەڵەم زانی، بەڵام حەیف زوو ناویان لە یادەوەریم سڕایەوە، چەندێ دەگەڕێم پیتێکیش لە ناوەکانیان، ناوی سێ رۆژهەڵاتیەکەش لە یادەوەریم نابینمەوە، منیش هەر بە و ناوە خۆم ناساند کە لە (پەڕی پەڕینەوە) نووسرابوو، ئای لە گیرفانم نەماوە، بردوویانە، ئەوەی دەستی لێنەدراوە، پارەکەیە، تەزبێحە قەزوانیەکەشم، نەماوە، من چی بکەم بێ جگەرە و بێ تەزبێح، تەزبێحەکەم دیاریی مام بایز بوو، پێشمەرگەیەکی کەمێك بە تەمەن بوو، هاوینی ئەولاتر لە لە بەرانبەر کلکەی قەندیلێ ماڵە رەبەنیەکەی لە بن دارقەزوانێ بوو، هەر قەزوانی لێدەکردەوە و بە دەم پێچانەوەی جگەرە تەزبێحی دروستدەکرد، ئای بۆ جگەرەیەکی مام بایزی، چ مەینەتیەکە زیندان بێ جگەرە، دوو مێوانیدیش هاتن، ئەوانیش خەڵکی رۆژهەڵاتن، ئێستا رەنگە بەرەبەیان بێ، خەوێکی قورس دایگرتووم، ئای ئێستا چەند خۆشە لێی

راکشێی، بەڵاّم جێی دانیشتن نیە، هی راکشان لە کوێ بوو! خەوەنووتکەم دەبردەوە، دەبۆرژام لاربوونەوەی سەرم بە ئاگای دەهێنامەوە، زینـدان مەیلـە و کپـە، وا دیـارە مێوان نەما، دەنگی پێی پاسەوانانیش هەستی بـۆ رانـەگریت ناگاتـە گـوێ، لـە پـڕ هاوارێـك دەرگـاو دیـواری ژوور ژوور ژوورەکـانی زینـدانی بـڕی، هاوارێـك هـاواری نەپساوەی بە دوادا هات، خانەخوێ گوتی:

چ نیە، خۆتان لەگەڵی رابێنن.

پیاوە کورتیلە رەقەڵەکە کە لە تەنیشت من لە سەر چۆك دانیشتبوو، بە هێواشـی گوتی:

زۆر دەترسم من بەرگەی لێدان ناگرم..

گوتم:

مەرج نیە لێتبدەن.

پیاوە کەتە قەڵەوەکە کە لە پێش هەردووکمانەوە دانیشتبوو:

چ نیە، لە منت نەکەوێ، مەترسێ..

کورتیلەی رەقەڵە:

دەترسێم، پێشەوەی لێمدەن هەموو شتێك دەڵێم..

کەتەی قەڵەو:

باشە، چ دەڵێی، چیت لە سەرە؟

کورتیلەی رەقەلە:

هیچ، بەڵاّم هەموو شت دەڵێم..

کەتەی قەڵەو:

تێتناگەم، هێندەی من بتناسم هیچت لەگەڵ ئێران نیـە، بـە مـن نـاڵێی تـۆ چـی دەڵێی؟!

کورتیلەی رەقەڵە:

وایە، نازانم، بەڵام لێمدەن دەمرم، بۆیە هەرزوو دانپێدادەنێم و ناوی سەد کەس دەڵێم

گوتم:

ناوی کێ و بۆچی دەڵێی

کورتیلەی رەقەڵە:

نازانم، نا، دەیلێم، هەرچیان لێم بوێ دەیلێم

کەتەی قەڵەو:

ئەگەر هیچیان لێت نەوێ

کورتیلەی رەقەڵە:

هەر دەیلێم، لێمدەن دەیلێم

گوتم:

باشە ئەگەر ناوی منت گوت دەڵێی چی کردووە؟

کورتیلەی رەقەڵە:

نازانم، بەڵام دەیلێم، ئەرێ ناوت چی بوو؟

کەتەی قەڵەو:

بە راستی تۆ شێت بوویت و قسەت لەگەڵ ناکرێت..

کەمێك لەو پیاوە کەوتمە گومانەوە، تۆ بڵێی دەستی لە شتێك نەبێ، باشە بۆچی هێندە جەخت لە دانپێدانان دەکاتەوە، نا بڕوا ناکەم هیچی لە هیچدا هەبێ، هەبێ نەبێ ترساوە و چیدی لە گۆڕێ نیە، بڵێم چی! تێناگەم..

ئەشکەنجە بنی نایە، هاوار و پاڕانەوە بێ کۆتایە، ئیدی زیندانە و زیندانیش دیارە ئاوایە، جاری یەکەمە بکەومە زیندانەوە، کاتی خۆی لە هەولێر دوو دەمژمێرێ لە بنکەیەکی پۆلیس دەستبەسەر مامەوە، هێندە و تەواو، چیم لە خۆم کرد، لە هیچو خۆڕا تووش بووم، بە دەستی خۆم خۆم تووش کرد، تۆ بڵێی منیش ئەشکەنجە

بدەن! چیم کردووە! هیچم لە سەر نیە، ئەوجا چیە، زیندان ئەوە دەزانیٚ! زۆر کەس لە ختوخۆڕا گیراون و شتی گەورەیان دراوەتە پاڵ و لە سێدارەش دراون، یان چەند ساڵ لە کونجی زیندان ماونەتەوە، ئەشکەنجە! من لە پیاوە رەقەڵەکە پتر لە ئەشکەنجە دەترسم، بەلاٚم ئەوەیە باسی ناکەم و بە سەرخۆمی ناهێنم، ئەگەر لێمدەن، دەبیٚ منیش وەك ئەوکەسە بپاڕێمەوە کە ئەوەتا زیندانی مشتکرد لە پاڕانەوە؟ نا، شەرمە من ناپاڕێمەوە، نابیٚ بباڕێمەوە، جگە لەوەی پاڕانەوە بەلاشە، شەرمیشە، بۆ پێشمەرگە شەرمە پاڕانەوە، پیاوە قەڵەوەکە بە رستەیەك دەستمی گرت و لە ئەندێشەی ئەشکەنجەیی دەرهێنام:

چیە سەرمات بووە، یان هی بیٚ جگەرەییە هێندە دەکۆخی؟

ئاگام لە کۆخەی خۆم نەبوو:

من! کوا زۆر دەکۆخم؟

گوتی:

هێشتا! وا بزانم سینگت لە قیڕ خاوێنبۆوە.

خانەخوێکە بە دەنگێکی نێرانە:

ئەوشەویشمان لە ماڵی ئیمام کردەوە، خۆتان بیلێن چۆن مێوانداریەك بوو!

کەتەی قەڵەو:

ئەو مێوانداریە هەرگیز لە بیرناچێتەوە..

ئەشکەنجەدان راوەستاوە، ناڵەناڵ کەمبۆتەوە، سەر و سەبکەیان بۆ هەڵداینە ژووریٚ، سەموونەکە هەر لە سەبکەی سەگ دەچوو، بریا وەك ئەو سەبکەیەش گەرم ونەرم با کە دەدرێتە سەگ، دێتە بیرم نەنکم لە کەپەك و ئەو شتانە سەبکەی دەخستە سەر سێرەوە و خاوە برژی دەکرد، من جارێك پێش سەگەکە گەزەیەکم لێیدا، نەرم و گەرم و بە تام بوو، بەلاٚم سەبکەی زیندانی سەردەشت، پڕمان دایێ، رەق رەق لە دڵی

پاسەوانی زیندان رەقتر، لە قسەی پاسەوانی زیندان ساردوسڕتر، لەگەڵ ئەوەش خواردمان، خانەخوێ گوتی:

بیخۆن، ئیمام هەر ئەوەی هەیە، گللەیی مەکەن..

کەتەی قەڵەو:

وایە، میوانی ناوەخت، گللەیی لە سەر خۆیەتی

نازانم بۆچی کە خانەخوێ قسەیەکی دەکرد جگە لە کەتەی قەڵەو کەس وەلامی نەدەدایەوە، کەس قسەیەکی نەدەکرد، کورتیلەی رەقەڵە هەر هەڵدەلەرزی، ئەوانیدیش قرِوقەپیان لێکردبوو، منیش هەروا، ئای بۆ جگەرەیەك لە دوای سەبکەی سەگ دایگیرسێنی! خۆ ئەگەر پێشتر چایەکیشی بە سەردا بکەیت ئەوە هەر مەپرسە! حەیف، رۆیشت ئەو ساتانەی هەر ویستت دەست بۆ جگەرەی ببەیت و دووکەڵ بە دنیادا بکەیت.. دەرگایان کردەوە، تێگەیشتم بۆ دەست بە ئاوگەیاندنە، خانەخوێ بە ئەسپایی هەر ئەوەتە گوێم لێبوو:

((چوون لێ لێیە، گەڕانەوە لۆ لۆ..))

کەتەی قەڵەو گوێی لێنەبوو، دەنا قسەیەکی هەر دەکرد، ئەوە خۆشە! تا دەگەیتە ئاودەستەکە دوو سێ قۆنداخە تفەنگ و سێ چوار شەقت پێدەکەوێ، پێمکەوت، کات لە لای پاسەوانانی زیندان زۆر بە نرخە! بە تایبەتی لە ئاودەست،، نابێت لە دوو سێ خولەك پتر بمێنیەوە، باش بوو من لە وادەی خۆی تەواو بووم، گوێم لە پیاوی کەتەی قەڵەو بوو، دەیگوت:

ئەنگۆ ئیسلام نین! ناهێلن گووەکەش بکەین! بە من نالێن لۆ وە لە مە دەکەن، خودا ناناسن، خودا خودا ؟!!

دوو سێ پاسەوان کەوتنە سەری، نازانم تێیگەیشتن یان نا، گوێم لێبوو یەکیان بە فارسی گوتی:

کوڕی قاحپە، لێرە بە دوای خودا مەگەڕێ..

لە گەڕانەوەش یەك دوو شەقم خوارد، بەلام قۆنداخم بەر نەکەوت، چاوێکم بە ڕارەوەکەدا گێڕا، دوور و درێژ بوو، دەرگاکانم بۆ نەژمێردرا نەمزانی زیندان چەند ژوورە، پیاوە کورتیلە ڕەقەڵەکە دەتگوت لە ناو بەفری قەندیلە، هەڵدەلەرزی:

بە خوا باوکم، من چیتر بەرگەناگرم، قۆنداخێك و شەقێکم خوارد...

کەتەی قەڵەو بە پێکەنینەوە:

بەرگە ناگری، گونم بگرە، دەتەوێ چ بکەیت؟

کورتیلەی ڕەقەڵە:

ئێستا کاتی گاڵتەیە؟!

کەتەی قەڵەو بە گاڵتەوە:

بە ڕاستیمە، گاڵتە ناکەم

من لەوە تێنەگەیشتم ئەودەمەی خۆمان دەخیلی دیواری ماڵی خودا کردبوو، گوللە دەباری، قەڵەو زراوی چووبوو، تۆقیبوو، ڕەقەڵە گاڵتەی دەکرد، کەچی لە ژووری زیندانێ پێچەوانە بۆتەوە، خانە خوێ گۆتیە کورتیلەی ڕەقەڵە:

مێوانی ئازیز دەڵێی جاری یەکەمتە سەردانی زیندانێ بکەیت؟

کورتیلەی ڕەقەڵە فووێکی توندی لە دەستی کرد، ڕێك دەتگوت قوتابیی سەرەتاییە و مامۆستا دووسێ ڕاستەی لە سەر تی لێداوە:

نا، کاتی خۆی لە بازگەکەی سلێمانی_کەرکوك گیرام..

کەتەی قەڵەو:

ئێ، لەوێش دانت بە تاوانەکانتدا نا؟

کورتیلەی ڕەقەڵە:

زللەیەکیان لێدام، لە سەر سەر سووڕام، زللەیەکیتری بە دوادا هاتبا، هەموو شتم دەگوت

خانەخوێ:

چیت دەگوت؟ دەتگوت من پاسدارم بردە ناو هەڵەبجە!

کەتەی قەڵەو:

نا، دەیگوت من بووم تەقەم لە پارێزگاری هەولێر کرد..

کەس تیکەڵی قسەی کورتیلە و کەتە و خانەخوێ نەبوو، قسە درێژبۆوە، دەرگا کرایەوە، دەنا قسە وا زوو نەدەبڕایەوە، پاسەوانەکە چاوێکی خێرای بە ژوورە نۆ کەسیەکەدا گێڕا، نیگای لە سەر من گیرکردو ئاماژەی کرد کە بچمە دەرێ، چووم، چاو ودەستمی بەست، قەوما! ئەوەی لێیدەترسام گەیشت، دەبێ بەرگەی ئەشکەنجە بگرم!! زۆر ترسام، خۆزگە کەسێك چاوی لێم دەبوو بۆ ئەوەی ئێستا پێمبڵێ، پێیەکانت زەویان دەگرت! راستی نایەتەوە بیرم لەرزی بم یان نا، دەنا ئێستا بە ئازایەتیەوە ترس و لەرزینی خۆم دەنووسیەوە، چەند دێرێکیدم دەخستە سەر ئەو دێرانە، ئێ، پیلی گرتم و بردمی، جیڕەی دەرگایەك هات، بردمیە ژوورێ، ئێستا لە سەر کورسی دانیشتووم، سێ چوار خولەکێك هەستوخوست نەبوو، چاوەڕێم لە پڕ زللەیەك، مستێك، پێلەقەیەك، قۆنداخێك، قامچیەك، هاوارم لێبەرزبکاتەوە، تۆ بڵێی ئەو کورسیەی لە سەری دانیشتووم، کارەبا نەبێ!! ئیدی وا چاوەڕێی ئەشکەنجەم، خودایە زوو بێ، چ لەو چاوەڕوانیە ناخۆشترە! دەی جەلاد، قامچیەکەت بە گەڕبێخە و وە دەنگم بێنە، بێدەنگیی ئەو ژوورە کوشتمی، خشەخشێك هات، هەستدەکەم کەسێك لە بەرانبەرم دانیشتووە:

+ئیسمێ شوما چیست؟

- من فارسی نازانم

ئەو بە فارسی هەندێ قسە و چەند پرسیارێکی کرد، بەڵام من هەر بە (نازانم، فارسی نازانم)ی کوردی وەڵامم دەدایەوە، من نەمدەویست ئەو بزانی فارسی دەزانم (کەمێك فارسیم دەزانی)، بۆ من باشتر بوو فارسی نەزانم، لەوێ وا تێگەیشتم چەندی نائێرانیتر بیت، بارت سووکترە، دەترسام ئەگەر بزانێت کەمێك فارسی دەزانم، بە

ئێرانیم دابنێت، ئێ، کابرا ناچار بوو ببێتەوە کورد، بە کوردیەکی کرماشانی تێکەڵ بە سنەیی پرسی:

+ ناویت چیە؟

- ناوم شوان ئە.خ

ناوی سەر (پەڕی پەڕینەوە)م گوت، ئەو ناوەی تایبەت بوو بۆ چوونە ئێران..

+ ئیشت چیە؟

- پێشمەرگەم

+ لە چ پارتێکی؟

- پارتی کۆمۆنیستی ئێراق

+ سەرۆکتان ناوی چیە؟

- عەزیز محەمەد

+ ئێستا لە کوێیە

- نازانم

- ناوی پێنج لە سەرکردایەتی پارتەکەت بڵێ

+ کەریم ئەحمەد، ئەبوو... ئەبوو..

چەند ئەبووێکم گوت، زوو لەوە گەیشتم ئەو دەیەوێت بزانێت کە بە راستی من پێشمەرگەی پارتی کۆمەنیستم یان نا، دیارە ئەگەر بتوانم بیسەلمێنم کە درۆناکەم بۆ من باشترە، ئەودەم پارتی کۆمۆنیست پەیوەندیی هاتوچۆی لەگەڵ ئێران هەبوو، من دوو جاری پێشوو بە (پەڕی پەڕینەوە)ی سۆسیالیست سەردانی ئێرانم کردبوو، بەڵام ئەو جارە بە هی کۆمەنیستان، لای هەردوو لاش هەر ئەو ناوەم هەبوو کە ئێستا بە کابرای لێکۆڵەرم گوت..

+ لە رێزی پێشمەرگەکانتان هەندێ کەسی ئێرانیش هەیە، وایە؟

- لەو بارەیەوە هیچ نازانم

+ باشە پێمبڵێ بەو درەنگانی شەوە چیت دەکرد لە ناو بازاڕ؟

- درەنگ گەیشتمە سەردەشت، مێوانخانە داینەکردم..

+ ئەدی ئەو دوو کەسەی لەگەڵت بوون چیتن؟

- نایانناسم، بە ڕێکەوت لە بن دیواری مزگەفتەکە تووشیان بووم

لێکۆڵەرەکە پرسیار لە دوای پرسیاری لێدەکردم، نەیدەهێشت وەڵام پرسیارێك تەواو بدەمەوە، پرسیارێکیدی دەکرد، ئیدی وەڵامەکان پس پس دەمانەوە، بەڵام دیارە ئەو لای خۆی لێکدی گرێدەدانەوە، ئێستا لە کونجی زیندانێ ئەو سەرهاتەی بە سەرەدێر و کورتی بۆ لێکۆڵەرم گێڕایەوە، وا بە دڵوداو بۆ خۆمی دەگێڕمەوە:

دەمەو نیوەڕۆیە، لای لەفەفرۆشێك هەر بە پێوە دوو لەفەم ئاودیوکرد، سواری شڕە ماشێنێك بووم، پێدەچوو هی سەردەمی بابی حەمە ڕەزا شابێ، لە سەر جادەی قیڕ تەقوهۆڕیەتی، ئەگەر بکەوێتە سەر خۆڵ داخوا چ دەنگێکی لێوە دێ، نێوان خانە و سەردەشت هێندە نیە شەوت بە سەر دا بێت، بازگەکان زۆریان رادەگرتین، گێچەڵیان بە سەرنشینان دەکرد، هەر دەتگوت بازگەکانی نێوان هەولێر و کەرکووکن، هێندە لە بازگەی یەکەم دوورنەکەوتبووینەوە، ماشێن دەنگێکی گەورەی لێوە هات:

+ چ بوو؟

- چ نیە، تایەی تەقی

تایە گۆڕین هێندەی کات ناوێ، بەڵام ئەوەی ئێمە زۆری ویست، ئێ، کەوتینەوە ڕێ، لە دۆڵاییەك سەرکەوتین، لە بەرزاییەکە بازگەیەك قیتبۆوە، بە چ حاڵ لە چەنگیان رزگاربووم، باوەڕیان بە (پەڕی پەڕینەوە)ی بەڕکم نەدەکرد و پێیان وابوو ساختەیە، زۆری برد، تا باوەڕیانکرد، لە بازگەیەکیدی یەخەی ژن و پیاوێکیان گرت کە لە تەنیشت یەکتر دانیشتبوو، ژن و پیاوە هاواریان دەکرد کە ژن و مێردن، تا بازگە باوەڕی بە ژن و مێردایەتی ئەو دووە هێنا، بێوەژنێك بە بووك دەچوو، ئێستا وا لە لێژاییەك لێژدەبینەوە، ماشێن لە پڕ دەوەستێ:

- ها، ئەو جارە چیە؟

+ گرفتێکی گەورەیە، تایە پەنچەرە

تاهو واها! ئەوە خۆشە، لەو دەشت و دەرە بەو درەنگانی عەسرە، شوفێرەکە دابەزی و مۆڕەیەکی لە ئاسمان کرد، لە بەری قەندیلەوە هەورێکی هێنا، پێدەچێت بارانی پێبێ، گەیشت، دنیای داگرت، دەپرووشێنێ، شوفێرەکە دەستی پاڕانەوە نا، هی تووڕەیی بۆ ئاسمان هەڵبڕی:

((بەلاٌ بەلاٌ، لە زەوی و ئاسمانەوە بەلاٌ..))

باران لێیکردەوە، چ نەبوو هەر بایی نان تەڕکردنێ باری، دنیا چ زوو روونبۆوە، ئاسمان تیلمە هەورێکی پێوە نەما، سێبەری چیا گەیشتە سەرمان، سێبەر کشا، ئەها زۆری نەما بگاتە گوندەکەی ئەو بەر، ئەوبەری رووبارەکە، پیرێك کە هەر لە ((پیری بەفر)) دەچوو، لەسەر بەردێك دانیشتبوو، ردێنە بەفریەکەی خستبووە کۆشیەوە، بە گۆچانە گرێگرێییەکەی گەمەی خەتخەتۆکەی لەگەڵ زەوی دەکرد، شتێکی لە زەوی دەنووسی و رەشیدەکردەوە، چاوم لە گۆچانە پێنووسییەکەی بڕیبوو، دەمویست پێش رەشبوونەوە خەتی سەر زەوی بخوێنمەوە، پێڕانەدەگەیشتم، خێراتر لەوەی دەینووسی رەشیدەکردەوە، بە خۆم نەوەستام:

+ رەشیمەکەوە، دەمەوێ بیخوێنمەوە.

- چی!!

ردێن بەفری هەستایەوە، روو لە گوندەکە خۆی بە سەر گۆچانەکەیدا دادا، بە نەرمە کۆخەیەکەوە، گوتی:

درەنگە سێبەر بە سەر مەمکاوە کشا..

رستەیەکی ورووژێنەر بوو، رستەیەکی خەیاڵی بوو، خەیاڵێك هەر لە سێبەری دەمەو ئێوارەی چیا دەچوو، چۆلەکە ئاسا باڵم گرت و پەڕیمەوە بەری مەمکاوە، لە شێوەی پەپوولەیەك بە سەر سوخمەیەکی پەمبەییدا نیشتمەوە، لە مەمکاوە ئەو

ئێوارەیە ئەگەر گڕەی ماشێنەکە نەیدەهێنامەوە، لـە نێـوان دوو مـەمکی هـەرمێیی دەمامەوە، درەنگە تا گوندی مەمکاوە لە چاو بزربوو، لە ئاوڕداناوەیەکی تامەزرۆیی هـەر چـاوم لـە سـەر مـەمکاوە بـوو، مـەمکاوە لـە دوورەوە و لـە ئێـوارەی بـەهاری گوندێکی جوانە، زۆر جوان، بە شەرمەوە و بە ئەسپایی لە پیری ردێن بەفریم پرسی:

+ بۆچی ئەو گوندە ناوی مەمکاوەیە؟

- سەربردەیەکی دوور و درێژە رێگا بەشی گێڕانەوە ناکات

+ بە کورتی زۆر بە کورتی

- تامی نابێ

گەیشتمە سەردەشت و سـەربردەی مـەمکاوەی نەگێڕایـەوە، درەنگـانی شـەوە بـە پەیژەی مێوانخانەیەکدا سەردەکەوم:

+ جێمان نەماوە

- پەنایەکیش بێت دەحەوێمەوە

+ نیە

وا بە دوای مێوانخانەیەکیدی دەگەڕێم، نازانم چەند گـەڕام، دیتمـەوە، سـەرکەوتم، دەڵێی مێوانخانەی گۆرینە، هەوە، هەو نیە:

- جێگا هەیە؟

+ نیە

- تکایە جێگەیەکم بۆ بکەوە

+ باشە بڕۆ رەزامەندی ... بێنە

ئێستا لە سەری ئەو سووچەم کە دیواری ماڵی خـودای لێـوە دیـارە، ئـەو ماڵـەی پەنای نەدام و لە پیاوە تووڕەکانی ئیمام نەیپاراستم، دەمـەوێ رێـی خـواریّ بگـرم و بچمە فەرمانگەی ئاسایش و پەڕە کاغـەزێکی جێکردنـەوە بـۆ مێوانخانـە بێـنم، نـا، ناچم، دەترسم لە خۆوە شتێکم بدەنە پاڵ، تووشی بەڵایەك بم، خۆ جارەکەی مـەهابادم

له بیرنەچۆتەوە، لەوێ لەو دەمەوعەسرانێك پیاوە توورەکانی ئیمام هێندەی نەمابوو لە ژووریم بکەن، ئەوانەی ئێرەش هەر لە توخمی ئەوانن، گوجیلەی یەك کۆریتن، ناچمە رێی خوارێ، رێی ئاسایش ناگرم، باشترە شەرم وەلانێم و بە رێی سەرێدا سەرکەوم، رێی مالّی کاوەی مامەرەزایی، ئەو مالّەی پێشتر دوو جار سەردانیم کردووە، شەوێکیش لێی ماومەتەوە، ئەو مالّەی حزبێکی بە سەرەوەیە، هەر کۆمەنیستێ دێتە سەردەشت، سەرێك بەو مالّەدا دەکات، نا، ناچم، بەو نیوە شەوە لە خەویان ناکەم، جێیان تەنگتر ناکەم، ناچم، رووم نایە لە دەرگای مالّی کاوە بدەم، باشترە کەمێکیتر لە بەر دەرگای مالّی خودا بمێنمەوە..رووداوەکانی زیندان خەیالّ دەپسێنێ، خەیالّی دەرەوەی زیندان، دەرگا کرایەوە، مردووێکیان فرێدایە ناومان، سەرەتا مردبوو، دوای کەمێك هاتەوە دۆخی نیوە مردوویی، خانەخوێ میهرەبانانە بە دەوریەوە بوو، باوکانە سەری خستە سەر رانی و دایکانە دەستی بە سەر و روویدا دەهێنا، دکتۆرانە، دکتۆری نەخۆشدۆست نەك دکتۆری توورە، نەك ئەو دکتۆرانەی زراوی نەخۆش دەبەن، دەیگوت:

((چ نیە، هەر هیچ نیە، لە من لەشساختری، ئەها ئێستا قیتدەبیەوە))

نازانم چەندی پێچوو،قسەی خانەخوێ راستکەوتەوە، یان بلّێم پیاوی نیوە مردوو بە قسەی خانەخوێی کرد، راستبۆوە و گەڕایەوە دۆخی زیندوێتی، لێیانپرسی:

+ تۆ لە سەر چی گیرای؟

-......

+ ئەورۆ گیرای یان...

-......

+ وازی لێبێنن، وەلاّمناداتەوە، وایە؟

-.......

+ باشە نەتزانی تەقو تۆقەکەی دوێ شەو چی بوو؟

- بیستم پێشمەرگە بە سەر شاری داداوە

+ ئەها، نەمگوت

+ هەر وا دەرچوو

زۆر دەوروسوورپیان دا و پرسیان، مێوانی تازە هاتوو لەو رستەیەی لە زاری دەرچوو بترازێ، زاری هەڵنەهێنایەوە کەس کەرتە دەنگێکی لێ نەبیست، نەرمە کۆخەیەکم گرتبوو بەرینەدەدام، کەتەی قەڵەو گوتی:

هی بێ جگەرەییە، قەیناکە باش بکۆخە، سینگت خاوێندەبێتەوە؟

خانەخوێ هەڵیدایێ:

وا دیارە جگەرەکێشێکی پیسی!

گوتم:

شەو و رۆژ حەفتا جگەرەیەك دەکێشم

خانەخوێ بە بزەوە:

سینگت بۆتە سۆبەیەکی زستانی قەندیلێ!

قەندیلی زاری خانەخوێ وشە نەبوو، ئەسپێکی باڵداری ئەفسانەییە، خۆی گەیاندە ناو زیندانی سەردەشتێ، کەس نەیدیتم، چوومە سەر پشتی، بردمی، کوێستان، کوێستان قەندیلی پێکردم، لە کوێستانی (بنشاخۆکە)وە بۆ کوێستانی (سەربەردە)،لە کوێستانی (کۆدەلان) سەرکەوە وکوێستانی (خرندۆڵ) لە بیرمەکە و بچۆوە (چۆمە)ی هەمیشە کوێستان، زۆر تینووم، تینوێتی زیندان بە کانیی (مزکەوتە) ناشکێ، لە گشت کانیەکانی قەندیل دەخۆمەوە، لە کانیەکەی (گوێزێ) وە پێدا دێم، لە کانیی (بناوان) مەتارەکەم پڕدەکەم، چۆك بۆ (سپی) دادەم و گیرنابم، دەگەمەوە (پرژە)، زۆر تینووم، زیندان تەڕایەتی لە لەشم نەهێشت، هەر دەبێت خۆم بخەمە گۆماوەکەی (بێکۆدیان) و زگاو بم، برسیم زۆر برسیم، دەبێت خۆم بگەینمە ناو ئەو رەشماڵانەی کە لە هەڵاتنێکدا رێی شەوێکم کەوتە ئەوێ، شەو چ شەو! ئەو شەوەی بە هەڵە

ژنێکی زۆزانیی بەژن زراڤ هاتە باوەشم، لەوێ حەفت نانی تیری بە حەفت چایە و نیو مەنجەڵ ماستەوە دەخۆم، بۆ جگەرە دەچمەوە بارەگای سەری (چەکوچ) بە جگەرەی مام بایز نەبێ برِم ناشکێ، ئێستا لە ناو کەسکایی و تەرِایی کوێستانان رووتدەبمەوە، لە زیندانی ئیمام گلاّوبووم، بە چەمەکەی دۆڵە کۆگە نەبێ، گلاّوی لە لەشم دەرناچێ، ئەسپی باڵدار هەڵمدەگرێ، دوندی (شێخ شەرۆ) لە کەلێنی هەوری بەهاریەوە لە دوندی (کەوگەز) وەرمدەگرێ و هەر لە کەلێنی هەورەوە دەمداتە دوندی (پیرخێلەند)، ئەسپی باڵدار دوند دوند دەمگێرِێ، ئێستا لە هەرەبڵندایی قەندیلێ کە چ جێ لەو بڵندتر نابینم، هەر لەبەر بڵندیشە ناویم نەزانی! بە دیوی هەولێر لە سەر تاتەبەردێ خۆم داوەتە هەتاوێ، خەوم دێ، زیندان رێی نەدا چاوێ گەرمبکەم، دەبێت بخەوم، لە ئازادی بخەوم، ئەرێ بۆرژابووم یان نا!!!

دەنگی دەرگا نەبا، چی منی لە بەرزایی قەندیلەوە دەهێنایەوە زیندانی سەردەشت، دیارە کاتی دەستبەئاوگەیاندنە، حەزمدەکرد بەر لەوەی بچمە ئاودەست، قسەیەکی خانەخوێ لە بارەی جگەرەوە بگێرِمەوە، بەلاّم لە کاتی چوونە سەر پێشاو کوا کات بۆ گێرِانەوە! کات هەر بەشی چۆرِە میزێك دەکات، بەلاّم ئەگەر ئەوەی لە دڵمە هاتەدی، چاکەی خانەخوێ بە گێرِانەوە دەدەمەوە، گەیشتمە سەر دەرگای ئاودەست، سەیرە، پاسەوان دەست ناوەشێنێ، دەڵێی لە بیریچۆتەوە پاسەوانی بەندیانی بەندیخانەیە، هەل لەدەست نەدەم باشە، داوادەکەم زۆر زۆر تێهەڵدانێکی مزر دەخۆم، دەیلێم، رستە ترسناکە دووکەلاّویەکە دەڵێم، بە نیوە مردوویش بگەرِێمەوە باوەشی خانەخوێ، هەر دەیلێم، هاتە سەرم بە فارسی بیلێم، باش بوو هۆشم هاتەوە سەر کە فارسی نەزانم، نەدەبوو بزانم، چۆن بیلێم، ئێ خۆ پاسەوان کوردی نازانێ، بە چ زمانێك تێیبگەیەنم! نا، گرفتێکی ئەوتۆ نیە، کوردی و فارسی هێندە لێکدی دوور نین، ئامۆزانە، بە کوردی دەیلێم، نا باشترە بە زمانی ئاماژە قسەبکەم، ئەو زمانە جیهانیە، کەس نیە تێینەگات، دەی بیلێ، غیرەت سەگ بتخوات، من کەی هێندە

بێ زاخ بووم، دەی بە تێکەڵەیەك لە زمانی ئاماژە و کوردی پاسەوان لە مەبەست تێبگەیەنە، سەرتان نەیەشێنم خۆم ئامادەکرد بۆ تێهەڵدان، بە زمان و بە دەست گوتمە پاسەوان ئەگەر جگەرەیەکم بدەیتێ چەندت دەوێ دەتدەمێ، پاسەوان کەمێك لێم مووڕ بۆوە، لە سەر دەرگای ئاودەستەوە، دەرگا نەبوو شتێك وەك دەرگا، نەوی، بە دەنگی نەوی گوتی:

+ جگەرەیەك بە دوو سەد تومەن

- سەد تومەن

خودا خێری بنووسێ، مامەڵەی خۆش بوو، گرانجان نەبوو، تەماشایەکی دەور و بەری خۆی کرد، جگەرەیەکی بە پێکراوی لە سەر دەرگاکەوە بۆ راگرتم، سەد تومەنەکەی خۆی وەرگرت، جگەرە چ جگەرە، ئەو جگەرەیەی من کێشام، ڤیدل کاسترۆش جگەرەی وای نەکێشاوە، ئەو تام و بۆیەی من لەو جگەرەیەم وەرگرت، مام بایزی هاوڕێشم لە هیچ جگەرەیەکی تام نەکردووە، لە بیریشمان بێ، ئەو جگەرەی بە سەد تومەنم کڕی و لە ئاودەستەکەی زیندانی سەردەشت کێشام، لە جگەرە هەرە پیسەکانی ئەوسای ئێران بوو، ناوێکی وەك (ویژە)ی هەبوو، پاکەتی بە حەفت هەشت تومەنێك بوو، ویستم جگەرەیەکیدیش لە پاسەوانەکە بکڕم، کات نەما، هەر لە سەر دەرگاوە خانەخوێ لە سیمام خوێندیەوە کە نەخشەکەی سەریگرتووە:

+ باشت کێشا؟

- هەموویم هەڵمژی و هیچم نەهێنایەوە

+ رەنگت هاتەوە بەر

- سوپاس بە هۆی تۆوە بوو

+ سوپاسی پارە بکە، پارە لە دۆزەخەوە دەتباتە بەهەشت

دوو سێ زیندانی بە یەکەوە:

ئەستەغفیروڵلا، ئەستەغفیرۆڵلا

خانەخوێ بە پێکەنینەوە:

چیتانە! لە تەنیشت شەیتان نوێژم کردووە؟

نوێژی تەنیشتی شەیتان کوفرێکی نوێ بوو، پێشتر لە کەسم نەبیستبوو، بەڵام خانەخوێ ئەگەر تەمەنی زنجیرەیەك کوفری نەپساوەبێ و گوناهەکانی کەتیرەیی بن لێینەبنەوە، من هێندە بۆی پاڕاوەمەتەوە بە دووری مەبینن، وەك بەفری قەندیل وەك رێواسی بن بەفر پاکبووبێتەوە و هیچی لە سەر نەمابێ، دەزانی ئەو پیاوە چ چاکەیەکی لەگەڵ من کرد، چاکەیەك چ چاکەکارێك چاکەی وای لەگەڵ کەس نەکردووە، چ رێیەکی نیشانی من دا، رێیەك چ رێنیشاندەرێ، چ پیرێ رێی وای پیشانی کەس نەداوە، ئەو پیاوە نەبا، من لە زیندانێ جگەرەم دەستدەکەوت، با بە پارەی خۆشم بێ، ئەو نەبا، بە چیم دەزانی پاسەوان جگەرەفرۆشە!! ئەو بوو گوتی:

((پارە نیشانی پاسەوانە کەپوو خوارە چاو خێلە ورگنەکە بدە، نەك جگەرە ژنیشت بۆ دێنێ))

هاوارێك، هاوار نا، لە بانگدانێك، مەگەر مامم ساڵانێکی زۆر پێشتر لە سەر تەرمی کچە تازە بە شوودراوەکەی وای لە بانگدابێ، مەگەر من ساڵانێك دواتر لە سەر تەرمی برا بیست بەهاریەکەم نزیك لەوە لە بانگمدابێ، زیندان لەرزی، ئەوە کێ بوو لە ژوورێکی زیندانی سەردەشت بەو دەنگە خوێناویە لە بانگی دا؟ من لە دەنگی ئەو پیاوەوە هەستم بە رژانی خوێن کرد، بە چاوی ئەندێشە دیتم خوێن دەستی دەنگی گرتووە و تێکەڵی هەوا بووە، دەرگاو دیوار دەبڕێ و رێی گرتووە، خانە خوێ ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا وگوتی:

ئەو دەنگە دەناسمەوە..

کەتەی قەڵەو لەو قووڵتر ئاهی هەڵکێشاو پرسی:

دەنگی کێیە؟

+ دوو برا بوون، دەمێکە مێوانی ئێرەن، ئەوە دەنگی برا گەورەکە بوو، دیارە بەڵایەکی ئیمامی بە سەر برا گچکەدا هاتووە..

کەتەی قەڵەو ویستی زارهەڵێنێ، رەنگە ویستبێتی هەر ئەوە بپرسێ کە من پرسیم:

- بەڵای ئیمامی واتە مردن، یان...

+ بە داخەوە..

برا گەورە دەنگی نەما، نەمانزانی لە خۆچوو، یان دەمیان داخست! کورتیلەی رەقەلە هەڵدەلەرزی، کەڕ گوێی لە دەنگی ددانی دەبوو:

بەرگەی لێدان ناگرم، هەرچی هەیە، هەرچی نیە، هەمووی دەڵێم

کەتەی قەڵەو:

ئەو لەرزین و قرچە قرچە چیە؟ دەڵێی برێشکەی سەر سێری..

خانەخوێ بە پێکەنینێکی شیرنەوە:

نا، هەڵیانداوەتە سەرمای قەندیلێ، کوا دەستت بێنە..

دیتم، دەستی رەقەڵە و لە ناو دەستی خانەخوێیە و لە چاویڕا دیاربوو بە قسەی خۆش گەرمی دەکردەوە، بەڵام من گوێم لە قسەکانی نەبوو، چونکێ گەیشتمە سەرمای قەندیلێ، سەیرە لە زیندانی سەردەشتێ، هەر ناوی قەندیل هاتبا، من دەفڕیم و لە سەر قەندیل دەنیشتمەوە، ئەوەتا لە بارەگایەکی بەفراویی قەندیلی، تفەنگم لە شانە، بنە مەتارەیەك چایەم بە دەستەوە، جگەرەیەك بە لێومەوە، دەڵێی ئێشکگری لە بەفر دەگرم، ئازادی چ دیاریەکی سرووشتی ئاسمانیە، بە من دراوە؟ دەنگی دەرگا لە زیندانی کردمەوە، بەس ئەو جارە بگەمەوە قەندیل، بگەمەوە چیای ئازادی، تۆبە، هەرگیز روو لە کۆماری ئیسلامی، کۆماری زیندان ناکەمەوە، مرۆڤ لە زیندان چ زیندەوەرێکی نابووتی بێ کەلکە، زیندان لێکردنەوەی مرۆڤایەتیە لە مرۆڤ، تا زیندانی نەکرێیت، نازانی رێزی ئازادی بگریت، تێناگەی لە بەهای ئازادی، ئازادی

تام نادات، ئازادی نانەخشێت، من زۆر کەم، ئەگەر کوو، دەنا رستەی ناو کتێبانم بە بیرنایەتەوە، بەڵام لەوێ لە کونجی زیندان قسەیەکی ژان ژاك رۆسۆم بە هێواشی لە بەر خۆم گوتەوە:

((کە لە قەڵاتی باستیل زیندانی بکرێم، دەتوانم ئازادی بنەخشێنم))

وا بزانم لە یادەوەریەکانیدا(دانپێدانان) وای گوتووە، منیش لە زیندانی سەردەشتەوە ئازادیم جوان دەنەخشاند، نەخشاندنێك نە پێشتر و نە دواتر وا جوانم نەنەخشاندووە..

پاسەوانەکە رستێك جوێنی کۆماریی هاویشت و مەسینەیەکی بەجێهێشت، جوێنی کۆماری دەستەواژەیەکە خانەخوێ دایهێناوە، ئەو جوێنانانە دەگرێتەوە کە دایك و خوشك و ژنیان تێدایە(داك حیز، خوشك قەحپە، ژنت بگێم)، مەسینەیەکی باغە، پیس، لە چەند جێ وەکو بلێی گڕووبووە، بیدەیتە دەست گڕوو بێزی نایە بیباتە سەر تارات، کەچی ئەوەتا ئێمە ریزمان بۆ مەسینە گرتووە، دەوی پێوە دەنێین، دەزانن چی تێدایە! چایە، لە زیندانێ کەس نیە حەزی نەچێتە چایە، گۆتمە خانەخوێ:

+ چ ناوێکت لەو مەسینە ناوە؟

خانەخوێ کەمێك داما، زوو گوتم:

+چۆنە ناوی (قۆریەی ئیمام) بێ

- جوانە، لێیدێ

وا بزانم دوو سێ جار لە قۆریەی ئیمام چایەمان خواردەوە، لە بیرمە کەتەی قەڵەو بە ئەسپایی زۆر ئەسپایی لە من بترازێ کەس نەیبیست، رەنگە خۆشی نەیبیستبێ! گوتی:

+ ئای بە چاوی خۆم ئەو قۆریەم بەسەر لێوی ئیمامی گەورەوە دیتبا!

- بە دووری مەبینە، دنیا دەوران دەورانە

نازانم چ کاتە، کاتی دەست بە ئاوگەیاندنە، بەر لەوەی بچم و بێمەوە و خۆم بگێڕمەوە، با کەتەی قەڵەو بگێڕمەوە، چوو ساخ لە گویز ساختر، هاتەوە خۆی لە سەر قوون رانەدەگرت، شلوکوت، هێندەیان تێهەڵدا، خۆی گوتەنی:

((هیچ تۆپێك هێندە پێیەی پێنەکەوتووە))

لە سەر پشت راکشابوو، هەموومان بە پێوە راوەستابووین، ئاخر ژوورەکە هەر بەشی راکشانی کەتەی قەڵەوی دەکرد، خانەخوێ گوتی:

+ چیت کرد وایان لێکردی؟

- بە زمانی سووتاوم داوای پیاسەم کرد

+ پیاسە!

- بە پاسەوانەکەم گوت: خێرت دەگاتێ با کەمێك لەو بن دیوارە راوێچکە بکەم، کوڕی قاحپە گوتی:

نا، دەتبەم لە ناو رانی دایکتدا راوێچکە بکە

گوتم:

چما تۆ دایکت نیە قسەی وا دەکەیت؟!

ئیدی کەوتنە سەرم بە دوو پاسەوان مارکوژیان کردم..

بەڵام خۆ شێت نیم داوای راوێچکە بکەم، من جگە لە جگەرە، بە پارەی خۆشم، هیچم لە کۆماری ئیسلامی ناوێ، هەمان پاسەوان، هەمان تاس و حەمام، سەر تارات و سەد تومەن و جگەرەیەك، هێشتا دوا مژم لە جگەرەی (ویژە) جگەرەی سەد تومەنی نەدابوو، دیتم پاسەوان، جگەرەیەکیدی بۆ راگرتووم، دەستم بۆ گیرفانم برد، پاسەوان بە سەر ئامـاژەی دا کە پارەی ئەو جگەرەیەی ناوێ، سوپاسم کرد، بە کێشانی جگەرەی دووەم هێوربوومەوە، هێور هێور، ئەگەر جێیەك بۆ پێی چەپم بکەمەوە، رایکێشم، دێشێ، سەرخەوێك دەشکێنم، دوو شەوە نەخەوتووم، بە بیرم نایە خەوم لێکەوتبێت، دەبێت چاوێك گەرم بکەم، خانەخوێ گوتی:

پێت بۆ لای مندا درێژبکە، بخەوە

دەرگا نەیهێشت دەنا دەخەوتم، دەرگایان کردەوە و کورتیلەی رەقەڵەیان راپێچکرد، دیتم دەلەرزی، گوێم لێیبوو:

بەرگە ناگرم، هەموو دەڵێم

خانەخوێ لە بن لێوانەوە گوتی:

پێدەچێت ئازادی بکەن..

کەتەی قەڵەو گوتی:

خوابکەم ئەو شێتەمان لە کۆڵ بێتەوە

گۆتمە خانەخوێ:

بە چی دیارە ئازادی دەکەن؟

خانەخوێ بە پێکەنینەوە:

هیچ، دڵم تریواندی!

بە گەمە گوتم:

دە بزانە دڵت بۆ منیش ناتریوێنیێ!

بە دڵنیاییەوە گوتی:

نۆرەی تۆش نزیکە..

پیاوێکی چوارشانەی برۆ پانی لووت بەرانی، کلاوێکی مەیلەو گیایی لە سەرە، قاتێکی رەنگ کایی لە بەرە، بۆینباخی نەبەستووە، دوو دوگمەی یەخەی دانەخستووە، مووی سینگی پڕە، لە تەنکە ردێنەکەی پتر داوی سپی تێکەوتووە، مێزەکەی هێندە گەورە نیە، دەفتەرێکی گەورە و چەند پەڕە کاخەز و سێ چوار پێنووسی لە پێشە، تەپلەی جگەرەش،هەردوو دەستی گیراوە، دەستێك بە پەرداخەوە، دەستێك بە چاویلکەوە، لە بەرانبەر وی لە سەر کورسیەك دانیشتووم، تازە چاوم کراوەتەوە، پێدەچێ ئەو ژوورە هەمان ئەو ژوورە بێ کە دوێنێ بە چاوی بەستراوەوە

لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم، کێ دەڵێ ئەو پیاوەش هەر پیاوە کرماشانیەکە نیـە! بـا قسە بکات رەنگە دەنگی بناسمەوە، بەلاّم دەڵێی بە تەما نیە قسە بکات، پێنج شەش خولەکێ دەبێ لە بەر دەمی دانیشتووم قسەیەکی نەکرد، جاربوبار تیچاوێکم دەداتێ، دەی پیاوی پشت مێز شەکرێ بشکێنە، دڵم تەقی، ئەگەر قسەش ناکـەی، پیاوەتیـت لە دەست بێ و جگەرەیەکم بدێ، قسە مەکە، بە دەم جگـەرە کێشـانەوە ئامـادەم تـا ئێوارە لێرە دانیشم و نەشپرسم بۆچی لێرەم! پیاوی پشت مێز پێدەچـوو لـە چـاومەوە دڵمی خوێندبێتەوە، جگەرەیەکی بۆم راگـرت، هەسـتام و لـێم وەرگـرت، ئاگرەکەشـی دامێ، ویستم بە فارسی سوپاسی بکەم، باش بوو هاتەوە بیرم کـە فارسـی نـازانم! بـە کوردی سوپاسم کرد، دانیشتمەوە بـە زمـانی ئامـاژە گـوتی کـە تەپلـەی جگەرەکـە ببەم، رەنگە زۆر بە تامەزرۆییەوە جگەرەکەم کێشابێ، لە بیرمـە ویسـتم ئازایەتیـەك تۆ بڵێ کەرایەتی پیشانی پیاوی پشت مێز بدەم، چتۆ ئازایەتیەك! هاتـە سـەرم سـەد تومەنی بدەمێ، ترسام و نەمکرد، ئێستا کە سەرهاتەکە دەنووسمەوە، دەڵێم بریـا وام کردبا، دیارە ئەگەر منی ناو سەرهات، منێکی ناو چیرۆك، رۆمان بـا، دەبـوو پـەنجا تومەنەکە لە پێش پیاوی پشـت مێزەکـە دابنـێم، پێیبڵـێم، ئـەوە هـەقی جگەرەکـە، بێگومان هۆی ئەوەی دەیپرسی، لە وەلاّم دەمگوت: ئەدی ئێوە جگەرەیەك بـە سـەد تومەن نافرۆشن! حەیف! کەسایەتی نـاو رۆمانـەکانم مـەرج نیـە کتومـت کەسـایەتی یادەوەریەکانم بن!! هاتە قسە:

+ فارسی بەلەدی

- فارسی نازانم

کردیە کوردی، هەو بوو پیاوە کرماشانیەکە بوو، کۆمەڵێك پرسیاری کرد، زۆریـان دووبارە بوون، بەلاّم دووبارەیەکی لێکدی دوور، هی دوێنێ، دوێنێی تاریکی، دوێنێی چاو بەستراوی، گوتن و بیستن لە باری چاوبەستراوی چەند جیاوازن لەوەی لە باری چاو کراوەیی بیـت، تـا نەخەنـە بـاری چاوبەسـتنەوە پـەیبردن بـەو جیاوازیـە سـانا نیـە..

پاسەوانەکە هات و چاومی بەست و بردمی، گەیشتمەوە ژوورەکە، چ ببینم باشە! ژوور چۆل و هۆل، پاسەوان دەرگای کلیل دا، ئای من کەوتمە ژووری تاکەکەسی! باشە خانەخوێ، کەتە، رەقەڵە، ئەوانیدی چیان بەسەرهات! لە بیرمە بە کلکی کەوچکە چایە، نازانم چۆن گەیشتبووە ژووری زیندان! نووسیم لە دیواری زیندان نووسیم:

چ سەختە تەنیایی زیندان .

زۆری نەبرد، دەرگا کرایەوە، نا، بەرلەوەی بێن، دەبێ گوێ لە چریکەکە:

((بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر دەبێ

قورِ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە))

ئەوە حەمە جەزا چ دەکات لەو ژوورەی تەنیشتم! دەنگی ئەوە، کاسێتە؟! نا، خۆی لێرەیە، ئەها پاسەوانەکان غاریان دایێ، وەریگەڕانێ، گوێم لە دەنگی قامچیە، پیس لێیاندا، قیڕەبڕیان کرد، لە کونی دەرگاوە دیتم رایانکێشا، دەموچاویم دیت، نەمدیتبا، ئێستاش دەمگوت ئەوەی لە زیندانی سەردەشت گۆرانیەکەی حەمە جەزای گوتەوە، جگە لە حەمە جەزا کەسیدی نەبوو، چەند دەنگی لەو دەچوو! من ئەو شیعرەی قانعم هەمووی لە بەر بوو، لە زیندانێ لە بەر خۆمەوە گوتمەوە..چاومی بەست و پێش خۆی دام، ئەوجارە بۆ کوێ؟ ئەها دەڵێی دەچمەوە سەر زەوی، هەر جگەرەکێشانێکی کێشا، سواری ماشێنێکیان کردم، چاوم بە پشتێنەکەی خۆم بەسترایە، بەلاّم دەستم کراوەیە، پێش دابەزین، چاومیان کردەوە، ئێستا لە ژوورێکم دەڵێی پرسگەیە، ئێرە بە بنکەی پۆلیس دەچێ، لە لای دەرگا رایانگرتووم، نیو دەمژمێرێکی پێچوو، رێیاندام، دابنیشم، دەمژمێرێك پتر دانیشتم، لەوێ هەر هێندەم لە بیرە گوتیان:

ئێستا، فەرموو دەتوانی بڕۆیت

پرسیاری (پەڕی پەڕینەوە) کەمم کرد، داوامکرد بمدەنەوە، گوتیان:

سبەی وەرە وەریبگرەوە

سبەی بێمەوە ئێرە! هاتمە دەرێ، پێم هەڵێنا، پێ هەڵێنانێك مەگەر لە ترسی ئەنفال وام هەڵێنابێ، ئۆی، خۆ ئێرە ناو بازاڕە، پاکەتێکی هەرزانم بە ئاگرەوە کڕی، ئۆخەیش گەیشتمەوە جگەرە، دوو کۆڵان سووڕامەوە، ئەوەتا ماڵی خودا، دەرگا کراوەیە، لە دڵی خۆم گوتم:

((لە کاتی پێویست نەتکردەوە مەرج بێت ئیدی سەرت پێدا نەکەم))

دوو سێ لەفەی نازانم پەتاتە بوو، چ بوو، خواردم، لە چایخانەیەك دانیشتم، رەنگە قۆریەك چایەم بە جگەرەوە خواردبێتەوە، چاودەگێڕم، ورد چاو بە شەقامدا دەگێڕم، ئێ برادەرێکی زیندانیم ببینمەوە، ئەوانەی زیندان بە تایبەتی خانەخوێ و کەتە و رەقەڵە هەستمدەکرد دەمێکە دەیانناسم و برادەرمن، ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە حەزدەکەم بیانبینمەوە.. ماویەتی بۆ نیوەڕۆ، لەوێوە رێی سەرێم گرت، ئەو رێیەی ئەگەر بە کەرایەتی خۆم نەکردایە، زوو بمگرتایە تووشی ئەو هەموو تێهەڵدان سووکایەتیەی کۆماری ئیسلامی دەبووم! لە رێ بیرم لە خانەخوێ دەکردەوە، لەوانیدی، نەمدیتنەوە، ماڵی کاوە کە سەربردەی ئەو دوو شەوەی منیان بیست، هێندە سەرکۆنەیان کردم، ئەگەر باوەڕم بە تۆبەکردن هەبا، لە سەر دەستی ژنە خانەدانەکەی کاوە تۆبەم دەکرد..

ئێ، چ بکەم! سبەی بچم بۆ هێنانەوەی (پەڕی پەڕینەوە) یان نا، درەنگ کاتژمێر و تەزبێحی قەزوانیم بیرکەوتەوە، ئەگەر نەچم چۆن بگەمەوە قەندیل، قەندیلی هەمیشە ئازاد، ئەو قەندیلەی لە خەونیش ناکەوێتە ژێر رکێفی و تورك و عەرەب و فارس، ئەو قەندیلەی ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە لە دیدی من هەر هێمای مانەوە و ئازادیە، حەزیش ناکەم بچم، نامەوێ سەر بەو جێیەدا بکەم کە تێیدا سووکایەتیم پێکراوە، بە رێکەوت شاهێنم دیت، سەربردەمی بیست، گوتی:

((وێنەیەك لە سەر تۆ، ئەویدی لە سەر من..))

وێنەیەکم گرت، دەمـژمێرێکی پێنەچـوو، ناسـنامەیەکی دامـێ، کـاتی خـۆی لـە عێراقیش ناسنامەی وام نەبووە، یەکسەر چوومە گەراج، سواری قوتە جێبێـك بـووم، باژۆ بەرەو دەڤەری (قاسمە رەش)، تاگەیشتمە دوا بازگەی کۆماری ئیسلامی لە هـیچ بازگەیەك داوای ناسنامەیان لێم نەکرد، دوا بازگە گرنگە، لە بیرم نیـە چ بـوو، بـەڵام دەزانم لە سەر سنوور گێوەلێژەیـەك هاتـە گـۆڕێ، لـەم دیـو و لـەو دیـوی تەلبەنـدی سنوور کۆمەڵێك خەڵك چاوەڕوانی پەڕینەوەیان دەکـرد، ئیـدی بـێ گێرمەوکێشـە لـە تەلی سنوور پەڕیمەوە، لە پەڕینەوەدا سیەکانم بۆ بای ئازادی کردەوە، ئـەو بایـەی لـە ئاراستەی قەندیلەوە هەڵیکردبوو.

پۆلێ گوڵەستێرە هەڵنایە

ساڵ لە دوا رۆژەکانی رێبەندانە، هەر دیتت بە پێیە بەفراویەکانیەوە هەنگاوی نایە بـەری رەشـەمێوە، دەروازەکـە هێشـتا لەخەونیشـدا خـۆی بـە رووی راپەڕینـدا والا نەکردووە، هێندەی بەڕووی داربەرووێکی بە ساڵداچووی کەم بەر، پێشمەرگە بە شاخە سنووریەکانەوە نەماوەتەوە، ئەنفال وەرزی وەرینی پێشمەرگە بـوو، پێشـمەرگەی وەك گەڵای پایز هەڵوەراند، رەشەبایەك هەڵیکرد و هەمووی بە ئاراستەی بەغـدا رامـاڵی، چی وای نەهێشتەوە، رەشەبایەك هەڵیکرد و بە شارەکانی ئێراندا پەرتـەوازەی کـردن، چی مایەوە! رەشەبایەك هەڵیکرد و بە رێی رووسیادا بردنی، چی دەمێنێتـەوە! بـەڵام ئەو کەمە پارتیزانەی لە بەرد رووقایمترن و خۆیان لە بن بەفری بارەگاکان شـاردۆتەوە، خولیای پارتیزانی لە سەریان هەر دەڵێی لاسکە رێواسی بن بەفرە و چاوەڕێی...

هەر دیتت ژەنگ لێیدام، بە تفەنگەوە ژەنگ لێیدام، ئەرێ تفەنگ لە کەنگێوە بێ دەنگە، من لە کەنگێوە لێرەم! ئەگەر گوێی خۆم لەو چەند تەقەیەی بەو دوایەی سەری قەندیل، سەری چەکوچ و سادر کەڕ بکەم و چاوم داخەم لەو وێنە راکەراکیەی دیوی نسێی مامەندە، من و تفەنگ دەمێکە بێ جوولە و دەنگین، هێشتا شەیتان دەستی لە خومەینی نەشوشتبوو، بەڵام ژەهرەکەی فڕکردبوو، لەوەدەمەوە، لە دەمی نێوان ژەهر و مەرگیخومەینیەوە من و تفەنگ بێ حوولە و دەنگین، ئیدی ساتی ژەنگ هاتووە، لەو دۆڵە نەك هەر تفەنگ و پێشمەرگە، زێڕ هێندە بمێنێتەوە ژەنگ هەڵدێنێ، ئیدی ئەو دۆڵە دۆڵی ژەنگە، پارتیزانێك ملازم شێرزادی ناوە، دەڵێ:

هەر ئێستا دەبێ تفەنگ بێتە دەنگ..

ئەبوو راستی کە هەرگیز نەمدیتبوو، نەمبیستبوو، سەری رەزامەندی بۆ قسەی ملازمەکان بلەقێنێ، لەقاندی و گوتی:

شێرزاد راست دەکات، تفەنگ تفەنگ...

من بەو دواییە لە پێش خۆمەوە، دێرە شیعرێکی خۆم دەگوتەوە، پێشتر بڵاومکردبۆوە و تەواوێك درێژبوو، ملازم شێرزاد هەمووی لەبەرکردبوو:

پۆلێ گوڵەستێرە هەڵنایە

بە کۆنە سەنگەرێ بکەومەوە..

ملازم شێرزاد بە رێکەوت گوێی لێم بوو، گوتی:

هەڵدێت، هەڵدێت، هەر دیتت پۆلێ گوڵەستێرە هەڵهات، خۆشت لە ناویانی..

کوا بۆ ئەو رۆژە! لە دوا رۆژە تەزیوەکانی رێبەنداندا، بێزاری گەیشتە ئاستی لە سەر رژان، چوار پێنج پێشمەرگە رێکەوتین داوابکەین کە رێمان بدەن بە کۆنە سەنگەرەکان بکەوینەوە و تفەنگ بە دەنگ بێنینەوە، مام جوامێر ئەو پیاوەی تفەنگەکەی لە بێدەنگی رانەدەهات، هەر زوو لەگەڵ بەختیار و سەعید و یەك دوانێکیدی خۆیان بەست و بەرەو کۆنەسەنگەرەکان کەوتنە رێ، ئەبوو راستیش ئەو

پیاوەی کە قسەیەکی دەکرد دەیبردە سەر، دەشتی وشەماڵ و یەك دوانێکیدی بەگەڵ خۆی داوە و وا بزانم بەشداریشیان بەشدارپێکرد، لە سەر رۆیشتنن، سەردەستەی ئێمەش وا لە هاتو چۆی بە دەستهێنانی رەزامەندیە، تا بەرەو کۆنە سەنگەرەکان بە رێکەوین، رەزامەندی لە دەستی دەستەیەکی سێ چوار کەسیە، لە ناوزەنگی خواری دادەنیشن، یەکیان کانەبی گەورەی ناوە، لە سەر ئاو و ئاگرین، کەی دەستەی رەزامەندی، رەزامەندی دەفەرموێ، سەردەستەی ئێمە سەنگەری ناوە، کوڕی کوڕێی سەر رێی هەولێری سەر بە هەولێرە، عەسرانێك سەنگەر بە هەڵەداوان هاتەوە، لە سیمایدا بزە دەڕژا، بەڵام دەیوست نیشانی منی نەدا و لێمبشارێتەوە، گوتی:

+ بە داخەوە رازی نەبوون تۆ لەگەڵمان بێی.

- لۆ؟

+ گوتیان نەساخە وپارتیزانی زەحمەتە، بەڵام وا بزانم بڕیاری کۆتایی نیە، رەنگە...

- پێیانبڵێ ئەگەر بە تاقی تەنێش بێت دەرۆم..

سەنگەر روونیکردەوە کە لە ناو لیژنەکە تەنها کانەبی گەورە لەگەڵ ئەوەیە کە تۆ لەگەڵمان بی، بۆیە دوور نیە ئەوانیدیش بێنە سەر قسەی وی، دواتر بیستمەوە کانەبی گەورە ئەوهای بە دەستەکە گوتبوو:

((رێیبدەن با لەگەڵیان بچێ، لێیمەترسن، وەك من بیناسم پارتیزانی پێدەکرێ، من لە تەنگانە دیتوومە، من لە هەڵگەڕان و داگەڕان دیتوومە، لە پێکدادان و خۆشاردنەوە دیتوومە، لە هەڵمەت و هەڵاتندا دیتوومە، رێیبدەن،...))

رۆژی دواتر سەنگەر هاتەوە لام ئەوجارە سیمای پڕ لە بزەی خۆی نەشاردەوە:

+ بە تەنیا مەڕۆ، لەگەڵ ئێمە دێی.

- رازی بوون؟

+ کانەبی گەورەت لە پشتە..

له دڵەوە سوپاسی کانەبی گەورەم کرد، دەمێك بوو ئەوپیاوەم دەناسی، لە ساتی زۆر ترسناك بە تەنیشت یەکەوە بووینە، لە یەك مەتارە ئاومان خواردۆتەوە، بە سەری سێ پەنجە وردکە نامان لە نێوان خۆمان دابەشکردووە، لە بن یەك بەرد پشتمان بە پشتی یەکتر داوە و بە یەکەوە لەبەر گولله و ساچمە خۆمان نەویکردووە، هەر بە تەنیشت یەکەوە تەق تەق تەقەمان لە ئەرد و ئاسمان کردووە، زۆر چیا و چۆل، دەشت و دۆڵ، زۆر کانی و رووبار، بەرد و دار گەواهی بە سەر لێکنزیکی کانەبی گەورە منەوە دەدەن، جگە لەو رێیە هەزاربەهەزاریەی هەورێ دەگەیەنێتە قەندیل، لە زۆر رێوبانیدیش، هاورێ بووینە، کۆپتەر راوی ناوین، رەوە جاش دەوری داوین، سەرما تەزاندووینی، گەرما برژاندووینی، سوپاس کانەبی گەورە تۆ نەبای، منیان بە پارتیزان وەرنەدەگرت، من بە تەنێ دەمامەوە..

هات پێڵاوی تازە هات، پێیەکانم لەمێژە لە کۆنە پێلاو بەجێماون و تامەزرۆی هەنگاوی گەورەی رێی دوورن بە پێلاوی تازەوە، پێڵاو چ پێلاو، هەموو ئەو بەر و ئەم بەری بەستی شەرغە و دۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی پێبکە هێشتا هەر نرت ونوێیە،کراسێکی دەق نەشکاویشم بۆ هات، لەشم بە کراسی تازە وەك بڵێی تووشی گرمژە هات، دیارە لەشی من دەقی بە کۆنە کراسەوە گرتووە و رانایە لەگەڵ هی تازە، بارانگیرێکم بۆ هات، زۆر کەیفم پێهات، هەرگیز بارانگیرم نەبووە، بارانگیرێك ئیدی خەمی تەڕبوونم نیە، هەرچی هەوری سەر سەفین و هەورێ هەیە بە سەرمدا داکا تەڕ نابم، ئاو دانادا، گۆلمێ تایتم پەیداکردو کۆڵەپشتەکەم جوان شووشت، چڵك و ژەنگی ساڵێکی لێچوو، کۆڵەپشت ئەگەر لێتزانیبا لە بوخچەکەی دایکم پتری دەگرت، جارێك گوتمە دایکم:

ئەرێ ئەو هەموو شتە چۆن لەو بوخچەیە جێی دەبێتەوە؟

دایکم بە دەم لوولدانی پرێسکەو دەقکردنی جلکەوە گوتی:

کوڕم ئەگەر بە لێزانینەوە بێ، لەوەش پتر شت دەگرێ..

جەمەدانیەکیشم بۆ هات، دەمێکە بێ جەمەدانیم، پووزەوانەیەکیشم پەیداکرد، پووزەوانەیەك بە ناو درِك ودالی دۆڵی سماقووڵی بکەوە، پێت تا چۆکت پارێزراوە، کیسەی خەوم کە بە بن ساپیتەوە هەڵواسیبوو، بە پەرِۆکی تەرِ تۆزی هاوین و دووکەڵی زستانم لێ سرِی، کیسە خەوێکە برۆ بە هەفتە لە ناو بەفری قەندیل بخەوە، مەتارەیەکی گەورەترم دیتەوە دواتر بابم کە دیتی گوتی:

((خۆ ئەوە جەرِە ئاوێك دەگرێ))

دوو مەخزەنیترم بە تاخمەکەمەوە کرد و بوو بە شەش، ئەوە سەد و هەشتا گوللە ئەگەر حەفتاو پێنجیەکیش پەیدابکەم، وا لە دوای دەگەرِێم، زۆر دەکا، بۆ پارتیزان کەم نیە، ردێنم پوختە تراشی، مووی ساڵێکی پێوە بوو، ئیدی ئەوە خەریکی خرِکردنەوەی وردەواڵەین، نەینۆك، نینۆکبرِ، مووکێش.. نۆرەی تفەنگە، هێنام جوان جوان لە چاویلکە جوانتر خاوێنمکردەوە، ئێستا روون روونە، دەڵێی چاوی قرژاڵە، وا باشە بەو تەپۆلکەی سەرەوەدا هەڵگەرِێم ئەوەی، لە دوورەوە لە ژنێك دەچووکەمێك خۆی چەماندبێتەوە، هەڵگەرِام کلاشینکۆف تاقیدەکەمەوە، دەمێکە تەقەی نەکردووە، من پێچەوانەی زۆر پێشمەرگە حەزم لە تەقەی لە خۆوە نەکردووە، بە بیرم نایە لە شەوی نەورۆز جگە لە جارێك تەقەیەکم بە ئاسمانەوە نابێ، لەو شەوەدا ئاسمان ئاگری دەگرت، دەتوانم سوێند بخۆم لە هەموو تەمەنم گوللەیەکم بە باڵندەیەکەوە بە ئاژەڵە کێویەکەوە نەناوە، لە ناو پێشمەرگان گوللە نان بە ئاژەڵ و باڵندانەوە هێند باو و ئاسایی بووە، وەك ئەوەی سەگێکی درِت بۆ بێ و تۆش بەردێکی تێگری، بەڵام دەستم لە مار و دووپشك نەپاراستووە، فیشەکی دنیا لە تەپلی سەری مار و کلکی دووپشك بتەقێنم، هێشتا ئۆخەی ناکەم، دێتە بیرم لە بن دوندێکی قەندیلێ بە فیشەکێ تیرە مارێکی زەردم وەك عەگالی عەرەب لوولدا، وازم لێینەهێنا بیست و نۆ گوللەیدیم پێوە نا، هەر پشکێکی پەرِیە بەردێك، هێشتا دڵم دانەکەوتبوو، ئا من ئەگەر ماری زیندووم دەستنەکەوتبا رقم بە سەر ماری مردوو دەرشت، جارێك لە

نزیك گوندی قوله هەرمێ مارێکی درێژ شتێك کورتر لە بەژنی من، ئەستوور هێندەی باسکم لە دەو ڕێ ڕاکشابوو، پێدەچوو بە بەرد کوژرا بێ، کەمێك لێیدوورکەوتمەوە سێرەم لێیگرت، شەش فیشەکم هاویشتێ مار بووە حەفت مار، لەو دەمە وا بزانم مام حەمەدی گۆڕەشێر بوو پەیدابوو، دوای چاکوچۆنی گوتی:

خۆ ئەو مارە من کوشتبووم، دەڵێی بە ماری مردوو خۆت فێرە مارکوشتن دەکەی..

نەمزانی چ بڵێم:

نا، مار ئەگەر بە گولله نەمرێ، ئەگەری زیندووبوونەوەی هەیە...

حەزمدەکرد دووپشکیش هەر بە گولله بکوژم، زۆر جار سێ گوللەم بە یەك دووپشکەوە ناوە، ئەو جارەی لە ئاقاری نازەنین لەگەڵ مام بایزی تازە لەبەهەشتەوە هاتوو، ئا، مام بایز لەمێژ نەبوو لە روسیا گەڕابۆوە، کاتی خۆی بە تەنبشت عەولاّ پۆلاّوە گوللەیەکی رووسی بە دەستی براکانی چەقیبووە سینگی و چووبوو لە روسیا دەریبێنی، دەیگوت:

((من ئەو چەند ساڵە لە بەهەشەت بووم، روسیا بەهەشتە من لە بەهەشتەوە هاتوومەتەوە))

لەگەڵ ئەو پیاوە بەهەشتیە لە سێبەری درەختێکی هێندەی چیایەك گەورە دانیشتبووین، دیتم شینە دووپشکێك بە قەدی پیرەداردا هەڵدەگەڕێ، بێ یەکو دوو بێ ئاگادارکردنەوە، سێ گوللەم پێوەنا، بووە هەزار پارچە و هەر پشکێکی چووە جێیەك، مام بایزیش تفەنگی سوارکرد، وا تێگەیشت بە سەرماندا دراوە، تووڕە بوو، دوای هێوربوونەوە، گوتی:

((ئەگەر بۆ جاش و سەربازیش ئەوها ئازا بیت، قەیناکە))

لە زاری عەولاّ پۆلاّوە سەرهاتێکی رووسی لە مام بایز دەگێڕمەوە، ئەوجا دێمەوە سەر خەتی گێڕانەوە: مام بایز لە فڕۆکەخانەیەکی رووسیایە، خۆی گوتەنی لە سەر

ڕێی فرۆکە ئامێرێکی حەیابەر هەیە، هەموو کەس بۆ پشکنین دەبێت بچێتە ناو زاری ئامێرەکە، هەر کەسێك تەلـە تێلێـك، تەلەزمـە ئاسـنێکی پێبێـت ئـامێر ئاشـکرای دەکات، ئێ نۆرەی مام بایزە، پێ دەخاتە ناو زاری ئامێر و نایخاتێ، ئامێر دەقیژێنێ، پۆلیس غاردەدەنە مام بایز، قۆڵبەستی دەکەن و ورد لە بـنی پێـی تـا تـەوقی سـەری دەیپشکنن، چ نابیننەوە، دەیخنەوە زاری ئامێرەکە، ئامێری حەیابەر دەڵێی مام بـایز گونی رادەکێشێ، دیسان یەك بە دەنگی خۆی دەقیـژێنێ، ئـای! پۆلیسـەکان سـەریان سووڕدەمێنێ، دێن، ناو زاری مام بایز دەپشکنن، لەو ساتە مام بایز گوتبووی:

چیە! من ئەسپم تەماشای ددانم دەکەن، ها، شیلەم هاتووە!

پۆلیس لە زاری مام بایز چ نابیننەوە، نە ددانی زێڕ نە هیچ، بـەڵام دیـارە ئـامێر شتێك لە مام بایز شکدەبات، بۆیە بۆ جاری سێیەمیش دەقیژێنێ و نایەڵێت مام بایز بە ناو زاریدا تێپەڕێت، مام بایز دەڵێتە پۆلیسەکان:

ئەو ئامێرەی ئێوە ترسنۆکە، لە من دەترسێت..

لە بیرمان بێت، مـام بـایز رووسـی نـازانێ، دیـارە وەرگێڕێـك هەیـە، پـۆلیس بـە گاڵتەوە دەڵێتە مام بایز:

بۆ تۆ چیت تا ئامێر لێت بترسێت!!

مام بایز دەڵێت:

کوردم و پێشمەرگەی پارتی کۆمەنیستی..

پۆلیس قسەی پێدەبڕێ و دەپرسێ:

تۆ چ جار بریندار بووی؟

مام مایز دەڵێ:

بەڵێ، ئێستایش گوللەیەك هەر لە تەنیشت دڵمە

پۆلیس دەڵێ:

دە زووتر وات گوتبا

مام بایز:

چوزانم ئەو ئامێرە حیزەی ئێوە لە گوللەی ساردبۆوەش دەترسیٚ؟!

وا بزانم ئـەوە جـاری یەکـەم و دوا جـار بـوو گوللـە بـە درەختـەوە بنـێم، هـەرگیز حەزمنەکردووە گوللە بچێتە گیـانی درەختـەوە، هەرچـەندە گەمەیـەکی خۆشیشـە، دەبـیٚ بلـێم گوللـەم بـە دووپشـکی مردووشـەوە نـاوە، کانـەبی گـەورە جارێـك لـە بارەگایەکی قەندیلی دیتی و بە پێکەنینەوە گوتی:

((دەستخۆش، کەم کەس بە دووپشکی مردوو دەوێریٚ))

خۆزگە ئێستا، لەو تاقیکردنەوەی تفەنگدا مارێك سیٚ چوار دووپشك پەیدا دەبن، بۆوەی گوللەم بە فیڕۆ نەدەدا، پێشمەرگەیەك هەبوو دەیگوت:

((هەر فیشەکیٚ بتەقێنی ئەگەر چەند دڵۆپە خوێنێك نەڕژا، ئەوا ئەو گوللەیـە بـە فـیڕۆ چـووە، گـرنگ نیـە خوێنەکـە هـی چـیە، سـەربازە، جاشـە، مـارە، کـەوە، نێریەکێویە...))

لەو تەڕوتووشی و سارد و سۆلە دووپشك و مار چ دەکەن، ئیدی چـەند گوللەیـەکم بە فیڕۆ دا، تەواوێك دوور دارجگەرەم کردە نیشانە و نیشانەم لێگرت و سیٚ گوللـەم تێیگرت، یەکەم کەمێك کورتی کرد، دووەم تۆزێك سەر، گوللەی سێیەم دارجگـەرەی بە ئاسمان ئێخست، باشە، خراپ نیم، لە خۆم رادەبیـنم، ئەگـەر جـاش و سـەرباز بـۆم راوەستن دەیانپێکم!!! بەرلەوەی سیٚ چوار دەسرێژیش بـە ڕەوەزەکـەی سـەرەوە بنـێم، جوان لێیمروانی نەوەك کەسێك، بزنێك، سـەگێك، دڕندەیـەکی پێـوە بـیٚ، گەڕامـەوە بەرەو بارەگا، باشە تفەنگەکەم بیٚ کەموکورتیە، ماڵی ئەوەیە بـە شـانی پارتیزانـەوە بیٚ..

ئیدی لە خۆ خرکردنەوەداین، وا دەفتەری شیعرم بە دەستەوەیە، لە ترسی بزربـوون دەمەویٚ دانەیەکیدی لە سەر بنووسمەوە، ئێستاش ڕەنگی بەرگی دەفتەرەکە لە چاومـە ڕەنگەکـەی مـۆرە، لـە لاپـەڕی دووەمـی کۆپلەیـەك لـە (کاروانە)کـەی مـاملێی لـیٚ

نووسراوەتەوە، ئەوەشم لە بیرە ئەو دەفتەرەم کەی و لە کوێ کڕی، لە مەهاباد لە فرۆشگایەکی سەر ڕێی ماڵی ماملێ کڕیم، دووسێ برادەر ویستمان بچینە دیداری ماملێ، بەڵام هەر لە ڕێ گەڕاینەوە، بە ڕێکەوت پرسیاری ماڵی مامڵێمان لە کەسێك کرد لە ماڵی ئەوان دەگەڕایەوە:

+ بۆ سەردانی مامڵێ هاتووین، گوتیان ماڵیان لێرەیە..

- بەڵێ لەو سەرە کۆڵانە بسووڕێیتەوە، دەگەیتێ، بەڵام لە ماڵ نیە..

حەیف، بە دیداری شاد نەبووین، لە فرۆشگایەکی نزیکەوێ ئەو دەفتەرەم کڕی و لە چایخانەیەك کە دەیڕوانیە باخە جوانەکەی ناو مەهاباد، دەستم بە نێرگەلەوە بوو، دەنگی (کاروانە)کەی مامڵێ هات، منیش نازانم بۆ! هەر لەوێ کۆپلەیەکم لە کاروانە نووسیەوە:

کاروانە هەی کاروانە

....

....

خەمگین و پەرێشانم

ئارامم نیە ساتێ

سەفەرێکم کەوتە بەر

ڕێیێ هات و نەهاتێ

چاوەڕێمە لە ڕێگا

با کاروان بێ و بمگاتێ

یارم دەگەڵە کاروانێ و

قەولە دوو ماچم داتێ

کاروانە هەی کاروانە

کاروان ڕۆیی بە بێ هەستی

....

ئەگــەر بیکــەم، نووســینەوەم زۆرە، کۆمــەڵێك وردە نووســین پێویســت بــە پێداچــوونەوەن، خــۆ هــیچ نــەبێ دەبــێ پاکنووسی(کچــێك لــە ســووتاندا)بکەم، ئــەو نووسینە شتێك بوو وەك شانۆگەری، باسی لە کچێك دەکرد کە لە نــەورۆزی پێشــتر و لە سەردەمێك کە ئاگرکردنەوە لەو رۆژەدا کوفرێك بوو بــە رووی پیرۆزیــی ئــەتاتورك، بە جەستەی خۆی ئاگری نەورۆزی کردەوە و لەرزی خســتە دڵــی تورکــەوە، ئــەو کچــە ناوێکی وەك زەکیە ئالکانی هەبوو، لەو شانۆگەریە بە هەڵە نەچووبم ئــاگرێکم نیشــان دابوو، ژنی کورد لەو ئاگرەیان نەدیتبوو، زەکیە ئالکان بــۆ یەکــەم جــار ئــەو ئــاگرەی دیتەوە، شتێکی وام خستبووە روو، ئیدی لە سەرمە ئەو شانۆگەریە پاکنووســبکەم و ئەگەر منیش ئاوە و ئاو چووم ،ئەو لە کەناری یادگــاری ئەگــەر جوانیــەکی ئــەوتۆش نەبێ، بمێنێتەوە.. بەو پەلەپرۆزێیە ئەو هەموو نووسینە چۆن دەکرێ! وا بزانم واز بێنم باشترە..

ئێستا لە هەوڵی دیتنەوەی نیوە دکتۆرێکن، پێشمەرگەیە هەر شتێك لە پزیشــکی بزانێت، ئاخر بۆ پارتیزان نیوە دکتۆرێك وەك چــەك و فیشــەك و مــەتارە ومــن دەڵــێم جگەرەشی بەگەڵ بدە، پێویستە، پێشمەرگە مەیلەو دکتۆرەکانیش لەو دەمەی ئەوێ ژمارەیان هێندە نەبوو، لە ژماردنیان پەنجەی دەستێك بخەیتە گــەڕ، پەنجەیــدی نــاوێ، دکتۆر دیتنەوە پەیوەست بە سەنگەرە، دەڵێ:

من دەیبینمەوە، نەشیبینمەوە خۆم شتێکی لێدەزانم

رەنجۆ خۆی پێناگیرێ:

شیرررڕ، حەبی سەرئێشە ناناسیەوە، دەتەوێ...

ئومێد هەر لە سەر پشت کەوت، نازانم بە راستی بوو یان درووستیکرد:

سەنگەر، ئەو جارەت دێتە بیر کە دەتویست دەرزی لە پیاوەکە بدەیت؟ دەستت چۆن دەلەرزی بڕواتان بێ، تا دەرزیەکەی لێدا من بە هەردوو دەست دەستی دکتۆر! سەنگەرم گرتبوو.. هههاههه

ئیدی وا بە دوای بە دەردی ئەبوو راستی گۆتەنی کەرتکە دکتۆرێکدا دەگەڕێن..

لەو سەروبەندە نامەیەکی یەك لاپەڕەییم لە روسیاوە پێگەیشت، لە بیرم نیە نامەی کامە برادەر بوو، لە دێرێکی ناوەندا نووسیبووی:

((..تا زووە ئەو کونە شاخانە بەجێبهێلە، هەوڵدە بە هەر رێگەیەك بێ خۆت بگەیەنە ئێرە، ئەو تەمەنە جوانە لە دنیای بن بەرد و پنچکان بە فیرۆ مەدە، وەرە برا دنیای گەورە ببینە، خۆت بۆ بە کوشت دەدەی؟ وەرە لێرە کەمێك بژین، بحەسێینەوە، بزانە سەنگەرێك نەما ئەوە بێنێ دوو فیشەکی لێوە بتەقێنی، وەرە لێرەوە دۆڕاویی سەنگەرەکان جوان دیارن..))

تاهو واهـ، من وا لە چاوەڕێی هەڵاتنی پۆلێك گوڵەستێرەم تا بە کۆنە سەنگەرەکان بکەومەوە، ئەویش دەڵێ چی! نا برا من روسیام ناوێ، خولیای دیتنەوەی کۆنە سەنگەرەکان، سەنگەرە دۆڕاوەکانم لە سەرە و دەبێ بیانبینمەوە، من دەزانم لێرە لە دۆڕاوی رۆژ دەکەمەوە، دەزانم لە دۆڕاوی رووە و سەنگەرە کۆنەکان دەبمەوە، دەزانم کەرایەتیە و گرتوومی، بەڵام دەنگێك نازانم دەنگی چیە لە سەنگەرەکۆنەکانەوە بانگمدەکات، لە سەفین و هەورێ و هەندرێن و پێرس و شیرین و گارە و مەتین و سووروداشەوە بانگمدەکات، دەنگێکە بە ئاشکرا دەبیسترێ... نامەی برادەرەکە کە دوو مانگ و شتێك بوو بەرێوە بوو بە کراوەیی گەیشتە دەستم، ئەو دەم دەیانگوت: ئێران نامەی دەرەوەی ئێرانی دەکردەوە، بە تایبەتیش ئەو نامانەی لە روسیاوە دەهاتن، بەڵام پێشمەرگەیەك سوێندی دەخوارد کە هەندێ لەو نامانە لە پۆستی ئێرانی بە داخراوی دێن، بەڵام کە دەگەنە دەستی حزب دەکرێنەوە، تا نەهۆش تێنەگەیشتم نامەکان بە دەستی کێ دەکرانەوە! پێشمەرگەیەکیدی دەیگوت:

حزب هەر لە سەردەمی پێش گورپاچۆڤدا دەژی و هەر لە کەشی پارتیزانیدا هەناسە دەدا، بۆیە دەبێ نامەکان هەر هەموو نامەکان بە بن برژانگی خۆیدا بێن و بڕۆن، من کاتی خۆی هەر نامەیەکم بۆ ماڵەوە دەنارد، حزب بۆی دەپێچامەوە، هەر نامەیەکیشم بۆ دەهات حزب بۆی دەکردمەوە و دەیگوت: هاوڕێ بیدە من تۆ ئەزیەت مەکێشە!!!

سەنگەر وای وەڵام دایەوە:

گورپاچۆڤ لەوێ، بەڵام ئێمە ئێستا وا دەچینەوە ژیانی پارتیزانی پێچانەوە و کردنەوەی نامە بە دەستی حزب ئاساییە.

ڕەنجۆ بە پێکەنینەوە:

ئاگاداربن سەنگەریش حزبە!

نازانم چۆن بوو بۆ فشە هەڵمدایێ:

پیاوم دەوێ نامەی من بپێچێتەوە و بکاتەوە

سەنگەر بە شێوەیەك پێکەنین گرتی لە سەر پشت کەوت:

ئەوجا چ حزبێك لە نامەی تۆ تێدەگات، هەمووی شیعر و...

نامە نامەم پێدەنووسێ، لە باسی حزب و ئێران و نامە خولیای نامە نووسین کەوتە سەرم، دێتە بیرم ئەو ڕۆژە شەش حەفت نامەم بۆ برادەرانی رووسیا نووسی، بۆ دیار، هەندرێن، سورخی، نەژاد، باخەوان، ئاوات، هۆگر، هێشتا هەواڵی سڕگومبوونی هۆگرم نەزانیبوو، ئەو کوڕە کە لەگەڵ مەلا جەلال هاوڕێی رێی رووسیا بوون، لە پڕ لە دەو ئاوی ئاراس دیار نامێنێ، دیارە ئاو نەیبردووە چونکێ ئاراس لەو وەرزەی هۆگر لێی پەڕیوەتەوە ئەوە نەبووە کە پیاو ببات، ئەو جێیە وەك باس دەکەن هەڵدێریش نیە تا گومان بۆ هەڵدێران بچێ، لێڕەواریش نیە، لە پاسەوانی سەر سنوورانیش دوورە، جێگەیەکە دەڵێن لەوەتەی هەیە کەسی بە ئاودا نەداوە، کەسی هەڵنەدێراوە، کەسی گورگان خوارد نەکردووە، کەسی رادەستی پاسەوانان نەکردووە،

جێگەیەکە خوێنی مرۆڤی نەدیتووە، ئەدی هۆگر چی بە سەرهات! زەوی قوتیدا، ئاسمان هەڵیکێشا! کەس نازانێ، دەڵێن مەلا جەلالیش حەپەساوە و چ نالێ، من ئەو هۆگرەم چەند جارێ دیتبوو، زۆرم خۆشویستبوو.. نامەیەکەم بۆ ئەویش نووسی، ئێستا نامەکان ئامادەن، پێشەوەی بەرێیکەوین بەرێیان دەکەم..

لە سەر ڕۆیشتنین، هەر دیتت کۆڵەپشتمان لە پشتێ کردو دەستی ماڵئاواییمان بۆ ناوزەنگی ماڵ، ماڵی پێشمەرگە هەڵبڕی، ئێستا لەو دەمی ماڵئاواییە، ناوزەنگ خەریکە سیمای ژنێکی بە تەمەنداچوو وەردەگرێ، ژنێك قورگی پڕ گریانە، هەنسك دەدات، هەر دیتت لە بەڕێکردنی کوڕەکەی لە پرمەی گریانی دا، ئەو ژنە تا دێ سیمای لە سیمای دایکم دەچێ، ساڵانی شووم بینایيمی پەرتنەکردبێ، ئەو ڕۆژەی دایکم جێهێشت، سیمای زۆر لەو ژنە دەچوو، لە ناوزەنگی ژن دەچوو، لە بیرمە کە پشتم لە دایکم کرد و ڕێی چیام گرت، هەستمکرد کەزیی دایکم لە پێم ئالاوە، بەلام هێزی چیا بە هێزتر بوو لە هێزی کەزی، ئێستاش دەترسم ناوزەنگ کەزیەکانی بڵاوبکاتەوە، سرووشتێکی لە سرووشت سەیرترم هەیە، ڕەنگ نیە خوو بە جێیەکەوە بگرم، لێینابمەوە، دەبێتە دایکم و دەستبەرداری نابم، چەندی زووتر بەرێکەوین درەنگە، دەترسم سیمای گریاویی ناوزەنگ کە هەر کتومت سیمای دایکمە، بمگرییێنێ و ئیدی ڕێی پارتیزانی دانەگرم، دەبێ ڕەنجۆ بووبێ سیمای منی خوێندەوە و گوتی:

ناوزەنگ لە روسیای کردی، لە پارتیزانیشت دەکات..

گوتم:

نا، ناوزەنگ لە دوورکەوتنەوەی کردم، بەلام لە نزیکبوونەوە، نا..

ئیدی ئەوڕۆ سبەی بە ڕێی نزیکبوونەوە شۆڕدەبینەوەو گیرنابین، تا کۆنە سەنگەرەکانی هەورێ و سەفین گیرنابین و لەوێوە لە شەوەزەنگی ئەو شاخ و دۆڵ و پێدەشتانەوە پۆلێ گوڵەستێرە هەڵدێن و هەڵدەبنەوە، ملازم شێرزاد گۆتەنی:

ولاتی بە ئەنفالچوو رووناك و ئاوەداندەکەنەوە..

سەنگەر دەیگوت:

با زوو بڕۆین قۆدیە گۆشت، گونیە ئاردەکان ببینینەوە..

ئومێد شیرێکی لێبەردا ویستی بڵێ، رەنجۆ لە جیاتی وی گوتی:

پێتوایە ماون؟

سەنگەر:

وەهام تەقەت نەکردوون، ببینرێنەوە، هیچ جاشێك نایبینێتەوە

ئومێد:

کوڕە هەی کەرماکەر، خۆ ئێستا بوونەتە ژەهر، هەر بۆنیان بکەین دەتۆپین.

رەنجۆ:

بەر کیمیای ئاسمانێ نەکەوتین، دەیەوێ بە کیمیای قۆدیە گۆشتی بن عەردی بمرین.

سەنگەر:

بڕواتان بێ، بەلایان نەگەیشتۆتێ، جێگەیان نسێیە، ساردە، دڵنیام وەك خۆیان ماونەتەوە

ئومێدبە پێکەنینەوە:

لە ناو بەفری قەندیل هەڵیگرتوون

رەنجۆ:

نا، لە ناو بەفرگرەکەی نەنکی..

لەو دوورەوە چاوم لە سەر ئەو جێیانەیە کە ئازووقەیان لە خۆیاندا بۆ پێشمەرگە شاردۆتەوە، پاراستووە، لەو باوەڕەم ئەگەر بە تەنێش بم بە یەکە یەکەی ئەو جێیانە بکەومەوە، بە هەڵدانەوەی بەردێك لە سێبەر، بە هەڵکەندنی بن گابەردێکی نسێ، بە لادانی پنچکێکی زاری کونێکی تەلانێکی عاسێ، ئارد و نیسك و نۆك و قۆدیە گۆشت و ئاوەتەماتە و شەکر و چا و خوێ دەبینمەوە..ئاخر..

+ هاوڕێیان، تەواو سبەی دەڕۆین

- به راست؟

+ سبەی زۆر زوو بە ڕێدەکەوین

ئامادەین، ماڵئاوا ناوزەنگ، هەر ئەوڕۆ لێرەم، ڕەنگە ئیدی نەتبینمەوە، هەورێ و سەفین هاتین، کونە گورگ و دەعباکانتان بۆمان بکەنەوە هاتین، سەرما وسۆڵەتان کەم بکەنـەوە هـاتین، وەك سـاڵانی پـێش ئـەنفال بمانگرنـەوە، هـاتین، پـۆلێ گوڵەسـتێرە هەڵدێن...

هاهێ هههاااااا وااا ههێ ئا ئائا ئۆئۆ هیییییی

+ چیە؟ چ بووە؟ چ قەومایە؟

- ڕانیە..

+ چی؟

- ئازادە..

+ بە ترومبێل دەچینەوە..

مورتکە

ئێرە مورتکەیە، بەلاّم نە مورتك نە هیچ درەختێ نابینم، نازانم تەور بە ناویان وەربووە یان شەڕ گەیشتووە و سووتاندوونی، دووریش نیە لە بنی درەختێکی بە خۆیەوە نەدیتبێ، وەك زۆر گوندیدی ئاشنای سێبەر و بەر و کەسکایی درەخت نەبێ، لەو دەشتی هەولێرە زۆر گوند هەیە لە گەڕەکێکی شار بە ئاوترە، کەچی دەڵێی لە بیابان هەڵیانداوە، ئەو خۆشناوەی قەرتالّەکەی وا بزانم ترێ بوو دەیگوت:

بە چاوی گورگ چاو بگێڕی، بۆ هێستر بەستنەوەش درەختێك نابینیەوە.

بەلاّم مام عجیل کە بە دەگمەن نەبا، تفەنگەکەی یان لە شان بوو یان لە سەر چۆکی، دەیگوت:

لەو دەشتە بۆ تفەنگ پێوەکردن، لقە دارێ نیە.

رۆژ ئاوابووە، زەردەی ماوە، پێشمەرگە لە پشت گوند لە ناو پووشو پەلاش خۆیان حەشار داوە، ئەوشەو شتێکیان لە چاوە، ئەگەر چ روونەدا خۆ بە مۆڵگەیەکدا دەدەن و رەنگە نەخش بێنن، ئێستا مێوانی گوندن، دوو دوو بە سەر مالاّندا دابەش بوون، لە هەندێك ماڵ مێوانی خوێن شیرنن، لە هەندێ ماڵیش تاڵ تاڵ، تاڵترین مێوان...

دەبێ هەڵەیەك لە نەخشەکەدا هەبووبێ، یان دواتر تێیکەوتبێ، نا، رووداوێك لە دەرەوەی نەخشە روویدا و نەخشەی تێکوپێك دا، باش بوو تێکچوو، دوور نەبوو تێدا بچم، یان دەستم بە خوێنی جاشێك سەربازێك سووربا، دواتر، دوای چەند شەوێك پێشمەرگە کەمێك لەولاتر، کانەبی گچکە گوتەنی:

((نەخشێکی هێنا، مێژوو ئەگەر خوێڕی نەینووسێتەوە، لە لاپەڕەیەکی خۆیدا جوان دەینەخشێنێ))

بەلاّم من لەوێ نەمابووم، هەڵفڕیبووم، دەزانن لە کوێ نیشتبوومەوە!

ئاخوڕە

ئەها، بەیان ئەنگوت، لەو بڵندایيە، لەگەڵ نیشتنەوەی من بەیان ئەنگوت، بەو لێژاییەدا لێژدەبینەوە، ئەبوو رەشا دەناسمەوە، لە پێشە من لێژدەبێتەوە، پێی رۆیی، خۆی بە لقە داریٚ گرتەوە، چەند بنە دارێك بە پێوە مابوونەوە، ئێرە(ئاخوڕە) یە، رێی مورتکە بۆ ئاخورە بە ترومبێل هەر بایی دالغەیەکی کورتی منە، بەلاّم بە پێی پێشمەرگە کاتژمێرم نەگرتەوە، نەمزانی چەندە، پێشتر لە بابم بیستبوو کە ئاخورە لە (ئاخوڕ)ەوە هاتووە و خەڵکی لایدە ئەو ناوەیان بە سەردا بڕیوە، بەوەی کە ئاخوڕی زۆریان لەو جێیە دیوە، ئاخوڕی بەرزە و رەشەولاّخ، ئاخوری بزن، بەلاّم ئێستا ئاخوڕەی پڕ ئاخوڕ تاکە ئاخورێکی نیە، لە دەو بیرە ئاوەکانی کۆڵێکی ئاو نابینریٚ، ئاخورە چ گوندێکی نا گوندە! نە قۆڕەی چێڵیٚ، نە قاڕەی بزنیٚ، نە حیلەی ماینیٚ، نە زەڕەی کەریٚ، نە قووقەی کەڵەبابیٚ، نە گارەگاری مریشکیٚ، ئاخوڕە چەند نا گوندە، نە کوندە و کوندەلاّن، نە کۆڵیتی مریشکان، چەند ناگوندە! لە وەرزی دۆ لە ئاخورە جامە دۆیەك دەستناکەویٚ، دووسەگە کلك لە سەرپشتەکان لە وەڕین ناکەون.. پیاوێك کە کۆڵێکی گەورەی لە پشتێیە، بەلاّم رەنگە سووك بیٚ، کلاّشینکۆفێکی قۆنداخەداری بە شانەوە، لە سەر رۆیشتنە، دەڵیٚ:

دەمێکە ئاخوڕە بیٚ مالاّتە، ئەوەی هەبوو سەربازی عارەب تالاّنی کرد، تەواو ژیان لێرە نەما، گوند سەری خۆی هەڵدەگریٚ

ئەبوو رەشا لێپرسی:

تۆ بۆ کویٚ؟

کابرای کۆڵ لە پشت:

قوزی داکی عارەب

ئەبوو رەشا بە کوردیەکی خۆش و پێکەنیناوی:

من عوربی، تۆ قوزت داکم چوو

کابرای ئاخوڕەیی:

تۆ عارەب نی

ئەبوو رەشا بە پێکەنینەوە:

وەڵلاٚ من عەرەب

کابرای تفەنگ لە شان:

باشە دەچمە قوزی داکی سەدام، خۆی ناڵێی سەدامم

ئەبوو رەشا:

نا، بچو، بەس دربالەك لە رێی قوز داك سەدام جاش مەوجود.

کابرای کۆڵ لە پشتی تفەنگ لە شانی ئاخوڕەیی دەستی لە ملی ئەبوو رەشا کرد و بە گریانەوە رۆیشت..

هێشتا لە ئاقاری ئاخوڕەین، دەنگی فڕۆکە دێ، دەبێ خۆ بشارینەوە..

باواجی

سەرهەڵبڕە، (باواجی)یە، دیوی لای شاری دیار نیە، بەلاٚم دیوی دۆڵی، دۆڵی سماقوولێ لە بن سێبەری چەند پەلە هەورێ، لە بەهاردا راکشاوە، ئەو تەنکێشەی باواجی کە لەمنەوە جوان دیارە، لەو بەهارەدا دەڵێی کەوێ کەسکەکەی نەنکمە بە سەر رستەوە..

((کەوێکەی من تیلمێکە لە باواجیم هەڵبڕیوە))

ئەو رستە شیعریە هی نەنە ئایشەی نەخوێندەوارە، پتر لە بەهاراندا دەیگوتەوە، نەنکم ژنێکی باواجیی بوو، دەیگوت:

((من کۆیی نیم باواجییم))

دایکم زۆر جار دەڵێ:

((نیوەی باواجی هی باپیری من بوو، بەڵام لە بن دەستیان دەرهێنا و ئێستا جێی گۆڕێکیشمان لەوێ نیە))

تۆپێك منی هێنایەوە ناو پێشمەرگە، دەنا لە سەر دەرگای ماڵێ لە نێوان نەنکم و دایکم دانیشتبووم، بیرم لە نیوەی لە دەستچووی باواجی و کەوێی باواجی دەکردەوە، من وام، هەر جێگەیەك ببینم یان ناوی بێ، ئەگەر لە منداڵی دیتبێتم یان باسیان کردبێ، یەکسەر دەگەڕێمەوە منداڵی..

تۆپ، تۆپ، دیسان تۆپ، رێی پێگۆڕین تۆپ، رووە و کەندەکە شۆڕبووینەوە، باواجی بزر بوو، تۆپ نەیهێشت تێربم لەو جوانیەی باواجی کە لە کەوێکەی نەنکم دەچوو، کۆپتەریش گەیشت، زرمۆهۆڕە، ئیدی باواجی هەر نیوەی نا، هەمووی لە دەستچوو، لە بیرمە حەمەی ئایشە گوڵ دەیگوت:

رۆژێك دێت لە سەری باواجی خانووێك درووستدەکەین، جار جارە لە بەهاران لێی دەمێنینیەوە، سەرهاتی رۆژانی پێشمەرگایەتی تێدا دەگێڕینەوە

بەڵام ساری دەڵێ:

لە خەونێ!

کانی شیلانە

مانگەشەوێکی هاوینیە، لە دوورەوە جاش سەرباز لێکدی جیادەکرێنەوە، تینوێتی نەبا، لەو سەر کانیە نەدەنیشتینەوە، رەنگە(شۆرش)ێکی خۆشناویی بووبێ، گوتی:

((ئەوەش کانی شیلانە، ئای چەند تامەزرۆتم))

ئێرە کانی شیلانەیە؟ زۆرم خواردەوە، بەڵام نەگەیشتە زگاوبوون، مەتارەکەم پڕ کرد، بە راست ئەوە کانی شیلانەیە؟ پێشتر جارێك کانی شیلانەم دیتووە و ئاوم لێی خواردۆتەوە و تێر شیلانەکانیشم بۆنکردووە، بەلام دەلێی گۆڕاوە! نا، ئەو کانی

شیلانەی مـن لـە بـەر تیشـکی خـۆر سـەردانیم کـرد، کـانی شـیلانەی بـەر تریفـەی مانگەشەو نیە، پێدەچـێ ئەودەمـەی مـانگ بـە سـەر جێگەیەکـدا هەڵـدێ، هەنـدێ سیمای رۆژ و بەر خۆری لێبکاتەوە و سیمای تریفەیی بـداتێ، بـە شـێوەیەك چـاو بـە سانایی نەیناسێتەوە، (ئازاد)ێك لە تەنیشتمە، بە ئەسـپایی هـەر ئەوەتـە دەبیسـتم، گۆرانی دەڵێ:

کانیەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو

لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو

(کامەران)ێك دەڵێی بۆ من قسەدەکات:

((ئەو رێگایەی بە شەو پێدا دەڕۆی، کاتێ بە رۆژیش بە هەمان رێگـا دەڕۆی، زۆر جیایە، هەر ئەوەتە دەیناسیتەوە، بە پێچەوانەوەش..))

کوڕێك لە یادەوەریمدا نە رەنگی ماوە نە ناوی، بـەڵام ئـەو رسـتەیە وەك خـۆی لـە گوێم دەزرینگێتەوە:

((دەڵێی رێت هەڵە کردووە، بەوە خۆت دەپەڕێنیتەوە، چاوساخ!))

لەو رستە یادەوەریە، تەنها وشەی (دەلیل)م گۆڕی بە چاو ساخ.

کامەران لە دڵەوە و بە دڵنیاییەوە دەڵێ:

((لە هەموو جێیەك بزربم، لە سەفین و ئاقاری سەفین نا، دەزانم لەو سەفینە چەند کانی و تەڕایی هەیە، چەند رێ و رێچکە هەیـە، چـەند گابـەرد و بنـەدار هەیـە، لـە تاریکەشـەوی بارانـاوی بـە هـەموو ئەوانـە دەکەومـەوە، لـە بـن بـەفرێ، پێیاندەکەومەوە..))

یەك یەك، بە دووی یەکا، دوور لە یەکتر، بە بنارا خۆش خۆش دەڕۆین، لەوانەیـە پێشمەرگەی بەر تریفەی مانگەشەو ئەگەر لە تەلەفزیۆن نیشانبدرێ، لە چـاودا جـوان خۆ بنوێنێ، من لەو بنارە تریفەییە، لە گژ وێنەیەکم، دەمەوێ بە وشە بیکێشم، وشە لە پێشمەرگە یاخیترە، دەستەمۆ نابێ، دەسرێژەك هێنامیەوە رێزی پێشمەرگان، چەند

دەسرێژەك ڕۆیشتنی پێشمەرگەی پساندەوە، خۆم داوەتە پەنای بنە دارەك، چاو لە بەرد دەگێڕم، نابینم، تەقە گەرمە، هی ئەوە نیە، وا بمێنیەوە، دەبێ دەستبکەیتەوە، تەقو هۆڕە، چارەگێکی نەبرد، دەرچووین، لە بەختی من، ئەوەی نەخشەی بۆسەکەی کێشابوو، یان نەزان بووە یان ترسنۆك...

ماکۆك

قسەکم بیستیە، نازانم کێ دایڕشتیە:

((سەفین بە هەر لایەکدا هەڵتدا، هەڵدانەکە حێل بێ یان هێدی، چیایەك دەتگرێتەوە و لە دەشتایی و دۆڵ ناکەویەوە))

ئەو قسەیە بۆ من راستکەوتەوە، لە سەفینەوە هەڵفڕیم، لە لاپالێك نیشتمەوە، گوتیان:

((سەرهەڵبڕە، ئەها ئەوە چیای ماکۆکە))

لە سەفینەوە لۆ ماکۆك تەنها دوو رێ هەیە، رێی سێیەم ئەگەر هەشبێ بە خەیاڵدا خەیاڵ و خەیاڵ دەڕوات، ئەو دوو رێیە یەکیان رێی پێشمەرگەیە، ئەویدی رێی فڕۆکە و کۆپتەرە، کۆپتەر تا دەیگاتێ خەوەنووچکە دەباتەوە، بەلاّم پێشمەرگە ئەگەر مەتارەکەی پڕ و لە کۆڵەپشتەکەشی چەند نوردووە نانێك و دوو مستە قەسپ هەبێ، ئەوا رەنگە لە رێیێ هەر جارێك دەست بە ئاو بگەیەنێ، مام مەجیدی برا گچکە بە دەنگی نزم بۆ یەك دوو پێشمەرگەی دەگێڕایەوە:

((بەو دەستنوێژەی لە کانی شیلانەی سەفین هەڵمگرت، لە بناری ماکۆك نوێژم کردووە، دەستنوێژ سووك بووبوو، بەلاّم نە شکا))

مام بایزی برا گەورە بۆ گوێی لێنابێ! پفێك بە دارجگەرەکەیدا دەکات، گوللەی دەمانچەش هەر هێندە تۆز و خۆڵە بەرزدەکاتەوە:

((مەجە، بیبڕەوە، زۆری نەماوە منیش باوەڕبکەم!))

حاجی بەختیار دەڵێ:

((دوای رزگاری و چوونەوە، پێویستە مام مەجید ببێتە سەرقافلەی حاجیان))

[بەلاّم دوای هاتنەوە، لە سەروبەندی گرانیەکە من بە چاوی خۆم چەند جارێ مام مەجیدم لە کۆلاّنان بە دوای ترومبێلی زبڵرێژەوە دیت]

دەستەیەك پێشمەرگەی هەتاوگەستە بەو دەمەو عەسرە هاوینیە دەڵێی قەتێن بە ماکۆکەوە، هێند خۆیان داوەتە تاو، رەنگی قەتێیان گرتووە، هەر بە راستی لە چاوی منەوە زۆر لە قەتێ دەچن، مام هیدایەت کە تەمەنێکە پێشمەرگەیە، زوو گوتبووی:

((خودا ئەگەر لە پیاو بگۆڕێ، دەبێتە پێشمەرگە، ئەگەر لە پێشمەرگەشی گۆڕی دەبێتە قەتێ))

جێیەکەمان بێ دار وبار نیە، بەلاّم دیوی سێبەری دار قەرەقاج، لە دیوی هەتاوەکەی گەرمترە، کەم مەتارەش ماوە چۆڕبڕ نەبووبێ..

لێرەوە، لەو دوورەوە، لە دووربینەوە، بێتواتە لە چەند هێشووە ترێیەکی رەشی خۆلاّویی ناو قەرتاڵە دەچێ، ئەرێ چی وای کرد بێتواتە لە بۆڵووە ترێ بچێ، حەزی چوونە ترێ!!

تینوێتی تاوی سەندووە، ماکۆکیش هێشتا زۆری ماوە رۆژی لێ ئاوابێ، تا ماکۆك نەچێتە باوەشی تاریکیەوە، بن ئەو چەند بنە دار و گابەردە ماڵی پێشمەرگەیە و بۆی نیە پێ ئاودیوی دەرێی ماڵ بکات، ئێرە خوا دەزانی چاوی چەند جاش و سەربازی لە سەرە، خوا دەزانی لە ناو سێرەی چەند تۆپ و دۆشکە و تفەنگە، میزی خۆمان خواردبێتەوە، تا تاریك دانێ هەر لێرەین...

حاجی بەختیار پێدەچێ زۆری تینوو بێ، بۆیە چیرۆکی رووبار دەگێڕێتەوە:

((لەو پێچە بسووڕێیتەوە، سەرشاخانە، رووبارەکەیە، ئەو رووبارەی لە دڵی ماکۆکەوە هەڵدەقووڵێ، سارد سارد کەللە تەزێن، ئەو ئاوە هەمیشەییە، کانی دنیا چك بکات، رووباری دنیا وشك بکات، رووباری ماکۆك هەر رووبارە))

هاتەوە بیرم، پێشتر لە رێی خاڵێکمەوە(شەفیق) ماکۆك و کانیەکانی ماکۆکم بە شێوەیەك بیستبوو، وەك ئەوەی بە چاوی خۆم دیتبێتم، ئەو شەفیقە لە پێشمەرگایەتی کەم چیا هەیە نەیدیتبێ، ئەوە بوو کە کوڕێکی بوو لە ناو چیایان (ماکۆك) بۆ هەڵبژارد، بەلاّم من لەو عەسرە هاوینیە، گەرما و تینوێتی ماکۆك وای لێنەکردم کە هیچ جوانیەکی لێ ببینمەوە، لە بەرخۆمەوە دەمگوت:

کوڕی خۆم بە بیابان ناودێربکەم، ناوی نانێم ماکۆك.

ئۆخەیش وا ماکۆك کەوتە تاریکیەوە، رەنگە گوتبێتم:

ماکۆك، هەر لە تاریکی بتبینم!

شۆڕبووینەوە، گەیشتینە ئاو، دەرچووین، بەلام بەو رێیە نا کە دەچۆوە سەر ئاوەکەی دڵی ماکۆك..

دواتر زۆر دواتر، نە حاجی بەختیار مابوو، نە پێشمەرگایەتی، ساڵ لە وشکەساڵی وەرزەکانی دەسووڕاندەوە، سەر لە سپێدەیەك بە ترومبێل رێم کەوتەوە بێتواتە، لە چاوی من هەر لە هێشووە ترێ دەچوو، بەلاّم لە ناو قەرتاڵە نا، بە دارەوە، سەرم بە بەژنی ماکۆکدا هەڵبڕی، چ چیایەکە ماکۆك! چوومە سەرشاخان و خۆم خستە رووبارەکەیەوە، چ ئاوێکە، ئاوی دڵی ماکۆك! راستی گۆ حاجی بەختیار، شەفیقیش جوانناس بوو..

هەندرێن

کوڕێك هەیە بە چیایەك دڵی دانەکەوت، ناوی دوو چیای لە خۆی ناوە (هەندرێن پێرس)، تێنەگەیشتم بۆ جیاکردنەوەی لە هەندرێنەکانیدی پێرسێکیشی بە خۆیەوە

ناوە، یان شتێك هەیە لەو دووە کەس بەلایدا نەچووە، (ئەبوو لاوك)ێکمان لەگەڵە لە ڕۆژەکانی بە چیادا هەڵگەڕان، کە ئارەقە لە قوونیەوە دەهاتە خوارەوە، گوتم ڕۆژەکان نەمگوتە ساتەکان، چونکێ چیا هەبووە چەند ڕۆژی ویستووە تا لێی ی ئاودیو بووی، ئەوجا ئەو ئەبوو لاوکە دەست بە بنەدارێکەوە دەگرێ، پشوویەك دەدات، دوو قوم لە مەتارەکەی دەدات، دوای لێبوونەوە لە لاوکەکەی، ڕوو لە دوو چیا، بە عەرەبی دەڵێ:

پێشمەرگە دوو گون لە خۆی نێ، لەو باشترە ناوی دوو چیا لە خۆی نێ.

دوو چیا دەڵێ:

گونم! لۆ خۆت لاوکی چیایی بڵێ.

ئەو ئەبوو لاوکە، بابی شتێکیدیە، بابی لاوك نیە، بەلاّم هێند لاوکی گۆ، بووە ئەبوو لاوك، چ لاوکێکیش! هەمووی شەش (لێ) و حەفت (لۆ)یەك، وشەیدی نەدەگۆ: ((لێ لێ لێ لێ لێ لێ، لۆ لۆ لۆ لۆ لۆ لۆ لۆ)) هێندە و بەس، بەلاّم ئەگەر بێ مەترسی با، هێندەی دەگۆتەوە مێشکی دەبردی، ئەبوو لاوك دەپرسێ:

ئەرێ ئەو چیایە ناوی چیە وا نازانم لە کەنگێوە بە دەوریا خولدەخۆینەوە؟

دوو چیا دەڵێ:

ئەوە منم

ئەبوو لاوك دەپرسێ:

کام لات؟

دوو چیا وەلاّمدەداتەوە:

لای گونم

ئەبوو لاوك دەیویست شتێك بڵێ، بەلاّم پێکەنین ڕێی نەدا کەس گوێی لە وشەیەك بێ...

شێرزاد دەڵێ:

لەو خوارە کانیەك هەیە، مەتارەکانمان پڕدەکەین.

نەمزانی کێ بوو:

لە پێشمان کانی نیە؟

شێرزدا وەك ناولەپی خۆی شارەزای هەندرێنە دەڵێ:

نیە، هەندرێن کانی کەمە.

ئەو قسەیە منی گەڕاندەوە لای خاڵم کە چیا نەبووە شەڕی لێنەکردبێ، دەیگوت:

((لە بیابان لێت بقەومێ لە هەندرێن لێت نەقەومێ، چیایەکە بێ کانی))

کانەبی گەورە کە خزمایەتی لەگەڵ هەرچی شاخ و دوند هەیە، هەیە و بە خوێنیش لەگەڵ هەندرێن دەگەنەوە یەك، سەیر بوو لەو خولانەوە هەندرێنیە لە بارەی هەندرێنەوە ورتەی لێوە نەهات..

ئۆخەیش ئاقاری هەندرێنمان بڕی و لێمان نەقەوما..

قەڵاتی دوین لە بن درەختێکەوە

لەو جێیەی قەندیلی دەڵێنێ، قەندیلی هەورگری بە ئاسمانداچوو ناڵێم، قەندیلی ئاوایی دەوزێی گەورە، ئەو جێیەی کە پێشمەرگە بە شەڕ بەلەمێك بادینانی بە سۆرانەوە گرێدەدا، لەو قەندیلە، لەو پنتە پەیوەندیەوە، تا ئێرە نیو شەوی پایزی ویست، لە سەر زێ بە رێکەوتین نیوە شەو بوو، ئەوە لێرە لەو سەر بستووە، لەو بن ئەو دارە بە تەمەنداچووە، سپێدەی دا، بە پێی پێشەرگە نەبا بە شەو و رۆژێکیش ئەو هەموو ئاقارە نەدەبڕا، ئاقاری قوڕە بەگ و رك و هاڕەش و گڕاو و نازانم چی و چی...

سپێدەیەکی بە واتا سپێدەییە، گزنگ تاڵ تاڵ لە سەر و قژی درەخت ئاڵاوە، درەختێکی تابڵێی بڵند و پان و پۆڕ، چ بە تاکە درەخت نەدەچوو، دەتگوت چەندان درەخت لق و پۆیان لێکدی ئالۆزکاوە، مام رەسووڵ پێشتر گوتبووی:

((له چلەی هاوینێ نیوەی خێڵی خەیلانیان لەو بن داره دانیشن، کەسیان له سێبەر بێبەری نابێ و حێیەکی له بەر هەتاو نامێنێتەوه))

ئەگەر ئەو قسەم نەبیستبا، به قەڵەمبڕ له قەدی نیوه کلۆری درەخت نەمدەنووسی (داربەڕووی خەیلانی)، هەر له بارەی داربەڕووی خەیلانی سەفینێکی سەر له سەفین بڵندتر دەیگوت:

((بیستمه لەو ناوه داری مەسرەتی هەیه، وا بزانم هەر ئەو داربەڕووەیه، دەڵێن هەر کێشەیەك بکەوێته نێوان خەیلانی و زراریان لەو بن داره دادەنیشن و دارەك به بەینیاندا دێنن))

دەمویست به دوای داربەڕووی خەیلانی بنووسم(بۆ مەسرەتی) بەڵام قسەیەکی جاسم خەیلانی پەشیمانیکردمەوه:

((که خێن رژا، داری مەسرەتی چی! داربەڕووەکانیش دەبنه تفەنگ و به رووی یەکتردا دەتەقنەوه))

داربەڕوو تاقه دار نیه، له دەوروبەری هەشت نۆ ده داربەڕوویدی هەڵچوونه، بەڵام له چاو خەیلانیەکه له بنه گوێنی دەچن، بۆیه جوانی و گرنگیی تاقەداری پێوەیه، له چاوی منەوه هەر تاقەداره، ئێستا له بنه مەتاره و به ئاگری گچکه چایه لێدەنێین، پێشمەرگه دەبێ بێ دووکەڵ بێ، دووکەڵ له هەر جێ بێ، تۆپ دەیبینێ و دەیگاتێ، کێ بوو؟ گوتی:

((ئەها له قەڵاتی دوینەوه دووکەڵێکی گەوره بەرزبۆوه))

ئای، چما ئەوه قەڵاتی دوینه، نەمزانیبوو، لێرەوه به دووربین روون دیاره، هەوه به شەو لەو دیوەوه له دیوی ئاوایی (دوین)ەوه، له دیوی گۆڕستانه پڕ کێلەکەیەوه له قەڵاتی دوین نزیکبوومەتەوه، وەك دەڵێن دنیایەك سەرباز و جاشی به سەرەوەیه، قەڵات به دیوی دویندا هەندێك شوڕبیەوه، مێرگ و زەنوێره، بەڵام به دیوی ئێمەدا

لـە رووبـارەوە تـا سـەریٚ رژد و هەڵـدێرە، کـەس نایگـاتیٚ، هەرچـی پێشـمەرگەیە پەلاماردەن، ناگیریٚ، سیٚ چەکدار لەو قەڵاتەوە دەتوانن شەریٚ لەشکرێك بکەن..

سەفین چاوی لە دوین بڕیوە:

ئەو قەراتە بە دەستی هەر کێوە بیٚ، ناگیریٚ

خەیلانی دەڵیٚ:

ئەگەر لە تێری نان و ئاویان هەبیٚ و فیشەکیان لێنەبڕیٚ.

مام رەسووڵ ئاهێك هەڵدەکێشیٚ:

یەك ناپاك قەڵاتەك بە چۆکدادێنیٚ

بە دیار دوینی ناو گزنگەوە، چایە دەخۆینەوە، بە هەڵە نەچووبم، کوڵەپشت جگـە لە نوردووی نان هێلکەی کولاٚویشی تێدایە...

درەنگە، خۆر کەوت، ئەها، پشت لە دوێن بە چیایەکی رکدا دەڵیی نێریـە کێـوین هەڵدەگەڕێین، تەق تەق، بمب بمب، دەی ئەگەر لە ئاسمانیشـەوە پەلامارنـەدرێین، زەوی فشـەیە، ترسـم نیـە، ناپاکمـان تێـدا نیـە، دیسـان نیشـتنەوە بـە سـەفینەوە و هەڵفڕینێکیتر...

کێلە شین

ئێرە بناری حەسەنبەگە، چیایەکە پێدەچیٚ سەری لە لە ئاسمان بسویٚ، دەڵێن سەری سەرەوەی ساکەگۆڕێکی وایـە جێـی چـەند رۆژە جووتێکـە، بیسـتبووم جێـی پشـووی کۆپتەرە، کە لە شاخ و دۆڵان ماندوو دەبیٚ، دەچیٚ لەویٚ دەنیشـێتەوە، پشـوودەدات، خۆی پڕدەکاتەوە و بە ئاسمان وەردەبێتەوە، دەڵـێن ئـەو حەسـەنبەگە بـە قـەد چـەندان مێگەڵ بزن سەرباز و جاشی پێوەیە، ئەوەتا دوو کۆپتەر بە سەرماندا سـەرە و ئاسمـان

سەرەو حەسەنبەگ رێیان گرتووە، ئەها سێ کۆپتەریش لـە ئاسمـان دابـەزین ، ئەگـەر ماندوێتی ئاراستەکانی لێ نەئالۆزاندبم، بە ئاراستەی لۆلان باڵیانگرت، دەڵێی نیـازی دڵی ئێمەیان خوێندۆتەوە، ئێمەش هەر لۆلانمان مەبەستە، لێرەوە بۆ لۆلان کێ دەزانی چەند رۆژە رێیە، دەبێ شەو جێی هەندێ لە رۆژەکان بگرێتەوە، مالاّوا حەسـەنبەگ، دەمویست بە دەستی خۆم لاسکە رێواسێکی بەرۆکت بقرتێنم، با پیریش بووبێ، هـەر بەتامە، بەلاّم، تۆ بە مەرگ دەور دراوی و کەڵکی نیە لـەوە پـتر لێتنزیکبکەومـەوە، بەو دەستە بچووکەوە هی((شەڕی حەسەنبەگ))نین، مالاّوا..

بڕۆ، بڕۆ، پشوو، دیسان رۆیشتن، لادانە ئاواییەك، رەشماڵێك، شلە ساوارێك، ژاژی، پەنیر، جامە دۆیەك، دیسـان رۆیشـتن، رۆیشـتنی پێچاوپێچ، هـەوراز و نشـێو، کـەم راستوراست، لەمێژە بە ئاسماندا هەڵدەگەڕێین، بەلاّم بە رێیەك کە هەستمنەکرد رکـیم بێتە رێ، ئێرە کوێیە؟ دەڵێی هەڵەیەك هەیە، نا رەنگە هەواڵێك رێی پێگۆڕیبین، لـە بیرم نیە، نازانم چی بوو، شتێك هاتە پێشێ، لۆلانم نەدیت، بەلاّم لـە جێیـەك خۆمـان دیتەوە، ئەگەر دەستی هەڵەی تێدابووبێت، حەزدەکەم هەمیشە هەڵە دەستی هەبێ و من دەست بخەمە دەستی هەڵەوە، رزگار دەڵێ:

ئێرە کێلەشینە..

کێلەشین! دەمێکە ناوم بیستووی و نەمدیتووی، کێلەشین چ کێلەشین! کوێستانێکە لە ئاسمان، لەو چلەی هاوینە تەڕ تەڕ، بەهارێکە لە جێیـان لـە بـەهاریش بـەهاری وا نیە، فێنك فێنك، شنە بایەك هەڵیکردووە، نازانم تا گەیشتۆتە ئێرە پەنجەی بـە رووی چەند بـەفر کـەوتووە، بـا نـەرم نـەرم دەڵێـی لـە لاولاوە و بـاڕێزەوە هـاتووە، خودایـە کێلەشین ئەو هەموو کەسکاییەی ئەو هەموو رەنگەی لە کـوێ هێنـاوە، ئـەو هـەموو گوڵەی لـە کـوێ چـنیوە و لـە یەخـەی خـۆی داوە.. کۆمـەڵێ رەشمـاڵ لـە کوێسـتانی کێلەشینێ لە ئاسمانێ هەڵیانداوە، هێندە پەیوەندیان بە کێشەکانی زەویـەوە نـەماوە، رەشماڵنشینەك هەر لە زارکی رەشماڵێ دەڵێ:

بەخێربێن بۆ کێلە شینێ، بڵندترین کوێستانێ

ئازاد دەڵێ:

ئێرە بڵندترین کوێستانە؟

رەشماڵنشین:

بڵندترین کوێستانی کوردستانە، کۆچەری لە هەموو لایەکەوە رووی تێدەکەن..

دابەشبووینە رەشماڵان، ژاژی هات، هەندێك پێشمەرگە ناویان نابوو (تیئێنتی)، ئاخر هەرچیت بە سەردا دەکرد، نەدەچووە خوارێ، کە دەشچوو گەدەی سەروبن دەکرد، من چەند جارێ بە ژاژی وام لێهات، بەڵام چ دەکەی، دەخۆی ژاژیە، ناخۆی هەر ژاژیە، دەڵێی ئەو ژاژیە رەنگوبۆی جودایە لەو ژاژیانەی پێشتر لە پێشم دانراوە، ژنە قۆڵ و باسك بەفریە چاو رەژگوڵیە گەردنکێلەکە چایەی تێکرد، ئای! ئەوە ژاژی نیە، چ تامێکی هەیە! قەت ژاژی وام تام نەکردووە، سەرەتا پێموابوو، برسێتی، یان قسە خۆشی و جوانیی ژنە، ژاژیە تیئێنتیەکەی بە تام کردووە، نا، لە جێیدیش، لە سەر برسێتی و بە دیار ژنی لەوە جوانتریشەوە ژاژیم خواردووە، بەڵام هەر ژاژی بووە، دەمویست بپرسم، شێرزاد پێشدەستیکرد:

ئەو ژاژیە زۆر خۆشە، لە ژاژی جێیان ناچێ، چۆنی دروستدەکەن؟

ژنە کوێستانی وا بزانم ناوی فاتم بوو:

هەموو ژاژی کوێستانێ ئەوهایە، بەڵام ئەوەی لە جێیان لە پێشەنگۆیان دانایە، ژاژی نیە، هەر ناوی ژاژیە..

لە پیاوەکەم پرسی:

ئەرێ ئەو کێلەشینە، هەر ئەو کێلە شینە نیە کە حەسەن زیرەك باسی دەکات؟

پیاوەکە بە پێکەنینەوە:

دەبێ هەو بێ، گۆرانی فاتمۆکێ دەڵێی!

له رۆیشتنیٚ هەندێك پەنیر و ژاژیان بۆ لە کۆڵەپشتیٚ کردین، لەویٚ بۆ چەند ساتیٚ هێندەی ئەو وردە گیایەی لە ژاژیەکەدا بوو، هیچ واتایەکم لە پێشمەرگایەتی نەدیتەوە، دەمگوت چەند خۆش بوو کۆچەریەك بام، وەرزی جارێك بۆنی گەردنی کێلگەردنێکی وام کردبا، چیم دەویست!! لەویٚ لە کوێستانی کێلەشینیٚ چەند تامەزرۆبووم گوێم لە گۆرانی (فاتمۆکیٚ)ی حەسەن زیرەك با، قسەیەك لەو گۆرانیە نەکەم لە کوێستانی کێلەشینیٚ نایەمە خوارەوە..

پێشمەرگەیەك، مەیلەو نووسەریش بوو، بەو با گوێی لە دەنگی حەسەن زیرەك نەبا، جگە لەوەش پێیوابوو گۆرانیەکانی زۆر قۆڕ و بیٚ واتان، ناوە ناوە دێرێك، کۆپلەیەکی بۆ نموونەی قۆڕی دەهێنایەوە، جارێك بەو نیوە دێرەی گرت:

فاتمۆکیٚ، کێلگەردن، بەهار بڕوا هاوێنە..

گوتی:

دە لەو نیوە دێرە وردبنەوە، چ واتایەکی هەیە، کەس هەیە نەزانی دوای بەهار هاوێنە؟!

بە خۆم نەوەستام، هەڵمدایی:

واتای ئەو نیوە دێرە بە نیوەکەیترەوە بەندە، تەواوی بکە..

گوتی:

نیوەکەیتر هەرچی بیٚ، ئەو نیوەیان هیچ نیە..

گوتم:

وا نیە، چیرۆکێکی ناسك لە پشت ئەو دێرەوە هەیە.

نەیسەلماند، بەلاٚم من پێموایە، نیوەی دووەم، نیوەی یەکەمی پڕپڕ واتا کردووە:

فاتمۆکیٚ، بۆت مردم، کوێستانمان کێلە شینە

تا کوێستانی کێلە شینم نەدیت، مێوانی رەشماڵی فاتمۆکێی کێلگەردن نەبووم، هێندە پەلەم نەبوو لە زەردبوونی بەهار و هاتنی هاوین، ئاخر تا هاوین نەیە، ماڵی

فاتمۆکێ ناچنە کوێستانی کێلە شینێ، منیش جگە لە هەواری کێلەشینێ ڕێناکەوێ لە چ جێیان فاتمۆکێ ببینم، ئێستاش زۆر جار لە بەر خۆمەوە فاتمۆکێی حەسەن زیرەك دەڵێمەوە:

فاتمۆکێ، کێلگەردن، بەهار بڕوا هاوینە

فاتمۆکی، بۆت مردم، کوێستانمان کێلەشینە

مەتین

مەتین هێمنە، لە پایزیشدا لەو دەمەی پەلکی داران بە دەست با وە پەنایەك نیە خۆیان لێبشارنەوە، هەر هێمنە، بەهارانیش کە باڵندەی دنیای پێوەو بۆ کەسکاییەکەی دەخوێنن، هەر هێمنە، هاوینان کە جاروبار هوڕەبا رووی تێدەکات و تاشە بەردەکانی بە شێوەیەك داخ دەبن، پووشوپەلاشیان بەرکەوێ گڕدەگرن، هەر هێمنە، زستانانیش لە بەر بەفر و بارانێ هەر هێمنە، مەتین لە هەر چوار وەرزەی تۆپبارانێ هێمنایەتی خۆی لە دەست نادا، من دیتمە مەتینم لە بن تۆپباراندا دیتیە، لە زەوی و ئاسمانەوە ئاگر و ئاسنی بۆ دەهات، بەلاّم هەڵنەدەشاخا و هەر بە هێمنی مایەوە..

ئێرە نازانم کوێی مەتینە، لووتکەی چەندەمی مەتینە، دەگەیتە هەر لووتکەیەك، لووتکەیەکیدی لە سەر سەرتە، ئێمە هەر لە بنارین، وابە دیوی ئامێدی ئەو شارەی مەگەر کچەکانی هێندە جوان بن، ڕێدەکەین، دەستەیەکین خوا لێی گۆڕیوین، دەنا بەو زستانە کەس بە مەتین دەکەوێ، هەورێکی هێنا، حەیدەر بە عەرەبی دەڵێ:

((من بزانم ئەو هەورە بەفرێکی ئەستووری پێیە))

بەرەڤان بە کوردی دەڵێ:

هێشتا زووە بۆ بەفر

حەیدەر دەڵێ:

حەفت ساڵە لە سەر چیاو ناو هەورم، لە نیازی هەور بە هەڵەدا ناچم.

یـاخوا حەیـدەر بـە هەڵـەدا چـووبێ، ئـاخر ڕێمـان زۆر دوورە، لـە ئێسـتاوە بـەفر دابکات، ناگەینە چ ئاواییەکی بێ مەترسی، هـەور یـان بـە دەردی بـەرەڤان گـۆتی (سـوپای ئاسمـان)، وا دەوری مـەتینی دا، دەبـێ پـێ هـەڵێنین، ئـەها هـەور مـەتینی داپۆشی، ئەی، دەپرووشێنێ، هەوە، بەفر پرووشە دەکات، حەیدەر بە هەڵەدا نەچـوو، بەفر کلوو کلوو، نەرم نەرم دەبارێ، عەردی سپیکرد، ڕێچکەکان بزربوون، ترسمان نیە، چاوساخمان کوڕە ئامێدیەکەیە، بەفر بەژنێك بکەوێ، ڕێ بزرناکات، قاسم دەڵێ:

زریان هەڵنەکات، بەفر چ نیە ،با چۆکێك بکەوێ..

ترسی زریانیش سەربار، نا، من مـەتین بناسـم، نایکاتـە زریـان و هێمنیـی خـۆی دەپارێزێ، پاراستی، لە مەتین دابـەزین، بەفرێکـە چـاو چـاو نـابینێ، بـەفر نزیکـەی بستێك کەوتووە، حەفت هەشت پێشمەرگەی سپی لە ناو بەفرێ هێشـتا تیـژ دەڕۆن و مـاندوێتی پێی نەگرتوون، بڕۆ، بەفر لێناکاتـەوە، پێشـمەرگە لـە ڕۆیشـتن شـل بـووە، ماندووە، بەوەی باشە کۆڵەپشت نان و قەسپی تێدایە، بەفر لێیکـردەوە، دوو بسـتێك باریوە، دنیا ساردە، ڕەنگە عەسرانێکی درەنگ بێ، لەوێوە تا ئێرە دوو سێ کـەڕەتێ پشوومان داوە، کـەڕەتێ لـە بـن ئەشـکەفتێکی گچـکە، کـەڕەتێك لـە پـاڵ دوو سـێ گابەردی گەورە کە سەریان بە یەکتر کردبوو، کەڕەتێکیش لەبن چەتری دوو بنەدار کە لق وپۆیان هەند پڕ و چڕ بوو، بەفریان دەگێڕایەوە، ئـەو دوو بنـە دارە لـە دوورەوە لـە چەترێکی زۆر گەورەی سپی دەچوو، کوڕە ئامێدیەکە دەڵێ:

((زۆر نەماوە بۆ ڕۆژاوا دەگەینە بناڤێ))

بناڤێ خۆت نزیکبکەوە، ماندووین، تەزیوین، پێشمەرگەیەك بە پێکەنینەوە:

((تەماشاکەن، سێ هاوڕێی تریش هاتن))

ئـای، خـۆ گـورگن، بۆچـی بـە دوامانـەوەن! ویسـتم تفـەنگ سـوار بکـەم، کـوڕە ئامێدیەکە حەیف ناویم لە یاد نیە، گوتی:

نا، تەقە نەکە

قاسم دەڵێ:

دیارە ڕێی گوند پێنازانن، بە شوێنپێی ئێمەدا دێن.

+ دەبێ لە کوێوە بە دوامانەوە بن؟

- ڕەنگە لە مەتینەوە

پێدەچێت ڕۆژ لە سەر ئاوابوون بێ، ئۆخەیش دووکەڵ دووکەڵ، لە لوولەی سۆبەی ماڵانەوە، حوسێن دەڵێ:

باشترە گورگەکان بکوژین، دەنا بە ئاژەڵی گوند وەردەبن.

کوڕە ئامێدیەکە دەڵێ:

نا، بۆ سەگەکانی بە جێبێلە

هێشتا قسەکەی تەواونەکردبوو، سەگ وەڕی، سەگ وەڕین و گورگ دەرپەڕین، باش بوو لەبەر گورگەکان سەگ ئاگایان لە ئێمە نەما و بێ دەردەسەری سەگ، بە سەر ماڵە گەرمەکانی بناڤێدا دابەشبووین..

لە شەوی سپی بناڤێ، شەوی گەرمی بناڤێ، بناڤێی پڕ لە خۆشەویستی و مێواندۆستی، شتێك هەیە لە بیرمناچێتەوە، سەر لە ئێوارەکەی نووستم، خەونێك بەئاگای هێنامەوە، خەوم زڕا و نەنووستمەوە، لەوێ دوو کورتیلە شیعرم نووسی، دواتر بلاومکردنەوە،لە شیعرێکیان شتێکم لە بیرە:

کپی من و

کپی بەفر و

کپی شەو

لە پاڵ یەکدی ڕاکشابوون،

لە پڕ قژی گزنگ لەگەڵ دەنگی باران هات

بەفر و شەو جێیانهێشتم

ماڵیان ئاوا

لە دوای خۆیان کپی خۆیان بۆ راخستم..

چەند کەپرێ بە کوێستانەوە

بە بن هەتاودا گەیشتمە ئێرە، هەتاوێك گەرمیانیش هەتاوی وای لێنەداوە، ئەو چیاوچۆلە هاوینەکەی بۆ وا گەرمە! گەرم گەرم، جۆگەلەیەك ئارەقەی پێڕشتم، ئەگەر کانیەکانی رێ زوو زوو مەتارەی بەتاڵیان لێم وەرنەگرتبا، وەك ئەو ئاومالْکانەی ناو چەمی هەڵپرووکاو وشکدەبوومەوە کە دەڵێی لە بنی ئاویان نەدیوە و ئاو نەیهێناون، ئێرە، لە هیچ لە دەرەوەی ئێرە ناچێ، ئێرە دۆڵێکی گچکە، تۆ بڵێ دەربەندێکە، هەمووی داروبارە، چنار و سپیندارو بی و مێو، تووترك، پڕو چڕ، سێبەر سێبەر، لە جێ جێ، جێی کەپرێکی گچکە هەتاو، لێرەو لەوێ کەپر کەپر، بە ریز کەپر، ئەو کەپرانە دەبێ بۆ گێڕانەوەی جیقنەی مەل بن، نەك بۆ سێبەر، ئێرە یەك پارچە جووکە و جریوەی باڵندەیە، ئێرە ئەگەر ناوی (دەرەبندی مەل) بێ، لە هەموو ناوێك جوانتری لێدێ، دەبەندی مەل کەوتۆتە نێوان دووچیای بڵند، لە کەلێنی درەختەکانەوە دیارە کە چیایەکیان زۆر بڵندەوە، ئێرە لە کەلێنی گەلای درەختەکانەوە رووناکی وەردەگرێ، بڕوانن، تیشکی ناو پەلکی داران چ تابلۆیەکی نەخشاندووە..

باوەشێك ئاو بە پێش کەپرەکاندا دەڕوات، ئاوێك دەڵێی لە کوێستانەوە هەڵدەقوولێ، نەمزانی ئەو ئاوە سەرچاوەکەی لە کوێیە، لە دەرەوە ئێرە، یان هەر لێرە، بای ئێرە فێنك فێنك دەڵێی لە سەر بەفرەوە دێ، ئەرێ ئێرە کوێیە؟ بە چ بزانم ئێرە کوێیە، ئەوەدەمانێ نەمزانی، ئێستا بە چی بزانم! بەلاّم ئەگەر بمەوێت پێبکەومەوە، دەبێت بچمەوە گارە، لە بیرمە لە گارەوە رێیەك بردمیە دەربەندی پەڕە کاخەزان، کاخەزەکە هی کوڕێکە ناوی (دارا) یە، لێیم پرسی:

ئێرە کوێیە؟ ناوی چیە؟

بە پێکەنینەوە:

نابینی! ئێرە دەربەندی پەڕە کاخەزانە..

دەڵێی وایە، کەپرەکان پڕ لە کتێب و بلاّوکراوەن، پڕ لە پەڕە کاخەزن، وا دیارە راگەیاندن لێرەیە، نازانم چۆن بوو رێم کەوتە دەربەندی پەڕە کاخەزان، بەلاّم دیدارێکی خۆش بوو، دەبوو ئەو دیدارە زووتر با، کوڕێکی رەشتاڵە، تفەنگ بە شان، ردێنی لە سەر سینگ، لە سەروەی دوا کەپر ئەو کەپرەی ژنێك دەڵێی (ئەستێرە)ەیە لە ناو جلکی پیاوان خۆی نیشاندەدات، کوڕە راوەستاوە، دیارە ئێشکگرە، دیتم ورد لێم دەڕوانی، ئەو کوڕە! وێنای دەکەم، بەلاّم نایناسمەوە، ئەو کوڕە ئاشنایە، کێیە، بە پرتاو هات، منی ناسیوەتەوە، من هێشتا نایناسمەوە، بە خێرهاتنی کردم:

+ تۆ...نیت؟

- بەڵێ، تۆش..

ناسیمەوە،برادەری منداڵیم بوو، لەوێ ناوی لە خۆی نابوو(راوێژ)، گوتی:

+لەمێژە لە چیای؟

- نزیکەی ساڵێکە

ئیدی لە دەربەندی پەڕەکاخەزان دابڕاین و چووینەوە منداڵی و بە ناو کۆلاّنەکانی بەلاشاوە کەوتینە پیاسە، تۆپانێمان کرد، کەلایانێ.. نانی نیوەڕۆ نەبا هەر لە منداڵی دەماینەوە و نەدەگەڕاینەوە ناو کەپران، ئەو کەپرانەی بە راوێژەوە جوانتر خۆیان نیشاندەدا، پرسی:

+ چ دەنووسی؟

- شیعر

داوای شیعری کرد، لە کۆڵە پشتەکەم چەند شیعرێ هەبوو، شیعرێکم نیشانی دا، تەماشایکرد، گوتی:

+ ئای من (چلێ نێرگز)م به دەستنووس لای برادەرێك دیوە، چما هی تۆیە، بلاۆتنەکردۆتەوە

- نا، بەلاّم لە ئاهەنگی نەورۆز خوێندمەوە.

+ بلاۆیبکەوە

- نا، رەنگە دەستکاری بوێ

+ بەلاّم بێنە بۆت تایپ دەکەم

- باشە

زانیم ئێرە بارەگایەکی هاوینیە و راگەیاندنیشی لێیە، راوێژ ناوی دوو سێ کەسی هێنا کە کاری نووسین دەکەن و لێرەن، ناوێکیانم بیستبوو، پێشتر چیرۆکیم خوێندبۆوە، لە دوورەوە نیشانیدام، لە ساتی چای خواردنەوە، لێی نزیککەوتمەوە و سلاوێکی گەرمم لێکرد، باوەڕناکەم لە تەمەنم سلاوی وا گەرمم لە کەس کردبێ، بەلاّم ئەو بە ساردی وەریگرتەوە، وەك بلێی کێشەیەکی هەبێ، هێندە ئاگای لە خۆی نەبێ، نازانم، سەلامم لێینەکردەوە، دواتریش چەند جارێك دیتم هێندە لێینزیك نەبوومەوە، ئیدی نەبووینە برادەر..

برِشتی نیە

سۆسیالیستێ هەیە، دەمێکە لە زیادە دەژی، لە سێبەری سێدارە هاتۆتەوە، ئەو پیاوە نازانم کێ جەرگەی دەلێنێ، جەرگە، بەو بێ ئیزرائیل چاکوچۆنی لەگەلّ بکات بەلاّم عەرەبێك بە بەر دەمیدا تێنەپەڕێ، لە دنیایێ کەس نیە بە قەد جەرگە رقی لە عەرەب بێتەوە، جەرگە گوتبووی:

ئیزارئیلیش لە تیرەی عەرەبە بەلاّم لەوەتەی لێیان دوورکەوتۆتەوە هەندێك بە بەزەییتر و جوانتر بووە..

لە جەرگەیان پرسیبوو:

بە چی دەزانی ئیزرائیل لە تیرەی عەرەبە؟

گوتبووی:

ئەو جارەی لە ژووری سێدارە بۆم هات، چەفیە و عەگالی لە سەر بوو.

نێوان سۆسیالیست وکۆمۆنیستەکان چەمێکی ئاوینەییە، یەکتری تێدا دەبیننەوە، جەرگە لەو بەری چەمەوە دادەمێنێ، سەر دێنێ و دەبات، لێی دەبڕێ و تێی دەبڕێتەوە، باوەڕناهێنێ، باوەڕ بە چاوی خۆی ناکات، چۆن دەبێت، عەرەب پێشمەرگە بێت، دەڵێنە جەرگە:

لە ناو کۆمۆنیستان کورد و عەرەب برانە.

جەرگە لێو هەڵدەقرچێنێ و دەڵێت:

بڕشتی نیە.

ئەو پیاوە هەر قسەیەکی بە دڵ نەبێت بە (بڕشتی نیە) وەڵامدەداتەوە، بۆیە هەندێ کەس بە (بڕشتی نیە) بانگیدەکەن، بڕشتی نیە، تا بڵێی لە عەرەب داخ لە دڵە، بەو بێ بە ساڵ لەگەڵ سەگ بکەوێتە چاڵێ، بەلاّم بۆ ساتێ لە گەڵ عەرەب دادەنیشێ لە ماڵێ، جەرگە ناوەکەی بە خۆیەوە، یەك پارچە جەرگە، ترسنۆك نیە، بەلاّم لە عەرەب ترساوە، مسی بە سەردا بتاوێنەوە عەرەب دەردەچێت، جەرگە دەڵێ:

ئیمامی عەلیش لە جێی من بێت، هەمزە پاڵەوانیش لە جێی من بێت، سمکۆی شکاکیش لە جێی من بێت لە عەرەب دەترسێت، ئەوەی بە تووڕەیی داوای ناسنامەی لێکردم عەرەب بوو، ئەوەی بە زللە و پێلەقە و قۆنداخە تفەنگ دایبەزاندم عەرەب بوو، ئەوەی راپێچی زیندانی کردم عەرەب بوو، ئەوەی ئەشکەنجەی دۆزەخیانەی دام عەرەب بوو، ئەوەی بردمیە ژووری سێدارە عەرەب بوو، ئیزرائیلەکەش هەر عەرەب..

ئەحمەد عەرەب کە لە رێی تەور و داربەڕووەوە بووە برادەری جەرگە، دەڵێتە جەرگە:

جەلگە منیش عەرەبم!

جەرگە سەرەتا باوەڕی نەدەکرد ئەحمەد عەرەب عەرەب بێت، ئاخر ئەو عەرەبە لە جەمەدانی هەرکی بوو، لە پشتێن کاویس ئاغایی، لە قسەکردن کە کەمێك زمانی دەگرت و زمانیشی وا هەڵکەوتبوو کە دەنگی (ر)یشی دەگۆڕی بۆ (ل) دەتگوت خەڵکی خۆشناوەتیە، جەرگە تا باوەڕی هێنا ئەو کاوێسە هەرکیە خۆشناوە عەرەبە، زۆری برد، ئەو عەرەبە دەماری تووڕەیی جەرگەی دیتبۆوە، زوو زوو دەیگرت و دەیگوت:

داکم کولدە بابم عەلەبە..

جەرگە بەوە تێکدەچوو، سوورهەڵدەگەڕا، لە چۆکی خۆی دەدا:

ئەوە چ کوردێکی کەر کچی خۆی داوەتە بابە عەرەبەکەی تۆ!

ئەحمەد عەرەب بە پێکەنینەوە:

نەژاد دەیناسێت!

جەرگە کاتێ زانی ئەحمەد عەرەب عەرەبە، کەوتە دژایەتی دەست و تەوری، جەرگە دەڵێ:

هەر کاتێ دەبینم ئەو عەرەبە تەور رادەوەشێنێ داربەڕوو وەلادا دێ، وا هەستدەکەم گازەرەی پشتم دەشکێنێ..

نەژاد دەڵێ:

باشە، چ کورد چ عەرەب دار ببڕێتەوە، جیاوازی چیە؟!

جەرگە دەڵێ:

جیاوازیەکەی ئەوەیە کورد کوردە، عەرەب عەرەبە، بەڵام تۆ چ لەو جیاوازیە تێدەگەیت! ئەوان داگیرکەرن داگیرکەر، هەر کاتێك لە حەمرین ئاودیو بوون و گەڕانەوەماڵی خۆیان من هیچم لە دڵ نامێنێ و برایەتیان دەکەم..

جەرگە سەرهاتی زۆرە، دەڵێن بە قەد ژمارەی ئەو عەرەبانەی لە تەمەنی بینیونی لە بارەی عەرەبەوە سەرهاتی هەیە، بەڵام کەس نیە بیاننووسێتەوە، دوا وێنەی

جەرگەم لە نیگام پاراستووە، پایزە، باران بە سەر تەرمی پێشمەرگەیەکی عەرەبدا نم نم دادەکات، دارەبازە لە ڕێی گۆڕستانە، ئەوەتا جەرگە بە تەنیشت منەوە دەستی بە دارەبازەوەیە، دەبینم چاوەکانی تەڕ تەڕ، لە هەور تەڕتر، گریا، بۆ عەرەب گریا، دواتر ئەحمەد عەرەب لە جەرگەی دەپرسی:

تۆ بۆ عەرەب گریای!!

جەرگە دەڵێ:

داخ لەوە دەخۆم کەس تێمناگات..

باخی ورمێ

بە رانکو چۆخە و پشتێن و پێلاوی پێشمەرگایەتیەوە، لە مێوانخانەی (حافز) دابەزیم، جاری یەکەمە بێمە ورمێ، بە فارسی پرسیم:

جێ هەیە؟

بە کوردی:

هەمانە

وەك بڵێی بە سەر خۆمدا شکامەوە، ژوورەکە بە سەر شەقامدا دەڕوانێ، پێش نیوەڕۆیە، ژنی جوان بە جادەوە، ئای لە مێژە شارم نەدیوە، رەنگە رۆیشتنی شاریم لە بیرچووبێتەوە، جەزم لە پیاسەی شارە، بەڵام هەندرێن لە خوویەوە دێ، هەرێمان دایە لێرە یەکتر ببینین و بچینە ماڵی بێستوون، نابێ دەرچم، درەنگ داهات، برسیمە هەر نەهات، لە دەرگا درا، رەنگە هەندرێن بێ، لە کەپرەکەی هەورێوە نەمدیتووە، دەبێ زۆر گۆڕا بێ! بە گەرمی دەرگام کردەوە، ساردبوومەوە، کوڕێکە نایناسم، پرسی:

+ تۆ شوانەی؟

- هەوم، تۆ؟

+ هەندرێن نەیتوانی بێ، ئەو نامەی بۆ ناردووی
لە نامەکەی شتێکی وای نووسیبوو:

((داخەمەم تەلبەندی خۆی دەرگای نەکردەوە، نەگەیشتم لە باخی ورمێ دیداریێ ببەستین.. بەلاّم برۆ لای بێستوون و پشوویێك بدە)) ناونیشانەکەی بێستوونی نووسیبوو، چووم بێستوون و خێزانەکەیم لە گوندێکی دەوروبەری راژان دیتەوە، نازانم لە کوورە بوو لە چی ئیشی دەکرد، بێستوون کوڕە ناسکەکەی قەرەچووخ، مێوانداریەکیان کردم، گەرموگوڕ، لە بیرمناچێتەوە، زۆر هەولّیدا پتر بمێنمەوە، نەمامەوە، نامەیەکم بۆ هەندرێن لای وی بەجێهێشت، ئا، هەتا ورمێ لەگەلّم هاتەوە..

لە بازاڕی شاری سمکۆی شکاك، کێ بوو ئەو ناوەی لێنا! نەك هەر جلکی کوردی، کوردیشت نەدەدیتەوە، تەنها لە ناو تووتنفرۆش و تەزبێحان ئەو شتانە تاق و لۆق پیرێکت دەدی بە جلکی کوردیەوە، لە جادەو فرۆشگاکانیش چەندی گوێم هەلّدەخست ئەگەر کوو دەنا گوێم لە رستەی کوردی نەدەبوو، لەوانە گەڕێ، ناخۆش ئەوەیە تۆ بە فارسی بپرسی بە ئازەریە، تورکیە، چیە! وەلاّمت بدەنەوە، سەرەتا وا تێگەیشتم رقیان لە فارسیە، درەنگ پێکەوتم، حەز بە چارەی من ناکەن..

ئێ، چوومە گەرماوێکی گەرم، چلکی پێشمەرگایەتیم لە خۆم کردەوە، هێشتا لێنەبووبوومەوە، کێشەیەکی کارەبایی کەوتە گەرماوەوە و بە پرەپر خۆم لەبەرکردەوەو دەرپەڕیم، بۆ پشتم سەرێکم لە دکتۆر دا، نازانم کێ عێراقیان دەگۆتێ، گۆتی((چ نیە، خۆی چاك دەبێ))

ئێستا بە تەنێ لە باخێکی ورمێ پیاسەدەکەم و لەبەر خۆمەوە(هەرمێ وەی وەی هەرمێ سینگۆلەت باخی ورمێ) دەلّێمەوە، ئەو گۆرانیە لە ناو ورمێ چێژێکی تایبەتی هەیە، باخ پڕ لە ژن و کچی جوانە، حەیف، خۆیان وەها پێچابۆوە،چاوت بە هەرمێی بن پەلکانیش نەدەکەوت، لە باخی ورمێ جگەرە بە دەم پیاسەوە تامی

میوە دەدات، ئێستا لە بن درەختێکی سەر پڕ چۆلەکە دانیشتووم، چاوم لە سەر ژنانی چەفیە بە سەرە..

+ ئەوە چ دەکەیت لێرە؟ تۆ..

- تۆ ئەبوو بەکر..

دیتمەوە، ئەبوو بەکر خۆشناوم دیتەوە، ئەو خۆشناوەم لە سالّی دەست لە ناو دەستی نەیار لە بن قەرات لە ناو کتێبفرۆشان ناسی، زوو یەکترمان ناسیەوە، لە باخی پڕ ورشە وجریوەی ورمێ یەکترمان دیتەوە، بە خۆشناوم گوت:

پێش ناسین، تۆم لە ڕێی ((گیڤارای شۆرشگێڕ))ەوە ناسی.

گوتی:

زۆر کەس لە ڕێی ئەو کتێبەوە منیان ناسیوە.

گوتم:

دوای ناسین، لە ڕێی ((هەڵوێستی ئەدەبی)) جوانترم ناسیت.

گوتی:

وا بزانم ئەو گۆڤارە ئەدەبیە، پێویست بوو..

خۆشناو لە زێوەی بن ورمێوە گۆڤاری ((هەڵوێستی ئەدەبی)) دەردەکرد، یەك دوو شیعری منیشی بلاّو کردەوە، هەڵوێستی ئەدەبی وەستا و ((بانگ)) جێی گرتەوە، لەگەڵ خۆشناو قسەمان لە هەڵوێستی ئەدەبی و بانگ و شیعر و ئەدەب کرد، بەلاّم پەنجەیەك بە لای تفەنگ و بستێك چیە بەلای سیاسەتدا نەچووین..

خۆشناو پرسی:

+تا کەی لە ورمێ دەمێنیەوە؟

- چەندی زووتر بەجێیبێلم باشترە

+ بیری قەندیل دەکەیت؟!

- لەگەڵ شار رابێمەوە، لە چیا ناحەوێمەوە..

سوپاس

هەندێ کۆنە گوڵەستێرە لە وەبیرهێنانەوەی هەندێ شوێن و کات و ناو و سـەرهات یارییان دام:

عەولا پۆلا

چەتۆ بەڕانەتی

کوردۆ

دیار(شوان حەسەن)

بەختیار خەرابەیی

دەشتی

حەمە عەباس

ئەبوو سەوسەن

ڕێبوار عەرەب

ئەحمەد شاهێن

عەلی شایب

رزگار حەساری

دڵنیا

نەژاد

کارزان

شۆڕش

Gullestêrekan kujanewe

Yadewerî

Kerîm kake